hewalname.com/ku/

# شوناسی عێراق

# ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

شێرکۆ کرمانج

hewalname.com/ku/

# شوناسی عێراق

# ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

hewalname.com/ku/

شێرکۆ کرمانج

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨١٣)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

hewalname.com/ku/

■ شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

نووسینی: شێرکۆ کرمانج

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٩٦٠)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## پێڕست


سوپاس و پێزانین ........................................................................ ١١
ئەم کتێبە ................................................................................ ١٣

**بەشی یەکەم**
عێراق: شوناس و چوارچێوە تیۆرییەکان ١٩

جوگرافیای عێراق ........................................................................ ٢١
دیموگرافیای عێراق: پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی ..................................... ٢٦
پرسی شوناس لە عێراق .................................................................... ٣٣
چەمک و زاراوە پەیوەندارەکان بە شوناس و نەتەوە و نیشتمان ....................... ٣٧
تیۆر و تێگەیشتنەکان بۆ شوناس و نەتەوە و ناسیۆنالیزم .............................. ٣٩
پێناسەکان و چەمکەکان ................................................................... ٤٦
دروستبووونی نەتەوە و دەوڵەتسازی و نیشتمانسازی ................................. ٥٠
پێوەرەکان و ئەکتەرەکانی شوناس ......................................................... ٥٤
بایەخی شوناس و نەتەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ............................. ٧١

**بەشی دووەم**
دروستبوونی عێراق: بەریتانیا و پێکهاتەکان ٥٧

ڕووداو و پێشهاتەکانی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ............................... ٧٧
شۆڕشی شێخ مەحموود: بناغەیەکی ئەفسانەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق . ٧٩
شۆڕشی بیست: بناغەی ئەفسانەی نیشتمانپەروەریی عێراقی ........................... ٨٥
کورد و شۆڕشی بیست: خراپحاڵیبوونێک ................................................. ٩٧
ئینگلیز، سوننە، شیعە و کورد: گەمەکانی بەخشین و سزادان .......................... ١٠٣


hewalname.com/ku/

**بەشی سێیەم**

فەیسەڵ و خەونی بەنیشتمانکردنی عێراق ١١١


لە پایتەخت: میانڕەوە عێراقییەکان بەرانبەر بە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان .......... ١١٤

کورد و ئومێدی ئیستیقلال ...................................................... ١١٩

کێشەی موسڵ: ململانێی بەرژەوەندییەکان ................................... ١٢٣

مافی کەمینە یان دداننان بە مافی نەتەوەیی و خاک ........................ ١٢٥

ئاڵای عێراق: سیمبولی نیشتمان یان سیمایەکی ئینگلیزە "کافرەکان" ................ ١٣٤

لە نێوان سەربەخۆیی و ئینتیداب: سەروەریی عێراق بەرەو کوێ؟ ............... ١٣٦

شعووبی: گومان خستنەسەر دڵسۆزیی شیعەکان بۆ نیشتمان .................. ١٣٩

عاشوورا: خاڵی پێکدادانی بەردەوام .............................................. ١٤٤

ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەرنامەی خوێندن ...................................... ١٤٦

سوپای عێراق: سیمبولی یەکگرتوویی نیشتمان یان دابەشبوونی کۆمەڵگە ........ ١٥١

یادداشتەکەی فەیسەڵ: خەونی سازکردنی نیشتمانێک ......................... ١٥٥

عێراق: میراتەکەی مەلیک فەیسەڵ ............................................... ١٥٨


**بەشی چوارەم**

سەرهەڵدانی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی ١٦١


نارەزایی شیعەکان: ڕێژەی بەشدارییان لە دەسەڵات ........................... ١٤٦

یەکینەکانی سوپا: گۆڕەپانێک بۆ ململانێی عێراقچییەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان .. ١٦٩

پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی ................................................... ١٧٦

نیشتمانپەروەریی عێراقی ...................................................... ١٨٣

حزبی وەتەنیی دیموکراسی ..................................................... ١٨٥

حزبی شیوعیی عێراقی .......................................................... ١٨٨

ناسیونالیزمی عەرەبی ........................................................... ١٨٩

حزبی ئیستیقلال ................................................................. ١٩٠

حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی .............................................. ١٩٣

ئەفسەرە ئازادەکان ............................................................. ١٦٩

ناسیونالیزمی کوردی ........................................................... ١٩٧


hewalname.com

قەتیسمانەوەی ئایدیۆلۆجیاکان لەناو قاوغە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان ............ ٢٠٣
هەستی دژەئیمپریالیزم: دەزووی بەیەکەوەبەستنی ئایدیۆلۆجیاکان .................. ٢١٤
ناهاوسەنگی لە دەسەڵات و سیاسەتە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت ....... ٢١٩
شوناس و ئامێزانی نیشتمانی لە سەردەمی پادشایەتیدا ................................ ٢٢٢

**بەشی پێنجەم**

شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی ٢٢٥

نیشتمانپەروەرەکان لە ترۆپکی دەسەڵات: سەردەمی قاسم ............................ ٢٢٧
ململانێی نیشتمانپەروەرەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان .............................. ٢٢٨
ڕووداوکانی موسڵ و کەرکووک ........................................................ ٢٣٧
عێراق: کۆماری کوردەکان و عەرەبەکان .............................................. ٢٤٣
هاتنی ئایین بۆ ناو سیاسەت ............................................................ ٢٥٦
لە تاکە سەرکردەوە بۆ تاکە دیکتاتۆر ................................................ ٢٦٤
ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە ترۆپکی دەسەڵات: سەردەمی عارفەکان .............. ٢٦٨
تایفەگەریی سوننەکان و بەرخوردی شیعەکان ........................................ ٢٨٢
قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجیی بەعس: ڕاستڕەویی سوننی دژی چەپڕەویی شیعی .. ٢٣٩
سەردەمی کۆمارەکان و چارەنووسی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی ................... ٢٩٨

**بەشی شەشەم**

پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی ٣٠٧

حزبی شیوعی: ئیفلیجکردنی پلاتفۆرمی سەرەکیی ئامێزانی نیشتمانی ................ ٣٠٩
بەبەعسیکردن: کۆنترۆڵکردن و بەسوننیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت .......... ٣١٧
بەسەدامکردن: ئەگەر سەدام گوتی، عێراق گوتی ................................... ٣٢٤
بەعس و سەدام: لە نێوان عێراقچێتی و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا ..................... ٣٣٢
شەڕی عێراق و ئێران: ئەفسانەی خرۆشانی نیشتمانپەروەریی عێراقی ........... ٣٤٢
شیعەکان و بەعس: فراوانبوونی درزە مەزهەبییەکان ................................ ٣٥٠
تەعریب و ڕاگوستن و چۆڵکردن: کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی لە کوردستان ........... ٣٦٢
ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکووک ...................................... ٣٧٦
ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١: ترۆپکی لێکترازانی نیشتمانی .................................. ٣٩١
بەعس و نەیارەکانی: لێکدابڕاندنی پێکهاتەکانی عێراق .............................. ٣٦٩

hewalname.com.kurd

**بەشی حەوتەم**
دەوڵەت-نەتەوەیەکی لێکترازاو ٣٩٩

حوکمی بنەماڵە: بەرتەسککردنەوەی بنکەی حوکمڕانی ........................... ٤٠٠
ئابڵووقەی ئابووری و گەمەکانی ڕژێم: کاڵبوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان ...... ٤٠٤
حەملەی ئیمان: فریادڕەسی سەدام ........................................... ٤٠٩
عەشیرەتگەرایی: سیاسەتی سەدام بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک ...................... ٤١٥
ڕژێم و شیعەکان: سزای دەستەجەمعی ......................................... ٤٢١
کوردەکان و دەوڵەتی عێراق: دووبارەداڕشتنەوەی سنوورەکان ..................... ٤٣٢
ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان: نیشتمانسازی لە گێژاودا ..... ٤٤١
کۆتایی بەعس: کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو ........................................ ٤٤٧

**بەشی هەشتەم**
داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە: لاچوونی سەرقاپەکە ٤٥٣

ترۆپکی شەڕی مەزهەبی: هەڵاواردنی مەزهەبی و نەتەوەیی ......................... ٤٥٩
دیموکراتیزەکردن: بەهێزترکردنی وابەستەییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان .......... ٤٦٩
سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق ...................................... ٤٨٦
کوردەکان لە نێوان مانەوە و جیابوونەوە ........................................ ٤٩٣
سوننەکان لە ناو پارادایمێکی سیاسیی نوێ لە عێراقی نوێدا ..................... ٤١٧
پێشهاتەکان و ڕووداوەکان: ڕیزبەندیی عێراقییەکان .............................. ٥٢٦
دەرچوونی ئەمەریکا و هاتنی داعش ............................................ ٥٤٠
عێراق لە دابەشبوونەوە بۆ وردبوون ............................................ ٥٤٧

**بەشی نۆیەم**
ئەنجامەکان ٥٥١

هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی ......................... ٥٥٢
تیۆرەکانی نەتەوە و پرسی شوناس لە عێراق ..................................... ٥٥٧
دوا وشە ............................................................... ٥٦٨

hewalname.com/ku/

| پاشکۆکان | ٥٧٣ |
|---|---|


پاشکۆ – ١، وێرانکردنی کوردستان لە ١٩٦٣ تا ١٩٨٧ ........................................ ٥٧٥
پاشکۆ – ٢، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ پەرلەمانی عێراق ...... ٥٧٦
پاشکۆ – ٣، ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم لەسەر دەستوور، ئابی ٢٠٠٥ ................................ ٥٧٧
پاشکۆ – ٤، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم ٢٠٠٥ بۆ پەرلەمانی عێراق..... ٥٧٩
پاشکۆ – ٥، ژمارەی کوژراوانی توندوتیژییەکان لە عێراق لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢ ........ ٥٨٠
پاشکۆ – ٦، ڕێژەی کوژراوەکان لە ڕۆژێکدا لە ئاکامی تەقینەوە تیرۆرستییەکان و توندوتیژییە مەزهەبییەکان ........................................................................ ٥٨١
پاشکۆ – ٧، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠ بۆ پەرلەمانی عێراق ......... ٥٨٢


## سەرچاوەکان


ڕۆژنامەکان ........................................................................................ ٥٨٣
سەرچاوە کوردییەکان ........................................................................... ٥٨٣
سەرچاوە عەرەبییەکان .......................................................................... ٥٨٧
سەرچاوە ئینگلیزییەکان ........................................................................ ٥٩٤


hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

ئەم کتێبە پێشکەشە
بە هەموو ئەوانەی لە ژیانمدا وشەیەکیان لێ فێر بووم

# سوپاس و پێزانین

نووسینی کتێب پرۆژەیەکە هیچ کاتێک بێ هاوکاریی کەسانی دیکە تەواو نابێت. لە ئەنجامدانی توێژینەوەکانی ئەم کتێبە و نووسینەوەی دەقەکە، دەیان کەس لە نزیک و لە دوورەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتیان داوم. پێش هەموو کەسێک، دەمەوێت پڕ بە دڵ سوپاسی خەدیجەی هاوسەرم بکەم، بەبێ ئارامی و پشتیوانیی بەردەوامی ئەو، نەک هەر ئەم کتێبە، بەڵکو هیچ کارێکی من بە ئەنجام ناگات. سەرنج و تێبینییەکانی بەڕێز د. شەمسوول خان لە *زانکۆی ساوس ئوستراليا* کتێبەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. لە دڵیشەوە سوپاسی د. محەمەد کەمال لە *زانکۆی مێلبۆرن* دەکەم بۆ سەرنجە قووڵ و هەمەڕەهەندەکانی لەسەر توێژینەوەکە بەگشتی.

سوپاسی تایبەتیشم هەیە بۆ پرۆفیسۆر برێندن ئۆلێری لە *زانکۆی فیلادێلفیا*، سەرنجە وردەکانی لەسەر توێژینەوەکە پڕبایەخ بوون. ڕێز و پێزانینیشم هەیە بۆ پرۆفیسۆر گاریس ستانسفیلد *لە زانکۆی ئێگزێتە*، بۆ تێبینی و پێشنیازە وردەکانی لەسەر توێژینەوەکەم. هاوکات سوپاسی پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگیۆ لە *زانکۆی تەلئەبیب* دەکەم بۆ ئەو گفتوگۆ بەرهەمدار و بەنرخانەی کە لەسەر تەلەفۆن و بە ئیمەیڵ لەگەڵ مندا دەیکردن، کە پڕ بوون لە ڕێنمایی و بەرچاوڕوونییان پێ دەدام. گەلەک مەمنوونی خانم نیشتمان عەبدولقادریشم، کە زیاتر لە جارێک پێداچوونەوەی بۆ کتێبەکە لە ڕووی زمانەوانی و هەڵەبریدا کردووە. بە دڵنیاییەوە تێبینییەکانی کتێبەکەی دەوڵەمەنتر و جوانتر کردووە، هەر هەڵەیەکیش هەبێت ئەوە هەر خۆم لێی بەرپرسم.

هەمیشە قەرداری تیمی *کتێبخانەی زانکۆی ساوس ئوسترالیا*م، کە لە دابینکردنی ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکانیشیان نەبوون، نەدەسڵەمینەوە و بۆیان پەیدا دەکردم. فەرمانبەرانی *کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سەلاحەدین*ش

newalname.com/ku

زۆر بە هانامەوە هاتن لە دابینکردنی هەندێک سەرچاوە، کە پەیداکردنیان زۆر سەخت بوو بۆ من، بەتایبەتی ژمارە کۆنەکانی ڕۆژنامەی *خەبات*. هەرگیز چاکەی بەڕێزان **ڕەفیق ساڵح** و **سدیق ساڵح** لە بیر ناکەم، کە یەک دونیا بەڵگەنامە و سەرچاوەی بەنرخی دەزگاکەیان، *دەزگای ژین*، بۆ خستمە سەر سی دی، دەنا بردنەوەی ئەو سەرچاوانە بۆ *ئوستralیا* بۆ من زۆر سەخت بوو. بەهاناهاتنی بەڕێزان **عەبدوڵڵا زەنگەنە** و **ئازاد عوبێد** لە پەیداکردنی سەرچاوەی بەسوود، هەرگیز لە بیر ناکەم. کێ دەتوانێت چاکەکانی کاک **مومتاز حەیدەری** لە بیر بکات، کە دەرگەی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی هەمیشە ئاوەڵایە لە بەردەم توێژەر و موریدانی زانست و مەعریفە. ناشکرێت باس لە ئامادەیی بەڕێز **دەیڤد هیرچ** لە *زانکۆی کالیفۆرنیا* نەکەم، کە چەندین کتێبی خوێندنگەی سەرەتایی و ئامادەیی سەردەمی پادشایەتی و کۆماریی لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیانەوە بۆ ناردم.

یەک دونیا ڕێز و پێزانینم بۆ هەموو ئەو خزم و دۆست و برادەرانەش هەیە، کە لە *کوردستان*ەوە بەردەوام لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا کتێب و سەرچاوەیان بۆ من پەیدا کردووە و ڕەوانەی *ئوستralیا*یان کردووە. لە سەرووی هەموویانەوە **محەمەد حەمەدئەمین**ی برام، **دلڤین حەمەدئەمین**ی خوشکم، **جەنگی جەبار**، **هێرش سمکۆ**، **جەمال مەولوود**، **عبدولڕەحمان عوسمان**، **ڕەشید عەلی**، **نازم حەسەن**، **نازم عەلی**، **چۆلی موحسین و هەژار سابیر**. بەبێ ماندوونەناسیی ئەوان ئەنجامدانی توێژینەوەکانی من مەحاڵ دەبوون. سوپاسی بێپایانیشم دەڕوات بۆ ئەو خزم و دۆستانەی کە لە بارگەی ڕێگەپێدراوی خۆیان کەم دەکردەوە و کتێبیان لە *کوردستان*ەوە دەهێنا بۆ من لە وڵاتی *داون ئەندە*، واتە بنی بنەوە، *ئوستralیا*. چاکەی کۆمەڵێک هاوڕێی عێراقییشم هەر لە یادە، لە ڕیزی پێشەوەیان کاک **عەبدولخالق گیتان** و **د. عبدولڕەزاق موسا (ئەبو فەدەک)**، کە هەم لە کتێبەکانیان، هەم لە گفتوگۆکانیان کەڵکی زۆرم وەرگرتووە.

لە کۆتاییدا ڕێز و حورمەتم بۆ *دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم* و کاک **ئازاد بەرزنجی**، سەرۆکی دەزگاکە هەیە، کە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە.



hewalname.com.kurd

# ئەم کتێبە

ئەم کتێبە خوێندنەوە، وردبوونەوە، هەڵسەنگاندن و شیکارێکە بۆ پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی (National Integration) و گەشەی شوناسی عێراقی و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لەسەر شوناس لە *عێراق*. خوێندنەوەکە شیکارێکی مێژووییانەیە بۆ گەشەی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە *عێراقی* هاوچەرخ، بە سەرنجدان لەسەر پرسی شوناس. بۆ ئەم مەبەستەش چەند گریمانەیەک تاووتوێ دەکات: گریمانەی یەکەم، ئەو بانگەشەیەی کە گوایە عێراق وڵاتێک و دەوڵەت-نەتەوەیەکی (Nation-State) یەکگرتوو و سەقامگیر بوو تا هاتنەسەرحوکمی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا، بانگەشەیەکی بێبنەمایە و ڕاستیە مێژووییەکان پێچەوانەکەی دەردەخەن. گریمانەی دووەم، ئەو ناسەقامگیرییەی کە *عێراق* لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئێستا بە خۆیەوە بینیوە و شکستەکانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی لێ کەوتووەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ و پێکدادانەکانی شوناس لە نێوان گروپە ئێتنییەکان/نەتەوەییەکان و ئایینییەکان/مەزهەبییەکان لە وڵاتەکەدا. بە پێداچوونەوەی مێژووی *عێراق* لە ساڵانی ١٩١٤ تا ٢٠١٤، کە دەکاتە یەک سەدە، قۆناغ بە قۆناغ، لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە ئەم دوو گریمانەیە و ئەو تێگەیشتنانەی کە بەرچاوی ئێمە کەوتوون سەبارەت بە پرسی شوناس لە *عێراق*، گفتوگۆ بکەین و هەڵبسەنگێنین و ڕەخنە بکەین. بەقۆناغکردنی مێژووی *عێراق* یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە هۆکارە پاڵنەر و ڕێگرەکان، هەروەها دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* و گەشەی شوناسی عێراقی لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان. بۆیە ئەمە کراوە بۆ بنەمایەک بۆ داڕشتنی کتێبەکە.

newaname.com/ku

ململانێ و پێکدادانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە *عێراق* بە شێوەی جیاجیا وەک مانگرتن، خۆپیشاندان، ناڕەزاییدەربڕین، یاخیبوون، کوشتوبڕ تا دەگاتە شەڕی ناوخۆ، دەرکەوتوون، بەڵام بەگشتی، پێکدادانەکان دەرئەنجامی ململانێی سێ ڕەوتی ناسیونالیستی بوون، کە ئەوانیش ڕەوتی نیشتمانپەروەریی عێراقی، ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی کوردین. بەگشتیش، بەڵام هەمیشە نا، پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق*، شیعەکان و سونەکانو کوردەکان، یەک لە دوای یەک پشتیوانییان لە یەکێک لەو ڕەوتە ناسیونالیستییانە کردووە.

لەگەڵ ئەوەی ململانێکانی نێوان ئەم سێ پێکهاتەیە فەزایەکی گەورەی لە مێژووی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووریی *عێراق* داگیر کردووە و پێک هێناوە، کەچی نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە *عێراق* بە درێژایی مێژووەکەی لە کۆمەڵێک ململانێی دیکەش گلاوە و کێشە و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیشی ئاڵۆزتر کردووە. گرژی و پێکدادانە چینایەتییەکان و شەڕی ناوخۆی کورد لە ساڵانی ١٩٦٦ بۆ ١٩٩٨ و ململانێکانی نێوان سێکولارەکان و ئیسلامییەکان بەشێکی ئەو پێکدادان و ململانێیانە پێک دێنن. ئەم ململانێیانە و چەندانی دیکە، گرنگیی خۆیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی پێشهات و نەخشەی سیاسیی *عێراق* داناوە، سەرەڕای نزیکیشیان لە ناوەڕۆکی ئەو پرس و گریمانانەی ئەم کتێبە تاووتوێیان دەکات، بەڵام خراونەتە دەرەوەی چوارچێوەکانی ئەم توێژینەوەیە، لێرەولەوێ نەبێت، وردبوونەوەیان بۆ نەکراوە.

تا ڕادەیەکی باش، گۆڕانی سیتسەمە سیاسییەکەی *عێراق* وەرچەرخانەکان لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و گەشەی شوناسی سیاسیی *عێراق* دیاری دەکەن، بۆیە ماوەی نێوان وەرچەرخانەکان وەک یەک قۆناغ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەر قۆناغێکیش بەشێکی ئەم کتێبەی بۆ تەرخان کراوە. هەندێک لە وەرچەرخانەکان نەبوونەتە هۆی گۆڕانی سیستەمە سیاسییەکە، وەک مردنی **مەلیک فەیسەڵ** یان ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١. سەرەڕای ئەمەش، وەک سەرەتا یان کۆتایی قۆناغێک لەم کتێبە بینراون، ئەمەش لەبەر گرنگیی ڕووداوەکان و ئەو پێشهاتانەی کە بەدوای خۆیاندا هێناویانە. دابەشکردنی

hewalname.com/kurd

بەشەکان وەک ڕەنگدانەوەی قۆناغەکان، لەم کتێبەدا لەبەر چەند هۆیەک ئەنجام دراوە: یەکەم، ئەم کتێبە شیکارێکی مێژووییە، بۆیە وا چاکە شیکارەکە قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام بدرێت. دووەم، بەقۆناغکردن ماوە و هەلی بەراوردکردنی نێوان سیستەمە سیاسییەکان لە قۆناغەکاندا دەڕەخسێنێت، کە کەم تا زۆر لەمیانی کتێبەکەدا بەراوردکاری لە نێوان قۆناغەکاندا کراوە. سێیەم، دوای مردنی **مەلیک فەیسەڵ**، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو،[١] خەڵکێکی زۆر لە گوند و شارۆچکەکانی *عێراق* کۆچیان کرد بۆ شارە گەورەکان و یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم کۆچە بەکۆمەڵەش پەیدابوونی نەوەیەکی خوێندەواری شاری بوو (Intelligentsia)، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بەهێزکردنی ڕەوتە ئایدیۆلۆجییەکانی ئەوکات، ناسیونالیزم، نیشتمانپەروەری، کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمدا بینی، بۆیە ناکرێت ئەو سەردەمانە وەک قۆناغێک تەماشا نەکرێن. چوارەم، کات بۆ خۆی گرنگیی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر لە وێناکردنی عێراقییەکان بۆ خۆیان و بۆ ئەوی دیکە (The Other) ورد ببینەوە، دەبینین لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەم وێناکردنانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە، ئەوی دیکەی عێراقییەکان لە سەردەمی پادشایەتیدا، هێزە داگیرکەرەکە، *بەریتانیا* بوو، کەچی لە قۆناغەکانی دوای دەرچوونی بەریتانییەکان، ئیدی هەر پێکهاتەیەک لە بەرامبەر ئەوی دیکەدا دەبێت بە ئەوی دیکە.

ئەم کتێبە لە نۆ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم، عێراق: شوناس و چوارچێوە تیۆرییەکان، کورتەباسێکی مێژوویی ئەو ناوچەیە لەخۆ دەگرێت کە ئێستا پێی دەگوترێت *عێراق*. بۆ بەرچاوڕوونی، شوێن و جوگرافیا و دیموگرافیای *عێراق*یش خراوەتە پێشچاوی خوێنەر. دواتر باس لە پرس و گرنگیی شوناس لە ڕەوتی سیاسیی *عێراق* کراوە. هەر لەم بەشەدا، تیۆرەکانی ناسیونالیزم و تێگەیشتنەکان لە نەتەوە و شوناس خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. مەبەست لەمە، دیاریکردنی چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ تێگەیشتن لە ململانێکانی شوناس لە *عێراق*. دوای ئەم بەشە، مێژووی هاوچەرخی *عێراق*

---

[1]. لە هەر شوێنێک لەم کتێبە نووسرابێت بیستەکان، سییەکان، چلەکان و تا دوایی، مەبەست لێی بیستەکان و سییەکان و چلەکان و تا دوایی سەدەی بیستە.

بەسەر حەوت قۆناغدا دابەش کراوە، هەر بەشەشی باس لە قۆناغێک دەکات. بەشی دووەم، دروستبوونی عێراق: بەریتانیا و پێکهاتەکان، سەرنجی خستووەتە سەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو ناوچانەی کە *عێراقی* لێ پێک هێنرا لە سالانی ١٩١٤ تا ١٩٢١. لەوێدا باس لە ئالۆزی و پەیوەندییە لێکترازاوەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەوکاتی *عێراق* کراوە. هەڵوێستی پێکهاتە نەتەوەی و مەزهەبییەکانی ئەو جوگرافیایە لە بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکانی *بەریتانیا*، پرسێکی دیکەی گرنگی ئەم بەشەیە. بەشی سێیەم، فەیسەڵ و خەونی بەنیشتمانکردنی عێراق، لە ڕۆڵی مەلیکی عێراق، **فەیسەڵی یەکەم**، لەسەر ڕەوتی گەشە و دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق* دەکۆڵێتەوە. باسیش لە سەرهەڵدانی ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دەکات لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکە. هەروەها لە هەڵوێستی دەستەبژێری سیاسیی *عێراق* بەرانبەر بە پێکهاتەکانی *عێراق* ورد دەبێتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێت و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی دەستنیشان دەکات. ڕۆڵ و کاریگەریی *بەریتانیاش* لەسەر نەخشەی سیاسیی *عێراق* لەم بەشەدا تاووتوێ کراوە. بەشی چوارەم، سەرهەڵدانی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، لە کاریگەریی پرۆسەکانی مۆدێرنەتە (Modernization) و بەشاربوون (Urbanization) لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی دەکۆڵێتەوە. هاوکات هێلکارییەکیش بۆ ڕەوتە هزری و ئایدیۆلۆجییەکان لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکاندا کێشراوە و کاریگەریی ڕەوتەکانیش لەسەر سەرهەڵدانی شوناسی نوێ و بوژاندنەوەی شوناسە کۆنەکان خراوەتە ژێر تیشک. بەشی پێنجەم، شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، لە دەرئەنجامەکانی ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە *عێراق* و هاتنەسەرکاری ئەفسەرەکان بۆ سەر حوکم دەدوێت. بەشێکی زۆری ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ قسەکردن و شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی زیاترگرژبوونی ململانێکانی شوناس و سەرهەڵدانی دیاردەی قڕکردنی نەیارەکان لە پرۆسەی سیاسیی *عێراق*دا. هەروەها باس لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی کراوە. بەشی شەشەم، لێکترازانی نیشتمانی باس لە کاریگەریی هاتنەسەرحوکمی *بەعس* و ڕۆڵی *بەعس* لە ئاڕاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی *عێراق* دەکات و هۆکارەکانی

ئەوەی کە دەبن بە مایەی سەرهەڵدانی پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی (National Disintegration) وردبینیی بۆ کراوە. *بەعس* چوار لایەنی بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینی: شیوعییەکان، کوردەکان، شیعەکان لەگەڵ سوپا. چۆنێتیی مامەڵەکردنی *بەعس* لەگەڵ ئەم لایەنانە، بیرۆکەی سەرەکیی توێژینەوەکانی ئەم بەشە پێک دەهێنن. سیاسەتەکانی تەعریب (بەعەرەبکردن) و بەسوننیکردن و بەسەدامکردن باس کراون و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ئامێزاندا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامیان لێ وەرگیراوە. بەهێزبوونی ڕەوتە ئیسلامییە شیعییەکان دیاردەیەکی گرنگی ئەم قۆناغەن، بۆیە کاریگەریی ئەم دیاردەیەش لەسەر لێکترازانی پێکهاتەکانی *عێراق* دەستنیشان کراون. هاوکات هۆکارەکانی تەعریب و *ئەنفال* قسەیان لەسەر کراوە و کاریگەریی ئەم دوو سیاسەتە لەسەر دواڕۆژی کورد لە *عێراق* شیکار کراوە. سەرەتای بەشی حەوتەم، نیشتمانێکی لێکترازاو، تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر دوو ستراتیجییەت، کە **سەدام** بۆ مانەوە لەسەر حوکم خستبوونیە گەڕ، ئەوانیش بەعەشیرەتکردن و حەملەی ئیمانن. ڕۆڵی بنەماڵەی **سەدام** لەسەر ڕەوتی سیاسی و ئابووری و بازرگانیی *عێراق*، ئاماژەیەکی کورتی بۆ کراوە. قسە دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووریی *عێراق* لە دوای ئەوەی *عێراق* ئابلووقەی ئابووریی خرایە سەر کراوە و کاریگەرییەکانی لەسەر کاڵبوونەوەی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵوەستەی لەسەر کراوە. لەم بەشەدا، باس لە دامەزراندنی *حکومەتی هەرێمی کوردستان*یش کراوە و گەورەبوونی درزەکانی نێوان کورد و عەرەب پیشان دراون. قسە لەسەر کاریگەرییەکانی ئەم پێشهاتەی *کوردستان* کراوە، بەتایبەتی لە پەیوەند بە شوناسی عێراقیبوون. لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس لە بارودۆخ و ڕەوشی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ساڵانی نەوەدەکاندا کراوە و ناتەبایی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگەی عێراقی پێش داگیرکردنی *ئەمەریکا* لە ساڵی ٢٠٠٣ خراونەتە ڕوو. بەشی هەشتەم، داگیرکردن و تەقینەوەی ململانێ پەنگخواردوەکان، شیکارێکە بۆ ڕەوتی سیاسیی *عێراق* لە دوای داگیرکردنیەوە لە لایەن *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانیەوە. لەم بەشەدا باس لە هۆکارەکانی شەڕ و پێکدادانە مەزهەبییەکان لە ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨ کراوە. هۆکارەکانی کپبوونەوەی یان



hewalname.com/ku

خاوبوونەوەی پێکدادانەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٨ەوە باس کراون. پێگەی سوننەکان لە *عێراقی* پێش و دوای بەجێهێشتنی *ئەمەریکا* لە ساڵی ٢٠١١دا خراوەتە ڕوو و تاووتوێ کراوە و کاریگەرییەکانیشی لەسەر دوارۆژی *عێراق* خراوەتە ڕوو. ململانێکانی کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دوای دەستگۆڕکێی حوکمڕانی لە سوننەکانەوە بۆ شیعەکان، بەشێکی زۆری بۆ تەرخان کراوە. بەشی نۆیەم، پوختە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ئەم کتێبەی لەخۆ گرتووە. لەم بەشە دوای خستنەڕووی هەندێک هۆکاری سەرەکیی پشت هەرەسهێنانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، تیۆرەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم لە ژێر تیشکی تێگەیشتنەکانی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگێندراون و ڕەخنە کراون. لە کۆتایی کتێبەکەش ڕاوەستانێکی کورت لەسەر دوارۆژی *عێراق* کراوە.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ هەوڵێک بێ کەموکورتی نابێت، بەڵام خۆشبەختانە دەتوانم بڵێم ئیدی ئەو زەمەنە بەسەر چوو مێژووی کورد و ئەو وڵاتانەی *کوردستان*یان بەسەردا دابەش کراوە، بەبێ ڕەچاوکردنی سەنگ و پێگەی کورد لە هاوکێشەکاندا بنووسرێنەوە؛ هیوادارم ئەم هەوڵەی من چووبێتە ئەم خانەیەوە.

hewalname.com/ku

# بەشی یەکەم

# عێراق: شوناس و چوارچێوە تیۆرییەکان

پێش ئەوەی قسە لەسەر پرسی شوناس لە *عێراقی* هاوچەرخ بکەین، وا چاکە هەندێک بگەڕێینەوە دواوە و کورتەباسێکی مێژوویی و جوگرافی و کولتووریی ئەو ناوچانە بخەینە ڕوو، کە ئێستا *عێراق* پێک دێنن. چاوێکیش بخشێنین بە پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی ئەو خەڵکانەی کە سەدان ساڵە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە ئێستا پێی دەگوترێت *عێراق*.

*عێراق* بێشکە و لانکەی کۆمەڵێک شارستانێتیی زۆر کۆنی ئەم جیهانەیە، لەوانە سۆمەرییەکان، ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان و بابلییەکان. پاش ڕووخان و نەمانی ئەم شارستانییەتانە لە سەدەی شەشی پێش زایین، ئیدی ئەم ناوچەیە بوو بە بەشێک لە ئیمپڕاتۆرییەتە ئێرانییەکان. ساڵی ٥٣٩ی زایینییش، یۆنانییەکان ناوچەکەیان داگیر کرد و بۆ نزیکەی دوو سەدە فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کرد. دواتر ئێرانییە ساسانییەکان ساڵی ٢٢٤ی زایینی توانییان جارێکی دیکە ناوچەکە بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. دەسەڵاتی ئێرانییەکان تا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان لە ساڵی ٦٤٢ی زایینی لەسەر ناوچەکە بەردەوام بوو. پاش ڕووخانی ساسانییەکان لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە، ئیدی ناوچەکە لە لایەن دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە بەڕێوە دەبرا، لەوانە ئەمەوییەکان



hewalname.com/ku/

و عەباسییەکان. لە ساڵی ٧٦٢ی زاییندا، عەباسییەکان *بەغداد*یان کرد بە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەیان. لە سەردەمی حوکمڕانیی چەند خەلیفەیەکی عەباسی، بەتایبەتی **هارۆونە ڕەشید** (٧٨٦-٨٠٩) و **مەئموون**ی کوڕی (٨١٣-٨٣٣)، **بەغداد** بوو بە ناوەندێکی گرنگی عەقڵانییەت و بیرکردنەوە هزری و فەلسەفییەکان. سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی حکومڕانییەکەیان کورت بوو، بەڵام ئەم ماوەیە بە ساڵانی زێڕین لە لایەن زۆربەی موسڵمانان، بەتایبەتی سوننەکان، ناو دەبرێت (وزارة المعارف ١٩٥٢: ٨٢، وزارة التربية ٢٠٠٣: ٧٦، ٨٤، ٩٣-٩٦).[1] لە ساڵی ١٢٥٨دا هێرشەکانی مەغۆلەکان کۆتاییان بە حکومڕانیی عەباسییەکان هێنا و *بەغداد*یان وێران کرد و خەڵتانی خوێنیان کرد. ناوچەکە لە ژێر فەرمانڕەوایی مەغۆلەکان و حوکمڕانە تورکە سەلجووقییەکان بوو تا عوسمانییەکان لە سەدەی چواردە تەواوی دەڤەرەکەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، تا هاتنی بەریتانییەکان لە سەرەتای یەکەم جەنگی جیهانی، بەگشتی، ناوچەکە هەر لە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکاندا بوو.

ئەو دەوڵەتەی ئێستا پێی دەگوترێت *عێراق*، لەسەر دەستی بەریتانییەکان لە ساڵانی دوای جەنگ دروست کرا. سەرەتاکانی چاوبڕینی *بەریتانیا* بۆ ناوچەکانی باشووری *مێزۆپۆتامیا*، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە نیمچەکیشوەری *هیندستان* (٤٩ :٢٠٠٤ Ireland). لەدەستپێکی یەکەم جەنگی جیهانیدا، *بەریتانیا* لە پشتیوانیکردنی عوسمانییەکان لە *ئەڵمانیا* نیگەران بوو. ئەوەشی وەک هەڕەشەیەک لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینی لە ڕۆژهەڵاتی دوور، بەتایبەتی لە *هیندستان*،

hewalname.com/kurd

---

[1]. مەبەست لە *وزارة المعارف*، *وزارة المعارف المملكة العراقية*یە و *وزارة التربية*یش *وەزارة التربيه الجمهورية العراقية*یە. لەم کتێبەدا ئەم دوو ناوانە لەبری دانەران و نووسەرانی ئەو کتێبانە بەکار هاتوون, کە لە لایەن *وەزارەتی پەروەردەی* عێراقی وەک کتێبی خوێندنگە (Textbook) بەکار هاتوون. لەم کتێبەدا شێوازی هارڤارد بۆ نوسینی سەرچاوە بەکار هاتووە. لەم شێوازەدا ناوی دووەمی نووسەر (Surname) دەنووسرێت لەگەڵ ساڵی چاپکردن، دەرچوونی کتێبەکە، سەرچاوەکە، دوای ئەویش لاپەڕەکە، ئەگەر بزانرێت. لە بیبلیۆگرافیاشدا ناوی سەرچاوەکە بە تەواوی نووسراوە. لە بیبلیۆگرافیاکەشدا سەرچاوەکانیش بەپێی زمانی نووسینیان جیا کراونەتەوە بۆ زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

بۆیە هەوڵی دا پەل بهاوێژێت بۆ مێزۆپۆتامیا بۆ پاراستنی هێڵەکانی پەیوەندیی دەریایی و زەمینی لەگەڵ پاراستنی ئەو بیرە نەوتانەی تازە لە سەرووی *کەنداو* و کوێت و پارێزگای *خوزستان* لە *ئێران* دۆزرابوونەوە. بۆ دوورخستنەوەی دەستی عوسمانییەکان لە بیرە نەوتەکان و ڕێگەکانی گەیشتنی بە *هیندستان*، بەریتانیا شاری *بەسرەی* لە باکووری *کەنداوی فارس* داگیر کرد (Marr 2004 a: 22). لەوێوە *بەریتانیا* دەستی بە هەڵمەتی داگیرکردنی تەواوی ئەو ناوچانە کرد کە دواتر ناوی لێ نرا *عێراق*. لەگەڵ کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی، تەواوی ناوچەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئا لەم خاڵەی مێژووەوە هەوڵەکانی ئەم کتێبە بۆ گەڕان و بەدواداچوون و هەڵدانەوە و تێگەیشتن لە بنج و بناوانەکانی کێشمەکێش و ململانێ و هۆیەکانی پێکدادانی شوناسەکان لە *عێراق* دەست پێ دەکات.

### جوگرافیای عێراق

بەشێکی زۆری ئەو خاکەی کە ئێستا *عێراق* پێک دەهێنێت، پێشتر پێی دەگوترا *مێزۆپۆتامیا* (وشەیەکی یۆنانییە، واتە خاکی نێوان دووزێکە– *دیجلە و فورات*). *عێراق* لە باشوور هاوسنوورە لەگەڵ کوێت و *عەرەبستانی سعودی*، لە ڕۆژئاوا لەگەڵ *ئوردن*، لە باکووری ڕۆژئاوا لەگەڵ *سووریا*، لە باکوور لەگەڵ *تورکیا* و لە ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ *ئێران*. سنوورێکی بەرتەسکیشی کەوتووەتە سەر *کەنداوی فارس* (بڕوانە نەخشەی ١-١). ڕووبەری *عێراق* ٤٣٤٩٢٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و لە ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی دانیشتوانەکەی بە نزیکەی ٣٨ ملیۆن کەس مەزەندە کراوە (CIA 2016).

hewalname.com/kurd




*نەخشەی ١-١: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*

hewalname.com/ku

**بەریتانیا** دوای داگیرکردنی ناوچەکە، *عێراقی* لە بەیەکەوەلکاندنی سێ ویلایەتی عوسمانی دروست کرد، کە ویلایەتەکانی *بەغداد* و *بەسرە* و *موسڵ* بوون. هەرسێ ویلایەت، لەو کاتەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوون، هەر یەک بە جیا لە دوو ویلایەتەکەی دیکە لە ڕووی کارگێڕییەوە بەڕێوە دەبران. پەیوەندیی هەر یەکێکیشیان لەگەڵ **بابی عالی** لە *ئەستەنبۆڵ* ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی والیی ویلایەتەکەوە بوو. هەرسێ ویلایەتەکە لێکچوونیان زۆر کەم بوو، لە ڕاستیدا جیاوازییەکانیان زۆر زیاتر بوون. پەیوەندییەکانی *بەسرە* لەگەڵ دانیشتوانی *کەنداو*، بە بەرە عەرەبییەکە و فارسییەکەیەوە، زۆر بەهێزتر بوو لە پەیوەندییەکانی بە *ویلایەتی بەغداد*ەوە (Walker 2003: 29-31). پەیوەندیی عەرەبەکانی *ویلایەتی موسڵ* لەگەڵ عەرەبەکانی *ویلایەتی سووریا* تۆکمەتر و توندوتۆڵتر بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبەکانی ویلایەتەکانی *بەغداد* و *بەسرە*. بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکانی مێژوونوسی بەناوبانگی فەڵەستینی-ئەمریکی **حەنا بەتاتوو**، تەنانەت لە ساڵانی یەکەمی دوای دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*یش، عەرەبەکانی موسڵ لە ڕووی دابونەریت و سەروسیماوە، زیاتر لە عەرەبەکانی *حەلەب* دەچوون لەوەی لە

عەرەبی ناوچەکانی دیکەی *عێراق* بچن (Batatu 2004: 43). جێگەی سەرنجە، ئاماژە بەوە بکەین کە لە ویلایەتەکانی *بەسرە* و *موسڵ* دراوی جیا و پێوەری جیا بۆ پێوان و کێشان لەوانەی لە *بەغداد* هەبوون، بەکار دەهاتن. بۆ نموونە، لە ناوچە کوردییەکان تمەنی ئێرانی باوتر بوو لە لیرەی عوسمانی (Batatu 2004: 35). لە پاڵ ئەمانە، ئەو ناوچە شیعەنشینانەی کە مەرقەدی ئیمامە شیعییەکانی لێیە، وەک *نەجەف* و *کەربەلا*، پەیوەندییان لەگەڵ *ئێران* زۆر زیاتر بوو لە هەر ناوچەیەکی دیکەی *عێراق*. بە کورتی، خەڵکی *بەغداد* لە سەردەمی عوسمانییەکان، زانیارییەکی کەمیان هەبوو لەسەر خەڵکانی دوو ویلایەتەکەی دیکە. بە هەمان شێوە، خەڵکی *بەسرە* و *موسڵ* زانیارییان لەسەر جەماوەری *بەغداد* زۆر کەمتریش بوو (الحصری ١٩٦٧: ٤٦). دانیشتوانی *ویلایەتی بەسرە* زۆربەیان شیعە بوون، کەچی *ویلایەتی بەغداد* زۆرینەی سوننە بوو لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شیعە، چونکە ئەو کات *نەجەف* و *کەربەلا* بەشێک بوون لە *ویلایەتی بەغداد*، بەڵام *ویلایەتی موسڵ* زۆرینەی لە کورد پێک هاتبوو. لە پاڵ کوردەکان، عەرەب و تورکمان و کەلدۆ-ئاشوورییەکان بەشێکی بەرچاویان لە دانیشتوانی *ویلایەتی موسڵ* پێک دەهێنا(Marr 2004a: 21-26; Tripp 2002: 40-58).

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ و لکاندنی *ویلایەتی موسڵ* بە *عێراق*ەوە لە ساڵی ١٩٢٦، کە دواتر زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت، *بەریتانیا* لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە *عێراقی* بەسەر چواردە لیوا دابەش کرد. ئەم دابەشکردنە کارگێڕییە بەردەوام بوو تا هاتنەسەرحوکمی *بەعس* لە ساڵی ١٩٦٨. بەعسییەکان لەبەر کۆمەڵێک هۆ و هۆکاری سیاسی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٦، چەندین جار دەستکاری سنووری لیوا عێراقییەکانیان کرد و ناوەکانیشیان لە لیواوە گۆڕی بۆ پارێزگا. لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانە، چوار پارێزگای نوێ دروست کران. گەورەترین گۆڕانکاری لە پارێزگای *کەرکووک* کرا، دواتر پاڵنەر و هۆکارەکان دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی *ئەمەریکا* لە ساڵی ٢٠٠٣ *عێراق*یان داگیر کرد، *عێراق* لە ڕووی کارگێڕییەوە بەسەر هەژدە پارێزگادا دابەش کرابوو، کە *بەسرە*، *میسان* (عیمارە)، *زیقار* (*ناسرییە*)، *موسەننا* (*سەماوە*)،

hewalname.com/ku

*قادسییە* (دیوانییە)، *نەجەف*، *کەربەلا*، *بابل* (حلە)، *واست* (کووت)، *بەغداد*، *ئەنبار* (ڕومادی)، *سەلاحەدین* (تکریت)، *دیالە* (باقووبە)، *نەینەوا* (موسڵ)، *کەرکووک*، *هەولێر*، *سلێمانی* و *دهۆک*ن (بڕوانە نەخشەی ١-٢).[١] لە کاتێکدا ئەم دابەشکردنە لە زۆر ڕووی کارگێڕییەوە ئێستاش کارایە، کەچی سێ پارێزگا لە *کوردستان*، *سلێمانی* و *هەولێر* و *دهۆک*، لەگەڵ چەند قەزا و ناحییەیەکی پارێزگاکانی *کەرکووک* و *دیالە* و *موسڵ*، *هەرێمی دانپێنراوی کوردستان* پێک دێنن. جێگەی ئاماژەیە کە سنووری *هەرێمی کوردستان* نە سنووری مێژوویی-جوگرافی-نەتەوەیی *کوردستان*ە، نە سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی سەردەمی *بەعس*ە (١٩٧٤-١٩٩١)، بەڵکو سنوورێکی نوێیە کە دوای کشانەوەی هێزە سەربازییەکان و دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی *عێراق* لە ساڵی ١٩٩١ دروست بووە. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی *عێراق*یش تەنیا ئەو ناوچانەی کە لە بەرواری ٢٠٠٣/٤/٩، ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمەکەی *سەدام حسێن*، بەشێک بوون لە هەرێم، بە فەرمی وەک *هەرێمی کوردستان* ناساندووە.




*نەخشەی ١-٢: عێراق*

---

[1]. ئەو ناوانەی لە ناو کەوانەکانن، ناوی ناوەندی پارێزگاکانن. ئەگەر یەک ناو نووسرابێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پارێزگاکە و ناوەندی پارێزگاکە هەمان ناویان هەیە.

ئابووریی *عێراق* تا پەنجاکان بە زۆری پشتی بە کشتوکاڵ بەستبوو، لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٩٥٨، عێراق پێشکەوتنێکی ئابووریی بەرچاوی بە خۆوە بینی. بەرهەمی نەوت لە ساڵانی ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٥، دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢، چوار ئەوەندە زیادی کرد. تا دەستپێکی جەنگی *عێراق-ئێران* لە ساڵی ١٩٨٠ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت بە تەواوی بەسەر ئابووریی *عێراق* زاڵ بوو. *عێراق* لە ڕیزی هەرەپێشەوەی وڵاتانی هەناردەی نەوت بوو لە جیهان، لە کۆتایی سەدەی بیست نەوت زامنکەری ٩٥%ی کۆی داهاتی *عێراقی* پێک دەهێنا. لە ساڵی ١٩٦٧ داهاتی گشتی نیشتمانیی عێراق (Gross National Income)، زیاتر لە ٧٤٥ ملیۆن دیناری عێراقی بوو، بەرهەمی گشتیی ناوخۆش ( Gross Domestic Product) بڕێک کەمتر بوو لە ٩٣٨ ملیۆن دینار. لە ساڵی ١٩٨٢ داهاتی گشتی نیشتمانی و بەرهەمی گشتیی ناوخۆ بە بەراورد بە ساڵی ١٩٦٧، زۆر زیادی کرد و گەیشتنە ١٢٣٣٤ و ٥٣٧٤ ملیۆن دیناری عێراقی لە دوای یەک (Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 232). لە دوای *جەنگی عێراق-ئێران* (١٩٨٠-١٩٨٨) و *جەنگی دووەمی کەنداو* لە ساڵی ١٩٩١، ئاستی بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینی، هاوکات گەشەی ئابووری لە *عێراق* دابەزینێکی ئێجگار گەورەی بە خۆوە بینی.

تێچووی زۆری جەنگەکان و ئەو بارە قورسەی لە ئاکامی سیاسەتەکانی بەسەربازیکردنی کۆمەڵگە لە لایەن *بەعس*ەوە خسترابووە سەر ئابووریی *عێراق* و ئەو دارمانە ئابوورییەی لێی کەوتەوە، *عێراقی* خستە ژێر باری قەرزێکی زەبەلاح. لە کاتی دەسپتێکردنی جەنگ لەگەڵ *ئێران*، *عێراق* ٢٨ ملیار دۆلار پارەی یەدەگی هەبوو، کەچی لە کۆتایی جەنگ تەنیا قەرزە ئاشکراکانی بە زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا. ئەمە بێجگە لەو قەرزانەی کە لە *سعودییە* و کوێت وەری گرتبوون، کە لە قەرزی وڵاتەکانی دیکە بە زیاتر مەزەندە دەکرێن. لە ئێستادا یەدەگی ڕاگەیاندراوی نەوتی *عێراق* بە ١٤٨ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت. ئەمە ئەو نەوتە یەدەگە ناگرێتەوە کە لە *هەرێمی کوردستان*دا هەیە و بە نزیک لە ٤٥ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت ( LeVine

2012). له ئازاری ٢٠١٢، *عێراق* ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و مەزەندەش دەکرا بەرهەمی گشتیی ناوخۆی بە ڕێژەی ٩% لە ساڵی ٢٠١٢ بەرز بێتەوە، ئەم بەرزبوونەوەیە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی نەوت (Kami 2011). لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤ەوە و لەگەڵ هاتنی *دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام* (*داعش*) بۆ *عێراق*، ئەم مەزەندانە و گەشە ئابوورییەکان هەموویان گۆڕانکارییان بەسەردا هات.

**دیموگرافیای عێراق: پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی**

کۆمەڵگەی عێراقی لە چەندین پێکهاتەی ئایینی و کولتووری و نەتەوەیی پێک هاتووە، زانینی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکانی *عێراق* بە وردی سەختە، لەبەر کۆمەڵێک هۆ، لەوانە: *عێراق* لە ساڵی ١٩٨٧ەوە سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانەکەی نەکردووە، ئەو سەرژمێرییانەی پێشتر بە فەرمی دەکران و ئەوانەی ئێستاش بە نافەرمی دەکرێن، هەمووی دووچاری گەمەکردن بە ژمارەکان بوونەتەوە. لە ڕاستیدا بێجگە لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧، کە ئەویش بەدەر نەبوو لە دەستتێوەردانی دەسەڵات و لایەنە باڵادەستەکان، هەردوو سەرژمێرییەکەی ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧، ئەوەندەی بۆ شێواندنی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی وڵاتەکە بوو، ئەوەندە بۆ دیاریکردنی قەبارەی پێکهاتەکان نەبوو. ئەنجامەکان و فۆڕمەکانی سەرژمێرییەکانیش لە دەزگا ئەمنی و سیخوڕییەکانی ڕژێم کۆ دەکرانەوە و توێژینەوەیان لەسەر دەکرا، نەک دەزگا شارستانی و ئامارییەکان.[١] پاش ڕووخانی ڕژێمی **سەدام**، بەپێی ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی کە لە *پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق*ەوە دەرچون، دەبوایە لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرژمێریی گشتی لە وڵاتدا ئەنجام بدرێت. سڵەمینەوەی حکومەتی ناوەندی لەئەنجامدانی سەرژمێری، کە دواتر قسەی زیاتری لەسەر دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ترسی دەسەڵات لە دەرکەوتنی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکانی *عێراق*.

بە هەرحاڵ، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ٩٧%ی دانیشتوانی *عێراق* موسڵمانن، ئەو ٣%یەی کە دەمێنێتەوە، کریستیان (کلدانی

---

[1]. نووسەر بە چاوی خۆی لە ڕۆژانی دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، ژمارەیەک فۆڕمی سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٨٧ی لە ژوورەکانی *بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر* بینیوە.

و ئاسووری و ئەرمەنی) و ئێزیدی (کە بە نەتەوە کوردن) و سابیئەن ( CIA 2016). جێگەی ئاماژەیە کە کریستیانەکانی *عێراق* ڕێژەیان لەوەی ئێستا کە هەیە زیاتر بوو، بەڵام لە نەوەدەکاندا بەشێکی زۆریان بۆ دەرەوەی *عێراق* کۆچیان کرد. لە دوای ڕووخانی **سەدام** و ئەو فشارەی لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی *عێراق*ەوە خرایە سەریان، وای لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کریستیانەکان کرد کە بۆ پاراستنی گیان وماڵیان ڕوو لە *هەرێمی کوردستان* بکەن. لە پەیوەند بە جوولەکەکانیش، چ ئەوانەی ناوەڕاست و باشووری *عێراق* چ ئەوانەی *کوردستان*، لە کۆتایی چلەکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان زۆربەیان دەرپەڕێندران و بەرە و *ئیسرائیل* کۆچیان کرد.

عەرەبەکان گەورەترین گروپی نەتەوەیین لە *عێراق* و ٧٧%ی ڕێژەی دانیشتوانی *عێراق* پێک دەهێنن. عەرەبەکان بەشێکیان موسڵمانی شیعەمەزهەبن و بەشەکەی دیکەیان سوننەمەزهەبن. شیعەکان ڕێژەی ٧٥%ی عەرەبەکانی عێراق و ٥٥-٦٠%ی تەواوی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنن. بەگشتی عەرەبە شیعەکانی *عێراق* لە ناوەڕاست و باشووری عێراق نیشتەجێن و زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە پێک دەهێنن بە **بەغدادی** پایتەختیشەوە. لە زۆر شوێنی دیکەش گروپی بچووکبچووکیان لێرەولەوێ هەیە. عەرەبە سوننەکان ڕێژەی ٢٥%ی عەرەبەکانی *عێراق* و نزیکەی ٢٠%ی دانیشتوانی هەموو *عێراق* پێک دەهێنن. شوێنی نیشتەجێبوونی سوننەکان بەگشتی لە دەوروبەری هەردوو ڕووباری *دیجلە و فوڕاتە* لە ناوەڕاست و باکووری ڕۆژئاوای *عێراق*، لەگەڵ بیابانەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوادا. تەنیا دوو پارێزگا هەیە لە *عێراق* کە سوننەکان زۆرینەی ڕەهای پێک دەهێنن، کە ئەوانیش *ئەنبار* و *سەلاحەدین*ن. لە پارێزگاکانی *نەینەوا* و *دیالە*ش زۆرینەن، بەڵام زۆرینەی ڕەها نین. تا سەرەتای حەفتاکانیش عەرەبەکان لە پارێزگای *کەرکووک* کەمینەیەکی گەورە بوون، بەڵام لە دوای هەڵمەتە یەک لە دوای یەکەکانی تەعریب، ئێستا ژمارەیان زۆر زیادی کردوە. تا پەنجاکانی سەدەی بیست، سوننەکان زۆرینەی دانیشتوانی *بەغدا*دیان پێک دەهێنا ( Batatu 2006)، بەڵام ئێستا شیعەکان زۆرینەن لەو شارە. لە پاڵ ئەمەش، بەگشتی لە *عێراق* شیعەکان تا کۆتایی سەدەی نۆزدە کەمینە بوون، بەڵام لەگەڵ پرۆسەی

نیشتەجێبوونی عەرەبە بەدوەکانی بیابانەکانی *عێراق*، لە دەوروبەری ئەو شارانەی کە ناوەندەکانی شیعەگەرییان لێ بوو لە ناوەڕاست و باشووری *عێراق* و بەشیعەبوونیان دوای نیشتەجێبوونیان، ئیدی شیعەکان لەو کاتەوە لە کەمینەوە بەرە و زۆرینە ڕۆیشتن (Nakash 2003b: 17-26; Fattah 2009: 205-218). شیعەکانی *عێراق* زۆربەیان عەرەبن، بەڵام شیعەی کورد کوردە فەیلییەکان و کوردە شەبەکەکانن و شیعەی تورکمانیش هەن.

کورد دووەمین گەورە گرووپی نەتەوەیین لە *عێراق*، کە نزیکەی ٢٠%ی دانیشتوانی *عێراق* پێک دەهێنن و زۆربەیان موسڵمانی سوننەمەزهەب و بەشێکی کەمیشیان شیعەمەزهەبن، کوردی کاکەیی و ئێزیدیش هەن. کوردەکان بەگشتی لە ناوچە شاخاوی و تەپۆڵکاوییەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی *عێراق* نیشتەجێن (بڕوانە نەخشەی ١-٣). تورکمانەکان سێیەم گرووپی نەتەوەیین کە لە چەندین ناوچەی جیاجیا دەژین، لەوانە شارەکانی *کەرکووک*، *هەولێر*، *ئاڵتوونکۆپری*، *تازەخورماتوو* و *تەلەعفەر*.




*نەخشەی ١-٣: دیمۆگرافیای نەتەوەیی و مەزهەبی لە عێراق*

شیعەگەری، کە یەکێکە لە مەزهەبە سەرەکییەکانی ئایینی *ئیسلام*، لە سالانی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام، لە دوای مردنی پەیامبەری موسڵمانان **محەمەد**، لە ساڵی ٦٣٢ی زایینی سەری هەڵداوە. لە ڕۆژی مردنی پەیامبەری موسڵمانان کێشەیەک لە نێوان موسڵمانان لەسەر دیاریکردنی جێگرەوەی هاتە پێش، کێشەکە لە مێژووی موسڵمانان بە کێشەی سەقیفەی بەنی ساعیدە ناسراوە. یاوەرانی **محەمەد** ئەوەندە ناکۆک بوون، کە ناشتنی تەرمی پێغەمبەرەکەیان بۆ چەند ڕۆژێک دوا خست تا پرسی دانانی جێگرەوەیان یەکلا کردەوە! بەگشتی یاوەرانی پەیامبەری موسڵمانان بەسەر سێ گروپی ناکۆک دابەش ببوون: گروپی یەکەمیان بە سەرکردایەتیی **ئەبوبەکری سدیق** و **عومەری کوڕی خەتاب** بوو، کە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە جێگرەوەی/خەلیفەی پەیامبەری موسڵمانان دەبێت کەسێک بێت لە عەشیرەتی *قورەیش*. بۆ ئەم مەبەستەش **ئەبوبەکر** لە لایەن **عومەر** وەک پاڵێوراوی سەرەکی ڕاپێش کرا. گروپی دووەمیان لە *بەنوهاشم*، کەسوکاری نزیکی پەیامبەر، پێک هاتبوون. ئەم گروپە خۆیان بە شایستەتر لە هەر کەسێکی دیکە دادەنا و **عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب**، ئامۆزا و زاوای پەیامبەریان بە بنەمای نزیکی لە پەیامبەرەکەیانەوە، پێ باشترین جێگرەوە بوو بۆ **محەمەد**. سێیەم گروپ لە موسڵمانە ئەنسارەکانی *مەدینە* پێک هاتبوون، ئەوان پێیان وا بوو کە خەڵکی *مەدینە* لە کاتی لێقەوماوی و بێکەسیدا بە هانای پەیامبەرەکەیانەوە هاتوون و هەر ئەوان بوون کە داڵدەیان دا و لەسەر دەستی ئەوان *ئیسلام* تەشەنەی کرد، بۆیە **سەعدی بن عەبادە**یان پالاوت بۆ جێگرەوەی **محەمەد**. بە هەرحاڵ، **عەلی کوڕی ئەبی تالیب** و هاوڕاکانی هەر زوو داواکەی خۆیان کێشایەوە و ئەنسارەکانیش لە ژێر فشاری قورەیشییەکان دەستبەردار بوون.

ئەم کێشمەکێشانەی ڕۆژانی سەرەتای مێژووی موسڵمانان، شوێنکەوتوانی ئەو ئایینەی کرد بە دوو بەش و و ڕێبازەوە. ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت شیعەگەری و سوننەگەری، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیانەی نێوان یاوەرانی **محەمەد**، کە لە دوای مردنی سەرکردەکەیان هاتە پێشیان. ئەوانەی پشتیوانییان لە تێگەیشتنەکان و هەڵوێستەکانی **ئەبوبەکر** و **عومەر** کرد و پێیان وا بوو کە خەلیفەی موسڵمانان دەبێت کەسێکی عەشیرەتی

قورەیش بێت و لە ڕێگەی پەیمانپێدانی/بەیعەتی موسڵمانانەوە دەستنیشان بکرێت، ئەوا بەگشتی لەو کاتەوە پێیان دەگوترێت سوننەکان. ئەوانەش کە پێیان وا بوو کە **عەلی** دەبوایە وەک ئیمامی یەکەمی موسڵمانان دانرابا و جەخت لەسەر پڕۆسەی پشتاوپشتی لە دانانی جێگرەوە دەکەن، ئەوە بەگشتی لەو کاتەوە وەک شیعەکان ناویان دەبردرێت. دیارە فوقەهاکانی شیعەش دواتر تیۆریزەی ئەم بۆچوونانەیان کرد و دیدەکەیان وەک تیۆری ئیمامەت ناوزەند کراوە. فوقەهاکانی سوننەش دیدەکانی خۆیان چەند سەدەیەک دوای مردنی پەیامبەری *ئیسلام* تیۆریزە کرد، کە پێی دەگوترێت تیۆری خەلافەت. دەتوانین بڵێین کە لە سەدەی نۆی زایینییەوە هەردوو گروپ تیۆریزەی تێڕوانینەکانی خۆیان کرد. گروپی سێیەم، تا ئەو ڕادەی من ئاگەدار بم، تێڕوانینەکانیان تیۆریزە نەکراوە.

هەم شیعەکان و هەم سوننەکان، کۆمەڵێک فەرموودە و سوننەتی پەیامبەرەکەیان بۆ پشتیوانیکردن لە تیۆرەکانی خۆیان دێننەوە. سوننەکان پێیان وایەکە پەیامبەری موسڵمانان بە ئەنقەست خۆی دوور گرتبوو لە پرسی دیاریکردنی جێنشین و ئەم ئەرکەی بۆ سەرکردەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگەی موسڵمانان جێ هێشت، تا کەسێک لەسەر بنەمای چەمکی شوورا لە ناو خۆیان وەک خەلیفە دیاری بکەن. بە بنەما لەسەر ئەوە، ئەوان دەڵێن ئەوە بوو موسڵمانان لە ناو خۆیاندا **ئەبوبەکری سدیق**یان وەک یەکەم خەلیفەی موسڵمانان دیاری کرد. بەڵام شیعەکان ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن ئەوە ڕاست نییە کە دەگوترێت پەیامبەر لە پەیوەند بە پرسی جێگرەوە بێدەنگ بوویێت، ئەوان پێیان وایە پەیامبەر لە دوا حەجیدا (حجة الوداع)، لە ساڵی ٦٣٢، گوتوویەتی: "من كنت مولاه فهذا **علي** مولاه." واتە: "ئەو کەسەی من مەولای بووم، ئەوە **عەلی** مەولایەتی." ئەمەش بە دیاریکردنێکی ڕاشکاوانەی **عەلی** وەک جێگرەوەی پەیامبەر دادەنێن. شیعەکان پێشیان وایە کە جێگرەوەی پەیامبەری موسڵمانان دەبوایە و دەبێت کەسێک بێت لە بنەماڵەی پەیامبەر (اهل البيت).[1] ململانێی نێوان شیعەکان و سوننەکان بە کوشتنی **ئیمام حسێن**

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان سوننەکان و شیعەکان بڕوانە (کرمانج ٢٠٠٥: ٧٣-٧٩) و (Black 2001: 14-16).

و یاوەرەکانی لە *دەشتی کەربەلا* لە لایەن **حەجاج بن یوسف ئەلسەقەفی**، سەرکردەی لەشکری ئەمەوییەکان لە عێراق، گەیشتە ترۆپک. ئەم ململانێیە بە درێژایی مێژوو بەردەوام بوو؛ لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) و تەبەنیکردنی شیعەگەری وەک مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتەکەیان، ململانێکانی بردە ئاستێکی دیکە. ئەمەش بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بۆ چەندین سەدە عوسمانییە سوننەمەزهەبەکان لە ناوچەکەدا هەم باڵادەستبوون و هەم ڕکابەری سەرەکیی سەفەوییەکان بوون.

بە درێژایی مێژوو، ناوەندە بەهێزەکانی شیعەگەری لە باشووری *عێراق*دا بنکەیان داکوتاوە، شارەکانی *بەسرە، کەربەلا، نەجەف، کووفە* و *کازمییە* (گەڕەکێکی شاری *بەغداد*) بە بەردەوامی ناوەندی خوێندن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکە شیعەگەرییەکان بوون. لە پاڵ ئەوەی ئەم شارانە سەنتەری فێربوون بوون بۆ شیعەکان، بەگشتی مەنزڵگە و قیبلەنیگەش بووە بۆیان. ئەمەش بەتایبەتی لەبەر بوونی مەرقەدی ئیمامە سەرەکییەکانی شیعە، لەوانە **ئیمام عەلی** و **ئیمام حسێن**.

شیعەکانی دونیا بەسەر چەند گرووپێک دابەش دەبن، لەوانە دوازدە ئیمامییەکان، زەیدییەکان و ئیسماعیلییەکان. شیعەکانی **عێراق** بەگشتی لە دوازدە ئیمامییەکانن. ئەوان لە دوای **ئیمام عەلی** یازدە ئیمامی دیکەیان، یەک لە دوای یەک، وەک ئیمامی خۆیان داناوە. بەپێی باوەڕی شیعەکانیش، **ئیمام مەهدی**، ئیمامی ژمارە دوازدە، لە ساڵی ٧٦٤دا بزر بووە و ڕۆژێک دێت دەگەڕێتەوە و دونیا لە زەبر و ستەم ڕزگار دەکات. ئەم باوەڕەی شیعەکان زۆر لە باوەڕی کریستیانەکانەوە نزیکە، کە پێیان وایە ڕۆژێک دادێت کە **عیسای** پەیامبەریان دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی. بە هەرحاڵ، لەو ڕۆژەی **ئیمام مەهدی** "بزر بووە" ، سەرکردایەتێی شیعەکان لە لایەن پیاوانی ئایینیی شیعەوە بەڕێوە دەچێت. لێرەش لێکچوونێک هەیە لە نێوان شیعەکان و کریستیانە کاسۆلیکەکان، کریستیانەکان دامەزراوەیەکی ئایینییان لە *ڤاتیکان* هەیە بە سەرۆکایەتیی *پاپا*، کە دەسەڵاتەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ بووەتەوە. شیعەکانیش هاوشێوەی ئەمە، دامەزراوەی *حەوزەی عیلمی و مەرجەعییەت*یان هەیە، کە پلەبەندیی دەسەڵاتی دیاری کردوە. ئەوەی لێرە

دەمانەوێت پیشانی بدەین و جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە ئایین لە ناو سوننەمەزهەبەکان بە بەراورد بە شیعەکان، کەمتر بە دامەزراوەیی کراوە، بەتایبەتی لە ڕووی پلەبەندییەوە (Hierarchy), واتە پەیژەی بەڕێوەبەرایەتی. ئەوەی کە هەشە، بە درێژایی مێژوو وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر شیعەگەری دروست بووە.

هاوکات سوننەکانیش بە بەردەوامی کەڵکیان لە دامەزراوەی مزگەوت وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی لە ناو سوننەکان ئامادەیی کەمترە، بوونی پەیوەستبوونێکی جیهانییە (Universal Loyalty)، کە لەناو شیعەکاندا بەهێزترە. بە کورتی، لە دوای "بزربوونی" **ئیمام مەهدی** و دەستبەکاربوونی پیاوانی ئاینیی شیعە، دروستبوونی دامەزراوەیەکی لێ کەوتەوە کە ئێستا پێی دەگوترێت مەرجەعییەت، کە بەردەوام لە هەوڵی ڕێنماییکردنی شیعەکاندایە لەگەڵ دروستکردنی هەستی ئینتیما بۆ شیعەگەری. لەبەر ئەوەی عەرەبە شیعەکانی *عێراق* (لێرە بەدواوە وەک شیعەکان ناویان دەبەین) زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنن و ئەم ململانێیەی کە ئێستا لە گۆڕەپانەکەدایە بەشێکی درێژکراوەی تێگەیشتن و کێشە مێژووییەکانن، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەم پێشخانە مێژووییە خرایە ڕوو. عەرەبە سوننەکانی عێراق (لێرە بەدواوە وەک سوننەکان ناویان دەبەین) لە سەرەتاکانی *ئیسلام*ەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان، باڵادەست بوون. ئەم باڵادەستییەی سوننەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان درێژەی هەبوو تا ڕووخانی عوسمانییەکان و دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخی *عێراق* لە ساڵی ١٩٢١، کە زاڵییان هەر درێژەی کێشا تا ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** لە ساڵی ٢٠٠٣.

وەک ئاماژەی پێ کرا، دووەم گرووپی نەتەوەیی لە *عێراق* کوردەکانن. کوردەکان بە زمانی کوردی دەدوێن، کە یەکێکە لە زمانە هیندو-ئەورووپییەکان و تەواو جیایە لە زمانی عەرەبی، کە زمانێکی سامییە و نزیکە لە زمانی عیبری. ئەو ناوچانەی کوردی تێدا دەژێت، لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتدا لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکان بە سەرکردایەتیی **عومەری کوڕی خەتاب** (٦٣٤-٦٤٤) داگیر کرا. حوکمی عەرەبە موسڵمانەکان بەسەر ناوچە

کوردییەکان لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان بەردەوامیی هەبوو تا سەرهەڵدانی *ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی* و سەفەوی. لەساڵی ١٥١٤ لە ئاکامی جەنگی *چاڵدێران*، لە نێوان ئەم دوو ئیمپڕاتۆرییەتە ناوچە کوردنشینەکان دابەش کران. بۆ چەند سەدەیەک کوردەکان لە ژێر هەژموونی ئەم دوو ئیمپڕاتۆرییەتە تا ڕادەیەک ئۆتۆنۆمیی خۆیان پاراست و توانیان چەندین میرنشین لە ناوچەکانی خۆیاندا دروست بکەن، لەوانە *ئەردەڵان*، *بادینان*، *بابان*، *سۆران*، *هەکاری* و *بەدلیس* (McDowall 2004: 21-62). لەگەڵ دەستپێکی سیاسەتی سینترالیزەکردنی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٣٤ بەدواوە، کە بە تەنزیمات ناسراوە، ئیدی میرنشینە کوردییەکان ئەو دەسەڵات و سەربەخۆییەی هەیانبوو، لەدەستیان دا. لە پەرچەکرداردا کوردەکان چەند جارێک یاخی بوون و ڕاپەڕین، بەڵام زۆربەی سەرکوت کرا. لە دوای ڕووخانی عوسمانییەکان و هاتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە، ئەو کوردانەی ئەمڕۆ لە *عێراق*دا دەژین، پێش داگیرکردنی ناوچەکانیان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، سەر بە *ویلایەتی موسڵی* عوسمانی بوون. دوای داگیرکردنی ویلایەتەکە لە ساڵی ١٩١٨، بە فەرمی لە ساڵی ١٩٢٦ لکێنرا بە عێراقی تازەدامەزراوەوە (بڕوانە بەشی دووەم). ئێستا کوردەکان لە پارێزگاکانی کەرکووک، *هەولێر*، *سلێمانی* و *دهۆک* زۆرینەن و کەمینەیەکی گەورەشن لە هەردوو پارێزگای *نەینەوا* و *دیالە*.

### پرسی شوناس لە عێراق

بە بەراورد بە ساڵانی یەکەم، لە دوای داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی، مەبەست لە ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٧ە، ئەوا بارودۆخی ئەمنیی *عێراق* لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە سەقامگیرتر بووو، ژمارەی کوشتن و ئاستی توندوتیژییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان دابەزینی پێوە دیارە، تا حوزەیرانی ٢٠١٤، کە *داعش* ناوچە سوننییەکانی داگیر کرد و شەڕ و توندوتیژی چڕتر بووەوە. بەڵام ساڵانی هاتنی *داعش* لەدەرەوەی مەوداکانی ئەم کتێبەیە. هاوکات باری ئابووری و بازرگانییش گەشە و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیبوو (Kami 2012). لە ڕاستیدا، لە ناوەڕاستی

ساڵی ٢٠٠٧ەوە ڕێژەی قوربانییانی توندوتیژییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان بە ڕادەی ٩٠% دابەزیبوو ( U.S. Department of Defense 2009a: 1-2; 2009b: iv). تێکڕای ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان لە مانگێکدا لە ساڵی ٢٠٠٦دا، گەیشتبووە ٢٣٠٠ کەس، کەچی لە ساڵی ٢٠١١دا دابەزی بۆ ٣٢٢ کەس لە مانگێکدا. بە واتایەکی دیکە، کوشتن و بڕینی شیعە و سوننەکان کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٧ گەیشتبووە ترۆپک، لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ بەرەو دابەزین دەڕۆیشت، بەڵام لە حوزەیرانی ٢٠١٢ەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ەش ژمارەی قوربانییەکان جارێکی دیکە زیادی کردوە، بەڵام هێشتان هەر نەگەیشتووەتەوە ئەو ڕادەیەی کە لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٧ دەبینرا (بڕوانە پاشکۆ – ٦)، تا ئەو کاتەی کە *داعش* سەری هەڵدا ئیدی ژمارەکان جارێکی دیکە بەرز بوونەوە.

وەک ئاکامێکی ئەو زیانە گیانی و بارە ئابوورییە قورسەی شەڕ لە *عێراق* خستبوویە سەر ئەمەریکییەکان، لەگەڵ هەستکردن بەوەی کە توندوتیژییە مەزهەبییەکان لە *عێراق* تا ڕادەیەک خاو بوونەتەوە، ئەمەریکییەکان دوای پێکهاتن لەگەڵ عێراقییەکان، بڕیاریان دا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هەموو سەربازەکانیان لە *عێراق* بکێشنەوە، پێکهاتنەکە دواتر جێبەجێ کرا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، سەرەڕای نائارامیی سیاسی و ئەمنیی *عێراق*، بە هاوکاریی ئەمەریکییەکان و *نەتەوەیەکگرتووەکان*، دوو هەڵبژاردنی گشتی بۆ *پەرلەمانی عێراق* و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ڕیفراندۆمێکیشی بەڕێوە برد. لە ساڵانی دواتر پێنج هەڵبژاردنی دیکەی ئەنجام دران، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان (بێجگە لە پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگای *کەرکووک*)، دووەمیان هەر لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ *پەرلەمانی کوردستان*، سێیەمیان لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ *پەرلەمانی عێراق*، چوارەمیان لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ *پەرلەمانی کوردستان* و پێنجەمیش لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ *پەرلەمانی عێراق*. هەڵبژاردنەکان بەگشتی پڕکێشە و هەندێکیان لە بارودۆخی نائارامیی سیاسی و ئەمنی بەڕێوە چوون، لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون، ئەگەر ئەو ڕەوشەی کە تێیدا ئەنجام دران ڕەچاو بکەین. سوننەکان بەگشتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥یان کرد. بە پێچەوانەوە، لە

ڕیفراندۆمەکەی دەستوور لە ئابی ٢٠٠٥ و هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ و ئازاری ٢٠١٠ و نیسانی ٢٠١٤ بە گڕوتینەوە بەشداریان کرد. بەگشتی، تێکڕای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان وردەوردە ڕوو لە خوارەوەن. سەرەڕای ئەمە، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی دیکە، هێشتا تێکڕای بەشداریکردن بەرزە. کوردەکان و شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ بەشداریی چالاکانەیان کرد، کەچی سوننەکان لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٠ کاریگەرانە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد (بڕوانە پاشکۆکانی ٢، ٣، ٤ و ٧). بە کورتی، سەرەڕای تەقینەوە ناوەناوەکانی *قاعیدە* و گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان سوننەکان و شیعەکان لەلایەک و کوردو عەرەب لە لایەکی دیکە، باری گوزەرانی خەڵک و گەشەی ئابووری و ڕەوشی ئەمنیی *عێراق* لە ساڵانی سەرەتای داگیرکردنیدا زۆر باشترە، ئەو ماوەیەی لێ دەربچێت کە *داعش* ناوچە سوننەنشینەکانی داگیر کرد.

سەرەڕای ئەو هەواڵو وێنە دڵخۆشکەرانە لەسەر ڕەوشی ئەمنی و باری ئابووریی *عێراق*، بارودۆخی وڵاتەکە هێشتا زۆر ناسک و لەرزۆکە؛ سەرهەڵدانی *داعش* سەلمێنەرێکی ئەو بارە دەڵەمەیەیە. بەردەوامی و درێژخایەنیی پێشکەوتنەکانی *عێراق* بە تەنیا لەسەر چاکتربوونی ڕەوشی ئەمنی و گەشەی ئابووری نەوەستاوە و ناوەستێت، بەڵکو سەقامگیریی وڵاتەکە بەستراوەتەوە بە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک گرفت و کێشەی ئاڵۆز، کە *عێراق* لە دوای ڕووخانی *بەعس*ەوە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت. لەوانە پرسی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پێکهاتنەوەی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، دەرچوونی یاسا و ڕێسای پێویست بۆ دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و سامانە نیشتمانی و سروشتییەکان (وەک یاسای نەوت و غاز)، بەڕێوبردنی سامانە سروشتییەکان بە نەوت و غازی دەرهاتوو و دەرنەهاتوو، یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی *هەرێمی کوردستان* بە *کەرکووک*یشەوە، پرسی فدرالیزم و سێنترالیزم و هەموارکردنی دەستوور، بەتایبەتی ئەو مادانەی پەیوەندییان بە شوناس و داڕشتەی *عێراق*ەوە هەیە. سەرەڕای گرنگیی ئەو پرسانەی ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام پرسی شوناسی نیشتمانی (National Identity) و

شوناسی خاک (Territorial Identity)، کرۆکی ئەو کێشانە پێک دەهێنن کە *عێراق* لەوەتەی دامەزراوە گیرۆدەی بووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە پرسی شوناس و ململانێکان لەسەر شوناس ئەو گرفتە گەورانەن کە عێراقیان لەو ساتەوە کە دروست کراوە، تا ئێستا لە حاڵەتی دەڵەمەییدا هێشتووەتەوە. بە واتایەکی دیکە، پرسی شوناس گرفتی هەرە سەرەکیی دەوڵەتی *عێراق*ە و تا ئەم پرسەش یەکلایی نەکرێتەوە، پێشکەوتنە ئابووری و ئەمنی، ئەگەر بەردەوامیش بن، هەنگاوی ناکامڵ دەبن. ئەم کێشانە هەڕەشەی سەرەکین لەسەر سەقامگیری و مانەوەی *عێراق*، بەڵام هەنگاوی عەمەلی و جدی بۆ چارەسەکردنیان نەنراوە.

*عێراق* بە ناجێگیری ماوەتەوە، چونکە هۆ و هۆکار و سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ناسەقامگیری بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. پێکهاتە سەرەکییەکانی *عێراق* (سوننەکان و شیعەکان و کوردەکان) لەسەر سروشت و داڕشتە و شوناسی دەوڵەت ناتەبا و ناکۆکن. ناکرێت ئەو ململانێیە بەرفراوانە مەزهەبی و نەتەوەییەی پێش ڕووخانی **سەدام**، تەنیا بگەڕێندرێتەوە بۆ چەوساندنەوەی پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتەیەک لە لایەن دەوڵەتەوە. نە ئەو شەڕە خوێناوییە مەزهەبی و نەتەوەییەی دوای ڕووخانی ڕژێمیش دەکرێت تەنیا ببەسترێتەوە بە یاخیبوون و بوونی تیرۆریزم لە *عێراق*. ململانێ و پێکدادانە ئیتنی/نەتەوەیی و مەزهەبییەکان/ئایینییەکان لەسەر شوناس و شوناسی خاک و وێناکردن و شوێنی *عێراق* لە هاوکێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، سەرچاوەی هەرە سەرەکیی کێشە و گرفتەکانی *عێراق* پێک دەهێنن. دداننان بە فرەنەتەوەیی و فرەئایینی و فرەمەزهەبی و فرەکولتووری و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، پرسی هەرە سەرەکین، کە بەرەنگاری دەوڵەتی *عێراق* بوونەتەوە. ئەمانە پرسگەلێکن کە پێویستیان بە چارەسەری دەستووری و ڕیشەی و دەزگایی هەیە، بۆیە گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشە و سەرچاوەکانی ناتەبایی و ململانێ و پێکدادانە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە پرسە هەرە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەن.

## چەمكو زاراوە پەیوەندارەکان بە شوناس و نەتەوە و نیشتمان

پێش ئەوەی بچینە سەر شرۆڤە مێژووییەکە بۆ دیرۆکی *عێراق* و قسە لەسەر مشتومڕەکانی شوناس لە *عێراق* بکەین، وا چاکە پێناسەی هەندێک لەو چەمک و زاراوانە بکەین کە لەم کتێبەدا بەکار هاتوون و دووبارە بوونەتەوە. کاتێک باس لە شوناس و نەتەوە دەکرێت لە پەیوەند بە *عێراق* و *کوردستان* و کورد و عەرەبەوە، کۆمەڵێک کێشەمان دێتە پێش، کە ئەگەر لە سەرەتاوە بەرچاوڕوونیمان نەبێت، توشی سەرلێشێواوی دەبین. کێشەکەش لەوەدایە کە کۆمەڵێک زاراوە و چەمک هەن لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەکار دێن، هەندێکیان لە ئینگلیزییەوە وەرگیراون، بەڵام هاوواتای زاراوە ئینگلیزییەکان نین. سەرەڕای بەکارهێنانی زاراوەکان لە لایەن ڕۆشنبیر و ئەکادیمییە کوردەکان و عەرەبەکان، کەچی کۆدەنگییەک لەسەر زاراوە کوردییەکان یان عەرەبییەکان نین. وا چاکە *کۆڕی زانیاریی کوردی* بەم کارە هەڵبستێت. بۆ نموونە زاراوەی "Ethnic"، نە لە زمانی عەرەبی و نە لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەگشتی، هەر زاراوە ئینگلیزییەکە بەکار دێت.

سەرەڕای ئەمە، ئەوەی لە هەموو زاراوەکان، هەم لە کوردی هەم لە عەرەبی بەکارهێنان و ماناکانی کێشەئامێزتر بێت، وشەی ئینگلیزیی "Nation"ە. لە بەرانبەر زاراوەی "Nation"، لە عەرەبیدا زۆرجار "قوم" بەکار هاتووە و لە کوردیشدا نەتەوە. کێشەکەش لەوەدایە کە "Nation" لە ئینگلیزیدا تێپەڕاندنی خەسڵەتەکانی چەمکی "Ethnic"ە و نزیکە لە چەمکی نیشتمان لە کوردیدا و "وطن" لە عەرەبیدا. بەڵام نە نەتەوە لە کوردی، نە "قوم" لە عەرەبی ماناکان و تێگەیشتنەکانیان چەمکی "Ethnic"یان تێنەپەڕاندوە. لە ڕاستیدا هەم نەتەوە کوردییەکە و هەم "قەوم"ە عەرەبییەکە زیاتر لە "Ethnic"ە ئینگلیزییەکە نزیکترن لەوەی لە "Nation" نزیک بن. من لە زمانی کوردی زاراوەی نیشتمان و لە عەرەبی "وطن" وەک چەمکێک و وشەیەک لە بەرانبەر "Nation" گونجاوتر دەبینم، چونکە لە کوردیدا نیشتمانی، کە دەربڕی شوناسی کوردستانییە و لە عەرەبیدا "وطنی" کە دەربڕی (لەو کەیسەی ئێمەدا) شوناسی عێراقیبوونە، خەسڵەت و ماناکانی "Ethnic"یان تێپەڕاندووە و لەو مانایانە نزیک بوونەتەوە کە "Nation"ی

ئینگلیزی لەخۆیان دەگرێت. ئاڵۆزییەکە لێرە دەست پێ دەکات، ئاخۆ لەبری زاراوەی "Nation"ی ئینگلیزی، نەتەوە یان نیشتمان بەکار بهێنین؟

بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، هەوڵ دەدەین لە سەرەتاوە لەسەر چۆنێتیی بەکارهێنانیان پێک بێین. بۆیە من لە بەرانبەر زاراوەی "Ethnic" هەر ئیتنی بەکار دێنم، لە بەرانبەر "Nation"یش نەتەوە بەکار دەهێنم. بەڵام لەو شوێنانەش کە زاراوەی "Nation" لە ئینگلیزییەکە خەسڵەت و کارەکتەر و ماناکانی نیشتمان هەڵبگرێت، ئەوە نیشتمان/نیشتمانی بەکار دەهێنم. سەرەڕای ئەمە لە بەرانبەر "State-Nation" دەوڵەت-نەتەوە بەکار دەهێنم. بەڵام مەرج نییە کە دەوڵەت-نەتەوە، دەوڵەتی یەک نەتەوە یان یەک گرووپی ئیتنی بێت، چونکە دەوڵەت-نەتەوە دەکرێت دەوڵەتی چەند نەتەوەیەک بێت، وەک *ئەمەریکا* و *بەریتانیا* و *فەڕەنسا*. لە بەرانبەر زاراوە و چەمکی "National Identity"، زاراوەی شوناسی نیشتمانی بەکار دەهێنین، چونکە زاراوەی "National" هەڵگری خسڵەت و ماناکانی نیشتمانە نەک نەتەوە. کەسێکی کورد لە *ئەڵمانیا* دەکرێت هەڵگری شوناسی نیشتمانیی ئەڵمانی بێت، چونکە شوناسی نیشتمانی پەیوەندیی بە زاراوە/چەمکی هاووڵاتیبوونەوە (Citezenary) بەرگی یاسایی لە بەردایە، زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوەوە بێت. کوردێک لە *ئەڵمانیا* هەرگیز ناتوانێت ببێت بە ئیتنیکێکی ئەڵمانی یان بە نەتەوە ببێت بە ئەڵمانی، چونکە کورد بە نەتەوە و ئیتنی کوردە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوناسی ئیتنی و نەتەوەیی شوناسگەلێکن پەیوەندییان بە ڕەچەڵەک و نەژاد و شوێنی لەدایکبوون و زمان و کولتوورەوە هەیە، کەچی شوناسی نیشتمانی وەک گوتمان، لەسەر بنەمای چەمکی هاووڵاتیبوون لە ڕێگەی یاساوە بە ڕەچاوکردنی ماف و ئەرکی یەکسان ڕێک خراوە.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە چۆن پێناسەکردنی زاراوەکان لە دنویای ئەکادیمیای کوردی گیروگازی خۆی هەیە، هاوکات چەمک و زاراوەکان بەگوێرەی تیۆرەکانی ناسیونالیزم و تێگەیشتنەکان لە نەتەوە و شوناس پێناسەی جیایان بۆ کراوە. لەبەر ئەوە بۆ ئاسانکاریی ئەو زاراوە و وشە و پێناسانەی لەم کتێبە بەکار هاتوون، بنەمایان لەسەر سێ هۆکار داناوە: یەکەم،

نزیکیی تێگەیشتنەکانی نووسەر لە تێڕوانینەکان و تێگەیشتنەکان و پێناسەکانی بیرمەند و کۆمەڵناسی ئینگلیزی **ئانتنی سمیس** بۆ چەمک و دیاردەکانی پەیوەست بە نەتەوە. دووەم، باوەڕی نووسەر بەوەی کە زاراوە هەڵبژێردراوەکان زیاتر دەربڕی ئەو بیرۆکە و تێگەیشتنانەن کە نووسەر بۆ خۆی پێی وایە چاکتر و باشتر پێناسی چەمکەکان دەکەن لە ئاکامی توێژینەوەکان و هەڵسەنگاندنەکانی نووسەر بۆ بارودۆخی *عێراق* و *کوردستان*. سێیەم، بڕی شارەزایی نووسەر لە بەکارهێنانی ئەم زاراوە و وشانە بۆ هاوواتە ئینگلیزییەکانی لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا. لەبەر ئەوە ئەو زاراوە و وشانەی من بەکاریان دەهێنم، ڕەنگە هەندێک جار لەگەڵ بەکارهێنانەکانی کەسێکی دیکە، کە لەم بوارەدا کاری کردوە یان کار دەکات، هاوتا نەبن.

### تیۆر و تێگەیشتنەکان بۆ شوناس و نەتەوە و ناسیونالیزم

بەگشتی سێ تێگەیشتن بۆ نەتەوە و شوناس هەیە، کە نەژادگەری (Primordialism) و تازەگەری (Modernism) و ئیتنۆ-سیمبولیزمن (Ethno-Symbolism). ئەم تێگەیشتنانە وەک چوارچێوەیەکی هزری بەکار دێن بۆ تیۆریزەکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پرسە پەیوەندارەکان بە شوناس و نەتەوە و ناسیونالیزم و نیشتمان. هەندێک کەس بەم تێگەیشتنانە دەڵێن تیۆر، بەڵام زاراوەی تێگەیشتن پڕپێستترە. تێگەیشتنی یەکەم لە لایەن ئەوانەی وەک نەژادگەرەکان (Primordialists) ناسراون، داڕێژراوە و پشتیوانیی لێ دەکرێت.

لە دیدی نەژادگەرەکان، شوناس بوونێکی بابەتییانەی هەیە و بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک خەسڵەتی میراتگرانە، وەک نەژاد، ڕەگەز، خاک، زمان، خزمایەتی و خوێن. بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە، مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی ئیتنی/نەتەوەیی لەدایک دەبن، کە کاریگەریی گەورە لەسەر ژیانیان بەگشتی و ڕەفتار و سیماکانی کەسایەتییان دادەنێت. لە پاڵ ئەمانە، نەژادگەرەکان پێیان وایە کە سیما و خەسڵەتە سایکۆلۆجی و زگماکییەکان (Genetic) پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ سۆز و ئینتیما

ئێتنییەکانی/نەتەوەییەکانی کەسەکان. **کلیفرد گیرتز**، کە ناسراوترین کەسایەتیی نەژادگەرەکانە، پێی وایە قسەکردن بە زمانێک، پەیڕەویکردن لە ئایینێک، لەدایکبوون لە خێزانێک، پەیدابوون و پەروەردەبوون لە ناو مێژووییەکی تایبەت یان ژیانبەسەربردن لە شوێنێک، هەموویان بەسەر یەکەوە یان بە تەنیا، ئەو ئینتیما گرنگانە پێک دەهێنن کە شوناسی کەسەکان دیاری دەکەن. ئەو دەڵێت ئەو پەیوەندی و ئینتیمایانە ئەو فاکتەرانە لەخۆ دەگرن کە دەبنە مایەی لەخۆگرتنی (Inclusion) کەسانێک و وەدەرنانی(Exclusion) کەسانێکی دیکە (Geertz 1963: 3-6). مەبەستی **گیرتز** ئەوەیە کە ئینتیما، بۆ نموونە زمان، شوێنی لەدایکبوون، ئایین و گەورەبوون لە شوێنێک، نەک هەر شوناسی تۆ، بەڵکو شوناسی ئەوی دیکەش دیاری دەکەن. بۆ نموونە، کە بە کوردی قسە دەکەیت، ئەوە شوناسێک بۆ تۆ دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا کە کەسێک کوردی نازانێت، ئەوە شوناسێکی دیکە بۆ ئەو بەدەر دەکەوێت. ئەگەر یەکەمیان کوردبوون بێت، ئەوە دووەمیان کوردنەبوونە. زمان عێراقییەکان لەسەر بنەمای قسەکردن بە زمانێکی تایبەت لێک جیا دەکاتەوە، کوردەکان و عەرەبەکان، کەچی سوننەمەزهەب و شیعەمەزهەبەکان هاوشوناس دەکات. هاوکات مەزهەب شوناسێکی هاوبەش دەداتە بەشێک لە کوردەکان و سوننەکان، کەچی هەر مەزهەب سوننەکان لە شیعەکان هەڵداوێرێت. ناسیونالیزمی کوردی و مێژوونووس و ئەکادیمییە کوردییەکان بەگشتی، بەئاگا بێت یان بێئاگا، دیدێکی نەژادگەرییان هەیە بۆ پرسی شوناس و دروستبوونی نەتەوە. کاتێک سروودی نەتەوەیی کورد دەڵێت "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین"، ئەمە تێگەیشتنێکی نەژادگەرییانەیە بۆ پرسی شوناس.

بە پێچەوانەی نەژادگەرەکان، کە پێیان وایە شوناس بە میرات بۆ کەسەکان بەجێ دەمێنێت، تازەگەرەکان (Modernists) پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە شوناس دەستکردە و لە لایەن دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری گروپەکان، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، دروست دەکرێت و بەسەر کۆمەڵگەکاندا دادەسەپێنرێت. ڕەوتێک هەیە لە ناو تازەگەرەکان، کە بە ئامرازگەرەکان (Instrumentalists)

ناسراون، ئەوان پێیان وایە ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیای دەستەبژێرە بۆ هەڵسوڕاندنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوی هاونەتەوەیی و هاوڕەگەزی، ئەویش بە وەدەرخستن و کارکردن لەسەر لێکچووە بەرجەستە و ئەفسانەییەکانی گروپەکە، وەک زمان و ئایین و نەژاد (Brass 1994: 87). بە کورتی، ئامڕازگەرەکان لەو باوەڕەدان کە دەستەبژێر شوناس وەک ئامڕازێک بەکار دەهێنێت بۆ وەگەڕخستن و وەدواخۆخستنی کۆمەڵگە، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و گیرفانپڕکردن.

ڕەوتێکی دیکە هەیە لە ناو تازەگەرەکان، کە بە بونیادگەرەکان (Constructivists) ناسراون. ئەمانە پێیان وایە کە نەتەوە و شوناسی نیشتمانی بەرهەمی دونیای مۆدێرنەتەیە، بەتایبەتی گەشەی پیشەسازی (Industrialization)، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەوانە گەڕۆکبوونی کۆمەڵانی خەڵک و پەیدابوونی خوێندەواری و سەرهەڵدانی پەروەردە و خوێندنگە گشتییەکان ( Gellner 1998: 32; 1994: 55-63; 1983: 5-7). **ئێرنست گێلنەر**، کە ناسراوترین تیۆریستە لە ناو تازەگەرەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پڕۆسەی گەشەی پیشەسازی و مۆدێرنەتە (Modernization)، کە بەشاربوون و دروستبوونی سەدانی شاری نوێی دیکەی لێ کەوتەوە، بوون بە مایەی لەڕیشەهەڵکێشان و سڕینەوەی دابونەریت و ئینتیما سونەتییەکانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان و تێکچوونی هاوسەنگییە کۆنەکەی نێوان شار و دێ. لە ئاکامی ئەم پێشهاتەدا، کولتووری شار جێگەی بونیاد و کولتوورە سوننەتییەکان و ئینتیما بۆ گوند و عەشیرەتی گرتەوە. ئەم گۆڕانکارییە فیزیکی و کولتوورییانە وای کرد کە هەستی ئینتیما لە ڕێگەی هاووڵاتیبوونەوە گەشە بکات لەگەڵ هەموو پرسە پەیوەندارەکان بە چەمکی هاووڵاتیبوون، وەک مافەکان و ئەرکەکان. بە واتایەکی دیکە، دینامیکییەت و دیالەکتیکی ماف و ئەرک لەدایک بوون. **گێلنەر** پەروەردەی بەکۆمەڵ (Mass Education) بە پێشمەرجێک بۆ دروستبوونی نەتەوە/نیشتمان دادەنێت، چونکە بە ڕای ئەو دڵسۆزی و ئینتیما جیایە لە هەر هاوسۆزی و ئینتیمایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی. بە هەمان شێوە، **بێنیدیکت ئەندرسن**، سەرهەڵدانی چاپەمەنی و وەرگێڕانی *ئینجیل* لە لاتینییەوە بۆ سەر

زمانەکانی دیکە و ڕەوینەوەی هەوری زمانی پیرۆز و بڵاوبوونەوەی *ئینجیل* بەسەر خەڵکی ڕەشۆکیدا، بە هۆکارە هەرە گرنگ و سەرەتاییەکانی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی هەستی ناسیونالیزم دادەنێت ( Anderson 1991: 18, 37-40). **ئەندرسن** پێی وایە ناسیونالیزم لە سەدەی نۆزدەدا بە تەواوی دەرکەوت و ناسرا، چونکە زمان بوو بە هۆکارێکی سەرەکیی یەکگرتنی کۆمەڵگە هاوزمانەکان، ئەویش لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەکان، کە لە ئاکامی زۆربوونی چاپخانەکان زیاتر خوێندەوارەکان دەستیان پێ ڕادەگەیشت، ئیدی خەڵکەکە وای لێ هات ئاگەداری هەواڵ و پێشهاتەکانی کەسانی دوور و نزیک ببن. ئەو هەواڵ و پێشهاتانەی کە خەڵک ڕۆژانە و حەفتانە بەر چاو و بەر گوێیان دەکەوت، سنوورە لۆکاڵییەکانی دەبڕی وەک **ئەندرسن** دەڵێت، ببوون بە مایەی دروستبوونی هەست و سۆز و ئینتیمایەک لەودیوی سنوورەکانی کۆمەڵگە لۆکاڵییە بچووکەکان بۆ قەراغێک کە سنووری وڵاتەکەی، نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی پێک دەهێنا. ئەمەش بە ڕای **ئەندرسن**، دەوڵەت-نەتەوەی لێ کەوتەوە.

لە ناو تازەگەرەکان ڕەوتێک هەیە کە بە مارکسییەکان ناسراون، **تۆم نایرن**، کە یەکێکە لەوان، لەو باوەڕەدایە کە ناسیونالیزم بەرهەم و دەرئەنجامی ئەو گەشە مێژووییە ناهاوسەنگەیە (Uneven)، کە دونیا لە سەدەی نۆزدەوە بە خۆیەوە بینیوە (Nairn 1994: 72-75). ئەو پێی وایە گەشە ناهاوسەنگەکەی دونیا، چەند وڵاتێکی ئیمپریالیستی لە سەنتەر بەرهەم هێنا، کە زاڵ ببێت بەسەر وڵاتانی کەناردا (Periphery). لە ئاکامی ئەوەشدا، وڵاتانی کەنار بەرەنگاری هەژموون و زاڵیی وڵاتانی سەنتەر بوونەوە. تاکە سەرچاوە و ئامرازێک کە لەبەر دەستی دەستەبژێری وڵاتانی کەناردا بوونی هەبوو بۆ هەڵسوڕان و وەگەڕخستنی خەڵکەکەی، ئەوە جۆشوخرۆشدانی خەڵک بوو بە ناوی نەتەوە و ناسیونالیزم. ئەمەش، بە قسەی **نایرن**، ناسیونالیزمی لە کەنارەکان لێ کەوتەوە. مەبەستی **نایرن** ئەوەیە کە ناسیونالیزم بەبێ بوونی ئەو ناهاوسەنگییە، لە گەشەی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی لە نێوان *ئەورووپا*یەکی پێشکەوتوو، کە بوو بە چەقی

گۆڕانکارییەکان و *ئەفریقا* و *ئاسیا*یەکی دواکەوتوو کە ببوون بە کەنار، سەری هەڵنەدەدا. **ئێریک هۆبزباوم**، کە تازەگەرەکێکی دیکەی مارکسییە، دەڵێت نەتەوە لە لایەن دەستەبژێروە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک دابونەریتی بەدی هێنراوەوە، داهێنراوە. ئەم دابونەریتانەش لە سیمبول و ئەفسانە نەتەوەییەکان و مێژوویەکی دارێژراوەوە هەڵهێنجراون (Hobsbawm 1994: 77). ئەو لەو باوەڕەدایە کە سیاسەتە مەرکەزییەکانی حکومەتەکان لە هەموو شتێک زیاتر لە پشت بڵاوبوونەوە و توندوتۆڵکردنی گرنگیی نەتەوەن. **هۆبزباوم** نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت ئەوە پەروەردەی بەکۆمەڵ و خوێندن بوو کە خەڵکی ڕەشۆکی کرد بە هاووڵاتی، وەک ئەوەی چۆن جوتیارەکان لە *فەڕەنسا* کران بە فەڕەنسی. لە پاڵ پەروەردەی بەکۆمەڵ، **هۆبزباوم** پێی وایە ڕسکاندنی ڕێوڕەسمە گشتییەکان بە پێگەی دووەم دێن لە دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەت-نەتەوە. مەبەستی **هۆبزباوم** لە ڕێوڕەسمەکان، یادە مێژووییەکان و بۆنە نەتەوەییەکانە. بەگشتی و بە کورتی تازەگەرەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نەتەوە شتێکی ڕاستەقینە (Real) نییە و دەستکردی دەستەبژێر و دەوڵەتە لە ئاکامی مۆدێرنەتە و پاشکۆ و پێشهاتەکانیەوە، وەک گەشەی پیشەسازی، گەورەبوونی شارەکان، پەیدابوونی چاپەمەنی، وەرگێڕانی ئینجیل، سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم و داگیرکاری دروست بووە. بە واتایەکی دیکە، بەگوێرەی دیدی تازەگەرەکان، نەتەوە پێش مۆدێرنەتە بوونی نەبووە و دەوڵەت ڕۆڵی کاریگەر لە دروستکردنی نەتەوەدا دەبینێت.

تێگەیشتنی سێیەم ئەو دیدەیە کە **ئانتنی سمیس** دای هێناوە و **جۆن هەچینسن** دەوڵەمەندی کردوە و پێی دەگوترێت ئیتنۆ-سیمبولی (Ethno-Symbolic). داکۆکیکەرانی ئەم تێگەیشتنە دەڵێن لەوە دەچێت نەتەوە دیاردەیەکی مۆدێرن بێت، بەڵام ڕەگوڕیشەکانی پێشمۆدێرنەتەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و پێیەوە دیارە. بە واتایەکی دیکە، نەتەوەکان هەڵگری خەسڵەت و توخمەکانی گروپە ئیتنییەکانن، لەوانە ڕەچەڵەکی هاوبەش، سیمبول و ئەفسانە و یادەوەریی مێژوویی هاوبەش، لەگەڵ شوناسێکی کولتووریی بەکۆمەڵ (Smith 2002: 8-9; 1999: 36-42; 1987: 154). **سمیس** پێی وایە بۆ تێگەیشتن لە نەتەوە و ناسیونالیزم وەک دیاردە و

دەرکەوتێکی مۆدێرن، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشە و پەیوەندی و یادەوەرییە ئیتنییەکان، چونکە بەبێ ئەم گەڕانەوەیە لە نەتەوە و ناسیونالیزم ناگەین. لەوەش گرنگتر، ئەو پێی وایە ئەگەر زیاتر قووڵ ببینەوە و ورد ببینەوە، ئەوە پێکهاتە و خەسڵەت و توخمە ئیتنییەکان لە زۆربەی نەتەوەکان، ئەگەر نەڵێین لە هەموویان، دەبینین. بەشداریی گرنگی **هەچینسن** لەم تێگەیشتنە، قسەکردن و ڕەخنەگرتنیەتی لە ڕۆڵی دەوڵەت لە دروستکردنی نەتەوە. ئەو بیرۆکەکان و تێڕوانینەکانی **گێلنەر** و **ئەندرسن** و **هۆبزباوم** لەمەڕ ڕۆڵی دەوڵەت و دامودەزگاکانی لە دروستکردنی نەتەوەدا دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنە دەکات. **هەچینسن** پێی وایە نەتەوە و دەوڵەت پەیوەندییەکی لاوەکییان هەیە و تواناکانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی نەتەوە سنووردارن و بەرزی و نزمی بە خۆیانەوە دەبینن (Hutchinson 2000: 654). ئەو بۆچونەکانی خۆی بە دیاردەی سەرهەڵدانی ناسیونالیزمێک لە ناو خودی دەوڵەتێک لە دژی ناسیونالیزمی دەوڵەت یان دەسەلات، وەک ناسیونالیزمی سکۆتلاندی لە دژی دەوڵەتی بەریتانی یان ناسیونالیزمی کوردی لە دژی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، پشتڕاست دەکاتەوە. ئەمەش کورتهێنانی دەوڵەت پیشان دەدات لە سەپاندنی ناسیونالیزمێکی دەوڵەتیی سەراپاگیر، وەک ئەوەی **کەمال ئەتاتورک** و جێگرەوەکانی عەیامێکە لە *تورکیا* هەوڵی بۆ دەدەن.

بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی گەشە و سەرهەڵدانی ڕەوتە ناسیونالیستییەکان و نیشتمانپەروەرییەکان لە *عێراق* و گیروگازی شوناس لەم وڵاتەدا، پێویستیمان بە هەموو ئەو تێگەیشتنانەی سەرەوە دەبێت بۆ پرسی شوناس و نەتەوە و ناسیونالیزم. هەریەکەیان دەکرێت بۆ وردبوونەوە لە دیاردەیەک، دەرکەوتێک یان شیکارێک کەڵکی لێ وەربگیردرێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هیچ کام لەم تێگەیشتنانە نادیدە ناکات. سەرەڕای ئەمە، تێگەیشتنەکانی ئیتنۆ-سیمبولی لە هەموویان زیاتر توانای بەسەر تێگەیشتن لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و پرسەکانی شوناس و نەتەوە لە *عێراق*دا دەشکێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک: یەکەم، تێگەیشتنەکانی ئیتنۆ-سیمبولی چاکتر یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە نەتەوە و سەرهەڵدانی

بزووتنەوە ناسیونالیستییەکان، کە ئیلهام لە نەتەوەوە وەردەگرن نەک تەنیا دەوڵەت و جوگرافیاکەی. دووەم، ئیتنۆ-سیمبولی جەخت لەسەر گرنگیی کۆیاد و بەهاکان و ئەفسانەکان و سیمبولەکان (ئاڵا، سروودی نیشتمانی، سنوورەکان، پاڵەوانەکان، کتێبە مێژووییەکان، ناوی وڵات، دەستووری وڵات و سوێندەکان تا دەگاتە دارودرەخت و ئاژەڵە نەتەوەییەکان) دەکات، کە هەر هەموویان بایەخی خۆیان لە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە و نیشتمانسازیدا هەیە. ئەم شتانەش لە کرۆکی ئەو ململانێیانەدان کە لەسەر شوناس لە *عێراقی* هاوچەرخدا کراون و دەکرێن. بۆ نموونە، ململانێی سەرەکیی نێوان ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی و عێراقی، هەروەها پێکدادانە مەزهەبییەکانی نێوان سوننەکان و شیعەکان لەسەر سنوورەکانە، لەسەر شوناسی خاکە (کوێ *کوردستان*ە و کوێ *عێراق*ە)، لەسەر پاڵەوانەکانە (**ئەبوجەعفەر ئەلمەنسوور** پاڵەوانە یان بکوژە)، لەسەر زمانی پەروەردەیە (عەرەبی بێت یان کوردی)، لەسەر پیگە و ڕێزگرتن لە شوێنە ئایینییەکان (مەرقەدی **ئیمام موسا بن کازم** گرنگترە یان **ئیمام ئەبو حەنیفە**)، لەسەر شێوازەکانی خوداپەرستییە (بانگدانی سوننی یان بانگدانی شیعی). ئەم پرسانە چەندین جار خوێنی لەسەر ڕژێندراوە، کەچی تازەگەرەکان، بە هەموو ڕەوتەکانیان، وەک پێویست بایەخ و گرنگییان پێ نەداون، ئەگەر نەڵێین ڕەچاویان نەکردوون. سێیەم، تازەگەرەکان جەخت لەوە دەکەن کە ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکە لە لایەن دەستەبژێری سیاسیی نەتەوەکانەوە داهێنراوە. ئەم دیدە ناتوانێت بەرچاوڕوونیەکمان بداتێ لەسەر ئەوەی داخۆ ناسیونالیزم بۆ بەردەوام لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەدایە لە ناو خەڵکی ڕەشۆکیدا. ڕاستە دەستەبژێر خەڵکە سادەکە بۆ ناو سیاسەت و مێژوو ڕادەکێشێت، بەڵام ئەم وەدواکەوتنە جەماوەرییە تەنیا بۆ بەرژەوەندییە مادییەکان نییە.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ناو دەستەبژێرکاندا دەستەبژێری ڕۆشنبیری خوێندەوار (Intelligentsia) کاریگەریی لە هەموو دەستەبژێر و توێژەکانی دیکە زیاترە لەسەر دروستکردن و ژیانەوەی ناسیونالیزمدا، بەڵام ئەم دەستەبژێرە هەمیشە لە کاتی خەبات و لە دوای سەرکەوتنیشدا زەرەرمەندترین توێژن لە پرۆسەکەدا. ناسیونالیزمی کوردی لەسەر دەستی

دەستەبژێرە سیاسییەکەی گەشەی کردوە، کەچی پێشەنگەکانی ناسیونالیزمی کوردی، **حاجی قادری کۆیی**، **پیرەمێرد**، **قانع**، **بێکەس**ی باوک و **بێکەس**ی کوڕ، لە پرۆسەکەدا هیچیان پێ نەبڕاوە. مەبەست لێرە ئەوەیە ناکرێت ناسیونالیزم لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە مادییەکان قەتی سبکرێت، ڕاست ئەوەی تازەگەرەکان دەیکەن. **ساتع حوسری**، کە یەکێکە لە ڕۆشنبیر و پێشەنگەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی (پان-عەرەبیزم)، سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی لە دامەزراندنی سیستەمێکی پەروەردەیی نەتەوەیی-عەرەبی لە *عێراق*، کەچی لە سییەکانی سەدەی بیستدا ناسنامەی عێراقی لێ سەندرایەوە و پەراهەندەی هەندەران کرا، بەڵام هەر دەستبەرداری دیدە ناسیونالیستییەکانی نەبوو. واتە دەستەبژێری ڕۆشنبیر، کە پشتیوانی سەرەکیی ناسیونالیزمە، هەم لە قۆناغەکانی خەبات و هەم لە دوای سەرکەوتن، ئەگەر زەرەرمەند نەبێت، زۆر قازانجی مادی ناکات. هەموو ئەمانە و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە کە لە بەشەکانی داهاتوودا تیشکیان دەخرێتە سەر، هۆکارن بۆ بەکارهێنانی زەڕەبینەکانی ئیتنۆ-سیمبولی زیاتر لە زەڕەبینەکانی تازەگەرەکان و نەژادگەرەکان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دوو دیدەکەی دیکە کەڵکیان لێ وەرناگیرێت یان گرنگیی مێژوویی و تیۆریی خۆیان نییە.

## پێناسەکان و چەمکەکان

لەم بڕگەیە و بڕگەکەی دواتر، پێناسەی زۆربەی ئەو زاراوە و چەمکانە دەکەین کە لەم کتێبەدا بەکار هاتوون و تا ئێستا پێناس نەکراون. گرنگیی پێناسەکان لەوەدایە، کە پرسی شوناس و پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* لە ژێر تیشک و ئەم تێگەیشتنانە ئەنجام دەدرێن، کە ئەم چەمک و زاراوە پێناسەکراوانە لەخۆیان دەگرن. لە دەوڵەت-نەتەوەوە (Nation-State) دەست پێ دەکەین: ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەکرێت پێی بگوترێت دەوڵەت-نەتەوە، دەبێت لانیکەم ئەم کارەکتەرانەی تێدا بێت: کولتوورێکی هاوبەشی جیاواز لەوانی دیکە، ئەفسانەیەکی هاوبەش بۆ ڕەچەڵەکی نەتەوەکە/دەوڵەتەکە، مێژوویەکی هاوبەش لەگەڵ بوونی هەست و سۆزێکی بەهێز بۆ یەکدی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکە/دەوڵەتەکە، ئینتیما بۆ خاکێکی

دیاریکراو، درێژبوونەوەیەکی بەیەکەوەبەستراوی خاک لەگەڵ توانای گەرۆکی ئەندامانی لەمسەر بۆ ئەوسەری، مافی یەکسان بۆ هاووڵاتییەکانی، ئامێزانێکی شاقووڵی ئابووری و زمانێکی هاوبەش (Smith 1987). بەگشتی دوو جۆر دەوڵەت-نەتەوە هەن: یەکەمیان لەو جۆرە وڵاتانە بەرچاو دەکەوێت کە سنوورەکانی کۆمەڵگە نەتەوەییەکە لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەتەکەیدا دەکەونە سەر یەک (وەک *یابان*). جۆری دووەمیان ئەو دەوڵەتانەن کە دەکرێت وەک قازانی توێنەر ناوزەند بکرێن. ئەم جۆرە لە دەوڵەت-نەتەوە لە ئاکامی کۆچ و نیشتەجێبوونی خەڵکانێک لە هەوارێکی نوێ دروست دەبێت، خەڵکەکان سەر بە گروپی نەتەوەیی و ئیتنیی جیاجیان و دەوڵەتەکەش شوناسی هیچ کام لە گروپە کۆچبۆکردووەکانی هەڵنەگرتووە یان لانیکەم زۆر بە زەقی دەرنەکەوتووە (وەک *ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا* و *ئوسترالیا*). لە پرۆسەیەکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، خەڵکانی ئەم جۆرە وڵاتانە شوناسی وڵاتەکە هەڵدەگرن. بە واتایەکی دیکە، خۆیان وەک خەڵک و هاووڵاتیی ئەو وڵاتە دەناسێنن.

بەڵام لە وڵاتانی پاشکۆلۆنیاڵ (Post-Colonial)، دەوڵەت-نەتەوە وەک یەکەیەکی یاسایی چێنراو وایە، چونکە بەگشتی کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکەی دەوڵەت-نەتەوە، کە هەست و ئینتیمابوونە بۆ نیشتمان، بوونی نییە یان زۆر لاوازە. هۆی هەرە سەرەکیش ئەوەیە کە نیشتمانەکە/وڵاتەکە کیانێکی دەستکردی هێزە کۆلۆنیاڵە داگیرکەرەکە بووە، نەک خەڵکی وڵاتەکە خۆیان. دەوڵەت و دەوڵەت-نەتەوەکەی لە پرۆسەیەکی گەشەی کۆمەڵایەتیی سروشتیی دروست نەبوون. وڵاتانی پاشکۆلۆنیاڵ لە کۆکردنەوەی خەڵک و عەشیرەت و گروپی ئیتنی/نەتەوەیی جیاجیا، هەندێک جار دژبەیەک، پێک هێنراون لە چوارچێوەی سنوورێکدا کە خەڵکەکەی هیچ پرسی پێ نەکراوە. زۆر جار سنوورەکان عەشیرەتێک یان گروپێکی ئیتنیان/نەتەوەییان دابەش کردوە بۆ سەر چەند وڵاتێک. دیارە ناکرێت بڵێین کە خەڵکی هیچ وڵاتێک لە وڵاتانی پاشکۆلۆنیاڵ گەشەی نەکردووە بۆ نەتەوە یان ڕۆحی نیشتمانپەروەری تێیاندا لەدایک نەبووە و نابێت، بەڵام بەگشتی ئەمە

کێشەیەکی سەرەکیی وڵاتانی پاشکۆلۆنیاڵە، *عێراق*یش یەکێکە لەو وڵاتانە کە مادە و بابەتی ئەم توێژینەوەیەیە.

هەندێک گروپ هەن کە نیشتەجێی وڵاتێکی پاشکۆلۆنیالن یان دەوڵەت-نەتەوەیەکن، کەچی بە خۆیان دەڵێن نەتەوە یان گەشەیان کردووە بۆ نەتەوە. ئەم گروپانە وەک نەتەوەی بێدەوڵەت (Nation-Without-State) ناسراون. نەتەوە بێدەوڵەتەکان گروپی وابەستەن بە خاک ( Territorial Community)، کە خاوەن شوناسی خۆیانن‌و ئارەزووی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، بەڵام کەوتوونەتە ناو سنووری وڵاتێک، یان چەند وڵاتێک، کە بەگشتی خۆیان بە دەوڵەتەکە ناناسێنن (وەک کەتەلۆنییەکان، کوردەکان، تامیلەکان و سکۆتلەندییەکان).

لەم قسەوباسانەی سەرەوە و لە ژێر تیشکی تێگەیشتنی ئیتنۆ-سیمبولییەکان، دەتوانین بڵێین کە چەمکی یان زاراوەی نەتەوە، پێناسەی گروپێک دەکات کە بە ئاگایی و ئیرادەی خۆیان کۆمەڵگەیەکیان پێک هێناوە، کۆمەڵگەکەش خاوەنی کۆیاد و کولتوور و مێژوو و ڕەچەڵەکێکی هاوبەشن، هەستی هاوپشتیوانی بە یەکەوەیان گرێ دەدا و پرۆژەیەکی هاوبەشیشیان هەیە بۆ دوارۆژ و بانگەشەی مافی خۆبەڕێوەبردن دەکەن. مافی خۆبەڕێوەبردنیش دەکرێت لە چوارچێوەکانی سەربەخۆیی، فێدراڵی یان ئۆتۆنۆمی بەدەست بێت (Guibernau 2004: 132). لێرەدا دەبێت ئەو جیاوازییە دیاری بکەین کە لە نێوان نەتەوە و دەوڵەت-نەتەوەدا هەیە. هاووڵاتیانی دەوڵەت-نەتەوە بەگشتی نیشتەجێی هەمان وڵاتن و مافی یەکسانیان هەیە و ئامێزانی چەندین پەیوەندیی شاقووڵی ئابوورین. نەتەوە هەموو کارەکتەر و خەسڵەتەکانی دەوڵەت-نەتەوەی تێدایە بێجگە لە مافی هاووڵاتیبوون بە یەکسانانە لەگەڵ پەیوەندییە ئابوورییە شاقوولییەکە. بە شێوازێکی دیکە، ئەوەی نەتەوە لە دەوڵەت-نەتەوە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە نەتەوە کیانێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەوڵەت-نەتەوە کیانێکی هەم کۆمەڵایەتییە هەم یاسایی.

وا چاکە پێناسەیەکی شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی (Ethnic Identity) بکەین و بزانین لەگەڵ شوناسی نیشتمانی (National Identity) لە چیدا لێک جیان.

شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی بەگشتی پێناسی کۆمەڵگەیەک دەکات کە  هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و کارەکتەری تایبەت بە خۆیانن و وا هەستیش دەکەن کە سەر بە یەک ڕەچەڵەکی هاوبەشن و خاوەنی کولتوور و زمان و مێژوویەکی هاوبەشیشن، هەروەها سیمبولی تایبەت بە خۆیان هەیە، لەسەر خاکێکی دیاریکراو دەژین و باوەڕیان بە مێژوویەک هەیە کە سەرەتای پەیدابوونی گروپە ئیتنییەکە/نەتەوەییەکە دیاری دەکات، لەگەڵ کۆکبوون لەسەر دواڕۆژ و چارەنووسێکی هاوبەش. شوناسی نیشتمانی هەڵگری زۆربەی ئەو خەسڵەتانەیە کە شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی هەیەتی بە جیا لەوەی کە هەڵگرانی شوناسێکی نیشتمانی مەرج نییە سەر بە یەک ڕەچەڵەک بن، دەبێت زمانێکی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە هەموویان بە یەک زمان قسە بکەن، دەکرێت کولتوورێکی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە هەموویان سەر بە یەک گروپی کولتووری بن. شوناسی نیشتمانی بەگشتی دەدرێت بە کەسانێک کە هاووڵاتیی دەوڵەت-نەتەوەیەک بن و شوناسێکی جێگیریش نییە وەک شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی، بەڵکو شوناسێکی نەرم و شل و گۆڕانهەڵگرە، واتە دینامیکییە.

لە پەیوەند بەو زاراوە و چەمکانەی کە باس کران، لەوانەیە ناسیونالیزم (Nationalism) لە هەموویان کەمتر تەمومژاوی بێت، چونکە ڕاست لە زمانی کوردی وەک هاوواتە ئینگلیزییەکەی بەکار هاتووە. ناسیونالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە گروپێکی کۆمەڵایەتی لێی کۆ دەبنەوە و هەوڵی ڕزگاربوونی گروپەکە دەدات بە هیوای گەیشتن و پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی گروپەکە. هاوکات هەوڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی پەیوەندیی ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەش دەدات لەگەڵ دروستکردن و زیندوکردنەوە و بەرزڕاگرتنی شوناسەکەی.

**دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتسازی و نیشتمانسازی**

کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی دیکەش هەن کە پێش چونەناو توێژینەوە شیکارییە مێژووییەکە بۆ پرسی شوناس لە *عێراق*، دەبێت لەسەریان بوەستین. لەوانە دروستبوونی نەتەوە (Nation Formation)، دەوڵەتسازی (State Building)، لەگەڵ نیشتمانسازی (Nation Building).

دروستبوونی نەتەوە ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی-سیاسییەیە کە تێیدا خێڵ و قەبیلەکان وردەوردە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا گەشە دەکەن بۆ گروپی ئیتنی، لەوێشەوە هەنگاو دەنێن بۆ ئەوەی ببن بە نەتەوە (Nation)، ئەگەریش قەوارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێمێک یان دەوڵەتێکدا پێک بێنن، ئەوا دەگەن یان دەبن بە دەوڵەت-نەتەوە (Nation-State). دیارە ئەم گۆڕانکارییانە لە خودوخۆڕاییەوە ڕوو نادەن، بەڵکو لە ژێر کاریگەریی هەندێک هۆکاری بابەتی و هەندێکی زاتی ڕوو دەدەن. بە کورتی، هۆکارە بابەتییەکان بریتین لەو گەشە سیاسی-کۆمەڵایەتییانەی لەمیانی پرۆسەی مۆدێرنەتە دێنە پێش. بۆ نموونە، پەیدابوونی چاپ و چاپەمەنی و سەرهەڵدانی میدیا و خوێندنگە و پیشەسازی لەگەڵ کۆچکردن و بەشاربوون (Urbanization)، واتە گەورەبوونی شارەکان. هۆکارە زاتییەکانیش، دیسان بە کورتی، بریتین لە دەستتێوەردان و کاریگەریی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری گروپە ئیتنییەکان لە زیندووکردنەوە و زیندووڕاگرتن و دروستکردنی یادەوەریی هاوبەش و دیاریکردنی چارەنووسی هاوبەش. بۆ نموونە، دانانی سەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشتمانی وەک ئامانجێکی نەتەوەیی/نیشتمانیی هاوبەش لە لایەن دەستەبژێرەوە. ئەویش لە ئەفراندنی سروود بۆ گەل و نیشتمان لە لایەن شاعیرو گۆرانیبێژان و بەرزکردنەوەی ئاڵا و زیندوکردنەوە و زیندووڕاگرتنی یادە نەتەوەیی و کولتوورییەکان پیشان دەدرێت (بڕوانە کرمانج و ڕەفعەت ٢٠١٢: ٦).

بە بنەما لەسەر ئەو پێناسە و ئەو مەرجە سەرەکییانەی **میراسلۆڤ هرۆچ** بۆ دروستبوونی نەتەوە دیاری کردوون، دەتوانین سێ پێشمەرج دەستنیشان بکەین کە بۆ دروستبوونی نەتەوە بوونیان گرنگییەکی جەوهەری هەیە، ئەوانیش ئەمانەن: یەکەم، کۆیادێکی هاوبەشی دیرۆکی، جا چ خۆشیگر بێت چ

ناخۆشیگر، چ ڕاستی بێت یان ئەفسانە. بۆ نموونە، سەرکەوتنی **کاوە** بەسەر **زووحاک** بۆ کورد، سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی عەرەبە موسڵمانەکانی نیمچە*دوورگەی عەرەبی* بەسەر بێزەنتییەکان و ساسانییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتەکانی ئەمەوی و عەباسی بۆ عەرەب، گرتن و ڕاپێچکردنی جوولەکەکان لە لایەن **نەبوخوزنەسەڕ** و فڕێدانیان لەسەر کەنارەکانی زێی *فورات* لە *بابل* بۆ جوولەکە. دووەم، پەیوەندییە کولتووری و زمانییەکان لە ناو ئەندامانی گروپەکە گەیشتبێتە ئاستێک کە ببێتە مایەی دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەندامانی گروپەکە، کە لە پەیوەندیی ئەندامانی گروپەکە لەگەڵ کەسانی دەرەوەی گروپەکەی خۆیاندا زۆر بەهێزتر بێت. بۆ نموونە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی کوردەکان لە پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ گروپە دراوسێکانیاندا، وەک عەرەب و فارس و تورک، بەهێزتر بێت. سێیەم، جۆرێک لە یەکسانی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێک خرابێت، ئامادەیی هەبێت (Hroch 1996: 79). خاڵی یەکەم و دووەم پێشمەرجن بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەڵام خاڵی سێیەم پێشمەرجێکە بۆ دەوڵەت-نەتەوە، چونکە تەنیا لە سایەی بوونی دەوڵەتدا دەکرێت باس لە یەکسانیی هاووڵاتیان بکرێت. ئەگەر گروپێک دوو مەرجی یەکەمیانی تێدا نەبێت، ئەوا زۆر سەختە، ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، کە وەک نەتەوە ناویان ببەین، ئەگەر هەرسێ مەرجەکەش ئامادەیی نەبێت، ئەوە بە هەمان شێوە ناکرێت وەک گروپێک تەماشا بکرێن کە گەیشتبن بە دەوڵەت-نەتەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی پرسی شوناس لە *عێراق*، ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە سەر ئەم پێشمەرج و توخمانە، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* و شوناسی نیشتمانیی پێ بپێوێت.

دەوڵەتسازی واتە دروستکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بە هەرسێ دامەزراوە سەرەکییەکەی دەوڵەت (State): جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری. بەگشتی، سێ باڵەکەی دەوڵەتیش لەم دامودەزگایانە پێک دێت: حکومەت، پەرلەمان، دادگاکان، پۆلیس و هێزەکانی بەرگری. مەبەست لە دەوڵەتسازی، ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی هاووڵاتییانە لەگەڵ پاراستنی ئاساییشی ناوخۆ و جێبەجێکردنی یاسا و بەرگریکردن لە قەوارە

سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی گروپەکە. پڕۆسەی دەوڵەتسازی دەکرێت زیادکردن و چاکترکردنی توانا و شارەزاییەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش بگرێتەوە. بۆ نموونە، دروستکردن یان کاراکردنی دەزگای چاودێریی دارایی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، دەزگای دژەگەندەڵی و تا دوایی. هەروەها بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان و بەئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانیش دەگرێتەوە. واتە پڕۆسەیەکی بەردەوامە و هەندێک لەم کردارانە دەچنە خانەی نیشتمانسازی (Nation Building)ەوە. ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات ئەگەر بۆ نموونە، پێکهاتن و دەستبەکاربوونی پەرلەمان و حکومەت لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و شەفافانە بێت. هەروەها ئەگەر هات و پۆستەکانی حکومەت و دەزگا کارگێڕی و ئەمنی و دادوەرییەکانی بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی یەکسانی و توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی کەسەکان پڕ کرانەوە، ئەوا ئەوکات دەتوانین بڵێین پڕۆسەی دەوڵەتسازی بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپ و بنەماکانی نیشتمانسازی بونیاد نراوە. هێشتان ڕوونتر بین، ئەگەر دامودەزگاکانی دەوڵەت شەرعی بن، ئەوا پڕۆسەی دەوڵەتسازی دەبێت بە بەشێک لە پڕۆسەی نیشتمانسازی، ئەگەر نا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پڕۆسەی نیشتمانسازی دەبێت.

بەگشتیو بە کورتی، نیشتمانسازی کارکردن و درێژەدانە بە پڕۆسەی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتسازی، بەڵام بۆ ئاستێکی بەرزتر کە کۆڵەکەکەی لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون و ئەرک و مافەکانی هاووڵاتی و بەرپرسیارییەکانی دەوڵەت و هاووڵاتی دانابێت. پڕۆسەی نیشتمانسازی ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە لە لایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەدرێن بۆ هەرچی زیاتر لێکنزیککردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە سنووری دەوڵەتەکە/هەرێمەکە دەژین. بەم لێکنزیککردنەوەیەش دەگوترێت ئامێزان (Integration). مەبەست لە ئامێزان، توانەوە (Assimilation) نییە. ئامێزان نابێت ببێتە مایەی لەناوبردنی جیاوازییەکان، چ سیاسی بن چ کولتووری و چ ئایینی. مەبەستی سەرەکی لە نیشتمانسازی سەقامگیریی سیاسی و فەراهەمکردنی دادی کۆمەڵایەتییە بە چەسپاندنی یەکسانی و لەخۆگرتنی (Inclusion) گروپە جیاوازەکان. چونکە ناسەقامگیری بەگشتی کاتێک دێتە

پێش، کە گرووپێک لە گرووپەکانی کۆمەڵگە وەدەر بنرێت (Excluded) یان بە نایەکسانانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، جا ئەم گرووپە چ گرووپێکی نەتەوەیی، ئاینی، کولتووری بێت یان سیاسی.

دروستکرنی شوناسی نیشتمانی بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی نیشتمانسازی پێک دەهێنێت. شوناسی نیشتمانی، عێراقی یان کوردستانی، ئاستێک بەرزترە لە شوناسی نەتەوەیی، عەرەبی یان کوردی. شوناسی نەتەوەیی زادەی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیە و کۆڵەکەکەی هەستی نەتەوەپەرستییە، کەچی شوناسی نیشتمانی زادەی پرۆسەی نیشتمانسازیە و کۆڵەکەکەی چەمکەکانی هاووڵاتییبوون و یەکسانییە. دەرئەنجامی سەرکەوتووی نیشتمانسازی، دروستبوونی ئەو هەستە نیشتمانییەیە کە وا لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بکات کە شوناسێکی هاوبەشیان هەبێت. شوناسی نیشتمانی لەسەر دروستکردنی کۆمەڵێک شوناسی هاوبەش ڕادەوەستێت، لەوانە ئالآی نیشتمانی، سروودی نیشتمانی، ڕۆژە نیشتمانییەکان، زمانی نیشتمانی، ئەفسانەی نیشتمانی، یادەوەریی هاوبەش، چارەنووسی هاوبەش، تا دەگاتە ستادیۆمی نیشتمانی و هێڵی ئاسمانیی نیشتمانی، زانکۆی نیشتمانی و تا دوایی.

سەرەڕای یەکدی تەواوکردنی دەوڵەتسازی لەگەڵ نیشتمانسازی، کەچی لە چەند پرسێکی جەوهەریدا لێک جیان. لە کاتێکدا یەکێک لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی پرۆسەی دەوڵەتسازی، بەهێزبوونی دامودەزگاکانی دەوڵەتە، کەچی دەرئەنجامی سەرەکیی پرۆسەی نیشتمانسازی، بەهێزبوونی کۆمەڵگە و نەتەوەیە/نیشتمانە. پرۆسەی دەوڵەتسازی بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی نیشتمانسازی، وڵاتێکی لێ دێتە بەرهەم کە دەوڵەتەکەی بەهێزە، وەک عێراقی سەردەمی *بەعس* و تا ڕادەیەکیش ئێستاکەی *هەرێمی کوردستان*، کۆمەڵگەکەشی لاواز وەک کۆمەڵگەی عێراقیی سەردەمی *سەدام* و کۆمەڵگەی *هەرێمی کوردستانی* ئێستا.

سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دروستبوونی نەتەوە و نیشتمانسازی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت (Establishing a State)، کەچی ناکرێت لێک جیا نەکرێنەوە. دامەزراندنی دەوڵەت پرۆسەی بوون بە خاوەن

سەروەری و دەوڵەت و دانپێدانانە لە لایەن *نەتەوەیەکگرتوەکان* و وڵاتانی دیکە. لێرە مەبەست لە خاوەن سەروەری، ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتەی حاکمە بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو، سەروەرییەکی ڕەهای هەیە و هیچ کەس و لایەنێکی دیکە لەم سەروەرییەدا هاوبەشی ناکات. بەگشتیش حکومەت خاوەنی ئەو سەروەرییەیە. بە کورتی، ئەوەی بزووتنەوە ناسیونالیستییەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، گەیشتنە بەو سەروەرییە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نەتەوە خۆی ببێت بە سەروەر لەو خاکەی کە بە نیشتمانی خۆی دادەنێت. دامەزراندنی دەوڵەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دانپێدانانی بەشێک لە وڵاتانی جیهان دەگاتە ترۆپکی، بەڵام پڕۆسەی نیشتمانسازی و دەوڵەتسازی هەر بەردەوام دەبێت و هەرگیز کۆتایی نایەت. پڕۆسەیەکی دینامیکییە و هەوڵدانە بۆ بەرەو کامڵبوون، کە گەیشتن پێی دەکرێت بڵێین مەحاڵە.

**پێوەرەکان و ئەکتەرەکانی شوناس**

بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی شوناس و وردبوونەوە لە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، پێویستیمان بە دیاریکردنی چەند پیشاندەرێک (Indicator) هەیە، بۆ ئەوەی کەڵکیان لێ وەربگرین بۆ پێوانی شوناس. دیارە پێوانی شوناس خۆی کێشەئامێزە و ئاڵۆزە، بەڵام کۆمەڵێک پیشاندەر هەن کە دەکرێت ئاسانکاریمان بۆ بکەن. لەوانە: یەکەم، دانپێدانان (Recognition)، ئەم پیشاندەرە ڕادەی دانپێدانانی دەوڵەت بە بوونی گروپە ئیتنییەکان/نەتەوەییەکان و مەزهەبییەکان پیشان دەدات، هاوکات ڕادەی قبووڵکردنی گروپەکان بۆ شوناسی دەوڵەت-نەتەوە دەردەخات. بە واتایەکی دیکە، ئەوە دانپێدانانە، لە ڕووی سیاسی و دەستوورییەوە، کە پێمان دەڵێت داخۆ دەوڵەت و شوناسە نیشتمانییەکەی چەندە قبووڵی بوونی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبییان لە وڵاتەکەدا کردووە، هاوکات پێمان دەڵێت چەندە گروپەکان قبووڵی شوناسەکەی دەوڵەت-نەتەوەیان کردووە و لە کوێدا کێشەیان لەگەڵیدا هەیە. دووەم، وەدەرنان (Exclusion)، ئەم پیشاندەرە سیاسەت و پراکتیزە لەخۆگرەکان و وەدەرنەرەکانی دەوڵەت پیشان دەدات. گرنگیی ئەمەش

لەوەدایە کە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لەسەر سیاسەتە لەخۆگرەکانی دەوڵەت ڕادەوەستێت و بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی وەدەرنەر پرۆسەی ئامێزان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەگەر هەڵنەوەشێتەوە. سێیەم، نەژادگەرای (Primordiality)، ئەم پیشاندەرە پەیوەندیی بە سیاسەت و پراکتیزەکانی دەوڵەتەوە هەیە، کە لەسەر بنەمای نەژاد، زمان یان ئیتن/نەتەوە هاووڵاتیانی وڵاتەکە هەڵداوێرێت. بە کورتی، واتە سیاسەتە دەمارگیرییەکان، جا سەرچاوەکەی نەتەوە، ئایین، مەزهەب یان هەر جۆرە دەمارگیرییەکی دیکە بێت. چوارەم، پێگە (Status)، ئەم پیشاندەرە ئەوەمان پیشان دەدات کە داخۆ دەوڵەت پێگەی گرووپێک لە گرووپەکانی وڵاتەکە بەرزتر یان نزمتر لەوانی دیکە ڕادەگرێت یان نا، داخۆ ڕێگری لە گرووپێک یان چەند گرووپێک دەکات لە گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان و لە پراکتیزەکردنی کولتوور و ئایینیان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت. پێنجەم، لایەنگری (Favoritism) و دژایەتی (Hostility)، ئەم دوو پێوەرە خۆمانەخۆمانە و خۆیی‌خۆیی پیشان دەدەن چ لە سیاسەتی دەوڵەت چ لە هەڵوێستی گرووپێک بەرانبەر بە گرووپێکی دیکە. پراکتیزی لایەنگری و دژایەتی، بازنە لە دەوری گرووپەکان دەکێشێت، کەسانێک لەخۆ دەگرن و کەسانێکیش دەردەهاوێژن. شەشەم، داخوازییەکان (Claims)، ئەم پیشاندەرە دەکرێت داخوازییەکانی گرووپەکانی پێ بپێوین، واتە دەستنیشانکردنی ئاستی داخوازیی گرووپەکان بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیخەنە ڕوو. بۆ نموونە، داخوازییەکان کولتوورین، ئایینین یان نەتەوەیین. حەوتەم، ئامانجەکان (Aims)، ئەمەیان پیشاندەرێکە کە ئاستی ئامانجە ستراتیجییەکانی دەوڵەت یان گرووپێک لە گرووپەکانی وڵاتەکە پیشان دەدات لەگەڵ مەترسیی ئامانجەکە لەسەر لێکترازانی وڵاتەکە. ئامانجەکان لە چ ئاستێکدان، داخۆ داوای سەربەخۆیی و مافی چارەنووسە یان مافە زمانییەکان، ئەمەش ڕەوتی ململانێکان دیاری دەکات. لە هەموو ئەمانەشدا، داخۆ دەوڵەت چەند و چۆن مامەڵە لەگەڵ داواکان و ئامانجەکان دەکات. داخۆ ئامانجەکانی دەوڵەت چییە، ڕاگرتنی سەروەریی وڵاتەکەیە یان تواندنەوەیەتی لە قەوارەیەکی دیکە، وەک هەوڵی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ تواندنەوەی *عێراق* لە قازانی عەرەبیدا. بە کەڵکوەرگرتن لەم پیشاندەرانە، ئەم کتێبە

پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. وەک پێوەرگەلێکیش کەڵکیان لێ وەردەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی ململانێکانی شوناس لە *عێراق*.[١]

ئەو کارەکتەرانەی کاریگەرییان لە سیاسەتەکانی پەیوەند بە شوناس هەیە زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە *عێراق* و کاریگەرییان لەسەر شوناسی نیشتمانی و پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، بۆیە تەنیا ئەو کارەکتەرانە ڕەچاو کراون کە لەم پەیوەندەدا بایەخ و کاریگەرییان هەیە. لەوانە: یەکەم، دەوڵەت، واتە دەوڵەتی عێراقی و ئەو دەستەبژێرە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتەدا چ لە دەرەوە یان لە ناوەوەی دەسەڵاتدا ڕۆڵیان بینیوە و قسە و کارەکانیان جێپەنجەیان لەسەر فۆڕم و نەخشەی سیاسیی *عێراق*دا دیارە. گرنگیی دەوڵەت و دەستەبژێرەکان و ڕۆڵیان لە یاسادانان و بڕیاردان و جێبەجێکردندا دەردەکەوێت. هەموو ئەو کارانەش کاریگەرییان لەسەر شێوە و گەشەی شوناسەکان لە وڵاتەکەدا هەیە، چ بە ئەرێنی بێت یان نەرێنی. دووەم، گروپە ئیتنییەکان/نەتەوەییەکان و مەزهەبییەکان، لە کەیسی *عێراق*دا دەکاتە شیعەکانو کوردەکان، لە دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق*ەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٣، کە *ئەمەریکا عێراقی* داگیرکرد و جێگۆڕکێ لە گروپی حکومڕانیدا ڕووی دا، لەو کاتەوە کوردەکان و سوننەکان ڕۆڵی گروپی ئیتنی/نەتەوەیی و مەزهەبی دەبینن. ئەکتەری سێیەم لە سیاسەتی شوناسدا کەسە کاریگەرەکانن، کە قسەکانیان لە لایەن دەوڵەت یان خەڵکەوە بەهەند وەردەگیرێن، وەک مەرجەعە شیعەکان (وەک **موحسن ئەلحەکیم**) و شاعیر و نووسەرە ناسراوەکان (وەک **دڵدار**، نووسەری سرودی نەتەوەیی کورد). بۆیە بێجگە لە ڕۆڵی دەوڵەت و گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و نوێنەرەکانیان، لەمیانی ئەم کتێبە و لەپەیوەند بە پرسی شوناس لە *عێراق*، گرنگی بە ڕۆڵی کەسە کاریگەرەکانیش دراوە.

---

[1]. بـۆ دیـاریکردنی ئەم نیـشاندەرانە، کەڵـک لە کۆمەڵێـک لێکـۆڵینەوە وەرگیـراوە، لەوانە . 1991: 99; 1972: 2.Abdelalet al. 2001: 11-12; Smith

**مشتومڕ لەسەر شوناسی عێراقی**

هەندێک لە ئەکادیمییەکان و چاودێرانی سیاسی، سەرچاوە و هۆکاری شەڕ و پێکدادان و توندوتیژییە مەزهەبییەکان و ئەو ئاشووبەی ئێستا لە *عێراق*دا هەیە، دەگێڕنەوە بۆ داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا* و شکستی *ئەمەریکا* لە جێگیرکردن و پاراستنی یاسا و ئاساییش و سیستەم لە دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی *سەدام* لە *عێراق* (Pei & Kasper 2003; Clark 2004; Davis 2004; Montgomery & Rondinelli 2004; Ricks 2006; Pollack 2006). **ئێریک دەیڤز** لۆمەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بەوەی کە ئەو وەک "سیاسەتە شکستخواردوەکان" ناوی دەبات، لەوانە سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* و هەڵوەشاندنەوەی لەشکری عێراقی (Davis 2004). ئەم تێڕوانینە پرسی توندوتیژییەکان لە *عێراق*دا کورت دەکاتەوە بۆ کێشەی کەمیی سەرباز و پۆلیس و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان. ئەمە وەک ئەوە وایە کە توندوتیژییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە *عێراق*دا لە دوای ڕووخانی **سەدام** و نەمانی دەسەڵاتی بەعسییەکان سەریان هەڵدابێت و هیچ ڕەگ و ڕیشەی مێژوویییان نەبێت. هەندێک ئەکادیمیی دیکە لۆمەی دروستکەری *عێراق*، *بەریتانیا*، دەکەن. گوایە ئەوە *بەریتانیا* بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا لە پرسی دەوڵەتسازی لە *عێراق*دا شکستی هێنا. بۆ نموونە، **تۆبی دۆج** دەڵێت "ژمارەی سەربازەکان" و "کورتهێنانی سەرچاوە و کەلوپەلە لۆجستیکییەکان" هۆکاری هەرە سەرەکیی بنکۆڵبوونی پرۆسەی دەوڵەتسازی بوون لە *عێراق* (Dodge 2003: XXVII; 2006: 187). ئەم لێکدانەوەیە لە ڕەخنەکەی **دەیڤز** دەچێت، کە لە *ئەمەریکای* کردووە. کورتهێنانێکی دیکەی لێکدانەوەکەی **دۆج** لەوەدایە کە کێشە قووڵەکانی *عێراق* لە پرسی دەوڵەتسازی کۆ دەکاتەوە و باس لە پرسی نیشتمانسازی و شوناس ناکات. ئەم بۆچوونە لە لایەک ڕۆڵی دەوڵەت لە دروستکردنی شوناس قەبە دەکات و لە لاکەی دیکە گرنگیی ئارەزووی خەڵک و ئینتیمایان بەوەی کە خودی خۆیان بە شوناس و وڵاتی خۆیانی دادەنێن، کەم دەکاتەوە.

کەسانی دیکە هەن بەگشتی *عێراق* وەک کیانێکی سیاسیی لەرزۆک (Fragile) دەبینن، چونکە ئەوان پێیان وایە *عێراق* لە سەروبەندی کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی لەسەر بنەمای یەکێتییەکی نائارەزومەندانەی چەندین گروپی ئیتنی/نەتەوەیی و مەزهەبی/ئایینی، کە بەشێک بوون لە *ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی*، دروست کراوە (Terrill 2003). کورتهێنانی ئەم تێڕوانینە لەوەدایە کە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەموو دەوڵەت-نەتەوەکان لە یەک گروپی ئیتنی/نەتەوەیی یان مەزهەبی/ئایینی پێک هاتبن. بوونی دەوڵەت-نەتەوە کە تەنیا لە یەک گروپ پێک هاتبێت، زۆر کەمە، بەتایبەتی لە دونیای ئەمڕۆدا. دیارە ئەم تێگەیشتنە لە لایەن هەندێک ئەکادیمیی ڕۆژئاوا و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیر و ئەکادیمیی عێراقی ڕەت کراوەتەوە. ئەم گروپە باس لە شوناسێک دەکەن کە بە عێراقی ناوی دەبەن. ئەم تێگەیشتن و دیدە سەرچاوەکەی لەوەوە گرتووە کە عێراقییەکان نەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان و عەرەبەکانی *نیمچەدوورگەی عەرەبی*ن (مطر ٢٠٠٠؛ ٢٠٠٣؛ الجنابی ٢٠٠٤؛ ٢٠٠٥). ئەمانە پێیان وایە کە شوناسی عێراقی دیاردەیەکی داهێنراو و دەستکرد نییە، بەڵکو عێراقیبوون وەک هەر شوناسێکی دیکەی نیشتمانی، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە ناو دڵ و دەروونی عێراقییەکان گەشەیەکی سروشتییانەی کردووە. **مەتەر** و **جەنابی** جەخت لەسەر ئەوە دەکەن گوایە ئەوە **سەدام حسێن** بوو کە ئینتیمای بۆ شوناسی نیشتمانیی عێراقی تەفروتونا کرد. هاوشێوەی ئەوان، **غازی یاوەر**، یەکەم سەرکۆماری *عێراق* لە دوای ڕوخانی ڕژێمی *بەعس* لە ساڵی ٢٠٠٣، لۆمەی سەرۆکی پێشوو *سەدام حسێن* دەکات، چونکە بە هەڵوەشێنەری شوناسی عێراقیی دادەنێت (بڕوانە Hoagland: 2004). دیارە جیاوازییەک لە نێوان دیدی **مەتەر** و **جەنابی**، لە پەیوەند بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ بوونی هەستی عێراقچێتی لە لایەن پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراقەوە بەدی دەکرێت. **مەتەر** پێی وایە کە کوردەکانی *عێراق* دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکان بۆ ئەوەی لەوێدا شوناسە عێراقییە بزربووەکەیان بدۆزنەوە (مطر ٢٠٠٠: ١٢٢-١٣٢؛ ٢٠٠٣: ٦٨-٧٠). کەچی جەنابی لەم خاڵەدا لەگەڵ مەتەر هاوڕا نییە، ئەو ئەسڵەن گومانی لە

عێراقیبوونی کوردەکان هەیە (الجنابی ٢٠٠٥). ئەوەی ڕاستی بێت، **مەتەر** سەرلێشێواوییەکی تەواوی پێوە دیارە لە مامەڵەکردنەکانیدا لەگەڵ پرسی شوناسی عێراقی و کوردی. ئەو کوردەکان وەک نەتەوەیەک نابینێت، چونکە دەڵێت سەر بە گروپی ئایینیی جیاجیان و بە زمانی جیاواز لە یەک قسە دەکەن (مطر ٢٠٠٣: ٣٧). هاوکات عێراقییەکان بە یەک نەتەوە (Nation) هەژمار دەکات، سەرەڕای فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبی و فرەئایینی و فرەزمانیشیان. دیارە دەکرێت دەوڵەت-نەتەوەیێک هەبێت کە خەڵکەکەی سەر بەر گروپی ئیتنی/نەتەوەیی و ئایینیی جیاجیا بن و بە چەندین زمان قسە بکەن، بەڵام ئەوەی **مەتەر** باسی دەکات، بانێکە و دوو هەوا. دەنا ئەگەر عێراقیبوون شووناسێک بێت لەسەر فرەزمانی و فرەنەتەوەی و فرەئایینی دامەزرابێت، ئەوا کوردبوونیش/کوردستانیبوونیش دەکرێت لەسەر هەمان بنەما دابمەزرێت. وەک ئاماژەمان پێ کرد، **مەتەر** قوڵاییەکی مێژوویی بە شوناسی عێراقی دەدات، کەچی لە هەمان کاتدا لە دەیان شوێن لە کتێبەکانیدا باس لە شاش و واشی (هشاشة) و پچڕپچڕیی (ممزقة) شوناسی عێراقیبوون دەکات (مطر ٢٠٠٠: ٣٥١).

هەندێک ئەکادیمی پشتیوانی لە قوڵایی مێژوویی *عێراق* و شوناسەکەی دەکەن و دەڵێن: "عێراق هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتێکی سێکولار بووە و زۆربەی هاووڵاتییەکانی خۆیان بە شوناسە نیشتمانییەکەی (عێراقییەکەی) دەناسێنن، نەک شوناسە ئیتنی/نەتەوەیی و ئایینییەکان." (Marquardt 2004a; 2004b). **ئێریچ مارکوارت** جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گوایە سەرکردە عێراقییەکان لە ساڵی ١٩٢١ەوە توانیویانە کە یەکپارچەیی *عێراق* بپارێزن و نەشهێڵن درزە ئیتنییە-مەزهەبییەکان دروست ببن. ئەو دەڵێت توندوتیژیی ئیتنی-مەزهەبی، تەنانەت پاکتاوی ئیتنیش، لە *عێراق* هیچ کاتێک بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕویان نەداوە. **مارکوارت** پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە عەرەبە سوننە و شیعەکانی *عێراق*، شوناسێکی هاوبەشیان هەیە و هەردوو گروپەکە بەردەوام پشتیوانییان لەو سەرکردە عێراقییانە کردووە کە جەختیان لەسەر ناسیونالیزمی عەرەبی کردووە. دیارە ئەو دان بەوەدا دەنێت کە هیچ کاتێک کوردەکان لەم هاوکێشانەدا جێگەیان نەبووەتەوە. ئەم دیدەی

**ماركوارت** زۆر ڕووکەشانەیە بۆ مێژووی پرکێشەی مەزهەبی و ئیتنی لە *عێراق*. دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین کە هەردوو نووسینەکانی **ماركوارت**، کە ئاماژەمان پێ کردون، لە ساڵی ٢٠٠٤دا نووسراون، تا ئەوکات ململانێ مەزهەبییەکان و پاکتاوی مەزهەبی لە *عێراق* نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بە زەقی بەرچاو بکەوێت. لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم **ماركوارت** ئەمڕۆ بوێریی ئەوەی هەبێت ئەم جۆرە قسانە بکات و باس لە هاوشوناسیی شیع ەو سوننەکان بکات و پێکدادانە مەزهەبییەکان نادیدە بکات. سەرەڕای ئەمانە، بۆچوونەکانی **ماركوارت** چەواشەکردنی مێژووی پێوە دیارە، بەوەی کە پاکتاوی ئیتنی/نەتەوەیی کوردەکانی پشتگوێ خستووە. لە ڕاستیدا کوردەکان لە **عێراق** نەک هەر ڕووبەڕووی پاکتاوی ئیتنی ببوونەوە، بەڵکو لە ساڵانی *بەعس*دا کەوتبوونە بەر هەڵمەتەکانی جینۆسایدیش.

**فەرید زەکەریا** دەڵێت: "دەکرێت بڵێین کە سیستەمی سیاسی لە *عێراق* شکستی هێناوە، بەڵام *عێراق* دەوڵەت-نەتەوەیەکی شکستخواردوو نییە، چونکە *عێراق* هەر ئێستاکانێ نەتەوەیە (Nation)." (Zakaria 2003: 38-49). لەوە دەچێت ئەم دیدە تەنیا بنەمای لەسەر ئەوە دانابێت کە مادەم دەوڵەتێک هەیە و تەمەنی نزیکەی سەدەیەکە، کەواتە دەبێت نەتەوەیەکیش هەبێت هاوتای ئەو دەوڵەتە بێت. توێژینەوەکانی ئەم کتێبە هەوڵێکن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دیدە، لەبەر ئەوە لێرە قسەی زیاتر لەسەر ئەم تێڕوانینە ناکەین (بڕوانە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە). بە هەمان شێوە، **جودیس یاپێ** دەڵێت: "ناکرێت *عێراق* نە لە ڕووی مێژووییەوە، نە ئیتنییەوە و نە ئایینییەوە بەسەر سێ بەشی جیادا دابەش بکرێت یان جیا بکرێتەوە." (Yaphe 2003; 2004). ئەو درێژە بە بۆچونەکەی دەدات و پێی وایە کولتووری کەسپەرستی لە مێژووی *عێراق*دا نەریتێکی سیاسی نەبووە. بە کورتییەکەی **یاپێ** پێ دادەگرێت لەسەر ئەوەی گوایە *عێراق* دەوڵەتێکی دەستکرد نییە. **ئێریک دەیڤز**، هاوڕای ئەمانە، دەڵێت کوردەکان و سوننەکان و شیعەکان بەردەوام مکوڕبوونی خۆیان لەسەر مانەوە وەک پێکهاتەیەکی تەواوکەر لە دەوڵەت-نەتەوەی *عێراق*دا دەربڕیوە (Davis 2005a: 276). بەگشتی ئیلهامی ئەم نووسینانە لە خەون و ئارەزووی سیاسییانەی نووسەرەکانە، کە تا ڕادەیەک

ڕەنگدانەوەی ستراتیجییەتی *ئەمەریکا*یە لە ناوچەکە بۆ مانەوەی *عێراق* بە یەکپارچەیی. دەنا هەستکردن بەو درزە ئیتنی-نەتەوەییانەی لە *عێراق*دا هەن پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی قووڵی ئەکادیمی نییە، کە کەسانێکی شارەزا لە ئاستی ئەوان هەستی پێ نەکەن. بەگشتی تێڕوانینەکانی ئەم گروپە لە چاودێران و ئەکادیمییەکان، کە پێداگری لەسەر قوڵایی مێژوویئ عێراق و شوناسە هاوبەشەکەی دەکەن و جەخت لەسەر دابەشنەبوونی *عێراق* لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی دەکەن، پشتئەستوور نییە بە هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە و بابەتییانە بۆ مێژووی هاوچەرخی *عێراق*. قسەکردن لەوەی کە هیچ گروپێکی ئیتنی یان مەزهەبی داوای جیابوونەوەی نەکردووە، لەبەرچاونەگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە و ناحاڵێبوونێکی زەقی لە مێژووی هاوچەرخی *عێراقی* پێوە دیارە (بڕوانە بەشی دووەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم).

بانگەشەکانی **مەتەر** و جەنابی لەوە دەچێت بنەمای لەسەر ئەو باوەڕە دانابێت کە مێژووی کۆنی *عێراق* دەکرێت ببێتە بناغەیەکی ئەفسانەیی بۆ لەدایکبوون یان دروستکردنی شوناسێکی نوێ بۆ *عێراق*، کە قوڵاییەکی مێژوویی هەبێت. ئەم تێگەیشتنە پشت بەو بۆچوونەش دەبەستێت کە گوایە دیرۆکی *عێراق* بە قەد دیرۆکی مێزۆپۆتامیا کۆنە. ڕەخنەی سەرەکیی کە لەم تێگەیشتنە بگیرێت ئەوەیە کە ئەم دیدە ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە دارِشتە ئاڵۆزەکەی *عێراقی* هاوچەرخ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە دەست پێ دەکات. وەک ئەمانە، **ڕێدار ڤیزەر** بیرۆکەی ئافراندنی عێراق بە شێوێنەری مێژوو دادەنێت و پێی وایە ئەم بیرۆکەیە سەرچاوە مێژووییە بە عەرەبی نووسراوەکانی سەدەی نۆزدەیان لەسەر *عێراق* یان نووسراو لە لایەن عێراقییەکانەوە ڕەچاو نەکردووە (Visser & Stansfield 2007: 8-9). **ڤیزەر** تێبینیی بەکارهێنانی زاراوەی *عێراقی* لە لایەن چەند نووسەرێکی سەدەی نۆزدەی شارەکانی ئەوکاتی *عێراق* کردووە، هاوکات تێبینیی بەکارهێنانی زاراوەکەی لە لایەن ئەو شیعە ئێرانییانەش کردووە کە بۆ سەردانی مەرقەدی ئیمامەکانیان هاتوونەتە *نەجەف* و *کەربەلا*. ئەم بۆچوونە لەبەر چەند هۆیەک، مشتومڕئامێزە، لەوانە: یەکەم، ڕاستە زاراوەی *عێراق* پێش

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بەکار هاتووە. لە ڕاستیدا زاراوەکە لە لایەن فوقەها و مێژوونوسە موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش بەکار هاتووە (بڕوانە بەشی نۆیەم)، بەڵام زاراوەی *عێراق* ئەوکات بەرگێکی سیاسیی لەبەر نەکراوە و بە هیچ شێوەیەک لە بەرانبەر شوناسی عێراق یان عێراقیبوون بەکار نەهاتووە. زاراوەکە بۆ پەسنی دانیشتوانی ناوچەکە بەکار نەهاتووە، بەڵکو بۆ پەسنی خاکێک یان ناوچەیەکی جوگرافی بەکار دەهات. دووەم، *عێراق*، وەک ئەوەی پێش دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١ پەسن کراوە، وەک سنوور و جوگرافیا، هەمان ئەو عێراقە ناگرێتەوە کە نووسەرە کۆنەکان باسیان کردوە. بۆ نموونە، **ئەبوحەسەن ماوەردی** لە کتێبە بەناوبانگەکەی *الاحکام السلطانیة*دا، کە لە ساڵانی ١٠٤٥ بۆ ١٠٥٨ نووسراوە، سنووری ئەو ناوچانەی دیاری کردووە. ئەوکات ناوچەکە بە "عراق السواد" ناسرابوو، کە درێژییەکەی لە "حَدِيثَةِ المَوْصِلِ إِلَى عَبَّادَانٍ، وَعَرْضُهُ مِنْ عُذَيْبِ القَادِسِيَّةِ إِلَى حُلْوَانٍ"ە (الماوردی ١٩٨٩: ٢٢٤). واتە عێراقی سەواد لە سێگۆشەیەک پێک هاتووە لە حەدیسە، کە کەوتووەتە سەر زێی *فوڕات* لە نزیک سنووری *سووریای* ئێستا، دەست پێ دەکات و بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێت، تا دەگاتە شاری *حەلوان*، شارێکی کۆنی ناوچەکە بووە لە نزیک *جەلەولای* ئەمڕۆ لە پارێزگای *دیالە*، لەوێشەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ *عەبادان*، کە ئێستا شارێکی *ئێرانە* لەسەر *شەتولعەرەب* لە بەرانبەر *بەسرە*، لەوێشەوە بۆ باکووری ڕۆژئاوا تا دەگاتە *دیوانییە* لە پارێزگای *قادسییە*. **ماوەردی** لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "وَسُمِّيَ عِرَاقًا لِاسْتِوَاءِ أَرْضِهِ حِينَ خَلَتْ مِنْ جِبَالٍ تَعْلُووَأَوْدِيَةٍ تَنْخَفِضُوَالْعِرَاقُ فِي كَلَامِ الْعَرَبِ هُوَ الِاسْتِوَاءُ." (الماوردی ١٩٨٩: ٢٢٤)، واتە ئەم ناوچانە لەبەر تەختایی زەوییەکەی بە *عێراق* ناو براون، چونکە هیچ چیا و دۆڵ و نشێویی تێدا نییە و وشەی *عێراق*یش لە زمانی عەرەبیدا بە مانای تەختایی دێت.

لەو پەسن و سنوورکێشانەی **ماوەردی** بۆ *عێراقی* سەدەکانی ناوەڕاست کردوویەتی، چەند خاڵێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دید و قسەکانی **مەتەر** و **ڤیزەر** بنکۆڵ دەکات. یەکەم، ئەو ناوچانەی کە **ماوەردی** وەک *عێراق* پەسنیان دەکات، هەموو ئەو ناوچانە ناگرێتەوە کە *عێراقی* ئەمڕۆ پێک دەهێنن، وەک لە

سنوورکێشانەکە دیارە بەشێکی گەورەی لەوەی ئەمڕۆ *عێراق* پێک دەهێنێت وەدەر ناوە، وەک ناوچەکانی *تکریت* و *موسڵ*، کە ئەمانە نەک هەر بەشێکن لە عێراقی ئەمڕۆ، بەڵکو بەشێکیش بوون لەوەی پێی گوتراوە *مێزۆپۆتامیا*. دووەم، بەگوێرەی پەسنەکەی **ماوەردی**، سنوورەکانی *عێراق* لەگەڵ دەستپێکی ناوچە تەپۆڵکاوی و شاخاوییەکانی ئەمڕۆی *عێراق* کۆتاییان دێت، چونکە *عێراق* وەک **ماوەردی** دەڵێت، خاڵی بووە لە بەرزی و نزمی و دۆڵ و شی و بە تەختایی ناسراوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ناوچە تەپۆڵکاوی و شاخاوییەکان، کە ئێستا کوردەکانی تێدا نیشتەجێن، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەشێک نەبووە لەوەی ئەوکات پێی گوتراوە *عێراق*.

بنەمای دووەمی بۆچوونەکەی **ڤیزەر**، لەوەی یەکەمی بنکۆڵترە. لە سەرەتادا دەبێت بڵێین کە **ڤیزەر** بۆ ئەو بۆچوونەی پشتی بەو سەرچاوە و بەڵگەنامانە بەستووە کە **هالە فەتاح** لە توێژینەوەکانیدا بەکاری هێناون. وەک ئاماژەم پێ کرد، **ڤیزەر** دەڵێت هەندێک لە نووسەرانی سەدەی نۆزدە زاراوەی *عێراق*یان لە نووسینەکانیان بۆ پەسنی ئەو ناوچانە بەکار هێناوە کە ئێستا *عێراق* پێک دەهێنێت. ئەگەر تەماشایەکی توێژینەوەکەی **هالە فەتاح** بکەین، هەندێک بەڵگەمان دەست دەکەوێت کە بنکۆڵی بۆچوونەکەی **ڤیزەر** دەکات، نەک پشتڕاستی بکاتەوە. لەو نووسینانەی کە **هالە فەتاح** ئاماژەی پێ کردون، وا دەردەکەوێت کە: یەکەم، نووسەرەکان زۆربەیان سوننەمەزهەب بووبن، دووەم، نووسەرەکان وەک ڕەتکەرەوەکان (الروافض) پەسنی شیعەکانی *عێراق* دەکەن (Fattah 2009: 206-212; Visser 2007: 8).[1] بەمەش شوناسی عێراقی لە بەشێکی گەورەی ئەو کەسانەی ئەوکات لەو دەڤەرەدا ژیاون دادەماڵن، چونکە کراون بە ڕەتکەرەوە و وەدەر نراون لە کۆمەڵگە وێناکراوەکە و وەک ئەوی دیکە لە دەرەوەی بازنەی ئاینی *ئیسلامی* سوننە دانراون. بە کورتی، بەڵگەنامەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەشێکی جوگرافی، ناوچە تەپۆڵکاوی و شاخاوییەکان، کە ئەمڕۆ بەشێکن لە *عێراق*، دادەبڕن. بە

---

[1]. ڕەتکەرەوەکان (الروافض) پەسنێکی نەرێنییانەی سوننە توندڕەوەکانە بۆ شیعەکان، کە لەگەڵ پەیدابوونی وەهابییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەوە بەکارهێنانی بەربڵاوتر بووە. بەو مانایە دێت کە شیعەکان ئایینی ڕەسەنی *ئیسلام*یان ڕەت کردووەتەوە.

هەمان شێوە، بەڵگەنامەکانی سەدەی نۆزدە شوناسی عێراقیبوون لە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی ئەوکاتی *عێراق*، شیعەکان، دادەماڵن. پەسنە مێژووییە کۆنەکان بۆ *عێراق* بەشێکی گەورە لەوەی ئەمڕۆ *عێراق* پێک دەهێنێت، بە *عێراق* دانانێن و نووسینەکانیش گومان دەخەنە سەر شوناسی بەشێک لەوانەی ئەوکات لەو ناوچانە دەژیان (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی نۆیەم). ئەم وێناکردنە جوگرافییە و گومان خستنەسەریەکەی دانیشتوانی ئەوکات و ئێستای *عێراق*، جەوهەری گرفتی شوناس لە عێراق پێک دەهێنن، کە ئەم کتێبە هەوڵ دەدات تیشکیان بخاتە سەر.

بە پێچەوانەی دید و تێگەیشتنی ئەم ئەکادیمی و چاودێرانەی سەرەوە، گروپێکی دیکە لە ئەکادیمی و چاودێرانی سیاسی، جەختکردن لەسەر یەکگرتوویی و مێژووکردەیی *عێراق*، ڕەت دەکەنەوە. ئەم گروپە ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێکانی نێوان گروپە ئیتنی و مەزهەبییەکانی *عێراق* زەق دەکەنەوە. ئەوان دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کە سەدەیەکە عێراقییەکان بە یەکەوە لە وڵاتێکدا دەژین، بەڵام قەت یەکگرتوو نەبوون. **لیام ئەندرسن** و **گاریس ستانسفیلد** ڕاشکاوانە دەڵێن *عێراق* دەوڵەتێکی دەستکردە و عێراقییەکان لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی بەشبەشن ( Anderson & Stansfield 2004: 185-186). هاوڕای ئەمانە، **برێندن ئۆلێری** و **ئیڤان ئێلاند** پێیان وایە کە عێراقییەکان نە هاوڕەگەزن، نە لە ڕێگەی کۆچێکی پێکەوەیی یان لە ئاکامی توانەوەیەکی ئۆرگانی (Evolutionary Assimilation) کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوویان پێک هێناوە (O'Leary 2003: 2, 8; Eland 2004: 11). بێجگە لەمە، ئەوان دەڵێن سێ ویلایەتە عوسمانییەکەی کە *عێراقی* لێ دروست کرا، هەرگیز نە سیاسییانە و نە کولتوورییانە یەکگرتوو نەبوون. هاوکات هەست و سۆزێک بۆ شوناسێکی گشتگیر عێراقییەکان بە یەکەوە گرێ نادا. ڕاشکاوانەش دەڵێن *عێراق* یەک نەتەوە نییە و لە مێژووی هاوچەرخی خۆشیدا گەشەی نەکردووە بۆ دەوڵەت-نەتەوە. **لێزلی گێلب** و **پیتەر گالبرێس** پێیان وایە ئەو گریمانەیەی کە گوایە سێ پێکهاتەکەی *عێراق* هەستێکی هاوبەشی نیشتمانی بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، سەرتاپای خەوشدارە، چونکە وەک ئەوان پێی لەسەر دادەگرن، سەرچاوەی

بیرکردنەوەی پێکهاتەکانی *عێراق* بە شێوەیەکی سەرەکی دیدە ئیتنی و مەزهەبییەکەیانە (Gelb & Galbraith 2004). ئەم وتووێژە سەرەڕای نزیکیی لە ڕاستییەوە، بەڵام نووسەرەکانی تا ڕادەیەکی چاک پشتبەستوو نەبوون بە بەڵگەی مێژوویی و ڕاست و داتای ئەزموونکراوەوە. مەبەست لەم کتێبە بێجگە لە مەبەستەکانی دیکەی، قسەکردنە لەسەر ئەم تێگەیشتنە و هێنانەوەی بەڵگە و کۆکردنەوەی داتایە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونە، ئەویش بە پێداچوونەوە بە مێژووی *عێراق*، لەوێشدا بەتایبەتی، هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و لێکترازانی نیشتمانی.

هەندێک ئەکادیمی هۆکاری کات و مێژووی بەیەکەوەژیانی عێراقییەکان، وەک هۆکارێکی گرنگ لەسەر دروستبوونی هەست و سۆز و هاوشوناسی و ئامێزانی نیشتمانی دەبینن. بۆ نموونە، **خوان کۆل** لەو باوەڕەدایە کە ئەو ٨٥ ساڵەی کە عێراقییەکان پێکەوە لە وڵاتێکدا ژیاون، ناکرێت پشتگوێ بخرێت و هەژمار نەکرێت. ئەو دەڵێت ناکرێت ئەو مکوڕبوونەی عێراقییەکان لەسەر مانەوە لە یەک دەوڵەتدا بەهەند وەرنەگیرێت (Cole 2004). ئەم هەڵسەنگاندنە شکستی هێناوە لە ڕەچاوکردنی ئەو ڕکابەرییە مێژووییە و ئەو دوژمنایەتییە زەقەی لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق*دا بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی *عێراق* ئامادەیی هەبووە. ئەو هەموو کوشت و بڕینەی وەلا ناوە کە لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا تا ئێستا ڕووی داوە. ئەو هەموو ئارەزوانەی کوردەکانیشی نابینا کردووە، کە لە ڕیفراندۆمە نافەرمییەکەی ساڵی ٢٠٠٥ لەمەڕ جیابوونەوە لە *عێراق* دەریان بڕی، کە تێیدا زیاتر لە ٩٨%ی بەشداران دەنگیان بۆ دابەشکردنی *عێراق* دا. بێجگە لەمە، لەوە دەچێت **کۆل** ئەو ڕاستییە نادیدە بکات کە یەکپارچەیی خاکی *عێراق* بە زەبری ئاگر و ئاسن پارێزراوە، نەک خۆشەویستیی دانیشتوانەکەی بۆ یەکپارچەییەکەی. ئەمە بەتایبەتی لە دیدی کوردەکانەوە ڕاستە، چونکە عەرەبە عێراقییەکان سەرەڕای ململانێکانیان، بەڵام بەگشتی لایەنگریی هەڵوەشاندنەوەی *عێراق*یان نەکردووە.

لە پەیوەند بە سروشت و پاشخانی ململانێ ئیتنی/نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە *عێراق*، ئەکادیمییەکان ڕا و بۆچوونی جیاجیان هەیە. **فیبی مار** لەو باوەڕدایە کە ململانێکانی نێوان شیعە و سوننەکانی *عێراق* زیاتر

لەسەر دەسەڵات بووە نەک شوناس (Marr 2004b: 274). **ئیسحاق نەقاش** ڕاکەی **مار** ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە ململانێکانی نێوان پێکهاتەکان زیاتر سیاسییانەیە وەک لەوەی کولتووری بێت و واش پێ دەچێت کە ڕکابەرییەکان سەنتەریان لەسەر پرسەکانی هەقی حوکمکردن و ماناکانی ناسیونالیزم لە *عێراق*دا بەستبێت (Nakash 2003b). **نەقاش** بۆچوونەکەی خۆی ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت سوننەکان بەگشتی هەڵگر و بەرگریکەری چەمک و بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبین و ئەم ڕەوتەیان لە ناسیونالیزم وەک ئایدیۆلۆجیا بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. لە بەرانبەردا شیعەکان بەگشتی پشتیوانییان لە ڕەوتێکی دیکەی ناسیونالیزم کردووە لە *عێراق*، کە بە نیشتمانپەروەری (الوطنية) ناسراوە، کە لەوێدا شیعەکان جەختیان لەسەر خەسڵەتە کولتووری و میراتییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی کردووە نەک عەرەبی. دیدی **ئۆفرا بێنگیۆ** کەمێک جیایە لەوانە، ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بە جیا لە پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق*، کە سوننەکان‌و شیعەکانن، شەڕی کوردەکان بێجگە لە هەوڵدان بۆ دەسەڵات، خەباتیشە بۆ شوناس (Bengio 1999: 149-169).

ئەکادیمی و چاودێرە سیاسییە کوردەکان لە ئەکادیمییە بێگانەکان زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پرسی سەرەکیی تەنگژەکانی *عێراق* گەشەنەکردنی شوناسی نیشتمانیی عێراقییە، واتە غیابی هەستی عێراقیبوونە لە لای کوردەکان. **ئاراس فەتاح** دەڵێت کێشەی دڵسۆزبوون بۆ شوناسی عێراقی، "قووڵترین قەیرانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە مێژووی *عێراق*دا دروست کردووە." (فەتاح ٢٠٠٤: ٩٤). **ماهیر عەزیز**، بەدواداچوونێکی قووڵی بۆ پرسی شوناس کردووە، بەڵام شوناس و ناسیونالیزمی کوردی، نەک عێراقی. ئەو پێی وایە کە شوناسی عێراقی هێشتا دروست نەبووە و شوناسی کوردییش وا خەریکە لە شوناسێکی ئیتنی/کوردی بەرەو شوناسێکی نیشتمانی/کوردستانی دەڕوات (Aziz 2011). تێگەیشتنەکەی **عەزیز** بۆ شوناسی عێراق، تا ڕادەیەک کورتی هێناوە، چونکە بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تەنیا کەڵکی لە ڕوانگەی **ئانتنیسمیس** وەرگرتووە، کە پێی وایە هەموو نەتەوەیەک ناوکێکی ئیتنیی هەیە (Smith 2009; 1987).

بەگشتی کەمن ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر پرسی شوناس لە *عێراق* ئەنجام دراون و کەمتریش لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی نووسراوە. یەکێک لەو کارە چاکانەی لەو بوارەدا ئەنجام دراوە, نووسینێکی **ڕیڤا سایمن**ە، کە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کاردانەوە و بەرخوردی شیعەکان و جوولەکەکانی *عێراق* لە بەرانبەر سەپاندنی تێگەیشتن و بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی لە لایەن دەستەبژێری سیاسیی ئەوکات لە بیست ساڵی یەکەم لە تەمەنی *عێراق* کردووە (Simon 1997). دوای هەڵسەنگاندنی ڕووداو و پێشهاتەکانی ساڵانی ١٩٢١ بۆ ١٩٥٨، **لیۆرا لوکیتز** بەو ئەنجامە گەیشتووە کە سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق (سوننەکان و شیعەکان و کوردەکان)، کەچی حکومەتی ناوەندی شکستی هێناوە لە دروستکردنی شوناسێکی عێراقی، کە وەک چەترێک هەموو عێراقییەکان کۆ بکاتەوە و هێڵەکانی ئیتنی و مەزهەبی تێبپەڕێنێت (لوکیتز ٢٠٠٤). بە سەرنجدان لەسەر ئامێزانی کورد لە *عێراق*دا، **دێنیس ناتالی** بە بەکاربردنی دیدی تازەگەرەکان، لە پرسی گەشەی ناسیونالیزم و شوناسی کورد دەکۆڵێتەوە. ئەو پێی وایە کە شوناسی ئیتنیی کوردی، ناکرێت پێش پرۆژە ناسیونالیستە وەدەرنەرەکانی *عێراق* بوونێکی هەبووبێت ( Natali 2005; 2000 ;2001). واتە **ناتالی** بوون یان سەرهەڵدانی شوناسی کوردی وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی *عێراق* و سەرنەکەوتنی دەوڵەتی ناوەندی لە لەخۆگرتنی کوردەکان و شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*دا دەبینێت. ئەو پێی وایە ناسیونالیزمی کوردی، لە مێژوودا وەستاوەتە سەر بەرفراوانی یان بەرتەسکیی ئەو فەزا سیاسییەی ( Political Space) کە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ڕەخسێنراوە. تا ڕادەیەک لە تێگەیشتنەکەی **ناتالی** نزیک، **عەباس وەلی** پێی وایە لە کاتێکدا ناسیونالیزمی *ئەورووپا* لە منداڵدانی مۆدێرنەتە دەرچوو و هاووڵاتیبوونی دیموکراتانە و کۆمەڵگەی مەدەنیی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کەچی ناسیونالیزمی کوردی وەڵامێک بوو بۆ نکوڵیکردن لە شوناسی کوردیبوون و خەفەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و زەوتکردنی مافی هاووڵاتیبوونی دیموکراتانە لە کوردەکان، لەو وڵاتانەی کوردی لێ نیشتەجێیە (Vali 1998: 83). **ناتالی** و

**عەباس** لە ڕوانگەی تازەگەرەکان لە پرسی شوناس و نەتەوە دەڕوانن، کە پێیان وایە نەتەوە دیاردەیەکی نوێیە و لە هەناوی پرۆسەی مۆدێرنەتە و شۆڕشی پیشەسازی لەدایک بووە. ئەم دیدە بۆ دروستبوونی نەتەوە ڕۆڵی کولتووری هاوبەش و کۆیاد و سۆزی ئیتنی بە کەم دەنرخێنێت و کاریگەریی دەوڵەت لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە و شوناسەکەی قەبە دەکات. ئەم تێگەیشتنانە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی لە فۆڕمە جیاجیاکانی پێش دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەییەکانی ناوچەکە، *عێراق* و *تورکیا* وەک نموونە، نادیدە دەکات. دەبێت وەڵامی ئەم دیدە بۆ ئەو ڕاستییە چی بێت کە ناسیونالیزمی کوردی پێش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە سەری هەڵداوە، دیارە لە فۆڕمێکی زۆر ساوادا بووە، بەڵام بوونی هەبووە. بۆچوونەکانی **ناتالی** ئەوەشی نادیدە کردووە کە ناسیونالیزمی کوردی نەک پێچەوانە، بەڵکو ڕاستەوانە لەگەڵ فەزای سیاسی دێتەوە. بۆ نموونە، یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی سەرتاسەری لە *کوردستان*ی ناو *عێراق*، *پارتی دیموکراتی کوردستان*، لە کاتێکدا دروست بوو کە فەزای سیاسی لە سەردەمی پادشایەتیدا تا ڕادەیەک بەرفراوان بوو. بە هەمان شێوە، یەکەم شۆڕشی چەکداری لە *کوردستان* لە سەردەمی حوکمی *عەبدولکەریم قاسم* بەرپا بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە **قاسم** لە هەموو سەرکردە عێراقییەکان نەرمتر بوو بەرانبەر بە گەلی کورد و داخوازییەکانی. بێجگە لەمانە، کاتێک کە فەزای سیاسی تەسک ببوەوە لە سەردەمی *بەعس*، ناسیونالیزمی کوردی دوو جار شکستی گەورەی هێنا، لە ساڵەکانی ١٩٧٥ و ١٩٨٨دا. ئێستا، دوای ڕوخانی *بەعس*، فەزای سیاسی بۆ کوردەکان لە هەموو کاتێک ئاوالاترە. پێچەوانەی بۆچونەکانی **ناتالی**، کە دەبا ناسیونالیزمی کوردی لاواز ببوایە و هەستی ئامێزان قوڵتر ببا لە ناو کوردەکان، کەچی دەبینین ناسیونالیزمی کوردی لە هەموو کاتێک بە گڕوتینترە و ڕۆحی جوداییخوازی گەیشتووەتە ترۆپک.

ئەو توێژینەوە و ئەو کتێب و نووسینانەی ئاماژەمان پێ کردن، یان ئەوەتا سەرنجیان خستووەتە سەر یەکێک لە پێکهاتە عێراقییەکان، یان لێکۆڵینەوەکانیان تەرخان کردووە بۆ قۆناغێک لە قۆناغە مێژووییەکانی عێراق.

دیارە ئەو قسانەی کە من دەیکەم، ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە من بەرچاوم کەوتوون، لەوانەیە بابەتی دیکە هەبن کە من لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە نەمبینیوە یان دەستم پێی ڕانەگەیشتووە. دوو هەوڵی چاک و بەبایەخ هەن، کە ئەم گشتاندنەی سەرەوە کەمێک ناهەقییە بەرانبەریان، ئەوانیش کتێبە بەنرخەکەی **چارلس تریپ** و **فیبی مارڕ** (Marr 2004a; Tripp 2002). ڕاستە ئەم دوو کتێبە پێداچونەوەیەکی شیکارین بۆ مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم دوو کتێبە ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانی و ئەو نووسراو و کتێبانەیە کە لە لایەن یەکەم دەستەبژێری سیاسیی عێراق، کە زۆربەی هەرە زۆریان سوننە بوون، نووسراون، ئەوا هەردوو هەوڵەکە زیاتر تێگەیشتنێکی بێگانانەن و سوننییانەن بۆ مێژووی *عێراق*. لە بەرانبەریشدا لێرەولەوێ نەبێت، دید و سەرچاوە شیعییەکان و کوردییەکان گرنگییان پێ نەدراوە. وەک گوتیشم، هەوڵەکەی **ریڤا سایمن** هەم یەک قۆناغی مێژوویی، ساڵانی ١٩٢١ بۆ ١٩٤١ لەخۆ دەگرێت، هەم بابەتی لێکۆڵینەوەکەی تەنیا شیعەکان و جوولەکەکانی *عێراق*ە (Simon 1997). ڕاستە توێژینەوەکەی **لیۆرا لوکیتز** سەرنجی کردووەتە سەر هەرسێ پێکهاتەکەی *عێراق*، بەڵام بنمیچی شیکردنەوەکانی لە سەردەمی پادشایەتی، واتە ساڵی ١٩٥٨، تێپەڕ ناکات (لوکیتز ٢٠٠٤). کارەکانی **ناتالی** و **عەزیزیش** تەنیا لەسەر یەک پێکهاتەی *عێراق*ن، ئەویش کوردەکانن. ( Natali 2005; 2001; 2000; Aziz 2011). **ئەماتزیا بارام** چەند توێژینەوەیەکی بەنرخی بەرهەم هێناوە لەسەر مێژووی *عێراق* و پرسی شوناس، بەڵام سەرنجی سەرەکی تەنیا سەردەمی *بەعس*ە لە ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٨٩ (Baram 1994; 1991). کارە بەنرخەکانی **ئۆفرا بێنگیۆ** شوێنی خۆیان دیارە، نەک هەر لە بواری عێراقناسی، بەڵکو کوردناسییش. ئەوەی بەرهەمەکانی **ئۆفرا** لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، سەرنجی ئەوە لەسەر دوو پێکهاتە پشتگوێخراوەکەی *عێراق*، کوردەکان و شیعەکان. بەڵام بەرهەمەکانی **ئۆفراش** زیاتر بۆ سەردەمی *بەعس* تەرخان کراون ( Bengio 2012a; 2008; 2000; 1998; 1987; 1985).

ئەوەی ئەم کتێبە لە هەوڵ و کار و لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی، لە پەیوەند بە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و پرسی شوناس، جیا دەکاتەوە، گشتگیری و تایبەتمەندییەکانی ئەم پرۆژەیەیە. ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە: یەکەم، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە تا بۆی بکرێت هاوسەنگی لە سەرنجدان لەسەر پێکهاتەکانی *عێراق* (سوننەکان و شیعەکان و کوردەکان) ڕابگرێت. گرنگیی ئەم خاڵە لەوەدایە کە زۆربەی ئەو کارانەی لە ڕۆژئاوا ئەنجام دراون لەسەر *عێراق*، زیاتر ڕوانگەی سوننەکانیان لەبەرچاو گرتووە. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە زاڵیی سوننەکان بەسەر تەواوی جومگەکانی دەسەڵات لە پێش دامەزراندن و دوای دامەزراندنی *عێراق* تا ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها لەبەر ئەوەی کە بەڵگە بەردەستەکان لە لایەن سوننەکانەوە نوسرابوون. لە پاڵ ئەمانەش، پەراوێزکردنی شیعەکان بە درێژایی مێژوو وای لێ کردبوون کە هێزێکی لاوەکی بن و ئەو ڕۆڵەی کە بینیویشیانە هەستیپێنەکراوە یان خەفە کراوە یان نادیدە کراوە. ڕوانگەی کوردیش هەمیشە پشتگوێ خراوە، ئەویش لەبەر نەزانینی زمانی کوردی، بۆیە ئەو شتانەی کە کورد نووسیویەتی و وێنای خۆی پێ کردووە و دیدی خۆی تێدا دەربڕیوە، نەبینراوە. ئەمەش بەگشتی وای کردووە کە دیدی کوردەکان و شیعەکان غائیب بێت لەو نووسینانەی لە ڕۆژئاوا ئەنجام دراون. دووەم، ئەم کتێبە تەرخان نەکراوە بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی *عێراق*، بەڵکو تەواوی مێژووی هاوچەرخی *عێراقی* لە ساڵانی ١٩٢١ تا ٢٠١٤، کردووە بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە. لە ڕاستیدا لەبەر گرنگیی ڕووداوەکان و پێشهاتەکانی ساڵانی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق*، ئەوا بەشێک لە توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، لەبەر بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە دوای دروستکردنی *عێراق*. سێیەم، جیاوازییەکی دیکەی ئەم کتێبە، سەرنجدانیەتی لەسەر پرسی شوناس و پرۆسەی ئامێزان، کە پەیوەندییەکی دینامیکیيان بە یەکەوە هەیە.

**بایەخی شوناس و نەتەوە لە پەیوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان**

لێکۆڵینەوە لە پرسی شوناس گرنگییەکەی لەوەدایە، کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی وەک وڵاتانی پاشکۆلۆنیال ناسراون (لە سەدەی بیستدا لە ژێر چنگی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان ڕزگاریان بوو)، ئەوە شوناسی نیشتمانی کێشەی هەرە سەرەکیی زۆربەیان پێک دەهێنێت. ئەو ململانێ و پێکدادان و شەڕە ناوخۆییانەی ئەم وڵاتانەیان گرتووەتەوە، هۆکارەکەی پەیوەندیی بە چارەسەرنەکراویی پرسی شوناسی ئیتنی و نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو وڵاتانەیە (*عێراق*، *سوودان*، *نایجێریا*، *ئیندۆنیسیا* و *سریلانکا*، نموونەی ئەم وڵاتانەن). تێگەیشتن لە دینامیکییەتی پێکدادانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە *عێراق* و وڵاتانی پاشکۆلۆنیال، ڕێخۆشکەرن بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی چارەسەرێک لە چارەسەرەکان بۆ کێشەی شوناس لەم وڵاتانەدا. ئەم کێشانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئاشتی و سەقامگیریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەوە هەیە، چونکە تا ئەم وڵاتانە لە زەلکاوی گرفتی شوناس ڕزگار نەکرێن، ئەگەری نەک هەر شەڕی ناوخۆ، بەڵکو نێودەوڵەتییش هەیە. بۆ نموونە، ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە **سەدام حسێن** لەگەڵ **محەمەد ڕەزا شای** *ئێران* لە ساڵی ١٩٧٥ لە *جەزائیر* واژۆیان کرد، کە تێیدا بەشێک لە خاکی *عێراق* بەخشرایە *ئێران*، مەبەستەکەی کپکردنەوەی شەڕ و یاخیبوونی کوردەکان بوو. شەڕ و یاخیبوونەکەش لە ئاکامی ئامادەنەبوونی حکومەتی *عێراق* و لایەنە کوردییەکان بوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، کە جەوهەری کێشەیەکە لەسەر کوردبوون و عێراقیبوون بوو، واتە لەسەر شوناس. لە ساڵی ١٩٨٠ *عێراق* جەنگی لە دژی *ئێران* هەڵگیرساند. بە گوتەی سەرانی *عێراق*، هۆی سەرەکی، دداننەنانی *عێراق* بوو بە ڕێککەوتننامەکەی *جەزائیر*. **سەدام حسێن** پێی وا بوو لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە و گێڕانەوەی ئاو و خاکی لەدەستچووی، دەتوانێت سەروەریی *عێراق* بگێڕێتەوە. ئەو جەنگە خوێناوییە کە هەشت ساڵی خایاند و ئاساییشی ناوچەکەی هێنایە نەک هەر لەرزین، بەڵکو تێکدان، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە جەنگەکە بووە هۆی ئەوەی کە *عێراق* بکەوێتە ژێر باری قەردێکی زۆرەوە، کە زۆربەی لە وڵاتانی کەنداو وەرگرتبوو، کوێت یەکێکیان،

که دواتر ئامادەنەبوونی *عێراق* بۆ دانەوەی قەرزەکان، داگیرکردنی *کوێتی* لە لایەن *عێراق*ەوە بەدوای خۆیدا هێنا. داگیرکردنی کوێت و سەرکێشییەکانی **سەدام**، وای لە *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی کرد کە هێرش بکەنە سەر هێزەکانی *عێراق* لە *کوێت* و شکست بە هێزەکانی عێراق بهێنن و ناوچەکە و جیهان لە جەنگێکەوە بئاڵێنن، کە بێجگە لە تێکدانی ئاساییش و سەقامگیریی ناوچەکە و جیهان و تەنانەت ژینگەی ناوچەکەشی بە ڕادەیەک خراپ کرد، کە ئێستاش نەک هەر داروودرەخت و خاکی دەڤەرەکە، بەڵکو دانیشتوانی ناوچەکە، بە *عێراق*یشەوە، بە دەستیەوە دەناڵێنن.

بە کورتی، ئەگەر سەرنجێک بدەین، دەبینین هۆی هەرە سەرەکیی ئەم هەموو شەڕە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرسی کورد لە *عێراق*ەوە هەیە. بۆیە چارەسەرکردنی پرسی شوناس لە *عێراق* گرنگییەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیی هەیە. ئەمە بەو مانایە نییە کە پرسی کورد تاکە هۆکاری *جەنگی عێراق-ئێران* یان *جەنگی کەنداوی* یەکەم بووبێت، بەڵام یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان. نموونەیەکی دیکە لەم بوارەدا زەق و ئاشکرایە، ئەویش شەڕەکانی نێوان *هیندستان* و *پاکستان*ە، کە هۆکاری هەرە سەرەکی بە چارەسەرنەکراوی، مانەوەی *پرسی کشمیر*ە. گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبە لەبارەی شوناس، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کێشمەکێش و ململانێکانی سەر شوناس دەبنە هۆی ناسەقامگیری و پشێویی دەوڵەت و بەرەو داڕمانی دەبەن، داڕمانی دەوڵەتیش وا لە وڵاتەکە دەکات کە ببێتە مۆڵگەی گروپە تیرۆریستییەکان، وەک ئەوەی ئێستا لە *ئەفغانستان*، *سۆماڵ*، *یەمەن*، *سووریا* و *عێراق* بە زەقی دەبینرێن. بە کەڵکوەرگرتن لە داڕمانی دەزگاکانی دەوڵەت و بێتواناییان لە جێگیرکردنی ئەمن و ئاساییش، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان گەشە بە چالاکییەکانیان دەدەن. بەمەش نەک هەر ئارامیی خەڵکەکە تێک دەدەن، بەڵکو هەڕەشەش دروست دەکەن لەسەر ئاساییشی جیهان (Rotberg 2002: 85).

بێجگە لەمانە، شوناسی نیشتمانی گرنگییەکەی لەوەدایە کە لەو سیستەمەی لە دوای *ڕێککەوتنی وێستفالیا*وە، کە لە ١٦٤٨ واژۆ کراوە، لە جیهاندا بەرقەرارە و تا ئێستا بەردەوامە، وڵاتەکان تێیدا توخمی هەرە سەرەکیی ئەو

سیستەمە پێک دەهێنن کە لەسەر بنەمای دەوڵەت–نەتەوە ڕێک خراوە. شوناسی دەوڵەت–نەتەوەش گرنگیی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەی، هاووڵاتییانی، لەگەڵ دەسەڵاتەکەی تا ڕادەیەکی چاک لەسەر گیانی ئینتیمای ئەندامەکانی (Sense of Belonging) بۆ دەوڵەتەکە/نیشتمانەکە وەستاوە، بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوخۆیی و سیستەم بتوانرێت پارێزگارییان لێ بکرێت و دڵسۆزی بۆ نیشتمان گەشەی پێ بدرێت، دوو مەرجی سەرەکی هەن کە دەبێت ئامادەییان هەبێت، ئەوانیش: یەکەم، دەبێت ئەندامانی کۆمەڵگەکە و وڵاتەکە شوناسەکە بە هیی خۆیان بزانن. دووەم، دەوڵەتەکە و دەسەڵاتەکەی دەبێت شەرعییەتێکی دیموکراسییانەیان هەبێت و بە یەک چاو تەماشای ئەندامانی کۆمەڵگەکە بکەن و یەکسانی بەرقەرار بکەن و چەمکی هاووڵاتیبوون گەشە پێ بدەن و بچەسپێنن .هەر وڵاتێکیش ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبێت، گیانی ئینتیما بە نیشتمانەکە لە لایەن هاووڵاتییانیەوە لاواز دەبێت و پرسی ئامێزانی نیشتمانی دەکەوێتە خەتەرەوە و شوناسی نیشتمانی تێیدا دروست نابێت.

پەیوەند بە *عێراق*، بێجگە لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، پرسی شوناسی نیشتمانی گرنگییەکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شوناسە نیشتمانییەی لە مێژووی هاوچەرخدا بەسەر عێراقییەکاندا سەپێندراوە، یەک شوناس نەبووە و بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە یان بەسەریدا هێنراوە. بێجگە لەمە، ئەوەندەی خەسڵەتە مەزهەبی و ئیتنییەکانی/نەتەوەییەکانی پێ دراوە یان هەڵگرتووە، ئەوەندە خەسڵەتی نیشتمانیی وەرنەگرتووە. ئەم دۆخەش کێشەیەکی دروست کردوە، کە دەکرێت بە تەنگژەکانی شوناس (Identity Crisis) لە *عێراق*دا ناو ببرێت. لێکۆڵینەوە لە هۆکار و ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم تەنگژەیە، پاڵنەری هەرە سەرەکیی نووسینی ئەم کتێبەیە، کە لە بەشەکانی داهاتوودا تاوتوێ دەکرێت.

# بەشی دووەم
# دروستبوونی عێراق: بەریتانیا و پێکهاتەکان

لە تشرینی دووەمی ١٩١٤، هێزەکانی *بەریتانیا* *بەسرە*یان داگیر کرد. دوای چەندین شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی عوسمانییەکان و خەڵکی ناوچەکە، بەتایبەتی لە *شوعەیبە* و کووت، لە ساڵی ١٩١٧ بەریتانییەکان هاتنە ناو *بەغداد* و دەسەڵاتیان بەسەر هەردوو ویلایەتی *بەغداد* و *بەسرە*، تا ڕادەیەک، سەپاند. ساڵێک دواتر هێزەکانیان بەرەو باکوور هەڵکشان و *کەرکووک* و *موسڵ*یشیان داگیر کرد.

پێش یەکەم جەنگی جیهانی، دابونەریتە خێڵەکییەکان لە ناو کۆمەڵگەکانی دەڤەرەکە زاڵ بوو. خەڵکی ناوچەکە بەگشتی ئەزموونی حوکمدارێتیکردنیان لەل ایەن دەسەڵاتە ناوەندییە ناوخۆییەکان و ئەوانەی بابی عالی لە *ئیستەنبووڵ*، کەم بوو. بە واتایەکی دیکە، پەیوەندییەکی تۆکمە خەڵکەکەی بە دەسەڵاتەکانەوە نەبەستبووەوە. ئەو خەڵکەی لەو ناوچانە دەژیان، نەببوون بە نەتەوە (Nation)، بە مانا ڕۆژئاواییەکەی، چونکە لەسەر بنەمای ئایین، مەزهەب، ئیتنی/نەتەوەیی، زمان و جوگرافیا لێک جیا بوون و گیانی ئینتیما بە وڵاتێک، دەوڵەتێک یان خاکێکی هاوبەش بە یەکەوەی نەدەبەستنەوە. لە *بەغداد* گەڕەکی شیعەنشین (وەک *کازمییە*) و سوننەنشین (وەک *ئەعزەمییە*) هەبوون،

هاوکات شیعەکان و سوننەکان لە چەند گەڕەکێکیش لە پاڵ یەکدی دەژیان. بێجگە لەم دیاردەیە، کە لە *بەغداد* بەرچاو دەکەوت، بەگشتی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق* لە ناوچەی تایبەت بە خۆیان نیشتەجێ بوون (Batatu 2004: 13-17; Farouk-Sluglett & Sluglett 1991: 1413). دیارە گروپی ئایینیی وەک جوولەکە و کریستیان و ئەرمەنی، هەروەها نەتەوەیی وەک کورد، لە زۆر شار لەگەڵ گروپە زاڵەکان دەژیان، بەڵام گوندەکان بەگشتی خەڵکی سەر بە یەک نەتەوە، ئایین یان مەزهەبیان تێدا نیشتەجێ بوو. خەڵکی شارە گەورەکان هۆشیارییەک و هەستێکی ئیتنی/نەتەوەییان لا دروست ببوو، بەڵام لە دێهاتەکان، کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان پێک دەهێنا، شوناسی ئایینی و مەزهەبی و عەشیرەتگەری لە هەر شوناسێکی دیکە بەهێزتر و زەقتر بوو (نظمی واخرون غ. م: ٩).[١]

ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتی-سیاسییەی خەڵکەکە لە سەروبەندی بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ دروستکردنی *عێراق*، جێگەی نیگەرانی بوو بۆ بەریتانییەکان. ئەمەش لەو قسەوباسانەدا دەردەکەوێت کە بەرپرسە بەریتانییەکان لەگەڵ یەکدی دەیان کرد لەمەڕ تێگەیشتن و وێناکردنیان بۆ دەوڵەتە بیرلێکراوەکە و خەڵکەکەی. **ئارنۆڵد ویلسن**، مەندووبی سامیی *بەریتانیا* لە ناوچەکە، هەر لە سەرەتادا گومانی لەوە هەبوو کە زۆرینە شیعەکەی *عێراق* "قبووڵی دەسەڵاتداریێتیی برا سوننە دەستڕۆیشتووەکانیان بکەن." بە هەمان شێوە، گومانیشی لەوەدا هەبوو کە کوردەکان "قبووڵ بکەن عەرەبێک فەرمانڕەوایەتییان بکات." بە کورتی، **ویلسن** پێی وا بوو کە "لەبری ئەوەی عەرەبەکان بکەین بە دۆستی خۆمان"، ئەو گەیشت بووە ئەو باوەڕەی کە دروستکردنی دەوڵەتێک لەو خەڵکە لە کۆتاییدا بە "خیانەت بە بەرژەوەندییەکانی *بەریتانیا* تەواو دەبێت و چاکترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکەش نامۆ دەکات بە خۆی." (بڕوانە Karsh 2003: 23, 24). سەرەڕای ئەمە، لە بەهاری ١٩٢١، حکومەتی *بەریتانیا* بە بنەما لەسەر

---

[1]. کورتکراوەی 'غ. م' واتە "غیر معلوم" (نەزانراوە) بۆ ئەو سەرچاوە عەرەبییانە بەکار دەهێنین کە ساڵی چاپکردنیان نەزانراوە.

ڕاوبۆچوونەکانی *تی ئی لۆرانس*، ناسراو بە *لۆرانسی عەرەب*، ئەم ڕاستییانەی کە **ویلسن** پێشبینیی دەکردن، پشتگوێ خست و فەرمانڕەوایەکی سوننەی عەرەبی بێگانەی بەسەر دەوڵەتێکدا سەپاند، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە بوون. ئەوکات، ئەوەی کاربەدەستە بەریتانییەکان بە خۆشیان پێیان دەگوت "*باشووری کوردستان*"، هێشتا بە فەرمی نەخرابووە سەر دەوڵەتی تازەپێکهێنراوی *عێراق* (Wilson 1931; Edmonds 1959; 1971).

## ڕووداو و پێشهاتەکانی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

بەرخوردی سوننەکان و شیعەکان و کوردەکان لە بەرانبەر داگیرکردنی ناوچەکانیان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق* لە ساڵانی ١٩١٤ بۆ ١٩٢١، بەتایبەتیش شۆڕشەکەی ساڵی ١٩١٩ی *باشووری کوردستان* و شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ی باشوور و ناوەڕاستی *عێراق*، کاریگەریی سەرەکییان هەبوو لەسەر شێوە و پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی *عێراق*. بەرخوردەکان ڕەنگدانەوەشیان هەبوو لەسەر سیاسەتەکانی *بەریتانیا* لە بەرانبەر هەر یەکێک لەو گروپانە، بەتایبەتی لە بە لایەنگر یان نەیاردانانیان. چاوخشاندنێک و خوێندنەوەیەک بەو ڕووداو و پێشهاتانە، بەرچاوڕوونییەکمان دەداتێ لەسەر پەیوەندیی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی ئەوکاتی ئەو دەڤەرە و پەیوەندیی هەر یەکێکیان لەگەڵ بەریتانییەکان. مەبەستیش لە خوێندنەوەکە ئەوەیە، داخۆ ئەم پێشهات و بەرخورد و پەیوەندییانە، چەندە کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسیی *عێراق* و *بەریتانیا* دانا، لە ئانوساتی دامەزراندن و دوای دامەزراندنیش.

لە کاتی داگیرکردن (١٩١٤-١٩١٨) و دوای داگیرکردنی دەڤەرەکە (١٩١٨-١٩٢١)، پیاوانی ئایینی و سەرۆکعەشیرەتەکانی شیعە سەرکردایەتیی زۆربەی جووڵانەوە بەرگرییەکانی خەڵکی *عێراق*یان دەکرد، بەتایبەتی لە باشوور و ناوەڕاست. لە دوای دابەزینی هێزەکانی *بەریتانیا* لە *بەسرە*، سەرکردە شیعەکان نزیکەی ١٨ هەزار چەکداریان لە ژێر *ئاڵای ئیسلام* لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە و ڕێک خست و بە دژی بەریتانییەکان بەرەو بەرەکانی شەڕ جۆشیان دان (Nakash 2003a: 60). بەرگریی شیعەکان لە لایەن

عوسمانییەکانەوە پێشوازیی لێ کرا، چونکە خۆیان داوایان لێ کردبوون. **شێخ مەحموود بەرزنجی** بە هاوڕێیەتیی زیاتر لە هەزار سوار، لە ساڵی ١٩١٥ شانبەشانی خێڵە شیعەکان بەشداریی شەڕی بەرگریی لە باشوور، بەتایبەتی *شەڕی شوعەیبە* لە نزیک *بەسرە*، کرد (حیلمی ٢٠٠٣: ٤٣؛ احمد ١٩٧٨: ٩٢؛ التمیمی ١٩٩٦: ٨٢). شیعەکان و کوردەکان، وەک موسڵمان نەک وەک عێراقی، هاوکاری *سوپای عوسمانی*یان دەکرد. لەو دەوروزەمانەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە عەرەبە سوننەکانی *سوپای عوسمانی*، کە زۆربەیان خەڵکی *موسڵ* یان *بەغداد* بوون، شوێنەکانی خۆیان لە سوپادا بەجێ هێشتبوو و شانبەشانی ئینگلیزەکان، وەک بەشێک لە *شۆڕشی عەرەبی* کە لە ساڵی ١٩١٦ لە نیمچە*دوورگەی عەرەبی* بەرپا کرابوو بە سەرۆکایەتیی **شەریفی مەککە**، لە دژی *سوپای عوسمانی* دەجەنگان (نظمی واخرون غ. م: ٨١؛ صفوة ١٩٨٨: ١٦٦). مەبەست و هیوای ئەفسەرە عەرەبەکان ڕزگاری بوو لە دەست عوسمانییەکان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی. لە ژێر فشاری هێزەکانی *بەریتانیا*، هێزە بەرەنگارییەکەی باشووری *عێراق* شکا و شکستی هێنا. لە ئاکامدا، خاک و شوناسی دەڤەرەکە بوون بە جێگەی نیگەرانی بۆ بەریتانییەکان و ئەو خەڵکەی لە دەڤەرەکەدا دەژیان.

پێش دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق*، لە هاوینی ١٩١٩دا، ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینیی شیعە چەند نامەیەکیان بۆ گەورە بەرپرسەکانی ناوچەکە نووسی، لەوانە **حسێن بن عەلی** (ناسراو بە **شەریفی مەککە**)، **شازادە فەیسەڵ** (کوڕی **شەریفی مەککە**)، سەرۆکی *ئەمەریکا* و باڵوێزی *ئەمەریکا* لە *تاران*. لە نامەکاندا پیاوانی ئایینیی شیعە بە ئاشکرا شوناسی ئەو حکومەت و دەوڵەتەیان وێنا کردبوو کە دەیانویست لە *عێراق* بێتە سەرکار و دروست ببێت، ئەویش دەوڵەتێکی عەرەبی-ئیسلامی بوو، کە لە لایەن شازادەیەکی عەرەبەوە بەڕێوە بچێت و بەرپرس بێت لە بەرانبەر ئەنجوومەنێکی نیشتمانیدا (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٥، ١١٠-١١٢؛ العلوی ١٩٩٠: ١١٣-١١٧). سەرەڕای ئەوەی شیعەکان داوایان دەکرد کە *موسڵ*یش بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتەی *بەریتانیا* نیازی بوو دروستی بکات، کەچی لە نامەکانەوە ڕوون نییە داخۆ داوای ئەوەشیان کردووە کە ناوچە کوردنشینەکانی *ویلایەتی موسڵ* بخرێتە

چوارچێوەی دەوڵەتەکە یان تەنیا داوای ناوچە عەرەبنشینەکانیان کردووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوەیە کە ئەوان پێشنیازی دەوڵەتێکی ئیتنی بە شوناسێکی عەرەبی-ئیسلامییان کردووە.

بێجگە لەو بەرگرییەی کە لە سەرەتادا هەم کوردەکان و هەم شیعەکان لە دژی هێزە داگیرکەرەکان کردیان، هەروەها ئەو نامە و نامەگۆڕینەوانەی کە هەم **شێخ مەحموود** هەم پیاوانی ئایینیی شیعە پێی هەستان، دوو یاخیبوونی دیکەی گەورە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەیان لەسەر ڕەوتی دامەزراندنی دەوڵەتی **عێراق** و شوناسی دەوڵەتەکە و خەڵکی ناوچەکە دانا. ئەوانیش یاخیبوونی ساڵی ١٩١٩ی *کوردستان*، کە بە سەرکردایەتیی **شێخ مەحموود** بوو، لەگەڵ یاخیبوونی ساڵی١٩٢٠ی ناوەڕاست و باشووری *عێراق*، کە لە لایەن سەرۆکعەشیرەت و پیاوانی ئایینیی شیعە سەرکردایەتی کرا. ئەم دوو یاخیبوونە هەردووکیان لە ئەدەبیاتی کوردی و عێراقی بە شۆڕش ناسراون، لەبەر ئەوە لێرە وەک شۆڕش ناو دەبرێن. ئەم دوو بڕگەیەی خوارەوە تەرخان کراوە بۆ ئەو دوو شۆڕشە و پرسە پەیوەندارەکان پێیانەوە.

### شۆڕشی شێخ مەحموود: بناغەیەکی ئەفسانەی ناسیونالیزمی کوردی لە عێراق

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٨دا، هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە سنوورەکانی *ویلایەتی موسڵ* و شاری *کەرکووک*یان لە ئایاری هەمان ساڵدا داگیر کرد. ئەوکات **شێخ مەحموود** ناسراوترین و دیارترین کەسایەتیی کورد بوو لە *باشووری کوردستان*. عوسمانییەکان پێش کێشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکەدا، ئەویان وەک حاکمی *سلێمانی* دەستنیشان کردبوو. کاتێک هەواڵی هاتنەناوەوەی هێزەکانی *بەریتانیا* بۆ ناو *کەرکووک* بڵاو بووەوە، **شێخ مەحموود** نامەیەکی بە دزییەوە بۆ مەندووبی سامیی *بەریتانیا* لە *عێراق*، **ئارنۆڵد ویلسن**، نارد، کە تێیدا داوای لە بەریتانییەکان کردبوو کە "حکومەتێکی کوردی لە ناوچەی *سلێمانی*" بە سەرۆکایەتیی ئەو لە ژێر چاودێریی ئینگلیزەکان دابمەزرێنن، تا کوردەکانیش، بە قسەی ئەو، وەک "عەرەبەکان بکەونە خۆشی". (حیلمی ٢٠٠٣: ٤٤). ئەو نامەیەی کە **شێخ مەحموود** بۆ ئینگلیزەکانی نوسیبوو، بە دەست تورکەکان گەیشت، چونکە پێش ئەوەی

نامەکە بگات، ئینگلیزەکان کەرکووکیان چۆڵ کردبوو و تورکەکان گەڕابوونەوە ئەوێ. نامەکەی **شێخ** هەندێک ئاماژەی گرنگی تێدایە، لەوانە: **شێخ مەحموود** ئەوکات بە هیچ شێوەیەک نە *کوردستانی* وەک بەشێک لە *عێراق* و نە کوردیشی وەک عێراقی دانابوو، ئەو پێی باش بووە کە *کوردستان* ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر ئینتیداب/چاودێریی بەریتانییەکان، نەک بکەوێتە ژێر دەستی عەرەبەکان.

لەسەر ئەم نامەیە، تورکەکان **شێخ**یان گرت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستیان پێی بوو، زوو ئازادیان کرد و کردیان بە سەرلەشکری مەدەنیی ناوچەی *سلێمانی*. بەڵام کاتێک بەریتانییەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا *کەرکووک*یان گرتەوە، **شێخ مەحموود** دووبارە پەیوەندیی لەگەڵدا دروست کردنەوە (البیاتی ٢٠٠٥: ١٠٩). لە ماوەی مانگێکدا **شێخ مەحموود** و بەریتانییەکان گەیشتنە ڕێککەوتنێک، بەپێی ڕێککەوتنەکە **شێخ** وەک حوکمداری *کوردستان* دەستنیشان کرا، ئەویش بەرپرسیارێتییە گەورەکانی بە خزم و کەسوکارەکانی خۆی سپارد (حیلمی ٢٠٠٣: ٥١). خەون و هیواکانی **شێخ مەحموود** زۆر گەورەتر بوون لەوەی کە ئینگلیزەکان بە ئەو و بە کوردیان ڕەوا دەبینی؛ ئەو داوای لە بەریتانییەکان کرد کە دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی خۆیان دابمەزرێنن، کە هەموو ناوچەکانی *باشووری کوردستان* و هەندێک دەڤەری *باکووری کوردستان*یش لەخۆ بگرێت، لە *خانەقین*ەوە بۆ *شەمدینان* و لە چیاکانی *حەمرین*ەوە تا سنوورەکانی *ئێران*. کاتێک بەریتانییەکان هەستیان بە گەشەی ناوبانگی **شێخ مەحموود** لە دەرەوەی دەڤەری *سلێمانی* کرد، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی کارگێڕییان گرتە بەر، وەک دابڕینی ناوچەکانی *کەرکووک* و *کفری* لە *لیوای سلێمانی* و دروستکردنی *لیوای کەرکووک*. هەروەها دروستکردنی *لیوای هەولێر* و لکاندنی ناوچەی *کۆیە*، بێجگە لە *ڕانیە* و *قەڵادزێ*، بە *هەولێر*ەوە (البیاتی ٢٠٠٥: ١٢٧-١٢٨). لە پاڵ ئەم لێپێچینەوە کارگێڕییانەدا، ئینگلیزەکان کارتی عەشیرەتگەریشیان لە **دژی شێخ مەحموود** بەکار هێنا، ئەویش بەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ زۆربەی زۆری سەرۆکعەشیرەتەکانی *کوردستان* کەوتنە گفتوگۆ و لە ڕێگەی بەخشیش و پارەوپوول و پۆستەوە، زۆربەیان ڕازی کردن کە پشت لە **شێخ**

**مەحموود** بکەن (حیلمی ٢٠٠٣: ٧٣-٧٧). حکومەتەکەی **شێخ مەحموود** کارەکتەرەکانی عەشیرەتگەرای و خزمخزمێنەی پێوە دیار بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت، داواکانی **شێخ** خەسڵەتی نەتەوەییان لەخۆ گرتبوو لەگەڵ خۆجیاکردنەوەیەکی زەق لە ناوچەکانی دیکەی *عێراق*.

سیاسەتەکانی بەریتانیا بۆ بنکۆڵکردنی حکومەتە ساواکەی، دەرگەکانی بە ڕووی **شێخ مەحموود** و ناسیونالیستە کوردەکانی دەوروبەری داخست. بێجگە لە یاخیبوون و شەڕ، **شێخ مەحموود** ڕێگەچارەیەکی دیکەی شک نەدەبرد (Eskander 2000: 152). لە ئاکامدا، لە نیسانی ١٩١٩، **شێخ مەحموود** داوای لە هێزەکانی خۆی کرد کە نوێنەرەکانی *بەریتانیا* لە شاری *سلێمانی* و دەوروبەرەکەی وەدەر نێن. کاتێک هێزەکانی **شێخ مەحموود** کۆنترۆڵی شاریان کرد و ئاڵای *بەریتانیا*یان لەسەر دامودەزگا فەرمییەکان هێنایە خوارەوە، لە جێگەیاندا ئاڵای *کوردستان*یان وەک ئاڵای حکومەتەکەی **شێخ** بەرز کردوە (بڕوانە وێنە ٢-١). زۆریشی پێ نەچوو **شێخ** کابینەی حکومەتەکەی پێک هێنا؛ حکومەت ئاڵا و ئارمی خۆی دروست کرد و پوولی تایبەت پەخش کران، کە نوێنەرایەتیی حکومەت و گەلیان دەکرد. تا ئایاری ١٩١٩، پڕوشکی شۆڕشەکەی **شێخ** گەیشتە ناوچەکانی دەوروبەر تا دەگاتە کۆیە لە نزیک *هەولێر* (خواجە ١٩٧٠: ٥٥؛ حیلمی ٢٠٠٣: ٨٣؛ الحسنی ١٩٨٨: ج ١، ٢٧٩). هێزەکانی *بەریتانیا* خۆیان ڕێک خستەوە و هێرشیان برد بۆ سەر شوێن و بارەگاکانی **شێخ مەحموود** و هێزەکانی. دوای شەڕێکی سەخت، لە *دەربەندی بازیان* هێزەکانی **شێخ** شکستیان هێنا و پاشەکشەیان کرد. لە شەڕەکاندا ٤٨ کەس لە چەکدارەکانی شێخ کوژران و ١٢٨ کەسیشیان بریندار بوون. **شێخ مەحموود** بە برینداری لە پەنای *بەردە قارەمان* (ئەو بەردەی کە لەو کاتەوە ناوی قارەمان، وەک نازناوێکی **شێخ**، هەڵگرتووە) لە ٩ی تەمووزی ١٩١٩ گیرا و بە دیلی بردرا بۆ *بەغداد* (حیلمی ٢٠٠٣: ٨٨؛ البیاتی ٢٠٠٥: ١٤٨-١٥٠). لەو کاتەوە، *بەردە قارەمان* بۆ کوردەکان بووە بە سیمبولی بەرەنگاربوونەوە و ئازادی و گیانفیداکاری. خەڵک ئێستا سەردانی شوێنەکە دەکەن و وێنە لەگەڵ بەردەکە دەگرن و وەک یادگاری هەڵی دەگرن، ئەمەش بەشێک لە کۆیادی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردەکان پێک دەهێنێت.

دەسەڵاتدارانی *بەریتانیا* **شێخ مەحموود**یان بە هەڵگەڕانەوە، یاخیبوون، خوێنڕشتن، هێنانەخوارەوەی ئاڵای *بەریتانیا* و بەرزکردنەوەی ئاڵای *کوردستان* تاوانبار و دادگایی کرد. لەمیانی دادگاییکردنەکەیدا، **شێخ** جەختی لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی کردبووەوە و گوتبووی: "لەسەر خواستی گەلەکەم داوای ئازادیی کوردم لە *بەریتانیا* کرد، لە لایەن حکومەتەکەتانەوە ئەم حوکمدارییە بە من و ئازادی بە کورد بەخشرا، بەڵام ڕاستتان نەکرد، جا من کە لەسەر ویستی گەلەکەم بە حوکمدار دانرام، دەبوایە داوای پاراستنی ئەو پەیمانە بکەم، بە زمان یان بە چەک." (بابان ١٩٨١: ١١٥). دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی **شێخ مەحموود**ی دەرکرد، بەڵام دوای ئەوەی هەندێک لە ئەفسەرەکانی *بەریتانیا* بە چاکە باسی **شێخ مەحموود** و شێوازی مامەڵەکردنی ئەویان لەگەڵ دیلەکان کرد، بڕیارەکە سوک کرا بۆ ١٠ ساڵ زیندانی و ڕەوانەی *دوورگەی ئەندامان* لە *هیندستان* کرا.

سەرهەڵدان و شکستی شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** وای لە بەریتانییەکان کرد کە پەلە بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی *باشووری کوردستان* و پەیوەندیی ئەم ناوچەیە بە *عێراق*ەوە. دەسەڵاتدارە بەریتانییەکان لە *لەندەن* پلانێکی دیاریکراویان سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکان لە *باشووری کوردستان* نەبوو، لەبەر ئەوە پرسەکەیان خستبووە ئەستۆی فەرمانبەر و ئەفسەرە بەریتانییەکان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، بەتایبەتی ئەوانەی لە *عێراق* و *کوردستان* خزمەتیان دەکرد (Eskander 2000: 139). ئەوکات فەرمانبەرە بەریتانییەکان، لە پەیوەند بە پرس و چارەنووسی *باشووری کوردستان*، بەسەر دوو گرووپدا دابەش ببوون. **پێرسی کۆکس**، کە جێگەی **ئارنۆڵد ویلسن**ی وەک مەندووبی سامیی *بەریتانیا* گرتبووەوە، لەگەڵ خانم **گێرترود بێڵ**، سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات، سەرۆکایەتیی گرووپێکیان دەکرد. ئەم گرووپە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە *باشووری کوردستان* بلکێنرێت بە *عێراق*ەوە. گرووپی دووەم کە لە **مەیجەر نۆئیل** و **مەیجەر یۆنگ** پێک هاتبوو، پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییان دەکرد، کە سنوورەکانی دەکەوتنە باکووری هێڵێک لە *موسڵ*ەوە تا *خانەقین* (البیاتی ٢٠٠٥: ١٧٢؛ کورن ٢٠٠٧: ٥٤-٧٠). لە

کۆنفرانسی *قاهیره* که له ساڵی ١٩٢١ بەسترا، چارەنووسی *عێراق* دیاری کرا، کەچی لایەنە بەشداربووەکان لەسەر دوارۆژی *باشووری کوردستان* نەگەیشتنە رێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە. *تورکیا* بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناوچەکانی *ویلایەتی موسڵ*، *کوردستانی باشوور*، بەشێکی جیانەکراوەن لە *تورکیا*، چونکە ئەو ناوچانە لە دوای وەستانی شەڕ و *رێککەوتنی مودرۆس*، کە لە نێوان عوسمانییەکان و هاوپەیمانەکانەوە واژۆ کرابوو، داگیر کرابوون. پرسەکە لە کاتی گفتوگۆکانی *کۆنفرانسی لۆزان* دیسان خرایەوە سەر مێز، بەڵام دیسان تورکەکان و بەریتانییەکان نەگەیشتنە رێککەوتنێک. بۆیە پرسەکە حەواڵەی *کۆمەڵەی گەلان* (*League of Nations*) کرا بۆ یەکلاییکردنەوە. لەو کاتەوە کێشەی *باشووری کوردستان* لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، بە کێشەی موسڵ ناسراوە (بڕوانە بەشی سێیەم).

پێش کۆنفرانسی *قاهیره* و *لۆزان*، لایەنە سەرکەوتووەکانی یەکەم جەنگی جیهانی پەیمانێکیان لەگەڵ عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩٢٠ مۆر کرد، کە بە *پەیمانی سیڤەر* ناسراوە. مادەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ تایبەت کرابوون بۆ چارەسەرکردنی پرسی *کوردستان*، باکوور و باشوور. مادەی ٦٤ بە ڕاشکاوی دەڵێت:

"ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لە مێژووی دەستبەکاربوونی ئەم پەیمانەوە، کوردەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی لە مادەی ٦٢ی ئەم پەیمانە دەستنیشانکراوە،[1] داوایەکیان پێشکەش بە *ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان* کرد، بە شێوەیەک پیشانیان دا کە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە ئارەزوو دەکەن لە *تورکیا* جیا ببنەوە و ئەنجوومەنیش دوای ڕەچاوکردن، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەم خەڵکە دەتوانن ئەو سەربەخۆییە بپارێزن و ڕاشی سپارد کە سەربەخۆییان پێ بدرێت، ئەوە *تورکیا* لە ئێستاوە پەیمان دەدات ئەو ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکات و دەستبەرداری هەموو ماف و ئیمتیازێکی خۆی

[1]. ئەو ناوچانەی لە مادەی ٦٢ دیاری کراون، بریتین لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردنشینن و دەکەونە نێوان ڕۆژهەڵاتی زێی *فورات* و باشووری سنورەکانی باشووری *ئەرمینیا*، کە دواتر دیاری دەکرێن، لەگەڵ باکووری سنوورەکانی *تورکیا* لەگەڵ *سووریا* و *مێزۆپۆتامیا*.

بێت لەو ناوچانەدا. ئەگەر، یان هەر کاتێک ئەم دەستبەردارییە هاتە ئاراوە، ئەوا لایەنە سەرەکییەکانی هاوپەیمانان نابێت هیچ بەرهەڵستییەک پیشان بدەن لەسەر پێکەوەلکانی ئارەزومەندانەی ئەو کوردانەی کە ئێستا بەشێکن لە *ویلایەتی موسڵ*، بە کوردەکانی دەوڵەتە سەربەخۆکەی *کوردستان*."[1]

سەرەڕای ئەم هەموو بەڵێنە کە لەو بەڵگە فەرمییەدا هاتبوو، کەچی با بە پێچەوانەی ئارەزووی کەشتیی کوردان هەڵی کرد و هیچی لێ جێبەجێ نەکرا، چونکە *پەیمانی لۆزان*، کە لە ساڵی ١٩٢٣ واژۆ کرا، جێگەی *پەیمانی سیڤەری* گرتەوە. پەیمانێک کە تاکە یەک ئاماژەشی بە کورد و *کوردستان* نەکردبوو. ئەمە لە کاتێکدا کە بڕگەیەک بە تەواوی لە *پەیمانی سیڤەر* بە ناونیشانی *کوردستان* نەک هەر ئاماژەی بە پرسی کورد کردبوو، بەڵکو پشتیوانیی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد. *پەیمانی لۆزان* داوای لە وڵاتانی ناوچەکە کردبوو کە "ڕێز لە مافی کەمینەکان بگرن". ئەگەر بە وردییش تەماشای پەیمانەکە بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە کەمینەکان، کەمینە ئاینییەکانی وەک ئەرمەنی و کریستیانەکانە، نەک کەمینە نەتەوەییەکان، وەک کورد.[2]

بزووتنەوەکەی **شێخ مەحموود** و شەڕ و یاخیبوونەکانی، تاکە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردەکان نەبوو دژ بە *بەریتانیا*، لە کاتی یاخیبوون و پاش کۆتاییهاتنی شۆڕشەکەش کۆمەڵێک ڕێکخراوی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەری بچووک، بەڵام چالاک، لە ناوچەکە کارا بوون. زۆربەیان لە لایەن ڕۆشنبیر و ئەفسەرە کوردەکانی ئەوکات لە *سلێمانی* و دەوروبەری دامەزرابوون. لەوانە *بەرزیی وڵات*، *گزنگی کوردستان*، *فیداکارانی کورد* و *وەتەنپەروەران*. کاتێک **شێخ مەحموود** دەستگیر کرا، *کۆمەڵەی بەرزیی وڵات* بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای ئازادکردنی **شێخی** کرد. هاوکات داوای لە ئینگلیزەکانیش کرد کە *کوردستان* بەجێ بهێڵن و بە ڕاشکاوانە دەیانگوت

---

[1]. بۆ دەقە ئینگلیزییەکەی *پەیمانی سیڤەر* تەماشای (HR-Net) بکە لە <https://goo.gl/7FdetP>.

[2]. بۆ دەقە ئینگلیزییەکەی *پەیمانی لۆزان* تەماشای (HR-Net) بکە لە <https://goo.gl/AOsVHz>.

"*کوردستان* نیشتمانی کوردانە" و "ئینگلیزەکان لێرە بێگانەن." (البیاتی ٢٠٠٥: ١٧٥-١٧٦).

تێگەیشتنی **شێخ مەحموود** و کەسانی دەوروبەری لە پەیوەند بە *بەریتانیا* و *عێراق* و چارەنووسی کوردەکان، تا ڕادەیەکی چاک، ڕوون بوو. ئەوان دەیانویست یان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت، یان بە ڕێککەوتنێک بکەن لەگەڵ بەریتانییەکان، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە لە ناوچەکانی خۆیان، بە سنوورێکی دیاریکراوەوە، بخرێنە ژێر ئینتیدابی بەریتانییەکان. دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکەش کوردیان وەک گروپێکی نەتەوەیی شایستە بە مافی چارەنووس دەبینی. بەشێکی تێڕوانینەکانیان بنەمای لەسەر ئەو بەڵێنانە دانابوو، کە دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک *بەریتانیا* و *فەڕەنسا* و *ئەمەریکا*، لە کاتی جەنگ و لە دوای جەنگ بە نەتەوەکانی ناوچەکەیان دابوو، وەک بەیاننامە چواردە خاڵییەکەی **ودرۆ ویلسن**، کە خەختی لەسەر ئازادیی گەلانی ژێردەستی عوسمانییەکان دەکرد. چالاکییەکانی ڕۆشنبیران، چ لەو بەیاننامانەی بڵاویان دەکردەوە و چ لەو گوتارانەی دەیاننووسی، ئەوەیان پێوە دیار بوو کە ئەوان شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود**یان وەک یاخیبوونێکی عەشیرەتگەرییانە تەماشا نەدەکرد، بەڵکو وەک شۆڕشێکی نەتەوەیی دەیانبینی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەریتانییەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ماکی عەشیرەتگەری و ناوچەیی لە ناوچەوانی ڕاپەڕینەکە بدەن. بێجگە لەناوچە کوردییەکان، دەڤەرەکانی باشوور و ناوەڕاستیش دوای ساڵێک لە شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود**، شلۆقییان بە خۆوە بینی.

## شۆڕشی بیست: بناغەی ئەفسانەی نیشتمانپەروەریی عێراقی

لە ٣٠ ی تەمووزی ١٩٢٠دا، دەسەڵاتدارانی بەریتانی، **شەعلان بن جون**، سەرۆکی عەشیرەتی *زەوالم*یان گرت. کاتێک ئەندامانی عەشیرەتی *زەوالم* و عەشیرەتەکانی دەوروبەر هەواڵی گرتنی **شەعلان**یان بیست، هێرشیان کردە سەر ئەو بنکەیەی کە **شەعلان**ی تێدا دەستبەسەر کرابوو و ئازادیان کرد. ئەم ڕووداوە بوو بە بڵێسەی ڕاپەڕینێک کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو ناوچەکانی *فوراتی ناوەڕاست*ی گرتەوە، کە بە *شۆڕشی بیست* ناسراوە.

سەرکەوتنە خێرا و یەک لەدوای یەکەکانی هێزە عەشیرەتگەرییەکان، دارمانی شەوکەتی *بەریتانیای مەزنی* لێ کەوتەوە و بووە مایەی هاندانی عەشیرەتەکانی دیکە کە بێنە پاڵ شۆڕشگێڕان. سەرەڕای ئەوەی کە پرووشکەکانی شۆڕشەکە گەیشتە زۆربەی ناوچەکانی *عێراق*، وەک *دیالە* لە باکوور، کەچی ناوچەکانی *فوراتی ناوەڕاست* وەک گۆڕەپانی سەرەکیی شەڕ و پێکدادانەکان مایەوە. لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر، هێزەکانی ئاسمانی و زەمینیی *بەریتانیا* هێرشیان کردە سەر شۆڕشگێڕەکان لە هەموو ناوچەکان. نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و ڕێکخراو، هەروەها کەمیی زەخیرە و ئازووقەی شەڕ لە لایەک و بەهێزی و پڕچەکیی هێزەکانی *بەریتانیا* لە لایەکی دیکە، لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی شکستهێنانی شۆڕشەکە بوون (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٥، ٢٣٦-٣٦٧، ٣٧٤-٣٧٨). قەبارەی شۆڕشەکە لە شەڕ و پێکدادانەکان و زیانە گیانی و مادییەکانەوە دەردەکەوێت؛ بەگشتی ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زیانی هێزەکانی *بەریتانیا* ١٠٤١ کوژراو و ونبوو و ١٢٢٨ بریندار بوو. ژمارەی شەڕڤانەکان بە نزیکەی ١٣٠،٠٠٠ کەس مەزەندە کراوە، کە ٨٤٥٠ کەسیان لە شەڕەکاندا کوژراون (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٥، ٣٧٨؛ احمد ١٩٨٥: ١٩٤-١٩٥). ئەم ژمارانە بۆ ئەوکاتی *عێراق* ئێجگار گەورەن، چونکە ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەوکات بە سێ ملیۆن کەس مەزەندە کراوە (Tripp 2002: 31).

پاڵنەری سەرەکیی شۆڕشەکە پەیوەندیی بەو تێگەیشتنانەوە/جێکەوتانەوە (Mindset) هەبوو، کە لە ئاکامی بەڵێنەکانی *بەریتانیا* لە لای عەرەبەکانەوە خەملێبوون، ئەویش خۆی لە یارمەتیدانیان لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان خۆی دەبینییەوە. لەبری ئازادکردنیان، ڕاگەیاندنی ئینتیداب لە لایەن بەریتانییەکانەوە بەسەر *عێراق* وەک خیانەتێک و شکاندنی بەڵێنەکان دەبینران. لە پاڵ ئەمانە، ڕەتکردنەوەی ژیان لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتێکی بێگانەی "کافر" لە لایەن پیاوانی ئایینیی شیعە و خەڵکەکە، پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ شۆڕشەکە. دیارە نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە دانانی باج لەسەر سەرۆکعەشیرەتەکان هۆکارێکی دیکە بوو کە وای لە خاوەن زەوییەکان کرد، دەسەڵاتی بەریتانیی باجگر ڕەت بکەنەوە. لەمە

زیاتر قسە لەسەر هۆکار و پاڵنەرەکانی شۆڕشەکە ناکەین، چونکە قسەکردن لەسەر هۆکارەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشەکە لە دەرەوەی ئامانجەکانی ئەم کتێبەیە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی شۆڕشەکەیە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای خۆی و لەسەر نەخشەی سیاسەتەکانی *بەریتانیا* لەمەڕ *عێراق* و شوناسی دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکە، لەگەڵ وردبوونەوە لە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان لە پەیوەند بە شۆڕشەکە.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین *شۆڕشی بیست*، تا ڕادەیەکی چاک، سیما و فۆڕمی *دەوڵەتی عێراقی* دیاری کرد. یەکێک لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی شۆڕشی بیست، لێکنزیکبوونەوەی دوو پێکهاتە مەزهەبییەکەی *عێراق*، شیعە و سوننە بوو، بەتایبەتی لە *بەغداد*. هاوکاری و هاوسۆزیی شیعەکان و سوننەکان بۆ یەکدی لە مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵە زەقتر بووەوە. سوننەکان بەشداریی ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* و *تازیە* و لەخۆدانەکانی شیعەکانیان دەکرد و شیعەکانیش لە لای خۆیانەوە بەشداریی ڕێوڕەسمەکانی مەولوودی پەیامبەرەیان لەو ساڵەدا دەکرد، کە لە لایەن سوننەکان ڕێک خرابوو (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٥، ١٨٥-١٨٦). سێ کەسایەتیی بەغدادی، **سەید محەمەد سەدر** و **ئەحمەد شێخ داود** و **محەمەد مەهدی بەسیر**، ڕۆڵی کاریگەریان لە لێکنزیکردنەوەی شیعەکان و سوننەکان و ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان و پشتیوانیکردن لە *شۆڕشی بیست* بینی. بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەم دوو گروپە، هەموو هۆکارێک خرابووە گەڕ، وەک بڵاوکردنەوەی حیکایەتێک کە گوایە **ئەبو حەنیفە** (گەورە ئیمامی سوننەکان ٦٩٩-٧٦٧) لەسەر دەستی **جەعفەر سادق** (گەورە ئیمامی شیعەکان ٧٠٢-٧٦٥) وانەی خوێندوە.[١] لە ڕاستیدا هاوکاری خەڵکی ئەوکاتی *بەغداد* سنوورەکانی ئایینیشی بەزاندبوو، ئەوەش لە بەشداریکردنی جوولەکەکان و کریستیانەکان لە نارەزایەتییەکاندا دەردەکەوت. لەمیانی خوێندنەوەی گوتار و شیعرو پەخشان و هۆسەلێدانەوە، سەرکردە

---

[1]. گەورە مێژوونووس و کۆمەڵناسی عێراقی، **عەلی وەردی** دەڵێت: "ئەم حیکایەتە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پشتڕاستی ناکاتەوە، بەڵام خەڵکەکە باوەڕی پێ کردبوو." (الوردی ٢٠٠٥الف: ج ١/٥، ٢٠٥).

ئایینییەکان و شاعیرەکان، هانی خەڵکەکەیان دەدا کە کۆک بن و خەبات بکەن بۆ وەدەرنانی داگیرکەرە بێگانە ئینگلیزەکان (Nakash 2003a: 70; Marr 2004a: 23).

بە بنەما لەسەر لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکانی *عێراق*، هەندێک لە ئەکادیمییە ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە کە *شۆڕشی بیست* زادەی گەشەی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی عێراقی بووە لە دژی بەریتانییەکان، کە گوایە لە دوای شکانی *ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی* لە *عێراق* سەری هەڵدا. مەبەست لە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی عێراقی، ناسیونالیزمی عێراقییە، ئەوەی ئەوان وەک "Iraqi Nationalist Movement" ناوی دەبەن، کە لە عەرەبییەکەی دەبێتە "الحركة الوطنية العراقية" (بۆ نموونە بڕوانە Davis 2005b: 231). مێژوونووس و ڕۆشنبیرە عێراقییەکانیش، وەک **عەبدولڕەزاق حەسەنی، عەبدوڵا فەیاز، حەسەن عەلەوی** و **عەبدولکەریم ئەزری**، **شۆڕشی بیست** وەک "گەورە شۆڕشی عێراقی (الثوره العراقية الكبرى)" پەسن دەکەن و بە شۆڕشی دامەزرێنەری *عێراق*یشی دادەنێن (الحسنی ١٩٧٢؛ الفياض ١٩٧٤؛ العلوی ١٩٩٠: ١٣٤؛ الازری ١٩٩١: ٣٢٨). **عەلی وەردی**، کۆمەڵناسی ناوداری *عێراق* و **عەبدولخالق حسێن**، هاوڕای ئەمانەی سەرەوە نین و دەڵێن ڕاستە خەڵکەکە لە ژێر دورشمی نیشتمانپەروەریدا شەڕیان دەکرد و چەمک و زاراوەی وەک "*عێراق*" و "عرووبە" و "وەتەن"یان بەکار دەهێنا، بەڵام ئەم زاراوە و چەمکانە بۆ زۆربەیان هیچ مانایەکی نەدەبەخشی و تێینەدەگەیشتن (الوردی ٢٠٠٥أ: ج ١/٦، ٣١٤؛ حسين ٢٠١١: ٦٣-٦٤).

بۆ تێگەیشتن لە *شۆڕشی بیست* و هەڵسەنگاندنی ئەو تێڕوانینانەی لەو بارەیەوە تا ئێستا دەربڕاون، دەبێت لە چوارچێوەی بارودۆخی ئەوسای *عێراق*، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە داگیرکردن و شوناسی داگیرکەرەکەوە هەیە، وردبوونەوە بۆ شۆڕشەکە بکرێت. لەبەر پێگەی *شۆڕشی بیست* لە خەیاڵگەی عێراقییەکان و گرنگیی بۆ ئەکادیمییەکان، وا چاکە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکرێت. لە سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە لێکنزیکبوونەوە و یەکێتیی پێکهاتەکانی ئەوکاتی *عێراق*، زیاتر پەیوەندیی بە هەست و سۆزی ورووژاو لە دژی بەریتانییەکان هەبوو لە هەر شتێکی دیکە. خەبات و شەڕ لە دژی

دوژمنێکی غەیرەموسڵمانی کریستیان، چەتری کۆکەرەوەی هەموو تێکۆشەرەکان و شەڕڤانەکان بوو و پاڵنەری سەرەکیی لێکنزیکبوونەوەکەش بوو. دەبێت ئەو ڕاستییەش بخرێتە بەرچاو، کە ئەوکات *عێراق* دەوڵەت و خاک و کۆمەڵگەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو نەبوو، بۆ نموونە، ناوچە کوردنشینەکانی *ویلایەتی موسڵ* هێشتا بە فەرمی نەخرابوونە سەر *عێراق*، ئەمە چ جای کۆمەڵێک بەڵگە و ڕووداوی مێژوویی، کە نەک هەر یەکدیدی، بەڵکو دژەدیدیی پێکهاتەکانی *عێراق* لەوکات پشتڕاست دەکاتەوە لەوەی یەکێتی و هاودیدییان پیشان بدات. لە خوارەوە تیشک دەخرێتە سەر هەندێکیان.

لە گەرمەی هێرش و هەڵمەتەکان لە *کەربەلا* و *حلە* و *نەجەف*، شۆڕشگێرە شیعەکان ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی* و جارجاریش ئاڵای عەشیرەتەکانی خۆیان لەسەر ئەو باڵەخانە و دەزگا حکومییانەی کە داگیریان دەکرد، بەرز دەکردەوە (بڕوانە وێنەی ٢-٢). هاوکات شەڕڤانەکان هۆسەیان بە شان و باڵ و مێژووی نەمریی "عرووبە"دا هەڵدەگوت. لە ئەدەبیاتی ئەوکات، بەشداربووانی شۆڕشەکە وەک "سوپای عەرەب" نەک سوپای عێراق، ناوزەند دەکران (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٥، ٢٨٩، ٣٢٦-٣٣٦؛ العلوی ١٩٩٠: ١٣٦؛ نظمی واخرون غ. م: ١١٢). ئەگەر ڕاپەڕینەکە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی عێراقیی کردبا، وەک ئەوەی هەندێک ئەکادیمی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا دەبوو ئاڵای *عێراق* هەڵبگرن و سوپاکەیان ناوی سوپای *عێراق* بایە، نەک ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی* هەڵبگرن، کە ئاڵایەک بوو سیمبولی شۆڕشێک بوو لە نیمچە*دوورگەی عەرەبی* بەرپا ببوو.

ئامانجی ئەو شۆڕشەی کە لە *کوردستان* ساڵێک پێشتر هەڵگیرسابوو، ئەوکات خامۆش ببووەوە، ڕزگاربوون و سەربەخۆیی بوو بۆ کوردەکانی *باشووری کوردستان*. سەربەخۆییخوازیی شۆڕشەکە لە بەرزکردنەوەی ئاڵای کورد، ئاڵای حکومەتەکەی **شێخ مەحموود**، هەروەها لە نەخشەکردنی ئارمی حکومەت و دەرکردنی پوول بە ناوی حکومەتەکەوە ڕەنگی دابووەوە (بڕوانە وێنەی ٢-١). لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین خەباتی کوردەکان لە ژێر سەرکردایەتیی **شێخ مەحموود** تێکۆشان بوو بۆ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی

*باشووری کوردستان*، بۆیە ناکرێت ئەم شۆڕشە وەک بەشێکی تەواوکەری شۆڕشی بیست هەژمار بکرێت. ڕاستە هەردوو شۆڕشەکە لە دژی *بەریتانیا* بوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە هاوکاریی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩١٩ی **شێخ مەحموود** و شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٠ی باشووری *عێراق* بسەلمێنێت. ئەوە بێجگە لەوەی کە ئامانجی هەردوو شۆڕشەکە، وەک ئاماژەیان پێ کرا، تەواو لێک جیا بوون، ئەگەر نەڵێین دژبەیەک بوون.



*وێنەی ٢-١: ئاڵای حکومەتی شێخ مەحموود*



*وێنەی ٢-٢: ئاڵای شۆڕشی عەرەبی*

سەرەڕای ئەمە، *شۆڕشی بیست* بوو بە بناغەی ئەفسانەی نیشتمانپەروەریی عێراقی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت عێراقییە نیشتمانپەروەرەکان لە ڕەوتە چەپەکانەوە، وەک حزبی *شیوعی*، تا دەگاتە ڕەوتە ئیسلامییەکان، وەک حزبی *دەعوە* و *مەجلیسی ئەعلا*، بە شۆڕشی دامەزرێنەری *دەوڵەتی عێراقی* دادەنێن. لە دوای ڕووخانی پادشایەتییەوە، لە بەرنامەی خوێندنی خوێندنگەکانی عێراق *شۆڕشی* بیست هەمان وێنای نیشتمانپەروەریی بۆ کراوە. لە بەرانبەر ئەودا، شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** و حکومەتە تەمەنکورتەکەی بوون بە بەشێک لە ئەفسانەی ناسیونالیزمی کوردی و نیشتمانپەروەریی کوردستانی (بڕوانە ساڵح ٢٠٠٦أ؛ ٢٠٠٦ب؛ حەفید ٢٠٠٦). شاعیری ناسراوی کورد **شێرکۆ بێکەس**، شیعرێکی پەنجاوهەشت لاپەڕەیی بە ناوی *داستانی بەردە قارەمان* نووسیوە. شیعرەکە لە ساڵی ١٩٨٣، شەست ساڵ دوای شەڕەکەی *دەربەندی بازیان* نوسراوە (بێکەس ١٩٩٥: ٤٣٠-٤٨٨). **کاوێس ئاغا**، لاوکبێژی بەناوبانگی کورد، لاوکێکی لەسەر جوامێری و شەڕەکانی **شێخ مەحموود** چڕیوە، کە کەم کورد هەیە نەیبیستبێت. چەندان

لاوک و شیعر و دەیان نووسراوی دیکە لەسەر **شێخ مەحموود** و حکومەتەکەی و شەڕەکانی، نموونەی زەقن لەسەر کاریگەریی شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** لەسەر خەیاڵگەی نەوەی نوێ و ڕۆشنبیرانی *کوردستان* و هەستو سۆزی ناسیونالیزمی کوردی. ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** بەشێک لە کۆیادی کورد پێک دەهێنێت و بووەتە بەشێک لە ئەفسانەی ناسیونالیزمی کوردی. بە هەمان شێوە، *شۆڕشی بیست* بۆ عێراقییەکان بووە بە بەشێک لە کۆیاد و بەردی بناغەی ئەفسانەی نیشتمانپەروەریی عێراقی. ئەم دوانەش دوودیدی و ناتەبایی دیدی کوردەکان و عەرەبەکانی *عێراق* بۆ نیشتمان و نەتەوە و ناسیونالیزم پیشان دەدات.

لە پەیوەند بەو یەکێتییەی نێوان شیعەکان و سوننەکانیش، کە هەم لە لایەن عێراقییەکان و هەم هەندێک ئەکادیمیی ڕۆژئاوا قەبە کراوە، وا چاکە هەندێک ورد ببینەوە، چونکە چوونە بنجوبنەوانی ڕووداوەکان، وێنەیەکی دیکەمان پیشان دەدات. لە سەرەتادا دەبێت ئەوە بڵێین کە بێجگە لەو نزیکبوونەوەیەی کە لە بەغداد دەکەوتە بەرچاو، کە **یوسف سوەیدی،** کەسایەتیی ناوداری سوننە ڕۆڵی تێدا دەبینی، سوننەکان بەگشتی هیچ ڕۆڵیان لە شەڕ و پێکدادانەکانی *فوراتی ناوەڕاست* نەبینی. لە ڕاستیدا گەورەترین ڕێکخراوی ئەوسای سوننەکان، *کۆمەڵەی عەهد* (*جمعية العهد*)، نەک هەر پشتیوانیی لە شۆڕشگێرەکانی *شۆڕشی بیست* نەکرد، بەڵکو کۆمەڵێک بەڵگە بە دەستەوە هەن، پیشان دەدەن کە هەندێک لە ئەندامەکانی هەوڵی بەشداریکردنیان داوە لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکە. بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی، چەند کەسایەتییەکی ناودار لە *کۆمەڵەی عەهد*، لەوانە **نووری سەعید** و **جەعفەر عەسکەری** و **سابت عەبدولنوور**، بە ناوی خۆیان و کۆمەڵەکەیانەوە بە بەریتانییەکانیان ڕاگەیاندوە، کە کۆمەڵەکەیان "دەتوانێت یارمەتییەکی بەنرخ پێشکەش بە ئینگلیزەکان بکات بۆ هێمنکردنەوەی بارودۆخی *فوراتی ناوەڕاست*". (احمد ١٩٧٨: ١٦٨؛ نظمی ١٩٨٦: ١٥٩؛ حسين ٢٠١١: ٧٣؛ العلوی ١٩٩٠: ١٣٨).[١]

---

[1]. **ئەحمەد** و **نەزمی** ئاماژەیان بە ڕاپۆرتی ژمارە (F.O. 371/5231) لە ئەرشیفی نیشتمانیی *بەریتانیا* کردووە.

هەڵوێستی *کۆمەڵەی عەهد* لە *شۆڕشی بیست* بایەخ و سەنگی خۆی هەیە، چونکە: یەکەم، کۆمەڵەکە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە عێراقییەکانی *سوپای عوسمانی* پێک هاتبوو. لە ساڵی ١٩١٤دا ژمارەی ئەفسەرە عێراقییەکان لە *سوپای عوسمانی* ١٣٣٨ ئەفسەر بوو (نظمی واخرون غ. م: ٦١). ئەفسەرەکان هەموویان سوننە بوون، چونکە ڕێگە بە شیعەکان نەدەدرا لە کۆلیژە سەربازییەکانی عوسمانییەکان وەربگیردرێن (العلوی ١٩٩٠: ١٣٣). لە هەر دە ئەفسەری عێراقی کە لە *سوپای عوسمانی* خزمەتیان دەکرد، گوایە حەوتیان ئەندام بوونە لە *کۆمەڵەی عەهد*. بەپێی بەڵگەکان، وا پێ دەچێت لانیکەم ٤٠٠ ئەفسەری عێراقی لەو کۆمەڵەیەدا ئەندام بووبن (نظمی واخرون غ. م: ٤٣؛ الغطاء ١٩٨٩: ٢٤؛ علیوی ٢٠٠١: ٢٨). دووەم، وەک ڕوونە *کۆمەڵەی عەهد* لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا کۆمەڵەیەکی پڕتوانا بووە، بێجگە لەمە، گرنگیی *عەهد* لەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەندامەکانی دوای دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*، ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لە ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتەکە تا سالی ١٩٥٨ بینی، بەتایبەتی **نووری سەعید، جەعفەر عەسکەری، یاسین هاشمی، تەها هاشمی، جەمیل مەدفەعی، عەلی جەودەت، مەزاحیم پاچەچی** و **حامید پاچەچی**. لە ٥٩ کابینە، کە لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٥٨ لە *عێراقی* پادشایی پێک هێنرا، ٣٢ کابینەیان لە لایەن ئەفسەرە ئەندامەکانی *کۆمەڵەی عەهد*، وەک سەرۆکی حکومەت، پێک هێنراوە. لە ڕاستیدا دژەهەڵوێستیی *کۆمەڵەی عەهد* بەرانبەر *شۆڕشی بیست*، بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە دەبینرێت (احمد ١٩٧٨: ١٦٧-١٦٨).

وردبوونەوە لە هەڵوێستی کەسایەتییە دیارەکانی سوننە لە ئانوساتی *شۆڕشی بیست*، بە هەمان شێوە دەردەخات کە لێکنزیکبوونەوەکەی شیعەکان و سوننەکان ڕوکەشانە بووە. لە ڕاستیدا قسە و لێدوانەکانی کەسایەتییە سوننەکان سروشتی لاوازیی پەیوەندییەکان و ناتەبایی دیدەکانیان لەگەڵ شیعەکان دەردەخات. **سلێمان فەیزی**،[1] کە کەسایەتییەکی دیاری سوننەکان

---

[1]. **سلێمان فەیزی** (١٨٨٥-١٩٥١) نوێنەری *بەسرە* بوو لە پەرلەمانی عوسمانییەکان و یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی *کۆمەڵەی عەهد*. ئەندامی *پەرلەمانی عێراقیش* بوو لە ساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٦ (فیضی ١٩٩٨).

بوو، له دانیشتنێکدا به **گێرترود بێڵ**ی گوتووه که "قێزەونترین شت لای من ئەو یەکێتییەی نێوان شیعەکانو سوننەکانە، دەسەڵات گرتنەدەستی شیعەکان بۆ من کارەساتێکە کە ناتوانم وێنای بکەم." (الوردی ۲۰۰۵ا: ج ۱/۵، ۲۱۰). بە هەمان شێوە، **عەبدولڕەحمان نەقیب**، ناودارترین کەسایەتیی سوننەی ئەوکاتی *بەغداد*، کە دواتر بوو بە یەکەمین سەرۆکوەزیرانی *عێراق*، لە دیدارێکی لەگەڵ **گێرترود بێڵ** لە ماڵی خۆی لە شوباتی ۱۹۱۹، زۆر بە خراپی باسی لەو شیعانە کردووە کە دژایەتیی سیاسەتەکانی *بەریتانیا* دەکەن. بەپێی نامەیەکی **بێڵ**، **نەقیب** پێی گوتووە کە "ئەوانەی دژایەتیی ئینگلیز دەکەن، کۆمەڵێک کەسی بێسومعە و بێشەرەفن. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر پێیانەوە (شیعەکان) دیارە، سوک و چرووکییانە. ئەوان خۆیان **ئیمام حسێن**یان کوشت و ئێستاش دەیپەرستن، وەک چۆن خودا دەپەرستن. ڕاڕایی و بتپەرستی دوو خەسڵەتی ئەوانە، نەکەی قەت پشتیان پێ ببەستیت". (الوردی ۲۰۰۵ا: ج ۱/۵، ۹۳-۹٤). لەگەرمەی شەڕو پێکدادانەکانیش **تالب نەقیب**، کەسایەتییەکی ناسراوی سوننە لە *بەسرە*، کە دواتر بوو بە وەزیری ناوخۆ لە یەکەم کابینەی *حکومەتی عێراق*، ئاهەنگێکی ماڵئاوایی بۆ مەندووبی سامیی بەریتانی لە ۱۹ی ئابی ۱۹۲۰ ڕێک خست. لە ئاهەنگەکەدا کە شاعیری ناسراو، **جەمیل سدقی زەهاوی**یش بەشداریی تێدا کردبوو، شیعرێکی حەمدوسەنا و سوپاسگوزاری بۆ کارەکانی **ئەرنۆڵد ویلسن** خوێندەوە، زەمی *شۆڕشی بیست* و شۆڕشگێڕەکانی تێدا کردبوو. ئەم ئاهەنگگێڕانە لەگەڵ بەریتانییەکان و پیاهەڵدان بە بەژنوباڵایاندا لە کاتێکدا ئەنجام دەدران، کە هێزەکانی *بەریتانیا* سەرقاڵی سەرکوتکردنی *شۆڕشی بیست* بوون. لە ئاهەنگەکەدا **تالب نەقیب** وەک **زەهاوی** لەعنەتی لە شۆڕشگێڕەکان کرد (الوردی ۲۰۰۵ا: ۱/٦، ۱۲).

چەند ڕۆژێک دواتر ئاهەنگێک بۆ بەخێرهێنانی مەندووبی سامیی نوێ، **سێر پێرسی کۆکس**، لە *بەسرە* بەڕێوە چوو. **مەزاحم پاچەچی**، کەسایەتییەکی دیکەی سوننە، کە لە ساڵی ۱۹٤۸ بوو بە سەرۆکوەزیرانی *عێراق*، ئەم چەند دێڕەی لە پەیوەند بە *شۆڕشی بیست* بۆ ئامادەبوان خوێندەوە:

"زۆرم پێ ناخۆشە کە حەماقەتی هەندێک لە عەرەبەکان بووەتە مایەی ئیزعاجکردنی ئوممەی بەریتانی لەو ئەرکە پیرۆزەی کە خستوویەتیە ئەستۆی

خۆی. هەندێک کار ئەنجام دراوە لەپێناو هەندێک خەون کە یەکەم، نایەنە دی، دووەم، لەپێناو بەرژەوەندیی شەخسین. ئەو بزوتنەوەیەی ئێستا عەرەبی نییە، بەڵکو چەند عونسرێکی بێگانەی تێکەڵ بووە، کە بە داخەوە سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ناو و ناودەنگ و خوێنی عەرەبی لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا. مەبەستیشیان لاوازکردنی مەقامی *بەریتانیای عوزما*یە. ئەو شۆڕشەی ئێستا کە هەندێک خێڵی بەدەوی پێی هەستاون، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک وەک شۆڕشێکی وەتەنیی حەقیقی، کە داوای سەربەخۆیی بکات، ببینرێت. بنەماڵە ناودارەکانی *بەغداد* سۆزیان بۆ شۆڕشێک نییە کە وڵاتەکەی وێران کردووە. ئەوەی من دەیڵێم هەست و سۆزی ئەو خەڵکەیە کە هەڵوێستیان بایەخی خۆی هەیە." (الوردی ٢٠٠٥ا: ١/٦، ١٣-١٤)

کاتێک، **پێرسی کۆکس**، مەندووبی سامیی نوێ، گەیشتە *بەغداد*، کۆمەڵێک خوانی گەورەی بۆ ساز کرا. لە یەکێک لەم خوانانەدا، **جەمیل سدقی زەهاوی** شیعرێکی درێژی لە پیاهەڵدانی نوێنەری نوێ خوێندەوە و داوای لێ کرد بگەڕێتەوە *عێراق*،[1] چونکە بە گوتەی ئەو، لەوەتەی ئەو *عێراقی* بەجێ هێشتووە، وڵات خراوەتە پشێوی و ئاشووبێک کە ڕۆح و جەستەی ئازار دەدات. هەندێک لەعنەتیشی بۆ شۆڕشگێرە شیعەکان ڕەوانە کرد (الوردی ٢٠٠٥ا: ١/٦، ١٧-١٨).

ئەم نموونانەی سەرەوە پیشان دەدەن کە پەیوەندی و لێکنزیکبوونەوەکەی شیعەکان و سوننەکان، پەیوەندییەکی فشۆڵ و کاتی و ناستراتیجی بووە، بەتایبەتی ئەگەر دیدی سەرکردە سوننەکان بکەینە پێوەر. لە ڕاستیشدا هەر ئەو دیدەی ئەوان بوو لە کۆتایی بوو بە پێوەر، چونکە ئەو کەسایەتییانەی کە ئاماژە بە تێڕوانینەکانیان بۆ شیعەکان کرا، لە ساڵانی دواتر بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ جڵەوی حوکمیان گرتە دەست. دیدە دەمارگیرییەکەشیان وەک ئەوەی لە تێڕوانینەکانیان دەردەکەوێت، ئاواش ڕەنگی دایەوە لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی *دەوڵەتی عێراق* لە ساڵانی دواتردا.

---

[1]. **پێرسی کۆکس** پێشتر لە *عێراق* بوو، بەڵام بۆ ماوەیەک کرا بە باڵوێزی *بەریتانیا* لە *تاران*. لە ئەیلولی ١٩٢٠ گەڕایەوە بۆ *عێراق* و جێگەی **ئارنۆڵد ولسن**ی گرتەوە.

لە پەیوەند بە پەرەسەندن و گەشەسەندنی هەستی نیشتمانپەروەریی عێراقیش، کە لە لایەن هەندێک کەسەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، گوماناوییە و جێگەی پرسیارە. حکومەتی کاتیی عێراق لە سەرەتای پاییزی ١٩٢٠ دامەزرا، واتە ڕاست دوای شکستی شۆڕشی بیست. ئەمە بەو مانایەیە کە لە ساڵی ١٩٢٠ عێراق هێشتا دەوڵەت نەبوو. لەبەر ئەوە چۆن دەکرێت باس لە نیشتمانپەروەرییەک بکرێت کە پەیوەستە بە دەوڵەتێک، هێشتا لەسەر نەخشە بوونی نەبووبێت. هەستی نیشتمانپەروەری بۆ دەوڵەت-نەتەوە (Nation-State)، بۆ نموونە عێراق، جیاوازیی هەیە لەگەڵ هەستی ناسیونالیزمی بۆ نەتەوە (Nation)، وەک کورد یان عەرەب، کە بوونیان قوڵایی مێژووییە و ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیتنی کوردی یان عەرەبی، کە لەوانەیە پێش دامەزراندنی دەوڵەت بکەوێت. عێراق ئەوکات ئاڵای نەبوو، کە گرنگترین سیمبولی هەر ناسیونالیزمێک، نەتەوەیەک یان دەوڵەت-نەتەوەیەکە. ئەو هەست و سۆزانەی ئەوکات دەردەبڕدران، لە لایەن شۆڕشگێڕان و سەرکردەکانیانەوە هەستگەلێک بوون کە لە خولگەکانی نەتەوە (عەرەبی) و ئاینی (*ئیسلام*) و مەزهەبی (شیعی یان سوننی) دەسووڕانەوە. ئەم ڕاستییە لە ڕازاندنەوەی شەقامەکانی *بەسرە* و *بەغداد* لە حوزەیرانی ١٩٢١ بە ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی*، نەک عێراقی، دەردەکەوێت لە کاتی گەیشتنی **شازادە فەیسەڵ** پێش ئەوەی ببێت بە پادشای *عێراق*. لە ڕاستیدا یەکەم جار ئاڵای *عێراق* بەرز کرایەوە، ڕۆژی دانانی **مەلیک فەیسەڵ** بوو وەک پادشای *عێراق* لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١، کە دەکاتە ساڵێک دوای شکستی *شۆڕشی بیست*. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانی **فەیسەڵ**، لەبەر ئەوەی *عێراق* سروودی نیشتمانیی نەبوو، ئەوا سرودی نیشتمانیی بەریتانی لێ درا (الوردی ٢٠٠٥: ١/٦، ٨٧، ٩١، ١٢٠). باسکردن لە بوونی هەستی ناسیونالیزمی و نیشتمانپەروەریی وڵاتێک کە لە پێشوازیی شازادەکەی ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی* نەک ئاڵای خۆی هەڵدا و لە کاتی بوون بە پاشادی شازادەکەی سروودی نیشتمانیی وڵاتێکی دیکەی بۆ بچڕن، بە ڕاستی جێگەی پرسیار و سەرسووڕمانە. دەکرێت باس لە شوناس و هەستو سۆزی عەرەبی و کوردی و ئیسلامی بکەین، چونکە هاندەر و پاڵنەری سەرەکی

بوون لە پشت شۆڕشەکەی ساڵی ١٩١٩ی **شێخ مەحموود** و شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٠ی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، نەک شوناس و ناسیونالیزمی عێراقی. وا چاکە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە ساڵی ١٩٣٤ هەندێک ڕۆشنبیری عێراقی ویستبوویان یادی *شۆڕشی بیست* لە هەندێک شاری *عێراق*، لەوانە *بەغداد* و *دیوانییە*، بکەنەوە، بەڵام دەسەڵاتدارە سوننەکان ڕێگەیان پێ نەدابوون (الازری ١٩٩١: ٣٣٠). ئەمە نیشانەیەکی دیکەیە کە دەستەبژێری سیاسیی حوکمبەدەستی عێراقی، تا ساڵی ١٩٥٨ *شۆڕشی بیستی* وەک بەشێک لە میراتی شۆڕشگێڕیی *عێراق* دانەدەنا. ئەوان پێیان وا بوو کە یادکردنەوەکە دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی پێگەی شیعە و پیاوە ئایینییەکان.

لە ڕۆژانی کۆتایی **شۆڕشی بیست**، نوێنەری *بەریتانیا* لەگەڵ هەندێک لە نوێنەرانی شۆڕشگێڕان دانوستانێکیان کرد. لە دانوستانەکەدا نوێنەری شۆڕشگێڕەکان چەند داوایەکی پێشکەش کرد، گرنگترینیان ئەوە بوو کە "دەبێت *عێراق* حکومەتێکی عەرەبی سەربەخۆی هەبێت" (الوردی ٢٠٠٥أ: ٢/٥، ١٦١). لەوەوە دەردەکەوێت کە شۆڕشەکە گرنگیی بە شوناسی عەرەبیی دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکە دەدا زیاتر لە کارەکتەری هەرێمی و نیشتمانی، کە کارەکتەری عێراقن. لەپاڵ ئەمانەدا، لە توێژینەوەیەکی مەیدانی لە ساڵی ١٩٧٨، خوێندکارێکی عێراقی قسەی لەگەڵ چەند کرێکار و کاسبکار و جوتیارێک کردووە، لەوانەی بەشدارییان لە *شۆڕشی بیست* کردبوو. لە توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کە خەڵکەکە "ئەوکات نەیاندەزانی سەربەخۆیی یانی چی"، بەڵام پێیان وا بوو "جیهاد لە دژی ئینگلیزەکان واجبە"، لەبەر ئەوەی ئەوان "بێگانەن و کافرن" (احمد ١٩٧٨: ٢٦، ٤٦). ئەمەش بە زەقی ئەوە پیشان دەدات، کە هۆکاری سەرەکیی بەشداریکردن لە شۆڕشەکەدا پاڵنەرە ئایینییەکان بوون نەک نیشتمانی/عێراقی.

لەوانەیە باشترین پەسن بۆ *شۆڕشی بیست*، ئەوە بێت کە شۆڕشەکە وریابوونەوەیەکی نەتەوەیی/عەرەبی و ئایینی/ئیسلامی بوو لە دژی هێزێکی داگیرکەری بێگانەی "کافر"، کە شەڕکردن بە دژی هەم "جیهاد" بوو، هەم بەرگریکردن بوو لە شەرەف و کەرامەت. ئەوەی گرنگ بێت لێرە، ئەوەیە کە دەبێت ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی ئیسلامی لە لایەک و

نیشتمانپەروەریی عێراقی (ئەوەی لە ڕۆژئاوا پێی دەگوترێت ناسیونالیزمی عێراقی) لە لایەکی دیکە، لێک جیا بکرێنەوە. ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی ئیسلامی دوو ناسیونالیزمی بانەتەوە یان باندەوڵەت-نەتەوەن و سنوورەکانیان سنووری *دەوڵەتی عێراق* دەبڕن، کەچی نیشتمانپەروەریی عێراقی، ناسیونالیزمێکی هەرێمییە و سنوورەکانی دەکەونە سەر سنوورەکانی وڵات و دەوڵەتی عێراق. مەبەست لەم قسانە لە کەدارکردنی *شۆڕشی بیست* یان کەمکردنەوەی گرنگی و کاریگەریی شۆڕشەکە نییە لەسەر ئاڕاستەکانی ڕەوڕەوەی سیاسی لە عێراق، چونکە شۆڕشەکە سەرەتای وێناکردنی *عێراق* (Imagined) بوو لە خەیاڵگەی ئەو خەڵکەی لەو ناوچەیە دەژیان، وەک ئەوەی **بێنێدیکت ئەندرسن** باسی دەکات. ئەمەش لەو دەورزەمانەدا نا، بەڵکو دواتر کە لە ئاکامی ئەو گرنگییەی کە نووسەران و ڕۆشنبیرانی عێراقی لە ماوەی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا بەم شۆڕشەیان داوە. لە ڕاستیدا شۆڕشەکە کراوە بە یەکەم ئەفسانەی ناسیونالیزمی عێراقی لە خەیاڵی ناسیونالیستە/نیشتمانپەروەرە عێراقییەکاندا.

**کورد و شۆڕشی بیست: خراپحاڵیبوونێک**

وردبوونەوە لە ڕۆڵ و ئاستی بەشداریی کوردەکان لە *شۆڕشی بیست*، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە بواری ئەوەمان پێ دەدات کە چاکتر ئەو بانگەشەیەی کە گوایە "*شۆڕشی بیست* دەرئەنجامی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عێراقی بووە"، هەڵبسەنگێنین (Davis 2005b: 231). بواری ئەوەشمان بۆ دەڕەخسێنێت کە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب و ڕەوتە سیاسییەکانی ئەوکات بنرخێنین، چونکە هەندێک نووسەری کورد هەن کە *شۆڕشی بیست* بە شۆڕشێکی سەرتاسەریی عێراقی لەقەڵەم دەدەن، ئەویش بە قەبەکردنی ڕۆڵی کورد لە شۆڕشەکەدا. ئاوڕدانەوەیەک لە تێگەیشتنەکانی/جێکەوتەکانی کوردەکان لە پێش و لە گەرمەی شۆڕشەکە، ڕێخۆشکەرن بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکان و وردبوونەوە لە شوناسی عێراقی و ئەو تێگەیشتنانەی لەو بوارەدا خراونەتە ڕوو.

مێژوونوسی ناسراوی کورد، **کەمال مەزهەر ئەحمەد**، کتێبێکی بە عەرەبی نووسیوە بۆ هەڵسەنگاندن، یان چاکتر بڵێین پیشاندان و قەبەکردنی ڕۆڵی کورد لە *شۆڕشی بیست*. هاوکات بەشێکی لە کتێبێک کە بە کوردی نووسیویەتی، تەرخان کردوە بۆ هەمان مەبەست (بڕوانە احمد ١٩٧٨؛ ئەحمەد ١٩٨٥: ١٦٣-١٧١). **ئەحمەد** لە سەرەتا ڕەخنە لە مێژوونووس و ئەکادیمییە کوردەکان و عێراقییەکان دەگرێت، لەبەر ئەوەی بە گوتەی ئەو، وەک پێویست باسیان لە ڕۆڵی کورد لە *شۆڕشی بیست* نەکردوە. ئەو دەڵێت مێژوونوسە بێگانەکانیش پێیان وایە کورد هیچ ڕۆڵێکی لە شۆڕشەکەدا نەبووە. دواتر دەڵێت "گرنگیی *شۆڕشی بیست* لەوەدایە کە یەکەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی هاوبەشی هەردوو گەلی گەورەی *عێراق*، عەرەبو کوردە"، لە درێژەی قسەکانیشی دەڵێت "ڕاستە بەشداریی کوردەکان سنووردار بووە، بەڵام ڕۆڵی گرنگیان نواندووە لە شۆڕشەکەدا" (احمد ١٩٧٨: ٨-١٢؛ ئەحمەد ١٩٨٥: ١٦٣). ئەم مێژوونووسە کوردە هەندێک پێکدادان و شەڕی لابەلای نێوان هێزەکانی بەریتانیا و *عەشیرەتە* کوردەکانی بادینان و شۆڕشەکەی ساڵی ١٩١٩ی **شێخ مەحموود** بە ڕێخۆشکەری بەرپابوونی *شۆڕشی بیست* لەقەڵەم دەدات (احمد ١٩٧٨: ٨٠-٩٦؛ ئەحمەد ١٩٨٥: ١٦٤-١٧٠). دواتر باس لەوە دەکات کە ئاگری *شۆڕشی بیست* دوای هەڵگیرسانی گەیشتە *باقووبە* و لە ئابی ١٩٢٠ شۆڕشگێڕان *قزڵڕبات*یان ئازاد کرد. پاشان ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە چۆن شەڕڤانە کوردەکان هێرشیان کردووەتە سەر سکەی شەمەندەفەری *بەغداد-کەرکووک* و چەند دامودەزگایەکی دیکەی حکومی. شەڕ و پێکدادانەکان، بە قسەی ئەو، بەردەوام دەبن تا دواجار هێزەکانی *بەریتانیا* لە دەوروبەری *خانەقین* شەڕڤانەکان سەرکوت دەکەن. لە کفری‌یش شەڕڤانەکانی *عەشیرەتی جاف* شارەکە ڕزگار دەکەن و ئاڵای *بەریتانیا* لەسەر دامودەزگاکان دادەگرن، بەڵام زۆری پێ ناچێت، ئەو دەڵێت، هێزێکی بەریتانییەکان ناچاریان دەکەن شار بەرەو بەرزاییەکانی دەوروبەر جێ بهێڵن. **کەمال مەزهەر** ئاماژە بەوەش دەکات کە *سلێمانی* و دەوروبەرەکەی لە ئانوساتی *شۆڕشی بیست*دا هێمن بووە، واتە بەشداریی شۆڕشەکەیان نەکردووە. ئەو هەندێک باس لە شڵۆقی و شڵەژاویی باری *لیوای هەولێر*یش

دەکات، وەک پەلامارەکەی ڕەواندزییەکان بۆ **سەر کاپتن هێی** و هێرشەکەی سوورچییەکان بۆ سەر هێزێکی بەریتانییەکان لە نزیک *ڕەواندز*.

ئەگەر تۆزێک ورد ببینەوە لەو ڕووداوانەی کە **کەمال مەزهەر ئەحمەد**، لە پەیوەند بە ڕۆڵی کورد لە *شۆڕشی بیست*دا باسی دەکات، هەندێک شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: یەکەم، زۆرێک لەو ڕووداوانەی ئەو دەیگێڕێتەوە بەڵگەی پێچەوانەی دید و تێگەیشتنەکانی ئەو دەدا بە دەستەوە، نەک پشتڕاستی ئارگیومێنت و دیدەکانی ئەو بکەن. دووەم، خراپحاڵیبوون و بەهەڵەدابردنێک لە گێڕانەوەکانی **کەمال مەزهەر ئەحمەد** بەدی دەکرێن؛ هۆکارەکانی بەهەڵەدابردنی خوێنەر لە لایەن مێژوونوسێکی ناسراوی وەک **کەمال مەزهەر ئەحمەد**، لە لای ئێمە زۆر ڕوون نییە، بەڵام دەکرێت قسە لەسەر هەندێک هۆکار بکەین: یەکەم، لەوانەیە نووسەر کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتە عێراقچییەی کە لە شەستەکان و حەفتاکاندا، بەتایبەتی لە ناو چەپەکان، لە ناو ڕۆشنبیرانی کورد باو بوو. بۆیە لەوە دەچێت مەبەستی نووسەر لە نووسینەکە، دروستکردنی کۆیادێک بێت لە نێوان کورد و عەرەب، کە خزمەت بەو دیدە عێراقچییە بکات. دیارە لەو دوو کتێبەی **کەمال مەزهەر ئەحمەد**، کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەو لە دیدێکی مارکسییانەوە تەماشای ڕووداوەکانی کردووە و هەڵیسەنگاندوون. دووەم، نووسەر لە هەندێک شوێن ڕاستییەکانی وەک خۆی نەگواستووەتەوە و لە چەند شوێنێک تەنانەت هەندێک شتی قرتاندووە، کە بەپێی گێڕانەوەکانی خۆی ئاگەدار بووە لێیان. ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە نووسەر توێژینەوەکانی تێدا ئەنجام داوە و بڵاوکردووەتەوە. مەبەستم سەردەمی دکتاتۆرییەتی *بەعس*ە، کە نووسین لەسەر کورد دەبوایە خۆی لە هەندێک زاراوە و چەمک بپارێزێت، وەک بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد و ئاڵای *کوردستان*، کە قسەکردن لەسەریان یاساغ بوو.

هۆکاری نووسەر هەرچییەک بێت، گرنگ نییە، لێرە هەڵسەنگاندن بۆ نووسینەکانی ئەو دەکرێت و هەوڵ دەدەرێت تیشک بخرێتە سەر خراپحاڵیبوونەکان و بەهەڵەدابردنەکان. وەک ئاماژەی پێ کرا، **کەمال مەزهەر ئەحمەد** شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** بە پێشەکی و ڕێخۆشکەر بۆ *شۆڕشی*

بیست دادەنێت. بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە زاری ئەو بدەین، ئەوکات خراپحاڵیبوون و بەهەڵەدابردنەکانمان بۆ دەردەکەوێت. نووسەر کە باس لە پاککردنەوەی *سلێمانی* لە هێزەکانی *بەریتانیا* لە لایەن شەڕڤانەکانی **شێخ مەحموود** دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە ئاڵای بەریتانی لەسەر بارەگای حاکمی سیاسیی شارەکە هێنرایە خوارەوە، بەڵام خۆی لا دەدات لەوەی کە ئاڵای کورد، ئاڵای حکومەتەکەی **شێخ مەحموود**، لە شوێنەکەی بەرز کرایەوە (بڕوانە ئەحمەد ١٩٧٨: ٨٢). ئەو لەو کاتەی کە شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** وەک پێشەکی و ڕێخۆشکەر و تەواوکەری *شۆڕشی بیست* دادەنێت، لە هەمان کاتدا شۆڕشەکەی **شێخ** وەک "پیشاندەرێکی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلی کورد لەو قۆناغدا" دادەنێت. ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئەو قسانەی سەرەوە، چونکە شۆڕشەکەی **شێخ** ئەگەر بەشێک بێت لە **شۆڕشی بیست**، ناکرێت سەرەتایەکیش بێت بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد. ناکرێت شۆڕشەکەی **شێخ** بەشێک بێت لە **شۆڕشی بیست**، کە بە شۆڕشی دامەزرێنەری *عێراق* دادەنرێت، هاوکات بەشێکیش بێت لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، کە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی *عێراق*ە. لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی **شێخ مەحموود**، نەلکاندنی *باشووری کوردستان* بوو بە *عێراق*، کە ڕاست پێچەوانەی شیکردنەوەکەی نووسەرە.

لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، **کەمال مەزهەر ئەحمەد** جارێکی دیکە پێشهاتەکان وەک خۆی ناگێڕێتەوە؛ ئەو دەڵێت شەڕڤانە کوردەکان یەکەم گورزی خۆیان لە ١٤ی ئابی ١٩٢٠دا وەشاند، ئەویش بە هێرشکردن بۆ سەر دامودەزگاکانی داگیرکەر لە *خانەقین* و دەوروبەریدا. لەوێ شەڕڤانەکان بە قسەی ئەو، ئاڵای *بەریتانیا*یان هێنایە خوارەوە و ئاڵای عوسمانییەکانیان لە شوێنیدا بەرز کردەوە (ئەحمەد ١٩٧٨: ١١٧). جێگەی سەرنجە کە لە کتێبە کوردییەکەدا لەو شوێنەی کە باس لە هێنانەخوارەوەی ئاڵای *بەریتانیا*، دەکات ئەو ئاماژەیەی بە بەرزکردنەوەی ئاڵای عوسمانییەکان قرتاندووە (ئەحمەد ١٩٨٥: ١٦٦). جێگەی ئاماژەشە کە لە ناوچە عەرەبنشینەکانی *لیوای دیالە*، لە

نزیک *خانەقین*، شۆڕشگێڕە عەرەبەکان لە کاتی گرتنی بارەگاکانی *بەریتانیا*، ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی*یان بەرز کردووەتەوە (بڕوانە نظمی واخرون غ. م: ١١٣).

بە بنەما لەسەر ئەو باس و گێڕانەوانەی سەرەوە، دەکرێت چەند ئەنجامگیرییەک بکرێت: یەکەم، بەگشتی لە پێش و لە کاتی *شۆڕشی بیست*دا لە ناوچە عەرەبنشینەکان لە کاتی هێرش و ڕزگارکردن و لادانی ئاڵای بەریتانییەکان، ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی* لە جێگەی بەرز کراوەتەوە، کەچی لە ناوچە کوردنشینەکان ئاڵای کورد، ئاڵای حکومەتەکەی **شێخ مەحموود**، یان ئاڵای عوسمانییەکان بەرز کراوەتەوە. ئەمەش بە زەقی ئەوە دەسەلمێنێت کە *شۆڕشی بیست* و شۆڕشەکانی کوردەکان، دوو ئامانج و ئاڕاستە و تێگەیشتنی سیاسیی جیایان بۆ خۆیان و دنیاکەی دەوروبەریان هەبووە. دووەم، ئەم ڕووداوانە ئەوەشمان پێ دەڵێن کە هیچ هاوکارییەک و سەرکردایەتییەکی هاوبەش لە نێوان شۆڕشگێڕە کوردەکان و عەرەبەکان لەئارادا نەبووە. لە ڕاستیدا **کەمال مەزهەر ئەحمەد** لە شیکردنەوەکانی پشتڕاستی نەبوونی هاوکاری دەکات، کاتێک دەڵێت: "نووسینەگەی شۆڕش (مكتب الثورة)، کە بەڕێوبردنی شۆڕشی کەوتبووە ئەستۆ، نەیتوانی تەنانەت تاقە لقێکیش بۆ خۆی لە *کوردستان* دابمەزرێنێت." ئەو ئەوەش زەق دەکاتەوە کە "سەردارانی شۆڕش (عەرەبەکان)، لە مەسەلەی کورد نەدەگەیشتن، بۆیە تشتاقیان نە لە گوتارێکدا و نە لە بەیاننامەیەکدا و نە لەسەر لاپەڕەی یەکێک لە دوو ڕۆژنامەکەی شۆڕش، *الفرات* و *الاستقلال*، نە لە دوور و نە لە نزیک تخونی نەکەوتن" (ئەحمەد ١٩٨٥: ١٧٠). سێیەم، بەرزکردنەوەی ئاڵای جیاجیا، نیشانەی نەک هەر نەبوونی هاوکارییە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ دژایەتیی دیدەکان، چونکە ئەگەر ئەو لایەنەی کە ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی*ی هەڵگرتبێت، خەونی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبییەوە بینیبێت، ئەوە ئەو کەسانەی کە ئاڵای کوردیان بەرز کردووەتەوە، هەوڵیان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان داوە، ئەوانەش کە ئاڵای عوسمانییەکانیان بەرز کردووەتەوە، خەونیان بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دەسەڵاتی ئیسلامی-عوسمانییەوە بینیوە. ئەم سێ خەونەش

نەک تەواوکەری یەکدی نین، بەڵکو یەکتربڕن و دژایەتیی یەکدی دەکەن لە پەیوەند بە دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*.

بە کورتی، شۆڕشەکەی **شێخ مەحموود** دەکرێت وەک بەشێک یان سەرەتایەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە *باشووری کوردستان* تەماشا بکرێت، بزووتنەوەیەک کە تازە سەری هەڵدەدا و ماکی ناوچەیی و عەشیرەتگەریی پێوە دیار بوو. کەچی *شۆڕشی بیست* لە باشووردا، بزووتنەوەیەکی پەرچەکردارانە بوو لە دژی داگیرکەرێکی "کافر" و هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی عەرەبی-ئیسلامی-شیعی بوو. ئەوەی شۆڕشەکانی *کوردستان* و باشووری *عێراقی* بە یەکەوە گرێ دەدا، تەنیا بوونی دوژمنێکی هاوبەش (بەریتانییەکان) بوو لەگەڵ سۆزی هاوئایینی و ئیسلامی. قسەکردن لەسەر ڕۆڵی کورد لە *شۆڕشی بیست*دا، پاڵنەری سیاسیی لە پشتە نەک بەڵگەی مێژوویی. باسکردن لەوەی کە سۆزی عێراقیبوون کوردەکان و عەرەبەکانی کۆ کردبێتەوە، هیچ ڕاستییەکی مێژوویی لە پشت نییە. لە ڕاستیدا ئەوکات *عێراق* نە دەوڵەت بوو، نە پێشتریش هەوێنی هیچ بزووتنەوەیەک بووە کە هەڵقوڵاوی سۆز و ئینتیما بە *عێراق*ەوە بووبێت. ئەو ڕێکخراوە عەرەبییە ناسیونالیستانەی کە هەشبوون، هەموویان لەسەر بنەمای هاوسۆزیی نەتەوەیی/عەرەبی دامەزرابوون. بۆ نموونە، *کۆمەڵەی عەهد* لە سەرەتا وەک کۆمەڵەیەکی عەرەبی دامەزرا، کۆمەڵەکە دواتر بوو بە دوو کەرتەوە، ئەویش کاتێک کە دەوڵەتی عێراقی و سووری لە ناوچەکە دروست کران.

لێرەدا زۆر گرنگە ئەوە دووبارە بکەینەوە کە ناسیونالیزمی عێراقی، واتە نیشتمانپەروەریی عێراقی، ناکرێت بوونی هەبووبێت پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی، چونکە ناسیونالیزمی عێراقی هەست و سۆزێکە کە لەسەر بنەمای بوونی دەوڵەت-نەتەوەی *عێراق* دروست دەبێت (بڕوانە بەشی چوارەم). بۆیە ناکرێت لە پێش یان لە دەرەوەی ئەو دەوڵەت-نەتەوەیە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بوونی نەبوو، باس لە هەستی ناسیونالیزمیی عێراقی بکرێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە، باس لە هاوسۆزی و ئینتیمای کورد بە *عێراق*ەوە بکرێت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، ئەم جۆرە بانگەشەیە هیچ کام لە

تێگەیشتنە تیۆرییەکان بۆ نەتەوە، مەبەستم نەژادگەرەکان و تازەگەرەکان و ئیتنۆ-سیمبولییەکان ناتوانن شیکردنەوەی بۆ بکەن، چونکە لە چوارچێوەی هەرسێ تێگەیشتن بەدەرە. ئەگەر ئەو ڕاستییەش ڕەچاو بکەین، کە ئەوکات *باشووری کوردستان* بە فەرمی بەشێک نەبوو لە *عێراق*، ئەوە جارێکی دیکە ئەو تێگەیشتن و ئارگومێنتانەی **کەمال مەزهەر ئەحمد** جەختیان لەسەر دەکات، دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەرچۆنێک بێت، هەڵوێستی شیعە عەرەبەکان و کوردەکان لە بەرانبەر ئینگلیزەکان و هەردوو شۆڕشەکەیان، ڕەوت و ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی ئەوانی بەم دوو پێکهاتە و بە سوننەکان دیاری کرد، کە لە بڕگەی داهاتوودا قسەی زیاتریان لەسەر دەکرێت.

### ئینگلیز، سوننە، شیعە و کورد: گەمەکانی بەخشین و سزادان

هێزەکانی *بەریتانیا* کاتێک هاتن بۆ داگیرکردنی *عێراق*، لە باشوورەوە هاتن، واتە لە ناوچە شیعەنشینەکانەوە، یەکەم شوێنیش *بەسرە*یان داگیر کرد. لەسەر داوای عوسمانییەکان بۆ جیهاد لە دژی "ئینگلیزە کافرەکان"، سەرەڕای سەدان ساڵ چەوساندنەوە و پەراوێزخستنیان لە لایەن **بابی عالی**، پیاوانی ئایینیی شیعە بەپیر بانگەوازەکەی عوسمانییەکانەوە چوون. بە هاوکاریی سەرۆکعەشیرەتەکان لە باشوور، توانیان هەزاران شەڕڤان کۆ بکەنەوە و بیانبەن بۆ شەڕ لە دژی "ئینگلیزە گاورەکان" (Tripp 2002: 32-33). ژمارەیەک شەڕڤانی کوردیش بە سەرکردایەتیی **شێخ مەحموود** لە ساڵی ١٩١٥دا، شانبەشانی شیعەکان لە دژی هێزەکانی *بەریتانیا* لە ژێر ئاڵای عوسمانییەکان بەشداریی شەڕەکانیان کرد. بەگوێرەی قسەی شەڕڤانێکی شیعە، "کوردەکان هاتبوون بۆ شەڕ لە دژی ئینگلیز و بۆ سەرخستنی ئوممەی ئیسلامی، چونکە ئەوان برامانن و موسڵمانن" (حیلمی ٢٠٠٣: ٤٣؛ احمد ١٩٧٨: ٩٢-٩٣؛ البياتي ٢٠٠٥: ٨٦-٩١). هێزەکانی بەرگری لە بەرانبەر هێزە پڕچەک و ڕێکخراوەکەی بەریتانییەکان خۆی ڕانەگرت و دوای چەند شەڕێک شکستی هێنا. لە ئاکامدا تا کۆتایی ساڵی ١٩١٨ تەواوی ئەو ناوچانەی ئێستا عێراق پێک دەهێنن، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان.

هەڵوێستی سوننەکان بەرانبەر بە هاتنی ئینگلیزەکان و داگیرکردنی شار و ناوچەکانیان زۆر ڕوون نەبوو. بەگشتی، ئەوان لە ڕووی سەربازییەوە هیچ چالاکییەکیان لە دژی داگیرکەر نەنواند. لە سەرەتای جەنگەوە تا ساڵی ١٩١٦، زۆربەی ئەفسەرە عەرەبە سوننەکانی *سوپای عوسمانی* سەنگەرەکانی خۆیان لە سوپا و بەرەکانی شەڕدا جێ هێشت و پەیوەندییان بە هێزەکانی **شەریفی مەککە** کرد و هاوکارییان کرد لەوەی کە بە *شۆڕشی عەرەبی* ناسراوە لە *نیمچەدوورگەی عەرەبی* و *شام*دا (صفوة ١٩٨٨: ١٦٦). کاتێک هێزەکانی *بەریتانیا* خەریک بوون بێنە ناو *بەغداد*، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە ناسراوە سوننەکانی *بەغداد* و هەندێک لە ئەندامانی *کۆمەڵەی عەهد*، لە ناو خۆیاندا گفتوگۆیان لەسەر ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان کردبوو، نەک لە دژی داگیرکەرە ئینگلیزەکان (Tripp 2002: 33).

هەڵوێستی کوردەکان لە بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکان لە کاتی گەیشتنیان بە ناوچە کوردییەکان، زۆر جیاواز بوو لەوەی سوننەکان؛ سەرەتا کوردەکان پێشوازییان لە بەریتانییەکان کرد و وەک ڕزگارکەر مامەڵەیان لەگەڵدا کردن. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ **شێخ مەحموود** پێی گەیشتن، **شێخ** کرا بە حوکمداری *باشووری کوردستان*. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان کوردەکان و ئینگلیزەکان درێژەی نەخایەند، چونکە کوردەکان بە دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕین. هۆکارەکانی ڕاپەڕین و تێکچوونی پەیوەندییەکان، سەرەڕای ئاماژەیەکی خێرا لە بڕگەکانی پێشەوە، لە دەرەوەی تخووبەکانی ئەم کتێبەیە، بەڵام ڕاپەڕینەکە سەرەتایەک بوو بۆ پەیوەندییەکی تاڵ لە نێوان کورد و ئینگلیز، کە تا دەرچوونی ئینگلیزەکان لە *عێراق* درێژەی هەبوو (حیلمی ٢٠٠٣: ٧٥-٧٨؛ البیاتی ٢٠٠٥: ١٠٠).

بە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی، دەسەڵاتی بەریتانییەکان، تا ڕادەیەک، باڵی بەسەر هەموو ناوچەکانی *عێراق*دا کێشا. شیعەکان بەگشتی بە ئینگلیزەکان ڕازی نەبوون و پەیوەندییەکی گرژ و تاڵ بە یەکەوەی بەست بوونەوە. بێجگە لەوەی لە ئەدەبیاتی عەرەبە شیعەکانی *عێراق* پێی دەگوترێت "شەڕی جیهاد"، کە شیعەکان لە دژی هێزە داگیرکەرەکان کردیان، شیعەکان دوای داگیرکردنیش هەندێک ڕاپەڕینیان بەرپا کرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨

دا گرووپێک لە شیعەکان کۆمەڵەیەکی ئایینییان بە سەرۆکایەتیی **سەید محەمەد علی بەحرلعلوم** دروست کرد بەناوی *کۆمەڵەی ڕابوونی ئیسلامی* (*جمعیة النهضة الاسلامیة*). ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵەکە بەرزڕاگرتنی "کەلیمەی ئیسلام" و "تورڕدانی دابونەریتە فەرەنجییەکان" بوو. دوای دامەزراندن، یەکێک لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکە کوشتنی **کاپتن مارشاڵ** بوو، کە ئەفسەری سیاسیی بەریتانییەکان بوو لە دەڤەری *نەجەف*. ئەمە یاخیبوونێکی لێ کەوتەوە، کە زیاتر لە دەیان هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد و چل ڕۆژی خایاند. لە وەڵامی ئەمەدا، بەریتانییەکان ئابلۆوقەی *نەجەف*یان دا و دواتریش هێرشیان کردە سەری. لە هێرشەکەدا زیاتر لە سەد کەسیان کوشت و کۆمەڵێک کەسیشیان گرت و یازدە کەسیشیان لەسێدارە دا. حەفتا سەربازی بەریتانییەکانیش کوژران (الوردی ٢٠٠٥أ: ج ٢/٥، ٢٥٣-٣٣٥؛ علیوی ٢٠٠١: ٤٥-٤٧؛ العلوی ١٩٩٠: ٩٣-١٠٥).

بەرگریی شیعەکان لە خاکەکەیان و هاواری پیاوانی ئایینییان بۆ سەربەخۆیی و شەڕ و پێکدادانە بەردەوامەکانیان لە ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩٢١، بەتایبەتی *شۆڕشی بیست*، هۆکاری سەرەکیی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانییەکان و شیعەکان بوو، تا گەیشتە ڕادەیەک کە هیچ کامیان متمانەی بەوی دیکە نەدەکرد. نیشانەکانی بێمتمانەیی پێش و پاش یاخیبوون و شۆڕشەکانیش بوونی هەبووە، ئەویش لەو نامانەدا دەردەکەوێت کە **گێرترود بێل** لەسەر شیعەکان دەینووسین. **بێل**، کە یەکێک لە فەرمانبەرە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی ئینگلیزەکان بوو، جێپەنجەی لەسەر نەخشەی *عێراق* دیار بوو. ئەو لە چەند نامەیەک کە لە ١٧ و ٢٢ی ئازاری ١٩١٤، واتە لە سەروبەندی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ *عێراق*، نووسیونی، باس لە شیعەکان دەکات و دەڵێت: "خراپترن لە هەر کەسانێک کە بە درێژایی ژیانمان ئێمە بینیبێتمان." لە کاتی ڕاپەڕینەکەی *نەجەف*یش لە نامەیەکدا کە لە ١٨ی ئازاری ١٩١٨دا نووسیویەتی، ئاماژەی بەوە کردووە کە "پیاوانی ئایینیی شیعە کۆمەڵێک کەسی ڕاووڕووتچین لە *نەجەف*، کە ئێمە هەمیشە کێشەمان لەگەڵیاندا هەیە"، ئەو دەڵێت "کێشەکە ئەوەیە ئەوان لە پشت شارە پیرۆزەکانیان خۆیان حەشار داوە". لە نامەیەکی دیکە کە دوای *شۆڕشی*

بیست نووسیویەتی، گوتوویەتی "من زۆر ئارەزوو بە شیعەکان ناکەم، ئەوان زۆر سەیرن، من زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەوانم بینی (لە *شۆڕشی بیست*دا) تێک شکێندران، چونکە خەڵکانێکن جێگەی باوەڕ نین" ( Gertrude Bell Archive 1868-1926).

لەو پێداچوونەوەیە کە لایەنێک لە پەیوەندییەکانی کوردەکان و شیعەکان لەگەڵ بەریتانییەکان پیشان دەدات لەگەڵ هەڵوێستی هەر یەکەیان بەرانبەر بە ئەوی دیکە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەگشتی ئەزموونی بەریتانییەکان لە ناوچە کوردنشینەکان و شیعەنشینەکان، ئەزموونێکی نەک خۆش نەبووە، بەڵکو پڕگرژی و شەڕ و ئاشووب و لێکدی کوشتن و ڕاوەدوونانی یەکدی بووە. ئەمە بەگشتی وای لە بەریتانییەکان کرد کە لە پرسی دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*دا، هەم شیعەکان و هەم کوردەکان پەراوێز بخەن. سەرەڕای ئەمە، دەبێت ئەوە بڵێین کە دوژمنایەتییەکان و ساردوسڕیی پەیوەندییەکان تاکە هۆکاری پەراوێزکردنی ئەم دوو پێکهاتەیە نەبوون.

لە ڕاستیدا بێجگە لە ئەوانە، چەند هۆکاری دیکە هەبوون کە وای لە بەریتانییەکان کرد بە لای سوننەکاندا بشکێنەوە و شیعەکان و کوردەکان وەلا بنێن: یەکەم، بەریتانییەکان هەر لە سەرەتاوە هەستیان بەوە کردبوو کە سوننەکان کەمینەیەکن، ئەگەر ئەوان حوکمبەدەست بن ئەوا لەبەر لاوازیی پێگەکەیان هەمیشە چاو لە دەستی بەریتانییەکان دەبن بۆ پشتیوانی لە بەرانبەر دوو پێکهاتەکەی دیکە. بەمەش دەتوانن بە کەیفی خۆیان سوننەکان دەستەمۆ بکەن و بەو ئاڕاستەیەیاندا ببەن، کە لەگەڵ ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا دێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لە لایەن هەندێک ئەکادیمی و چاودێری سیاسی و سیاسەتوانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێت، بەتایبەتی شیعەکان (بڕوانە الازری ١٩٩١: ٣٥٠؛ العلوی ١٩٩٠: ١٤٨). دووەم، ئارەزووی بەریتانییەکان بۆ ڕازیکردنی سوننەکان لەبەر ئەو کۆمەک و یارمەتییەی کە سوننەکان لە یەکەم جەنگی جیهانی پێشکەش بە بەریتانییەکانیان کرد لە دژی عوسمانییەکان، بەتایبەتی لە *نیمچەدوورگەی عەرەبی* و *شام*. هاوکات بەریتانییەکان لەو سەروبەندەدا چەندین جار بەڵێنیان بە **شەریفی مەککە** و ئەفسەرە عەرەبە سوننەکانی دەوروبەری دابوو، کە دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ

دادەمەزرێنن، چونکە ڕۆڵی چاکیان لە دەرپەڕاندنی هێزە عوسمانییەکان لە دەڤەرەکەدا بینیبوو. ئەمانە هەمووی وای لە بەریتانییەکان کردبوو کە خۆیان بە قەرزاری سوننەکان بزانن. سێیەم، گرنگی و ڕۆڵی ئەو فەتوایەی کە پیاوانی ئایینیی شیعە دابوویان ناکرێت بە کەم وەربگیرێت، کە داوایان لە خەڵک کردبوو بەشداری لەو حکومەتە کاتییەدا نەکەن کە بەریتانییەکان لە *بەغداد* دایانمەزراندبوو. چوارەم، شکستی *شۆڕشی بیست*، کە شیعەکان بەرپایان کرد لەگەڵ مردنی سێ لە مەرجەعی سەرەکیی ئەوکاتی شیعەکان، **سەید محەمەد کازم یەزدی** و **محەمەد تەقی شیرازی** و **فەتحوڵڵا ئەسفەهانی** لە ماوەی ساڵێکدا، ئەمەش بۆشاییەکی لە سەرکردایەتیکردنی شیعەکان دروست کرد و ڕۆڵ و کاریگەرییانی لەسەر شێوە و نەخشەی سیاسیی لە *عێراق* کەم کردەوە. پێنجەم، بەریتانییەکان کێشەیان هەبوو لە دۆزینەوەی کەسانی شیعەی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە کاروباری بەڕێوبردن و دەوڵەتداریدا، چونکە شیعەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان لە خوێندنگە حکومییەکان وەرنەدەگیران و ڕێگەشیان پێ نەدەدرا لە دامودەزگاکان دابمەزرێن (بڕوانە الجادرجی ١٩٧١: ٦٤؛ الازری ١٩٩٠: ٣٤٦). پەراوێزخستنی شیعەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان ڕێخۆشکەر بوو بۆ سوننەکان کە هەرچی پۆست و پلەی دەوڵەتی و کارگێڕی هەیە، بۆ خۆیان قۆرخی بکەن و ئەزموون و تواناکانی دەوڵەتداری پەیدا بکەن و گەشە پێ بدەن و ببن بە تاکە گرووپی خوێندەواری ناوچەکە، بەتایبەتی لە *بەغداد*، کە ئەوکات گەورەترین سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەم هۆکارە، کە گوایە بەریتانییەکان بۆیە سوننەکانیان بەرزتر لە شیعەکان ڕاگرتووە چونکە شیعەکان کەسانی شارەزا و خوێندەواریان کەم بووە، لەل ایەن هەندێک سیاسەتوانی شیعە، وەک **حەسەن عەلەوی**، ڕەت کراوەتەوە. ئەو دەڵێت ئەگەر لەبەر نەخوێندەواریی شیعەکان پەراوێز کرابن، خۆ سێ لە وەزیرە سوننەکانی یەکەم کابینەی *حکومەتی عێراق*یش نەخوێندەوار بوون و یەکەم سەرۆکوەزیرانیش، **عەبدولڕەحمان نەقیب**،[1] نە شارەزا نە کۆنەسیاسەتوان بوو، ئەو تەنیا پیاوێکی ئایینی بوو.

---

[1]. **عەبدولڕەحمان نەقیب** یەکەم سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی *بەغداد* بووە و نەوەی **شێخ عەبدولقادری گەیلانی**یە، کە سۆفییەکی ناسراو بوو.

**عەلەوی** پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە شەڕی شیعەکان لە دژی بەریتانییەکان لە کاتی هاتنیان بۆ عێراق و بەشداریکردن و ڕابەرایەتیکردنی *شۆڕشی بیست*، هۆکاری سەرەکیی وەلانانی شیعەکان بووە لە لایەن بەریتانییەکانەوە (العلوی ١٩٩٠: ٣٦١). ئەم قسانەی **حەسەن عەلەوی** ڕێی تێدەچێت و ناشارەزایی و نەخوێندەواری تاکە هۆی پەراوێزخستنی شیعەکان نەبووە، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکان بووە. شەشەم، هۆکاری هەرە سەرەکی کە وای لە بەریتانییەکان کرد بە لای سوننەکاندا بشکێنەوە، ئەوە بوو ئەوکات سوننەکان زۆرینەیان لە پایتەختدا، *بەغداد*، پێک دەهێنا و زۆربەی تێکنۆکرات و فەرمانبەرە مەدەنییەکانیش هەر لە سوننەکان بوون. گرنگیی زۆرینە لە پایتەختدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ، یەکێکیان ئەوەیە کە سەقامگیریی هەر وڵاتێک لە سەقامگیریی پایتەختەکەیدایە، بۆیە مسۆگەرکردنی پشتیوانیی سوننەکان کە زۆرینە بوون لە پایتەختدا، بۆ بەریتانییەکان زۆر گرنگ بوو بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی وڵاتەکە. دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە ئەوکات هۆیەکانی پەیوەندی زۆر لاواز بوون، بۆیە بوونی جەسەدی و پراکتیکی لە *بەغداد* گرنگیی خۆی هەبوو. ئەوی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پلاندانان و بڕیارە گرنگەکان لەمەڕ دەوڵەتی *عێراق* لە *بەغداد* دەدران، بۆیە ڕازیکردنی خەڵکی *بەغداد* بایەخی خۆی هەبوو، لەبەر ئەوەی نە شیعەکان و نە کوردەکان ئەوکات ئەو کێش و سەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیان لە پایتەخت نەبوو، بۆیە پشتگوێ خران و دید و بەرژەوەندیی گروپە زاڵەکەی پایتەخت، سوننەکان، لە بەرژەوەندی و ئامانجی پێکهاتەکانی دیکە بەهەندتر وەرگیران.

لە پەیوەند بە کوردەکان و ڕۆڵیان لە نەخشەی سیاسی لەو دەوروزەمانەدا، وێنەکە کەمێک ئاڵۆزترە بە بەراورد بە ڕۆڵ و پێگەی سوننەکان و شیعەکان. لە دوای داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان لە ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٥، سیاسەتی *بەریتانیا* لەمەڕ کورد ڕاڕایی پێوە دیار بوو. ئەوان لە سەرەتا پلانێکی ڕوون و دیدێکی ئاشکرایان بۆ چارەنووسی *باشووری کوردستان* نەبوو. بەڵێنەکانی ئۆتۆنۆمی و مافی خۆبەڕێوەبردن، کە لە سەرەتای هاتنیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، زوو گۆڕدران بۆ کۆنترۆڵ یان ئینتیدابی ڕاستەوخۆ لە لایەن بەریتانییەکانەوە. لە ناوەڕاستی ساڵی

١٩٢٠یشدا، ئەو گروپەی کە پێداگرییان لەسەر لکاندنی *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە دەکرد، لە ململانێ لەگەڵ ئەو گروپەی کە لایەنگری ئۆتۆنۆمی و ئینتیداب بوون، بردیانەوە (کورن ٢٠٠٧). بەگشتی جگە لە کۆمەڵێک ئەفسەر و فەرمانبەری بەریتانی، کە دەستوپەنجەیان لەگەڵ کوردەکان نەرم کردبوو و لە *کوردستان* کاریان دەکرد، دەسەڵاتدار و فەرمانبەر و ئەفسەرە بەریتانییەکان لایەنگرییان لە کوردەکان نەدەکرد، ئەگەر نەڵێین دژایەتییان دەکردن. **ونستن چێرچل**، کە لە ساڵانی یەکەم جەنگی جیهانی و دوای جەنگیش گەورەترین بەرپرسی *بەریتانیا* بوو، کوردەکان و شیعەکانی وەک چەند خێڵێکی ناشارستان (Uncivilized) پەسن کردووە و گوایە لاریشی نەبووە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژیان ( Simons 1996: 223;Ferguson 2006: 412). ئەمە چەند ڕاستە کە **چێرچل** ئەم قسەیەی کردووە، تا ئێستا یەکلا نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە هەم قسەکەی جێ کەوتووە و هەم سیاسەتی بەریتانییش بەو ئاراستەیە کاری کرد، مەبەستم ئاراستەی بە ناشارستان دانانی کوردەکان و شیعەکان لە پەیوەند بە دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*، چونکە ئەم دوو پێکهاتە گرنگە وەلا نران و سوننەکان بەسەر ئەواندا تەفزیل کران.

وەک دەرئەنجامێک بۆ ئەو دید و تێگەیشتنەی کە بەریتانییەکان بۆ *عێراق*یان هەبوو، لەگەڵ ئەو بەرخورد و هەڵوێستەی لەگەڵ پێکهاتەکانی *عێراق* ئەزموونیان کرد، هەمووی بەسەر یەکەوە بوون بە هەوێنی داڕشتنی سیاسەتێک کە بنەماکەی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دانابێت، بەڵام ئەوەی لێ کەوتەوە کە سوننەکان بگرنە خۆ و شیعەکان و کوردەکانیش وەدەر بنێن. ئەمەش بوو بە یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی *عێراق* لە ساتەوەختی دامەزراندن، دواتریش تا ساڵی ٢٠٠٣، بە دەستییەوە دەیناڵاند.

بە پشبەستن بەو چاوخشاندن و خوێندنەوەیەی بۆ مێژوو و ڕووداو و پێشهاتەکانی ساڵانی پێش دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق* کرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەو ساتەوەختەدا چەمکی *عێراق* و عێراقیبوون ئەگەریش لێرەولەوێ بەکار هاتبێت، بەڵام قووڵ نەبووەوە بۆ ناو جەماوەر و مانایەکی ئەوتۆی لای ئەوان نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵیی شوناسەکانی دیکە

وەک خێڵ و ئایین و مەزهەب، تا ڕادەیەکیش نەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەریتانییەکان تا ڕادەیەکی چاک درکیان بەو ناتەباییەی پێکهاتەکانی ئەوکاتی ناوچەکە کردبوو، کەچی هەر مکوڕ بوون لەسەر پلانەکانیان بۆ دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*. ئەوە بوو **فەیسەڵ**ی کوڕی **شەریفی مەککە**یان لە حیجازەوە هێنا و کردیان بە پادشای *عێراق*. لە بەشی داهاتوودا وردبوونەوە بۆ ڕۆڵی **فەیسەڵ** و هەوڵەکانی لە دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*دا دەکەین.

# بەشی سێیەم
# فەیسەڵ و خەونی بەنیشتمانکردنی عێراق

دوای سەرکوتکردنی یاخیبوونی کوردەکان لە *کوردستان* و شیعەکان لە باشوور و خوارووی *عێراق*، حکومەتی *بەریتانیا* **فەیسەڵ بن عەلی**، کوڕی **شەریفی مەککە**ی وەک یەکەم پادشای *عێراق* دەستنیشان کرد. ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە **فەیسەڵ بن عەلی** لە بەرگریکردن بەرامبەر بە *ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی* بینی و هەروەها ناودەنگی ئەو لە *کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس*، بوون بە هۆی ئەوەی کە **فەیسەڵ** وەک سەرکردە و کەسایەتییەکی بێرکابەری عەرەب دەربکەوێت، بەمەش ببێت بە باشترین کاندید بۆ گرتنەدەستی تەختی دەسەڵات لە *عێراق* (Dodge 2003: 19; Walker 2003: 29-40). **مەلیک فەیسەڵ** بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن هەردوو کۆمەڵگەی سوننە و شیعەکانەوە پشتگیریی لێ دەکرا بە هۆی بیروباوەڕی ئایینی و عەرەببوونیەوە. ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان و هەندێک لە پیاوانی ئایینیی شیعەش بڕوایان وا بوو کە بوونی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی **شەریفی مەککە**، سەیدێک، واتە نەوەی پەیامبەر **محەمەد** وەک مەلیک، یارمەتییەکی باشیان دەدا بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن لە ئیخوانی ئالسعود (تیرەی وەهابییەکان)، کە بەردەوام لەو ساڵاندا هێرشیان دەکردە سەر شیعەکانی *عێراق*. ئەمەش بیرۆکەیەکی گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا، هاوکات

بنەماڵەی **شەریفی مەککە**ش لە ژێر فشارێکی زۆری بنەماڵەی ئال سعوددا بوون لە *حیجاز* (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٦، ١٣٣). **مەلیک فەیسەڵ** بە شێوەیەک خۆی پیشان دەدا، کە لە توانایدایە یەکێتی و تەبایی عێراقییەکان بپارێزێت، بۆیە کاتێک گەیشتە *عێراق* لە ڕێگەی چوونی بۆ شاری *بەغداد*، سەردانی مەزاری **ئیمام عەلی** لە *نەجەف* و *ئیمام حسێن* لە *کەربەلا* کرد.[1] ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جلوبەرگی عەرەبەکانی لەبەر کردبوو بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە ئەو یەکێکە لەوان. ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە بوو وا پیشان بدات کە یەکێک لە ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ بەدەست هاتووە، بەوەی کە کەسایەتییەکی عەرەب سەرۆکی دەوڵەتەکەیە. **فەیسەڵ** لە گوتارەکانیدا هەمیشە ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ئیمامە شیعییەکان دەکرد بۆ ئەوەی کە وای دەربخات کە ئەو یەکێکە لە نەوەکانی ئەوان (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٦، ٩٠-٩١، ١٠٧).

ناسەقامگیریی لە سەرتاسەری *عێراق*، بەتایبەتیش شۆڕشەکانی خوارووی *عێراق* و *کوردستان*، لە هەمان کاتیشدا ناڕەزایەتییەکانی *بەغداد*، بوونە هۆی ئەوەی کە *بەریتانیا* بە پلانەکانیدا بچێتەوە و پاشگەز ببێتەوە لە بەڕێوبردنی ڕاستەوخۆی *عێراق* و لەبری ئەوە سیستەمێکی پادشایەتی بە زووترین کات دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوبردنی *عێراق*. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە *بەریتانیا* هێشتا کاریگەریی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی *عێراق* هەبوو بە هۆی درێژەپێدان و هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی لە *عێراق*. هاوکات *بەریتانیا* ڕاپرسییەکیشی ئەنجا مدا تا شەرعییەت بدات بە لەسەرتەختدانانی **مەلیک فەیسەڵ** و خۆی بەدوور بگرێت لە تۆمەتبارکردنی لە دەستنیشانکردنی **مەلیک فەیسەڵ** لە لایەن ئەوەوە. لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٢١، ئەنجامی ڕاپرسییەکە بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەندرا و ئامادەکاریی پێویست کرا بۆ مەڕاسیمی گرتنەدەستی عەرشی دەسەڵات لە لایەن **مەلیک فەیسەڵ**ەوە. بەم شێوەیە لە ٢٣ی ئاب **فەیسەڵ** وەک پادشای *عێراق* تاجی لە سەر نرا. ئەو بەروارەی کە **مەلیک فەیسەڵ** تیایدا بە

[1]. **ئیمام عەلی بن ئەبی تالیب** (ح ٦٥٦-٦٦١)، ئامۆزا و زاوای پەیامبەری موسڵمانان **محەمەد** بوو، شیعەکان ئەو بە یەکەم ئیمام لە دوازدە ئیمامەکانیان دادەنێن. **ئیمام حوسێن** (٦٢٨-٦٨٠)، نەوەی پەیامبەر و کوڕی **ئیمام عەلی** بوو. شیعەکان ئەو بە ئیمامی سێیەم دادەنێن.

فەرمی بوو بە پادشای *عێراق*، هێمایەکی مێژوویی لەخۆ دەگرێت، چونکە هاوکات بوو لەگەڵ جەژنی غەدیر (عید الغدیر)، کە ئەو ڕۆژەیە شیعەکان بڕوایان وایە کە پەیامبەری موسڵمانان، **ئیمام عەلی**ی وەک جێنشینی خۆی دیاری کرد، کە ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو لە لایەن **مەلیک فەیسەڵ**ەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شیعەکان بۆ ناو بازنەی دەوڵەتەکەی (الوردی ٢٠٠٥: ج ١/٦، ١١٩).

سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانەش بۆ بەرەوەپێشبردنی هەستی یەکێتی و تەبایی لە *عێراق*دا، ئەنجامەکانی راپرسییەکە دید و تێڕوانینە نەتەوایەتی و مەزهەبییە جیاوازەکانی کوردەکان و سوننەکان و شیعەکانی لە پەیوەند بە مەلیک و دوارۆژی *عێراق* زیاتر زەق کردەوە. جگە لەمەش، هێڵی گروپە ئیتنی و مەزهەبییەکانیش بە هەمان شێوە ڕوونتر دەردەکەوتن. ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە وای پیشان دا کە *بەغداد* و ناوەڕاست و خوارووی *عێراق*، کە سوننە و شیعەکان تێیاندا نیشتەجێ و باڵادەست بوون، پشتگیریی **مەلیک فەیسەڵ**یان دەکرد، سەرەڕای ئەمە چەند مەرجێکی دیاریکراویشیان بۆ مەلیک هەبوو. بۆ نموونە، دەیانویست کە ئەو ببێتە پادشایەکی دەستووری، کە لە سایەی حوکمی پەرلەمانیی دیموکراسیدا فەرمانڕەوایی بکات، بە مەرجێک لە لایەن *بەریتانیا*وە ئاراستە و ڕێنمایی بکرێت. *هەرێمی بەسرە* کە زۆرینەی شیعە بوون، لە سەرەتا هەڵبژاردنی **مەلیک فەیسەڵ**یان بە تەواوی ڕەت کردەوە، تا ئەو کاتەی کە بەڵێنی لەبەرچاوگرتنی داواکارییەکانیان پێ درا، کە گرنگترینیان بریتی بوو لە بەڕێوبردنی هەرێمەکەیان لە لایەن خودی خۆیانەوە. بەڵام لە *هەرێمی کەرکووک*، کە زۆرینەی کورد بوون، بە پشتیوانیی تورکمانەکان، هەڵبژاردنی مەلیکیان بە تەواوی ڕەت کردەوە. جگە لەمەش، کوردەکان پێیان باش بوو کە چاوەڕێ بکەن تا ئەو کاتەی داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی بەگوێرەی *پەیمانی سیڤەر*، دێتە دی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە تورکمانەکان نەک هەر *مەلیک فەیسەڵ*یان، ڕەت دەکردەوە، بەڵکو داوای حاکمێکی تورکیشیان دەکرد. لە پارێزگای *موسڵ*یش زۆربەی دەنگدەران جەختیان لەسەر مافەکانی کەمەنەتەوایەتییەکان دەکردەوە، وەک کلدان و ئاسوورییەکان. هاوکات کوردەکانی *موسڵ* داواکاریی بابەتی

یەکگرتنەوەیان لەگەڵ دەوڵەتە کوردییە چاوەڕوانکراوەکە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی *تورکیا* خستە بووە ڕوو، ڕاست وەک ئەوەی کە لە *پەیمانی سیڤەر* ئاماژەی پێ کرابوو. پێچەوانەی هەموو پارێزگاکانی دیکە، پارێزگای *سلێمانی* هەر بەشداریی لە ڕاپرسییەکەی *بەریتانیا*دا نەکرد (الحسنی ١٩٨٨: ج ١، ٥٨-٦٠؛ احمد ٢٠٠٤: ١٣٧-١٤٠؛ الوردی ٢٠٠٥أ: ١/٦، ١١٦-١١٧). شێوازی دەنگدان و مەرجەکان و پاڵنەرەکان، بەگشتی زاڵیی هۆکار و شوناسە ئیتنی و خێڵەکییەکان بە بەراورد لەگەڵ فۆڕمەکانی دیکەی شوناس، کە لەو کاتەدا ئامادەییان هەبوو، پیشان دەدەن. لە پاڵ ئەمانەدا، ئەم ڕاستییانە پارچەپارچەیی و کۆکنەبوونی ئەو خەڵکانە ئاشکرا دەکات کە لە پەیوەند بە پرسی تاجلەسەرنانی **مەلیک فەیسەڵ** هاتبوونە گۆڕێ. دابەشبوونەکەش دابەشبوونێکی ئیتنی و مەزهەبی بوو.

### لە پایتەخت: میانڕەوە عێراقییەکان بەرانبەر بە ناسیونالیستە عەرەبەکان

دوای ئەوەی کە **مەلیک فەیسەڵ** دەسەڵاتی لە *عێراق* گرتە دەست، ململانێ و پێکدادانی شوناسەکان دەستی پێ کردەوە. ئەم ململانێ و پێکدادانانە لە جیاوازیی خەونەکان و دید و ئایدیۆلۆجیای گروپە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو. ڕەوتی میانڕەوی-عێراقچی (Moderate Iraq-Centric) لە لایەن بەریتانییەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، ئەگەر نەڵێین هەر خۆیان دروستکەری بوون. هاوکات لە لایەن ئەو ئەفەندییانەشەوە پاڵپشتی لێ دەکرا کە بەریتانییەکان وەک فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حوکمدا کاری پێ دابوون. ئەم ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە جەختی لەسەر پرۆسەی دەوڵەتسازی دەکرد.[١] تا ڕادەیەکی چاک ئەفەندییەکان دەستەبژێری سیاسی و کارگێڕیی *عێراق*یان پێک دەهێنا. ئەوان لە ئەندامانی بنەماڵە خانەدانەکان (ئەعیان) و ئەو بنەماڵانەی کە بەناوبانگ و ناسراو بوون، کە لە دوای چاکسازییەکانی *ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی* لە سەدەی نۆزدەدا پەیدا ببوون، پێک هاتبوون (Eppel 1998: 227). زۆربەی ئەفەندییە عێراقییەکان خەڵکی *بەغداد* و *موسڵ* بوون، کە دوو

---

[1]. ئەفەندی نازناوێکی تورکی-عوسمانی بوو، وەک مستەری ئینگلیزی، کە لە *ڕۆژئاوا* بەکار دەهات. لە *عێراق* بۆ توێژە خوێندەوارە شارییەکان بەکار دەهات.

شاری سوننەنشین بوون، چونکە سیستەمی پەروەردە لەم دوو شارە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە لە سەردەمی عوسمانییەکان، گەشەکردووتر بوو (الوردی ۲۰۰۵ا: ج ۱/٥، ٥٧).

هاوکات ڕەوتێکی دیکە، بەڵام کاریگەرانەتر، لەسەر *عێراق* و ئاراستە سیاسییەکانی پەیدا بوو. ئەم ڕەوتە لە لایەن **مەلیک فەیسەڵ** و ئەوانەی لەگەڵ ئەودا جەنگابوون، دژی عوسمانییەکان لە *سووریا* لە سەردەمی *شۆڕشی عەرەبی* لە ساڵی ۱۹۱٦، پێک هاتبوو. ئەو جەنگاوەرانە لەگەڵ **مەلیک فەیسەڵ** لە *سووریا*وە هاتبوونە *عێراق* و لە دامودەزگاکاندا کاریان پێ درابوو. زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ **مەلیک فەیسەڵ** بوون، پارێزەری سوننەمەزهەبی عەرەبی یان کەسانی ڕۆشنبیری عوسمانی یان ئەفسەر و فەرمانبەری حکومی بوون، کە شارەزا بوون لە حوکمداریدا، هەروەها ئەوانەشیان تێدا بوو کە وازیان لە خزمەتکردن لە دامودەزگاکانی عوسمانییەکان هێنابوو و لە لایەن بەریتانییەکانەوە دامەزرێنرابوون. لە سەرەتادا، دید و پلانەکانی ئەم ڕەوتە بۆ داهاتوی *عێراق* پێچەوانەی ئەجێندا و کارنامەی بەریتانییەکان بوو. ئەندامانی ئەم گروپە پۆست و پلەی باڵایان لە حکومەتە تازەکەدا پێ درابوو، وەک شەریفییەکانیش ناسرابوون (التمیمی ۱۹۹٦: ۱۳۲). لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەم ڕەوتە (شەریفییەکان) و ڕەوتەکەی ئەفەندییەکان سوننە بوون و تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر تەواوی فەرمانبەرە پلەبەرزەکانی دەوڵەتیان پێک دەهێنا، بۆیە زاڵبوونی سوننەکانی لە یەکەم حکومەتی عێراقی لێ کەوتەوە.[1]

لە ساڵانی ۱۹۱٥ تا ۱۹۲۱، **مەلیک فەیسەڵ** و باوکی ببوون بە سیمبولێکی بێوێنەی ناسیونالیزمی عەرەبی. دوای هاتنیشی بۆ *عێراق* لە ساڵی ۱۹۲۱، ئیدی ڕۆشنبیر و ئەفسەرە عەرەبەکان دەوری **مەلیک فەیسەڵ**یان لە بەغداد دابوو. نەتوانینی **مەلیک فەیسەڵ** و باوکی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی، کە لە *سووریا*وە بۆ حیجاز لە ڕێگەی *عێراق*ەوە درێژ بێتەوە، ڕاست وەک

1. پێش گەیشتنی کۆنەئەفسەر و کۆنەفەرمانبەرەکانی دامودەزگاکانی عوسمانییەکان، بەریتانییەکان دامودەزگاکانی *عێراق*یان بە ئەفسەر و فەرمانبەرە بەریتانییەکان و هیندییەکان پڕ کردبووەوە (الوردی ۲۰۰٥الف: ج ۲/٥، ۲۳۲، ۲۳۳؛ ج ۱/٦، ٤٠).

ئەوەی کە لە لایەن بەریتانییەکانەوە بەڵێنی پێ درابوو، زیاتر بیری ناسیونالیزمی عەرەبی لای **مەلیک فەیسەڵ** بزواند. لە هەمان کاتیشدا زیاتر هەستی بەوە دەکرد کە بەریتانییەکان خیانەتیان لەگەڵ خۆی و باوکی کردووە (Marr 2004a: 24). ستراتیجییەت و خەونەکانی **مەلیک فەیسەڵ** بە هاوکاری و هاریکاریی شەریفییەکان وردەوردە بەسەر گروپ و ڕەوتەکانی دیکەدا زاڵ دەبوو، بەتایبەتیش دوای دانانی ئەو ئەفسەر و ڕۆشنبیرانەی کە لەگەڵی هاتبوون بۆ *بەغداد* لە جێگەی ئەفسەر و فەرمانبەرە بەریتانی و هیندییەکان. هاوکات بەریتانیەکان ئاستەنگی زۆریان هاتە پێش بۆ دۆزینەوەی کەسانێک کە پشتیان بگرن لە ناو دامودەزگا بیرۆکراسییەکەی *عێراق*. لە ئەنجامدا، بەریتانییەکان هەوڵیان دا سەرنجی سەرۆکعەشیرەتەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگییەک لە بەرانبەر ڕەوتی ناسیونالیستە عەرەبەکان کە ئەوکات **مەلیک فەیسەڵ** خۆی سەرکردایەتیی دەکردن (Dodge 2003: 20-23). بە هەوڵی ئینگلیزەکان، دوای دانی پلەوپایە و بەڵێنگەلێکی دیکە، سەرۆکعەشیرەتەکان وردەوردە خزێنرانە نێو سیستەمە سیاسییەکە، بەتایبەتیش کاتێک **نووری سەعید** حزبی *ئیتیحادی دەستووریی* (*حزب الاتحاد الدستوری*) دامەزراند، کە دواتر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. لە ساڵی ۱۹۳۳دا ۲۱%ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ سەرۆکعەشیرەتەکان دابین کرابوو. لە ساڵی ۱۹٥٤، ئەم ڕێژەیە بەرز بووەوە بۆ ۲۸%، ئەمەش بەگشتی بۆ زەمانەتکردنی پشتگیریی سەرۆکعەشیرەتەکان و خەڵکە عەوامەکە بوو. بێجگە لەمە حکومەت ئاسانکاریشی لە وەرگرتنی باج بۆ دەکردن، لە هەمان کاتیشدا پلە و پۆستی باش دەبەخشرا بە کوڕەکان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان ( Batatu 2004: 24-25; Nakash 2003a: 89-92). سەرەڕای ئەم هەوڵ و پێوەرانە، کەچی نەدەبوونە مایەی دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانیی هاوبەش، چونکە بەشێکی زۆری ئەم هەوڵانە لەبری گەشەدان بە هەستی نیشتمانی، دەبوونە هۆی زیندووکردنەوە و بەهێزترکردنی لایەنگری و سۆز بۆ عەشیرەت، نەک نەتەوە و نیشتمان. بە واتایەکی دیکە، هەوڵەکانی نزیککردنەوە و پشتیوانیکردن لە سەرۆکعەشیرەتەکان، وەک دواتر زیاتر

ڕوون دەبێتەوە، ڕێگر بوون لە پێش گەشەسەندنی هۆشیاری و ئاگایی نیشتمانی و پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و دروستبوونی شوناسێکی گشتگیر.

دوای دروستبوونی *دەوڵەتی عێراق* و دەستبەکاربوونی **مەلیک فەیسەڵ** و تێئالانی ئەو لە کاروباری حوکمڕانییەوە، ئیدی دید و بۆچوونەکانی لە پەیوەند بە ناسیونالیزمی عەرەبی، ڕۆژ بە ڕۆژ خاو دەبوونەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو، کە یەکگرتنی هەردوو وڵاتی هاشمی،[1] *عێراق* و *ئوردن* بوو، وردەوردە کاڵ دەبووە و لە جێگەیدا خەونەکانی لە چەسپاندنی *عێراق* وەک وڵاتێک و دەوڵەت–نەتەوەیەک چەکەرەیان دەکرد. دیدە واقعبینییەکانی **مەلیک** زیاتر گەشەیان کرد و بەمەش لە خەونەکان و ئارەزووەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی دوور دەکەوتەوە، بۆیەش سەربەخۆیی عێراقی لە پێشینەی کارەکانی دانا (Shikara 1979: 43). لە هەمان کاتیشدا، **فەیسەڵ** هەوڵی دەدا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ دروستکردنی گروپێکی هاوبەرژەوەند لە لایەنە سیاسییەکان. لەو کاتدا کەرەستەکانی گروپە نیازکراوەکە پێک هاتبوون لە شەریفییەکان و سەرۆکعەشیرەتەکان. مەبەستی **فەیسەڵ** لە دروستکردنی گروپەکە، بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی ناسیونالیستە عەرەبەکان بوو (Batatu 2004: 25; Nakash 2003a: 89). لەو ئانوساتەدا، لە کاتێک دامەزراندنی *عێراق*ێکی بەهێز و یەکگرتوو خەون و ئارەزووی ڕاستەقینەی **فەیسەڵ** بوو، کەچی بەرژەوەندیی دەستەی سەرۆکعەشیرەتەکان لە ناو گروپەکەی **مەلیک**، لەبری بەهێزکردنی دەوڵەت، لاوازکردنی بوو، چونکە ئەوان دەیانویست دەسەڵات و کاریگەرییان لەسەر عەشیرەتەکانیان و ناوچەکانیان هەر وەک خۆی بمێنێتەوە (Batatu 2004: 27-28). هەرچەندە لەو کاتانەدا ململانێ و کێشمەکێشەکان لە نێوان ڕەوتی عێراقچییەکان و ڕەوتی ناسیونالسیتە عەرەبەکان لە *بەغداد* تا ڕادەیەک نەرمونیانیی پێوە دیار بوو، بەڵام لەگەڵ

[1]. هاشمی یان بەنی هاشم لە نەوەکانی پەیامبەری موسڵمانان **محەمەد**ن.

ئەوەشدا وڵاتی تووشی ژمارەیەکی زۆر لە کێشە و گرفت کردبوو، کە چەقیان لەسەر ململانێکانی شوناسی دەوڵەتە تازەدامەزراوەکە بەستبوو.

هاوکاتی ئەم ململانێیانە، دروستبوونی چەند حزبێک هەندێک کێشمەکێشی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. گفتوگۆکان لەسەر دوارۆژی *عێراق*، هەروەها بوونی ئەو جیاوازییانەی لە دیدەکاندا هەبوون لەسەر شێوە و چۆنێتیی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکە و *بەریتانیای* داگیرکەردا، بەسەر یەکەوە بوون بە مایەی دروستبوونی سێ حزبی سیاسی لە هاوینی ١٩٢٢دا. *نەهزە* (*النهضة*) یەکێک بوو لەو حزبانە، کە لە گەڕەکی *کازمییەی* شیعەنشین دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە بە توندی دژایەتیی بوونی بەریتانییەکانی لە *عێراق* و ئینتیدابەکەی دەکرد. حزبی *ئەلحور* (*الحر*)، کە لە لایەن *مەحموود نەقیب*، کوڕی *عەبدولڕەحمان نەقیب* دامەزرێنرابوو، ڕێکخراوێکی سوننی بوو، بە هیچ شێوەیەک دژایەتیی دەسەڵات و ئینتیدابی بەریتانییەکانی نەدەکرد. حزبی سێیەم، *حەرەسی ئیستیقلال* (*حرس الاستقلال*)، ڕەوتێکی میانڕەوی ناوەڕاست بوو. ئەمەیان لە لایەن **سەید سەدر** و **جەعفەر بن تیمەن**، کە بازرگانێکی ناسراوی *بەغداد* بوو، دامەزرابوو. بەوەش ناسرابوو کە حزبێکی عێراقچییە. سەرەڕای ئەوەی هەردوو دامەزرێنەرەکەی شیعە بوون، کەچی چەند ئەندامێکی دامەزرێنەری دیکەی حزبەکە لە سیاسییە سوننەکانی ئەوکاتی *بەغداد* بوون. زۆری پێ نەچوو دوای دامەزراندنیان، *حەرەسی ئیستیقلال* و *نەهزە*، خۆپیشاندانێکیان لە *بەغداد* دژی ئینتیدابی بەریتانی بەسەر *عێراق*دا ڕێک خست. لە ئەنجامدا دەسەڵاتدارانی *بەریتانیا* کارکردنی هەردوو حزبیان یاساخ کرد و سەرکردەکانیان ڕەوانەی مەنفا کرد (التميمي ١٩٩٦: ٥٧؛ عليوي ٢٠٠١: ٤٧-٤٨؛ الوردي ٢٠٠٥: ج ١/٦، ١٨٥-١٨٧، ١٩٣-١٩٤).

ماوەیەک پێش ئەم حزبانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوی *کۆمەڵەی عەهد* لە لایەن ئەفسەرە سوننەکانی *سوپای عوسمانی* دامەزرێنرابوو. لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی و دروستبوونی *عێراق* و *سووریا*، *کۆمەڵەی عەهد* بەسەر دوو لقدا دابەش بوو، سوورییەکان و

عێراقییەکان. پێش دامەزراندنی ئەم دوو دەوڵەتە، ناسیونالیزمی عەرەبی پاڵنەری سەرەکیی دامەزراندنی *عەهد* بوون، بەڵام دواتر بە حوکمی ئەمری واقع هەر لقەی خەمی سەرەکییان لە چوارچێوەی دەوڵەتە تازەدامەزراوەکاندا، *عێراق* و *سووریا*، قەتیس ببوو. لە دوای لەتبوونی *عەهد*، سەربەخۆیی بۆ *عێراق* بوو بە ئامانجی سەرەکیی لقەکەی *عێراق*. ئەندامانی *عەهد* پشتیوانییان لە ئینتیدابی بەریتانی نەدەکرد، بەڵام لەوکاتدا لەو باوەڕە بوون کە عێراق بە تەنیا ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، بۆیە پێیان وابوو کە پێویستی بە کۆمەک و پشتیوانیی زلهێزێکی وەک *بەریتانیا* هەیە (علیوی ٢٠٠١: ٤١-٤٢). هاوکاتی گڕوگازەکانی *بەغداد*، لە ناوچە دوورەدەستەکانیش ململانێ لەگەڵ کورد و شیعەکان سەری هەڵدایەوە.

**کوردو ئومێدی ئیستیقلال**

جگە لە کێشمەکێشەکانی *بەغداد* لە سەردەمی حکومڕانیی **فەیسەڵ**دا، کە ئاماژەیان پێ کرا، *عێراق* ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورەتر ببووەوە لە باکووری وڵاتەکە؛ خەون و ئاواتی کوردەکان بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی پێچەوانەی ئامانجی بەریتانییەکان بوو، لە هەمان کاتیشدا، دژایەتی دەکرد لەگەڵ سۆز و ئارەزوی ناسیونالیستە عێراقی و عەرەبییەکان. لەبەر ئەو ڕاستییەی کە کوردەکان لە ڕووی ئیتنی/نەتەوەیی، ڕەچەڵەک/نەژاد، زمان، نەریت و کولتوور تەواو جیاوازن لە عەرەبەکان، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دژی هەوڵەکانی *بەریتانیا* و *عێراق* وەستانەوە لە پەیوەند بە لکاندنی *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو ململانێیەی کە لەو کاتەوە سەری هەڵدا، ململانێی نێوان ناسیونالیستە تازە چەکەرەکردووەکان بوو، ئەوانیش ناسیونالیستیی کوردی لەگەڵ ناسیونالیستیی/نیشتمانپەروەریی عێراقی لە لایەک و ناسیونالیستیی عەرەبی لە لاکەی دیکە بوو. کاتێک **فەیسەڵ** دەسەڵاتی گرتە دەست، کێشەی لکاندنی *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە لە نێوان *بەریتانیا* و *تورکیا* سەری هەڵدا. **مەلیک فەیسەڵ** بە زۆرەملێ دەیویست *باشووری کوردستان* ببێتە پاشکۆی *عێراق* و داوای دەکرد کە کوردەکان

بەپیر داواکەیەوە بێن. هاوکات *بەریتانیاشی* لە مەترسیی ئەگەرەکانی جیابوونەوەی کوردەکان لە *عێراق* ئاگەدار دەکردەوە و پێشبینیی ئەوەشی دەکرد کە لەوانەیە جیابوونەوەی کوردەکان جیابوونەوەی شیعەکانی *ویلایەتی بەسرەی* بەدواوە بێت (البیاتی ٢٠٠٥: ٢٠٨-٢١٠). لە ڕاستیدا خەڵکی *ویلایەتی بەسرە* لە حوزەیرانی ١٩٢١ لە سکاڵانامەیەکدا کە لە لایەن خەڵکێکی زۆری ولایەتەکەوە واژۆ کرابوو، داوایەکیان بۆ جیابوونەوە لە *عێراق* پێشکەش کردبوو (فیضی ١٩٩٨: ٣٠٨-٣١٠). وا چاکە ئاماژە بەوەش بکرێت کە داواکارییەکەیان بۆ جیابوونەوە لە *عێراق* بە تەنیا هەوڵی شیعەکان نەبوو، بەڵکو سوننە و جوولەکە و کریستیانەکانیش لە دەرەوە و ناوەوەی *بەسرە* ڕۆڵی کاریگەریان تیایدا بینیبوو (Visser 2007: vii).

لێرە وا چاکە باسی ئەوەش بکەین کە پێش ئەوەی *پەیمانی لۆزان* (١٩٢٣) جێگەی *پەیمانی سیڤەر* (١٩٢٠) بگرێتەوە، ململانێی ناسیونالیستە کوردەکان لەگەڵ ناسیونالیستە عەرەبەکان و نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان سەری هەڵدابوو. ناسیونالیستە کوردەکان داوای سەربەخۆییان بۆ *کوردستان* دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ناسیونالیستە عەرەبەکان و نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان *کوردستان*یان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە *عێراق* تەماشا دەکرد. ئەمەش یەکێک لەو هۆیانە بوو کە وای کرد جارێکی دیکە ململانێ و ناکۆکی لە ناوچە کوردییەکان سەر هەڵداتەوە. بۆ ئەوەی کێشەکان تەشەنە نەکەن، *بەریتانیا* **شێخ مەحموودی** لە مەنفا هێنایەوە و ڕێگەی پێ دا بچێتەوە *سلێمانی* (بۆ سەرەتاکانی کێشەکان لەگەڵ **شێخ مەحموود**، بڕوانە بەشی دووەم).

لە ئەیلولی ١٩٢٢، تەنانەت پێش گەیشتنی **شێخ مەحموودیش**، *بەریتانیا* هەندێک پۆست و دەسەڵاتی بەخشی بە ئەندامانی بنەماڵە خانەدانەکانی *سلێمانی* (بانگی کوردستان ١٩٢٢/٩/١٨). **شێخ مەحموود** لە ڕێگەی چوونی بۆ *سلێمانی*، لە *گەرمیان*، چەند سەرۆکعەشیرەتێکی بینی، کە هەموویان واژۆی یادداشتێکیان کرد کە تێیدا داوای سەربەخۆییان بۆ *کوردستان* کردبوو (البیاتی ٢٠٠٥: ٢٢٩). لەگەڵ گەیشتنی بۆ *سلێمانی*یش، **شێخ مەحموود** کرا بە حاکمی *کوردستان* (احمد ٢٠٠٤: ١٦٩؛ الحسنی ١٩٨٨: ج ١، ٢٨١). لە ڕاستیدا خەون و ئومێدو ئامانجەکانی *بەریتانیا* دژ و پێچەوانە بوون لەگەڵ ئەوانەی

شێخ مەحموود؛ بە لای **شێخ مەحموود**، دانانی ئەو وەک حوکمدار، واتە بوونی بە مەلیکی *کوردستان*، بەڵام بە لای *بەریتانیا* و دەسەڵاتدارانی *عێراق*ەوە، حوکمدار واتە تەنیا حاکمی *سلێمانی* و بەو شێوەیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، نەک وەک حوکمدار و مەلیکی *کوردستان*. ئەم تێگەیشتن‌و تەفسیرە دژبەیەکانە بوون بە هۆی دروستبوونی گرژی و ناکۆکی لە نێوان کوردەکان لە لایەک و *بەریتانیا* و *عێراق* لە لاکەی دیکە. زۆری پێ نەچوو گرژییەکان پێکدادانی لێ کەوتەوە، ئەوە بوو بە یارمەتیی هێزەکانی *عێراق*، *بەریتانیا* هێرشی کردە سەر *سلێمانی* و جارێکی دیکە شارەکەی لە ئایاری ١٩٢٣ گرتەوە. لە ئاکامدا **شێخ مەحموود** *سلێمانی*ی بەرەو شاخەکان جێ هێشت و لەوێ لەسەر یاخیبوونی خۆی بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٥. هەرچەندە **شێخ** لە شاخەکاندا دەستکورت و دوورەپەرێز بوو، بەڵام بەردەوام بوو لە بەرزکردنەوەی ئاڵای *کوردستان* و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی *بانگی کوردستان* بە شێوەیەکی بەردەوام، کە زمانحاڵی حکومەتەکەی بوو لە شاخەکاندا.[1]

ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بەر لە هەموو شتێک ئاماژەن بۆ ئەوە کە سەرکردایەتیی کورد لەو زەمەنەدا مەلیکێکی عەرەبی وەک سەرۆکی حکومەتی عێراقی، کە *کوردستان*یشی لە ژێر دەستدا بێت، بە تەواوی ڕەت دەکردەوە. ئەمەش لەوە دەردەکەوێت کە هەرچەندە **مەلیک فەیسەڵ** نزیکەی دوو ساڵ بوو کرابوو بە مەلیکی *عێراق*، کەچی **شێخ مەحموود** خۆی وەک مەلیکی *کوردستان* دەناساند. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەکانی **شێخ مەحموود** و حکومەتەکانی خەسڵەتی عەشیرەتگەراییان پێوە دیار بوو، کەچی ئەو گرنگییەکی باشیشی بە ڕاگەیاندن دەدا و تا ڕادەیەکیش ئامادەیی تێدا بوو کە ئامۆژگاری لە ڕۆشنبیرە کوردەکانی دەوروبەری وەربگرێت، لەوانە **ڕەفیق حیلمی**، **شێخ نووری شێخ ساڵح**، **ئەحمەد خواجە** و **مستەفا پاشای یامولکی**، کە ڕۆڵی گرنگیان لە حکومەتەکانی **شێخ**دا بینی. هەرچەندەش ڕۆشنبیرەکان هەریەکە و کاری خۆی لە حکومەتدا پێ سپێردرا بوو، لە هەمان کاتدا بەشدارییەکی چالاکیشیان

[1]. *ڕۆژنامەی بانگی کوردستان* ڕۆژانە دەرنەدەچوو، بەڵکو ماوەماوە ژمارەیەکی دەردەچوو.

هەبوو لە بڵاوکراوەکاندا. لە سەروەختی دووەم یاخیبوونی **شێخ مەحموود**، چوار ڕۆژنامە بڵاو دەکرانەوە بە ناوەکانی *بانگی کوردستان*، *ڕۆژی کوردستان*، *بانگی حەق* و *ئومێدی ئیستیقلال* (بڕوانە سالح و سالح ٢٠٠٣). بە لای کوردەوە، ناوی ئەم ڕۆژنامانە مانا و مەغزای زۆر قووڵ و سیمبولییان لەخۆ گرتبوو، تەنانەت تا ئەم ساتەوەختەش کاریگەریی زۆریان لەسەر بیر و هۆش و هەڵوێستی کوردەکان هەیە.

دوای ئەوەی یاخیبوونەکەی **شێخ مەحموود** سەرکوت کرا، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی *عێراق*، **عەبدولموحسین سەعدون**،[1] سەردانێکی *سلێمانی*ی کرد. سەرۆکوەزیران لە سەردانەکەی جارێکی دیکە جەختی لەوە کردەوە کە حکومەتی عێراقی بە هیچ شێوەیەک سیاسەتی ڕەگەزپەرستی دژی کوردەکان بەکار ناهێنێت و ئەزیەتیان نادات. سەرەڕای ئەم دڵنیاکردنەوەیە، کەچی زۆربەی خەڵکی شارەکە هەر بەردەوام بوون لە ناڕەزاییدەربڕین لە بەرانبەر لکاندنی ناوچەکەیان بە *عێراق* و فەرمانڕەواییکردنیان ڕاستەوخۆیانە لە لایەن بەریتانییەکانەوە بە باشتر دەزانی. بەڵام شکستەکەی **شێخ مەحموود** وای لە کوردەکان کرد کە دووبارە بە ڕۆڵ و سەنگ و قورسایی خۆیان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بچنەوە و ئەو واقعە سیاسییە سەپێنراوە تازەیەی *عێراق* قبووڵ بکەن (البیاتی ٢٠٠٥: ٣١٩، ٣٣٠-٣٣١). لەوە دەچێت بەریتانییەکان و عێراقییەکان پێیان وابووبێت کە یەکلاییکردنەوەی کێشەی *ویلایەتی موسڵ* لەوانەیە ببێتە هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان لە *عێراق*، بۆیە *بەریتانیا* لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکە لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی پرسەکە بوو، کە لە مێژوودا بە کێشەی موسڵ ناسراوە.

[1]. **عەبدولموحسین سەعدون** (١٨٧٩-١٩٢٩)، لە *بەسرە* لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سوننەی ئەو شارە لەدایک بووە. ئەو سیاسەتوانێکی عێراقی بوو کە چوار جار لە کاتی جیاجیا لە ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٢٩ پۆستی سەرۆکوەزیرانی *عێراق*ی وەرگرتبوو.

## کێشەی موسڵ: ململانێی بەرژەوەندییەکان

کاتێک گەورە بەرپرسەکانی *بەریتانیا* و *تورکیا* لەسەر *ویلایەتی موسڵ* نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، ئەوە کێشەکەیان ڕادەستی *کۆمەڵەی گەلان* (*League of Nations*) کرد. بەم شێوەیە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۲۳، *کۆمەڵەی گەلان* لیژنەیەکی پێک هێنا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ ئەوەی بزانن کە دانیشتوانی *ویلایەتی موسڵ* دەیانەوێت لە *عێراق* بمێننەوە یان ببنە بەشێک لە *تورکیا* (بڕوانە حسین ۱۹۷۷). پرسی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردییش، وەک ئەوەی لە *پەیمانی سیڤەر* هاتبوو، بە تەواوی بێدەنگیی لێ کرا و فەرامۆش کرا. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۲۵ ئەندامانی لیژنەکەی *کۆمەڵەی گەلان* سەردانی *ویلایەتی موسڵ*یان کرد و ئارگیومێنت و بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی *بەریتانیا* و *تورکیا*یان سەبارەت بە ویلایەتەکە تاووتوێ کرد. سەبارەت بە خەڵکەکەش، لیژنەکە دوو بژاردەیان لە بەردەست دانان، داخۆ دەیانەوێت ببنە بەشێک لە *تورکیا*، یان وەک بەشێک لە *عێراق*دا بمێننەوە. لیژنەکە ڕاپۆرتێکی نووسی، لە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە هاتبوو ئەگەر ئیتن/نەتەوە وەک پێوەر ڕەچاو بکرێت بۆ یەکلاییکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکە، ئەوە "دەبێت دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دروست بکرێت" (بڕوانە حسین ۱۹۷۷: ۱۰۲؛ احمد ۲۰۰٤: ۱۹٦).

وا چاکە ئاماژە بەوە بکەین کە لیژنەکە ڕاپرسییەکی (Plebiscite) ئەنجام دا، کە هەموو خەڵکی ناوچەکە پرسیان پێ نەکرا وەک ئەوەی نەریتە لە ڕاپرسیی گشتیدا، بەڵکو زیاتر ڕای ئەندامە گرنگ و ئەعیانی ناوچەکەیان وەرگرت. ئەوەی کە لیژنەکە بەدوایەوە بوو، ویست و ئارەزووی خەڵکەکە نەبوو، بەڵکو داخۆ خەڵکەکە *عێراق*یان پێ باشترە یان *تورکیا*. بەپێی ڕاپۆرتەکە، زۆربەی خەڵک، بەڵام هەمووی نا، لەوانە کوردەکانیش، دەیانویست ناوچەکانیان ببن بە بەشێک لە *عێراق*. لەوە دەچێت ئەوەی وای لە کوردەکان کردبێت کە مەیلیان بە لای عێراق هەبێت، ئەمانە بووبن: یەکەم، کۆمەڵێک پەیمان بوو کە لە لایەن *بەریتانیا* و *عێراق*ەوە بە کوردەکان درابوو، بەتایبەتییش دڵنیاکردنەوەیان لەوەی کە خۆیان ناوچەکانی خۆیان لە *عێراق* بەڕێوە دەبەن. دووەم، ئەو ترسەی کوردەکانی *عێراق* لایان پەیدا ببوو لە

تورکەکان لەو ئانوساتەدا، چونکە تورکەکان لە هەمان ساڵدا، واتە ساڵی ۱۹۲۵، دڕندانە سەرکوتی بزووتنەوەکەی **شێخ سەعیدی پیران**یان کردبوو. ئەم یادەوەرییانە، لەگەڵ ئەوانی پێشووتریش، هێشتا لە بیر و هۆشی کوردەکاندا زیندو بوو. ئەم دوو هۆکارە لەوە دەچێت وای لێ کردبن مەیلیان بۆ *عێراق* هەبێت، نەک *تورکیا*.

پێش بڕیاری لیژنەکەی *کۆمەڵەی گەلان* و لە کاتی گفتۆگۆکردنی پرسی *موسڵ* لە *ئەنجوومەنی پیرانی بەریتانیا*دا، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە پێشنیازی ئەوەی کرد کە "کێشەکە تەنیا لە دیاریکردنی سنوورەکان و پرسی کەمەنەتەوەییەکان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە کێشەی کوردەوە" (احمد ۲۰۰٤: ۱۸۹). سەرەڕای دەرخستنی ئەم ڕاستییە، بەڵام لیژنەکە پێشنیازی لکاندنی *ویلایەتی موسڵی* بە *عێراق*ەوە کرد. هاوکات پێشنیازی درێژکردنەوەی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لەسەر *عێراق* بۆ ۲٥ ساڵ کرد لەگەڵ ڕێزگرتنی مافە کارگێڕی و زمانەوانییەکانی کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکە (Sluglett 1976: 124-125). ئەوانەی لێ دەرچێت، ئاماژەیەک بە مافە سیاسییەکانی کورد لە ئازادی و سەربەخۆیی نەکرا. لە تەمووزی ۱۹۲٦، *کۆمەڵەی گەلان* دەنگی بەم ڕاسپاردە و پێشنیازانە دا، بەمەش *باشووری کوردستان* بە فەرمی بە *عێراق*ەوە لکێنرا.

گوایە دۆزینەوەی نەوت یەکێک لە هۆکار و هاندەرەکانی *بەریتانیا* بوو لە لکاندنی *کوردستان* بە *عێراق*ەوە؛ لەم کتێبە وردبوونەوەی تەواو بۆ ئەم بابەتە نەکراوە، سەرەڕای ئەمە دەکرێت بڵێین کە هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە کە پێشانی بدات بەریتانییەکان لەو کاتەدا ئاگەداری بڕی سەرچاوە نەوتییەکانی *کوردستان* بووبن. چەند دەیەیەک دواتر، **ئارنۆڵد ویلسن**، مەندووبی سامیی *بەریتانیا*، گوتی ئەوان *موسڵ*یان لەبەر خاتری نەوت داگیر نەکردووە، بەڵکو مەبەستیان لەمە ڕێگرتنی *سۆڤێت* بووە لە دزەکردن بەرەو باشوور (حسین ۱۹۷۷: ۳۰۲). کەسانێک هەن پێیان وایە کە مەبەست لە لکاندنی *کوردستان* بە *عێراق*ەوە لە لایەن بەریتانییەکان، دروستکردنی هاوسەنگییەکی مەزهەبی بوو لە نێوان شیعە و سوننە، چونکە بەبێ کوردە سوننەکان، شیعەکان دەبوون بە زۆرینەیەکی ڕەها لە *عێراق* (سابیر ۱۹۹۲: ٥۳

؛ لوکیتز ٢٠٠٤: ٣٦). دەشگوترێت کە زنجیرە چیاکانی ناوچە کوردییەکان وەک بەربەستی سروشتیی سوودبەخش تەماشا دەکران لە ئەگەری هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ناوچەکانی دیکەی *عێراق* لە ڕۆژهەڵات و باکوورەوە (مینا ١٩٩٩: ٨٣). لکاندنی *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە، وەک خۆڕزگارکردنی *بەریتانیا* لەو تێچوونە زۆرانەش بینراوە کە لە ئاکامی داگیرکردن و مانەوەی لە *عێراق*دا کەوتبووە سەرشانی، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە *بەریتانیای* دوای یەکەم جەنگی جیهانی بە تەنگژەی ئابووریدا تێدەپەڕی و کورتهێنانە داراییەکانی بارێکی قورسی خستبووە سەر بودجەکەی (Stansfield 2007: 44). هەرچۆنێک بێت و هەر هۆکارێکی لە پشتەوە بێت، خەڵکی *کوردستان* لکاندن و بێمافکردنیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بوونیان بە بەشێک لە دەوڵەتە تازەدامەزراوەکەی *عێراق*دا وەک خیانەتێک لە لایەن *بەریتانیا* و *عێراق*ەوە دەبینی، بەتایبەتی کاتێک بەڵێنەکانی هاوپەیمانانیان دەهاتەوە یاد، وەک ئەوەی لە *پەیمانی سیڤەر*دا هاتبوون.

### مافی کەمینە یان دداننان بە مافی نەتەوەیی و خاک

دوابەدوای تاجلەسەرنانی **مەلیک فەیسەڵ**، حکومەتی *عێراق* یەکەم پەیماننامەی خۆی لەگەڵ *بەریتانیا* لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا واژۆ کرد، کە داوای نووسینی دەستووری لە حکومەتی عێراقی کردبوو. مادەی دووی دەستوورە نوێیە نووسراوەکەی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢٥ پەسەند کرا، *عێراقی* ناساند وەک وڵاتێکی "سەروەر و سەربەخۆ و ئازاد. خاکەکەی دابەش ناکرێت و هیچ پارچەیەکیشی لێی جیا نابێتەوە" (الحسنی ١٩٨٨: ج١، ٣٣٩-٣٥٦). ئەم دەقە چاوسوورکردنەوەیەکی تێدا بەدی دەکرێت بۆ کورد. لەمەش زیاتر، پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی کە هەردوو حکومەتی عێراقی و بەریتانی لە بەیاننامەکەی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢دا دابوویان بە کورد، دەستوورەکە هیچ ئاماژەیەکی بە مافەکانی گەلی کورد نەکردبوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەگوێرەی بەیاننامەکە، هەردوو حکومەتی عێراقی و بەریتانی ڕایان گەیاندبوو:

"دان به مافەکانی گەلی کورد دەنێین لە چوارچێوەی سنوورەکانی *عێراق* لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەو سنوورانەدا، بەو هیوایەی کە لایەنە کوردییەکان بە زووترین کات لە نێوان خۆیاندا ڕێک بکەون لەسەر فۆرمی حکومەتەکەیان لەگەڵ ئەو سنوورانەی کە دەیگرێتەوە، لەگەڵ ناردنی نوێنەرانیان بۆ *بەغداد* بۆ گفتوگۆکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ هەردوو حکومەتی *بەریتانیا* و *عێراق*" (الحسنی ١٩٨٨: ج١، ٢٨٢).

بە لای کوردەکانەوە، ئەم بەیاننەمەیە ئاماژەیەکی گەش و دڵخۆشکەر بوو، ئەگەر نەڵێین وەک چرای سەوز تەماشایان دەکرد، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، یان بە لایەنی کەمەوە، بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان و دیاریکردنی سنووری هەرێمەکەیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی *عێراق*. دوای ماوەیەکی کورت، بەدەر کەوت کە ئەم بەیاننامەیە تەنیا فێڵێک بوو لە لایەن *بەریتانیا*وە لە کوردەکان کرا، بۆ ئەوەی  کوردەکان ڕازی بکەن کە چیتر دوای **شێخ مەحموود** نەکەون و واز لە پرسی سەربەخۆیی بهێنن. هاوکات، لەوانەیە ئەم بەیاننامەیە تەنیا بۆ ڕاکێشانی مەیلی کوردەکان بە *لای عێراق*ەوە دەرچووبێت. ئاکامەکەشی لە دەنگدانی کوردەکان لە ڕاپرسییەکەی لکاندنی *ویلایەتی موسڵ* بە *عێراق*ەوە دەرکەوت.

پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە و نووسینی یەکەم دەستووری عێراقییش لە ساڵی ١٩٢٥، پێکدادانی یەک لە دوای یەک لە نێوان ناسیونالیستە کوردەکان و عێراقچییە عەرەبەکاندا ڕوی دابوو. لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢، ڕۆژنامەیەکی عێراقی بە ناوی *عێراق* (*العراق*)، دوو گوتاری بڵاو کردبووەوە، کە داوای لە حکومەت کردبوو "سنووره سروشتییەکانی عێراق بپارێزێت"، ئەویش بە لکاندنی ناوچەکانی *سلێمانی* و دەوروبەری بە *عێراق*ەوە. لە وەڵامی ئەمەدا، ڕۆژنامەیەکی کوردی، *ڕۆژی کوردستان*، دەقی ئەو گوتارەی ئاماژەی بەوە کردبوو کە *کوردستان* بەشێکی سروشتی و دانەبڕاوی *عێراق*ە، بە شتێکی "جێگەی تەعەجوب و تەئەسوف" دانابوو. جگە لەمەش، ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە "تاریخی عالەم و جوگرافیای تەبیعی، شاهدێکی عادلە کە میللەتی کورد لە ڕووی زەمیندا هەموو وەختێک ناونیشانی

بووه و هەمیشە مادییەن بوونی نەتەوەیی خۆی سەلماندوە و دەمێکە وەک قەوارە و یەکەیەکی تەواو جیاواز لە خەڵکانی دیکەی *عێراق* لە ناوچەکەدا ژیاون". *ڕۆژی کوردستان* ئەو بانگەشەیەی ڕۆژنامەی *عێراقی* بە تەواوی ڕەت کردبووەوە و پرسیبووی مادام زۆربەی دانیشتوانی *ویلایەتی موسڵ* کورد بن، بۆ دەبێت نەتەوەکانی دیکە داوای بکەن؟ لەگ گوتارێکی دیکەدا، *ڕۆژی کوردستان* دووپاتی کردبووەوە کە "داواکاریی ئێمە لە *کۆنگرەی لۆزان* تەنیا ڕێزگرتن نییە لە مافی کەمەنەتەوەییەکان، بەڵکو بەرگریکردنیشە لە نەتەوەیەکی مەزن و سەربەخۆ لە نیشتمانی خۆیدا" (ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢/١١/١٥؛ ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢/١٢/٢٧). کاتێک مشتومڕ و گفتۆگۆ لەسەر باسی *ویلایەتی موسڵ* گەیشتە لوتکە لە میدیاکانی عێراقی، ڕۆشنبیرە ناسیونالیستە کوردەکان جارێکی دیکە مکوڕبوونی خۆیان لە پەیوەند بە پرسی سەربەخۆیی وڵات زەق کردبووەوە. داوایەک کە لە لایەن ڕۆژنامەیەکی عێراقی بە ناوی *ئیستقلال* (*الاستقلال*) خرابووە ژێر پرسیارەوە. ڕۆژنامە عێراقییەکە، *ئیسقلال*، ئەوەشی ڕاگەیاندبوو کە "دانیشتوانی کوردستان نەتەوە نین". هاوکات نکۆڵیشی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کردبوو. بە گاڵتەجاڕییەوەش پرسیاری کردبوو "هەر بە ڕاستی نەتەوەیەک هەیە بە ناوی کوردەوە؟" بە گاڵتەوەش وەڵامی خۆی دابوویەوە کە "ئێمە ناتوانین ئەم پرسیارە وەڵام بدەینەوە!" (الاستقلال ١٩٢٥/٢/٨، وەرگیراوە لە احمد ٢٠٠٤: ٢١٥). ئەم گفتوگۆ کێشەئامێزانە خاڵێکی وەرچەرخان بوون لە پەیوەند بە داواکارییەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی. هاوکات لەو ئانوساتە بەدواوە، عەرەبە عێراقییەکان و بەریتانییەکان بوون بە ئەوی دیکە (the Other)، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە خەیاڵگەی ناسیونالیستە کوردەکان، عەرەبەکان و ئینگلیزەکان وەک ڕەقیب، نەیار تا دەگاتە دوژمن وێنا دەکران و دەبینران.

لە سەروبەندی ئەم پێشهات و ڕووداوانەدا، بەریتانییەکان تەواو ئاگەداری نائومێدی و ناڕەزاییەتییەکانی کوردەکان بوون. لە ساڵی ١٩٢٦دا مەندووبی سامیی *بەریتانیا*، **هێنری دۆبس**، پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبی بە پەیوەندییە دوژمنایەتییە لەمێژینەکەی نێوان ئینگلیز و سکۆتلەندییەکان

شوبهاندبوو. له نامەیەکدا بۆ **مەلیک فەیسەڵ**، **دۆبس** پێشنیازی ئەوەی بۆ دەسەڵاتی عێراقی کردبوو، کە دەبێت هەمان ئەو هەنگاوانە لە وڵاتەکەیان بگرنە بەر کە **شاژنە ڤیکتۆریا** لەهەمبەر پرسی شوناسی سکۆتلەندییەکان لە *بەریتانیا* گرتیە بەر. **دۆبس** پێشنیازی ئەوەی کرد کە پادشای *عێراق* دان بنێت بە سروشتی دوونەتەوەیی *عێراق* و ئەوە ڕابگەیەنێت کە ئەو دوو ئەستێرەیەی لە ئاڵای *عێراق*دا هەن سیمبولی یەکێتیی دوو نەتەوەکە پیشان دەدەن، کوردەکان و عەرەبەکان، بێ گوێدان بەوەی کە لە بنەڕەتدا ئەم دوو ئەستێرەیە ئاماژەیان بۆ چی کردووە (احمد ٢٠٠٤: ١٤٣-١٤٥).[١]

دوای دووەم یاخیبوونی **شێخ مەحموود**، قۆناغێکی نوێ لە چالاکینواندنی کوردەکان دەستی پێ کرد. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر هەستی پێ دەکرا، ئەوە بوو کە ڕۆشنبیرانی کورد، چ ئەوانەی لە ناو حکومەتی *عێراق*دا کاربەدەست بوون و چ ئەوانەی دەرەوە، ستراتیجییەتی کارکردنی خۆیان لە گەیاندنی پەیامەکانیان گۆڕی. ستراتیجییەتە نوێکە خۆی لە نووسینی سکاڵانامە و یادداشت و بروسکەنووسین بۆ بەرپرسە باڵاکانی ناو *عێراق* و دەرەوەی دەبینییەوە، لەگەڵ ئاگەدارکردنەوەی *کۆمەڵەی گەلان* و مەندووبی سامیی *بەریتانیا* لەو بارودۆخەی کە کوردەکان پێیدا تێدەپەڕین. چالاکیی ڕۆشنبیرانی کورد لە تەمووزی ١٩٣٠ گەیشتە لوتکە، کاتێک ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی نێوان *بەریتانیا* و *عێراق* ئاشکرا کرا. ڕێککەوتننامەکە بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بە نەتەوەی کورد و مافەکانی نەکردبوو (بۆ دەقی ڕێککەوتننامەکە بڕوانە الحسنی ١٩٨٨: ج٣، ٢١-٢٧). لە وەڵامی ئەم پشتگوێخستنەدا، کۆمەڵێک لە چالاکوان و ڕۆشنبیرانی کورد *هەیئەتی وەتەنییە*یان پێک هێنا. **گوایە عیزەت بەگی جاف**، کە ئەندامێکی کۆمەڵەکە بوو، گوتوویەتی "ئەمجارە سیلا حو تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە" (ژیان ١٤/٨/١٩٣٠).

---

[1]. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو دوو ئەستێرەیەی کە لەسەر ئاڵای *عێراق* لە سەردەمی پادشایەتی هەبوون، ئاماژە بوون بۆ دوو دەوڵەتی هاشمی، *عێراق* و *ئوردن*، چونکە هەردووکیان لە لایەن بنەماڵەی هاشمییەوە فەرمانڕەوایی دەکران.

ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە بزاڤی ناسیونالیستیی کوردی، چونکە ئەم جارە لەبری سەرۆکعەشیرەت و پیاوە ئایینییەکان، کەسانی ڕۆشنبیر دەیانویست جڵەوی بزووتنەوەکە بگرنە دەست. بۆیە شارەکان بوونە ناوەندی چالاکییەکان و گوندەکان بە شێوەیەکی کاتییش بێت ڕۆڵی سەرەکییان لە چالاکییەکانیان لەدەست دا (امین ٢٠٠٠: ٦١). بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخەکە **مەلیک فەیسەڵ شازادە غازی**ی ناردە شارە کوردییەکان. مەبەست لە سەردانەکان، دڵنیاکردنەوەی کوردەکان بوو لە مافەکانیان. لە کاتی پێشوازیکردن لە غازی لە ١٦ی تەمووزی ١٩٣٠ لە *سلێمانی*، خەڵکەکە چەند بەیداخێکیان بەرز کردبووەوە کە لە یەکێکیان نوسرابوو "ڕەوا بێ مەتالیبی کورد، بەرقەرار بێ عەدالەتی *عوسبەتول ئومەم* (*کۆمەڵەی گەلان*)". **ڕەمزی فەتاح ئەفەندی**، کە پیاوماقووڵ و خانەدانێکی شارەکە بوو، لە گوتەیەکدا کە لەبری خەڵکی شار پێشکەشی بە **شازادە غازی**ی کرد، گوتی "ئێتر هەموو قەومێک بە لیسان و ئەدەبیات و تاریخ و عورف و عاداتی خۆی تەرەقی دەکات. ئەمە عەسری بیستەمینی مەدەنیەتە عەسری میللەتەکانە" (ژیان ١٩٣٠/٧/٢١). لە هەمان کاتدا، **ڕەمزی ئەفەندی** داوای لە خەڵکەکە کرد کە یەکگرتوو بن و ئیدانەی ڕێککەوتننامەکە بکەن و ناڕەزایی دەرببڕن. هەر لە کاتی پێشوازیکردنی **شازادە غازی**، **میرزا تۆفیق قەزاز** قسەی کرد و گوتی "دەمەوێ بە بیرتان بێنمەوە کە بەپێی بڕیارەکانی *کۆمەڵەی گەلان* کە *ویلایەتی موسڵ*ی خستە سەر *عێراق*، دەبوایە خەڵکی *کوردستان* خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن لە ناوچە کوردییەکان کە لیوای کەرکووک و *هەولێر* و *سلێمانی* و ئەقزییەکانی شمالی *موسڵ* و قسمی سەرووی لیوای *سیروان* دەگرێتەوە" (ژیان ١٩٣٠/٧/٢١).

بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، لە ئابی ١٩٣٠، وەفدێکی دیکەی بەریتانی بە سەرۆکایەتیی مەندووبی سامیی *بەریتانیا*، بە یاوەریی جێگری سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی *عێراق*، **جەعفەر عەسکەری**، سەردانی ناوچە کوردییەکانیان کرد، لەوانە *هەولێر*. بە هەمان شێوە، پیاوماقووڵ و خانەدانەکانی *هەولێر*یش، نیگەرانییەکانی خۆیان بە نوێنەرانی *بەریتانیا* و *عێراق* ڕاگەیاند و داوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێشوویان لێ کردن، کە

گرنگترینیان بریتی بوو له جێبەجێکردنی مادەی ١٦ له یاسای ئینتیدابی بەریتانی لەسەر *عێراق*. له مادەکەدا هاتبوو که "هیچ شتێک لەم ئینتیدابە نابێت ڕێگربێت له پێش بەریتانیا له دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆ له ڕووی کارگێڕییەوە له ناوچه کوردییەکان، بەو شێوەیەی که بۆی دەگونجێت" (الحسنی ١٩٨٨: ج١، ٣٠٣). **خدر ئەحمەد پاشا**، یەکێک له سەرۆکعەشیرەتەکانی *هەولێر*، به شاندی ناوبراوی گوت "ئێمه هەموو عەشائیر موتەفیقەن تەئیدی مەتالیبی ئەهالی *سلێمانی* دەکەین، ئێمه لەگەڵ *سلێمانی*دا ئەژین و ئەمرین، یەکێکین، ئیسترحام دەکەین ئەم سێ لیوایە *کەرکووک*، *هەولێر* و *سلێمانی* نابێ له یەک جیا بکرێنەوە" (ژیان ١٩٣٠/٨/١٤). دەکرێت بڵێین ئەمە تا ڕادەیەک یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی خەڵکی ناوچه کوردییەکانی لەو کاتدا لەخۆ پیشان دەدا. دوای ئەم ڕووداوانە و سەردانی وەفدەکە بۆ *سلێمانی*، ئیدی داواکان ڕاشکاویی زیاتریان به خۆیانەوە بینی. بۆ نموونە، **ڕەمزی ئەفەندی** ڕەخنە له ڕێککەوتننامەکەی ١٩٣٠ دەگرێت و به مەندووبی سامی دەڵێت "لازمە چۆن عەرەبەکان له قەراری ئینتیدابی *عوسبەتول ئومەم* موستەفید کراون، کوردەکانیش موستەفید بکرێن، که تەلەبی هەموو کوردەکان تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە له ژێر ئینتیدابی حکومەتی فەخیمەدا". له کاتی قسەکانیدا، وەفدەکەی *بەغداد* له **ڕەمزی ئەفەندی** دەپرسن داخۆ تۆ نوێنەرایەتیی هەموو کوردستان دەکەیت، چونکە له *هەولێر* و *کەرکووک* خەڵک داوای جیابوونەوە ناکەن، ئەویش به ئاماژەکردن بۆ یادداشتنامەکانی خەڵکی *هەولێر* و *کەرکووک*، که دەڵێت "ئەم دوو لیوایە له ژێر تەئسیر و تەزیقا بوون بۆیە بەیانی حەقیقەتی خۆیان ئیزهار نەکردوە، ئەگینا هەموویان ئێمه تەئید ئەکەن و *کوردستان* هەمووی له عەینی فکرایە یەک هەدەف تەعقیب ئەکات، که ئیستیقلالی کوردستانە". یەکێکی دیکە له ئامادەبوان به ناوی **حەمە ئاغا** له گردبوونەوەکە هەڵدەستێت و دەڵێت "ئێمه کوردین و کوردستان عیبارەت نییە هەر له *سلێمانی*، له *زاخۆ* هەتا *خانەقین* هەمووی کوردەوارییە، نایانەوێ لەگەڵ *عێراق*دا بژین. حکومەتێکی موستەقیلمان دەوێت له ژێر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیزیش نەماندانێ موراجەعەت به *عوسبەتول ئومەم* دەکەین". دواتر مەندوبی سامیی بەریتانی و جێگری سەرۆکوەزیرانی *عێراق* قسە دەکەن و

باس لەوە دەکەن کە *کوردستان* ناتوانێت لە ڕووی ئابووری و بەرگرییەوە خۆی بەڕێوە ببات. وا پێ دەچێت ئەمە زیاتر کوردەکان تووڕە بکات، بۆیە **ڕەمزی ئەفەندی** دەڵێت "یەک دەفعە عەرزمان کردن کورد و عەرەب قابیل نین پێکەوە بژین. ئێمە ئارین و ئەوان سامی" (ژیان ١٩٣٠/٨/١٤: ٤-٧). لە وەڵامی کوردەکان، جێگری سەرۆکوەزیرانی *عێراق* جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە جگە لە مافە زمانەوانی و کارگێڕییەکان، ناوچە کوردییەکان وەک هەر ناوچەیەکی دیکە بەشێکن لە *عێراق* و *بەریتانیا* هیچ بەڵێنێکی دیکەی بە کوردەکان نەداوە. کوردەکانیش لەبەرانبەر ئەمەدا، وەک ئاماژەی پێ کرا، پێداگرییان لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەیی و شوناسی خاک دەکرد، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی پیشان دەدا لە دید و تێگەیشتنی هەردوو لا.

حکومەتی ناوەندیی *بەغداد* پێی وا بوو کە **تۆفیق وەهبی**،[١] پارێزگاری *سلێمانی* ئەوکات، لە پشت ململانێ و توندوتیژییە سیاسییەکانە و هاندەری خەڵکەکەیە بۆ ناڕەزاییدەربڕین. بۆیە **تۆفیق وەهبی** بانگهێشتی *بەغداد* کرا و یەکسەر لە پۆستەکەی دوور خرایەوە. لەو کاتەدا حکومەت خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان، ئەندامانی *هەیئەتی وەتەنییە* لە بەرانبەر دەرکردنی **وەهبی** لە پۆستەکەی، بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد. لە پاڵ ئەمە، لە ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠، نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لە *بەردەرکی سەرا* گرد بوونەوە بۆ داواکردنی مافەکانیان و شەرمەزارکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. هەوڵەکانی پۆلیس بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بووە هۆی پێکداهەڵپژان لەگەڵ خۆپیشاندەران. لە ئەنجامدا پۆلیس تەقەی لە ئاپۆرای خەڵکەکە کرد و نزیکەی٦٠ کەسی لە خۆپیشاندەران کوشت و بریندار کرد و چەندانیشیان لێ زیندانی کردن (امین ٢٠٠٠: ٦٦-٦٨). لە مێژووی کورددا ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ناسراوە و لە کۆیادی کورد بووە بە سیمبولی بەرگری.

[1]. **تۆفیق وەهبی** (١٨٩١-١٩٨٤)، زمانناسێکی کورد و کۆنەئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو. لە زۆر پۆستی کارگێڕی خزمەتی کردبوو، لەوانە هەشت جار وەزیر بووە لە وەزارەتی جیاجیا لە حکومەتەکانی *عێراق*دا.

راسته هەندێک چالاکی توندوتیژییان لێ دەکەوتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو چالاکی و ناڕەزاییانەی لە لایەن کوردەکانەوە ئەنجام دەدران، دوور لە توندوتیژی بوون. لەم نێوەدا ناکرێت نامەکانی **تۆفیق وەهبی** کەمبایەخ تەماشا بکرێن؛ وەهبی لە ١٩ی نیسانی ١٩٣١دا، چەند نامەیەکی لەبری کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرە کوردەکان بە شێوەی سکاڵانامە بۆ *نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی* حکومەتی *بەریتانیا* و سکرتێری گشتیی *کۆمەڵەی گەلان* و مەندووبی سامیی *بەریتانیا* لە *عێراق* نارد.[١] نامەکانی **تۆفیق وەهبی** بە ناوی گەلی کوردەوە نوسرابوون و جەختیان لە چارەسەرکردنی هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی کورد دەکرد لە *عێراق*، هەر لە سەرەوەختی دروستبوونی *عێراق*ەوە تا ئەوکات. **وەهبی** دەڵێت "لکاندنی *کوردستان* بە *عێراق*ەوە نە ڕاستە و نە ڕەوا، بەڵام تازە ناکرێت ئەمە هەڵگێڕینەوە، مەگەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی وەک عێراق هەڵبوەشێنینەوە". بۆیە لە ئێستادا وا چاکە وەک ئەوەی کوردەکان داوای دەکەن، کە "ئازادانە وەک نەتەوەیەکی ئازاد لە ناو ئەو وڵاتەدا (عێراق) بژین." **وەهبی** لە درێژەی باسکردنی کێشەی کورد لە *عێراق* دەڵێت دڵسۆزیی کوردان بۆ *عێراق* پابەندە بە زەمانەتکردنی مافەکانیان وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی. ئەو جەختی لەوەش دەکردەوە کە "چیتر ئەوە ڕاست نییە بە کورد بگوترێت عەرەب یان عێراقی، وەک چۆن ڕاست نییە بە ئێرلەندییەک بگوترێت ئینگلیز". دەشیگوت کە "*باشووری کوردستان* هیچ کاتێک بەشێک نەبووە لە دەوڵەتێکی عەرەبی" (Ali & Salih 2005: 163, 189, 191).

**مەلیک فەیسەڵ** هەر زوو درکی ئەوەی کردبوو کە وا چاکە *کوردستان* لە لایەن کوردەکانەوە بەڕێوە ببرێت، بەڵام بە مەرجێک، ئەمە ڕێخۆشکەر نەبێت بۆ جیابوونەوەی سیاسی و ئابووری لە وڵاتەکە. وەک دەستپێشخەرییەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو نیگەرانییانەی کە کوردەکان دەریان دەبڕی، ئەوانەش کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، **فەیسەڵ** چەند هەنگاوێکی لە پێناو ئارامکردنەوەی

---

[1]. **تۆفیق وەهبی** بە فەرمی لە لایەن حەڤدە چالاکوانەوە ڕێگەی پێ درابوو کە نوێنەرایەتییان بکات. چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە *پەرلەمانی عێراق* لە نێوان چالاکوانەکاندا هەبوو (Ali & Salih 2005: 159).

گرژییەکانی نێوان کوردەکان و عەرەبەکان هەڵهێنا. بۆ نموونە، کردنەوەی *بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە* لە کەرکووک، دواتریش لە تەمووزی ١٩٣١دا حکومەت بە فەرمی ڕێگەی دا زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان لە بواری پەروەردە و دادگەدا بەکار بهێنرێت (الوردی ٢٠٠٥: ج١/٦، ١٣٣). جگە لەمەش، حکومەت بڕیاری دا کە ئەو دوو ئەستێرەیەی لە ئاڵای *عێراق*دا هەیە، وەک سیمبولی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب، کە دوو نەتەوەی سەرەکین لە *عێراق*، بناسێت (احمد ٢٠٠٤: ١٥٢).

ئەو پێشهات و گرژی و گفتوگۆیانەی سەرەوە، پیشانمان دەدات کە هەر زوو دوای دروستبوونی لە ساڵی ١٩٢١، *عێراق* تووشی کێشە و ململانێیەکی قووڵ هاتبوو. هۆکارەکەشەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ خەون و ئارەزووە دژبەیەکەکانی ناسیونالیستە کوردەکان و عەرەبەکانو عێراقییەکان. کوردەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە کە *کوردستان* بەشێک نییە و نەبووە لە *عێراق*. ئەگەر ئێستاش ئەوە بەسەریاندا سەپاوە، ئەوە قبووڵکردنی بەندە بە ناساندن و پارێزگاریکردنی تەواوی مافە نەتەوەیی و خاکییەکانی (Territorial) کوردەوە. لە بەرانبەر ئەم بانگەشەیەی کوردەکان، ناسیونالیستە عەرەبەکان و عێراقییەکان جەختیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی *عێراق* دەکرد و گەلەکەی و خاکەکەشیان وەک بەشێک لە دونیا و نەتەوەی عەرەب دادەنا. ئەم جیاوازییە لە دید و خەیاڵگەی ئەم ناسیونالیزمە ناکۆکبەیەکانە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی *عێراق* و ساڵانی سەرەتا لە تەمەنی ئەو دەوڵەتە، بە زەقی هەستی پێ دەکرا. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لەو گفتوگۆیانە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە کوردەکان بەردەوام چۆن جەختیان لە مافە نەتەوەیی و زمانی و کولتوورییەکانی کردووەتەوە، بە هەمان شێوەش پێداگرییان لەسەر شوناسی خاک (Territorial Identity)، واتە سنووری *کوردستان* و نیشتمان و وڵاتی کوردان کردووە. لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە زیاتر ئەم پرسە شیکار دەکرێت.

**ئاڵای عێراق: سیمبولی نیشتمان یان سیمایەکی ئینگلیزە "کافرەکان"**

گرنگترین ڕۆژ لە ساڵنامەی شیعەکان ڕۆژی *عاشوورا*یە، شیعەکان لەم ڕۆژەدا یادی کوشتنی **ئیمان حسێن** بەڕێوڕەسمی تایبەتییەوە دەکەنەوە. **ئیمام حسێن** لە ٦٨٠دا لە *دەشتی کەربەلا* بە دەستی ئەمەوییە سوننەکان کوژرا. وشەی *عاشوورا* لە عەرەبیدا لە "عاشر"، واتە دەیەم سەرچاوەی گرتووە، کە لە دەیەم ڕۆژی مانگی موحەڕەمی ساڵنامەی عەرەبی-ئیسلامیدا هاتووە و ئاماژەشە بۆ ڕۆژە کارەساتئامێزەکە، ئەو ڕۆژەی کە **ئیمام حسێن**ی تێدا کوژراوە. هەر لەو ساڵەی کە **مەلیک فەیسەڵ** تاجی لە سەر نرا، ١٩٢١، **فەیسەڵ** هەندێک پارەی بۆ ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* تەرخان کرد و خۆشی ڕۆژێکیان لە ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* لە *کازمییە* ئامادە بوو. بێجگە لە گریان و نووزانەوە و سەردولکە و سینگکوتان بۆ **ئیمام حسێن** و یاوەرەکانی، شیعەکان وەک نەریتێک، لە ڕێگەی نواندن و شانۆگەرییەوە کوشتنی **ئیمام حسێن** و یاوەرەکانی نمایش دەکەن، کە تێیدا ئامادەبوان چەندین ئاڵا بەرز دەکەنەوە. لەو ڕۆژەی کە **مەلیک** ئامادە بوو، ئاڵای *عێراق* هاوتای ئاڵاکانی دیکە لە نمایشەکەدا بەرز کرابووەوە، بەڵام لە تەنیشت ئەو کەسە ڕاگیرابوو کە لە نمایشەکەدا نوێنەرایەتیی "کارەکتەرە خراپەکە"، **عومەر بن سعد بن ئەبی وەقاس**ی دەکرد. **عومەر** ئەو کەسەیە کە سەرکردایەتیی لەشکری ئەمەوییەکانی کردووە لەو شەڕەی کە **ئیمام حسێن**ی تێدا کوژراوە. وەک نەریت، کاتێک ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی **عومەر** دەبینێت، بە پێش ئەو خەڵکەی کە لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان کۆ دەبنەوە تێپەڕ دەبێت، ئەوە تف و لەعنەت دەنێرن بۆ **عومەر بن سەعد**. لەبەر ئەوەی کە ئاڵای *عێراق* لە تەنیشت **عومەر** هەڵدرابوو و شانبەشانی ئەو لە شەقامەکەدا ڕادەگوزەری، نمایشەکە لەوە دەچوو کە هاوکات تف و لەعنەتەکان بۆ ئاڵای *عێراق* بچن. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەوە یەکەم جار بوو ئاڵای *عێراق* لە ڕێوڕەسمی *عاشوورا*دا بەرز بکرێتەوە (الوردی ٢٠٠٥: ج٦/١، ١٢٨-١٣٠).

**ساتع حوسری**،[1] عەرەبێکی سوننی سووری، ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوو و لە تەنیشت **مەلیک فەیسەڵ** دانیشتبوو. ئەو ئەوکات بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە بوو لە *وەزارەتی پەروەردە*. **حوسری** کەسێک بوو ناسراو بوو بەوەی کە ڕقی لە شیعەکانی *عێراق* دەبووەوە. ئەو لەو ساڵانەی کە لە *عێراق* فەرمانبەر بوو، ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە خزاندنی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمی عەرەبی بۆ ناو بەرنامەی خوێندن لە خوێندنگەکانی *عێراق*. لە بیرەوەرییەکانیدا، **حوسری** بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە شیعەکانی *عێراق* دڵسۆز نین بۆ *عێراق* و سیمبولە نیشتمانییەکانی (الحصری ١٩٦٧). ئەو لە پەیوەند بە مەراسیمەکەی عاشوورا، دەڵێت کە بینیم ئاڵای *عێراق* لە تەنیشت "کەسە خراپەکە" هەڵدراوە، **مەلیک فەیسەڵ**م لێ ئاگەدار کردەوە. **مەلیک**یش کەسێکی ڕاسپارد کە بچێت و ئاڵاکە لای ئەو کەسە لا بدات و بیبات بۆ لای ئەو کەسانەی کە ڕۆڵی **ئیمام حسێن** و **ئیمام عەباس**یان دەگێڕا لە نمایشەکەدا. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی **حوسری**، دوای ئەوەی کە هەڵگری ئاڵاکەی *عێراق* لەو کەسانە نزیک بووەوە کە ڕۆڵی **ئیمام حسێن و ئیمام عەباس**یان دەبینی، بە تووڕەبوون و زۆرەملێوە پاڵی پێوە نرا و دوور خرایەوە (الحصری ١٩٦٧: ٨٧-٨٩).

ئەم ڕووداوە دەری دەخات کە لەوکاتدا، لانیکەم بەشێک لە شیعەکان ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبووە کە دان بنێن بە ئاڵای *عێراق* یان ئەوەتا وەک ئاڵای خۆیان تەماشایان نەکردووە. لەوە دەچێت ئەوان بە ئانقەست ئاڵای *عێراق*یان لە تەنیشت "کەسە مەلعوونەکە" بەرز کردبێتەوە، چونکە وەک ئاڵایەکی نامۆ و بێگانە تەماشایان کردووە، یان ئەوەتا وەک ئاڵای ڕژێمە سوننە باڵادەستەکە بینیویانە. ئاڵاکەی ئەوکاتی *عێراقی* پاشادیەتی، زۆر لە ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی* دەچوو، ئاڵایەک کە باوکی **مەلیک فەیسەڵ**، **شەریف**

[1]. **ساتع حوسری** (١٨٧٩-١٩٦٨)، لە ساڵی ١٩٢١ لەسەر داوەتی **مەلیک فەیسەڵ** هاتە *بەغداد*. ئەو لە سەرەتا وەک ڕاوێژکار دەستبەکار بوو، بەڵام زوو پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لە *وەزارەتی پەروەردە* پێ درا. لە ساڵی ١٩٢٧، **حوسری** بوو بە ڕاگری *کۆلێجی یاسا* لە *بەغداد*، کە ژمارەیەکی زۆر لە نەوەی دووەم لە سیاسییە عێراقییەکان لە بەردەستی ئەودا زانکۆیان تەواو کرد.

**حسێن**، له كاتی شەڕ له بەرەی ئینگلیزە "كافرەكان" له دژی عوسمانییە "موسڵمانەكان" بەرزی كردبووەوە و له ژێریدا شەڕی دەكرد. ئەمە هاوكات بووە لەگەڵ ئەوەی كه پیاوانی ئایینیی شیعە و شەڕڤانەكانیان له ژێر سایەی ئاڵای عوسمانی له دژی ئینگلیزەكان و هاوپەیمانەكانیان، كه **شەریف حسێن** یەكێك بوو لەوان، دەجەنگین (بڕوانە الوردی ٢٠٠٥: ج١/٦، ١٢٩). بۆیە دەكرێت بڵێین كه ناڕازیبوونی شیعەكان له هەڵدانی ئاڵای *عێراق* لەوە ناچێت تەنیا له نادڵسۆزییانەوە بۆ *عێراق*، وەك ئەوەی **حوسری** بانگەشەی بۆ دەكات، هەڵقوڵابێت، بەڵكو لەوانەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت كه شیعەكان ئاڵا و سیمبولەكانی *عێراق*یان لەو سەردەمانەدا وەك ئاڵا و سیمبولی نیشتمانی نەبینیوە، بگرە وەك سیمای ئینگلیزە "كافرەكان" بینیویانە. ئەو حكومەتەی كه هەر له چەند ساڵی یەكەمی تەمەنی، چەند سیاسەتوان و پیاوانێكی ئایینیی شیعەی سنووورداش كرد یان ناردە مەنفا.

### له نێوان سەربەخۆیی و ئینتیداب: سەروەریی عێراق بەرەو كوێ؟

له ئانوساتی دانوستانەكان له نێوان نوێنەرانی *بەریتانیا* و *عێراق* لەسەر داهاتووی پەیوەندییەكانی نێوانیان، بەتایبەتی پرسی مانەوەی *عێراق* له ژێر ئینتیدابی بەریتانی یان گەیشتن بە سەروەری و سەربەخۆیی، گفتوگۆی گەرمی له نێوان شیعەكان و سوننەكانی دروست كرد. سەركردە شیعە ناسراوەكان هەوڵی لێكنزیككردنەوەی هەردوو پێكهاتەكەیان دەدا. ئەوە بوو داوەتی **مەلیك فەیسەڵ** و سەرۆكعەشیرەت و پیاوماقووڵە سوننی و شیعەكانیان كرد بۆ كۆنفراسێك، كه بڕیار بوو له *كەربەلا* ببەسترێت. مەبەست له كۆنفڕانسەكە قسەكردن بوو لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان *عێراق* و *بەریتانیا* لەگەڵ ئەو هێرشانەی كه عەشایەرە بەدوە-وەهابییەكان له سعودییەوە دەیانكردە سەر شیعەكانی *عێراق*، هەروەها دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم دوو پرسە. له ژێر فشاری بەریتانییەكان **فەیسەڵ** داوای بەشداریكردنەكەی ڕەت كردەوە. سەرەڕای ئەمە، ژمارەیەك له پیاوە ناسراوەكانی سوننەكان بەشداریی كۆنفڕانسەكەیان كرد، كه له ٩ی نیسانی ١٩٢٢ بەسترا. بەشداربوان بەگشتی هاوهەڵوێست بوون لەسەر پرسی هێرشی بەدوە وەهابییەكان.

هەڵوێستێک کە تا ڕادەیەک یەکڕیزیی نیشتمانیی شیعە و سوننە بەشداربووەکانی لەخۆ پیشان دەدا. ئەو بەیاننامەیەی کە لە دوای بەستنی کۆنفرانسەکە دەرچوو، ڕۆڵی پیاوانی ئایینیی شیعەی زەق کردبووەوە، بەوەی کە پیاوانی ئایینی و عەشیرەتگەرە وەدواکەوتووەکانیان بە هیچ شێوەیەک مساوەمە و تەنازول لە ڕێنماییە سەرەکییەکانی ئایینەکەیان ناکەن. هەروەها پێشنیازی هاوکاریی کردبوو لە نێوان شەڕڤانە عەشایەرەکان و سوپای **مەلیک** لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانەی لە *سعودییە*وە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی داڕشتنی بەیاننامەکە ڕۆڵی پیاوانی ئایینیی شیعەی بەرز ڕاگرتبوو و هیچ باسی لە ڕۆڵی *بەریتانیا* لە *عێراق* نەکردبوو، بۆیە بەشێکی زۆر لە سوننە بەشداربووەکان لە کۆنفرانسەکە ئامادە نەبوون کە بەیاننامەکە واژۆ بکەن (الوردی ٢٠٠٥أ: ج٦/١، ١٤٠-١٤١).

لە ٢٣ی نیسانی هەمان ساڵ، ژمارەیەک لە سەرکردە سوننەکان سەردانی **مەلیک**یان کرد و ڕای خۆیان لەسەر کۆنفرانسەکە و هەڵوێستیان لە پەیوەند بە پرسی ئینتیدابی بەریتانی دەربڕی، کە تەواو پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە بوو کە سەرکردە شیعەکان هەیانبوو لەسەر هەمان پرس. سەرکردە سوننەکان **مەلیک**یان ئاگەدار کردەوە کە پشتیوانیی ئەوان لەو پابەندە بە وابەستەبوونی **مەلیک** بەو ڕێوشوێنانەی کە *بەریتانیا* بۆ ئەو و بۆ *عێراقی* دیاری دەکات. پاش سەردانی **مەلیک**، سەرکردە سوننەکان چون بۆ لای **عەبدولڕەحمان نەقیب**، ئەویش پێشنیازی ئەوەی کرد کە دژەبەیاننامەیەک دەربکەن. لەو بەیاننامەی کە سەرکردە سوننەکان لەسەر پێشنیازی نەقیب واژۆیان کرد، ڕەخنەی توند لە بەیاننامەکەی *کەربەلا* گیرابوو. لەوێدا باسیان لەوە کردبوو کە گوایە ئەوان داوەت کرابوون بۆ *کەربەلا*، بەڵام لەوێ ڕووبەڕووی دەقێک کرانەوە بۆ واژۆکردن، کە بە هیچ شێوەیەک ناوەڕۆکەکەی لە قازانج و بەرژەوەندیی حکومەت و وڵاتدا نەبوو. لە درێژەی ئەم کێشمەکێشەدا، لە ٢٨ی ئایاری ١٩٢٢، شاندێکی سەرکردە شیعەکان لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی سوننی لە *بەغداد* سەردانی **مەلیک**یان کرد و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆیان لەمەڕ پرسی ئینتیدابی *بەریتانیا* بە **مەلیک** ڕاگەیاند و پشتیوانیی خۆیان بۆ سەربەخۆیی تەواوی *عێراق* پێ ڕاگەیاند (الوردی ٢٠٠٥أ: ج٦/١، ١٦٤-١٦٦).

هاوکات بازرگان و کەسایەتیی ناسراوی شیعە، **جەعفەر ئەبو تمەن**، کە ئەوکات وەزیری بازرگانی بوو، پڕۆژەیاسایەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی بەدوە وەهابییەکان خستە سەر مێزی پەرلەمان، بەڵام سەرۆکوەزیران، **نەقیب**، ناڕەزایی دەربڕی و ڕێگری لە دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاساکە کرد بەو پاساوەی کە دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسایەکی لەم جۆرە، یەکسانە بە پشتیوانیکردن لە کۆنفرانسەکەی *کەربەلا* (التمیمی ۱۹۹٦: ١٤٥-١٤٦). بەگشتی، سەرکردە شیعەکان دەیانویست پشتیوانیی خۆیان لە **مەلیک فەیسەڵ** مەرجدار بکەن بە هەوڵ و کارکردنی مەلیک بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ *عێراق*. کەچی سەرکردە سوننەکان مەیلیان بە مانەوە بوو لە ژێر جۆرێک لە ئینتیداب لە سایەی بەریتانییەکان. ئەم کێبڕکێیە لە دیدگای پیاوماقوڵانی هەردوو پێکهاتەکە لەوانەیە پاڵنەرەکەی ئەوە بووبێت، کە سوننەکان وەک کەمینەیەک لە *عێراق* چاویان لە دەستی بەریتانییەکان بووبێت بۆ پاراستنی هاوسەنگییان لەگەڵ شیعەکان، کە زۆرینەی دانیشتوانی *عێراق*یان پێک دەهێنا.

سنوورداشکردنی کۆمەڵێک لە پیاوانی ئایینیی شیعە لەگەڵ توانای **مەلیک فەیسەڵ** لە ڕازیکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆکعەشیرەتە شیعەکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، لە کۆتاییدا ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرکەوتنی حکومەت لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و تا ڕەدایەکیش جیاکردنەوەی چالاکییە سیاسییەکان و ئایین، ئەگەر کاتییش بووبێت. لەبەر ئەوە، سەرەڕای ناڕەزایی هەندێک لە سەرکردە شیعەکان و ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان لە *بەغداد*، کەچی پلانەکانی حکومەت بۆ هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمان وەک ئەوەی پلانی بۆ داڕێژرابوو، بەڕێوە چوو. ئەو فەتوایەی کە پیاوانی ئایینیی شیعە دەریان کردبوو بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان، کاریگەرییەکی کەمی هەبوو لەسەر پرۆسەکە. بەمەش دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، پەرلەمانی عێراقی یەکەم دانیشتنی خۆی لە ۲۷ی تەمووزی ۱۹۲٤ ئەنجام دا. هەر لەو دانیشتنەدا، پەرلەمان ڕەشنووسی دەستووری *عێراق* و ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ۱۹۲۲ی نێوان *عێراق* و *بەریتانیای* پەسەند کرد (الحسنی ۱۹۸۸: ج۱، ۲۱۳-۲۱٤). ڕێکخستنی کۆمەڵێک

ناڕەزایەتیی لێ دەربچێت، بەگشتی شیعەکان نەیانتوانی ڕۆڵێکی کاریگەر لەسەر نەخشە و شێوە و سیاسەتەکان لە سەرەتاکانی دروستبوونی *عێراق*دا ببینن. لەوەش زیاتر، ئەو ململانێ و گرژییانەی لە ئاکامی داواکانی سەرکردە سیاسی و ئایینییەکانی شیعەکان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات یان ئەو پێشهاتانەی لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان دەهاتنە پێش، نەک خزمەتیان بە یەکڕیزیی نیشتمان نەکرد، بەڵکو درزی نێوان هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی *عێراقی* فراوانتر کرد.

**شعووبی: گومان خستنەسەر دڵسۆزیی شیعەکان بۆ نیشتمان**

لە ساڵی ١٩٢٠دا، دەسەڵاتداران لە *بەغداد* ژمارەیەک سەرکردە لە ڕەوتی عێراقچییەکان و چەند سیاسەتوانێکی شیعەیان ڕەوانەی مەنفا کرد، ئەمەش بووە مایەی دروستبوونی بۆشاییەک لەو بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە ساوایەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی حوکم لەو کاتدا دروست ببوو. بۆشاییەکە لە لایەن سەرکردە ئایینییەکان، کە **مەهدی خاڵسی** ڕابەرایەتیی دەکردن، پڕ کرایەوە. **خاڵسی** ئەوکات گەورەمەرجەعی ئایینیی شیعەکان بوو لە *بەغداد*. **مەلیک فەیسەڵ** بەڵێنێکی لە **خاڵسی** وەرگرت کە پشتیوانیی لێ بکات، بەڵام بەو مەرجەی کە **مەلیک فەیسەڵ** هەوڵ بدات بۆ سەربەخۆیی *عێراق* لە بەریتانییەکان. زۆری پێ نەچوو **خاڵسی** لە بەڵێنەکەی پەشیمان بووە و لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ فەتوایەکی دەرکرد، کە تێیدا گوتی هەر کەسێک لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری بکات، ئەوە وەک ئەوە وایە کە "شەڕی خودا و پەیامبەر و ئیمامەکان بکات". دواتر **خاڵسی** فەتوایەکی دیکەی دەرکرد کە تێیدا ڕەخنەی توندی لە حزبی *ئەلحور* (*الحر*) گرت. وەک ئاماژەی پێ کرا، *ئەلحور* حزبی یەکێک لە کوڕەکانی گەورەسەرکردەی سوننەکان، **عەبدولرەحمان نەقیب** بوو. لە وەڵامدا، **نەقیب** هێرشی کردە سەر **خاڵسی** و دەیگوت "ئەوە وڵاتی ئێمەیە و ئەوان (پیاوانی ئایینیی شیعە) زۆربەیان بێگانەن (ئێرانین)" (الوردی ٢٠٠٥: ج١/٦، ١٠٨-١٠٩، ٢٠٢-٢٠٥). ئەم کێشمەکێشە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی **خاڵسی** ڕاستەوخۆ ڕووی قسەکانی لە **مەلیک** کرد و پەشیمانیی خۆی لەو بەڵێنەی کە پێی دابوو، ڕاگەیاند. **خاڵسی**

دەیگوت ئەوە **مەلیکە** کە بەڵێنەکانی خۆی بەجێ نەگەیاندووە لە نەهێشتنی بوونی بەریتانییەکان لە *عێراق*. ئەو فەتوایەکی دیکەی دەرکرد و وەبیر خەڵکەکەی هێنایەوە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان نەکەن. لە ئاکامی ئەمەدا، خالسی وەک "بێگانەیەکی ئێرانی" ناوزەند کرا و لەگەڵ چەندین پیاوی ئایینیی دیکە، سنووردراش کران بۆ *ئێران* (Nakash 2003a: 80-81). لە ئازاری ١٩٢٤، بێجگە لە **خالسی**، ڕێگە بە پیاوانی ئایینیی دیکە درا و زۆربەیان گەڕانەوە بۆ *عێراق*، بەلام بە مەرجێک، خۆ لە کاروباری سیاسی هەڵنەقورتێنن. **خالسی** هەر لە *ئێران* مایەوە تا لەوێ مرد (الوردی ٢٠٠٥ا: ج١/٦، ٢٥١، ٢٥٨). لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لە پیاوانی ئایینیی شیعە ناسنامەی ئێرانییان هەبوو، ئەوان بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی لە سەردەمی عوسمانییەکان، خۆیان کردبوو بە ئێرانی، دەنا لە بنەڕەتدا زۆربەیان عوسمانی بوون بە ناسنامە و لەو ناوچانە لەدایک ببوون کە دواتر بوو بە *عێراق*.

دوای دەرکردنی پیاوانی ئایینیی شیعە، زمانحاڵی حزبی *ئەلحور*، **عاسیمە**، لە گوتارێکدا نوسیبووی کە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان بیرۆکەکەی عەجەمییە/ئێرانییە، "ئەو بیرۆکەیە غەریبە و هەڵقولاوی دڵسۆزی بۆ نەتەوەی عەرەب و سەربەخۆیی بۆ *عێراق* نییە" (الوردی ٢٠٠٥ا: ج١/٦، ٢١٨، ٢٢٤). تاوانبارکردنی پیاوانی ئایینیی شیعە بە بێگانەییبوون و ئێرانیبوون لە لایەن کەسایەتی و سەرکردە سوننە عەرەبەکان، لە ناوەوە یان دەرەوەی *عێراق*، تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە. بۆ نموونە، **عەلی سیستانی**، گەورەمەرجەعی شیعەکان لە جیهان هاووڵاتییەکی ئێرانییە، سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی ژیانی لە *عێراق* بەسەر بردووە و سۆز و هەستێکی قووڵ بۆ *عێراق* لە خۆ پیشان دەدات.

پاش دامەزراندنی دەوڵەت و دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت، **مەلیک فەیسەڵ** ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە ببووەوە، لەوانە کەمیی ژمارەی شیعەی تێکنۆکرات و فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی دەوڵەت. بۆ هاوسەنگکردنی تەرازووی پۆستەکان لە دامودەزگاکان، کە بەگشتی لە لایەن سوننەکانەوە پڕ کرابوونەوە، **فەیسەڵ** داوای لە وەزارەتەکان کرد کە کارئاسانی بۆ خوێندکارە شیعەکان بکەن بۆ درێژەدان بە خوێندن لە کۆلێجەکان، لەوانە *کۆلێجی یاسا* لە *بەغداد*، کە تاکە *کۆلێجی یاسا* بوو ئەوکات لە *عێراق*، کە لە ساڵی ١٩٠٨

دامەزرابوو. **مەلیک فەیسەڵ** دەیزانی باشترین ڕێگە بۆ ئامێزانی شیعەکان لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی عێراقیدا ئەوە پڕتواناکردن و دامەزراندنەیانە لە دامودەزگا حکومییەکان (الازری ١٩٩١: ١٨؛ الوردی ٢٠٠٥أ: ج ١/٦، ١٢٦). پێشنیازەکەی **مەلیک** بە توندی لە لایەن دەستەبژێری دەستڕۆیشتووی سوننە ڕەت کرایەوە، ئەویش بە ڕێگریکردن لەبری ڕێگەدان، ڕاست پێچەوانەی ئەوەی **مەلیک فەیسەڵ** داوای کردبوو. ئەو مەبەستی بوو کە کارئاسانی بکرێت بۆ ئەو خوێندکارە شیعانەی کە دەرچووی *خوێندنگەی جەعفەری* بوون، کە تاقە خوێندنگەی شیعەکان بوو لە *بەغداد*، تا بتوانن ناونووس بکرێن بۆ خوێندن لە *کۆلێجی یاسا*. هەم **ساتع حوسری** و هەم **تۆفیق سوەیدی**، ڕاگری *کۆلێجی یاسا*، فەرمانەکەی **مەلیک**یان پشتگوێ خست بۆ قبوولکردنی خوێندکارە شیعەکان، بە بنەما لەسەر ئەوەی کە دەرچوانی *خوێندنگەی جەعفەری* وەک پێویست شارەزایی و توانای خوێندنیان لە کۆلێجەکە نییە (الحصری ١٩٦٧: ٤٠٥-٤٠٩). دوای مردنی **فەیسەڵ**، سیاسەتوانێکی شیعە وەزیری پەروەردەی قاییل کرد بە پێداچوونەوە بە بیرۆکەکانی **مەلیک** لە پەیوەند بە دامەزراندنی دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە ناوچە شیعەنشینەکان، تا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسانانە پۆستە حکومییەکان بەدەست بهێنن. بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەیەک پێک هات بۆ هەڵسەنگاندنی داواکە، بەڵام تاقە دانیشتنێکی نەکرد، بەمەش بیرۆکەکە بووە بڵقی سەر ئاو (الازری ١٩٩١: ٢٣-٢٤). لە ڕاستیدا یەکەم زانکۆ لە ناوچە شیعەنشینەکان، *زانکۆی بەسرە*، لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، واتە دوای ٤٣ ساڵ لە دروستبوونی *دەوڵەتی عێراق*!

مشتومڕە بەناوبانگەکەی نێوان شاعیری ناسراوی عێراقیی بە ڕەگەز شیعە، **محەمەد مەهدی جەواهیری** لەگەڵ **ساتع حوسری**، پەردە لەسەر ڕەهەندێکی ئەو ململانێیانە لا دەدات کە لەسەر شوناس لە نێوان شیعەکان و سوننەکان لەوکاتدا دەکران. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی خوێندنگەکان لە *بەغداد*، **جەواهیری** لە لایەن هاوڕێکانیەوە هان درا کە ببێت بە مامۆستای ئامادەیی لە خوێندنگەیەک. لە سەرەتا **حوسری** ئێرانیبوونی **جەواهیری**ی وەک پاساوێک بەکار هێنا بۆ ڕەتکردنەوەی داواکەی **جەواهیری**، بۆ بوون بە

مامۆستا. وەک ئاماژەی پێ کرا، لە سەردەمی عوسمانییەکان خەڵکێکی زۆری نیشتەجێی ئەوکاتی *عێراق* بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی، ناسنامەی ئێرانییان وەردەگرت، **جەواهیری**یش یەکێک لەوانە بوو (بڕوانە الوردی ۲۰۰۵: ج ۱/۵، ٤٤؛ الازری ۱۹۹۱: ۲۱۰). هەوڵە سەرەتاییەکەی **حوسری** سەرکەوتوو نەبوو، چونکە **جەواهیری** ناسنامەی عێراقیی بەدەست هێنا، ئەمەش **حوسری**ی ناچار کرد کە **جەواهیری** وەک مامۆستا لە خوێندنگەیەک دامەزرێنێت. دوای چەندهەفتەیەک لە وانەگوتنەوە، **جەواهیری** شیعرێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە جوانی و دڵڕفێنیی سروشت و ئاووهەوای *ئێران* کردبوو. بڵاوبوونەوەی شیعرەکە بووە هۆکاری سەرزەنشتکردنی **جەواهیری** لەلایەن **حوسری**یەوە، گوایە شیعرەکە "ستاییشی *ئێران* دەکات و بوختان بۆ *عێراق* هەڵدەبەستێت". لێکدانەوە و تێگەیشتن لە شیعرەکە، جەوهەری مشتومڕێکی پێک هێنا لە نێوان ڕۆشنبیرە شیعەکان لە لایەک و سوننەکان لە لاکەی دیکە. **حوسری** لە کتێبەکەی خۆی ئاماژە بە سێ دێڕ لە شیعرەکەی **جەواهیری** دەکات، کە وا پێ دەچێت بە ئانقەست ئەو کۆپلەیەی لە شیعرەکە هەڵبژاردبێت بۆ بەهەڵەدابردنی خوێنەر. لەو سێ خەتەدا **جەواهیری** دەڵێت:

"لە *عێراق*، لەوێ دۆستانێکم هەن، بەبێ ئەوان، *عێراق* خۆشەویست نەدەبوو لەلام!
بەبێ ئەوان، نە *دیجلە* وا شیرین و ڕەوان دەبوو، نە *فورات*یش تامی دەدا
ئەوە وڵاتی فارسە (*ئێرانە*)، هەواکەی بادی سەبا و ئاسمانەکەشی پڕ لە چڵ و گەڵا"[1]

**حوسری** شیعرەکەی **جەواهیری**ی بە کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری ئەوکاتی *بەغداد* پیشان دابوو، لە ناویان شاعیری بەناوبانگ **مەعروف ڕەسافی** (۱۸۷۵-۱۹٤۵)، بە قسەی **حوسری** هەموویان پێیان وا بوو کە شیعرەکەی **جەواهیری** مەیلی "شعووبییەت"ی تێدایە (الحصری ۱۹٦۷: ۵۹۰). شعووبییەت

[1]. ئەم چەند دێڕە شیعرە لە لایەن شاعیری ناسراو **جەمال غەمبار** لەسەر داوای نووسەر بە سوپاسەوە وەرگێڕدراوە.

زاراوەیەکە کە لە دژی نەتەوە ناعەرەبەکان، بەتایبەتی ئێرانییەکان، لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە لە دوای سەرهەڵدانی *ئیسلام*ەوە بەکار هاتووە. زاراوەکە بۆ لێدان و کەمکردنەوەی ئێرانییەکان بەکار هێنراوە، کە دژی ئەو بانگەشەیەی عەرەبەکان دەیانکرد لە خۆبەزلزانی و بەرزڕاگریی ڕەگەزی عەرەب، کە گوایە عەرەبەکان تاکە میراتگری پەیامبەرن. بزووتنەوەی شعووبییەت لە دژی بەعەرەبکردنی *ئیسلام* لە سەدەکانی نۆ و دە سەری هەڵدا لەو ناوچانەی کە ئێستا پێی دەگوترێت *ئێران*. بە شێوەیەکی گشتی بزووتنەوەکە گرنگی بە پاراستن و هێشتنەوەی کولتوور و شوناسی ئێرانی دەدا. بە کورتی، شعووبییەت وەک دژەعەرەب وێنا کراوە ( Makiya 1998: 153). لەبەر نووسینی شیعرەکە، **حوسری** بڕیاری دوورخستنەوەی **جەواهیری**ی لە پۆستەکەی دا. بڕیارەکە ئاشوبێکی لە ناو **وەزارەتی پەروەردە** خوڵقاند و بووە سەرچاوەی ناوکۆکییەکی دیکە لە نێوان **حوسری** و وەزیری پەروەردە، **سەید مەهدی**، کە بە مەزهەب شیعە بوو. **حوسری** پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە شیعرەکە دەربڕی ڕق و قینی **جەواهیری**یە لە *عێراق* و سیمبولە سروشتییەکانی، *دیجلە و فورات*. لەوەش زیاتر ئەو دەیگوت شیعرەکە هەڵقوڵاوی مەیلداریی **جەواهیری**یە بە لای ئێرانییەکان. **حوسری** ئەو جۆرە مەیلدارییەی بە شعووبییەت لەقەڵەم دەدا. لە بەرانبەردا، **سەید مەهدی** لە نامەیەک کە بۆ **حوسری** نوسیبووی، لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ شیعرەکە دەکرد و دەیگوت ئەمە تەنیا پەسنێکی سادەی سروشتی *ئێران* و *عێراق*ە (الحصری ١٩٦٧: ٥٩٥-٥٩٨).

لێکدانەوە و تێگەیشتنەکان ڕەنگدانەوەی دیدگا جیاوازەکانی سوننەکان و شیعەکان بوو بۆ پرسی نەتەوە و نیشتمان و عەرەببوون. بە تاوانبارکردنی **جەواهیری** بە شعووبییەت، ڕۆشنبیرە سوننەکان ئەویان لە شوناسە ئیتنییە عەرەبییەکەی و شوناسە نیشتمانییە عێراقییەکەی دادەماڵی. ئەمە ڕووداوێکی لابەلا نەبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە سوننە عەرەبەکان، چ ئەوانەی *عێراق* و چ ئەوانەی دەرەوە، وەک نەریت گومانیان لە دڵسۆزیی شیعەکان هەیە بۆ *عێراق* و بۆ عەرەب. ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان. وا چاکە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، لە کاتێکدا **خالسی** و **جەواهیری** هەردووکیان

به ڕەچەڵەک لە دوو بنەماڵەی عەرەبی و عێراقی بوون و لەسەر خاکی *عێراق* لەدایک ببوون، کەچی ئەوانەی **خاڵسی**یان لە *عێراق* دەرپەڕاند و گومانیان لە دڵسۆزیی **جەواهیری** هەبوو، وەک **مەلیک فەیسەڵ** و **ساتع حوسری**، تشتاقیان نە عێراقی بوون و نە لە *عێراق* لەدایک ببوون! پرسی ڕەسەنی و دڵسۆزیی شیعەکان بۆ *عێراق*، یەکێک لە تەنگەژەکانی شوناسە کە *عێراق* تێیکەوتووە و بە درێژایی مێژوو بە دەستییەوە دەناڵێنێت. لە بەشەکانی داهاتوو هەڵوەستەی زیاتر لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەکرێت.

### عاشوورا: خاڵی پێکدادانی بەردەوام

ڕۆژانی یەکەم لەڕێوڕەسمەکانی *عاشوورای* ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی *کازمییەی بەغداد*، بەبێ ڕوودانی هیچ گرفتێک تێپەڕین، بەڵام لە ڕۆژی دەیەمی موحەڕەم، کە کۆتایی و گرنگترین ڕۆژی ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا*یە، حکومەت نزیکەی ٩٠٠ سەربازی ناردبوو بۆ ئەو کۆڵان و شەقامانەی کە ڕێوڕەسمەکەیان تێدا بەڕێ دەکرا. وەک بەرپرسە حکومییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، گوایە "بۆ پاراستنی سەلامەتیی خەڵکەکە" بوو. وەک نەریت لە کاتی تێپەڕینی مەوکیبەکانی *عاشوورا*، بەشداربوانی نماییش و ڕێوڕەسمەکان، سینگی خۆیان دەکوتن و بە زنجیر لە پشتی خۆیان دەدەن و بەدەم گریان و نووزانەوە بەو شەقامانەدا تێپەڕ دەبن، کە خەڵکێکی زۆر بۆ تەماشاکردنی نماییش و مەوکیبەکان ڕیزیان بەستووە. لە ئاکامی زنجیرلێدانەکان، زۆرجار گیانی بەشداربوان بریندار دەبێت و جارجاریش پڕوشکی خوێن بەو دەوروبەرەدا دەپەڕێت. لەو ڕۆژەدا چەند دڵۆپێک خوێنی دەرپەڕیو دەکەوێتە سەر جلەکانی یەکێک لەو سەربازانەی لەو ناوە ڕاوەستاون، ئەوانەی کە گوایە بۆ پاراستنی مەوکیبەکان هاتبوونە ئەوێ. لەوە دەچێت سەربازەکە بێزاریی خۆی دەربڕی بێت لەم حاڵەتە، بۆیە چەند کەسێکی شیعە لە بەشداربوان هێرش دەکەنە سەر سەربازەکان. ئەمەش وا لە چەند سەربازێکی دیکە دەکات کە تەقە لە خەڵکەکە بکەن. لەم بگرەوبەردەیە و تەقەکردنەدا، سەربازێک و ١٤ کەسی سیڤیل دەکوژرێن و ١٦٦ کەسیش بریندار دەبن (الحسنی ١٩٨٨: ج٢، ١٠٩).

ڕووداوەکە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و ئەو ڕاپۆرتەی کە لەسەر ڕووداوەکە نووسرا، پەردە لەسەر هەڵوێست و تێڕوانینی فەرمانبەر و بەرپرسە سوننەکان بۆ شیعەکان لا دەدات. هاوکات هۆ و هۆکاری دادوفیغان و ناڕەزاییەکانی شیعەکان تا ڕادەیەک ڕوون دەکاتەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە فەرمییەی کە لە لایەن بەرپرسە عێراقییەکانەوە نوسرابوو، هیچ کێشەیەک و پێشهاتێک لە ڕۆژانی یەکەمی بەڕێوەچونی ڕێوڕەسمەکەدا نەبینراوە و هەستی پێ نەکراوە. لێرە پرسیارێک دێتە پێش، ئەی ئەگەر ڕێوڕەسمەکان بە سانایی تێپەڕ ببوون، چ ئیجابی دەکرد کە ئەو ئوردوە گەورە لە سەرباز و چەکدار لە کۆتا ڕۆژدا بنێرن بۆ ئەو شوێنە، ئەگەر بۆ ترساندن و تۆقاندن و وروژاندنی هەستی شیعەکان نەبوو‌بێت؟ لە چ کاتێکیش، لە ساڵڕۆژی کوشتنی **ئیمام حسێن** و یاوەرەکانی، کە ترۆپکی یادە خەماوییەکانی شیعەکانە. پێش دەرچونی ڕاپۆرتەکەش، حکومەت بەیاننامەیەکی لەسەر ڕووداوەکە دەرکردبوو، تێیدا کێشەکەی بە "پێکهەڵپژانی نێوان چەند سەربازێک و کۆمەڵێک سەرسەری (رعاع)" پەسن کردبوو. لە نامەیەکیشدا بۆ وەزیری داد، **جەعفەر عەسکەری**، سەرۆکوەزیرانی ئەوسا، ڕووداوەکەی وەک "هێرشێکی بەرباد" بۆ سەر کۆمەڵێک "سەربازی بێچەک"، کە "سیمبولی کەرامەتی ئوممەتی ئێمەن"، پەسن کردبوو و پێی وا بووە کە "هێرشەکە" ڕووداوێکی سەرپێی نەبووە (الحسنی ١٩٨٨: ج٢، ١٠٩-١١٠).

بێجگە لە ئەوانەی سەرەوە، ڕووداوەکە گومان و بێمتمانەیی بەرپرسە حکومییە سوننەکان بەرانبەر بە شیعەکان دەردەخات. پەسنەکانی سەرۆکوەزیران زیاد لە پێویست قەبەکردنی ڕووداوەکەی پێوە دیارە و هەوڵ دەدات کە پێکهەڵپژانی کەسێکی شیعە و سەربازێک، بکات بە هێرشکردنێکی پلان بۆ دارێژراو بۆ سەر کەرامەتی ئوممە! هاوکات، ئەم ڕووداوە ترسی بەرپرسە سوننەکان لە شیعەکان پیشان دەدات، بەتایبەتی لە سەروبەندی *عاشوورا*، دەنا ناردنی بەتالیۆنێک هێزی سەربازی بۆ ڕێوڕەسمێک، کە ڕۆژانی سەرەتای هیچ نائارامییەکی بە خۆوە نەبینیبێت، مانایەکی دیکە لەخۆ ناگرێت.

دوای ئەو ڕووداوەی *کازمییە* بەتایبەتی و پێشهات و پڕۆسەی گەشەی سیاسی لە *عێراق* لە ماوەی حەوت ساڵی یەکەم لە دامەزراندنیدا، شیعەکان دەرئەنجامی حیساباتە هەڵەکانیان لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان و بەشدارینەکردنیان لە حکومەتدا بۆ دەرکەوت. بۆ ڕاستکردنەوەی بارە لارەکەیان و پێداچوونەوە بە پێگەی شیعەکان لە *عێراق*، کۆبوونەوەیەک لە *نەجەف* بەسترا. لە کۆبوونەوەکە قەدەغەکردنەکەی بەشدارینەکردن لە حکومەت و وەرگرتنی پۆستە حکومییەکان ڕەخنە کرا و هەڵگیرا. بەشداربوان ڕاشکاوانە داوایان لە حکومەت کرد کە شیعەکان دەبێت بەشدار بکرێن لە حکومەت، بەپێی پێویستیش پۆستەکان تەرخان بکرێن بۆ شیعەکان، بە مەرجێک ٥٠% کەمتر نەبێت (Nakash 2003a: 118). بەڵام نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی و سەرکردەی بەهێز و چاپووک، گەیشتنی شیعەکانی بە ئامانجەکانیان لە بەشداریی کارا و یەکسان زۆر سەخت کردبوو، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بوو. ئەم بچووککردنەوەی شیعەکان لە لایەن حوکمبەدەستە سوننەکان، نەک هەر کێشەی بۆ شیعەکان دروست کردبوو وەک پێکهاتەیەک، بەڵکو ڕێگریش بوو لە بەردەم پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و دروستبوونی شوناسێکی کۆگر و لەخۆگر.

### ناسیونالیزمی عەرەبی و بەرنامەی خوێندن

دەزگا و سیستەمی پەروەردە لە *عێراق*, هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، هاوتای سوپا، وەک دامودەزگایەک بۆ تەلقیندان و لەقاڵبدان و تەئدیبکردنی (Disciplining) ئەو کەسانەی پێیدا تێپەڕ دەبن، دامەزرابوو (لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر ئەمە ڕوون دەکرێتەوە). لەم نێوەدا و بە ئامانجی تەلقیندان و تەئدیبکردن و دەرخواردانی جورعەی ئایدیۆلۆجی ( Ideological Indoctrination)، **ساتع حوسری**، ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی پەروەردە لە *عێراق* بینی. مەبەستی **حوسری** لەم پڕۆسەیە، تێخزان و جێگیرکردنی بیرۆکەکانی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمی عەرەبی بوو لە مێشکی خوێندکاران لە ڕێگەی بەرنامەی خوێندنی خوێندنگەکانی *عێراق*. گرنگیی ئەم هەوڵانەی **حوسری** لەگەڵ دەرئەنجامەکانی

له پەیوەند بە پرسەکانی ئەم کتێبە، لەوەدایە کە هەوڵەکانی ئەو هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بیر و ڕەوتە ئایدیۆلۆجییەکانی دیکەی ئەوکاتی *عێراق* بە یەکدا کەوتن، بەتایبەتی ڕەوتی نیشتمانپەروەریی عێراقی و ناسیونالیزمی کوردی. ئەم پێکدادانەش وای کرد کە سیستەمی پەروەردە نەتوانێت وەک پێویست کاریگەری لە پرۆسەی نیشتمانسازیدا، وەک ئەوەی تیۆریستە تازەگەرەکان جەختی لەسەر دەکەن، هەبێت.

دوای ئەوەی **حوسری** لە ئابی ١٩٢١دا گەیشتە *بەغداد*، زۆری پێ نەچوو کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی *مەعاریف* لە *وەزارەتی پەروەردە*. ئەویش یەکسەر دەستی بە داڕشتنی بەرنامەیەکی چڕوپڕ کرد بۆ برەودان و چاندنی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمی عەرەبی لە مێشک و دەروونی منداڵان لە *عێراق*دا لە ڕێگەی بەرنامەی خوێندن لە خوێندنگەکاندا. **حوسری** لە بواری ئایدیۆلۆجیادا کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەیلەسوفی ئەڵمانی، یۆهان **گۆتفرید هێردەر**. بەپێی بیر و تێگەیشتنەکانی **حوسری**، نەتەوە (Nation) بریتییە لە گروپێک لە خەڵک، کە بە هەمان زمان دەدوێن. بە واتایەکی دیکە، لە دیدی **حوسری** زمان کرۆکی نەتەوە پێک دەهێنێت. ئەم تێگەیشتنە بۆ نەتەوە لە دونیای عەرەبدا لە چلەکان بەدواوە تا هەشتاکانی هەمان سەدە برەوی هەبوو و کاریگەرییشی لەسەر شەقامی عەرەبیدا بە زەقی دەبینرا. بە گەڕانەوە بۆ بنەما و تێگەیشتنەکانی **هێردەر** بۆ نەتەوە، **حوسری** پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە "هەموو عەرەبیزانێک عەرەبە" (وەرگیراوە لە Tibi 1990: 189). سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەریی **هێردەر**، یان ناسیونالیزمی ئەڵمانی، بە ئاشکرا بەسەر **حوسری** و **میشێل عەفلەق**، دامەزرێنەری حزبی *بەعسی عەرەبی سۆشیالیست* دیارە، کەچی ڕوون نییە کە ئەو کاریگەرییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام لەوە دەچێت کە ناڕەزایی عەرەبەکان لە بەرانبەر بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی بەریتانییەکان لە دروستکردنی دەوڵەتێک بۆیان لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، عەرەبەکانی بەتایبەتی دەستەبژێر سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی مکوڕ کردبێت لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان. لە پاڵ ئەمەشدا، ناسیونالیستە عەرەبەکان پێویستیان بە پاساوێک بوو بۆ گەیشتن بە خەونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کەرەستەکان و بیرۆکەکانی ناو

ناسیونالیزمی ئەڵمانی ئەوەی تێدا وەگیر دەکەوت کە ناسیونالیستە عەرەبەکان بەدوایدا دەگەڕان، ئەویش دروستکردنی دەوڵەتێک بێت لەسەر بنەماکانی نەتەوە و زمان. لە ئاکامدا ناسیونالیستە عەرەبەکان نەتەوەی عەرەبیان وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە خەیاڵگەی خۆیان وێنا نەدەکرد کە بنەمای لەسەر ئازادیی ئیرادە (Free Will) دانابێت، وەک ئەوەی تیۆریستی فەڕەنسی **ئێرنیست ڕێنان**، پێداگریی لەسەر دەکرد، بەڵکو لای ئەوان نەتەوەیان وەک یەکەیەکی ئۆرگانیکی دەبینی، ڕاست وەک ئەوەی بیرمەندە ئەڵمانییەکان جەختیان لەسەر دەکرد. لە سەرەتای سەدەی بیست، جیهانبینی و داخوازییەکانی گەنجە ناسیونالیستە تورکەکان لە قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوسمانی دەستەبژێری سیاسیی عەرەبی و کوردییان پەراوێز خست. بێئومێدیی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە گەنجە ناسیونالیستە تورکەکان، دەکرێت وەک هۆکارێکی دیکە ببینرێت لە گەشەکردن و تیژبوونی هەستێکی ناسیونالیستی، کە بنەماکەی لەسەر زمان و کەلەپووری عەرەبی دانابێت.

بیرۆکەی بەکارهێنان و وەگەڕخستنی سیستەمی پەروەردە و بەرنامەکانی خوێندن بۆ برەودان بە هەستی ناسیونالیستی، بە هەمان شێوە لە فەیلەسووفە ناسیونالیستە ئەڵمانییەکان وەرگیرابوو. بۆ "زیندوکردنەوە و بەرزراگرتنی" نەتەوەی ئەڵمانی، **یۆهان گۆتلیب فیختە**، پێی وا بوو دەبێت گۆڕانکاری لەو سیستەمە پەروەردەییە بکرێت کە ئەوکات لە خوێندنگەکان باو بوو.[1] **فیختە** پلانەکانی خۆی بۆ نەتەوەسازی لە زنجیرەیەک گوتاردا خستبووە ڕوو. بیرۆکەکانی بە تەنیا سیاسی نەبوون، بەڵکو پلانیش بوون بۆ داڕشتنەوەی سیستەمی پەروەردەی ئەڵمانی (Tibi 1990: 134). لەو کتێبەی کە بیرەوەرییەکانی خۆی تێدا یادداشت کردوون، **حوسری** باس لەوە دەکات کە ئامانجی سەرەکیی ئەو، دروستکردنی هۆشیارییەکی بەرزی ناسیونالیستی عەرەبی بوو لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەی عێراقی (الحصری ١٩٦٧: ٢١٥).

---

[1]. فەیلەسووفی ئەڵمانی **یۆهان گۆتلیب فیختە** (١٧٦٢-١٨١٤)، بەو زنجیرە گوتارەی کە بە ناونیشانی *چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان* (*Addresses to the German Nation*)، کە لە *بەرلین* لە ساڵی ١٨٠٦ لە کاتی شەڕ لە دژی داگیرکەرە فەڕەنسییەکان نوسیبووی، ناسرابوو. ئەو لەو گوتارانەدا چوارچێوەی دیدی خۆی بۆ نەتەوە داڕشتبوو.

ئەم نزیکبوونەوەیەش بۆ سیستەمی پەروەردە تەواو لە تێگەیشتنەکانی **فیختە** دەچێت. هۆکاری هەرە سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی بیرۆکەکانی **حوسری** لە ناو خوێندکاراندا، بەکارهێنانی ئەو بوو بۆ هەموو جومگەکانی سیستەمە پەروەردەییەکە بە کتێبەکان و بەرنامەکانی خوێندن لە خوێندنگەکانیشەوە. ئامانجی سەرەکیی **حوسری** وەک ئەوەی لە بەرنامەکانی خوێندن ڕەنگی دابووەوە، یەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی هەموو عەرەبەکان بوو لە ژێر چەتری یەک دەوڵەتدا. ئەو پێی وابوو سیستەمی پەروەردەیی تاکە ئامرازە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. خوێندنی مێژووی "شکۆداری چاخە زێڕینەکانی" عەرەب ئێجگار زۆر جەختیان کرابووە سەر. مەبەست لەمەش زەمینەسازی بوو بۆ هەستانەوەی نەتەوەی عەرەب.

لە ساڵی ١٩٢٢دا، بە مەبەستی سەرخستنی بیرۆکەکانی، **حوسری** هەستا بە داهێنان و خزاندنی دوو بابەت بۆ ناو بەرنامەکانی خوێندن: یەکەم، ڕەوشت و زانیارییە مەدەنییەکان، دووەم، سروود. (الحصری ١٩٦٧: ٥٧، ٢١٣-٢١٦). ئەو پێی وا بوو سەرەڕای ئەوەی کە هەستی نەتەوەپەرستیی عەرەبی لە ناو عەرەبە عێراقییەکاندا لاوازە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی خوێندنی مێژووی عەرەب، بە جەختکردن لەسەر ڕابردووی "پڕ لە شکۆی" عەرەبەکان، بەهێز بکرێت و زیندوو بکرێتەوە. لە کتێبەکانی مێژوو لە خوێندنگەکان، ئەو تەنیا بیرۆکەی "یەکگرتنی نەتەوەی عەرەبی" زەق نەکردبووەوە، بەڵکو جەختی لەسەر "عەرەبیبوونی *عێراق*یش' دەکرد. **حوسری** بە کەڵکوەرگرتن لە پۆستە باڵاکەی، کۆمەڵێک مامۆستای ناسیونالیستی عەرەبیی لە *سووریا* و *فەڵەستین*ەوە هێنابوو بۆ *عێراق*. مامۆستا هاوردەکراوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە چەکەرەکردن و چەسپاندنی هەستی ناسیونالیزمیی عەرەبی لە ناو خوێندکاران لە خوێندنگەکانی *عێراق*دا (الحصری ١٩٦٧: ٢٥٦). لە پاڵ ئەمانە، تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی ناسیونالیستیی عەرەبی بە یاسا لە ساڵی ١٩٤٠ لە بواری پەروەردە و خوێندندا جێگیر کران. جێگیرکردنی یاساکە، گەیشتنە ترۆپکی سیاسەتەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی بوو لە *عێراق*، کە لە بیستەکان دەستی پێ کردبوو. بەپێی یاساکە، هەر لادانێک لە دەقەکانی

کتێبەکان و بەرنامەکانی خوێندن لەگەڵ دانانی هەر شتێک کە لەگەڵ ڕۆحی یاساکە نەیەتەوە، بە تەواوی قەدەغە کران (Simon 1997: 87-104).

حکومەت و ئیدارە کۆنترۆڵکراوەکە لە لایەن سوننەکان بێ ئاستەنگ تێنەپەڕی، چونکە زۆری پێ نەچوو دووبەرەکی لە ناو *وەزارەتی پەروەردە* سەری هەڵدا. کامپی سوننەکان لە لایەن **حوسری**یەوە ڕابەرایەتی دەکرا، لە بەرانبەردا کامپی شیعەکان لە لایەن وەزیری پەروەردە ڕابەرایەتی دەکرا. وەک سوننەتێک لە دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*ەوە، *وەزارەتی پەروەردە* پشکی شیعەکان بوو (بڕوانە الحصری ١٩٦٧؛ الازری ١٩٩١: ٢٠٠). کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بۆ ئەو دووبەرەکییە، لەوانە دژایەتیکردنی **حوسری** بوو بۆ کردنەوەی *کۆلێجی مامۆستایان* لە *حلە* (شارێکی شیعەنشین) و لە *موسڵ* (شارێکی فرەنەتەوە و فرەئایین). **حوسری** دەیگوت ئەوە شیعە و کریستیانەکانن کە سوودمەند دەبن لە کردنەوەی کۆلیج لەو دوو شارەدا (الحصری ١٩٦٧: ٨٠). ئامانجی **حوسری** لەو ڕێگرییە، هێشتنەوەی سوننەکان بوو وەک تاکە گروپی زاڵ بەسەر دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری، بەوەی کە تەنیا ئەو کۆلێجەی لە *بەغداد* هەیە هەبێت، چونکە سوننەکان ئەوکات زۆرینەی دانیشتوانی *بەغداد*یان پێک دەهێنا. بەمە، بەگشتی سوننەکان خوێندکارەکانیان دەنارد بۆ خوێندن لە *کۆلێجی مامۆستایان*، چونکە پێکهاتەکانی دیکە، بۆ نموونە شیعە و کوردەکان، لە شارە دوورەکانەوە توانای دارایی ئەوەیان نەبوو منداڵەکانیان بنێرن بۆ *بەغداد*. ئەگەر کەسانێکیان بشتوانن، ئەوە کەمینەیەک دەبن. کامپی شیعەکان دژی سیاسەتە سێنترالیزەکانی **حوسری** بوون لە بواری پەروەردە، چونکە ئەوان دەیانویست دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە هەندێک لە بەها و نەریت و کولتوورە لۆکاڵییەکانی خۆیان بە خوێندکاران بڵێنەوە و ئاشنا بکەن. بەڵام **حوسری** سەرسەختانە دژایەتیی ئەو داوایانەی دەکرد و جەختی لەسەر دەسەڵاتە سێنتراڵییەکان و ڕێنماییە دەرچووەکان لە نووسینگەکەی خۆی دەکردەوە.

لە ساڵانی کارکردنیدا، **حوسری** بەردەوام دوودڵیی خۆی لە پەیوەند بە خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان پیشان دەدا. وەک دژەکوردێکی سەرسەخت، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ١٩٢٢ بۆ ١٩٢٣، لە یەک

شوێنیش ناوی کوردی نەهێناوە. لە ڕاستیدا ئەو لە ڕاپۆرتەکە کوردی وەک سوننە ڕیزبەند کردووە و خۆی لە پۆلێنکردنی عێراقییەکان لەسەر بنەمای نەتەوە دزیوەتەوە (بڕوانە الحصری ١٩٦٧: ٣٣٦-٣٦٤). سەرەڕای دداننان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردییەکان بەپێی یەکەم ڕێککەوتننامەی نێوان *عێراق* و *بەریتانیا* لە ساڵی ١٩٢٢، کەچی **حوسری** بەردەوام داوای زمانناس و چالاکوانە کوردییەکانی ڕەت دەکردەوە لە دەستکاریکردنی ئەلفوبێی عەرەبی بە شێوەیەک، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێت. بەمەش دەیویست ڕێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی بکات. بە کورتی، **حوسری** دەزگا و سیستەمی پەروەردەی لە خزمەت ناسیونالیزمی عەرەبی و دژایەتیکردنی ماف و خەون و ئارەزووەکانی کوردەکان و شیعەکان بەکار دەهێنا، تا ڕادەیەکی چاکیش تێیدا سەرکەوتوو بوو.

### سوپای عێراق: سیمبولی یەکگرتوویی نیشتمان یان دابەشبوونی کۆمەڵگە

بۆ سوککردنی ئەو بارە ئابوورییەی کەوتبووە سەرشانی حکومەتی بەریتانی و سوپاکەی، نووسینگەی کۆلۆنیالی (Colonial Office) لە *لەندەن* پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، بڕیاری دروستکردنی سوپای لە *عێراق* دا. بەکارهێنانی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، زۆر هەرزانتر دەکەوتەوە لەبری بەکارهێنانی سەربازە بەریتانییەکان. بۆیە یەکەم یەکینە لە *سوپای عێراق* لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١، چەند مانگێک پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، دامەزرێندرا. ئەرکی سەرەکیی سوپاکە ڕاگرتنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی *عێراق* بوو. پلە و پۆستەکانی یەکەم یەکینەی سوپاکە بە تەواوی لە لایەن کۆنەئەفسەرە سوننەکانی *سوپای عوسمانی* پڕ کرایەوە. لەو سەردەمەدا چەندین ئەفسەری کوردیش هەبوون کە لە *سوپای عوسمانی* خزمەتیان کردبوو، بەڵام شیعەکان بەگشتی وەدەر نرابوون لە *سوپای عوسمانی* و ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنانیان لە خوێندنگە سەربازییەکان لێ گیرابوو (بڕوانە الجادرجی ١٩٧١: ٣١).

ئەفسەرە عەرەبەکانی *سوپای عوسمانی*، کە لە سەدەی نۆزدەدا بنەیان لە *ئیستەنبووڵ* دانابوو، باش ئاشنا بوون بە ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزمی

عەرەبی. پاشانیش هەر ئەوان بوون بە ڕابەرانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی لە *عێراق* و *شام* (Hemphill 1979: 91, 98). دوای دروستکردنی *دەوڵەتی عێراق*، ئەو ئەفسەرانە بڕبڕەی پشتی دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیان پێک هێنا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سوپای عێراقی، سوپای عەرەب بوو نەک *عێراق*، باڵادەستیشیان لە فەزا سیاسییەکە، توانای ئەوەی پێ بەخشیبوون کە دامەزراوە سەربازی و پەروەردەییەکان لە خزمەت بەرەوپێشبردنی ناسیونالیزمی عەرەبی بەکار بهێنن. کاریگەریی ڕاهێنەر و کۆنەئەفسەرە عوسمانییەکان، کە بەرپرسیارێتیی ڕاهێنانی سوپایان کەوتبووە ئەستۆ، لەگەڵ ئەو بەرنامە و پرۆگرامەی **حوسری** لە خوێندنگەکان پەیڕەوی دەکرد لە جیهانبینی و بیروباوەڕی ئەفسەرە دەرچووەکانی *کۆلێجی سەربازی*، کە لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزرابوو، بە زەقی هەستی پێ دەکرا. **محەمەد دوورە**، کە یەکێک لەو ئەفسەرە دەرچوانە بوو، دەگێڕێتەوە و دەڵێت کە ئەو خولیای خەونی یەکگرتنی عەرەب (الوحده العربية) بوو، "ئێمە ڕابووین بۆ ئەوەی لە *سوپای عێراق پرووسیای* عەرەب ببینین، ئەو هێزەی کە توانای بەدیهێنانی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی مەزنی عەرەبیمان تێدا بەدی دەکرد بۆ گێڕانەوەی شکۆکانی ڕابردووی نەتەوەی عەرەب" (Hemphill 1979: 101). ئەوە ڕوون بوو کە ئەفسەرە عێراقییەکان سەربەخۆیی *عێراق*یان وەک ڕاڕەوێک بۆ بەرجەستەکردنی یەکێتیی عەرەبی دەبینی. بە واتەیەکی دیکە، *عێراق* و سەربەخۆیی *عێراق* کۆتائامانجی ئەو ئەفسەرانە نەبوو، بەڵکو یەکێتیی عەرەبی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی، ئامانجە سەرەکییەکە بوو.

بۆ گەیشتن بەو خەونە، ژمارەیەک لە سیاسییە ناسراوەکانی ئەو قۆناغە، لەوانە **جەعفەر عەسکەری** و **نووری سەعید** و **ڕەشید عالی گەیلانی** (هەرسێکیان کۆنەئەفسەر بوون لە *سوپای عوسمانی*) پرۆژەیاسایەکیان بە ناوی بەرگریی نیشتمانی پێشنیاز کرد، کە برگەیەکی جەختی لەسەر سەربازیی بەزۆر (التجنيد الاجبارى) دەکرد. سیاسەتوانە شیعەکان هاوڕای سەرۆکعەشیرەت و سەرکردە ئایینییەکان لە دژی پێشنیازەکە وەستان، چونکە ئەوان پێیان وا بوو سوپایەکی لەم شێوەیە، لەوانەیە لە دژی خۆیان لە لایەن

سوننەکانەوە بەکار بێت. ترسی شیعەکان زیاتر سەرچاوەی لەوەوە گرتبوو کە ژمارەی ئەفسەرە شیعەکان لە ڕیزەکانی سوپا زۆر کەمە، ئەوە ئەگەر هەر هەیانبووبێت. لەوەش زیاتر، شیعەکان دەترسان کە کوڕەکانیان لە شەڕ لە دژی خەڵکەکەی خۆیان بەکار بێن (Nakash 2003a: 115). حزبی *نەهزە*، کە حزبێکی شیعە بوو، ئەم هەلەی قۆستەوە و لە پەرلەمان خۆیان ڕێک خستەوە. لە پاڵ دژایەتیکردنیان بۆ سەربازیی بەزۆر، کۆمەڵێک داواکاریی دیکەیان خستە پێش، لەوانە تەرخانکردنی نیوەی پۆستە وەزارییەکان بۆ شیعەکان، لەگەڵ بڕێکی عادیلانە لە پۆستە حکومییەکان بەگشتی (التمیمی ١٩٩٦: ٢٠٤).

لە ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیاسای سەربازیی بەزۆر، شیعەکان بە تەنیا نەبوون. **ئیسماعیل ڕەواندزی**، کە ئەندامپەرلەمانێکی کورد بوو، بە توندی دژایەتیی پڕۆژە یاساکەی کرد. **ڕەواندزی** بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو لەو پرسەدا نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کورد دەکات. لە بەرانبەردا حکومەت، کە سوننەکان تێیدا باڵادەست بوون، کۆمەڵێک ئارگیومێنتیان خستبووە ڕوو بۆ پشتیوانیکردن لە پڕۆژەیاساکە. ئەوان دەیانگوت کە بەپێی مادەی چوار لە ڕێککەوتننامە سەربازییەکەی نێوان *بەریتانیا* و *عێراق* لە ساڵی ١٩٢٤، دەبێت عێراق ٢٥%ی بودجەی لە بواری سەربازی سەرف بکات. لەبەر ئەوە، سەربازیی بەزۆر باری سەرشانی بودجەی *عێراق* سوکتر دەکات و پارە پاشەکەوتکراوەکەش دەکرێت لە پڕۆژەی دیکە کەڵکی لێ وەربگیردرێت. هاوکات ئەوان دەیانگوت کە *عێراق* سنوورێکی درێژ و کراوەی لەگەڵ دوو زلهێزی ناوچەکە، *تورکیا* و *ئێران*، هەیە، ئەمەش ئەگەرەکانی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر *عێراق* زیاد دەکات. لە ئەنجامدا بوونی سوپایەکی ڕاهێنراو و ئامادە، پێویستییەکی حەیاتییە بۆ بەرگریکردن لە *عێراق* (الحسنی ١٩٨٨: ج٢، ١٠٠-١٠٨).

سەرەڕای هەڵوێستە ناڕەزاییەکانی شیعەکان و کوردەکان، سەربازیی بەزۆر لە شوباتی ١٩٣٤ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە (Tripp 2002: 82). هەندێک ئەکادیمی دەڵێن دامەزراندنی سوپا لە *عێراق* بەشدارییەکی کاریگەری هەبوو لە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانیدا. بۆ نموونە، **حەنا بەتاتوو** پێداگری

لەسەر ئەوە دەکات کە گوایە سوپا و سەربازگەکان ئاسانکارییان دەکرد بۆ تێکەڵبوونی شیعەکان و سوننەکان، لادێیی و شارییەکان، ئەمەش هەستی ئینتیما و لایەنگری عەشایەری و مەزهەبیی لاواز دەکرد (Batatu 1987). بەڵام چەند هۆکارێک وای کرد کە سوپا نەبێت بە هۆکارێک و گۆڕەپانێک بۆ ئامێزانی نیشتمانی، لەوانە: یەکەم، سوننەکان زۆرینەی سەربازە پلەدارەکانی *سوپای عێراق*یان پێک دەهێنا، کەچی شیعە و کوردەکان پلەنزمەکانیان بەر دەکەوت. دووەم، سەرۆکعەشیرەت و شێخەکان هان دەدران کە کوڕەکانیان بنێرن بۆ ئەوەی ببن بە ئەفسەر لە سوپا، لە بەرانبەردا ڕێگری لە خەڵکە ڕەشۆکییەکە دەکرا لە وەرگیران لە *کۆلێجی سەربازی*. سێیەم، کڕینەوە، واتە دانی بڕێک پارە لە بەرانبەر خزمەتی سەربازی، وای کردبوو کە خەڵکە دەوڵەمەندەکان کوڕەکانیان نەنێرن بۆ سەربازی، مەگەر وەک ئەفسەر نەبێت، بەمەش سەربازگەکان پڕ ببوون لە کوڕە هەژار و نەدارەکان. هەموو ئەو هۆکار و پراکتیزانە درزە مەزهەبی و نەتەوەیی و چینایەتییەکانیان فراوانتر دەکرد. لە ئەنجامدا لەبری ئەوەی سوپا ببێت بە پێگەیەک و میکانیزمێک بۆ ئامێزانی نیشتمانی، ببوو بە هۆکارێک بۆ قووڵکردنەوەی دابەشبوونە سیاسی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، مەزهەبی و نەتەوەییەکان. بەگشتی، گوتار و ڕیتۆریکی (Rhetoric) سوپا لە سەرتاسەری دونیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە سوپا خوێندنگەیەکە بۆ نیشتمانسازی و دروستکردنی نەتەوە، کەچی وەک ڕووداوەکانی دواتر لە *عێراق* پیشانیان دا، لەبەر ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری بۆ *عێراق* ڕێپیشاندەری سوپاکە نەبوو، بەڵکو ئینتیمای بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی ڕابەری بوو، بۆیە سوپا نەیتوانی ببێت بە هۆکارێک بۆ لێکنزیککردنەوە و بەیەکەوەگرێدانی عێراقییەکان. ئەمە بەو مانایە نییە کە سوپا و سەربازیی بەزۆر لە هیچ کاتێکدا نابنە مایەی ئامێزانی نیشتمانی، بەڵکو ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بوون بە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی سوپا و سەربازیی بەزۆر نەبن بە میکانیزمێک بۆ پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*.

**یادداشتەکەی فەیسەڵ: خەونی سازکردنی نیشتمانێک**

**مەلیک فەیسەڵ** لە یادداشتێکدا کە پێش مردنی لە سالی ١٩٣٣ نوسیبووی، تێگەیشتنەکانی خۆی لەسەر پرسی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* پوخت کردبووەوە.[1] لە یادداشتەکەدا، **فەیسەڵ** پەنجە لەسەر هەندێک لەو ئاستەنگ و گرفتانە دادەنێت کە ڕووبەڕووی پڕۆژەی نیشتمانسازی و ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* بووەتەوە. دوای یازدە ساڵ لە حوکم، **فەیسەڵ** هێشتا لە خۆی دەپرسی داخۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەک بە ناوی *عێراق*، مومکینە یان نا. ئەو دانی بەوەدا نابوو کە حکومەت شکستی هێناوە لە پڕۆژەی نیشتمانسازی لە *عێراق* و بە لاوانەوە دەیگوت:

"هێشتا شتێک نییە پێی بگوترێت گەلی عێراقی، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵکی کۆکراوەن بەسەر یەکەوە، کە خاڵین لە هەر هەستێکی نیشتمانپەروەری، خوساون لە ناو نەریتە ئایینی و سوننەتییە بێماناکان، هیچ شیرازەیەکی گشتی بە یەکیانەوە نابەستێتەوە... لەو کۆمەڵە خەڵکە کۆکراوەیە، ئێمە دەمانەوێت گەلێک دروست بکەین کە ڕایان بهێنین و پەروەردەیان بکەین و بیانپاڵێوین... لەو بارودۆخەدا کە ئێستا تێیداین، هەوڵ و کۆششە پێویستەکان بۆ وەها ئەرکێک بێئەندازە گەورەیە" (بڕوانە الحسنی ١٩٨٨: ج٣، ٣١٧).

غیابی شیرازەیەکی گشتی، وەک یەکێک لە ڕێگرە سەرەکییەکانی ڕاڕەوی نیشتمانسازی و دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لەلایەن **فەیسەڵ**، دەستنیشان کرابوو. لە یادداشتەکەدا **مەلیک فەیسەڵ** دان بە قوڵیی دابەشبوونەکان لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق*دا دەنێت و ئاماژە بە نەبوونی گرنگترین توخمەکانی پێکەوەنووسانی کۆمەڵایەتی، وەک نەتەوە/نیشتمان، ئایین و یەکێتیی بیروباوەڕ دەکات. هاوکات ئاستەنگ و گرفتەکانی پێش *حکومەتی عێراق*یش دەستنیشان دەکات:

"*عێراق* مەملەکەتێکە کە لە لایەن سوننەکانەوە حکوم دەکرێت... ئەو حکومەتە ناوچە کوردییەکان بەڕێوە دەبات، کە زۆربەیان نەفامن. لە ناو ئەم

1. **عەبدولرەزاق حەسەنی** پێی وایە کە یادداشتەکەی **مەلیک فەیسەڵ** لە ئازاری ١٩٣٢ نووسراوە، کەچی هەندێک توێژەر پێیان وایە کە لە ئازاری ١٩٣٣ نووسراوە (Batatu 2004: 27). بۆ دەقی تەواوی یادداشتەکە تەماشای (الحسنی ١٩٨٨: ج٣، ٣١٥-٣٢١) بکە.

گرووپەیان خەڵکانێک هەن کە هیوا و ئاواتی کەسییان هەیە، ئەمە وایان لێ دەکات کە پشت لە حکومەت بکەن، وەک خۆیان دەڵێن، چونکە حکومەتی ئەوان نییە. ئەو حکومەتە حوکمی شیعەکانیش دەکات، کە زۆرینەیەکن سەر بە هەمان نەتەوەی سوننەکانن. زۆرینەیەک (لە شیعەکان) یان چاوچنۆکەکان لە ناویاندا، بەتایبەتی پیاوانی ئایینیان، هەویای پۆست و کارن بەبێ ئەوەی هیچ بڕوانامە و شارەزاییەکیان هەبێت. لە ناویاندا ئەوانەی سودمەند نەبوون لە سیستەمە نوێیەکە، دەڵێن ئێمە دەچەوسێنرێینەوە، چونکە شیعەین. هانی زۆرینەکەی دیکەش دەدەن کە بایکۆتی حکومەت بکەن، چونکە وەک خۆیان دەڵێن، چەوسێنەر و بەدکارە" (الحسنی ١٩٨٨: ج٣، ٣١٦).

لە هەمان یادداشتدا، **مەلیک فەیسەڵ** دەستەبژێری سوننە دەستڕۆیشتووەکە تاوانبار دەکات بەوەی کە چینێکی بەفیز و لەخۆباییین، سەرەڕای ئەمە، وەک تاکە گرووپی پێشکەوتووخواز وێنایان دەکات. ئەو ئاماژە بە سیاسەتە دەمارگیرییەکانی دەستەبژێرە باڵادەستەکە ناکات، کەچی پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات کە ئەوان ڕووبەڕووی پەنجەی تاوان بوونەتەوە لە لایەن شیعە و کوردەکان. ئەوەی لە پەیوەند بە یادداشتەکەی **مەلیک** جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەو داوای بەهێزکردنی سوپا دەکات، چونکە ئەو ئەمە بە ڕێگەچارە دەزانێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر سەرهەڵدانێک کە وەک خۆی دەڵێت، "ئەگەر لە دوو قوژبنی دوورلەیەک و لە یەک کاتدا سەرهەڵبدەن". دوو قوژبنی دوورلەیەک ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە ناوچە کوردنشینەکان و شیعەنشینەکان لە باکوور و باشووری *عێراق*. لەوەش زیاتر، ئەو دەڵێت "سوپا بڕبڕەی پشتی دروستکردنی نیشتمانە". جەختیش دەکات لەسەر ئەوەی کە داوا لە سوپا ناکات کە "پارێزگاری لە ئێمە بکات لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکو سەرکوتکردنی دوو سەرهەڵدانە، ئەگەر لە دوو دەڤەری دوورلەیەک سەریان هەڵدا" (الحسنی ١٩٨٨: ج٣، ٣١٦-٣١٧).

لەگەڵ ئەوەی کە **مەلیک فەیسەڵ** پێشنیازی چەند ڕێوشوێنێکی دیکەشی کردووە بۆ جێکردنەوە و ڕەچاوکردنی هەندێک لە داواکانی شیعەکان، کەچی ئەو پرسی ئەمن و ئاساییشی وەک سەرەکیترین ئاستەنگ لە پێش نیشتمانسازی دەبینی. ئەمانە پرسگەلێک بوون کە ئەو پێی وا بوو لە ڕێگەی

پۆلیس و سەربازەوە چارەسەر دەکرێن، نەک دانپێدانان و ڕازیکردن و جێکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵات. بناغەکانی دەوڵەتی عێراقی لە لایەن **مەلیک فەیسەڵ**ەوە دانران، بناغەیەک کە بنەگەی لەسەر شوناس و دیدی یەک پێکهاتە دانابوو، کە تێگەیشتن و جیهانبینییەکانی خۆی لەسەر هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی سەپاندبوو، لەبری ئەوەی بێت ڕێز لە فرەیی کۆمەڵگەکە بگرێت. دوای دروستبوونی *عێراق*، ئەو وڵاتە لە مشتومڕ و ململانێدا بووە لەگەڵ دراوسێکانی، کەچی نیگەرانیی سەرەکیی **مەلیک فەیسەڵ** پشێوی و ئاشووبی ناوخۆیی بوو، نەک هەڕەشەی دەرەکی.

لە کۆتایی یادداشتەکەیدا، **مەلیک فەیسەڵ** دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر ئەو هۆکارانە بە ڕێکوپێکی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرا، ئەوە وڵاتەکە خۆشی لە خۆی نابینێت و سەقامگیرییش نابێت. ئەو مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ڕەگوڕیشەکانی دەمارگیری هەڵبکێشرێن و هەست و نەستی نیشتمانپەروەری لە جێگەیاندا بچێنرێت. **مەلیک فەیسەڵ** ئاگەدار بوو لەوەی کە هەم شیعەکان و هەم کوردەکان هەست بە نامۆیی دەکەن لە وڵاتەکە، بۆیەش هانی دەدان کە بەشدار ببن لە پرۆسەی سیاسیدا. ئەو هەوڵی دەدا دەرگەکانی بەشداریکردنیان لە حکومەت بۆ بکرێتەوە و پۆستە حکومییەکانیان پێ بدرێت. دیارە جۆرێک لە دژبەیەکی لە قسەکانی **مەلیک** هەستی پێ دەکرێت؛ ئەو لە لایەک کورد و شیعە تاوانبار دەکات، لە لایەکی دیکە دەڵێت وەک پێویست جێگەیان نەکراوەتەوە لە حکومەت. بە هەرحاڵ، هەوڵەکانی **مەلیک** لە ڕازیکردنی شیعەکان و کوردەکان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی سەرسەخت ببووەوە لە لایەن دەستەبژێری سوننەی حوکمبەدەست. بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، سوننەکان فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی *عێراق*یان پشتگوێ خستبوو. ئەم هەڵوێست و سیاسەتە وەدەرنەرانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ درێژەکێشانی ململانێ و پێکدادانەکان لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* لە ساڵانی دواتر. لەبری مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ گرفتەکان لەمیانی ڕێوشوێنە دەستووری و دامەزاوە مەدەنییەکان، کەچی دەستەبژێرە سیاسییەکەی *عێراق* تەنیا چارەسەرە سەربازییە پێشنیازکراوەکەی **مەلیک**یان ڕەچاو کرد. چارەسەرێک کە نەک داروودەستەکەی دەوروبەری **مەلیک** لەو

قۆناغەدا پێشوازیی لێ کرد، بەڵکو دەستەبژێرە سیاسییە سوننییە دەستڕۆیشتوەکە بە درێژایی تەمەنی *عێراق*، دوای ڕووخانی پادشایەتییش، وەک دواتر دەردەکەوێت، پەیڕەوییان لێ کرد.

لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا، *پەرلەمانی عێراق* ڕەزامەندیی لەسەر ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان *بەریتانیا* و *عێراق* دا، بەو هیوایەی کە کۆتایی بە ئینتیدابی بەریتانی لەسەر *عێراق* بێت. کەچی ئەمە نەبووە مایەی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بەریتانی لە *عێراق*. ڕێککەوتننامەکە ڕێگەی بە *عێراق* دا ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە *کۆمەڵەی گەلان*.

### عێراق: میراتەکەی مەلیك فەیسەڵ

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە نە **مەلیک فەیسەڵ**، کە یەکێک بوو لە ئەندازیارانی دامەزرێنەری *دەوڵەتی عێراق*، نە **ساتع حوسری**یش، کە داڕێژەری بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن بوو لە *وەزارەتی پەروەردە*، خەڵکی عێراق بوون. ئەمەش پرسیارێکی سەرەکی دەهێنێتە پێش لەسەر تواناکانی مانەوە و خۆڕاگریی وڵاتێک، کە بێگانەکانی وەک **فەیسەڵ** و **حوسری** بناغەکانیان داڕشتبێت، ئەوە ئەگەر باس لە ڕسکێنەرەکە، *بەریتانیا*، هەر نەکەین. سەرەڕای بێگانەبوونی، بەڵام بە هۆی میانڕەوی، **مەلیک فەیسەڵ** تا ڕادەیەکی باش لە لایەن زۆربەری پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق*ەوە قبووڵکراو بوو. بەڵام *حوسری*، لەبەر توندڕەوی و سیاسەتەکانی دژ بە شیعەکان و کوردەکان لە لایەن هەردوو لایەنەوە، نەک هەر ڕەت کرابووەوە، بەڵکو وەک خۆهەڵقورتێنەرێکی دەرەکی (دەخیل) ناوزەند دەکرا. ئەو سیاسەت و نزیکبوونەوانەی کە **مەلیک فەیسەڵ** دەیەویست ڕاپێشیان بکات و بەکاریان بێنێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو درزەی لە نێوان پێکهاتەکان هەبوو، ڕووبەڕووی دژایەتیکردنێکی توند لە لایەن دەستەبژێرە سوننییە کاربەدەستەکە ببووەوە. لەگەڵ ئەوەی نیازەکانی **مەلیک فەیسەڵ** دەکرێت بایەخی خۆیان هەبووبێت بۆ دروستکردنی شوناسی نیشتمانی لە *عێراق*، کەچی لەگەڵ هەستی ئینتیما بۆ نەتەوە و مەزهەب و عەشیرەت بەر یەک دەکەوتن. لە ڕاستیدا لەو ئانوساتەدا، نە دەستەبژێرە

سیاسییەکە و نە خەڵکە ڕەشۆکییەکە ئامادەیی تێپەڕاندنی ئەو ئینتیما و دڵسۆزییانەیان تێدا کەم بوو بۆ دروستکردنی شوناسێکی عێراقیی گشتگیر (Overarching Iraqi Identity). بۆ سەرنەکەوتنی عێراقییەکان بەگشتی لە دروستکردنی ئەو شوناسە گشتگیرە، بەتایبەتی هەوڵەکانی **مەلیک فەیسەڵ**، ناکرێت تەنیا لۆمەی دەستەبژێرە سیاسییە سوننەکە بکرێت، چونکە کێشەکانی *عێراق* ڕیشەی لەن او دیدە دژبەیەکەکانی پێکهاتەکانی *عێراق*دایە لەسەر پرسی شوناس. دیدە دژبەیەکەکان بە بەردەوامی بەرپەرچ بوون لە پێش پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە *عێراق*دا.

بێجگە لە دیدە دژبەیەکەکان، سیاسەتە دەمارگیرییەکان و جیاکارییەکان، کە لە پێش و دوای دامەزراندنی *عێراق* پەیڕەو دەکران، ببوون بە بەربەستێکی دیکە لە پێش ئامێزاندا. لە بیستەکان چەندین کابینەی حکومەت پێک هات، کەچی لەو کابینانەدا تەنیا یەک پۆستی وەزاری بۆ شیعەکان تەرخان کرابوو، ئەویش *وەزارەتی پەروەردە* بوو. لەبەر دەستڕۆیشتوویی **حوسری**، وەک بەڕێوەبەری گشتی لەو وەزارەتەدا لە *بەغداد*، بوون و نەبوونی ئەم وەزارەتە بە دەست شیعەکان بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە **حوسری** داڕێژەری سیاسەتەکان و بڕیادەری یەکەم و کۆتایی بوو. ئەوکات کوردەکان نزیکەی ٢٠%ی دانیشتوانی *عێراق*یان پێک دەهێنا، کەچی ٢٢%ی پۆستە سیادی و سەرەکییەکان لە لایەن کوردەکان پڕ کرابوونەوە. ئەوکات حاڵی کوردەکان لە شیعەکان زۆر باشتر بوو. ڕێژەی شیعەکان ٥٥% بوو، واتە زۆرینە، کەچی تەنیا ١٥%ی پۆستە سیادی و سەرەکییەکانیان بەر کەوتبوو (Nakash 2003a: 109–111). هۆکاری سەرەکیی کەمیی ژمارەی شیعەکان لە دامودەزگا حکومییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ میراتی سیاسەتە دەمارگیرییەکانی سوننەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان، کە درێژ بووەوە بۆ دوای دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*یش. لە ساڵانی حوکمی عوسمانییەکان، دەسەڵاتدارە سوننەکان ڕێگەیان نەدەدا شیعەکان نە لە کۆلێجە مەدەنییەکان و نە لە سەربازییەکان وەربگیردرێن. لە پاڵ ئەمانە، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، شیعەکان لە سەرەتای دامەزراندنی *عێراق* مەیلی بەشداریکردنیان لە حکومەت و وەرگرتنی پۆستەکان نەبوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە

گەورەمەرجەعەکانیان داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان و حکومەتیان کرد و خزمەتکردنیان لە حکومەتێک لە ژێر سایەی بەریتانییەکان بە ناشەرعی دانابوو. لەوەش زیاتر، شیعەکان بەگشتی کەسانی کارامە و شارەزا و پسپۆڕی کارگێڕی و یاساییان زۆر کەم بوو. کەم بوون ئەو شیعانەی کە خوێندنیان لە دامودەزگا مەدەنییە غەیرە دینییەکان تەواو کردبوو، چونکە بەگشتی منداڵەکانیان نەدەنارد بۆ خوێندن، جوێندنگە ئاینییەکانی لێ دەربچێت. ئەمانە بەسەر یەکەوە ببوون بە هۆکاری سەرەکیی پەراوێزخستن یان پەراوێزبوونی شیعەکان.

بە کورتی، لە ساڵی ١٩٣٣، کاتێک **فەیسەڵ** مرد، *عێراق* وەک خۆی دەڵێت، بریتی بوو لە کۆمەڵێک خەڵکی کۆوەکراو بەسەر یەکەوە، کە خاڵی بوون لە هەر هەستێکی نیشتمانپەروەری. **مەلیک فەیسەڵ** گەلێکی لەو شێوەیەی بە میرات بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ هێشت.

کۆنەئەفسەرە عوسمانییەکان، نەک هەموویان، بەڵام بەگشتی لایەنگری *بەریتانیا* بوون، دوای سەربەخۆبوونی *عێراق* تا ساڵی ١٩٥٨، جڵەو و جومگە سەرەکییەکانی حکومەتیان گرتبووە دەست. لە کاتێکدا میانڕەوە لایەنگرەکانی *بەریتانیا* وەک گروپ یان وەک تاکەکەس، لەوانە **مەلیک فەیسەڵ** و **نووری سەعید** و **جەعفەر عەسکەری**، بە شەوقەوە پێشوازییان لە ڕێککەوتننامەکەی نێوان *بەریتانیا* و *عێراق* کرد و وەک بەردەبازی گەیشتن بە سەربەخۆییان دادەنا. کەچی لەولاوە، هەندێک ناسیونالیستی عەرەبی، هەندێک نیشتمانپەروەری عێراقییش، لە ناوە و لە دەرەوەی حکومەت، ڕێککەوتننامەکەیان شەرمەزار کرد و وەک "تەڵەیەکی هەنگوینی بۆ سەربەخۆییەکی درۆزنانە" پیشانیان دەدا (Marr 2004a: 33-34). لەم دابەشبوون و چوارچێوەیەوە نەبێت، ناتوانین لە ڕووداوەکانی دوای سەربەخۆبوونی *عێراق* لە ساڵی ١٩٣٢ بەدواوە، لەگەڵ گەشەسەندن و فراوانبوونی هەست و کرداری دژەئیمپریالیست و دینامیکییەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨، بگەین. لە بەشی داهاتوودا باس لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و نیشتمانسازی لە *عێراق* لە دوای مردنی **مەلیک فەیسەڵ**، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دابەشبوون و هەستو دینامیکییەتانە دەکرێن.

# بەشی چوارەم
# سەرهەڵدانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی

*عێراق* لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢، بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام هەر لە ژێر کاریگەریی قەڵەمڕەوی و سیاسەتەکانی *بەریتانیا* مایەوە تا ڕووخانی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨. دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی *بەریتانیا* بەسەر *عێراق*دا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتە داگیرکراوەکانی دیکە، زۆر کورت بوو، کەچی سیاسەتەکانی *بەریتانیا*، سەرەڕای ڕاڕایی، لە ساڵانی ئینتیداب (١٩٢١-١٩٣٢) کاریگەرییەکی قووڵ و درێژخایەنیان لەسەر *عێراق* دانا. حوکمی *بەریتانیا* لە *عێراق* دەستپێشخەر و خێراکەری پڕۆسەی مۆدێرنەتە (Modernization) بوو، ئەویش لەمیانی گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردە و دامەزراندنی ئیدارەیەکی تا ڕادەیەک کارا، لەگەڵ ڕێخۆشکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێک حزبی سیاسی. بەڵام پشتبەستنی بەریتانییەکان بە دەستەبژێرە سوننەکە هەر لەسەرەتا و دواتریش، بوو بە مایەی بەسوننیکردن و بەعەرەبکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و تەواوی ئەو پڕۆسێسانەی کە *عێراقی* هاوچەرخی لەسەر داڕێژرا.

ئەو پڕۆسە مۆدێرنەتەی کە بەریتانییەکان دەستپێشخەری بوون، سەرهەڵدانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی لێ کەوتەوە؛ دوای ئەوەی دەوڵەتی عێراقی بوو بە حەقیقەتێک لەسەر ئەرز و لە خەیاڵی خەڵکدا، ئیدی عێراقییەکان

وردەوردە خۆیان بەو وڵاتەوە دەناساند کە دروست کرابوو، ئەمەش بوو بە مایەی گەشەی هەستی عێراقچێتی. عێراقچێتی و عەرەببوون، هەندێک جار تێکەڵەیەک لە هەردووکیان، سەرنجی خەڵکانێکی زۆری لە توێژی خوێندەوار و چینی ناوەندی (Middle Class) بە لای خۆیدا ڕاکێشا. کاریگەریی مۆدێرنەتە بۆ کوردەکان، بەتایبەتی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هەندێک لە عەرەبە عێراقییەکان دەچوو. بەڵام لەبری عەرەببوون، کوردبوون سەرنجی توێژی خوێندەواری شارەکان و چینی ناوەندی بە خۆوە خولیا کردبوو، کە بوو بە سەرچاوەی دامەزراندنی هەندێک ڕێکخراوی نەتەوەیی کوردی. عێراقچێتی، بە ڕێژەی جیاجیا، سەرنجی کەسانێکی زۆری لە کوردە خوێندەوارە چەپەکانی بۆ خۆی کێش کردبوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە *بەغداد* دادەنیشتن. ئەم وێنەیەی *بەغداد*، لە چلەکان بەدواوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە چەپەکان لە ناوچە کوردنشینەکان، لە زۆر شار و گوندی *کوردستان* بەدی دەکرا.

لە ماوەی نێوان مردنی *مەلیک فەیسەڵ* لە سالی ١٩٣٣ و ڕووخانی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨، عێراقچێتی و عەرەبایەتی و کوردایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر کاریگەرییان هەبوو لە سەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی. لەو ساڵانەدا، لیبراڵیزم و سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم، کۆمەڵێک ڕەوتی هزری و ئایدیۆلۆجی بوون، کە مورید و پەیڕەوانی زۆریان لە ناو خەڵکدا، بەتایبەتی خوێندەوار و ڕۆشنبیران، هەبوو. لە ناو ئەم ڕەوتانە، کۆمۆنیزم زاڵ بوو و تەحەدای دوو ڕەوتەکەی دیکەی دەکرد، کە ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردی بوون. لە کاتێکدا وا دەردەکەوت کە ئایدیۆلۆجیا نوێیەکان تا ڕادەیەک دابەشبوونە مەزهەبی و نەتەوەییەکانیان تێپەڕاندبێت، کەچی لەسەر ئەرزی واقع، تا ڕادەیەکی بەرچاو، ئایدیۆلۆجیاکان لە ناو هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان قەتیس مابوون. تێگەیشتن لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لەو قۆناغە پرکێشمەکێشە لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، بەبێ نەخشەکارییەک بۆ هێز و بزووتنەوە و پارتە سیاسییەکان و ڕەوتە هزری و ئایدیۆلۆجییەکان زۆر سەختە، ئەگەر نەڵێین مەحاڵە. بۆیە گێڕانەوەیەکی، ئەگەر کورتیش بێت، مێژووی سەرهەڵدان و پاشخانی هزری و جوگرافیو نەتەوەیی و مەزهەبیی

ڕەوت و پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ململانێکانی ئەو سەردەمە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی گەشەی *عێراق*. بەڵام پێش ئەوەی قسە لەسەر پارت و ڕەوتە سیاسییەکان بکرێت، چاوێک بە بارودۆخی *عێراق* و دواتریش ناوچە شیعەنشینەکان دەخشێنین.

کاتێک **مەلیک فەیسەڵ** لە دەسەڵاتدا بوو، یان لانیکەم لە دواساڵەکانی حوکمیدا، گروپێکی عێراقچی نزیک لە بەریتانییەکان لە کەسایەتییە نزیکەکان لە **مەلیک** و سەرۆکعەشیرەتەکان و چەند سیاسەتوانی میانڕەوی عێراقی پێک هاتبوو، کە ئەوکات کاریگەرترین ڕەوتی سیاسی بوون لە گۆڕەپانەکە. لە پاڵ ئەم ڕەوتە، لە پشتی پەردەوە ناسیونالیستە عەرەبەکانیش چالاک بوون، بەتایبەتی لە ناو سوپا و لە وەزارەتی پەروەردە. دوای مردنی **مەلیک فەیسەڵ**، **غازی** (١٩١٢-١٩٣٩) لە تەمەنی ٢١ ساڵی، لە جێی باوکی لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشت. **غازی** پێچەوانەی باوکی، دژەبەریتانییەکی نەقۆڵا بوو و سەرسەختانە پشتیوانیی لە پرسە پەیوەندارەکان بە ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرد (Tripp 2002: 81). دید و بیروبۆچوونەکانی **غازی** دەکرێت سەرچاوەی لەو ڕاهێنان و پەروەردە و خوێندنەوە وەرگرتبێت، کە لەسەر دەستی دوو ناسیونالیستی عەرەبی دەرخواردی درابوو، کە **ساتع حوسری** و **تاها هاشمی بوون**.[1] ئەم دوانە هەردووکیان مامۆستای **غازی** بوون. خولیای **مەلیک غازی** بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی، وای لە بنەماڵەی پادشا کرد کە لەو بازنانە دوور بکەونەوە کە باوکی لێی نزیک بوو، وەک سەرۆکعەشیرەت و خاوەن زەوییەکان و شێخەکان، بەرەو ئەو ئاقارانە بڕوات کە ناسیونالیستە عەرەبەکان مەنزڵگەیان لێ دانابوو. **مەلیک فەیسەڵ** کەسایەتی و کاریزمایەکی تا ڕادەیەک بەهێز و کاریگەری هەبوو، کە لە خزمەت هێورکردنەوەی گرژییە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان کەڵکی لێ وەردەگرت، بەڵام **مەلیک غازی** شکۆ و دەسەڵاتی باوکی نەبوو. ئەو دەسەڵاتی بەسەر عەشیرەتەکان و

---

[1]. **تاها هاشمی** (١٨٨٨-١٩٦١)، بۆ ماوەی دوو مانگ لە ساڵی ١٩٤١، سەرۆکوەزیرانی *عێراق* بووە، دوو جاریش پۆستی سوپاسالاری لە *سوپای عێراق* وەرگرتبوو. ئەو کۆنەئەفسەرێکی عوسمانی بوو و ئەندام بوو لە *کۆمەڵەی عەهد*، کە ناسراو بوو بە لایەنگری لە ناسیونالیزمی عەرەبی (بصری ٢٠٠٤: ٢٢٩-٢٣١).

دەستە و گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان نەدەشکا. بۆ بردنەپێشی پرسی ناسیونالیزمی عەرەبی، **غازی** پشتی بە ناسیونالیستە عەرەبەکانی ناو سوپاش دەبەست. گرنگیی ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتەکانی دامەزراوەی پادشایەتی لە زیادبوونی ژمارەی ئەفسەرەکانی سوپا زیاتر دەردەکەوت، کە لە کۆتایی سییەکان لە ١٢،٠٠٠ گەیشتبووە ٤٣،٠٠٠ ( Tripp 2002: 78; Walker 2003: 29-40). سوپا بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن سەنتەرەوە بۆ سەرکوتکردنی کەنارەکان (Periphery) بەکار دەهێنرا، بەتایبەتییش بۆ کپکردنەوەی عەشیرەتە یاخیبووەکانی شیعە لە باشوور و ناوەڕاست لەگەڵ ئاسوورییەکان و ئێزیدییەکانی پارێزگای *نەینەوا* بەکار هات.[١]

## ناڕەزایی شیعەکان: ڕێژەی بەشدارییان لە دەسەڵات

لە سەرەتای سییەکان، پیاوانی ئایینیی شیعە ئەو بێدەنگییەی کە ساڵانێک بوو لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ و نەفیکردنی گەورەمەرجەعی شیعەکان، **مەهدی خاڵسی**، پەنگی خواردبوو، شکاند. لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٤، حکومەت دەستکاریی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئەو ساڵەیان کرد، ئەویش بە هەژمارکردنی تەنیا ئەو سندووقانەی کە دەنگیان دابوو بە کاندیدەکانی حکومەت و وەلانانی سندوقەکانی دیکە (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٣٤). لە ئاکامدا، سەرۆکعەشیرەتەکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیان، خۆیان یان نوێنەرەکانیان دەرنەچوون. ئەوەی زیاتر ئەوانی نیگەران کرد، ئەوە بوو کە لەبری کاندیدەکانی ئەوان، کاندیدەکانی حکومەت لە گوند و ناوچە عەشایەرییەکان لە هەڵبژاردنەکان سەر کەوتن. ئەمەش بوو بە مایەی لێکترازانێک لە ناو عەشیرەتەکان. یەکێک لە دەرکەوتەکانی ساختەکان ئەوە بوو، کە پێکهاتەکان لە جاران زیاتر نایەکسانانە لە پەرلەمان نوێنەریان دەرچوو. لە کاتێکدا کە شیعەکان نزیکەی ٥٥%ی دانیشتوانیان پێک دەهێنا، کەچی لەو هەڵبژاردنەدا تەنیا ٣٠%ی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەر کەوت (الازری ١٩٩١: ١٠٦). سەرۆکعەشیرەتە شیعەکان نیگەرانییەکانی خۆیان

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەرکوتکردنی ئاسوورییەکان تەماشای ( Makiya 1998: 166-175; Tripp 2002: 80) بکە.

گەیاندە **محەمەد کاشف غەتا**،[1] گەورەمەرجەعی شیعەکان. داوایان لێ کرد کە کۆبوونەوەیەک ڕێک بخات بۆ قسەکردن لەسەر سکاڵا و نارەزاییەکانیان. لەسەر داوای **کاشف غەتا**، نزیکەی ٢٠٠ سەرۆکعەشیرەت و پیاوی ئایینی ئامادەی کۆبوونەوەیەک بوون، کە یادداشتنامەیەکی تێدا واژۆ کرا و ڕەوانە کرا بۆ **مەلیک غازی**. یادداشتنامەکە حکومەتی بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان تاوانبار کردبوو و نارەزایی دەربڕیبوو لەوەی کە پەرلەمان نوێنەرایەتیی خەڵک ناکات. نارەزاییەکان و ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمان، کابینەکەی **عەلی جەودەت**یان لە ئازاری ١٩٣٥ ناچار بە هەڵوەشاندنەوە کرد و ڕێگە خۆش کرا بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتیی **جەمیل مەدفەعی**، کە وەک **عەلی جەودەت** خەڵکی *موسڵ* بوو (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٤٩-٥١). لە ژێر کاریگەریی ئەو گرژییانەی کە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری گرتبووەوە، حکومەتە نوێکە چەند ڕۆژێک دوای پێکهاتنی، بڕیاری سازدان و وەگەڕخستنی سوپای دا. سەرۆکعەشیرەت و پیاوانی ئایینیی شیعە هانایان بۆ **مەلیک** برد بۆ ڕێگرتن لە شەڕ و پێکدادان. ئاڵۆزییەکان بوون بە مایەی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی **مەدفەعی** دوای دوو حەفتە لە دەستبەکاربوونی. کابینەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتیی ناسیونالیستێکی عەرەبی، **یاسین هاشمی**، پێک هات کە هانی سەرۆکعەشیرەتەکانی لە دژی **عەلی جەودەت** و **جەمیل مەدفەعی** و عێراقچییەکان و میناڕەوەکان و کەسە نزیکەکان لە *بەریتانیا* دەدا (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٤٩-٥١).

دوای دەستبەکاربوونی، حکومەتە نوێکە، بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا داوای لە سەرۆکعەشیرەتەکان کرد کە بڵاوەی پێ بکەن و چەکەکانیان دابنێن. چەکدارە عەشایەرییەکان خۆیان ڕادەست کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە **کاشف غەتا**، گەورەمەرجەع، فشاری خستە سەریان بۆ کۆتاییهێنان بە یاخیبوونەکەیان بە ئاشتییانە (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٧٨-٨٤). پێکهاتنە "ئاشتیئامێزەکە"زۆری نەخایاند، چونکە شیعەکان لە *کازمییە* خۆپیشاندانیان کرد لە دژی تێکدانی گۆڕستانێک، کە دەکەوتەبەر پڕۆژەیەکی حکومەتە

---

[1]. **محەمەد کاشف غەتا** (١٨٧٦-١٩٥٤)، لە نەجەف لەدایک ببوو و هەر لەوێش گەورە ببوو. ئەو لە دوای **کازم یەزدی** وەک گەورەمەرجەعی شیعەکان دەستنیشان کرابوو.

نوێیەکە. خۆپیشاندانەکە پێکدانانی لێ کەوتەوە و لە ئاکامدا ١٣ کەس کوژران. یادی *عاشوورای* ئەو ساڵە کەوتە چەند ڕۆژێک دوای پێکدادانە خوێناوییەکەی *کازمییە*. ترسی حکومەت لە هەر کاردانەوەیەک کە لەوانە بێت لە ڕۆژانی *عاشوورا* بێتە پێش، وای لە حکومەت کرد کە *عاشوورا* بە تەواوی قەدەغە بکات (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٨٩). جەژنی غەدیری شیعەکان، ئەویش هەر لەو سەروبەندەدا بوو. ژمارەیەک پارێزەر و چەندین سەرۆکعەشیرەت ئەو هەلەیان قۆستەوە و سەردانی **کاشف غەتای** گەورەمەرجەعی شیعەکانیان لە *نەجەف* کرد. لە دوای سەردانەکە، **کاشف غەتا** یادداشتنامەیەکی نووسی، کە لە مێژوودا بە یادداشتنامەی **غەتا** ناسراوە، کە بێجگە لە **کاشف غەتا**، کۆمەڵێک سەرۆکعەشیرەتیش واژۆیان کردبوو. لە ترسی ئەوەی کە بە گەشیرەتگەری تاوانبار نەکرێن، هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکان و سەرۆکعەشیرەتەکان یادداشتنامەکەیان واژۆ نەکرد، لەوانە **شێخ عەبدولوەحید حاجی سوکەر**، **شێخ شەعلان عەتییە** و **جەعفەر ئەبو تمەن**. ئەوان چەند تێبینییەکیان لەسەر زمان و داڕشتنی دەقەکەش هەبوو. سەرەڕای ئەوە، زۆرینەی سەرۆکعەشیرەتەکان یاداشتنامەکەیان واژۆ کرد (العلوی ١٩٩٠: ٣٥٠؛ الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ٩٠-٩٣). دەرکردنی ئەم یادداشتنامەیە زەقترین دەربڕی ئازار و ناڕەزایەتییەکانی شیعەکان بوو لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠. مادەی یەکەم لە یاداشتنامەکە بە ڕوونی حکومەتی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەمارگیری و جیاکاری و لایەنداری تاوانبار کرد و ئەو سیاسەتانەشی وەک کۆڵەگەی سەرەکیی حوکمڕانی ناو بردبوو.[١] لە یادداشتنامەکە هاتبوو کە "زۆرینە (شیعەکان)، تەنیا بە دوو وەزیر لە حکومەت نوێنەرایەتی کراون... دەمارگیری لە پڕکردنەوەی پۆستە حکومییەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەردەکەوێت". یادداشتەکە داوای یەکسانیی لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* دەکرد و خەتای ئەم هەموو نادادپەروەرییەشی خستبووە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکار، نەک دەستوور. داواشی لە حکومەت دەکرد کە هەڵبژاردنەکان بێلایەنانە بەڕێوە

---

[1]. بۆ دەقی یادداشتنامەکەی **کاشف غەتا**، تەماشای الحسنی (١٩٨٢: ج٤، ٩٠-٩٢) بکە. یادداشتنامەکە وەک *پەیماننامەی گەل*یش (*میثاق الشعب*) ناو دەبرێت.

ببات و بە فەڕمی ڕێگە بە خوێندنی فیقهی جەعفەری (شیعی) بدات و بە یاسایی بکات.

لەبەر نەبوونی یان لاوازیی متمانە لە نێوان حکومەت و عەشیرەتەکان، گرژییەکان بەرەو سەر هەڵکشان. یەکێک لە ئاکامەکانی گرژییەکان گرتنی **شێخ ئەحمەد سەعدوللا**، سەرۆکعەشیرەتێکی شیعە، بوو لە ئازاری ١٩٣٥، کە دواتر ناسنامەی عێراقییشی لێ سەندرایەوە. ئەم کارەی حکومەت بووە هۆکاری هێرشکردنە سەر بارەگا حکومییەکان لە لایەن چەکدارە عەشایەرەکانەوە. **ڕەشید عالی گەیلانی**، کە وەزیری ناوخۆ بوو لە کابینەکەی **یاسین هاشمی**، سەردانێکی ناوچە شیعەنشینەکانی کرد بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی بەرسڤی حکومەت لە دژی ئەوانەی بە هێرشەکە هەستابوون. **گەیلانی** حاڵەتی تەنگەتاوی (ئەحکامی عورفی) ڕاگەیاند و بڕیاری دامەزراندنی **بەکر سدقی**ی وەک سوپاسالار دەرکرد و داوای لێ کرد کە ئەمن و ئاساییش بۆ دەڤەرەکە بگێڕێتەوە.

کاتێک یاخیبوون سەری هەڵدا و تەشەنەی کرد بۆ ناوچەکانی دەوروبەر، حکومەت داوای ئاگربەستی کرد و پێشنیازی گفتوگۆی کرد لەگەڵ **کاشف غەتا** بە نوێنەرایەتیی عەشیرەتەکان. سەرۆکعەشیرەت و پیاوە ئایینییەکان پێشنیازەکەی ئاگربەستیان قبووڵ کرد، بەڵام حکومەت بە کەڵکوەرگرتن لە ئاگربەستەکە هێزەکانی ساز داو و بێڕەحمانە هێرشی کردە سەر چەکدارە یاخیبووەکان. دادگایەکی کاتی بەپێی ڕێوشوێنی حاڵەتی تەنگەتاوی، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ ٦٣ کەس لە یاخیبووەکان دەرکرد (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ١٠١-١٢٧). ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە پیشان دەدات کە سوپا هیچ کاتێک سڵی نەدەکردەوە لە وەگەڕخستنی توانا و کاریگەرییەکانی خۆی بۆ پەراوێزخستن و سەرکوتکردنی یاخیبووە شیعەکان و سەرکردە عەشایەری و ئایینییەکانیان.

لە بیستەکان و سییەکان، *عێراق* لە کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بەها و بنەما عەشایەری و سوننەتییەکان ڕێک خرابوو، کە دەسەڵاتە مەرکەزییەکانی زۆر لاواز بوون، هەنگاوی دەنا و وەردەچەرخا بۆ کۆمەڵگەیەک کە جۆرێک لە مەرکەزییەتی سیاسیی هەبێت و ئابوورییەکیش کە هێشتا بنەمای لەسەر کشتوکاڵ دانابوو، هاوکات سەربازیی بەزۆریش سەپێندرا. هەموو ئەمانە

جۆرێک پەراوێزی و لاوازی، ئەگەرچی تا ڕادەیەکی کەمیش بوو، بۆ دەسەڵات و توانای **شێخ** و سەرۆکعەشیرەتەکانی لێ کەوتبووەوە. لە پاڵ ئەمانە، قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی شیعەکان و گرتن و دوورخستنەوەی پیاوە ئایینییەکان و نزمیی نوێنەرایەتیکردنی شیعەکان لە دامودەزگا سەرەکییەکانی حوکمڕانی و یاسادانان، هۆکاری سەرەکیی یاخیبوونەکانی ناوەڕاستی سییەکان بوون. ئەم پێشهاتانە گرنگیی ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* لە لایەن شیعەکان دەردەخات، لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەریی پیاوانی ئایینیی شیعە لەو ئانوساتەدا لەسەر ڕووداوەکان.

لەساڵی ١٩٣٦دا، حکومەت هەوڵی دا کە یەکپۆشییەک بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، ئەویش بە پێشنیازکردنی لەسەرکردنی سیدارە (کڵاو). لەوە دەچێت ئەفەندییە سوننەکان ویستبێتیان شێوازێک لە جلوبەرگ بەسەر عێراقییەکان بسەپێنن، کە خۆیان بە میرات لە عوسمانییەکان بۆیان جێ مابوو. ئەمە جۆرێک لە چاولێکەرییش بوو لە **ڕەزا شای** *ئێران* و **ئەتاتورکی** *تورکیا*. هەر لەو ساڵە، دیسان حکومەت یادکردنەوە و ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورای* قەدەغە ڕاگەیاند. ئەم ڕێوشوێنانە بوون بە بزوێنەری ناڕەزایەتییەکان لە باشوور لە لایەن شیعەکانەوە. پێش ئەوانیش سیاسەتە دەمارگیرییەکان لە دژی کوردە ئێزیدییەکانی *شەنگال* یاخیبوونی لێ کەوتبووەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، سوپا و پۆلیس لە هەڵمەتێکدا سەرکوتی یاخیبوونی ئێزیدییەکانیان کرد و سەدان کەسیان لێ کوشتن و کەڵکیان لە یاساکانی حاڵەتی تەنگەتاوی، لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەشداربوان وەرگرت. بەرخوردی حکومەت بۆ یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٣٦ی شیعەکان لە جارانی پێشووتر زۆر توندتر بوو (الحسنی ١٩٨٢: ج٤، ١٤٤-١٤٨، ١٦٣-١٧٠، ١٨٠-١٨٤).

گرنگترین دەرئەنجام و دەرکەوتی ئەو ڕووداوانە، هاتنەپێشی سوپا بوو وەک بەهێزترین باڵی حکومەت. ئەفسەرەکانی سوپاش ئەو باوەڕەیان لا چەکەرەی کرد کە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان. تا ساڵی ١٩٣٦، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە سوپادا خزمەتیان دەکرد دوو بەرانبەر زیاد یکردبوو و گەیشتبووە ٢٣،٠٠٠ و هێزە ئاسمانییەکانیش لە ٣ فڕۆکەوە ببوو بە ٣ دەستە (سرب) ( Marr 2004a:

43-44). پێگەی **عەقید بەکر سدقی** لە ناو سوپا و لە دەرەوەی سوپا بەرز ببووەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەت پاداشتی ڕۆڵی **بەکر سدقی**ی کرد لە سەرکوتکردنی یاخیبووەکان.[1] بەم شێوەیە، سوپا لەبری ئەوەی ببێت بە سیمبولێک بۆ یەکێتیی نیشتمانی، ببوو بە دەزگایەک بۆ سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی نارەزایەتییان دەردەبڕی یان یاخی دەبوون.

## یەکینەکانی سوپا: گۆڕەپانێك بۆ ململانێی عێراقچییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان

وەک ئاماژەی پێ کرا، ڕووداوەکانی سییەکان سوپای کرد بە بەتواناترین دامەزراوەی دەوڵەت لە *عێراق*. ئەمەش بوو بە هۆکارێکی دیکەی خۆهەڵقورتاندنی سوپا لە کاروبارە سیاسییەکانی وڵات. **بەکر سدقی**، کە وەک عێراقچییەک ناسرابوو، وەک کەسایەتییەکی زاڵ و دەستڕۆیشتووش لە ناو سوپادا بەدیار کەوتبوو. لەو ئانوساتانەدا حکومەتی عێراقی لە لایەن دوو کەسایەتیی ناسیونالیستی عەرەبی، **یاسین هاشمی** کە سەرۆکوەزیران و **ڕەشید عالی گەیلانی** کە وەزیری ناوخۆ بوو، بەڕێوە دەبرا. ململانێکانی عێراقچییەکان و ناسیونالیستە عەرەبییەکان ڕێخۆشکەر بوون بۆ پێکدادانێکی دیکە لە نێوان ئەم دوو گروپە زاڵە لە ناو دامەزراوە حکومییەکان. ئەوە بوو **بەکر سدقی** بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* فەرمانی بە یەکینەکانی ژێر دەستی خۆی لە سوپا دا، کە ناسیونالیستە عەرەبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر حوکم لا بدەن. کودەتا سەرکەوتووەکەی **بەکر سدقی مەلیک**ی نەکردبووە ئامانج. هۆکاری ئەمە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ خۆدوورخستنەوە لە کێشە لاوەکییەکان و ئاڵۆزترنەکردنی بارودۆخەکە. **بەکر**

---

[1]. **بەکر سدقی** (١٨٩٠-١٩٣٧)، بە بنەڕەت کوردە و لە *بەغداد* لەدایک ببوو. ئەو دەرچووی خوێندنگەی سەربازی بوو لە **ئیستەنبوڵ**. لە *سوپای عێراق*دا وەک ئەفسەرێک تا گەیشتە پلەی عەقید هەڵکشا. ئەو ڕابەرایەتیی ئەو یەکە سەربازییانەی کرد کە یاخیبوونی ئاسوورییەکانی لە ساڵی ١٩٣٣ و یاخبوونەکانی شیعەکانی لە ساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٦دا کپ کردەوە (بصری ٢٠٠٤: ج١، ٢١٥-٢٢٠).

**سدقی** بەم کردارەی ناسیونالیستە عەرەبە ناسراوەکانی لە حکومەت دوور خستەوە و سیاسەتوانە عێراقچی و ڕیفۆرمخوازەکانی لە خۆی کۆ کردەوە. حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی **حیکمەت سلێمان** پێک هات، کە ئەندامێکی کارای *کۆمەڵەی ئەهالی* بوو.[١] ژمارەی وەزیرە شیعەکان لە کابینە نوێیەکە لە هەموو کابینەکانی پێشووتر زیاتر بوو ( Tripp 2002: 88-89; Marr 2004a: 46-47). بەمەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، سوننەکان زۆرینەی ڕەهایان لە کابینەی حکومەت لەدەست دا. حکومەتەکەی **سلێمان**، بە پاڵپشتیی **بەکر سدقی**، برەوی بە سیاسەت و بەرنامەی "*عێراق* لە پێش هەموو شتێک" دەدا و دروشمی "*عێراق* بۆ عێراقییەکانە"ی بەرز کردەوە. عێراقچییەکان و چەپڕەوەکان، لەوانە *کۆمەڵەی ئەهالی* و *حزبی شیوعیی عێراقی*، پشتیوانییان لە حکومەتە نوێکەی **سلێمان-سدقی** دەکرد. لە بەرانبەردا ناسیونالیستە عەرەبەکان و ڕاستڕەوەکان، لەوانە *یانەی موسەننا* (*نادی المثنی*)،[٢] بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنیان لە دژی حکومەت پێک هێنا.

وەک کەسێکی هەوادار و سەرسام بە **کەمال ئەتاتورک** و **ڕەزا شا**، **بەکر سدقی** هەوڵی نزیکبوونەوە و داکۆکی لە دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ *تورکیا* و *ئێران* دەکرد. لە ئاکامدا ناسیونالیستە عەرەبەکان، بەتایبەتی ئەفسەرەکانی ناو سوپا، حکومەتەکەی **سلێمان-سدقی**یان تاوانبار کرد بە گرنگیدان بە دراوسێ ناعەرەبەکان و کەمکردنەوە و بێنرخکردنی پەیوەندییەکانی *عێراق* لەگەڵ جیهانی عەرەبی (الدلیمی ١٩٩٩: ٧٦-٨٠). لە پاڵ ئەمانەدا، **بەکر سدقی** تاوانبار دەکرا بە هاندان و هێنانی کوردەکان بۆ ناو سوپا. لە بیرەوەرییەکانیدا، **سەلاحەدین دەباغ**، کە ئەفسەرێکی ناسیونالیستی عەرەبی بوو، بانگەشەی ئەوە دەکات کە **بەکر سدقی** ئەفسەرە عەرەبەکانی لە

---

[1]. **حیکمەت سلێمان** (١٨٨٩-١٩٦٤)، لە *بەغداد* لەدایک بووە، بەڵام بە بنەڕەت لە بنەماڵەیەکی جۆرجی بوو. ئەو دەرچووی *کۆلێجی یاسا* بوو لە ئیستەنبووڵ و چەندین جار وەک پەرلەمانتار و وەزیر لە کابینەکانی حکومەتی *عێراق* خزمەتی کردبوو و لە ساڵی ١٩٣٦دا بوو بە سەرۆکوەزیران.

[2]. *یانەی موسەنا*، ناوەکەی لە **موسەنا بن حارس شەیبانی**، یەکێک لە سەرکردە موسڵمانەکانی سەدەی حەوتەم وەرگیراوە، کە سەرکردایەتیی هەندێک لە شەڕەکانی داگیرکردنی *عێراق* و بەشێک لە *ئێران*ی کردبوو.

پۆست و پایە بەرزەکانی سوپا لا دەدا و ئەفسەرە کوردەکانی لە جێگەیان دادەنا. هەروەها باس لەوە دەکات کە **بەکر سدقی** هانی بەکارهێنانی دروشمی "عێراق بۆ عێراقییەکانە"ی دەدا (الادهمی ١٩٨٠: ٧). بێ گوێدانە ئەوەی داخۆ ئەم بانگەشانە ڕاستن یان نا، تێڕوانینەکانی **سەلاحەدین دەباغ** ئاماژەن بۆ گرژییەکانی نێوان نەتەوەکانی *عێراق*. **بەکر سدقی** کەسێک بوو کە ناکرێت لە خانەی دژەکوردان یان خانەی کوردپەروەران دابنرێت، ئەو کوردێکی بەعەرەبکراو بوو، کە دەیویست *عێراق*ێک لەسەر مۆدێلی **ئەتاتورک** دروست بکات. خەون و ئارەزووە کەسییەکانی، نەک نەتەوەییەکانی، لە پشت تێکەڵبوون بە کارە سیاسییەکانیەوە بوون. ئەو دەکرێت وەک عێراقچییەک، واتە نیشتمانپەروەرێکی عێراقی، ببینرێت، نەک ناسیونالیستێکی کوردی.

لە ئابی ١٩٣٧، **بەکر سدقی** لە ڕێگەی چوونی بۆ *تورکیا* لە *موسڵ* لای دا، هەر لەوێش لەسەر فەرمانی ناسیونالیستە عەرەبەکان کوژرا. کوژرانی ئەو، ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەهێزبوون و زاڵیی ناسیونالیستە عەرەبەکان لەسەر دەسەڵات و وەلانانی بەرنامە و سیاسەتە عێراقچییەکانی حکومەتەکەی **سلێمان-سدقی**. کوشتنی **بەکر سدقی** هێندەی دیکە پەیوەندیی نێوان پێکهاتە ڕکابەرەکانی *عێراق*ی لاواز کرد. لەوەش خراپتر، سوپا بوو بە بکەری سەرەکی لە پرۆسەیەکی سیاسیی تێکئاڵا، کە تێیدا چەپرەوەکان کەوتبوونە بەرانبەر ڕاستڕەوەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکانیش دژ بە نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان. دوای کوژرانی **سدقی**، هاوسەنگیی هێز بە لای ناسیونالیستە عەرەبییەکان لار بووەوە، ئەمەش وای کرد کە ناسیونالیستە عەرەبەکان کۆتایی بە دەسەڵاتی حکومەتەکەی **حیکمەت سلێمان** بهێنن. بەمەش قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتکردن لە *عێراق* دەستی پێ کرد، کە تێیدا حکومەتە مەدەنییەکان تەنیا لە ڕێگە و دوای ڕەزامەندیی گرووپێک لە ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە بە *بازنە حەوت کەسییەکە* یان بە *چوارگۆشەی زێڕین*[1] ناسرابوون، دەستبەکار دەبوون. لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی ئەم

[1]. *بازنە حەوت کەسییەکە* لەم ئەفسەرانە پێک هاتبوو: **حسێن فەوزی، ئەمین ئەلعەمری** (کە **بەکر سدقی**ی کوشت)، **سەلاحەدین دەباغ، مەحموود سەلمان، کامیل شەبیب، عەزیز یامولکی** و **فەهمی سەعید** (Tripp 2002: 94). چوار کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکەی ئەم گرووپە،

ئەفسەرانە، ئیدی هەڵوێست لەم گروپە و ناسیونالیزمی عەرەبی کران بە پێشمەرج بۆ هەر کەسێکی مەدەنی، کە بیەوێت ببێت بە ئەندامپەرلەمان یان پۆستی سیادی لە حکومەت وەربگرێت.

لە ٤ی نیسانی ١٩٣٩، **مەلیک غازی** لە ڕووداوێکی هاتوچۆی گوماناوی، گیانی لەدەست دا. **عەبدولئیلا عەلی بن حسێن** (١٩١٣-١٩٥٨)، کە ئامۆزای **مەلیک غازی** بوو، وەک جێنشینی پادشا دانرا، چونکە **فەیسەڵی دووەم**، کوڕی **غازی**، ئەوکات منداڵێکی ساوا بوو. بە پێچەوانەی **مەلیک غازی**، **عەبدولئیلا** لە بەریتانییەکانەوە نزیک بوو نەک ناسیونالیستە عەرەبەکان. ئەمەش پەیوەندیی بنەماڵەی **مەلیک** و دامەزراوەی پادشایەتی لە *عێراق* لەگەڵ بەریتانییەکان و ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی کە لەوان نزیک بوون، بە سەرکردایەتیی **نووری سەعید**،[1] بەهێزکرد.

لایەنگریی حکومەتی عێراقی لە *بەریتانیا* لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانی، لەگەڵ ئەجێندای ناسیونالیستە عەرەبە دژ بە بەریتانییەکان یەکی نەدەگرتەوە، کە مەیلیان بە لای نازییە ئەڵمانییەکانەوە بوو. لە ئاکامدا پێکدادانێکی دیکە هاتە پێش، کاتێک چەند یەکینەیەک لە سوپا بە سەرکردایەتیی ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە ناسراو بوون بە *چوارگۆشەی زێڕین*، هاتنە ناو *بەغداد* و **عەبدولئیلا**یان لەسەر تەختی پادشایەتی لا دا و **ڕەشید عالی گەیلانی**یان وەک سەرۆکوەزیران لە ١ی نیسانی ١٩٤١دانا.[2] **گەیلانی** ناسیونالیستێکی عەرەبی بوو و بە توندی کەوتبووە ژێر کاریگەریی موفتیی

---

کەسەکانی چوارگۆشەی زێڕینیان پێک دەهێنا، کە ئەمانە بوون: **سەلاحەدین دەباغ**، **مەحموود سەلمان**، **کامیل شەبیب** و **فەهمی سەعید** (Marr 2004a: 53).

1. **نووری سەعید** (١٨٨٨-١٩٥٨)، لە *بەغداد* لە بنەماڵەیەکی سوننی بە بنەڕەت جۆرجی لەدایک ببوو. ئەو لە چەند پۆستی سیادی لە ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٥٨ خزمەتی کردووە و چواردە جار وەک سەرۆکوەزیران حکومەتی پێک هێناوە (بصری ٢٠٠٤: ج١، ١٥١).

2. **ڕەشید عالی گەیلانی** (١٨٩٢-١٩٦٥)، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی *بەغداد* لەدایک ببوو و خزمی یەکەم سەرۆکوەزیرانی *عێراق*، **عەبدولرەحمان نەقیب** بوو. **گەیلانی** چوار جار وەک سەرۆکوەزیران خزمەتی کردووە و چەندین جاریش وەک وەزیر و ئەفسەر لە پۆستە باڵاکانی سوپا کاری کردوە. ئەو ناسیونالیستێکی عەرەبی سەرسەخت و دژ بە دەستتێوەردانی بەریتانییەکان لە *عێراق* بوو (بصری ٢٠٠٤: ج١، ١٧٧-١٨٦).

*قودس*، *حاجی ئەمین حسەینی*. لە ئاکامی کودەتاکە، سیاسەتوانە عێراقچییە لایەنگرەکانی *بەریتانیا*، وەک **نووری سەعید** و **جەمیل مەدفەعی** و **عەلی جەودەت**، *بەغدا*دیان بەجێ هێشت و چوون بۆ لای **عەبدولئیلا** لە *بەسرە*. لەگەڵ ئەوەی ئەم گروپە دوورخراوەش، بێجگە لە **عەبدولئیلا**، لە سەرەتا پشتیوانییان لە خەون و ئامانجەکانی پانعەرەبیزم دەکرد، کەچی دوای ماوەیەک پێیان وا بوو سەقامگیریی *عێراق* تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە *بەریتانیا* مسۆگەر دەبێت. بۆیە خۆیان لە بەریتانییەکان نزیک کردەوە، بەمەش لە ناسیونالیستە عەرەبەکان دوور کەوتنەوە. ئەوەی کودەتاکەی **گەیلانی**ی لە کودەتاکەی سدقی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کودەتاکەی **گەیلانی** ڕووی لە دامەزراوەی پادشایەتی بوو، کەچی کودەتاکەی **سدقی** تەنیا دژی حکومەت بوو.

هەڵوێستی دەستەبژێری سیاسیی کوردی لە بەرانبەر کودەتاکەی **گەیلانی**، بەگشتی ئیجابی نەبوو؛ **ساڵح حەیدەری** لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە، کە سەرەڕای ڕقوکینەمان لە بەریتانییەکان، کەچی ئێمە (خوێندکارە کوردەکان لە *بەغداد*) ئارەزووومان بە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی **گەیلانی** نەدەکرد، چونکە سەرکردەکانیان زۆر بە زەقی هەستی دژەکوردییان لەخۆ پیشان دەدا و دەردەبڕی.[1] سەرەڕای ئەوەی کە کودەتاکە لە لایەن سوننەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا، کەچی پیاوانی ئایینیی شیعە، تا ڕادەیەک پشتیوانییان لە کودەتاکەی **گەیلانی** دەکرد، چونکە بزووتنەوەکەی **گەیلانی** دژی بەریتانییەکان بوو، وەک چۆن شیعەکان دژی بوون. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو هەموو چەرمەسەرییەی کە شیعەکان لەگەڵ دامەزراندنی *عێراق* بە دەست بەریتانییەکانەوە چەشتبوویان، بەتایبەتی لە ئانوساتی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠دا. یەکێک لەو فەتوایانەی کە پیاوانی ئایینیی شیعە دەریان کرد، حکومەتەکەی

---

[1]. **ساڵح حەیدەری** (١٩٢٢-٢٠٠١)، لە *هەولێر* لەدایک ببوو و خوێندنی یاسای لە *بەغداد* لە ساڵی ١٩٤٤ تەواو کردبوو. **حەیدەری** یەکێک بووە لەوانەی کە یەکەم شانە مارکسییەکانیان لە *کوردستان* دامەزراندووە و ئەندامی دامەزرێنەری *حزبی شیوعیی کوردستانی عێراق (شۆڕش)* و *حزبی ڕزگاریی کورد* بووە. دواتر پەیوەندیی بە *حزبی شیوعیی عێراقی* کردووە و بووە بە ئەندامێکی کارا لە کۆمیتەی مەرکەزی لە پەنجاکاندا (الحيدری ٢٠٠٤: ٥، ٩).

**گەیلانی** وەک "حکومەتێکی ئیسلامی" پەسن کردبوو. ئەوان پێیان وا بوو کە وا چاکە پشتیوانی لە کودەتاکە بکەن، چونکە سەرکەوتنی ئەو سەرکەوتنە بۆ ئاینی *ئیسلام* (العلوی ١٩٩٠: ١٨٩-١٩١). بەگشتی سەرکردە ئایینیە شیعەکان داکۆکییان لە بزووتنەوەکە دەکرد، چونکە ئەوان *بەریتانیا*یان وەک دوژمنێکی هاوبەش دەهاتە پێشچاو. لەگەڵ پیشاندانی پشتیوانی بۆ بزووتنەوەکە، بەڵام کاتێک کە بەریتانییەکان هێرشیان کردە سەر سەرکردەکانی و دووبارە *عێراق*یان داگیر کردووە، سەرەڕای هاواری ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ یارمەتی، کەچی شیعەکان هیچ پشتیوانییەکی سەربازیی بزووتنەوەکەیان نەکرد (Tripp 2002: 103-105). لە بەرانبەردا، *یانەی موسەننا* کە لە ناسیونالیستە عەرەبە سوننەکان پێک هاتبوو، نەک هەر پشتیوانیی لە بزووتنەوەکەی **گەیلانی** دەکرد، بەڵکو لە ئامادەکارییەکان بۆ کودەتاکە بەشدار بوو (خلیل ١٩٨٤: ٦١؛ علیوی ٢٠٠١: ٨٩).

کودەتاکەی **گەیلانی** لە دژی سیستەمی پادشایەتی لە **عێراق** و عێراقچییە میانڕەوە نزیکەکان لە *بەریتانیا* بوو. بەمەش دوای لادانی کودەتاچییەکان لەسەر حوکم لە لایەن بەریتانییەکان، هێندەی دیکە پەیوەندیی **نووری سەعید** و کەسە نزیکەکان لەو لەگەڵ بەریتانییەکان بەهێز بوو. لەو کاتەوە تا ڕەوخانی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨، **نووری سەعید** بوو بە ناسراوترین و کاریگەرترین سیاسەتوان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی. لە سێدارەدانی کۆمەڵێک ئەفسەر و ناسیونالیستی عەرەبی، لەوانە هەر چوار ئەفسەرەکەی *چوارگۆشەی زێڕین* و خستنەسەر لیستی خانەنشینیی ژمارەیەکی دیکەیان یان وەدەرنانیان لە *عێراق*، کۆتایی بە هەموو جۆرێک پشتیوانی یان کاری هاوبەش هێنا، کە پێشتر بە شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن ناسیونالیستە عەرەبەکان لە حکومەتەکانی *عێراق* کرابێت.

**ساتع حوسری** یەکێک بوو لەوانەی کە لەسەر کارەکەی دەرکرا و دوور خرایەوە بۆ دەرەوەی *عێراق* و ناسنامەی عێراقیی لێ سەندرایەوە ( Tripp 2002: 110; Marr 2004a: 56-57). دوورخستنەوەی سوننەکان لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و سوپا، بۆشاییەکی دروست کرد کە لە لایەن شیعەکان و کوردەکان پڕ کرایەوە (Chalabi 1991). هەندێک لە سوننەکان،

بەتایبەتی ناسیونالیستە عەرەبەکان، بوون بە ئۆپۆزسیۆن. ئەم گۆڕانکارییانە نیگەرانییەکی زۆری لە ناو سوپادا دروست کرد، کە تا ئەوکاتیش هەر وەک قەڵای پۆڵایینی سوننەکان مابووەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو کورد و شیعە لە ڕیزەکانی سوپادا بەرەو سەر هەڵکشان، کەچی هاوسەنگی هێشتا هەر بەلای سوننەکانەوە بوو، بەڵام گۆڕانکارییەکان و توندکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت بەسەر سوپا لانیکەم لە ساڵی ١٩٤١ تا ١٩٥٨ کۆتایی بە کودەتا هێنا.

سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتیی بەریتانییەکان بەسەر *هێزەکانی تەوەر* بە سەرکردایەتیی *ئەڵمانیا*، دوورخستنەوەی ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان لە دیمەنی سیاسی، سەرکوتکردنی یاخیبوونی کوردەکان لە ساڵی ١٩٤٥، هەروەها سەقامگیربوونی ئاشتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵات، هەموویان بەسەر یەکەوە ئەو هۆکارانە پێک دەهێنن کە بوون بە مایەی کرانەوەی فەزای سیاسی و گەشەکردنی بەها دیموکراسییەکان لە *عێراق*. لە ئاکامدا عێراقییەکان زیاتر بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسی دەکرد، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییانەی کە لە دوای دووەم جەنگی جیهانیدا دامەزران. خەسڵەتی هەرە سەرەکیی ئەم قۆناغە لە مێژووی *عێراق*دا، سەرهەڵدانی کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوی سیاسیی ئاشکرا و نهێنی بوو. کرانەوە سیاسییەکە تاکە هۆکار نەبوو بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵکو پەیدابوونی چەمکگەلی وەک نیشتمانپەروەری و سۆشیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییش، یارمەتیدەر بوون بۆ شوناسسازی، یان خۆناساندن و خۆناسینەوەی عێراقییەکان بەم چەمکانە. هەموو ئەم هۆکارانە، بێجگە لە پرۆسەی مۆدێرنەتە، بوون بە مایەی سەرهەڵدانی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و پەیدابوونی هەست و سۆز و شوناسی عێراقیبوون، کە دەبن بە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم بەشە و بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە.

**پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی**

کۆچکردن لە گوند و دەشت و شارەدێ و بیابانەکانەوە (Rural Areas) بۆ سەنتەری شارەکان (Urban Centers)، گرنگترین هۆکار بوون کە دارشتە و کارەکتەری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە سوننەتییەکەی *عێراقی* گۆڕی. کۆچکردن لە دێهاتەکانەوە بۆ شارەکان زادەی پرۆسەگەلی مۆدێرنەتە (Modernization) و گەشەی پیشەسازی (Industrialization) بوون. ئەم پرۆسانە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە کۆتایی بیستەکانەوە دەستیان پێ کرد. لەم نێوەدا خوێندن و پەروەردەی گشتی ناکرێت کەمبایەخ بکرێن. لەئ اکامدا خەڵکێکی زۆرلە گوندەکان و شارە بچووکەکان ڕوویان لە سەنتەری شارە گەورەکان کرد، بەتایبەتی *بەغداد* و *بەسرە* و *موسڵ* (بڕوانە خشتەی ٤-١ و دایەگرامی ٤-١)، لەوێشدا چینێکی ناوەندی خوێندەوار دروست بوو کە دینامۆی گۆڕانکارییەکانی *عێراق* بوو.

*خشتەی ٤-١: ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین و شارنشین لە عێراق*[1]

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی *عێراق* بە ملیۆن | شارنشین | | گوندنشین | | ناوچە کوردییەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بە ملیۆن | % | بە ملیۆن | % | % شارنشین | % گوندنشین |
| ١٨٦٧ | ١.٢٥ | ٠.٣ | ٢٤ | ٠.٩٥ | ٧٦.٠ | – | – |
| ١٩٤٧ | ٤.٨ | ١.٧ | ٣٥.٤ | ٣.١ | ٦٤.٦ | – | – |
| ١٩٥٧ | ٦.٣ | ٢.٥ | ٧.٣٩ | ٣.٨ | ٦٠.٣ | ٣٣.٥ | ٦٦.٥ |
| ١٩٦٥ | ٨.٠ | ٤.١ | ٥١.٢ | ٣.٩ | ٤٨.٢ | ٤٣.٢ | ٥٦.٨ |
| ١٩٧٧ | ١٢.٠ | ٧.٦ | ٦٣.٥ | ٤.٣ | ٣٦.٥ | ٥٤.١ | ٤٥.٩ |
| ١٩٨٧ | ١٦.٣ | ١١ | ٦٧.٥ | ٥.٣ | ٣٢.٥ | ٧١.٦ | ٢٨.٤ |

[1]. زانیارییەکانی ئەم خشتەیە لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ( Farouk-Sluglett and Sluglett 2001: 246; Batatu 2004: 1125) لەگەڵ (الوردی ٢٠٠٥ب: ١١٩؛ محمد ٢٠٠٦: ١٩٥).

هۆکاری هەرە سەرەکی لە پشت کۆچکردنەکان، خستنەکاری یاسای دابەشکردنی زەوی (قانون تسویة الاراضی) بۆ ساڵی ١٩٣٢ بوو. پێش ساڵی ١٩٣٢ زەوییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی نافەرمییانە هیی خەڵکە عەشایەرەکان بوو، کەچی یاسا نوێیەکە ڕێگەی بە سەرۆکعەشیرەتەکان دا کە زەوییەکان لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن، ئەمەش پێگەی خەڵکە عەشایەرەکەی لە خاوەندارێی پارچە زەوییەکانەوە گۆڕی بۆ کرێچی لای سەرۆکعەشیرەتەکان. بارودۆخە نوێیەکە باری دارایی و بژێویی هەزاران جوتیاری لە گوندەکان سەخت کرد، چونکە بەگوێرەی پێکهاتنە تازەکە لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکان، جوتیارەکان کەمتر لە یەک لەسەر سێی بەرهەمی ساڵانەیان بۆ دەمایەوە (Baali 1966: 359-360). بێجگە لەمە، گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر و زیادبوونی هەلی کار لە شارە گەورەکان لە ئاکامی دامەزراندنی کارگە و کارخانە تێیاندا، لەگەڵ دامەزراندنی دەیان دامەزراوە و دامودەزگای حکومی، هەمووی بەسەر یەکەوە بوون بە مایەی خێراترکردن و بەرفراوانتربوونی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵک لە گوند و شارەدێ و شارە بچووکەکان بۆ شارە گەورەکان. هاوکات گەڕان بەدوای نەوت و دەرهێنان و ناردنی نەوت بۆ دەرەوە بوون بە مایەی زیادبوونی توانای شارەکان لە گلدانەوە و حەواندنەوە و مسۆگەرکردنی هەلی کار بۆ کۆچکردووەکان. *بەغداد* گەشە و فراوانبوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و بوو بە سەنتەری هێز و دەسەڵات، چونکە گەشەسەندنە سەرەکییەکانی ژێرخانی ئابووریی وڵات لە ناو و لە دەوروبەری شارەکە ڕوویان دەدا. ژمارەی دانیشتوانی *بەغداد* لە ٢٠٠،٠٠٠ لە ساڵی ١٩٢٢ چواربار زیادی کرد بۆ نزیکەی ٨٠٠،٠٠٠ لە ساڵی ١٩٥٧ (Batatu 2004: 35). ئەمەش زیادبوونی ژمارەی شیعەکانی لە *بەغداد* لێ کەوتەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستدا شیعەکان نزیکەی ٢٠% دانیشتوانی پایتەختیان پێک دەهێنا، کەچی لە ساڵی ١٩٥٨ ڕێژەی شیعەکان لە *بەغداد* بەرز ببووەوە بۆ ٥٠% (Batatu 1987: 206-209; Farouk-Sluglett & Sluglett: 1991: 1411).

*دایەگرامی ٤-١: گەشەی دانیشتوانی شارەکانی بەغداد و موسڵ و بەسرە*[1]




دروستکردنی خوێندنگە و گەشەکردنی خوێندن و پەروەردەی بەکۆمەڵ (Mass Education) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*. ژمارەی خوێندکارە ناونووسکراوەکان لە خوێندنگە سەرەتاییەکان لە ٨٠٠١ لە ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٢١ بەرز بووەوە بۆ ٨٩٤٨٢ لە ساڵانی ١٩٣٩ بۆ ١٩٤٠. لە هەمان ماوەدا، ژمارەی خوێندکاران لە خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکان لە ١١٠ خوێندکارەوە بەرز بووەوە بۆ ١٣٥٩٥ خوێندکار. ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجە حکومییەکان لە ٩٩ خوێندکار لە ساڵانی ١٩٢١ بۆ ١٩٢٢ گەیشت بە ١٢١٨ خوێندکار لە ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤١، دواتریش بە ٨٥٦٨ خوێندکار لە ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٥٩ (حوسری ١٩٦٧: ١٢٥؛ Gelvin 1995: 41; Batatu 2004: 34). بەرزبوونەوەی ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ و کۆلێجەکان ڕەنگدانەوەی زیادبوونی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بوون، پرۆسەیەک کە لە دوای ١٩٤٥ تاوی گرت. کرانەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ساڵی ١٩٢١ بە کردنەوەی *کۆلێجی یاسا* دەستی پێ کرد، دواتر *کۆلێجی پەروەردە* لە ساڵی ١٩٢٣ کرایەوە و پاش ئەویش *کۆلێجی پزیشکی* لە ساڵی ١٩٢٧ و *کۆلێجی ئەندازیاری* لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزران. نۆ کۆلێجی دیکە لە چلەکان و پەنجاکاندا کرانەوە. ئەم کۆلێجانە دواتر بوون بە

[1]. زانیارییەکانی ئەم دایەگرامە لە (Batatu 2004: 35) وەرگیراوە.

بنەمایەک بۆ دامەزراندنی *زانکۆی بەغداد* (Eppel 1998: 233). لەو کۆلێجانەدا گەنجانی شیعە و سوننە و کورد لە تەک یەکدی دەیانخوێند و یەکدیان دەناسی و دەبوون بە هاوڕێ و هاوکار و هەندێک جاریش هاوخەبات. وەک **بێنیدیکت ئەندرسن** باسی دەکات، دەوڵەت-نەتەوەی *ئیندونیسیا* لەسەر مێزو کورسی و مەستەبەکانی زانکۆکانی *جاکارتا* لەدایک بوو؛ ئەم تێگەیشتنە بۆ *عێراق*یش ڕێی تێدەچێت. دەکرێت بڵێین نیشتمانپەروەریی عێراقییش لە *زانکۆی بەغداد* سەرایییەکانی دەرکەوت.

هەندێک چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە زیاتر هانی ئامێزانی شیعەکانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی دا. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو چاکسازییانە، دانانی **محەمەد فازیل جومەیلی**، کە کەسایەتییەکی شیعە بوو، لە پۆستەکەی **ساتع حوسری**، وەک بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە. سەرەڕای ئەوەی کە **جومەیلی** هاوبیر و هاوڕای **حوسری** بوو لە زۆر پرسدا، بەڵام **جومەیلی** هانی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەدا و هەوڵی دابەشکردنێکی دادگەرانەی سەرچاوە و کەلوپەلە پەروەردەییەکانی دەدا بەسەر پارێزگاکانی *عێراق*. ئەمەش بوو بە مایەی زیادبوون و بەرفراوانبوونی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی *عێراق*، شوێنی سەرەکیی نیشتەجێی شیعەکان. یەکێک لە دیارترین چاکسازییەکان، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییە پەروەردەییەکان بوو لە پارێزگاکان، کە کۆمەڵێک دەستپێشخەرییان کرد کە بوون بە مایەی دابینکردنی هەندێک لە پێداویستییە لۆکاڵییەکان. ئەمەش هانی دایکان و باوکانی منداڵە شیعەکانی دا کە منداڵەکانیان ڕەوانەی خوێندنگە حکومییەکان بکەن، کە زیادبوونێکی بەرچاوی لە ژمارەی خوێندکارە شیعەکانی لێ کەوتەوە (Nakash 2003a: 129).

تیۆریستە تازەگەرەکان، وەک **گێلنەر** و **ئەندرسن**، پێیان وایە کە پرۆسەی مۆدێرنەتە و گەشەی ئابووری و پیشەسازی و شار و شێوەژیانی سوننەتی کشتوکاڵی، لە ڕووە کولتووری و جوگرافییەکەیدا، دەگۆڕێت تا ڕادەی ڕامالّین و لە ڕەگ و ڕیشە هەڵتەکاندن ( Gellner 1998; 1994; Anderson 1991). ئەم تیۆریستانە گرنگی و ڕۆڵی میدیای نوسراو و پەروەردە لە دروستبوونی نەتەوە و پرۆسەی نیشتمانسازی و ئامێزاندا نەک هەر بەرز

دەنرخێنن، بەڵکو بە هۆکارە سەرەکییەکانی پشت ئەو پرۆسێسانەی دەبینن، بەتایبەتی ڕۆڵی میدیا و پەروەردە لە دروستبوونی زمانی هاوبەش و یەکگرتویی نەتەوەیی/نیشتمانی (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی یەکەم). لە کاتی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، بەتایبەتی سەرهەڵدانی نیشتمانپەروەریی عێراقی (الوطنية العراقية)، نزیکبوونەوە و تێگەیشتنەکانی تیۆریستە تازەگەرەکان زۆر پەیوەندار و گرنگن. لە چلەکان و پەنجاکاندا پەروەردەی بەکۆمەڵ (Mass Education) هاوشانی پرۆسەکانی دیکەی مۆدێرنەتە، کە ئاماژەیان پێ کرا، بوون بە مایەی لەدایکبوونی چینێکی ناوەندیی خوێندەوار. ئەم گۆڕانکارییانە تا ڕادەیەک پەیوەندییە سوننەتییە خێڵەکییەکانی کاڵ کردەوە و کاریگەرییشی هەبوو لەسەر لاوازبوونی شوناسە سوننەتییەکان، وەک شوناسی ئایینی/مەزهەبی و خێڵەکی. ئەم کاریگەرییانە بەتایبەتی لەو کەسانە دەردەکەوت کە دوای کۆچکردنیان لە شارە گەورەکانی وەک *بەغداد* نیشتەجێ ببوون. گەشە و بەربڵاویی چینی ناوەند بناغەکانی وەرگرتن و تێگەیشتن و بڵاوبوونەوەی چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکان و شێوازە نوێیەکانی بیرکردنەوەی دانا. لە ئەنجامدا چەمکگەلی وەک نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، شوناس، ئیمپریالیزم، سەروەری، یەکسانی، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی و ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بوون بە جێگەی سەرنجی چینی ناوەند بەتایبەتی و عێراقییەکان بەگشتی. لەگەڵ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بوون بە مایەی بەهێزبوونی هەردوو ڕەوتە ناسیونالیستە کۆنەکە، عەرەبی و کوردی، هاوکات بوون بە بەردی بناغەی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی دیکە، کە بە نیشتمانپەروەریی عێراقی، عێراقچێتی، ناسراوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەر خودی دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ناوی *عێراق* و خاوەن سەروەری و جوگرافیا، بێجگە لە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی گشتی و حکومی، بوون بە مایەی دروستبوون و بەهێزبوونی هەست و سۆز و نەستی عێراقیبوون و وابەستەگی بە *عێراق*. ژمارەی فەرمانبەرە حکومییەکان لە ساڵی ١٩٣٨ ٩٧٤٠ بوو، زیادی کرد بۆ ٢٠٠٣١ لە ساڵی ١٩٥٨. بە هەمان شێوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پۆلیس

کاریان دەکرد، لە ٢٤٧٠ لە ساڵی ١٩٢٠ بەرز بووەوە بۆ ٢٣٣٨٣ لە ساڵی ١٩٥٨ (Batatu 2004: 33). دامەزراندن و دەستبەکاربوونی خەڵکێکی زۆر وەک مامۆستا، ئەندازیار، کارمەندانی پزیشکی، فەرمانبەرە گشتی و پیشەییەکان، هۆکار بوون بۆ چەکەرەکردن و بەهێزبوونی ئینتیما بە دەوڵەت و سەرهەڵدانی دڵسۆزی بۆ *عێراق* وەک نیشتمان. تا دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١، هیچ دامەزراوەیەک نەبوو بێجگە لە عەشیرەت و ئایین، کە خەڵکی ئەم دەڤەرە خۆیانی پێب ناسێنن و ئینتیمایان بۆی هەبێت. ناسیونالیزمێکی نوێ، کە بە نیشتمانپەروەری ناسراوە، چەکەرەی کرد، کە خۆی لە دروشمی "عێراق بۆ عێراقییەکانە" دەدۆزییەوە و دەردەبڕی. بە کورتی، نیشیمانپەروەریی عێراقی زادەی دامەزراندن و دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و دامودەزگاکانی بوو لەگەڵ پرۆسەی مۆدێرنەتە، کە خۆی لە هەموو شتێک زیاتر لە کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان دەبینییەوە. بە واتایەکی دیکە، شوناسی عێراقی، نیشتمانپەروەریی عێراقی، ئەگەرچی دەڵەمەیی و ساوا بوو، ئاوێنەی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە بوو کە بە ناوی *عێراق*ەوە دروست کرا. بۆیە هەر بانگەشەیەک لەمەڕ بوونی هەست و سۆز و شوناسی عێراقیبوون پێش دروستبوونی دەوڵەتی *عێراق*، بانگەشەیەکی بێبنەمایە.

بەم شێوەیە سێ ڕەوتی ناسیونالیستی لە گۆڕەپانی عێراقیدا کارا بوون، کە نیشتمانپەروەریی عێراقی و ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی کوردی بوون. لە *عێراق*دا نیشتمانپەروەریی عێراقی (الوطنية العراقية) نوێنەرایەتیی ئارەزوو و ئامانج و خەونەکانی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیی جوگرافی دەکات، کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی تێدەکۆشا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواو بۆ *عێراق* و دەرچوونی لەژێر ڕکێفی بەریتانییە بێگانەکان. ڕەوتەکەی دیکە، ناسیونالیزمی عەرەبی، کە هەندێک کەس وەک پانعەرەبیزم ناوی دەهێنن، بیروباوەڕێکە، ئایدیۆلۆجیایەکە، کە بنەمای لەسەر باوەڕبوون بە یەکپارچەیی خاک و گەلی عەرەب و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو داناوە. ئەم ئایدیۆلۆجیایە جەختی لەسەر زمانی هاوبەش (عەرەبی)، مێژووی هاوبەش (عەرەبی-ئیسلامی) لەگەڵ کولتوورێکی لێکچوو دەکردەوە و هەڵگری هەندێک توخمی ناسیونالیزمی ئەڵمانی بوو (Tibi 1990; Makiya

1998). له بەرانبەر ئەو دوو ڕەوتەدا، ناسیونالیزمی کوردی (کوردایەتی) داوای مافە نەتەوەیی و سیاسی و کولتوورییەکانی کوردی دەکرد و له فۆڕمی جیاجیا خۆی دەردەخست. هەندێک جار داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەکرد، جارجاریش داوای ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی *عێراق* دەکرد. کاتێک ئەم ڕەوتە ناسیونالیستییانە له چلەکان و پەنجاکان بەدواوە تینیان سەند، ئیدی ململانێکان لەسەر ماناکان و شوناسی *عێراق* سەرکێشانە تاویان سەند.

له ٢ی تەمووزی ١٩٢٢، یاسای مۆڵەتدان به ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان دەرچوو. له ئەنجامدا چەند پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران و به فەڕمی دانیان پێدا نرا. تا ناوەڕاستی چلەکان زۆربەی ئەو ڕێکخراو و پارتانە بنکەی جەماوەرییان نەبوو، له ڕاستیدا ئەوان گردبوونەوەی چەند کەسایەتییەکی دەستڕۆیشتوو و ناسراوی دەرەوە و ناوەوەی حکومەت بوون، که زیاتر له فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان پێک هاتبوون. هێز و توانای پارتەکان وەستابوونە سەر هێز و توانا و کاراکتەری سەرکردەکانیان زیاتر له بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا.

له دەرەوەی توێژی دەسەڵات، دوو ئاڕاستەی هزری له سییەکان گرنگییان وەرگرت و کەسە ڕۆشنبیر و ناسراو و باڵادەستەکان له دەوریاندا کۆ ببوونەوە. یەکێک لەوانە ئیلهامی له سەرهەڵدان و هاتنەسەر حوکمی دیکتاتۆرەکانی *ئەورووپا*، وەک **هیتلەر** و **مۆسۆلۆنی**، وەرگرتبوو. پەیڕەوان و موریدەکانی ئەم ئاڕاستەیە ڕێکخراوێکیان پێک هێنا به ناوی *یانەی موسەننا*. ئاڕاستەی دووەم ئیلهامی له خوێندنگە هزرییەکانی سۆشیالیزم و دیموکراسی وەرگرتبوو. هاوبیر و موریدەکانی ئەم ئاڕاستەیە گروپێکیان پێک هێنا که به *کۆمەڵەی ئەهالی* ناسرابوو.

ئاڕاستەی یەکەم سەرنجی ناسیونالیستە عەرەبەکانی به لای خۆیدا ڕاکێشا، کەچی ئاڕاستەکەی دیکە چالاکوانە عێراقچییەکانی له دەوری خۆی کۆوە کردبوو. له دوای شکستی کودەتاکەی **ڕەشید عالی گەیلانی** له ساڵی ١٩٤١، حکومەت *یانەی موسەننای* یاساغ ڕاگەیاند و تەنگی به ئەندامەکانی هەڵچنی. بەڵام *کۆمەڵەی ئەهالی* بەردەوام بوو لەسەر کار و چالاکییەکانی تا

ساڵی ١٩٤٦، کە حکومەت بە فەڕمی ڕێگەی بە دامەزراندنی پارتی سیاسی دا. دوای ئەوەی حکومەت لە ساڵی ١٩٤٦ قەید و شەرتەکانی سوکتر کرد، ژمارەیەک پارتی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرت، لەوانە حزبی *وەتەنیی دیموکراسی*، حزبی *ئیستیقلال*، حزبی *ئیتحادی وەتەنی*، حزبی *شەعب* و حزبی *ئەحرار*، کەچی تەنیا دوو حزبەکەی یەکەم توانییان لە کاردا بەردەوام بن، تا لە ساڵئ ١٩٥٤ ئەوانیش قەدەغە کران (الحسنی ١٩٨٢: ج٧، ٢٣؛ خلیل ١٩٨٤: ٦٤) لە ناو دەستەی حوکمڕانیشدا، گروپێکی پارێززگار لە ساڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٥٨ باڵادەست بوون، کە لە چەند کەسایەتییەک پێک هاتبوون، لەوانە **نووری سەعید**، **جەواد مەدفەعی**، **عەلی جەودەت** و **ئەرشەد عومەری** (کە سوننە بوون) و **ساڵح جەبر** (کە شیعە بوو)، لەگەڵ **جەمال بابان** و **سەعد قەزاز** (کە کورد بوون). ئەم بازنەیە گروپێکی عێراقچیی میانڕەو بوون کە پشتیوانییان لە ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ دەکرد و پێیان باش بوو کە پەیوەندییەکانی *عێراق* لەگەڵ *بەریتانیا* ڕابگیردرێت. ئەم دەستە پارێزگارە لە ناوەوە پشتیان بە سەرۆکعەشیرەت و خاوەن موڵکەکان دەبەست (خلیل ١٩٨٤: ٥٨-٥٩؛ العکام ١٩٨٦: ١٦-١٧). لە چەند برگەی داهاتوودا نەخشەیەک بۆ ڕەوتە هزری و بزووتنەوە سەرەکییەکانی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان دەخرێتە ڕوو، چونکە ئەو ڕەوت و بزووتنەوانە کاریگەریگەرترین هێز بوون، هەم لەسەر شێوەگرتن و هەم لەسەر شێواندنی شوناسی عێراقیبوون و عەرەببوون و کوردبوون. گرنگیی کاریگەرییەکانی ئەم ڕەوت و بزووتنەوانە لەوەدایە، کە کارتێکردنەکانیان بۆ قۆناغەکانی دوای ڕووخانی پادشایەتییش لە ساڵی ١٩٥٨ درێژ بوونەوە.

### نیشتمانپەروەریی عێراقی

فۆڕمێکی نیشتمانپەروەری (وطنی)، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی کە لە ئاکامی دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق* هاتنە پێش، سەری هەڵدا. لە سەرەتای دامەزراندنی *عێراق* ناسیونالیزمی عەرەبی ڕەوتی زاڵ بوو، هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی دەستەبژێرە سیاسییە باڵادەستەکە. زۆرینەی کۆنەئەفسەرە عوسمانییەکان و

کۆنەفەرمانبەرە عوسمانییەکان، کە دەستەبژێری سیاسیی حوکمڕانییان پێک هێنابوو، لە سەرەتا مورید و مژدەدەری ناسیونالیزمی عەرەبی بوون. بەڵام کاتێک ڕسکاندنی *عێراق* و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بوون بە ڕاستییەکی مێژوویی، ئیدی هەندێک کەس و گروپ ئەو ڕاستییانەیان، بە خۆشی یان ناخۆشی، قبووڵ کرد و لە ناسیونالیزمی عەرەبی و خەونەکانی دوور کەوتنەوە و بەرەو نیشتمانپەروەریی عێراقی هەنگاویان دەنا. سۆزی عێراقچێتی تەنیا لە زنجیرەکانی دەسەڵاتدا گلی نەخواردبوو، بەڵکو لە دەرەوەی دەسەڵاتیش مورید و پەیڕەوی هەبوو. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٥، ئەم ڕەوتە و بیرۆکەکانی لەگەڵ دامەزراندنی *کۆمەڵەی ئەهالی* و حزبی *شیوعیی عێراقی* زیاتر گەشەی کرد. ئەم گروپانە دڵسۆزیی خۆیان بۆ *عێراق* و سەربەخۆبوونی ڕاگەیاند. ئەگەر بە دیدێکی عێراقییانە تەماشای پرسەکان بکەین، ئەوە دەکرێت بگوترێت کە نیشتمانپەروەریی عێراقی، وەک ڕەوتێکی ناسیونالیستی، لە هەردوو ڕەوتەکەی دیکە، ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردی، لەخۆ گرتربوو (Inclusive) بۆ نەتەوە و گروپە ناعەرەبییەکان. ئەم ڕەوتە کوردییان وەک هاوبەش لە *عێراق* تەماشا دەکرد و دانیشیان بە زمان و کولتووری کوردیدا دەنا. لە چلەکان بەدواوە، ئیدی بەشێک لە دەستەبژێری سیاسیی عێراقی هەستی بە بوونی فرەییەک لە کۆمەڵگەکەی، لە ڕووی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینییەوە دەکرد و پرس و شتە هاوبەشەکانیانی دەدۆزییەوە، لەوانە هاوسۆزی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم. ئەم هاوسۆزییە هاوبەشە ڕێخۆشکەر بوو بۆ خێراترکردنی بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و چەمکە هاوبەشەکانی دیکە. *حزبی وەتەنیی دیموکراتی* و حزبی *شیوعیی عێراقی* بە دوو گەورەترین ڕێکخراوی کامپی نیشتمانپەروەریی عێراقی هەژمار دەکرێن، کە لە خوارەوە باس لە سەرەتاکانیان و ڕۆڵیان لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و شوناسی عێراقی دەکرێت.

**حزبی وەتەنیی دیموکراسی**

لە چلەکان و پەنجاکاندا، لە ناو حزبە مۆڵەتپێدراوەکان، حزبی *وەتەنیی دیموکراسی* (*حزب الوطنی الدیموقراطی*، لێرە بەدواوە حزبی *وەتەنی*) کاریگەرترین ڕێکخراو بوو لە گۆڕەپانی سیاسییدا. ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ *کۆمەڵەی ئەهالی* (*جمعیة الاهالی*). لە هەشت ئەندامە دامەزرێنەرەکەی حزبی *وەتەنی*، تەنیا سێیان ئەندامی *کۆمەڵەی ئەهالی* نەبوون. *کۆمەڵەی ئەهالی* ناوەکەی لە *ڕۆژنامەی ئەهالی* بۆ بەجێ مابوو، کە گروپەکە دەری دەکرد. کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٣٢ لە لایەن چەند گەنجێکی خوێندەوار دامەزرا، کە داوای چاکسازی و دادوەریی کۆمەڵایەتییان لە *عێراق*دا دەکرد (الدلیمی ١٩٩٩: ٥٠، ٥٨). ئەوان پێیان وا بوو کە نیشتمانپەروەری ناکرێت لە هاوار بۆ سەربەخۆیی قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت چاکسازیی کۆمەڵایەتی حکومەت و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەش بگرێتەوە. دەستەی دامەزرێنەری حزبی *وەتەنی* هەم شیعە و هەم سوننەی تێدا بوو، لەوانە *کامیل چادرچی*،[1] کە سوننە بوو. ئەو بەهاوکاریی *محەمەد حەداد* و *حسێن جەمیل* سەرکردایەتیی حزبەکەیان، لە تەواوی ژیانی ئەو ڕێکخراوەدا، کرد.

وەک *کۆمەڵەی ئەهالی*، حزبی *وەتەنی* داکۆکیی لە سۆشیال دیموکراسی دەکرد، پێشی وا بوو کە ئەم ئامانجە دەبێت و دەکرێت بە شێوازی ئاشتییانە بەدی بهێنرێت. پەیڕە و پرۆگرام و چالاکییەکانی حزبەکە سەرنجی لەسەر ئازادییە سیاسییەکان، یەکسانی، لەگەڵ چاکسازیی کۆمەڵایەتی دەکرد. مادەی یەکەم لە دەستووری حزبی *وەتەنی* دەستنیشانی ئامانجی حزبەکە دەکات، کە "گەیشتنە بە سەربەخۆیی تەواو بۆ *عێراق*"، ئەمەش بۆ حزبی *وەتەنی* واتە وەلا نان و "جێگرتنەوەی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان *بەریتانیا* و

---

[1]. **کامل چادرچی** (١٨٩٧-١٩٦٨)، لە *بەغداد* لەدایک ببوو، *کۆلێجی یاسای* تەواو کردبوو و چەندین جار ببوو بە پەرلەمانتار و وەزیر لە حکومەتەکانی *عێراق*. وەک چالاکترین کەس لە *کۆمەڵەی ئەهالی* و حزبی *وەتەنی* لە پەنجاکان چەند جارێک زیندانی کرابوو (بصری ٢٠٠٤: ج١، ٢٧٣-٢٨٨).

*عێراق*".[1] یەکگرتنی هەموو وڵاتە عەرەبییەکانیش وەک یەکێک لە ئامانجەکانی حزبەکە دەستنیشان کرابوو، کە دەکرێت، وەک پەیڕەو و پڕۆگرامەکە ئاماژەی پێ دەکات، لە ڕێگەی بەهێزکردنی *کۆمکاری عەرەبی*یەوە بەدی بێت. سەرەڕای ئەوە پرسی یەکێتیی خاکی *عێراق*و کۆمەڵگەی عێراقی، بەشی هەرە زۆری پەیڕەو و پڕۆگرامەکەی داگیر کردبوو. ئەدەبیاتی حزبەکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەوان جیاکاری لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* ناکەن؛ لە نووسین و گوتارەکانیان، عێراقییەکانیان، سەر بە هەر نەتەوە و ئایین و مەزهەبێک بن، وەک یەک دەبینی لە ماف و بەرپرسیارەتییەکاندا. *عێراق* وەک پلاتفۆڕمێکی گشتی وێنا کرابوو بۆ هاوکاریی ئازادانە لەپێناو بەدیهێنان و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی عەرەب و کورد و گروپەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەی کە سەرکردایەتیی حزبی *وەتەنی* بنە و بارگەی لە *بەغداد* دانابوو، کەچی لە هەڵبژاردنەکان ساڵی ١٩٤٧، سێ لەو چوار کورسییەی کە بەدەستیان هێنا، لە شاری *بەسرەی* شیعەنشین بوو. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٨دا حزبی *وەتەنی* یەک کورسی لە *بەغداد* و یەکێکی دیکەی لە *موسڵ* بردەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٤دا شەش کورسی لە ناوچە جیاجیاکانی *عێراق* بردەوە (خلیل ١٩٨٤: ٢٢٢). **هانی فەکیکی**، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی حزبی *بەعس*، لەوئانوساتەدا دەگێڕێتەوە کە باوکی شیعە بوو و ژنێکی سوننەی هێنابوو و کەسێکی ناسراوی *بەغداد* بوو لە گەڕەکی *ئەعزەمییەی* سوننەنشین. ئەو دەڵێت لە هەڵبژاردنەکانی سالی ١٩٥٠دا باوکم لە *ئەعزەمییە* خۆی کاندید کرد، کەچی سەرەڕای ناسراوی، دۆڕاندی. دواتر لە ناوچەی *شەترەی* شیعەنشین خۆی کاندید کرد و کورسییەکەی بردەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو لەوێدا نەناسراوبوو (الفکیکی ١٩٩٣: ٢٨). سەرەڕای ئەم گێڕانەوەیەی **هانی فەکیکی**، کە ئاماژە بەوە دەکات کە دەنگدان لە *عێراق* لەو ساڵانەدا لەسەر بنەمای مەزهەبی بووە، کەچی بردنەوەی حزبی *وەتەنی* بۆ کورسییەکانی پەرلەمان لە ناوچەی جیاجیای *عێراق*، پیشان دەدات کە ئەو

[1]. بۆ دەقی تەواوی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی *وەتەنی* تەماشای (الحسنی ١٩٨٢: ج٧، ٣٥-٣٩) بکە.

حزبە لایەنگر و بنکەی جەماوەریی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی *عێراق*دا، *کوردستان*ی لێ دەربچێت، هەبووە. هەڵوێستەکانی حزبەکە لەسەر پرسی کورد ببوون بە مایەی جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لە نێوان کوردەکان و *حزبی وەتەنی*، کە نزیکبوونەوەی هەندێک کەسایەتیی ناسراوی کوردی لە *بەغداد* لە حزبەکە لێ کەوتبووەوە (البوتانی ١٩٩٧: ٢٣-٢٥). ئەمە لەمەڕ کورد، بەڵام لە پەیوەند بە سوننەکانەوە، *حزبی وەتەنی* سەرەڕای هەوڵە زۆرەکانی، یەکێک لە ناسراوترین ئەندامەکانی، **محەمەد حەداد**، کەچی حزبەکە نەیتوانی بنکەیەکی جەماوەری لە شارە سوننەنشینەکانی وەک *موسڵ* و *ڕومادی* دابمەزرێنێت (العلوی ١٩٩٠: ٢٣٤). سەرکردەکانی *حزبی وەتەنی*، وەک ئاماژەی پێ کرا، تێکەڵەیەک بوون لە سوننە و شیعە، بەڵام لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی لە ساڵی ١٩٤٦، چوار ئەندام لە دامەزرێنەرەکانی حزبەکە کە شیعە بوون، دەستیان لە کار کێشایەوە، ئەوانیش **عبدولکەریم ئوزری** ، **عەبدولوەهاب مەرجان، سادق کەمسونە** و **محەمەد عەبدولشالجی** بوون. هەندێک کەس باس لەوە دەکەن کە کێشە و ململانێ مەزهەبییەکان هۆکاری وازهێنانی ئەو ئەندامانە بووە، گوایە ئەندامە سوننەکان ویستوویانە شیعەکان لە پۆستە گرنگەکانی حزبەکە دوور بخەنەوە (خلیل ١٩٨٤: ٧٨). لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر عێراقچیبوون و بایەخدانی زۆری *حزبی وەتەنی* بە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، شیعەکان زیاتر لە سوننەکان لە حزبەکە نزیک دەبوونەوە و لە دەوری بەرنامە و دروشمەکانی کۆ دەبوونەوە. *حزبی وەتەنی* ڕێکخراوێکی مۆڵەتپێدراوبوو و ئازادانە لە فەزای سیاسی تا ساڵی ١٩٥٤ کاری دەکرد، بەڵام ئیدی لەو ساڵە قەدەغە کرا. سەرەڕای ئەوەش، تا ڕووخانی پادشایەتی، حزبەکە بە نهێنی بەردەوامیی بە کار و چالاکیی ڕێکخراوەیی و سیاسیی خۆی دا.

## **حزبی شیوعیی عێراقی**

تا کۆتایی بیستەکان تەنیا چەند کەسێک هەبوون لە *عێراق* کە ئاشنا بوون بە بیرۆک ەو چەمکە سۆشیالیستییەکان و کۆمۆنستییەکان. گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئەو بیرۆکە و چەمکانە لە سییەکاندا بوون بە مایەی پێکهێنانی *لیژنەی بنبڕکردنی ئیمپریالیزم (لجنة مكافحة الاستعمار)* لە لایەن چەند زنجیرە و شانەیەکی چەپڕەوەوە. مانیفێستی ئەم کۆمەڵەیە داوای لە عێراقییەکان دەکرد، بە جیایی مەزهەب و نەتەوە، لە دژی ئیمپریالیزم و دەستەبژێرە سیاسییە حوکمبەدەستەکەی *عێراق* یەک بگرن. ئەم کۆمەڵەیە نەبوو بە حزبێک یان ڕێکخراوێکی تۆکمە (Batatu 2004: 432-434).

دوابەدوای ئەم کۆمەڵە چەپڕەوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٥، پاش چەندین کۆبوونەوە لە لایەن کەسایەتی و زنجیرە چەپڕەوەکانی ئەوکات، *حزبی شیوعیی عێراقی* دامەزرا. هەر زوو جێی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی کردەوە و وەک هێزێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە دەیەکانی دواتر دەرکەوت. لە کامپی نیشتمانپەروەرەیی عێراقی، حزبی *شیوعی* بە دڵنیاییەوە گەورەترین و ناسراوترین هێز بوو. حزبی *شیوعی* پلاتفۆڕمێکی بانەتەوەیی و بانمەزهەبیی تەبەنی کرد و ئەندامێتیی ئاواڵا کرد بۆ هەموو گروپە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینییە پشتگوێخراوەکانی *عێراق*، وەک کورد و شیعە و کریستیانەکان. حزبی *شیوعی* داوای سەربەخۆیی بۆ *عێراق* و چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی لە ناو حکومەت و کۆمەڵگە دەکرد. یەکەم بڵاوکراوە و زمانحاڵی حزبەکە، *تێکۆشانی گەل (كفاح الشعب)*، ئامانجەکانی حزبی لە "دەرپەڕاندنی ئیمپریالیستەکان" و چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ و ڕزگاربوونی گەل لە چەوساندنەوە، کۆ کردبووەوە (Batatu 2004: 437).[1] لە ١٩٣٨ دا، **یوسف سلێمان یوسف** (ناسراو بە **فەهد**)، کە گەنجێکی کریستیانی عێراقی بوو، بوو بە سەرکردەی بێڕکابەری حزبی *شیوعی*. ئەو لە پۆستەکەی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٤٩ لە لایەن حکومەتەوە لەسێدارە درا.

---

[1]. کتێبەکەی **حەنا بەتاتوو** وردەکاریی ئێجگار زۆری تێدایە لەسەر سەرهەڵدان و خەبات و سەرکەوتن و شکستەکانی حزبی *شیوعیی عێراقی* و بە یەکێک لە سەرچاوە باشەکان لەسەر ئەم حزبە دادەنرێت، بۆ زانیاریی زیاتر تەماشای (Batatu 2004: 367-1073) بکە.

حزبی *شیوعیی عێراقی* تاکە حزبی گەورە و کاریگەری گۆڕەپانی عێراقی بوو، کە توانی هێڵ و دابەشبوونە مەزهەبی و نەتەوەییەکان تێبپەڕێنێت. بە بەراورد لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، حزبی *شیوعی* زۆر کەمتر لە خەمی یەکگرتنی عەرەبی و کێشە و پرسە پەیوەندارەکان بە ناسیونالیزمی عەرەبییەوە بوو. حزبی *شیوعی* خۆی وەک ڕابەری کامپی نیشتمانپەروەری دادەنا. هاوشانی ئەم کامپە، ڕەوتێکی دیکە لە چلەکان و پەنجاکاندا لە گەشە و تەشەنەدا بوو، کە داوای دڵسۆزیی بۆ عرووبە و سەرزەمینی عەرەبی دەکرد.

## ناسیونالیزمی عەرەبی

دەکرێت بڵێین کە ناسیونالیزمی عەرەبی (القومية العربية) کۆنترین بزووتنەوەی سیاسییە لە عێراق، چونکە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*. دەرکەوتەی نوێی ئەم ڕەوتە، لە دوای دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنەئەفسەرە عوسمانییانەی کە ئەندام بوون لە *کۆمەڵەی عەهد*، کە لە پشت بڵاوکردنەوە و ڕیشەداکوتانی بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی بوون لە ناو خەڵک بەگشتی و سوپا بەتایبەتی. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، سەرکردەکان و پەیڕەوانی ناسیونالیزمی عەرەبی خەونیان بە ڕزگاریی ئەو عەرەبانەوە دەبینی کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دونیای عەرەب دەژیان، کە لە ژێر کۆنترۆڵی *ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی*دا بوو. بەڵام فۆرمێکی نوێی ناسیونالیزمی عەرەبی لە دوای *یەکەم جەنگی جیهانی* سەری هەڵدا، ئەم فۆرمەیان هاواری ڕزگارکردن و یەکگرتنی هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی لێ هەڵدەستا، هەر لە *کەنداوی فارسی*یەوە بگرە تا دەگاتە *زەریای ئەتڵەسی*. بنەما تیۆرییەکانی فۆرمە نوێیەکەی ناسیونالیزمی عەرەبی لە لایەن **ساتع حوسری** و **میشێل عەفلەق**ەوە داڕێژرا.[1] **حوسری** بناغەکانی تیۆری ناسیونالیزمی عەرەبی دانا و **عەفلەق**یش ناسیونالیزمێکی دەمارگیری لێ فۆرموله کرد.

---

[1]. **میشێل عەفلەق** (١٩١٠-١٩٨٩)، تیۆریستی بەعسیزم بوو، لە *دیمەشق* لە بنەماڵەیەکی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانیی چینی ناوەند لەدایک ببوو. **عەفلەق** خوێندنی لە *زانکۆی سۆربۆنی*

سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی *ئەڵمانیا* لە دووەم جەنگی جیهانی، کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و چەمکە فاشستییەکان لە ناو ناسیونالیستە عەرەبەکان.[1] سۆزداری بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی لەگەڵ گەیشتینی موفتی *قودس*، **حاجی ئەمین حسێن**، بە *بەغداد* بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ پرسی فەڵەستینییەکان، تینوتاوی سەند. دابەشکردنی *فەڵەستین* لە ساڵی ١٩٤٨ و سەرکەوتنی **جەمال عەبدولناسر** لە ساڵی ١٩٥٢ لە میسر، هەروەها دامەزراندی *ڕادیۆی دەنگی عەرەب (الصوت العرب)*، جۆش و خرۆشێکی دیکەیان بە ناسیونالیزمی عەرەبی دا و بوون بە هۆکاری بەهێزبوونی ڕەوتەکە لە عێراق. *ڕادیۆی دەنگی عەرەب* لە *قاهیرە* خەون و بیرۆکە و چەمکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبیی گەیاندە زۆربەی ماڵەکان و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بریقەدارکردنی ناسیونالیزمی عەرەبی. ئەوکات دوو حزبی سیاسی لە عێراق ڕۆڵی سەرەکییان لە کامپی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە *عێراق* دەگێڕا، کە *حزبی ئیستیقلال* و *حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی* بوون.

### حزبی ئیستیقلال

دووەم پارتی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسیی *عێراق* لە چلەکان و پەنجاکاندا، حزبی *ئیستیقلال* بوو، کە دەرهاویشتەیەکی *یانەی موسەننا* بوو. *یانەی موسەننا* لە بنەڕەتدا وەک کاردانەوەیەک لە دژی دروستبوونی *کۆمەڵەی ئەهالی* پێک هێنرابوو. ئامانجی سەرەکیی *ئیستیقلال* وەک لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبەکەدا هاتووە، "ژیانەوەی ڕۆحی ناسیونالیزمی عەرەبییە لە ناو خەڵک و زیندووکردنەوەی هەستی عرووبەیە لە ناخ و دەروونیاندا" (العكام ١٩٨٦: ١٦). دامەزرێنەرانی حزبی *ئیستیقلال* بە شێوەیەکی سەرەکی لەو سوننە ناسیونالیستە عەرەبانە پێک هاتبوو، کە لە کودەتاکەی **ڕەشید عالی**

---

فەڕەنسی تەواو کردبوو و هەر لەوێش بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبیی گەڵاڵە کرد. **عەفلەق** و **سەلاحەدین بەیتار** بە یەکەوە *حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی*یان دامەزراند.

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەوتە فاشستییەکانی ناو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی تەماشای (Simon 2004: 7-41; Wien 2006: 52-113) بکە.

**گەیلانی** بەشدارییان کردبوو. دەستەی دامەزرێنەرانی حزبەکە پێک هاتبوون لە **محەمەد مەهدی کوبە، فایەق سامەڕائی، محەمەد سادق شەنشەل، خەلیل کنە، داود سەعدی، ئیسماعیل غانم، عەلی قەزوینی، ڕەزاق زاهیر، عەبدولموحسین دووری** و **ئیبراهیم ڕاوی**. لە ناویاندا تەنیا **محەمەد مەهدی کوبە** شیعە بوو، کە سەرکردایەتیی حزبەکەی دەکرد، ئەوانی دیکە هەموو عەرەبی سوننە بوون (العکام ١٩٨٦: ١٦-٢٩). سەرکردەکان زۆربەیان گەنجی خوێندەوار بوون، کە لە ژێر دەستی **ساتع حوسری** خوێندنیان لە *کۆلێجی یاسا* تەواوکردبوو– لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان **حوسری** ڕاگری *کۆلێجی یاسا* بوو. حزبی *ئیستیقلال* ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی سوننەتی بوو، کە بیرۆکە و چەمکە ئیسلامییەکان و عرووبەییەکانی ئاوێتەی یەکدی کردبوو. ئەم حزبە بە توندی پشتیوانیی لە ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرد و دژایەتیی هەر هەوڵێکی دەکرد بۆ گەشەدان بە شوناسێکی سەربەخۆ بۆ *عێراق*.[١] *لیوای ئیستیقلال*، کە زمانحاڵی حزبی *ئیستیقلال* بوو، *عێراقی* وەک "ماڵە بچووکەکە" پەسن دەکرد و دەوڵەتە عەرەبییە خەیاڵکراوەکەشی وەک "ماڵە گەورەکە" وێنا دەکرد (العکام ١٩٨٦: ٣٠). *ئیستیقلال* پەیوەندیی خوێن و خاک و زمان و مێژوو و کولتووری وەک پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نەتەوە/نیشتمان دەبینی. بەشێکی زۆر لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکە تەرخان کرابوو بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حزبەکە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی.

لە پەیوەند بە پرسە ناوخۆییەکان، حزبی *ئیستیقلال* داوای سەربەخۆیی تەواوی دەکرد بۆ *عێراق* لەگەڵ وەلانانی ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان *عێراق* و *بەریتانیا* و جێگرتنەوەی بە ڕێککەوتننامەیەکی دیکە کە سەروەرییەکانی *عێراق* بپارێزێت. هەڵوێستی حزبەکە لەمەڕ ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەی لە وڵاتە عەرەبییەکان دەژیان نەرێنی بوو، بە واتایەکی دیکە، وەدەرنەر بوو نەک لەخۆگر. پێکهاتە نەتەوەییە غەیرەعەرەبییەکان لە لایەن

[١]. بۆ دەقی تەواوی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی *ئیستیقلال* تەماشای (الحسنی ١٩٨٢: ج٧، ٢٤-٣١؛ العکام ١٩٨٦: ٣٠) بکە.

ڕابەران و دامەزرێنەرانی حزبەکە وەک بەربەستێک لە پێش یەکگرتنی عەرەبی دەبینران (کبە ١٩٦٥: ١٩٩). *پارتی دیموکراتی کوردستان*، لەو ئانوساتانەدا، حزبی *ئیستیقلال*ی بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی "ئیمپڕاتۆرییەتێکی عەرەبی" تاوانبار دەکرد، کە نەتەوە غەیرەعەرەبەکانی تێدا بچەوسێنێتەوە (البوتانی ١٩٩٧: ٢٨). لە ساڵی ١٩٥٨، لە ڕاگەیاندنێکدا حزبی *ئیستیقلال* کە بەیانی سیاسەتەکانی خۆی تێدا کردبوو، دەستکارییەکی هەڵوێستەکانی خۆی لە پەیوەند بە پرس و مافەکانی کورد کرد. لە ڕاگەیاندنەکە نووسرابوو کە حزبی *ئیستیقلال* "شانازی بە نەتەوەییبوونی خۆی دەکات، بەڵام هاوکات ڕێزی هەیە بۆ مافەکانی نەتەوەکانی دیکە و کورد و عەرەب بە هاوبەش لەم نیشتمانە دادەنێت" (العکام ١٩٨٦: ٣٥٩).

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٧، حزبی *ئیستیقلال* چوار کورسی و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٤ سێ کورسیی بردەوە، کە هەموویان لە ناوچە سوننەنشینەکانی *بەغداد* و *موسڵ* و *سامەڕا* بوون (خلیل ١٩٨٤: ٢٢٧). حزبی *ئیستیقلال* هیچ کاتێک سەرنجی کوردانی بە لای خۆیدا ڕانەکێشا و ژمارەی ئەو شیعانەش کە پەیوەندییان بە ڕیزەکانی حزبەکەوە کرد، زۆر کەم بوون. **محەمەد مەهدی کوبە**، کە سەرۆکی حزبەکە بوو، لە *نەجەف* توانیبووی هەندێک هەوادار لە حزبەکە کۆ بکاتەوە. بنکەی فراوانی حزبەکە ناوچە سوننەنشینەکانی وەک *ئەعزەمییە* لە *بەغداد* و *سامەڕا* و *موسڵ* و *ڕومادی* بوون (الفکیکی ١٩٩٣: ٤٩). لە کۆتایی پەنجاکان، ڕۆژی حزبی *ئیستیقلال* لەگەڵ بەهێزبوونی حزبی *بەعس* بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت. ڕادیکاڵبوون و شۆڕشگێڕبوونی *بەعس* سەرنجی ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی *ئیستیقلال*ی، کە لە ئامانجدا هاوبەش بوون، بۆ خۆی ڕاکێشا (علیوی ١٩٧٩: ١٣٤؛ الفکیکی ١٩٩٣: ٤٩-٥٠، ٦٤). بە واتایەکی دیکە، حزبی *بەعس* میراتگری حزبی *ئیسیقلال* بوو.

**حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی**

لە کۆتایی پەنجاکان حزبی *ئیستیقلال* ڕۆژبەڕۆژ ئەندامەکانی لەدەست دەدا، چونکە پەیوەندییان بە ڕێکخراوێکی دیکەی نهێنییەوە دەکرد کە حزبی *بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی* (لێرە بەدواوە حزبی *بەعس* یان *بەعس*) بوو. بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی *بەعس* بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٨ لە *سووریا*وە لە ڕێگەی ئەو خوێندکارە سورییانەی کە لە *عێراق* دەیانخوێند، گەیشتنە *عێراق* (علیوی ١٩٧٩: ١٢١). *بەعس* وەک حزب لە ساڵی ١٩٤٧ لە *سووریا* دامەزرا و یەکەم شانەکانی لە *عێراق* لە لایەن چەند عەرەبێکی سوننە لە گەڕەکی *ئەعزەمییە*، لەوانە *فەیاز ئیسماعیل* و *فەخری قەدووری* و *عەبدولڕەحمان زامن*، دامەزرا. *بەعس* یەکەم کۆنگرەی ناوچەیی (قطری) لە گەڕەکی *ئەعزەمییەی بەغداد* لە ساڵی ١٩٥٤ بەست. دوای چەند ساڵێک *فوئاد ڕیکابی*،[1] کە شیعەیەکی خەڵکی *ناسڕییە* بوو، سەرکردایەتیی حزبەکەی گرتە دەست. لەوە دەچێت کە **ڕیکابی** کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکانەی ناسیونالیزمی عەرەبی، کە لە بیستەکانەوە بەرنامەی خوێندنی خوێندنگەکانی ڕەنگ کردبوو، بەرنامەیەک کە **ساتع حوسری** بنەماکانی داڕشتبوو. هاوکات بە بەعسیبوونی شیعەیەکی باشووری *عێراق* لە *بەغداد*، تا ڕادەیەک ڕاستیی ئەو ئارگیومێنتانە پیشان دەدات کە تیۆریستە تازەگەرەکانی وەک **گێلنەر** و **ئەندرسن** پێداگریی لەسەر دەکەن، کە گوایە کۆچ لە ناوچە خێڵەکییەکانەوە بۆ سەنتەری شارە گەورەکان دەبنە مایەی داماڵینی کۆچکردووەکان لە شوناس و کولتووری شوێنەکەی خۆیان و هەڵگرتنی شوناس و کولتووری شار. لەوکاتی *بەغداد*دا عەرەببوون و سێکولاربوون دوو بیرۆکەی زاڵ بوون لەو شارە، بۆیە دەبینین کەسانێکی وەک **ڕیکابی** دەبن بە بەعسی.

---

[1]. **فوئاد ڕیکابی** (١٩٣١-١٩٧١)، لە *ناسڕییە* لەدایک ببوو، ئەو لە *کۆلێجی ئەندازیاری* لە *بەغداد* دەخوێند و هەر لەوێش ئاشنا بوو بە *بیرۆکەکانی* بەعس. لە ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندیی بە حزبی بەعسەوە کرد و لە ساڵی ١٩٥٤ ببوو بە سکرتێری گشتیی حزب تا ساڵی ١٩٥٩. لە ژێر ڕابەرایەتیی ئەودا *بەعس* گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی *بەغداد* و *ناسڕییە*. *ڕیکابی* لە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن هاوڕێ کۆنەکانیەوە زیندانی کرا و کوژرا (Batatu 2004: 742).

له سەرەتادا زۆربەی ڕابەر و هەوادارەکانی *بەعس* خوێندکارانی زانکۆ و خوێندنگە ئامادەییەکان بوون (Batatu 2004: 742). نەک هەر بەعسییە سوننەکان، بەڵکو شیعەکانیش، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرەتا پەیوەندیان بە *بەعس*ەوە کردبوو، نیشتەجێی گەڕەکی *ئەعزمییە*ی سوننەنشین بوون لە *بەغداد*، وەک **حازم جەواد** و **هانی فەکیکی** (الفکیکی ١٩٩٣: ١٦٨). دەکرێت بڵێین حزبی *بەعس* لە سەرەتادا ڕێکخراوێکی عەشیرەتگەری نەبوو و سەرنجی لاوە شیعەکان و سوننەکانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، بەڵام کورد نا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، هەر زوو ژمارەی سوننەکان زیادی کرد، کەچی لە دەستەی ڕابەرایەتیی شیعەکان تا سەرەتای شەستەکان کە تەنگیان پێ هەڵچنرا یان دوور خرانەوە، کاریگەرییان هەر بەرچاو بوو (بڕوانە بەشی پێنجەم).

بەگوێرەی دەستووری *بەعس*، عەرەبەکان دەبێت لە یەک وڵاتی یەکگرتوو بژین. یەکگرتنی عەرەبی وەک زەروورەتێکی ئەخلاقی و حەتمییەتێکی مێژوویی بینراوە. ئەمەش لە دروشمە سەرەکییەکەی *بەعس*، ئومەی عەرەبیی یەکگرتوو خاوەن پەیامی نەمر (امة عربیة واحدة ذات رسالة خالدة) ڕەنگی داوەتەوە، کە جەوهەریبوون و ئیستیعلای شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی لە تێگەیشتن و نزیکبوونەوەکانی *بەعس* زەق دەکاتەوە. لە دەستوورەکەی *بەعس*دا هاتووە کە "نیشتمانی عەرەب بۆ عەرەبەکانە". نیشتمانی عەرەبیش وەک ئەو سەرزەوییە دەستنیشان دەکات کە بە "چیاکانی *تۆرۆس* و پشتکۆ، *کەنداوی بەسرە* (فارسی) و *دەریای عەرەبی*، *چیاکانی ئیسیوپیا* و بیابانی گەورە، *زەریای ئەتڵەسی* و *دەریای ناوەڕاست*" دەور دراوە. ئاڵای *شۆڕشی عەرەبیی* ساڵی ١٩١٦، کە بە سەرکردایەتیی *شەریفی مەککە* لە نیمچە*دوورگەی عەرەب* هەڵکرا، وەک ئاڵای دەوڵەتە عەرەبییە یەکگرتووە چاوەڕوانکراوەکە پێشنیاز کراوە. *بەعس* پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوانەی "بە عەرەبی قسە دەکەن و لەسەر خاکی عەرەب دەژین" ئەوە عەرەبن، ئەگەر لە نەتەوەی عەرەبیش نەبن.[١] بەپێی ئەو پەسن و تێگەیشتنەی

---

[1]. بۆ دەقی تەواوی دەستوری ساڵی ١٩٤٧ی *حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی* تەماشای (البعث ١٩٤٧) بکە.

*بەعس* بێت، ئەو خاکەی کە کوردەکان بە *کوردستان* و نیشتمانی خۆیان دادەنێنەوە، لە لایەن *بەعس*ەوە کراوە بە بەشێک لە نیشتمان و سەرزەویی عەرەب. هاوکات لەبەر ئەوەی کە کوردەکان، وەک لە دەستوورەکە هاتووە، لەسەر خاکی عەرەبدا دەژین، کەواتە عەرەبن! ئەمەش هەندێک هۆکار و یەکێک لە کرۆکەکانی ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردی لە *عێراق* پێک دەهێنێت. لەمانە دەردەکەوێت کە تیۆری بەعس بۆ نیشتمانسازی بەستراوەتەوە بە بەها ئیتنییەکانی وەک یەکبوونی زمان، یادەوەری و مێژووی هاوبەش، لەگەڵ شوناسی ئەو ئەزموونەی کە عەرەبەکان لەو سەردەمانەدا پێیدا تێپەڕ دەبوون، کە خۆی لە دابەشبوون و داگیرکاریی لە لایەن هێزە ئەوروپییەکانەوە دەبینی.

ئەدەبیاتی *بەعس* لەسەرەتا کەم و زۆر باسی لە کورد و مافەکانی کورد نەکردووە. **هانی فەکیکی**، کۆنە ڕابەرێکی *بەعس* لە *عێراق*، لە یادەوەرەییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە ئەو بیری نایەت لە ناو بەعسییەکان لە سەرەتا باسێک لە کورد کرابێت، کورتەقسەیەکی **میشێل عەفلەق**ی لێ دەربچێت لە ساڵی ١٩٥٥، کە تێیدا گوتبووی ئیمپریالیزم لە پشت داواکانی کوردەکان و ئاسوورییەکان و بەربەرەکانەوەیە (الفکیکی ١٩٩٣: ٢٩٥). وەک هەڕەشەیەک، مادەی یازدە لە دەستوورەکەی *بەعس* دەڵێت "هەر کەسێک بانگەشە یان پەیوەندی بکات بە تەکەتولێکی ڕەگەزپەرستانە لە دژی عەرەب، یان هەر کەسێک بە مەبەستی داگیرکەرانە هاتە نیشتمانی عەرەب، ئەوە دەبێت لە نیشتمانی عەرەب دوور بخرێتەوە" (البعث ١٩٤٧). بە پێچەوانەی *حزبی ئیستیقلال*، *بەعس* باوەڕی بە خۆتێهەڵقورتاندنی سوپا لە سیاسەت و دەسەڵاتدا هەبوو (خلیل ١٩٨٤: ٨٢؛ العکام ١٩٨٦: ١٢٥). لەگەڵ ئەوەی کە هەم حزبی *شیوعی* هەم حزبی *بەعس* شانەی نهێنیان لە ناو سوپادا دامەزراندبوو، کەچی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرەکانی سوپا بە جیا ڕێکخراوێکی نهێنییان، لەسەر مۆدێلی ئەفسەرەکانی سوپای میسر، بە ناوی *ئەفسەرە ئازادەکان (الضباط الاحرار)* پێک هێنابوو، کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە ڕووخاندنی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا.

### ئەفسەرە ئازادەکان

*سوپای عێراق* یەکەم دامەزراوەی *دەوڵەتی عێراق* بوو، کە لە لایەن بەریتانییەکانەوە چەند مانگێک پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ دامەزرێندرا. لەو کاتەوە ئەفسەرەکانی سوپا ڕۆڵی گەورەیان لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی کاروبارەکانی حکومەت و دەوڵەت بینیوە. یەکەم دەستتێوەردانی سوپا لە کاروباری حکومەت لەسەر دەستی **بەکر سدقی** لە ساڵی ١٩٣٦ ڕووی دا. دوای کوشتنی **بەکر سدقی**، چوار ئەفسەرە ناسراوەکە بە *چوارگۆشەی زێڕین*، لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤١ بە ناڕاستەوخۆ حکومەتیان بەڕێوە دەبرد، تا ئەو کاتەی هەر لەو ساڵەدا حکومەتە مەدەنییەکەیان لا دا و **ڕەشید عالی گەیلانی**یان سەپاند. دوای شکستی کودەتاکەی گەیلانی، حکومەتە مەدەنییەکانی دوای کودەتاکە هێندەی دیکە لە بەریتانییەکان نزیک بوونەوە. ئەمەش دوورکەوتنەوەی ئەفسەرەکان و سوپای لە حکومەت لێ کەوتەوە. سەرکەوتنی کودەتاکەی **جەمال عەبدولناسر** لە *میسر* بوو بە هاندەرێک بۆ نزیکبوونەوە و دەستتێوەردان لە کاروباری سیاسی لە لایەن ئەفسەرە عێراقییەکان. لە ئاکامدا، ئەفسەرەکان چەند شانە و خانەی نهێنییان لە ساڵی ١٩٥٢ لە ناو سوپا دروست کرد، کە دواتر ئەم ڕێکخستنانە بە *ئەفسەرە ئازادەکان* ناسرا.[1] هێرشە سێقۆڵییەکەی سەر *میسر* لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ ئەفسەرە ڕێکخراوەکانی هەژاند و بیرۆکەی دەستبەکاربوونی لە لا بزواندن، ئەوە بوو لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ یەکەم کۆبوونەوەی گەورەیان لە ماڵی یەکێک لە ئەفسەرەکان لە *بەغداد* ئەنجام دا. ئەفسەرەکان **ناسر** و میسریان وەک نموونەیەک کە دەکرێت چاوی لێ بکرێت وێنا دەکرد. سوێندی ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکە بە شێوەیەک لە

[1]. دوو ئەفسەری سوننە دامەزرێنەری *ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکانی عێراق* بوون، یەکەمیان **موقەدەم ڕەفعەت حاج سری** (١٩١٧-١٩٥٩)، کە خەڵکی *بەغداد* بوو، ئەوی دیکەیان **موقەدەم ڕەجەب عەبدولمەجید** (١٩٢١-؟)، خەڵکی *عانە* بوو. **ڕەفعەت حاج سری** لە سەردەمی حوکمی **عەبدولکەریم قاسم** لە ساڵی ١٩٥٩ دوای کودەتایەکی شکستخواردوو لە سێدارە درا (Batatu 2004: 771).

شێوەکان دەربڕی ئامانجی ڕێکخراوەکە بوو، کە "رزگارکردنی *عێراق* لە دەست ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی" بوو (Batatu 2004: 772-776).

هەندێک لە *ئەفسەرە ئازادەکان* کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بەرنامە و دید و تێگەیشتنە لیبراڵ دیموکراتەکانی حزبی *وەتەنی*، هەندێکیشیان ئامانج و بەرنامە چەپڕەوییەکانی حزبی *شیوعی*یان پەسەند بوو، بەڵام بەگشتی بە لای ناسیونالیزمی عەرەبی و ئامانجەکانی ئەو ڕەوتە دایان شکاندبوو و زۆرینەشیان سوننە بوون. ڕێکخراوەکەی *ئەفسەرە ئازادەکان* لە ساڵی ١٩٥٦ بە فەرمی وەک گروپێک دامەزراو کۆمیتەی سەرکردایەتییەکەی لە پازدە ئەندام پێک هاتبوو، کە سیازدەیان سوننە و دوو شیعەشی تێدابوو، بەڵام هیچ کوردێک لە کۆمیتەکەدا نەبوو (Batatu 2004: 772-776). بوونی کورد لە پلە بەرزەکانی *سوپای عێراق* لە دوای ساڵی ١٩٤٧ بەرەو کەمی دەڕۆیشت. هۆکاری سەرەکیی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریی ژمارەیەک لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپا لە یاخیبوونەکانی ساڵانی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥ی *بارزان* لەگەڵ چوونی ژمارەیەکیان بۆ پشتیوانیکردن لە *کۆماری کوردستان* لە ساڵی ١٩٤٥ لە *مەهاباد*. زاڵیی بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی لە بەرنامە و ئامانجەکانی *ئەفسەرە ئازادەکان* بە زەقی ڕەنگی دابووەوە. لە هەشت خاڵ لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە چواریان پەیوەندییان بە پرس و خەونەکانی ناسیونالیزمی عەرەبییەوە هەبوو (Tripp 2002: 144; Marr 2004a: 82-84).

### ناسیونالیزمی کوردی

بەشێکی زۆر لە ئەکادیمی و توێژەرانی بواری *عێراق* تا ئەم دواییانە بەگشتی سەرنج و بایەخیان لەسەر دوو ڕەوتی سیاسی لە *عێراق* دەکرد، ئەوانیش نیشتمانپەروەریی عێراقی و ناسیونالیزمی عەرەبی بوون (بڕوانە Batatu 2004; Tripp 2002; Marr 2004a). هەندێکیان ڕۆڵی کورد و ناسیونالیزمی کوردییان لە *عێراق* بە هەند وەرنەگرتووە، یان بە کەم نرخاندوویانە، یان ئەوەتا وەک بەشێک لە نیشتمانپەروەریی عێراقی هەژماریان کردووە (بڕوانە Haj 1997: 112). لە ڕاستیدا هەندێک ئەکادیمیی لێ دەربچێت وەک کوردناسی ئیسرائیلی **ئۆفرا بێنگیۆ** (بڕوانە Bengio

2012a)، یان ئەو نەوە نوێیەی *کوردستان* کە تازە خەریکە لە ڕۆژئاوا بە ئینگلیزی لەسەر پرسی کورد و ناسیونالیزمی کوردی لە *عێراق* دەنووسن، وەک (Aziz 2011)، ئەگینا ئەوانی دیکە بەگشتی ڕۆڵی ناسیونالیزمی کوردی لە شێوەگرتنی دەوڵەتی عێراقی یان شێواندنی شوناسی *عێراق* کەمدیدە گرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ڕۆڵی گرنگی بینیوە و کاریگەریی ئێجگار زۆری هەبووە لەسەر شوناسی *عێراق* و پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، مەرج نییە بە ئەرێنی بووبێت، بەڵام هەیبووە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە چالاکینواندندا بوو. ناسیونالیزمی کوردی لە چەند ڕاپەڕین و یاخیبوونێکدا دەرکەوتە سەرەتاییەکانی بەرچاو دەکەوێت، کە بەگشتی لە لایەن کەسایەتییە خێڵەکییەکان یان ئاینییەکان ڕابەرایەتی دەکرا. یەکەم ڕێکخراوی ناسیونالیستیی مۆدێرنی کوردی، بە ناوی حزبی *هیوا* لە ساڵی ١٩٣٩دا دامەزرا. دامەزرێنەرانی *هیوا* بەگشتی خوێندەوارانی شارەکان و دەرچوانی کۆلێجەکان و ئەفسەرانی سوپا بوون (عەبدوڵا١٩٦٨: ١٨؛ شریف ٢٠٠٧: ١٨٠). هەندێک لە ئەفسەرانی کورد لە *سوپای عێراق* زۆر پێشتر لە ئەفسەرە هاوپیشە عەرەبەکانیان گروپی *ئەفسەرە ئازادەکان* پێک بهێنن، ئەوان *کۆمیتەی ئازادی*یان پێک هێنابوو. کۆمیتەکە چوار ئەفسەری ناسراوی لەخۆ گرتبوو، کە **عیزەت عەبدولعەزیز** و **مستەفا خۆشناو** و **محەمەد مەحموود قودسی** و **خەیروڵڵا عەبدولکەریم بوون**. هەر چواریان لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە لە ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە دران (عەبدوڵا ١٩٦٨: ٦٤؛ الحیدری ٢٠٠٤: ٤٥).

حزبی *هیوا* دوای دروستبوون، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەوەی ئێستا پێی دەگوترێت یاخیبوونەکانی ساڵانی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥ی *بارزان*. **مستەفا بارزانی**،[١] کە لە ئاکامی شکستی یاخیبوونەکانی ساڵانی سییەکان وەک دەستبەسەرێک

[1]. **مستەفا بارزانی** (١٩٠٣-١٩٧٩)، سەرکردەیەکی کورد بوو کە لە لایەن *پارتی دیموکراتی کوردستان* لە ساڵی ١٩٤٦ وەک سەرۆک هەڵبژێردرا لەو کاتەی کە لە *ئێران* بوو. لە ساڵانی ١٩٦١ بۆ ١٩٧٥ ناودارترین و ناسراوترین ڕابەری سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو لە *عێراق*.

له *سلێمانی* نیشتەجێ بوو، لە ڕێگەی چالاکوانەکانی حزبی *هیوا* ڕزگار کرا و گەینەرایەوە دەڤەری *بارزان*. بە گەیشتنەوەی بە ناوچە عەشایەرییەکانی خۆی، **بارزانی** زوو دەستی کرد بە هاندانی خەڵکەکە و ئەوەش یاخیبوونێکی دیکەی لێ کەوتەوە. لەو ئانوساتانەدا *عێراق* لە لایەن *بەریتانیا*، وەک دەرئەنجامێکی کودەتاکەی **ڕەشید عالی گەیلانی** و دووەم جەنگی جیهانی، لە ساڵی ١٩٤١ەوە داگیر کرابووەوە، بۆیە بەریتانییەکان دەسەڵاتبەدەستی یەکەم بوون لە وڵات. لە یەکەم بەیاننامەیدا بۆ گەلانی *عێراق*، *بارزانی* ئاماژەی بەوە کردبوو کە "خەباتی ئێمە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیەتی" (Barzani 2003: 49-50, 63-64). کاتێک حکومەتی عێراقی هەستی بەوە کرد کە ناسیونالیستە کوردەکان لە پشت بزووتنەوەکەی بارزانین و خەریکە سەرنجی خەڵک بۆ بزووتنەوەکە ڕادەکێشن، پێشنیازی دانوستانی کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ لایەک ئامادەیی سازانیان نەبوو، هەردوو لا دەستیان بۆ چەک برد. لە سەرەتا کوردەکان باڵادەست بوون و لە شەڕەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ *سوپای عێراق* توانیی یاخیبوونەکە سەرکوت بکات. **بارزانی** و هەندێک لەو ئەفسەرانەی کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەیەوە کردبوو، لە سنوور ئاودیو بوون و چوون بۆ *ئێران*. لەوێ **بارزانی** ناودەنگێکی چاکی بۆ خۆی پەیدا کرد و وەک وەزیری بەرگریی حکومەتە تازەدامەزراوەکەی *کوردستان* لە *مەهاباد* خزمەتی کرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو لەگەڵ شکستە سیاسی و سەربازییەکانی حکومەتەکە، **بارزانی** *مەهابادی* بەجێ هێشت و بەرەو *یەکێتیی سۆڤێت* سەری هەڵگرت.

دروشمی سەرەکیی *هیوا* "یەکگرتن و سەربەخۆیی بۆ *کوردستان*" بوو، کەچی ئامانجی *هیوا* و **بارزانی** لە کاتی یاخیبوونەکەدا دروستکردنی هەرێمێکی کوردی بوو کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی *عێراق*، وەک لیواکانی *سلێمانی* و کەرکووک و *هەولێر* لەگەڵ قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی لیواکانی *نەینەوا* و *دیالە*، بگرێتەوە.[1] هەروەها داوای ناسینی زمانی کوردیشیان دەکرد وەک زمانێکی فەرمی بۆ ئەو ناوچانە (Jwaideh 2006: 232; Barzani 2003: 65). سەرنەکەوتنی یاخیبوونەکە و

[1]. ئەوکات لیوا لەبری پارێزگا بەکار دەهات و *دهۆک*یش بەشێک بوو لە *لیوای نەینەوا*.

هەڵوەشاندنەوەی حزبی *هیوا* وەک هێزێکی شکستخواردووی بەشدار لە بزووتنەوەکە، ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی دوو گرووپی ناسیونالیستی ڕادیکاڵی شاری، کە حزبی *شیوعیی کوردستانی عێراق* (*شۆڕش*) و حزبی *ڕزگاریی کورد* بوون. هەردوو ڕێکخراو بیرۆکە چەپڕەوییەکانیان لەگەڵ ئاوات و ئارەزووە ناسیونالیستییە کوردییەکان ئاوێتە کردبوو. جیا لە حزبی *هیوا*، کە هیچ کاتێک پەیڕەو و پرۆگرامێکی تەواوی بەرهەم نەهێنا، *پارتی ڕزگاریی* کورد، کە ژمارەی ئەندامەکانی خۆی لە ٦،٠٠٠ کەس دەدا، داوای کور*دستان*ێکی ئازاد و یەکگرتووی دەکرد. وەک زۆرینەی ڕێکخراوەکانی ئەو قۆناغە، *ڕزگاریی کورد* گەیشتنی بە مافی چارەنووس بەستبووەوە بە ڕووخانی ئیمپریالیزم و داگیرکاری (الحیدری ٢٠٠٤: ٣٠، ٦٠؛ شریف ٢٠٠٧: ١٨٧، ٢٠١؛ Jwaideh 2006: 241; McDowall 2004: 294).

لەسەر ڕاسپاردەی **مستەفا بارزانی**، کە ئەوکات لە *ڕۆژهەڵاتی ئێران* بوو، هەروەها دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ لە نێوان سەرکردەی ڕێکخراوە دامەزراوەکانی *باشووری کوردستان*، *پارتی دیموکراتی کوردستان* دامەزرا.[١] ئامانجەکانی *پارتی* تێکەڵەیەک بوو لە ئارەزووەکانی پانکوردیزم و مافەکانی کورد لە *عێراق*.[٢] *پارتی* داوای سەربەخۆیی بۆ *عێراق* دەکرد لە ژێر دەستی ئیمپریالیزم و دامەزراندنەوەی *عێراق* لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزومەندانەو خۆبەخشانەی هەردوو گەلی کوردو عەرەب (شریف ٢٠٠٧: ٢٢٨). لە ساڵی ١٩٥٣، لە کۆنگرەی سێیەمیدا، *پارتی* گۆڕانکاریی گرنگی لە پرۆگرام و سیاسەتەکان و ئامانجەکانی کرد و خستیانە بواری جێبەجێکردنەوە. لەوانە، پارتی دەستی کرد بە دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ، هاوتەریبی ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکا عێراقییەکان. بەم شێوەیە یەکێتیی

[1]. *پارتی دیموکراتی کوردستان* لەوەتەی دامەزراوە چەندین جار ناوی خۆی گۆڕیوە؛ لە سەرەتا وەک *پارتی دیموکراتی کورد – عێراق* ڕاگەیەندرا، لە کۆنگرەی سێیەمی پارتەکە ناوی گۆردرا بۆ *پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق* (عەبدوڵا ١٩٦٨: ٥٠، ٧١)، لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٣دا *عێراق*ەکەی لێ قرتێندراوە.

[2]. پانکوردیزم دەرکەوتێکی ئایدیۆلۆجیی ناسیونالیزمی کوردییە، کە خەون دەبینێت و هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەسەرتاسەری *کوردستان*، کە هەموو پارچەکانی لەخۆ بگرێت.

*ئافرەتانی* لە ساڵی ١٩٥٢ و یەکێتی *قوتابیانی* لە ساڵی ١٩٥٣ و یەکێتی *لاوانی* لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزراند، دواتر ڕێکخراو و یەکێتیی دیکەشی بەدوادا هات وەک یەکێتیی *مامۆستایان*. هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم هەنگاوانە، زەقکردنەوەی شوناسی جیای گەلی کورد بوو، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی توێژەکانی گەلی کورد لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە *عێراق*، نەبادا تێکەڵبوونیان ئاوێتەبوون یان ئامێزانی لێ بکەوێتەوە. هاوکات هۆکاری حزبی و سیاسییش هەبوون، ئەویش بۆ ڕکابەریکردنی ڕێکخراوەکانی حزبی *شیوعی* و ترسی *پارتی* لەوەی نەبادا حزبی *شیوعی* لاوان و قوتابیان و ئافرەتانی کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.

هەر لەو کۆنگرەیەدا، **پارتی** تەبەنیی هەندێک بیرۆکەی مارکسی-لینینی کرد، چونکە لەو ڕۆژگارەدا بیرۆکە چەپییەکان زاڵ بوون بەسەر فەزای سیاسی، بەتایبەتی لە ناو توێژی خوێندەوار و چینی ناوەند و کرێکار و ڕەنجدەران. ئەمەش جۆرێک بوو لە بەرەنگاربوونەوەی حزبی *شیوعی* و ململانێکردن لەگەڵیان لەسەر بنکەی جەماوەری لە *کوردستان*. دروشمێکی میانڕەوانەش تەبەنی کرا، ئەویش "دیموکراسی بۆ *عێراق* و ئۆتۆنۆمی بۆ *کوردستان*" بوو، بەڵام دژایەتیکردن و بەگژاچوونەوەی ئیمپریالیزم هەر لە سەری سەرەوەی ئەجێندای *پارتی* مایەوە، کە لە مانشێت و دروشمەکانی لاپەڕەکانی یەکەمی *ڕۆژنامەی ڕزگاری*، زمانحاڵی *پارتی*، ڕەنگیان دابووەوە (بڕوانە ئەمین ٢٠٠٤: ٢١٥-٢١٦). هەر لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار بوو کە *پارتی* بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عێراقیی لەقەڵەم بدا، بەڵام پێداگریی لەسەر ئەوەش دەکرد کە کوردەکانی *عێراق* بەشێکن لە نەتەوەی کورد لە *کوردستانی گەورە*. پارتی ئیمپریالیزمی بەریتانیی تاوانبار دەکرد بە دابەشکردنی *کوردستان* و پێشی وا بوو کە باشترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، ئەوە خەباتکردنە لە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی شانبەشانی برا عەرەبەکان لە *عێراق* (عەبدوڵا ١٩٦٨: ٧١؛ کریم ١٩٩٨: ٥٠؛ حبیب ٢٠٠٥: ٢٤٩-٢٥١).

دەکرێت کارەکتەرەکانی ئەو قۆناغەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە چەند خاڵێک کۆ بکرێتەوە: یەکەم، دروستبوونی ڕێکخراوە سیاسییە ناسیونالیستییە

کوردییەکان، لە چلەکان و پەنجاکاندا، نەبوون بە مایەی کۆتاییپێهێنانی باڵادەستیی سەرۆکعەشیرەت و عەقڵییەتی عەشیرەتگەرایی لە ناو و لە دەرەوەی بزووتنەوەکەدا. سەرەڕای کۆچی بەردەوام لە گوندەکان و شارۆچکەکان بۆ شارە گەورەکان، کەچی ستراکتۆر و عەقڵییەتی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بە خۆیەوە نەبینی. لەوەش زیاتر، ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد لەبەر زاڵیی دەسەڵاتی سەرۆکعەشیرەتەکان و بەهێزیی ستراکتۆری عەشیرەتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان پشتیان بە سەرۆکعەشیرەتەکان دەبەست، بە خۆشی یان بە ناخۆشی، چونکە خەباتی چەکداری شێوە خەباتی زاڵ بوو. بەگشتی خەباتی چەکداری گوند و ناوچە دوورەدەستەکان دەکاتە مەیدانی خۆی، لەبەر ئەوە ڕۆشنبیرانی کورد هێندەی دیکە ناچار ببوون کە پاڵ بە سەرۆکعەشیرەتەکانەوە بدەن. نزیکبوونەوەی سەرانی حزبی *هیوا* لە **مستەفا بارزانی**، دەکرێت لە ژێر تیشکی ئەم واقعە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. دووەم، سەرەڕای بەرزکردنەوەی دروشمی دژەئیمپریالیزم لە لایەن بزووتنەوەکە، کە ببوو بە مایەی نزیکبوونەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی عێراقی، کەچی بزووتنەوە کوردییەکە مکوڕ بوو لەسەر پاراستنی شوناسی کوردی و ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی، هاوکات بەرگریی لە توانەوە لە ناو بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی عێراقی دەکرد. دامەزراندنی یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکان دەکرێت وەک نموونەی زەقی ئەو بەرگریکردنە ببینرێن. سێیەم، وەک قۆناغەکانی پێشووتر، بزووتنەوەکە پێداگریی لەسەر شوناسی خاک (Territorial Identity) دەکرد و وەک بەهایەکی سەرەکیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، ئەمە بەبێ گوێدانە ئەوەی داخۆ دوائامانجی بزووتنەوەکە جیابوونەوە بووە لە *عێراق* یان مانەوە لە چوارچێوەی *عێراق*دا. ئەمەش لە داواکانی حزبی *هیوا* و **مستەفا بارزانی** بە ڕوونی دەردەکەوتن.

## قەتیسمانەوەی ئایدیۆلۆجیاکان لە ناو قاوغە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

**لە چلەکان بەدواوە حزبە سیاسییەکان و ئایدیۆلۆجیاکانیان کاریگەرییان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو لەسەر شێوەگرتن و ئاڕاستەکردنی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بەڵام یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ڕەوتە سیاسییە زاڵەکان، ئەوە بوو کە ئایدیۆلۆجیاکان لە ناو قاوغە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان قەتیس بوون. مەبەست لە قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجیاکان لە قاوغ و هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی پارت و ڕێکخراوی جیاجیا لە *عێراق*، بەڵام پارت و ڕێکخراوەکان و ئایدیۆلۆجیاکانیان بەگشتی لە سنووری نەتەوەیەک یان مەزهەبێک قەتیس ببوون و کەمتر سنوورەکانی نەتەوە و مەزهەبیان تێپەڕ دەکرد. بۆ نموونە، وەک چاوەڕوان دەکرا، ناسیونالیزمی کوردی تەنیا لە لایەن کوردەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا و ئەو کەسانەی کە لە دەوری ئەم ڕەوتە کۆ ببوونەوە، بە نەتەوە کورد بوون. تێگەیشتن لەمە ئاسانە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ئەم ناسیونالیزمە شتێکی ئەوتۆی بۆ نەتەوە و گروپەکانی دیکە پێ نەبوو. ژمارەیەکی کەم تورکمان و کریستیان لە قۆناغە جیاجیاکان پەیوەندییان بە پارت و ڕێکخراوە ناسیونالیستییە کوردییەکان کردووە، بەڵام ناسیونالیزمی کوردی هێشتا زۆری ماوە ببێتە ناسیونالیزمێکی بانەتەوە، واتە خاک و نیشتمان و دەوڵەت، نەک نەتەوە بکات بە کۆڵەکە و بەهای سەرەکیی تێڕوانین و تێگەیشتن و بیروباوەڕ و کار و کردەوەی، تا بتوانێت خەڵکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی *کوردستان*، غەیرەکورد، لەخۆ بگرێت. نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە لە سەردەمی پادشایەتی و قۆناغەکانی دوای ئەویش تا ساڵی ١٩٩١، خەڵکێکی زۆر لە کورد پەیوەندییان بە ڕەوتی نیشتمانپەروەریی عێراقی کردبوو، کە ئەوکات بەگشتی حزبی *شیوعی* نوێنەرایەتیی دەکرد.**

ناسیونالیزمی عەرەبی لە لایەن حزبی *ئیستیقلال* و حزبی *بەعس*ەوە نوێنەرایەتی دەکرا لەگەڵ ڕێکخراوەکەی *ئەفسەرە ئازادەکان*. سەرەڕای ئەوەی کە حزبی *ئیستیقلال* لە لایەن **محەمەد مەهدی کوبە**، کە کەسایەتییەکی شیعە بوو، سەرکردایەتی دەکرا، کەچی ئەو ڕێکخراوە هەر لە دامەزراندنیەوە تا هەڵوەشاندنەوەی، بە تەواوی ڕێکخراوێکی سوننی بوو. سوننەکان لە

سەرکردایەتیی حزبەکە زاڵ بوون و جەماوەرەکەشی بەگشتی سوننی بوون. حزبی *بەعس* لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەندامی شیعەی هەبوو، کەچی هەر دوای چەند ساڵێک دەرکەوت کە بیرۆکە و ئایدیۆلۆجیای *بەعس* سوننەکان زیاتر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت. لە ساڵی ١٩٥٥ بە*عس* نزیکەی ٢٨٩ ئەندامی ڕێکخراویی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتوانی *عێراق*یان پێک دەهێنا بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٥%، کەچی لەو ٢٨٩ ئەندامەی *بەعس* تەنیا ٨٢ کەسیان لە پارێزگا شیعەنشینەکان بوون، کە دەکرێت سوننە بووبن و لەوێ نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەگەر هەمووشیان وەک شیعە هەژمار بکەین، ئەوە دەبینین ڕێژەکەیان لە ٢٨% تێپەڕ ناکات. لەو ٨٢ کەسەش ٦٩ کەسیان خەڵکی *ناسڕییە* بوون، شارەکەی **فوئاد ڕیکابی** ( Batatu 2004: 743). بۆیە دەکرێت کاریگەریی **ڕیکابی** لە بەرزبوونەوەی ژمارەی شیعەکانی *ناسڕییە* هۆکاری سەرەکی بووبێت نەک بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیای *بەعس*. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ناوچە سوننییەکان قەڵای (Stronghold) حزبی *بەعس* و حزبی *ئیستیقلال* بوون (بڕوانە الفکیکی ١٩٩٣: ٤٩، ٥٩). بەعسییەکان توانییان ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی سوپا لە حزبەکەیان ڕێک بخەن، چونکە ئەفسەرەکانی سوپا زۆرینەیان سوننە بوون و بەگشتییش پاڵپشتییان لە ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرد.

نیشتمانپەروەریی عێراقی لە لایەن دوو حزبەوە نوێنەرایەتی دەکرا، کە حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی* بوون. ئەگەر لە گۆشەنیگای *عێراق*ەوە تەماشا بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم ڕەوتە تا ڕادەیەکی باش لە دوو ڕەوتەکەی دیکە لەخۆگرتر (Inclusive) بوو، بەمەش تا ڕادەیەک هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی تێپەڕاندبوو. سەرەڕای ئەوەی کە زاڵیی سوننەکان لە سەرکردایەتیی حزبی *وەتەنی* بە زەقی دەبینرا، کەچی جەماوەرەکەی زۆربەیان شیعە بوون، هەندێک کوردیش لێرەولەوێ لێیانەوە نزیک بوون. حزبی *وەتەنی* ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی عێراقیدا بینی، بەڵام دوای سەرهەڵدانی حزبی *شیوعی*، ئیدی لە ناوەڕاستی چلەکان بەدواوە ئەو بوو بە یەکەمی بێڕکابەر لە کامپی نیشتمانپەروەریی عێراقیدا. حزبی *شیوعی* لەخۆگرترین حزبە لە مێژووی *عێراق*دا، کە لە لایەن

عێراقییەکی کریستیانەوە دامەزرا، بەڵام زۆرینەی ئەندامەکانی حزبەکە، هەم سەرکردایەتی و هەم بنکردایەتی، لە شیعە و کورد بوون. تا کۆتایی چلەکان ژمارەیەکی بەرچاو لە جوولەکەکان چالاک بوون لە ناو حزبی *شیوعی*، بەڵام لە پەنجاکان هەموویان لە *عێراق* دەرپەڕێندران و ڕەوانەی *ئیسرائیل* کران. یەکێک لە ئاماژەکانی زۆرینەی شیعەبوونی حزبی *شیوعی* لە لەناولێنانی گەڕەکی *کازمییە*، کە گەڕەکێکی شیعەنشینە لە *بەغداد*، وەک "گەڕەکی سوور" دەردەکەوێت (حمیدی ٢٠٠٢: ج٦، ٢٨). ڕەنگی سوور ڕەنگی ناسینەوە و ئاڵای شیوعییەکان بوو. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی شیوعییەکانی ئەو سەردەمە، کوردەکان و شیعەکان زۆر بەپەرۆشتر بوون لە پێکهاتەکانی دیکە بۆ بەئەندامبوون لە ڕێکخراوەکانی حزبی *شیوعی* (بڕوانە نووری ٢٠٠١: ٨٧، ٩٧-٩٨). بیرۆکە کۆمۆنستییەکان و سۆز بۆ نیشتمانپەروەریی عێراقی زۆر کەم سەرنجی سوننەکانی بە لای خۆیدا ڕادەکێشا.

سەرەڕای ئەوەی کە حزبی *شیوعی*، وەک ئاماژەی پێ کرا، تا ڕادەیەک هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی تێپەڕاندبوو، کەچی تەنانەت لە ناو ئەو حزبەشدا جۆرێک لە قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجی لە ناو قاوغە نەتەوییەکان هەستی پێ دەکرا. دید و تێگەیشتنەکانی حزبی *شیوعی* ئەندامێتیی نەتەوەیی و مەزهەبیی سەرکردەکانی پێوە دیار بوو. ڕوونتر بڵێین، کاتێک شیعە و کوردەکان لە سەرکردایەتیی حزبەکە باڵادەست دەبوون، ئەجێندا و سیاسەتەکانی حزب سەنتەری لەسەر پرسە پەیوەندارەکان بە *عێراق* و نیشتمانپەروەریی عێراقی دەگرت و ئاوات و ئامانجەکانی کوردیش ڕەچاو دەکران. لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تا ساڵی ١٩٤٩، شیعەکان زاڵ بوون بەسەر سەرکردایەتیی حزبی *شیوعی*. زاڵیی شیعەکان سەرنجدانی حزبی *شیوعی*ی لەسەر پرسە نیشتمانییەکان نەک نەتەوەییەکانی/عەرەبییەکانی، لێ کەوتبووەوە. لە کۆتایی چلەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی *شیوعی*، کە زۆرینەیان شیعە بوون، لەگەڵ **فەهد** گیران و زیندانی کران و هەندێکیشیان لە سێدارە دران. کوردەکان ئەو بۆشاییەی کە لە سەرکردایەتیی حزبەکە دروست بوو، پڕ کردەوە. ئەوە بوو **بەهادین نووری** (ناسراو بە **باسم**) لە ساڵی ١٩٥٣ بوو بە سکرتێری حزب. هەر لەو ساڵەدا لە

دۆکیومێنتێک کە بە *بەیاننامەی باسم* ناسراوە، **بەهادین نووری** ڕەخنەی لەو بەیاننامەیە گرت کە لە ساڵی ١٩٤٥ **فەهد** دەری کردبوو، لەوانە هەندێکیان پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەبوو.[١] بەیاننامەکەی **فەهد** کوردی وەک "کەمینەی نەتەوەیی""ناساندبوو (Batatu 2004: 514, 537, 568)، کەچی بەیاننامەکەی **باسم** دانی نابوو بە مافی چارەنووس بۆ کوردەکان تا دەگاتە مافی جیابوونەوە لە *عێراق* (نووری ٢٠٠١: ١٤٦-١٤٧؛ الحیدری ٢٠٠٤: ١٦٣). دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ ***قاعیدە*** (*القاعدة*)، ئۆرگانی حزبی *شیوعی*، هەوڵی دا کە ئەو دەقەی بەیاننامەکەی **فەهد** ڕاست بکاتەوە و مافی چارەنووس بە کورد ڕەوا ببینێت، وەک چۆن پێشتر حزبی *شیوعی* وەک هەڵوێستێکی خۆی ڕای گەیاندبوو. گوتارەکەی ***قاعیدە*** دانی نابوو بە مافی جیابوونەوەی کورد لە *عێراق*، بەڵام ڕزگاربوونی *عێراقی* لە ژێر ڕکێفی ئیمپریالیزم کردبوو بە پێشمەرج (بڕوانە ئەمین ٢٠٠٠: ١٢٠؛ حبیب ٢٠٠٥: ٢٦٨). جێگەی ئاماژەپێکردنە کە حزبی *شیوعی* بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٥ پشتیوانیی خۆی لە مافی چارەنووسی گەلی کورد دەربڕی. ڕۆژنامەی *تێکۆشانی گەل* (*کفاح الشعب*)، کە ئۆرگانێکی دیکەی حزبی *شیوعی* بوو، دروشمی "خۆبەڕێوەبردنی" بۆ کوردان بەرز کردبووەوە بە مافی جیابوونەوەش. لە ڕاستیدا حزبی *شیوعی* لە پراکتیکدا هیچ ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی نەگرتە بەر لە پەیوەند بە مافی چارەنووس و جیابوونەوە تا ساڵی ١٩٤٥، کە وەک لە بەیاننامەکەی **فەهد** دەردەکەوێت، پاشەگەزبوونەوەی لەو دانپێدانانانە بە مافەکانی کورد تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام ناکرێت ئەوەش ڕەچاو نەکرێت کە حزبی *شیوعی* تا ئەو کاتە هیچ کاتێک دەسەڵاتدار نەبوو تا هەنگاوی پراکتیکی بهاوێت بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانی. ئەم کرانەوەیە بە

---

[1]. **فەهد** ناوی نهێنیی **یوسف سەلمان یوسف**ە (١٩٠١-١٩٤٩)، کە یەکەم سکرتێری گشتیی حزبی *شیوعی* بوو. **باسم** ناوی نهێنیی **بەهادین نووری** (١٩٢٧- ) بوو، کە لە ساڵانی ١٩٤٩ تا ١٩٥٣ سکرتێری گشتیی حزبی *شیوعی* بوو.

ڕووی مافەکانی کورد ئاوەژوو کرایەوە کاتێک **عامر عەبدوڵا**،[1] سیاسەتوانێکی ناسراو، کە سوننەیەکی خەڵکی *عانەی* سەر بە پارێزگای *ئەنبار* بوو، لە ساڵی ١٩٥٦ سەرکردایەتیی حزبی *شیوعی*ی گرتە دەست. هەر دوای ئەوەی ئەو عەرەبە سوننەیە جڵەوی حزبەکەی گرتە دەست، ئیدی دروشم و چالاکییەکانی حزبی *شیوعی* سەرنجیان کردە سەر پرسە پەیوەندارەکان بە ناسیونالیزمی عەرەبی، لەوانە یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب و پرس و کێشەی *فەڵەستین*. نزیکبوونی شیوعییە عەرەبەکان لە سەرتاسەری دونیای عەرەبی لەگەڵ ناسیونالیستە عەرەبەکان، بۆ نموونە **جەمال عەبدولناسر**، هەروەها نزیکییان لە *یەکێتیی سۆڤێت*، کاریگەریی هەبوو لەسەر بەعەرەبیبوونی دروشم و ڕیتۆریکی حزبی *شیوعیی عێراقی*. هۆکارێکی دیکە لەو گۆڕانکارییە لە دید و ئاڕاستەکانی حزبی *شیوعی*، دەگەڕێتەوە بۆ زاڵیی بیرۆکە و هەست و سۆز بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی لەسەر شەقامی عەرەبیدا، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی **جەمال عەبدولناسر** لە میسر. وەک دەرئەنجامێک بۆ هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و باڵادەستبوونی **عامر عەبدوڵلا**، دروشمی وەک "بەرەو ئەجێندای نەتەوەیی عەرەب" لە لایەن حزبی *شیوعی* تەبەنی کرا و وەک حزبیش خۆیان وەک بەشێک لە "خەبات بە گەیشتن بە دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو" ناساند (بڕوانە Batatu 2004: 749-750). سەرەڕای ئەمانە، کاتێک *ئاڵای کارگەران* (راية الشغيلة)، کە ڕێکخراوێکی چەپڕەوی کوردی بوو و پێشتر سەرکردەکانی لە حزبی *شیوعی* جیا ببوونەوە، پەیوەندیی بە حزبی *شیوعی*یەوە کردەوە، ئیدی حزبی *شیوعی* زیاتر هاوسەنگیی لە نێوان ماف و ئارەزوو و ئاواتەکانی عەرەبەکان و کوردەکان ڕاگرت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حزبی *شیوعی* پێداگری بکات لەسەر ئەوەی کە تەنیا "ئەو بەشە خاکەی *عێراق* کە عەرەب لەسەری نیشتەجێن، بەشێکی نەپچڕاوی نیشتمانی عەرەبە" و "کوردەکانی *عێراق* بەشێکن لە نەتەوەی کورد" (الحيدری ٢٠٠٤: ١٩١-١٩٢).

---

[1]. **عامر عەبدوڵلا** (١٩٢٤-٢٠٠٠)، سوننەیەکی خەڵکی *عانە* بوو، ئەو بە پیشە پارێزەر بوو. لە ساڵی ١٩٥٦ **عامر** بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەو کاتە بەدواوە **عامر عەبدوڵلا** ڕۆڵێکی کاریگەری لە ژیانی حزبی *شیوعی* بینی.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە حزبی *شیوعی* تاکە ڕێکخراوی گەورەی عێراقی بوو کە بە جدی پشتیوانیی خۆی بۆ مافی چارەنووسی گەلی کورد لە *عێراق* دەربڕی بێت. دیارە ئەم دەربڕینە هەندێک جار ڕوون و ڕاشکاوانە بوو و هەڵقوڵاو و پشتبەستوو بوو بە تێگەیشتنەکانی *لینین* بۆ مافی گەلان، بەڵام زۆر جاریش حزبی *شیوعی* پاشەگەز دەبووەوە لەم دروشمە بە بیانووی پاراستنی یەکڕیزیی چینی کرێکار لە *عێراق*. هەرچۆنێک بێت، دەکرێت بڵێین هەڵوێستی پشتگیریکردن لە مافەکانی گەلی کورد هۆکاری هەرە سەرەکی بوون لە پشت گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیرۆکە کۆمۆنیستییەکان لە ناو کورد و پەیوەندیکردنی خەڵکێکی زۆر لە *کوردستان* بە ڕێکخراوەکانی حزبی *شیوعی* لە چلەکان و پەنجاکان بەدواوە.

ئەم هۆکارانە ببوون بە مایەی نزیکبوونەوەی ناسیونالیستە کوردەکان لە کامپی نیشتمانپەروەری، کە حزبی *شیوعی* لە دەرەوەی دەسەڵات نوێنەرایەتیی دەکرد، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ناسیونالیستە کوردەکان و شیوعییەکان لە ململانێدا نەبوون. ململانێ و پێکدادانەکان لەگەڵ دامەزراندنی *پارتی دیموکراتی کوردستان* لە ساڵی ١٩٤٦ و هەوڵەکانی *پارتی* بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە پیشەییەکان لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا توندتر و گرژتر بوون. یەکێک لەو پرسانەی کە گرژییەکانی دروست کردبوو، ئەوە بوو کە هەندێک لە ئەندامانی حزبی شیوعی، لە ناویاندا کوردەکان، گومانیان دەخستە سەر ئەوەی کە کورد نەتەوە (Nation) بێت. تێگەیشتن و ئارگیومێنتەکانی شیوعییەکان ئەوکات بنەمای لەسەر پێناسەیەکی **ستالین** بۆ نەتەوە دانابوو کە "ژیانێکی هاوبەشی ئابووری"ی کردبووە یەکێک لە کۆڵەگەکانی بەنەتەوەبوون (Stalin 1994: 20). لەبەر ئەوەی ئابووریی *کوردستان* وابەستەی ئابووریی *عێراق* بوو، واتە ئابوورییەکی هاوبەشی سەربەخۆی نەبوو، بۆیە شیوعییەکانی *عێراق* بەگشتی بە بنەما لەسەر ئەو پێناسەیەی **ستالین** پێیان وا بوو کە کورد لە *عێراق* نەتەوە نییە، دیارە نەتەوە نەک بە مانا ئیتنییەکەی، بەڵکو بە مانای "Nation"ی ئینگلیزی. **جەلال تاڵەبانی**،[١] وەک ناسیونالیستێکی

---

[1]. **جەلال تاڵەبانی** (١٩٣٣- )، لە گوندی *تاڵەبانی* دەڤەری *کۆیە* لەدایک بووە. ئەو لە ١٣ ساڵیدا پەیوەندیی بە *پارتی دیموکراتی کوردستان* کردووە و لە ساڵی ١٩٦٤ لە ٣١ ساڵیدا لە

کورد و **کەریم ئەحمەد**،[1] وەک شیوعییەکی عێراقی، لە یادەوەرییەکانیاندا باس لە ڕووداوێک دەکەن کە پشتڕاستی ئەو گفتوگۆیانە دەکاتەوە؛ ئەوکات لە نێوان شیوعییە نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان و پارتییە ناسیونالیستە کوردەکان لەئارادا بووە (بڕوانە فیاض ٢٠٠٩؛ احمد ٢٠٠٦: ٦٢-٦٣). **کەریم ئەحمەد** لە ساڵی ١٩٤٩ مامۆستای **تاڵەبانی** بووە لە یەکێک لە خوێندنگەکانی کۆیە، **تاڵەبانی** ئەوکات تەمەنی ١٢ ساڵان بووە، بەڵام خوێندکارێکی چالاک و وریا بووە. گوایە **تاڵەبانی** زانیویەتی **کە کەریم ئەحمەد** *شیوعی*یە، بۆیە لێی پرسیوە "ئایا کورد نەتەوەن؟" **کەریم ئەحمەد** لە تاڵەبانی دەپرسێت "بۆ؟" **تاڵەبانی** وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت "چونکە شیوعییەکان دەڵێن کورد هێشتا هەموو مەرجەکانی نەتەوەی تێدا نییە". **کەریم ئەحمەد** لە وەڵامدا دەڵێت "کورد کیانێکی سیاسیی نییە و بوونی کیانێکی سیاسی یەکێک لە پێداویستییەکان و مەرجەکانی بەنەتەوەبوونە (Nationhood)". ئەم تێگەیشتنەی **کەریم ئەحمەد** و شیوعییەکان، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئیلهامی لە پێناسەکەی **ستالین** وەرگرتووە، کە دیدێکی دەوڵەتییە (Statist) بۆ نەتەوە. ئەم دیدە چەمکەکانی نەتەوە و دەوڵەت یان شوناسی نەتەوەیی (Nationality) لەگەڵ ناسنامە (Citizenship) قاتیپاتی دەکات.

هەندێک لە شیوعییە کوردەکان پێناسەکەی **ستالین** بۆ نەتەوە و هەڵوێستی حزبی *شیوعی*یان لەمەڕ نەتەوەبوونی کورد بەکار دەهێنا بۆ بنکۆڵکردنی ئارگیومێنتی ناسیونالیستە کوردەکان و پێداگرییان لە نەتەوەنەبوونی کورد دەکرد. **ساڵح حەیدەری**، کە ئەندامێکی کوردی کارای حزبی *شیوعی* بوو لە چلەکان و پەنجاکاندا، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە ئەم ڕاستییانەی لێ دەردەکەوێت. **حەیدەری** دەڵێت هەندێک لە شیوعییەکان دەستکاریی کۆپلە شیعرێکی

---

*پارتی* جیا دەبێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* دادەمەزرێنێت. لەو کاتەوە سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوە دەکات تا لە کۆتایی ٢٠١٢ لەبەر نەخۆشی لە سیاسەت دوور کەوتەوە. **تاڵەبانی** یەکەم کوردە کە ببێتە سەرۆککۆماری *عێراق*.

[1]. **کەریم ئەحمەد** (١٩٢٢- )، بە ڕەگەز کوردە. ئەو لە کۆتایی ١٩٥٣ دەبێت بە سکرتێری حزبی *شیوعیی عێراقی*، وەک ئەندامێکی کارای ئەو حزبە دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٩٣، کە کوردەکانی ناو حزبی *شیوعی* جیا دەبنەوە و حزبی *شیوعیی کوردستان* پێک دەهێنن، لەوکات بەدواوە **کەریم ئەحمەد** دەبێت بە سکرتێری حزبە نوێیەکە تا ساڵی ٢٠٠٤.

کوردییان کردبوو، بە شێوەیەک کە لە کوردبوونی پەیا مو ماناکانی شیعرەکە کەم بکاتەوە و بەرگی عێراقیبوونی لە بەر بکەن. ئەو دێڕەی شیعرەکە کە دەڵێت "ئێمە ئازادیخوازانی کوردین"، کرابووە "ئێمە ئازادیخوازانی گەلین" (الحیدری ٢٠٠٤: ٩٧-٩٨). بێجگە لەمانە، هۆکارێکی دیکەی گرژییەکانی نێوان شیوعییەکانو پارتییەکان، داوایەکی پارتییەکان بوو بۆ داخستنی *ڕێکخراوی کوردستانی* حزبی *شیوعی*. پارتییەکان پێیان وا بوو ئەو ڕێکخراوە زەروورەتێکی نییە (عەبدوڵا ١٩٦٨: ٥٧-٥٨؛ نووری ٢٠٠١: ٥٩؛ الحیدری ٢٠٠٤: ٩٧؛ حبیب ٢٠٠٥: ٢٤٧-٢٤٩). مەبەستی ناسیونالیستە کوردەکان لەم مقۆمقۆیەیان لەگەڵ شیوعییەکان، دەرخستنی شوناسی کورد و کوردبوون بووە وەک نەتەوەیەکی جیا و سەربەخۆ، کەچی شیوعییەکان مەبەستیان دروستکردنی شوناسێکی عێراقیی گشتگیر (Overarching) بوو.

ئەگەر بە وردی تەماشایەکی دابەشکردن و خوێنەرانی یەکێک لە ئۆرگانەکانی حزبی *شیوعی*، *قاعیدە*، بەگوێرەی گەڕەک و شارەکان بکەین، ئەوە هەندێک ئاماژەمان دەست دەکەوێت. بەپێی ئامارێکی حزبی *شیوعی*، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ بۆ ١٩٤٨، زیاتر لە ٢٠%ی نوسخەکانی *قاعیدە* لە ناوچە کوردنشینەکان و ٣١%یش لە ناوچە شیعەنشینەکانی باشووری *عێراق* و ٤٦%یش لە *بەغداد* دابەش کراون. لە ناو *بەغداد* ژمارەی نوسخە دابەشکراوەکان لە گەڕەکە شیعەنشینەکانی وەک *کازمییە*، زۆر زیاتر بووە بە بەراورد لەگەڵ ناوچە سوننەنشینەکانی وەک *ئەعزەمییە*. ئەوەی ماوەتەوە، کە دەکاتە کەمتر لە ٥%، لە پارێزگای *نەینەوا* دابەش کراوە ( Batatu 2004: 608). ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەوکات ناوچە کوردییەکانی *دهۆک* و *زاخۆ* و *ئاکرێ* و دەوروبەرەکانیان بەشێک بوون لە پارێزگای *نەینەوا*، ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ناوچە سوننەنشینەکانی پارێزگای *نەینەوا* ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بەر کەوتبێت، ئەوە ئەگەر *قاعیدە* خوێنەری هەر هەبووبێت لەو ناوچانە. ئەو شێوازی دابەشبوونەی خوێنەرانی *قاعیدە* لە ساڵی ١٩٥٢شدا بە هەمان شێوە بووە (Batatu 2004: 663). لە شارە سوننەنشینەکانی وەک *ڕومادی* و *سامەڕا* و تکریت، *قاعیدە* هەر دابەش نەکراوە و ئەندامانی حزبی *شیوعی* لەم شارانە ئێجگار کەم بوون. *عانە*، کە شارۆچکەیەکی سوننەنشینە،

چەند سەرکردەیەکی شیوعیی لێ هەڵکەوتووە، وەک **عامر عەبدوڵلا**، بەڵام لە *عانە* لایەنگر و ئەندامانی حزبی *شیوعی‌ی* لێ نەبووە (Batatu 2004: 719).

ئەم قەتیسبوونەی حزبی *شیوعی* لە ناو قاوغی مەزهەبی-شیعی و نەتەوەیی-کوردی، لە کاتێکدا بوو کە ئەو حزبە لەو قۆناغەدا تاکە ڕێکخراو بوو کە ئەندامێتی لە ڕیزەکانیدا هێڵەکانی نەتەوەیی و مەزهەبیی تێپەڕاندبوو. بە واتایەکی دیکە، حزبی *شیوعی* بەگشتی حزبی شیعەکان بوو، تا ڕادەیەکی چاکیش هیی کوردان، بەڵام نەیتوانیبوو سنوورەکانی سوننەکان ببڕێت، چونکە ناوچە سوننەکان قەڵای ناسیونالیزمی عەرەبی، *بەعس* و *ئیستیقلال*، بوون. **حەنا بەتاتوو**، کە بە یەکێک لە توێژەرە هەرە ناسراوەکانی بواری عێراقناسی ناوزەند کراوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم دابەشبوونە، واتە گردبوونەوەی شیعەکان و کوردەکان لە دەوری حزبی *شیوعی*، ڕەنگدانەوەی پێگە و دابەشبوونی چینایەتی بووە لە *عێراق* (Batatu 2004: 720). ئەو بۆچوونەی **بەتاتوو** هەندێک ڕاستیی تێدایە، بەڵام هەموو ڕاستییەکان لەخۆ ناگرێت. ئەوەی ڕاستی بێت عێراقچیبوونی، واتە نیشتمانپەروەریبوونی حزبی *شیوعی* هۆکاری سەرەکیتر بوون لە تێئاڵان و چالاکبوونی شیعەکان و کوردەکان لە ڕیزەکانی حزبی *شیوعی*. شیعەکان نیگەران بوون لە داوا و ئارەزووەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو دەبینییەوە، چونکە بە گەیشتن بەو ئامانجە شیعەکان لە زۆرینەوە لە *عێراق*دا دەبوون بە کەمینە لە نیشتمانی عەرەبدا. بۆیە شیعەکان لە حزبە ناسیونالیستە عەرەبییەکانی وەک *بەعس* و *ئیستیقلال* دوور دەکەوتنەوە و ڕوویان لە حزبە نیشتمانپەروەرە عێراقچییەکانی وەک *شیوعی* و *وەتەنی* دەکرد.

وەک ئاماژەی پێ کرا، بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە *عێراق* لەلایەن حزبی *شیوعی*، یەکێک لە هۆکارە هەر سەرەکییەکانی گردبوونەوەی کوردێکی زۆر بوو لە دەوری حزبی *شیوعی*. جێی خۆیەتی لێرە پەنجە لەسەر هەندێک هۆکاری دیکەش دابنێین: یەکەم، سەرنەکەوتنی *کۆماری کوردستان* لە *مەهاباد* لە ناوەڕاستی چلەکان، کاریگەریی هەبوو لەسەر دیدی کوردەکان بەگشتی، بەوەی کە پێیان وا بوو خەونی ڕزگاری و

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئیدی لە ئاسۆدا نییە، بۆیە بە ناچاری لەو چوارچێوە دروستکراوە دەستبەکار بوون، کە لە عێراقدا بەسەریاندا سەپێندرابوو. دووەم، زاڵیی بیرۆکە و چەمکە چەپییەکان، وەک یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی لە چلەکان و پەنجاکاندا، هۆکارێکی دیکە بوو کە ناکرێت نادیدە بکرێت لە پشت پەیوەندیکردنی کوردەکان بە حزبی شیوعی. سێیەم، لەو کاتانەدا خەڵکێکی زۆر پێیان وا بوو کە ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەیی بە سەرکەوتنی خەباتی چینایەتیدا تێپەڕ دەبێت، بە واتایەکی دیکە، کۆتاییهاتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بە لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمۆنیزم کۆتایی دێت. چوارەم، بەگژداچوونەوەی ئیمپریالیزم و وێناکردنی ئەو وەک دوژمنێکی هاوبەش، چوارچێوەیەکی دیکەیە کە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ تێگەیشتن لە چوونە ناو حزبی شیوعی لە لایەن هەندێک کورد. پێنجەم، هەژاربوون و نەداریی کوردەکان بەگشتی، واتە پێگەی چینایەتییان، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ گەشەی بیرۆکە کۆمۆنیستییەکان لە ناو کوردەکان و نزیکبوونەوەیان لە حزبی شیوعی. شەشەم، ئەوەی کە شیوعییەکان تا حەفتاکان لە عێراقدا دەسەڵات بەدەست نەبوون، واتە لە حوکمکردندا بەشدار نەبوون، ئەوانی خستبووە ئەو بەرەیەوە کە کوردی لێ بوو، بەرەی ئۆپۆزسیۆن. ئەمەش جۆرێک هاوسۆزیی لە لای کورد بۆ حزبی شیوعی لێ کەوتبووەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دڵسۆزی و ئینتیمای کوردەکان کەمێک کاڵ بوو، چونکە ئەوان هەم ڕەوتی ناسیونالیزمی کوردی و هەم نیشتمانپەروەریی عێراقییان لە ئامێز گرتبوو. کوردەکان هەردوو ڕێبازیان وەک بەردەبازێک تەماشا دەکرد و وەگەڕ خستبوو بۆ گەیشتن بە ئامانج و خەونە نەتەوەییەکان و چینایەتییەکانیان. بە بەراورد بە کورد و شیعە، ڕووگەی سوننەکان زۆر ڕوونتر بوو، زۆرینەی ڕەهای ئەوان ناسیونالیزمی عەرەبییان لە ئامێز گرتبوو. سوننەکان چالاکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی کاریان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی شیعەکان پشتیوانییان لە ڕەوتە نیشتمانییەکان دەکرد، کەچی ژمارەیەکیان لە دەوری بیرۆکە و ڕەوتە پانعەرەبییەکان خولیان خواردبوو و لە ڕیزەکانی حزبە ناسیونالیستە

عەرەبییەکان چالاک بوون. ئەم ڕاستییە لە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعە لە سەرکردایەتیی *بەعس* هەستی پێ دەکرا لە پەنجاکاندا، کە زۆربەیان نیشتەجێی *بەغداد* بوون.[1] ئەوەی هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە شیعە شارییەکان زیاتر لە شیعە دێهاتییەکان تێکەڵ بە سیاسەت ببوون، هەم لە ناو ڕەوتە عێراقچییەکان و هەم بزووتنەوە پانعەرەبییەکان. ئەمەش تا ڕادەیەک پەردە لەسەر ئەو دیاردەیە لا دەدات کە بۆچی شیعەکان لە دەرەوەی بازنە عەشیرەتگەرییەکانی خۆیان و شوناسە سوننەتییەکانیان لە شارەکان، پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکانی وەک حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس*ەوە دەکرد. ئەمە پشتڕاستی ئارگیومێنتی تیۆری تازەگەرەکان بۆ دروستبوونی نەتەوە دەکات، کە جەخت لەسەر دروستبوونی شوناسێکی نوێ دەکات لە لای ئەو کەسانەی لە گوندەکانەوە کۆچ دەکەن بۆ شارەکان (بڕوانە بەشی یەکەم). لە پاڵ ئەمە، عەرەببوونی شیعەکان، واتە هاوسۆزی ئیتنی/نەتەوەیی، بە دڵنیاییەوە پاڵنەرێکی دیکە بووە بۆ نزیکبوونەوەی هەندێک شیعە لە ڕەوتە ناسیونالیستە عەرەبییەکان. ئەمەش پشتڕاستی تیۆری نەژادگەرەکان و تێگەیشتنەکانی ئیتنۆسیمبولیزم، کە دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوە (Nation) دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام نەتەوەکان ناوکیان (Navel) لە گروپە ئیتنییەکاندایە. بەگشتی، دەکرێت بڵێین ئەوانەی لە حزبی *شیوعی* نزیک دەبوونەوە شوناسی عێراقیبوون بەسەریاندا زاڵ بووە، ئەوانەش کە لە حزبی *بەعس* نزیک دەبوونەوە، شوناسی عەرەببوون باڵی کێشابوو بەسەریاندا.

وەک کوردەکان، هەندێک لە شیعەکان لە حزبی *شیوعی* نزیک دەبوونەوە، چونکە بەگشتی شیعەکان سەر بە چینە هەژار و نەدارەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بوون و دروشم و بانگەشەکانی شیوعییەکان بۆ یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی سەرنجی ڕاکێشابوون. شیعەکان حزبی *شیوعی*یان وەک پلاتفۆڕمێک دەبینی، کە لەسەریدا بتوانن چالاکانە بەشداریی پرۆسەی سیاسی نەک هەر لە ئاستی لۆکاڵ، بەڵکو لە ئاستی نیشتمانی بکەن، هاوتای

[1]. لە ناو سەرکردایەتیی بەعس لە پەنجاکان ئەم شیعانە چالاک بوون: **فوئاد ڕیکابی، شەمسەدین کازم، تەحسین معلە، حازم جواد، هانی فەکیکی** و **ئەبوتالیب هاشمی** (الفکیکی ١٩٩٣: ٦٥-٦٧).

پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق*. لەوێشدا بەدوای دروستکردنی شوناسێک بوون بۆ *عێراق*، کە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان تێدا ببیننەوە، شوناسێک کە ڕەچاوی زۆرینەبوونیان لە *عێراق*دا بکات، نەک ببن بە بەشێک لە گەلێک (نەتەوەی عەرەبی)، یان نیشتمانێک (نیشتمانی عەرەب)، کە زۆرینەبوونەکەیان لەبار ببات.

بە کورتی، یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە و گۆڕەپانی سیاسیی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیست لە *عێراق*، کێبڕکێ و ململانێی ئایدیۆلۆجی و هزری بوون، لە بارودۆخی ئاساییدا ململانێ هزری و ئایدیۆلۆجییەکان، بە واتایەکی دیکە پلورالیزمی سیاسی، گەشە و پێشکەوتن و ئامێزانی نیشتمانیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە *عێراق* لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆجیاکان و ڕەوتە سیاسییەکان لە قاوغی نەتەوەیی و مەزهەبی قەتیس و مت ببوون، شیعەکان لە قاوغە نیشتمانپەروەرییەکەی *حزبی شیوعی* و سوننەکان لە قاوغە پانعەرەبییەکەی *حزبی بەعس* و کوردەکان لە قاوغی کوردایەتیی *پارتی دیموکرات*، بۆیە کێبڕکێ و ململانێکان لەبری ئامێزانی نیشتمانی، ببوون بە ڕێگر و ئەستەنگ لە پێش پرۆسەکە. تاکە داوێک کە ئەو ئاڕاستە و ڕەوتە سیاسی و هزرییانەی لێک نزیک کردبووەوە، دوژمنە هاوبەشە وێناکراوەکەیان بوو. ئەویش ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئەوەی ئەوان ناویان نابوو نۆکەرانی ناوخۆ، بە سەرکردایەتیی **نووری سەعید** و دەستەبژێرە سیاسییەکەی دەوروبەری بوو.

### هەستی دژەئیمپریالیزم: دەزووی بەیەکەوەبەستنی ئایدیۆلۆجیاکان

وەک ئاماژەی پێ کرا، سەرەڕای سروشتی ڕکابەری و دژبەیەکیی نێوان ئاڕاستە و ڕەوتە ناسیونالیستییەکان، کە ئاوێنەی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بوو، کەچی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم ڕێخۆشکەر بوو بۆ هاوکاری و هەمئاهەنگی لە نێوانیاندا. پەیڕەو و پرۆگرامی حزبە سیاسییەکانی *عێراق* لە سەردەمی پادشایەتی، بە لایەنی کەم بڕگەیەک یان چەندین بڕگەی لەخۆ دەگرت لە دروشم و سیاسەتی بەگژداچوونەوە و خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم و دەرپەڕاندنی داگیرکەر لە *عێراق*. *حزبی بەعس* لە

دەستوورەکەی هانی جەماوەری عەرەبیی دەدا بۆ تێکۆشان پڕ بە توانایان لە پێناو "ڕووخاندنی کۆڵەگەکانی ئیمپریالیزم" (البعث ١٩٤٧). *یەکێتیی تێکۆشین*، کە زمانحاڵی *کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانی عێراق - لقی کورد* بوو، کە هەر شیوعییەکانی *کوردستان* بوون، وای پیشان دەدا کە مافەکانی "هەردوو میللەت لە زگی ئیستیعمارە. ئەو سوڵتەیە کە تۆ (کورد) ئیستیغلال دەکات، عەینی وەقت میللەتە بەستەزمانەکەی عەرەبیشی ئیستیغلال کردووە". پێداگرییشی لەسەر ئەوە دەکرد کە "کاتی ئەوەیە دەست بخەینە دەست کوڕە موخلیسەکانی میللەتی عەرەب بۆ *عێراق*ێکی ئازاد و دیموقراتی، کە مەجال پەیدا بکرێ بۆ پێشکەوتن و پێگەیاندنی هەردوو میللەت بۆ ئازادی و تەقریری مەسیر. بەڵام لەم قۆناغەدا ئێمە، شیوعییەکان، بۆ سەربەستیی *عێراق* هەوڵ دەدەین، چونکە ئەم سەربەستییە قازانجی کورد و عەرەبە" (بڕوانە ئەمین ٢٠٠٤: ٩٦-٩٨). بە هەمان شێوە، *ڕزگاری*، کە زمانحاڵی *پارتی* بوو، لە لاپەڕەی یەکەمی، دروشمی "ئەی جەماوەری گەلانی کورد و عەرەب، دەست لە ناو دەستی یەک دژی ئیمپریالیزم و سوپاکەی و پڕۆژەکانی و ڕێککەوتنەکانی بجەنگن"ی بەرز کردبووەوە (رزگاری: تشرينی یەکەم ١٩٤٨). دوو حزبە سەرەکییەکەی دیکە، حزبی *وەتەنی* و حزبی *ئیستیقلال*، کەمتر بەو ڕاشکاوییەی *پارتی* و *شیوعی* و *بەعس* دژایەتیی خۆیان بۆ ئیمپریالیزم تا ساڵی ١٩٥٥ پیشان دەدا. بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە پەیڕەو و پڕۆگرامی هەردوو حزب چەند بڕگەیەکیان لەخۆ گرتبوو لە پەیوەند بە ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان *بەریتانیا* و *عێراق*، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەیان دەکرد، چونکە بە سیمبولی داگیرکردن و دەسەڵاتی *بەریتانیا*یان لەسەر *عێراق* دادەنا. واتە بە ناڕاستەوخۆ دژایەتیی ئیمپریالیزمیان دەکرد.

بەگشتی پارتە سیاسییەکانی *عێراق* دەیانویست "ئیمپریالیزمی بەریتانی" و "رژێمە بەکرێگیراوەکەی" وەک دوژمنێک لە خەیاڵگەی ئەندامان و هەوادارانیان وێنا بکەن، ئەم دیدگا و تێگەیشتنەش لە لایەن پارتەکان زەمینەی جۆرێک لە هەمئاهەنگی و لێکنزیکبوونەوەی لە نێوان ڕەوتە هزری و ئایدیۆلۆجییەکان خۆش کردبوو کە هاوکاریی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی

عێراقییشی لێ کەوتبووەوە. بە مانایەکی دیکە، سەرەڕای قەتیسبوونی ڕەوتە سیاسییەکان لە قاوغی نەتەوەیی و مەزهەبی، کەچی بوونی دوژمنێکی هاوبەش لە خەیاڵگەی خەڵک و بزاڤە سیاسییەکانی ئەوکات، ڕێخۆشکەر بوون بۆ هاندان و برەودان بە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، بەڵام بە دڵنیاییەوە هێندە بەهێز نەبوو کە ببێتە مایەی ئاوێتەبوونی گروپە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە یەک قازاندا. پەیوەندیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان کە خۆی لە پەیوەندیی نێوان پارتە سیاسییەکان دەبینییەوە، هەر بە لەرزۆکی مایەوە، چونکە زاڵبوون بەسەر دیدگا دژبەیەکەکان بۆ شوناسی *عێراق* زۆر لەوە سەختتر بوو کە تەنیا بە بوونی دوژمنێکی هاوبەش لە ناو بچن. هەڵوێستی جیای پێکهاتەکان لە کۆمەڵێک ڕووداو و پێشهات، وەک *ڕاپەڕینی وەسبە (الوثبة)* و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦، لەو قۆناغەدا پشتڕاستی بوونی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکان دەکات، بەڵام بە شلۆقی نەک تۆکمەیی.

*ڕاپەڕینی وەسبە* وەڵامێکی جەماوەری بوو بۆ ئەو ڕێککەوتننامە نوێیەی کە لە نێوان *بەریتانیا* و *عێراق* واژۆ کرا، تا جێگەی ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ بگرێتەوە. **ساڵح جەبر**، کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی **عێراق** بوو، یەکەم شیعە بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە، واتە لە ڕۆژی دامەزراندی *دەوڵەتی عێراق*ەوە، وەک شیعەیەک ئەو پۆستە وەربگرێت. لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا، کاتێک هەواڵی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە نوێکە بڵاو بووەوە، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی بەریتانی و سەنتەرە کولتوورییەکانی ئەو وڵاتە لە *بەغداد* (نووری ٢٠٠١: ٢١٣؛ ئەحمەد ١٩٨٥: ٦٠، ١٦٤). هەست و سۆزی دژ بە ئیمپریالیزم، وەک لە هێرشکردنە سەر باڵوێزخانە و سەنتەرە کولتوورییەکانی *بەریتانیا* دەردەکەوێت، هێندە بەهێز بوو کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بووبێت، پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و پارتە سیاسییەکانی لە سەرتاسەری *عێراق* یەکهەڵوێست کرد. *بەغداد* بوو بە سەنتەری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، هاوکات، *حزبی شیوعی* و *پارتی* هاوکاریی یەکتریان کرد لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان لە ژمارەیەک شار و شارۆچکەی *کوردستان* (ئەحمەد ٢٠٠٦: ٧١-٧٢). هاوخەباتی و هەمئاهەنگیی نێوان کوردەکان و عەرەبەکان لەم

ڕاپەڕینەدا، جێی خۆی لە ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا کردەوە، بۆ نموونە، **فایەق بێکەس** شیعرێکی لە ئانوساتی *وەسبە*دا نووسی، کە تێیدا دەڵێت:

"برایەتیی کوردو عەرەب زۆر کۆنە، تاریخ شاهیدە

نائارەزووی ڕووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ" (بێکەس ١٩٧٠: ٥٣).

شیعرەکە ئاهەنگێڕانە بەو هاوکاری و هاوچارەنوسییەی کە گەلی کورد و گەلی عەرەبی لە *عێراق* دا لێک نزیک کردبووەوە لە سەروبەندی *وەسبە*دا لە دژی "نائارەزووی ڕووڕەش"، کە بەریتانییەکانن، واتە دوژمنە هاوبەشەکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە *بێکەس* لەم شیعرەدا کورد و عەرەبی وەک هاونیشتمان و هاونەتەوە (عێراقی) پەسن نەکردووە، بەڵکو وەک دوو گەلی برا ناساندوونی. بێجگە لە دژایەتیکردنی بەریتانییەکان، هۆکارێکی دیکەش لە پشت بەشداریی چالاکانەی کوردەکان لە *وەسبە*دا هەبوو، ئەویش توڕەیی کوردەکان بوو لە **ساڵح جەبر**، سەرۆکوەزیران، چونکە ئەو بوو کە چەند مانگێک پێش *وەسبە* چوار ئەفسەرە کوردە بەشداربووەکەی لە یاخیبوونەکەی *بارزانی* لە ساڵی ١٩٤٥ لە سێدارە دا.

لەگەڵ ئەوەی کە بەشداریی شیعەکان، لە ڕیزەکانی حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس*، لە *وەسبە*دا لە ناو *بەغداد* بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرا، کەچی هەندێک لە سوننەکان توڕەیی جەماوەریان لەپێناو قازانجە عەشیرەتگەرییەکان بەکار هێنا. بۆ نموونە، هەندێک خوێندکاری سوننە لە *بەغداد* دروشمی "بڕوخێ ڕافزی (یسقط الرافضی)" بەرز کردبووەوە و دەگوتەوە (Nakash 2003a: 128). ڕافزی وشەیەکە کە هەندێک لە سوننە وەهابییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ پەسنی شیعەکان بەکاری دەهێنن بە مانای ئەوەی کە ئەوان خەتی خەلیفەکانی *ڕاشدین*یان، یان بە مانایەکی دیکە بنەما سەرەکییەکانی ئایینی *ئیسلامی*یان، ڕەت کردووەتەوە. لێرە مەبەستیان لە ڕافزی، **ساڵح جەبر** بوو، چونکە ئەو شیعە بوو. لە ژێر فشاری جەماوەری و بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان سەرۆکوەزیران دەستی لە کار کێشایەوە. دەستلەکارکێشانەوەکەی **ساڵح جەبر** لە ناوچە سوننەنشینەکان پێشوازی لێ کرا، کەچی شارە شیعەنشینەکانی وەک *بەسرە* و *عەمارە* ئەمەیان وەک

گەمەیەک و کودەتایەکی سوننە دەبینی و ناڕەزاییان دەردەبڕی. **عەبدولئیلا**، وەلی عەهد، هەستی بە وروژانە عەشیرەتییەکانی سەرشەقام کردبوو، بۆیە وەک ڕێگرییەک لە تەشەنەکردنی گرژی و ناڕەزاییەکان، داوای کرد کە شیعەیەکی دیکە، **سەید محەمەد سەدر**، حکومەت پێک بهێنێت.

گەورە ڕاپەڕینێکی دیکە کە *عێراق* لە سەردەمی پادشایەتی بە خۆیەوە بینیبێت، لە ئاکامی هێرشە سێقۆڵییەکەی سەر *میسر* لە لایەن *بەریتانیا* و *فەڕەنسا* و *ئیسرائیل* ڕووی دا، کە بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦ ناسراوە. کاردانەوەکانی ئەم ڕاپەڕینە وەک ئەوانەی *وەسبە* وا بوون. خۆپیشاندانەکان لە *نەجەف* و *بەغداد* دەستیان پێ کرد و زوو تەشەنەیان کرد بۆ شارەکانی دیکە، بە شارە کوردنشینەکانیشەوە (الحسنی ١٩٨٢: ج١٠، ١١٢-١١٨). **ساڵح حەیدەری**، سەرکردەی ناسراوی حزبی *شیوعی*، لە درێژەی گێڕانەوەی بۆ ڕووداوەکانی ئەو ئانوساتە دەڵێت، سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکان بەگشتی پشتیوانییان لە *ناسر* و شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٢ی *میسر* دەکرد، کەچی دوودڵ بوون لە بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٥٦، چونکە سروشتێکی نەتەوەیی-عەرەبی وەرگرتبوو لەبەر زاڵیی دروشمە پانعەرەبییەکان بەسەر خۆپیشاندانەکان. ئەو باس لەدروشمی وەک "*عێراق* عەرەبییە" دەکات، کە لە خۆپیشاندانەکان دەگوترانەوە (الحیدری ٢٠٠٤: ١٨٦).

لە ئەیلولی ١٩٥٤، **نووری سەعید**، دوازدەیەمین کابینە، کە بە خۆی سەرکردایەتیی کردبێت، پێک هێنا و هەر زوو پارتە سیاسییە مۆڵەتپێدراوەکانی یاساغ ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوەی **نووری سەعید** خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی *عێراق*، چونکە بەمە دەستەبژێرە سیاسییە دەسەڵاتبەدەستەکە خۆیان بە جەماوەر و چالاکوانە سیاسییە میانڕەوەکانی ئەو سەردەمە نامۆ کرد، کە بەشێکی زۆریان لە ناو حزبی *وەتەنی* و حزبی *ئیستیقلال* کاریان دەکرد. بەمەش حزبی *وەتەنی* و حزبی *ئیستیقلال* چوونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنە ڕادیکالە نهێنییەکە، کە حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس*ی لەگەڵ *پارتی* بە ناڕێکخراوی لەخۆ دەگرت. ئەم کارە تەکانێکی بە لێکنزیکبوونەوەی حزبەکان دا و پێکهێنانی *بەرەی یەکێتیی نیشتمانی* (*جبهة الاتحاد الوطنی*) لە ساڵی ١٩٥٧ لێ کەوتەوە، کە پێک هاتبوو لە حزبەکانی

*شیوعی* و *بەعس* و *وەتەنی* و *ئیستیقلال*. بەرەکە *پارتی دیموکراتی کوردستان*ی وەدەر نا، چونکە هەم *بەعس* و هەم *ئیستیقلال* ڤیتۆیان لە دژی پارتی بەکار هێنا. **هانی فەکیکی**، کە بەعسییەکی ناسراوی ئەو کاتە بوو، لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت لە کاتێکدا شیوعییەکان پێداگرییان لەسەر کوردبوونی کوردەکانی *عێراق* دەکرد، ئێمە، بەعسییەکان، ڕامان گەیاند کە مەیلی **بارزانی** و کوردەکان بۆ جیابوونەوە لە پشت بڕیارەکەی ئێمەوەیە بۆ وەدەرنانی *پارتی* لە بەرەکە. **فەکیکی** ڕاشکاوانە دان بەوە دەنێت کە "دیدی ئێمە بەرانبەر بە کوردەکان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ وەلانانی *پارتی*، بەڵام ئێمە بڵاومان کردەوە کە مەیلی جوداییخوازیی *بارزانی* و کوردەکان لە پشت بڕیارەکەی ئێمەوەیە بۆ دوورخستنەوەی *پارتی*" (الفکیکی ١٩٩٣: ٧٦).

ئەم ڕووداو و پێشهات و هەڵوێستانە ئەوە پیشان دەدەن کە لەو وێستگەیەی مێژووی *عێراق* تەنانەت بوونی دوژمنێکی هاوبەشیش، کافی نەبوو بۆ لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنی ناسیونالیستە کوردەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان. ئەوەی کە ناسیونالیستە عەرەبەکانی ناو حزبی *بەعس* و حزبی *ئیستیقلال*ی لە عێراقچییە نیشتمانپەروەرەکانی ناو ڕیزەکانی حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی*ی لێک نزیک کردبووەوە، هەست و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان و هاوشوناسیی عێراقیبوون نەبوو، بەڵکو ئارەزوویان بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنێکی هاوبەش بوو. لەبەر ئەوە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە ئامانجەکانی *بەرەی یەکێتیی نیشتمانی* داوای چاکسازی و گۆڕانکاریی لە ناو *عێراق*دا دەکرد، کەچی سەرنجی سەرەکیی بەرەکە لەسەر ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی بوو.

### ناهاوسەنگی لە دەسەڵات و سیاسەتە سیاسییە-کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت

لە کاتی گەیشتنی بەریتانییەکان بە ناوچەکە و دامەزراندنی *دەوڵەتی عێراق*ەوە و بە درێژایی سەردەمی پادشایەتی، حکومە*تی عێراق* و دەسەڵاتدارە بەریتانییەکان پشتیوانییان لە بونیاد و داڕشتەی خێڵەکی دەکرد و بەکاریشیان دەهێنا بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان و ئاساییش، لە ناوچە عەشایەرییەکان و سەپاندنی یاسا و سیستەم. ئەم سیاسەتە کاریگەرییەکی

نەرێنیی لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و دروستبوونی شوناسێکی عێراقیی گشگیر هەبوو، چونکە ڕاگرتن و بەهێزکردنی بونیادە خێڵەکییەکان ڕێگر و بەربەست بوون لە بەردەم گەشەکردنی هەست و سۆز و دڵسۆزی و ئینتیما بۆ دەوڵەت، واتە بۆ *عێراق*. لە دێهاتەکانی *عێراق* پەیوەندیی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە (State Society Relation) ڕاستەوخۆ نەبوو، بەڵکو پەیوەندییەکە لەمیانی سەرۆکعەشیرەت و خاوەن زەوییەکانەوە بوو، کە نەک هەر لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتدار بوون، بەڵکو لە پەرلەمان و حکومەتیش دەستڕۆیشتوو بوون. لە سەردەمی حوکمی **مەلیک فەیسەڵ** (١٩٢١-١٩٣٣)، سەرۆکعەشیرەتەکان و نوێنەرەکانیان ١٥% تا ٢٠%ی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەر کەوتبوو. لە چلەکان و پەنجاکاندا ئەم ڕێژەیە بەرز بووەوە بۆ ٣٧% (Batatu 2004: 103). هاوکات جوتیاران، کە زیاتر لە ٦٠%ی ژمارەی دانیشتوانی *عێراق*یان پێک دەهێنا، بەردەوام لە لایەن سەرۆکعەشیرەتەکان و خاوەن زەوییەکان دەچەوسێندرانەوە، ئەمەش نامۆیی زۆرینەی دانیشتوانی *عێراقی* لێ کەوتبووەوە و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەشی زۆر لاواز کردبوو.

کێشەیەکی دیکەی سیاسیی-کۆمەڵایەتی کە بەرۆکی کۆمەڵگەی *عێراقی* گرتبوو، پرسی هاوسەنگیی دەسەڵات بوو لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق*. لە دوای دروستکردنی *دەوڵەتی عێراق*، سوننەکان، کە زۆرینەی هەرە زۆری دەستەبژێرە باڵادەستەکەیان پێک دەهێنا، بەگشتی دژایەتیی هەڵبژاردنی ئازادانە و یەکسانانەیان دەکرد و دەستکاریی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد، بە مەبەستی هێشتنەوە و پاراستنی پێگە سیاسییە زاڵەکەیان. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٥٨، لە *عێراق*دا ١٦ هەڵبژاردن ئەنجام درا، بەڵام هیچ کامیان ناکرێت وەک هەڵبژاردنێکی ئازاد پەسن بکرێت. لەو ٥٩ کابینەیەی کە لە ١٩٢١ تا ١٩٥٨ لە عێراق پێک هێنرا، ٥٣یان لە لایەن سوننەکانەوە سەرکردایەتی دەکران و زۆرینەی وەزارەتەکانیش هەر بە سوننەکان پڕ دەکرانەوە. لە هەمان ماوەدا، واتە لە ٣٧ ساڵی پادشایەتیدا، سەرەڕای ئەوەی کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتوان بوون، کەچی تەنیا پێنج جار حکومەتیان پێک هێنابوو. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە بەو پێنج جارە، تەنیا ساڵێک و

١٠ مانگ حکومڕانییان کردبوو، کەچی سوننەکان لەو ٣٧ ساڵە ٣٥ ساڵ و چەند مانگێک حوکمڕانییان کرد (الحسنی ١٩٨٨، ج١-٣؛ الحسنی ١٩٨٢: ج٤-١٠؛ الازری ١٩٩١: ١٠٦-١٢٥). پشکی کوردەکان لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەکان هەر زۆر کەم بوو، لەو ماوەیەدا یەک کابینە لە لایەن کوردێک بە ناوی **ئەحمەد موختار بابان**ەوە پێک هات، کە کەمتر لە دوو مانگ حوکمی کرد.[1] لە پەرلەماندا کوردەکان پشکیان باشتر بوو، کەچی پشکی شیعەکان ٢٨% تا ٤٣% لە باشترین حاڵەتدا تێپەڕی نەدەکرد. ئەمەش بە بەراورد بە ڕێژەیان لە دانیشتوانی *عێراق*دا کە ٥٥% تێپەڕی دەکرد، زۆر کەمە. ئەم ناهاوسەنگییە لە دەسەڵات و لە پەرلەمان، بێجگە لە هۆکار و سیاسەتەکانی دیکەی حکومەت کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، شیعەکان و کوردەکانی نامۆ و پەراوێز کردبوو.

تەگەرەیەکی دیکە لە پێش پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، پەیوەندیی نێوان سیاسەت و ئایین بوو، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشایەتی، بەڵام کاریگەرییە گەورەکانی لە دەیەکانی دواتر دەرکەوت (بڕوانە بەشی شەشەم حەوتەم و هەشتەم). لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، کاتێک بزاڤی چەپڕەوی بەگشتی و بیرۆکە کۆمۆنیستییەکان و سۆشیالستییەکان تەوژمیان سەندبوو و گەیشتبوون بە هەموو کون و قوژبنێکی وڵات، حکومەتی بەریتانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی *عێراق* بۆیان دەرکەوتبوو کە سەرکەوتن لەو شەڕەی لە دژی *حزبی شیوعی* دەستیان دابوویە، بە کەڵکوەرگرتن لە هۆکارە باوە سوننەتییەکان، وەک ڕاوەدوونان و گرتن و لەسێدارەدان، کافی نییە بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەی کۆمۆنیزم. بۆیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٣، باڵوێزی بەریتانی لە *عێراق* پێشنیازی کەڵکوەرگرتن لە ئایینی کرد و وەک دەستپێشخەرییەک پەیوەندیی

---

[1]. ئەوەی ڕاستی بێت کەم کەس دەیانزانی کە **ئەحمەد موختار بابان**، سەرۆکوەزیرانە، چونکە لەو کاتە **نووری سەعید** لە پشتی پەردەوە دەسەڵاتداری یەکەم بوو، هەر بۆیەش کە کودەتاکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کرا، لەبری ئەو، خەڵک و ئەفسەرەکان بەدوای **نووری سەعید** دەگەڕان. دوای دەستگیرکردنی، وەک کاربەدەستەکانی دیکە لە سێدارە نەدرا و دواتریش لە زیندانیش ئازاد کرا.

به گەورەمەرجەعی شیعەکان، **کاشف غەتا** کرد. دواتر **کاشف غەتا** ڕای گەیاند کە گفتوگۆ و قسەیان لەسەر پرسی دوژمنە هاوبەشەکەیان، کۆمۆنیزم، کردووە (Batatu 2003: 694). ئەمە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە دانپێدانان بە ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە سیاسەتدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بێنینەوە بیر خۆمان، کە بەریتانییەکان لە سەرەتادا بە توندی ڕووبەڕووی پیاوانی ئایینیی شیعە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ بوونەوە و دواتریش هەندێکیان شاربەدەر کردن. بەمەش تا ڕادەیەک ڕۆڵی پیاوانی ئایینیی شیعەیان سنووردار کردبوو. کێشەی تێکەڵکردنی سیاسەت و ئایین لە *عێراق* ڕەهەندی دیکەی هەیە، کە پەیوەستە بە پێکهاتەی ئایینیی کۆمەڵگەی عێراقی. *عێراق* بۆ خۆی لەسەر هێڵە مەزهەبییەکان دابەش بووە، بۆیە هێنانی ئایینی *ئیسلام* بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسی، خەتەری لێکترازانی کۆمەڵگەکەی تێدایە (بڕوانە بەشەکانی شەشەم و حەوتەم).

### شوناس و ئامێزانی نیشتمانی لە سەردەمی پادشایەتیدا

سەردەمی پادشایەتی ئەو قۆناغە بوو کە *عێراق* وەک دەوڵەت و وەک کۆمەڵگە تێیدا فۆڕمی خۆی وەرگرت؛ دروستبوونی دەوڵەتەکە و پڕۆسەکانی مۆدێرنەتە و دامەزراندنی سیستەمی پەروەردە و تەواوی دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەت و گەشەی ئابووری و کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هەموویان بەسەر یەکەوە، وەک لەم بەشەدا باس کران، بوون بە مایەی سەرهەڵدانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی. پڕۆسەیەک کە بوو بە مایەی لەدایکبوونی شوناسێکی نوێ بۆ ئەو خەڵکەی کە کەوتبوونە چوارچێوەی جوگرافیای دەوڵەتەکە، کە ئەویش شوناسی عێراقیبوون بوو. دامەزراندنی دەوڵەتەکە بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش نیشتمانپەروەریی عێراقی (الوطنية العراقية) بوو. ئەمانە چەند ڕاستییەکن کە هەندێک توێژەر و ئەکادیمی دانی پێدانانێن و هەندێکی دیکەش زیاد لە پێویست قەبەیان کردووە، وەک ئەوەی کە ئەم شوناسە نوێیە بە تەواوی بووبێتە جێگرەوەی شوناسە لۆکاڵەکان. لە بەشەکانی داهاتوودا، زیاتر لەسەر ئەم پرسە دەوەستین، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە

ئەو ئارگیومێنتەی کە دەڵێت ناسیونالیزمی عێراقی، واتە بزاڤی نیشتمانپەروەریی عێراقی، لە سەردەمی پادشایەتیدا هێڵەکانی نەتەوەیی و مەزهەبیی تێپەڕاند (Davis 2005b: 232)، ئەوە تەواوی ڕاستییەکان لەخۆ ناگرێت. ئەمە لەبەر کۆمەڵێک هۆ، کە بەشی هەرە زۆری لەم بەشەدا ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی کە بە قۆناغی زێڕین لە سەردەمی پادشایەتی ناوزەند دەکرێت و ئەکادیمیی وەک **ئێریک دەیڤیس** بە نموونە دەیهێننەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێ دەکات، ئەو کاتەی کە پارتە سیاسییەکان مۆڵەتیان تێدا وەرگرت و لە ساڵی ١٩٥٤ کۆتایی پێ دێت، کە پارتەکانی تێدا قەدەغە کرا، هەمووی لە هەشت ساڵ تێپەڕ ناکات. لە ساڵی ١٩٥٤ بەدواوە، سیستەمی حوکمڕانی لە *عێراق* ببوو بە جۆرێک لە دیکتاتۆری، کە **نووری سەعید**، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ، لە ژێر پەردەی دیموکراسییەوە ببوو بە تاکە حوکمڕان. ئەندامبوون لە پەرلەمان لە ساڵی ١٩٥٤ بەدواوە بنەمای لەسەر تەزکییە و خزمخزمێنە و دۆستایەتیی ئەو دانابوو (بڕوانە الحسنی ١٩٨٢: ج٩، ١٥٩-١٦٠؛ العكام ١٩٨٦: ٣٠٤).

هەرچۆنێک بێت، چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی *عێراقی* دوای پادشایەتی، خاڵە ئەرێنی و جوانەکانی ئەو قۆناغە چاکتر دەردەخەن، ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵێک ئەکادیمی و توێژەر ئەو قۆناغە وەک مۆدێلێک بۆ *عێراق* وێنا بکەن کە بکرێت بە بنەما بۆ دوارۆژی ئەو وڵاتە. ئەم ئارگیومێنتەش ڕاستیی تێدایە، بەڵام تەنیا کە بەراورد دەکرێت بە ساڵانی دوای خۆی. بەگشتی لەو قۆناغەدا جۆرێک لە کرانەوەی سیاسی هەبوو، هاوکات بنەماڵە و دەزگای پادشایەتی بە هاوکاریی **نووری سەعید** وەک کۆڵەگەی سەرەکی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان، تا ڕادەیەک توانیبوویان مامەڵەیەک لەگەڵ جیاوازییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق* بە کەڵکوەرگرتن لە ئامڕازە سوننەتییەکان بکەن، ئەویش بە دان و بەخشینی پلە و پۆست و پایە بۆ ڕازیکردنی سەرۆکعەشیرەت و بنەماڵە و کەسایەتییە ناودارەکانی *عێراق*، هەم لە شارەکان و هەم لە دێهاتەکان. سەرەڕای ئەمانە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان بەدواوە، دەنگە ناڕازییەکان و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە دژی

سیستەمی پادشایەتی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە و بەهێزبووندا بوو. لە بەرانبەردا ڕژێمی پادشـایەتی وردەوردە فەزای سیاسـیی تەسـک دەکردەوە، ئەویش بە بەکارهێنـانی زەبروزەنـگ و پـۆلیس لە چارەسـەرکردنی پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان. ئەمـانە و ڕێککەوتنـی ئۆپۆزسـیۆن کە لە حزبـی *شیوعی* و حزبی *بەعس* و حزبی *وەتەنـی* و حزبـی *ئیستیقلال* پێک هـاتبوو، لە بەرەیەکدا و بڕیاردانیان بۆ پشتیوانیکردن لە *ئەفسەرە ئازادەکانی* ناو سـوپا، ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ زامنکردنـی پـشتیوانیی جەمـاوەری لەو جـووڵەیەی کە ئەفـسـەرانی ئـازاد و سـوپا لە ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ لە دژی سیـستەمی پادشـایەتی ئەنجامیـان دا. لە بەشـەکانی داهـاتوو بـاس لە کـاریگەری و ڕەهەندەکان و کاردانەوەکانی هاتنەسەرحوکمی سوپا لەسەر شوناسی عێراق و پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی دەکرێت.

# بەشی پێنجەم
# شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی

لە کۆتایی پەنجاکاندا، تورەیی و نارەزایی خەڵک لە سیاسەتە سەرکوتکەرییەکانی حکومەت و هاوکاری و نزیکبوونەوەی لە هێز و وڵاتە ئیمپریالیستییەکان، گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز. یاساغکردنی پارتە سیاسییەکان و چالاکییە مەدەنییەکان لە ساڵی ١٩٥٤دا، لەگەڵ واژۆکردنی پەیماننامەی *بەغداد* لە ساڵی ١٩٥٥،[1] هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر و خەڵک و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بێئومێد و بێزار کرد. پێش ئەمانەش، لە کۆتایی چلەکان، لە ئاکامی شکستی عەرەبەکان لە *فەلەستین* و دۆڕانیان لە شەڕەکانیان لەگەڵ *ئیسرائیل*، هەستکردن بە زەبوونی و شەرمەزاری، باڵی کێشابوو بەسەر دونیای عەرەبی. ئەمانە و ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، ببوون بە مایەی ڕادیکاڵبوونی ئەفسەرەکانی سوپا و ئارەزووی دەستتێوەردانیان لەکاروبارە سیاسییەکان لە هەڵکشاندا بوو. لە کۆتایی پەنجاکاندا بەشێکی زۆر لە ئەفسەرەکانی سوپا، گەیشتبوونە ئەو

[1]. ئامانج لە *پەیماننامەی بەغداد*، کە بە پشتیوانیی *بەریتانیا* لە نێوان *عێراق* و *تورکیا* و *ئێران* و *پاکستان* واژۆ کردبوو، هاوکاریکردنی یەکدی بوو لە بوارەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری، بە مەبەستی بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیزم و سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ناوچەکە.

باوەڕەکە تاکە ڕێگەیەک بۆ وەلاتانی دەسەڵاتی *بەریتانیا* و ڕژێمە گوێڕایەڵەکەی، کودەتای سەربازییە (Taheri 2003: 158; Hashim 2003: 31). ئەم تێگەیشتنە زیادبوونی چالاکییەکانی *ئەفسەرە ئازادەکانی* لە ناو سوپا لێ کەوتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە گڵۆپی سەوزیان لە لایەن **جەمال عەبدولناسر** بۆ هەڵکرا، کە بەڵێنی پشتیوانیلێکردنی پێ دان لە حاڵەتی جووڵەکردنیان لە دژی دەسەڵات. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٦، *ئەفسەرە ئازادەکان* لیژنەیەکیان دروست کرد بۆ خۆڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ کودەتا.[1]

پێش کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٨، ژمارەی ئەندامە ڕێکخراوەکانی *ئەفسەرە ئازادەکان* خۆی لە ٢٠٠ ئەفسەری پلەبەرز دەدا. هاوکات *بەرەی یەکێتیی نیشتمانی*، کە پارتە سیاسییەکان پێکیان هێنابوو، پشتیوانیی خۆیان بۆ *ئەفسەرە ئازادەکان* ڕاگەیاندبوو (Batatu 2004: 104-105, 783). لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، دوو کەس لە *ئەفسەرە ئازادەکان*، **عەبدولکەریم قاسم** و **عەبدولسەلام عارف**،[2] بە کەڵکوەرگرتن لە تێپەڕبوونی ئەو یەکینە سەربازییانەی کە سەرکردایەتییان دەکرد بە ناو *بەغداد*، هێرشیان کردە سەر کۆشکی پادشایەتی و دامودەزگا سەرەکییەکانی ڕژێم و *ڕادیۆی بەغداد*، لە چەند سەعاتێکدا حکومەت و **مەلیک**یان لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە. بەمەش لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسیی *عێراقی* هاوچەرخ هەڵدرایەوە و بوو بە

---

[1]. لیژنەکەی *ئەفسەرە ئازادەکان* پێک هاتبوو لە **عەبدولکەریم قاسم** (باوکی سوننە و دایکی کوردی-فەیلیی شیعە بوو)، **نەجم تالب** و **موحسین حسێن حبیب** (شیعە)، لەگەڵ **موحیەدین عەبدولحەمید، ڕەجەب عەبدولمەجید، عەبدولوەهاب ئەمین، عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف، تاهیر یەحیا، ڕەفعەت حاج سڕی، عەبدولکەریم فرحان، محەمەد سەبع، وەسفی تاهیر، سەبیح عەلی غالب** و **عەبدولوەهاب شەواف** (سوننە بوون) (Batatu 2004: 777-783).

[2]. **عەبدولکەریم قاسم** (١٩١٤-١٩٥٨)، لە شارۆچکەی *سوێرە* لە نزیک *بەغداد* لەدایک ببوو. *کۆلێجی سەربازیی* لە ساڵی ١٩٤١ تەواو کردبوو و لە ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەی *ئەفسەرە ئازادەکان*ەوە کردبوو. **عەبدولسەلام عارف** (١٩٢١-١٩٦٦) لە خێزانێکی هەژاری سوننەی *بەغداد* لەدایک ببوو، کە پەیوەندیی عەشایەرییان بە خێڵەکانی *ڕومادی*یەوە هەبوو. *کۆلێجی سەربازیی* لە ساڵی ١٩٤١ تەواو کردبوو و لە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندیی بە *ئەفسەرە ئازادەکان*ەوە کردبوو.

دەستپێکی قۆناغێکی نوێ، قۆناغی کۆماری. کودەتاکە پشتیوانییەکی بەربڵاوی لە لایەن خەڵکەوە لێ کرا و لە لایەن توێژەر و مێژوونووسان وەک "شۆڕش" ناوزەند کراوە. شۆڕشەکە سیستەمی پادشایەتیی ڕووخاند و کۆتایی بە قەڵەمڕەویی دوژمنە هاوبەشەکە، *بەریتانیا*، لە *عێراق* هێنا.

**نیشتمانپەروەرەکان لە ترۆپکی دەسەڵات: سەردەمی قاسم**

لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، **عەبدولسەلام عارف** لەسەر ڕادیۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەی/کودەتاکەی ڕاگەیاند. **عەبدولکەریم قاسم**، کە لە باوکێکی سوننە و دایکێکی کوردی-فەیلی بوو، بوو بە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران، هاوکارەکەشی **عەبدولسەلام عارف**، کە سوننەیەکی *بەغداد* و بە بنەڕەت فەلوجەیی بوو، کرا بە جێگری سەرۆککۆمار. ئەو بەیاننامەیەی کە **عارف** لەسەر ڕادیۆ خوێندییەوە، جەختی لەسەر هەست و بیرۆکە نیشتمانییەکان (وطنية) نەک سۆز و خەونە نەتەوەییەکان (القومية العربية) دەکرد.[1] حکومەتێکی نوێ پێک هێنرا، کە لە لایەن *ئەنجوومەنی سەروەری* (*مجلس سيادة*)، کە بە ئەرکەکانی سەرۆککۆمار هەڵدەستا، چاودێری دەکرا. ئەنجوومەنەکە لە سێ کەس پێک هاتبوو کە نوێنەرایەتیی سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی عێراقییان دەکرد، کورد و شیعە و سوننە.[2] فرەیی کۆمەڵگەی عێراقی لە پێکهاتەی یەکەم کابینەش ڕەنگی دابووەوە، کە لە شەش سوننە و پێنج شیعە و چوار کورد پێک هاتبوو.

دەستوورێکی نوێ بە پەلەپەل نووسرایەوە و جێگەی دەستوورەکەی ساڵی ١٩٢٥ی گرتەوە.[3] مادەی دووی دەستوورە کاتییەکە، *عێراقی* وەک "بەشێک لە ئوممەی عەرەبی" ناساند و لە مادەی سێیەمیش "عەرەب و

---

[1]. بۆ دەقی تەواوی بەیاننامەکە تەماشای (الحسني ١٩٨٢: ج١٠، ٣١٦-٣١٧).

[2]. *ئەنجوومەنی سەروەری* لەم سێ کەسە پێک هاتبوو: **محەمەد مەهدی کوبە** سەرۆکی حزبی *ئیستیقلال*، کە شیعە بوو، **خالید نەقشبەندی**، کۆنەئەفسەرێکی کورد بوو، لەگەڵ **نەجیب ڕوبەیعی**، کە ئەفسەرێکی سوننە بوو.

[3]. دەستووره نوێکە لە ٢٧ی تەموزی ١٩٥٧ کاری پێ کرا. بۆ دەقی تەواوی دەستورەکە تەماشای (الحسني ١٩٨٢: ج١٠، ٣٢٥-٣٢٨) بکە.

کوردی هاوبەش لەم نیشتمانە" ڕاگەیاند. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی *عێراقی* هاوچەرخ، کە بوونی کورد یان مافەکانی، بخزێنرێتە ناو دەستوور. سەرەڕای ئەوەی کە دەستوورەکەی سەردەمی پادشایەتی لە مادەی دووەمیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە "نابێت جیاکاری بە بنەما لەسەر جیاوازییەکان، زمان، نەتەوە یان ئایین، لە نێوان عێراقییەکاندا لە پێش یاسادا بکرێت"، بەڵام ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە کورد بە ناو وەک دەستووره نوێکە نەکردبوو.

باکگراوند و ڕەچەڵەکی **قاسم**، لەوانەیە کاریگەریی هەبووبێت لەسەر دید و تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی بۆ فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبی و ئامێزانی نیشتمانی و شوناسی *عێراق*. ئەو زۆر گرنگیی بە پرسە ئایینییەکان نەدەدا، لانیکەم کەمتر لەوانەی کە دوای ئەو هاتنە سەر حوکم (وەک **عارف**). لەوە دەچێت **قاسم** تا ڕادەیەکی چاک درکی بە سروشتی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵگەی *عێراق* کردبێت. وەک دەرئەنجامێکی ئەو تێگەیشتنە، کوردەکان و شیعەکان زیاتر و چاکتر لە جاران لە حکومەت و دامودەزگاکانیدا نوێنەرایەتی دەکران. کابینەی یەکەمی حکومەت، تا ڕادەیەکی چاک هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکانی ڕاگرتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر زوو کار و کردەوە و پراکتیزە کۆنەکان سەریان هەڵدایەوە. ئەوە بوو لە کابینەی دووەم کە لە شوباتی ١٩٥٩، واتە حەوت مانگ دوای شۆڕش پێک هات، تەنیا شەش وەزارەت لە کۆی ١٤ وەزارەتدا بۆ کورد و شیعە بەسەر یەکەوە تەرخان کرابوو (Batatu 2004: 812, 844).

### ململانێی نیشتمانپەروەرەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان

لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشەکە خەڵک هەموو بە شەوقەوە، سەر بە هەر نەتەوەو مەزهەب و ڕەوتێکی سیاسییەوە بووبن، لە دەوری دروشمەکانی ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانەوە/کودەتاچییەکانەوە گرد ببوونەوە و گڕیان دەخوارد و گڕیان گرتبوو. دروشمەکان زیاتر دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرە ناوخۆکانی بوون. ئەم دیمەنانە یەکگرتوییەکی ڕووکەشانەی گەلی *عێراق*یان پیشان دەدا. ئەم دەرکەوتانە وای لە هەندێک ئەکادیمی، لەوانە **ئەندریس ویم**

کردووه، که پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە گوایە لە سەردەمی **قاسم**دا دابەشبوونە سەرەکییە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی بوون، نەک نەتەوەیی و مەزهەبی، ئەو دەڵێت ئایدیۆلۆجیاکان تخووبەکانی پێکهاتەکانیان تێپەڕاندبوو، هاوکات، هاوخەباتی و کۆکبوون لەسەر چارەنووس و دواڕۆژی گەلی *عێراق*، پێکهاتەکانی کۆ کردبۆوەوە (Wimmer). چاولێکردنێکی نزیک لە پێشهات و ڕووداوەکانی ئەوکات، ئەوەمان پیشان دەدەن کە لێک نزیکبوونەوەکەی عێراقییەکان لە دەوری دروشم و ئاڕاستەکانی شۆڕشەکەی ١٤ی تەمووز وروژانێک و دڵخۆشییەکی کاتی بوون زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، کە لە ئاکامی لەسەرتەختلادانی دوژمنە هاوبەشەکە، *بەریتانیا* و حکومەتە دەسکەمۆکەی، هاتبوونە پێش. لەبەر ئەوە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە دەبینین گرژی و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان پەیدا دەبنەوە، هەڵبەتە ئەم جارە زۆر لە جاران خوێناویتر.

یەکەم درز لە ڕووی "یەکگرتنە" نیشتمانییەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو گفتوگۆیانە دەرکەوت کە لەسەر پرۆژەی یەکگرتنی وڵاتە عەرەبییەکان دەکرا. ئەو دابەشبوونەی کە پەیدابوو دوو کارەکتەری هەبوو: یەکەم، دابەشبوونەکە دیاردەیەکی نوێ نەبوو، بەڵکو درێژکراوەی هەمان ئەو دابەشبوونانە بوون کە لە سەردەمی پادشایەتی بوونیان هەبوو. دووەم، درزەکە بەس لە نێوان سەرکردەکانی شۆڕش نەبوو، بەڵکو شۆڕ ببووەوە بۆ ناو جەماوەر بەگشتی. پاڵنەر و هۆکاری سەرەکی لە پشت دروستبوونی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی، کە لە حزبەکانی *بەعس* و *ئیستیقلال* وەک نوێنەرانی کامپی ناسیونالیزمی عەرەبی و حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی* وەک نوێنەری کامپی نیشتمانپەروەران پێک هاتبوو، هاوخەباتی و هاودیدی لە دژی دوژمنێکی هاوبەش، ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی، بوون. بە دوورخستنەوەی ئیمپریالیزم و لەسەرتەختلادانی نۆکەرەکان، ئیدی پاڵنەرەکەش بووە بڵقی سەر ئاو، ئەمەش یەکگرتنە ڕووکەشییانەکەی هەڵوەشاندەوە.

کۆمەڵگەی عێراقی، وەک پێشووتر، بەگشتی بەسەر سێ کامپدا دابەش ببوو: نیشتمانپەروەرەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان لە سەنتەر و ناسیونالیستە کوردەکان لە پەرگە. ڕەوتی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە

سەردەمی **قاسم** پێک هاتبوو لە حزبی *بەعس* و حزبی *ئیستیقلال* لەگەڵ ناسڕییەکان، کە پشتیوانییان لە **عەبدولسەلام عارف** دەکرد. لەو لاشەوە کامپی نیشتمانپەروەرەکان پێک هاتبوو لە حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی*، کە پشتیوانییان لە **عەبدولکەریم قاسم** دەکرد. ڕۆڵ و کاریگەریی شیوعییەکان لەسەر شەقام و دەسەڵات دوای شۆڕش، بە بەراورد لەگەڵ حزبی *وەتەنی* زۆر زیاتر بوو. لە ڕاستیدا ڕۆژی حزبی *وەتەنی* لە دوای شۆڕشەکە لە ئاوابوون بوو.

**قاسم** پەرۆشییەکی ئەوتۆی بۆ نزیکبوونەوە و یەکگرتن لەگەڵ *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو* (*الجمهورية العربية المتحدة*)، کە تازە لە نێوان *سووریا* و *میسر*ِ دامەزرابوو، نەبوو.[1] هاوشانی سەرکردەکانی حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی* و *پارتی*، **قاسم** باوەڕی بە ڕیفۆرمی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەبوو لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتی عێراقیدا. ئەو هەویای دروستکردن و گەشەپێدانی شوناسێکی جودا و سەربەخۆ بوو بۆ *عێراق*، نەک تواندنەوەی لە ناو نەتەوە و نیشتمانی عەرەبدا. بۆ سەرکردەکانی ئەم کامپە، *پارتی* لێ دەربچێت، هەر تێکەڵبوونێک یان یەکگرتنێک لەگەڵ *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو* مەرجدار کرابوو بە پارێزگاریکردن لە سەروەریی *عێراق* و شوناسەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتنیان بە تەواوی لە هزر و بیری خۆیان وەدەر نەنابوو، بەڵام ئەو یەکگرتنەیان قبووڵ نەبوو، کە بنەمای لەسەر ئەو مەرجانە دادەنا کە لە لایەن ناسیونالیستە عەرەبەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، کە داوای یەکگرتنێکی فەوری و بێقەیدوشەرتیان دەکرد. **قاسم** و هاوبیرەکانی لە کامپی نیشتمانپەروەران پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵییان دەکرد لە نێوان وڵاتە عەرەبە ئازادەکان (Haj 1997: 113).

بە پێچەوانەوە **عەبدولسەلام عارف**، وەک موریدێکی **ناسر**، پێداگری لەسەر تواندنەوەی شوناسی عێراق لە قازانی شوناسی عەرەبیدا دەکرد، کە لەو ئانوساتەدا لە ڕووی سیاسییەوە خۆی لە یەکێتیی نەتەوە و نیشتمانی عەرەب

---

[1]. *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو* دەوڵەتێکی یەکگرتوو بوو لە یەکێتیی *میسر*ِ و *سووریا* لە شوباتی ١٩٥٨ دامەزرا. لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، دوای ئەوەی کە *سووریا* خۆی کێشایەوە، هەڵوەشایەوە.

دەردەبڕی و پیشان دەدا. لە گوتارە جەماوەرییە حەماسییەکانیدا، **عارف** وەک "پاڵەوان" و "ڕزگارکەرە مەزنەکە" ناوی **ناسڕی** دەهێنا. هاوارەکانی **عارف** بۆ یەکگرتن لەگەڵ *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو* لەو گوتارەی کە لە ١٧ی ئاب، مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش خوێندیەوە، گەیشتە ترۆپک، کاتێک گوتی "*کۆماری عێراق* بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و هەردووکیان "یەک ئامانج و یەک نیشتمان و یەک کۆمار و یەک نەتەوە و یەک پرەنسیپ و یەک حزبی سیاسییان هەیە کە حزبی خودایە، ئەویش هەمیشە سەرکەوتووە" ( Batatu 2004: 817).

هەندێک ئەکادیمی و توێژەر پێیان وایە کە گرژی و ململانێکانی نێوان **قاسم** و **عارف** چەقیان لەسەر بەرزخوازییە کەسییەکان و دیدە جیاوازەکانیان دانابوو (بڕوانە Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 51; Tripp 2002: 153). ئەوان دەڵێن لەبەر بەرزخوازییەکانیان بوو کە هەردووکیان ڕۆڵی خۆیان لە هێرشکردنە سەر *بەغداد* و ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی قەبە دەکرد و ڕۆڵی ئەوی دیکەیان بچووک دەکرد. ئەو دەنگەدەنگ و خۆلێکگیڤکردنەوەیە زۆر لەوە قووڵتر بوو کە ئەو ئەکادیمییانە ئاماژەیان پێ کردوە. لە ڕاستیدا پرسی شوناسی *عێراق* جەوهەری کێشە و ململانێ و ناتەباییەکانی پێک دەهێنا، نەک هەر لە نێوان **قاسم** و **عارف**، بەڵکو لە نێوان حزب و ئاڕاستە سیاسییەکان و خەڵکە ڕەشۆکییەکەش. پرسی ئەوەی کە داخۆ *عێراق* دەبێت ببێت بە دەوڵەت-نەتەوەیەک کە سنوورە جوگرافییەکانی چوارچێوەکانی دەوڵەتەکە پێک بهێنێت، یان ئەوەتا عێراق بتاوێنرێتەوە و بکرێت بە بەشێک لە دونیا و خاک و نەتەوەی عەرەب، جەوهەری ململانێکانی پێک دەهێنا، هەر لە سەرەوە تا خوارەوە. لەوانەیە هەندێک لە بەرژەوەندییە کەسییەکانی **قاسم** هۆکاری ڕەتکردنەوەی پرۆژەی یەکگرتن بووبن لەگەڵ *میسڕ* و *سووریا*، چونکە ئەگەر یەکگرتن سەری بگرتایە ئەوە **قاسم** لە کەسی یەکەم لە *عێراق* دەبوو بە کەسی دووەم لە *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو*، ئەگەر نەڵێین سێیەم، لەبەر ئەوەی ناسراوی و جەماوەریی **ناسڕ** سنوورەکانی *میسڕی* تێپەڕاندبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە و بۆ ئەوەی کە کاریزما و گوتار و گوتارەکانی **ناسڕ** کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر شەقامی

عەرەبی هەبوو. بۆیە لە هەر یەکگرتنێک ئەو بە کەسی یەکەم دەمایەوە و **قاسم**یش دووەم. **قاسم** پێی وابوو کە پێگەی *عێراق* ئەگەر یەکسان بە *میسر*، نەبێت ئەوە هیچی لەو کەمتر نییە، بۆیە دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لە نێوانیاندا بکرێت. ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی **عارف** بوو، کە *ناسری* وەک براگەورە دانابوو و ئەوی وەک ڕابەرێکی بێڕکابەر لە دونیای عەرەب، بە *عێراق*یشەوە، قبووڵ بوو. سەرەڕای ئەمە، وەک ئاماژەی پێ کرا، پرسە سەرەکییەکە شوناسی *عێراق* بوو. نیشتمانپەروەرەکان سەرنجیان لەسەر *عێراق*ێک بوو کە تێیدا هەر پێکهاتەیەک ڕۆڵی خۆی ببینێت، کەچی خەمی ناسیونالیستە عەرەبەکان ئاوێتەکردنی *عێراق* بوو لە قەوارەیەکی سیاسیی عەرەبیی گەورەتر لە خۆی.

کاتێک بەعسییەکان و شیوعییەکان قورسایی خۆیان بە تەواوی خستە ناو گفتوگۆکان، ئیدی ململانێکان ئاڕاستەیەکی دیکەیان وەرگرت. لە تشرینی یەکەم، **قاسم** لە *گۆڕەپانی کەشافەی بەغداد* گوتارێکی خوێندەوە، کە ژمارەیەکی زۆر شیوعی و بەعسیی ئامادەی ببوون. **هانی فەکیکی**، بەعسییەکی ئامادەبوو لە بۆنەکە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت هەر کە ئێمە، بەعسییەکان، دەستمان کرد بە خوێندنەوە و هوتافلێدان و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی یەکگرتنی عەرەبی، ئەوەندەمان زانی لە هەموو لایەکەوە لە لایەن شیوعییەکانەوە هێرشمان کرایە سەرو لێیان داین و بڵاوەیان پێ کردین (الفکیکی ١٩٩٣: ٨٩). لە درێژەی گێڕانەوەکان، **فەکیکی** دەڵێت شیوعییەکان ئێمەیان بە نازییەکان و فاشیستەکان دەچواند و وەک پاشماوەکانی ڕژێمی پادشایەتی ناویان دەبردین. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ڕێوڕەسمەی *گۆڕەپانی کەشافە* لە لایەن بەرەی *یەکێتیی نیشتمانی*، کە هەم شیوعییەکان و هەم بەعسییەکان ئەندامی سەرەکی بوون تێیدا، ئامادەیی بۆ کرابوو، کەچی لە غیابی دیدگا و تێگەیشتنێکی هاوبەش، دوای *شۆڕشی ١٤ی تەمووز*، ئیدی بەرەکە توانای بەڕێوەبردنی بۆنەیەکی جەماوەریشی نەمابوو. وەک لە بەشی پێشووتر ئاماژەی پێ کرا، پاڵنەری سەرەکیی لێکنزیکبوونەوەی حزبی *بەعس* و حزبی *شیوعی* لە سەردەمی پادشایەتی، بوونی دوژمنێکی هاوبەش بوو، "ئیمپریالیزم و ڕژێمە نۆکەرەکەی". لەگەڵ ونبوون و ڕووخانی

دوژمنە هاوبەشەکە، لەوە دەچێت شتێک نەمابووبێت کە شیوعییەکان و بەعسییەکان لەسەری کۆک بن، هەر بۆیەش ئەو بەرەیەی لەو سەردەمە پێکیان هێنابوو، زوو بوو بە مێژوو. بەمەش بەربەرەکانی و جیاوازییە کۆنەکان لە نێوان پاڵەوانە ئایدۆلۆگەکان (Ideologs) سەریان هەڵدایەوە و هەڕەشە و هێرش و پەرچەکردار بوون بە ڕووداوی ڕۆژانە لەسەر شەقامەکانی *عێراق*.

لە ٢٤ی تەمووز، **میشێل عەفلەق**، دامەزرێنەری *بەعس*، لە *سووریا*وە هاتە *بەغداد* بۆ پشتیوانیکردن لە هاوڕێ بەعسییەکانی. لە گوتارێکی جەماوەریدا، **عەفلەق** پێداگریی لەسەر پرسی یەکگرتنی عەرەبی کرد و گوتی "*عێراق* هەمیشە هەڵگری بەیداخی یەکێتیی عەرەبی بووە" (Batatu 2004: 816-818). لە بەرانبەر ئەم بانگەشانە و هاوارەکانی دیکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان، لە ٢٧ی تەمووز، **قاسم** بەیانی کرد کە "یەکگرتنی عەرەبی بڕیاری تاکە کەسێک نییە، بەڵکو گەلە"، گوتیشی "*عێراق* بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب"، بەڵام "کورد و عەرەب هاوبەشن لە *عێراق*" (العانی ٢٠٠٠: ج١، ١٣٠).

بێجگە لە ئەو دوو ئاڕاستە چالاکە لە سەنتەر، نیشتمانپەروەری و ناسیونالیزمی عەرەبی، هێزێکی دیکە لە *کوردستان*، تا ڕادەیەکی بەرچاویش لە *بەغداد*، چالاک بوو. ئەمەش دیاردەیەکی سێکوچکەیی لە هاوکێشەی هێز لە نێوان ئاڕاستە سیاسییەکان لە *عێراق* دروست کردبوو، کە لە سەردەمی پادشایەتییش سەرەتاکانی دەرکەوتبوو، بەڵام لە دوای *شۆڕشی ١٤ی تەمووز* زەقتر دەردەکەوت. کوردەکان بەگشتی دژی بیرۆکەی یەکگرتن بوون و ڕاشکاوانە ڕایان گەیاند ئەگەر *عێراق* (وەک هەرێمێکی فیدراڵی) ئارەزوو دەکات یەک بگرێت لەگەڵ کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی، ئەوە دداننان بە کورد وەک نەتەوە و *کوردستان* وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە داڕشتەی دەوڵەتە نوێیەکە، پێویستییەکی حەتمییە (Barzani 2003: 212). لە گەرمەی ئەو مقۆمقۆیانە لەسەر یەکگرتن، *پارتی دیموکراتی کوردستان* لە ١١ی ئەیلوول نیگەرانییەکانی کوردی لە یادداشتنامەیەکدا خستە بەردەم **قاسم** و **عارف**. هاوکات، کوردەکان لە ترسی سەرکەوتنی پڕۆژەی یەکگرتن دەیانویست بەرەی نیشتمانپەروەری بەهێز بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، **پارتی**

ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاریکردنی لەگەڵ حزبی *شیوعی* واژۆ کرد ( Barzani 2003: 203). وردبوونەوە لە دەقی ڕێککەوتننامەکە، ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای نزیکی و پشتیوانیی *پارتی* بۆ کامپی نیشتمانپەروەری، کەچی جیاوازییەکی زۆر لە تێڕوانین و تێگەیشتن لە نێوان *پارتی* و حزبی *شیوعی* بەدی دەکرێت لە پەیوەند بە دەوڵەتی عێراقی و ماناکانی عێراقیبوون. ڕێککەوتننامەکە دوو مادەی ناڕۆشنی تێدا بوو، کە مانای دژبەیەکی لەخۆ گرتبوو. لە لایەک دانی نابوو بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد، لە لاکەی دیکە دەیگوت کە کوردەکان دەبێت بە گژ بیرۆکە و بزووتنەوە جوداییخوازەکان بچنەوە. ئەوە لەوە دەچێت کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دژبەیەکی خەون و ئامانجەکانی ناسیونالیزمی کوردی و نیشتمانپەروەریی عێراقی بێت، یەکێکیان سورە لەسەر مافی چارەنووس، ئەوەی دیکەش پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی *عێراق* دەکات.

جیاوازیی هەرە سەرەکی لە سیاسەت و سیاسەتکردن لە نێوان سەردەمی کەمتوندوتیژیی پادشایەتی و سەردەمی پڕتوندوتیژیی کۆماری، ئەوە بوو کە ڕێکخراوە سیاسییە سەرەکییەکانی سەردەمی پادشایەتی، وەک حزبی *وەتەنی* و حزبی *ئیستیقلال*، خولیای سونەتە دیموکراسییەکان و هەڵبژاردن بوون، کەچی حزبی *بەعس* و حزبی *شیوعی* دوو ڕێکخراوی نهێنی و تۆکمە و چاکرێکخراو بوون و خۆیان تەرخان کردبوو بۆ مۆنۆپۆلیزەکردنی دەسەڵات بە هەر ڕێگەیەک بێت، لەوانە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی. ئەم نزیکبوونەوەیە لە سیاسەت لە سەردەمی کۆماریدا، وەرچەرخانێکی گەورە و ترسناک بوو لە مامەڵەکردنی هێزە سیاسییەکانی وڵاتەکە لەگەڵ یەکدی، کە بوو بە بناغەیەک بۆ لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی *عێراقی* هاوچەرخ.

مقۆمقۆ و گفتوگۆکان ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر و ئاڵۆزتر دەبوون. جەولەی یەکەم لە ململانێکان بە دەرکردنی **عەبدولسەلام عارف**، جێگری سەرۆککۆمار، لە حکومەت و ڕاگرتنی *ڕۆژنامەی جەمهورییە (الجمهورية)*ی بەعسییەکان لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨ کۆتایی هات (Haj 1997: 118). **عارف** دادگایی کرا و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر حوکمەکەی سوک کرا بۆ زیندانی. داماڵینی **عارف** لە دەسەڵاتەکانی و زیندانیکردنی و دوورخستنەوە و

وەدەرنانی ژمارەیەکی دیکە لە ناسیونالیستە عەرەبەکانی هەم حکومەت و هەم سوپای بەدوادا هات. ئەمانەش هێندەی دیکە درزەکانی نێوان نیشتمانپەروەرەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکانی گەورەتر کرد. ئەو فشارەی کە خرایە سەر ناسیونالیستە عەرەبەکان، وای لێ کردن کە بەدوای ئامراز و ڕێگەچارەی دیکەدا بگەڕێن بۆ بەگژداچوونەوە و شەڕ لە دژی *قاسم* و هاوپەیمانەکانی، شیوعییەکان. لە ئاکامدا لە کوشتن و پیلانگێڕانەوە بگرە تا دەگاتە یاخیبوون، دەستی بۆ بردرا. لە گەڕەکە سوننەنشینەکانی *بەغداد* و *موسڵ*، بەعسییەکان بە پشتیوانیی ناسیونالیستە عەرەبەکانی دیکە و ئیسلامییەکانی *ئیخوان موسلمین* دەستە و تاقمی بکوژیان (ئیغتیالات) دروست کرد بۆ کوشتنی شیوعییەکان لە ناوچەکانیان. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بازرگان و دەوڵەمەندەکانی *موسڵ* پارەیان دەدا بۆ کوشتنی هەر شیوعییەک. تا کۆتایی سەردەمی **قاسم**، زیاتر لە ٤٠٠ شیوعی کوژران و دەوروبەری ٥٠،٠٠٠ کەسیشیان شاربەدەر کران (Batatu 2004: 951-954).

لە وەڵامی یاخیبوونێکی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٩ لە *موسڵ* (تەماشای بڕگەی داهاتوو بکە)، **قاسم** دابەزییە سەر ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبە بەشداربووەکان لە یاخیبوونەکە. هاوکات بەعسییەکان لە ٧ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان دا بۆ کوشتنی **قاسم** لە *شەقامی ڕەشید* (*شارع الرشید*) لە ناو بەغداد، کە **سەدام حسێن**ی ٢٣ ساڵە یەکێک بوو لە بەشداربوان. ئەمانە هێندەی دیکە هەڵوێستی حکومەتی بەرانبەر بە ناسیونالیستە عەرەبەکان توندترکرد و بەشێکی زۆری لە بەعسییەکان دوور خستەوە و پەراوێز خست. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە بەعسییەکان و هاوکارەکانیان بچن لە بن پەردەوە بە نهێنی لە دژی حکومەت و هاوپەیمانەکانی کار بکەن. لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٩دا، سکرتێری *بەعس*، **فوئاد ڕیکابی** عێ*راقی* بەجێ هێشت. وەک لە ناوی کتێبەکەشی دەردەکەوێت، ڕووخانی **قاسم** کرا بە تاکە چارە (الحل الاوحد) و لەناوبردنی شیوعییەکانیش وەک "ئەرکێکی نەتەوەیی عەرەبی" بەیان کرا (الرکابی ١٩٦٣: ٩٥). لە ڕاستیدا بەعسییەکان، شیوعییەکانیان وەک دوژمنی یەکەمی خۆیان ناساندبوو، ئەوان

پێیان وا بوو کە حکومەتەکەی **قاسم** لەسەر "کۆڵەگە سوورەکە"، واتە شیوعییەکان، بناغەی داناوە. هاوکات شیوعییەکانیان وەک "جانەوەرە شعووبییەکە"ش ناو دەبرد، کە بە گوتەی بەعسییەکان، دەیانەوێت شوناس و ڕەنگ و ڕووی عەرەبی لە *عێراق* دامالْن (الرکابی ١٩٦٣: ٢٤-٢٥).

ئەوەی جێگەی وردبوونەوەیە، لەم چەند دێڕ و پەسنەی **فوئاد ڕیکابی** بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان ئەوەیە: یەکەم، **ڕیکابی** لە سۆنگەیەکی ئیتنییەوە، واتە عەرەبییەوە، لە شوناسی *عێراق* و گەلەکەی ڕادەمێنێت. شوناسێک کە بنەماکەی پەیوەندیی خوێنە لە نێوان ئەندامەکانیدا لەبری ئەوەی تەماشای *عێراق* بکرێت وەک دەوڵەت-نەتەوەیەک کە بنەماکەی لەسەر هەستی ئینتیمای هاونیشتمانییەکانی بەو خاک و جوگرافیایەی کە لەسەری دەژین، دانابێت و مافەکانیشیان لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون و مافی یەکسان ڕێک خرابێت. دووەم، شیوعییەکان وەک شعووبی وێنا کراون و پەسن کراون، زاراوەیەک کە لە مێژوودا بۆ پەسنکردنی بزووتنەوە ئێرانییە دژ بە عەرەبەکان بەکار هاتووە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامییە سوننەکان بەگشتی و ئەدەبیاتی *بەعس*، چوار زاراوە، شعووبی و شیوعی و شیعی و شرووگی زۆر جار بە هەمان مانا و بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتوون.[١] بە کورتی و بەگشتی بەکارهێنانی کۆی مەبەست لە تێکەڵکردنی ئەم زاراوانە خستنە ژێر پرسیاری دڵسۆزی و ئینتیمای شیعەکانە بۆ *عێراق*. هاوکات، پیشاندانی شیعەکانە وەک گروپێکی دواکەوتووی و بەجێماو لە مێژوو لەگەڵ پرسیار خستنە سەر ڕەسەنایەتی و ڕەچەڵەکیان. هاوواتاکردنی شیعە و شیوعی لە بوونی خەڵکێکی زۆری شیعە لە ڕیزەکانی حزبی *شیوعی* سەرچاوەی گرتووە. گەمەکردن لەگەڵ ئەو وشە و چەمکانە پشتڕاستی ئەو ئارگیومێنتە دەکاتەوە کە پێکهاتەیەکی *عێراق*، سوننەکان، عەرەببوون و عێراقیبوونی پێکهاتەیەکی دیکەی *عێراق*، شیعەکان بنکۆڵ دەکات و دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

---

[1]. شروگی (شرقی)، واتە ڕۆژهەڵاتی، زاراوەیەکە بۆ پەسنی ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی *عێراق*، بەتایبەتی *عەممارە* و دەوروبەری، هاتوون و لە *بەغداد* نیشتەجێ بوون. زاراوەکە وەک جنێو بەکار دێت بۆ کەسانی "نەزان و گەمژە".

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩، وا دەردەکەوت کە شیوعییەکان بە تەواوی کۆنترۆڵی شار و شارۆچکەکانی باشووری *عێراق* و شەقامەکانی *بەغدا*دیان کردووە. کاریگەرییان لەسەر شار و دێهاتی *کوردستان*یش بەرچاو بوو. تاووتوێکردنی دوو ڕووداوی خوێناوی لەو ساڵەدا پەردە لەسەر قوڵی و ڕەهەندەکانی ململانێ لەسەر شوناس لە *عێراق* لا دەدەن، کە ناسراون بە ڕووداوەکانی *موسڵ* و *کەرکووک*.

**ڕووداوکانی موسڵ و کەرکووك**

بەگشتی، وەک هەندێک ئەکادیمی و توێژەر باسی دەکەن و پێشووتر گفتوگۆ کرا، دابەشبوونە سیاسییەکان لە سەردەمی **قاسم** بنەمای لەسەر ئاڕاستە ئایدیۆلۆجییەکان دانابوو، بەڵام ئەوەی لێرە پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەوەیە کە دابەشبوونە ئایدیۆلۆجییەکان لە قاوغی نەتەوەیی و مەزهەبی قەتیس ببوون، ڕاست وەک ئەوەی لە سەردەمی پادشایەتی بەدی دەکرا (بڕوانە بەشی چوارەم). ئەو شار و شارۆچکە و گەڕەکانەی کە شیعەنشین بوون یان کوردنشین بوون، ببوون بە قەڵای بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری، کە لە لایەن **قاسم** و **حزبی شیوعی** و **پارتی** ڕێک خرابوون و ئاڕاستە دەکران. لە بەرانبەر بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری کە تا ڕادەیەک تخووبەکانی نەتەوەیی بڕیبوو، ناسیونالیزمی عەرەبی لە پەنجاکان و شەستەکاندا لە ناوچە سوننەنشینەکان گیری خواردبوو (الفکیکی ١٩٩٣: ١١٨؛ Batatu 2004: 851). ڕووداوەکانی *موسڵ* و *کەرکووک* بەڵگەن بۆ ئەوەی کە هێڵەکانی ململانێ ئایدیۆلۆجییە-سیاسییەکان کەوتبوونە سەر هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، واتە هێڵی جوداکەرەوەی بەرە ئایدیۆلۆجییەکان هەمان هێڵی جوداکردنەوەی نەتەوە و مەزهەبەکان بوو، پرسی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانییش جەوهەری کێشەکانیان پێک دەهێنا. قسەکردن لەسەر ڕووداوەکان تیشکی زیاتر دەخنە سەر ئەو ئارگیومێنت و دژەئارگیومێنتانە.

لە ڕۆژی دروستبوونی *عێراق* ژمارەی ئەفسەرە موسڵاوییەکان لە *سوپای عێراق* بە بەراورد لەگەڵ شار و پارێزگاکانی دیکەی *عێراق* هەمیشە لە هەموان زۆرتر بووە. لە کاتێکدا کە سوننەکان ٢٠%ی ژمارەی دانیشتیوانی

*عێراق* پێک دەهێنن، کەچی لە ساڵی ١٩٦٣دا نزیکەی ٧٠%ی دەرچوانی *کۆلێجی سەربازی* لە *عێراق* سوننە بوون، لەو ڕێژەیەش ٤٥%یان خەڵکی *موسڵ* بوون (Hashim 2003: 32). ئەفسەرە سوننەکان کە بەگشتی پشتیوانییان لە بیرۆکە و ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرد و لە هەڵوێست و ئاڕاستەکانی کارکردنی **قاسم** ناڕەحەت بوون، هاوکات دڵگرانیش بوون بە نزیکیی ئەو لە شیوعییەکان. لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩دا، ئەفسەرە ناڕازییەکان بڕیاریان دا کە هێرش بکەنە سەر حکومەت و *موسڵ* وەک بنکەی هێرشەکان بەکار بهێنن. **عەبدولوەهاب شەواف**، کە فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی (امر حامیة) *موسڵ* بوو، لەگەڵ **ڕەفعەت حاج سرِی**، کە بەرپرسی *یەکینەکانی هەواڵگریی سەربازی* (*استخبارات العسکریة*) بوو، فەرمانیان بە یەکینەکانی سوپا لە *موسڵ* کرد کە شاری *موسڵ* بخەنە ژێر دەستیان، ئەمەش بڵێسەی یاخیبوونەکە بوو. ئەوانەی کە پشتیوانییان لە یاخیبوونە سەربازییەکە کرد، کە زۆربەیان لە پێکهاتەی سوننە بوون، بریتی بوون لە ئەفسەرەکانی سوپا، ناسرییەکان، ناسیونالیستە عەرەبەکان، بەعسییەکان و ئیخوانەکان. بەرەی دژی یاخیبووەکانیش پێک هاتبوو لە پۆلیسی ناوخۆ و شیوعییەکان، کە زۆرینەیان کوردەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری *موسڵ* بوون، لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی دیکە، کە پشتیوانییان لێ دەکردن وەک کوردە موسڵمانەکان و کوردە ئێزیدییەکان و کریستیانەکان و ئەرمەنییەکان و کەمینەئایینییەکانی دیکە (احمد ٢٠٠٦: ١٣٥؛ Batatu 2004: 866-889).

کۆمەڵێک ڕا و بۆچوون هەن لەسەر پاڵنەر و هۆکارەکانی ئەم یاخیبوونە، هەندێک دەڵێن کە هۆکاری سەرەکی لە پشت یاخیبوونەکە، تێکەڵەیەک بوو لە ڕقی پەنگخوارد و لە دژی کۆمۆنیزم لەگەڵ لایەنگری لە ناسیونالیزمی عەرەبی (Marr 2004a: 91). کەسانێکیش هەن کە لەو باوەڕەدان کە فاکتەرە ئابوورییەکان نەک ئایدیۆلۆجییەکانم ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە یاخیبوونەکە (Batatu 2004: 866-871; Haj 1997: 120). لە پاڵ ئەم لێکدانەوانە، تیۆرێکی دیکە هەیە کە یاخیبوونەکە گرێ دەدات بە سیاسەت و پرۆگرامە ڕیفۆرمخوازە سیاسییە-کۆمەڵایەتییەکانی **قاسم**، بەتایبەتی چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ. هەر زوو

دوای هاتنەسەرحوکم، بە پشتیوانیی شیوعییەکان، **قاسم** یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی دەرکرد. بەپێی یاساکە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دەرچوو، زەوی خاوەن موڵک و ئاغا و سەرۆکعەشیرەتەکان بەسەر جوتیاراندا دابەش کرا. بەگوێرەی یاساکە خاوەن زەوییەکان دەیانتوانی تەنیا یەک هەزار دۆنم زەوی بەراو، یان دوو هەزار دۆنم زەوی دێمیان هەبێت، ئەوەی دیکە دەبوا بەسەر جوتیارەکاندا دابەش بکرێت (Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 76). بۆ خاوکردنەوەی نارەزاییەکانی پیاوانی ئایینیی شیعە لە دژی چاکسازییەکان لە بواری کشتوکاڵ، **قاسم** زەویوزارەکانی سەر بە وەقفی شیعی وەدەر نا، بەمەش **قاسم** توانی ئۆپۆزسیۆن لە دژی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش کەم بکاتەوە (Tripp 2002: 161). سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ئارگیومێنت و تیۆرانە ڕاستییان تێدایە، بەڵام تەواوی ڕاستییەکان نین، چونکە دابەشبوون و ڕکابەرەیی و ململانێکان و سەنگەرگرتنەکان لە دژی یەکدی، زیاتر نەتەوەیی و مەزهەبی بوون لە هەر شتێکی دیکە. دابەشبوونە چینایەتی و ئایدیۆلۆجییەکان بەرچاو بوون و بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان هەبوو لەسەر خەڵکانی هەردوو بەرەکەدا، بەڵام پێکدادانەکان ڕەنگدانەوەی ڕکابەری و دوژمنایەتییە کۆنەکانی نێوان کوردەکان لە لایەک و عەرەبەکان لە لاکەی دیکە بوو. دابەشبوون و دەستەدەستەبوونە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لەمێژ بوو خەڵکەکەی لەتوپەت کردبوو. جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەکان هێندەی دیکە درز و کەلێنەکانی قەبەتر کردبوو، چونکە هێڵەکانی دابەشبوونە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دەکەوتنە سەر هێڵەکانی دابەشبوونە چینایەتی و ئایدیۆلۆجییەکان. ڕوونتر بڵێین، لە کاتێکدا کە سەربازەکانی فرقەی پێنج، کە لە *موسڵ* بارەگای دانابوو، زۆربەیان کوردی هەژار و نەداری ناوچەکە بوون، لە هەمان کاتدا ئەفسەر و فەرماندەکانی لە خەڵکانی عەرەبی سوننەی زەنگین و چینی باڵای کۆمەڵگە بوون (Batatu 2004: 866-871).

بەرخورد و تێڕوانینی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی *عێراق* لە پەیوەند بە یاخیبوونەکە، تیشکی زیاتر دەخاتە سەر بەهێزی و گرنگیی ڕەهەند و دینامیکییەتی نەتەوەیی و مەزهەبی لە ململانێکانی ڕووداوەکە. ناوچە

کوردنشینەکان و شیعەنشینەکان لەگەڵ بیستنی هەواڵی یاخیبوونەکە، ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە حکومەت و هێز و لایەنە شەڕکەرەکان لە دژی یاخیبووەکان. بۆ دوو ڕۆژ، واتە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی ئازار، خەڵکی *بەسرە* خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و هاواریان دەکرد "ئەی **قاسم!** لە سێدارە دە... لە سێدارە دە... (اعدم... اعدم یا **قاسم**) گەل و سوپا دەتپارێزێت لە خائینەکان" (العانی ٢٠٠٠: ج٢، ١٠٣-١٠٥). لە کەرکووک، هەر لەگەڵ گەیشتینی هەواڵی یاخیبوونەکە کوردەکان هەڵمەتێکیان دەست پێ کرد بۆ گرتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندییان بە یاخیبوونەکەوە هەبوو. *پارتی* ڕۆڵی هەبوو لە هەڵمەتەکە، ئەویش بە پێشکەشکردنی پشتیوانی و یارمەتی بە شیوعییەکان (خەبات ١٩٦٠/٣/٩). دوای چەند ڕۆژێک یاخیبوونەکە سەرکوت کرا، بەڵام ڕووداوەکان و دەرئەنجام و کاردانەوەکانی کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* هەبوو و جێپەنجەی لەسەر مێژووی ئەو وڵاتە بۆ چەندین دەیە دوای خۆی بەجێ هێشت، ئەوە ئەگەر نەڵێین ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر ماوە، بەتایبەتی ئەگەر دادگایی و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی لەبەرچاو بگرین. لە ناو ئەو فەرماندانەی کە لە سێدارە دران، **ڕەفعەت حاج سرِی** و **نازم تەبەقچەلی**، کە دوو ئەفسەری ڕیزەکانی *ئەفسەرە ئازادەکان* بوون، ناسراوترینیان بوون. **عەبدولوەهاب شەواف**یش لە کاتی یاخیبوونەکەدا کوژرا. لەسێدارەدانی فەرماندەکانی یاخیبوونەکە، خەڵکی ناوچە سوننەنشینەکانی لە *بەغداد* و *ئەنبار* وروژاند و بە خۆپیشاندان ڕژانە سەر شەقامەکان و جلی ڕەشیان وەک ئاماژەیەک بۆ تازیەباری لەبەر کرد (اتحاد الشعب ١٩٥٩/٩/٢٤؛ الرکابی ١٩٦٣: ٦٣؛ حسین ١٩٨٨: ٢١٢).

بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، یەکێک لە سیماکانی یاخیبوون و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکان لەو وڵاتە ئەوەیە کە سنووری جوگرافیایان لە تخووبەکانی نەتەوە و مەزهەبەکان، کەم تا زۆر، تێپەڕ ناکات. بۆ نموونە یاخیبوونەکانی **شێخ مەحموود** (١٩١٩-١٩٣٠)، یاخیبوونەکانی *بارزان* (١٩٣١-١٩٣٢ و ١٩٤٣-١٩٤٥)، هەروەها ڕاپەڕینی شیعەکان لەساڵی ١٩٢٠ و یاخیبوونەکانیان لە ساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٦، هیچ کامیان سنوورەکانی

مەزهەبیی شیعە یان نەتەوەیی کوردیان نەبڕیوە. بە واتایەکی دیکە، سنووری ڕاپەڕینەکان لە سنووری جوگرافیی نەتەوەیی و مەزهەبیدا وەستاون، هیچ کامیان نەیانتوانیوە سەرنجی نەتەوەکانی دیکە یان مەزهەبەکانی دیکە بۆ خۆیان ڕابکێشن و ببن بە ڕاپەڕین یان یاخیبوونی سەرتاسەری لە *عێراق*. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە کۆتایی سنوورە مەزهەبی و نەتەوەییەکان زۆر جار سەرەتای دەستپێکردنی بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانن. ئەم دیاردەیە لە ساڵان و دەیەکانی دیکەش دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە (بڕانە بەشەکانی شەشەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆیەم).

ڕووداوەکانی *کەرکووک* لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٩دا، ململانێ و پێکدادانێکی دیکەی ئایدیۆلۆجییە، کە تخووبەکانی کەوتووەتە سەر تخووبە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، بەڵام ئەم جارە شوناسی *کەرکووک* نەک شوناسی عێراق پاڵنەری ململانێکانە و جەوهەری پرسەکە پێک دەهێنێت. لە سەردەمی پادشایەتیدا، تورکمانەکان زۆرینەی پۆستە حکومی و سیادییەکانی حکومەتە خۆجێییەکەی شاری کەرکووک و پارێزگاکەیان پڕ کردبووەوە. دوای *شۆڕشی ١٤ی تەمووز* بڕێکی چاک لەو پۆستانە دران بە کوردەکان کە پشتیوانێکی ڕاستەوخۆی ڕژێمە نوێیەکە بوون. گرژییەکان لە نێوان تورکمانەکان و کوردەکان پێش ڕووداوەکەی *کەرکووک* لە هەڵکشان بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی کوردەکان داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەیان لە حکومەتی مەرکەزی کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی خوێندن بە کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان، بە کەرکووکیشەوە. ئەم پرسە و ڕەهەندەکانی هێندەی دیکە ئاڵۆز بوون کاتێک **نازم تەبەقچەلی**،[1] کە ئەفسەرێکی ناسیونالیستی عەرەب بوو، خۆی لە کێشە و پرسەکان هەڵقورتاند. ئەو لە ژمارەیەک نامە کە بۆ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی لە *بەغداد* ناردبوو، کوردەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە گوایە دەیانەوێت *هەرێمی کوردستان* بەکار بهێنن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ.

---

[1]. **نازم تەبەقچەلی** (١٩١٣-١٩٥٩)، لە *بەغداد* لەدایک ببوو بەڵام بنەماڵەکەی بە بنەڕەت خەڵکی *سووریا* بوون. ئەو یەکێک بوو لە *ئەفسەرە ئازادەکان* و فەرماندەی فرقەی دوو بوو لە *سوپای عێراق* کە بارەگاکەی لە *کەرکوک* بوو (Batatu 2004: 810-911).

**تەبەقچەلی** لە نامەکانیدا پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە "هەموو پۆستە باڵاکانی کەرکووک بدرێن بە عەرەب" (العانی ۲۰۰۰: ج۲، ۲۵-۳۰). هەڵوێستەکان و نامەکانی **تەبەقچەلی** ئاگری ململانێکانی خۆشتر کرد، ئەوە بوو لە ساڵڕۆژی *شۆڕشی ١٤ی تەمووز* تورەیی و ڕقەکان تەقینەوە بە یەکدا. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بۆ یادی ساڵڕۆژەکە ڕێک خرابوو و بەڕێوە دەچوو، ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو بەرەکە بە یەکدا پژان. کوردەکان و شیوعییەکان لە بەرەیەک و تورکمانەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان لە بەرەکەی بەرانبەریان. پێکدادانەکان خوێناوی بوون و ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژرا، بەتایبەتی لە تورکمانەکان (Batatu 2004: 912-921).

وەک ڕووداوەکەی *موسڵ*، پاڵنەر و هۆکاری ململانێ و پێکدادانەکان پرسی شوناس و ئەو ڕکابەری و دوژمنایەتییەی لە نێوان کوردەکان و تورکمانەکان بوو، کە لە ئاکامی ئەو پرسەدا هاتبووە پێش و قووڵ ببووەوە، زیاتر لە هەر پاڵنەرێکی دیکە. **بەهادین نووری**، کە بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوەکانی *حزبی شیوعی*ی ناو شاری کەرکووک بوو ئەوکات، لە یادەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمانەدا گەڕەکە تورکمانەکان بە ڕووی شیوعییەکان داخرابوون، هاوکات دەڵێت حزبی شیوعی ئەندام و پشتیوانی زۆر بوو لە گەڕەکە کوردییەکان (نووری ۲۰۰۱: ۱۰۵). بە کورتی، لە کاتێک کوردەکان لە هەوڵی ئەوە بوون کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئیدارە نوێیەکەی کەرکووکەوە دوای شۆڕش ئەو مافە مێژووییە بەرجەستە بکەن، کە بە درێژایی مێژوو بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەویش کوردستانیبوونی کەرکووکە. لە هەمان کاتدا، تورکمانەکان پێیان وا بوو هەڵکشانی دەسەڵاتی کوردەکان لە کەرکووک شوناسی کەرکووک دەگۆڕێت و هەژموونی ئەوان لەسەر شوناسی کەرکووک و دەسەڵات لە کەرکووک کەم دەکاتەوە یان لا دەبات. لە ململانێکانی سەر شوناسی کەرکووک، تورکمانەکان بەگشتی لە لایەن عەرەبەکان پشتیوانیان لێ کراوە، چونکە ئەوانیش وەک تورکمانەکان ترسیان لە زاڵیی کوردەکانە لە کەرکووک. هەر بۆیەش لەو ئانوساتەدا تورکمانەکان یادداشتنامەیەکیان بۆ **قاسم** نارد، داوایان لێ کرد کە پارێزگای کەرکووک نەخرێتە سەر ئەو

بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی خوێندنی کوردی، کە بەنیاز بوو دابمەزرێت (خەبات ۱۹۵۹/۹/۱۳).

لە ژێر تیشکی ئەو ڕوودا و و پێشهات و شرۆڤانە، دەکرێت بگوترێت سەرەڕای زەقی و زاڵیی چەمکە ئایدیۆلۆجییەکان لە سەردەمی **قاسم**دا، کەچی ڕەوتە ئایدیۆلۆجییەکان، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، نەیانتوانیبوو ناوانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان کاڵ بکەنەوە و ببنە بنەمایەک بۆ لێکنزیکردنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی *عێراق*، تا ببێت بە مایەی دروستبوونی شوناسێکی گشتگیر و برەو بە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی وەک پێویست بدات. دابەشبوونە چینایەتییەکان هێندەی دیکە دیوارەکانی دابەشبوونە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان ئەستوورتر کردبوو، چونکە وەک پەنجەی لەسەر دانرا، دەکەوتنە سەر یەک.

### عێراق: کۆماری کوردەکان و عەرەبەکان

کوردەکان بەگشتی، خەڵک، پارتییەکان و بە کوردەکانی ڕیزەکانی *حزبی شیوعیی عێراق*یشەوە، لە سەرەتا پشتیوانییان لە *شۆڕشی ١٤ی تەمووز* و لە حکومەتە کۆمارییەکە و سەرکردەکەی، **عەبدولکەریم قاسم**، کرد. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، دەستوورە کاتییە نوێکەی *عێراق* مادەیەکی لەخۆ گرتبوو کە تێیدا ئاماژەی بە مافەکانی کورد کردبوو، کورد وەک شەریکی عەرەب لە *عێراق*دا ناسێنرابوو. دووەم، ڕێگەدان بە گەڕانەوەی سەرۆکی *پارتی دیموکراتی کوردستان*، *مستەفا بارزانی*، دوای زیاتر لە دوازدە ساڵ لە ئاوارەیی لە *یەکێتیی سۆڤیەت*. سێیەم، هەڵوێستی **قاسم** لە پرسی یەکگرتن لەگەڵ *کۆماری یەکگرتووی عەرەبی*، کە کوردەکان بە هەڕەشەیان لەسەر بوونی خۆیان دەزانی. چوارەم، **قاسم** بەیانی کرد کە *عێراق* بەس دەوڵەتی عەرەب نییە، بەڵکو دەوڵەتی کورد و عەرەبە (Natali 2001: 266).

لەسەر ڕەزامەندیی **عەبدولکەریم قاسم** لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، **مستەفا بارزانی** گەڕایەوە *عێراق*. هۆکاری ڕێگەدان بە گەڕانەوەی **بارزانی** لە مەنفاوە زۆر ڕوون نییە، بەڵام هەندێک کەس پێیان وایە کە مەبەستی **قاسم** لە

ڕێگەدان بە گەڕانەوەی **بارزانی**، بەکارهێنانی بوو بۆ لارکردنەوەی هاوسەنگیی هێز بە لای بەرەی نیشتمانپەروەران لە بەرانبەر بەرەی ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە لەو ئانوساتەدا لە هەڵکشان بوو. ئەوەی ڕاستی بێت **عەبدولسەلام عارف** و ناسیونالیستە عەرەبەکانی دیکە ناڕازی بوون لە ڕێگەدان بە هاتنەوەی **بارزانی** (العانی ۲۰۰۰: ج۱، ۲۰۹). قاسم چەند کارێکی سیمبولیکیشی ئەنجام دا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان بە لای خۆی و دەوڵەتی عێراقی، لەوانە دانانی ڕۆژێکی زەرد لەسەر ئاڵای نیشتمانیی *عێراق*، لەگەڵ دانانی خەنجەرێک لەسەر لۆگۆی (Emblem) حکومەتی عێراقی هاوتەریبی شیرێک، کە مەبەست لێیان زەقکردنەوەی نوێنەرایەتیکردنی کورد بوو لە سیمبول و دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی (تەماشای الوقائع العراقیة ۱۹٥۹/٦/۲۷؛ لەگەڵ وێنەی ٥-۱ بکە).[۱] ئەم کارانە سەرەڕای ئەوەی کە سیمبولیک بوون، بەڵام گرنگیی سیاسییان هەبوو، لەبەر دوو هۆ: یەکەم، ئەمە یەکەم جار بوو کە بەو شێوەیە کورد لە سیمبولەکانی دەوڵەتی عێراقی نوێنەرایەتی بکرێت. دووەم، کورد ئەگەر سیمبولێکیش بووبێت، هاوتەریب و هاوپلەی عەرەب لە سیمبولەکانی *عێراق* پیشان دەدرا. وەک دواتر دەردەکەوێت ئەم کارانە بە کردەیی کاریگەرییان لەسەر هەستی کوردەکان داناوە، چونکە لە ساڵی ۲۰۰۳ کە مقۆمقۆ لەسەر ئاڵای *عێراق* سەری هەڵدا، کوردەکان ئەگەر بۆ کاتییش بێت، تەنیا ئەو ئاڵایەی سەردەمی **قاسم**یان قبووڵ بوو کە لە *هەرێمی کوردستان* هەڵبدرێت (بڕوانە بەشی هەشتەم). لە پاڵ ئەم کارە سیمبولیکانە، حکومەتەکەی **قاسم** بە فەرمی لە شوباتی ۱۹٦۰ ڕێگەی بە کارکردنی *پارتی دیموکراتی کوردستان* دا. پێشتر بە فەرمی ڕێگە درابوو بە بڵاوکردنەوەی *ڕۆژنامەی خەبات* (*نضال*)، کە زمانحاڵی *پارتی* بوو.[۲] لە ژمارەی یەکەمیدا، خەبات خۆتەرخانکردنی خۆی بۆ پشتیوانیکردن لە *شۆڕشی*

---

[1]. *وەقائعی عێراقی* (*الوقائع العراقیة*) ڕۆژنامەی فەرمیی حکومەتی عێراقییە کە یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

[2]. *خەبات* جێگەی *ڕزگاریی* گرتەوە و ئێستاش وەک زمانحاڵی *پارتی* ماوەتەوە. ژمارەی یەکەمی *خەبات* لە ٤ی نیسانی ۱۹٥۹ دەرچوو. لە سەردەمی **قاسم** خەبات ببوو بە شمشاڵژەنی ناسیونالیستە کوردەکان.

*١٤ی تەمووز* و سەرکردەکەی، **قاسم**، ڕاگەیاندبوو. خۆشحاڵیی خۆیشی لە کشانەوەی *عێراق* لە *پەیماننامەی بەغداد* دەربڕیبوو، چونکە وەک *خەبات* دەڵێت، ئامانجی لیدانی کورد و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد بوو (خەبات ١٩٥٩/٤/٤؛ ١٩٥٩/٤/٨). دیارە ناکرێت ئاماژە بەوە نەکرێت کە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی کوردەکان لە **قاسم** وەک سەرکردەی کامپی نیشتمانپەروەران و حزبی *شیوعی*، بەهێزبوونی بەرەی ناسیونالیستە عەرەبەکان بوو، کە بۆ هەموویان وەک دوژمنێکی هاوبەش دەردەکەوت. کارە سیمبولیکەکانی قاسم و دانانی کورد وەک هاوبەشی عەرەب بەپێی دەستوور، هەستی ئەوەی لای کوردەکان دروست کردبوو کە چیتر ئەوان کەمەنەتەوە نین، بەڵکو گرووپێکی نەتەوەیین، بۆ کوردەکان ئەوە وەک ئەوە وابوو کە دواجار عێراقییەکان دانیان نا بە کارەکتەری دوونەتەوەیی (Binational) *عێراق*.



***وێنەی ٥-١: ئاڵا و لۆگۆی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی قاسم***

سەرەڕای ئەم سەرەتا پرشنگدارە، بەڵام نزیکبوونەوە و هاوکاری لە نێوان *پارتی و حزبی شیوعی* و لایەنگرانی *قاسم* و حکومەتەکەی، درێژەی نەخایاند. لە کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەیاندا کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە *بەغداد* بەسترا، *پارتی* ئەو برگەیەی کە ئاماژەی بە مارکسیی-لینینیبوونی حزبەکە دەکرد، لە پەیڕەو و پرۆگرام لا دا و زیاتر ئەجێندای ناسیونالیستیی

خزاندە ناو پڕۆگرامەکەی (کریم ١٩٩٨: ٦٨).[١] ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە نزیکبوونەوەی کوردەکان، یان *پارتی*، لە حزبی *شیوعی* و مەیلبوونیان بە لای چەپ، هەڵوێستێکی کاتی بووە نەک ستراتیجی و ڕەنگدانەوەی هەستی دژەئیمپریالیزم و سەرمایەداری بووە، کە لە سەردەمی پادشایەتی باو بوو. لەگەڵ ونبوونی ئیمپریالیزم، ناسیونالیستە کوردەکان جەختیان لەسەر پڕۆگرامە ناسیونالیستییەکان دەکرد، بەمەش لە حزبی *شیوعی* و کامپی نیشتمانپەروەرەکان دوور کەوتنەوە.

دوای ئەوەی کە تەپوتۆزی شۆڕش نیشت، ئیدی وردەوردە ڕوونتر دەبووەوە کە ئامانج و خەونەکانی کوردەکان لەگەڵ دید و تێگەیشتن و لێنزیکبوونەوەکانی **قاسم** یەک ناگرنەوە. جیهانبینییەکانیشیان بۆ پرسەکانی شوناسی *عێراق* و شوناسی خاک و جوگرافیای *هەرێمی کوردستان* و ئۆتۆنۆمی نەک هەر یەک ناگرنەوە، بەڵکو بەر یەک دەکەون، یان باشتر بڵێین دژبەیەکن. لەم چوارچێوەیەدا، لە سەردەمی **قاسم**، دوو پرس لە سەرەتا بوون بە مایەی گرژی و ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و کوردەکان: یەکەم، پرسی دامەزراندنی *بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە* بوو بۆ ناوچە کوردنشینەکان. دووەم، هەردوو مادەی یەکەم و دووەم لە دەستوورە کاتییەکەی *عێراق* کە پێناسەی *عێراق* و پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەبیان لە *عێراق*دا لەخۆ گرتبوو.

لە نیسانی ١٩٥٩دا، حکومەتی مەرکەزی بڕیاری دامەزراندنی *بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە* لە *کوردستان* دا. *یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان*، کە ڕێکخراوێکی سەر بە *پارتی* بوو، هێزی سەرەکی بوو لە پشت هەوڵەکانی گەیشتن بەم دەستپێشخەرییە. ناسیونالیستە عەرەبەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێتە مایەی گەشە و بڵاوبوونەوەی هەستی جوداییخوازی لە ناو کوردەکان لە "باکوور" (بغداد

---

[1]. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامە چەپرەوەکانی ناو *پارتی*، کە ناسراو بوون بە نزیکییان لە حزبی *شیوعی*، وەک **هەمزە عەبدوڵا** و **حەمید عوسمان** و **ساڵح حەیدەری**، لە *پارتی* دوور خرانەوە.

١٩٥٩/٨/٢؛ البوتانی ٢٠٠١: ٦٩).[١] یەکێتیی *مامۆستایانی کوردستان* بە چڕی هەوڵەکانی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی حکومەت بڕیارەکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت، چونکە وا پێ دەچوو کە حکومەت هەڵوێستی گۆڕابێت و خۆی لە پرسەکە بدزێتەوە. هاوکات، یەکێتیی *مامۆستایان* ڕەخنەی توندی لە حکومەت دەگرت، لەسەر ئەوەی کە وشەی *کوردستان*ی لە ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە لا داوە و وشەی کوردیی لە جێگەی داناوە (خەبات ١٩٥٩/٨/٣١؛ ١٩٥٩/٩/١؛ ١٩٥٩/٩/٩). ئەم کارەی دەوڵەت، کوردەکانی بێزار و تووڕە کرد. هاوکات، ئەم ئەڵقەیە ئاماژەیەک بوو، ئەگەر نەڵێین وای پیشان دەدا، کە سەرەڕای سیاسەتە نوێ و دەستپێشخەرییە سەرەتاییەکانی، کەچی حکومەتی مەرکەزی و هاوکارەکانی هێشتا هەستیارانە و بە ترس و گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵ زاراوەی *کوردستان* دەکرد. دوای ئەوەی کە قبووڵی ناوگۆڕینی بەڕێوەبەرێتییەکەیان کرد بۆ *بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە بۆ خوێندنی کوردی*، ئیدی کێشەی سنووری ئەو ناوچانەی کە بەڕێوەبەرایەتییەکە دەیانگرێتەوە هاتە پێش. یەکێتیی *مامۆستایانی کوردستان* پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەرکی سەرپەرشتیی خوێندن لە هەموو ئەو ناوچانە بگرێتە ئەستۆ کە زۆرینەی کوردە. *ڕۆژنامەی خەبات* مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکە هەموو ناوچە کوردییەکان نەگرێتەوە، ئەوە دەستپێشخەرییەکە کارێکی بێهودەیە (خەبات ١٩٥٩/٨/٣١؛ ١٩٥٩/٩/١٤).

کێشەکە لێرە کۆتایی نەهات، چونکە کاتێک ئەو ناوچانەی کە بەڕێوەبەرایەتییەکە دەیانگرێتەوە بەیان کرا، پرسەکە ئاڕاستەیەکی دیکەی وەرگرت. ئیدی پرسەکە لە چوارچێوەی مافێکی کولتووری و پەروەردەیی و زمانەوانی، بوو بە کێشە لەسەر خاک و سنووری *کوردستان*، کوێ *کوردستان*ە و کوێ *کوردستان* نییە، کوێ کوردنشینە و کوێ کوردنشین نییە، بوون بە جەوهەری باسەکە، کە لە ڕاستیدا وەک لە بەشەکانی پێشووتر ئاماژەی پێ کرا، کرۆکی پرسی کورد لە *عێراق* پێک دەهێنێت. کوردەکان داوایان دەکرد کە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە پارێزگاکانی *هەولێر* و

---

[1]. *بغداد* ڕۆژنامەیەکی ناسیونالیستە عەرەبەکان بوو کە ئەوکات لە *بەغداد* دەردەچوو.

*سلێمانی* و کەرکووک و قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی *نەینەوا* و *دیالە* بگرێتەوە. پێکدادانەکان بەس لە نێوان ناسیونالیستە کوردەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ناسیونالیستە عێراقییەکانیش، واتە نیشتمانپەروەرە عێراقییەکانیش، بوو. ئەم دوو ڕەوتە ناسیونالیستییە جارجار هەندێک مافی کوردیان قبووڵ کردووە، بەڵام کە دێتە سەر داواکانی کورد لە پەیوەند بە پرسی خاک و سنوورەکانی *کوردستان*، ئیدی هەردوو ڕەوت ئامادەیی ئەوەیان تێدا نامێنێت کە قبووڵی داواکان و مافەکانی کورد بکەن، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی *عێراق*یش بێت.

*ڕۆژنامەی خەبات* زۆر هاوار و بانگەوازی لە پەیوەند بە کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەرز کردەوە، بەڵام حکومەت هیچ ڕێوشوێنێک و پێوەرێکی کردەیی نەگرتە بەر بۆ کردنەوە و خستنەگەڕی بەڕێوەبەرایەتییەکە (خەبات ١٩٦٠/٧/٢٧؛ ١٩٦٠/١١/٢٠). مشتومڕەکان لەسەر سنووری *کوردستان* تاکە خاڵی جێناکۆک نەبوو لە نێوان ناسیونالیستە کوردەکان و ناسیونالیستە عێراقییەکان و عەرەبییەکان، چون پرسی شوناسی *عێراق* خاڵێکی دیکەی کێشمەکێشەکانی پێک دەهێنا.

لە هاوینی ١٩٦٠دا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکان هەڵمەتێکی ڕاگەیاندیان خستبووە گەڕ، کە تێیدا گومانیان دەخستە سەر بنەچەی کوردەکان و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زۆربەی عەشیرەتە کوردییەکان لە بنەڕەتدا عەرەبن (بڕوانە خەبات ١٩٦٠/٨/٢٤؛ اتحاد الشعب ١٩٦٠/٩/٢). لە بەرانبەردا سەرچاوە کوردییەکان هەڵمەتەکەی ناسیونالیستە عەرەبەکانیان بە هەڵمەتەکانی تورکەکان لە *تورکیا* دەچواند، کە بە کوردەکانیان دەگوت "تورکەکانی چیا" (خەبات ١٩٦٠/٩/٢). هاوکات کوردەکان ڕێگریان لێ دەکرا لە جەختکردنەوە لەسەر مافە نەتەوەییەکانیان، چونکە لە لایەن عێراقییەکانەوە وەک بەشێک لە گەلی *عێراق* هەژمار دەکران نەک وەک گروپێکی نەتەوەیی لە ناو دەوڵەتی *عێراق*دا. بۆ نموونە، لە کاتی بەڕێوەچوونی *کۆنگرەی قوتابیانی جیهان* لە ساڵی ١٩٦٠، کە لە *بەغداد* بەسترا، قوتابییە عێراقییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان ڕێگرییان لە *یەکێتیی قوتابیانی کوردستان – لقی ئەورووپا* دەکرد لەوەی کە ببێت بە ئەندامێکی سەربەخۆ لە

یەکێتیی *قوتابیانی جیهان*. لە سەروبەندی کۆنگرەکە، نوێنەری *یەکێتیی قوتابیانی عێراق* لە کۆنفرانسەکە، **مەهدی حافز**، کە شیوعی بوو، پشتیوانیی خۆی دەربڕی لەو داوایەی کە نوێنەری *کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو* لەگەڵ نوێنەری قوتابیانی *باکووری ئەفریقیا* پێشکەشیان کردبوو لە دژی بەئەندامبوونی *یەکێتیی قوتابیانی کوردستان* لەو ڕێکخراوە جیهانییە (الشرق الاوسط ٢٠٠٤/٥/٢٦). ئەوان کوردەکانیان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی تەماشا دەکرد و مافی ئەندامبوونیان لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ، پێ ڕەوا نەدەبینی(خەبات ١٩٦٠/١٠/١٣؛ ١٩٦٠/١٠/٢١). ئەو مقۆمقۆیانەی ناو کۆنفرانسەکە بوون بە سەرچاوی دوو گوتار، کە لە *خەبات* بڵاوکرانەوە تێیاندا سیاسەتوانە کوردەکان هەوڵی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خۆیان لە بەرانبەر قوتابییە عەرەب و عێراقییەکان دەدا. هاوکات گوتارەکان تەرخان کرابوون بۆ قسەکردن لەسەر نیەت و دەستپێشخەرییەکانی حکومەت بەگشتی و ئەو دوو مادەیەی کە لە دەستوورە کاتییەکەی *عێراق* هەم شوناسی *عێراقی* دیاری دەکرد و هەم پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان وەک گەل و *عێراق* وەک دەوڵەت، ڕوون کردبووەوە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لە یەکێک لەو مادانە *عێراق* وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەبی دانرابوو، ئەمەش بچووککردنەوەی کورد و نیشتمانەکەیان، *کوردستان*، لە دیدی کوردەکانی لێ کەوتبووەوە.

گوتاری یەکەمی *خەبات*، کە بە عەرەبی نوسرابوو، بە ناونیشانی *الامة الكردية و المادة الثانية من الدستور* بوو، واتە *نەتەوەی کورد و مادەی دووەم لە دەستوور*.[١] گوتارەکە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مادە دەستوورییەکە بە مەبەستی دەرخستنی مانا و پەیامە شاردراوەکانی. *خەبات* دەڵێت مادەی دوو لە دەستوور:

"لەو کاتەوە کە دانراوە ئەوەندەی لایەنی سۆزی تێدا بەکار هاتووە، ئەوەندە گوێ بە وردبینیی زانستی نەدراوە و ڕاستی و مەنتقی تێدا ڕەچاو

[1]. هەردوو گوتار بە ناوی *خەبات* نەک نووسەرەکەی بڵاو کراونەتەوە. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە **ئیبراهیم ئەحمەد**، سکرتێری *پارتی دیموکراتی کوردستان* نووسەریان بووبێت.

نەکراوە. وەک ئاشکرایە ئێستا *عێراق* زاراوەیەکە دوو چەمک لەخۆ دەگرێ، سێیەم قبووڵ ناکات. یەکەمیان ناوێکی جوگرافیی مێژووییە و شوێنێکی گەورەی لەسەر نەخشەی ئێستاکەی *عێراق* گرتووە. دووەمیان، دەربڕینێکی سیاسییە بۆ مانای دەوڵەتێک بەکار هاتووە، کە لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی دروست بووە لە بەشێک کە لە مێژوودا پێی دەگوترا *عێراق* و بەشێکیش کە پێی دەگوترا *کوردستانی باشوور* یان *شارەزوور*، هەندێک جاریش *ویلایەتی موسڵ*... کەواتە کاتێک دەگوترێت '*عێراق* بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب'، لە لایەنی زانستی و مەنتقییەوە ڕاست نییە. لەبەر ئەوە *عێراق* یان ئەوەتا ناوێکی سیاسییە بۆ ئەو دەوڵەتەی ئێستا پێی دەڵێن *کۆماری عێراق*، یان ناوێکی جوگرافیی مێژووییە بۆ بەشێکی زەویی ئەو وڵاتە. بە هەردوو ماناکەش نابێت ببێتە بەشێک لە 'نەتەوەی عەرەب'، چونکە 'نەتەوە' وەکو ئاشکرایە و زانراوە و لە زانستی سیاسەت، کۆمەڵە خەڵکانێکی دیارن و لە مێژوودا لەسەر زەویی خۆیان دروست بوون... لە ڕاستیدا، بەشێک لە زەویی مێژوویی و جوگرافیی *عێراق*، دەکرێت بە بەشێک لە زەویی نەتەوەیی عەرەب دابنرێت... لە مێژوودا زاراوەی *عێراق* بۆ میللەتێک بەکار نەهاتووە، میللەتی *عێراق* لە عەرەب و کورد و هەندێک کەمەنەتەوە پێک هاتووە، ئەوانیش بەشێک نین لە 'نەتەوەی عەرەبی نەمر'... *دەوڵەتی عێراق* ئەوەیە کە لە دووبەش پێک هاتووە، یەکیان *عێراق*ە و پێشتر پێی دەگوترا *وڵاتی نێوان دووزێ*، دووەمیان بەشێکە لە *کوردستان*، واتە وڵاتی کوردان کە لە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی لە *دەوڵەتی عوسمانی* داماڵرا... قەت نەبووە نە هەموو *کوردستان* و نە ئەو بەشەی کە کەوتووەتە ناو *دەوڵەتی عێراق*، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێک بووبێت لە وڵاتی عەرەبان" (خەبات ١٩/١٠/١٩٦٠).[١]

لە گوتارەکەدا *خەبات* پێشنیازێک پێشکەش دەکات بۆ دووبارە داڕشتنەوەی مادەکە و دەڵێت دەبێت *عێراق* بە شێوەیەک پێناس بکرێت کە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان بگونجێت، وەک ئەوەی کە "*کۆماری عێراقی*

[1]. **عەبدوڵا زەنگەنە** هەردوو گوتارەکەی *خەبات*ی لە دوو بابەتدا بە ناوی *دادگاییکردنی خەبات* کە لە *گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی* بڵاوی کردووەتەوە، دووبارە چاپ کردووەتەوە (تەماشای زەنگەنە ٢٠٠٠؛ ٢٠٠١ بکە).

نەمر لە بەشێک میللەتی کورد و وڵاتی *کوردستان* و بەشێک لە میللەتی عەرەب و وڵاتی عەرەب پێک هاتووە". لەمەش زیاتر، *خەبات* پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە بوونی مادەی دووەم لە دەستوور، کە تێیدا دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نراوە، مادەی سێیەم، بێمانا دەکات. ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە بەس ناسیونالیستە عەرەبەکان نەبوون کە جەختیان لەسەر ئەوە کردبێت کە *عێراق* بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵکو وەک لەو دەقە دەستوورییە دەردەکەوێت نیشتمانپەروەرە عێراقییەکانیش، بۆ نموونە حزبی *وەتەنی*، بەیانی ئەوەیان ڕاگەیاندبوو. لە سەرگوتارێکی *ڕۆژنامەی ئەهالی* هەمان بانگەشە کرابوو (الاهالی ١٩٦٠/٤/٢٩). سەرەڕای ئەمە، ناکرێت ئەوە لەبیر بکرێت کە حزبی *وەتەنی* ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبوو لە دانانی مادەی سێیەم لە دەستوور، کە باس لە شەراکەتی کورد و عەرەب دەکات لە *عێراق*.

گوتارەکەی دووەمی *خەبات* تایبەت بوو بە مادەی سێیەم لە دەستوور کە بە ناونیشانی *العرب و الاکراد شرکاء فی هذا الوطن*، واتە *عەرەبەکان و کوردەکان هاوبەش لەم نیشتمانە*، بڵاو بووەوە. لە سەرەتا *خەبات* لە گوتارەکە ستاییشی دانانی ئەو مادە دەستوورییەی کردبوو و پێی وا بوو کە ئەمە "یەکەم جارە لە مێژوودا" لە دەستووری *عێراق* بەم شێوەیە دان بە مافەکانی کورد بنرێت. پێشی وا بوو کە ئەمە دەکرێت ببێتە "بناغەی دامەزراندنی پەیوەندیی هەردوو میللەتی کورد و عەرەب لە یەکێتیی *عێراق*". دواتر *خەبات* دەپرسێت "باشە دەڵێن عەرەب و کورد لەم وڵاتە هاوبەشن، ئەو هاوبەشییەی عەرەب و کورد کام هاوبەشییەیە؟" لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی، *خەبات* دەڵێت ماقوڵ نییە هاوبەشیی نێوان میللەتەکان بنەمای لەسەر ژمارەی دانیشتوانی لایەنەکانی هاوبەشییەکە دانابێت. *خەبات* پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "میللەتان ژمارەیان هەرچەند بێت و چەند بچووک بن، مافەکانیان بەشبەشی و دابەشکردن قبووڵ ناکات" (خەبات ١٩٦٠/١٠/٢٠). بڵاوبوونەوەی ئەم دوو گوتارە لە *خەبات* بوون بە مایەی تاوانبارکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە و داواکردنی لە لایەن دادگاوە، بەڵام دواتر لە دادگا *خەبات* بێتاوان دەردەچێت (خەبات ١٩٦٠/١٢/١٢).

به گەڕانەوە بۆ گوتارەکانی *خەبات*، ئەوە دەردەکەوێت کە دیدی ناسیونالیستە کوردەکان بۆ نەتەوە جەخت لەسەر ڕەچەڵەکی هاوبەشی ئیتنی دەکات و دیدی دەوڵەتی (Statist) بۆ نەتەوە، کە بنەمای لەسەر چەمکی دەوڵەت-نەتەوە (Nation-State) داناوە ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش لە خستنە ژێر پرسیار و تەماشاکردنی *عێراق* وەک نەتەوە (میللەت) دەردەکەوێت. تێڕوانین و تێگەیشتنی ناسیونالیستە کوردەکان بۆ نەتەوە چەقی بەستبوو لەسەر چەمکگەلێکی وەک زمان و ڕەچەڵەکی ئیتنی و ڕەگوڕیشەی مێژوویی و نیشتمان و خاکێکی یەکپارچە و کولتوورێکی هاوبەش لەگەڵ کۆیاد. ئەمەش هەم لەو گوتارانەی کە پێشووتر ئاماژەیان پێ کرا و هەم ئەو گوتار و ڕاپۆرتانەی کە ئەوکات *خەبات* بڵاوی دەکردنەوە هەستی پێ دەکرێت (خەبات ١٩٦٠/٦/١٦؛ ١٩٦٠/٧/٢٤). ناسیونالیستە کوردەکان هەموو شێوازەکانی توانەوەیان ڕەت دەکردەوە، لەبری توانەوە ئەوان پێشنیازی دووبارە داڕشتنەوەی عێراقیان دەکرد لەسەر بنەما و چەمکەکانی دەوڵەتی دوونەتەوەیی (Binational)، کە تێیدا ماف و پێگەی یەکسان بۆ هەردوو نەتەوەکە، کورد و عەرەب، فەراهەم کرابێت. لە ڕاستیدا لەو ئانوساتەدا لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی *کۆماری عێراق* بە بەردەوامی وەک "کۆماری عەرەبەکان و کوردەکان" ناوزەند دەکرا و دەناسێنرا (بڕوانە هەموو ئەو ٤٦٥ ژمارەیەی ڕۆژنامەی خەبات کە لە نێوان نیسانی ١٩٥٩ تا نیسانی ١٩٦١ دەرچووە).

سەرەڕای ئەو هەموو کێشمەکێش و گفتوگۆیە لەسەر شوناسی *عێراق* و کورد و نیشتمان، کەچی کوردەکان لەو ساڵانەدا بەرنامە و پڕۆپۆزەڵێکی وردیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە *عێراق* پێشکەش نەکرد و گوتاری کوردی لە کۆمەڵێک دروشم و ڕەخنە لە حکومەت و دەستوور کورت ببووەوە. لێرەولەوێ جارجار *خەبات* ئاماژەی بە ئۆتۆنۆمی دەکرد، بەس بەگشتی وردەکارییەکانی ئەو ڕێگەچارەیەی ڕوون نەکردبووەوە (خەبات ١٩٦٠/٩/٧). لەگەڵ ئەوەشدا، *پارتی* چەندین جار بەیانی کردبوو کە سەربەخۆیی ئامانجی ئەوان نییە. *خەبات* پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئێمە داوای سەربەخۆییمان نەکردوە، بە پێچەوانەوە ئێمە لە دژی سەربەخۆیی

ڕاوەستاوین، تەنانەت جیابوونەوە بە درۆیەکی ئیمپریالیزم دادەنێین (خەبات ۱۹۵۹/۹/۳۰؛ ۱۹٦۰/۲/۹؛ ۱۹٦۰/۱۱/۲). سەرکردە ناسیونالیستە کوردەکان ئەوکات پێیان وا بوو کە جیابوونەوە لە قازانجی کورددا نییە و پێگەیان لە هاوکێشە سیاسییەکان بێهێز دەکات (Barzani 2003: 176). هاوکات مکوڕ بوون لەسەر دداننان و ناساندنی سنووری *کوردستان* بە گەڕانەوە بۆ بەڵگە جوگرافی و مێژووییەکانی ئەو شوێنانەی کە کورد لەسەری نیشتەجێیە، لەگەڵ سووربوونی ناسیونالیستە کوردەکان لەسەر دامەزراندنو کارکردنی یەکێتییو سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کوردەکان داوای جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵییان کردووە، بەڵام زۆر ڕوونیش نەبوون لەسەر داواکانیان.

بڵاوبوونەوەی ئەو دوو گوتارەی *خەبات* زیانی بە پەیوەندییەکانی نێوان *پارتی* و حکومەتی مەرکەزی گەیاند. داوا و بانگەشەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ تواندنەوەی کورد لە قازانی عەرەبیدا هێندەی دیکە پرسەکانی ئاڵۆزتر و کوردەکانی نیگەران و توڕەتر کردبوو. **کلوفیس مەقسوود**، نوێنەری فەرمیی *کۆمکاری عەرەبی* لە *بەغداد*، هاتە ناو کێشە و ململانێکان و گوتارێکی لە *ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)*، کە ناسراو بوو بە نزیکی لە حکومەت، بڵاو کردەوە و تێیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە "هەر کەسێک بە مێژوو کورد، نیگرۆ یان ئەرمەنی بێت و نیشتەجێی وڵاتێک بێت کە بەشێک بێت لە نیشتمانی عەرەب، ئەوە ئەو کەسە وەک ئەمری واقع عەرەبە"، لە درێژەی گوتارەکەیدا **مەقسوود** دەیگوت "وا پێویستە بۆ کەمینەنەتەوەییەکان کە ئامادەیی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لە نەتەوەی زۆرینە (عەرەب)" (الثوره ۱۹٦۱/۲/۱۷).[۱] لە وەڵامدا *خەبات* زنجیرەیەک گوتاری بڵاو کردەوە کە بیرۆکەی توانەوەی کوردی لە قازانی عەرەبیدا ڕەت دەکردەوە. لە ئاکامدا شەڕێک لە ڕاگەیاندنەکان لە نێوان ناسیونالیستە کوردەکان و عەرەبەکان سەری هەڵدا، کە بۆ ماوەیەک درێژەی کێشا.[۲] *خەبات* هەوڵەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکانی بە بێهوودە لەقەڵەم دەدا و

1. *خەبات* لە ژمارەی ڕۆژی ۱۹٦۱/۲/۱۹ هەمان گوتارەکەی *سەورەی* بڵاو کردووەتەوە.
2. شەڕەکەی ڕاگەیاندن لەسەر ڕووپەڕەکانی *ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)* و *بەغداد (بغداد)*، زمانی ناسیونالیستە عەرەبەکان، لە لایەک و *ڕۆژنامەی خەبات* و *دەنگی کوردستان*، زمانی ناسیونالیستە کوردەکان، لە لاکەی دیکە دەکرا.

پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەزموونی گەلان و مێژوو پێمان دەڵێت کە ئەو جۆرە هەولانە شکستیان خواردووە و شکست دەخۆن. هاوکات داوای لە حکومەتیش دەکرد کە ئەم هەڵمەتە شەرمەزار بکات و هەڕەشەی دەکرد کە دڵسۆزی و ئینتیمای کوردەکان بۆ *یەکێتیی عێراق* و برایەتیی کورد و عەرەب بەندە بە ڕیسواکردنی هەولەکانی ئەو ئاژاوەچییانە، کە مەبەستیان سڕینەوەی نەتەوەی کوردە (خەبات ١٩٦١/٢/٢٠).

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر کوردەکانی نیگەران و نائومێد کردبوو، ئەوە بوو کە نە **قاسم** و نە حکومەت هیچ هەڵوێستێکیان لە خۆ پیشان نەدا لە بەرانبەر بانگەشە و داواکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ تواندنەوەی کورد (کریم ١٩٩٨: ٧٨؛ خەبات ١٩٦١/٣/١٦). بە پێچەوانەوە، **قاسم** بە خۆی بنەڕەتی کوردەکانی خستە ژێر پرسیارەوە و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە بنەچەدا "کوردۆ" نازناوێک بووە کە شاکانی *ئێران* بۆ ئەو سەرکردانە بەکاریان هێناون کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر سوپای موسڵمانە داگیرکەرەکان (Natali 2000: 52). بێجگە لەوە، **قاسم** لەو کاتەوە ئیدی وەک یەک نەتەوە ئاماژەی بە عێراقییەکان دەکرد نەک وەک دوونەتەوە، وەک ئەوەی کە لە دەستووردا هاتبوو. **قاسم** ئەو بڕوایەی لا دروست ببوو کە دانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان لەوانەیە بەرەو جیابوونەوەیان ببات، وەک ئەوەی کە ناسیونالیستە عەرەبەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئەوەش وای کرد جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوون دوا بخات. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا، گرژی و کێشمەکێشەکانی نێوان حکومەت و کوردەکان گەیشتبوونە خاڵی بڵقدان. دەسەلاتداران لە *بەغداد* دوو ئەندامی بالای *پارتی*یان گرت و سکرتێری حزبەکەشیان، **ئیبراهیم ئەحمەد**، تاوانبار کرد بە کوشتنی سەرۆکعەشیرەتێکی کورد (زەنگەنە ٢٠٠١: ١٢٢).[1] لە ئاکامدا هەردوو لا، حکومەت و کوردەکان، دەستیان بە خۆئامادەکردن کرد بۆ شەڕ.

وەک نییەتپاکییەک، سەرکردایەتیی کورد یاداشتنامەیەکیان لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦١ خستە بەردەم **قاسم**، کە تێیدا پەنجەیان لەسەر گرنگی و

---

[1]. دوو ئەندامە گیراوەکەی پارتی **سەیدا ساڵح یوسفی** و **عومەر دەبابە** بوون (خەبات ١٩٦١/١/٢٢؛ ١٩٦١/١/٢٧).

جەوهەریبوونی پرسی شوناس کرد لەو ململانێیانەی کە لەئارادا بوون.[1] یادداشتنامەکە بە پەرۆشەوە داوای لە حکومەت دەکرد کە مادەی *سێ* لە دەستوور کە دانی نابوو بە شەراکەتی کورد و عەرەب، جێبەجێ بکات و داواشی دەکرد کە کار لەسەر زیندوکردنەوەی بیرۆکەی دامەزراندنی *بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە* بۆ خوێندنی کوردی بکات. مافە زمانەوانییەکان و دانانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە *عێراق*، بەشێکی دیکە بوون لەو داواکارییانەی کە لە یادداشتنامەکەدا هاتبوون. داواکانی ناو یادداشتنامەکە هێندەی دیکە **قاسم** و هاوپەیمانە نوێکەی، ناسیونالیستە عەرەبەکانی، تووڕەتر کرد. لە دەرئەنجامی داخرانی دەرگەکانی گفتوگۆ، ناسیونالیستە کوردەکان دەستیان بە خۆڕێکخستن و وەگەڕخستنی هێزەکانیان کرد. بارودۆخەکە هێندەی دیکە بە هاتنی خاوەن زەوی و سەرۆکعەشیرەت و ئاغاکان بۆ ناو کێشمەکێشەکە ئاڵۆزتر و خراپتر بوو، چونکە ئەوان دژایەتیی سیاسەتی چاکسازییان لە بواری کشتوکاڵ دەکرد. گرژییەکان لەسەر دەستی ئاغا و سەرۆکعەشیرەتەکان تەقییەوە و یاخیبوونێکی لێ کەوتەوە، کە هەر زوو لەلایەن زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی پشتیوانیی لێ کرا،[2] لەوانە توێژی خوێندەوارە شارییەکانیش. ئیدی هێندەی پێ نەچوو ئەوەی لە سەرەتا یاخیبوونێکی ئاغاکان بوو لە دژی چاکسازییەکان لە کشتوکاڵدا، زوو بوو بە شۆڕشێکی جەماوەری کە سەرتاسەری *کوردستان*ی گرتەوە و تا کۆتایی حوکمڕانیی *قاسم* بەردەوام بوو.

---

[1]. بۆ دەقی تەواوی یادداشتنامەکە بڕوانە (کریم ١٩٩٨: ٧٥-٨٣).

[2]. **فوئاد عارف**، سەرکردەیەکی کورد، جەخت لەوە دەکات کە ئەوە ڕاست نییە کە *بارزانی* پشتیوانیی لە ئاغا کوردەکان کردبێت، چونکە **بارزانی** بە خۆی خاوەن زەوی نەبوو و چاکسازییەکانی **قاسم** لەم بوارە هیچ کاریگەریی لەسەر ئەو نەبوو (العانی ٢٠٠٠: ج٥، ١٤٥). لە ڕاستییدا *پارتی دیموکراتی کوردستان* ئەوکات، ئەگەر وەک دروشمیش بووبێت، لەڕیشەهەڵکێشانی دەربەگایەتیی بە پێویست دەزانی (خەبات ١٩٦٠/٩/٢٥).

**هاتنی ئایین بۆ ناو سیاسەت**

*شۆڕشی ١٤ی تەمووز* وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو بۆ شیعەکان؛ شیعەکان لە سەرەتای شۆڕشەکەدا هیوایەکی زۆریان بە ڕژێمە نوێیەکە بوو کە بتوانێت کۆتایی بە باڵادەستیی سوننەکان بهێنێت، یان لانیکەم بتوانێت ماف و نوێنەرایەتییەکی دادگەرانە شیعەکان لە حکومەت و پەرلەمان فەراهەم بکات. پیاوانی ئایینیی شیعە لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوون کە بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕش پیرۆزباییان لە **قاسم** کرد، بەڵام کۆمەڵێک سیاسەت و تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی **قاسم** پیاوانی ئایینیی شیعەی نیگەران کردبوو، لەوانە: یەکەم، مەیلی **قاسم** بە لای چەپدا. دووەم، چاکسازییەکانی **قاسم** لە بواری کشتوکاڵ کە ببووە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکعەشیرەت و خاوەن زەوییەکان. سێیەم، ئەو گۆڕانکارییانەی کە **قاسم** لە سیستەمی یاسایی کردبووی، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە یاساکانی باری کەسی و خێزانەوە هەبوو، کە هەوڵێک بوون بۆ جێگرتنەوەی ئەو یاسایانەی کە بنەمایان لەسەر شەریعەی ئیسلامی دانابوو بە یاسای مەدەنی و سێکولار. بۆ نموونە یەکسانکردنی مافەکانی نێر و مێ لە میرات و شایەتی و دانانی ١٨ ساڵ وەک کەمترین تەمەن بۆ مێردکردن و مافی یەکسان لە نێوان پیاو و ژن بۆ تەڵاقدان لەگەڵ قەدەغەکردنی فرەژنی (بڕوانە الوقائع العراقية ١٩٥٩/١٢/٣٠). ئەو سیاسەتانەی **قاسم** وای لە پیاوانی ئایینیی شیعە کرد کە بەخۆداچونەوەیەک بکەن لە هەڵوێستیان بەرانبەر **قاسم** و حکومەتەکەی و پشتیوانیی لێ ڕابگرن (العلوی ١٩٩٠: ٢١٠؛ Nakash 2003a: 135). پیاوە ئایینییەکان یاسا مەدەنییە-سێکولارەکانیان وەک دەستپێشخەرییەکی بێوێنە و بێپێشینە لە مێژوودا دەبینی و وەک هەڕەشەش لەسەر دەسەڵاتی ئایینی دەهاتە بەرچاویان. دوو هۆکاری دیکەش هەبوون کە لە پشت نیگەرانییەکانی پیاوانی ئایینیی شیعەوە بوون، ئەوانیش هەڵوەشاندنەوەی یاسای حوکمی عەشایەری (قانون حکم العشائر) و پەرلەمان بوون. یاسای حوکمی عەشایەری دەسەڵاتێکی زۆری دابوو بە سەرۆکعەشیرەتەکان، کە ناسراو بوون بە نزیکییان لە پیاوانی ئایینی. پەرلەمانیش لە سەردەمی پادشایەتی ببووە شوێنێک بۆ بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی سەرۆکعەشیرەتەکان و خاوەن

زەوییەکان. هەڵوەشاندنەوەی یاساکە و پەرلەمان داماڵینی دەسەڵاتی سەرۆکعەشیرەتەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش پیاوانی ئاییینی ناڕەحەت کردبوو.

لە ساڵی یەکەمی شۆڕشدا، شیوعییەکان بە تەواوی کۆنترۆڵی شەقام و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی *عێراق*یان کردبوو، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشوور. شیوعییەکان لەو کاتەدا دامەزراوە ئایینییەکانی هەردوو مەزهەبی سوننی و شیعییان وەک سەرچاوەی کۆنەپەرستی و موحافیزکاری و خورافیات ناوزەند دەکرد. پەیوەندییەکان گرژتر بوون کاتێک شیوعییەکان هێرشیان کردە سەر گەورەمەرجەعی شیعەکان، **موحسین حەکیم** (العلوی ١٩٩٠: ٢١٤-٢١٥؛ الشیرازی ٢٠٠٠).[1] دوای هەستکردن بەوەی کە پلەوپایە و پێگە و دەسەڵاتی ئایینی، وەک ئەوەی پیاوانی ئایینی لێکیان دەداوە، لە ژێر هەڕەشەدایە، پیاوانی ئایینیی شیعە وەدەنگ هاتن. ترسی پیاوانی ئایینیی شیعە، بێجگە لە ئەو هۆکارانەی باس کران، لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە زۆربەی هەرە زۆری شیوعییەکان بە بنەڕەت شیعە بوون، لە ڕاستیدا هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ٨٥%ی هەموو شیوعییەکانی *عێراق* شیعە بوون (حسین ٢٠١٣). وەک وەڵامێک بۆ ئەو هەموو نیگەرانی و هەڕەشانە، لە شوباتی ١٩٦٠دا، **حەکیم** فەتوایەکی دەرکرد کە تێیدا گوتبووی "ئەندامبوون لە حزبی شیوعی جائیز نییە، ئەمە کوفر و ئیلحادە، یان بانگەشەیە بۆ کوفر و ئیلحاد" (الشیرازی ٢٠٠٠). کاریگەریی فەتواکە بەرچاو بوو، بەتایبەتی لەسەر شیعەکانی دێهات و شارۆچکەکان. فەتواکە ئاگەدارکردنەوەیەک بوو بۆ شیعەکان. ئەم فەتوایە لە کاتێکدا هات کە **قاسم** کاری لەسەر یەکێک لە دەستپێشخەرییە هەرە گەورەکانی دەکرد، ئەویش نیشتەجێکردن و دروستکردنی خانووبەرە بوو لە ناو *بەغداد* بۆ شیعەکان، کە لە دەوروبەری شارەکە لە کەلاوە و خانووی قوڕ و چینکۆدا دەژیان. ئەو شیعانە لەوانە بوون

---

[1]. **موحسین حەکیم** (١٨٨٩-١٩٧٠)، لە نەجەف لەدایک ببوو، لە ساڵی ١٩٦١دا بوو بە گەورەمەرجەعی شیعەکان. **حەکیم** باوکی **باقر حەکیم و عەبدولعەزیز حەکیم**ی کۆنەسەرۆکەکانی *مەجلسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی* و باپیرەی **عەمار حەکیم** سەرۆکی ئێستای *مەجلسی ئەعلا*یە.

که لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆسەی مۆدێرنەتە بۆ پەیداکردنی کار هاتبوونە *بەغداد*. دەکرێت بگوترێت کە کاریگەریی فەتواکە لەسەر شیعەکان یەکسەری بوو، بەڵام لە دەیەکانی دواتر ئاماژەکانی باشتر دەرکەوت. ئەم بەدەمەوەهاتنەی شیعەکان بۆ فەتواکە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرەڕای هەوڵەکانی **قاسم** بۆ چاکترکردنی باری ئابووریی خەڵکە هەژار و نەدارەکە، کە زۆربەیان شیعە بوون، کەچی شیعەکان هەستیان بە گۆڕانکاریی گەورە لە سیستەمی سیاسیی دوای شۆڕشەکە نەکردبوو، چونکە جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی، بەتایبەتی سوپا و پۆلیس و حکومەت، هێشتا هەر بە دەست سوننەکانەوە بوو (العلوی ١٩٩٠: ٢١١-٢١٣؛ الفکیکی ١٩٩٣: ١١٧-١١٨). ئەمەش ناهاوسەنگیی هاوکێشەی مەزهەبیی هەروەک خۆی هێشتبووە و شوناسی عێراقیبوونیش ئەوەندە بەهێز نەبوو کە ئینتیما مەزهەبییەکان کاڵ بکاتەوە.

شیوعییەکان بەردەوام بوون لە وێناکردنی ئایین وەک "بێهۆشکەری (افیون) گەلان". گاڵتەپێکردنەکان، بەگوێرەی سەرچاوە شیعییەکان، گەیشتبووە ئەو ڕادەی کە **بە موحسین حەکیم** بڵێن "عەفلەقی"، واتە بەعسی و لەسەر دیوارەکانی مەزارە شیعییەکان بنووسن "ئەوەتان لە کوێ بوو"، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو زێڕانەی کە گومەتی مەزارەکانی داپۆشیبوو (العاملی ٢٠١٠)، ئەمەش جۆرێک بوو لە خستنە ژێر پرسیاری دامەزراوەی مەرجەعیەت. ئەو فەزایە سیاسییەی کە لە دەرئەنجامی ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان ئەندامان و لایەنگرانی حزبی *شیوعی* و **قاسم** لە لایەک و پیاوانی ئایینیی شیعە، زۆر لەوە بەرفراوانتربوو کە لەم چەند دێڕەدا دەربڕدراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ئەو ڕۆژانەی کە **کاشف غەتا** لە لایەن بەریتانییەکان ئاگەدار کرایەوە لە خەتەری کۆمۆنیزم (بڕوانە بەشی چوارەم). بە هەرحاڵ، فەزا سیاسییەکە ڕێخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی تێکەڵکردنی ئایین بە سیاسەت، بە واتایەکی دیکە دروستبوونی ڕەوتێکی سیاسی ئیسلامیی چەقبەستوو لەسەر مەزهەبی شیعە. ئەوە بوو لە ناو گەرمەی ململانێکانی شیعەکان لەگەڵ **قاسم** و شیوعییەکان، ڕێکخراوێکی مەزهەبیی شیعی لە *عێراق*

به ناوی حزبی *دەعوە* (*حزب الدعوة الاسلامیة*) لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا.[١] ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی حزبی *دەعوە* بەگژداچوونەوەی تەوژمی کۆمۆنیزم بوو، ئەویش بە کەڵکوەرگرتن لە *ئیسلام* وەک ئایین و ئیسلامیزم وەک ئایدیۆلۆجی. ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە چالاکوانیی سیاسیی شیعەکان، کە پێشتر زیاتر پشتی بە ڕۆڵی پیاوانی ئایینی بەستبوو لە چالاکینواندندا. ئامانج و نیەتەکانی حزبە نوێکە لە کار و کردەوەی پیاوانی ئایینی تێپەڕی کرد، کە چەقی لەسەر ڕاگرتنی بەها و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان گرتبوو. حزبی *دەعوە* خەونی بە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی ئایینی دەدیت، ئەویش بە بەکارهێنای ئامڕازی مۆدێرن نەک ئەو چەک و ئامڕازە سوننەتییانەی کە پیاوە ئایینییەکان بەکاریان دەهێنا. سەرەتاکانی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی لە ناو شیعەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢، لەو کاتانەوە شیعەکان، بەتایبەتی ئەوانەی گرنگییان بە شوناسی مەزهەبی دەدا، هەستی ئەوەیان لا دروست ببوو کە شوناسەکەیان کەوتووەتە ژێر فشار و هەڕەشە (Jabar 2003: 107). وەک جارانی پێشووتر، گفتوگۆکان بۆ دامەزراندنی حزبی *دەعوە* لە زنجیرەکانی پیاوە ئایینییە بەساڵاچووەکان قەتیس نەببوو، بەڵکو ئەم جارە ژمارەیەک پیاوی ئایینیی گەنج لەگەڵ چەند کاسبکارێک هاتبوونە سەر مێزی قسەکردن، کە پێیان وا بوو چالاکییە سوننەتییەکان دادی شیعەکان نادات و بێهودەیە. بێجگە لە بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیزم، ئەم هێنانەوەیەی ئایین بۆ ناو فەزای سیاسی، مەبەست لێی گێڕانەوەی دەسەڵاتە لەدەستچووەکەی دامەزراوە ئایینییەکانی شیعە بوو لەگەڵ گێڕانەوەی شکۆ بۆ پیاوانی ئایینی. گروپە ئایینییەکان، وەک ئاماژەی پێ کرا، کۆمۆنیزمیان بە هەڕەشەیەک لەسەر شوناسی ئیسلامی-شیعی دەبینی و پێشیان وا بوو کە شیعەکان بەگشتی کەوتوونەتە ژێر هەژموونەکەی. بە کورتی، سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی شیعی دوو هۆکاری ناوخۆیی لە پشت بوو: یەکەم،

---

[1]. ڕۆژ و ساڵی دامەزراندنی حزبی *دەعوە* زۆر ڕوون نییە، هەندێک سەرچاوە باس لە ساڵی ١٩٥٧ دەکەن و هەندێکی دیکەش باس لە ساڵی ١٩٥٩ و باسی ساڵی ١٩٦٤یش دەکرێت، بەڵام وا پێ دەچێت ساڵی ١٩٥٩ لە ڕاستییەوە نزیک بێت (بڕوانە الموسوی ٢٠٠٠؛ Jabar 2003: 78, 95-96).

پەرچەکردارێک بوو بە ڕووی تەشەنەکردنی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و زیادبوونی شیوعییە شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵەکان، میلیتانتەکان. دووەم، پەیدابوونی نەوەیەکی نوێ لە پیاوانی ئایینی کە بێزار ببوون لە شێوازی مامەڵەکردنی پیاوە ئایینییە سوننەتییە بەساڵاچووەکان، بەتایبەتی **کاشف غەتا** و **موحسین حەکیم**. نەوە نوێکە پێی وا بوو کە گەورە مەرجەعەکان ماوەیەکە خۆ دوورەپەرێز دەگرن لە سیاسەت. هۆکارێکی دیکە بۆ چالاکبوونی ئیسلامییە شیعەکان، دامەزراندنی حزبی *ئیسلامیی عێراقی* و حزبی *تەحریر* بوو، کە دوو حزبی سوننیی ئیسلامی بوون (Jabar 2003: 78-86).[1]

**محەمەد باقر سەدر**، تیۆریستی سەرەکیی حزبی *دەعوە* (لێرە بەدواوە *دەعوە*) و یەکێک لە دامەزرێنەرانی، دوو کاری گەورەی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ بەرهەم هێنا، کە تێیاندا دیدگا و خەتە گشتییە هزری و ئایدیۆلۆجییەکانی *دەعوە*ی دەستنیشان کرد و ڕوون کردەوە. کتێبی یەکەم، *فەلسەفەمان* (فلسفتنا)، تەرخان کرابوو بۆ ڕەخنەکردنی تیۆری ماتریالیزمی دیالیکتیکیی **کارل مارکس**. کتێبی دووەمیش، *ئابووریمان* (*اقتصادنا*)، تیۆرێکی ئیسلامی بۆ ئابووریی سیاسی خستبووە ڕوو، هاوکات ڕەخنەیەک بوو لە سیستەمی سەرمایەداری (بڕوانە الصدر ١٩٨٧؛ ٢٠٠٤). هەردوو کتێبەکە بوون بە چوارچێوەی فەلسەفی و ئایدیۆلۆجیی *دەعوە*. سەرەڕای ئەوەی کە *دەعوە* لە بنەڕەتدا پەرچەکردارێک بوو لە دژی کۆمۆنیزم لە ڕووی سیاسی و ئابووری، بەڵام ئامانجی سەرەکیی *دەعوە* کۆتاییهێنان بوو بە باڵادەستیی سوننەکان لە *عێراق*. بۆ ئەوەش بوو کە دەوڵەتێک دابمەزرێت، وەک ئەوەی کە **سەدر** نەخشەکارییە تیۆرییەکانی بۆ کردبوو، کە ناوی نابوو ویلایەتی ئوممە. **باقر سەدر** لە تیۆرەکانیدا ئامرازەکانی دامەزراندنی دەوڵەتە ئیسلامییەکەشی دەستنیشان کردبوو (الموسوی ٢٠٠٠).

کار و چالاکییەکانی حزبی *دەعوە* لە سەردەمی **قاسم**دا کەم و دیاریکراو بوون، لە گفتوگۆ هزری و ئایدیۆلۆجییەکان لە نێوان دامەزرێنەرەکانی و هەوادارە نزیکەکانیان تێپەڕی نەدەکرد. تا چەندین ساڵ لە دامەزراندنی، *دەعوە*

---

[1]. حزبی *ئیسلامیی عێراقی* و حزبی *تەحریر* هەردووکیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا دامەزران (علیوی ٢٠٠١: ١٧٨-١٨٠).

ئامانجە سیاسییەکانی بە فەرمی بەیان نەکرد. لە ڕاستیدا، وەک حزب یەکەم بەیاننامە کە دەریان کردبێت لە ساڵی ١٩٨٠دا بوو (Jabar 2003: 93, 98). لە سەرەتا ئاقاری چالاکییەکانی دەعوە شارە ئایینییەکانی *نەجەف* و *کەربەلا* بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ کاتێک سوننەکان حزبی *ئیسلامیی عێراق*یان دامەزراند، **موحسین حەکیم** پشتیوانیی خۆی بۆیان دەربڕی، کەچی شتێکی لەو شێوە بۆ *دەعوە* بەرچاو ناکەوێت، ئەمەش دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ ساوایی و دیاریکراویی زنجیرەکانی *دەعوە* تەماشا بکرێت (Jabar 2003: 125). دەشکرێت **حەکیم** ئاگەدار بووبێت و موبارەکەی *دەعوەی* کردبێت، بەڵام نەیویستووە بە ئاشکرا بیدرکێنێت، ئەمەیان لە ڕاستی نزیکترە. هەرچۆنێک بێت، **حەکیم** دواتر موبارەکەی دامەزراندنی حزبی *دەعوە*شی کرد، بەڵام بە دزییەوە، هیچ کاتێکیش ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە سیاسەت نەبوو (الموسوی ٢٠٠٠).

لە سەروبەندی دامەزراندنی *دەعوە*، ڕێکخراوێک لە لایەن پیاوە ئایینییەکانی ڕیزی پێشەوە دامەزرا بە ناوی *جەماعەتی عولەما* (*جماعة العلماء*).[1] هاوشێوەی *دەعوە*، ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی *جەماعەتی عولەما* "بەگژداچونەوەی تەوژمی کۆمۆنیزم" بوو، چونکە بە گوتەی یەکێک لە دامەزرێنەرانی، **محەمەد شیرازی**، "بێدەنگبوون لێیان (لە شیوعییەکان) کاریگەریی کارەساتئامێزی بەدواوە بوو" (الشیرازی ٢٠٠٠). ئامانجێکی دیکەی *جەماعەت* زیندووکردنەوەی بەها ئایینییە شیعییەکان بوو. گروپەکە لە قسە و گوفتاریان هێرشی ڕاستەوخۆیان نەدەکردە سەر **قاسم** لەبەر جەماوەریبوونی ئەو، بەڵکو زیاتر ڕووی پەیام و بەیاننامەکانیان لە شیوعییەکان بوو. لە بەرانبەردا **قاسم** ڕێگەی پێ دان کە کەڵک لە ڕادیۆی حکومەت وەربگرن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان (Jabar 2003: 110; Aziz 2003). جیاوازیی سەرەکی لە نێوان حزبی *دەعوە* و *جەماعەتی عولەما*، ئەوە بوو کە *دەعوە*

---

[1]. پیاوە ئایینییەکانی ڕیزی پێشەوە لە *نەجەف* لەو سەردەمانەدا بەسەر دوو گروپ دابەش ببوون، یەکەمیان بانگەشەی بۆ تێکەڵبوون لە سیاسەت دەکرد، گروپی دووەمیشیان خۆی دوورەپەرێز دەگرت. ئەو کەسانەی *جەماعەتی عولەما*یان دامەزراند لە گروپی یەکەم بوون (Aziz 2003).

ڕێکخراوێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوو، ئامانجی وەگەرخستنی خەڵک بوو، کەچی جەماعەت کۆمەڵەیەکی ئایینی بوو کاری لەسەر پەروەردەکردنی خەڵک لەسەر بەها و پەیامە ئایینییەکان لە پەیوەند بە پرسە ئایینی و کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکان دەکرد. دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوە ئایینییە شیعییە و دوو حزبی ئایینیی سوننە، خاڵێکی وەرگەڕان بوو لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی *عێراق*، کە لە دەیەکانی دواتر تا ڕادەیەکی چاک توانیان کۆتایی بە باڵادەستیی پارت و ڕێکخراوە سێکولار و ناسیونالیستەکان و نیشتمانپەروەرەکان بهێنن، یان کاریگەرییان لە گۆڕەپانی سیاسیدا کەم بکەنەوە، بەتایبەتی لە ناو شیعەکان.

ئەوەی کارئاسانی و ڕێخۆشکەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە لە ساڵانی دواتردا، کۆچی بەکۆمەڵی شیعەکان بوو لە دێهات و شارۆچکەکانەوە بۆ *بەغداد* و شارە گەورەکانی دیکە. لە سەردەمی پادشایەتی خەڵکەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ژمارەی لەئامێزانهاتوو کۆچیان دەکرد، بەڵام لە پەنجاکان و شەستەکاندا ژمارەکان هێندە زۆر بوون کە لە توانای شارەکاندا نەمابوو لە ناو کولتووری خۆیاندا بیانتاوێننەوە یان ئاوێزان و ئامێزانیان بکەن. بۆ نموونە، تەنیا لە ساڵی ١٩٥٨ نزیکەی ١٢٠،٠٠٠ کەس لە گوند و شارۆچکەکانەوە ڕوویان لە *بەغداد* کرد (العانی ٢٠٠٠: ج٥، ٢١١). ئەم دیاردەیە لە *بەغداد* بەتایبەتی دوای نیشتەجێکردنی شیعەکانی ژێر چینکۆ و کەلاوەکانی دەوروبەری *بەغداد* لە *مەدینەت سەورە* (*مدینة الثورة*) لە بەری *ڕەسافە* و گەڕەکی *شوعلە* لە بەری کەرخ زیاتر دەردەکەوت.[1] ئیدی لەبری بەشاریبوونی خەڵکە کۆچکردووەکە، دیاردەیەکی نوێ پەیدا بوو، ئەویش بەدێهاتکردنی شارەکان بوو. هەمان دیاردەی کۆچکردن لە ناوچە کوردییەکانیش هەستی پێ دەکرا، ئەویش خۆی لە کۆچکردن لە گوندەکانی *کوردستان* بۆ شارە سەرەکییەکانی وەک *هەولێر* و *کەرکووک* و *سلێمانی*

---

[1]. بە بەری ڕۆهەڵاتی *دجلە* لە *بەغداد* دەگوترێت *ڕەسافە* (*الرصافة*)، بەری ڕۆژئاواشی *کەرخ* (*الکرخ*). *مەدینە سەورە*، واتە *شاری شۆڕش*، ئەو گەڕەکەیە کە **عەبدولکەریم قاسم** بۆ نیشتەجێکردنی شیعە کۆچکردووەکان بۆ *بەغداد* دروستی کرد. لە سەردەمی **سەدام حوسێن** ناوی گۆڕا بۆ *مەدینە سەدام*، لە دوای ڕووخانی **سەدام**یش ناوی گۆڕا بۆ *مەدینە سەدر*.

دەبینییەوە (خەبات ١٩٦٠/٢/٩). ڕاپەڕینی جوتیاران لە ساڵی ١٩٥٣ لە *دەشتی هەولێر* یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە پاڵی بە خەڵکەکەوە نا بۆ کۆچکردن. یەکێک لە دەرکەوتە زەقەکانی ئەم دیاردەی بەدێهاتبوونی شارەکان، بڵاوبوونەوەی پراکتیز و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بوو لە شارە گەورەکان، وەک *بەغداد*، کە لەگەڵ هاتنی کۆچبەرە نوێکان زۆر زیادی کردبوو. لەوە دەچێت کە کۆچبەرەکان لەبری تەبەنیکردنی کولتووری شار، پراکتیزی کولتووری ئەو ناوچانەیان دەکرد کە لێیەوە هاتبوون. بە حوکمی زۆریشیان، خۆیان دەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لە ئاکامی جێڵەقبوونیان لە کولتوور و ژینگە کۆنەکە پەیدا ببوو، گەڕانەوە بۆ ئایین بەشێک بوو لەم هەوڵە. وەک دەرئەنجامێک ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* بوون بە پراکتیزێکی ئاسایی لە کۆڵانەکانی زۆر گەڕەکی نوێی *بەغداد*. پێش ئەم کۆچە گەورەیە ئەم جۆرە پراکتیزانە لە *بەغداد* تەنیا لە گەڕەکی *کازمییە* ئەنجام دەدران. وەک وەڵامێک یان لاساییکردنەوەیەک سوننەکانی *بەغداد*ش بەشدارییبوونیان لە ڕێوڕەسمە ئایینییە سوننییەکان، وەک مەولوودی پەیامبەر، زیاد کردبوو و گەشە پێ دابوو (الفکیکی ١٩٩٣: ١٢٣-١٢٤).

بە حوکمی واقعی دابەشبوونی مەزهەبی و سیاسی، دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان، کە لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین حزبە مەزهەبییەکان، هێندەی دیکە دابەشبوونی مەزهەبی لە *عێراق* قووڵتر کردوە. ئەمە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تیۆری سیاسیی شیعەگەرا پایەی لەسەر چەمکی ئیمامەت داناوە، کەچی تیۆری سیاسیی سوننەگەرا چەمکی خەلافەتی کردووەتە چەقی تێگەیشتنەکانی. هەردوو چەمک ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن و هەڵوێستی ئەو سەرکردە موسڵمانانەی کە یەکسەر دوای مردنی پەیامبەری موسڵمانان، لە *سەقیفەی بەنی ساعیدە*، قسەیان لەسەر چۆنێتیی دەستنیشانکردنی جێنشینێک بۆ پەیامبەرەکەیان دەکرد (بڕوانە بەشی یەکەم).لە شیعەگەراییدا، ئیمامەکان کەسانێکی مەعسومن (هەڵەنەکەرن) و لە لایەن خوداوە دیاری کراون بۆ ئەوەی ببن بە جێنشینی پەیامبەری *ئیسلام* و ڕابەرایەتیی سیاسی و ڕۆحیی کۆمەڵگەی موسڵمانان بکەن. کەچی لە سوننەگەریدا، خەلیفە کەسێکی هەڵبژێردراو یان دیاریکراوە لە لایەن گروپێک لە

پیاوماقوڵانی *ئیسلام*، کە بە ئەهلی حەل و عەقد لە مێژوودا ناو براون. بە بنەما لەسەر ئەمە، بۆ سوننەکان چوار خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان، کە بە *خولەفای ڕاشیدین* ناسراون، بەگوێرەی بنەماکانی *ئیسلام* دانراون و حوکمیان کردووە، بەڵام شیعەکان هەڵبژاردنی جێنشین بۆ پەیامبەرەکەیان ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن دەبێت پشتاوپشت بێت و دەبوایە یەکەم جێنشینیش عە**لی کوڕی بن ئەبی تالیب** بوایە، کە ئامۆزا و زاوای پەیامبەری موسڵمانان، **محەمەد** بوو. لە ئاکامدا، لەگەڵ دامەزراندنی حزبە ئیسلامییە شیعییەکان و سوننییەکان، ئیدی پرس و پرسیاری ئیمامەت و خەلافەت سەرلەنوێ هاتنەوە ناو فەزای سیاسیی عێراقی. جارێکی دیکەش ئەو کێشمەکێشانەی کە لە ڕۆژانی دوای مردنی پەیامبەری *ئیسلام* زیندووکرانەوە و لەگەڵ خۆیشیان درزیی نێوان دوو پێکهاتە سەرەکییەکەی *عێراق*، سوننە و شیعە، فراوانتر کران.[١]

سەرەڕای دروستبوونی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، کەچی لە سەردەمی **قاسم** حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس* هێندە بەهێز و جەماوەری بوون، توانای ئەوەیان هەبوو کە باڵ بکێشن بەسەر حزبە ئیسلامییە ساواکان، کە هێشتا کاریگەرییان لەسەر شەقام دروست نەکردبوو. بۆیە لە شەستەکاندا، ڕەوت و ئاراستە سێکولار و سۆشیال دیموکرات و ناسیونالیستییەکان هێشتا چوارچێوەی جۆرێک لە تێکەڵبوونی مەزهەبی و نەتەوەییان، ئەگەر دیاریکراویش بێت، پێک دەهێنا.

### لە تاکە سەرکردەوە بۆ تاکە دیکتاتۆر

دیاردەیەکی گرنگ و جێگەی سەرسووڕمان لە پەیوەند بە شیوعییەکان لە سەردەمی **قاسم**، ئەوە بوو لە کاتێکدا کە ئەوان شەقامی عێراقییان هەر لە *زاخۆ*وە تا *بەسرە* کۆنترۆڵ کردبوو، کەچی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتیان نەدا. قسەکردن لەسەر ئەم پرسە لە دەرەوەی مەوداکانی ئەم کتێبەیە، بۆیە قسەی لەسەر ناکرێت، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژەیە، ئەوەیە کە

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەگوڕیشەی دابەشبوونی شیعە و سوننە و تیۆرەکانی ئیمامەت و خەلافەت، تەماشای (کرمانج ٢٠٠٥: ٧٣-٧٦؛ Rizvi 1985; Black 2001: 39-48, 81-90) بکە.

شیوعییەکان **عەبدولکەریم قاسم**یان وەک سەرکردەیەکی خۆیان پیشان دەدا و وەلائێکی بێقەیدوشەرتیشیان بۆی هەبوو، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە وەک تاکە سەرکردە (الزعیم الاوحد) ناوزەندیان کرد. هەرچۆنێک بێت، لە سەرەتای سالی ١٩٦١دا، **قاسم** دەستی بە هەڵمەتێک کرد بۆسەر هەموو حزب و ئاڕاستە سیاسییەکان، هاوکات خۆی لە ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان نزیک دەکردەوە، بەتایبەتی دوای لەسێدارەدان و دوورخستنەوەی ئەوانەی کە ترسی لێیان هەبوو، وەک سەرکردەکانی یاخیبوونەکەی *موسڵ*. لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەو کامپەی کە پێشتر دژی بوو، وردەوردە خۆشی لە شیوعییەکان دوور دەخستەوە و سەرکردەکانیانی لە پۆستە باڵاکان لا دەدا بە **نەزیهە دلێمی**شەوە، کە تاکە وەزیری شیوعییەکان بوو لە کابینەکەی **قاسم**. لە درێژەی هەڵوێستەکانی، **قاسم** کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناسراوەکانی شیوعییەکانیشی، وەک *مونەزەمەی ئەنساری سەلام* (*منظمة انصار السلام*)، یەکێتیی *لاوانی عێراق* و یەکێتیی *ئافرەتانی عێراق* (*رابطة*) سنووردار کرد. تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٢، **قاسم** هەموو هاوپەیمان و لایەنە نزیکەکانی لەدەست دا، هەر لە *پارتی*یەوە بگرە تا دەگاتە حزبی *شیوعی* و حزبی *وەتەنی*. ئەو ڕۆژنامەکەی حزبی *وەتەنی*، *ئەهالی*، ڕاگرت هەر لەبەر ئەوەی کە داوای لە حکومەت کردبوو کە حاڵەتی تەنگەتاوی (ئەحکامی عورفی) هەڵبوەشێنێتەوە و دەستوورێکی هەمیشەیی بنووسێتەوە و ڕێگە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان (الاهالی ١٩٦١/١٠/١٣). سنووردارکردنی چالاکییەکانی حزبی *وەتەنی* بووە مایەی بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حزبەکە. لەبری گوێگرتن لە هاوپەیمانەکانی (حزبی *وەتەنی* و حزبی *شیوعی* و *پارتی*)، **قاسم** لە هەوڵی زیادکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی و خستنە ژێر کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی حکومەتدا بوو. لە ئاکامدا، تاکە سەرکردەکە بوو بە تاکە دیکتاتۆرەکە، ئەمەش بە کەڵکوەرگرتن لە جەماوەرییبوون و خۆشەویستیی خەڵک بۆی. بێجگە لە خەمخۆری بۆ خەڵکە هەژار و نەدارەکان، سادەیی کەسایەتیی **قاسم** هۆکار بوون بۆ پشتیوانیلێکردنی لە لایەن خەڵکەوە. سەرەڕای کورتهێنانە سیاسییە گەورەکانی، هەوڵەکانی **قاسم** بۆ گۆڕانکاری و چاکسازیی هەقیقی و جدی دەردەکەوتن.

یەکێک لەو هۆکارانەی وای لە **قاسم** کرد کە بە هەڵوێست و هاوپەیمانییەکانیدا بچێتەوە، ئەو شەڕە بوو کە لە *کوردستان* هەڵگیرسابوو، کە لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە بەردەوام بوو. شەڕەکە ڕۆژ بە ڕۆژ **قاسم**ی لە ناسیونالیستە عەرەبەکان نزیک دەکردەوە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بوو: یەکەم، ناسیونالیستە عەرەبەکان کۆنترۆڵی سوپایان کردبوو. دووەم، ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان نەک هەر هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ قاسم لە پەیوەند بە شەڕەکەی *کوردستان*، بەڵکو زۆر لەو توندڕەوتر و سەرسەختتر بوون و مکوڕ بوون لەسەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە. بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی ناسیونالیستە عەرەبەکان، **قاسم** هەموو زیندانییەکانی ئازاد کرد بە سەرکردە بەعسییەکانیشەوە لەگەڵ ڕکابەرە سەرەکییەکەی خۆی، **عەبدولسەلام عارف**. لە دەرئەنجامدا، لەو کاتەی ڕۆژی بەعسییەکان هەڵدەهاتەوە، ڕۆژی شیوعییەکان بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئەو فەتوایەی کە **موحسین حەکیم**، گەورەمەرجەعی شیعەکان، ساڵێک پێشتر دابووی، کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر لاوازکردنی شیوعییەکان. بەعسییەکان کەڵکیان لە هەڵوێستی دژەشیوعیی پیاوانی ئایینیی شیعە وەرگرت بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لە ناو خەڵکدا، ئەوان دان بەوە دەنێن کە فەتواکەی **حەکیم** وەک ئەوە وا بوو کە گریس لە بۆڵبەرینی ڕەوڕەوەی ڕوو لە لێژیی شیوعییەکان دابێت (Batatu 2004: 954). ئەو بەرگری و بەرخودانەی کە بەعسییەکان لە کاتی دادگاییکردنیان لە *مەحکەمەکەی مەهداوی* لە خۆیان پیشان دا،[1] کە بۆ دادگاییکردنی بەعسییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠، دامەزرابوو، ڕێز و پێگەی بەعسییەکانی لە ناو خەڵک بەرز کردبووەوە و ناودەنگیانی گەیاندبووە هەموو قوژبنێکی *عێراق*، چونکە دانیشتنەکان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەگوازرانەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، توانا ڕێکخراوەی و سەربازییەکانی *بەعس* گەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی کە کودەتایەک لە دژی **قاسم** بەڕێوە بەرن. لە ژێر

---

[1]. *مەحکەمەکەی مەهداوی*، کە لە بنەڕەتدا ناوی مەحکەمەی شەعب بوو، دادگایەکی تایبەت بوو، لە لایەن **عەباس مەهداوی**، کە ئەفسەرێکی عێراقی بوو، سەرۆکایەتی دەکرا. **عەبدولکەریم قاسم** دادگاکەی بۆ دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی پاشادیەتی دامەزراند کە دواتر ئەو بەعسیانەشیان دادگایی کرد کە هەوڵی کوشتنی **قاسم**یان دابوو لە ساڵی ١٩٥٩، لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەش کە لە یاخیبوونەکەی *موسڵ* بەشداریان کردبوو.

سەرکردایەتیی **عەلی ساڵح سەعدی**،[1] بە هاوکاریی لەگەڵ **عەبدولسەلام عارف**، هاوپەیمانییەک ساز کرا لە بەعسییەکان و ئەندامانی حزبی *ئیستیقلال* و ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان و ناسرِییەکانی ناو سوپا. ئەم هاوپەیمانەتییە ئاشکرا نەکراوە هەموو ئەو کەس و لایەنانەشیان لەخۆ کۆ کردەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دژایەتیی **قاسم**یان دەکرد (الفکیکی ۱۹۹۳: ۱۷۸-۱۷۹). بە یەکەوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان دا بۆ وەلانانی **قاسم** لەسەر حوکم.

لە کۆتایی ساڵی ۱۹٦۲، کوردەکان خۆیان لە سەنگەری ناسیونالیستە عەرەبەکان دۆزییەوە، لەوانەیە ئەمە جێگەی سەرسووڕمان بێت، بەڵام ئەگەر ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە کە یەکێک لە کارەکتەر و سیماکانی سیاسەت و سیاسەتکردن لە *عێراق* یەکگرتنی هێزەکان بووە لە دژی دوژمنێکی هاوبەش، ئەوکات لەو دیاردە و پێشهاتە باشتر دەگەین. نزیکبوونەوەی کوردەکان و بەعسییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان دەچێتە ئەو خانەیە، واتە لە ژێر ئەم تیشکە دەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لێی تێبگەین. لە کۆنگرەی پێنجەمدا، سەرکردایەتیی *بەعس* بڕیاریان دا کە پەیوەندی بە سەرکردایەتیی کورد بکەن و بە فەرمی بڕیار لەسەر تەبەنیکردنی سیاسەتی نامەرکەزی بدەن، وەک بەشێک لە پرۆگرامی حزبەکە. لە کۆنگرەکەدا بڕیاریان لەسەر دانانان بە مافە کولتوورییەکانی کورد دا، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بوو. لە بەرانبەر ئەو دەستپێشخەرییانەی *بەعس*، کوردەکان بەڵێنی ئاگربەستیان بە بەعسییەکان دا لە حالەتی هاتنەسەرحوکمی ناسیونالیستە عەرەبەکان و لابردنی **قاسم** (سعید ۲۰۰۵: ۲٤۸). بە شەڕکردن لەگەڵ کوردەکان و دوورخستنەوە و پەراوێزکردنی شیوعییەکان، **قاسم** خۆی بێهاوپەیمان کرد، بەعسییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە و لەسەر تەخت لایان دا.

---

[1]. **عەلی ساڵح سەعدی** (۱۹۲۸-۱۹۸۰)، لە *بەغداد* لە خێزانێکی کوردی بەعەرەببوو لەدایک ببوو. لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹٦۰دا جێگەی **فوئاد ڕیکابی**ی گرتەوە وەک سکرتێری حزبی *بەعس*.

**ناسیونالیستە عەرەبەکان لە ترۆپکی دەسەڵات: سەردەمی عارفەکان**

لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا، کودەتاکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان بە کوشتنی فەرماندەی *هێزە ئاسمانییەکانی عێراق*، **جلال ئەوقاتی**، کە کەسێکی شیوعی بوو، دەستی پێ کرد. لە دوای ئەمە لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانەوە هێرش کرایە سەر *وەزارەتی بەرگری*، کە نووسینگەی سەرەکیی **قاسمی** لێبوو. هەوڵی یەکەم بۆ کوشتنی **قاسم** سەرکەوتوو نەبوو. لە ترسی خوێنڕشتن و ڕێگرتن لە شەڕی ناوخۆ، **قاسم** داواکەی شیوعییەکانی بۆ چەکدارکردنی هەزاران کەس لەوانەی لە ناوچە شیعەنشین و کوردنشینەکان هاتبوونە سەر شەقامەکان بۆ بەگژداچوونەوەی کودەتاچییەکان، ڕەت کردەوە. دوای ڕۆژێک لە شەڕ و کوشتوبڕ، قاسم خۆی تەسلیم بە کودەتاچییەکان کرد، ئەوانیش بێ هیچ داگاییکردنێک گوللەبارانیان کرد (سعید ٢٠٠٥: ١٠٢؛ Batatu 2004: 974-981). ئەفسەرە بەعسییەکان و ئەفسەرە ناسیونالیستە عەرەبەکان سەرکردایەتیی کودەتاکەیان کرد، هاوکات، باڵی مەدەنیی *حزبی بەعس* ڕۆڵێکی سەرەکی لە قۆناغەکانی ئامادەکردن و ڕێکخستن و جێبەجێکردندا بینی. لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکە، **عەبدولسەلام عارف** بوو بە سەرۆک و **ئەحمەد حەسەن بەکر**،[1] کە ئەفسەرێکی سوننەی بەعسی بوو، کرا بە سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆک. **عەلی ساڵح سەعدی**، سکرتێری *حزبی بەعس*، کرا بە جێگری سەرۆکوەزیران.

یەکەم بەیاننامەی کودەتاکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە لەسەر ڕادیۆ خوێندرایەوە، **قاسمی** بەوە تاوانبار کردبوو کە "*عێراقی* لە کاروانی بزووتنەوەی ڕزگاریی عەرەبی دوور خستبووەوە." ئامانج لە کودەتاکە وەک لە بەیاننامەکە هاتبوو، بریتی بوو لە "گەیشتن بە یەکگرتنی عەرەبیی (الوحدة العربية)" و "برەودان بە برایەتیی کورد و عەرەب". ئەم دوو ئامانجە یەکیان بە ڕەنگی عرووبە و ئەوی دیکە بە ڕەنگی نیشتمانپەروەری ڕازێندرابووەوە.

---

[1]. **ئەحمەد حەسەن بەکر** (١٩١٤-١٩٨٢)، مامۆستای سەرەتایی بوو پێش ئەوەی ببێت بە ئەفسەر لە سوپا. ئەو ئەندام بوو لە ڕێکخراوەکەی *ئەفسەرە ئازادەکان*، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیی بە *بەعس* کردبوو. لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و ئەوەی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ ڕۆڵی دیار و گرنگی هەبوو.

لە پاڵ ئەمانە، سەدا و ئاوازی *ئیسلام*یش لە بەیاننامەکەدا دەبیستران، ئەمەش لەو پەسنانە دەردەکەوتن کە بۆ **قاسم** بەکار هاتبوون، بۆ نموونە، **قاسم** وەک "دوژمنی خودا و دوژمنی ئێوە (گەل)" ناوزەند کرابوو (بڕوانە حمیدی ٢٠٠٢: ج٦، ١٨-١٩). بەگشتی ئاوازەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی لە هەموو ئاوازەکانی دیکە بەرزتر بوو لە بەیاننامەکە، هاوکات پرسی کوردیش لە بیر نەکرابوو. لە دوای سەرکەوتن لایەنە *بەشدارەکان ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش* (*المجلس الوطني لقيادة الثورة*)یان پێک هێنا، کە ئەفسەر و کەسایەتییە مەدەنییەکانی *بەعس* بە تەواوی بەسەریدا زاڵ بوون. لەو ١٨ ئەندامەی کە ئەنجوومەنەکەی لێ پێک هاتبوو ١٢ەیان سوننە بوون، کە دەیان ئەفسەر بوون لە سوپا.[1] پێنج ئەندامیشی شیعە بوون کە هەموویان بەعسیی مەدەنی بوون،[2] ئەندامێکیشیان کوردێکی بەعەرەببوو بوو، ئەویش **عەلی ساڵح سەعدی** بوو (Batatu 2004: 975, 1004-1006).

چەند ڕۆژێک دوای کودەتاکە، میلیشیاکانی *بەعس* کە ناسرابوون بە *حەرەس قەومی* (واتە *پاسەوانانی نەتەوەی عەرەب*) کۆمەڵێک کار و کردەوەی توندوتیژی و تیرۆرستیی وایان ئەنجام دا کە *عێراق* هاوشێوەی ئەوەی لە مێژووی هاوچەرخیدا نەبینیبوو. پێش کودەتاکە، بەعسییە مەدەنییەکان لە لایەن ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپا مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر چەک پێ کرابوو. لە ڕۆژانی یەکەمی کودەتاکە، ژمارەی چەکدارەکان لە *ڕیزەکانی حەرەس قەومی* لە نێوان سێ تا پێنج هەزار دەبوو، زۆربەیان خەڵکی گەڕەکی *ئەعزەمییە*ی سوننەنشینی *بەغداد* بوون. ئەم ژمارەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشان بوو، لە ئابی ١٩٦٣، واتە دوای پێنج مانگ، ژمارەی چەکدارانی میلیشیاکەی

---

[1]. ئەفسەرەکانی سوپا ئەمانە بوون: **عەبدولسەلام عارف** و **عەبدولغەنی ڕاوی** (ناسیونالیستی عەرەبی بوون)، **ئەحمەد حەسەن بەکر، تاهیر یەحیا، خالید مەکی هاشمی، ساڵح مەهدی عەماش، عەبدولستار عەبدوللەتیف** ، **حەردان تکریتی** و **مونزیر وەندی** (بەعسیی سوننە بوون).

[2]. ئەندامە بەعسییە مەدەنییەکان ئەمانە بوون: **عەلی ساڵح سەعدی** (کوردێکی فەیلیی بەعەرەببوو بوو)، **حازم جەواد، تالیب شبیب، موحسین شێخ ڕازی، حامد خەڵخالی** و **هانی فەکیکی** (شیعە بوون)، **حمدی عەبدولمەجید** و **کریم شنتاف** (سوننە بوون). بڕوانە (Batatu 2004: 1003-1006).

بەعس خۆی لە ٤٠،٠٠٠ کەس دەدا (الفکیکی ١٩٩٣: ٢١٩، ٢٣٧؛ Tripp 2002: 171; Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 85-87). چەکدارانی *حەرەس قەومی* و بەعسییەکان بۆ ماوەیەک دوای کودەتاکە لە هەڵمەتێکدا ماڵ بە ماڵ بەدوای شیوعییەکاندا دەگەڕان و دەیانگرتن و دەیانکوشتن. لەو هەڵمەتەدا نزیکەی ٥٠٠٠ شیوعی، کە نۆیان ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی حزبی *شیوعی* بوون، کوژران. **سەلام عادل**، کە ئەوکات سکرتێری گشتیی حزبی *شیوعی* بوو، لە ناو کوژراوەکان بوو (نووری ٢٠٠١: ٣١٤؛ Batatu 2004: 985-986).[1] ئەو هەڵمەتە سیستەماتیکە لە دژی شیوعییەکان، ئەوانەی لێ دەرچێت کە خۆیان گەیاندە *کوردستان* یان وڵاتانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*، لەناوچوونی کادیرە باڵا و ناوەندەکانی حزبی *شیوعی*، بەتایبەتی ئەوانەی *بەغدادی* لێ کەوتەوە. تا ئێستا نەزانراوە کە چەند کەس لە شیوعییەکان لەناو بران، بەڵام لەسەر زاری **تاهیر یەحیا**، کە بەعسییەکی ناسراوی ئەوکات بوو، دەگێڕنەوە کە زیاتر لە ١١٠٠٠ شیوعی لە هەڵمەتەکان دەستگیر کرابوون، لەوانە ٩٠٠٠یان لە زیندانی نوگرەت *سەلمان* دەستبەسەر و ٢٦٠٠یشیان لە زیندانەکانی پۆلیس گل درابوونەوە (حبیب ٢٠١٤).

سەرەڕای تواناکانی گروپە بەشدارەکان لە ڕێکخستنی کودەتاکە و قڕکردنی نەیارەکانیان، کەچی نیشانەکانی دووبەرەکی هەر زوو لە نێوان دوو گروپە سەرەکییەکەی ناسیونالیستە عەرەبەکان، بەعسییەکان و ناسرییەکان، دەرکەوت. ناسرییەکان ڕێکخراوێکی سیاسییان نەبوو کە کۆیان بکاتەوە، زیاتر چەند کەسایەتییەک بوون کە چاویان بڕیبووە **جەمال عەبدولناسر** بۆ سەرکردایەتیکردن و یەکگرتن لەگەڵ *میسر*. هەرچی بەعسییەکان بوون

---

[1]. هەندێک ڕاپۆرت هەن باس لە تێوەگلانی *دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکی* (*سی ئای ئەی*) دەکەن لە هەوڵەکانی قڕکردنی شیوعییەکان وەک ئەوەی کە **مەلیک حوسێن**ی ئوردن درکاندوویەتی. *ئەمەریکا* و *سی ئای ئەی* بەرژەوەندیی ڕاستەخۆیان لە تێکشکاندنی حزبی *شیوعی*دا هەبوو، چونکە ئەوکات گەورەترین حزبی شیوعی بوو لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* (Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 86; Batatu 2004: 985). بەڵام **هانی فەکیکی**، کە ئەوکات سەرکردەیەکی *بەعس* بوو، دەڵێت *بەعس* بە خۆی لیستێکی ئامادە کردبوو کە ناوی ٧٠ شیوعیی تێدابوو، کە بڕیاری لەناوبردنیان درابوو پێش کودەتاکە (الفکیکی ١٩٩٣: ٢٢٥).

حزبێکی سیاسییان هەبوو کە خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو بوو، ئامانجی سەرەکییان یەکگرتنی عەرەبی بوو لەگەڵ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگە. سەرکردەکانی چاویان بڕیبووە *سووریا*، ئەو شوێنەی کە **میشێل عەفلەق** لێیەوە ڕابەرایەتیی حزبی *بەعسی* دەکرد، کە لانکەی *بەعس* بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئامانجی سەرەکیی هەردوو بکەر یەکگرتنی عەرەبی بوو، کەچی لەو ساتەوەختەدا پرسی یەکگرتن لەگەڵ میسڕ بوو بە خاڵی مشتومڕ. دوای کودەتاکە، **عارف**، کە سەرکردایەتیی ناسرییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکانی دەرەوەی *بەعسی* دەکرد، مەیلیان بە لای هەرچی زووتر یەکگرتن بوو لەگەڵ میسڕ. بەعسییەکان کە ئەو حەماسەتەی ناسرییەکانیان نەبوو، بیریان لە پێگەی خۆیان لە وڵاتە یەکگرتووەکە دەکردەوە لەگەڵ کاریگەری و دەرئاوێشتەکانی یەکگرتن لەسەر کوردەکان و هەڵوێستیان. بەعسییەکان ئەزموونە سەرنەکەوتووەکەی بەعسییەکانی *سووریا*شیان لەبەرچاو بوو، ئەوان نەیاندەویست هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە. بێجگە لەو دابەشبوونەیان لەگەڵ ناسرییەکان، بەعسییەکان لە ناو خۆشیان بەسەر دوو باڵدا دابەش ببوون، باڵی ڕاستڕەوە موحافیزکارەکان و باڵی چەپڕەوە ڕادیکاڵەکان. چەپڕەوەکان گروپێکی ئایدیالیست بوون، کە زۆربەیان شیعەی مەدەنی بوون، کەچی موحافیزکارەکان گروپێک بوون کە تێگەیشتن و نزیکبوونەوەیان لە پرسی یەکگرتن لەگەڵ میسڕ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان پراگماتیست بوو. ئەم گروپەیان زۆربەیان ئەفسەری سوننە بوون لە سوپا، کە لەگەڵ **عارف** پەیوەندییان باش بوو (سعید ٢٠٠٥: ٣٣١).

کێشمەکێشی ناو دوو باڵەکەی *بەعس* و کارە قێزەونەکانی *حەرەسی قەومی* بوون بە هۆکاری بێزاریی خەڵک لە لایەک و هاوپەیمانەکانی *بەعس* لە ناو حکومەت، ئەمەش هەلێکی زێڕینی بۆ **عارف** ڕەخساند کە گورزێک لە بەعسییەکان بوەشێنێت و دووریان بخاتەوە لە دەسەڵات و خۆی بکات بە سەرکردەیەکی بێڕکابەر، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت. دوای دوورخستنەوەی بەعسییەکان، حکومەت کارکردنی بە دەستوورە کاتییەکەی **قاسم** قەدەغە کرد و لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤ دەستوورێکی کاتیی دیکەی خستە کار. دەستوورە نوێیەکە ئاوێنەی جیهانبینی و تێگەیشتنەکانی **عارف** بوو،

بەتایبەتی لە پەیوەند بە دیدی ئەو بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی و خەونەکانی لە یەکگرتنی عەرەبیدا. بە بەراورد لەگەڵ دەستوورەکانی پێشووتر، ئەمەیان زۆر چەقبەستووتربوو لەسەر بیرۆکەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی. دەستوورەکە گەلی عێراقیی (الشعب العراقی) وەک بەشێک لە ئوممەی عەرەبی ناساندبوو. یەکگرتنی عەرەبی کردبوو بە ئامانجی هەرە سەرەکیی گەلی *عێراق* و داوای لە حکومەتی *عێراق* کردبوو کە هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ گەیشتن بەو ئاواتە. مادەیەکی دەستوورەکە تەرخان کرابوو بۆ قسەکردن لەسەر مافەکانی کورد، کە تێیدا دان نرابوو بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا، بەڵام وەک دەستوورەکەی سەردەمی **قاسم**، کورد و عەرەبی بە هاوبەش لە نیشتمان دانەنابوو. زمانی عەرەبی وەک تاکە زمانی فەرمی ناسێنرابوو (بۆ دەقی دەستوورەکە تەماشای الوقائع العراقية ١٩٦٤/٥/١٠ بکە). لە هاوینی ١٩٦٣دا، حکومەت ئاڵایەکی نوێی بۆ *عێراق* پەسەند کرد، کە سێ ڕەنگەکەی ئاڵای *شۆڕشی عەرەبی*، سوور و سپی و ڕەش، کردبووە بنەما و نەخشە و داڕشتنەکەشی لە ئاڵاکانی میسرِ و *سووریا* ئیلهامی وەرگرتبوو. لە ناوەڕاستدا سێ ئەستێرەی سەوزی لەخۆ گرتبوو، کە ئاماژە بوون بۆ سێ دەوڵەتە بەشدارەکە لە دەوڵەتە یەکگرتوە عەرەبییە چاوەڕوانکراوەکە، میسرِ و *سووریا* و *عێراق* (الوقائع العراقية ١٩٦٣/٦/٨). نە ئاڵا نوێیەکەی *عێراق* و نە لۆگۆکەی حکومە،ت هیچ ئاماژەیەک یان سیمبولێکی کوردی، فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبی یان فرەئایینی لەخۆ نەگرتبوو (تەماشای وێنە ٥-٢ بکە).






***وێنەی ٥-٢: ئاڵا و لۆگۆی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی عارف***

حکومەتەکەی **عارف** بە ژمارەیەک قۆناغ تێپەڕی تا بە تەواوی کۆنترۆڵی وڵاتەکەی کرد، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەعسییەکانی وەلا نا. لە بەهاری ١٩٦٥یش لە دەستکاریکردنێکی کابینەکەی زۆربەی ناسرییەکان و پاشماوەکانی *بەعسی* لە حکومەتەکەی وەدەر نا. ئەو پلە و پۆستانەی لەو دەستکارییانە بە بۆشی مانەوە لە لایەن کەسوکار و ئەندامانی *عەشیرەتی جومەیلە*،[1] کە عەشیرەتی **عارف** بوو، پڕ کرانەوە (Tripp 2002: 176). **عارف** تەنیا بەم دەستتێوەردانانە نەوەستا، لە ڕاستیدا ئەو دیمەنی سیاسیی *عێراقی* بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گۆڕی. لە لای هێزەوە، ئەو بەرگی عەشیرەتی و سەربازیی لەبەر دەوڵەتی عێراقی کرد. **عارف** خزم و ناسیاوە نزیکەکانی خۆی کە زۆریان ئەفسەر بوون، لە سوپا لە جومگە سەرەکییەکانی حکومەت و سوپا جێگیرکرد. بەمەش بۆ یەکەم جار سێ دیاردەی نوێ لە حکومکردن لە *عێراقی* هاوچەرخ سەریان هەڵدا، ئەوانیش حوکمی بنەماڵە و عەشیرەت و سەرباز بوون. بەم شێوەیە **عارف** خۆی بوو بە سەرۆکی وڵات و سەرۆکی *ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش*. براکەی، **عەبدولڕەحمان عارف** کرا بە سوپاسالاری *عێراق* و فەرماندەی فرقەی پێنج. **سەعید سلیبی**، کە هاوعەشیرەتی **عارف** بوو، کرا بە فەرماندەی سەربازگەی بەغداد (Batatu 2004: 1027). **عارف** فرقەی *حەرەسی جەمهوریی* پێک هێنا، کە زۆربەی ئەفسەر و سەربازەکانی لە عەشیرەتەکەی خۆی دەستەبژێر کردبوون. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، لە سەروبەندی دوورخستنەوەی بەعسییەکان لە دەسەڵات، بیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ *میسر* و *سووریا* لە گۆڕەپانی سیاسیدا خەریک بوو کاڵ دەبووەوە، ئەمەش وای لە **عارف** کرد کە حەماسەتەکەی جارانی بۆ یەکگرتن نەمێنێت. سەرەڕای ئەمە **عارف** کۆمەڵێک ڕێوشوێنی سیمبولیی بۆ یەکگرتن گرتبووە بەر. بۆ نموونە، لە تەمووزی ١٩٦٤، **عارف** لەگەڵ **ناسر** فەرماندەییەکی یەکگرتووی سیاسییان پێک هێنا و لە کانوونی یەکەمیشدا بازەکەی *کۆماری عەرەبیی یەکگرتووی* وەک لۆگۆی

---

[1]. *عەشیرەتی جومەیلە* تیرەیەکن لە *عەشیرەتی دلێم* کە لە دەوروبەری *فەلووجە* لە پارێزگای *ئەنبار* نیشتەجێن.

فەرمی حکومەتی عێراقی ناساند ( Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 95).

تەمەنی **عارف** لە حوکمڕانی درێژ نەبوو، ئەوە بوو لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦دا لە سەردانێکی بۆ باشووری *عێراق*، لەگەڵ کەوتنەخوارەی هەلیکۆپتەرەکەی مرد. براکەی، **عەبدولڕەحمان عارف (عارفی دووەم)** جێگەی گرتەوە.[1] وەک براکەی، **عارفی دووەم**یش، ناسیونالیستێکی عەرەبیی موحافیزکار بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە زۆر لە براکەی کراوەتر بوو. ئەو وەک دەستپێشخەرییەک زۆربەی گیراوە سیاسییەکانی ئازاد کرد و تا ڕادەیەک فەزای ئازادیی ڕادەربڕین و چالاکیی سیاسیی ئاواڵەتر کرد (Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 97). **عەبدولڕەحمان بەزاز**، کە پێش مردنی **عارفی یەکەم** سەرۆکوەزیران بوو، لەگەڵ کوردەکان ڕێککەوتننامەیەکی واژۆ کرد کە نارەزایی ئەفسەرانی سوپای لێ کەوتەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٦ لە کودەتایەکی سپی، **بەزاز** لە پۆستەکەی دوور خرایەوە.

حکومەتەکەی **عارفی دووەم** بە گاڵتەپێکردنەوە ناوی لێ نرابوو حکومەتی عەفتەرە، کە لە پیتی یەکەمی چەند شار و شارۆچکەیەکی سەر زێی *فورات* پێک هاتبوو، چونکە خەڵکانی ئەو شارانە پۆست و پلە بەرزەکانی حکومەتەکەیان پڕ کردبووەوە، کە ئەم شارە سوننەنشینانە بوون: *عانە*، *فەلووجە*، تکریت، *ڕاوە* و هیت. ئەمەش دەکرێت بە یەکەم هەنگاوەکانی بە تەواوی بەسوننیکردنی دامودەزگاکانی *دەوڵەتی عێراق* دابنرێت، کە دواتر لە سەردەمی **سەدام حسێن** بەربڵاوتر دەبێت و بەردەوامیش دەبێت تا ڕووخانی **سەدام** لە ساڵی ٢٠٠٣دا (تەماشای بەشی شەشەم و حەوتەم بکە).

---

[1]. **عەبدولڕەحمان عارف** (١٩١٦-٢٠٠٧)، ئەفسەرێکی پرۆفیشناڵ بوو لە *سوپای عێراق* و ئەندام بوو لە *ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان*. ئەو لە کودەتاکانی ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٦٣ بەشداریی کردبوو.

پێش کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣، *بەعس* و ناسیونالیستە عەرەبەکان، کە لە دژی *قاسم* گرد ببوونەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی یاخیبوونەکەی *کوردستان* کە دژی **قاسم** بەرپا ببوو، کەوتبوونە نامەگۆڕینەوە. بەعسییەکان بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان بە کوردەکان دابوو، ئەوان ئەم بەڵێنەیان لە کاتێکدا دابوو کە تا ساڵی ١٩٦٢ بوونی کوردیان ڕەت دەکردەوە، کەچی کاتێک بۆیان دەرکەوت کە بۆ وەلانانی **قاسم** پێویستیان بە پشتیوانیی کوردەکان هەیە، ئامادە بوون گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن. بەعسییەکان لەو ئانوساتانەدا بە وشەی *کوردستان* قەڵس دەبوون و وەک تابۆ تەماشایان دەکرد، لەمەش زیاتر وەک بەعسییەکان دانی پێ دەنێن، کوردیان پێ گروپێکی کۆچکردوو و میوانێکی ڕەزاقورس بوو لەسەر خاکی عەرەب (الفكيكی ١٩٩٣: ٩٠، ٢٩٥-٢٩٧؛ سعید ٢٠٠٥: ٢٤٧).

لە گفتوگۆ سەرەتاییەکاندا بەعسییەکان بە سەرکردایەتیی کوردیان ڕاگەیاندبوو کە ئەوان ئامادەن ئۆتۆنۆمی بدەن بە کورد، بە مەرجێک لە حاڵەتی وەلانانی **قاسم** ئەوان ئاگربەست لەگەڵ حکومەت ڕابگەیەنن. بە بنەما لەسەر ئەو گفتوگۆ سەرەتاییانە و بەڵێنەکانی هەردوو لا، ئیدی کاتێک کودەتاکە سەرکەوت، حکومەتە نوێیەکە لەگەڵ کوردان کەوتە دانوستان. ئەو بەیاننامەیەی کە کودەتاچییەکان دەریان کرد بە زمانێک نوسرابوو کە بتوانێت سەرنجی کوردەکان ڕابکێشێت. بەیاننامەکە ئاماژەی بە "برایەتیی" کورد و عەرەب کردبوو (حمیدی ٢٠٠٢: ج٦، ١٨-١٩). لە ئاکامدا دوای کودەتاکە، ئاگربەست ڕاگەیەندراو هەردوو لا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی تەمومژاوی، کە بنەماکەی لەسەر پرەنسیپی نامەرکەزی (لامركزية) دانابوو. بەیاننامەیەکی دیکەش دەرچوو، کە داوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کوردییەکانی دەکرد (حمیدی ٢٠٠٢: ج٦، ١٣٢-١٣٣؛ سعید ٢٠٠٥: ٢٥١).

لە وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی حکومەت، بە بنەما لەسەر تێگەیشتنی خۆیان بۆ نامەرکەزی، سەرکردایەتیی کورد پرۆپۆزەڵێکیان پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی *بەغداد* کرد (بۆ دەقی پرۆپۆزەڵەکە بڕوانە کریم ١٩٩٨: ٢٣٩-٢٤٦). مادەی یەکەم لە پرۆپۆزەڵەکە پێناسەی *عێراقی* کردبوو وەک وڵاتێکی

یەکگرتوو کە لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێک هاتووە. مافەکانی هەردوو گەل، بەگوێرەی پڕۆپۆزەڵەکە، دەبێت بنەمای لەسەر مافی چارەنووس و یەکسانی دابنێت. بەگوێرەی پڕۆپۆزەڵەکە سنووری ناوچە کوردییەکان لە پارێزگاکانی *هەولێر* و *کەرکووک* و *سلێمانی* لەگەڵ قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی *نەینەوا* و *دیالە* پێک دێت. کوردەکان داواکەی حکومەتی مەرکەزییان بۆ داماڵینی چەک لە هێزەکانی *پێشمەرگە* ڕەت کردەوە.

دانوستانەکانی حکومەت لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد، هاوکاتی دانوسانەکانی حکومەت بوون لەگەڵ میسڕ و *سووریا* بۆ یەکگرتن. کوردەکان پێیان وا بوو کە یەکگرتن لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبییە پێچەوانەی ئامانجەکانیان لە ناو *عێراق*دا دێتەوە. ئەوان پێیان وا بوو کە یەکگرتن لە بەرژەوەندیی کوردەکان نییە و خزمەت بە حکومەت دەکات، چونکە تەرازووی هێز، بەتایبەتی لە ڕووی دیموگرافییەوە، زۆر بە لای مەرکەزدا لار دەکاتەوە. بۆیە مادەیەکیان بۆ پڕۆپۆزەڵەکە زیاد کرد و تێیدا جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە ئەگەر یەکگرتن ببێتە هۆی گۆڕینی ناسنامەی عێراقی (الجنسیة العراقیة) بۆ ناسنامەی عەرەبی، ئەوە دەبێت کارتی ناسنامە و کارتی باری کەسیی کوردەکانی *عێراق* لەسەریان بنوسرێت "کوردستانی لە *کۆماری یەکگرتووی عەرەبی*". ئەو ترسەی کە کوردەکان هەیانبوو لە نزیکبوونەوەی *عێراق* لە *سووریا* و میسڕ، زۆری پێ نەچوو هاتە دی؛ ئەوە بوو *سووریا* لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە *کوردستان* ٥٠٠٠ سەربازی ڕەوانەی *عێراق* کرد بۆ شەڕ لە دژی کوردەکان (جواد ١٩٩٠: ٨٤؛ McDowall 2004: 313). پڕۆپۆزەڵەکەی کوردان داوای سنووردارکردنی جووڵەی هێزە سەربازییەکانی حکومەتی مەرکەزیشی کردبوو لە *کوردستان*. لە پاڵ ئەمانە، کوردەکان داوای بەشە بودجە و دانانی کورد لە پۆستە باڵاکانی حکومەت بەپێی ڕێژەی دانیشتوانیان لە *عێراق*، کە بە ٢٠% خەمڵێنرابوو، کردبوو. لە ڕوانگەی ناسیونالیستە عەرەبەکان ئەم داواکارییانە نە ماقوڵ بوون و ن ەقابیلی قبوولکردن بوون، چونکە وەک ئەوان دەڵێن، ئەمە "دروستکردنی دەوڵەتێکە لە ناو دەوڵەتێکدا" (سعید ٢٠٠٥: ٢٥٢). مکوڕبوونی هەردوو لا لەسەر هەڵوێست و دیدی خۆیان، بەتایبەتی دیاریکردنی ناوانەکانی نێوان

*کوردستان* و *عێراق*، هەموو هیواکانی بە یەکگەیشتن و چارەسەری ململانێکان و کێشەکانی بە بنەست گەیاند.

بە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ پڕۆپۆزەڵەکەی کورد, بەو باوەڕە دەگەین کە دیدی کورد بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی *عێراق* دیدێکە کە بناغەی لەسەر یەکگرتنی ئارەزومەندانەی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووس داناوە. پڕۆپۆزەڵەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە *هەرێمی کوردستان* دەبێت هەموو ناوچە کوردنشینەکان بگرێتە خۆی. لە بەرانبەردا حکومەت پێشنیازی دابەشکردنی *عێراقی* کردبوو بۆ شەش هەرێمی فیدراڵی، کە تێیدا *کوردستان* وەک هەرێمێک ناوی نەهاتبوو، بەس هەرێمێک پێشنیاز کرابوو کە پێک بێت لە پارێزگاکانی *هەولێر* و *سلێمانی* و قەزای *دهۆک* لە پارێزگای *نەینەوا* لەگەڵ قەزای *چەمچەماڵ* لە پارێزگای *کەرکووک* (حمیدی ٢٠٠٢، ج٦، ١٣٧-١٤٤). وەدەرنانی پارێزگای *کەرکووک* و قەزاکانی *شەنگال* و *خانەقین* لەو هەرێمەی کە حکومەت پێشنیازی کردبوو، گومانی لای سەرکردایەتیی کورد دروست کردبوو، ئەمەش وای لە کوردەکان کرد کە داوای حکومەت بۆ چەکدانانی *پێشمەرگە* ڕەت بکەنەوە. ئەم کێشانە و کۆمەڵێک گیروگازی دیکە بوون بە مایەی شکستهێنانی دانوستانەکان، کە هەڵگیرسانەوەی شەڕیشی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، حکومەت هەڵمەتێکی سیستەماتیکی وەگەر خست بۆ تواندنەوەی کورد لە قازانی عەرەبی، کە خۆی لە پاکتاوی ڕەگەزی و وێرانکردنی *کوردستان* دەبینییەوە. یەکێک لە دەرکەوتە هەرە زەقەکانی هەوڵ و هەڵمەتەکانی حکومەت بۆ تواندنەوەی کورد و پاکتاوی ڕەگەزی، دەستپێکردنی سیاسەتی تەعریبکردنی *کوردستان* بوو، پرۆسەیەک کە دوای حوکمی عارفەکانیش بەردەوام دەبێت و لەسەر دەستی **سەدام حسێن** دەگاتە ترۆپک (بڕوانە بەشی شەشەم و حەوتەم).

لە ڕاستیدا هەڵمەتەکانی تەعریب پێش شکستی دانوستانەکان دەستیان پێ کرابوو، بۆ نموونە، لە تەمووزی ١٩٦٣دا، حەفتا گوندی کورد سوتێنرا و خەڵکەکەشی فڕێ درانە زیندان و گرتووخانەکان یان ئاوارەی شارەکان کران

(نادر ۲۰۰۱: ٤۲؛Talabany 2007: 54-55).[۱] دوای دەرپەڕاندنی کوردەکان لە گوندەکان، حکومەت عەرەبی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و بیابانەکانی ڕۆژئاوای *عێراق* هێنا و لە جێگەی کوردەکان نیشتەجێی کردن.[۲] لە پاڵ هەڵمەتەکانی تەعریب و تەهجیر (چۆڵکردن)، *سوپای عێراق* لەمیانی هێرش و فشارەکانی، هێزەکانی *پێشمەرگە*یان پاڵ نابوو بۆ ناوچە شاخاوییەکان. هاوکات و هاوشانی هەڵمەتە سەربازییەکان و پرۆسەکانی تەعریب، حکومەت بەپێی پرۆگرامێکی ورد و داڕێژراو گومانی دەخستە سەر ڕیشە و ڕەچەڵەکی کوردەکان و بنەڕەتی دیکەی بۆ ساز دەکردن ( Natali 2000: 103; McDowall 2004: 314-315). هەڵمەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و تەعریب و ڕاگواستنو چۆڵکردنی دێهاتەکان دیمەنەکانی داگیرکاریی ناوخۆیی (Internal Colonization) لە خۆ پیشان دەدا.

دوای ساڵێک لە شەڕ، حکومەت و سەرکردایەتیی کورد گەیشتنە ڕێکەوتنێکی سەرەتایی، بەڵام سەرکردایەتیی کورد هاوهەڵوێست نەبوون. کاتێک **مستەفا بارزانی** پشتیوانیی خۆی لە ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاند، درزێک لە ناو مەکتەبی سیاسیی *پارتی دیموکراتی کوردستان* دەرکەوت. مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتیی **ئیبراهیم ئەحمەد** و **جەلال تاڵەبانی** ڕێککەوتنەکەیان ڕەت کردەوە. کێشەی نێوان مەکتەبی سیاسی و **بارزانی** تەنیا لەسەر ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە نەبوو، بەڵکو **ئیبراهیم ئەحمەد** و **تاڵەبانی** خۆیان بە نوێنەری دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد دەزانی و ڕەخنەیان هەبوو لە "سەرکردایەتییە سوننەتییە خێڵەکییەکەی" **بارزانی**. ناکۆکییەکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی **بارزانی**، کە لە ساڵی ۱۹٦٤ سەری هەڵدا، بەردەوام

---

1. گوندی نووسەر، *گابەرەکە*، یەکێک لەو گوندانە بوو کە لە لایەن هێزەکانی *حەرەس قەومی* و *سوپای عێراق* لە ۱۳ی تەمووزی ۱۹٦۳سووتێنرا و هاوشانی کۆمەڵێک گوندی دیکە لە ناوچەی *کەندێناوە* تەعریبیش کرا. خەڵکی گوندەکە ئەوەی نێر بوو و تەمەنی لە ۱۲ ساڵی زیاتر بوو، ڕاپێچ کران و ڕەوانەی *گرتووخانەی موسەیب* لە باشووری *بەغداد* کران. مێینەکانیش ئاوارەی گوند و شارەکانی ئەو ناوە بوون.

2. نووسەر ئەم چیرۆکانەی لە لایەن دایکوباوکی و خزمەکانی بۆ گێڕدراوەتەوە. باوکی یەکێک لە زیندانییەکانی *موسەیب* بوو و دایک و خوشکەکانیشی ئاوارەی *هەولێر* بوون. لە ڕۆژی سووتانی گوندەکە نووسەر لە زگی دایکی بووە.

بوو تا لە ساڵی ١٩٦٦ **بارزانی** توانی لە ڕێگەی هێزەوە باڵی مەکتەبی سیاسی، کە بارەگایان لە *ماوەت* بوو، دەرپەڕێنێت بۆ *ئێران*. دوای ماوەیەک **ئیبراهیم ئەحمەد** و **تاڵەبانی** خۆیان تەسلیم بە حکومەتی عێراقی کرد و هاوکاریی هێزەکانی حکومەتیان کرد لە شەڕ لە دژی *پێشمەرگە*، بە سەرکردایەتیی **بارزانی**، تا لە ساڵی ١٩٧٠ هەردوو باڵەکە جارێکی دیکە یەکیان گرتەوە.

دوای ڕێککەوتنە سەرەتاییەکەی ساڵی ١٩٦٤، زۆری پێ نەچوو **بارزانی**یش بۆی دەرکەوت کە دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بێئامانجە، چونکە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حکومەت، نیازەکانی دەوڵەتی لە تواندنەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوونتر دەکردەوە. لە ئاکامدا لەگەڵ دامەزراندنی **عارف عبدولڕەزاق** کە کەسێکی ناسری بوو، وەک سەرۆکوەزیران، شەڕ بە چڕی لە هەموو بەرەکان دەستی پێ کردەوە. سەرەڕای ئەو درزەی لە ناو بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئاکامی جیابوونەوەی باڵی سیاسی دروست ببوو، کەچی *هێزی پێشمەرگە* و *پارتی* بە سەرکردایەتیی *بارزانی* و بە هاوکاریی شیوعییەکان نەک هەر لە بەرگری بەردەوام بوون، بەڵکو هێرشی پارتیزانییشیان دەکردە سەر سەربازگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت. گوڕ و تەوژمی *هێزی پێشمەرگە* لە دوای سەرکەوتنەکانیان لە شەڕی چیای *هەندرێن* لە ساڵی ١٩٦٦، گەیشتبووە ئاستێکی بەرز، بەتایبەتی ئەگەر زیانە گیانییەکانی هێزەکانی *عێراق* لەو شەڕەدا ڕەچاو بکەین. پێشمەرگەکانی حزبی *شیوعیی عێراقی* لەو شەڕەدا ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیبوو.

لە کاتی قسەکردن لەسەر شەڕ لە *کوردستان* ناکرێت ئاماژە نەکەین بە هەڵوێستی گەورەمەرجەعی شیعەکان، **موحسین حەکیم**. زۆر جار قسە لەسەر ئەم هەڵوێستە و ئەو فەتوایە کراوە، بەڵام ڕاستییەکان زۆر ڕوون نین. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ بەڵگەیەکی نوسراو نییە کە **حەکیم** فەتوایەکی لەو جۆرەی دابێت (بڕوانە Luizard 2002: 94). گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٦٥ **عەبدولسەلام عارف** لە کۆنفرانسێکدا داوای لە پیاوە ئایینییەکانی شیعە و سوننە کردووە کە فەتوایەک بدەن بۆ حەڵاڵکردنی خوێنی کورد. گوایە یەکێک لە ئامادەبووەکان **حەکیم**

بووە، ئەویش داواکەی ڕەت کردووەتەوە، هەر لەوێ یان دواتر، زۆر دیار نییە، بەس گوتوویەتی کە کوشتنی کوردان تابۆیە و وا چاکە لەبری کوشتوبڕ حکومەت داوای ئاشتی بکات و پرسی کورد چارەسەر بکات. سەرچاوەکان بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە فەتواکە نووسراو نەبووە، بەڵکو زارەکی بووە (ICG 2007: 12). هەندێک سەرچاوەی دیکە باس لەوە دەکەن کە ئەم فەتوایە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٤ دەرچووبێت. **عەلی سنجاری**، کە ئەندامی یەکێک لەو وەفدانە بووە کە لەسەر داوای **مستەفا بارزانی** سەردانی **حەکیم**ی کردووە، باس لەوە دەکات کە ئەوان لە شوباتی ١٩٦٤ چوون بۆ لای **حەکیم** و فەتواکەیان پێشتر بیستووە، بەڵام ئەویش باس لە نووسراوەیی یان زارەکیبوونی فەتواکە ناکات (سنجاری ٢٠١٢). بە هەرحاڵ، سەرچاوە شیعەکان دەڵێن فەتوای نەنووسراو هێزی یاسایی ئایینیی نییە. سەرەڕای ئەمە، ئەم فەتوایە زارەکییە کاریگەریی لەسەر نزیکبوونەوە و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و شیعە، لانیکەم کورد و بنەماڵەی **حەکیم** لە سەرەتا و لە هەشتاکانیش بەدواوە *مەجلسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق*، دوای پێنج دەیە هەر ماوە.

شکستەکەی *سوپای عێراق* لە *شەڕی هەندرێن* چەند کاریگەرییەکی لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی *هێزی پێشمەرگە* هەبوو، ئەوەندەش لەسەر ڕمانی ورەی هێزەکانی *عێراق* هەبوو و هۆکارێک بوو بۆ بەخۆداچوونەوەی حکومەتی عێراقی و بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە دەرەوەی بەکارهێنانی هێز. ئەم گۆڕانکارییانە جەولەیەکی دیکەی دانوستانی بەدوای خۆیدا هێنا. لە ئاکامدا هەردوو لا گەیشتنە ڕێککەوتنێک، کە زیاتر بە ناوی **عەبدولڕەحمان بەزاز**، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی *عێراق*، ناسراوە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانوسیانەکاندا. وەک تیۆریستێکی ناسونالیزمی عەرەبی، لەوە دەچێت **بەزاز** تێگەیشتنی بۆ توانا و خۆڕاگریی ناسیونالیزمی کوردییش هەبووبێت، بۆیە ئەو پێی وا بوو تاکە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە *عێراق*، ددانناننە بە مافە سیاسییەکانی کورد. ئەو دوازدە خاڵەی کە لە ڕێککەوتنەکە هاتبوو، کۆمەڵێک بەڵێنی وای لەخۆ گرتبوو کە پێشینەی لە مێژووی کورد لە *عێراق*دا نەبوو. خاڵەکان بناغەیەکی تیۆرییان بۆ

دداننان به مافه نەتەوەییەکانی کورد لە *عێراق* دانابوو لەگەڵ ناساندنی *عێراق* وەک دەوڵەتێکی دوونەتەوەیی (Binational) بۆ یەکەم جار. ڕێککەوتنەکە باسی لە بەنامەرکەزیکردنی سیستەمی سیاسی و دانانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی کردبوو. هاوکات ڕەزامەندییشی پیشان دابوو لەسەر دانانی کورد لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی، بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە *عێراق* (بۆ دەقی ڕێکەوتنەکە بڕوانە کریم ١٩٩٨: ٢٥٠-٢٥٤). ئەم نەرمینواندنە بەرانبەر بە کورد لە هەموو هەوڵەکانی پێش خۆی لە دداننان به مافەکانی کورد تێپەڕاندبوو، بەڵام لە ژێر فشاری سوپا، **عارفی دووەم** هەر زوو پێش ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕێککەوتنەکەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. ئەفسەرەکانی سوپا پێیان وا بوو کە سازانێکی لەم چەشنە لەگەڵ کوردەکان دەبێتە ئەگەری جیابوونەوەیان لە *عێراق*. ئەوان پێشیان وا بوو کە ملدادانەکانی حکومەت ڕەنگدانەوەی شکستە سەربازییەکانی سوپایە، بۆیە دەیانویست ئەو لۆمەکردنە لەسەر خۆیان لا دەن و بارە لاربووەکە ڕاست بکەنەوە، ئەویش لەمیانی درێژەدان بە شەڕ لە *کوردستان*. لە ئاکامدا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، دیسان لە هەموو بەرەکان شەڕ بەرپا بووەوە.

دیسان وەک جارانی پێشوو، دیدە دژبەیەکەکانی ناسیونالیستە عەرەبەکان و عێراقییەکان لە لایەک و ناسیونالیستە کوردەکان لە لاکەی دیکە بوون بە مایەی پێکدادان لەسەر پرسەکانی شوناسی کورد و شوناسی خاکی *کوردستان* و ماناکانی عێراقیبوون و عەرەببوون. دانوسانەکان و ڕێکەوتنەکان و پێکنەهاتنەکان و پرسە پەیوەندارەکانیان، ئەوە پیشان دەدەن کە پرسی کورد تەنیا پەیوەست نەبوو بە دداننەنانی *حکومەتی عێراق* و نوێنەرەکانی بە شوناسی ئیتنی/نەتەوەیی کورد، بەڵکو زیاتر پەیوەندییان بە خەونەکانی کورد لە بەنەتەوەبوون و ئۆتۆنۆمیی سیاسی و شوناسی خاکی *کوردستان* بوو، کە بەگشتی پێچەوانەی دید و تێگەیشتنەکانی ناسیونالیستە عەرەبی و عێراقییەکان دەهاتەوە. عەرەبە عێراقییەکان بەگشتی عێراقییەکانیان وەک یەک گەل تەماشا دەکرد و وەک بەشێکیش لە نەتەوە و نیشتمانی عەرەب وێنایان دەکرد، کەچی کوردەکان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە *عێراق* لە دوو گەل

پێک هاتووە و یەکپارچەیی *عێراق* تەنیا لە ڕێگەی دداننان بەو ڕاستییە دەپارێزدرێت. ئەم ململانێ و پێکدادانانە و ئەوانەی دیکەش کە لە بڕگەکانی داهاتوودا تاووتوێ دەکرێن، هەمووی بەسەر یەکەوە لەمپەڕ بوون لە پێش پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*.

**عەشیرەتگەریی سوننەکان و بەرخوردی شیعەکان**

کاتێک ناسیونالیستە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا هاتنە سەر حوکم، کوردەکان تاکە لایەن نەبوون کە لەگەڵیدا بەریەک کەوتن، لە ڕاستیدا هەڵمەتی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە دژی شیوعییەکان زۆر خوێناویتر بوو. هاتنی **قاسم** بۆ سەر حوکم و نزیکیی ئەو لە شیوعییەکان، کە زۆربەیان شیعە بوون، لەگەڵ ئەو دەستپێشخەری و سیاسەتە لەخۆگرانەی کە **قاسم** و شیوعییەکان کاریان لەسەر دەکرد، هەمووی بەسەر یەکەوە لە سەرەتا هەندێک هیوای لای شیعەکان دروست کردبوو کە ئیدی چ وەک شیعە، چ وەک شیوعی، چ وەک عێراقی فەزایەکی سیاسییان بۆ فەراهەم دەکرێت، کە تێیدا لە گەمە سیاسییەکان بەشدار دەبن و پێگەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتیی هاوتای ڕەوتە سیاسی و پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی دیکە بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، بەڵام زۆری پێ نەچوو لەگەڵ لابردنی **قاسم** هەموو خەونەکانیان بە با درا. نەک هەر ئەوە، لە شەش مانگی یەکەم لە هاتنەسەرحوکمی ناسیونالیستە عەرەبەکان، شیوعییەکان لەسەر دەستی بەعسییەکان دووچاری هەڵمەتێکی دڕندانەی ڕاوەدوونان و زیندانیکردن و کوشتوبڕ بوونەوە، کە نموونەی نەبوو لە مێژووی شیوعییەکان. ئەم هەڵمەت و سیاسەتانە بێجگە لەوەی لاوازبوونی حزبی *شیوعیی* لێ کەوتەوە، بێهێزبوونی کامپی نیشتمانپەروەرییشی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە شیوعییەکان کۆڵەگەی سەرەکیی کامپەکە بوون. سەرچاوەکان بەگشتی ژمارەی شیوعییە کوژراوەکان دەرناخەن، بەڵام زۆربەیان باس لە کوشتنی سەدان دکتۆر و پارێزەر و مامۆستا و ئەندازیار و ئەفسەر لەگەڵ سیاسەتوان و ڕۆشنبیری شیوعی دەکەن و هەمووشیان ئاماژە بە دەست و ڕۆڵی **سەدام حسێن** و *دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکی (سی ئای ئەی)* لەو قەتلوعامە دەکەن (Morris 2003).

لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا، چەند ئەندامێک لە *لیژنەی مەرکەزیی* حزبی *شیوعی*، کە لە قەتلوعامەکە ڕزگاریان ببوو و بە دزییەوە گەڕانەوە *عێراق* و دەستیان کرد بە زیندووکردنەوەی هەندێک لە شانەکانی حزب. هەڵوێستی سەرکردایەتیی حزب لەسەر **عەبدولسەلام**، دوای وەدەرنانی بەعسییەکان، بوو بە مایەی دابەشبوونی *لیژنەی مەرکەزی* بەسەر دوو شاخەدا. شاخەیەکیان، کە بە ماوییەکان ناسرابوون، بە سەرۆکایەتیی **عەزیز حاج** بانگەشەی بۆ خەباتی چەکداری دەرکرد لە دژی حکومەت. شاخەکەی دیکە لە شیوعییەکان کە زۆرینە بوون، بە سەرۆکایەتیی **عەزیز محەمەد**، نەرمییان زیاتر دەنواند بەرانبەر بە ڕژێم. گروپەکەی **عەزیز حاج** لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی زێی *فورات* و زۆنگاوەکانی باشوور لە ئاستێکی سنووردار دەستیان بە کاروکردەوەی پارتیزانی کرد. **عەزیز محەمەد** و **عەزیز حاج**، کە سەرکردایەتیی دوو شاخەکەی حزبیان دەکرد، هەردووکیان بە ڕەگەز کوردبوون. ئەوەی ڕاستی بێت شیوعییە کوردەکان بە حوکمی دوورییان لە پایتەخت و بوونی ناوچە ڕزگارکراوەکان لە *کوردستان* لە لایەن *پێشمەرگە*، چانسی دەربازبوونیان لە هەڵمەتەکانی قڕکردن لە هاوڕێ عەرەبەکانیان زۆر باشتر بوو. بە هەرحاڵ، لاوازبوونی حزبی *شیوعی* دەرفەتی تێکەڵبوونی شیعەکانی لە کاری سیاسی و ئامێزانی نیشتمانیدا کەم کردەوە.

لە سەردەمی عارفەکان، ململانێ و پێکدادانی سوننە و شیعەکان زۆر زەقتر لە قۆناغەکانی پێشووتر دەردەکەوت. کارەکتەر و هەڵوێستە ئایینی و موحافیزکارەکانی **عەبدولسەلام عارف** وای کردبوو کە هەڵگری دیدێکی دژەشیعە بێت. بۆ نموونە، وەک ئەو کۆنەبەعسییانەی کە لە ساڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ **عارف** هاوسەنگەر بوون، لە بیرەوەرییەکانیاندا دەگێڕنەوە ئەو زۆر جار وەک ڕەوافز و شعووبی ناوی شیعەکانی بردووە (سعید ٢٠٠٥: ٣٠٧؛ الفکیکی ١٩٩٣: ٢٧٣). لەوەش زیاتر، لە شەستەکان چەند کتێبێک لە لایەن نووسەر و کەسایەتیی ناسراوی عەرەب و عێراقی دەرچوون، کە لە بنەڕەتی بزووتنەوە شعووبییەکانیان دەکۆڵییەوە. لەوانەیە بە هەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین گرنگترین کتێب لەو بوارەدا، کتێبەکەی **عەبدولعەزیز دووری** بوو، کە ئەکادیمییەکی سوننە و سەرۆکی *زانکۆی بەغداد* بوو، کە بە ناوی *الجذور*

*التاريخية للشعووبية* (**ڕەگوڕیشەی مێژوویی شعووبییەت**) بڵاوی کردبووەوە. کتێبەکەی **دووری** بنەماکانی شیعەگەری و شعووبییەتی هاوتا کردبوو و پێکەوەشی گرێ دابوو، هەروەها ڕەگی شیعەگەریی خستبووە ژێر پرسیار لەگەڵ دڵسۆزی و ئینتیمای شیعەکان بۆ *عێراق*. ئەمەش بە دڵنیایی دیاردەیەکی نوێ نەبوو لە مێژووی *عێراقی* هاوچەرخ (بۆ نموونەی زیاتر بڕوانە بەشی سێیەم). *دووری* باس لە مێژوو و چۆنێتیی نیشتەجێبوونی خەڵک و گروپە جیاجیاکان دەکات لەو ناوچانەی ئێستا پێی دەگوترێت *عێراق* و دەڵێت:

"عێراق... درێژکراوەیەکی جوگرافیی نیمچە*دوورگەی عەرەبی*یە، بۆیە ئەو خەڵکانەی (عەرەبانەی) کە لەوێوە هاتوون، کارەکتەری عەرەبی-سامییان داوە بە ناوچەکە. کەچی، ئەو خەڵکانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە (شیعە و کوردە ئێرانییەکان) هاتوون بۆ (*عێراق*) تەنیا وەک داگیرکەر هاتوون. سەرەڕای ئەوەی دوای مانەوەیەکی کەم یان زۆر، ڕۆیشتوون و گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام لە دوای خۆیان هەندێک خەڵکیان لێرە (لە *عێراق*) بەجێ هێشتووە. ڕەگوڕیشەی کولتووری ئەو خەڵکە بەجێماوە نامۆ و بێگانەیە (بەم خاکە)... لە کاتێکدا کە خەڵکانی (عەرەبەکانی) ئەم خاکە تەماشای میرات و ڕەگوڕیشە فەرهەنگییەکانی (ئەم خاکە) دەکەن و ئێستای خۆیان وەک درێژکراوەی میراتەکە دەبینن، ئەوە خەڵکە هاتووەکانی دیکە تەماشای دەرەوە دەکەن بۆ ئیلهاموەرگرتن، کاریش دەکەن لەسەر بڕینی ڕەگوڕیشە فەرهەنگییەکانی (ئەم خاکە)" (الدوری ١٩٦٢: ٩٥-٩٧).

دەبێت ئەوە بگوترێت کە قسەکردن لەسەر پرسێکی وا هەستیار لە لایەن کەسایەتییەکی ناسراو و سەرۆکی تاکە زانکۆی *عێراق* لەو کاتدا وەک **عەبدولعەزیز دووری**، ناکرێت وەک دەنگی تاکە کەسێک تەماشا بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم دەنگە ئاوێنەی ڕەوتێکی هزری/بەعسیی مەزهەبی/سوننیی نەتەوەیی/عەرەبییە، کە خۆی لە ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامیزمی سوننەدا دەبینێتەوە، کە تا ڕادەیەک لە زۆر شتدا هاوبەش و هاوبیرن. بە وردبوونەوە لەم دەقەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە **عەبدولعەزیز دووری** دوو پێکهاتەی *عێراقی*، کورد و شیعە، بە بێگانە دادەنێت و ڕیشەیان دەباتەوە بۆ

سەر ئێرانییەکان، وەک بەشێک لە گەلی *عێراق* تەماشایان ناکات، تەنیا لەبەر ئەوەی بە بنەڕە "عەرەب" نین و لە نیمچە*دوورگەی عەرەبی*یەوە نەهاتوون.

ئیسلامییە سوننەگەراکان، وەک ناسیونالیستە عەرەبەکان، زۆر جار زەقتر و توندتر هێرشیان دەکردە سەر شیعەکان و شیوعییەکان و بە شعووبی ناویان دەبردن. ڕۆژنامەی *الفجر الجدید* (*بەرەبانگی نوێ*)، کە نزیک بوو لە *حزبی تەحریر*، کە حزبێکی ئیسلامیی سوننە بوو، لە سەرگوتارێک پەسنی شعووبییەکان دەکات و دەڵێت ئەوان "دوژمنی نەتەوەی عەرەبن و ڕقیان لە عەرەبە". هەروەها وەک ناسیونالیستە عەرەبەکان، ئەوانیش شعووبییەکان، مەبەست شیعە و کوردە، بە پاشماوەی ئەو شەپۆلە داگیرکارییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە *ئێران*ەوە هاتوون دادەنێت، وەک بێگانەش ناویان دەبەن (الفجر الجدید ١٩٦٠/٦/٤).[1] ڕۆژنامەکە بەردەوام بە شیوعییەکانی دەگوت شعووبییەکان و بە گاڵتەپێکردنیشەوە بە ڕۆژنامەکەی حزبی *شیوعی*، کە ناوی *اتحاد الشعب* (*یەکێتیی گەل*) بوو، دەگوت "اتحاد الشعوبین" (یەکێتیی شعووبییەکان). ڕۆژنامەی *الفجر الجدید* بۆ وروژاندنی هەستی خەڵک لە دژی شیوعییەکان، واتە شیعەکان کە ئەو ناوی نابوون شعووبییەکان، دارمانی "دەوڵەت و شارستانیی عەرەبی-ئیسلامی" دابووە پاڵ بزووتنەوەی شعووبییەکان، ئەوان ئەم قسەیەیان لە کاتێکدا دەکرد کە هەموو خەڵک دەزانێت دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامی لەسەر دەستی مەغۆلەکان ڕووخا. ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە کە "پاشماوەکانی (شعووبییەکان) ئەمڕۆ گەڕاونەتەوە بۆ بینینی هەمان ڕۆڵی مێژوویی لە بێهێزکردنی نەتەوەی عەرەب" (الفجر الجدید ١٩٥٩/٧/٣١؛ ١٩٦٠/٥/٢٥؛ ١٩٦٠/٦/١٦).

بە کورتی، شیعیزم لە لایەن هەندێک سوننەوە وەک هێلانەی شعووبیزم دەبینرا. ئەمەش وای کردبوو کە هەر داوایەک بۆ مافی یەکسان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی لە لایەن شیعەکانەوە بەرز کرابێتەوە، جا شیعەکە سێکولار بووبێت، شیعەکە نیشتمانپەروەر بووبێت یان شیعەیەکی

---

[1]. لە دوای ئەوەی کە *ڕۆژنامەی جەمهوریی*ەی بەعسییەکان لە لایەن حکومەتەکەی **قاسم** یاساخ کرا، بەعسییەکان ڕۆژنامەکانی حزبە ئیسلامییەکانیان بەکار دەهێنا بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان. **عەبدوللا سەلوم سامەرائی**، یەکێک لەو بەعسییە ناسراوانە بوو کە لاپەڕەکانی *الفجر الجدید* (*بەرەبانگی نوێ*)ی بەکار دەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارەکانی.

ئیسلامی، بەگشتی لە لایەن سوننەکانەوە وەک هەستێکی شعووبی بینراوە، یان چاکتر بڵێین بۆ چەواشەکردن وەک شعووبیزم ناسێنراوە. بەکورتی، لەکاتێکدا سیاسەتە جیاکارییو سەرکوتگەرییەکانی سوننەکان وەک هەوڵ و تەقەلا بۆ لادانی کۆسپەکانی پێش پڕۆژەی ناسیونالیزمی عەرەبی نمایش کراون، لە هەمان کاتدا بەرگری و خەبات و تێکۆشانەکانی شیعەکان وەک هەوڵی عەشیرەتگەری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. بۆیە لێرەدا دەکرێت بگوترێت کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەڕانەوەی شیعەکان بۆ ئایین و مەزهەب وەک بوارێک بۆ سیاسەتکردن، سیاسەتە جیاکاری و دەمارگیرییەکانی سوننەکان بوو لە بێبەشکردن و پەراوێزخستنی شیعەکان بە درێژایی تەمەنی *عێراقی* هاوچەرخ. بە خستنە ژێر پرسیاری دڵسۆزی و ئینتیمای شیعەکان و بەستانەوەی جووڵانەوە و ڕەوتەکانیان بە شعووبیزم لە لایەن ناسیونالیستە عەرەبە سوننەکان و ئیسلامییە سوننەکان، دەستەبژێری سیاسیی دەسەڵاتبەدەست نزیکەی ٦٠% دانیشتوانی *عێراقی* لە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی وەدەر دەنا. ئەمە تا ڕادەیەک بۆ کوردەکانیش ڕاست بوو، بەمەش ڕێژەی وەدەرنانی عێراقییەکان لە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی بەرز دەبێتەوە بۆ نزیکەی ٨٠%.

هاوشان و هاوکاتی ئەو دەربڕە دژەشیعە و دژەکوردییانەی کە لە توێی کتێبەکان و ڕووپەری ڕۆژنامەکان دەبینران، چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکانی شیعەکان و کوردەکان لە سەردەمی عارفەکاندا سنووردار دەکران. لە ساڵی ١٩٦٤دا، سیاسەتەکانی حکومەت بۆ خۆماڵیکردنی کۆمپانیا تایبەتەکان چوارچێوەکانی سنووردارکردنی کاروچالاکییەکانی شیعەکان و کوردەکانی پێک دەهێنا. وردبوونەوە لە سیاسەتی خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان وا دەردەخەن کە پاڵنەری مەزهەبی و نەتەوەیی لە پشت ئەو سیاسەتانەدا بووبن. لە هەشتاکاندا، واتە دوای ئەوەی کە *بەعس* بۆ جاری دووەم هاتەوە سەر حوکم، بەعسییەکی ناسراو و پایەبەرز، **فازیل بەراک**، کە هەم کەسێکی ئەکادیمی بوو و هەم بەڕێوەبەری *دەزگای هەواڵگریی عێراقی* بوو (١٩٨٣-١٩٨٩)، لە کتێبێکدا بە ناوی *المدارس الیهودیة و الایرانیة فی العراق* (*خوێندنگە یەهودی و ئێرانییەکان لە عێراق*) باس لە هەندێک پرس دەکات کە بۆ ئەم

باسەی ئێرە کەڵکی زۆرە. **فازیل بەراک** لە کتێبەکەیدا دەڵێت لە پەنجاکان و شەستەکاندا بازرگانە کوردە فەیلییەکان (شیعەکان) کۆنترۆڵی کەرتی بازرگانی و پیشەسازیی *عێراق*یان کردبوو (البراک ١٩٨٤: ١٥١-١٥٢). وەدەرنان و ڕێگەلێگرتن لە کورد و شیعەکان لە کارکردن و سەرکەوتن بۆ پلەبەرزەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، بەتایبەتی سوپاو پۆلیس و حکومەت، وای لە ئەندامانی ئەم دوو پێکهاتەیە کردبوو کە ڕوو لە بواری بازرگانی بکەن وەک پیشە.

کوردە فەیلییەکان لە پەنجاکانەوە تا ڕادەیەکی چاک کۆنترۆڵی بازاڕە سەرەکییەکانی *بەغدا*دیان کردبوو، لەوانە *بازاڕی شۆرجە* (*سوق الشورجة*).[١] بێجگە لەم هۆکارە دەرپەڕاندنی جولەکەکان لە *عێراق*، بە *بەغداد*شەوە، کە پێش دەرکردنیان تا ڕادەیەک زاڵ بوون بەسەر بازاڕەکانی *بەغداد*، بەتایبەتی بازاڕی پارەگۆڕینەوە (سوق الصرافین) بۆشاییەکی لە بازاڕدا دروست کردبوو، کە لە لایەن کوردە فەیلییەکان و شیعەکانەوە پڕ کرایەوە. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە پێش ئەوەی *حکومەتی عێراق* سیاسەتی خۆماڵیکردن بخاتە بەرنامەی کاری خۆی لە ساڵی ١٩٦٤، **تاهیر یەحیا**، کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی *عێراق* بوو، سەردانێکی *بازاڕی شۆرجە* دەکات، لەوێ گوێی لە گریان و نوزانەوە و نزای شیعەکان دەبێت، چون بە ڕێکەوت سەروبەندی یادی *عاشوورا* دەبێت. دەگێڕنەوە کاتێک **تاهیر یەحیا** گوێی لە دادوفیغانی کوردە فەیلییەکان دەبێت، هەر لەو شوێنە بەڵێن دەدات کە بوونی شیعە لەو بازاڕەدا کۆتایی پێ بهێنێت (الازری ١٩٩١: ٢٧٥-٢٧٧). زۆری پێ ناچێت حکومەت پرۆژەیاسای خۆماڵیکردنی بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکانی بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی دەردەکات و کۆمەڵێک کۆمپانیا و دامەزراوەی حکومی، کەرتی گشتی، دادەمەزرێنێت. بەمەش لە تەمووزی ١٩٦٤دا، حکومەت ٢٧ کۆمپانیای پیشەسازی و چوار کۆمپانیای بازرگانی و نۆ کۆمپانیای بیمە و پێنج کۆمپانیای بواری بانکی خۆماڵی کرد ( Jabar

---

[1]. بێجگە لە بوونی کورد لە *بەغداد* کۆنترۆڵکردنی *بازاڕی شۆرجە* یەکێکە لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە وشەی کوردی لە ناو زمانی عەرەبی، بەتایبەتی لە ناو بەغدادییەکاندا.

132 :2003). ئەم کار و هەوڵەی حکومەت پێ دەچێت بە ئانقەست بووبێت و ورد بیری لێ کرابێتەوە و زیاتر مەبەست لێی سنووردارکردنی توانا مادی و داراییەکانی کوردە فەیلییەکان بووبێت، بەتایبەتی لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتیان بەسەر کەرتی بازرگانیو ئابووری، لەوەی چاکسازی لە سیستەمی ئابووری و بازرگانی بووبێت.

لەگەڵ زیاتر دەرکەوتنی سیاسەتە دەمارگیری و عەشیرەتگەرییەکانی حکومەتەکەی **عارف**، شیعەکان لە ڕێگەی جیاجیاوە وەڵام و ناڕەزاییان دەردەبڕی، وەک هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی حکومەت بە وازهێنان لە سیاسەتەکان. گەورەمەرجەعی شیعەکان، **موحسین حەکیم**، لە نامەیەکدا حکومەتی لە دەرئەنجامە ترسناکەکانی سیاساتە عەشیرەتگەرییەکان ئاگەدار کردەوە. لە نامەکەدا **حەکیم** ئاماژەی بەوە کردبوو کە عەشیرەتگەری لە هەموو شوێنێک هەستی پێ دەکرێت. ئەو دەڵێت:

"ئەوە ئەرکی حکومەتە کە بە یەک چاو، بەبێ جیاوازی و جیاکاری لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی، تەماشای ڕۆڵەکانی گەل بکات، تا هەموویان هەست بەوە بکەن کە لە ژێر سایەی حکومەتێک دەژین کە ئێشکگرە بەسەر بەرژەوەندییەکانیان و کەرامەتیشیان دەپارێزێت. پێم ناخۆشە کە دەبینم درزێک هەیە لە نێوان حکومەت و گەل. تێگەیشتنی زاڵ لەم ڕۆژگارەدا لە ناو حکومەتدا ئەوەیە کە مامەڵەی کەسێک کە ناوی **عەبدولقادر** (ناوێکی باو لە ناو سوننەکان) جێبەجێ دەکرێت و مامەڵیی **عەبدولحسێن** (ناوێکی باو لە ناو شیعەکان) دوا دەخرێت و فڕێ دەدرێت. هاوکات ئاوازێکی ناوچەیی تەسک زاڵە وەک ئەوەی دەگوترێت ئەمە خەڵکی *عانە*یەو ئەمە خەڵکی *تکریت*ە و ئەوەی دیکەش خەڵکی *کووفە*یە" (بڕوانە الخیون ٢٠٠٥ا).

ساڵێک دواتر، کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسیی ناسراوی شیعە، **محەمەد ڕەزا شبیبی**، یادداشتنامەیەکی ناڕەزایی بۆ **عەبدولڕەحمان بەزاز**، سەرۆکوەزیرانی عێراق (١٩٦٥-١٩٦٦) ناردبوو، کە تێیدا باسی لە نەهامەتییەکان و ئێش و ئازارەکانی شیعەکانی کردبوو. بێجگە لەو خاڵانەی کە تێیدا هاتوون، گرنگییەکی دیکەی یادداشتنامەکە لەوەدایە کە لە لایەن کەسایەتییە شیعییە ناسراوەکانی ئەوکات پشتیوانیی لێ کرابوو. **شبیبی** باس

لەوە دەکات کە عەشیرەتگەری لە *عێراق* هیچ کاتێک نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئێستای و دەڵێت:

"گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە (لەوانە هاتنەسەرحکومی **عارف**)، بە داخەوە سەلماندیان کە ڕۆحی دابەشبوون و جیاکاری زیندوو کراونەتەوە و لە هەموو کاتێک بەهێزتر و بەربڵاوترن... هەندێک کەسایەتیی ناسراو و ڕۆژنامەی بەکرێگیراو (شیعەکان وەک شعووبی دەناسێنن) و قسە هەڵدەبەستن. وا چاکە حکومەت ئەو سیاسەتە سەرپێیانەی خۆی )وەک خۆماڵیکردن) هەڵبوەشێنێتەوە" (الازری ١٩٩١: ١٨٠-١٨٥).

کەم تا زۆر حکومەت گوێی بە ناڕەزایی و هاوارەکانی شیعەکان نەدەدا، ئەمانەش ڕێخۆشکەر بوون بۆ گرتنەبەری شێوازی دیکە لە ناڕەزاییدەربڕین، کە لە دەیەکانی دواتر دەردەکەوێت. بە هەرحاڵ، لە ساڵی ١٩٦٠دا، لە سەردەمی **قاسم، محەمەد باقر سەدر** بە شێوەیەکی نافەرمی خۆی لە حزبی *دەعوە* کێشایەوە و *حەوزەی نەجەف*ی کردە مەنزڵگەی خۆی، ئەویش بۆ درێژەدان بە خوێندن و خۆپێگەیاند ن‌و نووسین، بەتایبەتی نووسینی کتێبە ناسراوەکەی، *اقتصادنا* (*ئابووریمان*).[1] هەندێک کەس پێیان وایە کە خۆکێشانەوەی **سەدر** لە *دەعوە*، پەیوەندیی بە خەونەکانی **سەدر**ەوە هەبوو لە بوون بە گەورەمەرجەع، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی ئەو پایەیە وەردەگرن، ڕاستەوخۆ کاری سیاسیی ڕۆژانە ئەنجام نادەن. هەندێکیش دەڵێن کە **سەدر** لەمیانی یەکێک لە خوێندکارەکانی (وەکیلەکانی) پەیوەندییەکانی لەگەڵ *دەعوە* بە ناڕاستەخۆ ڕاگرتبوو (بڕوانە Aziz 2003).ئەو بۆشاییەی لە سەرکردایەتیی *دەعوە* لەگەڵ خۆدوورخستنەوەی **سەدر** پەیدا بوو لە لایەن کۆمەڵێک چالاکوانی شیعە، کە وەک **سەدر** پیاوی ئایینی نەبوون، پڕ کرایەوە، لەوانە **عەبدولساحیب دەخیل** و **ساڵح ئەدیب**. ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە لایەن *دەعوە* و ئۆپۆزسیۆنی شیعی لە *عێراق*، چون تا ئەو کاتە زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراو و چالاکی و بزووتنەوە شیعییەکان لە لایەن پیاوانی ئایینیی

---

[1]. *ئابوورویمان* (*اقتصادنا*) یەکێکە لە کتێبە هەر ناسراوەکان کە لەسەر ئابووریی ئیسلامی نوسرابێت. **سەدر** کتێبەکەی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٦١ نووسیوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ یەکەم جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

شیعە سەرکردایەتی دەکران. بەمەش *دەعوە* تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە لایەن کەسانی خوێندەوار و پیشەیی لە چینی ناوەند و خوێندکارانی زانکۆ سەرکردایەتی دەکرێت (Jabar 2003: 122, 138-139). سەرەڕای ئەمە، دەستە بەڕێوەبەرییە نوێکەی *دەعوە*، جیهانبینییان بنەمای لەسەر ئەو چوارچێوە هزری و ئایدیۆلۆجییە دانابوو، کە **سەدر** دای ڕشتبوو.

**دەعوە** لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هزری و ئایدیۆلۆجییە بوو کە لە ئاکامی شکستەکانی *بەعس* لە سەردەمی **عارف**، بەتایبەتی دوای دەرپەڕاندنی کەسە ناسراوەکانی شیعە لە سەرکردایەتیی *بەعس*، پڕ بکاتەوە (تەماشای بڕگەی داهاتوو بکە). هاوکات، *دەعوە* وەک بەدیلێکیش خۆی ڕاپێش دەکرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئاکامی لاوازبوونی حزبی *شیوعی* هەم وەک ڕێکخراو و هەم وەک بیرۆکە هاتبووە پێش، بەتایبەتی پاش لێدان و ڕاوەدوونان و لەناوبردنی کادیرە سەرەکییەکانی حزب لە لایەن بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٣ لە لایەک و دوورکەوتنەوەی شیعەکان لە حزبی *شیوعی* لە دوای فەتواکەی **موحسین حەکیم**، گەورەمەرجەعی شیعەکان، لە لایەکی دیکەوە.

سەرکردایەتییە نوێیەکە گەلێک گۆڕانکارییان لە جیهانبینیی *دەعوە* کرد، بەڵام گرنگترینیان ئەوە بوو کە "سروشتی *دەعوە*یان لە گروپێکی ئیسلامیی جیهانگەرایی (Universalist) بەرگریکەر لە *ئیسلام*، گۆڕی بۆ ڕێکخراوێک کە خەبات بکات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی شیعەکانی *عێراق*" (Jabar 2003: 38). بەڵام لە پەیوەند بە شوناس و ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، کێشەی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی ئایینیی/مەزهەبی وەک *دەعوە* لە وڵاتێکی فرەئایینی و فرەمەزهەبیی وەک *عێراق* لە کۆتاییدا، ئارەزوو بکات یان نا، دەبێت بە حزبی گروپێکی بنەنیشتمانی (Subnational). لەبەر ئەوە بە تەواوی بڕواوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە مومکین نییە ڕێکخراوێکی ئایینی/مەزهەبی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و خەونەکانی دوو گروپی مەزهەبی، سوننە و شیعە، لە یەک کاتدا بکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە بنەماکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم دوو مەزهەبە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بیرۆکە و ئارگیومێنت و پرەنسیپەکانی ئەوی دیکە دروست بوون. کاتێک کە

دەگوترێت حزبێکی مەزهەبی ناتوانێت ببێت بە حزبێکی نیشتمانی، مەبەست لە نیشتمان *عێراقە*. ئەم ئارگیومێنتە لەسەر حزبە نەتەوەییەکانیش ڕاستە، ئەمەش بەو مانایەیە کە حزبێکی وەک *بەعس* کە خەونی یەکگرتنی عەرەبی لای گرنگترە لە بەنەتەوەبوونی/بەنەیشنبوونی *عێراق*، یان کاتێک کە *پارتی دیموکراتی کوردستان* هەوڵ دەدات بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە *عێراق*، ئەوە ئەگەر بە چاویلکەی عێراقیبوون تەماشای خەونەکانی *پارتی* و *بەعس* بکەین، ئەوکات ناکرێت ئەم دوو حزبە بە حزبی نیشتمانی دابنرێن. دەکرێت *پارتی* حزبێکی نیشتمانیی کوردستانی بێت و *بەعس*یش حزبێکی نیشتمانیی عەرەبی بێت، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، ناکرێت ئەم دوو حزبە وەک حزبی نیشتمانیی عێراقی دابنرێن، چونکە ئامانجی سەرەکی ناسیونالیستی عەرەبی و ناسیونالیستی کوردی، هەڵوەشاندنەوەی *عێراقە*، نەک دروستکردنی *عێراق* و بەنەتەوەبوونی *عێراق*.

بە هەرحاڵ، وەک چاوەڕوان دەکرا *دەعوە* وەک حزبێکی مەزهەبی سەرنجی لەسەر ڕێوڕەسم و بۆنە ئایینییەکان و شوناسی شیعی بوو. بۆیە زۆری پێ نەچوو یەکێک لە چالاکییە سەرەتاییەکان و سەرەکییەکانی *دەعوە* بوون بە بەڕێوەبرد نو سەرپەرشتیکردنی مەڕاسیمەکانی *عاشوورا* و مەواکیبەکانی *حسەینی*، نەک هەر لە شارە ئایینییەکانی وەک *نەجەف* و *کەربەلا* و *کازمییە*، بەڵکو لە حەرەمی *زانکۆی بەغدا*یش. بەگوێرەی سەرچاوەکانی *حزبی دەعوە*، ساڵانە نزیکەی ٤٠٠٠ خوێندکار بەشدارییان لە ڕێوڕەسمەکانی *عاشوورا* دەکرد و زیاتر لە ١٥٠٠ نوسخەی بڵاوکراوەیەکی *دەعوە* بە ناوی *صوت الدعوة* (*دەنگی دەعوە*) بەسەر ئەندامان و هەوادارانی حزبەکە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا *لە زانکۆی بەغداد* دابەش دەکران (Islamic Dawa Party 2009).

لە سەرەتای شەستەکاندا چالاکیی سێ بکەری سیاسی-شیعی هەستی پێ دەکرا، کە **موحسین حەکیم** (گەورەمەرجەع) و *جەماعەتی عولەما* و *حزبی دەعوە* بوون، هەرسێ بکەرەکە ئەوەندەی سەرنجیان لەسەر زیندووکردنەوە و بەرزڕاگرتنی بۆنە و مەڕاسیمە ئایینییەکان لە مزگەوت و حوسەینییەکان و کتێبخانەکان بوو، ئەوەندە ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە چالاکیی سیاسی نەدەبوون.

هەرچۆنێک بێت، مزگەوت و حوسەینییەکان و کتێبخانەکان کرابوون بە شوێنگەلێک کە ئەندامانی *دەعوە* کەڵکیان لێ وەردەگرت بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی حزب و بەحزبیکردنی لایەنگران و هاموشۆکەرانی ئەو شوێنانە. هاوکات وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی حزبی *دەعوە* لە گردبوونەوەکانی، ڕەخنەی لە هەردوو ڕەوتە زاڵەکەی ئەو سەردەمە، کۆمۆنیزمی شیوعییەکان و ناسیونالیزمی عەرەبیی بەعسییەکان، دەگرت. مەبەست لێیان دوورخستنەوەی گەنجانی شیعە بوو لە ڕەوتە سێکولارەکان و کۆکردنەوەیان لە دەوری ڕەوتە ئیسلامییەکان. ئەم چالاکییانە تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوون، تا ئەو کاتەی سیستەمی *بەعس* چالاکییەکانی قەدەغە کرد (الموسوی ٢٠٠٠).

لەکۆتایی شەستەکاندا، هاوشانی چالاکییە دینی-مەزهەبییەکان *دەعوە* وردەوردە لە چالاکییە سیاسییەکان نزیک دەبووەوە، بە سەرنجدان بەتایبەتی لەسەر ئەندامگیری (Jabar 2003: 141). تا ئەو کاتە حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان سەرەڕای هەستکردنیان بە چالاکییەکانی حزبی *دەعوە*، بەڵام زانیاریی وردیان لەسەر *دەعوە* و قەبارەی کارەکانی و ڕێکخستنەکانی نەبوو. ئەمەش لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی حکومەتەکانی عارفەکان، لە لاکەی دیکەش بۆ فروانبوونی فەزای سیاسی، بەتایبەتی لە سەردەمی **عارفی دووەم**. هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە حکومەت لەوئانوساتانەدا سەرنجی سەرەکیی لەسەر حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس* و شەڕ و پێکدادانەکانی *کوردستان* بوو. بۆیە ئەو قۆناغە بە قۆناغی زێڕین لە چالاکیی سیاسیی-ئایینیی شیعی لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* دادەنرێت. بەگشتی، ئەو بارودۆخ و کەشوهەوا سیاسییەی لەو سەردەمەدا ئامادەیی هەبوو، فەزایەکی سیاسیی بۆ شیعەکان بەدی هێنابوو بۆ خۆڕێکخستنەوە لە دەوری ئاوات و خەونە ئایینییەکان، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، سەرهەڵدانی حزب و ڕێکخراوی مەزهەبی/ئایینی لەبری ئەوەی ببن بە پلاتفۆڕمێک بۆ ئامێزانی نیشتمانی، بوون بە ژوورێک بۆ قەتیسبوون لە قاوغی مەزهەبی و ناوچەیی، ئەمانەش بایەکیان لەگەڵ خۆدا هێنا، کە پێچەوانەی کەشتیی ئامێزانی نیشتمانی هەڵی کردبوو.

**قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجیی بەعس: ڕاستڕەویی سوننی دژی چەپڕەویی شیعی**

وەک سەردەمی پادشایەتی و سەردەمی **قاسم**، لە سەردەمی عارفەکانیش ناوچە سوننەنشینەکان قەڵای ناسیونالیستە عەرەبەکان بوون و ناوچە شیعەنشینەکانیش، تا ڕادەیەکیش کوردنشینەکان، سەنگەری نیشتمانپەروەرەکان بوون. باشترین پیشاندەری ئەم دابەشبوونە، لەسەر هێڵە مەزهەبی و نەتەوەییەکان، هەڵوێستی ئەم پێکهاتانەیە بوو لە پەیوەند بە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣. کاتێک هەواڵی کودەتاکە لە *ڕادیۆی بەغداد* بەیان کرا، حزبی *شیوعی* داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد کە بە گژ "پلانگێڕەکان"دا بچنەوە. لە وەڵامی داواکەی شیوعییەکان، خەڵک لە گەڕەکە شیعەنشینەکانی *بەغداد* ڕژانە سەر شەقام بۆ بەرگریکردن و پاراستنی حکومەتەکەی **قاسم**، کە هاوپەیمانی شیوعییەکان بوو. هاوکات، دانیشتوانی گەڕەکە سوننەنشینەکانی *بەغداد* هاتنە سەر شەقامەکان بۆ پشتیوانیکردن لە ناسیونالیستە عەرەبەکان و بەعسییەکان، کە کودەتاکەیان لە دژی **قاسم** ئەنجام دەدا (بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە سعید ٢٠٠٥: ٧١؛ Batatu 2004: 978). ئەم سیناریۆیە ئەوە پێشان دەدا کە سەرەڕای سیاسەتە دوور لە مەزهەبییەکانی **قاسم**، کەچی دابەشبوونە مەزهەبییە جێکەوتەکان هەر وەک خۆی مابوونەوە، بەتایبەتی لەمەڕ پشتیوانیی سوننەکان لە ناسیونالیزمی عەرەبی و شیعەکان لە نیشتمانپەروەریی عێراقی.

دابەشبوونە مەزهەبییەکە نەک هەر لەمیانی دابەشبوون بەسەر کامپی نیشتمانپەروەری و کامپی ناسیونالیستی عەرەبی بەرچاو دەکەوت، بەڵکو لە ناو ڕیزەکانی حزبی *بەعس* جیاوازیی لە جیهانبینیی ڕاستڕەوەکان و چەپڕەوەکان دابەشبوونی مەزهەبی لە خۆ پیشان دەدا. باڵی چەپڕەو لە سەرکردایەتیی حزبی *بەعس*، کە بەگشتی لە کەسایەتییە مەدەنییەکان، وەک **عەلی ساڵح سەعدی، حەمدی عەبدولمەجید، موحسین شێخ ڕەزا، ئەبوتالیب عەبدولموتەلیب هاشمی، هانی فەکیکی، حازم جەواد** و **تالیب شەبیب** پێک هاتبوو، هەموویان شیعە بوون. ئەم باڵە دژی هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی باری کەسی و یاسای کار و چاکسازی لە کشتوکاڵ (اصلاح الزراعی) بوون، کە **عەبدولکەریم قاسم** دەری چواندبوون، هاوکات، هەندێک نەرمییشیان لە

پەیوەند بە مافەکانی کورد دەنواند. بە پێچەوانەی ئەم دیدە، باڵی ڕاستڕەو لە سەرکردایەتیی *بەعس* کە بەگشتی لە ئەفسەرەکانی سوپا، وەک **ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵح مەهدی عەماش ، عەبدولستار عەبدوڵلەتیف، تاهیر یەحیا تکریتی، محەمەد حسێن مەهداوی، ڕەشید موسڵیح** و **حامید تکریتی** پێک هاتبوو، بەتەواوی سوننە بوون‌و دیدی سیاسیشیان دیدێکی موحافیزکارانە بوو. ئەم باڵە داوای هەڵگێڕانەوەی یاسا سێکولار و کرێکاردۆست و جوتیاردۆستەکانیان دەکرد و بە توندییش پێداگرییان لەسەر چارەسەری سەربازی بۆ پرسی کورد دەکرد.

بێجگە لەو دووبەرەکییەی کە لە نێوان ئەم دوو باڵەدا لەسەر تێگەیشتن و هەڵوێست و نزیکبوونەوەیان لە پرسەکان دروست ببوو، گرژییەک لە نێوانیان سەری هەڵدا کاتێک **موحسین حەکیم** بۆ سەردانی مەزارە شیعییەکانی *سامەڕا* ویستی بە *بەغداد* تێبپەڕێت و هەندێک لە سەرانی *بەعس* ببینێت. باڵی سەربازی ڕازی نەبوون کە حکومەت نوێنەری فەرمی بنێرێت بۆ بینینی **حەکیم**، ئەوان تێپەڕبوونی مەوکیبەکەی **حەکم**یان بە ناو *بەغداد* وەک خۆپیشاندانێکی عەشیرەتگەریی وروژێنەر دەبینی. دوای فشار لە لایەن باڵی مەدەنی، باڵی سەربازی ڕازی بوون کە نوێنەرێک بنێرن، بە مەرجێک کە نوێنەرەکە ئەفسەرێکی سوپا بێت، بەڵام **حەکیم** داوای کرد کە بەرپرسێکی مەدەنی لە *بەعس* ببینێت. لە دەرئەنجامدا، کۆبوونەوەیەک ساز کرا کە تێیدا **حەکیم** پرسی ئەشکەنجە و بێسەروشوێنکردن و کوشتنی شیوعییەکانی، کە زۆربەیان شیعە بوون، لەسەر دەستی بەعسییەکان، هێنایە گۆڕێ. **حەکیم** ژمارەیەک داواکاریی دیکەی خستە بەردەم حکومەت، لەوانە خوێندنی فیقهی شیعی و تەرخانکردنی پارە بۆ دامەزراوە ئایینییە شیعییەکان (الفکیکی ١٩٩٣: ٢٧٣-٢٧٤). مکوڕبوونی باڵی مەدەنی لەسەر هێشتنەوەی چاکسازییەکانی **قاسم** بووە مایەی ئەوەی کە باڵی سەربازی بە پشتیوانیی **عەبدولسەلام عارف**، کە ئەوکات سەرۆک بوو لەگەڵ **ئەحمەد حەسەن بەکر**، کە ئەوکات

سەرۆکوەزیران بوو، هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە بکەن،[1] ئەمە بووە مایەی ملدادانی باڵی مەدەنی.

پرسێکی دیکە کە گرژییەکانی نێوان باڵی مەدەنی-شیعی و باڵی سەربازی-سوننیی قووڵتر کرد، مامەڵەی شیوعییە دەستبەسەرەکان بوو لە گرتوخانە و زیندانەکان. باڵی سەربازی توندوتیژییەکی بێوێنەی بەکار دەهێنا و لە پاساوێک دەگەڕا بۆ کوشتنی هەموویان. لە ڕاستیدا **تاهیر یەحیا**، یەکێک لە ئەفسەرە سوننە بەعسییەکان، داوای لە هەندێک مەرجەعی شیعە کردبوو کە فەتوایەک دەربکەن بۆ حەڵاڵکردنی خوێنی شیوعییەکان، بە بنەما لەسەر هەڵگەڕانەوەیان لە ئایین، واتە مورتەدبوونیان (بڕوانە حبیب ٢٠١٤). لەو کاتدا، باڵی مەدەنی، کە لە شیعەکان پێک هاتبوو، بە دزییەوە کارئاسانیان دەکرد بۆ دەربازبوونی شیوعییەکان لە گرتوخانەکان یان دەیان گواستنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە دەستی ئەفسەرە سوننەکانی پێ ڕانەدەگەیشت (الفکیکی ١٩٩٣: ٢٧٥-٢٧٧).

دوای چەند مانگێک لە حوکمکردن و زەقتربوونەوەی کێشە و ململانێکان، هەردوو باڵەکەی *بەعس* بەرانانە بەر یەک کەوتن. ئەفسەرە سوننە بەعسییەکانی باڵە سەربازییەکە بەپێی پلانێکی ورد، لە قۆناغی یەکەم، داوایان لە باڵە مەدەنییەکە کرد کە هاوکاریان بن لە دوورخستنەوەی **عەلی ساڵح سەعدی**، کە ڕادیکاڵترینی باڵە چەپڕەوەکە و بەرپرسی یەکەمی *بەعس* بوو، لە حکومەت و لە حزب. دوای لەسەرکارلادانی **سەعدی**، **حازم جەواد**، کە لە ناو باڵە مەدەنییە چەپڕەوە شیعییەکە لە هەموویان میانڕەوتر بوو، لە جێگەی **سەعدی** داندرا. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، لە قۆناغی دووەم، لە کاتی بەستنی کۆنگرەی *هەرێمیی* (قطری) حزبی *بەعس*، کە لە *بەغداد* بەڕێوە دەچوو، باڵی سەربازی هەڵیان کوتایە سەر باڵەخانەی بەستنی کۆنگرەکە و ژمارەیەک سەرکردەی پایەبەرزیان لە باڵە مەدەنییەکە پەلبەست کرد و لە ژێر ڕەحمی لولەی تفەنگ بەرەو فڕۆکەخانەی *بەغدا*دیان بردن و یەکسەر لە هەمان ڕۆژ سواری فڕۆکەیەکیان کردن و ڕەوانەی *ئیسپانیا*یان کردن (بۆ

[1]. **عەبدولسەلام عارف** بەعسی نەبوو، بەڵام وەک باڵی سەربازیی *بەعس* موحافیزکار بوو، بۆیە پشتیوانیی لە باڵی سەربازی *بەعس* دەکرد.

وردەکاریی زیاتر بڕوانە سعید ٢٠٠٥: ٣٢٧-٣٣٢؛ الفکیکی ١٩٩٣: ٣٤٥-٣٥٧).[١]
ئەو سەرکردە بەعسییانەی کە نەفی کران بۆ *ئیسپانیا*، هەموویان شیعە بوون، وەک **عەلی ساڵح سەعدی**، **حەمدی عەبدولمەجید**، **موحسین شێخ ڕەزا**، **ئەبوتالیب عەبدولموتەلیب هاشمی** و **هانی فەکیکی**، کە کەسە سەرەکییەکانی باڵە چەپڕەوە مەدەنییە شیعییەکەیان پێک دەهێنا.

لە دوای پەلبەستکردنی ئەندامانی باڵە مەدەنییەکە، لە ناو هۆڵەکە **سەعدون حەمادی**، شیعەیەکی دیکە لە کادیرە پێشکەوتوەکانی *بەعس*، ناڕەزایی دەردەبڕێت لە هاتنی ئەفسەر و سەربازەکان بۆ ناو هۆڵەکە و دەستگیرکردنی ئەندامان، کەچی ئەفسەرێکی سوننە هاوار دەکاتە سەری و پێی دەڵێت "اسکت **ابو زهراء**"، واتە "کڕ بە **باوکی زەهرا**" (**ئەبو زەهرا** ناوێکە بۆ گاڵتەکردن بە شیعە بەکار دێت، دەکرێت مەبەستی ئەوە بووبێت کە تۆش شیعەیت، بۆیە بەرگری لە شیعە پەلبەستکراوەکان دەکەیت). لە کاتی گرتنی ئەندامانی باڵە مەدەنییەکە، ئەفسەرە سوننەکان تاوانباریان دەکەن بەوەی کە هاوسۆزییان بۆ شیوعییەکان لە خۆ پیشان داوە و ئاسانکارییان بۆ کردوون بۆ هەڵاهاتن و دەربازبوون. دوای دوورخستنەوەی بەشێک لە کادیرانی باڵی مەدەنی، کۆبونەوەکانی کۆنگرەکە درێژەی پێ دەدرێت و سەرکردایەتییەکی نوێ لە لایەن ئەفسەرە کودەتاچییەکان، بە پاڵپشتیی ئەفسەرە سوننەکانی دیکە، کە کادیری باڵا بوون لە *بەعس*، دیاری دەکرێت. تیمە نوێیەکە لە شەش ئەفسەر، کە هەموویان سوننە بوون، لەگەڵ سێ شیعەی مەدەنی و نۆ سوننەی مەدەنی و کریستیانێک پێک هاتبوو. دوو ڕۆژ دواتر، لە قۆناغی سێیەم، لە سێ شیعەکە دوانیان، **حازم جەواد** و **تالیب شەبیب**، کە لە کادیرە هەر پێشکەوتووەکانی *بەعس* بوون، وەک هاوڕێکانی پێشووتریان نەفی دەکرێن بۆ دەرەوەی *عێراق*. بەمەش کۆتایی بە زاڵیی شیعەکان لەسەر سەرکردایەتیی

[1]. ئەم گێڕانەوانەی ئێرە بنەمای لەسەر یادەوەرییەکانی دوو بەعسی، **تالیب شەبیب** و **هانی فەکیکی** داناوە، کە هەردووکیان لە ناو هۆڵی کۆنگرەکە بوون لە کاتی پەلامارەکەی باڵی سەربازیی *بەعس*. **هانی فەکیکی** یەکێک لە ڕەوانەکراوەکان بوو بۆ *ئیسپانیا*. بێجگە لەوەی **فەکیکی**، باڵی سەربازیی ئەم بەعسییە شیعییانەی ڕەوانەی مەنفا کرد: **عەلی ساڵح سەعدی**، **حەمید عەبدولمەجید**، **موحسین شێخ ڕەزا** و **ئەبو تالیب عەبدولموتەلیب هاشمی**.

*بەعس* دێت. ئەمەش وەرچەرخانێک بوو لە سەرکردایەتیی حزبی *بەعس*، کە تا ئەوکات کۆمەڵێک کەسایەتیی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕی شیعەی مەدەنی زاڵ بوون لەسەری، کەچی دوای ئەو کۆنگرەیە کەسانێکی موحافیزکاری سوننەی سەربازی جڵەوەی حزبەکە دەگرنە دەست.

هەڵکشانی سوننەکانو داکشانی شیعەکان لە ترۆپکی دەسەڵاتی *بەعس*دا لە لایەن هەندێک ئەکادیمی، گرێ دراوە بەو سیاسەتە دەمارگیرییەی کە پۆلیسی عێراقی لە بەرانبەر بەعسییەکان پەیڕەویان دەکرد دوای ئەوەی **عارف** بەعسییەکانی لە دەسەڵات دوور خستەوە. **حەنا بەتاتوو** دەڵێت ئەو "بەعسیانەی کە بە مەزهەب شیعە بوون، دوای کودەتاکەی **عارف** لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک ڕاوەدوو دەنران بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێ سوننەکانیان. کاتێک شیعەکان دەگیران بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، کەچی سوننەکان دوای سزایەکی سوک ئازاد دەکران" (Batatu 2004: 1078-1079). **بەتاتوو** پێی وایە کە ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە هەڵقوڵاوی لایەنگریی مەزهەبی نەبوون، بەڵکو پەیوەندیی بە خزمخزمێنەوە هەبوو. ئەم تێگەیشتنەی **بەتاتوو** لە زۆر ڕووەوە کورتی هێناوە: یەکەم، ئەوەی کە خۆی باسی دەکات وەک خزمخزمێنە هەر لە بنەڕەتدا لە ئاکامی پەیوەندییە مەزهەبییەکانەوە دروست بووە. دووەم، مامەڵەکردنی نەرم لەگەڵ سوننەکان و ڕەق لەگەڵ شیعەکان دەگەڕێتەوە بۆ زاڵیی سوننەکان لە دێرزەمانەوە بەسەر دامەزراوەی پۆلیس لە *عێراق*. سێیەم، شیعەکان پێش دوورخستنەوەی بەعسییەکان لە لایەن *عارف*، لە ١٨ی تشرینی دووەم، لە دەسەڵات و ڕاوەدوونانی بەعسییەکان لە لایەن پۆلیسەکانی **عارف**، دوای ئەم ڕێکەوتە، لە سەرکردایەتیی *بەعس* لە لایەن ئەفسەرە بەعسییە سوننەکان دوور خرانەوە و نەفی کران، وەک لە سەرەوە تاووتوێ کرا. ئەم خاڵەی دوایی بوو کە بە یەکجاری کۆتایی بە بوون و دەسەڵاتی شیعەکان لە سەرکردایەتیی *بەعس* هێنا. پشکی شیعەکان لە سەرکردایەتیی *بەعس* پێش نەفیکردنی کادیرە شیعەکان لە ناو کۆنگرەکەی *بەعس*دا، نزیکەی ٥٤% بوو، کەچی دوای کودەتا یەک لە دوای یەکەکانی ئەفسەرە بەعسییە سوننەکان، لە سێ قۆناغدا، دابەزی بۆ کەمتر لە ٧%. هەڵسوکەوت و مامەڵەی پۆلیس لەگەڵ

بەعسییە شیعەکان بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی هەبووە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی قەتیسبوونی ململانێ ناوخۆییەکانی *بەعس* بوو کە هاوتەریبی دابەشبوونە مەزهەبییەکان بوو، شیعەی چەپڕەو دژی سوننەی ڕاستڕەو، شیعەی ڕادیکاڵ دژی سوننەی موحافیزکار، شیعەی مەدەنی دژی سوننەی سەربازی.

یەکێک لە دەرئەنجامە کارەساتئامێزەکانی قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجیا لە ناو هێڵە مەزهەبییەکان، هێنانەوەناو و بەردەوامبوونی دووبەرەکی و دوژمنایەتییە مێژووییەکانی نێوان سوننە و شیعە بوو بۆ ناو ڕەوتە ئایدیۆلۆجییەکانی سەدەی بیست. لە غیابی هەموو فۆڕمەکانی دیموکراسی، چ لە حوکم و چ لە ناو حزبەکاندا، هاوکات لە ئاکامی زاڵیی کەشوهەوا و عەقڵییەتی ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕی، هەموو جیاوازییەک لە بیروڕا و تێگەیشتن و نزیکبوونەوەکان دەبوونە مایەی کوشتن و قڕکردنی ڕکابەرەکان، کە لە ژینگەیەکی لەم شێوەیە وەک نەیار و دوژمن وێنا دەکران نەک ڕکابەر. ئەوەی هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردبوو، ئەوە بوو کە نە **قاسم** و نە عارفەکان، هیچ هەوڵێکی جدییان نەدا بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی پەرلەمانی و ڕێکخستنی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان لە لایەک و گەل لە لاکەی دیکە.

### سەردەمی کۆمارەکان و چارەنووسی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی

ئەو پرۆسەیەی ئامێزانی نیشتمانی کە لە سەردەمی پادشایەتی سەری هەڵدا لەگەڵ دەرکەوتنی ژمارەیەک ڕەوت و بزووتنەوەی سیاسی-ئایدیۆلۆجی، کە تا ڕادەیەکی چاک لە لایەن پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق* باوەشیان پێدا کرابوو، بەهێزتر بوو. پرۆسەکە گوڕ و تەوژمیشی وەرگرت کاتێک کە لایەن و گروپە سیاسییەکان دەستیان بە هاوکاریی یەک کرد لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکەیان، "ئیمپریالیزمی بەریتانی" و حکومەتە "نۆکەرەکەی" لە بەغداد. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە هەم عەرەبە عێراقییەکان و هەم کوردەکان پێیان وا بوو کە نیشتمانەکەیان لە لایەن ئیمپریالیستی بەریتانی داگیر کراوە و دابەشک راوە. ئەم تێگەیشتنە ڕاست بێت یان هەڵە، یاریدەدەر و پاڵنەر بوو بۆ

نزیکبوونەوەی پێکهاتەکانی *عێراق* و لایەنە سیاسییەکانیان. دەرئەنجامەکەشی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی خێراتر و بەهێزتر کرد. هاتنی **قاسم** بۆ سەر حوکم، بەتایبەتی لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا، تەکانێکی دیکەی دایە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی. سەرەڕای ئەمە، لەگەڵ لادانی سیستەمی پادشایەتی و ڕەوینەوە و گومبوونی هەژموونی بەریتانی، واتە دوژمنە هاوبەشەکە، هەوڵە سەرەتاییەکانی لێکنزیکبوونەوە و هاوکاریی کۆتاییان پێ هات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لێکنزیکبوونەوە و هاوکارییەکان لە نێوان پێکهاتەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان کاتی (ظرفی) بووە نەک هاوچارەنووسی و هاوشوناسی بووبێت و ستراتیجێک ئاڕاستەی کردبێت. ئەمەش وەک لە تاووتوێکانی ئەم بەشەدا دەرکەوت، شکستی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی لێ کەوتەوە.

هەندێک توێژەر لە دیدێکی مارکسییەوە تەماشای پرس و پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* دەکەن و پێیان وایە یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی پڕۆسەکە، بوونی "ململانێ و پێکدادانێکی ڕیشەداکوتاوی ئایدیۆلۆجی و چینایەتیی قووڵ بوو لە نێوان لایەنەکانی ئەو هاوپەیمانییە کە لە پشت شۆڕشەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ەوە بوو" (بڕوانە Batatu 2004; Haj 1997: 136). لە کاتێکدا ناکرێت ئەم ئارگیومێنتە بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە، بەڵام هۆکاری دیکەی لەمە سەرەکیتر لە پشت شکستی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*دا بوون. لەوانە: یەکەم، بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عێراقی، نیشتمانپەروەریی عێراقی، کە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی سەری هەڵدا، نەیتوانی وەک پێویست بەها و توخمە سەرەکی و پێویستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە دروست بکات و گەشە پێ بدات. لە ڕاستیدا، ئەو ڕەوتە نیشتمانپەروەرییەی لە *عێراق* لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکاندا پەیدا بوو، بەگشتی گوتارێکی چەپڕەویی دەمبەئاگری دژ بە ئیمپریالیزم بوو، لەبری ئەوەی گوتارێکی نیشتمانپەروەری بێت، کە بنەمای لەسەر یەکسانبوونی مرۆڤەکان و چەمکی هاووڵاتیبوون دانابێت. نموونەکانی ئەم گوتار و ڕیتۆریکە بە ڕوونی و بە زەقی لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی *حزبی شیوعی* و *حزبی بەعس* و *پارتی دیموکراتی کوردستان*، هەروەها لە ناو

گوتارەکانی **عەبدولکەریم قاسم** بەرچاو دەکەوێت. دووەم، لە کاتێکدا **قاسم** وا دەردەکەوت کە تێگەیشتنی بۆ سروشتی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵگەی عێراقی هەبووبێت و کۆمەڵێک ئاماژەی سیمبولییشی لە خۆ نواند، لەوانە دداننان بە هاوبەشیی کورد و عەرەب لە *عێراق*، کەچی لەسەر ئەرزی واقع هیچ هەنگاوێکی کردارییی نەهاوێشت بۆ بەدامەزراوەییکردنی تێگەیشتنەکانی، بەتایبەتی لە نزیککردنەوە و تۆکمەکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب یان سوننە و شیعە. سەرەڕای ئەوەی کە **قاسم** سەرنجی کردبووە سەر پرسە نیشتمانی و ناوخۆییەکان و زۆر لەوانەی پێش و دوای خۆی سەختیر بوو لە سەلماندنی مافەکانی کورد، کەچی لەم پەیوەندەشدا هیچ ڕێوشوێنێکی کردارییی نەخستە گەڕ، بۆیە قاسم شکستی هێنا لە پارێزگاریکردن لە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، کە لە سەردەمی پادشایەتی سەری هەڵدابوو. سێیەم، ئەو کودەتایەی کە **قاسم** ڕابەرایەتیی کرد، جارێکی دیکە دەرگەی لە پێش ئەفسەر و لایەنە سیاسییەکان ئاوەڵا کرد بۆ کەڵکوەرگرتن لە سوپا بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە سیاسییەکان و خۆتێهەڵقورتانی سوپا لە سیاسەت، وەک دواتر لە کارە لاساییکەرەوەکانی **عارف** و *بەعس* دەرکەوت. دەستڕاکێشانی سوپا لە لایەن **قاسم**، پێش ئەویش **بەکر سدقی**، بۆ ناو سیاسەت ناسەقامگیریی سیاسی و سەربازیی لێ کەوتەوە و هۆکاری هەرە سەرەکییش بوو لە پشت سەرهەڵدانی ڕژێمە ئۆتۆریتارییەکان و تۆتالیتارییەکان لە دوای ڕژێمەکەی خۆی. چوارەم، لە غیابی کولتوور و نەریت و دامودەزگا دیموکراتییەکان، پێشبڕکێ و ڕکابەرییە ئایدیۆلۆجییەکان ئاڕاستەیەکی قێزەون و ترسناکیان وەرگرت. لەبری خۆپیشاندان و ناڕەزایی و کەمپەینی ڕاگەیاندن کە سیما و کارەکتەر و مۆدێلی دەربڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون لە سەردەمی پادشایەتی، کوشتن و قڕکردن و سڕینەوەی ڕکابەر و نەیارەکان بوون بە نۆڕمی مامەڵەکردن لە سەردەمی کۆماری. پێنجەم، هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ سەر حوکم لە ساڵی ١٩٦٣دا، هۆکارێکی هەرە سەرەکیی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی بوو. بەرنامەی کاری حکومەت و گوتارە سیاسییەکانی زیاتر سەنتەریان لەسەر ناسیونالیزمی عەرەبی و خەونەکانی دانابوو لەوەی

لەسەر پرسەکانی ناوخۆی *عێراق* دانابێت، وەک لەخۆگرتن و پێکەوەژیان و یەکسانی و دادپەروەری. ئەوەی حکومەت گرنگیی پێ دەدا، تەنیا ئاوات و خەونی گروپێکی دیاریکراو بوو لە کۆمەڵگەی عێراقی، کە سوننەکان بوون. لەمانەش ترسناکتر، هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان کۆتایی بە هەر هیوایەک هێنا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی دیموکرات، کە پێشتر لانیکەم لە خەیاڵی هەندێک کەسدا بوونی هەبوو. بەسەربازیکردن و بەسوننەکردن و بەبنەماڵەکردنی سیستەمی حوکمڕانی لە لایەن ناسیونالیستە عەرەبەکان لە لایەک شەرعییەتی بە خۆهەڵتێقورتاندنی سوپا لە سیستەمە سیاسییەکە دەدا، لە لاکەی دیکە ڕێخۆشکەر و ئاسانکاری بۆ پلانگێڕان و لەناوبردنی ڕکابەر و نەیارەکان دەکرد.

لەپاڵ ئەم هۆکارانە، لاوازبوونی حزبی *شیوعی* لە ئاکامی کوشتن و لەسێدارەدان و زیندانیکردن و دەرپەڕاندنی بەشێکی زۆر لە ئەندامە باڵاکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزبەکە لەسەر دەستی *بەعس* و هاوپەیمانەکانی لە دوای کودەتاکەی ٨ی شوبات، هۆکارێکی دیکەی سەرەکیی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی بوو. لە سەردەمی پادشایەتی و سەردەمی **قاسم**دا، حزبی *شیوعی* پلاتفۆڕمێک بوو، ئەوە ئەگەر نەڵێین تاکە پلاتفۆڕم بوو، کە کوردەکان و عەرەبەکان لەسەریدا پەیوەندییەکی تۆکمەیان دروست کردبوو. ئەم پەیوەندییە تا ڕادەیەک پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی هەم دروست کردبوو، هەم ڕاگرتبوو، هەم دەبردە پێش. ئایدیۆلۆجییە بانەتەوەیی و بانمەزهەبییەکەی حزبی *شیوعی* ڕێگەی بۆ هاوکاری و هاوخەباتیی پێکهاتەکانی *عێراق* خۆش کردبوو، لانیکەم لە نێوان کوردەکان و شیعەکان. بە لاوازبوونی حزبی *شیوعی* پرۆسەی ئامێزان گەورەترین و چالاکترین و کاریگەرترین ئامراز و پلاتفۆڕمی لەدەست دا.

دوای ئەو گورزەی لە ساڵی ١٩٦٣ لە شیوعییەکان وەشێندرا، شیوعییە کوردەکان زاڵ بوون بەسەر حزبی *شیوعی*، چونکە وەک ئاماژەی پێ کرا، شیوعییە کوردەکان کەمتر بەر هەڵمەتەکانی گیران و لەناوبردن کەوتن، ئەمەش لەبەر دوورییان لە *بەغداد*، کە سەنتەری هەڵمەتەکە بوو، هەروەها بوونی ناوچە ئازادکراوەکان لە *کوردستان*، کە بوو بە شوێنی داڵدەدانی

شیوعییە کوردەکان. لە ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە، *ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی* ببوو بە گەورەترین لقی *حزبی شیوعی* (نووری ٢٠٠١: ٣٢٨). ئەو شیوعییە کوردانەی کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردایەتی لە شاخەکانی *کوردستان* کرد، زۆربەیان بوون بە پێشمەرگە و لە چالاکییە پارتیزانەکاندا هاوشانی پێشمەرگەکانی *پارتی* بەشدارییان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی هەندێک شیوعی عەرەب و کریستیانیش پەیوەندییان بە *هێزی پێشمەرگە*وە کرد، کەچی زۆرینەی پێشمەرگە شیوعییەکان کورد بوون. لە ساڵی ١٩٦٦ بەدواوەش *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* بوو بە لقێکی نیمچەسەربەخۆ، بۆ نموونە کۆنگرەی تایبەتی خۆیان دەبەست و بەرنامەی کاری تایبەت بە خۆیان دادەڕشت. بە کورتییەکەی لە کۆتایی شەستەکاندا *حزبی شیوعیی عێراقی* ببوو بە حزبی کوردە شیوعییەکان و پلاتفۆڕمەکەی زیاتر کوردەکان گەمەکەر بوون لەسەری، ئەمەش بە دڵنیاییەوە خزمەتی بە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی نەدەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٧دا، پەرشوبڵاوی *بە حزبی شیوعی*یەوە دیار بوو، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئەو بارودۆخە سەختە بوو کە شیوعییەکان لە دوای گورزەکەی ساڵی ١٩٦٣ پێیدا تێپەڕ دەبوون. **عەزیز حاج**، یەکێک لە سەرکردەکانی حزبەکە، هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبەکەی دەستگیر کرد و ڕفاند و جیابوونەوەی خۆی لە حزب ڕاگەیاند و شاخەیەکی لە حزب بە ناوی *قیادەی مەرکەزی* (*القیاده المرکزیة*) دروست کرد. ئەوانەی مابوونەوەش بە ناوی لیژنەی مەرکەزی ناسرابوون. ئەو دووبەرەکی و پەرشوبڵاوییە هێندەی دیکە *حزبی شیوعی*ی لاواز کرد، بە ڕادەیەک کە دەکرێت بگوترێت ئیدی *حزبی شیوعی* توانای هەڵگرتنی باری پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی نەمابوو.

بێجگە لە *حزبی شیوعی*، *حزبی بەعس*یش لانیکەم لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا، ڕێکخراوێک بوو کە شانە و ژوورەکانی کارکردنی ببوون بە مەنزڵگەیەک بۆ کۆکردنەوەی ناسیونالیستە عەرەبە سوننە و شیعەکان، بەمەش *بەعس* هەندێک سوننە و شیعەی کردبوو بە هاوخەبات و هاوچارەنووس. دیارە هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی بەعسییەکان بۆ ئاواتێک

بوو کە *عێراق* ئامانج نەبوو تێیدا، بەڵکو توانەوەی *عێراق* لە نیشتمانی عەرەب و عێراقییەکان لە نەتەوەی عەرەب خەونە کۆتاکەی پێک دەهێنا. سەرەڕای ئەمە، کارکردنی ئەندامانی ئەم دوو پێکهاتەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمەتی بە پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* دەکرد. بە هەرحاڵ، کاری دەستەجەمعی بەعسییە سوننەکان و شیعەکان زۆر درێژەی نەخایاند، ئەوە بوو سوننەکانی باڵی ڕاستڕەوی سەربازیی *بەعس* کودەتایەکیان بەسەر بەعسییە شیعەکانی باڵی چەپڕەوی مەدەنی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا کرد و زۆرینەیان، ئەگەر نەڵێین هەر هەموویان، لە سێ قۆناغدا نەفی کردن بۆ دەرەوەی *عێراق* یان دوور خستنەوە لە حزب. دەرکردنی شیعەکان لە سەرکردایەتیی *بەعس* کۆتایی بەو هاوکارییەی نێوان شیعە بەعسییەکان و سوننە بەعسییەکان هێنا، بەمەش حزبی *بەعس* لە حزبێکی تا ڕادەیەک بانمەزهەب کرد بە حزبێکی سوننەمەزهەب. ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی پڕۆسەی ئامێزاندا نەبوو.

لە ناوەڕاست و کۆتایی شەستەکاندا، لاوازبوونی حزبی *شیوعی* و بەسوننەبوونی حزبی *بەعس*، بۆشاییەکی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی لە *عێراق*، بەتایبەتی لە ناو شیعەکان دروست کرد، کە لە لایەن حزبی *دەعوە* هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرا. سەرهەڵدانی حزبی *دەعوە*، وەک حزبێکی ئایینیی مەزهەبیی ئیسلامی، یەکێک لە کارەساتبارترین و کاریگەرترین هۆکاری شکستی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی بوو لە *عێراق*، کە لە دەیەکانی دواتر دەرهاوێشتەکانی چاکتر دەرکەوتن. بێهێزبوون و چوونە ژێرزەمینی حزبی *شیوعی* لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، لەگەڵ فەتواکەی گەورەمەرجەعی شیعەکان، **موحسین حەکیم**، لە دانانی ئەندامبوون لە حزبی *شیوعی* بە کوفر و ئیلحاد، وای لە شیعەکان کرد کە لە ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە سێکولارەکان دوور بکەنەوە و ڕوو لە ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە ئایینییە مەزهەبییەکان بکەن. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بۆ کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی مەزهەبی، سوننی و شیعی، بزووتنەوە سێکولارەکان چانسی تێپەڕاندنی هێڵە مەزهەبییەکانیان زۆر زیاترە لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان. دامەزراندنی حزبی دەعوە بیرۆکە و ئایدیۆلۆجییە ئایینییە مەزهەبییەکانی پشتئەستوور و تۆکمەتر کرد. ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە

که بزووتنەوە ئایینییەکان ناتوانن نوێنەرایەتیی هەردوو پێکهاتەی سوننی و شیعی بکەن، ئەوە ئەگەر نەڵێین کە نوێنەرایەتیی یەکێکیان زۆر جار دژایەتیکردنی ئەوەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەوە بهێنینەوە بیر خۆمان کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی حزبی *دەعوە* سیاسەتە دەمارگیرییەکانی سوننە دەستڕۆیشتووەکانی حوکم بوو بە درێژایی ساڵانی پادشایەتی و دواتریش، ئەوە باشتر لەوە دەگەین کە بۆ دامەزراندنی حزبی *دەعوە* جۆرێک لە سەنگەرگرتنی لە بەرانبەر سوننەکان لێ کەوتبووەوە. لەبەر ئەوەی ئەوەی کە *دەعوە* حزبێکی ئیسلامیی مەزهەبی بوو، نەیدەتوانی یان نەیدەویست، ئەندامگیری لە ناو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بکات، بۆیە وەک حزب ئەندامەکانی لە سنووری مەزهەبێک و شوێنی کاری لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی شیعەکان تێپەڕ نەدەکرد، لەبەر ئەوە دامەزراندنی حزبی *دەعوە* هێندەی دیکە درزەکانی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقیی فراوانتر کرد. دوورکەوتنەوەی پێکهاتەکانیش، کە زیاتر لە دوای شەستەکان دەرکەوت، نەک هەر هۆکارێک بوو بۆ شکستی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، بەڵکو وەک دواتر دەبینین لێکترازانی نیشتمانییشی لێ دەکەوێتەوە.

هۆکارێکی دیکە کە ناکرێت ئاماژەی پێ نەکرێت لە پەیوەند بە شکستی ئامێزانی نیشتمانی، دیاردەی قەتیسبوونی ئایدیۆلۆجییەکان بوو لە ناو یان هاوتەریبی هێڵە نەتەوەییو مەزهەبییەکان. ئەم دیاردەیە ڕەنگدانەوەی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی بوو، کە هەر یەکێک لە پێکهاتەکانی تێگەیشتن و دید و خەون و ئاواتی جیای بۆ *عێراق* و بۆ پێکهاتەکە هەبوو. ئایدیۆلۆجیا و جیهانبینیی پێکهاتەکان بەگشتی تەنیا ڕکابەری یەکدی نەبوون، بەڵکو دژ بە یەک بوون و لەسەر گومان خستنە سەر یەکدی و سڕینەوەی یەکدی کاریان دەکرد.

لە کۆتایی شەستەکاندا، سوننەکان تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر زاڵ ببوون بەسەر فەزایە سیاسییەکە و حوکمڕانییەکە، حزبی *شیوعی* پەراوێز خرابوو، بزووتنەوەی کوردایەتی پەڕگیر کرابوو یان باشتر بڵێین لە سەر سەنتەر سەنگی کەم ببووەوە. هاوکات کۆمەڵێک پڕۆسە و دیاردەی دیکە سەریان هەڵدابوو، لەوانە بەسوننیکردن و بەعەشیرەتکردن و بەبنەماڵەکردنی *دەوڵەتی*

*عێراق* و دامودەزگاکانی و شوناسەکەی. لە دەرئەنجامدا، دڵسۆزی و ئینتیما بۆ خێزان و خزم و خێڵ و نەتەوە و مەزهەب برەویان سەندبوو و بەسەر یەکەوە بەرەنگاری هەستە نیشتمانپەروەرییە ساواکە ببوونەوە، کە لە ئاکامی دروستبوونی *دەوڵەتی عێراق* و سەرهەڵدانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی گەشەی کردبوو. کوردەکان لە پەڕگەدا گیریان خواردبوو، شیعەکان لە ناوەڕاست و خواروو بێدەسەڵات کرابوون و ئامڕازەکانی ئامێزانیان یان لاواز کرابوو، وەک حزبی *شیوعی*، یان لێی بێبەش کرابوون، وەک حزبی *بەعس*.

لەگەڵ پەیدابوون و بەردەوامیی ئەم هەموو پڕۆسە و پێشهات و ڕووداوانە، ئیدی جێگەی سەرسووڕمان نییە کە شکستی پڕۆسەی ئامێزان بەدی بکرێت. سەرەڕای شکستی پڕۆسەکە، کەچی بە دڵنیاییەوە **عەبدولکەریم قاسم** و سەردەمی حوکمڕانییەکەی، دەکرێت بە قۆناغی زێڕین بۆ ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* دابنرێت و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە یادەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە عێراقییەکان، **قاسم** بە زیندوویی ماوە و بە بایەخەوە یادی دەکەنەوە. لە سەردەمی ئەو بوو کە خۆناساندن بە *عێراق* و شوناسی نیشتمانیی عێراقی گرِوتینی وەرگرتبوو، بەتایبەتی لە ناو ڕۆشنبیرە چەپڕەو و لیبراڵ و سێکولارەکان. ژمارەیەکی زۆر دەقی ئەدەبی، کە لەسەر ئاوازەکانی نیشتمانپەروەری و عێراقچێتیدا دەیانخوێند، لەو سەردەمان و دواتریش بەرهەم هاتن، کە ئیلهامیان لەو بیرۆکە نیشتمانپەروەرییانە وەرگرتبوو کە لەسەر دەستی **قاسم** و شیوعییەکان لەو قۆناغەدا چەکەرەیان کردبوو. بە کورتی، سەرەڕای شکستی ئامێزانی نیشتمانی، **قاسم** بۆ نەوەکانی دواتر بوو بە سیمبولێکی نیشتمانپەروەریی عێراقی.

# بەشی شەشەم

# پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی

لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا، حزبی *بەعس* لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازی، جارێکی دیکە هاتەوە سەر حوکم، کە بە سەرکردایەتیی **ئەحمەد حەسەن بەکر** و پشتیوانیی **سەدام حسێن** ئەنجام درا.[١] **ئەحمەد حەسەن بەکر** بوو بە سەرۆککۆمار و **سەدام حسێن**یش بە جێگری. لە ساڵی ١٩٧٠دا، حکومەتەکەی *بەعس* دەستوورێکی کاتیی نوێی داڕشت. بەپێی دەستوورەکە، *عێراق* وەک "بەشێک لە نەتەوەی عەرەب" پێناس کرا و ئامانجی سەرەکیی *دەوڵەتی عێراق* لە "بەرجەستەکردن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو" کورت کرایەوە. سەرەڕای ئەمە، دەستوورەکە دانی بەوەدا نابوو کە *عێراق* لە دوو نەتەوەی سەرەکیی عەرەب و کورد پێک دێت (الوقائع العراقية ١٩٧٠/٧/١٧). لە پاڵ ئەمەشدا، دەستوورەکە ئاماژەی بەوە کردبوو کە *عێراق* یەکپارچەیە و

---

[1]. **سەدام حوسێن** لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی *عوجەی* نزیک شاری *تکریت* لەدایک ببوو. لە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندیی بە حزبی *بەعس*ەوە کردووە و لە ناوەڕاستی شەستەکان کادیرێکی ناوەند و چالاکی حزبەکە بوو. لە دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨، زوو لە ناو حزب و حکومەت و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان جێی خۆی کردەوە و پلەپلە سەر کەوت، تا گەیشت بە پۆستی جێگری سەرۆککۆمار و جێگری *ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش*. لە ساڵی ١٩٧٩دا خۆی کرد بە سەرۆککۆمار و لە پۆستەکەیدا مایەوە تا لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک لەسەر دەستی ئەمەریکییەکان لەسەر تەخت لا درا. لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن دادگایەکی عێراقییەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و لە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ حوکمەکە جێبەجێ کرا.

ناکرێت هیچ پارچەیەکی لێ جیا ببێتەوە، ئەمەش وەک هۆشدارییەک بۆ کوردەکان و خەونی جیابوونەوەیان دەهاتە بەرچاو. چەند هەموارێکی کەمی لێ دەرچێت، دەستووره کاتییەکە وەک خۆی مایەوە تا ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس* لە ساڵی ٢٠٠٣دا. سیمای سەرەکیی یەکەم کابینەی حکومەت و *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* (*مجلس قیادة الثورة*)، کە بەرزترین دەزگای یاسادانان بوو، لە دوای کودەتاکە زاڵیی خەڵکی تکریت بوو لەسەر هەردوو دەزگاکە. لە ساڵانی یەکەمی حوکمڕانیی *بەعس*، تکریتییەکان بە سەرکردایەتیی **سەدام**، پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا لەمیانی زنجیرەیەک پیلانگێڕان و کوشتوبڕ و تیرۆری کەسایەتییە ڕکابەرەکان لە ناو حزب و لە دەرەوەیدا، فراوان و خۆش کرد. بۆ نموونە، لە دوو هەفتەی یەکەم لە دوای کودەتاکە، بەعسییەکان دوو ئەفسەری پلەبەرز و هاوکاری سەرەکیی خۆیان لە کودەتاکە، **عەبدولڕەزاق نایف** کە سەرۆکوەزیران بوو، لەگەڵ **ئیبراهیم داود** کە فەرماندەی *حەرەس جەمهوری* بوو، وەدەر نا.[١] لەو ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٦٩، بەعسییە مەدەنییەکان بە سەرکردایەتیی **سەدام** لە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەفسەرەکان بوون لەسەر *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش*. ئەمەشیان بە فراوانکردنی ئەندامێتی لە ئەنجوومەنەکە لە پێنج کەس بۆ پازدە کەس بەئەنجام گەیاند، یەک کەسی لێ دەربچێت، هەموو ئەندامە نوێیەکانی ئەنجوومەنەکە کەسانی مەدەنی بوون. **سەدام** کە لە پشتی پەردەوە بە سەختی کاری دەکرد، لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە هاتە سەر سەکۆی حوکمڕانی و بوو بە جێگری سەرۆکی *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* (Marr 2004a: 139-140).

بە شێوەیەکی گشتی، **حزبی بەعس حزبی شیوعی** و کوردەکان و شیعەکان و سوپای وەک هەڕەشە لەسەر خۆی و پێگەکەی دەبینی، بۆیە

---

[1]. **عەبدولڕەزاق نایف** خەڵکی پارێزگای *ئەنبار* بوو، ئەو پێش کودەتاکە بەڕێوەبەری هەواڵگریی سوپا بوو، دوای کودەتاکە و پێش دوور خرانەوەی کرابوو بە سەرۆکوەزیران. **ئیبراهیم داودیش** خەڵکی پارێزگای *ئەنبار* بوو، لە پێش کودەتاکە فەرماندەی *حەرەسی جەمهوری* بوو، دوای کودەتاکە و پێش دوورخرانەوەی، کرابوو بە وەزیری بەرگری. بە حوکمی پلەوپایەیان لە سوپا، هەردووکیان ڕۆڵی گرنگیان بینیبوو لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨دا.

تێگەیشتن و لێنزیکبوونەوەی *بەعس* لەم "هەڕەشانە" و کاریگەرییەکانی شێوازی مامەڵەکردنی *بەعس* لەگەڵ ئەم بکەرە سیاسییانە لەسەر شوناسی عێراقی و پرۆسە پەککەوتووەکەی ئامێزانی نیشتمانی، گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە لە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن *بەعس* نەک نەیتوانی پرۆسە پەککەوتووەکەی ئامێزانی نیشتمانی زیندوو بکاتەوە، بەڵکو چۆن کار و کردەوەکانی بوون بە مایەی سەرهەڵدانی پرۆسەیەکی پێچەوانە، کە لێرە وەک پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی ناوزەند کراوە. لەگەڵ چەند پرسێکی دیکە، ئەم پرسانە دەبن بە بابەتی سەرەکیی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکانی ئەم بەشە.

**حزبی شیوعی: ئیفلیجکردنی پلاتفۆڕمی سەرەکیی ئامێزانی نیشتمانی**

وەک لە بەشی ڕابردوودا گفتوگۆ کرا، کوشتوبڕ و زیندانیکردن و سەرنگومکردنی شیوعییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر دەستی بەعسییەکان و حەرەس قەومییەکان و پۆلیسی عێراقی، حزبی *شیوعی* تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کرد. شیوعییەکان وەک هێزێکی گەورە و کاریگەر لەسەر شەقامەکان خزێنرانە ژێرزەمینەکان و سەر شاخوداخەکانی *کوردستان*. *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* تاکە ڕێکخراوی حزبەکە بوو کە کەمتر بەر هەڵمەتەکانی بەعسییەکان کەوتبوو. لە ڕاستیدا *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* لە لقێکی بچووکی حزبەکە، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرابوو، تا کۆتایی شەستەکان گەشەی کردبوو بۆ هەرێمێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ لە ناو حزب. ئەم گەورەبوونەی *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* لەگەڵ دەربازبوونی کادیرە کوردەکان لە هەڵمەتەکانی ساڵی ١٩٦٣دا، دوو هۆکاری سەرەکیی زاڵیی کوردەکان بوو لەسەر حزبەکە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا.

کاتێک سەرکردایەتیی کورد لە ساڵی ١٩٧٠دا دەستی بە دانوستان کرد لەگەڵ حکومەتی عێراقی و دواتریش بەیاننامەی ١١ی ئازاری لەگەڵدا واژۆ کرد، کە پێشنیازی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە *کوردستان* کردبوو (تەماشای بڕگەکانی دواتر بکە)، ئەوکات حزبی *شیوعی* بەشێک بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە شاخەکانی *کوردستان*. لە ئەنجامدا، حزبی *شیوعی*یش لە لای خۆیەوە دەستی بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حزبی *بەعس* کرد.

سەرەڕای ئەوەی کە حزبی *شیوعی* لەو ئانوساتەدا بڕیاری وەلانانی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیی لە دژی حکومەت و بەعس دابوو، کەچی دەزگا ئەمنییەکانی *عێراق* لایەنگران و ئەندامانی حزبی *شیوعی*یان کردبوو بە نیشانی خۆیان، بەتایبەتی لە *بەغداد*. بەعسییەکان زۆر بە وریایانە ئەم کارەیان دەکرد و سەرکردە و کادیرە باڵاکانی حزبی *شیوعی*یان خستبووە دەرەوەی بازنەی هەڵمەتەکانیان لە دژی شیوعییەکان، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە کاردانەوەیەکی کەم لە لایەن حزبی *شیوعی*یەوە بەدی بکرێت. ئەوەی بەعسییەکان مەبەستیان بوو، لێدانی بنکەی حزبی *شیوعی* بوو. بەدەر لەم هەڵمەتانەی بەعس، بەگشتی لە سەرەتای حەفتاکان، حزبی *شیوعی* ئەو ڕەونەقەی جارانی نەمابوو، کاریگەرییشی لەسەر جووڵانی شەقام زۆر کەم ببووەوە، کەچی هێشتا هێزێکی بەرچاو بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی *عێراق*دا، بە *کوردستان*یشەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢، حکومەتی عێراقی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری (معاهدة الصداقة و التعاون) لەگەڵ *یەکێتیی سۆڤێت* واژۆ کرد. نزیکبوونەوەی *یەکێتیی سۆڤێت* و *عێراق* کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر نزیکبوونەوەی حزبی *شیوعی* و حزبی *بەعس*، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزیی پەیوەندیی نێوان حزبی *شیوعیی سۆڤێتی* و حزبی *شیوعیی عێراقی* و کاریگەریی ئەوەی یەکەم بەسەر ئەوەی دووەمدا. پەیماننامەکە تەکانێکی دا بە گفتوگۆکانی بەعسییەکان و شیوعییەکان، لە ئەنجامدا هەردوو لا لە ساڵی ١٩٧٣ لەسەر دامەزراندنی *بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز (الجبهة الوطنية والقومية التقدمية)* پێک هاتن. ساڵێک دوای پێکهێنانی بەرەکە شەڕ لە *کوردستان* لە نێوان کوردەکان و حکومەتی عێراقی بە خەستی دەستی پێ کردەوە. حزبی *شیوعی* ئەم جارە نەک نەچووە ڕیزی کوردەکانەوە، بەڵکو ئەندامەکانی شانبەشانی حکومەت و بەعسییەکان و *سوپای عێراق* لە دژی جەنگاوەرە کوردەکان دەجەنگان. جێگەی ئاماژەیە کە لەو کاتەی شەڕ لە *کوردستان* لە ئازاری ١٩٧٤ دەستی پێ کردەوە، سەرکردایەتیی کورد داوای لە خەڵک و سەرباز و پۆلیسەکانی ناو دامودەزگاکانی حکومەت کرد کە پەیوەندی بە "شۆڕش"ەوە بکەن. هەزاران

کەس بەپیر داواکەوە چوون، کەچی شیوعییەکان بە گژ جەنگاوەرە کوردەکانەوە چوون. وەک خۆیان دواتر دانیان پێدا نا، ئەوان هەڵەیەکی کوشەندەیان کرد، چونکە "بە تەواوی خۆیان لە گەلی کورد گۆشەگیر کرد" (نووری ٢٠٠١: ٤٣١). دوای سەرکەوتنی *سوپای عێراق* بەسەر جەنگاوەرە کوردەکان، حکومەتی عێراقی بە چڕی دەستی کرد بە هەڵمەتەکانی تەعریب و چۆڵکردن و ڕاگواستن. ئەندامانی حزبی *شیوعی* لە دانیشتنە تایبەتەکانیاندا نارەزایی خۆیان لەو سیاسەتە دەمارگیریانەی حکومەت دەردەبڕی، بەڵام بە فەرمی و بە ئاشکرا ڕەخنەیان لە حکومەت و حزبی *بەعس*ی هاوپەیمانیان لە بەرەدا نەدەگرت. ئەم بێدەنگییە مەترسیدارە لەگەڵ بەشداریی شیوعییەکان لە شەڕ لە دژی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر پشتیوانی و ئەندامبوون لە حزبی *شیوعی* لە ناو کوردەکان هەبوو. هەڵوێست و کار و کردەوەکانی حزبی *شیوعی* لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بوون بە مایەی هەڵگەڕانەوەی کوردەکان لە حزبی *شیوعی*، ئەمەش بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی حزبەکەدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* تا ئەو کاتانە وەک تاکە کۆڵەگەی بەهێزی جەماوەریی حزبەکە مابووەوە. بە کورتییەکەی ئەم کردەوانەی شیوعییەکان ئەم کۆڵەگەیەشی بێهێز کرد.

مەبەست لە حزبی *شۆڕش* (*حزب الثورة*) لە گوتاری *بەعس*دا، دەستبەسەرداگرتنی (Monopolization) دەسەڵات و کۆمەڵگە بوو، ئەمەش کارەکتەرێکی سەرەکیی هەموو سیستەمە تۆتالیتارییەکانە.[1] دوای سەرکەوتنەکانی لە شەڕ لە *کوردستان*، *بەعس* و حکومەتەکەی بە ئاشکرا کەڵکیان لە بیرۆکە و چەمکە تۆتالیتارییەکان لە سیاسەتەکانیان بۆ لەناوبردنی نەیارەکان و وشککردنیان وەردەگرت و پراکتیز دەکرد، هاوکات دونیایەک چەمک و بیرۆکە و پراکتیزی تۆتالیتارییانەی بەعسیانەشیان داهێنا. کوردەکان یەکەم نیشانەی بەعسییەکان بوون، کە دواتر باسی لێ دەکرێت. لە دوای

[1]. بۆ زانیاریی لەسەر سروشتی تۆتالیتاریی بەعس و سیستەمەکەی تەماشای (عیسا ٢٠٠٤: ١٩٥-٢٤٦) بکە. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی تۆتالیتاریزم تەماشای (Arendt 1967: 305-460) بکە.

کوردەکان، شیوعییەکان نێچیری دووەمی بەعسییەکان بوون. لە ساڵی ١٩٧٨دا، بەعسییەکان شیوعییەکانیان بە شکاندنی مەرجەکانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز تاوانبار کرد. یەکێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوە بوو کە حزبی *بەعس* تاکە ڕێکخراوی سیاسی دەبێت کە مافی ئەندامگیری و دروستکردنی خانەی حزبیی لە ڕیزەکانی سوپادا هەبێت. لە ڕاستیدا، حزبی *شیوعی* بە ناچاری ئەم مەرجەی قبووڵ کردبوو. ئەمەش، وەک سەرچاوەکانی *بەعس* ئاماژەی پێ دەکەن، مافی بێڕکابەریی دابوو بە *بەعس*، کە "ڕۆڵی سەرکردایەتی (الدور القیادی)" لە ناو حکومەت و سوپا و جەماوەر ببینێت (حزب البعث ١٩٧٧: ٧٨؛ ١٩٨٣: ٦٤-٦٥). هەڵمەتی تەنگهەڵچنین بە شیوعییەکان تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو، کە لە ئاکامدا بوونی شیوعییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتکردنی بە ئاشکرا سڕایەوە. تەماحی بەعسییەکان لە حوکمکردن بە تەنیا هۆکاری هەرە سەرەکی بوو بۆ وەدەرنانی شیوعییەکان لە بەرە و لە فەزای سیاسیی ئاشکرا. دەکرێت ترسی بەعسییەکان لە کودەتایەک هاوشێوەی ئەوەی شیوعییەکان لە *ئەفغانستان* لە ساڵی ١٩٧٨دا کردیان، وەک هۆکارێکی دیکە ببینرێت.

بە هەرحاڵ، تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٠، ئەوەی مابووەوە لە شیوعییەکان بۆ خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم، ڕوویان لە شاخەکانی *کوردستان* کرد و پەیوەندییان بەو بزووتنەوەیەوە کرد کە تازە جارێکی دیکە لە *کوردستان* سەری هەڵدابووەوە. هەندێکیش لە سەرکردەو کادیرە پێشکەوتوەکانی حزبی *شیوعی* پەنایان بۆ وڵاتە سۆشیالیستەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* برد و ئەوێیان کردە پەناگە. بەگشتی، شیوعییەکان پەرتەوازە ببوون، ئەو هێز و سەنگەی کە لە پەنجاکان و شەستەکاندا هەیانبوو، لەسەر شەقامی عێراقی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبووەوە. ئەو ئەندام و هەوادارانەی حزبی *شیوعی* کە چوون بۆ شاخەکانی *کوردستان* خۆیان لە فەزایەکی پڕکێشمەکێش و پڕململانێ لە ناو لایەن و گرووپە سیاسییە کوردییەکان بینیوە، کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان دووچاری شەڕی ناوخۆ ببوون. *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* و *پارتی دیموکراتی کوردستان* دوو لایەنی سەرەکیی ململانێکانیان پێک دەهێنا، حزبی *شیوعی* بەگشتی لایەنگریی لە لایەنێک لە دژی ئەوی دیکە

دەکرد. ئەم تێوەگلانەی حزبی *شیوعی* لە شەڕی ناوخۆ، ئارەزوومەندانە بوو‌بێت یان بە ناچاری، زۆر خراپ بەسەر حزبی *شیوعی*دا شکایەوە و باجێکی گەورەی مەعنەوی و مرۆیی لە شەڕەکان دا/ لە ئایاری ١٩٨٣دا، بارەگاکانی حزبی *شیوعی* لە *قڕناقە* و *پشتئاشان* کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان*، لە ئاکامدا حزبی *شیوعی* زیاتر لە ٦٠ کادیری پێشکەوتووی لەدەست دا و ئەوانەی قوتاریش بوون، هێندەی دیکە شپرزە بوون و کاریگەرییەکانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەسەر حزبەکە ماوە.[١] ئەو گورزەی ئەم جارە حزبی *شیوعی* لەسەر دەستی ناسیونالیستە کوردەکان خواردی، کوشندە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە حزبی *شیوعی* لە گۆڕەپانی سیاسی بزر نەبوو، بەڵام کاریگەریی ئێجگار زۆر بوو لەسەری. بە کورتی، حزبی *شیوعی* لە مێژوودا سێ گورزی کوشندەی خوارد، دوانیان لەسەر دەستی بەعسییەکان لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٧٨ دا، سێیەمیشیان لەسەر دەستی ناسیونالیستە کوردەکانی *یەکێتی* بوو. هەرسێک بەسەر یەکەوە لە پاڵ هەڵە ستراتیجییەکانی حزبی *شیوعی*، لەوانە: یەکەم، بەرگرینەکردنیان لە **قاسم** وەک پێویست لە ئانوساتی کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣. دووەم، پێکهاتنیان لەگەڵ بەعس لە ساڵی ١٩٧٣دا سەرەڕای ئەو هەموو مەرجانەی *بەعس* کە بەسەریدا سەپاندبوون. سێیەم، دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥دا. چوارەم، لەتبوونی حزبی *شیوعی* بەسەر دوو بەشدا لە ساڵی ١٩٦٧. پێنجەم، دژایەتیکردنی ئایین لەبری ڕەخنەگرتن لە کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانی ئایین، کە فەتوا گرنگەکەی موحسین حەکیمی گەورە مەرجەعی شیعەکانی لێ کەوتەوە. شەشەم، تێوەگلانی لە شەڕی ناوخۆی کوردەکان. هەموو ئەم ڕووداو و پێشهات و کاروکردەوە و سیاسەتانە حزبی *شیوعی*ی کرد بە یەکێک لە حزبە هەرە لاوازەکانی گۆڕەپانی سیاسیی *عێراق*.

---

[1]. وەک چاودێریکەرێکی ڕووداوەکان، نووسەر لەو ئانوساتدا ڕۆژانە بەدواداچوونی بۆ پێشهاتەکان لە ڕێگەی ڕادیۆ نهێنییەکانی لایەنە پەیوەندارەکان و لایەنگرانی یەکێتی و حزبی شیوعی و لایەنەکانی دیکە دەکرد. بۆ دیدی حزبی *شیوعی* لەسەر ڕووداوەکان تەماشای (احمد ٢٠٠٦: ٢٣٥-٢٤٢) بکە، بۆ ڕوانگەی *یەکێتی*یش بڕوانە (ئەمین ١٩٩٧: ٢٧٩-٢٩٩).

دوای ئەو گورزەی لە *قرناقە* و *پشتئاشان* بەر حزبی *شیوعی* کەوت، گرفتێکی نوێ لە ناو ڕیزەکانی حزبی *شیوعی* سەری هەڵدا، کە هێڵەکانی کەوتبوونە سەر هێڵە نەتەوەییەکان، کوردی و عەرەبی. بۆ نموونە، شیوعییە عەرەبەکان دژایەتیی *ئێران* و مەیلیان بە لای *عێراق*دا بوو لە پەیوەند بەو شەڕەی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا هەڵگیرسابوو، کەچی شیوعییە کوردەکان زیاتر بێلایەنییان لە خۆ پیشان دەدا (احمد ٢٠٠٦: ٢٤٧؛ Bengio, *MECS* 1987: 438).[1] ئەم گرژی و ململانێ ناوخۆییانە سەرباری کێشە کەڵەکەبووەکانی دیکەی سەر حزبی *شیوعی* جیابوونەوە و دەرچوونی ژمارەیەک ئەندامی عەرەبی لێ کەوتەوە، کە هێندەی دیکە پێگەی کوردەکانی لە سەرکردایەتیی حزبەکە بەهێزتر کرد.

لە ساڵی ١٩٩٣دا، *هەرێمی کوردستانی* حزبی *شیوعی* جیابوونەوەی خۆی لە حزبی *شیوعیی عێراقی* بە دامەزراندنی حزبی *شیوعیی کوردستان* ڕاگەیاند. شیوعییە کوردەکان هەموویان نەچوونە ڕیزەکانی حزبە نوێیەکە، بەڵکو ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرەکانیان پەیوەندییان بە لایەنە ناسیونالیستە کوردییەکان، لەوانە *پارتی دیموکراتی کوردستان* و *پارتی کرێکارانی کوردستان* (*پەکەکە*) یان سێبەرەکانیان کرد. لە کاتێکدا کە حزبی *شیوعی* لە پەنجاکاندا توانای ئەوەی هەبوو سەدان هەزار کەس بهێنێتە سەر شەقامەکانی *بەغداد*، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٩دا، لە یادی *یەکی ئایار*، جەژنی کرێکاران، تەنیا توانیبووی هەزار کەس گرد بکاتەوە بۆ ئەو یادە (Bangert & Mohammed 2009). داکشان و پاشەکشەکانی حزبی *شیوعی* یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازبوونی کامپی نیشتمانپەروەری بوو لە *عێراق*. دابەشبوونی حزبی *شیوعی* لەسەر هێڵە نەتەوەییەکان بووە مایەی بزربوونی

---

[1]. کورتکراوەی *MECS* لە بەرانبەر ناونیشانی کتێبی *The Middle East Contemporary Survey* (*ڕووماڵی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*) بەکار هاتووە، کە کتێبێکە لە ئامادەکردنی **ئۆفرا بێنگۆ**یە، کە لە ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٩ هەر ساڵەی ژمارەیەکی لێ دەرچووە. ئەو ساڵەی لێرە لە کاتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە نووسراوە، ساڵی ئەو ژمارەیەیە کە ئەو ساڵە دەرچووە. ئەگەر نوسرابا ساڵانی ١٩٧٦ بۆ ١٩٩٩، ئەوە دیار نەدەبوو کە ئاماژە بە ژمارەی چ ساڵێک دەکەین.

ئەو پلاتفۆڕمەی کە لانیکەم کورد و عەرەبە شیوعییەکانی لەسەردا هاوخەبات و هاوبیر و هاوچارەنووس و یەکگرتوو کردبوو. لە ئاکامیشدا، *عێراق* سەرەکیترین پلاتفۆڕمی ئامێزانی نیشتمانیی لەدەست دا.

دەکرێت بپرسین داخۆ دوای نزیک لە نیو سەدە لە هاوبیری و هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی کورد و عەرەبە (بەگشتی شیعەکان) شیوعییەکان، دەبێت ئەو هۆکارانە چی بووبن کە بوون بە مایەی لاوازبوون و دواتریش لەتبوونی حزبی شیوعی لەسەر بنەمای نەتەوەیی؟ ناکرێت هۆکارەکان لە گورزە کوشەندەکانی *بەعس* و ناسیونالیستە کوردەکان و هەڵە ستراتیجییەکانی شیوعییەکان و فەتواکەی **حەکیم** کورت بکرێنەوە، لە ڕاستیدا پتەوی و بەزیندوویی‌مانەوە و گەشەکردنی شوناسی کوردبوون و کوردستانیبوون، لە پاڵ ئەم هۆکارانە هۆکارێکی دیکەی سەرەکییە، کە بوو بە مایەی بێهێزبوون و شاخەشاخەبوونی حزبی *شیوعی* لەسەر هێڵە نەتەوەییەکان. بیرۆکە و چەمکەکانی عێراقیبوون کە لە لایەن هەندێک لە عەرەبە عێراقییەکان و کوردە شیوعییەکان پشتیوانیی لێ دەکرا و بەرز ڕادەگیرا، لە کۆتاییدا نەیتوانی بەسەر هەستە ناسیونالیستییە کوردییەکاندا زاڵ ببێت و گۆڕەپانی پێ چۆڵ بکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕاست پێچەوانەکەی هاتە دی. بە واتایەکی دیکە، دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و ئەو پڕۆسەیەی ئامێزانی نیشتمانیی کە بەدوای خۆیدا هێنای، نەیانتوانی شوناسی نەتەوەیی کوردی کاڵ بکەنەوە یان تێیبپەڕێنن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیرۆکە ئایدیۆلۆجییەکان بە بەراورد لەگەڵ هەست و ئایدیۆلۆجییە نەتەوەییەکان بەرگرییان کەمترە (Volkan 2003: 49–76). ئەگەرەکانی دەستبەرداربوون لە ئایدیۆلۆجیا، بۆ نموونە کۆمۆنیزم، زۆر زیاترە لە دەستبەرداربوون لە شوناسی نەتەوەیی، بۆ نموونە کوردبوون یان عەرەببوون. بە هەمان شێوە، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەکرێت سازشیان لەسەر بکرێت، بەڵام شوناسی نەتەوەیی کەمتر قابیلی سازشکردنە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە شوناسی نەتەوەیی ئەزەلییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە توانای مانەوە و خۆڕاگری لە ئایدیۆلۆجیا بەهێزترە و کەمتریش سازشی لەسەر دەکرێت. شوناس تەنیا لە ڕێگەی دانپێدانانەوە دەخەملێت و هەر دانپێدانانیشە کە لەوانەیە ببێتە مایەی

بەتاڵکردنەوەی. بە هەرحاڵ، ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە کە ئامێزانی نیشتمانی لە نێوان دوو گروپی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا لە ئامادەگیی هەستێکی بەهێزی نەتەوەیی و خەون و ئامانجە نەتەوەییەکان، وەک کەیسی کوردەکان لە *عێراق* لە خۆ بپیشان دا، زۆر سەختە و پێچەوانەی هەست و نەست و پرۆسەی ئامێزانیشە. جەوهەر و دەرکەوتەکانی ئەو ئارگیومێنتە پشتیوانیی لە تێگەیشتنەکانی ئیتنۆ-سیمبولیی (Ethno-Symbolic) ئەنتنی سمیس دەکات، کە پێداگری لەسەر بوونی گروپێکی ئیتنی/نەتەوەیی بۆ دروستبوونی نەتەوە یان دەوڵەت-نەتەوە دەکات. دوورکەوتنەوەی کوردەکان لە حزبی *شیوعی* و چەمک و بیرۆکە عێراقچییەکان و پێکهێنان و دامەزراندنی گروپ و ڕێکخراوی چەپی کوردی، وەک *کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان*، کە باڵێکی سەرەکیی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان*ی پێک دەهێنا، تا ڕادەیەکی چاک پشتگیریی لەو ئارگیومێنت و تێگەیشتنانە دەکەن.

به کورتی، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا حزبی *شیوعی* تاکە حزبی عێراقی بوو کە توانیبێتی کورد و عەرەب لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک بخات، ئەمەش حزبەکەی کرد بە پلاتفۆڕمێک بۆ ئامێزانی نیشتمانی. لە ساڵی ١٩٦٣دا، حزبی *بەعس* گورزێکی کوشندەی لە حزبی *شیوعی* دا، کەچی حزبەکە بە شرپیش بێت ڕزگاری بوو. لە کۆتایی حەفتاکاندا حزبی *بەعس* دەستێکی دیکەیان لە حزبی *شیوعی* وەشاند بە مەبەستی کوشتنی، کە تا ڕادەیەک سەرکەوتو بوو. ئەم دوو لێدانەی *بەعس* زیاتر عەرەبە شیوعییەکانی گرتبووەوە، بۆیە لە حەفتاکان بەدواوە حزبی *شیوعی* وەک حزبێکی کوردی نەک عێراقی دەردەکەوت و ببووە بەشێک لە بزووتنەوەی کوردایەتی. کاتێک حزبی *شیوعی* چوو بۆ شاخەکانی *کوردستان*، لەوێدا بینی کە کوردەکان ڕێکخراوی چەپی خۆیان هەیە و کوردە چەپڕەوەکانی لە دەوردا کۆ بوونەتەوە، ئیدی فەزای کارکردنی حزبی *شیوعی* هێندەی دیکە تەسک بووەوە. کاتێکیش لە شاخەکان گیرسایەوە، یەکسەر لەو شەڕە گڵا کە لە نێوان گروپە کوردییەکان بەرپا ببوو. لە شاخ ناسیونالیستە کوردەکان گورزێکی کوشەندەیان لە حزبی *شیوعی* دا، کە ئیدی حزبەکەی لە پەلوپۆ خست. ئیفلیجبوونی، یان ئیفلیجکردنی حزبی *شیوعی* ئەگەرەکانی پێش ئامێزانی کوردەکان و عەرەبەکانی لە ڕیزی یەک حزب و یەک نیشتماندا کردە بڵقی سەر ئاو.

**بەبەعسیکردن، کۆنترۆڵکردن و بەسوننیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت**

بەبەعسیکردن (تبعث) کەمپەین و پرۆسەیەک بوو کە حزبی *بەعس* لە ڕێگەیەوە خەڵکی *عێراقی* چ بە ترس و چ بە بەخشین دەکرد بە بەعسی. حزبی *بەعس* بە تەواوی لە هەوڵی دروستکردن و داڕشتنی کۆمەڵگەی عێراقی بوو بەو شێوەیەی کە خۆی وێنای بۆ کردبوو، یان دەکرد. بەرنامەی بەبەعسیکردن کە بە وردی و ئەندازیارانە داڕێژرابوو لەپێناو ئەو ئامانجەی *بەعس* داهێنرابوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٨دا *بەعس* دووبارە هاتەوە سەر حوکم، زاڵیی تکریتییەکان لەسەر حزبەکە کاراکتەرێکی ناوچەیی و خێڵەکیی دابوو بە بەعس. سەرکردە نوێیەکانی بەعس، بەتایبەتی **سەدام**، لە ئەزموونی ساڵی ١٩٦٣ەوە زۆر وانە فێر ببوون. یەکێک لەو وانانە کارکردن بوو بە هەر شێوەیەک بۆ لەدەستنەدانی دەسەڵات. کودەتا یەک لە دواییەکەکان لە *عێراق* لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٣ بەعسییەکانی بەو بڕوایە گەیاندبوو کە پشتبەستن بە خزم و کەسوکار و ئەندامانی حزب و خێڵ، تاکە زامنی پاراستنی دەسەڵاتە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە چڕی لەسەر ئەم دوو خەتە کاریان دەکرد. ئەویش بە جێگیرکردنی کەسە نزیکەکانیان لە پۆستە باڵاکان و جومگە هەستیارەکان، بەتایبەتی لە سوپا و دامودەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان (Al-Marashi 2002: 1-13). بۆ ئەم مەبەستە *بەعس* بە شێوەیەکی سیستەماتیکییانە لەسەر بەسوننیکردنی سوپا و دامودەزگا ئەمنییەکان کاری دەکرد، هاوکات، لەسەر بەبەعسیکردنی کۆمەڵگە و تەواوی دامودەزگا حکومییەکان دەستبەکار بوو.

ڕژێمەکەی *بەعس* پێنج دامەزراوەی ئەمنیی سەرەکیی هەبوو: *ئەمنی خاس (الامن الخاص)*، *ئەمنی عام (الامن العام)*، *موخابەراتی گشتی (المخابرات العامة)*، *ئیستیخباراتی عەسکەری (الاستخبارات العسكرية)*، لەگەڵ *ئەمنی عەسکەری (الامن العسكري)*. لە پاڵ ئەمانە ڕژێم چەند *لیوایەکی حەرەس جەمهوریی* دروست کردبوو، کە ئەرکیان پاراستنی ئاساییشی *بەغداد* بوو. چەند لیوایەکیش ڕێک خرابوون بە ناوی *حەرەس جەمهوریی تایبەت*، کە ئەرکیان پاراستنی کۆشکی کۆماری و **سەدام** بوو. لە ساڵی ١٩٧٣دا، **نازم گزار**، بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی عام و ئەندامێکی پلەبەرزی *بەعس*، کە بە

مەزهەب شیعە بوو، نارەزایی خۆی لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لە لایەن خزم و کەسوکاری **سەدام** و **بەکر** و تکریتییەکان دەربڕی. ئەو قسانەی کە **گزار** لەو پەیوەندە کردوونی، ڕاست بن یان ناڕاست ئەو ڕاستییەیان لێ دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین کە لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٧ هیچ شیعەیەک ئەندام نەبوو لە *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* (Marr 2004a: 144)، کە باڵاترین دەزگای یاسادانان بوو. نارەزاییەکانی **گزار** گەیشتنە ئەو ڕادەیە کە هەوڵی کودەتا بدات، بەڵام هەوڵەکەی سەرنەکەوتو بوو. لەسەر ئەو هەوڵە، **گزار** گیرا و لەناو برا، ئەمەش هێندەی دیکە شیعەکانی لە ناو حزبی *بەعس* پەراوێز کرد، چونکە ئەو ئەوکات تاکە شیعەی پایەبەرز بوو کە لە ناو ڕیزەکانی *بەعس* و حکومەت مابوو. پرۆسەی وەلانانی بەعسییە شیعەکان کە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە لەگەڵ پشتبەستی *بەعس* بە: یەکەم، بە ئەندامانی عەشیرەتەکەی **سەدام** و **بەکر**. دووەم، بە تکریتییەکان. سێیەم، بە بەعسییە سوننەکانی باکوور و ڕۆژئاوای *عێراق* (بڕوانە Baram 2000: 9-21 ; : 1998: 37-52;)، لە ڕاستیدا وا دەرکەوت کە پرۆسەی بەبەعسیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا بەسوننیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی لێ بکەوێتەوە (بڕوانە بەشی هەشتەم).

سەرچاوەکان و تۆمارەکانی حزبی *بەعس* تیشک دەخەنە سەر قەبارە و سروشت و مەبەست لە پرۆگرام و سیاسەتەکانی بەبەعسیکردن. ڕاپۆرتی کۆنگرەی *هەشتی هەرێمیی حزبی بەعس*، کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بەسترا، دەنووسێت هەر کە *بەعس* هاتەوە سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨دا، یەکسەر دەستی بە دامەزراندنەوەی هەموو ئەو ئەفسەرانە کرد کە لە لایەن ڕژێمەکانی پێشووتر لەسەر بەعسیبوونیان لە سوپا دوور خرابوونەوە. ڕاپۆرتەکە ناشیشارێتەوە کە پرۆسەی بەبەعسیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت "بە دانانی ئەندامان و دۆستان و هاوپەیمانەکانی بەعس لە پۆستە گرنگ و باڵاکانی حکومەت دەستی پێ کرد" (حزب البعث ١٩٧٧: ٣٨-٣٩). بۆ دڵنیابوون لە دڵسۆزیی سوپا بۆ بەعس، *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* دوو یاسای دەرکرد، یەکێکیان لە ساڵی ١٩٧١ و ئەوی دیکە ساڵی ١٩٧٦. بەپێی برگەکانی یاساکان هەموو چالاکییەکی سیاسییان لە ناو سوپا، بێجگە لە *بەعس*، بۆ

هەموو ڕێکخراو و لایەنێک یاساخ کرد و سزای لەسێدارەدانی سەپاند بۆ سەرپێچیکەران. لە گوتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٧٧دا پێشکەشی کرد، **سەدام** زۆر ڕاشکاوانە باس لە بەبەعسیکردنی هێزەکانی سوپا دەکات و دیدی خۆی بۆ ئەو هێزانە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە چەمکی سوپای پیشەیی (الجیش الحرفی) (ناسیاسی) ڕەت دەکەینەوە... ئێمە دروشمی 'دەستتێوەرنەدانی سیاسییانە لە سوپا' ڕەت دەکەینەوە" (Bengio, *MECS* 1977-1978: 518). **عەدنان خەیروڵلا**، کە ئامۆزا و خەزووری **سەدام** بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ کرا بە وەزیری بەرگری و لە پۆستەکەی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڕووداوێکی گوماناوی لە هێلیکۆپتەر کەوتە خوارەوە و مرد، بەڵام ئەوە ئەو بوو کە متمانەی ئەوەی پێ درابوو کە سیاسەتەکانی بەبەعسیکردنی سوپا بگرێتە ئەستۆ و جێبەجێیان بکات. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٠دا *بەعس* بە شانازییەوە باسی لە کاریگەرییە پراکتیکییەکانی بەبەعسیکردنی سوپا دەکرد و دەیگوت سوپا ئێستا "سوپایەکی ئایدیۆلۆجیی عەقیدەییە" و "سوپا سوپای بەعسە" (Bengio, *MECS* 1977-1978: 518). یەکێک لە میکانیزمەکانی بەبەعسیکردنی سوپا، دامەزراندنی ئەفسەرێکی بەعسی بوو بە ناوی ئەفسەری ڕێنماییکەری سیاسی (ضابط التوجیە السیاسی) لە هەموو یەکە سەربازییەکان لە ناو سوپا، کە دەسەڵاتەکانی زۆر جار لە دەسەڵاتەکانی فەرماندەی یەکەکە تێپەڕی دەکرد، ئەگەر فەرماندەی یەکەکە بە پلەش زۆر لە پێش ئەفسەرە بەعسییەکە با. کاری ئەفسەرە بەعسییەکە سیخوڕیکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەگەڵ تەلقیندان و لەقاڵبدانی ئایدیۆلۆجی (Ideological Indoctrination) ئەفسەر و سەربازەکانی یەکەکە بە پەروەردەکردنیان لەسەر ئایدیۆلۆجیا و چەمکەکان و تێگەیشتنەکانی *بەعس*. هەموو ئەوانەش بۆ دڵنیابوون لە دڵسۆزیی سوپا بۆ *بەعس* ئەنجام دەدران. بە کورتییەکەی هەر دوای هاتنەوەسەرکاریان، بەعسییەکان *سوپای عێراق*یان مۆنۆپۆڵ کرد، دواتر بە سیاسییان کرد، ئینجا بە بەعسییان کرد.

لە کۆتایی شەستەکاندا، حزبی *بەعس* دەزگایەکی هەواڵگریی بە ناوی *مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان* (*مکتب العلاقات العامة*) لە ناو حزبدا دامەزراند. مەکتەبەکە دواتر کرا بە بناغەی دامەزراندنی *دەزگای موخابەراتی*

گشتی (*المخابرات العامة*)، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن **سەدام**ەوە بەڕێوە دەبرا. لەبەر ئەوەی *دەزگای موخابەراتی عام* هەر لە بنەڕەتدا دەزگایەکی حزبی و سەدامی بوو، بۆیە پێویستی بەبەعسیکردن نەبوو، چونکە بە بەعسیکراوی لەدایک ببوو. لە پاڵ ئەم ئەم دوو دەزگا ئەمنییە، سوپا و موخابەرات، حزبی *بەعس* هەر زوو لە هەوڵی جڵەوکردن و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی پۆلیس و *ئەمنی عامە* (*ئاسایشی گشتی*)دا بوو. ئەویش لە ڕێگەی دانانی کەسانی خۆی لە پۆستە بەرزەکانی ئەم دوو دامەزراوەیە و دوورخستنەوەی کەسە نابەعسییەکان و ئەوانەی بەعس بە "گومانلێکراو" و "پیلانگێڕ"ی ناو دەبردن. *بەعس* تەنیا کاری لەسەر دووبارەداڕشتنەوەی هەیکەلییەتی ئەم دوو دامەزراوەیە نەدەکرد، بەڵکو وەک خۆیان دەڵێن کاریان لەسەر "پەروەردەکردن"ی ستافی دامەزراوەکان دەکرد، بە چاندنی "بیرۆکەکانی شۆڕش (*بەعس*)" لە دڵ و دەروونیان (حزب البعث ١٩٧٧: ٣٩، ١٣٠-١٣٣؛ ١٩٨٨: ١٦٨).

پرۆسەی بەبەعسیکردنی دامودەزگا و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان، تەنیا یەک گۆشەی سیاسەتی بەبەعسیکردن پیشان دەدەن، چونکە پرۆسەکە زۆر لەوە بەرفراوانتر بوو. *بەعس* وەک حزبێکی تۆتالیتاری لە تەماحی ڕەشکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان و ڕەنگەکانی دیکە بوو لە ناو کۆمەڵگەی عێراقی. هەوڵەکانی بەبەعسیکردن هەر زوو دوو دامەزراوەی دیکەی گرنگی حکومەت و کۆمەڵگەی عێراقیی گرتەوە، ئەوانیش پەروەردە و میدیا بوون. ئەم دوو دامەزراوەیە هەر زوو سەرنجی بەعسییەکانی ڕاکێشابوو، چونکە بە دوو کەرتی سەرەکییان دەبینی کە لەڕێگەیانەوە کۆمەڵگەی عێراقی بە منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاو تەلقین بدەن و لەقاڵب دەن، ئەویش لە ڕێگەی ئاوڕشێنکردنیان بە بیرۆکە و دید و تێگەیشتنەکانی *بەعس*.

وەک گوتمان، لە ئەدەبیاتی *بەعس* زاراوەی شۆڕش (الثورة) هاوواتا و هاومانای *بەعس* و دەوڵەت بەکار دەهات. کاتێک بەعسییەکان دەیانگوت شۆڕش، مەبەستیان *بەعس* یان دەوڵەت بوو، پێچەوانەکانیشی هەر ڕاستن. بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە و هەموو بیروباوەڕەکانی *بەعس*، دەوڵەت لە کۆتایی حەفتاکاندا هەستا بە دابەشکردنی تەلەفزیۆن بە خۆڕایی بەسەر هەموو ماڵێک

لە دێهاتەکانی *عێراق*.[1] ئەوکات لە عێراق تەنیا سێ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەبوو، (دوانیان عەرەبی و یەکێکیان کوردی بوو). تەلەفزیۆنەکان هیچ کەناڵێکی دیکەی دەرەوەیان وەرنەدەگرت، ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ ڕژێم ڕەخساندبوو کە بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی لە ڕێگەی میدیا کۆنترۆڵکراوەکەیەوە شەو و ڕۆژ دەرخواردی هاووڵاتیان بدات. ئەمەش وەک ئامرازێک بۆ بەبەعسیکردنی دید و عەقڵی کۆمەڵگە بەکار دەهات.

لە درێژەی هەوڵەکانی بەبەعسیکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی دامەزراوەی پەروەردە، *بەعس* تا سەرەتای هەشتاکان تەواوی کادیری پەروەردەیی، بە خۆشی یان بە زۆرەملێ، کرد بە بەعسی. هەر کەسێک ئەندامبوونی لە *بەعس* ڕەت بکردایەوە، لە دامەزراوە پەروەردەییەکان دوور دەخرایەوە یان ڕێگەی کارکردنی لێ دەگیرا. بۆ نموونە، لە دۆکیومێنتێکدا کە لە ڕێکەوتی ٤ی ئازاری ١٩٨٩ نووسراوە و لە *شوعبەی سلێمانیی* حزبی *بەعس* دەرچووە، داوا لە ڕێکخراوەکانی *بەعس* کراوە کە ناوی ئەو خوێندکارانەیان بۆ بنووسن کە ئەندام نین لە حزبی *بەعس*، تا لە لیستی ئەو خوێندکارانەی ناویان لە بەشی پەروەردە لە زانکۆکان دەرچووە بسڕنەوە. دۆکیومێنتێکی دیکە کە لە *فەرعی ڕەواندزی* حزبی *بەعس* دەرچووە، فەرمان دەکات کە ئەو مامۆستایانەی بەعسی نین، لە کەرتی پەروەردە دەر بکەن (بڕوانە حزب البعث ١٩٨٩؛ ١٩٨٦). بە کورتییەکەی، ئەو خوێندکارانەی بەعسی نەبوون هەر لە بنەڕەتدا ڕێگەیان پێ نەدەدرا ببن بە مامۆستا، ئەو مامۆستایانەش کە بەعسی نەبوون لە کەرتی خوێندن و پەروەردە وەدەر دەنران. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک بەعسییەکان لە ڕاپۆرتەکانی خۆیان ئاماژەیان پێ کردووە، تەنیا ئەو مامۆستایانەی کە لە "کانییەکانی بەعس ئاویان خواردووەتەوە"، دەتوانن لە خوێندنگەکان وانە بڵێنەوە و منداڵ پەروەردە بکەن.

هاوکات بەرنامەکانی خوێندن (المناهج الدراسية)، بەتایبەتی بوارە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو، لە تەواوی ئاستەکان، پێداچوونەوەیان پێ کرا و دەستکاریی لە جەوهەریاندا کرا، بە شێوەیەک وەک

---

[1]. نووسەر بە خۆی شایەتی دابەشکردنی تەلەفزیۆن بوو بەسەر گوندەکان لە کۆتایی حەفتاکان لە *عێراق*.

بەعس دەڵێت کە لەگەڵ '"پرەنسیپەکانی حزب و شۆڕش"دا بگونجێن (حزب البعث ١٩٧٧: ١١٢-١١٣، ١١٥؛ ١٩٨٣: ١٥٦، ١٦٠-١٦١). تەلقیندان و لەقاڵبدان لەمیانی سیستەمی پەروەردە، خۆی لەو دروشمەی *بەعس*دا دەدۆزییەوە کە دەیگوت "نکسب الشباب لنضمن المستقبل"، واتە "گەنجەکان کەسب دەکەین تا دوارۆژ زامن بکەین" (حزب البعث ١٩٨٣: ١٦٨).[١] ئەم دروشمە لەسەر دیوارەکانی خوێندنگەکان هەڵکەندرابوون و لەسەر شەقام و کۆڵانەکانیش هەڵواسرابوون. وەک بەشێک لە سیاسەتی کەسبکردن و بەبەعسیکردنی منداڵان و لاوان، *بەعس* زۆر ڕێکخراوی وەک بێشکەی بەبەعسیکردن دامەزراند، لەوانە: یەکەم، *تەلائیع* (*الطلائع*، واتە *پێشەنگان*)، کە بۆ کەسبکردنی منداڵانی ژێر ١٢ ساڵی دروست کرابوو. دووەم، *فتوە* (*الفتوة*، واتە *مێرمنداڵان*)، کە بۆ کەسبکردن و وەگەڕخستنی مێرمنداڵانی تەمەن ١٢ تا ١٥ ساڵی دروست کرابوو. سێیەم، *شەباب* (*الشباب*، واتە *لاوان*)، کە بۆ کەسبکردن و ڕاهێنانی لاوانی تەمەن ١٦ تا ١٨ ساڵی دروست کرابوو. تاکو هەشتاکان، ژمارەی ئەو منداڵانەی لە *ڕێکخراوی تەلائیع* ڕێک خرابوون، گەیشتبووە ملیۆنێک و سەد هەزار. ژمارەی ئەو مێرمنداڵانەی لە *ڕێکخراوی فتوە* ڕێک خرابوون، گەیشتبووە ١٢٧،٠٠٠ و ئەو لاوانەش کە لە *ڕێکخراوی شەباب* ڕێک خرابوون، گەیشبووە ٦٢٠٠٠ (حزب البعث ١٩٨٣: ١٦٩). ئەگەر بێت و ئەوە ڕەچاو بکەین کە ژمارەی دانیشتوانی *عێراق* لە سەرەتای هەشتاکان تەنیا ١٣ ملیۆن کەس بوو، ئەوە ئەو ژمارەیە لە منداڵ و مێرمنداڵ و لاوی ڕێکخراو لەم ڕێکخراوانە ژمارەیەکی ئێجگار قەبەیە، کە دەکاتە ١٠% دانیشتوانی *عێراق*. لە ئەنجامی ئەم ستراتیج و تاکتیک و میکانیزمانەی *بەعس*، دامەزراوە پەروەردەییەکان ببوون یان کرابوون بە ئامرازێک بۆ لەقاڵبدان و تەلقیندان و دەرخوارددانی بیر و تێگەیشتنەکانی *بەعس*. بۆ بەترۆپکەیاندنی هەوڵەکان، **سەدام** لە سەرەتای هەشتاکان داوای لە مێژوونووسان کرد کە مێژووی *عێراق* "بە ڕۆحییەتی *بەعس* بنووسنەوە" (حسین ١٩٧٩).[٢]

---

[1]. لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، نووسەر زۆر جار و لە زۆر شوێن ئەم دروشمەی لەسەر دیواری خوێندنگەکان لە *عێراق* بەرچاو کەوتووە.

[2]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دووبارەنووسینەوەی مێژووی *عێراق* بڕوانە (Davis 2005a: 148).

رژێمەکەی *بەعس* پێویستی بەبەعسیکردنی باڵاترین دەزگای یاسادانان، *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش*، نەبوو، چونکە ئەم دامەزراوەیە هەر لە لایەن بەعس ڕسکێنرابوو و ئەندامەکانیشی لە سەرکردە باڵاکانی *بەعس* پێک هاتبوو. لە ڕاستیدا تەواوی ئەندامەکانی ئەنجوومەنەکە ئەندامی *سەرکردایەتیی هەرێمی عێراق بۆ حزبی بەعس* (*القيادة القطرية لحزب البعث - العراق*) بوون. وەک باڵاترین دەزگای یاسادانان، بڕیارەکانی *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* هێزی یاساییان هەبوو (بڕوانە الوقائع العراقية ١٩٧٠/٧/١٧). ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) لە عێراق دوای ١٢ ساڵ لە حوکمڕانیی *بەعس* ئینجا دامەزرا، سەرەڕای دەستبەکاربوونیشی، کەچی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ڕاستیدا هەر مۆری لەو یاسایانە دەدا کە لە *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش*ەوە بۆ پەرلەمان ڕەوانە دەکران، لەگەڵ گفتوگۆکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە پرسە گرنگ و ستراتیجی و ئەمنییەکانەوە نەبوو، واتە زیاتر بۆ ئاسانکردنی *کارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* دامەزرابوو. ئەو یاسایەی کە کارەکانی پەرلەمانی ڕێک خستبوو لە لایەن *ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش*ەوە دەرچووبوو. یاساکە هەندێک برگەی تێدابوو کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زەمانەتی ئەوەی دەکرد کە تەنیا ئەو کەسانە بتوانن خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن، کە بەعسین.

کاریگەرییەکانی پرۆسەی بەبەعسیکردن لەسەر شوناسی *عێراق* و پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، ئێجگار گەورە و قووڵ بوون. لەبری برەودان بە ئامێزانی نیشتمانی، بەبەعسیکردن ببووە مایەی لێکترازانی نیشتمانی، چونکە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی بەبەعسیکردن کۆکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکانی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکانی لە دەست پێکهاتەی سوننە بوو، لە ناو ئەوانیش لە دەست تکریتییەکان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە *بەعس* لە حەفتاکان و هەشتاکاندا تاکوتەرا نەبێت لە سەرکردایەتییە دەستڕۆیشتووەکەی، کەسێکی شیعەی تێدا نەمابوو، خۆ کورد هەر دەگمەن بوو. ئەوانەی هەشبوون تەنیا بۆ پیشاندانی ئەوەی کە شیعەکان یان کوردەکان نوێنەرایەتییان لە حکومەت هەیە و بەس. ئەمەش حکومەتی *عێراقی* کردبوو بە حکومەتی سوننەکان و

شوناسەکەشی ڕەنگدانەوەی دید و ئامانجەکانی سوننەکان بوو بۆ شوناسی عێراقی، کە بەگشتی مەیل بە ناسیونالیزمی عەرەبییەوە بوو. پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق* لە حوکمڕانیدا، بەتایبەتی لە *ئەنجوومەنی سەرکردایەتئی شۆڕش* وەدەر نرابوون. ئەوانەی کە ڕێگەشیان پێ درابوو لە خزمەت ئارەزووەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و تەماحەکانی *بەعس* لە یەکڕەنگکردنی *عێراق*دا کاریان دەکرد. وەدەرنانی پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق* ڕۆحی هەستکردن بە عێراقیبوونی لایان بێهێز کردبوو. بە واتایەکی دیکە، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات (State Society Relation)ی زۆر بێهێز کردبوو. ئەمەش ببووە مایەی ئەوەی کە شیعەکان و کوردەکان شوناس و بوونی خۆیان لە سیمبول و دامەزراوە دەوڵەتییەکان نەبیننەوە. سوپا کرابوو بە سیمبولی *بەعس* و ئامرازێک بۆ سەرکوتکردن لەبری ئەوەی ببێت بە سیمبول و دامەزراوەیەکی نیشتمانی. دامودەزگا پەروەردەیی و میدیاییەکان لەبری ئەوەی مرۆڤی عێراقی بەرهەم بهێنن، مرۆڤی بەعسییان بەرهەم دەهێنا، زۆر جار بۆ بەگژداچونەوەی ڕۆحی عێراقیبوون و نیشتمانپەروەرییش. لە ساڵی ١٩٧٩دا کاتێک **سەدام** هاتە سەر حوکم، هەڵمەتەکانی بەبەعسیکردن خەستتر بوونەوە و *بەعس* وەک حزب و وەک دامەزراوە بە تەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی **سەدام**. پرۆسەی تواندنەوەی *بەعس* و *عێراق* لە ناو کەسایەتی و خەیاڵگەی **سەدام**دا پرۆسەیەکی دیکەی وەبەرهەم هێنا، کە دەکرێت بە پرۆسەی بەسەدامکردنی *عێراق* ناو ببرێت.

### بەسەدامکردن: ئەگەر سەدام گوتی، عێراق گوتی

**سەدام** لە ساڵی ١٩٧٩دا **ئەحمەد حەسەن بەکری** لە پۆستی سەرۆککۆمار دوور خستەوە و خۆی چووە جێگەکەی، خۆیشی کرد بە سەرۆکی *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش*. ئەم ئاڵوگۆڕە لە حوکم لە سەرەوە زۆر ئاسایی و بە شێنەیی دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە پشتی پەردەوە **سەدام** هەر زوو هەموو ئەوانەی کە گومانی لێ دەکردن، بە ناوی پیلانگێڕییەوە لەناو برد و دەستیشی بە هەڵمەتێکی خۆدەرخستن و خۆزلکردن کرد. ئەم هەڵمەتانە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن **سەدام**ەوە تەنیا لە ڕێگەی هەڕەشە و هێز

و توندوتیژییەوە نەبوو، بەڵکو قوڵاییەکی سایکۆلۆجیشی هەبوو. **سەدام** هەموو ساتێک ئامادەیی لە هەموو شوێنێک هەبوو، بە واتایەکی دیکە، بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی، ئامادەیی لە هۆش و خەیاڵی جەماوەردا بەردەوام بە زیندوویی ڕاگیرابوو. بۆ ئەم مەبەستە سەدان ئامڕاز و میکانیزم وەگەڕ خرابوون. ئەو و دەوروبەرەکەی و ڕاوێژکارەکانی کولتووری سەدامپەرستی و پیرۆزکردنی کەسایەتیی **سەدام**یان داهێنا. لە ئاکامدا، بەعس وەک تاکە حزب و دەوڵەت بە هەموو دامودەزگاکانیەوە کران بە ئامڕاز لە خزمەتکردن و پتەوکردن و سەرخستنی ئەو کولتوورە داهێنراوە. **سەدام** هەوڵی لێکگرێدانی چارەنووسی خۆی لەگەڵ ئەوەی خەڵکی *عێراقی* دەدا، ئەمەش بە لەقاڵبدانی هەموو سیما و کارەکتەرەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی عێراقی لە وێنە و سێبەری کەسایەتیی ئەودا. وەک بەشێک لەم هەوڵ و هەڵمەتانە هونەرمەندەکان هەزاران وێنەی قەبەی **سەدام**یان بە جلوبەرگی جیاوازەوە لە گۆڕەپانەکان و دەروازەی شار و شارۆچکەکان نەخشەاند. هاوکات، ملیۆنان پۆستەر و وێنەی **سەدام** لە ماڵی هاووڵاتیان و نووسینگەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی و ژوورەکانی خوێندنگەکان هەڵواسران. وێنەکانی ئەو لەسەر دراو و کاتژمێر و کتێبەکانی خوێندنگە نەخشێندران (بڕوانە وێنەی ٦-١).

پەرستنو پیرۆزکردنی **سەدام** لە لایەن وەزیروگزیرەکانی و میدیا دەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکەی، هیچ سنوورێک نەما کە نەیشکێنن. ئەو وەک "سیمبولی زیندووکردنەوەی عەرەب" و "گەورەپاڵەوانی عەرەب" پەسن کرا، کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی ئوممەی عەرەبی لە تاریکی و کۆنەپەرستی و پەرتەوازەیی. بە کەڵکوەرگرتن لە پارەی نەوت، **سەدام** ماکینەیەکی گەورەی میدیایی پڕوپاگەندئامێزی بەرهەم هێنا، کە لە دونیای عەرەبی و ئیسلامی بێهاوتا بوو. ڕۆژانە لەسەر تەلەفزیۆن دەردەکەوت و گوتاری دووردرێژی دەخوێندەوە، یان سەردانی مەیدانی شار و گوندەکانی دەکرد و تەلەفزیۆنیش نەک هەر گوتارەکانی "سەرۆکی نایاب"ی پەخش دەکرد، بەڵکو چەپڵەڕێزانی خەڵکە، بە خۆشی یان بە زۆرەملێ، ڕاوەستاوەکەی سەر جادە و کۆڵانەکانیشی نمایش دەکرد، بەتایبەتی کاتێک بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد

"بالروح بالدم نفديك يا **صدام**"، واتە "بە ڕۆح و بە گیان فیداتین ئەی **سەدام**".[١] هەزاران شیعر و گۆرانی و گوتار بۆ ڕێزلێنان لە "سەرکردەی بێهاوتا (قائد الفذ)" هەڵبەستران و گوتران و نووسران، کە تێیاندا **سەدام** وەک "تێکۆشەر (المناضل)" و "سوارچاک (الفارس)" و "ڕۆژی عەرەب(شمس العرب)" پەسن دەکرا. دیارە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو کاریزمایەی لە کەسایەتیی **سەدام** بەدی دەکرا، خزمەت و ئاسانکاریی بە هەوڵەکانی دەهۆڵلێدەر و هوتافلێدەرەکان دەکرد. بەس ناکرێت ئەوەش لەبیر بکەین کە پڕۆسەی پیرۆزکردن و سەدامپەرستی پشتی بە بەرنامەیەکی سیستەماتیکی سزادان و بەخشینیش بەستبوو.



*وێنەی ٦-١: وێنە هەڵکەندرا و نەخشەێنراوەکانی سەدام*[٢]

پیرۆزکردنی **سەدام** لە *کۆنگرەی نۆیەمی حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی*، کە لە حوزەیرانی ١٩٨٢ لە *بەغداد* بەسترا، گەیشتە ترۆپک و بەعسییەکان مۆری بەسەدامکردنی حزب و دەوڵەتیان بە شێوەیەکی فەرمی لە

---

1. نووسەر لە کۆتایی حەفتاکاکان و هەشتاکاندا، وەک چاودێرێک، بەردەوام تەماشای گوتارەکانی **سەدام**ی لە تەلەفزیۆندا دەکرد.

2. نوسینە عەرەبییەکەی سەر تی‌شێرتەکە دەڵێت "اذا قال **صدام** قال *العراق*"، واتە "ئەگەر **سەدام** گوتی *عێراق* گوتی".

داروديوار دا (بڕوانه حزب البعث ١٩٨٣). له کۆنگره بەدواوه، مێژووی *بەعس* به شێوەیەک نووسرایەوه، که لەوەی تەنیا **سەدام** نەمر و قەبه بکرێت و بردرا بۆ ڕیزی بیرمەنده ناودار و پێشەنگەکانی *بەعس*، وەک **میشێل عەفلەق**. له ڕاستیدا، ڕاپۆرتی کۆنگرەی *نۆیەمی* حزب لابەلا نەبێت باسی له ڕۆڵی **عەفلەق**ی نەکردبوو، چونکه تەواوی ڕاپۆرتەکه تەرخان کرابوو بۆ "تێگەیشتنەکان" و "شرۆڤەکان" و "دیدەکان"ی **سەدام** بۆ *عێراق* و حزبی *بەعس* و ناوچەکه و جیهان. ڕاپۆرتەکه تەواوی "سەرکەوتنه مەزنەکان"ی *بەعس*ی گێڕابووەوه بۆ "تێڕوانین و ئەزموون و پراگماتیزمی **ڕەفیق سەدام حسێن**". بەگوێرەی ڕاپۆرتەکه، **سەدام** "پلاندانەر" و داڕێژەر' و "دەستپێشخەر" و "بڕیاردەر"ی سەرەکیی هەموو پلان و پڕۆژه و کار و سیاسەتەکانی *بەعس* بوو له دوای شکستەکانی ١٩٦٣وه. هاوکات، "چارەسەرکەر"ی هەموو کێشەکانی *بەعس*یش بوو هەر لەو کاتەوه تا دەگاته کۆنگره و بۆ دواتریش، چونکه **سەدام** وەک "سەرۆکی هەتاهەتایی" پەسن کرا و داندرا. بەپێی هەمان ڕاپۆرت هەر ئەویش بوو "ئەندازیار" و "تەقێنەرەوەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووز". ڕاپۆرتەکه چەند نازناوێکی نوێی بۆ **سەدام**، داهێنا وەک "سیمبولی ئوممه" و "ڕابەری زەروورەت (قائد الضرورة)" (بڕوانه حزب البعث ١٩٨٣: ٢٨-٣٥). بێجگه لەم پیاهەڵدانەی **سەدام**، بەشێکی زۆر له ڕاپۆرتەکه تەرخان کراوه بۆ "گوتارەکان"" و "ڕێنماییەکان" و "وانەکان"ی پێشووتر، که **سەدام** پێشکەش به هاوڕێکانی و به گەلی کردبوو. دەسەڵاتدارانی *عێراق* فەرمانیان به تەواوی دامودەزگا حزبی و حکومی و میدیاییەکانیش کردبوو، که هەر کاتێک ئاماژه به ناوی **سەدام** بکەن، دەبێت ستاییشی بکەن و گوتەی "خودا بیپارێزێت (حفظه الله)" له دوای ناوی ئەو بڵێنەوه.

بۆ ئەوەی *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* بەسەدامی بکات، ئەندامێتی له ئەنجوومەنەکه به هەشت کەس زیاد کرا. ئەو هەشت کەسەی که زیاد کرا، هەر هەموویان له لایەن **سەدام**ەوه دەستنیشان کرابوون و کەسانی دڵسۆز بوون بۆ ئەو، هەندێکیشیان خزم و کەسوکاری خۆی بوون. بۆ لابردنی ڕکابەره دیار و شاراوەکانیش، **سەدام** ژمارەیەکی زۆر له بیرمەنده

بەعسییەکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی حزبی شوێنبزر، زیندانی یان کوشت. لەوانە: **عەبدولخالق سامەڕائی**، یەکێک لە بیرمەندە ناسراوەکانی بەعس، هەروەها **شەفیق کەمالی**، وەزیری لاوان و وەزیری ڕۆشنبیری.[1] بە دوورخستنەوە و دواتریش لەناوبردنی **شەفیق کەمالی**، دەرگاکانی کۆنترۆڵکردنی کەرتی ڕۆشنبیری و میدیای *بەعس* هێندەی دیکە بە ڕووی **سەدام**دا کرانەوە. ئەمەش دەنگ و هەوڵەکانی پڕوپاگەندەی بۆ **سەدام** بەرزتر و قووڵتر کردەوە. مەبەستی **سەدام** لە لەناوبردنی **سامەڕائی** و **کەمالی** و ئەو کەسانەی وەک ئەوان وا بوون، تەنیا دەرکەوتنی ئەو نەبوو وەک دەوڵەتدارێکی بەهێز و بێڕکابەر، بەڵکو ئەو دەشیویست وەک تاکە بیرمەند و عەقڵی *بەعس* ببینرێت.

کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بڕیارەکان و فەرمانەکان و ڕێنماییەکانی **سەدام** بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و فەرمانبەران وەک یاسا تەماشا بکرێن. دواتر تەنانەت قسەکان و گوتارەکانیشی هەمان هێزی یاساییان پێ درا. بۆ بەفەرمیکردنی ئەم پراکتیزە، *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* لە ساڵی ١٩٩١ دەستووورە کاتییەکەی *عێراقی* هەموار کرد و بڕگەیەکی بۆ زیاد کرد، کە تێیدا بەیان کرابوو کە "سەرۆککۆمار، ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت بڕیاری وا بدات کە هێزی یاسایی هەبێت" (الوقائع العراقية ١٩٩٣/٢/١). دروشمی "اذا قال **صدام** قال *العراق*"، واتە "ئەگەر **سەدام** گوتی *عێراق* گوتی"، دەربڕی تەواوی هەوڵەکانی *بەعس* و ڕژێمەکەی بوو لە بەسەدامکردنی *بەعس*

---

[1]. **عەبدولخالق سامەڕائی** ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی *بەعس* بوو. ئەو سێیەمین کەسی دەستڕۆیشتوو بوو لە *عێراق* لە دوای **بەکر** و **سەدام**. **سامەڕائی** لەسەر کەیسێکی گوماناوی لە ساڵی ١٩٧٣ دادگایی کرا و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا. کەچی **بەکر** واژۆی لەسەر حوکمەکە نەکرد. دواتر لە ساڵی ١٩٧٩، دوای دوورخستنەوەی **بەکر**، ئەویش هەر لە زینداندا کوژرا. **شەفیق کەمالی**، شاعیر و نووسەری سرودی نیشتمانیی عێراقی (١٩٧٩-٢٠٠٣) و سەرنووسەری گۆڤاری *الافاق العربية* (*ئاسۆکانی عەرەبی*) بوو، لە ساڵی ١٩٦٩ بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی *بەعس* و یەکێک لە کۆنترین بەعسییەکانی *عێراق* بوو و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دامەزراندن و گەشەی حزب لە *عێراق*. لە ساڵی ١٩٨٤ دەستگیر کرا و لە سێدارە درا (Makiya 1998: 12; Ghareeb and Dougherty 2004: 128).

و *عێراق* (بڕوانە وێنەی ٦-١). ئەم دروشمە ئەو پەیامە لەخۆ دەگرێت کە ئەگەر **سەدام** بڕیاری دا، گەلی *عێراق* بێ پرسیار و بێ گومان وەک مێگەل دەبێت بەدوای کەوێت. بەشەڕدابردنی *عێراق* لەگەڵ گەلی کورد بە درێژایی تەمەنی ڕژێمەکەی و لەگەڵ *ئێران* بۆ هەشت ساڵان و داگیرکردنی کوێت چەند نموونەیەکن لەو بڕیارە تاکەکەسییانەی *سەدام* کە گەلی *عێراق*یان بە تەهلوکە برد.

وەک ئاماژەی پێ کرا، هیچ سنوورێک نەمابوو کە ببەزێندرێت لە هەوڵەکان بۆ پیرۆزکردنی **سەدام**، بەڵام هیچ کاتێک ئەو هەوڵانە وەک ئەو کاتانە نەبوو کە *جەنگی عێراق-ئێران* کۆتایی هات. **سەدام** کرا بە "شێر"، بە "پاڵەوان"، بە "سەرکردەی سەرکەوتوو (القائد المنصور)". دوانازناو یادەوەرییەکانی "ڕۆژە زێڕینەکان"ی سەردەمی خەلیفەی دووەمی عەباسی، **ئەبو جەعفەری مەنسووری** دەهێنایەوە بیر عێراقییەکان. ئەم وەربیرهێنانەوەیەی مێژوو و خۆهاوتاکردنەی **سەدام** لەگەڵ **ئەبو جەعفەری مەنسوور** بۆ هەندێک لە عێراقییەکان، سوننەکان، لەوانەیە ئاسایی بووبێت و شانازی لەخۆگر بووبێت لەبەر پێگەی **ئەبو جەعفەر** لەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە دامەزراندنی *خەلافەتی عەباسی* و دروستکردنی شاری *بەغداد* گێڕاویەتی، بەڵام بۆ شیعەکان یادەوەرییەکی تاڵی وەبیر دەهێنانەوە، ئەویش **ڕۆڵی ئەبو جەعفەر** بوو لە ژەهردەرخواردانی یەکێک لە دوازدە ئیمامەکانی شیعە، **جەعفەر سادق**، لە ساڵی ٧٦٥دا. **سەدام** پەیکەرێکی بۆ خۆی لە *بەغداد* دروست کرد، کە زۆر لەو پەیکەرە دەچوو کە بۆ **ئەبو جەعفەری مەنسوور**، لە کۆتایی هەشتاکان هەر لە *بەغدا* دروست کرابوو. دوای ڕووخانی **سەدام**، پەیکەرەکەی **ئەبو جەعفەر** وەک ئەوانەی **سەدام** تێک شکێنرا. هۆکاری شکاندنی پەیکەرەکە دەکرێت ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەو ڕۆڵەوە هەبێت کە گوایە **ئەبو جەعفەر** بینیویەتی لە کوشتنی **ئیمام جەعفەر سادق**. ئەمەش ئەو دژایەتیکردنەی یەکتر لە نێوان کۆیادی شیعەکان و سوننەکان پیشان دەدات.[١] لەگەڵ دەستپێکی *جەنگی عێراق-ئێران*، هەندێک نازناو بۆ **سەدام** زیاد کران، کە بۆنوبەرامی ئایینییان

[1] پارادۆکسی کۆیادی عێراقییەکان لە کتێبێکدا کە ئێستا لە بەردەستی نووسەرە، بە وردی و بە درێژی شرۆڤە کراوە.

لێ دەهات، بۆ نموونە "سەرکەوتوو بە پشتیوانی خودا (المنصور بالله)". گەورەکردنی کەسایەتیی **سەدام** لە هەشتاکاندا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە یادی ڕۆژی لەدایکبوونی **سەدام** گرنگیی زۆر زیاتری پێ دەدرا و باڵی کێشابوو بەسەر جەژنە نیشتمانییەکانی دیکەی *عێراق*، تەنانەت لەوانەش کە یادی هاتنەسەرکاری *بەعس* و سەدام بوون، وەک "جەژنی ١٧-٣٠ تەمووز".

خەسڵەتێکی دیکەی پڕۆسەی بەسەدامکردن بریتی بوو لە دەستبردنی **سەدام** بۆ پەیڕەوکردنی پراکتیزێکی کۆن، خزمخزمێنە. بەرزکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی و عەشیرەتەکەی بەتایبەتی و خەڵکی تکریت و سوننەکان بەگشتی بۆ پۆستە باڵا و گرنگەکانی دەسەڵات، بەشێک بوو لەو پراکتیزە (Baram 1998; Bashir 2005). لە کۆتایی هەشتاکاندا، بە ناوی چاکسازیی ئابووری، ڕژێمەکەی **سەدام** زۆربەی کۆمپانیا دەوڵەتییە قەبارە بچووکەکان و ناوەندییەکانیان فرۆشت بە کەرتی تایبەت. مەبەستی شاراوەی ئەم سیاسەتەی حکومەت دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیاکان بوو لە لایەن کەسوکاری **سەدام** و داروودەستەکەی، لەوێشەوە کۆنترۆڵکردنی نەک هەر کەرتی گشتی، کە لە دەستی خۆیاندا بوو، بەڵکو کەرتی تایبەتییش لە ئابووریی *عێراق*. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە بەشێک لەو کۆمپانیایانە لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە لایەن سوننە دەسترۆیشتووەکانی حکومەتەکەی **عارف** خۆماڵی کرابوون، ئەویش وەک لە بەشی پێنجەم ئاماژەی پێ کرا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کوردەفەیلییەکان بوو لەسەر بازاڕ و ئابووریی *بەغداد*. ئەم سیاسەتە ڕەهەندێکی ئیتنی و مەزهەبی هەبوو (بڕوانە بەشی پێنجەم).

سەرچاوە بەعسییەکان لە هەشتاکان باسیان لەوە دەکرد، حکومەتەکانی پێش خۆیان ڕێوشوێنی پێویستیان نەگرتبووە بەر بۆ نەهێشتنی کاریگەریی ئەو بازرگانانەی کە بەڕەچەڵەک ئێرانی (کوردی فەیلی) بوون (حزب البعث ١٩٧٧: ٩٣-٩٥؛ ١٩٨٣: ٤٩-٥٤). پڕۆسەی خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان لە شەستەکان پشکی دەوڵەتی لە بەرهەمهێنانی گشتیدا لە ١٢% لە ساڵی ١٩٦٨ گەیاندە ٥١% لە ساڵی ١٩٧٤، هاوکات پشکی حکومەت لە بازرگانی لەگەڵ دەرەوەدا لە ٤٢% لە هەمان ماوەدا بردە سەر بۆ ٩٠% ( Jabar 2003:

204-205). **ئۆفرا بێنگیۆ** جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەسەر ئەرزی واقع، خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان بووە مایەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتەکانی *حزبی بەعس* لەسەر سەنتەرە گرنگەکانی دەسەڵاتی ئابووری ( Bengio, *MECS* 377 :1986). لەوانەیە ئەم قسەیەی **بێنگیۆ** بۆ *عێراقی* حەفتاکان ڕاست بێت، کاتێک کە حزبی *بەعس* دەستڕۆیشتووترین دامەزراوە بوو لە *عێراق*، بەڵام لە هەشتاکاندا لە دوای یەکتابوونی **سەدام** لە دەسەڵات و دوای بەسەدامکردنی حزبی *بەعس*، بە ڕادەیەک کە ناوی *بەعس* وەک حزبی سەرۆک (حزب القائد) و *عێراق* وەک *عێراقی* سەرۆک (*عراق* القائد) دەهات، ئەم لێکدانەوەیە کورت دەهێنێت. لە ڕاستیدا نە خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان لە شەستەکاندا و نە فرۆشتنیان بە کەرتی تایبەت لە هەشتاکاندا بە مەبەستی چاکسازیی ئابووری و کارگێڕییەوە ئەنجام دران، بەڵکو لە هەردوو حالەتدا مەبەستی سیاسییان لە پشت بوو. وەک ئاماژەی پێ کرا، خۆماڵیکردن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کوردە فەیلییەکان لەسەر بازاڕ و ئابووریی *بەغداد* بوو. فرۆشتنی کۆمپانیاکانیش بە کەرتی تایبەت بۆ ئەوە بوو دەستەبژێری سیاسیی عێراقی، کە لە هەشتاکان لە بنەماڵەی *سەدام* و کەسوکارەکانی پێک هاتبوون، دەست بگرێتە سەر کەرتی تایبەت. بەمەش دەستەبژێری سیاسی و بیزنێس کلاس لە *عێراق* ئاوێتەی یەکدی کران. لە هەشتاکان حزبی *بەعس* خاڵی کرابوو لە ئایدیۆلۆجیا و کرابوو بە ئامڕازێک بە دەست **سەدام** بۆ پاراستنی خۆی و دەسەڵاتەکەی. کۆپلە شیعرێک کە کرابوو بە گۆرانی و منداڵانی خوێندنگەکانی *عێراق* دەیانگوتەوە، ماناکانی بەسەدامکردنی *بەعس* و *عێراق* و شوناسەکەیمان بۆ دەردەخەن و پشتڕاستی ئەو ئارگیومێنت و شیکارانە دەکەن کە تا ئێستا لەسەر بەسەدامکردنی *عێراق* و شوناسەکەی خرانە ڕوو. کۆپلە شیعرەکە دەڵێت:

"ئێمە *عێراق*ین، ناویشمان **سەدامە**
ئێمە خۆشەویستیین، ناویشمان **سەدامە**
ئێمە گەلین، ناویشمان **سەدامە**
ئێمە *بەعس*ین، ناویشمان **سەدامە**"[1]

---

[1]. ئەم دەقە لە ئینگلیزییەوە نووسەر وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، لە (Bengio 1998: 78) وەرگیراوە.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین بەرچاوترین دەرکەوت و دەرئەنجامی سیاسەتەکانی بەسەدامکردن لاوازبوونی شوناسی عێراقی بوو، چونکە *عێراق* وەک دەوڵەت و عێراقیبوون وەک شوناس لە ناو کەسایەتییەکی دیکتاتۆری دڕندە توێندرایەوە. **سەدام** نەک هەر کرابوو بە شوناسی گەل و نیشتمان و *عێراقی* هاوچەرخ، بەڵکو ناوی **سەدام** نەخشە کرابوو لەسەر خشتەکانی *دەروازەی عەشتار* و دیوارە نۆژەنکراوەکانی شارستانێتیی بابلییەکان لە پارێزگای *بابل*. **سەدام** هاوتای **حامووڕابی** و **ئەبو جەعفەری مەنسوور** و **سەلاحەدینی ئەیوبی** کرابوو. بەبەعسیکردن و بەسەدامیکردنی *عێراق* نەک هەر نەبوون بە مایەی زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، کە لە سەردەمی عارفەکان شکستی خوارد، بەڵکو بوون بە دوو هۆکاری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی. لەبەر ئەوە ناکرێت لە پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی لە *عێراق* بگەین بەبێ ئەوەی ڕەهەندەکانی بەبەعسیکردن و بەسەدامکردن نەگەین. ئەم دوو پرۆسەیە شوناسی *عێراق*یان لە ناو کولتووری پەرستنی کەسایەتیی (Personality Cult) **سەدام** نقوم کرد و خنکاند.

### بەعس و سەدام: لە نێوان عێراقچێتی و ناسیونالیزمی عەرەبیدا

داخۆ *بەعس* یان ڕژێمەکەی، لە سەردەمی **سەدام**دا مەیلی بە لای عێراقچێتی (نیشتمانپەروەریی عێراقی) دابوو یان پانعەرەبیزم (ناسیونالیزمی عەرەبی)؟ بابەتێکە بە گەرمی لە ئەدەبیاتی سیاسیی سەر *عێراق* گفتوگۆی لەسەر کراوە و لەسەر دەکرێت (بڕوانە ;Davis 2005a; Baram 1991 1994). بایەخی ئەم پرسە لە گرێدراویی ئەم دوو چەمکەدایە (عێراقچێتی و پانعەرەبیزم)، لەگەڵ پرسی شوناسی سیاسیی *عێراق* و ئامێزان و لێکترازانی نیشتمانی لە *عێراق*دا، بۆیە لێرە هەڵوێستەی لەسەر دەکرێت و گفتوگۆی بیروبۆچوون و تێگەیشتنەکان دەکرێت. وەک لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە ئاماژەی پێ کرا، **ساتع حوسری**، داڕێژەری بەرنامەکانی خوێندن لە سەردەمی پادشایەتیدا، بە چڕی گوتاری پانعەرەبیزمی خزاندبووە ناو بەرنامەکانی خوێندن. ئەم گوتارە تا ساڵی ١٩٤١، کە دووبارە *عێراق* بە نافەرمی لە لایەن

*بەریتانیا*وە داگیر کرایەوە، زاڵ بوو. دوای گەڕانەوەی بەریتانییەکان و لادانی ناسیونالیستە عەرەبەکان لەسەر حوکم و کەمکردنەوەی دەسەڵاتیان لە ناو سوپا، گوتارە زاڵەکەی پانعەرەبیزمیش لە ناو بەرنامەکانی خوێندن کەم کرایەوە و تا ڕادەیەک سەرنج لەسەر گوتاری عێراقچێتی کرا، ئەمەش بە گرنگیدان بە مێژوو و شارستانێتیی میزۆپۆتامیا لەبری بایەخدان تەنیا بە مێژوو و شارستانێتیی عەرەبی-ئیسلامی (Simon 2004: 48-49). ئەم تێگەیشتن و لێنزیکبوونەوەیە لە سەردەمی **قاسم**دا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆی بینی، نەک هەر لە بەرنامەکانی خوێندن ڕەنگی دایەوە، بەڵکو لە تەبەنیکردنی **قاسم** بۆ ڕۆژی ئەکەدییەکان وەک لۆگۆی سەرەکیی *حکومەتی عێراق* و *ئەستێرەی عەشتار* وەک دیارترین سیمبول لە ناو ئاڵای *عێراق*دا هەستی پێ دەکرا (بڕوانە وێنەی ٥-١، هەروەها کتێبەکانی وزارة التربية ١٩٦١؛ ١٩٦٢).

*بەعس* کە بۆ جاری دووەم گەڕایەوە دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨دا، هێشتا هەر خولیای پانعەرەبیزم بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەک لە ئاستی خۆلیاییان بۆی وەک ئەوەی لە پەنجاکان و شەستەکاندا پێیانەوە دیار بوو. ئەم جارە هەندێک وانەیان لە هەڵپەکردن بۆ یەکگرتنی عەرەبی وەرگرتبوو و پێشیان وا بوو یەکێک لە هۆکارەکانی لەدەستدانی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٣دا ئەم هەڵپەکردنە بوو (بڕوانە حزب البعث ١٩٧٧؛ ١٩٨٣). لە حەفتاکانەوە ڕژێمی *بەعس* دەستی بە کارکردن لەسەر "شانازییە مێژووییەکانی *عێراق*" کرد، ئەمەش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای شوێنەوارە مێژووییەکان و نۆژەنکردنەوەیان. بنەڕەت و ڕەچەڵەکی *عێراق* و عێراقییەکان دەبردرایەوە سەر ئەو خەڵکەی کە کاتی خۆی نیشتەجێی *میزۆپۆتامیا* بوون لەگەڵ ئەو شارستانییەتانەی کە دایانمەزراندبوون لەو ناوچانەدا (Baram 1991: 30-96; 1994: 302-311). وا چاکە قسە لەسەر کاریگەریی کارکردن لەسەر شوناسی *میزۆپۆتامیا* و بەرزڕاگرتنی بکەین، تا بزانین داخۆ هیچ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر دروستکردنی شوناسێکی گشتگیر بۆ عێراقییەکان. هاوکات دەبێت ڕۆڵ و کاریگەریی خۆتێهەڵقورتاندنی **سەدام** لەم پرۆسەیە بکەین بۆ هەمان مەبەست.

بەگشتی سەرچاوە و دۆکیومێنتەکانی *بەعس* لە ساڵانی حوکمی **سەدام** هەوڵ دەدەن هاوسەنگییەک لە نێوان گوتارەکانی عێراقچێتی و پانعەرەبیزم ڕابگرن. ڕاپۆرتی سیاسیی *کۆنگرەی نۆیەمی حزبی بەعس* کە لە ساڵی ١٩٨٢ بەسترا، ڕاشکاوانە قسە لەسەر ئەم پرسە دەکات و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "ئەرکە هەرێمییەکان (عێراقییەکان)، تەواوکەری ئەرکە نەتەوەییەکانن (عەرەبییەکانن)، هەردووکیشیان بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لێک گرێ دراون... ئەولەویەتدان بە یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیان یان دەبێتە مایەی هەرێمچێتی (عێراقچێتی، القطرية) یان دەبێتە مایەی سەرکێشییەکی نەزۆک" (حزب البعث ١٩٨٣: ١٢٣). ئەمە دەکرێت وەک وەرچەرخانێک لە دیدی *بەعس* تەماشا بکرێت، چونکە لە سەرەتای دروستبوونیەوە *بەعس* دژایەتیی ناسیونالیزمە لۆکاڵەکانی دەکرد و وەک کۆسپێک لە پێش یەکگرتنی عەرەبیدا دەیبینن و دەیناساندن. بۆ نموونە لە پەنجاکان و شەستەکاندا بەعس نیشتمانپەروەریی عێراقی (عێراقچێتی) وەک شعووبییەت وێنا دەکرد (بڕوانە بەشی چوارەم و پێنجەم).

ئەم وەرگەڕانە بەشێک بوو لە ستراتیجییەتێکی نوێی *بەعس*، کە کۆمەڵێک هۆکار لە پشتییەوە بوون، لەوانە: یەکەم، بۆ ڕکابەریکردن لەگەڵ *حزبی شیوعی* و ناسیونالیزمی کوردی. لە ژێر تیشکی شکستەکەی ساڵی ١٩٦٣، *بەعس* لە حەفتاکان بەدواوە نەرمییەکی زۆری لە خۆ پیشان دەدا لە بەرانبەر نیشتمانپەروەریی عێراقی و خۆی وەک ڕابەری نەتەوەپەرستیی عەرەبی و نیشتمانپەروەریی عێراقی ڕاپێش دەکرد. ئەم گەمەیەی *بەعس* هەر زوو دوو سەرکەوتنی، لە دیدی *بەعس*ەوە، بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوانیش واژۆکردنی *بەیاننامەی ١١ی ئازار* لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد و *دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز* لەگەڵ حزبی *شیوعیی عێراقی* لە ساڵی ١٩٧٣ بوون. دووەم، لە ساڵی ١٩٨٠دا، *عێراق* هێرشی کردە سەر *ئێرانی* دراوسێی، لە ئاکامدا جەنگێکی هەشت ساڵەی لێ کەوتەوە، کە سەدان هەزار کەس لە هەردوو لا بوون بە قوربانی. لە ساڵانی شەڕدا، گوتاری فەرمیی حکومەت مەیلی بە لای عێراقچێتیدا بوو زیاتر لە پانعەرەبیزم، چونکە جەنگ لە دژی گەلێک کە هاوئایین/هاومەزهەب بوون لەگەڵ پێکهاتە هەرە گەورەکەی

*عێراق*، شیعەکان، ئەوەی دەخواست. عێراقچێتی، نیشتمانپەروەری، وەک میکانیزمێک و ستراتیجێک لە لایەن حکومەتی عێراقی بەکار دەهات بە هیوای ئەوەی کە گوتارێکی لەو چەشنە ببێتە مایەی کۆکردنەوەی عێراقییەکان، بەتایبەتی شیعەکان و کوردەکان لە ژێر یەک چەتردا. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ شیعەکان و کوردەکان بەگشتی، نەک هەر بەپەرۆش نەبوون بۆ پانعەرەبیزم و ئاوات و خەونەکانی، بەڵکو لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ ڕەوتە ناسیونالیستە عەرەبییەکان. سێیەم، دەکرێت خولیابوونی **سەدام** بە سەرکردە و پاشاکانی بابل ی‌و ئاشوورییەکان و هاوتاکردنی خۆی بەو سەرکردە و پادشایانە هۆکارێکی دیکەی ئەو وەرگەڕانەی *بەعس* بێت لە گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبییەوە بۆ گوتاری نیشتمانپەروەریی عێراقی. چوارەم، تەماحە کەسییەکانی **سەدام** لە خۆپیشاندان وەک میراتگری، بۆ نموونە **نەبوخوزنەسەڕ**، یەکێک لە ناودارترین پادشاکانی بابلییەکان، لە پشت هاندانی هەست و گوتاری عێراقچێتیدا بوون.

سەرەڕای ئەمانە، بە وردبوونەوە لەو پەیام و گوتارانەی کە لە هەشتاکان لە میدیای عێراقی دەبینران و دەبیستران، دەکرێت بڵێین کە لە ڕاستیدا سەدام و ڕژێمەکەی لەسەر دوو گوتار کاریان دەکرد: یەکێکیان ڕوو لە ناوەوە، واتە عێراقییەکان بوو، کە هانی هەست و نەست و شوناسی نیشتمانپەروەریی عێراقی دەدا، ئەوەی دیکەیان ڕوو لە دەرەوە، واتە شەقامی عەرەبی بوو، کە خۆی لە زەقکردنەوەی عەرەبیبوون و ئیسلامیبوونی ئەو شەڕە دەکرد کە عێراقییەکان لە دژی ئێرانییەکان دەیانکرد. مەبەستیش لێی کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری کۆمەک و پشتیوانی بوو لە دونیای عەرەبییەوە بۆ *عێراق*. حکومەت و میدیا ئاڕاستەکراوەکەی *بەعس* زۆر بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکرد. ئەوان نەیاندەویست گوتارەکانی پانعەرەبیزم زۆر زاڵ ببێت، نەکا ببێتە مایەی پرینگانەوەی سەرکردە عەرەبەکان. *بەعس* نەیدەویست ئەوان هەست بە فراوانخوازی لە گوتاری پانعەرەبیزمی حکومەتی عێراقی بکەن.

له پاڵ ئەمانەش، وردبوونەوە لەو دەق و پەیامانەی کە لە توێی کتێبەکانی خوێندنگە لە سەردەمی *بەعس* و سەرچاوەکانی دیکەی *بەعس* ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش بوونی جۆرێک لە پارادۆکسییە لە گوتاری *بەعس*؛ لە ساڵی ١٩٧٤ لە کۆنگرەی هەشتەمدا، حزبی *بەعس* داوای "لێنزیکبوونەوەیەکی هاوسەنگ"ی دەکرد، واتە ڕاگرتنی جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان عێراقچێتی و پانعەرەبیزمدا، کەچی چواردە ساڵ دواتر، *بەعس* لە یەکێک لە گرنگترین دۆکیومێنتە ئایدیۆلۆجییەکانی، "المنهاج الثقافی المرکزی (بەرنامەی فەرهەنگیی مەرکەزی"، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت پانعەرەبیزم بەرزتر و بەبایەختر وەربگیردرێت لە هەر ئامانجێکی دیکە و دەڵێت:

"باوەڕی (عەقیدەی) حزب ناسیونالیزمە (پان-عەرەبیزمە)، گەیشتنیش بەم ئامانجە (نەتەوەییە) وا پێویست دەکات کە لە سەرووی هەموو ئینتیمایەکانی دیکە دابنرێت... بۆیە ئێمە (بەعسییەکان) ناتوانین کەسێک بە بەعسی دابنێین ئەگەر باوەڕی بە عەشیرەتگەری یان هەرێمچێتی (عێراقچێتی/نیشتمانپەروەری) هەبێت، لە هەمان کاتیش بانگەشەی باوەڕ بە بەعسیزم بکات" (حزب البعث ١٩٨٨: ٢٢-٢٣).

کتێبەکانی خوێندنگەش، کە *بەعس* وەک ئامرازێک و پلاتفۆرمێک بەکاری دەهێنان بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ بیرۆکەکانی و بڵاوکردنەوەیان، پێداگریی لەسەر شوناسی عەرەبیبوونی عێراق و پانعەرەبیزمی *بەعس* دەکەن. بۆ نموونە، کتێبی *التربیة الوطنیة* *(پەروەردەی نیشتمانی)*" بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، سەرتاسەری تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر هەستو ئامانجەکانی پانعەرەبیزم و پرسی *فەڵەستین* (وزارة التربیة١٩٩٩: ١٠، ١٦، ٢٤، ٣٧). شوناسی *عێراق* پرسێک نییە کە پشتگوێ خرابێت، لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لە کتێبەکە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە تەرخان کراوە، بەڵام کتێبەکە وەک کۆمەڵگە (مجتمع) و گەل شعب پەسنی *عێراق* و عێراقییەکان دەکات، نەک وەک دەوڵەت-نەتەوە (nation-state). کتێبێکی دیکەی خوێندنگەکان پێناسەی *عێراق* دەکات و دەڵێت "کۆمەڵگەی عێراقی پێک هاتووە لەو عێراقییانەی کە لە دەشتەکان و چیاکان و زۆنگاوەکان و بیابانەکان

دەژین... (یەک) چارەنووس و مێژووی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان (عێراقییەکان) و نەتەوەییەکان (عەرەبییەکان)... کۆمەڵگەی عێراقی بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی مەزنتر کە کۆمەڵگەی عەرەبییە". بەگوێرەی کتێبەکە، عێراقییەکان هاوئامانجن و گرنگترین ئامانجیشیان "رزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانی عەرەبە لەگەڵ یەکگرتنی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان لە یەک دەوڵەتدا" (وزارة التربیة۲۰۰۲: ۱۲، ۱۹). ئەم دەقانە و ئەو پەیامانەی کە لەخۆیان دەگرن، سروشتێکی دژبەیەکی لێنزیکبوونەوەی *بەعس*مان پیشان دەدەن لە پەیوەند بە پرسی شوناسی عێراقی و عەرەبی لەگەڵ پارادۆکسەکانی شوناسی عێراقی. جەوهەری ئەو تەنگژەیەش ئاشکرا دەکەن کە شوناسی عێراقی تێوەی گلاوە، ئەوەیش لەوەدا خۆی دەردەخا داخۆ *عێراق* ئامانجە یان ئامراز. بە واتایەکی دیکە دروستکردنی شوناسێکی گشتگیر بۆ *عێراق* ئامانجە یان *عێراق* وەک ئامرازێک بەکار دێت بۆ یەکگرتنەوەی عەرەبی و دواتریش توانەوەی لە قازانی عەرەبیدا. دووگوتارییەکەی حزبی *بەعس* ئەم تەنگژەیەی لێ کەوتووتەوە.

لەم پەیوەندەدا وا چاکە هەڵوێستەیەک لەسەر هەڵمەتێکی دیکەش بکەین، کە **سەدام** لە کۆتایی حەفتاکان بە فەرمی خستییە ڕوو، ئەویش هەڵمەتی دووبارەنووسینەوەی مێژوو بوو. هەر لە سەرەتادا دەکرێت بگوترێت کە هەڵمەتەکە بەشێک بوو لە پرۆسەی بەعەرەبکردن و بەسەدامکردنی شارستانێتیی *میزۆپۆتامیا*. **سەدام** لەو ڕێنماییانەی کە وەک فەرمان دابووی بە مێژوونوسان، پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە "مێژووی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ هاتنی *ئیسلام* دەست پێ ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەدە دێرینەکانی مێژوو... هەموو ئەو شارستانییەتانەی کە لە نیشتمانی عەرەبدا سەریان هەڵداوە، دەربڕی کەسایەتی و ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبن، کە هەموویان لە یەک سەرچاوەوە پەیدا بوون". (بڕوانە Baram 1991: 101). ئەم دیدەی **سەدام** بۆ مێژووی *میزۆپۆتامیا* دواتر خزێنرایە ناو کتێبەکانی خوێندنگە. لە کتێبی *التاریخ القدیم للوطن العربی* (*مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەبی*) بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، زمانەکانی ئەو گروپانەی کە لە *میزۆپۆتۆمیا* نیشتەجێ

بوون، ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان، کەنعانییەکان، ئارامییەکان و عەرەبەکان، ئەوانەی لە نیمچە*دوورگەی عەرەبی*یەوە هاتبوون بۆ ناوچەکە، هەموویان وا پەسن کرابوون کە سەرچاوەیان لە زمانی جەزیرەی دایکەوە (لغة الجزیرة الام) وەرگرتووە، کە زمانی عەرەبییە. ئەم زمانی جەزیرەی دایکە داهێنانێکی **سەدام** بوو! لە مێژوودا شتێکی لەم شێوەیە بوونی نییە. لە هەمان کتێبدا، لە کاتێکدا کە ئەو گروپە کۆچبەرانەی لە نیمچە*دوورگەی عەرەبی*یەوە هاتوون بۆ *عێراق* وەک "کۆچی ناوخۆیی" پەسن کراوە، هاتنی گۆتییەکان و میدیاکان (ئەو گروپانەی کە کوردەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر) وەک "کۆچی دەرەکی" پیشان دراوە. کتێبەکە گروپی یەکەم بە "ڕەسەن" و "ڕزگارکەر" دادەنێت و گروپی دووەم بە "داگیرکەر" و "بەربەری" و "ناشارستانی" ناوزەن دەکات (وزارة التربیة ٢٠٠٠: ٣٨، ٤٠، ٤٤، ٥٦-٥٧).

ڕاستە *بەعس* کەڵکی لە شارستانییەتی *میزۆپۆتامیا* وەردەگرت بۆ دروستکردنی شوناسی عێراقی، بەڵام هەوڵەکانی *بەعس* لەبەر بەعەرەبکردن و بەسەدامکردنی مەرامەکانی خۆی نەدەپێکا. بۆ نموونە وەک بەشێک لە زیندووکردنەوەی ئەم شارستانییەتە، ڕژێم فێستیڤاڵێکی داهێنا بە ناوی *مهرجان الربیع* (*فیستیڤاڵی بەهار*)، کە لە ساڵی ١٩٦٩ەوە ساڵانە دەگێڕدرا، بەڵام لە سەردەمی **سەدام** گرنگیی زۆر زیاتری پێ درا. مەبەست لە فێستیڤاڵەکە بەستنەوەی مێژووی *عێراق* بوو بە شارستانێتیی بابلییەکان و ئاشوورییەکانەوە. لەم پەیوەندەدا دوو خاڵ گرنگن کە ئاماژەیان پێ بکرێت: یەکەم، سەرەڕای ئەوەی کە فێستیڤاڵەکە لە پارێزگای *موسڵ* بەڕێوە دەچوو، کە ژمارەیەکی زۆر کوردی تێدا نیشتەجێیە، کەچی فیستیڤاڵەکە نە لە نزیک نە لە دوور ئاماژەی بە مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی کوردەکان نەدەکرد، چونکە وەک لە کتێبەکانی خوێندنگە باسی لێوە کرابوو، ڕەچەڵەکی کوردەکان، میدیاکان، "بێگانەن" و "داگیرکەرن". دووەم، فیستیڤاڵەکە لە سەروبەندی *نەورۆز*، کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە، بەڕێوە دەچوو، لەوە دەچێت زیاتر مەبەست لە ڕێکخستنی *مهرجان الربیع* لەو سەروبەندەدا باڵکێشان بووبێت بەسەر *نەورۆز* و بزرکردنی بووبێت لە سێبەری ئەودا.

لەبەر ڕۆشنیایی ئەو بەڵگانەی لەم چەند بڕگەیەی سەرەوە خرانە ڕوو، لێرە شرۆڤەیەک بۆ ئەوە دەکرێت کە بۆ هەوڵەکانی ڕژێمەکەی *بەعس* و *سەدام* لە بەیەکەوەگرێدانی کەلەپوور و شارستانێتیی *میزۆپۆتامیا* بە شوناسی *عێراق*ەوە لەبری ئاکامی ئەرێنی، دەرئەنجامی نەرێنیی لێ کەوتەوە. **سەدام** کاتێک کە دیوار و خانووبەرە و کۆشکەکانی بابلییەکانی لە پارێزگای *بابل* نۆژەن دەکردەوە، لە دیدگای خۆیەوە بینای دەکردنەوە. ئەو لە هەشتاکاندا فەرمانی دا کە کۆشکەکەی **نەبوخوزنەسەڕ** دروست بکەنەوە بە بەکارهێنانی خشتێک کە مۆرێکی خۆی لەسەر دابوو بە ناوی "پارێزەری *عێراقی* مەزن"، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە کاتی خۆی **نەبوخوزنەسەڕ** خشتەکانی مۆر کردبوون. بەمەش **سەدام** سێبەری خۆی خستە سەر کەلەپوور و شارستانێتیی *میزۆپۆتامیا*. بۆیە لەبری بەعێراقیکردنی ئەو شارستانییەتە، ئەو هات بەسەدامیکردنی کرد. ئەو شێوازەی کە **سەدام** و *بەعس* بەکاریان دەهێنا، لەبری دداننان بە فرەکولتووری و فرەڕەچەڵەکی و فرەنەتەوەیی *عێراق* و لەخۆگرتنیان، ئەوان دەهاتن نەتەوەو کولتوور و ڕەچەڵەکە غەیرەعەرەبییەکانیان وەدەر دەنا. کوردەکان وەدەر نرابوون چونکە دیدی و گوتاری *بەعس* میدیاکانی بە داگیرکەر و ناشارستان پەسن دەکرد، وەک چۆن لە دەقەکانی کتێبەکانی خوێندنگە هاتبوو. بە هەمان شێوە تەعریبی شارستانییەت و مێژووی *میزۆپۆتامیا* گروپە نەتەوەییەکانی وەک کلدانی و ئاسوورییەکانی نامۆ دەکرد بە کەلەپووری *میزۆپۆتامیا* و لەوێشەوە کەلەپووری *عێراق*. ڕاستە ئاسووری و کلدانییەکان زمانەکانی خۆیان بە یەکێک لە زمانە سامییەکان دادەنێن، بەڵام ڕەگەزی خۆیان نابەنەوە سەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکی عەرەبەکان (افرام ٢٠٠٢).

هەندێک ئەکادیمی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە **سەدام** هەوڵی بەیەکەوەبەستنی مێژووی کۆنی *عێراق* و ئارەزووە کوردییەکانی دەدا، دامەزراندنی پارێزگایەک بە ناوی *سەلاحەدین* وەک نموونە دێننەوە (Jabar 2003: 266; Baram 1991: 62). ئەم ئارگیومێنتە زیاتر سادەگۆیی پێوە دیارە لەوەی پشتڕاست بێت بە بەڵگە، چونکە کتێبەکانی خوێندنگە لە سەردەمی **سەدام** وێنەیەکی دیکەمان پیشان دەدەن لەسەر **سەلاحەدینی**

**ئەیوبی**. کتێبەکانی خوێندنگە لە سەردەمی حوکمڕانیی **سەدام** لە هیچ شوێنێک ئاماژەیان بە کوردبوونی **سەلاحەدینی ئەیوبی** نەکردوە. نەک هەر ئەوە، کتێبی *المطالعة التوجیهیە* (*خوێندنەوەی ڕێپیشاندەر*) بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، کە لە ساڵی ١٩٩٠ چاپ کراوە، یەکێک لە بابەتەکانی تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر ژیان و کار و کردەوەکانی **سەلاحەدین**. کتێبەکە پەسنی **سەلاحەدین** وەک سەرکردەیەک دەکات کە "خاچپەرستەکانی لەسەر خاکی عەرەبەکان دەرکرد" (وزارة التربیة١٩٩٠: ١٩-٢٢). لە کاتێکدا بابەتەکە دەیان جار ئاماژە بە عەرەب، خاکی عەرەب، شارە عەرەبییەکان دەکات، کەچی یەک جاریش ئاماژە بە *عێراق* یان بە کوردەکان ناکات. وا چاکە ئاماژە بەوە بکرێت کە کتێبەکانی خوێندنگە لە سەردەمی **قاسم** وەک کورد باس لە **سەلاحەدین** دەکەن (وزارة التربیة١٩٦١: ٦٤-٦٥؛ ١٩٦٢: ٥٢-٥٣). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کتێبەکانی سەردەمی **سەدام** نەک هەر ئاماژە بە کوردبوونی **سەلاحەدین** ناکەن و نایانەوێت وەک کورد بناسرێت، بەڵکو لەو کتێبانەی پێشووتریش، ئەوانەی سەردەمی **قاسم**، کە ئاماژەیەک هەبووە، دوای هاتنەسەرحوکمیان ئەوە سڕیویانەتەوە.

مەبەست لە بەستنەوەی دیرۆکی *عێراق* لەگەڵ شارستانییەت و کولتوور و کەلەپووری *میزۆپۆتامیا*، بەشێک نەبوو لە دروستکردنی شوناسێکی گشتگیر بۆ عێراقییەکان، بەڵکو بەشێک بوو لە ستراتیجییەتی **سەدام** بۆ یەکخستنی عەرەبەکان لە ژێر باڵی خۆیدا. بە زیندووکردنەوەی شارستانیەتی *میزۆپۆتامیا*، **سەدام** *دەیویست* عێراق بەرزتر و شکۆمەندتر لە چاو وڵاتانی عەرەبی دیکە پیشان بدات و ڕابگرێت. بەمەش *عێراق* وەک پێشەنگی یەکخستنی عەرەبی بخاتە ڕوو. نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە بیرمەندە بەعسییەکان پێیان وا بوو کە یەکگرتنەوە یان دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو لە ڕێگەی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە لە یەکەیەکەی وڵاتە عەرەبییەکانەوە دەبێت. ئەم تیۆر و تێگەیشتنە لەگەڵ کەوتنی جڵەوی *بەعس* بە دەست *سەدام*ەوە وەلا نرا بۆ تێگەیشتنێکی بسمارکییانە (Bismarckian) بۆ یەکێتیی عەرەبی، واتە لەڕێگەی هێز و هەژموونی کولتووری، وەک چۆن **بسمارک** *ئەڵمانیای* یەک خست. ڕابەر و ئامۆژگاریکەر و مامۆستاکەی **سەدام**،

**میشێل عەفلەق**، لەساڵی ١٩٧٤ دا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە "عێراقی بەعس ئێستا بۆ عەرەبەکان کار دەکات و هەر ئەویشە دەبێتە هێزی بەرجەستەکردنی یەکێتیی عەرەبی (الوحدة العربية)، سوپاکەشی دەبێتە سوپای یەکگرتن (جيش الوحدة)" (عفلق ١٩٧٤). لەسەر هەمان ئاواز، **سەدام** لە گوتارێکیدا پێش جەنگی *عێراق-ئێران*، بەم شێوەیە پەسنی *سوپای عێراقی* دەکرد:

"*سوپای عێراق* سوپای سوارچاکەکان و پیاوانی خاوەن پرەنسیپە، هەموو یەکێکیان ئامادەیە لەپێناو شەرەف و کەرامەتی شیرەکەی شەهید بێت... ئێمە هیوادارین ئەوە هەر بەردەوام بێت بە سوربوونێکی زیاتریشەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هەلە مێژووییە بقۆزینەوە بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە مێژووییە کە بابوباپیرانمان بینیان لە خزمەت یەکێتیی نەتەوەی عەرەب و مرۆڤایەتیدا" (بڕوانە Bengio 1987: 516).

لەمانە بۆمان دەردەکەوێت کە خەون و ئامانجەکانی پانعەرەبیزم لە ئەدەبیاتی *بەعس* و **سەدام** نەک هەر پشتگوێ نەخرابوون، بەڵکو بەردەوام پێداگرییان لەسەر کراوە و هەموو پێداویستییەکانیش، بە کتێبەکانی خوێندنگەشەوە، خرابوونە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوە و چاندنیان لە مێشکی منداڵ و گەورەساڵە عێراقییەکان. ئەوەی کە گۆڕانکاری جەوهەریی بەسەردا هاتبوو، ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە بوو. **سەدام** و *بەعس* دەیانویست لە ڕێگەی هێزەوە، نەک ئایدیۆلۆجیا و خەباتی جەماوەری، یەکێتیی عەرەبی بەرجەستە بکەن، دیارە ئەوە ئەگەر بۆیان بکرێت. هۆکاری گۆڕینی ئامرازەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەی کە **سەدام** خۆی بە بیرمەند دادەنا، بەڵام بیرمەند نەبوو، بەڵکو پیاوی هێز بوو. ئەو پێی وا بوو کە یەکێتیی عەرەبی دەکرێت لە ڕێگەی هێز و دەسەڵات و هەژموونی کولتوورییەوە بەرجەستە بکرێت، نەک لە ڕێگەی ڕیتۆریکی ئایدیۆلۆجی. **سەدام** خەونی بەوەوە دەبینی کە ببێتە میراتگری **نەبوخوزنەسەڕ** و خەلیفە و سەرکردە عەرەبە موسڵمانەکانی **وەک ئەبو جەعفەری مەنسوور** و **هارونە ڕەشید** و **سەلاحەدینی ئەیوبی**. ئەو دەشیویست ئەو خەونەی بکات بە ستراتیجێک بۆ یەکێتیی عەرەبی. بە دانانی خۆی لە جێوڕێی سەرکردە و خەلیفەکانی پێشینان،

**سەدام** پێی وابوو دەتوانێ ڕۆڵی ئەوان بگێڕێت و "مەزنییە مێژووییەکان" و "چاخی زێڕین"ی عەرەبی-ئیسلامی بگێڕێتەوە و نەتەوەی عەرەبیش یەک خات. گرتنی کوێت دەکرێت وەک هەنگاوی یەکەم لە جێبەجێکردنی تەماح و ئارەزوو و خەونەکانی تەماشا بکرێت. پرۆژەیەک، چاکتر بڵێین سەرکێشییەک، کە نەک هەر تێیدا سەرکەوتو نەبوو، بەڵکو کۆمەڵگەی عێراقییشی دووچاری ماڵوێرانی و *دەوڵەتی عێراق*یشی هێندەی دیکە قەیراناوی کرد. بە کورتی، سەرەڕای دەوڵەمەندیی کەلەپوور و شارستانێتیی *میزۆپۆتامیا*، بەڵام بەسیاسیکردن و بەعەرەبکردن و بەسەدامکردنی کەلەپوور و شارستانییەکەی، بوون بە ڕێگر لە پێش دروستبوونی شوناسێکی گشتگیر بۆ عێراقییەکان.

### جەنگی عێراق-ئێران: ئەفسانەی خرۆشانی نیشتمانپەروەریی عێراقی

هەڕەشەی دەرەکی وەک یەکێک لە هۆکارەکانی لێکنزیکبوونەوە و دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانی لە لایەن هەندێک لە ئەکادیمی و توێژەرەکانی بواری نیشتمانسازی و دروستبوونی نەتەوە دادەنرێت. ئەوان پێیان وایە کە هێرشە دەرەکییەکان هەستی هاوشوناسی و هاوچارەنووسی لای گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە هەڕەشەلێکراوەکە دروست دەکات. بۆ نموونە، تیۆریستی بەناوبانگ، **ئەنتنی سمیس** دەڵێت شەڕەکانی نێوان ئینگلیزەکان و فەڕەنسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر گەشە و خەمڵاندن و تەواوبوونی هەردوو نەتەوەی ئینگلیزی و فەڕەنسی هەبوو (Smith 1994b: 148). ئەکادیمییەکی دیکە بە ناوی *کامرن تیس* پێی وایە کە نەبوونی هەڕەشە یان دوژمنی هاوبەش ئەگەرەکانی گەشەکردنی پێکەوەنووسانی نەتەوەیی/نیشتمانی کەم دەکاتەوە (Thies 2004: 53-58). پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ ئەم چەمک و تیۆر و تێگەیشتنانە دەتوانن خوێندنەوەیەک بۆ کەیسی عێراق بکەن؟ بە واتایەکی دیکە، داخۆ *جەنگی عێراق-ئێران* بوو بە مایەی بەهێزبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە جیاجیاکانی *عێراق*؟ توێژەر و ئەکادیمییەکی عێراقی، **فالح عەبدولجەبار**، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە جەنگ لەگەڵ *ئێران* بووە

مایەی جۆش‌و خرۆشانی ناسیونالیزمی/نیشتمانپەروەریی عێراقی. لەوەش زیاتر ئەو پێیوایە کە ئەو جۆش و خرۆشانەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی بەردەوامیی تواناکانی خۆڕاگریی *عێراق* لە شەڕێکی هەشت ساڵەدا، "بە سوپایەک کە ٨٠%ی سەربازەکانی و ٢٠% ی ئەفسەرەکانی شیعەمەزهەب بوون" (Jabar 2003: 254). بە هەمان شێوە **فرێدریک ئەکسیلگارد** پێی وایە کە جەنگ لە دژی *ئێران* بووە مایەی دروستبوونی "شوناسێکی نیشتمانیی یەکگرتوو" (Axelgard 1988: 56). مێژوونووسی بەناوبانگ، فیبی مار، وریایانەتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکە دەکات و دەڵێت سەرەڕای ئەوەی کە شەڕەکە ماوەیەک هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی وەگەڕ خست، کە پاڵپشتیی لە هەستکردن و گەشەی شوناسی عێراقی کرد، بەڵام دوای زیاتر لە دە ساڵ ئەو پێی وا بوو هێشتان زووە کە هەڵسەنگاندنێکی لەو شێوەیە بکەین (Marr 2004a: 178). بەگشتی، بەو شێوەیەی کە کوردەکان، تا ڕادەیەکیش شیعەکان، بەپیر شەڕەکەوە چوون، وێنەیەک پیشان دەدەن کە ڕاستەوانە لەگەڵ ئەو دید و تێگەیشتنانەی لە سەرەوە خرانە ڕوو، نایەتەوە.

لە ساڵانی یەکەم لە جەنگ لەگەڵ *ئێران*، نزیکەی ٤٥٠٠٠ سەربازی کورد بەرەکانی جەنگیان بەجێ هێشتبوو یان هەر نەچووبوون بۆ سەربازی. ئەمە وای لە ڕژێم کرد کە بەشێکی زۆر لە کوردەکان تەسریح بکات لە سەربازی و فەرمانیشی دا کە ئەوانەی ماونەتەوە لە یەکە سەربازییەکان ڕەوانەی ناوچەی حوکمی زاتی، *کوردستان* بکرێن بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی. **سەدام** ئەو بڕیارەی دا چونکە وەک خۆی گوتەنی "ئەو کوردانەی کە لە ناوچەکانی دیکە خزمەتیان دەکرد وا هەستیان دەکرد کە نێردراون بۆ مەنفا". **سەدام** دەیگوت "کورد کە پێی دەڵێیت بڕۆ بۆ *بەسرە*، ئەو پێت دەڵێت: 'بەسرا!'"[1] بەو مانایەی کە گەلێک دوورە. بۆ شکاندنەوەی ئەوانەی کە بەرەکانی جەنگیان جێ هێشتبوو، **سەدام** دەیگوت "لە کاتێکدا کە ڕۆڵەکانی *کوردستان* لە *عێراق* بوون

---

[1]. نووسەر بە خۆی لە *کەناڵی یەکی تەلەفزیۆنی عێراق* لە ساڵی ١٩٨٢دا گوێی لە **سەدام حوسێن** بوو کە باسی لە دیاردەی فیرارکردن و نەچوونی سەربازە کوردەکان دەکرد بۆ بەرەکانی جەنگ لە دژی *ئێران* و ئاماژەی بەوەکرد کە نزیکەی ٤٥٠٠٠ کورد بەرەکانی جەنگیان بەجێ هێشتووە و لە گوندەکانی *کوردستان* دانیشتوون.

به تەماشاکار، شەرمە عەرەب بێن بەرگری لە *کوردستان* بکەن" ( Bengio, *MECS* 1982-83: 575; *MECS* 1983-84: 480).[1]لەبەر ئەوەی کە دیاردەی بەجێهێشتنی بەرەکانی شەڕ زۆر بەربڵاو بوو، وەک خۆی دانی پێدا نا، **سەدام** گوتی بڕیارمان دا کوردەکان لە ناوچەی حوکمی زاتی، *کوردستان*، خزمەتی سەربازی بکەن، چونکە شەرمە کوڕی *بەسرە* بێت بەرگری لە *کوردستان* بکات. هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لە لایەن موخەرریبەکانەوە (مەبەستی *پێشمەرگە* بوو) هەڵنەخەڵەتێنرێن و بچنە بەرەی دژی حکومەت. هەڵوێست و ڕەفتاری کوردەکان هەڵقوڵاوی بێهەندوەرگرتەیی نەبوو، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕنەبوویان لە بەشداریکردن لە جەنگێک کە بە هیچ شێوەیەک پرسیان پێ نەکرابوو لە هەڵگیرسانی و نە لە دوور و نە لە نزیکیش بێجگە لە گیانلەدەستدانیان، هیچ خزمەتێکی بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەدەکرد.

لەوانەش گرنگتر هەست و ئینتیما بۆ *عێراق* و هاوسۆزی بۆ عێراقییەکانی دیکە لەو ئاستە نەبوو کە کوردەکان بکاتە هاوسەنگەر لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق*. بە پێچەوانەوە لە هەشتاکان، لە کاتی *جەنگی عێراق-ئێران*، هەندێک هێز و گروپی کوردی کۆمەک و یارمەتییان پێشکەش بە هێزە ئێرانییەکان دەکرد. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٣دا هێزەکانی *پارتی دیموکراتی کوردستان* هاوشانی هێزەکانی *ئێران* هێرشیان دەکردە سەر هێزە عێراقییەکان لە دەوروبەری *حاجی ئۆمەران*. بە هەمان شێوە، لە ساڵی ١٩٨٦دا، پێشمەرگەکانی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* لەگەڵ *هێزەکانی پاسدارانی ئێران* هێرشیان کردە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی *کەرکووک*. وەڵامی ڕژێم بۆ ئەم کۆمەک و یارمەتییانە بە دوژمنانی *عێراق* لەڕادەبەدەر دڕندانە بوو. ئەوە بوو لە تەمووزی ١٩٨٣دا هێزە ئەمنییەکان و سەربازییەکانی ڕژێم دەوری ئۆردوگایەکیان لە *قوشتەپە* دا، کە بارزانییەکانی تێدا نیشتەجێ کرابوو، هەرچی پیاو و گەنج و مێرمنداڵی ئۆردوگاکە بوو ڕایان پێچان بەرەو شوێنێکی نادیار. دواتر **سەدام** دانی بەوەدا نا کە هەموویان نێردران بۆ

[1]. نووسەر لە *تەلەفزیۆنی عێراقی* گوێی لەو قسانەی **سەدام** بوو.

"جەهەنەم".[١] واتە لەناو بران. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە پشتیوانیکردن لە *ئێران* تاکە هۆکاری جینۆسایدی بارزانییەکان و هەڵمەتەکانی *ئەنفال* و کیمیابارانەکان بوو، بەڵام ڕژێم بەدوای پاساوێکدا دەگەڕا. بە هەرحاڵ، دواتر زیاتر لەسەر هۆکارەکانی جینۆسایدی کورد قسە دەکرێت (بڕوانە بڕگەکانی دیکەی ئەم بەشە).

دوای ئەوەی حکومەتی *عێراق* بۆی دەرکەوت کە ڕێوشوێن و هەوڵەکانی بۆ بەشداریپێکردنی کوردەکان لە بەرەکانی جەنگ بێبەرهەمە، ئیدی بەرنامەیەکی دیکەی خستە ڕوو بە ناوی الافواج الخفیفة (فەوجە خەفیفەکان)، تا کوردەکان لە ناوچە کوردییەکان خزمەتی سەربازی بکەن. بە تۆمار ڕژێم نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ کەسی لە ڕیزەکانی فەوجە خەفیفەکان چەکدار کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی کردەیی لە فەوجەکاندا خزمەتیان دەکرد، چارەگی ئەو ژمارەیەش نەدەبوو، چونکە بەشی هەرە زۆریان چەکداری بندیوار بوون. بەو مانایەی کە کەسە ناونووسراوەکان لە بەرانبەر پێناسێک و بەرگەیەکی هاتوچۆ لە مووچەکەی خۆیان یان بەشێکی خۆش دەبوون بۆ ئامرفەوجەکەیان، واتە موستەشارەکەیان. بە کورتی فەوجە خەفیفەکان بۆ کوردەکان ئامڕازێک بوو بۆ خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی. بۆ حکومەتیش میکانزمێک بوو کە لە ڕێگەیەوە ڕێگری لە پەیوەندیکردنی سەربازە فیرارەکان بە *هێزی پێشمەرگە* و ئۆپۆزسیۆنی کورد لە شاخەکانی *کوردستان* بکات.

بەشدارینەکردنی کوردەکان لە شەڕ، کە تا ڕادەیەک دیاردەیەکی گشتی بوو، ئەوە پیشان دەدات کە هەڕەشە دەرەکییەکەی سەر *عێراق* نەبووبێتە مایەی بزواندن یان دروستکردنی هەستی هاوسۆزی لە نێوان کوردەکان و عەرەبەکان. لە ڕاستیدا کوردەکان نەک هەر بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە بەرگری لە *عێراق* نەکرد، بەڵکو بزووتنەوەی کوردایەتی، بە هەموو باڵاکانیەوە، لە ساڵانی جەنگی *عێراق-ئێران* بووژانەوەیەکی بەرچاوی بە

---

[1]. نووسەر یەک مانگ دوای شوێنبزکردنی بارزانییەکان *لە تەلەفزیۆنی عێراقی* گوێی لە **سەدام** بوو کە گوتی "و قد نالو عقابهم الصارم و ذهبو الی الجحیم"، واتە "سزای قورسی خۆیان وەرگرت و چوون بۆ جەهەننەم". بڕوانە ئەم لینکە <https://goo.gl/0xuAO8>.

خۆیەوە بینی، تا ڕادەیەک کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان، حکومەت کۆنترۆڵی ناوچە شاخاوییەکان و دێهاتەکانی لە سەرتاسەری *کوردستان* لەدەست دابوو، بەتایبەتی لە شەودا. حکومەت تەنیا شار و شارۆچەکان و ڕێگە سەرەکییەکانی بە دەستەوە مابوو. ئەمەش زیاتر لێکترازان و دابەشبوونی نیشتمانیی پیشان دەدا لە یەکێتی و بەیەکەوەنووسان و هاوسۆزی و هاوشوناسی.

لە پەیوەند بە هەڵوێستی شیعەکان، دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بەشداریی شیعەکان لە جەنگ و بەرگریکردنیان لە *عێراق* بەرچاو بوو، بە ڕادەیەک کە ناکرێت بەراورد بکرێت بە هەڵوێستی کوردەکان. سەرەڕای ئەوە هەندێک دیاردە و ڕووداو و دەرکەوت لە ساڵانی جەنگ هاتنە پێش یان سەریان هەڵدا کە ناکرێت نادیدە بکرێن، چونکە ئەوە پیشان دەدەن کە هەڕەشەکانی *ئێران* ئەوەندە کاریگەر نەبووە لەسەر یەکڕیزکردنی عێراقییەکان وەک ئەوەی هەندێک ئەکادیمی باسی دەکەن. لە سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئۆپۆزسیۆنی چەکداری شیعە لە دژی *حکومەتی عێراق* لە ساڵانی جەنگ لەگەڵ *ئێران* سەری هەڵدا و گەشەی کرد. لەوەش گرنگتر *ئێران*، سەرچاوەی هەڕەشەکە لەسەر *عێراق*، ببووە سەنتەری لەدایکبوون و گردبوونەوە و خۆڕێکخستن و وەگەڕخستنی ئۆپۆزسیۆنی شیعە. *ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق* (ناسراو بە *مەجلسی ئەعلا*)، کە گەورەترین چەتری گروپە ئۆپۆزسیۆنە شیعەکانی *عێراق* بوو، لە ساڵی ١٩٨٢، دوو ساڵ لە دوای دەستپێکردنی جەنگی *عێراق-ئێران* لە *تاران* دامەزرا. لە پاڵ ئەمە، تا دەگاتە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢، *عێراق* نزیکەی ٥٠٠٠٠ دیلی هەبوو لە *ئێران* (Bengio, *MECS* 1982-83: 566). بەشی هەرە زۆری دیلەکان سەربازی شیعە بوون. بەپێی ڕێککەوتنێک لە نێوان *مەجلسی ئەعلا* و ڕژێمی ئێرانی، بەشێک لەو دیلانە ئازاد کران بە مەرجی پەیوەندیکردن لەگەڵ *مەجلسی ئەعلا*، کە دواتر بوو بە بنەمای دامەزراندنی *ڕێکخراوی بەدر* (*منظمة البدر*). ڕێکخراوی بەدر کە لە ساڵی ١٩٨٣دا دامەزرا، بوو بە باڵی سەربازیی *مەجلیس ئەعلا* و لە لایەن ئێرانییەکانەوە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرا و دواتریش پڕچەک کران. لە ناوەڕاستی هەشتاکان ژمارەی چەکدارە

ڕێکخراوەکان لە ڕیزەکانی *ڕێکخراوی بەدر* بە ١٠٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ جەنگاوەر مەزەندە دەکرا (Abedin 2003b). ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە ڕاستە شیعەکان لە سەرێکەوە بەشدار بوون لە بەرگریکردن لە *عێراق*، بەڵام لە سەرێکەوە هاوسەنگەر بوون لەگەڵ هێزە هەڕەشەکەرەکە لە دژی *عێراق*. ئەمەش پرسیاری ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ، کە ئەو هاوسۆزییەی کە هەشبووە لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق*، هاوسۆزییەکی لەرزۆک و ڕیشەداکوتاو نەبووە.

دوای چوار ساڵ لە شەڕ، واتە لە ساڵی ١٩٨٤، فیرارکردن و نەچوون بۆ خزمەتی سەربازی لە ناوچە کوردییەکان و شیعییەکان ببوو بە کێشەیەکی ترسناک بۆ حکومەت. هەندێک ڕاپۆرت باس لەوە دەکەن کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان ژمارەی فیرارەکان گەیشتبووە ٤٠٠٠٠ کەس (HRW 1990: 53)،[1] زۆربەیان شیعە بوون و پەنایان بردبوو بۆ زۆنگاوەکان (الاهوار) لە باشووری *عێراق* و گەڕەکە هەژارنشینەکان لە *بەغداد* و شارەکانی دیکە. هەندێک سەرچاوەی دیکە ژمارەی فیرارەکان زۆر لەو ژمارەیە زیاتر مەزەندە دەکەن و دەڵێن کاتی وا هەبووە ژمارەیان گەیشتۆتە ١٢٠٠٠٠ فیرار (Bengio, *MECS* 1985-86: 465). سەربازە فیرارەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی شیعی، سەرەڕای مەترسییە زۆرەکان، کەچی لە زۆنگاوەکانی پارێزگاکانی *بەسرە* و *عمارە* و ناسرییە خۆیان لە گروپی چەکداری ڕێک خستبوو، لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەستیان کرد بە ئەنجامدانی چالاکیی پارتیزانی (Ahmed 2003). بۆ بەگژداچونەوەی چالاکییەکانی ئەو گروپانە، ڕژێم دەستی بۆ هەندێک ڕێوشوێنی زۆر قێزەون برد، وەک ژەهراویکردنی ژینگە و سووتاندنی خانووە حەسیرەکانی دانیشتوانی زۆنگاوەکان لەگەڵ ئابڵووقەی ئابووری. کاتێک حکومەت بۆی دەرکەوت کە ئەم ڕێوشوێنانە ڕێگر نین لە بەردەم فیرارکردن و پەیوەندیکردنی گەنجان بە چەکدارەکان لە زۆنگاوەکان، بەوانەشەوە نەوەستا و دەستی بۆ هەندێک ڕێوشوێنی یاسایی دیکە برد. بۆ نموونە، لە کانوونی دووەمی ١٩٨٤دا سزای لەسێدارەدانی بۆ فیرارکردن سەپاند، دواتر فیرارکردن وەک تاوانێکی ئەخلاقی ناسێنرا (الوقائع العراقية ١٩٨٤/١/٢؛ ١٩٨٨/٢/١). دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە

---

1. HRW کورتکراوەی *Human Rights Watch*ە.

دەسەڵاتدارانی عێراقی دوای تێپەڕبوونی ساڵێک لە جەنگ، لە بەرەکانی جەنگ گروپی لەسێدارەدانیان دروست کردبوو. ئەم گروپانە لە دواوەی بەرەکانی جەنگ دانرابوون و سەربازە هەڵاهاتووەکانیان هەر لەوێ دەستبەجێ بێ لێکوڵینەوە و دادگا گوللەباران دەکرد. لەمانەش زیاتر، ڕژێم بە بڕیارێک ژنانی کەسانی فیرار، یان ئەوانەی پەیوەندییان بە گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن کردووە، ئازاد کرد کە داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکەن لە مێردەکانیان (الوقائع العراقیة ١٩٨٦/١/٢٠). ئەم ڕێوشوێنانە دەرخەری گەورەیی ئەو گرفتانە بوو کە ڕژێم لە ساڵانی جەنگدا دووچاری ببووەوە، نەک دەربڕی بەهێزیی یەکێتی و هاوسەنگەریی عێراقییەکان لە دژی هەڕەشەیەکی دەرەکی. هاوکات ئەوە پیشان دەدەن کە ڕژێم وەک چالاکوانی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ فیرارەکان دەکرد.

خوێندنەوەیەک بۆ ژمارە و باکگراوندی زیندانە سیاسییەکان لە ساڵانی جەنگی *عێراق-ئێران* شێواوی نەک یەکگرتوویی و یەکڕیزیی بەرەی نیشتمانی لە دژی هەڕەشە دەرەکییەکە لە خۆ پیشان دەدات. لە ساڵی ١٩٨٧، ژمارەی زیندانە سیاسییەکان لە گرتووخانە *ئەبوغرێب* لە ٧٠٠٠ کەس تێپەڕی دەکرد. قەبەیی ئەم ژمارەیە زۆر پەیام لەخۆ دەگرێت، لەوانە گەورەیی ئۆپۆزسیۆن لە *عێراق* لە ساڵانی شەڕ. ئەگەر لە نەتەوە و مەزهەبی زیندانییەکان بکۆڵینەوە، ئەوە ئەویش پەردە لەسەر هەندێک ڕاستیی دیکە هەڵدەماڵێت. لە ناو گرتووخانەکەی *ئەبوغرێب* زیندانییەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش کرابوون: گروپی یەکەم کە ژمارەیان دەگەیشتە ٣٠٠٠، خزم و کەسوکاریان دەیانتوانی هەردوو حەفتە جارێک سەردانیان بکەن، واتە مواجەهەیان هەبوو. گروپی دووەم کە ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠٠ کەس دەبوو، کەس بۆی نەبوو سەردانیان بکات، واتە مواجەهەیان نەبوو.[1] ڕێژەی کوردەکان لە ناو گروپی یەکەمدا بە

[1]. نووسەر ئەم زانیارییانەی لە دوو کەس وەرگرتووە: یەکەمیان ناوی **محەمەد حەمەدئەمین سادق** بوو، کە لە تەمووزی ١٩٨٧ەوە تا ئەیلوولی ١٩٨٨ وەک زیندانێکی سیاسیی کورد لە *ئەبوغرێب* لەگەڵ گروپی یەکەم حەپس کرابوو. دووەمیان ناوی **محەمەد باقر حەسەن مەجید** بوو، کە وەک زیندانێکی سیاسیی شیعە لە نیسانی ١٩٨٠ تا کانوونی یەکەمی ١٩٩١ لەگەڵ

نزیکەی ٦٠% (١٨٠٠ کەس) مەزەندە کراوە. لە دوای ئەوان شیعەکان دەهاتن بە ڕێژەی ٣٥% (١٠٥٠ کەس)، ئەوانەی دیکە لە پێکهاتەی سوننە و گروپە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە بوون. گروپی دووەم هەر هەموویان شیعە بوون. ئەم ژمارانە دوو شت دەردەخەن: یەکەم، لە ساڵانی شەڕ هێزی ئۆپۆزسیۆن لە گەشەدا بوو ئەگەر نەڵێین گەیشتبووە ترۆپک. دووەم، پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆن، چ ئەوانەی لە چیاکانی *کوردستان* و زۆنگاوەکانی باشووری *عێراق* بوون و چ ئەوانەش کە فیرار بوون لەگەڵ ئەوانەش کە لە گرتووخانەکان بوون، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی مەزهەبی و نەتەوەیی *عێراق* بوون، شیعە و کوردەکان لە ئۆپۆزسیۆن و سوننەکان لە حوکم. ئەوە تەنیا ڕێکەوت نییە کە سوننەکان لە ناو ڕیزی چەکدارەکان، فیرارەکان یان زیندانییەکان، بە دەگمەن نەبێت نابینرێن، بەڵکو وەک لە بەڵگە و شرۆڤەکانی پێشووتریش دەرکەوتن، دەربڕی دابەشبوونی مەزهەبی و نەتەوەیی *عێراق* دەردەخات، کە هەڕەشە دەرەکییەکانیش نەیانتوانی لێکیان زیک بکاتەوە. ئەوەی کە *عێراق* توانی بەرگری لە خۆی بکات لە بەرانبەر هێرشەکانی *ئێران*، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٧، ناگەڕێتەوە بۆ یەکڕیزی و هاوسەنگەریی پێکهاتەکانی *عێراق*، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی لە پشتەوە بوو. لەوانە ئەو کۆمەک و یارمەتی مادی و مەعنەوییەی، تا ڕادەیەکیش سەربازی، کە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی، بەتایبەتی وڵاتانی *کەنداو*، پێشکەش بە *عێراق*یان دەکرد. لە پاڵ ئەمانەش دروستکردن و بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژییەکان، کە ڕژێم هەم لە بەرانبەر ئێرانییەکان و هەم لە بەرانبەر هێزەکانی *پێشمەرگە* بێ سڵەمینەوە کەڵکی لێ وەردەگرت.

*عێراق* لە ڕۆژی دروستکردنیەوە لە لایەن *تورکیا* و *ئێران* کەم تا زۆر هەڕەشەی لەسەر بووە. لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستیشدا ڕووبەڕووی سێ جەنگی گەورە بووەوە، جەنگی *عێراق-ئێران*، *جەنگی یەکەمی کەندا* و و جەنگی *دووەمی کەنداو*. لەوە دەچێت هەڕەشەکان هیچ کامیان نەبووبنە مایەی تۆکمەبوونی شوناسی نیشتمانی و لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتەکانی. بە

---

گروپی دووەم لە حەپسخانەی *ئەبوغرێب* زیندانی کرابوو. نووسەر بە خۆشی لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ بینینی زیندانییەکان سەردانی حەپسخانەی *ئەبوغرێب*ی کردووە.

پێچەوانەوە، جەنگی *عێراق-ئێران* بووە مایەی لاوازی یەکڕیزیی نیشتمانی و جەنگی *یەکەمی کەنداو* بووە مایەی لێکترازانی نیشتمانی و جەنگی *دووەمی کەنداو*یش شەڕی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا (بڕوانە بڕگەکانی دواتری ئەم بەشە و بەشی هەشتەم). ئەم دەرکەوت و پێشهاتانە بنکۆڵی ئەو ئارگیومێنتە دەکەن کە گوایە هەڕەشەی دەرەکی دەبێتە مایەی لێکنزیکبوونەوەی نیشتمانی. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم ئارگیومێنتە لە هەموو کەیسێکدا کورت دەهێنێت، بەڵکو زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم تیۆرە ناتوانێت کەیسی *عێراق* وەک پێویست بخوێنێتەوە و ڕوون بکاتەوە. توێژینەوەیەک کە لە لایەن چەند ئەکادیمییەکەوە ئەنجام دراوە، لەسەر پەیوەندیی نێوان داگیرکاری و شانازیی نیشتمانی (Foreign Occupation and National Pride) بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە "خودی داگیرکاری مەرج نییە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی شانازیی نیشتمانی لە ناو ئەندامانی سەر بە پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیەک وەک یەک" (Moaddel et al 2008: 696). ئەم خوێندنەوە و لێکدانەوە و شرۆڤانەی سەرەوەی ئێمە، لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یەک دەگرنەوە.

**شیعەکان و بەعس: فراوانبوونی درزە مەزهەبییەکان**

لە ژێر حوکمی *بەعس*دا شیعەکان هێندەی دیکە چوونەوە ناو قاوغە مەزهەبییەکان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، لە دوای لاوازبوونی حزبی *شیوعی* شیعەکانی ئەو پلاتفۆڕمە سێکولارەیان لەدەست دا، کە لە ناوی ئازار و بێزارییەکانی خۆیان دەردەبڕی و لەسەریدا خەبات و چالاکییان ئەنجام دەدا. دووەم، سیاسەتە دەمارگیرییە مەزهەبییەکانی ڕژێمەکەی *بەعس* و پەراوێزخستنی شیعەکان لە ناو ڕیزەکانی *بەعس* لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، شیعەکانی لە *بەعس*یش مەحروم کرد وەک پلاتفۆڕمێک بۆ کارکردن لەگەڵ لانیکەم سوننە بەعسییەکان. ئەو شیعانەی کە لە ناو *بەعس*یشدا لە دوای هاتنەسەرکاری حزبی *بەعس* لە ساڵی ١٩٦٨دا مابوون و کاریان دەکرد، زۆربەیان کادیرەکانی خوارەوەی حزبیان پێک دەهێنا و پەیوەندییەکی کۆیلانە بە ماستەرە سوننەکانیانەوە بەستبوونیەوە. سێیەم، ئەو فەزا دیاریکراوەی کە

له سەردەمی عارفەکاندا بۆ شیعەکان ئاوەڵە بوو تا تێیدا ئەزموونی ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکانیان بکەن، لەگەڵ گەڕانەوەی *بەعس* بۆسەر حوکم تەنگی پێ هەڵچندرا. لە سەرەتای حەفتاکاندا، *بەعس* بە یەکجاری ڕێوڕەسمی *عاشوورای* قەدە غەکرد و بڵاوکراوەکانی دامودەزگا شیعییەکانی ڕاگرت (Bengio 1985: 2; Abedin 2003a; Shanahan 2004: 18). هەموو ئەمانە هێندەی دیکە شیعەکانی لە *بەعس* دوور خستەوە و پاڵی پێوە نان بۆ ناو قاوغ و دونیا مەزهەبییەکەیان.

لە بەرانبەر سیاسەتەکانی *بەعس* بۆ دەرپەڕاندن و سڕینەوەی ئاسەواری کوردە فەیلییەکان، ئەوەی *بەعس* ناوی نابوون "ئێرانییەکان"، **موحسین حەکیم،** گەورەمەرجەعی شیعەکان، داوای لە حکومەت کرد کە دەستبەرداری هەڵمەتەکانی دەرپەڕاندن بێت، ئەو حکومەتی لە مەترسییەکانی وەها هەنگاوێکدا ئاگەدار کردەوە و دەیگوت ئەم کارانە دەبنە مایەی "لاوازکردنی بەرەی ناوخۆ". هاوکات حزبی *دەعوە* داوای لە **حەکیم** کرد کە داوا لە حکومەت بکات واز بهێنێت لە سنووردارکردنی حەوزە شیعییەکان و ڕێگە بدات بە خوێندنی سیستەمەکانی مەزهەبی شیعە لە خوێندنگە ئایینییە حکومییەکان. داواشی کردبوو کە هەل بڕەخسێنرێت بۆ شیعەکان تا بتوانن پۆستە باڵاکان لە حکومەت وەربگرن و ئازادییە سیاسییەکانیش فەراهەم بکرێن (Jabar 2003: 204-206).

لەبری گوێگرتن لە نیگەرانی و داواکانی **حەکیم** و شیعەکان، حکومەت یەکێک لە کوڕەکانی **حەکیم**ی بە ناوی **مەهدی حەکیم** تاوانبار کرد بە سیخوڕیکردن بۆ *ئێران* و سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاند.[١] لە خەفەت نەهامەتییەکانی شیعەکان و کوڕەکەی و لەبەر پیربوونی، **موحسین حەکیم** لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا مرد. خەڵکێکی زۆر بەشداریی مەڕاسیمی ناشتنەکەیان کرد و بێزاریی خۆیان لە ڕژێمەکەی *بەعس* بە گوتنەوەی دروشم لە دژی حکومەت و *بەعس* دەربڕی (Jabar 2003: 206). مردنی **حەکیم** بۆشاییەکی بەجێ هێشت لە فەزای سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیی شیعەکان، کە لە لایەن

---

[1]. **مەهدی حەکیم** بە دزییەوە لە زیندان ڕزگار کرا، بەڵام لە دەست ڕژێم دەربازی نەبوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٨دا لە *سودان* لە لایەن سیخوڕەکانی ڕژێم کوژرا.

گەنجێکی ڕادیکاڵ و چالاک و پڕتوانا، **محەمەد باقر سەدر**، پڕ کرایەوە. بە هاتنەپێشی **باقر سەدر** حزبی *دەعوە* تەکانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، چونکە ئەو هەم خەونی سیاسیی بۆ کۆمەڵگەی عێراقی هەبوو، زۆریش لە **حەکیم** و **خووئی**، کە ڕابەرێکی دیکەی ئاییینی شیعەکان بوو ئەوکات، زیاتر تێکەڵ بە سیاسەت ببوو. هاوکات **باقر سەدر** کۆنەدامەزرێنەر و تیۆریستی *دەعوە* بوو. بە بوونی ڕابەرێک کە سەرچاوەی ئیلهام و وزە بوو، *دەعوە* گەشەی ڕێکخراوەیی بە خۆیەوە بینی، هەم لە ئەندامگیری و هەم لە خۆڕێکخستن و وەگەڕخستنی جەماوەر. دەزگا ئەمنییەکانی *عێراق* هەستیان بە زیادبوونی چالاکییەکانی حزبی *دەعوە* کرد و هەڵمەتێکیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ دا لەدژی *دەعوە* دەست پێ کرد. حەوت ئەندامی بەرزی حزبەکەیان گرت، لەوانە **باقر سەدر** و **عەبدولساحیب دەخیل**. بێجگە لە **باقر سەدر**، هەموو سەرکردە دەستگیرکراوەکانی دیکەی *دەعوە* لە سێدارە دران. بێجگە ئەمانە، چەند گرووپی دیکە لە کادیرانی حزبی *دەعوە* لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ گیران و لەناو بردران (الموسوی ٢٠٠٠).

لە ساڵی ١٩٧٧، ڕژێم بڕیاری قەدەغەکردنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی (اربعینیة) کوژرانی **ئیمام حسێن**ی دەرکرد، مەڕاسیمێک کە ساڵانە شیعەکان لە دوای *عاشوورا* بەڕێوەی دەبەن بە ڕۆیشتن بەپێ بۆ *کەربەلا*. هەندێک لە پیاوماقوڵانی شیعە هەوڵیان دا کە حکومەت ڕازی بکەن بە پەشیمانبوونەوە لە بڕیاری قەدەغەکردنەکە، بەڵام حکومەت دەستبەجێ هەموویانی گرت. وەک بەگژداچونەوەیەک، خەڵک بڕیاریان دا کە بەرەو *کەربەلا* بەڕێ بکەون. دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم هەوڵیان دا ڕێگە بە خەڵکەکە بگرن، بەڵام لەبەر زۆریی حەشاماتەکە، کە بە ٣٠٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرا، نەیانتوانی پێشڕەویی خەڵکەکە بوەستێنن. خەڵکەکە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن بەرەو *کەربەلا*، تا حکومەت هێزی زیاتری ڕەوانە کرد کە لەگەڵ حەشاماتەکە پێکدا قژان. لە ئەنجامدا، ١٦ کەس کوژرا و ژمارەیەکی زۆرتریش بریندارکران و ٥٠٠ کەسیش گیران و بەرەوڕووی لێکۆڵینەوە کران. دادگایەکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنرابوو، بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر هەشت کەسدا سەپاند و خەڵکێکی زۆریش حوکمی ئەبەدی دران ( Bengio

(1985: 4; Jabar 2003: 213; Marr 2004a: 172-173). له ئاكامی تەقە و كوشتار، ڕۆیشتنەكەی شیعەكان بۆ زیارەتی *كەربەلا* وەرگەڕا بۆ خۆپیشاندان، كە تێیدا خەڵكەكە داوای ڕووخانی ڕژێمیان كرد. ئەم بەگژداچوونەوەیە لە لایەن شیعەكان و وەلامەكەی ڕژێم، كەموێنە بوو لە مێژووی پەیوەندیی نێوان شیعەكان و ڕژێمەكەی *بەعس*.

ئەو نارەزایی و خۆپیشاندانانە كە لە ئەدەبیاتی شیعەكاندا وەك "*مراد الراس* (*مەراد ئەلراس*)"، یان *ڕاپەڕینی سەفەر* ناسراوە، گرنگیی ڕێوڕەسمی *عاشوورا* لە ژیان و كۆیادی شیعەكاندا پیشان دەدات. لەم پەیوەندەدا، وەك لە بەشەكانی پێشووتری ئەم كتێبەش دەركەوت و لەوانەی دواتریش پشتڕاست دەكرێتەوە، دەكرێت بگوترێت لە دوای لاوازبوونی حزبی *شیوعی* و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامییە مەزهەبییەكان، بە شێوەیەكی گشتی شیعەكان نارەزاییەكان و نیگەرانییەكانی خۆیان لە ڕۆژانی *عاشوورا* و لە مەڕاسیمە جیاجیا ئایینییەكاندا دەربڕیوە. ئەو دروشمانەی كە لەڕاپەڕینەكەی *سەفەر* بەكار هاتن، ڕادەی ڕۆیشتن و گواستنەوەی شیعەكان لە گرنگیدان بە پرسە نیشتمانییە گشتییەكانەوە بۆ پرسە مەزهەبی و لۆكاڵییەكان پیشان دەدا. هاوكات ئەوەش دەردەخات كە چۆن شیعەكان چەوساندنەوە مێژووییەكانیان، كە بەشێكی سەرەكی لە كۆیادیان پێك دەهێنێت، دەبەستنەوە بەو غەدرانەی كە لەو ئانوساتانەدا لێیان كراوە، بۆ نموونە لە یەكێك لە دروشمەكانی ڕاپەڕینەكەی *سەفەر*دا دەیانگوت:

"تەحەدای چاوی نەیاران (بەعسییەكان) دەكەین بە وەلاّ
ئالاّكانمان بەرز دەشەكێنەوە بەملا و ئەولا
بە شەوقەوە دێین بەرەو *كەربەلا*
سەردانی مەرقەدی شەهید (**ئیمام حسێن**) دەكەین ئا وەلاّ" (Jabar 2003: 210).

هەوڵەكانی بەعس لە ڕێگریكردن لەڕێوڕەسمەكانی *عاشوورا* دەكرێت ببەسترێتەوە بە كۆششەكانی ئەو لە دروستكردنی دەوڵەت-نەتەوەیەك كە لە خەیاڵگەی *بەعس*دا بوو، دەوڵەتێك كە جێگەی ئەو جۆرە شوناس و دەركەوتە مەزهەبیانەی تێدا نەدەبووەوە، چونكە *بەعس* دەیویست دەوڵەتێكی نەتەوەیی،

تاکحزبی، تاکڕەنگی، عەرەبی-سونی دروست بکات. ئەم وێنەیەی *بەعس* بۆ دەوڵەت دوای ئەوەی کە **سەدام** بوو بە تاکەکەسی دەسەڵاتدار، کە پرۆسەی بەسەدامکردنی بەدوای خۆیدا هێنا، ئیدی ڕەنگە عەرەبییە-سوننەکەیشی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، چونکە هەموو شتێک لە کەسایەتیی **سەدام**دا ئاوێتە کرابوو. بە واتایەکی دیکە، حکومەت بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکڕەنگی، بەس ڕەنگەکانی هێندەی ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی **سەدام** بوو، هێندە ڕەنگدانەوەی هیچ ئایدیۆلۆجیایەک و جیهانبینییەک نەبوو.

ئەم ڕووداو و پێشهات و خۆپیشاندان و ناڕەزاییانە یەکەم کاری سیاسیی گەورە بوون، کە *دەعوە* وەک حزب ڕۆڵی تێدا بگێڕێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە *دەعوە* تاکە لایەن نەبوو لە ڕێکخستنی چالاکییەکان، چونکە خۆپیشاندانەکان زوو قاڵبێکی جەماوەرییان وەرگرت. دامەزراوە سوننەتییە ئایینییەکانی شیعەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە ئاراستەکردن و وەگەڕخستنی خەڵکەکە بینی، ئەمەش جارێکی دیکە بەرزیی پێگەی ئەو دامەزراوانە لە ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئایینیی شیعەکان زەق دەکاتەوە. ڕاپەڕینەکە دەربڕی بێزارییەکی گشتی بوو، بەڵام ئەو ڕێوشوێنە توند و بێبەزەییانەی کە ڕژێم لە بەرانبەر خۆپیشاندەرەکان و ڕابەرەکانیان وەری گرت، پاڵی بە ئۆپۆزسیۆنە ساواکە نا کە بچێتە ژێرزەمین و لەوێوە درێژە بە کار و چالاکییەکانیان بدات. لە بەرانبەر کارە سەرکوتکەرییەکانی حکومەت، ڕێکخراوێکی دیکە لە ژێر پەردەوە پەیدا بوو بە ناوی *منظمة العمل الاسلامی* (*ڕێکخراوی کاری ئیسلامی*)، کە لە لایەن پیاوێکی ئایینیی شیعە، **محەمەد تەقی مودەڕیس،** کە خەڵکی *کەربەلا* بوو، سەرکردایەتی دەکرا. *مونەزەمەی عەمەل* وەک ڕێکخراوێکی جەنگاوەرانە (Militant) هاتە گۆڕەپانەکە و داوای هەڵگرتنی چەکی دەکرد لە دژی ڕژێم. لە سەرەتای هەشتاکاندا، ئەم ڕێکخراوە دەستی هەبوو لە کۆمەڵێک چالاکیی پارتیزانانە و تەقینەوە و کوشتن ( Jabar 2003: 216-226).

*شۆڕشی گەلانی ئێران* لە ساڵی ١٩٧٩ بووە مایەی ڕووخانی ڕژێمەکەی **محەمەد ڕەزا شا،** کە دەسەڵاتگرتنەدەستی **خومەینی** و بەئیسلامیکردنی شۆڕشەکەشی لێ کەوتەوە و وەرچەرخانێکی مێژووییش بوو نەک هەر لە

ڕۆژهەڵاتی *ناوەڕاست*، بەڵکو لە تەواوی جیهان، پشتیوانییەکی چاکیش بوو بەتایبەتی بۆ بزووتنەوە شیعییەکان لە ناوچەکە. سەرەڕای ئەوە، زیادەڕۆییە ئەگەر وەک هەندێک ئەکادیمی دیکە بڵێین کە *شۆڕشی ئیسلامیی ئێران* بووە مایەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی شیعی لە *عێراق* ( Marr 2004a: 175; Bengio 1985: 5)، یان ئەوەتا بڵێین کە شۆڕشەکەی *ئێران* بزووتنەوەی شیعەکانی عێراقی لە سەرنجدان لەسەر چالاکییە پەروەردەییە نهێنییەکانەوە گۆڕی بۆ دەستبردن بۆ خەباتی جەماوەریی سیاسیی ئاشکرا (Jabar 2003: 225). ئەم لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانە بۆ بزووتنەوەی شیعەگەرایی لە *عێراق* هەڵە نین، بەڵام تەواوی ڕاستییەکانیش پیشان نادەن، چونکە بزووتنەوەی سیاسیی شیعەگەرایی لە *عێراق* وەک ڕێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی حزبی *دەعوە* لە ساڵی ١٩٥٩. دواتریش چالاکبوونی لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان. وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەرییش، نزیکەی دوو ساڵ پێش سەرکەوتنی *شۆڕشی ئیسلامیی ئێران*، واتە لە ساڵی ١٩٧٧، وەک لە سەرەوە باس کرا، دەرکەوتبوو. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی-مەزهەبیی شیعەکان بەوەی کە پێش *شۆڕشی ئێران* پەیدا بووە، سەرچاوە بەعسییەکانیش پشتڕاستی دەکەنەوە (بڕوانە حزب البعث ١٩٨٣: ٢٩٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بزووتنەوە سیاسییە مەزهەبییە شیعییەکەی *عێراق*، بزاڤێکی جەماوەریی ڕەسەنی عێراقییە لەوەی کە بزووتنەوەیەک بێت کە ئیلهامی لە *ئێران* وەرگرتبێت. لەوەش زیاتر بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییە ئێرانییەکە، کە **ئایەتوڵڵا خومەینی** ڕابەرایەتیی دەکرد،[1] هەندێک لە بیرۆکە سیاسیی و ئابوورییەکانی لە نووسینەکانی ڕابەری بزووتنەوە سیاسییە مەزهەبییە شیعییەکەی عێراق، **باقر سەدر**، وەرگرتبوو. **ئایەتوڵا خومەینی** لە

[1]. **ئایەتوڵڵا خومەینی** (١٩٠٢-١٩٨٩)، پیاوێکی ئایینیی و سیاسەتوانێکی ئێرانی بوو، کە ڕابەرایەتیی ئەو بزوتنەوەیەی کرد کە بووە مایەی ڕووخانی **مەحەمەد ڕەزا شا پەهلەوی**، شای ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا. ئەو دواتر بوو بە ڕابەری باڵای *کۆماری ئیسلامیی ئێران*، پۆستێک کە لە دەستووره نوێیەکەی *ئێران* داهێنرا و بەرزترین پلەی ئایینی و سیاسییە لە *ئێران*.

شەستەکان و حەفتاکاندا کە لە *نەجەف* بوو، ئاشنا ببوو بە نووسین و تێگەیشتنەکانی **باقر سەدر**، سەرەڕای ئەمە، ناکرێت لە بایەخی سەرکەوتنی **شۆڕشی ئیسلامیی ئێران** لە تەکاندان بە بزووتنەوە ئیسلامییە مەزهەبییە شیعییەکەی عێراق کەم بکەینەوە. *شۆڕشی ئیسلامیی ئێران* کاریگەریی نەک هەر لەسەر بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییە شیعییەکانی جیهان هەبوو، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ڕێکخراو و بزاڤە سیاسییە ئیسلامییە سوننەکانیش بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. هەر بۆیەش لە *عێراق* دەبینین ئەو بزووتنەوەیەی کە لە ساڵی ١٩٧٧ سەرکوت کرا، لە ساڵی ١٩٧٩ لە دوای دامەزراندنی *کۆماری ئیسلامیی ئێران* زیندوو دەبێتەوە. ڕووداوەکانی *ئێرانی* دراوسێ، ورە و وزەیەکی دیکەی دا بە **باقر سەدر**، کە بوون بە مایەی بەگژداچوونەوەی ڕژێم. ئەویش بە دەرکردنی چەند بەیاننامەیەک کە پشتیوانیی خۆی بۆ *شۆڕشی ئیسلامیی ئێران* بەیان کرد. ئەوەی لەوەش زیاتر جێگەی مشتومڕ بوو، دەرکردنی فەتوایەک بوو لە لایەن **باقر سەدر**، کە گوایە تێیدا ئەندامبوونی لە حزبی *بەعس* حەرام ڕاگەیاندووە (الموسوی ٢٠٠٠؛ Abedin 2003a).

دڵخۆشی و سەرسامبوون بە *شۆڕشی ئێران* و خەونبینین بە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموون لە *عێراق*، ڕێخۆشکەر بوون بۆ بەگژداچوونەوەیەکی دیکەی شیعەکان بە ڕژێمەکەی *بەعس*، کە ناسراوە بە *ڕاپەڕینی ڕەجەب (انتفاضة رجب)*. **باقر سەدر** لە ڕێگەی وەکیلەکانییەوە ویستی هێز و توانای جەماوەری و کەسیی خۆی پیشان بدات. هەوڵەکانی **باقر سەدر** لە لایەن دەعوەوە پێشوازی و پشتیوانیی لێ کرا، ئەویش بە ناردنی ئەندامان و لایەنگران بۆ *نەجەف* بۆ پێدانی بەیعە (پەیمان) بە **باقر سەدر**. لە ئایاری ١٩٧٩دا خەڵک بە لێشاو لە شارە شیعەنشینەکانەوە بەڕێ کەوتن و *نەجەف*یان کرد بە شانۆیەکی گەورە بۆ خۆپیشاندان. خۆپیشاندەران دروشمی "باسم **الخمینی** و **الصدر** *الاسلام* یظل شامخا/منتصرا"، واتە "بە ناوی **خومەینی** و **سەدر** *ئیسلام* هەمیشە سەرکەتووە"، هەروەها "لا ولی الا **علی**، نرید قائد جعفری"، واتە "هیچ ڕابەرێکمان قبووڵ نییە **عەلی** نەبێت، سەرکردەیەکی شیعیمان دەوێت" (بڕوانە Jabar 2003: 230). زاڵیی ترس لە گۆڕانکارییەکانی *ئێران* هێندەی دیکە ڕژێمی توندتر کرد لەسەر

سەرکوتکردن و بنبڕکردنی هەر جووڵانەوەیەکی هاوشێوە لە *عێراق*. ئەوە بوو لە حوزەیرانی ١٩٧٩ هێزە ئەمنییەکان **باقر سەدر**یان دەستگیر کرد، ئەمەش خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە *نەجەف* لێ کەوتەوە. لە ژێر فشاری جەماوەری و ترس لە گەشەکردنی نارەزایەتییەکان بۆ شارەکانی دیکە، حکومەت **باقر سەدری** ئازاد کرد. جێگەی ئاماژەیە کە ئەوکات **سەدام** بە فەرمی کەسی یەکەم نەبوو لە دەسەڵات و وا پێ دەچێت هاوڕێکانی لە حزب داوایان لێ کردبێت کە کەمێک بە نەرمی بەرانبەر **باقر سەدر** و هەوادارانی بنوێنێت. لە تەمووزی هەمان ساڵدا، کاتێک **سەدام** سەرۆک **ئەحمەد حەسەن بەکری** لە پۆستەکەی لا دا و خۆی پلەی یەکەمی لە دەسەڵات و حکومەت و حزبدا وەرگرت و کۆمەڵێک سەرکردە و کادیری بەرزی لە حزب و حکومەت لەسێدارە دا، زۆری پێ نەچوو ڕووی لە شیعەکان و سەرکردەکانیان کرد. ئەوەبوو باقر سەدر خرایە ژێر چاودێریو فەرمانیپێدرا کە لە ماڵەوە دەرنەچێت. لە هەڵمەتێکی بەرفراوانیشدا ٤٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ لە ئەندامان و لایەنگرانی *دەعوە* بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەستگیر کران و لە زیندانەکاندا ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە کرانەوە و بەشێکیان هەر لەوێدا گیانیان لەدەست دا (Jabar 2003: 231-233).

لە ترسی هەڵمەتە ڕەشبگیرەکانی ڕژێم، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی *دەعوە* و چالاکوانە شیعەکان *عێراق*یان بەرەو هەندەران بەجێ هێشت. بەشێکی زۆریان لە *ئێران* گیرسانەوە. لە ئازاری ١٩٨٠ بە بڕیارێکی *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* ئەندامێتی لە حزبی *دەعوە* وەک تاوان ڕاگەیەندرا و سزای لەسێدارەدانیش بۆ تاوانەکە سەپێندرا (الوقائع العراقیة ١٩٨٤/١/٢).[١] تا دەهات فەزای سیاسی تەسک دەبووەوە، بۆیە بزووتنەوە و چالاکیی شیعەکانیش تا دەهات خەسڵەتی جەنگاوەری و چەکداریی وەردەگرت. تا گەیشتە ڕادەیەک کە دەست بۆ توندوتیژی و کوشتن و تەقینەوە ببەن. لە ١ی نیسانی ١٩٨٠، هەوڵێک درا بۆ کوشتنی **تاریق عەزیز**،

[1]. بڕیاری ژمارە ٤٦١ی *ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش* کە سزای لەسێدارەدانی بەسەر ئەندامبوون لە حزبی *دەعوە* سەپاند، لە ٣١ی ئازاری ١٩٨٠ دەرچووبوو، بەڵام لە ژمارە ٢٩٧٤ی گۆڤاری وەقائعی عێراقی لە ٢ی کانونی دووەمی ١٩٨٤ بڵاو کراوەتەوە.

جێگری سەرۆکوەزیرانی ئەوکات و وەزیری دەرەوەی دواتر، لە بەردەرگەی سەرەکیی *زانکۆی موستەنسرییە* لە *بەغداد*. سەرەڕای ئەوەی کە لە هەمان ڕۆژدا لە میدیاکانی حکومەت کەسێک بە ناوی **سەمیر میر غولام** تاوانبار کرا بە ئەنجامدانی هێرشەکە، کەچی لە ٤ی نیسان پیاوانی ڕژێم **باقر سەدر**یان جارێکی دیکە ڕاپێچی زیندانەکان کرد. چەند ڕۆژێک دوای زیندانیکردنی لە گرتووخانەکەی کوژرا. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* کە گەورە مەرجەعێکی شیعەکان لە لایەن حکومەت بکوژرێت. کوشتنی **باقر سەدر** بە دەستی پیاوانی ڕژێم هێندەی دیکە پێگەی ئەو کەسایەتییەی لە چاوی شیعەکان بەرز کردەوە.

ئەم زنجیرە ڕووداو و پێشهات و هەڵوێستانە لە لایەن شیعەکان و ڕژێمەکەی *بەعس* کۆمەڵێک وێنە و ڕاستیمان بۆ دەردەخەن و دەردەخەنەوە: یەکەم، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئۆپۆزسیۆنی شیعی بنەماکانی لەسەر پاڵنەر و بەها ئایینییە-مەزهەبییەکان داناوە. دووەم، جارێکی دیکە گرنگی و ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعەکانی *عێراق* پیشان دەدەن. سێیەم، مکووڕبوونی دەسەڵاتدارانی *عێراق* زەق دەکەنەوە لە لەناوبردنی هەر جۆرە ئۆپۆزسیۆنێک، بچووک یان گەورە، مەزهەبی یان غەیرەمەزهەبی، بە بەکارهێنانی هەموو ئامڕازەکانی سەرکوتکردن، هەر لە کوشتنی تاکەکەسەوە بگرە تا دەگاتە دەرپەڕاندن و قڕکردنی دەستەجەمعی. چوارەم، ڕووداوەکان ئەوەش دەردەخەن کە بە پێچەوانەی پەنجاکان و شەستەکان، کە دەنگە ناڕەزاکان و خۆپیشاندانەکان تا ڕادەیەک سنوورەکانی مەزهەب و نەتەوەیان تێپەڕ دەکرد، وەک ئەوەی لە *ڕاپەڕینی وەسبە* لە ساڵی ١٩٤٨ و ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩٥٢ و ١٩٥٦، کە لە لایەن حزبی *شیوعی* ڕابەرایەتی دەکران، بەدی دەکرا (بڕوانە بەشی چوارەم)، کەچی ئەم جارە خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکان لە ناوچە شیعەنشینەکان قەتیس مابوون. بە واتایەکی دیکە، هیچ هاوکارییەک و هاوسۆزییەک بۆ شیعەکان لە لایەن پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق*، کورد و سوننەکان، بەرچاو نەدەکەوت. ئەمەش کارئاسانیی بۆ ڕژێم دەکرد لە بەکارهێنانی هێز بۆ کپکردنی ئۆپۆزسیۆن. لەوەش ڕوونتر بڵێین، بەئایینیبوون بەئیسلامیبوون و بەمەزهەبیبوونی

ئۆپۆزسیۆن لە باشووری *عێراق*، درزەکانی نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* هێندەی دیکە فراوانتر کرد.

بۆ ڕێگرتن لە کاریگەریی *ئێران* لەسەر شیعەکان و ئۆپۆزسیۆنە ساواکەی، هاوکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێزەوە چارەسەری ناوچە کێشەلەسەرەکانی لەگەڵ *ئێران* بکات، یان چاکتر بڵێین بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە لە بەرانبەر پشتتێکردن لە بزووتنەوەی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا **سەدام** دابوونی بە شای *ئێران*، *عێراق* لە ئەیلولی ١٩٨٠دا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر *ئێران*. بێجگە لە ئاکام و دەرئەنجامە مادییە وێرانکەرەکان و زیانە گیانییەکان، کە زیاتر لە ساڵانی دواتر دەرکەوتن، هەر لە ساڵانی یەکەمیش دەرئەنجامی پێچەوانەی نیەتەکانی ڕژێمەکەی **سەدام**ی لێ کەوتەوە، لەوانە بوونی *ئێران* بە هێلانەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی شیعی. کۆبوونەوەی گروپە ئۆپۆزسیۆن و چالاکوانە شیعەکان لە *ئێران* پاش ماوەیەک دامەزراندنی *مەجلسی ئەعلای* لە ساڵی ١٩٨٢دا لێ کەوتەوە.[1] دامەزراندنی *مەجلسی ئەعلا* پەیوەندیی هەم بە هەوڵی شیعەکانەوە بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم و هەم بە تەماحەکانی ئێران لە بەکارهێنانی *مەجلسی ئەعلا* و چەکدارەکانی لە جەنگەکەی لەگەڵ *عێراق*، تا ڕادەی ئەوەی کە پلانی داگیرکردنی *عێراق* و دامەزراندنی حکومەتێکی هاوشێوەی *ئێران*یش داڕێژرابوو، بەڵام ئیدی پلانەکە سەری نەگرت. لەگەڵ ئەوەی *مەجلسی ئەعلا* لە نزیکەوە هاوکاریی *ئێرانی* دەکرد، بەڵام هەر زوو حزبی *دەعوە* خۆی لە ئێرانییەکان دوور خستەوە. یەکێک لە هۆکارەکان دەکرێت دیدی عەرەبچێتیی *دەعوە* بێت، کە نزیکبوونەوەی خۆی لە *ئێران* پێچەوانەی ئەو دیدە دەبینی. هۆکارێکی دیکە لەوانەیە زاڵیی تێکنۆکراتەکان بێت لە سەرکردایەتیی *دەعوە*، بەتایبەتی دوای کوژرانی **باقر سەدر**، ئەمەش وای کردبێت لە مەلاکان و پیاوە ئایینییە دەسەڵاتبەدەستەکانی *ئێران* هەندێک دوور بکەونەوە.

---

[1]. **محەمەد باقر حەکیم**، کە کوڕی گەورەمەرجەعی شیعەکان **موحسین حەکیم** بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی ئایینیی سەربەخۆ لەگەڵ حزبی *دەعوە* و *مونەزەمەی عەمەل* و *ڕێکخراوی موجاهیدەکان*، کە تازە دامەزرابوو، بە یەکەوە *مەجلسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی*یان لە *عێراق* پێک هێنا. دواتر حزبی *دەعوە* بەرەکەی بەجێ هێشت.

*مەجلسی ئەعلا* وەک بەرەیەک وا بوو کە ببوو بە چەترێک بۆ ڕێکخراوە ئیسلامییە شیعییەکان. لە ساڵی ١٩٨٦دا، *بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان* بۆ ماوەیەک پەیوەندیی بە *مەجلسی ئەعلا*وە کرد، بەڵام لەو کاتدا *بزووتنەوە* سەنگێکی وای لە ناو کوردەکان و لە ناو *مەجلسی ئەعلا*دا نەبوو. لە هەشتاکاندا چەند هەوڵێک دران بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی عێراقی، کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ژێر چەتری یەک بەرەدا کۆ بکاتەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێئەنجام بوون لەبەر ئامادەنەبوونی لایەنە ئیسلامییە شیعییەکان بۆ کارکردن لەگەڵ حزبی *شیوعی* و ڕێکخراو و حزبە سێکولارەکانی دیکە. بەگشتی ئەو گروپ و لایەنانەی کە لە هەشتاکان لە سەردەمی جەنگی *عێراق-ئێران* چالاک بوون، بە گروپە کوردییەکانیشەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆمەکیان لە *ئێران* وەردەگرت و یارمەتیی *ئێران*یشیان دەدا لە هێرشەکانی بۆ سەر *عێراق*، بەتایبەتی لایەنە شیعییەکان. ئەمەش زۆر لە جاران زیاتر ڕقی سوننەکانی بەرانبەر بە کوردەکان و شیعەکان ئەستوورتر کرد، تا گەیشتە ڕادەی ئەوەی کە ڕژێمەکەی **سەدام** و سوننە هاوکارەکانی پاساوی جینۆسایدی گەلی کورد و سەرکوتکردنی شیعەکانیان بەوە دەهێنایەوە، کە ئەمانە هاوکارییان لەگەڵ *ئێران* کردووە.

لەگەڵ دەستپێکی جەنگ لەگەڵ *ئێران*، ڕق و دژایەتیکردنی شیعەکان لە لایەن دەسەڵاتدارە سوننەکانەوە لە ژێر مێزەکانەوە هاتنە سەر مێزەکان، بە ڕادەیەک کە هەندێک لە کەسە نزیکەکان لە ڕژێم، دوژمنایەتیی خۆیان بەرانبەر بە شیعەکان بە ئاشکرا دەردەبڕی. بۆ نموونە، **خەیروڵڵا تەلفاح**، خاڵی **سەدام**، نامیلکەیەکی نووسی بە ناونیشانی *ثلاثة كان على الله ان لايخلقهم: الفرس، اليهود و الذباب*، واتە *سێ شت خوا نەدەبوا خەلقیان بکات: فارس و جوولەکە و مێش*. باس لەوەش دەکرا گوایە لە دانیشتنێکی تایبەتدا کاتێک لە **تەلفاح** پرسراوە چۆن جەنگی *ئێران* دەکەن، ئەو گوتوویەتی "نقاتل الكلاب بالكلاب"، واتە "شەڕی سەگەکان (ئێرانییەکان) بە سەگەکان (شیعەکان) دەکەین".[1] تا

---

[1]. هەندێک کەسی دیکە دەڵێن گوایە **خەیروڵڵا تەلفاح** گوتوویەتی "كلب الله على عدو الله"، واتە "سەگی خوا (شیعەکان) لە دژی دوژمنی خودا (ئێرانییەکان)"، یان گوایە گوتوویەتی "'كلابهم عليهم"، واتە "سەگەکانی (شیعەکانی) خۆیانیان تێبەر دەدەین" (ثوینی ٢٠٠٨).

چەند ڕاستە **تەلفاح** ئەم قسەیەی کردووە، کەم جێگەی مشتومڕە، چونکە ڕیوایەتەکان زۆر بڵاو بوون و ببوونە وێردی سەر زمانی خەڵک (الصالحی ٢٠٠٠: ١٧٩). ئەدەبیاتی *بەعس* بە ڕاشکاوی هێز و گروپە ئیسلامییە شیعەکانی *عێراقی* وەک "بەئێرانیبووەکان" و "دوژمنانی هەست و ناسیونالیزمی عەرەبی" لەقەڵەم دەدا (بڕوانە حزب البعث ١٩٨٣: ٢٩٣). بەوەی کە ئیسلامییە شیعەکان بە ئێرانی ناوزەد دەکران، بەوەش کە فارسە ئێرانییەکان وەک مەخلوقێک دانرابوون کە خودا نەبوایە خەلقیان بکات، بە لەجیاتیدانان ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێت کە خودا نەدەبوا شیعەکان هاوشێوەی مێش و مەگەز خەلق بکات، **تەلفاح** گوتەنی.

زۆربەی سەرکردەکانی *دەعوە* و *مەجلسی ئەعلا* شیعەی شارنشینی خوێندەواری چینەکانی ناوەڕاست و خواروو بوون (Jabar 2003: 247-248). پێش پەیدابوونی گروپە ئیسلامییە شیعییەکان، کەسانی سەر بەم چین و توێژانە لە دەوری حزبی *شیوعی* کۆ ببوونەوە و لە ڕیزەکانی هێزە چەپ و سێکولارەکاندا چالاک بوون. پرسیار ئەوەیە هۆکاری ئەو ماڵگواستنەوەی شیعەکان لە ڕەوتە چەپ و سێکولارەکانەوە بۆ ڕەوتە ئیسلامییە مەزهەبییە شیعییەکان چی بوو؟ دەکرێت هۆکارەکان ئەمانە بن: یەکەم، ئەم دیاردەیە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بەگشتی شوناسێکی پێچەوانەی شوناسی دەسەڵات وەردەگرێت، بەو مانایەی لەگەڵ بەسوننیبوونی شوناسی *عێراق* لە دوای هاتنی عارفەکان بۆ سەر حوکم لە شەستەکان و دواتریش *بەعس*، بەتایبەتیش دوای دوورخستنەوەی بەعسییە شیعەکان، ئیدی شیعەکان بە لای شوناسە مەزهەبییەکەیان وەرگەڕان. بە واتایەکی دیکە، شیعیبوون بوو بەو شوناسەی کە شیعەکان لە ژێر چەتریدا کۆ ببنەوە و چالاکیی سیاسی بنوێنن. دووەم، ناکرێت ئەوەش لە بیر بکرێت کە لاوازبوونی حزبی *شیوعی*، یان شکستی شیوعییەکان، لە بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی شیعەکان لە یەکسانی و لە گەیشتن بە دەسەڵات، وای لە شیعەکان کردەوە کە بەدوای ئەگەر و دەرفەت و ئامڕازی دیکەدا بگەڕێن. ئیسلامیزمی شیعی یەکێک لەو ئامڕازانە بوو، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە شیعەکان هەمیشە دامەزراوەی حازربەدەستی وەک حەوزە و مەرجەعییەتیان هەبوو و

هەمیشەش کەم تا زۆر قسەیان لەسەر سیاسەت کردووە. هەر ئەوەش بوو کە دەبینین سەرکردە نوێیەکانی شیعەکان لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان، تەنانەت دواتریش، لە حەوزە و سەنتەرە ئایینییەکانی شیعەکانەوە سەر هەڵدەدەن. سێیەم، گەشەی ئیسلامیزم و زاڵیی گوتارەکانیان لە حەفتاکان و هەشتاکان بەدواوە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی *کۆماری ئیسلامی ئێران* و دروستبوونی موجاهیدەکانی ئەفغان، ناکرێت بەهەند وەرنەگیردرێت. هەرچۆنێک بێت، سەرهەڵدان و گەشەی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ناو شیعەکان نەک هەر خزمەتی بە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی نەکرد، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لێکترازانی نیشتمانی.

**تەعریب و ڕاگوستن و چۆڵکردن: کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە کوردستان**

کاتێک بەعسییەکان بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨دا هاتنەوە سەر حوکم، شەڕ لە کوردستان بەرقەرار بوو. پاش دوو ساڵ لە شەڕ، سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی دانوستان گەیشتنە پێکهاتنێک، کە بە*یاننامەی ١١ی ئازاری* لێ کەوتەوە. قەرار وا بوو کە بەندەکانی بەیاننامەکە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێن. بەپێی بەیاننامەکە دەبوو ڕێژەی نوێنەرایەتیی کورد لە حکومەتی مەرکەزی بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە *عێراق* دیاری بکرێت و داهاتی نەوتیش بە هەمان شێوە بەسەر عێراقییەکاندا دابەش بکرێت. زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکان دانی پێدا نرابوو، هاوکات زمانی کوردی لە سەرتاسەری *عێراق* دەبوا لە خوێندنگەکان بخوێنرێت. دیاریکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییە پێشنیازکراوەکەی دوا خست بۆ ئەو کاتەی کە سەرژمێری لە *عێراق* ئەنجام دەدرێت، کە دەبوا پێش ئازاری ١٩٧٤ ئەنجام درابا (بڕوانە الوقائع العراقیة ١٩٧٠/٤/٤). هیواکانی جێبەجێکردنی بەیاننامەکە زوو بوونە بڵقی سەر ئاو، چونکە زۆری پێ نەچوو دوای واژۆکردنەکە، حکومەتی عێراقی هەزاران

کوردی فەیلیی لە *عێراق* دەرپەڕاند و سیاسەتەکانی تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکانی دەست پێ کردەوە.[١]

سیاسەتی تەعریب ستراتیجیەتێکی سیاسیی حکومەتەکانی *عێراق* بوو، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک داڕێژرا بوو بۆ گۆڕینی دیموگرافیا و شوناسی ناوچە پلانبۆدانراوەکان، ئەویش بە دەرکردنی کوردەکان و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردەکراو لە ناوچەکانی دیکەی *عێراق* لە جێگەی ئەوان. بێجگە ئەو سەرئێشانەی کە بەردەوام بوون لە سیاسەتەکانی تەعریب و دەرپەڕاندنی کوردە فەیلییەکان دروستیان کردبوون بۆ ڕێککەوتنەکە، دابەشکردنی دەسەڵاتیش وەک لە بەیاننامەکە پێشنیاز کرابوو، پشتگوێ خرا. لەوانەش ترسناکتر، دوو هەوڵ بۆ کوشتنی **مستەفا بارزانی** و هەوڵێکیش بۆ کوشتنی **ئیدریس**ی کوڕی **بارزانی** دران، کە سەرکردایەتیی کورد دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێمیان تاوانبار دەکرد بە هەوڵەکان (Bengio 2012: 54). پێشنیازەکەی ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ دیاریکردنی ناوچە کوردنشینەکان هەر لە چاوەڕوانیدا مایەوە، چونکە وەک کوردەکان دەڵێن، حکومەت ترسی هەبوو کە سەرژمێرییەکە ڕاستی بوونی زۆرینەی کورد لە کۆمەڵێک شاری ستراتیجی وەک *کەرکووک* و *شەنگال* و *خانەقین* بسەلمێنێت. نیگەرانییەکی دیکەی کوردەکان بەردەوامبوونی حکومەت بوو لە سیاسەتەکانی بەبەعسیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت (التاخی ١٩٧٣/٨/١٩؛ سنجاری ٢٠٠٦: ١٦٠-١٩٩، ٢٠٦-٢٠٧).

ئەو سیاسەتانەی حکومەت، بەتایبەتی هەوڵەکانی کوشتنی **بارزانی**، بێمتمانەیی لەبری متمانە دروست کردبوو لە نێوان هەردوولایەندا. ئەوەی هێندەی دیکە بێمتمانەییەکەی ئەستوورتر کردبوو، پەیوەندییە ئاشکرا و نهێنییەکانی نێوان سەرکردایەتیی کورد و *دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکی* (*سی ئای ئەی*) لە لایەک و حکومەتی ئێرانی بوو لە لایەکی دیکە. لە هەمان کاتدا حکومەت هەستی بە یارمەتییەکانی *ئیسرائیل* لە ڕێگەی *دەزگای مۆسادەوە*

---

[1]. لە پەیوەند بە سیاسەتی بەعەرەبکردنی گوند و شار و سیماکانی *کوردستان*، زاراوەی تەعریب لەبری بەعەرەبکردن بەکار دەهێنین، چونکە ئەو زاراوەیە زیاتر جێگیر بووە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ پەسنکردنی ئەو سیاسەتەی ڕژێم.

کردبوو. ئەو کۆمەک و یارمەتییانەی ئەو دەزگا و حکومەتانە پێشکەش بە کوردەکانیان دەکرد، حکومەتی *عێراقی* زۆر نیگەران کردبوو (الثورة ١٩٧٣: ٧٢-٧٣، ١٦٨-١٦٩؛ البراک ١٩٨٩: ١٩٩، ٢٤٨). هەندێک هۆکاری دیکەش هەبوون کە وای لە حکومەتی عێراقی کرد پێداچوونەوە بە هەڵوێستی خۆی لە پەیوەند بە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە بکات، لەوانە: یەکەم، خۆماڵیکردنی نەوت بوو لە ساڵی ١٩٧٢ و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣دا. *عێراق کۆمپانیای نەوتی عێراقی* (*IPC*) لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا خۆماڵی کرد. داهاتی *عێراق* لە نەوت لە ٥٢٤ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٧٢دا بەرزبووەوە بۆ ١٩٧٥ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٧٣دا (بڕوانە Haj 1997: 137). دووەم، واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ *یەکێتیی سۆڤێت*. سێیەم، پێکهێنانی *بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز* لەگەڵ *حزبی شیوعی*. چوارەم، لەناوبردنی نەیار و دوژمنە ناوخۆکانی ناو *بەعس* و حکومەت و سوپا لە لایەن گروپەکەی **سەدام**. هەموو ئەمانە وای لە *بەعس* کرد لە پێگەیەکی بەهێزترەوە تەماشای بزووتنەوەی کوردایەتی بکات بە بەراورد بەو کاتەی کە تازە هاتبوونە سەر حوکم لە ساڵی ١٩٧٠دا، کە بەیاننامەکەی تێدا واژۆ کرا.

کوردەکانو حکومەت لەسەر زۆربەی وردەکارییەکانی بەیاننامەکە هاوڕا نەبوون، بۆ نموونە، کوردەکان پێشنیازی زاراوەی "هەرێم"یان دەکرد وەک ناو بۆ ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە، کەچی حکومەتی عێراقی پێداگریئ لەسەر زاراوەی "ناوچە" دەکرد. بۆ کوردەکان زاراوەی "هەرێم" گرنگیی خۆی هەبوو، ئەوان پێیان وا بوو کە "هەرێم" پیشانی دەدات کە *عێراق* لە دوو نەتەوە و دوو هەرێم، یان دوو نیشتمان، پێک هاتووە. پێشنیازەکەی کوردەکان پێناسەیەکی بۆ *عێراق* لەخۆ گرتبوو، کە "پێک هاتووە لە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە"، کەچی پڕۆپۆزەڵەکەی حکومەت جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە "*کوردستان* بەشێکی دانەبڕاوە لە *عێراق*" (سنجاری ٢٠٠٦: ٢٧٧-٢٩٤).

لە کۆتاییدا، حکومەتی عێراقی تاکلایەنانە بڕیاری جێبەجێکردنی، یان چاکتر بڵێین سەپاندنی، ئۆتۆنۆمی لە *کوردستان* دا، کە هەموو ناوچە ستراتیجییە

کوردنشینەکانی لێ وەدەر نابوو، وەک تەواوی پارێزگای کەرکووک و قەزاکانی *خانەقین* و *شەنگال* و *ئاکرێ* و *تەلەعفەر* و *مەندەلی*. بەم شێوەیە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگاکانی *هەولێر* و *سلێمانی* و *دهۆک* پێک هاتبوو،[١] کە دەیکردە نزیکەی نیوەی ئەو ناوچانەی کە کوردەکان وەک بەشێک لە *کوردستان*یان دادەنا (مینا ١٩٩٩: ١٤٩). ئەوەی حکومەت پێشنیازی کرد و بڕیاری جێبەجێکردنیدا لە لایەن سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی، ڕەت کرایەوە. لە ئاکامدا لە ئازاری ١٩٧٤دا شەڕ و پێکدادان لە *کوردستان* هەڵگیرسایەوە و بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی، نزیکە ٦٠٠٠٠ کەس لە شەڕەکاندا لە ماوەی ئەو ساڵەدا کوژران، کە ١٦٠٠٠یان سەربازی عێراقی بوون (حزب البعث ١٩٨٣: ٦٢). لە دەرئەنجامی پێکهاتنێک کە **سەدام** لەگەڵ شای *ئێران* واژۆی کرد، یاخیبوونەکەی کوردەکان کتوپڕ دارما. سەرەڕای ئەوەی کە *بەیاننامەکەی ١١ی ئازار* شکستی هێنا و شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکرا، کەچی بەگشتی بۆ کوردەکان بوو بە مۆدێلێک بۆ سەرچاوەی ئیلهام و پلان و خەونی دوارۆژ، کە دواتر وەک ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە ناوی دەبردرا، بەو مانایەی ئەوەی کە حکومەتەکەی *بەعس* جێبەجێی کرد، ئۆتۆنۆمییەکی ناڕاستەقینە نەبوو.

دوای دارمانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردەکان لە شاخەکانی *کوردستان*، حکومەتی مەرکەزی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی یەکسەرەی بەرنامەیەکی سیستەماتیک و هەمەلایەنەی تەعریب و ڕاگواستن و چۆڵکردن. بەرنامەکە سێ جۆر ناوچەی کردبووە نیشانەی خۆی: یەکەم، ناوچە سنوورییەکانی *عێراق* و *تورکیا* و *سووریا*. دووەم، ناوچە نەوتییەکانی پارێزگاکانی *کەرکووک* و *هەولێر* و *نەینەوا*. سێیەم ئەو ناوچانەی کە ڕژێم ناوی لێ نابوون ناوچە ستراتیجییەکان، وەک قەزاکانی *خانەقین*، *مەندەلی*، *شێخان*، *تەلکیف*، *تەلەعفەر*، *شەنگال*، زوممار و *سیمێل*.

---

[1]. پارێزگای *دهۆک* دوای هاتنەسەرحوکمی *بەعس* لە چەند قەزا و ناحیەیەکی کوردنشینی پارێزگای *نەینەوا* لە ساڵی ١٩٦٩ دروست کرا.

پرۆسەی تەعریبکردنی *کوردستان* فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بوو، لەوانە ئەمانەی گرتبووەوە: یەکەم، ناونووسکردنی هەندێک گرووپی ئایینی و مەزهەبی (وەک ئێزیدییەکان، کاکەییەکان، شەبەکەکان، کریستیانەکان و سەیدەکان)، هەروەها هەندێک عەشیرەت (وەک گەرگەر، ساڵەیی، گێژ و کیکان) بە عەرەب. دووەم، دەرپەڕاندنی کوردە فەیلییەکان، کە دوو مەبەستی بەدواوە بوو، یەکێکیان تەعریبکردنی ناوچەکانیان لە *خانەقین* و *مەندەلی*، ئەوی دیکەش بۆ کەمکردنەوەی هێندەی دیکە دەسەڵات و توانای کوردە فەیلییەکان لەسەر ئابووری و بازاڕی *بەغداد*.[1] بۆ ئەم مەبەستە، حکومەت مافی نیشتەجێبوون و وەرگرتنی ناسنامەی عێراقی لە زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کوردی فەیلی، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٨٢ سەندەوە. دەستیشی گرت بەسەر هەموو سەروەت و سامانی گوازراوە و نەگوزاراوەشیان و وڵاتبەدەریش کران بۆ *ئێران*. هەر لەم ماوەیەدا هەزارانیشیان گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی بیابانەکان کران، لەوێش بێسەروشوێن کران (مینا ١٩٩٩: ١٢٩؛ HRW 1993). سێیەم، سەرەڕای گرنگیی ئەم دوو خاڵەی ئاماژەیان پێ کرا، کەچی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردنشینەکان لە ڕێگەی دەرکردنی کوردەکان لە گوند و شار و شارۆچکەکان و هێنانی عەرەب بۆ شوێنەکانیان چەقی پرۆسەی تەعریبی پێک دەهێنا.

پرۆسەی تەعریبکردنی *کوردستان* دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشایەتی، ئەویش بە نیشتەجێکردنی عەرەبە بەدووەکان لە *گەرمیان* و ناوچەکانی *حەویجە* و *مەخمور* و *ڕەبیعە* و *شەنگال* و *زوممار* (مینا ١٩٩٩: ٢٣٥-٢٣٦؛ محمد واخرون ٢٠٠٤: ١٣؛ محمد ٢٠٠٦: ١٦٦-١٦٧). هەندێک سیاسەتداڕێژ لە سەردەمی پادشایەتی، وەک **یاسین هاشمی**، ئاسانکاریی زۆریان پێشکەش بە خێڵە عەرەبەکانی دیوی ڕۆژئاوای زێی *دیجلە* کرد، تا بێن لە دیوی ڕۆژهەڵاتی *دیجلە* لە ناوچەی حەویجە نیشتەجێ بن، ئەویش بە لێدان و ڕاکێشانی کەناڵێکی ئاو، تا عەرەبەکان لە دەوروبەری کەناڵەکە بەروبوومەکانیان بچێنن (سلێمان ٢٠١٤). سەرەڕای ئەوە، ئەم هەوڵانە زۆر سیستەماتیک نەبوون،

[1]. بۆ زانیاری لەسەر توانای ئابووری و دارایی کوردە فەیلییەکان بڕوانە (البراک ١٩٨٤: ١٥١-١٥٢).

چونکە خێڵە کوردییە نیمچەڕەوەندەکانیش ئازاد کرابوون کە کەڵک لەم پرۆژەیە وەربگرن، بەس کوردەکان بەپیر بانگەوازی هەندێک لە ڕۆشنبیری کوردیشەوە نەچوون بۆ نیشتەجێبوون. هەندێک کوردیش ئازادانە ناوچەکەیان چۆڵ کرد و گوندەکانی خۆیان فرۆشتە عەرەبەکان.[١] پێش هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا، هاتنی عەرەب بۆ *کوردستان* زیاتر بە شێوەی گەشەیەکی سروشتی بووە لەوەی سیاسەتێکی تەعریبیی سیستەماتیکی لە پشت بووبێت، بۆیە لێرە تەنیا باس لەو سیاسەتانەی تەعریب دەکەین کە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ ئەنجام دراون، کە ئامانجی ستراتیجی پاڵنەریان بووە. ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە کوردەکان لە *عێراق* بە *کوردستانی* دەزانن، نزیکەی ٨٦٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و نزیکەی ٣٦٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی، واتە ٤٢%، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەر سیاسەتەکانی تەعریب کەوتووە (مینا ١٩٩٩: ١٤٩).

تەعریب سیاسەت و پرۆسەیەکی وردداڕێژراو بوو و لە چەند قۆناغێکیشدا جێبەجێ کرا. قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٨، قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٧٥، قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٨٧، قۆناغی چوارەم لە ساڵی ١٩٨٧ تا ساڵی ١٩٩١، یەک بەدوای یەک جێبەجێ کران. قۆناغەکانی یەکەم و دووەم لە چاو قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم زۆر سەختگیر نەبوون. لە قۆناغی یەکەم نزیکەی ٧٠ گوند لە دەوروبەری شاری کەرکووک و قەزای *دوبز* و ناوچەی *کەندێناوە* تەعریب کران. سیاسەتی تەعریب لە قۆناغی دووەمدا زۆر پچڕپچڕ و بە نهێنییەوە ئەنجام دەدرا، چونکە دانوستان لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی، لە ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤، لەئارادا بوو. لە دوای داڕمانی یاخیبوونەکەی ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، قۆناغی سێیەم لە تەعریبکردنی *کوردستان* بە چڕی دەستی پێ کرد. لەم قۆناغەدا نزیکە ٦٦٠ گوند لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تەعریب کران و ژمارەیەکی زۆر گەڕەکیش لە ناو کەرکووک و دەوروبەری

---

[1]. **حەمەدەمین سادق ئەحمەد** (باوکی نووسەر)، دەیگێڕایەوە کە چۆن ناسیاوێکیان بە ناوی **شێخ مارف** گوندی *دڕکەی* بچووکی فرۆشتە عەرەبەکان.

دروست کران بۆ حەوانەوەی ئەو عەرەبانەی لەو سەردەمە بە لێشاو دەهێنران بۆ شارەکە (تەماشای پاشکۆ - ١ بکە).[١]

بێجگە ئەو پرۆسە و میکانیزمانەی ئاماژەیان پێ کرا لە سەرەوە، پارێزگای کەرکووک دووچاری سیاسەتێکی دیکەی وردی حیسابیۆکراو ببووەوە، کە دەکرێت بە "برین و پرکردنەوە" ناو ببرێت. لە ساڵی ١٩٧٦، دوو قەزای کوردنشین، *چەمچەماڵ* و *کەلار*، بە تەواوی سنووری کارگێڕییانەوە لە پارێزگای *کەرکووک* دابرێندران و خرانە سەر پارێزگای *سلێمانی*. قەزای *تووزخورماتوو*، کە زۆرینەی کوردە، لەگەڵ کەمینەیەکی گەورەی تورکمان، لە پارێزگای کەرکووک دابرێندرا و بە پارێزگای *سەلاحەدینی* تازەدروستکراوەوە لکێندرا. بە هەمان شێوە، قەزای کوردنشینی *کفری* لە پارێزگای *کەرکووک* پچرێندرا و خرایە سەر پارێزگای *دیالە* (الوقائع العراقية ١٩٧٥/١٢/١٥). وەک ڕووبەر، دوای ئەم سەوداوسەرە، ١٠٣٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە، واتە زیاتر لە ٥٠٪، لە ٢٠٣٥٥ کیلۆمەتر دووجای ڕووبەری پارێزگاکە دابرێندراو دابەش کرا بەسەر پارێزگاکانی دیکەی دەوروبەری پارێزگای کەرکووک. لە پاڵ ئەمانەدا، دەسەڵاتداران ناحیەی *سەرگەران* (کە ناوەکەیان گۆڕی بۆ *قودس*) و گوندەکانی سنوورەکەیان تەعریب کرد و لە پارێزگای *هەولێر*یان دابڕی و خستیانە سەر پارێزگای کەرکووک. لە ساڵی ١٩٨٧یشدا، قەزای عەرەبنشینی *زاب*یان لە پارێزگای *نەینەوا* پچڕاند و بە پارێزگای کەرکووکیانەوە لکاند (حداد واخرون ٢٠٠٦: ١٣-١٩). ئامانج لەم دەستکاریکردنانە تەعریبکرنی کەرکووک بوو. یەکێک لە نەخشەکانی (Pattern) کۆچ لە *عێراق*، بە بەردەوام کۆچکردنی خەڵکی گوند و شار و شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگایەک بووە بۆ سەنتەری پارێزگاکە. بە دابڕینی

---

[1]. ئەو گەڕەکانەی کە لە کەرکوک بۆ عەرەبە هاوردەکان دروست کران، لەگەڵ ژمارەی ماڵەکان، ئەمانەن: *کەرامە* (٦٠٠)، موسە*ننا* (٥٠٠)، *شوهەدای قادسیەی سەدام* (٢٠٠)، *ئەندەلووس* (٢٠٠)، *عەرەفە* (٦٠٠٠ خانوو بۆ گەڕەکی عەرەفە زیاد کرا)، خانووەکانی *عەمەل شەعبی* (١٠٠٠)، *زوبات* (٥٠٠)، *بەعس* (٦٠٠)، *واسیت* (٢٠٠)، *سیکاک* (٤٥٠)، *ئیشتراکییە* (١٠٠)، *غەرناتە* (٢٠٠)، *حەجاج* (١٠٠٠)، *عرووبە* (٢٠٠)، *شورتە* (١٠٠)، *موسەلا* (٤٠٠)، *وەحدە* (٢٠٠)، *حورییە* (١٥٠)، *دورلئەمن* (٢٢٠)، *دور زوبات سەف* (١٠٠) (بڕوانە مینا ١٩٩٩: ٢٤٦-٢٥٠؛ طالبانی ٢٠٠٤: ٥٨-٦٢؛ عەبدولرەحمان ٢٠٠٦: ١٠٦).

ئەو قەزا و ناحیانە و زیادکردنی هەندێکی دیکە، حکومەتی عێراقی دەیویست لەگەڵ هێنانی عەرەب بۆ کەرکووک و دەرکردنی کورد، کۆچی کوردان بۆ شارەکە کەم بکاتەوە و کۆچی عەرەبەکان زیاد بکات، بە واتایەکی دیکە، کەمکردنەوەی چڕیی کورد لە پارێزگاکە و زیادکردنی چڕیی عەرەب. نیەتەکانی حکومەت بۆ بە یەکجاری تەعریبکردنی کەرکووک لەگەڵ بە یاسا قەدەغەکردنی کورد لە کۆچکردن بۆ کەرکووک بەفەرمی کرا، ئەمەش لە قسەکانی **عەلی حەسەن مەجید**، ئەمین سڕی *مەکتەبی شیمالی حزبی بەعس*، بۆ چەند هاوڕێیەکی بەعسیی دەردەکەوێت (بڕوانە HRW 1995: Appendix A).

لە کاتێکدا کە کورد بە هەزاران لە کەرکووک دەردەکران، لە هەمان کاتدا عەرەب بە هەزاران هاوردە دەکران. لە کاتێکدا کە هاتوچۆ و کۆچکردن و کارکردنی کوردان لە کەرکووک دەیان تەگەرە و کۆسپی لە پێش دروست دەکرا، لە هەمان کاتدا، حکومەت نەک هەر ئاسانکاری، بەڵکو پارە بەبێ بەرانبەر و پارە وەک قەرز و زەوی و خانووبەرەی دەدا بەو عەرەبانەی لە شارەکانی باشوور و ڕۆژئاوای *عێراق*ەوە دەهاتن بۆ *کەرکووک*. هەوڵ و ئاسانکارییەکانی حکومەت هێندە تەماحگیر بوو بۆ عەرەبەکان، بۆیە ساڵانە بە هەزاران کەس دەهاتن بۆ کەرکووک و دەوروبەری و ناوچە تەعریبکراوەکان لە سەرتاسەری *کوردستان*. بۆ جێکردنەوە و حەوانەوەیان، حکومەتی عێراقی سەدان موجەمەعی سەکەنی (مجمعات سكنية/کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون) لە پارێزگای کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی *کوردستان* دروست کرد، کە هەر یەکێکیان سەدان خانووی لەخۆ دەگرت.[1] حکومەت سڵی لە هیچ شتێک

[1]. موجەمەعە سەکەنییە دروستکراوەکان بۆ عەرەبەکان بەگشتی لە دەوروبەری کەرکوک و دوبز و ڕێگەی نێوان ئەم دوو شارە دروست کرابوون لەگەڵ ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە، کە ئەمانە هەندێکیانن لەگەڵ ژمارەی ماڵەکان، ئەگەر زانراوبێت: *دارەمان* و *گەڵـۆزی* (نەزانراوە) لە ناحیەی *شوان*، *جەمهورییە* (نەزانراوە) لە ناحیەی *یایچی*، مەیسەلون (١٠٠)، *رافیدەین* (نەزانراوە)، *حوتەین* (٥٠٠)، *حەیفا* (١٥٠)، *یافا* (١٠٠)، *قودس* (١٠٠)، *تەمووز* (٣٠)، *دور ئیزاعە* (نەزانراوە)، *دور ئەمن* (نەزانراوە)، *موسەننا* (نەزانراوە) و *تەئمیم* (نەزانراوە) لە قەزای دوبز، *یافای عەسکەری* (٣٠٠)، *ئەلمەساوڵە* (٥٠٠) لە *تووزخورماتوو*، *مەحاویش* (٣٠)، *عەسرییە* (٥٠٠)، *حسێن ئاغا* (٤٠٠) و *داقووق* (٥٠٠) لە قەزای *داقوق*، *کلێسا* (٢٥)،

نەدەکردوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کوردبوون لە *کوردستان*، لەوانە گۆڕینی ناوە کوردییەکان و تورکییەکانی شار و شارۆچکە و خوێندنگەکان بۆ عەرەبی. بۆ نموونە، پارێزگای کەرکووک کرا بە پارێزگای *تەئمیم*، خوێندنگەی *ئامادەیی کوردستان* لە کەرکووک کرا بە خوێندنگەی *ئامادەیی عەبدولمەلیک بن مەڕوان*، خوێندنگەی *سەرەتایی* پیرەمێرد گۆڕدرا بۆ خوێندنگەی *سەرەتایی ئەلبەکر*، گوندی *ترکاشان* کرا بە *قەعقاع*، *قەرەهەنجیر* ناونرا *ئەلرەبیع*.

لەپاڵ تەعریبکردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە بەشی خوارەوەی *کوردستان* لە *عێراق*، دەسەڵاتدارانی *عێراق* بە شێوازێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکانی سەرەوەی *کوردستان*، مەبەستم ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سەر سنووری *ئێران* و *تورکیا* و *سووریا*یە، دەکرد. دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئەم سێ وڵاتە بە قوڵایی ٢٠ کیلۆمەتر ڕاگوێزران و گوندەکانیان تەخت کران، ڕژێم لە زۆر شوێن هەوڵی وشککردن یان کۆنکریتکردنی کانییەکانی ئەو ناوچانەی دا. تێکڕای ٨٧٢ گوند بە شۆفەڵ و بلدۆزەر لە ماوەی چەند مانگێک لە هاوینی ١٩٧٨ تەخت کران (الثورة ١٩٧٨/٩/١٨؛ McDowall 2004: 339). مەبەستی سەرەکیی ڕژێم لە ڕاگواستن و چۆڵکردنی گوندە سنوورییەکان: یەکەم، کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری خەڵکی کوردی ناوچە دوورەدەستەکان بوو لە ئۆردوگا زۆرەملێکان لە نزیک شارە گەورەکان، تا بتوانێت لە نزیکەوە چاودێری و کۆنترۆڵیان بکات. دووەم، حکومەت دەیویست ناوچە کوردییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ داببڕێت بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی پەیوەندی و وەرگرتنی یارمەتی لە وڵاتە دراوسێکان و کوردانی نیشتەجێ لەو وڵاتانە کەم بکاتەوە. ئەگەر ئەوە بیر

---

*قەرەهەنجیر* (٤٠٠)، *لەیلان* (٣٠٠)، *گامێشەوان* و *تیرکاشان* (٦٠) و *تەرجیل* (٥٠) لە ناحیەی *قەرەحەسەن*، *یایچی* (١٠٠) لە قەزای *حەویجە*، *موجەمەعی ئیشتراکیە* (٥٠٠) لە قەزای *کفری*، *تەئمیم* (٣٠٠)، *عەلی موراد* (١٥٠)، *نەجەف* (١٥٠)، *سەبعە نیسان* (١٠٠)، *کارێزی خواروو* (١٠٠)، *فیشخاپوور* (٦٥٠)، *دێرابین* (٥٠٠) لە قەزای *زاخۆ*، *سەرشۆر* (٤٠٠)، *کانیی سپی* (٣٠٠)، *فایدە* (٥٠٠)، *باستکەی سەری* (٥٠٠)، *باتێل* (٥٠٠)، *ئاڤزریک* (٣٥٠)، *خراپ دێم* (٤٥٠)، *کەلیک* (٤٠٠)، *گرشین* (٣٠٠) و *باجیت کەنداله* (٢٠٠) لە قەزای *سمێل*، *عەین سوفنی* (٧٠٠) و *ئەترووش* (١٥٠) لە قەزای *شێخان* (مینا ١٩٩٩: ٢٢٩-٢٦٠؛ طالبانی ٢٠٠٤: ٦٣-٨٠).

خۆمان بهێنینەوە کە هەم یارمەتییەکانی *ئێران* و هەم ئەوانەی *ئەمەریکا* و *ئیسرائیل* بۆ جەنگاوەرە کوردەکان لە شەستەکان و حەفتاکاندا، بەم ناوچانەدا تێپەڕ دەبوون، ئەوە هێندەی دیکە گرنگیی ئەو ناوچانە بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە لایەک و ترسی حکومەت لە کەڵکلێوەرگرتن لێیان لە لایەن چەکدارە کوردەکان زیاتر دەردەکەون. ئەوەی پرۆسەی ڕاگواستن و چۆڵکردنی گوندەکانی سەرسنوور لە دەرکردنی گوندە کوردییەکان لە بەشی خوارەوەی *کوردستان* جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە حکومەت ناوچە سنوورییەکانی تەعریب نەکرد، واتە عەرەبیان نەنارد بۆ گوندە چۆڵکراوەکان، کەچی لە ناوچەکانی خوارەوە کوردیان لە هەر شوێنێک دەربکردبا عەرەبیان دەهێنا جێگەکەی. یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی تەعریبنەکردنی گوندە سنوورییەکان، ئەوە بوو کە پارێزگاریکردنی عەرەبە هاوردەکان زۆر زەحمەت دەبوو بۆ حکومەت، چونکە ئەو ناوچانە بەدەگمەن لە لایەن حکومەتەکانی *عێراق* کۆنترۆڵ کراون، ئەوە ئەگەر نەڵێین هیچ کاتێک دەستیان پێ ڕانەگەیشتوە، چونکە *پێشمەرگە* کەم تا زۆر بەردەوام لەو ناوچانە بوونیان هەبووە.

به تێکڕا حکومەت ٦٠٠٠٠٠ کوردی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی ڕاگواست بۆ ٥٩ ئۆردوگای بونیادنراو لەسەر شەقامە سەرەکییەکان و لە نزیک شار و شارۆچکەکان (مینا ١٩٩٩: ١٩٩-٢٠١). به پاساوی *جەنگی عێراق-ئێران* لە ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ حکومەت ژمارەیەکی دیکە گوند و شارۆچکەی ڕووخاند و خەڵکەکەشی ڕاگواست. به کورتی ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٨٧ حکومەتەکانی *عێراق* زیاتر لە ١٩٢٨ گوند و ٥ مەرکەزی ناحیە و ٢ مەرکەزی قەزا و ٣ ئۆردوگایان لە *کوردستان* وێران و خاپوور کرد، هەندێکیان تەعریب کرد و بەشێکیشان کاول کرد و خەڵکەکەشیان ڕاگواست (بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆی - ١).

لەگەڵ ئەوەش کە حکومەت هەمەلایەنە پەیڕەوی لە سیاسەتەکانی تەعریب و ڕاگواستن و گرتنو کوشتن و بڕین دەکرد، کەچی ژمارەیەک ڕۆشنبیر و جەنگاوەری کورد هەر زوو دوای داڕمانەکەی ساڵی ١٩٧٥ خۆیان ڕێک خستەوە لە چەند گروپێکدا و دەستیان بە خەباتی نهێنی لە شارەکان و

چەکداری لە شاخەکان کردەوە. یەکێک لە گەمەکەرە نوێکان لە گۆڕەپانی سیاسی، *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* بوو، کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥، چەند مانگێک دوای شکستەکەی ١٩٧٥، لە *سووریا* دامەزرا، کە لە لایەن **جەلال تاڵەبانی**یەوە ڕابەرایەتی دەکرا. **تاڵەبانی** ساڵانێک بوو شێواز و دیدی **مستەفا بارزانی** بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕەخنە دەکرد. ئەو پێی وابوو کە بزووتنەوەیەک ڕەگی لە ناو چەپی نەتەوەپەرست بێت و لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە ڕابەرایەتی بکرێت، دەتوانێت جێگەی **بارزانی** و دیدەکانی بگرێتەوە و بزووتنەوەکەش بە ئاقارێکی چاکتردا ببات. *پارتی دیموکراتی کوردستان*یش زۆری پێ نەچوو دەستی بە ڕێکخستنەوەی هەندێک لە چەکدارەکانی لە چیا دوورەدەست و سەختەکان کرد. زۆریشی پێ نەچوو ململانێ کۆنەکان لە نێوان هەردوو لایەنە سەرەکییەکە سەری هەڵدایەوە و شاخەکانی کوردستان بەسەر دوو زۆندا، زۆنی پارتی و زۆنی یەکێتی دابەش کران. *پارتی* لە دەڤەری *بادینان*، لە شاخ و دێهاتەکانی پارێزگای *دهۆک* و بەشێک لە پارێزگای *هەولێر* باڵادەست بوو، کەچی *یەکێتی* لە ناوچەی *سۆران*، لە شاخ و دێهاتەکانی پارێزگاکانی *سلێمانی* و کەرکووک و بەشێک لە پارێزگای *هەولێر* باڵزاڵ بوو. لە ساڵی ١٩٧٨دا شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێوان *پارتی* و *یەکێتی*، لەوەی کە ناسراوە بە *کارەساتی هەکاری*، دەستی پێ کرد و تا ساڵی ١٩٨٦ بە شێوەیەکی پچڕپچڕ درێژەی هەبوو. بێجگە لە *یەکێتی* و *پارتی*، چەند حزبێکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری بوون، لەوانە: *پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان*، کە لە *پارتی* جیا ببووەوە، لەگەڵ حزبی *سۆشیالیستی کوردستان* (حسک)، کە لە *یەکێتی* جیا ببووەوە. هاوکات حزبی *شیوعیی عێراقی*یش چالاک بوو هەم لە شاخ و هەم لە شار. ئەم حزبانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە شەڕی ناوخۆوە گلا بوون. سەرەڕای سەرقاڵبوونی لایەنە کوردییەکان بە شەڕی ناوخۆ، کەچی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، بەتایبەتی یەکێتی، ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبینی لە ڕێکخستنی خەڵک لە ناو شارەکان و وەگەڕخستنیان بۆ بەشداریکردن لە خەباتی چەکداری لە شاخ و دێهاتەکان. ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٢دا لە ژمارەیەکی زۆر لە شارە گەورەکانی *کوردستان* وەک *هەولێر* و

کەرکووک و *سلێمانی* لەگەڵ هەندێک شارۆچکە وەک *قەڵادزە* و *کۆیە* خۆپیشاندانیان ساز کرد. ڕاستە خۆپیشاندانەکان بەگشتی لە لایەن خوێندەوارانەوە ڕێک دەخران و ڕابەرایەتی دەکران، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریشان لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەجێ هێشت، چونکە لە دوای دارمانی یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، ئەمە یەکەم جار بوو کە لە دژی ڕژێم لە ناو شارەکان بزووتنەوەی کوردایەتی بەم شێوە زەقە چالاکی بنوێنێت.[١]

لە ساڵی ١٩٨٤دا، یەکێتی بە تەنیا لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەستی بە دانوستان کرد. دانوستانەکان بەبێ هیچ ئەنجامێک بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک درێژەی کێشا، تا لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥ شەڕ لە نێوانیان دەستی پێ کردەوە. چەندین هۆکار لە پشت بەیەکنەگەیشتنی یەکێتی و حکومەتدا بوون، بەڵام دوو هۆکار لەوە دەچێت لە هەموان سەرەکیتر بوو: یەکەم، ڕەتکردنەوەی دیاریکردنی سنووری *کوردستان* لە لایەن حکومەتی مەرکەزی، بەتایبەتی مکوڕبوونی حکومەت لەسەر خستنەدەرەوەی پارێزگای *کەرکووک* و شارەکانی *خانەقین* و *شەنگال* و چەند ناوچەیەکی دیکە لە ناوچە ئۆتۆنۆمییە گفتوگۆلەسەرکراوەکە. دووەم، هەڕەشەکردنی *حکومەتی تورکیا* لە *عێراق* بە ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی *تورکیا*وە بۆ دەرەوەی وڵات، ئەگەر لەگەڵ کوردەکان پێک بێت و دان بە مافە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بنێت، ئەمە وەک ئەندامانی وەفدە دانوستانکارە کوردییەکە دەیگێڕنەوە (ئەمین ١٩٩٩: ٧٤-٧٥، ٨١). سەرنەکەوتنی دانوستانەکانو بەردەوامیی سیاسەتەکانی تەعریب و ڕاگواستن و سەرکوتکردن، کوردەکانی ڕقئەستوورتر کرد و مکووڕتری کردن لەسەر داواکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان، بە کەڵکوەرگرتن لە سەرقاڵیی ڕژێمی عێراقی بە شەڕ لەگەڵ *ئێران*، بزووتنەوەکەیان بەتایبەتی لە بواری چەکداریدا گەشە پێ دا. لەگەڵ گەشەی بزووتنەوە چەکدارییەکە ئاستی داواکانی کوردەکانیش هەڵکشا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٥ یەکێتی لە میدیاکانی

---

[1]. نووسەر لە خۆپیشاندانەکانی *کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی سەلاحەدین* لە شاری *هەولێر* لە ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو.

خۆی سیاسەتەکانی تەعریبو ڕاگواستن و چۆڵکردنی وەک "سیاسەتی ئیستیتانی (عملیات الاستطانیة)" ناو دەبرد.[1] ئەم ناوبردنە دوو مانای شاراوەی لەخۆ دەگرت: یەکەمیان، هاوتاکردنی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی بە سیاسەتەکانی ئیسرائیل، چونکە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا عەمەلیاتی ئیستیتانی بۆ دەرکردنی فەڵەستینیەکان و نیشتەجێکردنی جوولەکەکان لە *ئیسرائیل/فەڵەستین* بەکار دەهێنرێت. دووەمیان، چەمکی ئیستیتان زیاتر بۆ هێزێکی داگیرکەر بەکار دێت، نەک حکومەتی وڵاتێک کە هاونیشتمانییەکانی سەرکوت بکات. ناسیونالیستە کوردەکان بە گۆڕینی تۆنی پەسنکردنی حکومەتی عێراقی نەوەستان، بەڵکو سەقفی داوا و خەونەکانیشیان بردە سەرووتر. لە ساڵی ١٩٨٧ *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* دروشمی مافی چارەنووسی بۆ گەلی کورد بەرز کردەوە، زۆری پێ نەچوو ئەم دروشمە لە لایەن *بەرەی کوردستانی*یەوە، کە تازە دامەزرابوو، تەبەنی کرا. ئەمەش وەرچەرخانێک و بازدانێک بوو بەسەر داوای ئۆتۆنۆمی کە لە شەستەکانەوە لایەنە کوردییەکان تەبەنیان کردبوو.[2]

لەژێر تیشکی ئەم ڕووداو و پێشهاتانەی لەم برگەیەدا تاوتوێ کران، دەکرێت چەند سەرنج و ئەنجامێک بخەینە ڕوو: یەکەم، نییەتەکانی حکومەتی عێراقی ڕوون و ئاشکرا بوون، حکومەت ئامادە بوو هەرچی لە توانا و لەدەستی بێت بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆنترۆڵکردنی خەڵکی *کوردستان* بیکات، هەر لە تەعریب و بەبەعسیکردنەوە بگرە تا دەگاتە چۆڵکردن و ڕاگواستنی گوندەکانی *کوردستان* لەگەڵ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزا، نەک هەر لە شاخەکان، بەڵکو لە شارەکانیش. دووەم، حکومەت نیازی چارەسەرکردنی پرس و کێشەی کوردی بە شێوەیەکی

---

[1]. نووسەر لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە چەندین گوتاری *رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان* و بڵاوکراوە نهێنییەکانی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* گوێبیست و بینەری ئەم تێرمە بووە.

[2]. *بەرەی نیشتمانیی کوردستان* لە *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان*، *پارتی دیموکراتی کوردستان*، حزبی سوشیالیستی کوردستان، *پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان*، *پارتی گەلی کورد* (پاسۆک)، ڕێکخراوی کوردستانی حزبی شیوعیی عێراقی، حزبی زەحمەتکێشانی *کوردستان* و *پارتی دیموکراتی ئاسووری* پێک هاتبوو، کە لە تەمووزی ١٩٨٧ دامەزرا.

ئاشتییانە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان و دداننان بە لانیکەمی مافەکانی کورد نەبوو. ئەمەش لە هەڵوێستەکانی دەردەکەوت بەرانبەر بە مافەکانی کورد لە زۆربەی خولەکانی دانوستان، ئەوانەی ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤ لەگەڵ ئەوانەی ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥. لە سەرەتای هەشتاکان تای تەرازووی هێز لە جەنگی *عێراق* لەگەڵ *ئێران* زۆر بە لای *ئێران*دا شکابووەوە، کەچی لەوکاتیشدا ئامادە نەبوو تێگەیشتنێک یان سۆزێک بۆ مافەکانی کورد و بۆ نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆکاندا لە خۆ پیشان بدات. سێیەم، پرۆسەی تەعریبکردنی *کوردستان* هەمەلایەن و بەرفراوانتر کرا، بە ڕادەیەک کە مامەڵەکردنی *عێراق* لەگەڵ *کوردستان* و خەڵکەکەی زیاتر لە مامەڵەی دەوڵەتێکی داگیرکەر دەچوو لە هەر شتێکی دیکە، کە دەکرێت بە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ ( Internal Colonization) ناوببرێت.

مەرج نییە کۆلۆنیالیزم دامەزراندنی یان سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتێک بەسەر دەوڵەتێکی دیکەوە بێت، بەڵکو دەکرێت سەپاندنی دەسەڵاتی نەتەوەیەک یان ناوچەیەک بەسەر نەتەوەیەک یان ناوچەیەکی دیکە لە هەمان دەوڵەت بێت. ئەویش لە ڕێگەی چەوساندنەوەی سیاسی و ئابوورییەوە بکرێت. لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق نیشانەکانی کۆلۆنیالیزکردن لە حەفتاکان و هەشتاکانەوە بە زەقی دەبینران، کە خۆیان لە بوونی سەدان سەربازگە و قەڵای سەربازی و ڕەبیە، کە هەموو *کوردستان*یان تەنیبوو، دەردەکەوتن. لەو ساڵانەدا هەر کەسێک بهاتبایە *کوردستان* وا هەستی دەکرد کە بە ناو سەربازگەیەکی گەورەدا گوزەر دەکات. لەوەش زیاتر، لە کاتێکدا کە نەوت و سامانەکانی دیکەی ژێرزەوی و سەرزەوی لە ناوچە کوردییەکان دەردەهێنران و ڕەوانەی دەرەوە دەکران، لە هەمان کاتدا داهات و خێروبێرەکەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە عەرەبییەکانی *عێراق* بەکار دەهات. تاکە پیشەسازییەک کە لە *کوردستان* بوونی هەبوو یان ڕێگەپێدرابوو، پیشەسازیی دەستی و سووک بوو، چونکە ئەمە پشتبەستنی ئابووریی *کوردستان*ی بە ناوچەکانی دیکەی *عێراق* ڕادەگرت. تا هەشتاکان چاڵە گەورە دۆزراوەکانی نەوت لە **عێراق** زۆربەیان لە ناوچە کوردییەکان بوون، کەچی لەو نۆ پاڵاوتگە نەوتییەی کە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە *عێراق* دامەزرێندرابوون، تەنیا

یەک دانەی لە ناوچە کوردنشینەکان دروست کرابوو، پیشەسازیی پرۆسێسکردنی هایدرۆکاربۆن هەر بوونی نەبوو. نیشانەیەکی دیکەی کۆلۆنیالیزکردنی *کوردستان* لە دەرپەڕاندنی جوتیار و کاسبکارە کوردەکان لەسەر زەویوزارە کشتوکاڵییەکانیانەوە دەردەکەوت. ڕاگواستنی جوتیارەکان لە ناوچەکانیان ئەوانی ناچار دەکرد کە بەرەو ناوچە عەرەبنشینەکان کۆچ بکەن و توانا جەسەدی و کارییەکانی خۆیان لەوێ هەرزانفرۆش بکەن. سەرەڕای گرنگیی ئەو خاڵانە، بەڵام دروستکردنی سەدان موجەمەعاتی سەکەنی (ئۆردوگای نیشتەجێکردن) دیارترین نیشانەی تەعریب و کۆلۆنیالیزەکردنی ناوخۆیی بوو.

سەرەڕای ئەو هەموو شێوازە جیاجیا و ئامڕازە جیاوازانەی کە حکومەتی عێراقی بەکار یدەهێنا بۆ وشکردن و بنبڕکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی، کەچی بزووتنەوەکە تا کۆتایی هەشتاکان هەر زیندوو مایەوە و درێژەی بە چالاکییەکانی لە شاخ بەتایبەتی و لە شارەکان بەگشتی دا. گیانی بەرگریی بزووتنەوەکە وای لە حکومەتی عێراقی کرد دەست بۆ میکانیزم و ئامڕازی نوێ ببات بۆ لەناوبردنی هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی *کوردستان*، کە خۆی لە هەڵمەتەکانی *ئەنفال* بینییەوە.

### ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکووک

**هەڵمەتەکانی *ئەنفال* و جینۆسایدی گەلی کورد لە سەردەستی ڕژێمی *بەعس* لە ساڵانی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨، زادە و هەوێنی نووسینی چەندین کتێب و گوتار بووە، جا ئەمانە توێژەر و ئەکادیمیست و نووسەرانی کورد بووبن یان بێگانە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لەو نووسینانە سەرنجی لەسەر کراوە، چەند پرسێکن، لەوانە: داخۆ هەڵمەتەکانی ئەنفال دەکرێن وەک پرۆسەی جینۆساید تەماشا بکرێن؟ (HRW 1995) هەندێکی دیکە لە نووسەران و توێژەران زیاتر خۆیان لە قەرەی ئامارەکان داوە، واتە هەوڵی دەستنیشانکردنی ژمارە و قەبارەی زیانە مرۆیی و مادییەکانیان داوە (عبدالرحمن ١٩٩٥؛ مەلا شاخی ٢٠٠٧ا؛ ٢٠٠٧ب). هەندێک توێژینەوە و نووسینی دیکە کاریگەرییە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵمەتەکانی**

***ئەنفال*يان لەسەر قوربانییە زیندوەکان کردووە بە ئامانجیان (عەبدوڵا و عەبدول ٢٠٠٤). سەرەڕای هەمەلایەنیی توێژینەوەکان، بەڵام پەیوەندیی هەڵمەتەکانی *ئەنفال* بە هەوڵەکانی سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری، کەم قسەی لەسەر کراوە. بۆیە ئەم بڕگەیە بە وردی دەڕوانێتە سەر نەخشە و جوگرافیای *ئەنفال* بۆ دەرخستنی مەبەستە سەرەکییەکانی پشت هەڵمەتەکانی *ئەنفال*.**

*ئەنفال* بە عەرەبی واتە غەنیمە، کە لە کوردیدا دەکاتە تاڵان و دەستکەوتەکانی شەڕ و بە سەردادان. ناوەکەی لە سووڕەتی هەشتەمی *قورئان*، کە هەر بە ناوی *ئەنفال*ەوە ناو نراوە، وەرگیراوە. سووڕەتەکە بەم ئایەتە دەست پێ دەکات: "یسألونک عن الانفال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله و اصلحو ذات بینکم"، واتە "لەمەڕ دەستکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بێژە: تاڵانی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پەیامبەرە ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترستان لە خودا بێ و لە ناو خۆتان پێک وەرن". گوایە ئەم ئایەتە لە ساڵی ٦٢٤ی زایینی، دوای *شەڕی بەدر* کاتێک موسڵمانەکان، بەتایبەتی موهاجیر و ئەنسارەکان، دەبێتە ململانێیان لەسەر دەستکەوتەکانی شەڕەکە، دابەزیوە. ئەویش بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی پرسی دابەشکردنی دەستکەوتەکان. ئاماژە بەم پاشخانە مێژووییەی سووڕەتەکە کرا تا بزانرێت کە ئەم چەمکە لە کوێوە هاتووە، چونکە دواتر باس لە گرنگیی ئەم بابەتە لەمەڕ تێڕوانینی ناسیونالیستە عەرەبە عێراقییەکان بۆ کورد لە چوارچێوەی چەمکی *ئەنفال* دەکرێت. هەوڵ دەدرێت ئەم پرسە بە بەعێراقیدانان یان دانەنانی کوردەکان ببەسترێتەوە. *ئەنفال* ناوی ئەو هەڵمەتە سەربازییەشە کە حکومەتی عێراقی کردییە سەر کورد و *کوردستان* لە ساڵی ١٩٨٨دا. هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە دوای دانانی **عەلی حەسەن مەجید** (١٩٤١-٢٠١٠)، ئامۆزای **سەدام**، وەک ئەمین سڕی *مەکتەبی شیمالی حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی*، دەستی پێ کرد. دانانی ئەو لەو پۆستەدا بەپێی بڕیارێک بوو، کە لە *ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش* دەرچووبوو. بەگوێرەی بڕیارەکە **عەلی حەسەن مەجید** تەواوی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی *کوردستان* و باکووری *عێراق* پێ درابوو، لەگەڵ خستنەژێردەستی

هەموو دەزگا کارگێڕی و سەربازی و ئەمنییەکانی ناوچەکە ( HRW 1995: 276-277, 296-297).

بەگشتی وا ناسراوە، کە هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێ کردوە. سەرەڕای ئەمە، لێرە *ئەنفال* بەسەر دوو فەیسدا (Phase) دابەش دەکرێت: فەیسی یەکەمی *ئەنفال* لە ٢١ی نیسانی ١٩٨٧ دەستی پێ کرد و تا ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ درێژەی خایاند. لەم فەیسەدا هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی حکومە*تی عێراق* ٧٠٣ گوند و شارۆچکەیان، لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیان دابوو، وێران کرد (HRW 1995: 49)، بەڵام ژیانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەگشتی پارێزرا. بە مانایەکی دیکە، لێرەولەوێ نەبێت، خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە فەیسی یەکەمدا کەوتن، بە سەلامەتی ڕزگاریان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت ئەوە لە بیر بکرێت کە زۆرینەی ئەو گوندانەی لە فەیسی یەکەمی *ئەنفال*دا ڕووخێندران، هەر زوو تەعریبیش کران، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوتخووب بوون لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە پێشووتر تەعریب کرابوون، وەک ناوچەکانی *گەرمیان*، *قەراج*، *کەندێناوە*، *شەمامک*، *شێخان* و *زوممار*. لە دوای ئەنجامدانی فەیسی یەکەمی *ئەنفال*، حکومەتی عێراقی هەموو ئەو ناوچانەی دیکەی *کوردستان*، کە لە ژێر کۆنترۆڵیدا نەبوو، بە ناوچەی قەدەغەکراو (المناطق المحرمة) ڕاگەیاند. هاوکات ڕۆژی سەرژمێریی گشتی، کە دەکەوتە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، وەک دواڕۆژ دیاری کرد بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەژیان، بە هاووڵاتیان و پێشمەرگەکان و فیرارەکانەوە. ڕژێم ناوی لەم پرۆسەیە نابوو "گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمان (العودة الى الصف الوطنی)".

چوار مانگ پاش دوایین ڕۆژی دیاریکراو بۆ خۆبەدەستەوەدان، فەیسی دووەمی هەڵمەتەکانی *ئەنفال* دەستی پێ کرد. بەپێی ئامار و *ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ (HRW)*، هێزەکانی حکومەتی عێراقی پەنجا تا سەد هەزار هاووڵاتیی مەدەنی کوردیان بێسەروشوێن کرد، کە بەشێکیان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون. فەیسی دووەمی *ئەنفال* کە لە هەشت قۆناغ پێک هاتبوو، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و لە ٦ ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا کۆتایی پێ هات. بەسەر یەکەوە لە هەردوو فەیسی *ئەنفال*، نزیکەی ملیۆن و نیوێک هاووڵاتیی کورد لە زێدی بابوباپیرانیان دەرپەڕێندران

و گوێزرانەوە بۆ موجەمەعە سەکەنییەکان، دەیان هەزاریشیان شوێنبزر کران. حکومەتی عێراقی لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو چەکی کیمیایی بەکار هێنا. ڕێکخراوی *هیومان ڕایتس وۆچ* دەڵێت لە نیسانی ١٩٨٧ تا ئەیلوولی ١٩٨٨، بە لانیکەم هێزە سەربازییەکانی *عێراق* لە چل شوێنی جیاجیا چەکی کیمیاییان بەکار هێنا. یەکەمین شوێن کە کیمیاباران کرا، هەردوو گوندەکانی *شێخ وەسان* و *بالیسان*، لە *دۆڵی بالیسان* بوون، کە دەکەوێتە نێوان *ڕانیە* و *خەلیفان* لە پارێزگای *هەولێر* (HRW 1995: 46–47). دوای نزیکەی ساڵێک هێزە ئاسمانییەکانی *عێراق* کیمیابارانی شاری *هەڵەبجە*یان کرد، کە دەکەوێتە پارێزگای *سلێمانی*. لە *هەڵەبجە* نزیکەی ٥٠٠٠ کەس بوون بە قوربانیی گازە ژەهراوییەکان. لەبەر گەورەیی زەرەرە گیانی و مادییەکان و ئەو دەنگۆیەی کە لە ناوخۆ و دەرەوە لێی کەوتەوە، کیمیابارانی *هەڵەبجە* بوو بە سیمبولی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە لە دژی هاووڵاتییە کوردەکان. لێرە دوو پرس و پرسیار خۆیان ڕاپێش دەکەن: یەکەم، داخۆ بۆچی ڕژێمی عێراقی لە هەڵمەتەکانی *ئەنفال*دا بە بەراورد لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کورد لە پێشووتر، ئەم جارە ئەوپەڕی توندوتیژی و دڕەندەیی لەگەڵ هاووڵاتییە کوردەکان بەکار هێنا؟ دووەم، بە وردبوونەوە لە نەخشە و جوگرافیای *ئەنفال* بێجگە لە نیازی جینۆساید، هەوڵ دەدرێت بزانرێت داخۆ چ نیازێکی دیکە لە پشت ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی *ئەنفال* خۆیان حەشار دابوو؟

ئاشکرایە کە هەڵمەتەکانی ئەنفال درێژکراوەی سیاسەتەکانی تەعریبکردنی *کوردستان* بوون، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان پێ کردبوو. سەرەڕای ئەمە، بە دڵنیاییەوە دەکرێت بگوترێت کە هۆکارێک بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە، ئەم جارە ئەوە بوو کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان چالاکییەکانی *پێشمەرگە* گەیشتبووە ئاستێکی هێندە بەرز، کە لە مێژووی *کوردستان*دا کەموێنە بوون و توانا سوننەتییەکانی (Conventional) ڕژێم بۆ سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی نەک هەر چالاکییەکانی پێشمەرگە، بەڵکو جەماوەری *کوردستان* ڕۆژ بە ڕۆژ کەمی دەکرد و بەرەو لاوازی دەڕۆیشتن. ناکرێت هاوکارییەکانی *هێزی*

*پێشمەرگە* لەگەڵ *ئێران*، لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراقی لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵیدا، لە هاوکێشەکە دەربهێنرێت. لە ڕاستیدا بە دووقۆڵی (*پێشمەرگە* و *پاسداری* ئێرانی) هێرشکردنە سەر دامودەزگا نەوتییەکانی کەرکووک و پاڵپشتیی ئێران لە *هێزی پێشمەرگە*، هۆکارێکی دیکە بوون بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی لەگەڵ کورددا.[١] سەرەڕای ئەمە، هۆکاری سەرەکی لە پشت هەڵمەتەکانی *ئەنفال* هەوڵێک بوو بۆ تواندنەوەی کورد لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی (Nation-State) *عێراق*، کە لە ڕاستیدا لە کەیسی *عێراق* هەوڵەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە بە مانا مەدەنییە سێکولارەکەی نەبوون، بەڵکو دەوڵەت-نەتەوە بە مانا ئیتنییە عەرەبییەکەی بوون. بە واتایەکی دیکە. تواندنەوەی کورد لە قازانی عەرەبیدا، لەگەڵ لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، کە بە ڕێگر لە پێش پرۆسەی تواندنەوەکە و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەکە دەبینرا. دواتریش قڕکردنی یان کپکردنی کورد، بەتایبەتی بە وێرانکردنی گوندەکانی *کوردستان* کە وەک وشککردنی ئەو دەریاچەیە وا بوو کە پێشمەرگەکان مەلەیان تێدا دەکرد. ڕژێم دەیویست ژێرخانی ئابووریی *کوردستان*، کە دێهاتەکان بووم، تەفروتونا بکات، بەمەش وا لە کوردەکان بکات، کە زیاتر پشت بە ناوچەکانی دیکەی *عێراق* ببەستن و هەوڵەکانی تواندنەوەی کورد لە قازانی *عێراق*دا سەرکەوتووتر بێت.

*ئەنفال* لە زۆر ڕووەوە لە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ڕژێمەکانی *عێراق* لە دەرپەڕاندن و چۆڵکردن و ڕاگواستن و تەعریبکردنو بەبەعسیکردن و کۆلۆنیالیزەکردنی *کوردستان* تێپەڕاند. *ئەنفال* لەو سیاسەتە پەیڕەکراوانە جیا بوو، چونکە ئەم جارە نەک تەنیا خاک و سامانی کوردستان، بەڵکو بوونی کورد وەک نەتەوە کرا بە نیشان. لە ئانوساتی ئەنفالەکان قسەیەک ببوو بە وێری سەرزمان، ئەویش ئەوە بوو گوایە **عەلی حەسەن مەجید** لەو ڕۆژەی کە وەک ئەمین *سڕی مەکتەبی شیمالی حزبی بەعس* دەستنیشان کرا، بە **سەدام**ی سەرۆکی گوتووە "اروح للشمال لو البس سروال لو اخليهم كلهم يلبسون

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر هاوکارییەکانی *هێزی* پێشمەرگە و *ئێران* تەماشای (ئەمین ١٩٩٩) بکە.

عگل"، واته "دەچمە باکوور (*کوردستان*) یان شەڕوالی کوردی لە پێ دەکەم یان وایان لێ دەکەم هەموویان عەگالی عەرەبی لەسەر بکەن". ئەم قسەیە ڕاست بێت یان نا، ئەوە گرنگ نییە، چونکە لەگەڵ هاتنی **عەلی حەسەن مەجید** بۆ *کوردستان* بە کردار هەوڵی دا پەیامەکەی ناو ئەو دەقە جێبەجێ بکات، هەر لەبە رئەوەش بوو خەڵکێکی زۆر وەک ڕاستییەک ئەو قسەیەیان وەرگرتبوو. ئەگەر بێت و لە قسەکەی **عەلی حەسەن مەجید** ورد ببینەوە، هەندێک لە نیازەکانی ڕژێمەکەی *عێراق*مان بۆ دەردەکەوێت، کە بە کورتی لەناوبردن، یان تواندنەوەی کوردە لە قازانی عەرەبیدا.

بەراوردێک لە نێوان شێوازی مامەڵەکردن و قسە و هەڵوێستەکانی سەرکردە عێراقییەکان لەو شەڕ و پێکدادانانەی لە ناوەڕاستی حەفتاکان لە نێوان کوردەکان و هێزە عێراقییەکان ڕوویان دا، لەگەڵ ئەوانەی لە کۆتایی هەشتاکان لە ئانوساتی ئەنفالەکان هاتنەپێش، بە ڕوونی ئەو جیاوازییە دەردەخەن. لە دوای پێکدادانەکانی سالانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، **سەدام حسێن** بە شانازییەوە لە کتێبی *خندق واحد ام خندقان* (*سەنگەرێک یان دوو سەنگەر*) باس لە بەرخوردی حکومەت لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەکات و دەڵێت لە شەڕەکان "هیچ تالانێک ڕووی نەدا" و "هیچ ژنێک تەعەدای لێ نەکرا" (حسین ١٩٧٦: ٢٦). ئەو قسانەی **سەدام** ئەگەر ڕاستیش نەبن، بەڵام دەکرێت بگوترێت، کە هەم تالان و هەم تەعەداکردن لە ژنان لەو شەڕ و پێکدادانەی لە حەفتاکان ڕوویان دا دیاردەیەکی بەربڵاو نەبوون، کەچی لە هەڵمەتەکانی *ئەنفال* نەک هەر سەروسامانی خەڵکە ئەنفالکراوەکە بە تالان بردرا، بەڵکو سەدان ژن و کچی ئەنفالکراو کوژران و تەعەدایان لێ کرا. ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا، کە کەرامەتی ئەو خەڵکە مەدەنییەی لە شەڕەکانی سالانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ گلا بوون، وەک **سەدام** دەڵێت، ڕێزلێگیراو و پارێزراو بوو. بەڵام لە ئەنفالەکاندا هێزەکانی حکومەت، کە هەر **سەدام** سەرۆکایەتیی دەکردن، ڕاست پێچەوانەی ئەو پەسنەی **سەدام** کردوویەتی، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکە مەدەنییە بێچەکەکان کرد. **سەدام** لە کتێبەکەی ئاماژە بە دیدی حکومەت بۆ کورد دەکات و دەڵێت ئەو کوردانەی لە "سەنگەرەکەی بەرانبەردا" شەڕی هێزەکانی ئێمەیان دەکرد، ئێمە هەر وەک "عێراقی" تەماشامان دەکردن. بە وردبوونەوە

و شیکردنەوەی قسەکانی **سەدام** و گەڕانەوە بۆ ماناکانی *ئەنفال*، دەکرێت بەراوردی شێوازی مامەڵەی حکومەتی عێراقی لەگەڵ کوردەکان لە ئەنفالەکاندا لەگەڵ پێکدادانەکانی ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ چاکتر ڕوون بکەینەوە. وەک ئاماژەی پێ کرا، *ئەنفال* زاراوەیەکە واتە تاڵانکردن و دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ، جا دەستکەوتەکان مرۆیی بن یان مادی. *ئەنفال* لە تێگەیشتنی ئایینی-ئیسلامییەوە زاراوەیەکە بۆ چالاکییەک بەکار دێت کە موسوڵمانان لە دژی ناموسوڵمانان پێی هەڵدەستن. لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتانەی کە لە دژی کورد ئەنجام دران و ناوی *ئەنفال*یان پێوە لکێندرا، ئەوە مانای ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە حکومەتی عێراقی کوردەکانی بە ناموسوڵمان و ناعێراقی دەبینی و دانابوو. ئەگەر نا، چۆن دەکرێت خۆیان و ماڵوحاڵیان *ئەنفال* بکرێت و ژن و کچەکانیان وەک کەنیزە و سەبایا مامەڵە بکرێت. بە واتا سیاسییەکەی، کوردەکان لە *عێراق* لە ئەنفالەکاندا لە هاووڵاتیبوون لە *عێراق* داماڵدران.

هەڵمەتەکانی *ئەنفال* هەموو خەسڵەتەکانی کۆمەڵکوژی و بێسەروشوێنکردنی دەستەجەمعیی پێوە دیار بوو. ئامارەکانی *هیومان ڕایتس ووچ* باس لە شوێنبزرکردنی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ خەڵکی مەدەنی دەکەن. سەرچاوە کوردییەکان بەگشتی باس لە ١٨٢٠٠٠ قوربانی دەکەن. ئەو ژمارەیەی کە کوردەکان بەکاری دەهێنن مەزەندەییە و لەوە دەچێت ڕاست نەبێت، بەڵام تێهەڵچوونەکەی **عەلی حەسەن مەجید** لەگەڵ ئەندامانی وەفدی کوردی لە دانوستانەکانی بەهاری ١٩٩١، قەبەیی قەبارەی تاوانەکە پیشان دەدات. ئەو لە کاتی گفتوگۆکاندا لەوە دەچێت بێزار بووبێت لەوەی کە ئەندامانی وەفدە کوردییەکە هێندە گوتوویانە ئێوە ١٨٢٠٠٠ کەستان *ئەنفال* و بێسەروشوێن کرد. **عەلی حەسەن مەجید**یش لە یەکێک لە دانیشتنەکان تووڕە دەبێت و دەڵێت "ئەوە چییە ئەو زێدەگۆییە! ١٨٢٠٠٠ چی؟! هەمووی لە ١٠٠٠٠٠ کەس زیاتر نەدەبوو" (Makiya 1993: 168). هەرچۆنێک تەماشای بکەیت حکومەتی عێراقی لە هەڵمەتەکانی *ئەنفال*دا تاوانی جینۆساید و تاوانی شەڕ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دا، ئەمە نەک وەک ئەوەی کوردەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو وەک ئەوەی کە *هیومان ڕایتس ووچ* لە

نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە بەڵگە سەلماندی و دواتریش لە لایەن *دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق* سەلمێندرایەوە و پەرلەمانی نەرویجی و سویدی و بەریتانییش، هەر بۆ نموونە، پشتڕاستیان کردەوە.

بێجگە لەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، کە لە سەرووی هەموویانەوە جینۆسایدی گەلی کورد بوو، بە وردبوونەوە لە نەخشە و جوگرافیای هەڵمەتەکانی *ئەنفال* هەندێک ئامانج و نیازی ستراتیجیی دیکەی ڕژێمی عێراقی دەردەکەون. مەبەستێکی دیکەی حکومەتی عێراقی لە ئەنفالەکان دروستکردنی کەمەربەندێکی بێکورد (No-Kurd Buffer Zone) بوو لە چواردەوری شاری *کەرکووک*، ئەمەش وەک بەشێک لە هەوڵەکانی حکومەت بوو بۆ قرتاندنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری. بۆ سەلماندنی ئەو تێگەیشتنەی، سەرەوە هەوڵ دەدەین نەخشە (Pattern) و جوگرافیای شوێنبزرکردن و لەناوبردنی ئەو خەڵکە مەدەنییانە بخەینە ڕوو، کە بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال کەوتن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ناوچانەی کە ئەنفالەکانیان تێدا ئەنجام درا، دابەش دەکەین بە سەر چوار حەوز (Catchment). *حەوزی دهۆک*، *حەوزی هەولێر*، *حەوزی سلێمانی* و *حەوزی کەرکووک* (بڕوانە خشتەی ٦-١). سەرەڕای ئەو کارە ماندوونەناسییەی کە *هیومان ڕایتس ووچ* لە پەیوەند بە *ئەنفال* ئەنجامیان داوە، بەڵام لێکدانەوە و ئەنجامگیرییان لەمەڕ نەخشە و جوگرافیای شوێنبزرکردن و لەناوبردنی خەڵکە مەدەنییەکە کورتی هێناوە و ڕاستییەکان وەدەر ناخەن. ڕاپۆرت و کتێبەکەی *هیومان ڕایتس ووچ* دەڵێت "شوێنبزرکردنی بەکۆمەڵی ژنان و منداڵان بەگشتی ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرگریی *پێشمەرگە* بوون" (HRW 1995: 13, 81, 192). بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی *هیومان ڕایتس ووچ* بێت، لە کاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالەکان لە هەر شوێنێک *پێشمەرگە* بە سەختی بەرگریی کردبێت و شەڕی قورس لە هێرشەکان کەوتبێتەوە، ئەوە لەو جێگەیانە خەڵکە مەدەنییەکان کە گیراون بێسەروشوێن کراون. لە ڕاستیدا وردبوونەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و سەختیی بەرگریی *پێشمەرگە* لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان یان قۆناغەکانی *ئەنفال*، وێنەیەکی دیکەمان پیشان دەدەن. ئەوەی لە وردەکارییەکان

دەردەکەوێت، ئەوەیە کە شوێنبزرکردن و قڕکردنی خەڵکە مەدەنییەکان، بەتایبەتی ژنان و منداڵان، زۆر پەیوەندیی بەوەوە نەبووە داخۆ لەو شوێنە پێشمەرگە بە سەختی بەرگری کردووە یان نا، بەڵکو شوێنبزرکردنی خەڵکەکە زیاتر پەیوەندیی بە شوێنی گرتنەکەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، داخۆ خەڵکەکە کەوتوونەتە *حەوزی کەرکووک* یان نا.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئەنجامگیرییە، وا چاکە وردتر تەماشای ئامارەکان و ئاستی بەرگریی *پێشمەرگە* بەپێی قۆناغەکان و حەوزەکان بکەین. بۆ دیارکردنی ئاستی بەرگریی *هێزی پێشمەرگە* پشت بەو زانیارییانە دەبەستین، کە لە کتێبەکەی *هیومان ڕایتس ووچ* *Iraq's Crimes of Genocide* (*تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق*) هاتووە لەگەڵ ئەو ئەزموونەی کە نووسەری ئەم کتێبە لەو بوارەدا هەیەتی بە هۆی ئاگەداربوونی لە ڕووداوەکان لە نزیکەوە. بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەش، کە لە هەر حەوزێک لە حەوزەکان، هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی *ئەنفال*، پشتی بەو داتایانە بەستراوە، کە لە کتێبەکەی **زیاد عەبدولڕەحمان**، *توونیی مەرگ*دا هاتووە (عەبدولرەحمان ١٩٩٥: ١٢٤)، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکە کە لە خشتەکە ئاماژەیان پێ کراوە. ژمارەی ئەنفالکراوەکان بەپێی داتاکانی عەبدولڕەحمان (١٩٩٥)، لەوە دەچێت کەمتر بێت لەوەی کە هەیە، بەڵام داتاکانی ئەم نووسەرە لە هەموو ئەو داتایانە وردتر و گشتگیرترە و سەرنجیشی کردووەتە سەر ئەو ناوچانەی کە لە هەموو ناوچەکان زیاتر خەڵکی تێدا بێسەروشوێن کراوە. داتاکانی ئەو لە هەموو ئەو داتایانەی تا ئێستا لە بەردەست دان نزیکترن لە ڕاستی و بۆ مەبەستەکەی ئەم توێژینەوەیەش زۆر بەکەڵکن، چونکە چاکتر لە هەموان نەخشەی شوێنبزرکراوەکان بەپێی شوێنی دەستبەسەرکردنیان پیشان دەدات. وا چاکە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا حکومەتی *هەرێمی کوردستان* لە کتێبێکدا هەندێک ئاماری لەسەر جینۆسایدی کورد لە *عێراق* لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی *خستنەڕووی هێڵکاریی زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد* بڵاوکردووەتەوە. بۆ کۆکردنەوەی ئامارەکان و بەرهەمهێنانی کتێبەکە، هەزار کەسێک لەسەر ئەم پڕۆژەیە کاریان کردوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠٠٨). بە داخەوە داتاکانی کتێبەکە لە هیچ شوێنێک ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال پیشان نادەن. جارێ لە سەرێکەوە هەموو هێرش و کۆمەڵکوژییەکان، وەک کیمیابارانی *هەڵەبجە*، کوشتنی کوردە فەیلییەکان، ئەنفالەکان بە هەموو قۆناغەکانییەوە و کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان، هەر هەمووی تێکەڵ کراوە و بە رێژە نەک بە ژمارە بە پێی پارێزگاکان خراونەتە ڕوو. ئەو هەموو پارەیەی لەو پڕۆژە زەبەلاحە سەرف کراوە، دەبوو نەک هەر ژمارە، بەڵکو ناو و شوێنی تاک بە تاک ئەنفالکراوەکانی یادداشت و بڵاو بکردایەتەوە. بە هەرحاڵ، مەبەست لێرە ئەوەیە کە هەوڵی گروپێک بە ناوی *کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفالەکەکان* کە لە *توونیی مەرگ* بڵاو کراوەتەوە، زانیاریی چاکتر بە دەستەوە دەدەن، کە لێرە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

داتاکانی خشتەی ٦-١ ئەوە پیشان دەدەن، کە لە کۆی ٦٨٢٣٠ لەو کەسانەی لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالەکان دوای گرتنیان بێسەروشوێنکراون، ئەوە ٥١٢٣٦ کەسیان لە *حەوزی کە*رکووک بوون، واتە ٧٥%ی هەموو ئەوانەی لە *کوردستان ئەنفال* کراون، لە دوو قۆناغەکەی *حەوزی کە*رکووکن، قۆناغی سێیە م و چوارەم. نابێت ئەوە پشتگوێ بخرێت، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانێک لەو خەڵکەی کە لە *حەوزی کە*رکووک دەستبەسەر کرابوون بە ناو شاری چەمچە*ماڵ*، ئەوا خەڵکی شارەکە ڕێگرییان لە کاروانەکە کردووە و توانیویانە خەڵکێکی ئێجگار زۆریان لێ ڕزگار بکەن (محەمەد ٢٠١٦: ١٠٢–١١٤؛ HRW 1995: 107). ئەمە نەبوایە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە *حەوزی کە*رکووک *ئەنفال* کران، لەوە زۆر زیاتر دەبوو کە ئێستا هەیە. هاوکات خشتەکە ئەوەش پیشان دەدات، کە شوێنبزرکردنی خەڵکە مەدەنییەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئاستی بەرگریی *پێشمە*رگە و سەختیی شەڕەکان لە ئانوساتی هەڵمەتەکانەوە نەبووە. بە پێچەوانەوە، وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە *پێشمە*رگە و هاووڵاتیان بەرگرییەکی زیاتر و سەختتر و دووردرێژتریان کردووە، وەک قۆناغەکانی یەکەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم، ژمارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکە زۆر کەمترە لە قۆناغەکانی *حەوزی کە*رکووک، کە بەرگری تێیاندا نزم یان مامناوەندی بوو. ئەوانەی لە قۆناغەکانی یەکەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم، واتە لە دەرەوەی

حەوزی *کەرکووک* کوژراون یان شوێنبزر کراون، بە دەگمەن ژن و منداڵیان تێدا بووە. لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لەوانەی لە حەوزی *کەرکووک* بێسەروشوێن کراون ژن و منداڵ بوون.

خوێندنەوەیەکی وردی کتێبەکەی *هیومان ڕایتس وۆچ* و ئەو گێڕانەوانەی لە سەرچاوەکانی دیکە لە سەر *ئەنفال*، بەرچاو دەکەون، دیاردەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێشمان پیشان دەدەن، ئەویش چارەنووسی ئەو کەسانەیە کە لە کاتی هەڵمەتەکانی قۆناغی دووەم لە ئەنفالەکان لە حەوزی *سلێمانی*یەوە ڕوویان لە حەوزی *کەرکووک* کردووە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە قۆناغی دووەمی *ئەنفال* شوێنبزر کراون، ٨٨٣٥ کەسن، کە دەکاتە نزیکەی ١٣% ئەو کەسانەی لە ئەنفالەکاندا بێسەروشوێن کراون. ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ٨٨٣٥ کەسە لەو کەسانەن، کە لە قۆناغی دووەم لە ناوچەی *قەرەداغ* بەرەوخوار ڕوویان لە *گەرمیان* کرد. ئەو کەسانەی کە لە هەمان ناوچە لە کاتی هەڵمەت و هێرشەکان بەرەو *عەربەت* و *سلێمانی*، حەوزی *سلێمانی*، بەڕێ کەوتن بەگشتی بە سەلامەتی ڕزگاریان بووە. لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە مەدەنییانەی قۆناغی دووەم دوای هاتنیان بۆ ناوچەی *گەرمیان*، واتە حەوزی *کەرکووک*، *ئەنفال* کراون، بۆیە دەکرێت ژمارەی ئەمانە لەسەر حەوزی *کەرکووک* نەک *سلێمانی* هەژمار بکرێن، چونکە وەک ئاماژەی پێ کرا لەوێدا دەستبەر کراون. ئەگەری زۆرە ڕژێم لە کاتی گرتنیان نەیزانیبێت ئەوانە لە کوێوە هاتوون، بۆیە چارەنووسیان وەک چارەنووسی خەڵکە مەدەنییەکەی حەوزی *کەرکووک* بێسەروشوێن کرد. بەمەش ژمارەی ئەوانەی لە حەوزی *کەرکووک* *ئەنفال* کراون دەبێتە ٦٠٠٧١ لە کۆی ٦٨٢٣٠ ئەنفالکراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ٨٨%ی هەموو ئەو کەسانەی لە تەواوی *کوردستان* ئەنفال کراون، لە حەوزی *کەرکووک* بوون. هەر بۆ بەرچاوڕوونی، وا چاکە ئاماژە بەوەش بکەین کە ناوچەی *قەرەداغ*، قۆناغی دووەم لە ئەنفالەکان، هاوسنووری ناوچەی *گەرمیان*ە و درێژکراوەیەتی، بۆیەش دەکرێت بڵێین کە ڕێکەوت نەبووە، کە چارەنووسی خەڵکی *قەرەداغ*یش بە چارەنووسی خەڵکی حەوزی *گەرمیان* چوو.

خشتەی ٦-١: *نەخشە و ژمارەی شوێنبزرکراوەکان بەپێی قۆناغەکانی ئەنفال*[١]

| قۆناغی ئەنفال | حەوزو ناوچە | | ئاستی بەرگری پێشمەرگە | ڕێکەوت ساڵ ١٩٨٨ (ماوە بە ڕۆژ) | ژمارەی گوندەکان | ژمارەی کوژراو | ژمارەی ئەنفالکراوان | ڕێژە بە پێی قۆناغ % | ڕێژە بە پێی حەوز % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | حەوزی سلێمانی | سەرگەڵوو و بەرگەڵوو | بەهێز | ٢/٢٣تا٣/١٩ (٢٧) | ٢٤٠ | ٤٦٠ | ٩ | ٠.٠١ | ١٢.٩٥ |
| دووەم | | قەرەداغ | نزم | ٣/٢٢تا٤/١ (١١) | نەزانراوە | ١٦٨ | ٨٨٣٥ | ١٢.٩٥ | |
| سێیەم | حەوزی کەرکووک | گەرمیان | مامناوەندی | ٤/٧تا٤/٢٠ (١٣) | ٥٠٤ | ٤٣ | ٤٤٠٣٥ | ٦٤.٥٤ | ٧٥.٠٩ |
| چوارەم | | زێی بچووک | نزم | ٥/٣تا٥/٨ (٥) | ٢٠٠ | ٣٠٠ | ٧٢٠١ | ١٠.٥٥ | |
| پێنجەم، شەشەم، حەوتەم | حەوزی هەولێر | شەقڵاوە ڕەواندوز | زۆر بە هێز | ٥/١٥ تا ٨/٢٦ (٩١) | ٥٢ | ٥٥ | ١٥٠ | ٠.٢٢ | ٠.٢٢ |
| هەشتەم | حەوزی دهۆک | بادینان | زۆر نزم | ٨/٢٥ تا ٩/٦ (١٣) | ٣١٠ | ٣٢١ | ٨٠٠٠ | ١١.٧٣ | ١١.٧٣ |
| کۆ | | | | | ١٣٠٦ | ١٣٤٧ | ٦٨٢٣٠ | ١٠٠.٠٠ | ١٠٠.٠٠ |

ئەگەر بە وردی تەماشای شێوازی مامەڵە و نەخشەکێشانی هێزەکانی حکومەت لە قۆناغەکانی *ئەنفال* بکەین و بەراوردیان بکەین بە یەک، ئەوە زیاتر مرازە پێشوەختییەکانی حکومە*تی عێراق* لە پەیوەند بە خەڵکی *حەوزی* کەرکووک دەردەکەون. بە پێچەوانەی قۆناغەکانی یەکەم، دووەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم، کە لە حەوزەکانی *سلێمانی* و *هەولێر* و *دهۆک* ئەنجام دران، هێزەکانی ڕژێم لە *حەوزی* کەرکووک، واتە قۆناغی سێیەم و چوارەم، تەواوی ناوچەکەیان پێش هێرشکردنەسەر تەوق کردبوو و ڕێگەیەکیان بۆ خەڵکە مەدەنییەکە نەهێشتبووەوە تا دەرباز ببن بە غەیرە خۆبەدەستەوەدان. لە هەردوو قۆناغەکەی *حەوزی کەرکووک*، هێزەکانی ڕژێم پێشوەخت زیل و ئیڤا و ئۆتۆمبێلی نەفەرهەڵگریان ئامادە کردبوو. بەم شێوەیە دوای دەستگیرکردنی خەڵکەکە لە چەند شوێنێکی کاتی کۆیان کردنەوە و دواتر بۆ *تۆپزاوە* لە نزیک کەرکووک ڕەوانەیان کردن. لەوێدا پرۆسەی

[1]. بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە (عەبدولرەحمان ١٩٩٥: ١٢٤؛ دزەیی ٢٠٠١: ٨٤-١٥٦؛ مەلاشاخی ٢٠٠٧ا: ١١؛ ٢٠٠٧ب: ١٢؛ HRW 1995; Makiya 1993).

هەڵاواردن و کوشتن و شوێنبزرکردن و لەناوبردن دەستی پێ کرد. ئەم پرۆسە ڕێکخراو و سیستەماتیکە، بە دەگمەن لە قۆناغەکانی دیکەی *ئەنفال* جێبەجێ کران، قۆناغی هەشتەمی *حەوزی دهۆک*ی لێ دەربچێت، کە تا ڕادەیەک لە مامەڵەی *حەوزی کەرکووک* دەچوو. سەرەڕای ئەمە، لە *حەوزی دهۆک*دا خەڵکەکە و ناوچەکانیان بە تەواوی تەوق نەکرابوون. ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی نزیکەی ٨٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی ناوچەکە ڕزگاریان ببێت و بەرەو *تورکیا* برۆن، چونکە سنوورەکان بەربەرەڵا بوون ( HRW 1995: 267). سروشتی گشتگیری و هەمەلایەنی و پلانبۆدانان و ڕێکخراویی هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە *حەوزی کەرکووک*، ئەوە دەردەخەن کە حکومەتی *عێراق* مکووڕ بووە لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری کورد لە *کەرکووک* و دەوروبەری، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کەوتونەتە باشووری *کەرکوک* و سنوورەکانیان پێشتریش بەر هەڵمەتەکانی تەعریب کەوتبوون، وەک دەوروبەری قەزای *تووزخورماتوو* و *کەلار*. بێجگە لەو بەڵگە و داتایانەی تا ئێستا خرانە ڕوو، ڕاستیی ئەم تێگەیشتنە لەوەش دەردەکەوێت، کە دوو عەشیرەتە هەرە زەرەرمەندەکەی هەڵمەتەکانی *ئەنفال*، نیشتەجێی ئەو ناوچانەن، ئەوانیش *ڕۆغزایی* و *داودە*ن.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە باشە بۆ حکومەت سەرنجی خۆی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری *کەرکووک* کردبوو بۆ لەناوبردن و قڕکردنی خەڵکەکەی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە ساڵانێکە بوونەتە مایەی پێکنەهاتنی کوردان لە لایەک و حکومەتی عێراقی لە لاکەی دیکە، ئەویش پرس و چارەنووسی *کەرکووک* و ناوچەکانی دەوروبەریەتی. چارەنووسی ئەم دەڤەرە لەو ڕۆژەوە *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە لکێندراوە، گرێکوێرەی پرسی کورد لە *عێراق* پێک دەهێنێت. کوردەکان بەردەوام بە گەڕانەوە بۆ فاکتە مێژوویی و جوگرافییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە *کەرکووک* و ناوچەکانی دەوروبەری بەشێکی دانەبڕاوی *کوردستان*ن و دەبێت بخرێنە سەر ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمە یان فیدراڵییەی کە لە *عێراق*دا بۆیان دیاری دەکرێت، ئەوە ئەگەر نەڵێین دەوڵەتە سەربەخۆ خەونپێبینراوەکەیان. کەچی لە بەرانبەر ئەمەدا، حکومەتەکانی *عێراق*

ترسی ئەوەیان هەبووە، کە ئەگەر *کەرکووک* بخرێتە سەر *کوردستان* ئەوە ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ جیابوونەوەی کوردەکان لە *عێراق*، چونکە ئەوان پێیان وایە کەرکووک دەبێتە زامنکەری پاڵپشتیی ئابووریی دەوڵەتە جیابووەوەکە. لە چاوپێکەوتنێکدا لە کۆتایی سالانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، **تاریق عەزیز**، کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی *عێراق* بوو، دەڵێت "*کەرکووک* نابێت بخرێتە سەر ناوچەی حوکمی زاتی، چونکە خستنەسەری دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ جیابوونەوەی کورد لە *عێراق*" (نعناع ۲۰۰۰: ۱٦٣). ئەمە لە پەیوەند بە خاکی *کەرکووک* و ناوچەکانی دەوروبەری و سەرچاوەکانی ژێر خاکەکەی، بەڵام تێڕوانینی *حکومەتی عێراق* تەنیا بەوە ناوەستێت کە ئەم خاکانە داببڕێت، بەڵکو بۆ زامنکردنی هەتاهەتایی *کەرکووک* و دەوروبەری، ئەوە لەوە دەچێت ئەوان پێیان وا بووبێت کە نابێت کورد لە سەر ئەم خاکانە بوونی بمێنێت. ئەمەش لە قسەیەکی **عەلی حەسەن مەجید** دەردەکەوێت. ئەو لە دوای هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە ۱۹۸۹/٤/۱۰دا باس لە ئامانجە سەرەکییەکانی *ئەنفال* بۆ کۆمەڵێک لە ئەندامانی حزبی *بەعس* دەکات و دەڵێت:

"من دەمەوێت باس لە دوو خاڵ بکەم: یەکەم، تەعریب و دووەم، خاکە هاوبەشەکانی نێوان ناوچە عەرەبییەکان و ناوچەی حوکمی زاتی. ئەو خاڵەی کە ئێمە دەمانەوێت باسی بکەین کەرکووکە. من کە هاتم، عەرەب و تورکمان (بە هەردووکیان) ٥٠% دانیشتوانی *کەرکووک*یان پێک نەدەهێنا. سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، من ٦٠ ملیۆن دینارم سەرف کرد تا گەیشتینە ئەم حاڵەتە. ئێستا ئاشکرایە! (بەڵام) بۆ ئاگەداریتان ئەو عەرەبانەی کە ئێمە هێنامانن بۆ *کەرکووک* ڕێژەکەیان نەگەیاند بە ٦٠%. بۆیە ئێمە ڕێنمایی دیکەمان دەرکرد. من قەدەغەم کرد کورد لە *کەرکووک* کار بکەن تەنانەت لە گوندەکان و دەوروبەریشی" (HRW 1995: Appendix 1).

لە قسەو تێڕوانینەکانی **تاریق عەزیز** و **عەلی حەسەن مەجید** ئەوە دەردەکەوێت کە بێجگە لە دابڕینی *کەرکووک* وەک خاک، *حکومەتی عێراق* هەمیشە کاری لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری کوردیش کردوە لە کەرکووک و دەوروبەرەکەی. وا پێ دەچێت کە حکومەتی عێراقی لە سەرژمێرییەکەی سالی

١٩٨٧دا ئەوەی بۆ دەرکەوتبێت، کە ڕێژەی زیادبوونی کورد بە بەراورد لەگەڵ عەرەب لە *عێراق* زیاتر بووبێت و درکی ئەوەشی کردبێت، کە هۆکاری ئەم زیادبوونە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە کوردەکان زۆر کەمتر لە عەرەبەکان لە بەرەکانی جەنگی *عێراق- ئێران* دەکوژران، چونکە کوردەکان ساڵی یەکەمی لێ دەربچێت، زۆر کەمتر بەشداریی جەنگەکانیان کرد. ئەمەش گەر بە هەڵاتن و خۆشاردنەوە بووبێت، بە چوونە ناو ڕیزەکانی *پێشمەرگە* بووبێت یان بە خۆدزینەوە وەک جاش لە ئەفواجە خەفیفەکان بووبێت. بۆیە دەکرێت هەڵمەتەکانی *ئەنفال* بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییە لە زیادبوونی کورد و کەمبوونی عەرەب داڕێژرابێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت حکومەت بە ئانقەست کوشتن و شوێنبزرکردن و لەناوبردنی کوردانی *کەرکووک* و دەوروبەری وەک بەشێک لەم ئامانجە هەڵبژاردبێت. بە سووک و سانایی، لەوە دەچێت حکومەت ویستبێتی دوو کێشکە بە یەک بەرد بکوژێت: یەکەم، کەمکردنەوەی ڕێژەی زیادبووی کورد بەگشتی، دووەم، سڕینەوەی کورد لە دەوروبەری *کەرکووک* بەتایبەتی.

لە ژێر تیشکی ئەو وردەکارییانەی لەسەر *ئەنفال* خرانە ڕوو، وا دەردەکەوێت کە: یەکەم، لە ئانوساتی ئەنفالەکان و دواتریش حکومەتی عێراقی وەک هاووڵاتیی عێراقی تەماشای کوردەکانی نەکردبێت، ئەمەش بە زەقی لە ناولێنانی هەڵمەتەکان دەردەکەوێت لەگەڵ ئەو دڕندە نواندنییە لەگەڵ خەڵکانی بێچەک لە *کوردستان*. دووەم، هەڵمەتەکانی *ئەنفال* کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی لەسەر کوردەکانی عێراق دانا، وەک *هۆلۆکۆستی* جوولەکەکان، *ئەنفال* بۆ کورد بوو بە مێتافۆرێکی بەهێز، کە نوێنەرایەتیی ئەزموونە هاوبەشەکەیان بکات. هاوکات بوو بە مایەی دروستبوونی کۆیادێکی دیکە لەو کۆیادانەی کە ئەندامانی گەلێک لێک نزیک دەکاتەوە و هاوشوناسی و هاوچارەونوسی بەهێز دەکات و خەونی ڕزگاری و سەربەخۆیی بە زیندوویی ڕادەگرێت. کۆیادێک و هاوچارەنووسییەک، کە نەوەکانی ئێستا و دواڕۆژ بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لەوانەیە هاوار و سەداکانی *ئەنفال* بۆ چەندین سەدە لە گوێی کوردان بزرنگێتەوە. سێیەم، دەکرێت بگوترێت، کە هیچ ڕووداوێک لە مێژووی کوردانی *عێراق* هێندەی *ئەنفال* نەبووەتە هەوێنی شیعر و پەخشان و

لاواندنەوە بۆ شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد.[1] چوارەم، بۆ کوردەکانی *عێراق* دەکرێت بگوترێت، کە *ئەنفال* قۆناغێکی دابڕە لە مێژوویاندا. *ئەنفال* مێژووی کوردەکانی لە *عێراق*دا بە سەر دوو قۆناغدا دابەش کرد: مێژووی پێشئەنفال (Pre-Anfal History) و مێژووی دوای ئەنفال (Post-Anfal History). ئەگەر شانسی ئامێزانی (Integration) کوردان لە *عێراق* پێش ئەنفالەکان بوونێکی هەبووبێت، ئەوە *ئەنفال* ئەو شانسەی ئەگەر نەکوشتبێت، ئەوە دەکرێت بگوترێت ئێجگار زۆر کەمی کردووەتەوە. پێنجەم، بێجگە لە جینۆسایدکردنی کورد، *ئەنفال* هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی کورد لە پارێزگای *کەرکووک* و دابڕینی ئەو ناوچانە بە یەکجاری و لکاندنیان بە عەرەبی *عێراق* و لادانی "ترسی کورد" لەسەر ئەم پارێزگا ستراتیجییە لە دیدی ناسیونالیستە عەرەبە بەعسییەکانەوە.

**ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١: ترۆپکی لێکترازانی نیشتمانی**

وەک بەشێک لە خەونی بوون بە **نەبوخوزنەسەری** نوێی *عێراق* و سەرکردە و سەرۆکی بێڕکابەری عەرەب و موسڵمانان، سەدام لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا *دەوڵەتی کوێتی* داگیر کرد. داگیرکارییەکە تەنیا حەوت مانگی خایاند، لەبەر شکانی هێزە عێراقییەکان لە کوێت لە بەرانبەر *هێزەکانی هاوپەیمانان* بە سەرکردایەتیی *ئەمەریکا*، کە لە لایەن *نەتەوەیەکگرتووەکان*ەوە ڕێگەیان پێ درابوو هێرش بکەنە سەر *عێراق* بۆ ڕزگارکردنی کوێت. لە کۆتایی شوباتی ١٩٩١دا *سوپای عێراق* لە کوێت دەرپەڕێندرا، سەربازەکانی سوپا دۆڕاو و وەرەڕووخاوەکەی *عێراق* لە کاتی گەڕانەوەیان لە کوێت، بێزاریی خۆیان بەرانبەر بە سەرکەشییەکانی **سەدام** و نقوومکردنی وڵاتەکەیان لە گەمە دۆڕاوەکانی "سەرکردە نایابەکە"یان بە هەر شێوەیەک با دەردەبڕی. لە ٣ی ئازار یەکێک لەو سەربازانە ڕووی چەکەکەی لە یەکێک لە پۆستەرە گەورەکانی **سەدام** لە گۆڕەپانێکی *بەسرە* کرد و گوللەبارانی کرد. ڕووداوەکە

---

[1]. تەنیا بۆ نموونە بڕوانە (غەمبار ١٩٩٧: ١١-١٧؛ بێکەس ٢٠٠٦ا: ٣٣٢-٣٥٦؛ عەلی ٢٠٠٦؛ سیوەیلی ٢٠٠٨: ١٨٣-١٩٢؛ دەهام ٢٠٠٨: ٣٣٧-٣٤٠؛ عەسکەر ٢٠١٣: ١١-٣٨؛ ئیسماعیل ٢٠٠٣؛ کەلوری ٢٠٠٥).

بوو به بڵێسەی خۆپیشاندانێکی گەورە، کە ڕاپەڕینێکی مەزنی لێ کەوتەوە (الصالحی ٢٠٠٠: ٧١). بە چەند ڕۆژێک ڕاپەڕینەکە سەرتاسەری ناوچە شیعەنشینەکانی گرتەوە هەر لە *بەسرە* تا دەگاتە *حلە*، کە تەنیا ٥٠ کیلۆمەتر لە *بەغدادی* پایتەخت دوورە. لە ناوچە کوردنشینەکانیش، *پێشمەرگە* و ئەندام و لایەنگرانی *بەرەی کوردستانی*، بەتایبەتی خانە نهێنییەکانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی، پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی خەڵکی *ڕانیە* کرد، کە زۆری پێ نەچوو وەک ئاگری ناو تەبارە هەموو *کوردستانی* گرتەوە و بە دەرپەڕاندنی هێزە عێراقییەکان لە شاری *کەرکووک* گەیشتە لوتکە. لە هەردوو ڕاپەڕینەکەی باشوور و *کوردستان* هەزاران کەس لە هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی *عێراق* و ئەندامانی حزبی *بەعس* کوژران یان لە شوێنی پێکدادانەکان گوللەباران کران. بۆ نموونە لە *نەجەف* زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە ئەمن و ئیستیخبارات بە دەستی ئەو کەسانەی کە تۆڵەی کوژراوەکانی سالانی دەسەڵاتی *بەعس*یان دەکردەوە، کوژران. لە *سلێمانی* نزیکەی ٧٠٠ کەس لە ناو *بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی سلێمانی* (ناسراو بە *ئەمنەسوورەکە*) کوژران.[١] سادەگۆییە ئەگەر بگوترێت کە ڕاپەڕین تەنیا زادەی شکست و دۆڕانی هێزە عێراقییەکان بوو لە کوێت، چونکە ڕاپەڕینەکەی باشووری *عێراق* و ئەوەی کوردەکان زادەی چەوساندنەوە و نایەکسانی و ناعەدالەتییە کەڵەکەبووەکانی دەیان ساڵ حوکمڕانیی حکومەتی عێراقی بوو، کە سوننەکان هەر لە دروستبوونیەوە تا ئەوکات لەسەریدا باڵادەستب وون.

لە پەیوەند بە ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١، ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگەی سەرنجە جوگرافیای ڕاپەڕینەکانە، کە ڕاستەوانە دێنەوە لەگەڵ جوگرافیای نەتەوەیی و مەزهەبی لە *عێراق*. ڕوونتر بڵێین، تەنیا خەڵکی ئەو ناوچانە ڕاپەڕین کە شیعە یان کورد بوون. کوردەکان هەر چوار پارێزگا سەرەکییەکەی خۆیان ڕزگار کرد، بەڵام بە تەواوی نا، بۆ نموونە لە پارێزگای کەرکووک ڕاپەڕین لەگەڵ دەستپێکردنی ناوچە عەرەبییەکانی *حەویجە*

---

[1]. نووسەر بە چاوی خۆی لاشەی کوژراوی ٢٣ ئەندامی ئیستیخباراتی عەسکەریی لە باڵەخانەی *مەنزومەی ئیستیخباراتی شیمالی* لە *هەولێر* لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕین لە ١١ی ئازاردا بینیوە.

ڕادەوەستێت. لە باشوور شیعەکان هەر نۆ پارێزگای شیعەنشینیان ڕزگار کرد، ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بووبێت، بەڵام لەگەڵ گەیشتن بە ناوچە سوننەنشینەکان هەم لە باکوور هەم لە باشوور، نەک ڕاپەڕین چیدیکە بەرەو پێش ناڕوات، بەڵکو بەرگریکردن، دواتریش هێرشکردن دەست پێ دەکات. هیچ ڕووداو و پێشهاتێک هێندەی ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ دینامیکییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە *عێراق* نەگۆڕی. کۆمەڵێک هۆکار لە پشت ئەو گۆڕانکارییانەوە بوون، لەوانە: یەکەم، جەنگاوەرە کوردەکان و شیعەکان ڕووی چەکەکانیان بەتایبەتی لە دەزگا ئەمنی و حزبییەکانەوە بوو، کە بەگشتی لە سوننە پێک هاتبوون (بڕوانە Baram 1997: 5; 1998: 37-52; 2000: 9-21). دووەم، خەڵکە ڕاپەڕیوەکە هەم لە باکوور و هەم لە باشوور سەدان کەسیان لە ئەندامانی دەزگا ئەمنی و حزبییەکان بێ دادگاییکردن لە شوێنی ڕووداوەکان گوللەباران کرد (HRW 1992). سێیەم، لە بەرانبەردا لە کاتی گرتنەوەی شار و شارۆچکەکانی *عێراق*، ئەندامانی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان ئێجگار دڕندانە کەوتنە گیانی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە، چەکدار و بێچەک. چوارەم، هەندێک لەو دروشمانەی کە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە لە باشوور هەڵیان گرتبوو لە کاتی ڕزگارکردنی شارەکان، لەگەڵ ئەوانەش کە سوپای عێراقی بەرزیان کردبوونەوە لە کاتی گرتنەوەی شارەکان، ماهییەتی مەزهەبیبوونی هەم ڕاپەڕینەکە و هەم حکومەتی عێراقییان دەردەخست. بۆ نموونە، شیعەکان دروشمی "ماکو ولی الا **علی**، نرید قائد جعفری (هیچ کەس جێنشین/خەلیفە نییە **عەلی** نەبێت، سەرکردەیەکی شیعەمان دەوێت)"یان دەگوتەوە (الصالحی ٢٠٠٠: ٣١٨).[١] لە دژی ئەم دروشمە، هێزەکانی حکومەت لەسەر دەبابەکانیان نوسیبوویان "لا شیعة بعد الیوم (لەمڕۆ بەدواوە ئیدی شیعە نامێنن)"، هاوکات دروشمی "لا شیعة و لا سروال" (نە شیعە و نە شەرواڵ (کورد))" دەگوترانەوە (الصالحی ٢٠٠٠: ٣٢١). پێنجەم، حکومەت زۆر بە بەربڵاوی ئەو دروشمانەی لە ناو پێکهاتەی سوننە لە *عێراق* بڵاو دەکردەوە، مەبەستیش لێی

---

[1]. چەند بەشداربوویەک لە ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ لە باشوور پشتڕاستی ئەوەیان بۆ نووسەر کردەوە کە ئەم دروشمە دەگوترایەوە، بەڵام دەیانگوت دروشمی سەرەکی "بڕوخێ **سەدام**" بوو.

دروستکردنی ترسێک بوو لە ناو ئەو پێکهاتەیە کە گوایە بوونیان کەوتووەتە ژێر هەڕەشەی شیعەکان و وا چاکە هەر هەموویان دەست بدەنە چەک و شەڕی مانونەمان بکەن. هەر بۆیەش لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا خەڵکێکی ئیجگار زۆر لە سوننە مەدەنییەکان، تەنانەت دکتۆر و ئەندازیارەکانیش، چەکیان هەڵگرت و پەیوەندییان بە هێزە سەربازی و ئەمنئیەکانەوە کرد.[1] بە کورتی، ئەگەر هەر هیوایەک تا پێش *ڕاپەڕین* هەبووبێت یان مابووبێت بۆ ئامێزانی نیشتمانی، ئەوە ڕاپەڕین و دەرکەوتەکانی ئەو هیوا و ئاواتانەی لە گۆڕ نا. لە ڕاستیدا لێکترازانی نیشتمانی وەک لە جوگرافیای *ڕاپەڕین* دەرکەوت، هیچ کاتێک بەو شێوەیە لە مێژووی *عێراق*دا دەرنەکەوتبوو. لە سەروبەند و لە دوای *ڕاپەڕین* هیچ پەردەیەک نەیدەتوانی دابەشبوونی مەزهەبی و نەتەوەیی لە *عێراق* بشارێتەوە.

بە کەڵکوەرگرتن لە لیوا و فرقەکانی *حەرەس جەمهوری* و *حەرەس جەمهوریی خاس*، کە بەگشتی لە سوننەکانی تکریت و دەوروبەری پێک هاتبوون، حکومەت لە ماوەی مانگێکدا توانی هەردوو ڕاپەڕینەکە، هەم ئەوەی شیعەکان هەم ئەوەی کوردەکان، دابمرکێنێتەوە. لە ترسی تۆڵەسەندنەوە و کیمیاباران و دووبارەبوونەوەی *ئەنفال*، کوردەکان بەگشتی لەگەڵ هاتنی هێزەکانی حکومەت بۆ نزیک شار و شارۆچکەکانیان بەکۆمەڵ ماڵەکانی خۆیان جێ هێشت و بەرەو سنوورەکانی *عێراق* و *ئێران* هەڵکشان، کە بە *کۆڕەو* ناسراوە. *کۆڕەوی* کوردەکان دەکرێت وەک ڕیفراندۆمێک تەماشا بکرێت کە ڕەتکردنەوەی کورد پیشان دەدا لە ژیان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی. چەرمەسەرییەکانی کوردە پەنابەرەکان و کوژرانی ژمارەیەکیان لەسەر دەستی هێزە هێرشبەرەکانی *عێراق* و کەمی یان نەبوونی ئاو و خواردن و شوێنی حەوانەوە و مردن و ڕەقبوونەوەی هەندێکی دیکەیان، هەموویان بەسەر یەکەوە کۆیادێکی دیکەی تاڵیان لە یادەوەریی کوردان و مێژووی ئەوان لە *عێراق* دروست کرد. کۆیادەکە پێچەوانە دەهاتەوە لەگەڵ پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، چونکە لەبری لێکنزیککەوتنەوەی پێکهاتەی کورد و عەرەب، لێکدوورکەوتنەوەی لێ کەوتەوە.

---

1. چەند شایەتێک پشتڕاستی ئەم قسانەیان بۆ نووسەر کردووەتەوە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆیادە تاڵەکەی کوردەکان لەسەر دەستی "هاونیشتمانییە" عەرەبەکانەوە بەسەریدا هاتبوو.

شیعەکان لەبەر ئەوەی ئەزمونی بەکۆمەڵ شوێنبزکردنیان نەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕێگەی دەرچوونیان کەمتر بۆ ڕەخسابوو، وەک کوردەکان کۆچیان نەکرد، بۆیەش ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت بوونەوە و زەرەر و زیانێکی لە هەژمار نەهاتوویان کرد. سزای دەستەجەمعی سیمای سەرەکیی وەڵامی حکومەت بوو لە بەرانبەر شیعە ڕاپەڕیوەکان لە باشووری *عێراق*. سەرچاوەکان ئاماژە بە کوشتنی ١٥٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠٠ کوژراو دەکەن کە بەشێکی زۆریان ژن و منداڵ بوون ( Farouk-Sluglett & Sluglett 2001: 289; Cockburn 2008a: 72). دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی *عێراق* ماڵ بە ماڵ بەدوای بەشداربوان و گومانلێکراواندا دەگەڕان و خەڵکێکی زۆریان لە ماڵەکانی خۆیان کوشت و ژمارەیەکی زۆریشیان ڕاپێچ کرد، کە ساڵانی دواتر لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەدۆزرانەوە. بۆ نموونە لە نزیک شاری *حلە* لە دوو گۆڕی بەکۆمەڵدا ئێسک و پروسکی زیاتر لە ٢٣٠٠ کەس دۆزرایەوە، کە دواتر دەرکەوت هیی ئەو کەسانەن کە لە ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ دا شوێنبز کرابوون (Cockburn 2008a: 72).

وەک ئاماژەی پێ کرا، خەڵکە ڕاپەڕیوەکە لە لایەن جەماوەری شیعە و کورد بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتیوانییان لێ کرا، کەچی نەک هەر هێزەکانی حکومەت، بەڵکو جەماوەری سوننە بەگشتی بە گژ خەڵکە ڕاپەڕیوەکەدا دەچوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە جاشە کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکان و بەعسییە شیعەکان لە باشووری *عێراق* پشتیوانییان لە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە کرد و لە زۆر شوێن ڕاستەوخۆش بەشداریی ڕاپەڕینیان کرد. ئەم دیاردانە جارێکی دیکە پیشانیان دا کە دڵسۆزیی بۆ نەتەوە و مەزهەب لە *عێراق* لە کاتە یەکلاکەرەوەکان و تەنگانەکاندا لە پێش هەر دڵسۆزییەکی دیکە دێن. ئەمەو هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانییان گەیاندە ترۆپک.

**بەعس و نەیارەکانی: لێکدابڕاندنی پێکهاتەکانی عێراق**

سیاسەتە وەدەرنەر و دەمارگیرییەکانی حکومەتی عێراقی لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکاندا بەسوننەکردن و بەعەرەبکردنی شوناسی *عێراقی* لێ کەوتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی لێ کەوتەوە. سیاسەتەکان لە ژێر تیشکی دید و تێگەیشتنەکانی *بەعس* بۆ شوناسی *عێراق* و عەرەبی داڕێژرابوون و جێبەجێ دەکران، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەو هەڕەشانەی کە *بەعس* بۆ خۆی وێنای کردبوون، جا بە ڕاستی هەڕەشە بووبن یان وەهمی بووبن، ئەمە پرسێکی دیکەیە. وەک لە چەند بڕگەیەکی ئەم بەشەدا تاووتوێ کرا، *بەعس* چوار هەڕەشەی لەسەر دەسەڵاتەکەی خۆی دەبینی، کە سوپا و کورد و شیعە و حزبی *شیوعی* بوون. *بەعس* و حکومەتەکەی بە شێواز و میکانیزم و ستراتیجییەتی جیاجیا مامەڵەی لەگەڵ هەر یەکێک لەو "هەڕەشانە" کرد.

لە بەرانبەر کوردەکان، *بەعس* کەڵکی لە بەکارهێنانی توندوتیژی و سیاسەتی چۆڵکردن و تەعریبکردنی گوند و شار و شارۆچکەکانی *کوردستان* و ڕاگواستن و دەرپەڕاندن و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکەکەی وەردەگرت. سەرەڕای ئەوەی کە شیعەکانیش لە ڕێگەی توندوتیژی و سزای دەستەجەمعی و کۆمەڵکوژیدا هێنرابوونە ژێر کۆنترۆڵ، بەڵام ئەوان دووچاری تەعریبکردن نەببوونەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە شیعەکان مەزهەبەکەیان نەک نەتەوەکەیان، سەرچاوەی ململانێ و هۆکاری چەوساندنەوەیان بوو. بۆ بەگژداچوونەوەی "هەڕەشەکانی" سوپا، ڕژێم سیاسەتەکانی بەبەعسیکردن و بەسوننیکردنی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەڕیزەکانی سوپادا جێبەجێ کرد، ئەمەش کەمۆکردن و کۆنترۆڵکردنی سوپای لێ کەوتەوە. هاوکات سوپا و جومگە سەرەکییەکانی لە نزیکەوە خرانە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەکەی **سەدام** و خزم و کەسوکارە نزیکەکانی. *بەعس* حزبی *شیوعی*ی نەک هەر وەک هەڕەشە دەبینی، بەڵکو وەک ڕکابەرێکی ئایدیۆلۆجییش وێنای دەکرد. لە بەرانبەر شیوعییەکان، *بەعس* پەیڕەویی لە کۆمەڵێک سیاسەت کرد لە دژیان، لەوانە تۆمەتهەڵبەستن، وەک دانانیان بە کافر، هەروەها فیڵڵێکردن، وەک خۆنزیککردنەوە لە یەکێتیی *سۆڤێت* و بلۆکی سۆشیالیست بۆ وەرگرتنی پشتیوانی و سەقامگیری، دواتریش کوشتن و قڕکردن، وەک ئەو هەڵمەتانەی لە ساڵی ١٩٦٣ و ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ ئەنجامیان دا. تەواوی ئەو

سیاسەتانە جارجار بە جیا و زۆر جاریش هاوکات و هاوشانی یەکدی بەڕێوە دەچوون تا ئەوکاتەی کوردەکان لە باکوور و شیعەکان لە باشوور لە دژی ڕژێم و دامودەزگاکانی ڕاپەڕین. تۆڵەسەندنەوەی کوردەکان و شیعەکان لە کاتی هەڵکوتانە سەر دامەزراوە حکومی و حزبییەکان و پەرچەکردارە بێبەزەییانەکانی هێزەکانی حکومەت، پڕۆسەی لێکترازانی نیشتمانیی گەیاندە خاڵی نەگەڕانەوە. نزیکیی هەندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنی کوردی و شیعی لە *ئێران* و بەستنی هاوپەیمانیی هەندێکی دیکەیان لەگەڵ *ئێران*، ڕقی سوننە دەسەڵاتدارەکانی بەرانبەر کوردەکان و شیعەکان بەگشتی و کەس و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان زۆر ئەستوور کردبوو، تا ڕادەیەک کە حکومەتی عێراقی بە ناڕاستەوخۆ کوردەکان و شیعەکانیان بە خائین دادەنا. ئەمەش وەک هۆکارەکانی دیکە دیوارەکانی نێوان پێکهاتەکانی *عێراقی* ئەستوورتر کرد.

بێجگە لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی و ئەو هۆکارانەی دیکە کە پێشووتر قسەیان لەسەر کرا، دوورکەوتنەوەی شیعەکان لە ڕەوتە سێکولار و چەپەکان و سەرهەڵدانی حزبە ئیسلامییە مەزهەبییەکانیان، هێندەی دیکە ئەوانیان لە سوننەکان و لە کوردەکان دوور خستەوە. لە کاتێکدا کە شیعەکان بەرەو ئیسلامیزم دەخشین، کوردەکان زیاتر لێیان دوور دەکەوتنەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەم، لەبەر ئەوەی کوردەکان بەگشتی سوننەمەزهەبن، ئیسلامیزمی شیعە پلاتفۆڕمێک بوو کە بە هیچ شێوەیەک جێگەی کوردە سوننەکانی تێدا نەدەبووەوە. دووەم، دوورکەوتنەوەی شیعەکان لە *حزبی شیوعی* و ڕەوتی نیشتمانیی عێراقی ئەو پلاتفۆڕمەشی لەدەست دا کە کوردەکان و شیعەکانی، لانیکەم لە پەنجاکان و شەستەکان لێک نزیک کردبووەوە. لەمەڕ پەیوەندیی سوننەکان و شیعەکانیش، سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی شیعە و دامەزراندنی *حزبی دەعوە* و هاوشێوەکانی نەک هەر نەبوون بە مایەی دروستبوونی پلاتفۆڕمێک کە شیعەکان و سوننەکان لە سایەیدا ئامێزان بکات، بەڵکو بووە مایەی سەنگەر لە یەکدی گرتن.

بێجگە ئەوانە، بەهێزبوونی ناسیونالیزمی کوردی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا و پڕوپاگەندەی سوننەکان بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی، کەم تا زۆر وەک جاران ئەو دوو ناسیونالیستە و کوردەکانو سوننەکانی وەک جاران لە دوو بەرەی دژ بە یەک ڕاگرتبوو. هەر سێ ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە زاڵەکە لە

جەوهەردا کێشەیەکی دیکەشیان لەخۆ گرتبوو، ئەویش تێپەڕکردنی سنووری جوگرافیای *عێراق*. ڕوونتر بڵێین، ناسیونالیستی عەرەبی خەون و کۆمەڵگە خەیاڵکراوەکەی لە دەرەوەی سنوورەکانی *عێراق*ە و دەیویست *عێراق* بتاوێنێتەوە لە ناو نەتەوەی عەرەب، کەچی ناسیونالیزمی کوردی لە هەوڵی یان خەونی بە لەتلەتبوونی *عێراق*ەوە دەبینی. لەولاشەوە ئیسلامیزمی شیعی خۆی لە ناوچەیەکی *عێراق* قەتیس کردبوو. هەرسێ ڕەوتەکەش لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون نەک بۆ یەکخستنی، بەڵکو بۆ پەکخستنی *عێراق*.

بەراوردێکی خێرای هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی *عێراق* و ئەو سێ ڕەوتەی کە لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان نوێنەرایەتییان دەکردن، دیاردەیەک یان ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەردەخەن. لە کاتێکدا کە شیعەکان، جارجاریش سوننەکان، بە گژ حکومەتەکانی *عێراق*دا دەچوونەوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، کەچی هیچ کاتێک ئەم دوو پێکهاتەیە و ڕەوتە سەرەکییەکانیان شەرعییەت و سەروەریی *عێراق*یان وەک دەوڵەتێک نەدەخستە ژێر پرسیار. ئەمە لە کاتێکدایە کە کوردەکان جارجار بە ئاشکرا و زۆر جاریش بە نهێنی نەک حکومەتی عێراقی، بەڵکو *دەوڵەتی عێراق*یان بە ناشەرعی و دروستکراو دادەنا و داوای سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی *عێراق*یان لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دەکرد. هەر بۆیەش دەکرێت بڵێین کە ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی شیعەکان داوای جوانکارییان لە ڕووی حکومەتی عێراقی و شوناسەکەی دەکرد، بە واتایەکی دیکە، زیاتر لە خەمی گەیشتن بوون بە ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز و دەسەڵات لە حکومڕانیدا، کە بەردەوام بە لای سوننەکاندا داشکابوو. بەڵام یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانی کوردەکان داوای دووبارەداڕشتنەوەی *عێراق*یان دەکرد بە شێوەیەک کە دان بنرێت بە سروشتی دوونەتەوەیی *عێراق*. بۆیە دەکرێت پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت کە کێشەی سەرەکیی *عێراق* خۆی لە پرسی شوناس و هاوسەنگیی هێز و سیاسەتە مەزهەبی و نەتەوەیی و دەمارگیرییەکان دەبینێتەوە. هەر ئەمانەش بوونە مایەی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و سەرهەڵدانی لێکترازانی نیشتمانی.

# بەشی حەوتەم
# دەوڵەت-نەتەوەیەکی لێکترازاو

وەک لە بەشی پێشووتردا شرۆڤە کرا، پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی لە ژێر سایەی *بەعس* لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ هێڵ و ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی زەقتر دەرکەوتن. بە بەراورد بە ساڵانی پێشووتر، دابەشبوونە ئایدیۆلۆجییەکان لە نەوەدەکان ئاشکراتر دەبینران، کە خۆیان لە ئیسلامیزمی شیعەکان و ناسیونالیزمی عەرەبیی سوننەکان و ناسیونالیزمی کوردیی کوردەکان دەبینیەوە. لە دوای ڕاپەڕینەکانەوە تا هاتن و داگیرکردنی *عێراق* لەلایەن *ئەمەریکا* لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆمەڵگەی عێراقی بە تەواوی لە بارێیەک هەڵوەشابووەوە. ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ وردبوونەوە لەو هۆکارانەی لە پشت بە تەواوی لێکترازانی کۆمەڵگەی *عێراق* لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت-نەتەوەی *عێراق* لە ڕووە سیاسییەکەیەوە. سەرەتا چەند ستراتیجییەتێکی **سەدام** تاوتوێ دەکرێن کە وەک سیاسەتی گشتی بەکاری دەهێنان و وەگەڕی خستبوون لەپێناو پاراستنو ڕزگارکردنی خۆی و حوکمەکەی لەو تەنگژانەی کە لە دوای *ڕاپەڕین*ەوە تێیکەوتبوو، لەوانە بەرتەسککردنەوەی بنکەی حوکمڕانییەکەی و پشتبەستن بە حوکمی بنەماڵە و دەستبردن بۆ *ئیسلام* وەک موناجاتێک لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە بەعەشیرەتکردنەوەی کۆمەڵگەی عێراقی.

**حوکمی بنەماڵە: بەرتەسککردنەوەی بنکەی حوکمڕانی**

لەدوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١، بنکەی حوکمڕانیی ڕژێمەکەی **سەدام** هێندەی دیکە بەرتەسک کرایەوە. دەسەڵاتەکانی دەمودەزگاکانی دەوڵەت بەسەر ناوچە دوورەدەستەکان و کەنارەکان لاواز ببوو. هاوکات، دەسەڵات و تواناکانی بنەماڵەی **سەدام** و خزم و کەسوکارەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوانبووندا بوون. کوڕە گەورەکەی **سەدام، عودەی،** کە لە ساڵی ١٩٩٢دا تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو، دەسەڵاتەکانی باڵیان کێشابوو بەسەر دامودەزگا میدیاییەکانی *عێراق*. لە پاڵ سەرپەرشتیکردن و سانسۆرکردنی میدیا، **عودەی** خۆی کردبوو بە *سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارانی عێراق* و *سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق* و *لیژنەی ئۆلۆمپیی عێراقی*. لەم دامەزراوانەش بەدەسەڵاتتر، **عودەی** هێزێکی میلیشیایی بە ناوی *فیداییەکانی سەدام* (*فدائيو صدام*) لە ساڵی ١٩٩٦دا دامەزراند. لە ماوەی دوو ساڵدا، واتە لە ١٩٩٨، ژمارەی ئەندامانی میلیشیاکە لە ٣٠٠٠٠ەوە گەیشت بە ٦٠٠٠٠. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی **عەباس جەنابی،** کە یەکێک لە سکرتێرەکانی **عودەی** بوو، مەبەست و ئەرکی سەرەکیی میلیشیاکە کۆنترۆڵکردن و پاراستنی ئاسایشی *بەغداد* بوو لە ئەگەری ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکە یان هەر ئەگەرێکی نەخوازراو لە دژی ڕژێم (Mylroie 1998). لە ١٩٩٨، کوڕە بچووکەکەی **سەدام، قوسەی،** لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا، متمانەی سەرپەرشتیکردنی بەشی هەرە زۆری دامودەزگا ئەمنییەکانی *عێراقی* لە لایەن باوکییەوە پێ بەخشرابوو. ئەو کرابوو بە بەرپرسی *دەزگای ئەمنی خاس* (*الامن الخاص*)، فەرماندەی *حەرەسی جەمهوری* (*الحرس الجمهوري*) و *حەرەسی جەمهوریی خاس* (*الحرس الجمهوري الخاص*)، بەرپرسی *موخابەرات* و *موخابەراتی عەسکەری* و *ئەمنی عاممە* (*الامن العام*). لە ڕاستیدا **سەدام** عێراقی کۆماریی بەرەوە عێراقێکی کۆماری-پادشایی پشتاوپشتی دەبرد. وەک بەشێک لەم پلانە، لە سەرەتادا **عودەی** ئامادە دەکرا بۆ جێگرتنەوەی **سەدام،** بەڵام لەبەر ژمارەیەک هۆکار **سەدام** بەو بڕوایە گەیشتبوو کە **عودەی** ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی، لەوانە: یەکەم، **عودەی** ببوو بە شەللاتی (Playboy)، بە ئاشکرا دەستی بۆ هەزاران کچ و ژنی *عێراق* بردبوو. دووەم، چەند کەسێکی نزیک لە **سەدام**ی کوشتبوو، لەوانە **کامیل**

**حەنا**، کە چێشتتامکەر و ژنپەیداکەری **سەدام** بوو. سێیەم، بریندارکردنی زڕبرایەکی **سەدام** بەناوی **وەتبان ئیبراهیم**. چوارەم، بریندابوون و شەلەلبوونی **عودەی** لە ئەنجامی هەوڵێک بۆ کوشتنی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا. شەلەلبوونی عودەی دەرگەکانی والاتر کرد لە بەردەم **قوسەی** بۆ ئەوەی ببێت بە جێنشینی **سەدام**. هەڵاتنی **حسێن کامیل** و **سەدام کامیل**، دوو زاوا و ئامۆزای سەدام لە ساڵی ١٩٩٥، لەگەڵ کەوتنەسەرجێی **عودەی** ساڵی دواتر، باڵادەستیی بنەماڵەی **سەدام**ی لەسەر حوکم بۆ ماوەیەکی کاتیی، نەک بۆ یەکجاری، لاواز کرد.

هۆکاری پشتبەستنی **سەدام** بە ئەندامانی بنەماڵەکەی و عەشیرەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، **سەدام** هەر لە بنەڕەتدا کەسێک بوو کە لە ناو خێڵ و لەسەر بەها خێڵەکییە عەرەبییەکان گەورە ببوو و پەروەردە کرابوو. بەها خێڵەکییەکان گرنگییەکی تایبەت بە نزیکیی پەیوەندیی خوێن لە ناو ئەندامەکانیاندا دەدەن. بۆ **سەدام** متمانە و باوەڕ بازنە بەدوای بازنە دەهات، سەرەتا بنەماڵەکەی ئینجا تیرەکەی، دواتر عەشیرەتەکەی پاشان ناوچەکەی، دوای ئەمانە مەزهەبەکەی، نەتەوەکەشی لە کۆتایی هەموو ئەوانە دەهات. لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەی لەگەڵ عێراقییەکان دەکرد و وڵاتیشی هەر بە گەڕانەوە بۆ ئەو بازنانە بەڕێوە دەبرد. **سەدام** نەک هەر لە ناو دامودەزگا حکومییەکان، بەڵکو لە *ناو حزبی بەعسی* حاکمیش لەسەر هەمان بنەما کاری دەکرد. دووەم، لە سەروبەند و دوای ڕاپەڕینی شیعەکان لە باشوور و کوردەکان لە باکوور، **سەدام** بۆی دەرکەوت کە کەسانی بنەماڵە و تیرەکەی، تەنیا کەسانێکن کە لە ڕۆژانی تەنگانەدا متمانەیان پێ بکرێت و پشتیان پێ ببەسترێت، بەتایبەتی لە پرسی پارێزگاریکردن لە ڕژێمەکەی و ئامادەییان بۆ بەرگریکردن لە **سەدام**.

لە دەرئەنجامی سیاسەتی فرۆشتنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەت، کە لە کۆتایی هەشتاکان دەستی پێ کرد، واتە پێچەوانەی ئەو سیاسەتانەی کە لە شەستەکان و حەفتاکان پەیڕەو دەکرا بۆ خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان، بنەماڵە و خزم و کەسوکاری **سەدام** دەستیان بەسەر بەشێکی گەورە لە ئابووریی *عێراق*دا گرت. لە دوای شەڕی کوێت و دانانی گەمارۆی

ئابووری لەسەر *عێراق* لەلایەن *نەتەوەیەکگرتووەکان*ەوە خاوەنداریێتی و کۆنترۆڵکردنی ئابووری و بازرگانیی *عێراق* لە لایەن بنەماڵە و کەسوکاری **سەدام** هێندەی دیکە بە زەقی دەردەکەوت، چونکە ئەوان دەستیان بەسەر بازرگانیی هاوردەکردنی خۆراک و ناردنی نەوت بە قاچاخ بۆ *تورکیا* و *ئوردن*دا گرتبوو. لە پاڵ ئەمانە دەستیان بەسەر هەزاران هێکتار لە زەوی کشتوکاڵیدا گرتبوو، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لە دوای هەڵمەتەکانی *ئەنفال* لە *گەرمیان* و *کەرکووک* و *دەشتی هەولێر* و *دەشتی موسڵ* دوای دەرکردنی کوردەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەڵکیان لێ وەردەگرت.

کوشتنی ژمارەیەک گەورەبازرگانی عێراقی لە ساڵی ١٩٩٢ بە شێوەیەکی گوماناوی، باوەڕێکی وای لای خەڵک دروست کردبوو کە دەستی بنەماڵەی **سەدام**، بەتایبەتی **عودەی**، لە پشت ئەم کارەوە بێت، ئەویش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەرتی بازرگانی کە لە دوای ئابڵووقەی ئابووری و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت ببوو بە گەورەترین، ئەگەر نەڵێین تاکە سەرچاوەی داهات بۆ بازرگانان و دەوڵەت. بێجگە لەپەناوەکوشتنی چەند بازرگانێک، دەوڵەت ٤٢ بازرگانی بە ئاشکرا بە تۆمەتی بەرزکردنەوەی نرخی خۆراک لە ساڵی ١٩٩٢ لە سێدارە دا (Dawar 2008). لە ئاکامی کوشتن و لەسێدارەدانی گەورەبازرگانەکان کەسوکارە نزیکەکانی **سەدام** نەک دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی دامودەزگا سەربازی و ئەمنی و سیاسییەکانی *عێراق*دا گرت، بەڵکو بە تەواوی کۆنترۆڵی کەرتی بازرگانی و ئابووریی هەم تایبەت و هەم حکومییان کرد. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دەستبەسەرداگرتنی کایەی سیاسی و کەرتی ئابووری لە لایەن بنەماڵەی **سەدام**ەوە، پەراوێزخستنی چینی سەرمایەداریی *عێراق* بوو. هاوکات تێکەڵبوون و بەیەکەوەگرێدانی چینی سەرمایە و دەستەبژێری سیاسیی لێ کەوتەوە، کە هەردووکی خۆی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری **سەدام**دا دەبینییەوە. ئەم دیاردەیە تایبەت نەبوو بە *عێراقی* ژێردەستی **سەدام**، بەڵکو لە *هەرێمی کوردستان*یش بنەماڵەی **بارزانی** و **تاڵەبانی** هەر لە سەرەتای دەستڕاگەیشتنیان بە دەسەڵاتی سیاسی، لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرمایە و بیزنیسی *کوردستان*ن. لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە ئەم دیاردەیە لە *هەرێم*یش

زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوییان لە سیستەمی کۆمۆنیستی یان سۆشیالیستی دەکرد لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*، وەک *ڕووسیا*، بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە بەرژەوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان مارەبڕیان پێ دەکرێت لە لایەن دەستەبژێرە سیاسییە-ئابوورییەکە، کە لێکەوتەی زۆر خراپی سیاسی و ئابووریشی هەیە. دەستەبژێری سیاسی لەبری ئەوەی ببێ بە ڕێکخەر و سەرپەرشتیار و بەرپرس لە ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و ناوەند، دەبێت بە چەوسێنەر و ڕکابەری چینەکانی دیکە، بەمەش دەوڵەت ئەرکی هەرە سەرەکیی خۆی کە ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە لەدەست دەدات و دەبێت بە بەشێک لە ململانێکان.

لەو کاتەوەی کە ئەم گۆڕانکارییانە لە کەرتی بازرگانی و ئابووریی *عێراق*دا بەردەوام ڕوویان دەدا، پڕۆسەی بەسەدامکردنی *عێراق* و کولتووری سەدامپەرستنی لە جاران زیاتر برەوی پێ دەدرا. لە دوا دەیەی حوکمی **سەدام** زوڕناژەن و شایەرەکان ناو و نازناو نەما نەیبڕن بە شانوباڵی **سەدام** و وشە نەما پەسنی بەژنوباڵا و "هزر" و "توانا" و "دووربینییەکان"ی "سەرۆکی نایاب"ی پێ نەکەن، تا گەیشتە ئەوەی بڵێن کە **سەدام** "ئێستا و دواڕۆژی نەتەوەیە" یان "**سەدام**ەکەمان *عێراق*مانە" ( Bengio, *MECS* 347 :1994). دەوڵەت و دامودەزگاکانی ساڵانە دەیان فیستیڤاڵی هونەری و شانۆییان ڕێک دەخست بۆ پێداهەڵگوتن بە شانوشەوکەتی **سەدام**. تەنانەت فیستیڤاڵێکی شیعریی ناسراوی وەک *مەربد* (*المربد*)، کرابوو بە دەرباری شا. ئەم هەموو پارە بەفیڕۆدانە لەسەروبەندێکدا دەکرا کە *عێراق* خرابووە ژێر ئابڵووقەیەکی ئابووریی سەخت لەلایەن *نەتەوەیەکگرتووەکان*ەوە.

**ئابلۆووقەی ئابووری و گەمەکانی ڕژێم: کاڵبوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان**

تێگەیشتن لەو شەڕە خوێناوییە مەزهەبییەی نێوان شیعەکان و سوننەکان کە لە دوای داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی بەرپا بوو، بێ تاووتوێکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووریی *عێراق* لە ساڵانی ئابلۆووقە ئابوورییەکەی سەر *عێراق* لە نەوەدەکان، کارێکی ئاسان نییە. گرنگیی ئاگەداربوون لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بێجگە لەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، دیاریکردنی کاریگەریی بارودۆخە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکە لەسەر پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی. دووەم، تێگەیشتن لە دینامیکییەتی کێشە ناوخۆییەکانی دوای داگیرکردن کە ڕووبەڕووی *ئەمەریکا* وەک هێزێکی داگیرکەر و دەستەبژێری سیاسیی *عێراقی* دوای **سەدام** بوونەوە. لەوێشەوە دەتوانین باشتر لەو شەڕە ناوخۆییەی کە هەڵگیرسا تێبگەین و شرۆڤەی بکەین.

دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن *عێراق* لە ئابی ١٩٩٠، زۆری پێ نەچوو *ئەنجوومەنی ئاسایش* لە *نەتەوەیەکگرتووەکان* ئابلۆووقەیەکی ئابووریی توندی خستە سەر *عێراق*، بە سنووردارکردنی هاوردەکردن و هەناردەکردنی زۆربەی کەلوپەلەکان (UNSC 1990). بۆ دەوڵەتێک کە دەیان ساڵ بوو بە ڕێژەی ٩٥% داهاتەکەی پشتی بە هەناردەکردنی نەوت بەستبوو و بە ڕێژەی ٨٠%ش خواردنی لە دەرەوە هاوردە دەکرد (Bengio, *MECS* 1990: 413)، ئابلۆوقەیەکی لەم جۆرە پشتشکێن بوو. لە ئاکامدا زۆری پێ نەچوو ئابووریی *عێراقی* داتەپاند. لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، هەندێک ڕاپۆرت باسیان لەوە دەکرد کە نرخی هەندێک خۆراک چوارهەزار هێندەی پێشووتر بەرز بووتەوە و هەڵئاوسانیش (Inflation) گەیشتووەتە ٦٥٠٠٠% (Bengio, *MECS* 1995: 332). هەندێک ڕاپۆرتی دیکە باسیان لەوە دەکرد کە ٨٥%ی عێراقییەکان لەو باوەڕەدان کە داهاتەکەیان (مووچەکەیان) بەشی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان ناکات. بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، مووچەی فەرمانبەرێکی سادە لە دەوروبەری ٥٠٠٠ دیناری عێراقی (نزیکەی ٢ دۆلاری ئەمەریکی) بوو لە مانگێکدا، کەچی مریشکێک لە بازاڕدا لەو کاتدا بە ٤٠٠٠ دینار بوو. لە ساڵی ١٩٦٨دا، ئەو ساڵەی کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، داهات بۆ هەر کەسێک (Per Capita Income) ٦٠٠ دۆلاری ئەمریکی بوو و وردەوردەش سەر دەکەوت تا لە سەرەتای هەشتاکان

گەیشتە ٥٥٢٠ دۆلاری ئەمەریکی. لەگەڵ کۆتایی جەنگ لەگەڵ *ئێران* لە ساڵی ١٩٨٨دا، داهات بۆ هەر کەسێک دابەزی بۆ ٣٥٩٠ دۆلار. لەبەر کاریگەریی ئابڵووقەی ئابووری و سیاسەتە شکستخواردووەکانی ڕژێم، لە نەوەدەکان داهات بۆ هەر کەسێک بە تەواوی دابەزی، تا لە ساڵی ١٩٩٥دا گەیشتە ٣٣٦ دۆلاری ئەمەریکی (Bengio, *MECS* 1996: 336; 1998: 303).

لە بواری پەروەردە، لە کۆتایی هەشتاکان ڕێژەی خوێندەواری لە *عێراق* بەرز بووەوە بۆ ٩٥%، کەچی لە ساڵی ١٩٩٥دا، بەگوێرەی ڕووپێوییەکی یونیسێف (*UNICEF*) ڕێژەی ئەو منداڵانەی ناویان لە قۆناغی سەرەتایی تۆمار دەکەن ٨٧% بوو، لە قۆناغی ئامادەیی ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ ٥٨%. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر (١٣%) لە منداڵان هەر لە بنەڕەتەوە ناچن بۆ خوێندنگە و ئەوانەش کە دەچن نزیکەی نیوەیان قۆناغی ئامادەیی تەواو ناکەن (Sandell 2003: 4). یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە مایەی کەمیی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە ناونووس دەکران و ئەوانەش کە خوێندن تەواو دەکەن، باری قورسی دارایی خێزانەکانیان بوو. دایکوباوکی خوێندکارەکان یان ئەوەتا تێچووی ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندنگە پێ دابین نەدەکرا، یان ئەوەتا منداڵەکانیان دەنارد بۆ کارکردن تا یارمەتیی خێزانەکانیان بدەن لە پەیداکردنی قووتی ڕۆژانە.

بارودۆخی کەرتی تەندروستی حاڵی لە پەروەردە باشتر نەبوو، چونکە بەدخۆراکی و کەمیی لەڕادەبەدەری داودەرمان بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵە ساواکان. پێش ئابڵووقەکە، لە ساڵی ١٩٩٠دا، ڕێژەی مردنی منداڵە ساواکان (تازەلەدایکبوو تا پێنج ساڵان) لە *عێراق* لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە نزمتر بوو، کە نزیکەی ٤٥ مردن بوو بۆ هەر یەک هەزار منداڵ. لە ساڵی ١٩٩٩دا، دوای نۆ ساڵ لە ئابڵووقەی ئابووری، لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بوون و ڕژێم بە خۆی بەرپرس بوو، لە دابەشکردنی خۆراک و داودەرمان، ڕێژەکە بە ڕێژەی ٢٥٠% بەرز بووە و گەیشتبووە ١٠٧ مردن بۆ هەر یەک هەزار منداڵ. ئەم بارخراپییە تەندروستییەی *عێراق* پێچەوانەی ئەو داتایانەن کە ئەوکات لەسەر باری تەندروستیی منداڵانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی *هەرێمی کوردستان* لەدایک

دەبوون. لە *هەرێم* ڕێژەی مردنی منداڵ کە ٦٤ مردن بوو بۆ هەر یەک هەزار منداڵ، دابەزیبوو بۆ ٥٩ مردن بۆ هەر یەک هەزار ( Bengio, *MECS* 1999: 281). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئابلووقەی ئابووریی سەر *عێراق* تاکە هۆکار نەبووە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵە ساواکان، بەڵکو خراپبەڕێوەبردنی سیستەمی تەندروستی و سیاسەتەکانی دیکەی ڕژێم هۆکاری دیکە بوون. هەرێم وەک ناوچەکانی دیکە کەوتبووە ژێر کاریگەیی هەمان ئەو ئابلووقە ئابوورییەی کە خرابووە سەر *عێراق*، بێجگە ئەو گەمارۆ ئابوورییەش کە *عێراق* خۆی خستبوویە سەر *هەرێم*، کەچی ڕێژەی مردنی منداڵان لە *هەرێم* دابەزیبوو.

لە ساڵی ١٩٩٦دا، *نەتەوەیەکگرتوەکان* دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی *نەتەوەیەکگرتوەکان*، کە بە *پرۆگرامی نەوت بەرانبەر خۆراک* ناسراوە (UNSC 1995). بەپێی پرۆگرامەکە ڕێگە بە *عێراق* درا کە لە بەرانبەر فرۆشتنی نەوتدا خۆراک بۆ عێراقییەکان بکڕدرێت، ئەمەش باری دارایی و ئابووریی هاووڵاتیانی تا ڕادەیەکی بەرچاو چاکتر کرد. سەرەتا بەپێی بڕیاری ٩٨٦ ڕێگە درا بە *عێراق* کە بۆ هەر شەش مانگێک، بایی دوو ملیار و سەد هەزار دۆلاری ئەمەریکی نەوت بفرۆشێت و خۆراک بکڕێت. لە ساڵی ١٩٩٧دا بڕەنەوتی فرۆشراو زیاد کرا بۆ پێنج ملیار و دوو سەد هەزار دۆلاری ئەمەریکی. سەرەڕای چاکتربوونی داهاتی دەوڵەت و خەڵک لە ئاکامی پرۆگرامی *نەوت بەرانبەر بە خۆراک*، کەچی وەک لە ڕاپۆرتێکی *یونیسێف* کە لە ساڵی ٢٠٠٢ نووسراوە، دەرکەوتووە کە یەک لە پێنج منداڵ لە خواروو و ناوەڕاستی *عێراق* بە دەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن. *نووسینگەی نەتەوە یەکگرتوەکان* بۆ پرۆگرامی **عێراق** چەندین جار ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی *عێراق* گرت لەسەر شکستهێنانی لە وەگەڕخستنی ئەو داهاتەی کە لە بەرانبەر فرۆشتنی نەوت دەستی دەکەوێت بۆ چاکترکردنی باری تەندروستیی خەڵک. *نەتەوەیەکگرتوەکان* پێی وا بوو *عێراق* بڕەپارەی پێویست بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان ناکات و لە ڕەهەندەکان و مەترسییەکانی پرسەکە نەگەیشتووە یان پشتگوێیان دەخات (HRW 2002).

بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان گرفتێکی دیکە بوو، کە دووچاری کۆمەڵگەی عێراقی ببووەوە. بۆ نموونە، ڕێژەی دزی لە ساڵی ١٩٩٤ بە ٢٢٣% لە ساڵانی پێش جەنگی *کوێت* بەرز ببووەوە (Bengio, *MECS* 1994: 338). بارودۆخە ئابوورییە سەختەکە کاریگەریی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشییش. بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان، حکومەت سزای قورستری سەپاند بەسەر زۆربەی تاوانەکان، بە ڕادەیەک کە وەک تیرۆری دەوڵەت دەردەکەوتن. ئەمەش لە بڕینی گوێ یان لەسێدارەدان بۆ ئەو کەسانەی کە فیراریان دەکرد لە سەربازی، یان بڕینی دەست و گوێ بۆ ئەو کەسانەی کە دزیان دەکرد، یان لەسێدارەدان بۆ قاچاخچیان دەردەکەوت (الوقائع العراقية ١٩٩٤/٧/١٣؛ ١٩٩٤/٨/١؛ ١٩٩٤/٨/٢٩). سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە یاساییە قورسانە، کەچی بەربەرەڵایی و نایاسایی تا دەهات زیاتر تەشەنەیان دەکرد. گەندەڵی و خاوەسەندنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ببووە پەتایەکی ڕەگداکوتاو. ئەو کارە نایاساییانە زۆر جار لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەوە ئەنجام دەدران کە بەرپرسی پاراستن و سەلامەتیی کۆمەڵگە و سەپاندنی یاسا بوون لە دامودەزگاکانی دەوڵەت (Bengio, *MECS* 1994: 333-334). هەموو ئەوانە بوون بە هۆکاری بنکۆڵبوون و کاڵبوونەوەی بەها سوننەتی و ئەخلاقی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە سەدان ساڵ بوو بناغەی کۆمەڵگەی عێراقیی ڕاگرتبوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا، سیستەمی وزەی کارەبا گەیشتبووە سەر لێواری داڕمان. لە حەفتەکان *بەغداد* یەکێک بوو لە مۆدێرنترین پایتەختەکانی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، کەچی لە نەوەدەکان وەک گوندێکی گەورەی لێ هاتبوو، بە ڕادەیەک شۆستەکانی وەک دوکانی ناڕێک و ناشایستە بە کرێ دەدرا. ئەم بارودۆخە نالەبارەی *عێراق* و ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە لە *هەرێمی کوردستان* لە نێوان *یەکێتی* و *پارتی*دا بەردەوام بوو، سەرباری بارە ئابووری و داراییە خراپەکە، پاڵنەر بوون بۆ دەرچوونی هەزاران هەزار کەس لە *عێراق* بەرەو هەندەران، بەتایبەتی لە بەغداد و ناوچە شیعەنشینەکان و *هەرێمی کوردستان*. ئەم دەرچوونە لەهەژمارنەهاتووە، بە یاسایی یان نایاسایی، نموونەی نەبوو لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق*دا و دوو دەرئەنجامی خراپی

لێ کەوتەوە: یەکەم، وشکبوونی عەقڵ (Brain Drain). دووەم، لاوازبوونی چینی ناوەند. گەشەی هەر وڵاتێک لە هەموو بوارەکان لەسەر بوونی عەقڵەکانی کۆمەڵگە و چینی ناوەند وەستاوە. بە کۆچکردنی شارەزا و پسپۆڕ و ئەکادیمییەکان لە *عێراق* و *هەرێمی کوردستان*، وڵاتەکە ئەو وزە و توانایانەی لەدەست دا کە بۆ بونیادنانەوەی *عێراقی* دوای *جەنگی کوێت* و *کوردستان*ی دوای *ئەنفال* و شەڕی ناوخۆ پێویستیان پێیان بوو.

حکومەتی عێراقی نکوڵیی لەوە دەکرد کە ئەو بەرپرسە بەرانبەر ئەو هەموو نەهامەتییە کۆمەڵایەتییە-ئابوورییانەی کە عێراقییەکان ڕووبەڕووی ببوونەوە. بە پێچەوانەوە ئۆباڵی هەموو کارەساتەکانی دەخستە ئەستۆی ئابڵۆقە ئابوورییەکەی *نەتەوەیەکگرتوەکان* و کۆمەڵێک گەندەڵکار. ئەمەش هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر و قورستر کردبوو. لە ڕاستیدا هەم ئابڵۆقە ئابوورییەکە و هەم گەندەڵکاران کاریگەرییان هەبوو، بەڵام سیاسەتە شکستخواردوەکانی ڕژێم و قاچاخچێتیکردن بە ئاشکراو بە دزییەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، هۆکاری دیکە بوون لە پشت کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییە-ئابوورییەکان. تێکچوونی بارودۆخی ئابووری دەکرێت نیاز و مەرامی ڕژێمی لە پشت بووبێت بۆ سزادانی ئەو عێراقییانەی کە بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١دا کردبوو، بەتایبەتی لە ناوچە شیعەنشینەکان، کە بەرەنگاربوونەوە لە زۆنگاوەکانی باشوور هەر بەردەوام بوو. حکومەت ئەمەی وەک سزایەکی دەستەجەمعی جێبەجێ دەکرد. وشککردنی زۆنگاوەکان یەکێک لەو ڕێوشوێنانە بوو کە حکومەتی عێراقی خستبوویە گەڕ بۆ تۆڵەسەندنەوە لە یاخیبووەکان (بڕوانە بڕگەکانی خوارەوە). هاوکات حکومەت لە مەینەتییەکانی عێراقییەکان، بەتایبەتی منداڵان، کەڵکی وەردەگرت و بە دژی *ڕۆژئاوا* و *نەتەوەیەکگرتوەکان* بەکاری دەهێنان بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕای کۆمەڵگەی مەدەنیی نێودەوڵەتی و زگپێسوتان بە حاڵی عێراقییەکان، تا شکست بە ئابڵۆوقە ئابوورییەکە بهێنێت. لەو بارودۆخە هیوابڕەی کە ڕژێم پێیدا تێپەڕ دەبوو، دەستی بۆ هەموو شتێک دەبرد بۆ دەربازبوون، لەوانە دەستبردن و گەڕانەوە بۆ *ئیسلام*.

**حەملەی ئیمان: فریادڕەسی سەدام**

لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە گوتارێکدا **سەدام** هەڕەشەی لە هەموو ئەوانە کرد کە هەوڵی بەسیاسییکردنی *ئیسلام* دەدەن (حزب البعث ١٩٨٣: ٤). بەڵام لە هەشتاکان لەگەڵ بەرزبوونەوەی شەپۆلەکانی ئیسلامیزم و بۆ بەگدژاچونەوەی پڕوپاگەندە ئاینییەکانی **خومەینی**، **سەدام** وردەوردە سیاسەت و مەیلە سێکولارەکانی شل دەکرد، ئەوەش بە بەکارهێنانی وشە و زاراوە و چەمکی ئیسلامی لە گوتار و هەڵسوکەوتەکانیدا. بۆ نموونە، زاراوەی بەیعە (پەیمان) بەکار دەهێنرا بۆ پیشاندانی پشتیوانیی گروپ و لایەنەکانی ناو کۆمەڵگە لە **سەدام**، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو مانا و خەسڵەتە ئایینی-ئیسلامییانەی کە زاراوەکە لە مێژووی موسڵماناندا لەخۆی دەگرێت. بژاردەی ئەم زاراوانە بە هیچ شێوەیەک ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو نیاز لێیان دروستکردن و دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو لە نێوان **سەدام** و خەلیفە و سەرکردە عەرەبییە ئیسلامییەکان، بە پەیامبەری موسڵمانانیشەوە. سەرەڕای ئەمە، پەیوەندییەکە ڕووکەشانە بوو، چونکە **سەدام** و *بەعس* بەگشتی دژایەتیی بڵاوکردنەوەی ئایین و ئاینداریان دەکرد، چونکە پێیان وا بوو کە ئایین لەوانەیە ببێتە هۆکاری دابەشبوونی ئەندامانی حزب لەسەر بنەما مەزهەبییەکان (سوننە و شیعە).

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ساڵانی جەنگی *عێراق-ئێران* ئیدی **سەدام** زیاتر ملی دا بەو نزیکبوونەوەیە لە *ئیسلام* بۆ دوورخستنەوەی ئەو سۆزەی هەندێک عێراقی بۆ **خومەینی**، وەک ڕابەرێکی ئایینی-مەزهەبی هەیانبوو. لە ئەنجامدا، ڕژێم کەڵکی لە چەندین سیمبولی ئایینی و مێژوویی ئیسلامی وەرگرت بۆ پێدانی ماهییەتێکی ئایینی بە هەڵسوکەوت و سیاسەت و دامودەزگاکانی. یەکێک لە یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراقی ناو نا *الله اکبر* (*خودا گەورەیە*). هاوکات بە خوێندنەوەی ئایەتی *قورئان* دەست بە خوێندنەوەی بەیاننامە و مەرسووم و نووسراوە فەرمییە سیاسی و سەربازییەکان دەکرا. هەر لە کاتی جەنگ لەگەڵ *ئێران*دا، هەڵمەت و هێرشە سەربازییەکانیش کۆدی ئایینییان بەسەردا بڕا، وەک "الرمضان المبارک (ڕەمەزانی پیرۆز)" و توکلنا علی الله (پشتمان بە خودا

بەست)". لە ساڵی ١٩٨٨دا، هەڵمەتەکانی لە دژی کورد بە هەمان شێوە بە ڕەنگی ئایینی بریقەدار کرا، بۆ نموونە *ئەنفال*. ئەو کاتەی *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەرکردنی هێزەکانی *عێراق* لە کوێت، ڕیتۆریکی ئایینی بازێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی. ئەوە بوو چەند ڕۆژێک پێش هێرشی هاوپەیمانەکان، لە کانوونی دووەمی ١٩٩١دا، **سەدام** دروشمی "الله اکبر"ی بۆ سەر ئاڵای *عێراق* زیاد کرد. لە پێش و لە کاتی شەڕەکە و لە ساڵانی ئابڵووقەی ئابووری، **سەدام** خۆی وەک پاڵەوانی موسڵمانان نمایشد ەکرد، گوایە شەڕ لە دژی ئیمپریالیستە ڕۆژئاوایی و ئەمەریکاییە کافرەکان دەکات.

لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٨٦دا لە کۆبونەوەیەکی *سەرکردایەتیی نەتەوەیی* حزبی *بەعس*، **سەدام** بە هاوڕێکانی دەڵێت وا چاکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان، *بەتایبەتی ئیخوان موسلمین* چاک بکەین. لە کاسێتێکدا کە دوای ڕووخانی *بەعس* بەدەست کەوتووە، **سەدام** دەڵێت ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتێکی باوەڕدار بە ئایین دابمەزرێنین نەک دەوڵەتێکی ئایینی. ئەو پێی وایە ئەوەش جیاوازیی ئەوانە لەگەڵ ئیخوانەکان، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە هۆکاری پێکدادانی ئەوان لەگەڵ ئیخوانەکان، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، کە ئەو بە قۆناغی خەبات ناوی دەبات. **تەها یاسین ڕەمەزان**، جێگری یەکەمی سەرۆکوەزیرانی عێراق و دواتریش جێگری سەرۆک، کە ئامادەبوویەکی کۆبوونەوەکەیە، دەڵێت ئێمە نامانەوێت ئەو ڕقەی کە ئیخوانەکان لە ناسیونالیستە عەرەبەکانی میسرِ هەیانە بە ئێمەی برێژن، ئەوان هێزێکن لە ناو خەڵک و لەسەر شەقامەکان کە ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێن. بە کورتی لە کۆبوونەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە لەگەڵ ئیخوانەکان قسە بکرێت و لە *سوودان*ەوە دەست پێ بکرێت ( Conflict Records Research Center 2011).

هۆکاری پشت ئەم کرانەوەیە بە ڕووی هێزە ئیسلامییەکان کە ساڵانێک بوو *بەعس* پەیڕەوی دەکرد، دەکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ دوو خاڵ کە لە پەیامەکانی ناو کۆبوونەوەکە دەردەکەون: یەکەم، وەک **سەدام** ئاماژەی پێ دەکات، بۆ ئەوەی *ئێران* ئەو هێزانە لە دژی ئێمە بەکار نەهێنێت. دووەم، بۆ

زیاتر خۆنزیککردنەوە لە شەقامی عەرەبی، چونکە وەک لە کۆبوونەوەکە دەردەکەوێت بەعسییەکان دەیانەوێت لەسەر دوو ئاست کار لەسەر عەرەبەکان بکەن، یەکێکیان دەسەڵاتداران، ئەوی دیکەشیان شەقامی عەرەبییە. بەعسییەکان پێیان وایە کە ئیخوانەکان لە ئاستی دووەم دەتوانن یارمەتییان بدەن. قسەکانی **سەدام** بۆ نزیکبوونەوە لە ئیخوانەکان بەو مەبەستە نییە کە *بەعس* ئایدیۆلۆجیای ئیخوانەکانی قبووڵ بێت، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە هەندێک ململانێ کە وەک سەدام دەڵێت، ئێستا کاتی نییە. تا ئێستا ڕوون نییە داخۆ هیچ هەنگاوی پراکتیکی ئاوێشترا بۆ نزیکبوونەوە لە ئیخوانەکان، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ساڵانی دواتر دەری دەخەن کە شەقامی عەرەبی، کە تا ڕادەیەکی چاک کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئیخوانەکان، بە پیر هاوارەکانی **سەدام**ەوە کەم تا زۆر دەهات. بەگشتی دەکرێت بگوترێت کە پەیامە ئاوازئیسلامییەکانی **سەدام** دەنگۆی چاکی هەبوو لە ناو شەقامی عەرەبی و ئیسلامی لە سەرتاسەری جیهان.

لەسەروبەند و لەدوای جەنگی کوێت، ڕژێم تا دەهات لە ڕیتۆرێکی ناسیونالیزمی عەرەبی دووردەکەوتەوە و لە ئیسلامیزم نزیک دەبووەوە. هەر بۆیە دروشم و چەمک و زاراوە کاتییە (Situational) بەکار هاتووەکان لە لایەن **سەدام** بەردەوام ڕەنگدانەوەی ئەو پێگە و بارودۆخە بوو کە ئەوی پێدا تێپەڕ دەبوو. لە جەنگی لەگەڵ *ئێرانی* ئیسلامی، **سەدام** بایەخی بە ڕیتۆرێکی ناسیونالیزمی عەرەبی و هەستی عێراقچێتی دەدا، بەڵام کە لە نەوەدەکان ڕووبەڕووی *ئەمەریکا* بووەوە، ڕیتۆرەکانی بە زاراوە و چەمکە ئیسلامییەکان ڕەنگ دەکرد و دەردەبڕی. ئەمەش وەرچەرخانێکی ئایدیۆلۆجی نەبوو، بەڵکو ئەم ئەمبەروئەوبەرکردنەی سەدام لە هەموو شتێک زیاتر ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شوناس بوو بۆ **سەدام** وەک سەرکردەیەک و *عێراق* وەک دەوڵەتێک، کە ئەزموونیان دەکرد.

**سەدام** و ڕژێمەکەی لە نەوەدەکان بەو گەڕانەوە ڕووکەشییانە بۆ ئایین نەوەستان، بەڵکو قووڵتر بەرەو ئایین هەنگاویان دەنا. ئەوە بوو لە حوزەیرانی

١٩٩٣ هەڵمەتێکیان خستە گەڕ کە بە *حەملەی ئیمان* (*حملة الايمان*) ناسراوە.[١] ڕووی سەرەکیی حەملەکە لە منداڵانی خوێندنگە و بەعسییەکان و دادوەرەکان و ژنان و زیندانییان بوو. وەک بەشێک لە حەملەکە دوو زانکۆی ئیسلامی و ژمارەیەک کۆلێج و خوێندنگەی ئایینی کرانەوە بۆ خوێندنی ئیسلامی. پێشتر لە ساڵی ١٩٨٩ زانکۆیەکی دیکەی ئیسلامی بە ناوی *زانکۆی سەدام* بۆ خوێندنی ئیسلامی دامەزرابوو، کە دواتر لەگەڵ حەملەکە گرنگیی زیاتری پێ درا. دەرچوانی ئەم زانکۆ و کۆلێجانە لە پۆستی ئایینی-حکومی کە لەگەڵ حەملەکە دروست کران، دادەمەزرێنران. بێجگە لە وانە ئایینییەکان لە خوێندنگە و کۆلێج و زانکۆکان، تەلەفزیۆنە فەرمییەکانی دەوڵەتیش، کە تاکە میدیای ڕێگەپێدراو بوون، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گوتاری هەینییان کرد و بەرنامەی ئایینیی ڕۆژانەش لە تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکران. بەرنامە و گوتارەکان و وانەکان لەپاڵ خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی گوتاری ئایینی، ڕێنمایی خەڵکیان دەکرد بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە *قورئان*. دەسەڵاتداران ئەو *حەملەی ئیمانە*یان وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی پەروەردەیی و کولتووریی *عێراق* دەناساند. لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٨ نووسراوە، باس لەوە کراوە کە تا ئەوکات چوار ملیۆن و نیو خوێندکار لە "سەرچاوەکانی ئیمان ئاویان خواردووەتەوە" (Bengio, *MECS* 1993: 392; *MECS* 1994: 336; *MECS* 1998: 297; *MECS* 1999: 164).

سەرچاوە فەرمییەکانی حکومەت ئاماژە بەوە دەکەن کە مەبەست لە *حەملەی ئیمان* ڕێنماییکردنی ئەخلاقییانەی منداڵان و لاوانی *عێراق*ە بە مەبەستی ڕێگرتن لە "خزانیان" بەرەو ڕەوت و بزووتنەوە "گومانلێکراو" و "ڕادیکاڵ" و "ڕووخێنەرەکان" (Bengio, *MECS* 1993: 392). لەوانەیە مەبەستی ڕژێم ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوە شیعییەکان و سوننییەکان بێت. دەکرێت ئەم هۆکارانە لە پشت *حەملەکەی ئیمان*ەوە ببینرێن: یەکەم، ترسی **سەدام** و بەعسییەکان لە تەشەنەکردنی بیری ئیسلامی سیاسی لە ناو

[1]. لە پەیوەند بەم سیاسەتەی **سەدام** زاراوەی *حەملەی ئیمان* لەبری هەڵمەتی باوەڕ بەکار دەهێنین، چونکە ئەم زاراوەیە زیاتر جێگیر بووە بۆ پەسنکردنی ئەو سیاسەتەی ڕژێم.

سوننەکان، دیاردەیەک کە بەعسییەکان وەک پێشووتر ئاماژەی پێ کرا لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی هەستیان پێ کردبوو. دیارە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە بەعسییەکان ماوەیەکیش بوو لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بوون لەگەڵ ئیسلامیزمی شیعە، وەک لە بەشەکانی پێشووتر تاووتوێ کرا. دووەم، **سەدام** لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ بۆی دەرکەوت کە *بەعس* و ئایدیۆلۆجییەکەی ئیدی ئەو پلاتفۆڕمە نییە کە عێراقییەکان لەسەری کۆ ببنەوە، ئەو تەونەش نییە کە پێکەوەیان گرێ بدات. بۆیە **سەدام** پەنای بۆ ئایینی *ئیسلام* برد. سێیەم، خاوکردنەوەی ئەو ڕق و تووڕەییەی کە لە نەوەدەکان لە ناو گەنجانی *عێراق* هەستی پێ دەکرا، کە بێزار ببوون لە سیاسەتە شکتسخواردووەکان و سەرەڕۆییەکانی **سەدام**، وەک داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ و سەرکوتکردنی نارەزاییەکان. ئایین وەک ئامرازێکی خاوکەرەوە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، بەتایبەتی کە نەهامەتی و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان دەکرێت لە ڕێی ئایینەوە بدرێنە پاڵ هێزێکی غەیبی و نادیار، واتە بکرێن بە موسیبەتی ئیلاهی نەک هەڵەی دەسەڵات. چوارەم، **سەدام** بۆ بەرەنگاربوونەوەی *ڕۆژئاوا* و ئابلۆوقەکەیان پێویستیی بە هێزێکی بانعێراقیو بانعەرەبی هەبوو، ئەمەیشی لە *ئیسلام*دا دەدۆزییەوە. بۆیە نزیکبوونەوە و بەکارهێنانی ئیسلام ڕێکەوت نەبوو. پێنجەم، وەگەڕخستن و بەکارهێنانی پرەنسیپ و یاسا ئیسلامییەکان چاکتر لە یاسا سێکولارەکان بۆ ڕژێم دەردەکەوتن بۆ سەپاندنی ئارامی و ئاساییش لە ڕۆژگارێکدا کە حکومەت ڕووبەڕووی گەندەڵی و بەڕەڵاییەکی بەرفراوان ببووەوە. ڕژێم پاساوی ئایینی-ئیسلامیی بۆ یاسا توندوتیژە سەپێندراوەکانی خۆی لەو ڕۆژگارەدا دەهێنایەوە، کە لە دژی گەندەڵ و دز و جەردە و قاچاخچی و سەربازە هەڵهاتووەکان جێبەجێی دەکردن. شەشەم، مایەپوچیی ئایدیۆلۆجیی *بەعس* هۆیەکی دیکە بوو بۆ بۆ ئاوڕدانەوەی *بەعس* لە *ئیسلام* وەک بژاردەیەکی دیکە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە لە هەشتاکان بەدواوە ناسیونالیزمی عەرەبی ڕوو لە داکشان بوو، بەتایبەتی لەڕووی هزری، لە بەرانبەریشدا ئیسلامیزم ڕوو لە هەڵکشان بوو. *ئیسلام* باشتر لە پانعەرەبیزمی *بەعس* بێئومێدییەکانی خەڵکی دەڕەواندەوە. حەوتەم، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر،

ڕژێم دەیویست لە ڕێگەی *ئیسلام*ەوە ئەو کەلێنەی کە ساڵانێک بوو لە نێوان شیعەکان و سوننەکان دروست ببوو، کە لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ ئیدی نەدەکرا بشاردرێتەوە، پڕ بکاتەوە.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە داخۆ *حەملەی ئیمان* ئامانج و مەبەستەکانی خۆی پێکا؟ بە کورتی، دەکرێت بڵێین کە حەملەکە نەیتوانی ئەو کەلێنەی نێوان سوننەکان و شیعەکان پڕ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەک کەلێنەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە ڕێگەی *حەملەی ئیمان*ەوە پڕ بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، تێکەڵکردنی *ئیسلام* بە سیاسەت و بە کاروباری دەوڵەت هێندەی دیکە شیعە و سوننەکانی لەسەر هێڵی مەزهەبی لە یەکدی جیا کردەوە. وەک چۆن دامەزراندنی حزبی *دەعوە* و ئیسلامیزەکردنی ئۆپۆزسیۆنی شیعە ئەو دوو پێکهاتەیەی زیاتر لە یەکتر دابڕاند، *حەملەی ئیمان*یش بە هەمان شێوە بوو بە فاکتەری لێکترازان نەک ئامێزان. لەوانەش مەترسیدارتر *حەملەی ئیمان* ئەنجامی خراپتری لێ کەوتەوە، چونکە بوو بە مایەی چاندنی تۆوی ڕادیکالیزم، بەتایبەتی سەلەفیزم و وەهابیزم لە ناو سوننەکانی عێراق. وەهابیزم فۆڕمێکی ئیسلامیی سوننەیە کە شیعەکان وەک ڕەوافیز (الروافض) پەسن دەکات و پێی وایە ئەوان سێ خەلیفە لە چوار خەلیفەکەی موسڵمانان ڕەت دەکەنەوە، کە سوننەکان بە جێگرەوەی پەیامبەریان دەزانن. بەمەش لە دیدی وەهابییەکان و دەکرێت بڵێین سەلەفییەکانیش، شیعەکان لە *ئیسلام* هەڵگەڕاونەتەوە. دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی هزری وەهابیزم و سەلەفیزم لەو شەڕە خوێناوییەی نێوان شیعەکان و سوننەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی دەیان گرووپی توندڕەوی ئیسلامی، وەک قاعیدە، لە ناوچە سوننەنشینەکاندا دەرکەوت. هێشتا ڕوون نییە داخۆ دەسەڵاتدارانی *عێراق* بە مەبەست یان لە نەزانییەوە چاوپۆشییان لە کار و چالاکییەکانی حزبی *ئیسلامیی عێراق*، کە دەرکەوتێکی *ئیخوان موسلمین* بوو، دەکرد. حزبی *ئیسلامی* لە ساڵی ١٩٦٠دا دامەزرابوو، کەچی زۆر چالاک و دیار نەبوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا. لە نەوەدەکان ئەو جڵەوشلکردنەی ڕژێمی بە هەل زانی بۆ دامەزراندنەوەی خانەکانی و داکوتانی ڕەگوڕیشە ( Allawi 2007: 56). دیارە بەگشتی چالاکییەکانی حزبی *ئیسلامی* ژێرزەمینی بوو،

بەڵام دەرکەوتنی وەک حزبێکی سەرەکی لە دوای ڕووخانی ڕژێم، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو کارانەی لە نەوەدەکان کردبوویان بەرهەمدار بووە. لە ئاکامی *حەملەی ئیمان* و کار و چالاکیی حزبی ئیسلامی و گروپە سەلەفی و وەهابییەکان، ئیدی نەک هەر ناوچە شیعەنشینەکان، بەڵکو سوننەنشینەکانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەریی چەمک و ئایدیۆلۆجی ئیسلامیزم. ئەم دیاردەیە پێشینەی نەبوو، چونکە سوننەکان بەگشتی کەمتر مەیلیان بە لای بیر و هێزە ئیسلامییەکان بوو، ئەوان تا ئەوکات زیاتر ناسیونالیزمی عەرەبیی سێکولار سەرنجی ڕاکێشابوون.

سەرچاوە میدیاییەکانی ڕژێم جارجار لێرەولەوێ دانیان بەوەدا دەنا کە ئیسلامیزم "لە کۆلێجە ئایینییەکان و مزگەوتەکانەوە تەشەنەی کردووە" (بابل ١٩٩٤/٦/١٢). *ڕۆژنامەی بابل* کە *عودەی* سەرپەرشتیی دەکرد، *سعودییەی* تاوانبار کردبوو بە هاندان و پشتیوانی لە گروپە وەهابی و توندڕەوەکان. *حەملەی ئیمان* نەک هەر ئەوانەی کە هاتوچۆی مزگەوتەکان یان لە کۆلێجە ئیسلامییەکان وانەیان دەخوێند توندڕەو کرد، بەڵکو مامۆستاکانی سەرەتایی و ئامادەییشی بە هەمان چارەنووس برد. ئەو مامۆستا توندڕەوانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر خوێندکارەکانیان دانابوو. بە کورتی ئەوەی لە دوای ڕووخانی **سەدام** بینرا، تۆوەکەی پێش مردنی بە دەستی سەدام و ڕژێمەکەی چێنرابوو. گەڕانەوە بۆ ئایین و *ئیسلام* تاکە سیاسەت نەبوو کە **سەدام** لەگەڵ مایەپوچبوونی *بەعس* گەڕایەوە بۆی، بەڵکو گەڕانەوە بۆ عەشیرتگەراییش سیاسەتێکی دیکە بوو.

### عەشیرەتگەرایی: سیاسەتی سەدام بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵك

بەکارهێنانی عەشیرەت بۆ مەرامی سیاسی لە *عێراق* داهێنانی **سەدام** نەبوو, لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتە دەسەڵاتداران هەر لە سەردەمی پادشایەتییەوە تا دوای ڕووخانی **سەدام**یش بە چاک و بە خراپ بۆ سەپاندنی دەسەڵات کەڵکیان لە عەشیرەت وەرگرتووە. لە سەردەمی پادشایەتیدا حکومەتی مەرکەزی سەرۆکعەشیرەتەکانی دەسەڵاتدار کردبوو نەک هەر لە ڕێگەی تەرخانکردن و بەخشینی کورسیی پەرلەمانی، بەڵکو لە ڕووی

ئابوورییشەوە. یاسای دابەشکردنی زەوی (قانون تسویة الاراضی) بۆ ساڵی ١٩٣٢ و یاسای داوا عەشایەرییەکان (قانون دعاوی العشائر) بۆ ساڵی ١٩٢٤، دەسەڵاتێکی لەڕادەبەدەری بەخشیبوو بە سەرۆکعەشیرەتەکان. لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ١٩٢٤دا، نزیکەی ٥٠%ی کورسییەکان لە لایەن سەرۆکعەشیرەت و خاوەن زەوییەکان پڕ کرایەوە (الرهیمی ٢٠٠٨: ٧٧). پێچەوانەی سەردەمی پادشایەتی، دەستپێشخەری و یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ (اصلاح الزراعی) لەسەر دەستی **عەبدولکەریم قاسم** بە گژ دەسەڵاتەکانی سەرۆکعەشیرەتەکاندا دەچووە و توانا و دەسەڵاتە سیاسی و ئابووری و خێڵەکییەکانی بنکۆڵ دەکردن. ئەمەش بە لێسەندنەوەی بەشێکی زۆر لەو زەوییانەی کە لە ژێر دەستیاندا بوو، دواتریش دانی بەو جوتیارانەی کەکشتوکاڵیان تێیدا دەکرد. بەعسییەکان کە هاتنە سەر حوکم، لە سەرەتا هەندێک ڕێوشوێنیان گرتە بەر کە پێگەی سەرۆکعەشیرەتەکانی لاواز کرد. ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە **قاسم** خستبوویە بواری جێبەجێکردنەوە لە لایەن بەعس‌ەوە، توندتر پەیڕەویان لێ کرا. عەشیرەتگەرایی و عەشیرەت وەک هەڕەشەیەک لەسەر بەعس و ئایدیۆلۆجیا پانعەرەبییەکەی دەبینران و وەک کۆسپێکیش لە پێش ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە بەعس بەنیاز بوو جێبەجێیان بکات دەهاتنە بەرچاو (Baram 1997: 2-3). بۆیە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨دا، بەعس بەکارهێنانی ناوی عەشیرەت و ناوچە و شاری لە لایەن ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی قەدەغە کرد و وشەی عەشیرەت لە فەرهەنگی سیاسیی بەعس ڕەش کرایەوە ( Bengio, *MECS* 1992: 477). ئەمانە هەمووی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجی و هزریی بەعس بوون لە گرنگیدان و کارکردن بۆ عەرەبیزم و سۆشیالیزم، لە ساڵانی سەرەتای حوکمدا. ناکرێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە لەو سەروبەندەدا بەعس لە هەوڵی بزرکردنی نەک تکریتییەکان، بەڵکو ناوی تکریتی بوو لە ناو خەڵک، چونکە مقۆمقۆیەکی زۆر هەبوو کە تکریتییەکان باڵیان کێشاوە بەسەر بەعس و حکومەتدا. بۆیە بەکارهێنانی ناوی عەشیرەت و شار یاساخ کرا. ئەم ڕاستییە زیاتر دەردەکەوێت ئەگەر ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ئەوکات **سەدام** بە **سەدام تکریتی** ناسرابوو، هەروەها ئەفسەرە تکریتییەکان، لەوانە

**ئەحمەد حەسەن بەکر** و **سەلاح عومەر ئەلعەلی** و **حەماد شەهاب** و **حەردان تکریتی**، کە هەموویان تکریتی بوون، کەسانی دەستڕۆیشتویی کودەتاکە و حکومەتە پێکهاتووەکەی دوای کودەتاکە بوون.

سەرەڕای ئەمانە، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ *ئێران* لە سەرەتای هەشتاکان، *بەعس* پێداچوونەوەی بە ستراتیجییەتی خۆی بۆ عەشیرەت کرد، هاوشێوەی ئەوەی کە بۆ *ئیسلام* کردی. **سەدام** لە هەڵگەڕانەوەی شیعەکان دەترسا، بۆیە جەختی لەسەر شوناسی خێڵەکی-عەرەبی دەکرد لە بەرانبەر شوناسی شیعی-فارسی. پێی وا بوو کە شوناسی خێڵەکی-عەرەبی دەکرێت ببێتە کەتیرەیەک بۆ بەیەکەوەنووساندنی شیعەکان و سوننەکان لە بەرانبەر هێرشی ئێرانییەکان (Terrill 2003: 27). ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرلێشێواوییەک بە سیاسەتی عەشیرەتگەرایی *بەعس*ەوە دیار بوو. *بەعس* لە لایەک دەیویست عەشیرەت ببێت بە پلاتفۆرمێک بۆ یەکگرتنی سوننەکان و شیعەکان، چون هەندێک عەشیرەتی عەرەبی هەن کە هەم شیعەن و هەم سوننە، لە لایەکی دیکە *بەعس* لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی ئیتنی/نەتەوەیی پێکهاتەکانی *عێراق* بوو لە ڕێگەی زیندوکردنەوەی عەقڵییەت و ستراکتۆری عەشیرەتەکان، بەتایبەتی کوردییەکان. بۆ نموونە، لە ماوەی *جەنگی عێراق-ئێران* ئەو سیاسەتەی *بەعس* لەسەر کوردەکان تاقی کرایەوە. زۆربەی سەرۆکعەشیرەتەکان ڕێگەیان پێ درا کە فەوجی چەکدار دابمەزرێنن بە مەبەستی ڕێگریکردن لە گەنجە هەڵهاتووەکان لە پەیوەندیکردن بە *هێزی پێشمەرگە* و گروپە کوردییە سیاسییە قەدەغەکراوەکان. دامەزراندنی فەوجەکان هەم پێگە و هەم توانای سەرۆکعەشیرەتەکانی لە کۆنترۆڵکردنی ئەندامانی عەشیرەتەکان بەرز کردەوە و ستراکتۆری عەشیرەتەکانی بە زیندوویی ڕاگرت.

هەر لەپێناوی بەرزکردنەوەی پێگەی عەشیرەتەکان، **سەدام** لە نەوەدەکان ناوەناوە پێشوازیی لە سەرۆکعەشیرەتەکان دەکرد. لە هەشتاکان کە دەچوو بۆ پارێزگایەک لە باڵەخانەی پارێزگاکە دادەبەزی و قسەی بۆ خەڵک دەکرد، کەچی لە نەوەدەکان **سەدام** کە لە ناو خەڵک دەگەڕا زۆر جار یەکەم جار دەچوو بۆ دیوەخانی (مضیفة) ئاغا و شێخ و سەرۆکعەشیرەتەکان. لە

هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشی خۆی وەک پیاوێکی عەشایەری زیاتر لە پیاوی دەوڵەت (Statesman) پیشان دەدا. ئەم گۆڕانە بنکۆڵی دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەکرد و پێگەی دامەزراوە خێڵەکییەکانی بەرز دەکردەوە. سیاسەتی بەعەشیرەتکردن تا دەهات قوڵ دەبووەوە، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە باڵەخانەی زۆربەی پارێزگاکان دیوەخانێک بۆ پێشوازیکردن و کارئاسانی بۆ سەرۆکعەشیرەتەکان کرایەوە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، کاتێک **حسێن کامیل** و **سەدام کامیل**، کە دوو ئامۆزا و زاوای **سەدام** بوون، هەڵاتن بۆ *ئوردن* و دواتر گەڕانەوە، **سەدام** لێپرسینەوەی لەو دوو بەرپرسە گەورەیەی دەوڵەت لەسەر بنەما عەشایەرییەکان بەڕێوە برد نەک یاسایی. ئەوە بوو ڕەفتارەکەیان وەک خیانەت لە بنەماڵە نەک دەوڵەت ناسێندرا و هەر لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەشەوە تۆڵەیان لێ کرایەوە و کوژران (Baram 1997: 11, 14-17). لە شەوی کوشتنەکەیاندا تەلەفزیۆنی عێراقی بەیانێکی دەرکرد کە "*بنەماڵەی ئەلمەجید* هەڵاتووەکانی کوشت تا شەرەف و ناموسی خۆیان پاک بکەنەوە، کە بە خیانەتی ئەوان لەکەدار ببوو" (Jehl 1996). بەم کارە **سەدام** دەیویست بەها و ڕەفتارە خێڵەکییەکان بخاتە بان یاسا و ڕێسا دەوڵەتییەکان.

کاریگەریی سیاسەتی بەعەشیرەتکردن و زیندووڕاگرتنی خێڵ، دەرکەوتەکانی *ئەنجوومەنی نیشتمانی*یش (*المجلس الوطنی*) هەستی پێ دەکرا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥دا، سەرۆکعەشیرەتەکان یان نوێنەرەکانیان ٦٠%ی ئەندامانی ئەنجوومەنەکەیان پێک دەهێنا (Marr 2004a: 218-263). لە ناوەڕاستی نەوەدەکان کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ڕێسا خێڵەکییەکان جێگەی یاساکانی دەوڵەتیان لە زۆر بواردا گرتەوە، بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بە کوشتنیشەوە. ئەو ڕێوشوێنانە تەنیا لە ناوچە دوورەدەست و کەنارەکان جێبەجێ نەدەکران، بەڵکو لە ناوجەرگەی *بەغداد* پەیڕەو دەکران. عەشیرەتگەرایی هێندە قووڵ ببووە، بە ڕادەیەک کە **سەدام** *بەعسی* وەک "چەتری هەموو عەشیرەتەکان" دەناساند (Bengio, *MECS* 1992: 477).

لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١، پاڵنەر لە پشت گەڕانەوەی ڕژێم بۆ عەشیرەت زیاتر ببوون، لەوانە: یەکەم، کۆنترۆڵکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی

ئۆپۆزسیۆنی شیعی. ئەویش لە ڕێگەی خستنەگەڕی سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە. واتە هاندانی عەشیرەتە شیعەکان بۆ بەگژداچوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی شیعی. دووەم، عەشیرەت و سەرۆکعەشیرەتەکان لە لایەن ڕژێمەوە بەکار دەهێنران بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی ئاغا و ڕەعییەت (Patron/Client)، کە تێیدا حکومەت ئاغایە و سەرۆکعەشیرەت و عەشیرەتەکانیش ڕەعییەت. سێیەم، لاوازی یان لاوازدەرکەوتنی هێزە ئەمنییەکان لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و خۆنەگرتنیان لە بەرانبەر یاخیبووەکان، پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ گەڕانەوەی ڕژێم بۆ عەشیرەت کە دوای *ڕاپەڕین*یش هێزی لە خۆ ییپشان دەدا. چوارەم، ڕژێم دەیویست کەڵک لە عەشیرەتەکان وەربگرێت بۆ بەگژداچوونەوەی دەنگە ناڕازییەکان. بەپێی ئەم سیاسەتە، ڕژێم دەستی عەشیرەتەکانی ئاواڵا کردبوو لە ئەنجامدانی کار و چالاکی لە چەندین بوار بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت، بەو چالاکی و ئەرکانەشەوە کە جێبەجێکردنیان پێشتر تەنیا لە دەسەڵاتی حکومەت بوون. لەوانە چاودێری و سەرپەرشتیی بواری کشتوکاڵ، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو و نێوان عەشیرەتەکان، ناونووسکردن (تەجنید) بۆ سەربازی، هەروەها پاراستنی ئەمن و ئاساییشی ناوچەکانی خۆیان. پێنجەم، بۆ کەمکردنەوەی باری قورسی سەرشانی حکومەت. ڕژێم عەشیرەتەکانی پڕچەک کردبوو بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارە یاخیبووەکان، بەتایبەتی لە زۆنگاوەکان. بەم کارە ڕژێم دەیویست عەشیرەتە شیعەکان بە گژ یەکدا ببات، یان شەڕی ئۆپۆزسیۆنی شیعەیان پێ بکات لەبری ئەوەی کە هێزە ئەمنییەکان و سەربازییەکانی بەکار بهێنێت. ئەم هەوڵەی ڕژێم دەرکەوتەی مەترسیداری لێکەوتەوە. بۆ نموونە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دا، شەڕی نێوان دوو عەشیرەت لە پارێزگای *واسیت* کوژرانی ٢٦٦ کەس و برینداربوونی ٤٢٢ کەسی لێ کەوتەوە (Bengio, *MECS* 1992: 478; *MECS* 1994: 348). شەشەم، حکومەت لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ عەشیرەت خۆی لە کۆڵ کۆمەڵێک کێشەی لاوەکیی وەک کێشە کۆمەڵایەتی–ئابوورییەکان بکاتەوە، بەمەش چارەسەری گرفتە دارایی و ئابوورییەکان لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە و بیانخاتە سەرشانی عەشیرەتەکان. حەوتەم،

بەرزکردنەوە و بەرزڕاگرتنی بەها و ئاکار و پراکتیزە خێڵەکییەکان بۆ *سەدام* و بنەماڵەکەی زۆر گرنگ بوون تا شەرعییەت بدات بە حوکمی بنەماڵەکەی و ئەو عەشیرەتانەی کە دەسەڵاتەکانیان لە هەموو بوارەکان باڵی بەسەر حکومەت و حزبدا کێشابوو. لە ڕاستیدا لە نەوەدەکان نەک *بەعس* ببوو بە "چەتری عەشیرەتەکان" وەک **سەدام** بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو *ئەلبونەسر*، عەشیرەتەکەی **سەدام**، ببوو بە چەتری هەموو عەشیرەتەکان و لەوێشەوە چەتری *عێراق*.

دوای چەندین ساڵ لە سیاسەتی گەڕانەوە بۆ عەشیرەت، دەسەڵاتدارانی ڕژێم هەستیان بە لایەنە نەرێنییەکانی سیاسەتەکەیان کرد. کێشەکە لەوەدایە کە بەهێزکردن (Empowering) ئاسانە، بەڵام سەندنەوەی هێز (Depowering) زۆر سەختە. ڕژێم کەوتبووە تەنگژەیەک کە چیدی نەیدەتوانی ئەو هەموو دەسەڵاتانەی عەشیرەتەکان قبووڵ بکات، چونکە دەوڵەت و دامەزراوەکانی بنکۆڵ کردبوو، هاوکات نەشیدەتوانی دەسەڵاتەکانیان لێ بستێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٩٧، ڕژێم بە درەنگەوە بەخۆ کەوت و بە توندی بەرەنگاری دەسەڵاتی عەشیرەتەکان بووەوە. مەبەستی ڕژێم پیشاندان و سەپاندنی باڵادەستیی حکومەت بوو لە بان هەر دەسەڵاتێکی دیکە. بەرپرسانی دەوڵەت بە ڕوونی پێداگرییان لەسەر فەرمان و یاسا و ڕێساکانی حکومەت کرد و پێچەوانەکەشیان بە کەتن و تاوان ناساند (الوقائع العراقية ١٩٩٧/٤/٧).

سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت بگوترێت کە سیاسەتی گەڕانەوە بۆ عەشیرەت هەندێک لە ئامانجەکانی ڕژێمی پێکا، بەڵام دەرئەنجامی پێچەوانەشی هەبوو. لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ *ئیسلام* و بۆ عەشیرەت هەست و نەست و سۆزی بەیەکەوەلکان و بەیەکەوەنووسانی نیشتمانیی بنکۆڵتر کرد لەبری ئەوەی بەهێزی بکات. لەگەڵ خۆناساندن و هەڵکشانی شوناسی خێڵەکی، خۆناساندن بە *عێراق* لاوازتر بوو. بێجگە لەم دەرئەنجامە مەترسیدارانە، بەعەشیرەتکردن و بەئیسلامکردن دوو دەرکەوتەی دیکەی مەترسیداری هەبوو: یەکەم، ئەم دوو سیاسەت و ستراتیجە هێندەی دیکە عێراقییەکانی لەسەر هێڵە عەشیرەتی و مەزهەبییەکاندا دابەش کرد و نوقمی

تەنگژەکانی شوناسی کردن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە دژبەیەکەی کە شوناسی خێڵەکی و مەزهەبی-ئایینی لەگەڵ شوناسی دەوڵەت-نەتەوەدا هەیەتی، بۆیە ئەم شوناسانە لەگەڵ شوناسی دەوڵەت-نەتەوەی عێراقیبوون، بەر یەک کەوتن. شوناسی دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای وەلانانی یان لانیکەم بالاتربوونی شوناسی نیشتمان لەسەر شوناسە لۆکاڵییەکانی وەک عەشیرەت و خێڵ و مەزهەب و ئایین دادەمەزرێت، نەک پێچەوانەکەی، ڕاست ئەوەی *بەعس* خەریکی بوو. دووەم، بەهێزکردن و هەژمارکردنی عەشیرەت وەک دامەزراوەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و چالاکییەکانی دەوڵەت پێگە و شکۆی دەوڵەتی کەم کردەوە، پێگە و شکۆیەک کە سالانێک بوو لە پڕۆسەی جێگیرکردن بوو، کەچی گەڕانەوە بۆ عەشیرەت پڕۆسەکەی جێلەق کرد. بە کورتی، ئەگەر ئەو چوارچێوە تیۆرییەمان قبووڵ بێت، کە تازەگەرەکان پێ دادەگرن لەسەری، کە دەڵێت نەتەوەکان، بە دەوڵەت-نەتەوەکانیشەوە، لە هاوپەیمانیی گروپە ئیتنییەکان پێک دێت و گروپە ئیتنییەکانیش لە فیدراسیۆنی عەشیرەتەکان پێک دێت، ئەوا *عێراق* لە نەوەدەکان ئەو پڕۆسەیەی پێچەوانە کردبووەوە.

### ڕژێم و شیعەکان: سزای دەستەجەمعی

دوابەدوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١، دەکرێت بڵێین ئیدی شیعەکان بە تەواوی نامۆ بوون (Alienated) یان نامۆ کران بە دەوڵەتی عێراقی، بەتایبەتی سیستەمە حوکمڕانییەکەی. ئەوەی تائەوکات لە دژی شیعەکان نەکرابوو، ئیدی ڕژێم سڵی نەدەکردەوە لە ئەنجامدانی. ڕژێم لە جاران زیاتر سیستەماتیکانەتر سیاسەتی دەمارگیری و سەرکوتگەریی لە دژیان بەکار دەهێنا. مەبەستیش لەم سیاسەتانە لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی بزووتنەوە شیعییەکان و ڕێکخراوەکانیان بوو، بە لەناوبردنی بیروباوەڕ و پراکتیز و ڕێوڕەسم و بنەما ئایینییەکانیشەوە. لە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی باشوور، چەکدارە شیعە ڕزگاربووەکان کشانەوە بۆ زۆنگاوەکان و لەوێ بنەوبارەگایان دانا. سەرەڕای هەوڵ و هێرشی بەردەوامی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی ڕژێم، کەچی حکومەت نەیتوانی تەواوی زۆنگاوەکان کۆنترۆڵ بکات، چونکە

پیادەڕەو و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان نەیاندەتوانی قوڕولیتاو و قەمیشەڵانەکانی زۆنگاوەکان ببڕن. ئەمەش زۆنگاوەکانی کردبوو بە بەهەشتێکی ئارام و پێگەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی شیعی و هەڵهاتووەکان، کە تێیدا بگیرسێنەوە و جارجاریش هێرش بکەنە سەر هێزەکانی دەوڵەت.

ناوچە زۆنگاوەکان دەشتاییەکی نزمن لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی *عێراق*، کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٠٠٠٠ کیلۆمەتر دووجا دەبێت (Ahmed 2003: 2). ئاوی *دیجلە و فوڕات* بەسەر ئەو دەشتاییانەدا پەرشوبڵاو بووەتەوە و چەندین ئاوەڕۆ و کەناڵیان لەو ناوەدا دروست کردووە و ناوچەکە بووە بە قامیشەڵانێکی چڕ. ناوچەکە سێگۆشەیەکە کە لە *ناسڕییە* درێژ بووەتەوە بۆ *عەمارە* و لەوێشەوە بۆ *بەسرە*، لەو شوێنەی کە *دیجلە و فوڕات* پێش ئەوەی بگەن بە *کەنداوی فارس*، لە *قورنە* بە یەک دەگەن. هەزاران ساڵ دەبێت کە خەڵکانێک لەو زۆنگاوانەدا دەژی. لە ساڵی ١٩٩٤دا، ڕژێم بڕیاری وشکردنی زۆنگاوەکانی دەرکرد و جێبەجێی کرد، مەبەستیش لێی وشکردنی ئەو ژینگەیە بوو کە ئۆپۆزسیۆنی شیعی تێیدا چالاک بوو. لە دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ عەرەبی دانیشتووی ئەو ناوچانە لە خانووە سەرئاوەکانیان وەدەر نران و پەڕاگەندەی شارەکان کران (HRW 2003b). ڕژێم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆیە ناوچەکەیان وشک کردوە تا خەڵکەکەی بتوانن بۆ کشتوکاڵ کەڵکی لێ وەربگرن، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، مەبەستی سیاسی لە پشت سیاسەتەکەی ڕژێم خۆی مەڵاس دابوو. ڕەفتارەکەی ڕژێم ژینگەی خەڵکانێکی وێران کرد کە دیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ لەوەوپێش. هاوکات ژینگە و دیمەنێکی ئیکۆلۆجیی خاپوور کرد کە هەزاران هەزار جۆر باڵندە و گیانەوەر و زیندەوەر ملیۆنان ساڵ بوو بۆ خۆیان کردبوویان بە مەنزڵگەی هەمیشەیی یان کاتی. وشککردنی زۆنگاوەکان یەکێکە لە کارەساتە هەرە گەورە ژینگەییەکانی دونیا (HRW 2003b: 4). ئەم سیاسەتەی ڕژێم هاوشێوەی ڕوخاندن و سوتاندن و چۆڵکردنی گوندە کوردییەکان بوو، کە *دەوڵەتی عێراق* لە کۆتایی هەشتاکان ئەنجامی دا، کە مەبەست لێی تێکدانی شوێنی حەوانەوەی *پێشمەرگە* بوو. زۆنگاوەکانیش وشک کران تا چەکدارە شیعە یاخیبووەکان لەو "بەهەشتە ئارامە"' مەحروم

بکرێن. هاوکات سزایەکیش بێت بۆ دانیشوانی ناوچەکە کە دەرگەی ماڵەکانیان ئاوەڵە کردبوو بە ڕووی چەکدارەکان و کەم تا زۆریش یارمەتییان دەدان.

لە کاتی هەڵمەتەکان بۆ سەر زۆنگاوەکان و وشککردنیان، ڕژێم هەزاران کەسی مەدەنیی بێچەکی ڕەشبگیر کرد و لە گرتووخانەکان بێ لێپێچینەوە و دادگا بۆ ماوەی درێژخایەن بەندی کردن. چەکدارەکان و هەڵهاتوەکانیش هەندێکیان کوژران و ئەوانی دیکەش بێسەروشوێن کران. لە ڕاپۆرتێکیدا *هیومان ڕایتس وۆچ* ڕێوشوێنەکانی ڕژێمی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوانی زۆنگاوەکان وەک "تاوان دژی مرۆڤایەتی" ناساندووە ( HRW 2003b: 1, 15). لە تەمووزی ١٩٩٢دا، *ئەمەریکا* و *بەریتانیا* و *فەڕەنسا* بڕیاری دامەزراندنی *ناوچەی ئۆپەراسیۆنی چاودێریی باشوور* ( *Operation Southern Watch*)یان ڕاگەیاند، بەمەش هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر هێڵی تەریبی ٣٢، وەک ناوچەی دژەفڕین ناسێندران. ئەمەش هاوشێوەی ئەوە بوو کە بۆ کوردەکان لە سەرووی هێڵی ٣٦ پێشتر ڕاگەیەندرابوو. لەوە دەچێت ئەو هەوڵەی ڕۆژئاواییەکان دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لەسەر زەوی نەبووبێت، چونکە ڕاپۆرتێکی *هیومان ڕایتس وۆچ* باسی لەوە کردبوو کە ئۆپەراسیۆنەکە بە ڕادەیەکی زۆر کەم بارسووکیی بۆ خەڵکەکە بەرجەستە کرد (HRW 2003b). کاریگەریی ناوچە دژەفڕینەکەی باشوور کەمتر بوو لەوەی کە لەسەر ناوچە کوردییەکان سەپێندرابوو، چونکە هێزەکانی *عێراق* لە باشوور هێشتا هەر دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان ئازار و ئەشکەنجەی خەڵک بدەن و ڕەشبگیر بکەن و خەڵک بکوژن. ئەمانە و چەندین شێوازی دیکەی سەرکوتکەرانە لە لایەن ڕژێم لەو ساڵانەدا درێژەیان پێ درا بە مەبەستی کەمکردنەوە و بنبڕکردنی ئۆپۆزسیۆنی شیعە، بەتایبەتی و بێدەنگکردنی شیعەکان بەگشتی. بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێنەری تایبەتی *نەتەوەیەکگرتوەکان*، **ڤان دێر ستۆیل**، شیعەکان لە پێش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ نزیکەی ١٠٠٠٠ پیاوی ئایینییان هەبوو، بەڵام دوای کوشت و کوشتار و سیاستە داپڵۆسێنەرەکانی حکومەت تەنیا ٨٠٠ کەسیان مابوون ( Stoel 1994). ئەوەی ڕاستی بێت، بەشێک لە پیاوە ئایینییەکان کوژران، هەندێکیان خۆیان شاردەوە و ژمارەیەکیشیان وڵاتیان بەجێ هێشت.

لەدوای ڕاپەڕینەکانی ۱۹۹۱، سیاسەتە دەمارگیرییە مەزهەبییەکان لە دژی شیعەکان چەندین فۆڕمی دیکەی وەرگرت. یەکێک لە کۆنەئەفسەرەکانی *عێراق* دەگێڕێتەوە کە دوای ڕاپەڕینەکان فەرمانێک بۆ هەموو یەکە سەربازییەکان دەرچوو، داوای لێ کردبوون زانیاری لەسەر باکگراوندی ئەفسەرەکان بنێرن. بەگوێرەی قسەکانی کۆنەئەفسەرەکە، فەرمانەکە داوای کردبوو کە ئەفسەرەکان بۆ سێ گروپ پۆلێن بکرێن، هەر گروپێکیش بۆ دوو ژێرگروپ. پۆلێنی یەکەم لەسەر بنەمای مەزهەبی بوو، واتە سوننە و شیعە. پۆلێنی دووەم لەسەر هەڵوێستی ئەرێنی و نەرێنی لە پەیوەند بە جەنگی کوێت. پۆلێنی سێیەم بنەماکەی لەسەر بەشداریکردن و بەشدارینەکردن لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان بوو (الصالحی ۲۰۰۰: ۲۷۷). لەوانەیە ئەمە یەکەم جار بووبێت کە بەو شێوە زەقییە پۆلێنی مەزهەبی ئەفسەرەکانی *عێراق* بکرێت. دواجار پۆلێنەکە بوو بە مایەی خانەنشینکردنی ژمارەیەک ئەفسەری شیعە و ناردنەوەیان بۆماڵەوە، کارێک کە هێندەی دیکە *سوپای عێراقی* خستە ژێر ڕکێفی ئەفسەرە سوننەکان. حکومەت بەوەشەوە نەوەستا، بۆ یەکەم جار پارێزگاکانی *عێراق*یشی پۆلێن کرد، کاتێک بە فەرمی پارێزگای *ئەنبار* و *سەلاحەدین* و *نەینەوای* سوننەنشین، کە بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکانی ۱۹۹۱ نەکردبوو، بە پارێزگا سپییەکان ناوزەند کرد. بە لێکدانەوەیەکی دیکە، پارێزگا شیعەنشین و کوردنشینەکان، لەبەر ئەوەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکاندا کرد، وەک پارێزگای ڕەش دەبینران. ئەمە چەند مانایەک لەخۆ دەگرێت: یەکەم، پارێزگاکانی *عێراق* لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی دابەش ببوون یان دابەش کران. دووەم، ڕژێم بە زەقی و بێ پێچوپەنا پەیڕەوی لە سیاسەتی دەمارگیریی نەتەوەیی و مەزهەبی دەکرد. سێیەم، *عێراق* نەک هەر نەتەوەییانە و مەزهەبییانە لێک ترازاوە، بەڵکو جوگرافییانەش دابەش بووە.

کۆنترۆڵکردن و سزادانی شیعەکان، داخستنی مزگەوت و خوێندنگە ئاینی و دامەزراوە شیعییەکانیشی گرتەوە. مەبەست لەمانە دابڕینی شیعەکان لە هەر وابەستەگییەک بە دامەزراوەکانیانەوە بوو لەگەڵ سڕینەوەی هەر شوناسێک کە لەم دامەزراوانەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە، ژمارەیەکی زۆر لە

مزگەوتەکانیان ڕووخێنران یان زەرەریان پێ گەیەندرا. گۆڕ*ستانی وادی سەلام* لە *نەجەف* بەر بلدۆزەر کەوت و مەزار و مزگەوتی *ئیمام حسێن* لە *کەربەلا* کەوتە بەر تۆپەکانی ڕژێم (HRW 2003b). ڕژێم هەوڵی ئیحتیواکردن و خۆتێهەڵقورتاندنیش بوو لە کاروباری مەرجەعییەتی شیعەکان، کە گرنگترین و سەرەکیترین دامەزراوەیانە. ئەوەبوو کاتێک گەورەمەرجەعی شیعەکان، **ئەبوقاسمی خوئی**، کە ئێرانی بوو، لە ئابی ١٩٩٢ لە بارودۆخێکی گوماناوی مرد، لە دەستتێوەردانێکی بێپێشینە حکوم*ەتی عێراق* جێگرەوەی **خوئی**ی دەستنیشان کرد بە دانانی **محەمەد سادق سەدر**، باوکی **موقتەدا سەدر**. **سادق سەدر** وەک کەسێک ناسرابوو کە دەست لە سیاسەت وەرنادات. بێجگە لەمە، عەرەببوون و عێراقیبوونی **سادق سەدر** لەوانەیە دوو هۆکاری دیکە بووبن لە پشت سووربوونی ڕژێم لەسەر دانانی ئەم کەسایەتییە. لە سەرەتادا وا بوو، **سادق سەدر** لەسەر ڕێبازی **خوئی** درێژەی بە کارەکانی دا و خۆی لە سیاسەت وەدوور گرت، بەڵام زۆری پێ نەچوو "تەقییە"ی شکاند. تەقییە چەمکێکە کە لە بەرانبەر ئەو شیعانە بەکار دێت کە باوەڕ و هەستی ڕاستەقینەی خۆیان دەشارنەوە. **سادق سەدر** داوای زیندووکردنەوەی ڕۆڵی مەرجەعییەتی کرد لە پرسە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکاندا و دەستی کرد بە قسەکردن و وەگەرخستنی مورید و وەکیلەکانی، بەتایبەتی لە گوتاری ڕۆژانی جومعە.

لە ژێر تیشکی ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بۆمان دەردەکەوێت، کە مەبەستی سەرەکی لە سیاسەتەکانی حکومەت لە بەرانبەر شیعەکان بڕینی پەیوەندیی نێوان خەڵکی عەوامی شیعە و سەرکردایەتییە سیاسی و ئایینی و عەشایەرییەکانیان بوو. ڕژێم ئەم کارانەی بە شێوەیەکی سیستەماتیکییانە لەم ڕێگەیانەوە ئەنجام دەدا: یەکەم، داپڵۆسینی ئۆپۆزسیۆن لە زۆنگاوەکان و شوێنەکانی دیکە. دووەم، بێبایەخ و بێهێزکردنی پیاوانی ئایینیی شیعە، ئەگەریش هەلی گونجاو هاتە پێش، ئەوە دەرپەڕاندنیان یان کوشتنیان. سێیەم، ملکەچپێکردنی سەرۆکعەشیرەتەکانیان لە ڕێگەی کردنیان بە ڕەعییەتی خۆی. وا چاکە دیسان تێبینی ئەوە بکەین کە لە پەنجاکانەوە لاوازترین خاڵی ئۆپۆزسیۆنی شیعی قەتیسمانەوەی بوو لە قاوغی مەزهەبی لەگەڵ پشتبەستنی

به پیاوانی ئایینی لە ڕابەرایەتیکردن و ڕێنماییکردندا. ئەمەش شانسی بەرفراوانکردن و وەگەڕخستنی سیاسیانەی خەڵکی *عێراقی* لە بەرەیەکدا لاواز کردبوو.

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، حکومەتی عێراقی لە کاتی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردی و شیعیدا سزای دەستەجەمعیی بەکار دەهێنا لە دژی نەک هەر یاخیبووەکان، بەڵکو لەگەڵ خەڵکانی سادەی سەر بە دوو پێکهاتەکە. مامەڵەکردنێکی لەم شێوەیە لەگەڵ سوننەکان لە کاتی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ڕژێمدا لە هیچ کات و شوێنێکدا بەرچاو ناکەوێت. هەندێک ئەکادیمی و توێژەر و چاودێری سیاسی پێیان وایە کە ڕژێمەکەی *بەعس* یەکسانانە چالاکوان و گروپە چەکدارەکان و هەموو ئەوانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرەنگاری بوونەوەتەوە، چەوساندووەتەوە و وەک یەک مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە و لە سزادانیشدا جیاوازیی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی نەکردووە. بۆ نموونە، **لیام ئەندرسن** و **گاریس ستانسفیڵد** پێیان وایە کە سوننەکان هێندەی کورد و شیعە دەردەسەرییان بەدەست ڕژێمی *بەعس*ەوە بینیوە ( Anderson & Stansfield 2004: 140). بە هەمان شێوە **عەلاء لامی** دەڵێت ناکرێت نە بە شێوەیەکی تیۆری نە پراکتیزەیی ماکی تایفەگەری لە ڕژێمی *بەعس* و هەموو ئەو ڕژێمانەی پێش ئەویش بدەین (اللامی ٢٠٠٢). **نەجیب ساڵح** پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ڕژێمی *بەعس* ترس و تیرۆری یەکسانانە بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش کردبوو (الصالحی ٢٠٠٠: ٢٨١). ئەم تێگەیشتن و خوێندنەوانە بۆ هەڵسوکەوتی *بەعس* و **سەدام** بەرانبەر بە پێکهاتەکانی *عێراق* پێویستی بە هەڵوێستەکردنە.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، **سادق سەدر** گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە پەیامەکانی لە پەیوەند بە ئێش و ئازاری هەژارە شیعە پەراوێزخراوەکان و غەدرلێکراوەکان لە لایەن ڕژێم گوێگری هەیە. ئیدی لەوکات بەدواوە بەدەنگێکی بەرزتر و بە ئاوازێکی تووڕەتر بە گژ ڕژێمدا دەچووەوە و ڕەخنەکانی لە سیاسەتەکانی حکومەت چڕتر کردنەوە. پەیامەکانی **سادق سەدر** بوون بە مایەی دروستبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە ناو خەڵکدا، کە تا

دەهات ڕەگوڕیشەی قووڵتر دەبوونەوە (Cockburn 2008a). سەرەڕای ئەمە، پەیامەکانی **سادق سەدر** لە دەرەوەی وڵات بە وریاییەوە لە لایەن حزبی *دەعوە* و بە ترس و تووڕەیی لە لایەن *مەجلسی ئەعلا* وەردەگیران و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. ئەمەش لەو شەڕە قسانەوە ڕەنگی دابووەوە کە لە نێوان ئەو گروپانەدا لەئارادا بوون لەو ئانوساتەدا کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ هەندێک ململانێی ناوخۆیی لە نێوان شیعەکاندا، کە دوای لادانی ڕژێم لە ۲۰۰۳دا تەقینەوە (Allawi 2007: 55). ڕژێم کە هەستی بە "پێدرێژکردنی" **سادق سەدر** کرد، ویستی سووربوونی ئەو لەسەر داوا و پەیامەکانی تاقی بکاتەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ۱۹۹۸دا ڕژێم داوای لە **سادق سەدر** کرد کە پیادەڕۆییەکان بەرەو *کەربەلا* و مەڕاسیمەکانی *عاشوورای* ئەو ساڵە هەڵبوەشێنێتەوە. **سادق سەدر** داواکەی ڕەت کردەوە، بەمەش نەوەستا، ئەوە بوو لە شوباتی ۱۹۹۹دا ئازادکردنی هەموو ئەو پیاوە ئایینییانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەکانی ۱۹۹۱ گیرابوون، خستە سەر لیستی داواکانی پێشووتری. ئیدی ڕژێم بڕیاری دا کە "سنوورێک" بۆ **سادق سەدر** دابنێت. ئەوە بوو حەفتەیەک دواتر، لە ۱۸ی شوباتی ۱۹۹۹ دا، لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا، **سادق سەدر** و دوو کوڕی لە بارودۆخێکی گوماناوی و نادیاردا کوژران. ئەمەش بوو بەمایەی ئەوەی کە موریدەکانی **سادق سەدر** بڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان بکەن و داوای ڕووخانی ڕژێم بکەن، کە پێکدادانی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری *عێراقی* لێ کەوتەوە. لە *بەسرە* خەڵک هێرشیان کردە سەر باڵەخانەکانی حکومەت و لانیکەم ٤٠ بەعسییان لە پێکدادانەکاندا کوشت. دەسەڵاتداران خێرا خۆپیشاندانەکانیان خامۆش کرد و ۱۲۰ وەکیلی **سادق سەدر**یان گرت و زیاتر لە ۳۰۰۰ لایەنگر و بەشداربووی خۆپیشاندانەکانیان ڕاپێچایە زیندانەکان و نزیکەی ٤٥٠ کەسیشیان لە سێدارە دا یان کوشت (HRW 2005). لە دوای ڕاپەڕینەکانی ۱۹۹۱، ئەمە یەکەم جاربوو خەڵک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەنگاری دەسەڵاتی **سەدام** ببنەوە. لە ئەدەبیاتی شیعەکان ئەم خۆپیشاندان و پێکدادانانە وەک *ڕاپەڕینی سەدر* (*انتفاضة الصدر*) ناسراوە.

ڕژێم لەسەر ڕەشبگیری و لەسێدارەدانی بێ دادگاییکردن و شوێنبزرکردن و ئەشکەنجەدانی وەکیلەکان و موریدەکان و لایەنگرەکانی **سادق سەدر** بەردەوام بوو. دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەوانەی لەو ڕۆژگارانەدا کوژرابوون یان زیندەبەچاڵ کرابوون، ڕووفاتەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لە نزیک *بەسرە* دۆزرایەوە. لە پاڵ ئەمانەدا، ڕژێم هەزاران خەڵکی مەدەنیشی بە ژن و منداڵەوە، لە گرتوخانەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر گل داوە. لە گرتوخانەکاندا خەڵکەکە ڕۆژانە ئەشکەنجەی جەستەیی و سایکۆلۆجی دەدران. بەوانەشەوە نەوەستا، ڕژێم ماڵ و حاڵ و خانووبەرەی بەشداربوانی ڕاپەڕینەکەی خاپوور کرد و خزمو کەسوکارەکانیشیان لە کارکردن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا یاساخ کرد (HRW 2005: 1-3, 16, 23, 26, 28).

ڕاستە ئەوە تەنیا کوردەکان و شیعەکان نەبوون کە دژایەتیی ڕژێمیان دەکرد، چونکە سوننەیەکی زۆریش لە سیاسەت و سەرکێشییەکانی **سەدام** بێزار ببوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی سوننە کە لە ناو ڕیزەکانی سوپا دەردەکەوتن و ترس و هەڕەشەی زۆر گەورەتریان لەوەی شیعەکان و کوردەکان لەسەر ڕژێم دروست دەکرد، کەچی شێوازی مامەڵەکردنی **سەدام** و *بەعس* لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوننی زۆر نەرمتر بوو. خەتەری ئۆپۆزسیۆنی سوننی لەوەدا بوو کە لە ناو بنکەی دەسەڵاتی ڕژێم دەردەچوو. ئەمەش بە حوکمی کۆنترۆڵکردنی سوننەکان بوو بۆ هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنی و سیاسی. سەرەڕای ئەمە، بەرخوردی ڕژێم بۆ هەوڵەکانی سوننەکان لە سزادانی ئەنجامدەران و بەشداران دەرنەدەچوو. ماکی تۆڵە و سزای دەستەجەمعیشیان پێوە دیار نەبوو. بۆ نموونە، لە نەوەدەکان چەند هەوڵێک لە لایەن سوننەکانەوە درا بۆ ڕووخانی ڕژێم. لەوانە هەوڵی کودەتاکەی ئەفسەری فڕۆکەوان، **محەمەد مەزڵووم دلێمی**، لە هەموان بەربڵاوتر ناسراوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤، لەگەڵ ئاشکرابوونی هەوڵەکە، دەسەڵاتداران یەکسەر **محەمەد مەزڵووم دلێمی**یان گرت و دەستبەجێ لەگەڵ ئەو ئەفسەر و کەسایەتییانەی کە بەشداریی هەوڵەکەیان کردبوو، کوشت. دوای چەند مانگێک ڕژێم لاشەی کوژراوەکانی ڕادەستی بنەماڵەکانیان کرد. لەگەڵ گەیشتنی لاشەی **دلێمی** و هاوڕێکانی لە

ئاداری ١٩٩٥دا، دلێمییەکان خۆپیشاندانیان ساز کرد لە دژی ڕژێم و بە چەک هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پۆلیس و دەزگاکانی ئەمن و نووسینگەکانی حزبی *بەعس* و باڵەخانەی پارێزگای *ئەنبار*. پێکدادانەکان کوژرانی ٣٠ کەس و برینداربوونی سەدان کەسی دیکەی لە هەردوو لا لێ کەوتەوە (شهاب ١٩٩٥: ١٠-١١؛ الصالحی ٢٠٠٠: ٢٨٤-٢٨٥؛ Bengio *MECS*, 1995:313). **سەدام** یەکێک لە براکانی خۆی ڕاسپارد بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، کەچی دواتر تاوانباری کرد بە سەرپێچیکردن لە فەرمانەکان و لە پۆستەکەی دووری خستەوە، ئەمەشی بۆ ڕازیکردنی دلێمییەکان کرد، چونکە نەیدەویست ئەوان لە خۆی بکات بە دوژمن لەبەر بوونیان لە جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات. هەر بۆیەش تەنیا ژمارەیەک لە خەڵکە بەشداربووەکە بە توندی سزا دران و ژمارەیەکیشیان زیندانی کران. چەند مانگێک دواتر، ئەفسەرێکی دیکەی دلێمی بە ناوی **تورکی ئیسماعیل** هێرشی کردە سەر *گرتوخانەی ئەبوغرێب* و نزیکەی ٨٥٠ کەسی لە زیندان ئازاد کرد، کە زۆربەیان لەو دلێمییانەبوون کە لە ڕووداوەکانی پێشووتر گیرابوون. هەوڵەکە هەر زوو سەرکوت کراو و زیاتر لە ١٢٠ کەسیش لە سێدارە درا. پێش ئەم هەوڵانە هەندێک ئەفسەر لە *عەشیرەتی عوبێد* لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوویان دابوو. بە هەمان شێوە *قەبیلەی ئەبونمر*، کە نیشتەجێی *ڕومادی*ین، لە دژی **سەدام** ڕاپەڕین (Post & Baram 2002: 24). لەگەڵ ئەوەی ئەم هەوڵانە هەموویان سەرکوت کران، بەڵام هیچ هەوڵێک بۆ سزادانی عەشیرەتەکان، خەڵکی ناوچەکە یان سوننەکان بەگشتی نەدرا. ئەوانەی لێ دەربچێت کە ڕاستەوخۆ لە پلانەکان و هەوڵەکان بەشدار بوون، کەسی دیکە سزا نەدەدرا. خزم و کەسوکاری ئەو ئەفسەرانەی کە هەوڵی کودەتاکانیان دابوو، بەگشتی لە شوێنەکانی خۆیان لە خزمەت ڕژێمدا لە هەمان ئەو جومگە هەستیارانەدا مانەوە کە پێشتر لێی بوون، وەک هێزەکانی *حەرەسی جەمهوری* و پۆستە باڵاکانی دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکان. بە کورتی، بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لە حوکمی *بەعس* و **سەدام**، یەک گوند یان شارۆچکەی سوننە تێک نەدرا، هیچ عەشیرەت یان گروپێک لە پێکهاتەی سوننە لە *عێراق* قڕ نەکران یان دووچاری ڕاگواستن و دەربەدەری نەبوونەوە.

وردبوونەوە لە هەڵهاتنی **حسێن کامیل** و **سەدام کامیل**، دوو ئامۆزای **سەدام** کە هەردووکیان زاواشی بوون، لەگەڵ **ڕەغدە** (کە ژنی **حسێن** بوو) و ڕەنا (کە ژنی **سەدام** بوو) لە ئابی ١٩٩٥دا, بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەند بەو باسوخواسەی کە لەسەرەوە لەمەڕ دووفاقیی ڕژێمەکەی **سەدام** لە مامەڵەکردنی لەگەڵ سوننەکان لە لایەک و کورد و شیعەکان لە لاکەی دیکە. دوای ئەوەی کە بەڵێنی لێخۆشبوونیان لە لایەن **سەدام**ەوە پێ درا، **حسێن کامیل** و **سەدام کامیل** لەگەڵ ژنەکانیان لە ٢٠ی شوبات گەڕانەوە *عێراق*. سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوەیان، هەردوو براکە لە ماڵەکەی خۆیان بە دەستی ئەندامانی بنەماڵەکەی **سەدام** کوژران. *وەزارەتی ناوخۆ* لە ڕاگەیەندراوێکدا بەیانی کرد کە **حسێن کامیل** و **سەدام کامیل** لە لایەن خزمەکانی خۆیان خەڵتانی خوێن کران، چونکە ئەوان پێیان وا بوو کە "دەبێت خوێنیان بڕژێت لە بەرانبەر ئەو خیانەتەی لە نیشتمانیان کردووە" ( Jehl 1996). نزیکیی ئەو دوو کەسە لە **سەدام** نەبووە مایەی ڕزگاربوونیان لە تووڕەیی و سزای **سەدام**، سایلی هەموو ئەو کەسانەی کە دژەهەڵوێستیان بەرانبەر ئەو دەنواند. بەڵام **سەدام** دوو کچەکەی خۆی ئەزییەت نەدا و ژیانی منداڵەکانیشیانی پاراست، سەرەڕای تێوەگلانی کچەکانی لە هەوڵ و پلانەکانی مێردەکانیان. کوشتنی جووتەبراکە وەک "کارێکی زەروری" پەسن کرا و بۆ بەرزڕاگرتن و بەرگریکردن لە "بەها خێڵەکییەکان" و "شەرەف"ی بنەماڵە. بەڵام دوای ساڵێک لە ڕووداوەکە، جوتەبرا خەڵتانیخوێنکراوەکە وەک "شەهیدانی تووڕەیی (شهداء الغضب)" ناوزەند کرانو **سەدام** بڕیاری دا کە بەدەلخوێنیش بدا بە بنەماڵەکەیان و دۆسیەکەیان بە یەکجاری داخرا (الاحمد ٢٠١١؛ Bengio *MECS*, 1996: 327-328; 1997: 376).

ڕاست بە پێچەوانەی ئەو شێوازی مامەڵەیەی کە ڕژێمەکەی **سەدام** لەگەڵ سوننەکانی دەکرد، کوردەکان و شیعەکان لەسەر شوناسی مەزهەبی یان نەتەوەییاندا دەکوژران. شیعەی وا هەبوو کە لەبەر هۆکاری هێندە سادە کوژراوە، کە جێگەی باوەڕ نییە. بۆ نموونە، خەڵک هەیە کوژراوە لەبەر "هاوکارینەکردنی حکومەت لە گرتنی سەربازە هەڵهاتووەکان" ( HRW 2003a). لە ساڵی ١٩٩١دا، لەو کاتەی کە هێزەکانی *عێراق* هێرشیان دەکردە

سەر ناوچە شیعەنشینەکان، پێوەری دڵڕەقانە نەک هەر لە دژی چەکداران، بەڵکو خەڵکە مەدەنییە بێچەکەکانیش بەکار دەهات. تەنانەت ئەو منداڵانەی کە لەسەربانەکان یان لەسەر شەقامەکان وەستابوون، بەر ڕێژنەی گوللە دەکەوتن. لە هەندێک شوێن منداڵان دەکران بە قەڵغانی تانک و زیل و ئیڤە و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی دیکە. ڕژێم لە هێرشەکان ڕۆکێتی سکۆدی زەوی بە زەوی دەباراندە سەر شارەکان و مەدەنییەکانی دەکردە نیشان (الصالحی ٢٠٠٠: ١٧٦، ٢٠٥؛ HRW 2002). پێوەر و ئامڕازە بەکارهاتووەکان هەموویان ڕاست پێچەوانەی ئەو پێوەرانەیان لە خۆ پیشان دەدا کە لە دژی سوننەکان بەکار دەهات. بە واتایەکی دیکە، لە دژی کورد و شیعە سزای دەستەجەمعی بەکار دەهات و لە دژی سوننەکانیش کەسە تاوانبارەکان سزا دەدران.

لە ٨ ی تەمووزی ١٩٨٢، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی **سەدام** بە ناو کۆڵان و شینابییەکانی شارۆچکەی *دوجێل*،[١] لە نزیک *سامەڕا*، هەوڵێک درا بۆ کوشتنی **سەدام**، کە سەرکەوتوو نەبوو. بەرخوردی ڕژێم نموونەیەکی دیکەمان پیشان دەدا لە دووفاقیی *بەعس* لە هەڵوێستنواندن لە بەرانبەر شیعەکان بە بەراورد بە سوننەکان. وەڵامی دەسەڵاتداران توند و خوێناوی بوو. هێزەکانی ڕژێم لە هەڵمەتێکی ڕەشبگیردا ٦٨٧ کەسیان لە شیعەکانی شارەکە گرت، لەوانە ١٤٨ کەسیان نێردران بۆ *دادگای شۆڕش* (*محكمة الثورة*). سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵی بوو، کەچی حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. نزیکەی ٤٠٠ ژن و منداڵیش ڕاپێچ کران بۆ گرتوخانەکان لە بیابانەکانی پارێزگای *سەماوە* لە باشوور و خۆرئاوای *عێراق*. لەو پرۆسەیەدا ٤٦ کەسیش لە ژێر ئەشکەنجە گیانیان لەدەست دا (المحكمة الجنائية العراقية العليا ٢٠٠٥؛ Menendez 2005; Eedle & Hilsum 2005). تەواوی ماڵ و باڵەخانە و شوێنی حەوانەی شیعەکان لەو دەوروبەرە بە بلدۆزەر تەخت کرا. بە کورتی، *دوجێل*

[1]. شارۆچکەی *دوجێل* کەوتووەتە پارێزگای *سەلاحەدین* و ٦٠ کیلۆمەتر لە *بەغدا*وە دوورە. دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەکن لە شیعە و سوننە.

لەسەر نەخشە سڕایەوە.[1] نموونەی لەمانەش زەقتر کوشتنی نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ شیعە لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ و بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد لە هەڵمەتەکانی *ئەنفال* بوو. ئەم دوو نموونەیە هیچ گومان ناهێڵنەوە لەسەر سزادانی دەستەجەمعی کوردەکان و شیعەکان لە لایەن ڕژێمەکەی **سەدام**. وەک لە پێشووتریش تێبینی کرا، ڕژێم بەم شێوەیە لە هیچ کات و شوێنێک بە درێژایی ٣٥ ساڵ مامەڵەی لەگەڵ سوننەکاندا نەکرد.

ئەم سیاسەتە دووفاقییەی ڕژێم پرۆسەی لێکترازانی کۆمەڵگەی عێراقیی هێندەی دیکە خێراتر کرد. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو سیاسەت و کار و کردەوەکانی ڕژێم لە نەوەدەکان گەیشتبووە ئاستێک ئیدی بونیادنانی نیشتمانێک لە پێکهاتەی جیاجیا، کە لەسەر شوناس ڕووبەڕووی سزای دەستەجەمعی دەبوونەوە، مەحاڵ بوو.

### کوردەکان و دەوڵەتی عێراق: دووبارەداڕشتنەوەی سنوورەکان

هێرشەکانی حکومەتی *عێراق* بۆ سەر شار و شارۆچکەکانی *کوردستان* لە ئازاری ١٩٩١، لەگەڵ ترسی خەڵک لە دووبارەبوونەوەی *ئەنفال* وای لە کوردەکان کرد کە بەکۆمەڵ زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو دۆڵ و شاخە نزیکەکان لە سنوورەکانی *ئێران* و *تورکیا* هەنگاو بنێن. ئەم کۆچە بەکۆمەڵە لە ئەدەبیاتی کوردی بە *کۆڕەو* ناسراوە. لە ئەنجامی ئەو دەردەسەرییەی کە ملیۆنان منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتە لە دۆڵ و شاخە ساردوسوڕەکاندا ڕووبەڕووی بوونەوە، هەروەها ئەو ڕووماڵە چڕەی کە لە لایەن میدیای ڕۆژئاواوە لە خەڵکە ئاوارەکە کرا، فشارێکی گەورە لەسەر حکومەتەکانی ڕۆژئاوا دروست بوو کە ناچار بوون بە هانای ئاوارە و پەنابەرە کوردەکان بێن. بەهاناوەهاتنی ڕۆژئاواییەکان دروستکردنی ناوچەی ئارام و سەپاندنی ناوچەی دژەفڕینی لە سەرووی هێڵی تەریبی ٣٦ی لێ کەوتەوە. ناوچەی ئارام و دژەفڕین لە نیسانی ١٩٩١ بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی *ئەنجوومەنی ئاسایش* لە *نەتەوەیەکگرتوەکان* شەرعییەتی وەرگرت (UNSC 1991).

---

[1]. نووسەر لە ساڵی ١٩٨٦دا بە *دوجێل*دا تێپەڕی و بە چاوی خۆی شارە وێرانکراوەکەی بینی.

سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی عێراقی دژایەتیکردنی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەربڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی: یەکەم، *عێراق* تازە لە جەنگی کوێت بە دۆڕاوی و بە شپرێوی دەرچووبوو. دووەم، *عێراق* هێشتا سەرقاڵ بوو بە دامرکاندنەوەی پاشماوەی ڕاپەڕینەکەی شیعەکان لە باشوور. سێیەم، لاوازبوونی پێگەی *عێراق* لە هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان. بۆیە هاتوهاوارەکانی نە بەر گوێی کەس کەوتن، نە خۆشی توانی پەرچەکردارێک لە خۆ پیشان دا. بۆ ئەوەی خەڵکە ئاوارەکە وەک فەڵەستینییەکان پەڕاگەندەی وڵاتان نەبن و هەلێک بڕەخسێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە نیسانی ١٩٩١دا بڕیاری دا کە دانوستان *لەگەڵ حکومەتی عێراق* بکات.

دانوستانەکان تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوون. ژمارەیەک خاڵی سەرەکی گفتوگۆ کران، لەوانە متمانەکردن بە یەک، دیموکراتیزەکردنی عێراق، مافە نەتەوەییەکانی کورد، لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی *عێراق*. بەڵام وەک دانوستانەکانی پێشووتر (١٩٦١-١٩٨٤) چارەنووسی پارێزگای *کەرکووک* و دیاریکردنی تخووبەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییە پێشنیازکراوەکە، خاڵی سەرەکیی بەیەکداکەوتنی بیروڕا و داواکان و مافەکان بوون (ئەمین ٢٠٠٨). سەرەڕای ئەو هەموو تەنگژانەی حکومەتی مەرکەزی لەو ئانوساتانەدا ڕووبەڕووی ببووەوە، لەوانە پەراوێزخراوەیی نێودەوڵەتی، کێشە و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئابلۆوقەی ئابووری و نائارامیی باری ئەمنی لە باشوور، کەچی ئامادەی سازان نەبوو لەگەڵ کوردەکان و دداننان بە مافەکانیان. حکومەت پێداگریی لەسەر هەمان ئەو سنوورانە دەکرد کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٤ تاکلایەنانە بۆ ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی دیاری کردبوون. هاوکات کوردەکان ئامادە نەبوون دوو داوای سەرەکیی حکومەتی مەرکەزی قبووڵ بکەن، ئەوانیش پچڕاندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چەککردنی *هێزی پێشمەرگە* بوون. لەوانەش گرنگتر، کوردەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە فاکتە مێژوویی و جوگرافییەکان بکرێن بە بنەما بۆ دیاریکردنی ناوانی ناوچە ئۆتۆنۆمییە پێشنیازکراوەکە. وەک گاڵتەپێکردنێک بە ئەندامانی وەفدە دانوستانکارەکەی کوردان، **تاریق عەزیز**، یەکێک لە نوێنەرانی حکومەت لە

دانوستانەکاندا، بە کوردەکانی گوتبوو کاتی خۆی *ئەندەلووس* (*ئیسپانیا*) بەشێک بوو لە خاکی عەرەب، بەڵام هیچ عەرەبێک ئێستا داوای ناکات (ئەمین ٢٠٠٨). لەوە دەچێت مەبەستی نوێنەرەکەی حکومەت لەم گێڕانەوەیە ئەوە بووبێت، کە کوردەکان ڕازی بکات کە دەبێت ئەوان دەستبەرداری مافە مێژووییەکانیان ببن و *کەرکووک* و ناوچە کێشەلەسەرەکان لە بیر بکەن، وەک چۆن عەرەبەکان *ئەندەلووس*یان لە بیر کرد. لە ئازاری ١٩٩١دا، لە چاوپێکەوتنێکدا **سەدام** بەیانی کرد کە مکووڕبوونی کوردەکان "لەسەر لکاندنی *کەرکووک* بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی *کوردستان* ئاماژەیەکە بۆ ئارەزوویان لە جیابوونەوە" (Gunter 1992: 70). ئەم ململانێیە لەسەر خاک پشتیوانی لەو ئارگیومێنتە دەکات، کە ئەوە چەند جارێکە خستومانەتە ڕوو، کە شوناسی خاک گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە کێشمەکێشی نێوان ناسیونالیستی عەرەبی و نیشتمانپەروەریی عێراقی لە لایەک و ناسیونالیستی کوردی لە لایەکەی دیکە.

بە هەرحاڵێک بێت، دانوستانەکان تا ناوەڕاستی تەمووز درێژەیان کێشا. لە تەمووزی ١٩٩١دا، خۆپیشاندان شارەکانی *سلێمانی* و *هەولێر* و چەند شارۆچکەیەکی دیکەی گرتەوە. خەڵکە ناڕازییەکە، کە زیاتر هێزە چەپەکانی *کوردستان* وەگەڕیان خستبوون،[1] داوای دەرچوونی هێزەکانی *بەعس*یان دەکرد و وەک "داگیرکەر" ناویان دەبرد.[2] ڕق و ناڕەزایی خەڵک و درێژبوونەوەی خۆپیشاندانەکان، پێکدادانی چەکداریی لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی حکومەت و ئەو هێزانەی *پێشمەرگە*ی لێ کەوتەوە، کە لەگەڵ درێژەی پڕۆسەی دانوستانەکان هاتبوونە ناو شارەکان. فشاری جەماوەری و لاوازیی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی حکومەت لەگەڵ بەردەوامیی

---

[1] لە ناو هێزە چەپەکانی کوردستان، *ئاڵای شۆڕش*، *دەستەی کرێکارانی سۆشیالیست*، *ڕەوتی کۆمۆنیست* و *بزووتنەوەی شووراکان* ڕۆڵی سەرەکییان لە خۆپیشاندانەکاندا دەبینی.

[2] نووسەر لەو سەروبەندەدا لە *هەولێر* بوو، ئاگەداری پێشهات و ڕووداوەکان بوو. لە نزیکیشەوە هەندێک لە چالاکوانەکانی خۆپیشاندەرەکانی دەناسی کە ڕەوت و پڕۆسەی ناڕەزاییەکانیان بۆ دەگێڕایەوە، لەوانە **ئیسماعیل سەرسپی**، **سامان حەویزی**، **حەسەن عەبدوڵڵا سوسن** و **عەزیز قەتەوی**.

خۆپیشاندانەکان، بوون بە مایەی کێشانەوەی هێزەکانی حکومەت لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، کە کێشانەوەی دامودەزگا دەوڵەتییە مەدەنییەکانیشی بەدوای خۆیدا هێنا.

کێشانەوەی دامودەزگاکان بۆشاییەکی کارگێڕییەوەی لەو ناوچانە دروست کرد کە بوو بە پاڵنەرێک بۆ سەرکردە کوردەکان کە بیر لە ڕێگەچارەیەک بکەنەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە. ئەوە بوو حزب و لایەنە کوردییەکانی *بەرەی کوردستانی* بڕیاری دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانیان دا. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبژاردنێکی گشتییان لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا ڕێک خست. هەڵبژاردنەکان ئەزموونێکی بێپێشینە بوو لە *کوردستان*، چونکە یەکەم جار بوو کە لە ناوچە کوردییەکان هەڵبژاردنی سەربەخۆ ئەنجام بدرێت. سەرەڕای ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان خاڵی نەبوون لە ساختەکردن و فڕوفێڵ، کەچی بەگشتی کێشمەکێشێکی ناچەکداری و کەشێکی سیاسیی نوێیان لە *کوردستان* خوڵقاند. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە زۆر لێک نزیک بوو، *پارتی دیموکراتی کوردستان* ٥٠.٢٢% دەنگەکان و *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* ٤٩.٧٨%ی دەنگەکانی بردەوە. دوو حزبە براوەکە ١٠٠ کورسییەکەی پەرلەمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و پێنج کورسییش تەرخان کرا بۆ کریستیانەکان. دوای کێشمەکێشێکی زۆر، حکومەتی *هەرێمی کوردستان* لە ٤ی تەمووز پێک هێنرا، کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەر *پارتی* و سەرۆکی حکومەت بەر *یەکێتیی* کەوت. هاوکاتی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان، هەڵبژاردن بۆ ڕابەری گەلی کوردستانیش بەڕێوە چوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو کاندیدە سەرەکییەکە، **مەسعود بارزانی** لە *پارتی* و **جەلال تاڵەبانی** لە **یەکێتی**، هیچ کامیان ڕێژەی دەنگەکانیان لە ٥٠% تێپەڕی نەکرد، بۆیە کەس وەک ڕابەر دیاری نەکرا.

کێشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت نەک هەر کێشەیەکی سیاسی و کارگێڕیی لە ناوچە کوردنشینەکان دروست کرد، بەڵکو بوو بە مایەی کارلەدەستدان و بڕینی مووچەی هەموو فەرمانبەرە حکومییەکان کە لەو ناوچەیەدا خزمەتیان دەکرد. لەگەڵ کێشانەوەی دامودەزگاکان، حکومەت ئابڵووقەیەکی ئابووریی سەختیشی سەپاندە سەر ناوچەکە، کە پێشتر بەدەست ئابڵووقە ئابوورییەکەی *نەتەوەیەکگرتووەکان*ەوە دەیناڵاند. ئەمانە

بەسەر یەکەوە بارودۆخێکیان لە ناوچە کوردییەکان هێنایە ئاراوە، کە ئابووریی *هەرێمی کوردستانی* "نزیک کردبووەوە لە تەپین"، بە ڕادەیەک کە ڕێژەی بێکاری گەیشتبووە سەرووی ٧٠% (Meacher 1993). کاریگەرییەکان چەندسەرە و فرەڕەهەند بوون، هەر لە ئابوورییەوە بگرە تا دەگاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە سەرەتای نەوەدەکان بارودۆخەکە هێندە خراپ بوو، کە هەندێک ڕاپۆرت باسیان لەوە دەکرد کە منداڵان لەبەر کەمخۆراکی لە خوێندنگەکان لە هۆش خۆ چوون و ژنان بێهۆش کەوتوون لەبەر ئەو بارە قورسەی کە کەوتبووە سەرشانیان بۆ پەیداکردنی پارووپەک نان (هەمان سەرچاوە).

پرسیار لێرە ئەوەیە کە بۆ دەسەڵاتدارانی *عێراق* ناوچە کوردییەکانیان بەجێ هێشت؟ سەرەڕای بوونی توانای سەربازی، کەچی حکومەت هیچ هەوڵێکی جدیی نەدا بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ ناوچەکە. ئەمە ڕاست پێچەوانەی ئەو قسانە بوو کە دوای کێشانەوەی هێزو دامودەزگاکان **سەدام** کردی. ئەو گوتی "ئێمە داوامان لە سوپا کرد کە بۆ ماوەیەک ناوچەکە جێ بهێڵن... (ئەوکات) دەبینن گەلەکەتان (کوردەکان) چۆن بۆ سوپاکەیان دەگرین و داوای یارمەتی دەکەن، ئەوکاتیش ئەوان بە هانای خەڵکەکە دەچن". **سەدام** جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە "دوو یان سێ عێراق بوونی نییە... گەلیش یەک گەلە نەک دوو" (Bengio *MECS*, 1992: 468, 483). دوای حەوت ساڵ لە غیابی دامودەزگاکانی حکومەت لە ناوچە کوردنشینەکان، میدیای فەرمیی دەوڵەتی عێراقی هیوای کۆتاییهاتنی بۆ ئەو حاڵەتە "ناسروشتی"یەی دەخواست کە لە "شیمال" هاتبووە پێش (Bengio *MECS*, 1998: 299). سەرەڕای بوونی توانای سەربازی و پیشاندانی هیوای گەڕانەوەی *کوردستان*، کەچی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتە بەر بۆ دووبارەگێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ناوچە کوردییەکان. تەنانەت ئەو کاتەی کە سەرکردایەتیی کورد ڕەزامەندی دا لەسەر بەکارهێنانی ناوچەکانی ژێردەستیان لە لایەن *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی بۆ هێرشکردنە سەر *عێراق*، ڕژێمەکەی **سەدام** هیچ پەرچەکردارێکی پیشان نەدا و خۆی لە بڕیارەکە نەفام کرد.

هەندێک ئەکادیمی و توێژەر هێرشنەکردنە سەر *کوردستان* و داگیرنەکردنەوەی دەگێڕنەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە **گراهام براون** لەو باوەڕەدایە کە "بوونی ناوچەی دژەفڕین" کە جووڵە و چالاکییەکان و توانای مناوەرەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراقی پەلبەست کردبوو، هۆکاری سەرەکی بوون لە پشت کێشانەوەی دامودەزگا کارگێڕی و ئەمنییەکان لە لایەن حکومەتەوە (Graham-Brown 1999: 110). بە هەمان شێوە **بێنگیۆ** پێی وایە کە سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین هێزە زەمینییەکانی عێراقی دەخستە مەترسییەوە ئەگەر هەوڵی داگیرکردنەوەی *کوردستان*یان بدایە ( Bengio 323 :1996 ;468 :1992 ,*MECS*). پێشی وایە کە حکومەتی مەرکەزی هیچ کاتێک نیازی دەستبەرداربوونی یەکجارەکیی *کوردستان*ی نەبووە و مەیلی ئەوەی نەبووە ڕێگە بە *کوردستان* بدات جیا بێتەوە. لە پەیوەند بە هەمان بابەت، چەند هۆکارێکی دیکە باس کراون، لەوانە ئاساییکردنەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست لە پێشتر بوون بۆ حکومەتی مەرکەزی، چونکە نائارامییەکانی ئەوێ ترسی ڕاستەوخۆتری لەسەر ڕژێمەکەی *بەعس* هەبوو. هەندێکی دیکە پێیان وایە کە ڕژێمەکەی *بەغداد* چاوەڕێی کاریگەرییەکانی ئابڵووقە ئابوورییەکان بوو لەسەر *کوردستان*، چونکە پێی وا بوو کە دواجار کوردەکان بەرگەی ئابڵووقەکان ناگرن و مل دەدەن و خۆیان دەگەڕێنەوە بن باڵی دەوڵەت. باس لەوەش دەکرا کە گوایە ڕژێمی *عێراق* نەیدەویست لەو بارودۆخە سەختەی کە خۆی پێیدا تێپەڕ دەبوو، داهات بۆ *کوردستان* لە خەزێنەی دەوڵەت دابین بکات، بەڵکو دەیویست ئەو پارەیەی کە بۆ *کوردستان* تەرخان دەکرا، بنێردرێت بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١دا دڵسۆزییان بۆ ڕژێم نواند.

سەرەڕای بوونی ڕاستی لە زۆربەی ئەو دیدو تێگەیشتن‌و شرۆڤانە، بەڵام وردبوونەوە لەو سنوورانەی کە حکومەت دوای کێشانەوەی دامودەزگاکانی لە ناوچە کوردییەکان بۆ *هەرێمی کوردستان* کێشای، هاوکات بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە حکومەتی مەرکەزی توانای سەربازیی داگیرکردنەوەی *کوردستان*ی هەبوو وەک لە داگیرکردنەوەی *هەولێر* لە ئابی ١٩٩٦دا دەرکەوت، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕژێمی عێراقی نیاز و پلانێکی ستراتیجیی

له پشت کێشانەوە و هێرشنەکردنە سەر *کوردستان*ی هەبوو. کاتێک حکومەتی عێراقی هێز و دامودەزگاکانی خۆی کێشایەوە، ئەوە ئەو سنوورێکی نوێی بۆ ناوچە کوردییەکان کێشا، ئەویش بە بڕینی ئەو ناوچانەی کە لەو دواییانە نەوتیان تێدا دۆزرابووەوە وەک *مەخموور* و *دیبەگە*، لەگەڵ چاڵەنەوتەکانی *خورماڵە*، کە درێژکراوەی چاڵەنەوتەکانی *ئاڤانە*یەو وەک *بابەگوڕگوڕ* لە گەورە چاڵەنەوتەکانی ناوچەکەن. *خورماڵە* و *دیبەگە* و *مەخموور* پێشتر بەشێک بوون لەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کە حکومەتی عێراقی تاکلایەنانە لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕایگەیاندبوو، کەچی لە تخووبکێشانەکەی ساڵی ١٩٩١دا لە ناوچە ئۆتۆنۆمەکە دابڕێندران. چەند ناوچەیەکی دیکەش کە پێشتر بەشێک نەبوون لە ناوچە ئۆتۆنۆمیەکەی ساڵی ١٩٧٤دا، وەک *ئاکرێ* و *کفری* و *کەلار*، لەگەڵ سنوورکێشانەوەکەی ئەم جارە خرانە سەر ئەو ناوچانەی کە دواتر وەک *هەرێمی کوردستان* ناسران (بڕوانە نەخشەی ٧-١).




*نەخشەی ٧-١: سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەی ئۆتۆنۆمی*

سنووره نوێیەکان زۆر وریایانە و ستراتیجییانە دیاری کرابوون؛ مەبەست لێی بێبەشکردنی ناوچە کوردییەکان بوو لە سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەتی نەوت و گاز. لە کێشانی سنوورەکان دیدە سەربازی و تۆپۆگرافییەکانیش ڕەچاو کرابوون. سنوورەکان بە درێژایی یان لە نزیک زنجیرە بەرزاییەکانی بانی مەقان و *زورگەزراو* و چیای *زەرد* کێشرابوون بۆ ئەوەی کە وەک پشتێنەیەک بۆ بەرگریکردن لە *عێراق* بەکار بێن لە ئەگەری ڕوودانی ململانێ یان پێکدادان لە نێوان *عێراق* و *هەرێمی کوردستان*. لە هێڵی سنوورەکە بە ئاشکرا دیارە کە مەبەستی سەرەکیی حکومەتی مەرکەزی پچڕاندنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکان بوو پێش هەر شتێکی دیکە. ئەو ئارگیومێنتانەی کە باس لە بوونی ناوچەی دژەفڕین دەکەن ئەو خاڵەیان لەبەرچاو نەگرتووە کە نیوەی زیاتری ئەو ناوچانەی کە حکومەت لێی کشایەوە لە خوارووی هێڵی تەریبی ٣٦ە، کە دژەفڕین نەیدەگرتەوە، وەک *کفری، کەلار*، بەشێک لە پارێزگای *هەولێر* و زۆربەی پارێزگای *سلێمانی* (بڕوانە نەخشە ٧-١).

بۆیە ئەو تێگەیشتنەی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە حکومەتی مەرکەزی لەبەر ناوچەی دژەفڕین یان لاوازیی توانای سەربازی *کوردستانی* داگیر نەکردووە، ئارگیومێنتێکی لاوازە. نەگەڕانەوەی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی دیکە، لەوانە: یەکەم، کەمتوانایی یان بێتوانایی حکومەتی مەرکەزی لە کۆنترۆڵکردنی سیاسییانەی ناوچە کوردییەکان نەک سەربازییانە. دووەم، ئەو ناوچانەی کە حکومەت لێیان کشایەوە بایەخێکی ئابووری و ستراتیجیی ئەوتۆی بۆ دەوڵەت نەبوو. *بەعس* هەموو شێواز و ئامرازێکی بەکار هێنا هەر لە چۆڵکردن و ڕاگوێزان و تەعریبەوە بگرە تا دەگاتە کیمیاباران و کۆمەڵکوژی دژی کورد، کەچی بەپێی تێگەیشتنی خۆیان هەر سوودی نەبوو. بۆیە لەوە دەچێت لە سەرەتای نەوەدەکانەوە سەرکردەکانی *بەعس* بەو بڕوایە گەیشتبن کە دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ حوکمڕانی نەیاتوانیبێت وەک پێویست بەشێک لە ناوچە کوردییەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیان و خەڵکەکەی ئاوێزانی دیدە نەتەوەییە-عەرەبییەکانیان بکەن، بۆیە پێیان وا بووە کە دابڕینی یەکجارەکیی هەندێک ناوچە بە مەبەستی

لەکۆڵکردنەوەی سەرئێشەیەک کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە بە لکاندنی *کوردستان* بۆ *دەوڵەتی عێراق* دروست بووە، چاکترە. لە ئەنجامدا بڕینی بەشێک لەو ناوچە کوردییانەی کە بایەخی ئابووری و ستراتیجییان نەبوو، وەک چاکترین چارەسەر دەهاتە بەرچاو و جێبەجێش کرا. بە کورتی مەبەست لە سنوورە نوێیەکە، کێشانی سنوورێکی نوێ بوو بۆ باکووری *عێراق*.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو سنوورەی حکومەتەکەی **سەدام** بۆ ناوچە کوردییەکانی کێشا، دوای ڕووخانی ڕژێمیش لە لایەن حکومەتەکانی دوای **سەدام** هەمان ئەو سنوورانە وەک سنووری *هەرێمی کوردستان* قبووڵ کران. ئەمە نیشانەی بوونی کۆدەنگییەکە لە لایەن عەرەبە عێراقییەکانەوە لەسەر سنوور و خاکی *کوردستان*. لەوە دەچێت ئەگەر کوردەکان بەم سنوورە لە *عێراق* جیاش ببنەوە، ڕێگرییەکی ئەوتۆی لە لایەن عێراقییەکانەوە لێ نەکرێت، ئەوە ئەگەر پێشوازیی لێ نەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٢دا، **محەمەد عەبدولجەبار شەبووت** لە *ڕۆژنامەی سەباح* (*الصباح*) لە گوتارێکدا داوا لە کورد و عەرەبی *عێراق* دەکات کە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن بۆ قسەکردن لەسەر چۆنێتیی جیابوونەوەی *کوردستان* لە *عێراق*. ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر سەرنووسەری *ڕۆژنامەی الصباحە*، کە ناسراوە بە نزیکی لە حکومەتی عێراقی و **نووری مالیکی**، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی *عێراق*. ئەو گوتارەکەی لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ بڵاو کردووتەوە، بەدوای ئەم گوتارە نووسەر سێ بابەتی دیکەی لەسەر هەمان تەوەر بڵاو کردووەتەوە (الشبوط ٢٠١٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسینەکەی نووسەر پەرچەکردارێکی کاتی نەبووە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە نووسینەکانی موبارەکەی *حکومەتی عێراق* و **نووری مالیکی**ی لە پشتەوە بووبێت. بە کورتی، دووبارەکێشانەوەی سنووری *عێراق-کوردستان* ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ شکستی دەوڵەتی عێراقی لە ئامێزانی کوردەکان لە *عێراق*، یان تواندنەوەیان بە تەواوی. هاوکات ڕەتکردنەوەی کوردەکانیش پیشان دەدا لە بوون بە بەشێک لە دەوڵەتێک کە لەسەر بنەمای وێناکردن و جیهانبینیی عەرەبە عێراقییەکانەوە دامەزراوە.

**ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان: نیشتمانسازی لە گێژاودا**

دوای دامەزراندنی حکومەتی *هەرێمی کوردستان*، زۆری پێ نەچوو ئەو یەکڕیزییەی کە دروست ببوو، هەڵوەشایەوە. ئەو ناوچەیەی کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١ەوە لە لایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەچوو، دووچاری شەڕێکی ناوخۆی هێندە سەخت و دژوار بووەوە، کە هەڕەشەی لە سەربەخۆیی و بوونی ئەزموونەکە دەکرد. شەڕی ناوخۆ شتێکی نوێ نەبوو لە مێژووی کوردەکان،، بەڵام ئەوەی ئەم جارە خوێناویترین و دژوارترین زنجیرەی شەڕەکان بوو کە لە ساڵی ١٩٦٦ەوە دەستی پێ کردبوو. زنجیرەی ئەم جارەی شەڕەکان بە بەریەکەوتنی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* و *بزووتنەوەی ئیسلامی* دەستی پێ کرد، کە زوو *پارتی دیموکراتی کوردستان*یش تێیەوە ئاڵا. دوای ئەوەی *پارتی* هاتە ناو شەڕەکە، ئیدی *یەکێتی* و *پارتی* بوون بە دوو لایەنی سەرەکیی دژبەیەکی شەڕەکان. شەڕ و پێکدادانەکان تا ساڵی ١٩٩٨ بەردەوام بوو. هەر لە سەرەتای پێکدادانەکان *هەرێمی کوردستان* بوو بە دوو لەت و دوو زۆنی دەسەڵات. یەکێتی لە پارێزگای *دهۆک* و بەشێک لە پارێزگای *هەولێر* وەدەر نرا و *پارتی*یش لە پارێزگای *سلێمانی* و بەشێک لە پارێزگای *هەولێر* دوور خرایەوە. تا کۆتایی پێکدادانەکان لە ساڵی ١٩٩٨ زیاتر لە سێ هەزار کەس کوژران و دەیان هەزار کەسیش ئاوارە بوون. لە پاڵ ئەو بارە قورسە ئابوورییەی کە لە ئاکامی ئابڵوقە ئابوورییەکەی *نەتەوەیەکگرتووەکان* لە لایەک و ئابڵووقەی حکومەتی مەرکەزی لە لایەکی دیکەوە کەوتبوونە سەر شانی خەڵکی ناوچەکە، شەڕی ناوخۆ هێندەی دیکە بارەکەی قورستر کردبوو و دانیشتوانی ناوچەکەی نوقمی کێشە سیاسی و ئەمنییەکان کردبوو، بە ڕادەیەک کە ستراکتۆر و بەها کۆمەڵایەتییەکانی بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبرد.

بارودۆخێکی هێندە نالەبار هاتبووە گۆڕێ، کە دواتر بوو بە هۆکاری سەرەکیی دەرچوونی دەیان هەزار هاووڵاتی لە هەرێم، کە بەگشتی ڕوویان لە وڵاتانی *ڕۆژئاوا* کرد. دیاردەی کۆچ بەرەو هەندەران هێندە گەورە بوو کە چینی ناوەندی لە *کوردستان* ڕامالّی. میدیای دووبەرەکەی شەڕ هێندە چڕ بوو کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەگەرەکانی دروستبوونەوەی یەکڕیزیی نەک هەر

لەو ساڵانەدا، بەڵکو لە ساڵانی دواتریش زۆر دوور خستبووەوە و تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە لە ساڵی ٢٠١٦دا، دەرکەوتەکانی بە زەقی هەست پێ دەکرێن. یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ زیندوبوونەوەی دڵسۆزی بوو بۆ خێڵو ناوچە و حزب لە بان دڵسۆزی و ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان. لەوانەش مەترسیدارتر بەحزبیکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی بوو لە لایەن *یەکێتی* و *پارتی*. کۆمەڵگەی کوردستانی لە سادەترین کەسیەوە بگرە تا دەگاتە وریاترین و ڕۆشنبیرترینی، بەگشتی، بە شێوەیەک لە شێوەکان کەوتبووە ژێر کاریگەریی گوتاری شەڕانگێزی *یەکێتیی* و *پارتی*، کە لێکترازان و دوژمنایەتییەکی ڕاستەقینەی لە بەرەکانی شەڕ و لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامە و سکرینەکانی تەلەفزیۆن، تەنانەت مێزی نانخواردنیماڵەکانیش، لێ کەوتبووەوە. داوالێکردن و خۆتێهەڵقورتاندنی *تورکیا* (بۆ پشتیوانیکردن لە *پارتی*) و *ئێران* (بۆ پشتیوانیکردن لە *یەکێتی*)، هێندەی دیکە ململانێ و شەڕ و پێکدادانەکانی قووڵتر و ئاڵۆزتر و دژوارتر کردبوو.

لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، *پارتی* بە یارمەتی *سوپای عێراق* شاری *هەولێری* لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی دەرهێنا. ئەم ڕووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کورد و *هەرێم*دا، کە بێهێزبوونی *یەکێتی* و باڵادەستیی *پارتیی* لێ کەوتەوە لەگەڵ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناوانەکانی نێوان قەڵەمڕەویی ئەو دوو هێزە. لە پاڵ ئەمانە بێمتمانەیی نێوان ئەو دوو لایەنە و جەماوەرەکانیشیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد. خەڵکێکی زۆری یەکێتی و نزیک لە یەکێتی *هەولێر*یان بەجێ هێشت و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سەریان هەڵگرت، بە پێچەوانەشەوە، پارتییەکان ناوچەکانی ژێر ڕکێفی یەکێتی‌یان بەجێ هێشت. هاوکات هەردوو لا لایەنگر و ئەندامانی لایەنەکەی دیکەیان دەگرت، ئازار دەدا یان دەردەپەڕاند. سەختبوونەوەی پێکدادانەکان و درێژەکێشانی بوون بە مایەی لاوازیی توانای هەردوو هێز لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان. ئەمەش یارمەتیی هەندێک شاخەی *بزووتنەوەی ئیسلامی‌ی* دا، وەک *جوندولئیسلام* و *ئەنسارولئیسلام*، کە دەسەڵاتی خۆیان لەسەر هەندێک ناوچەی ژێردەستی یەکێتی لە دەوروبەری *هەڵەبجە* بسەپێنن. هاوکات *پەکەکە*

هەلی کەمتوانایی *پارتی‌ی* قۆستەوە و پێگە و پایەی خۆی لە هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی *پارتی* لە *قەندیل* و *زاب* و *بادینان* توند کرد.

وردەوردە *هەولێری* ژێر ڕکێفی *پارتی* و *سلێمانی‌ی* ژێر ڕکێفی یەکێتی بوون بە دوو چەقی ڕاکێشان و سەنتەری دووئیدارە و دووحکومەت، دووحزب و دووسەرکردە، دووپێشمەرگە و دو ئاساییش، تەنانەت دوودادگای تەمیزیش. کاریگەرییەکانی ئەمانە و دابەشبوونە سیاسییەکان زۆر کاریگەر بوون لەسەر *هەرێم*، کە تەواوی کۆمەڵگەکەی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی، تەنانەت ڕۆشنبیری و ئەدەبییش، دابەش کرد. هاوتای لێکترازانی کۆمەڵگەی عێراقی لەسەر هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، کۆمەڵگەی کوردستانییش لە هەرێمدا لەسەر هێڵە ناوچەی یو حزبی و خێڵەکییەکان دابەش ببوو. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگەی سەرسووڕمان بوو، ئەوە بوو کە هەم *پارتی* و هەم *یەکێتی* بانگەشەی نوێنەرایەتیی خەڵکی *کوردستان*یان دەکرد و ئەوی دیکەیان بە خائین و لەڕێلادەر ناوزەدندە کرد.

لەو ساڵە هەڵچوانەدا دیاردەیەکی دیکە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی لە *هەرێم*دا سەری هەڵدا، ئەویش بڵاوبوونەوەی ئیسلامیزم، ئیسلامی سیاسی بوو. لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ١٩٩٢دا *بزووتنەوەی ئیسلامی* تەنیا ٤٩١٠٨ دەنگیهێنابوو، کە دەیکردە ٥%ی دەنگەکان، بەمەش نەیتوانی هیچ کورسییەک لە پەرلەماندا مسۆگەر بکات، کەچی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٠٢دا گروپە ئیسلامییەکان ٢٠%ی دەنگەکانیان بردەوە، هەم لەو ناوچانەی ژێر کۆنترۆلی *یەکێتی* هەم ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی *پارتی* (ICG 2003: 3).

ناوبژیوانیی لایەن و کەسایەتییە ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان و فشار و بێزاریی کۆمەڵگەی کوردی و بە بڕوا گەیشتنی هەردوو لای شەڕەکە، کە هیچ کامیان ناتوانن لە ڕێگەی سەربازییەوە ململانێکان یەکلایی بکەنەوە، لە کۆتاییدا ئاگربەستی لێ کەوتەوە. دیارە ناکرێت ڕۆڵی *ئەمەریکا* و فشاری ئەو لەم پرۆسەیە لەبەرچاو نەگیرێت، لە ڕاستیدا پێکهاتنی کۆتایی نێوان یەکێتی و

*پارتی* لەسەر دەستی وەزیری دەرەوەی *ئەمەریکا*، **مادلین ئۆڵبرایت**، لە *واشنتۆن* واژۆ کرا.

سەرەڕای ماڵوێرانییەکانی شەڕی ناوخۆ، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جوتەحکومەتە کوردییەکە لە ڕووی ئابووری و گەشەدا زۆر باشتر بوو لە ناوچەکانی دیکەی *عێراق*، بەتایبەتی لە دوای واژۆکردنی پێکهاتنەکەی *واشنتۆن* و کەڵکوەرگرتن لەو داهاتەی کە بە بنەما لەسەر *پڕۆگرامی نەوت بەرانبەر بە خۆراک* دەگەیشتە دەست هەردوو ئیدارەی *هەولێر* و *سلێمانی*. ئەمەش جۆرێک لە هەستکردن بە شانازی بە خۆی لێ کەوتبووەوە. وەک پێشووتر ئاماژەی پێ کرا، ڕێژەی مردنی منداڵە ساواکان (تازەلەدایکبوو تا پێنج ساڵان) لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بوون، بە بەراورد بە ساڵانی پێشووتر زیادی کردبوو، کەچی لە *هەرێمی کوردستان*دا کەمی کردبوو (Bengio *MECS*, 1999: 281). ناوچە کوردییەکان گەشەیەکی ئابوورییان بە خۆوە بینیبوو، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٩٦. لە پاڵ ئەمانەدا ئازادییەکان لە *کوردستان* پارێزراوتر بوون بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی *عێراق* (Stansfield 2003: 134). بۆ نموونە، لە ناوچە کوردییەکان هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەست دەکەوتن کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دەردەچوون، کەچی بڵاوکراوە کوردییەکانی *هەرێمی کوردستان* لە *عێراق* یاساخ کرابوون. بەگشتی خۆبەڕێوەبردنی کوردەکان هەستی کوردبوونی قووڵتر کردبووەوە. تا کۆتایی نەوەدەکان، نەوەیەک لە *کوردستان* پەیدا ببوو کە پێچەوانەی نەوەکانی پێش خۆیان کەمترین پەیوەندی و سۆز و وابەستەگی بە عەرەبە عێراقییەکانەوە دەیبەستەوە. نەوە نوێیەکە بە دەگمەن توانای قسەکردنیان بە عەرەبی هەبوو، ئەمەش پەیوەندییەکانی ئەوانی بە عەرەبە عێراقییەکان هێندەی دیکە سەخت کردبوو. جاران ژمارەیەکی زۆر گەنجی کورد لە زانکۆکانی *بەغداد* و شارەکانی دیکەی *عێراق* دەیانخوێند و تێکەڵ بە عەرەبەکان دەبوون، تا ڕادەی دروستبوونی پەیوەندیی خۆشەویستی و مارەبڕین. هەندێک لەو گەنجانە پەیوەندیی سیاسییان لەگەڵ عەرەبە عێراقییەکان گەشە پێ دەدا. لە پەنجاکان تا هەشتاکان زۆر گەنجی کورد هەبوو کە لە ڕیزی ڕێکخراوە سیاسی و

ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە عێراقییەکان کار و خەباتیان دەکرد. ئەم دیاردانە لە نەوەدەکان بە دەگمەن کەوتبوون، ئەوە ئەگەر نەڵێین هەر نەمابوون. هەر بۆیەش ئەو هەستی عێراقچییەتییەی کە لە لای نەوەکانی پێش نەوەدەکان لە ناو کوردەکان دەبینرا، لە دوای نەوەدەکان کەمتر بەرچاو دەکەوت.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کوردەکان دەستیان بە پاککردنەوەی بیروبۆچوون و پەیامەکانی *بەعس* لە بەرنامەکانی خوێندن لە خوێندنگەکان کرد، دواتریش وردەوردە دەستیان بە دارشتنی سەربەخۆیانەی بەرنامەی خوێندن کرد، بەتایبەتی لە وانەکانی *کۆمەڵایەتی* و مێژوو. لەو بەرنامانەدا جەخت لەسەر کوردبوون و کوردستانیبوون نەک عێراقیبوون وەک شوناسی دەستەجەمعی دەکرانەوە (Kirmanj 2014: 369–372). وەک بەشێک لە پێداچوونەوەی بەرنامەکانی خوێندن، جوگ*رافیا* و مێژووی *کورد و کوردستان* لە خوێندنگەکان دەگوترانەوە. بە خوێندکارەکان دەگوترا کە *هەرێمی کوردستان* لەو سێ پارێزگایە پێک هاتووە کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکانە لەگەڵ ئەو شار و شارۆچکە کوردییانەش کە تا ئەوکات لە ژێردەستی حکومەتی مەرکەزیدا بوون، بە *کە*رکوکیشەوە. لەوانەش گرنگتر، لە سەرەتای نەوەدەکان *پارتی* ئاڵای زەرد و *یەکێتی* ئاڵای کەسکی هەڵدەدا بۆ نمایشکردن لە شوناسی خۆیان، کەچی لە کۆتایی نەوەدەکان هەردوو لا زیاتر ئاڵای کوردستانیان لەسەر دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان هەڵدەدا و *ئەی رەقیب*یان وەک سرودوی نەتەوەیی/نیشتمانی تەبەنی کرد لە خوێندنگەکان و بۆنە فەرمییەکان. بەگشتی، بەیانیان لە خوێندنگەکان بەدەم گوتنەوەی ئەی *رەقیب* ئاڵای *کوردستان* بەرز دەکرایەوە.[١]

بۆ زیندووراگرتنی یادەوەرییە نەتەوەییەکانیش، وەک *ئەنفال* و هێرشە کیمیاییەکان، چەند مۆنەمێنتێک دروست کران وساڵرۆژەکانیان کران بە رۆژی یادکردنەوەیان. وەک هەوڵی حزبی، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەچێتە خانەی نیشتمانسازییش، دوو سەتەلایت تیڤی دامەزرێنران، *کوردستان تیڤی* لە ساڵی ١٩٩٨ و *کوردسات* لە ساڵی ٢٠٠٠دا. دوو کۆلێجی سەربازی لە *چوارتا*

---

[1]. نووسەر بە چاوی خۆی شایەتی ئەو مەراسیمانە بووە لە خوێندنگەکانی *هەرێمی کوردستان* لە کاتی سەردانەکانی بۆ ئەوێ لە ساڵەکانی ١٩٩٧ و ٢٠٠١دا.

و *زاخۆ* کرانەوە بۆ پێگەیاندنو ڕاهێنانی ئەفسەرانی *پێشمەرگە*. لە دامەزراوە فەرمییەکانیش دەست کرا بە بەکارهێنانی پوولی کوردستانی. حکومەتی *هەرێم* لە *هەولێر* و *سلێمانی* بەجیا نوێنەرایەتییان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی و *ئەمەریکا* و *ئوسترالیا* کردەوە. سەرەڕای حزبیبوونیان، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ستاتۆی *هەرێمی* بەرز کردبووەوە.

لەو کاتەی کە کوردەکان لە *هەرێمی کوردستان*دا خەریکی جۆرێک لە نیشتمانسازی بوون، لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم حکومەتی مەرکەزی پرۆسەکانی پاکتاوی نەتەوەیی و تەعریبی ناوچە کوردییەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی چڕتر کردبووەوە. تورکمانەکانی ئەو ناوچانە دووچاری هەمان سیاسەتی دەرپەڕاندن و پاکتاوکردن ببوونەوە. لەساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٨ نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کوردو ٥٠٠٠ تورکمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بە زۆرەملێ دەرپەڕێندران (طالبانی ٢٠٠٤: ١٢١؛ عەبدولرەحمان ٢٠٠٦: ١٦٠؛ HRW 2000; 2001; 2002). هاوکات و هاوشانی دەرکردنی کورد و تورکمان لەو ناوچانە، حکومەت پرۆسەی تەعریبکردنی بە هێنانی عەرەب لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ شوێنی دەرکراوەکان، چڕتر کردبووەوە. وەک دەیەکانی پێشووتر، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ئابوورییە دژوارەی کە حکومەت پێیدا تێپەڕ دەبوو، کەچی بەردەوام بوو لە دانی پارە و قەرز و پارچە زەوی بە عەرەبە هاوردەکان.

لەپاڵ ئەمانەدا حکومەت بڕیارێکی ڕەگەزپەرست و شۆڤینیستانەی دیکەی دەرکرد بە ناوی "ڕاستکردنەوەی نەتەوە (تصحیح القومیة)". بەگوێرەی بڕیاری ژمارە ١٩٩ لە ساڵی ٢٠٠١دا، *سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی شۆڕش* بە بنەما لەسەر بوونی هەندێک حاڵەتی بە میرات جێما و لە تۆمارەکانی سەردەمی حوکمی عوسمانی، هەروەها بۆ دانی مافی هەڵبژاردنی نەتەوە و گونجانی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حزبی *بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی*، کە پێی وایە هەر کەسێک لە نیشتمانی عەرەبدا بژێت و عەرەبی بزانێت ئەوە عەرەبە، بڕیار درا ڕێگە بدرێت بە هەر عێراقییەک کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاترە مافی ئەوەی هەبێت داوایەک پێشکەش بکات بۆ گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی بۆ عەرەب (الوقائع العراقیة ٢٠٠١/٩/١٧). بڕیارەکە مافی دا

به عێراقییەکان کە داوا پێشکەش بکەن ئەگەر بیانەوێت، بەڵام لە ئەرزی واقعدا هەر کەسێک کە عەرەب نەبوو داوای لێ کرا کە داواکارییەک پڕ بکاتەوە، هەر کەسێک داواکەی ڕەت بکردایەتەوە لە *عێراقی* ژێر دەسەڵاتی حکومەت تەنگیان پێ هەڵدەچنرا. سەیرەکە لەوەدایە کە لە کۆتایی هەشتاکان دەسەڵاتدارانی *عێراق* گۆڕینی شوناسی نەتەوەییان لە عەرەبە عێراقییەکان بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە نەک هەر قەدەغە کرد، بەڵکو وەک تاوان ڕاگەیاند (الوقائع العراقية ١٩٨٨/١٢/١٢)، کەچی بە زۆرەملێ خەڵکی سەر بە نەتەوەکانی دیکەیان دەکرد بە عەرەب. ئەو کەسانەی کە نەتەوەی خۆیان گۆڕی بوو، بۆ کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕێگەیان پێ نەدەدرا بژین، بەڵکو دەبوایە کۆچ بکەن بۆ سێ پارێزگاکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی *کوردستان* (محمد واخرون ٢٠٠٤: ٧٢). لە کۆتایی نەوەدەکان، حکومەت هێندەی دیکە سووربوونی خۆی لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری کورد لە *کە*رکووک چەندبارە دەکردەوە. جێگری سەرۆککۆماری *عێراق*، **عیزەت دووری**، ڕاشکاوانە ڕای گەیاند کە "بێجگە لە عەرەب کەسی دیکە مافی مانەوەی لە *کە*رکووک نییە" (وەرگیراوە لە طالبانی ٢٠٠٤: ١٢، تەماشای الحياة ٢٠٠٠/٩/٢١ بکە).

بە کورتی، لەو کاتەی کە کوردەکان دەیانویست دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتێک دروست بکەن، *عێراق* لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی تاکنەتەوە و عەرەبی بوو. لە ژێر تیشکی ئەم هەوڵ و گۆڕانکارییانە دروستبوونی یان دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانیی بانەتەوە لە *عێراق* مەحاڵ بوو.

### کۆتایی بەعس: کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو

بە پێچەوانەی سەردەمی پادشایەتی کە هەستو سۆزی دژەئیمپریالیزم تا ڕادەیەک ببوو بە پاڵنەرێک بۆ کۆکردنەوەی گروپە ئایدیۆلۆجی و نەتەوەییەکان لەسەر پلاتفۆرمێکدا، ڕق و دوژمنایەتیکردنی ڕژێمەکەی *بەعس* و **سەدام** لەو ٣٥ ساڵەی حوکمڕانیدا نەبوو بە مایەی دروستبوونی پلاتفۆڕمێکی یەکگرتوو بۆ عێراقییەکان، کە بتوانێت هێڵەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی تێپەڕێنێت. لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئۆپۆزسیۆن لە زیاتر لە ٧٠ حزب و ڕێکخراو پێک هاتبوو، کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و سیاسیی

دابەش ببوون ( Bengio *MECS*, 1993: 393; 1995: 331; Al-Bab 2003). لایەنەکان ئاوێنەی دابەشبوونی نەتەوەیی و مەزهەبیی کۆمەڵگەی عێراقی بوون: کوردەکان، عەرەبەکان، تورکمانەکان، شیعەکان، سوننەکان و کریستیانەکان. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا لە کۆنگرەیەک کە لە شارۆچکەی *پیرمام* لە *هەرێمی کوردستان* بەسترا، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەرەیەکیان پێک هێنا بە ناوی *کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی* (*المؤتمر الوطنی العراقی*). سەرەڕای دامەزراندنی کۆنگرە وەک چەترێک بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کەچی دوو گروپە سەرەکییەکەی ناو ئۆپۆزسیۆن، کوردەکان و شیعەکان، لەسەر زۆربەی پرسەکان هاوڕا نەبوون. لە لایەک شیعەکان پێداگرییان لەسەر سێنترالیزم دەکرد، کەچی کوردەکان هەڵمەتی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە سەنتەرەوە بۆ کەنارەکان دەست پێ کردبوو، بە واتایەکی دیکە، داوای بەفێدراڵکردنی *عێراق*یان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە، شیعەکان خەونیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییەوە دەبینی، کەچی کوردەکان خوازیاری سیتسەمێکی مەیل بە سێکولار بوون.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ و جێگیربوونی حکومەتی *هەرێمی کوردستان*، خەونی کوردەکان لە خۆبەڕێوەبردندا وردەوردە گەورەتر دەبوو. لە پێش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١دا ئامانجی بەیانکراوی زۆربەی حزب و لایەنە کوردییەکان ئۆتۆنۆمی بوو، کەچی دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی *هەرێم* ئەم داوایە زوو گەشەی کرد بۆ فیدراڵیزم.[١] ئەم ئامانجە زوو بە بڕیارێک لەلایەن *پەرلەمانی کوردستان*ەوە بەفەرمی کرا. بەم شێوەیە حکومەتی *هەرێم* پەیوەندییە یاساییەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی تاکلایەنانە لەسەر بنەماکانی فیدراڵیزم ڕێک خست. سەرەڕای ئەوەی کە لایەنە سیاسییە شیعییەکانو سوننییەکان پشتیوانییەکی زارەکی و مەبدەئییانەیان لە بیرۆکەی فیدراڵیزم کرد، کەچی پێداگرییان لەوە دەکرد کە فیدراڵیزم

---

[1]ناکرێت ئەوە لە بیر بکەین کە لە ساڵی ١٩٨٧ *بەرەی کوردستانی* دروشمی مافی چارەنووسی بەرز کردبووەوە، بەڵام ئەم دروشمە زیاتر لە ڕیتۆریکێکی سیاسی دەچوو، نەک ئامانجێکی سیاسی.

"دابەشبوونە نەتەوەی ی‌و مەزهەبییەکان دەچەسپێنێت" ( Bengio *MECS*, 1992: 470, 481-482).

لە پەیوەند بە شیعەکانیشەوە، وەک پێشووتر تاووتوێ کرا، سەرکوتکردنە بێبەزەیی و خوێناوییەکەی ڕژێم بۆ ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، هاوشانی ئەو چەرمەسەرییەی کە خەڵکی *عێراق* لە ئاکامی ئابڵووقە ئابوورییەکە دووچاری ببوون، کاریگەریی لەسەر ناوچە شیعەنشینەکان زۆر زیاتر بوو بەبەراورد بە ناوچەکانی دیکەی *عێراق*. چەوساندنەوە درێژخایەنەکە و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ شیعەکان بوون بە سەرچاوەی دەرکەوتنی هۆشیارییەک و شوناسێکی سیاسیی دیکە (Marr 2004a: 300; Allawi 2007: 136-137). ئەم هۆشیارییە نوێیە دوو گردبوونەوەی گەورەی شیعەکانی لە دەرەوەی وڵاتی لێ کەوتەوە و وەرچەرخانێکی مێژوویی دووڕەهەندیی بوو: یەکەم، دوورکەوتنەوەی شیعەکان لە بیرۆکەکانی کۆمۆنیزم و عێراقچێتی. دووەم نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری شیعەکان لە ئیسلامیزمێکی مەزهەبی، کە سەرەداوەکانی لە کۆتایی پەنجاکان دەرکەوتبوو و ئاماژە گەورەکانیشی لە کۆتایی حەفتاکانەوە بە ئاشکرا دەبینران. گردبوونەوەی یەکەم لە ساڵی ١٩٩٣ لە *لەندەن* ئەنجام درا. گردبوونەوەی دووەم کە گەورەتر بوو لە گردبوونەوەی یەکەم، هەمیسان لە *لەندەن* بەسترا، کە سەدان کەسایەتیی ئەکادیمی، پیشەیی، ئایینی، ڕۆشنبیری، سەربازی و عەشایەری بەشدارییان تێدا کرد، لەوانە **عادل عەبدولمەهدی** (جێگری سەرۆککۆماری عێراق، ٢٠٠٥-٢٠١١، وەزیری نەوت ٢٠١٤-٢٠١٦)، **سامی عەسکەری، مۆفەق ڕوبەیعی** (ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی *عێراق* و ئەندامی *پەرلەمانی عێراق* لە ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤). هەردوو گردبوونەوەکە ڕاشکاوانە باڵادەستیی سوننەیان لە *عێراق* ڕەخنە کرد و بەرانبەری وەستانەوە. لە گردبوونەوەی دووەم ئامادەبوان بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە بە *بەیانی شیعە* (*اعلان شیعة*) ناسراوە (Al-Bab 2002).

یەکێک لە هۆکارەکانی نووسینی بەیانەکە، وەک لە بەیانەکە هاتووە، بەگژداچوونەوەی تایفەگەری و سیاسەتە دژەشیعەکانی *دەوڵەتی عێراق*ە، هاوکات مەبەست لێی دەرخستنی دید و جیهانبینیی شیعەکانە بۆ دوارۆژی

*عێراق* و دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە پێویستن بکرێن بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی عێراق لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەرییدا. ئەمە یەکەم جار بوو کە شیعەکان بەو ڕاشکاوییە باس لە مافەکانی خۆیان بکەن و قسە لەسەر خۆبەڕێوەبردن بکەن. لە ڕاستیدا لە نێوان دێڕەکاندا شیعەکان داوای جۆرێک لە فیدراڵیزمیان دەکرد هاوشێوەی ئەوەی کوردەکان پشتیوانییان لێ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆیان لە کوردەکان جیا دەکردوە بەوەی کە دەیانگوت ئەو فۆڕمەی فیدراڵیزم کە ئێمە داوای دەکەین، فیدراڵیزمی کارگێڕی و جوگرافییە، نەک نەتەوەیی و مەزهەبی. شیعەکان پێیان وا بوو ئەم فۆڕمەی فیدراڵیزم ڕێگری دەکات لە دابەشبوونی *عێراق* یان جیابوونەوەی بەشێکی. بۆ ئەوەی خۆ وەدوور بگرن لە تاوانبارکردنیان بە جوداییخوازی، شیعەکان لە بەیانەکەیاندا شیعەیان وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی (شريحة اجتماعية) ناوزەند کردبوو نەک گروپێکی ئیتنی/نەتەوەیی یان مەزهەبی. پێچەوانەی شیعەکان، کوردەکان پێداگرییان لەسەر فیدراڵیزمی ئیتنی/نەتەوەیی دەکرد. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا، *پارتی* ڕەشنووسی دەستوورێکی خستە ڕوو کە زوو *یەکێتی*یش قبووڵی کرد، کە تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی دوو هەرێمی فیدراڵ بۆ *عێراق* کرابوو، یەکێکیان عەرەبی و ئەوەی دیکەیان کوردی. دەستووره ڕەشنووسەکە سنوورەکانی *هەرێمی کوردستان*یشی دیاری کردبوو، کە شاری کەرکووک و زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی *هەرێم*ی دەگرتە خۆ (بڕوانە سەلیم ٢٠٠٥: ٣٨١-٤٠١) .

سەرەڕای ئەو هەموو دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەی *عێراق*، بە واتایەکی دیکە، لێکترازانی تەواوی پێکهاتەکانی، کەچی *عێراق* وەک وڵاتێک بە یەکپارچەیی مابووەوە. ئەمە پرسیارێکە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەچێتە ژێر باری ئامانج و ئارەزووەکانی کوردەکان و شیعەکان بەتایبەتی. لەوەتەی *ویلایەتی موسڵ*، واتە ناوچە کوردییەکان، بە *عێراق* لکێندراوە، کوردەکان جۆڵانێیان کردووە لە نێوان خەون و ئامانجە بەرزەکان و نزمەکانیان. ئامانجی بەرزی کوردەکان جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە، کەچی ئامانجە نزمەکەیان مانەوە بووە لە *عێراق* بە مەرجی دداننان بە مافەکانیان وەک

نەتەوەیەکی یەکسان بە عەرەب لە فۆڕمی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیدا. دوای *ڕاپەڕین* و کێشانەوەی دامودەزگا و هێزەکانی حکومەتی مەرکەزی، کوردەکان هەلی جیابوونەوەیان بۆ ڕەخسابوو. دڵسۆزی بۆ *عێراق* و یەکپارچەیی خاکەکەی لەوە ناچێت بتوانێت جیانەبوونەوەی کوردەکان شرۆڤە و تەفسیل بکات. لە ڕاستیدا بێهێزیی کوردەکان لە بەرانبەر هێزە دەرەکییەکان (*بەریتانیا* لە ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٥٨ و ئەمەریکا لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا ئێستا) لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان (ئێران و تورکیا لە ساڵانی ١٩٢١ تا ٢٠١٦)، کە هەمیشە لە هەوڵی بە یەکپارچەیی مانەوەی *عێراق*دا بوون، باشتر هۆکارەکانی مانەوەی *عێراق* بە یەکپارچەیی تەفسیر دەکات. هاوکات واقعی جیۆپۆلەتیکی *هەرێمی کوردستان* کە لە هەرچوار لاوە بە نەیاران دەور دراوە، هۆکارێکی دیکەی مانەوەی کوردەکانە لە چوارچێوەی *عێراق*، چونکە هەر چوار هێز بە ڕوون و بە توندی دژایەتیی خۆیان بۆ هەر هەوڵێکی لەم چەشنە چەندین جار دەرخستووە. سەرکردایەتیی کورد لەم پەیوەندەدا بەتایبەتی لە نەوەدەکان پڕاگماتیزانە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکە دەکرد. لە لایەک لاوازیی فاکتەرە ناوخۆییەکانیان هەست پێ کردبوو، کە خۆی لە دابەشبوونی کورد و گوتارەکەیدا دەدۆزییەوە، لە لایەکی دیکە کوردەکان بەشێکی زۆر لەو خاکەی کە بانگەشەی کوردستانیبوونی دەکەن، لە ژێر دەسەڵاتیاندا نەبوو، بەڵکو لە ژێر دەستی حکومەتی مەرکەزیدا بوون، ئەمەش کوردەکانی لە هەوڵەکانی جیابوونەوە سڵ دەکردەوە. لە بەرانبەردا سەرەڕای ئەوەی کە شیعەکان توانەوەی خۆیان لە ناو ئەو فۆڕمەی کە سوننەکان بۆ شوناسی عێراق دیاریان کردبوو ڕەت دەکردەوە، بەڵام ئەوان هیچ کاتێک یەکپارچەیی خاکی *عێراق*یان نەخستووەتە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر سیاسەتە دەمارگیرییەکانی حکومەتی مەرکەزی بە درێژایی حەفتاکان و هەشتاکان، هاوکات لە بەرانبەر ئەو سزا دەستەجەمعییانەی کە شیعەکان ل ەکات و لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١دا دووچاری ببوونەوە، ئەوە دابەشبوونە مەزهەبییەکان هێندە زەقب بوونەوە، کە ئیدی لە نەوەدەکان بەدواوە بە هیچ پەردەیەک دانەدەپۆشران.

بێجگە لە سیاسەتە دەمارگیرییە مەزهەبی و سیاسییەکانی *بەعس* لە دژی شیعەکان و کوردەکان، ئەو بارودۆخە سەختە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە عێراقییەکان پێیدا تێپەر دەبوون لە نەوەدەکان، هێندەی دیکە باری سەر کۆمەڵگەی عێراقیی قورس کردبوو، بە ڕادەیەک کە لێکترازانە نەتەوەی و مەزهەبییەکانی گەیاندبووە ترۆپک. ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی ببێت بە پلاتفۆڕمێک بۆ لێکنزیکردنەوەی عێراقییەکان، ببوو بە هۆکارێک بۆ پەرتەوازەیی و دابەشبوونی مەزهەبی و نەتەوەیی کۆمەڵگەی عێراقی و خێراترکردنی پڕۆسەی لێکترازانی نیشتمانی. هەموو ئەم هۆکارانە و ئەوانەی لە برگەکانی ئەم بەشە و ئەوانەش کە لە بەشەکانی پێشووتر خرانە ڕوو، خەونی *عێراق*یان وەک کۆمەڵگەیەک لە بوون بە دەوڵەت-نەتەوە کردە بلْقی سەر ئاو. بە کورتی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کۆمەڵگەی عێراقی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی لەسەر هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا دابەش ببوو. تەنیا لە ژێر تیشکی ئەو دابەشبوونە مەزهەبی و نەتەوەییانەدا دەتوانین لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی *عێراقی* دوای داگیرکردن لە لایەن *ئەمەریکا*وە بگەین.

# بەشی هەشتەم
# داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا: لاچوونی سەرقاپەکە

پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە *عێراق* دوای جەنگی *کوێت* لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکان واژۆی کردبوو، لە پەیوەند بە لەناوبردنی چەکە کۆمەڵکوژییەکانی و ڕێگەدان بە پشکنەرانی *نەتەوەیەکگرتوەکان* لەڕێگریکردن لە دووبارە دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی، *عێراق* لە نەوەدەکان چاوشلکانێی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد و ئەوانی خستبووە گومانەوە لەوەی داخۆ چەکەکانی لەناو بردووە، لەناو دەبا یان لەناو نابا. دوای شەش ساڵ لە پشکنین، کەچی *کۆمسیۆنی چەکداماڵین* لە ساڵی ١٩٩٧ بەو بڕوایە گەیشتبوو کە *عێراق* لەبارەی چەکە بایۆلۆجی و کیمیاوییەکانیەوە زانیارییان لێ دەشارێتەوە. لەبری وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانی کۆمسیۆنەکە و پشکنێرەکان، حکومەتی عێراقی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ ئەمەریکییەکانی تیمەکانی پشکنینی *نەتەوەیەکگرتوەکانی* لە *عێراق* دەرکرد. لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨یش، *عێراق* بۆ ماوەیەک هاوکاریکردنی تیمەکانی پشکنینی *نەتەوەیەکگرتوەکانی* بە تەواوی ڕاگرت. حەفتەیەک دواتریش حکومەت ڕێگەی بە پشکنێرەکان نەدا کە کۆشکەکانی سەرۆکایەتی بپشکنن. دوای ئەوەی کە **کۆفی ئەنان**، سکرتێری گشتیی *نەتەوەیەکگرتوەکان* (١٩٩٧-٢٠٠٦)، سەردانی *بەغدادی* کرد، ئینجا ڕێگە بە پشکنێرەکان درا کە دەست بە کارەکانیان بکەنەوە. ئەم چاوشلکانێیەی

حکومەت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشکنیەرەکان بەردەوام بوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ (Congressional Research Service 2003: 5-7).

سەرەڕای ئەوەی کە *عێراق* بانگەشەی لەناوبردنی تەواوی چەکە کۆمەڵکوژییەکانی دەکرد، هاوکات وەک دواتر لە دانپێدانانەکانی **سەدام** دەرکەوت، کەچی عێراقییەکان دان بەوە نانێن، چونکە دەیانویست وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی *ئێران*، نەزانێت کە *عێراق* چەکی کۆمەڵکوژی نەماوە. **سەدام** دەیگوت ئێمە نەماندەویست *عێراق* بێهێز دەربکەوێت، ئەو گەمەیەشمان بە ئەنقەست دەکرد (FBI 2009). لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێت قسەکانی **سەدام** وەک خۆی وەربگیرێن، بەڵام ئەوەی ڕوون بوو ئەوە بوو کە گەمەکانی *عێراق* لەگەڵ پشکنێرەکانی *نەتەوەیەکگرتوەکان* زۆر کەس و لایەن و دەوڵەتی وا لێ کردبوو کە پێیان وا بێت *عێراق* بە ڕاستی چەکی کۆمەڵکوژی هەر ماوە.

لەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە نیو یۆرک، *وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا* زیاتر نیگەران بوو لە ئەگەرەکانی بوونی چەکی کۆمەڵکوژی بە دەست ڕژێمەکەی **سەدام**. لە ئاکامی ئەو نیگەرانییانە و چەندین هۆکاری دیکە، ئیدی "داماڵینی چەکە کۆمەڵکوژییەکانی *عێراق*" و کۆتاییهێنان بە "یارمەتییەکانی" ڕژێمەکەی **سەدام** بۆ تیرۆریزم و "ئازادکردنی خەڵکی *عێراق*" لە ستەمکاری، بوون بە هۆکار و پاساوی *ئەمەریکا* و *بەریتانیا* و هاوپەیمانەکانیان بۆ داگیرکردنی *عێراق* (White House 2003). لە ڕاستیدا سیاسەتی *ئەمەریکا* بۆ گۆڕینی ڕژێمەکەی **سەدام** دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ڕزگارکردنی عێراق کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ لە *کۆنگرێسی ئەمەریکا* پەسەند کرا (Government Publishing Office 1998). بەڵام دەسەڵاتدارانی *ئەمەریکا* هیچ هەنگاوێکی کردارییان لەم بوارەدا نەهاویشت تا کارە تیرۆرستییەکانی نیو یۆرکی بەسەردا هات. دوای ڕووداوەکە ئەم یاسایە بەسەر کرایەوە و کرا بوو بە بەرنامە و ڕێخۆشکەرێک بۆ داگیرکردنی *عێراق*. ئەوە بوو لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣دا هێرشی سەر *عێراق* بە لێدانی کۆشکەکانی **سەدام** لە *بەغداد* دەستی پێ کرد. ڕۆژی دواتر هێزە زەمینییەکانی *ئەمەریکا* و هاوپەیمانەکانی لە باشووری *عێراق*ەوە هاتنە ناو خاکی *عێراق* و لە ماوەی سێ هەفتەدا *عێراق* بە تەواوی داگیر کرا و ڕۆژی ٩ی نیسان وەک

ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** ناسێنرا. بەمەش کۆتایی بە ٣٥ ساڵ لە ستەمکاریی **سەدام** و *بەعس* هات. لە ١ی ئایار، سەرۆکی *ئەمەریکا* **جۆرج بۆش**، "کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکانی" ڕاگەیاند. شەڕی ناوخۆ و زیانە گیانییەکان و ئاوارەبوون و جێلەقبوونی ملیۆنان عێراقی، لەگەڵ بەتاڵانبردنی شوێنەوار و ئاسەوارە دێرینەکانی وڵاتەکە، دەکرێت بە خراپترین دەرئەنجامەکانی داگیرکردنەکە هەژمار بکرێن.

دوو مانگ دوای داگیرکارییەکە، *ئەمەریکا* و *بەریتانیا* دامەزراوەیەکیان بە ناوی *دەسەڵاتی هاوپەیمانیی کاتیی* (*سلطة الائتلاف المؤقتة*)، کە حکومەتێکی کاتی بوو بە سەرکردایەتیی **جەنەڕاڵ جەی گارنە** پێک هێنا، بەڵام زۆری پێ نەچوو **پۆل بریمە** جێگەی گرتەوە. دەسەڵاتە کاتییەکە دوو فەرمانی کێشەئامێزی دەرکرد: یەکەم، ڕیشەکێشکردنی *بەعس*، واتە پاککردنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت لە بەعسییەکان، ئەویش بە دەرکردنی هەموو بەعسییە پلەبەرزەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت. دووەم، هەڵوەشاندنەوەی سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق ( Coalition Provisional Authority 2003). لە تەمووزدا *ئەنجوومەنی حوکمڕانیی عێراقی* (*مجلس الحكم العراقي*) دامەزرێندرا، تا بە جۆرێک لە جۆرەکان نوێنەرایەتیی پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق* بکات و کارئاسانییش بۆ ئەو دەسەڵاتە کاتییە بکات کە **بریمە** ڕابەرایەتیی دەکرد. ئەنجوومەنەکە لە پێنج کورد و پێنج سوننە و سێزدە شیعە و تورکمانێک و کریستیانێک پێک هاتبوو.

لە سەرەتای هاوینی ٢٠٠٣دا، هێزەکانی *ئەمەریکا* لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسیان لە بوونی بزووتنەوەیەکی چەکداری، لەئاستێکی نزمدا، دەکرد. لە ئابی هەمان ساڵدا دوو تەقینەوەی گەورە کە باڵوێزخانەی *ئوردن* و باڵەخانەی سەرەکیی *نەتەوەیەکگرتووەکان*ی کردە ئامانج و *بەغدادی* هەژاند. ئەم دوو تەقینەوەیە زەنگێکی گەورە بوو، بەڵام **کوشتنی محەمەد باقر حەکی**م، سەرۆکی *مەجلسی ئەعلا*، دەکرێت وەک دەستپێکی ئەو شەڕە چەکدارییە خوێناوییە هەژمار بکرێت، کە لە لایەن سوننەکانەوە ڕێک خرابوو لە دژی دەسەڵاتە کاتییەکەی ئەمەریکا و هاوکارەکانی لە کورد و شیعە. شاخەی عێراقی *ڕێکخراوی قاعیدە* (*القاعدة*) ڕۆڵی سەرەکیی لە تەقینەوەکان هەبوو. هاوکات چەند ڕێکخراوێکی

تازەدامەزراو لە هێرشە چەکدارییەکان ڕۆڵیان دەگێڕا. هەندێک لەو ڕێکخراوانە لەلایەن کۆنەبەعسییەکانو کۆنەئەفسەرانی سوپا و دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراق پێک هێنرابوون، هەندێکی دیکەیان لە لایەن سەلەفی و ئیسلامییەکانەوە دروست کرابوون. بەگشتییش بەعسییەکان خۆیان وەک مقاوەمە دەناساند و ئیسلامییەکانیش وەک موجاهید (بڕوانە Baram 2005). لەگەڵ ڕووخانی ڕژێم **سەدام** نەکەوتە دەست هێزەکانی *ئەمەریکا*، بەڵام لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا لە گوندێکی نزیک شوێنی لەدایکبوونی لە تکریت، دەستگیر کراو و درایە دادگایەکی تایبەت کە بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمەکەی *بەعس* پێک هێنرابوو. کۆمەڵێک تۆمەت خرابوونە پاڵ **سەدام**، لەوانە کۆمەڵکوژیی کوردەکان لە *ئەنفال*، بەڵام بە تۆمەتی ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە کوشتن و لەسێدارەدان و ڕەشبگیری و زیندانیکردنی خەڵک لە کەیسی *دوجێل*، لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦دا لە سێدارە درا. لەگەڵ ئەوەشدا، یاخیبوونەکە و کردەوە تیرۆرستییەکانی *قاعیدە* هەر بەردەوام بوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردندا بوون.

ئەکادیمی و توێژەرەکان باس لە ژمارەیەک هۆ و هۆکار دەکەن کە گوایە لە پشت سەرهەڵدان و بەهێزبوونی یاخیبوونی سوننەکان بووبن، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و دەرکردنی بەعسییەکان لە دامەزراوە حکومییەکان، کە بوون بە هۆکاری سەرەکیی تەشەنەکردنی بێکاری لە ناو سوننەکاندا و پەراوێزخستنیان لە بواری سیاسی و کارگێڕی و سەربازیدا (بڕوانە Davis 2005b: 238). ڕاستە ئەمانە بەشێک لە هۆکارەکانی زوو سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی یاخیبوونی سوننەکان بوو، بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە دەرکردنی بەعسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی سوپا پێشمەرجی بەشداریکردنی دەستەبژێری سیاسیی شیعە و کورد بوون لەو حکومەت و پرۆسە سیاسییەی دوای داگیرکردنی *ئەمەریکا* هاتنە پێش. ئەگەر ئەو کارانە نەکرابان، لەوانەیە دەرئەنجامەکان لەوەش خراپتر بوایە، چونکە ئەوکات دوورکەوتنەوە و پەراوێزخستنی نەک ٢٠%ی عێراقییەکان، واتە سوننەکانی، لێ دەکەوتەوە، بەڵکو پەراوێزخستنی نزیکەی ٨٠%ی عێراقییەکانی لێ دەکەوتەوە، واتە شیعەکان و کوردەکان.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ ئەنجام دراوە، ڕیشەکێشکردنی *بەعس* لەلایەن شیعەکان و کوردەکان بەگشتی پشتیوانیی لێ کراوە، ڕاست پێچەوانەی سوننەکان کە ٥٠% پێیان وا بووە کە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان بارودۆخی سیاسی لە وڵاتەکە تێک دەدا، تەنیا ١٨%ی شیعەکان و ٢٢%ی کوردەکان بە هەمان شێوە بیریان کردووەتەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنانەت نیوەی سوننەکانیش لارییان لە ڕیشەکێشکردنی *بەعس* نەبووە و شیعە و کوردەکانیش ڕێژەیەکی ئێجگار کەمیان لارییان هەبووە. بە پێچەوانەی ڕیشەکێشکردنی *بەعس*، هەڵوەشاندنەوەی سوپا نە لە ناو سوننەکان و نە لە ناو شیعەکان زۆر پشتگیریی لێ نەکراوە، تەنیا ٧%ی سوننەکان و ١١%ی شیعەکان هەڵوەشاندنەوەی سوپایان پەسەند نەبووە. لە ناو کوردەکان ٥٢% پشتیوانییان لە هەڵوەشاندنەوەی سوپا لە خۆ پیشان داوە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ دیدی سوننەکان و شیعەکان ڕێژەیەکی بەرزە ( .Moaddel, et al 691 :2008). بە کورتی ئەم داتایانە ئەوە پیشان دەدەن کە خەڵکی *عێراق* بەگشتی هاوهەڵوێست نەبوون لەسەر ئەو دوو فەرمانەی کە دەسەڵاتی کاتی دەری کردبوون، بەڵام بەگشتی پشتیوانییان لە بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعس کردووە. کێشەکە لەوەدایە کە پشتیوانلیکردن و پشتیوانلینەکردن لە فەرمانەکان ئاوێنەی دابەشبوونی مەزهەبی و نەتەوەیی کۆمەڵگەی عێراقی بوون. شیعەکان و کوردەکان بۆیە پشتیوانییان لە هەڵوەشاندنەوەی سوپا دەکرد، چونکە لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* سوننەکان سوپایان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و ئیدامەدان بە دەسەڵات بەکار هێناوە، ئەمە نەک هەر لە سەردەمی عارفەکان و *بەعس* ڕاستە، بەڵکو لە سەردەمی پادشایەتییش هەر ڕاستە، چونکە ئەوە کۆنەئەفسەر و تازەئەفسەرەکانی سوننەکان بوون کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ سوپایان خستبووە خزمەت خۆیان بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان. ئەمەش وای لە کوردەکان و شیعەکان کردبوو کە پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی سوپا بکەن بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەنەبوونەوەی مێژوو. وەک دواتر تاووتوێ دەکرێت، هەڵوێست وەرگرتن بەم شێوازە لە بەرانبەر زۆربەی، ئەگەر نەڵێین هەموو، ڕووداو و

پێشهاتەکانی دوای داگیرکردن نیشانەی بەردەوامیی لێکترازان و دابەشبوونی عێراقییەکانە.

ناکرێت کاریگەریی هەڵوەشاندنەوەی سوپا و ڕیشەکێشکردنی *بەعس* لەسەر بەهێزبوونی یاخیبوونی سوننەکان بەهەند وەرنەگرین، بەڵام هۆکاری دیکەی گرنگتر هەن کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە، نەک هەر لەسەر یاخیبوونی سوننەکان، بەڵکو ئەو پاشاگەردانییەی لە عێراق هاتە پێش دوای داگیرکردن، لەوانە: یەکەم، بەهەڵەتێگەیشتنی یان ناشارەزایی و نەزانینی سروشت و قوڵیی ئەو ململانێ و پێکدادانە مەزهەبی و نەتەوەییانەی لە *عێراق*دا کە لە پێش داگیرکردن ئامادەییان هەبوو. دووەم، دانی مارکێکی ئایینی بە هەڵمەتەکانی *ئەمەریکا* وەک بەکارهێنانی چەمک و دروشمی "شەڕی خاچپەرستەکان" نەک هەر لە لای ئەوانەی دژایەتیی هاتنی ئەمەریکییەکانیان دەکرد، بەڵکو ئەوە **جۆرج بۆش** بوو کە پێش هاتنی هێزەکانیان بۆ *عێراق* شەڕی لە دژی تیرۆریزم وەک شەڕی خاچپەرستەکان ناو برد ( Bazinet 2001). دیارە دواتر پەشیمان بووەوە، بەڵام وەدرەنگ کەوت، چونکە میدیای عەرەبی و ئیسلامی بۆ وروژاندنی هەستی دژەئەمەریکی باش کەڵکیان لەم هەڵە گەورەیەی **بۆش** وەرگرت. سێیەم، بانگەشەکانی *ئەمەریکا* بۆ بەدیموکراتیزەکردنی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* پەرچەکردارێکی گەورەی لە لایەن هەموو هێز و لایەنە ئیسلامییەکان و دژەدیموکراسییەکان دروست کرد، بە شێوەیەک کە هەموو هەوڵی خۆیان خستە گەڕ بۆ سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی *ئەمەریکا*، چ ئەوانەی کە نیازی پاکیان لە پشت بوو و چ ئەوانەی بەرژەوەندی ئاڕاستەی دەکردن. چوارەم، سەرەڕای ئەوانە، هۆکاری هەرە سەرەکی لە پشت یاخیبوونی سوننەکان ئەو هەقیقەتەیە کە لابردنی ڕژێمەکەی **سەدام** لادانی سەرقاپی ئەو مەنجەڵە بوو کە دەیان ساڵ بوو یەک دونیا کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە سەرووی هەمووشیانەوە کێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان تێدا پەنگی خواردبوو و دەکوڵا. کێشەکان لە ساڵانی حوکمڕانیی ڕژێمەکەی **سەدام** گەیشتبووە دوژمنایەتی و ڕق و قینە و بوغز لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی *عێراق*. ڕژێمەکەی **سەدام** ساڵانێک بوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و قەدەغەکردنی ڕووماڵی ڕووداوەکانی *عێراق*،

هەم سەرکوتی و هەم پەردەپۆشی ململانێکان و پێکدادانەکانی کردبوو. بە ڕووخانی ئەو کێشەکان وەدەر کەوتن و ڕێگرییەکانیش لە پێش پێکدادانی ڕاستەخۆدا نەمان. دوورخستنەوەی بەعسییەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت وەک دەرکردنی نازییەکانی *ئەڵمانیا* و فاشیستەکانی *ئیتاڵیا* بوو لە دوای دووەم جەنگی جیهانی. بەڵام لە *عێراق* کێشەکە لەوەدا بوو کە دوورخستنەوەی بەعسییەکان دەرکردنی سوننەکانی لە دامودەزگاکان لێ کەوتەوە، چونکە وەک لە بەشەکانی شەشەم و حەوتەم ئاماژەی پێ کرا، لە سەردەمی *بەعس* پرۆسەی بەبەعسیکردن بەسوننیکردنی دامودەزگاکانی بەرهەم هێنا. دوای ڕووخانی *بەعس*، پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* ڕاستەوخۆ بەناسوننەکردنی لێ کەوتەوە. بە واتەیەکی دیکە، پەراوێزخستنی سوننەکان دەرئەنجامێکی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* بوو نەک سیاسەتێکی دەمارگیری لە دژی سوننەکان. پێنجەم، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم قبووڵنەکردنی سوننەکان لە بەشدارییپێکردن و بەشداریکردنی حوکم لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق* هۆکاری هەرە سەرەکیی یاخیبوونەکەیان بوو. ئەوان زیاتر لە ٨٠ ساڵ بوو حوکمی *عێراق*یان دەکرد، بە هاتنی ئەمەریکییەکان دەسەڵاتیان لەدەست چوو، ئەمەش پێشهاتێکی بێپێشینە بوو لە مێژووی ئەوان و قبووڵکردنی ئەو ڕاستییەی کە دەبێت لەگەڵ شیعە و کوردەکان دەسەڵات دابەش بکەن، بە ئاسانی بۆیان هەرس نەدەکرا. ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای نەمانی سوننەکان لە دەسەڵات لە *عێراق* ڕوویان دا، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو هۆکارانەی سەرەوە زەحمەتە تێگەیشتنیان.

### ترۆپکی شەڕی مەزهەبی: هەڵاواردنی مەزهەبی و نەتەوەیی

دوای ئەوەی کە دەسەڵاتە کاتییەکەی **پۆل بریمە** دەسەڵاتەکانی خۆی گواستەوە بۆ حکومەتی کاتیی عێراقی بە سەرۆکایەتیی **ئەیاد عەلاوی**، حکومەتە کاتییەکە بە هاوکاریی دەسەڵاتە کاتییەکە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە (قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية)یان دەرکرد، کە لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ەوە کاری پێ کرا. مەبەست لە حکومەتە کاتییەکە کارئاسانی و زەمینەڕەخساندن بوو بۆ بۆ سازدانی هەڵبژاردنی گشتی، بەتایبەتی

دوای ئەوەی کە شیعەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە **عەلی سیستانی**، گەورەمەرجەعی شیعەکان، پێداگرییان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن کرد (Wong 2004). شیعەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە حکومەتێک **ئەیاد عەلاوی**،[1] کە وەک کەسێکی سێکولار و نزیک لە ئەمەریکییەکان ناسراو بوو، نوێنەرایەتیی ئەوان نەکات. لە پشتەوە توندوتیژییەکان بەردەوام بوون و لە تەشەنەکردنیشدا بوون. لە ناو دەنگی تەقە و تەقینەوە، یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا ئەنجام درا، کە مەبەستی سەرەکی لێی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەلی *عێراق* بوو بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی. نزیکەی هەشت ملیۆن کەس بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی *ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتی*دا کرد. ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکە لیژنەیەکی پێک هێنا بۆ نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی.

دەستوورە نوێکە لە لایەن لیژنەکەوە نووسرا، لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ەش لە ڕاپرسییەک گەلی *عێراق* بە ڕێژەی ٧٨%  لە بەشداربوان پەسەندی کرد. دەستوورە نوێیەکە جێگەی یاسا کاتییەکەی گرتەوە. دەستوورەکە بەیان دەکات کە "*کۆماری عێراق* دەوڵەتێکی فیدراڵیی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماریی پەرلەمانیی دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی *عێراق* دەپارێزێت" (الوقائع العراقية ٢٠٠٥/١٢/٢٨). لە دەستوورەکەدا هاتووە کە "*عێراق* وڵاتێکە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاجیا پێک هاتووە." پێچەوانەی دەستوورەکانی دیکەی *عێراق*، کە *عێراق*یان وەک بەشێک لە "نیشتمان" و "نەتەوە"ی عەرەب دەناساند ،بەڵام ئەم دەستوورە لەو سنوورەدا وەستا کە *عێراق* وەک ئەندامێکی دامەزرێنەر و کاریگەری *کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی* پەسن بکات و

---

[1]. **ئەیاد عەلاوی** (١٩٣٤-)، لە خێزانێکی چینی ناوەندی شیعەمەزهەب لە *بەغداد* لەدایک بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٦١دا پەیوەندیی بە *حزبی بەعس* کردبوو. لەو کاتانەی کە خوێندکاری *کۆلێجی پزیشکی* بوو لە *بەغداد*، **عەلاوی** ئەندامێکی *چالاکی یەکێتی نیشتمانیی خوێندکارانی عێراق* بوو. لە ساڵی ١٩٧٢ لە حزب دوور خرایە و دواتریش لە هەوڵێکی کوشتن ڕزگاری بوو. **عەلاوی** یەکێک لە دامەزرێنەرانی *بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی عێراقی*یە، ئێستا سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیە دەکات.

پابەندی بکات بە "پەیماننامەکانی". زمانی عەرەبی و کوردی وەک دوو زمانی فەرمی لە *عێراق* دانیان پێدا نرا. ئەم مادە دەستوورییانە دەکرێت وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی *عێراق* ببینرێن، بەتایبەتی لە دداننان بە فرەنەتەوەیی و فرەئایینی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵگەی عێراقی و دداننان بە هەندێک لە مافەکانی کورد.

دوای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکە، لە گەرمەی توندوتیژییەکان و یاخیبوونەکان، **جەلال تاڵەبانی**،[1] کە سەرۆک بوو لە قۆناغی گواستنەوە، وەک کوردێک بە فەرمی بۆ یەکەم جار بوو بە سەرۆککۆماری *عێراق*. دوای کێشمەکێشێکی زۆر، کە نزیکەی چوار مانگی خایاند، لەسەر ئەوەی کە داوا لە کێ بکرێت کە حکومەت پێک بژێنێت، بەتایبەتی لەبەر سووربوونی کوردەکان لە دووبارەدانەنانەوەی **ئیبراهیم جەعفەری** وەک سەرۆکوەزیران، لایەنە سیاسییەکان پێک هاتن کە **تاڵەبانی** داوا لە **نووری مالیکی**،[2] لە *هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراق* بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ. کابینە نوێکەی **مالیکی** حکومەتێکی بنکەفراوان بوو کە نوێنەرایەتیی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی *عێراقی* دەکرد، بە سوننەکانیشەوە کە لە حکومەتەکانی دیکە بەشدارییان کەمتر بوو.

---

[1]. جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-)، وەک گەنجێکی کورد لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا پەیوەندیی بە *پارتی دیموکراتی کوردستان*ەوە کردبوو. لە ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا لەگەڵ **ئیبراهیم ئەحمەدی** خەزووری، کە ئەوکات سکرتێری *پارتی* بوو، لە *پارتی* جیا بوونەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەند کوردێکی دیکە لە *دیمەشق*، *سووریا*، *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان* دادەمەزرێنن. ئەو وەک سکرتێر و ڕابەری بێرکابەری *یەکێتی* مایەوە تا لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا جەڵتە لێی دەدا و لە کارە سیاسییەکان دووری دەخاتەوە.

[2]. **نووری مالیکی** (١٩٥٠-)، لە شارۆچکەی *هیندییە* لە نزیک *حلە* لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٠دا پەیوەندیی بە حزبی *دەعوە* کردووە و لە ساڵی ١٩٧٩ هەڵهاتووە بۆ *سووریا*. لەوێ درێژەی بە چالاکیی سیاسی داوە لە دژی ڕژێمی *بەعس* تا ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣. لە ساڵی ٢٠٠٦ بوو بە سەرۆکوەزیرانی *عێراق* تا ساڵی ٢٠١٤ دوای فشارێکی زۆر لە ناوەوە و لە دەرەوە، دەستبەرداری پۆستەکە بوو، لە هەمان ساڵ وەک جێگری سەرۆککۆمار دانرا، کەچی لەگەڵ چاکسازییەکانی سەرۆکوەزیران، **حەیدەر عەبادی**، لە پۆستەکەی دوور خرایەوە. لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦دا، سەرۆکی فراکسیۆنێکی پەرلەمانییە، لە پشت پەردەوە.

شیعەکان کە لایەنی دەستڕۆیشتو بوون لە حکومەت، ئەو هەڵەیان قۆستەوە، لەگەڵ هەڵی بوونی **بەیان جەبر** لە *مەجلسی ئەعل* وەک وەزیری ناوخۆ، بۆ دانانی سەرکردەکان و ئەندامانی میلیشیا شیعییەکان، بەتایبەتی ڕێکخراوی *بەدر*، لە پۆست و جومگە سەرەکییەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان. هەزاران کەسی دیکەشیان لە شیعەکان دامەزراند بۆ جێگرتنەوەی سوننەکان، بەتایبەتی لە یەکە تایبەتە کۆماندۆکانی پۆلیس. شیعەکان لە جێگەی ئەو کەسانە دادەنران کە پێشتر **فالح نەقیب**، کەسایەتییەکی سوننە و وەزیری ناوخۆ، لە ساڵی پێشووتردا دایمەزراندبوون. ئەم دیاردەیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە زۆر باو بوو، ئەو کەسەی دەبوو بە وەزیر، پێش هەموو شتێک کەسە نزیکەکانی لایەنەکەی خۆی، ئینجا کەسانی سەر بە مەزهەب و نەتەوەکەی خۆی لە دەوروبەری خۆی و وەزارەتەکە دادەمەزراند. بە هەرحاڵ، لەو ئانوساتانەدا، میلیشیاکانی سەر بە **موقتەدا سەدر** بە ناوی *سوپای مەهدی*، لە چەندین درزەوە دزەیان کردە ناو *وەزارەتی ناوخۆ* (Perito 2009: 5). شیعە تازەدامەزراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ هەندێکیان پۆستە نوێیەکانیان بەکار دەهێنا بۆ یەکلاییکردنەوەی تۆڵە و غەدر و دوژمنارییە کۆنەکانیان لەگەڵ سوننەکان، بەتایبەتی کۆنە بەعسییەکان و ئەو کەسانەی کە لە دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکانی ڕژێم پێشتر کاریان دەکرد و گوایە دەستیان لە خراپەکاریدا هەبووە. هاوکاتی ئەم کارە توندوتیژ و نایاساییانەی شیعەکان، لە دەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەت، سوننەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵمەتە توندوتیژییەکان و کارە تیرۆرستییەکانیان درێژە پێ دەدا بەو مەبەستەی کە دەسەڵاتە سیاسییە تازەدامەزراوەکە بنکۆڵ بکەن و ئەگەرەکانی گەڕانەوەی خۆیان بۆ دەسەڵات زیاد بکەن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە گروپە توندڕە و و تیرۆرستە سوننییەکان دەستیان لە هیچ شتێک نەدەپاراست، تا دەگەیشتە ڕادەی دەرپەڕاندنی شیعەکان لەو گەڕەکانەی کە ئەوان زۆرینە بوون یان دەسەڵاتیان بەسەریدا زاڵ بوو لە *بەغداد*، بەتایبەتی لە *بەری کەرخ* (Healy & Ghazi 2012; Tavernise 2006).

لەتۆڵەی کار و کردەوە تیرۆرستییەکانی گروپە توندڕەوە سوننەکان و ترسی تەشەنەکردنی پاکتاوی مەزهەبی لە *بەغداد*، میلیشیا شیعەکان، بە

هاوکاریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان، وەک پەرچەکردار و تۆڵە، ژمارەیەک لیژنەی کوشتنیان دروست کرد کە لە سەرەتا لە ئاستێکی سنووردار کارەکانیان ئەنجام دەدا و تەنیا کۆنەئەفسەرە باڵاکانی *سوپای عێراق* و هێزە ئاسمانییەکانیان کردبووە ئامانج. بەڵام دوای ئەوەی کە یەکێک لە گروپە تیرۆرستییەکان لە شوباتی ٢٠٠٦دا لەڕێگەی مینڕێژکردن مەزاری **حەسەن عەسکەری**یان لە *سامەڕا* تەقاندەوە، ئیدی شەپۆلی توندوتیژی هیچ بەربەستێک ڕای نەدەگرت، چ ئەوانەی شیعەکان لە دژی سوننەکان و چ پێچەوانەکەی. بێجگە لە کوشتنوبڕین، شیعەکان وەک چۆن سوننەکان پێشتر دەستیان پێ کردبوو، ئەوانیش ناوچەکانی خۆیان لە سوننەکان پاک دەکردەوە. لە *بەغداد* لە یەک کاتدا دوو پاکتاوی ڕەگەزی هاوشانی یەکدی بەڕێوە دەچوون. بەمەش زۆربەی ناوچەکانی *بەغداد* بەگشتی یان بوون بە گەڕەکی سوننەنشین یان گەڕەکی شیعەنشین (Flintoff 2006; Tavernise 2006). بە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ شیعەکان، لەبەر زاڵیی دەسەڵاتیان لە ناو حکومەت و هێزە ئەمنییەکان، توانیان سوننەکان لە زۆربەی ناوچە تێکەڵەکانی بەغداد دەربپەڕێنن، بەمەش سنوورە مەزهەبییەکان سەرلەنوێ کێشرانەوە، بەتایبەتی لە *بەغداد*، ئەو شارەی کە بە قازانی ئامێزانی شیعەکان و سوننەکان ناسرابوو.

لەئاکامی تەقینەوەی شەڕە ناوخۆییەکە، هەزاران کەس لەسەر شوناس کوژران و ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش ئاوارە بوون لە ناوەوەی وڵات یان بۆ دەرەوەی وڵات. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧دا ڕاپۆرتەکانی *ڕێکخراوی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران* لە *نەتەوەیەکگرتووەکان* مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە ژمارەی پەنابەرە عێراقییەکان گەیشتبێتە ملیۆنێک و دووسەد هەزار لە *سووریا* و ٧٥٠٠٠٠ لە *ئوردن* و ١٠٠٠٠٠ لە *میسر* و ٥٤٠٠٠ لە *ئێران* و ٤٠٠٠٠ لە *لوبنان* و ١٠٠٠٠ لە *تورکیا*. ژمارەی ئەو کەسانەش کە لە ناوخۆ ئاوارە ببوون بە ملیۆنێک و دووسەد هەزار مەزەندە دەکرا (Rosen 2007). لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی *عێراق* بە ٣٢ ملیۆن مەزەندە دەکرا، واتە نزیکەی ١٥%ی عێراقییەکان یان ئازادانە یان بە زۆر ئاوارە ببوون لە ناوخۆی وڵات یان لە دەرەوەی.

ئەم ڕووداو و پێشهاتە سیاسییانەی دوای داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکاوە* ئەو هەقیقەتە دەردەخەن کە عێراقییەکان نەک هەر لەسەر بنەما نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دەنگ دەدەن، بەڵکو لەسەر هەمان بنەما، واتە شوناس (نەتەوەیی و مەزهەبی)، یەکتریش دەکوژن. ئەو ژمارە بەرزەی لە شەڕی ناوخۆی *عێراق* کوژراو دەکوژرێت، ئاوێنەی ئەو ڕق و قینە ڕیشەداکوتاوەیە کە لە مێژوودا لە نێوان شیعەکان و سوننەکان ئامادەیی هەبووە و لە نەبوونی بنەماکانی دیموکراسییەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بتوانێت گەشە بەبەهاکانی یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیان بدات، هێندەی دیکە بوغز لە یەکدی زیادی کردووە. *ژماردنی لاشەی عێراقییەکان* ( *Iraq Body Count*)، کە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتییە و لە سەرەتای شەڕەوە ژمارەی قوربانییانی شەڕی ناوخۆی *عێراق* تۆمار دەکات، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥دا ژمارەی کوژراوەکانی بە زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ کەس داناوە. مانگی تەمووزی ٢٠٠٦ کە ٣١٦٠ کەسی تێدا کوژراوە، بەخوێناویترین مانگ هەژمار دەکرێت (Iraq Body Count 2015).

پێچەوانەی باوەڕی باو، قوربانییانی ئەو تەقینەوانەی کە *قاعیدە* لە *عێراق* بەرپرسیارێتیی خۆی لێ ڕاگەیاندوە، لەگەڵ تەقینەوەکان بەگشتی بە بەراورد لەگەڵ قوربانییانی کوشتن، چ ئەوانەی گروپە سوننییە یاخیبووەکان و چ ئەوانەی میلیشیا شیعییەکان ئەنجامیان داوە، زۆر کەمترە. ڕێژەی قوربانییانی تەقینەوەکان تا ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠١٢ نزیکەی ٣٣% بوو. لە ساڵی ٢٠٠٣دا تێکڕای قوربانییان لە ڕێگەی کوشتن و توندوتیژیی مەزهەبی لە ڕۆژێکدا ١٥ کەس بوو، کەچی تێکڕای قوربانیان لە ئاکامی تەقینەوەکاندا لە ١.٥ تێپەڕی نەدەکرد. لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا لە ساڵی ٢٠٠٦، تێکڕای قوربانییان لە ئەنجامی کوشتن و توندوتیژییە مەزهەبییەکان بەرز دەبێتەوە بۆ ٥٨ کەس لە ڕۆژێکدا، کەچی تێکڕای قوربانییان لە ئەنجامی تەقینەوەکان لە دەوروبەری ١٦ کەس بوو بۆ هەر ڕۆژێک. لە ساڵی ٢٠٠٧یش تێکڕای ژمارەی قوربانییان لە ئەنجامی کوشتن و توندوتیژییە مەزهەبییەکان خۆی لە ٤١ کەس دەدا، کە دەیکردە دووئەوەندەی قوربانییانی تەقینەوەکان لە هەمان کاتدا. لە ساڵی ٢٠٠٨دا توندوتیژییە مەزهەبییەکان دابەزینێکی گەورەی بە

خۆیەوە بینی، لەو ساڵەدا قوربانیانی توندوتیژییە مەزهەبییەکان و تەقینەوەکان، کە خۆی لە پێنج تا شەش کەس دەدا لە ڕۆژێکدا، وەک یەکی لێ هاتبوو. بەگشتی تا ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام قوربانییانی توندوتیژییە مەزهەبییەکان زیاتر بوون لە قوربانییانی تەقینەوەکان. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ لە کۆی قوربانییەکان ٦٧%ی لە ئەنجامی کوشتن و توندوتیژییە مەزهەبییەکان بووە، کە دەکاتە زیاتر لە ٧٠٠٠٠ لە کۆی ئەو ١٠٤٠٠٠ کەسەی تا ساڵی ٢٠١٢ کوژرابوون، تەنیا ٣٣%یان لە ئاکامی تەقینەوەکانی *قاعیدە* و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە بووە، کە دەکاتە دەوروبەری ٣٤٠٠٠ قوربانی. ئەو قوربانییانەی لە ئاکامی تەقینەوەکانیش کوژراون، هەر هۆکاری مەزهەبیی لە پشت بووە، چونکە *قاعیدە* و گروپە تیرۆرستییەکان لەسەر بنەمای مەزهەبی ئامانجەکانیان هەڵدەبژارد و زۆربەی هەرە زۆری ئامانجەکانیان شیعەکان بوو، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە ئەو ١٠٤٠٠٠ کەسەی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس* تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ کوژراون، هەر هەمووی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر شوناس کوژراون، چ شیعەکان و چ سوننەکان (بڕوانە پاشکۆ - ٦). ئەوەی جێگەی هەڵوێستەیە ئەوەیە کە هۆکاری هەرە سەرەکی لە پشت دەستڕۆیشتوویی گروپە سوننییە یاخیبووەکان و تیرۆرستییەکان، ئەوە بوو کە گروپەکانیان بەگشتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن سوننەکانی ناو *عێراق* و وڵاتانی سوننەی دەوروبەری *عێراق* پشتیوانییان لێ دەکرا (Iraq Study Group 2006: 4). هاوکات، شیعەکان دەسەڵاتەکانی خۆیان لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت، بەتایبەتی پۆلیس و ئاساییش، بەکار دەهێنا بۆ ئاسانکاری و شاردنەوەی میلیشیا شیعییەکان و گروپە بکوژە شیعییەکان (Johnson 2006).

لە ساڵی ٢٠٠٧دا، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی توندوتیژییەکان و لەدەستدەرنەچوونی شەڕە ناوخۆییەکە، ئیدارەی *ئەمەریکا* ٢٠٠٠٠ سەربازی دیکەی نارد بۆ *عێراق* لە ژێر ناوی ستراتیجییەتێکی نوێ کە بە پەلامار (Surge) ناسراوە (White House 2007). تا کۆتایی ساڵەکە بارودۆخی ئەمنیی *بەغداد* و ناوچە سوننییەکان، کە ئامانجی سەرەکیی ستراتیجییەتەکە

بوو، بە بەراورد بە ساڵی پێشووتر زۆر باشتر بوو. ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان و تەقینەوە خۆکوژییەکان و ئۆتۆمبیلە مینرێژکراوە تەقێنراوەکان زۆر دابەزی. زۆر کەس و لایەن پێیان وا بوو کە ستراتیجییەتە نوێیەکەی *ئەمەریکا* هۆکاری سەرەکیی پشت دابەزینی کوشتن و تەقینەوەکانە. ئەوە ڕاستە کە پەلامار (Surge) یەکێک لە هۆکارەکان بوو، بەڵام هۆکاری دیکەش هەبوون، کە دەکرێت گرنگتریش بووبن، لەوانە: یەکەم، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا ناوچەی تێکەڵ لە سوننە و شیعە لە *بەغداد* و دەوروبەری زۆر کەم ببوونەوە، ئەمەش وای کردبوو کە پێکدادانی ڕاستەوخۆ و کوشتن لەسەر شوناس کەمتر ببێتەوە. لە ڕاستیدا لە ساڵی ٢٠٠٧دا شیعەکان تا ڕادەیەکی چاک کۆنترۆڵی *بەغداد*یان کردبوو، بە واتایەکی دیکە سوننەکان لە زۆر گەڕەک و شوێنی *بەغداد* دەرپەڕێندرابوون (Cockburn 2008b; 2008c). ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی *عێراق* لە ساڵی ٢٠٠٩دا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بێجگە لەو دەنگانەی کە بۆ لیستەکەی **ئەیاد عەلاوی** ڕۆیشتوون، کە بەشێکی دەنگی شیعەکان بوون، لیستە شیعییەکان ٧١%ی کورسییەکانی *بەغداد*یان بردبووەوە (Kirmanj 2010: 273). بە وردبوونەوە لە گڵۆپەکانی *بەغداد* بە شەوان، تیمێک لە جوگرافیناسان بۆیان دەرکەوت کە ژمارەی گڵۆپەکان لە گەڕەکە سوننەنشینەکانی *بەغداد* ماوەیەک پێش شوباتی ٢٠٠٧، کە دەکاتە سەرەتای دەستپێکردنی پەلامار (Surge)، کەمیان کردبوو. جوگرافیناسەکان پێیان وا بوو کە پاکتاوی ڕەگەزی، مەبەست دەرپەڕاندنی سوننەکانە لە *بەغداد*، هۆکاری سەرەکی بووە لە پشت کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان (Agnew, et al., 2008). دووەم، دروستکردنی دیواری هەڵاواردن، کە زۆربەی گەڕەکە سوننەکانی لە گەڕەکە شیعەکان لێک دابڕیبوو، بەتایبەتی ئەو دیوارەی کە لە دەوری گەڕەکی *ئەعزەمییە* دروست کرابوو، هۆکارێکی دیکەی سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی توندوتیژییەکان بوو (Brulliard 2007; Wong & Cloud 2007; Tavernise 2006). ئەمەش کەمبوونەوەی کوشتن و تەقینەوەکانی لێ کەوتەوە. دیوارەکەی دەوری *ئەعزەمییە* تا مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ هەر لا نەدرابوو. سێیەم، گۆڕینی سیاسەتی *ئێران* لە پەیوەند بە *عێراق* ناڕاستەوخۆ یاریدەدەر بوو لە

هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. *ئێران* لە لایەک یارمەتیی لە میلیشیا شیعییەکان کەم کردەوە و لە لایەکی دیکە داوای لە هەندێکیان کرد کە بچنە بن پەردە و ژێرزەمینەکانەوە، چونکە بۆی دەرکەوتبوو کە تا توندوتیژییەکان درێژەیان هەبێت، مانەوەی *ئەمەریکا* لە *عێراق* درێژتر دەبێتەوە و ئەو ئامانجەی کە *ئێران* هەیەتی نایەتە دی، کە دەرچوونی ئەمەریکییەکانە لە *عێراق*. لەبەر ئەوە کاتێک هێزەکانی *عێراق* بڕیاری هێرشکردنە سەر *سوپای مەهدی*یان دا لە شارە شیعەنشینەکان، *ئێران* بێدەنگیی هەڵبژارد. *سوپای مەهدی* لە لایەن **موقتەدا سەدر**، کوڕی گەورەمەرجەعی شیعەکان **محەمەد سادق سەدر**، لە حوزەیرانی ٢٠٠٣دا لە دژی داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا*وە دامەزرا. *سوپای مەهدی* هەر بەوە نەناسرابوو کە هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی *ئەمەریکا* لە *عێراق*، بەڵکو ئەو بەشدارێکی سەرەکییش بوو لەو توندوتیژییانەی کە لە بەرانبەر سوننەکان لە *عێراق* ئەنجام دەدران، بەتایبەتی کوشتن و شوێنبزرکارییەکانی *بەغداد*. بە کورتی، بە خۆشاردنەوەی کاتییانەی *سوپای مەهدی*، توندوتیژییەکان کەم بوونەوە. چوارەم، هاوشێوەی *ئێران*، هەندێک گرووپی سوننەش بەو بڕوایە گەیشتن کە "چالاکیی سەربازی وا لە *ئەمەریکا* ناکات کە لە *عێراق* دەربچێت" (Raghavan & Londoño 2008)، بەڵکو درێژەی پێ دەدات. لە ئاکامدا وردەوردە بەشدارییان لەو پرۆسە سیاسییەدا دەکرد کە لە *عێراق* بەڕێوە دەچوو، ئەمەش لاوازبوونی هێزە توندڕەوەکانی لێ کەوتەوە و بووە مایەی کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان. پێنجەم، لە هەموو ئەمانە گرنگتر، لە کۆتایی ٢٠٠٥دا زیاتر لە ساڵێک پێش پەلامار (Surge)، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچە سوننەنشینەکان هاتە پێش، ئەویش دروستبوونی *هێزەکانی سەحوە* بوو، کە بە دروستبوونی گرووپی چەکداریی عەشیرەتەکانی پارێزگای *ئەنبار* دەستی پێ کرد، کە لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە مووچە و چەکیان پێ دەدرا. دەکرێت بگوترێت کە دروستبوونی *سەحوە* هۆکاری هەرە سەرەکی بوو لە چاکتربوونی بارودۆخی ئەمنیی *عێراق*، بەتایبەتی لەوەی وەک "سێگۆشەی سوننی" ناسراوە. هێزەکانی *سەحوە* لە چەکدارە عەشایەرە سوننەکان و هەندێک چەکداری هەڵگەڕاوەی سوننە یاخیبووەکان لە *ڕێکخراوی قاعیدە* دەستی پێ کرد، کە هەردوو لا

لوولەی تفەنگەکانیان لەبری ئەمریکی و عێراقییەکان لە چەکدارەکانی *قاعیدە* کرد (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە Benraad 2011). هەڵگەڕانەوەی سوننەکان لە *قاعیدە* لەبەر خاتر و دڵسۆزییان بۆ ئەمەریکییەکان و شیعەکان نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ئەندامانی *قاعیدە* بێ جیاوازیکردن خەڵکیان دەکوشت و دەبڕی، هەروەها یاسا و دابونەریتە عەشایەرییەکانیان پێشێل دەکرد. ئەمانەش بوون بە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و دوژمنداری لە نێوان و لە ناو عەشیرەتە سوننییەکان (Sherman 2008; Rasheed & Susman 2008). هاوکات لەو بارودۆخە بێکارییەی کە ئەوکات باڵی بەسەر ناوچە سوننەنشینەکاندا کێشابوو، بوون بە چەکداری *سەحوە* هەلێکی چاک بوو کە کەسەکان بتوانن قووتی خۆیان و خێزانەکانیان پێ دابین بکەن.

کوشتوبڕەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ برینێکی دیکەی زیاد کردە سەر جەستەی *عێراق*، کە ساڕێژبوونی لە کورتمەودادا چاوەڕوانکراو نییە. ئەم برینە ئێستاش خوێنی لێ دەچۆڕێت و  بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی *ڕومادی* و *حەویجە* لە ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤دا جارێکی دیکە کولایەوە. ئەوەی لە پەیوەند بە پرسی شوناس و ئامێزانی نیشتمانی لێرە دەبێت بگوترێت، ئەوەیە کە ئەگەر برینەکانی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ ئامێزانی نیشتمانی و دروستبوونی شوناسێکی گشتگیری سەخت کردبێت، ئەوە شەڕی ناوخۆی ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ هێندەی دیکە ئەم هیوایەی قورستر کردووە. بێجگە لە کوشتن لەسەر شوناس و پاکتاوی ڕەگەزی و هەلاواردنی پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی *عێراق*، پراکتیزکردنی هەڵبژاردن و پرۆسە دیموکراسییەکان لەبری لە یەکدی نزیکبوونەوە، هێندەی دیکە دابەشبوونە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی قووڵتر کردەوە.

**دیموکراتیزەکردن: بەهێزترکردنی وابەستەییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان**

ئەو هەڵبژاردنانەی لە *عێراق* لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی *سەدام*، چ ئەوانەی کاتی ژێردەستەیی *ئەمەریکا* و چ ئەوانەی دوای دەرچوونی ئەمەریکییەکان، بەردەوام وەک قۆناغەکانی پێشووتر پچڕپچڕی و دابەشبوونی کۆمەڵگەی عێراقیی لەسەر خەتە مەزهەبی و نەتەوەییەکان پیشان دەدا. ئەم دابەشبوونانە لە نەخشەی دەنگدانەکانی کانوونی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ لەگەڵ ڕیفراندۆمەکەی ئابی ٢٠٠٥دا بە زەقی دەردەکەوتن. لە کاتێکدا سوننەکان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمیان نەکرد، کوردەکان و شیعەکان بە شەوق و پەرۆشییەوە بەشداریان تێدا کرد. لیستە شیعییەکان لە ٢٧٥ کورسیی پەرلەماندا ١٤٦ کورسییان بردەوە، واتە ٥٣%ی کورسییەکان. لەبەر بەشدارینەکردنی سوننەکان لیستە کوردییەکان ٧٧ کورسییان بەدەستهێنا، واتە ٢٦.٤%ی کورسییەکان. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕێژەی دانیشتوانی کوردەکان لە دەوروبەری ٢٠%دایە، ئەم ڕێژەیە لە کورسییەکان زۆر بەرزە. ئەو لیستە سوننییانەی کە بەشداریان کرد تەنیا ٦ کورسییان بردەوە، واتە ٢%ی کورسییەکان، کە لەچاو ڕێژەی دانیشتوانەکەیان، کە خۆی لە ٢٠% دەدا، زۆر کەمە. *لیستی نیشتمانیی عێراقی* (*عێراقییە*)، کە بانگەشەی بانمەزهەببوونی دەکرد، ٤٠ کورسیی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد، کە دەکاتە ١٣.٨%ی دەنگدەران (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆ - ٢).

بەشدارینەکردنی یان باشتر بڵێین بە کەمی بەشداریکردنی سوننەکان لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمدا، توانا و دەسەڵاتیانی ئێجگار کەم کرد لە گفتوگۆکان و پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی. هەستکردن بەم هەڵەیە لەوانەیە هۆکاری پشت بەشداریکردنیان بێت لە دەنگدان لەو ڕیفراندۆمەی لەسەر دەستوور کە لە ئابی ٢٠٠٥دا ئەنجام درا. سەرەڕای بەشدارییان لە ڕیفراندۆمەکە و دەنگدانیان بە نەخێر، کەچی بە هۆی بەشداریی لەڕادەبەدەری شیعەکان و کوردەکان، بە ساختەکردنیش لە هەندێک شوێندا، دەستوورەکە بە بەڵێ لە لایەن ٧٩%ی عێراقییەکانەوە پەسەند کرا، کە ڕێژەی دەنگی شیعەکان و کوردەکانی پیشان دەدا، لە بەرانبەریشدا ٢١% نوێنەرایەتیی دەنگی سوننەکان، کەمێک بە زیادەوە دەکات. بۆ ڕەتکردنەوەی

دەستوورەکە دەبوایە لانیکەم سێ پارێزگا بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠% بە نەخێر دەنگ بدەن. تەنیا پارێزگای *سەلاحەدین* و *ئەنبار* دەستوورەکەیان ڕەت کردەوە. لە پارێزگا تێکەڵەکان، وەک *بەغداد* و *نەینەوا* و *دیالە* و کەرکووک، دەنگدان بە دژی دەستوورەکە کەمتر بوو لە ٥٠%، بۆیە دەستوورەکە بە پەسەندکراو لەقەڵەم درا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆ - ٣).

دەستووره پەسەندکراوەکە ڕێگەی خۆش کرد بۆ هەڵبژاردنی گشتی، کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا ئەنجام درا. لەم هەڵبژاردنەدا *لیستی هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراق* (*هاوپەیمانیی شیعەکان*) ئەم جارە لە ٢٧٥ کورسییەکە ١٢٨ کورسیی بردەوە، کە لە هەڵبژاردنەکەی کانوونی دووەم کەمتر بوو. لیستەکەی کوردەکان، *هاوپەیمانی کوردستانی*، بە دووەم دەرچوو، بەڵام بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکەی کانوونی دووەم کورسییەکانی بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمی کرد، لە ٧٧ کورسی بۆ ٥٨ کورسی. سوننەکان ئەم جارە بە چڕی بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، بەمەش وەک کوردەکان ٥٨ کورسییان مسۆگەر کرد (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆ - ٤). وەک چاوەڕوان دەکرا لە ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا عێراقییەکان لەمسەر تا ئەوسەری *عێراق* بە شێوەیەکی گشتی تەنیا دەنگیان بە کاندیدی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی خۆیان دا. یەکێک لە دیاردە زەقەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥، کەمدەنگهێنانی لیستە بانەتەوەیی و بانمەزهەبییەکان بوو. مەبەست ئەوانەن کە لە هەڵبژاردنەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نوێنەرایەتیی هەموو عێراقییەکان دەکەن. وەک ئاماژەی پێ کرا، **لیستی عێراقییە** بە سەرۆکایەتیی **ئەیاد عەلاوی**، کە خۆی و لیستەکەی بانگەشەی بانمەزهەبییان دەکرد، لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا ٤٠ کورسیی بردەوە، کەچی لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا بە حاڵ توانی ٢٥ کورسی بباتەوە.

پەلامار (Surge) و ئەو گۆڕانکارییانە لەو ئانوساتانەدا هاتنە پێش تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ بوون بە مایەی خاوبوونەوەی توندوتیژییەکان، بە یەکجاری نا، بەڵام بە ڕادەیەکی بەرچاو، بەتایبەتی ئەگەر بە ساڵانی پێشووتر بەراورد بکرێن. ئەوە بوو هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەش و

ژینگەیەکی گونجاوتر لە ٣١ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا ئەنجام درا. سەرەتا ڕاپۆرتەکان باسیان لە ئاوابوونی ڕۆژی حزب و لایەنە ئایینی-مەزهەبییەکان دەکرد (بڕوانە Myers 2009; Rubin 2009). لە ڕاستیدا ڕاپۆرتەکان زیاتر دەربڕی ئارەزوویەکی سیاسی بوون زیاتر لەوەی ئاوێنەی ئەنجامەکان بن، چونکە ئەنجامە کۆتاییەکان پیشانیان دا کە بەرژەوەندی و شوناسی مەزهەبی هێشتا بە خەستی زاڵە بەسەر نەخشە و شێوازی دەنگدانی بەشداربوان لە هەڵبژاردنەکاندا. تاکە گروپێکی سیاسی کە دەکرێت وەک لایەنێکی بانمەزهەبیی (نەک بانەتەوەیی) هەژمار بکرێت، ئەوە *لیستی عێراقییەی* **عەلاوی** بوو، کە تەنیا ٦%ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بەدەست هێنا. ئەگەر ئەوە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ لە پارێزگای *کەرکووک* و سێ پارێزگاکەی *هەرێمی کوردستان* ئەنجام نەدران، ئەوە دەکرێت بڵێین کە ئەگەر لە ناوچە کوردییەکان هەڵبژاردن بکرایە، ئەوە ڕێژەی ئەو کورسییانەی کە لیستەکەی **عەلاوی** بەدەستی دەهێنان زۆر لەو ٦%ەش کەمتر دەبوو، چونکە **عەلاوی** لە ناو کوردەکان پشتیوانی و لایەنگری ئێجگار کەمە. هێزە ئیسلامییە سوننەکان نزیکەی ٦٥%ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان لە ناوچە سوننەنشینەکان بردەوە و حزب و لایەنە ئیسلامییە شیعییەکانیش ٧١% کورسییەکانی ناوچەکانی خۆیان بردەوە (Kirmanj 2010: 273).

هەر لە پەیوەند بەو ئارگیومێنتانەی کە باس لە پاشەکشەی هێزە ئیسلامی و مەزهەبییەکان دەکەن، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە دیاردەیەکی دیکە دەردەخات، کە پێچەوانەی ئەو ئارگیومێنتە دەسەلمێنێت. *لیستی دەوڵەتی یاسا*، کە **مالیکی** سەرۆکایەتیی دەکرد، لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکەدا خۆی وەک هێزێکی بانمەزهەبیی پیشان دەدا و پلاتفۆڕمێکی بانمەزهەبیی خستبووە ڕوو، کەچی لیستەکەی نەیتوانی لە ناوچە سوننەنشینەکان یەک کورسییش بباتەوە. بە هەمان شێوە هیچ لایەنێک یان کاندیدێکی سوننە لە پارێزگا شیعەنشینەکان سەرکەوتوو نەبوو. دەرکەوتێکی دیکەی گرنگی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە چیتر *بەغداد* شارێکی زۆرینەسوننە نییە، بەڵکو شارێکی شیعەنشینە بە زۆرینەیەکی ڕەها. لیستە سوننییەکان بەسەر یەکەوە

تەنیا ١٦%ی کورسییەکانی *بەغدا*دیان بردەوە، لە بەرانبەردا لیستە شیعییەکان ٧٠%ی کورسییەکانی *بەغدا*دیان مسۆگەر کرد. وەک لە بەشی چوارەم ئاماژەی پێ کرا، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا سوننەکان ٨٠%ی دانیشتوانی *بەغدا*دیان پێک دەهێنا، بەڵام دواتر لەگەڵ کۆچی شیعەکان لە ناوچە شیعەنشینەکانەوە بۆ *بەغداد* تا ساڵی ١٩٥٨ ڕێژەی دانیشتوانی شیعە لە *بەغداد* گەیشتە نزیکەی ٥٠% ( Batatu 1987: 206-209; Farouk-Sluglett & Sluglett: 1991: 1411). دەبێت ئاگەداری ئەوەش بین کە بەشێک لە شیعەکان دەنگیان بە لیستەکەی **عەلاوی** داوە، ئەگەر ئەوانیش زیاد بکەین بۆ سەر ڕێژەکە ئەوە دەردەکەوێت کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەی شیعەکان لە *بەغداد* زۆر لە سەرووی ٧٠% بووە.

لە پارێزگای *نەینەوا* کە دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەکە لە سوننە و کورد و کریستیان و ئێزیدی و شەبەک و تورکمان، وابەستەیی نەتەوەیی و ئایینی وەک زۆربەی پارێزگاکانی دیکە زەق بوو، ئەگەر نەڵێین زەقترینیان بوو. عەرەبە ناسیونالیستە سوننەکان کە پلاتفۆرمێکی دژەکوردیان پێک هێنابوو، ٥٥%ی کورسییەکانی پارێزگاکەیان بردەوە. کوردەکانیش کە کاریان لەسەر هەستی نەتەوەیی بە بەکارهێنانی کارتی کوردی دەکرد، ٣٢%ی کورسییەکانیان مسۆگەر کرد، کە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دا ڕێژەکە زۆر لە کورتیدا بوو. بێجگە لەمانە، حزبی *شیوعیی عێراقی*، کە وەک حزبێکی بانەتەوەیی و بانمەزهەبی لە مێژووی *عێراق*دا ناسراوە، تاقە یەک کورسیی لە هیچ پارێزگایەکی *عێراق* نەبردەوە. ئەمەش هاوشێوەی ئەو ڕاستی و بەڵگانەی سەرەوە، پێمان دەڵێن کە دەنگدەری عێراقی وەک هەڵبژاردنەکانی پێشووتر، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩شدا دەنگی بە مەزهەب و نەتەوەکەی خۆی دا. هەر قسەکردنێکیش لە بانمەزهەبی و بانەتەوەیی لەو ئانوساتانەدا، بێجگە لە خەیاڵپڵاوی (Wishful Thinking) هیچی دیکە نییە.

لە پەیوەند بە سیستەمی حوکمڕانی لە *عێراق*، لیستەکەی **مالیکی** دژایەتیی خۆیان بۆ بەفیدراڵکردنی *عێراق* ڕاگەیاند و پێداگرییان لەسەر سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتەکان دەکرد. ئەم هەڵوێستانەی **مالیکی** و لیستەکەی وا پێ دەچێت هۆکار بووبن لە پشت سەرکەوتنەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی

٢٠٠٩دا بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان، چونکە بیرۆکەی فیدراڵیزم لە ناو خەڵکدا وەک دابەشکردنی *عێراق* دەهاتە بەرچاو، ئەمەش موریدی لە ناو عەرەبە عێراقییەکان تا ئەوکات کەم بوو. لیستەکەی **مالیکی** نزیکەی ٢٨%ی کورسییەکانی پارێزگاکانی بردەوە، لە بەرانبەردا *مەجلسی ئەعلا*، کە داوای دامەزراندنی هەرێمێکی پێکهاتوو لە نۆ پارێزگا شیعەنشینەکەی دەکرد، دەنگەکانی لە کورتی دا، بەمەش کورسیی کەمتری بەدەست هێنا. هاوارەکانی **مالیکی** بۆ هەموارکردنی دەستوور و سێنترالیزەکردنی دەسەڵات بەرسڤی توندی هەبوو لە *هەرێمی کوردستان*. *لیستی هاوپەیمانیی کوردستان*، کە چەند مانگێک پێش لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی *عێراق* بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی *پەرلەمانی هەرێمی کوردستان*دا کرد، پێداگریی لەسەر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی فیدراڵییەت لە *عێراق* و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە دەستووری *عێراق* دەکرد، کە فیدراڵییەتی لە *عێراق*دا جێگیرتر دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی سەرکەوتنی لیستەکە بوو لە هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ٢٠٠٩دا.

پێش هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٠٩دا، پەرلەمانتارە عەرەب و تورکمانەکان لە *پەرلەمانی عێراق* پرۆژەیاسایەکیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی *کەرکووک* و پرسی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە پێشکەش کرد. یەکێک لە بەندەکانی پرۆژەیاساکە، کە لە تەمووزی ٢٠٠٨دا خرایە بەردەم پەرلەمانتاران، پێشنیازێک بوو بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پارێزگاکە بێ گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک. سەرەڕای ئەوەی کە پەرلەمانتارە کوردەکان ناڕەزاییان لە دژی دەربڕی و هۆڵی پەرلەمانیان بەجێ هێشت، کەچی پەرلەمانتارە عەرەبەکان (شیعەکان و سوننەکان) و تورکمانەکان پرۆژەیاساکەیان پەسەند کرد (Robertson 2008). یاساکەی پەرلەمان لە لایەن **جەلال تاڵەبانی**، کوردێک کە ئەوکات سەرۆککۆماری *عێراق* بوو، لەگەڵ یەکێک لە جێگرەکانی، **عادل عەبدولمەهدی**، کە شیعەیە، ڕەت کرایەوە و ڕەوانەی پەرلەمان کرایەوە (Parker & Hameed 2008). لە ئاکامدا، کۆمیتەیەکی شەش کەسی لە پەرلەمانتاران پێک هات تا سەردانی *کەرکووک* بکەن و ڕاپۆرتێکی

چارەسەرئامێز بنووسن. بە بنەما لەسەر ڕاپۆرتەکە و گفتوگۆکانی دواتری ناو پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی نوێ پێشنیاز کرا، بەڵام ئەم جارە لە لایەن تورکمانەکانو *بەرەی تەوافقی سوننی* و *ڕەوتی سەدری شیعی* پێشگیریی لێ کرا، کەچی دواجار هەر پەسەند کرا لە لایەن پەرلەمانەوە. یاساکە ئاماژەی بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی کردبوو، کە داوای ڕاستکردنەوەی بارودۆخی پارێزگاکە لە پەیوەند بە پرسی تەعریب دەکرد. هاوکات پێشنیازی دواخستنی هەڵبژاردنەکانی *ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک*ی کردبوو تا ئەو کاتەی کە چارەسەرێکی تەوافقی بۆ پرسەکە دەدۆزرێتەوە. چارەسەرێک کە دوای هەشت ساڵ هەر وا لە چاوەڕوانیدایە. ئەگەر ئەو ململانێیانە شتێک بسەلمێنن، ئەوە قووڵی و هەمەڕەهەندیی پرسی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان پشتڕاست دەکاتەوە، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی پێکهاتەکانی پارێزگاکە لەسەر شوناس و چارەنووسی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان.

دوای ئەوەی پەرلەمانتاران یاساکەی پێشووتری هەڵبژاردنەکانیان هەموار کرد، ئیدی ڕێگە خۆش کرا بۆ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیی دیکە، کە لە ئازاری ٢٠١٠دا ئەنجام درا. بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە هاوکێشە سیاسییەکان چەند گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هات. یەکەم گۆڕانکاری، بەشداریکردنی لیستەکەی **مالیکی**، *دەوڵەتی یاسا* بوو بەجیا لە هاوپەیمانیی یەکگرتووی شیعەکان. ئەمەش هاوپەیمانییە یەکگرتووە قەبەکەی شیعەکانی کەرت کرد بەسەر دوو فراکسیۆن، *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراق*. گۆڕانکاریی دووەم بریتی بوو لە دابەزینی *بزووتنەوەی گۆڕان* وەک لیستێکی جیا لە *کوردستان*. *بزووتنەوەی گۆڕان* ساڵێک بوو دامەزرابوو، پێشتر لە هەڵبژاردنەکانی *هەرێمی کوردستان* لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەشداریی کردبوو و بە پلەی دووەم ٢٥ کورسی لە ١٠٠ کورسیدا بردبووەوە. پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی گەورە لە نێوان *لیستی عێراقییەی عەلاوی* و چەندین لایەنی سوننی دەکرێت بە گەورەترین گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ دابنرێت. **مالیکی** پێش هەڵبژاردنەکان هەوڵی دا لەگەڵ هەندێک لایەنی سوننە هاوپەیمانییەک دروست بکات، دواجار سەرکەوتوو

نەبوو. هاوشێوەی لیستەکەی **مالیکی**، زۆربەی لیست و هاوپەیمانییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی نیشتمانیبوون (الوطنية)یان دەکرد، کەچی زۆربەیان وەک جارانی پێشووتر نوێنەرایەتیی پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیان دەکرد.

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە لە ٧ی ئازاری ٢٠١٠دا ئەنجام درا، کەچی لە کۆتایی ساڵدا حکومەت پێک هێنرا. لەو ماوەیەدا لایەنە سیاسییەکان لە نێوان خۆیاندا لە کێشمەکێش و ڕاکێشڕاکێشێکی توندا بوون، بەتایبەتی لە نێوان لیستەکەی **عەلاوی** و **مالیکی**. سەرەتا ساختەکاری پرسی سەرەکیی کێشمەکێشەکان بوو، دواتر ململانێکان لەسەر ئەوەی کە کام لیست مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە، قووڵ بووەوە. بە هەرحاڵ، لە ١ی حوزەیران *دادگای فیدراڵیی عێراق* (*المحكمة الاتحادية العراقية*) ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پشتڕاست کردەوە. وەک هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩، هەندێک ئەکادیمی و چاودێری سیاسی و سیاسەتوان زوو تەپڵی سەرکەوتنی سێکولاریزمیان بەسەر ئیسلامیزم لێ دا و باسیان لەوە دەکرد کە هێزە بانمەزهەبییە نیشتمانییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لەو باوەڕەشدا بوون کە بەم زوانە *عێراق* ململانێ مەزهەبی و نەتەوەییەکان تێپەڕ دەکات. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەو قسانە لە کاتێکدا دەکران کە ئەگەرەکانی لەتوپەتبوونی *عێراق* لەئارادا بوو.

کاتێک کە پەرلەمان لە ئازاری ٢٠٠٦دا دانیشت، لە دوازدە لیست پێک هاتبوو، بەڵام خۆیان چڕ کردەبووەوە بۆ چەند فراکسیۆنێک: *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* (١٢٨ کورسی)، *موسالەحە و حیوار* (٣ کورسی)، *ڕیسالییون* (٢ کورسی)، *هاوپەیمانیی کوردستانی* (٥٣ کورسی)، *یەکگرتووی ئیسلامی* (٥ کورسی)، *تەوافقی سوننەکان* (٤٤ کورسی)، *حیواری* **ساڵح موتڵەگ** (١١ کورسی)، *لیستی عێراقییەی* بانمەزهەبی (٢٥ کورسی) *لیستی ئوممەی* **میسال ئالووسی** (١ کورسی)، *بەرەی تورکمان* (١ کورسی)، *لیستی ڕافیدەینی* کریستیانەکان (١ کورسی) لەگەڵ *لیستی ئێزیدییەکان* (١ کورسی). چوار ساڵ دواتر، واتە پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠، لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناو و لە نێوان فراکسیۆنەکاندا ڕوویان دا،

هەڵوەشاندنەوەی هەندێک و بچووکبوونەوەی هەندێکی دیکەی لێ کەوتەوە. لە شوباتی ٢٠١٠دا فراکسیۆنەکان لە ناو پەرلەمان بەم شێوەیە دەردەکەوتن: *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* (٨٥ کورسی)، سەدرییەکان (٢٨ کورسی)، *فەزیلە* (١٥ کورسی)، *هاوپەیمانیی کوردستانی* (٥٣ کورسی)، *یەکگرتووی ئیسلامی* (٥ کورسی)، *تەوافوق* (٤٠ کورسی)، *حیوار* (٩ کورسی)، عەرەبە سەربەخۆکان (٨ کورسی)، *عێراقییە* (٢٠ کورسی)، سەربەخۆکان (٤ کورسی)، *ڕیسالییون* (٢ کورسی)، حزبی شیوعی (٢ کورسی)، میسال ئالووسی (١ کورسی)، *بەرەی تورکمان* (١ کورسی)، ئێزیدییەکان (١ کورسی) لەگەڵ *ڕافیدەینی* کریستیانەکان (١ کورسی).

جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ ئەوانەی ساڵی ٢٠٠٥، ئەوە بوو کە ئاوازی سێکۆلاریزم نەک لە لای لایەن و لیستە سێکۆلارەکان زاڵتر بوو، بەڵکو تا ڕادەیەک سێکولاریزم زیاتر قبووڵتر دەکرا بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشووتر، کە هەم نۆتەی ئیسلامی و هەم لایەنە مەزهەبییەکان بە تەواوی باڵیان بەسەردا کێشابوو. ئەمەش لە بانگەشەکانی *لیستی عێراقییە*دا زیاتر دەردەکەوت، لیستەکە کە لە لایەن **عەلاوی** سەرۆکایەتی دەکرا ٩١ کورسیی لە ٣٢٥ کورسی بردەوە، دوای ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ٢٧٥ بۆ ٣٢٥ زیاد کرا. لیستەکەی *دەوڵەتی یاسا*، بە سەرۆکایەتیی **مالیکی**، وەک لیستەکەی **عەلاوی** بەڵام بە ڕادەیەکی کەمتر، بانگەشەی سێکۆلاریزم یان چاکتر بڵێین بانمەزهەبیبوونی دەکرد. دەشیویست خۆی جیا بکاتەوە یان خۆی وەدوور بگرێت لە لایەنە ئیسلامییە تەقلیدییە شیعییەکان، وەک *مەجلسی ئەعلا* بە سەرۆکایەتیی **عەممار حەکیم** و *ڕەوتی سەدر* بە سەرۆکایەتیی **موقتەدا سەدر**. *دەوڵەتی یاسا* لە هەڵبژاردنەکان ٨٩ کورسیی بەدەست هێنا. لە ڕاستیدا تا ڕادەیەک وا دەردەکەوت کە خەڵک جۆرێک بێزاریی خۆی لە هێزە مەزهەبییە-ئیسلامییەکان پیشان داوە لەبەر شکستهێنانیان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، وەک ئاو و کارەبا و ڕێگەوبان. هەندێک لە عێراقییە بێزارەکان بەو بڕوایە گەیشتبوون کە هێزە سێکولارەکان

لەوانەیە چاکتر بتوانن خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بکەن.

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لەم هەڵبژاردنەدا بەدی دەکرا، بەشداریی چڕی سوننەکان بوو، بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشووتر بۆ *پەرلەمانی عێراق*، ئەمەش بەدەستهێنانی کورسیی زیاتری لێ کەوتەوە بۆ لیستەکەی **عەلاوی**. پێچەوانەی سوننەکان، کوردەکان ئەم جارە پەروشوبڵاوییان پێوە دیار بوو، چونکە بە چوار لیستی سەرەکی بەشداریان کرد، ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پشت فەوتانی دەنگێکی زۆر، کە بەدەستهێنانی کورسیی کەمتری لێ کەوتەوە. گۆڕانی سیتسەمی هەڵبژاردنەکان لە یەک بازنەییەوە بۆ فرەبازنەیی، هۆکارێکی دیکەی فەوتانی ژمارەیەکی زۆر دەنگی کورد بوو. ئەگەر *عێراق* وەک یەک بازنە بمایاتەوە وەک هەڵبژاردنەکانی پێشووتر، کوردەکان لانیکەم ١٠ کورسیی دیکەیان بەدەست دەهێنا. کەمبوونەوەی کورسییەکان دەستڕۆیشتوویی کوردەکانی سنووردار کرد. هۆکارێکی دیکەش بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسیی کوردەکان، بەشداریی لەڕادەبەدەری سوننەکان بوو لە سەرتاپای *عێراق*، بەتایبەتی لە پارێزگا تێکەڵەکانی وەک *نەینەوا* و کەرکووک و *سەلاحەدین* و دیالە، کە کاندیدە سوننەکان لە پێشبڕکێیەکی توندا بوون لەگەڵ کاندیدە کوردەکان. لە کاتێکدا لە جارانی پێشوو کوردەکان ڕۆڵی لایەنی یەکلاکەرەوەیان لە پێکهێنانی حکومەت دەبینی و تا ڕادەیەکی باشیش پارسەنگی هێز بوون لە نێوان شیعەکان و سوننەکان، کەچی بە هۆی کەمبوونەوەی سەنگیان لە *بەغداد* چیتر نەیاندەتوانی هەمان کاریگەریی جارانیان هەبێت. لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی لیستەکەی **عەلاوی** بوو بە نوێنەری سوننەکان لە بەرانبەر لیستەکەی **مالیکی**، بۆیە ئەو ڕۆڵەی کە کوردەکان جاران دەیانبینی، دەبوا لەگەڵ لیستی دووەمی شیعەکان کە *هاوپەیمانیی نیشتمانی* بوو و بە جیا لە لیستەکەی **مالیکی** دابەزیبوو، ببینن (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆ - ٧).

لە ناو لیستە شیعەکاندا، *مەجلسی ئەعلا* لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا حاڵی لە هەموو لیستەکانی دیکە خراپتر بوو. لە پەرلەمانی پێشووتر ٣٠

کورسیی لە کۆی ٢٧٥ کورسی هەبوو، کەچی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٠دا تەنیا ٢٠ کورسئی لە کۆی ٣٢٥ کورسی بەدەست هێنا. بەمەش بوون بە فراکسیۆنێکی بچووک لە پەرلەماندا. لەبەر نزیکیی *مەجلسی ئەعلا* لە لیستە کوردییەکان، بەتایبەتی لە پەیوەند لە پشتیوانیکردن لە چەسپاندنی فیدراڵیزم لە *عێراق* و دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی لە باشوور بۆ شیعەکان، بۆیە لاوازبوونی *مەجلسی ئەعلا* هێندەی دیکە سەنگی کوردەکانی لە پەرلەمان کەم کردوە. دەکرێت بڵێین کە یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن لەگەڵ هەندێک حیساباتی هەڵە لە پاڵ ئەو ستراتیجییەتە ڕاستەی کە سەدرییەکان بەکاریان هێنا لە بەدەستهێنانی کورسییەکان، هەمووی بەسەر یەکەوە بوون بە هۆکاری کەمبوونەوەی کورسییەکانی *مەجلسی ئەعلا* و زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانی سەدرییەکان. *مەجلسی ئەعلا* لەگەڵ *ڕەوتی سەدر* بە یەک لیستی هاوبەش دابەزیبوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە *مەجلسی ئەعلا* دەنگی زیاتری لە سەدرییەکان بەدەست هێنابوو، کەچی سەدرییەکان کورسیی زیاتریان پێ بڕا. هۆکاری ئەمەش وەک ئاماژەی پێ کرا، پەیوەندیی بەو حیساباتە هەڵانەوە بوو کە *مەجلسی ئەعلا* لە کاتی دابەزینی لیستە هاوبەشەکە لەگەڵ سەدرییەکان ئەنجامیان دابوو. دەنگەکانی *مەجلسی ئەعلا* پەرشوبڵاوتر بەسەر کاندیدەکانیدا دابەش ببوون، کەچی دەنگەکانی کاندیدەکانی سەدرییەکان چڕتر بوون لەسەر کۆمەڵێک لە کاندیدەکانیان، ئەمەش کاندیدەکانی سەدرییەکانی بردە پێش. دوای دابەشکردنەوەی دەنگی ئەو کاندیدانەی کە دەنگیان کەم هێنابوو، کاندیدەکانی سەدرییەکان شانسی سەرکەوتن و بردنەوەی کورسییەکانیان لە کاندیدەکانی *مەجلسی ئەعلا* زیاتر بوو. لە کۆتاییدا سەدرییەکان ٤٠ کورسییان بەرکەوت، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا تەنیا ٣٠ کورسییان بردبووەوە. بە هەمان شێوە لە *لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی*دا یەکێتی هەمان هەڵەی *مەجلسی ئەعلای* کردبوو، بەمەش کاندیدەکانی *پارتی دیموکراتی کوردستان* زیاتر شانسی بردنەوەی کورسییەکانی *لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی*یان بەرکەوت. *لیستی ئیسلاح* بە سەرۆکایەتیی **ئیبراهیم جەعفەری**، کە لە حزبی *دەعوە* جیا ببووەوە، لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا یەک کورسیی بردەوە، ئەمەش سەنگی **جەعفەری**ی لە

هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق‌دا کەم کردەوە. *لیستی فەزیلە* کەمێک باشتر بوو، بە کەڵکوەرگرتن لە کۆتای ژنان.

پاش دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان، هەر زوو کێشمەکێشێک لەسەر ئەوەی چ لیستێک یان فراکسیۆنێک مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە، سەری هەڵدا. ململانێکە چەقی لەسەر مادەی ٧٦ لە دەستووری *عێراق* گرتبوو، ئەو مادەیەی دەستوور دەڵێت "سەرۆککۆمار کاندیدی ئەو فراکسیۆنە (الکتلة/Bloc) پەرلەمانییەی زۆرترین ئەندامی هەیە، ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی *ئەنجوومەنی وەزیران*." *لیستی عێراقییە* دەیگوت گەورەترین فراکسیۆن واتە گەورەترین لیستی براوە، لە بەرانبەردا لیستی *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان*، کە لە دوای هەڵبژاردنەکان هاوپەیمانییەکەیان یەک خستەوە، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە گەورەترین فراکسیۆن واتە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی، چ لە پێش یان دوای هەڵبژاردنەکان پێک هاتبێت (Ahmed 2010; Sharbil 2010). ئەم خاڵە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جێگەی ململانێ و کێشمەکێشی لایەنەکان بوو، بە ڕادەیەک کە حکومەتە کەمتواناکەی لە پەلوپۆ خستبوو. دواتر کەیسەکە خرایە بەردەم *دادگای فیدراڵیی عێراق*، ئەویش لە بەرژەوەندیی لیستەکانی *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی*، واتە بە دژی *لیستی عێراقییە* پرسەکەی یەکلا کردەوە. ئەمەش بە پێناسەکردنی گەورەترین فراکسیۆن بەو فراکسیۆنەی کە لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەماندا وەک فراکسیۆن خۆی بەیان دەکات ( Daily Star 2010). بە واتەیەکی دیکە، گەورەترین فراکسیۆن مەرج نییە گەورەترین لیستی براوە بێت، کە *لیستی عێراقییە* بوو، بەڵکو دەکرێت ئەو هاوپەیمانییە بێت کە هەردوو لیستەکانی *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی* پێکیان هێنا. لە ئاکامدا لیستەکەی **عەلاوی**، کە لە لایەن سوننەکان پشتیوانیی لێ کرابوو، مەحرووم کرا لە شانسی پێکهێنانی حکومەت و شانسەکە درا بە *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* دوای ئەوەی کە لەگەڵ *دەوڵەتی یاسا* یەکیان گرت. بەمەش هاوپەیمانییە نوێیەکە بوو بە خاوەنی ١٥٩ کورسی، واتە چوار کورسییان کەمبوو بۆ گەیشتن بە زۆرینەی پەرلەمانی تا بتوانن حکومەت پێک بهێنن. ئەمەش بۆ جارێکی دیکە کوردەکانی کردەوە بە

هێزی یەکلاکەرەوە، بەڵام کوردەکان هیچ کاتێک وەک پێویست کەڵکیان لەو ڕۆڵە گرنگە نەبینی یان وەک پێویست گوێ لە داواکانیان نەدەگیرا.

ململانێکان لەسەر ئەوەی کە کێ مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە و دواتریش گفتوگۆکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت، درێژ بووەوە بۆ مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە، بەوەش *عێراق* ڕیکۆردی درێژترین ماوەی لە نێوان هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەت شکاند. *هۆڵەندا* بە ٢٠٧ ڕۆژ هەڵگری ڕیکۆردەکە بوو، عێراق بە ٢٨٩ ڕۆژ ڕیکۆردەکە*ی* شکاند. ئەگەر فشارەکانی *ئێران* نەبا بۆ سەر لایەنە شیعەکان، لەوانە بوو زۆر لەوەش زیاتر بخایەنێت. ئەگەر هەڵە نەبم *بەلجیکا* لە ساڵی ٢٠١١دا ڕیکۆردەکە*ی عێراقی* شکاند. هەوڵەکانی **عەلاوی** و لیستەکە*ی* بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان و *مەجلسی ئەعلا* سەرکەوتوو نەبوو، کەچی هەوڵ و فشارەکانی *ئێران* لەسەر لایەنە شیعەکان دواجار بوو بە مایەی ڕازیبوونیان لەسەر مانەوەی **مالیکی** وەک سەرۆکوەزیران و بۆ دووەم جار شانسی پێکهێنانی حکومەتی پێ درا. لە ئاکامدا لە دوارۆژەکانی مانگی کانوونی یەکەمدا حکومەتێکی ناتەواو لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا کە **مالیکی** وەک شیعەیەک، سەرۆکوەزیرانی بوو. **تاڵەبانی**یش وەک کوردێک، لە پۆستی سەرۆککۆماری مایەوە و **ئوسامە نوجەیفی** وەک سوننەیەک، کرا بە سەرۆکی پەرلەمان. **مالیکی** وەزیری بەرگری و ناوخۆی دیاری نەکرد. پەرلەمان تا ساڵێک هەر لە چاوەڕوانیی پەسەندکردنی وەزیری ناوخۆ و بەرگری بوون، تا **مالیکی** دوو کەسایەتیی بێهێزی لە پۆستەکان دانا. لە ڕاستیدا لە ساڵەکانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ **مالیکی** تاکە بڕیاردەری سەرەکی بوو لە پرسە پەیوەندارەکان بە ئەمن و ئاسایشی وڵات. **مالیکی** لە غیاب و لەبوونی وەزیری بەرگری و ناوخۆدا پۆستەکەی وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە خزمەت زاڵکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی و حزبی *دەعوە* بەسەر سوپا و لەوێشەوە بەسەر *عێراق* خستبووە گەڕ. هەرچەندە حکومەتەکە بە ناو حکومەتێکی بنکەفراوان بوو، کەچی **مالیکی** زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی، تەنانەت شیعە هاوپەیمانەکانیشی، لە پرسە ستراتیجی و گرنگەکان پەراوێز خستبوو. ئەمەش زەمینەی بۆ ئەو کارەساتانە خۆش کرد کە دواتر بەرۆکی *عێراق*یان گرت، بە دارمانی *سوپای*

عێراق‌یشەوە لە بەردەم هێرشی تیرۆرستەکانی *دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام* (*داعش*) لە ناوچە سوننەنشینەکان. بەگشتی **مالیکی** حکومەتێکی پێک هێنا کە دەعوە سەدرییەکانیشی تێدا باڵادەست کرابوو، بەمەش خۆی لە *ئێران* نزیک و لە *ئەمەریکا* دوور خستەوە. ئەمەش ئەمەریکییەکانی لە حاڵەتی دڵەڕاوکێ دانا، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند، تا لە ساڵی ٢٠١١دا *عێراق*یان بەجێ هێشت بەبێ ئەوەی لەو سەرکێشییەی بە هاتنیان بۆ *عێراق* کردیان، وەک دەوڵەت شتێکیان دەست بکەوێت. دیارە هەندێک کۆمپانیای نزیک لە **دیک چینی**، جێگری سەرۆکی *ئەمەریکا* و هەندێک بەرپرسی دیکەی ئەمەریکی، سودمەند بوون، بەڵام ئەوە پرسێکی دیکەیە.

گومانی تێدا نییە کە لە دوای داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا*وە، ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵات و تواناکانی *ئێراق* لە گەمەکردن و ڕۆڵگێڕان لە هەڵکشاندا بوو. سەرەڕای ئەمە، *ئێران* هێشتان لە هەوڵی زیات رو وەگەڕخستنی کارتی دیکە بوو. دوای دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا*، *ئێران* بەردەوام لە پشتی پەردەوە کار لەسەر بردنەپێشی کاندیدێکی نزیک لە خۆی بە ناوی **مەحموود هاشمی شەهروودی** دەکات، تا جێگەی **عەلی سیستانی** بگرێتەوە، هەر کاتێک پیرە**سیستانی** مرد. **سیستانی** ناسراوە کە سەر بە خوێندنگەی هێمنەکانە لە ناو شیعەکان، کەچی **شەهروودی** بە پێچەوانەوە (McGeough 2012). ئەگەر **شەهروودی** جێگەی **سیستانی** بگرێتەوە، ئەوە بە شێوەیەکی سەراپاگیرتر *ئێران* کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسیی *عێراق* دادەنێت، ئەویش بە لاربوونەوەی زیاتر بە لای بەرژەوەندییەکانی *ئێران*. ئەم هەوڵەی *ئێران* سەر بگرێت، کاریگەریی لەسەر زیاتر بەئایینیبوونی سیاسەت لە *عێراق* دەبێت، چونکە **شەهروودی** ناسراوە بە خۆتێهەڵقورتاندنی ڕاستەوخۆ لە سیاسەت. لەبەر ئەوەی ئەم پرسە لە دەرەوەی کایەکانی ئەم کتێبەیە، بۆیە قسەی زیاتری لەسەر ناکەین، سەرەڕای گرنگییشی.

ئەگەر هەڵبژاردنەکان و ئەو ڕووداو و ململانێیانەی بەدوایدا هاتن شتێک بسەلمێنن، ئەوا ئەوە دەسەلمێنن کە پێکهێنانی حکومەت لە وڵاتێکدا کە لایەن و حزبە سیاسییەکانی لەسەر خەتی مەزهەبی و نەتەوەیی دابەش بووبن، چەندە سەختە و پرۆسەی سیاسییش لە *عێراق* چەندە لەرزۆک و کراوەیە بە ڕووی

ئەو ترس و هەڕەشانەی کە لەسەریەتی. سەرباری هەموو ئەمانەش، کێشمەکێش و ململانێکان پێمان دەڵێن کە لایەن و هاوپەیمانی و فراکسیۆنەکان تەنیا لەسەر خەتی مەزهەبی و نەتەوەیی دابەش نەبوون، بەڵکو لە ناو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیشدا پەرشوبڵاوی و دابەشبوون نەک هەر هەستی پێ دەکرێت، بەڵکو بە زەقی لە پرۆسە سیاسییە لەرزۆکەکەی دوای ڕووخانی **سەدام** دەرکەوتوون. ئەمەش لەمیانی دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی *هاوپەیمانیی شیعەکان* و دواتریش لەسەر دیاریکردنی کاندید بۆ سەرۆکوەزیران لە ناو شیعەکان بە ڕوونی دەبینران. ڕاوێژ و فشار و چاوسوورکردنەوەی *ئێران* نەبا، ئەگەری زۆر بوو کە گفتوگۆکانی نێوان *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی* بە بنبەست بگات. هاوکات ترسی هەردوو لایان لە لیستەکەی **عەلاوی**، بە واتایەکی دیکە سوننەکان، نەبا کە شانسی پێکهێنانی حکومەتی پێ بدرێت، ئەوە ململانێکانی نێوانیان هێندە چڕ بوو کە ئەگەرەکانی پێک نەهاتنیان لە پێکهاتنیان زۆر زیاتر بوو.

لیستەکەی **عەلاوی**یش کە خۆی بە بانمەزهەبی لەقەڵەم دەدا، زۆری پێ نەچوو درزی تێکەوت و چوار ئەندام، کە لیستەکەیان بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەزهەبی و **عەلاوی**یش بە بێتوانایی تاوانبار کرد، لێی کشانەوە (Najm 2011). بەشداربوونی کوردەکان بە چوار لیست هەر خۆی لە خۆیدا نیشانەی دابەشبوون و پەرتەوازەییماڵی کوردییە. لەگەڵ ئەوەشدا، تاکە فراکسیۆنێک کە زوو هەڵوەشایەوە، *عێراقییە* بوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە فراکسیۆنە مەزهەبی و نەتەوەییەکان نایەکگرتوو بوون، کەچی هێشتا لە فراکسیۆنە بە ناو بانمەزهەبییەکەی *عێراقییە* خۆڕاگرتر بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شوناسی مەزهەبی و نەتەوەیی لە *عێراق*، لانیکەم تا ئەوکات لە هەر شوناسێکی دیکە بەهێزتر بوو. هاوکات ناکرێت ئەوەش پشتگوێ بخرێت کە لیستەکەی **عەلاوی** تاکە لیست بوو کە هەر لە *نەینەوا و کەرکووک*ەوە بگرە تا دەگاتە *بەسرە* نوێنەریان هەبوو، بەڵام تاکوتەرا نەبێت هەر هەموویان سوننە بوون. هۆکاری سەرەکیی بردنەوەی کورسیی زۆر لەلایەن لیستەکەی **عەلاوی**، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سوننەکان بەگشتی ئەم جارە بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە لە دەوری یەک لیست کۆ

بوونەوە، پێچەوانەی کوردەکان، ئەمەش وای کرد کە دەنگی سوننەکان بە فیڕۆ نەڕوات و تەرجومە بکرێت بۆ کورسیی زیاتر. هۆکارێکی دیکەی دەنگهێنانی لیستەکەی **عەلاوی** دەگەڕێتەوە بۆ بێزاریی هەندێک لە شیعەکان لە حزبە مەزهەبییە-ئیسلامییەکانیان، ئەمەش وای لێ کردن دەنگ بدەن بە *لیستی عێراقییە*، کە خۆی وەک هاوپەیمانییەکی بانمەزهەبیی سێکولار دەناساند، بەمەش **عەلاوی** دەنگی هەندێک لە شیعەکانی بەدەست هێنا.

هەر زوو دوای بەیانکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٠، دیسانەوە ژمارەیەک چاودێرو ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتوان بانگەشەی سەرکەوتنی ڕەوتە بانمەزهەبییەکانیان کرد. هەندێک لەوانە باسیان لەوە دەکرد کە ئەنجامەکان وا پیشان دەدەن کە دەنگدەری عێراقی خۆی دوور خستووەتەوە لە عەشیرەتگەری و ئێستا مەیلی بە لای ڕەوتە ئایدیۆلۆجییەکان و ئەوانەی کە سیاسەتەکانیان لەسەر بنەمای پرسەکان داڕشتووە هەیە، نەک شوناسی نەتەوەی و مەزهەبی. بۆ نموونە، **زەڵمای خەلیلزاد**، باڵیۆزی *ئەمەریکا* لە *عێراق* (٢٠٠٥-٢٠٠٧)، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا عێراقییەکان بەگوێرەی مەزهەبەکانیان دەنگیان دا، چونکە هەستیان بە هەڕەشە دەکرد و بۆ خۆپاراستن و سەلامەتییان خۆیان لە قاوغی شوناسدا حەشار دەدا، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا، واتە لە ساڵی ٢٠١٠دا، بەدوای ژیانێکی باش و خزمەتگوزاریی چاکتردا بوون (Khalilzad 2010). **فیراس ئەترەقچی** دەڵێت **عەلاوی** دەنگی زۆربەی سوننەکان و هەندێک لە شیعەکانیشی بەدەست هێنا، نەک لەبەر ئەوەی کە شیعەیە یان کۆنەبەعسییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەنگدەرەکانی باوەڕیان بە پەیام و بانگەشە بانمەزهەبییەکانی کرد (Al-Atraqchi 2010). لە کاتێکدا زۆربەی سیاسەتوانە عێراقییەکان لە بەردەم خەڵک و میدیاکاندا عەشیرەتگەرییان شەرمەزار دەکرد و بانگەشەی نیشتمانپەروەرییان دەکرد، کەچی وردبوونەوەیەکی نزیک لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، هاوشێوەی ئەوانەی پێشووتر، نەخشەی دەنگدان لەسەر هێڵە مەزهەبییەکان و نەتەوەییەکان پیشان دەدن. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکان لە *عێراق*دا ئەوەندەی گرژی و ململانێ مەزهەبی و نەتەوەییەکانی توندتر کردووە، ئەوەندە خزمەتی

به بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی و ئامێزانی نیشتمانی نەکردوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵبژاردنەکان بەردەوام  ململانێکان گرژ دەکەنەوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە تا ئێستا هەڵبژاردنەکان ئەوەندەی لە خزمەت دەرکەوتنی هێڵە مەزهەبییەکان بوون، ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر کاڵبوونەوەیان نەبووە.

هەڵوێستە سیاسییەکان و ڕیزبەندییە سیاسییەکان لە دوای هەڵبژاردنەکان، بە زەقی ئاماژەیان بەوە دەکرد کە هێشتا زۆری ماوە عێراقییەکان عەشیرەتگەری تێبپەڕێنن، ئەوە ئەگەر ئەگەری تێپەڕاندن هەر هەبێت لە دوارۆژێکی بینراودا. ئەو حاڵەتەی کە لە دوای هەڵبژاردنەکان هاتە پێش، پشتڕاستی ئەو ئارگیومێنتە دەکاتەوە. بۆ نموونە، کاتێک لیستەکەی **عەلاوی** بە پشتیوانیی سوننەکان پێش هەموو لیستە براوەکان کەوت لە هەڵبژاردنەکاندا، دوو لیستە شیعەکە (*دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی*)، کە پێش هەڵبژاردنەکان لە ململانێیەکی سەختدا بوون، لە ترسی ئەوەی نەکا سوننەکان لەسەر شانی **عەلاوی** بێنەوە سەر حوکم، کەوتنە گفتوگۆ بۆ تێکەڵبوونەوە. سەرەڕای ململانێ و قۆڵبادانەکانی پێش هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنەکان، کەچی بە دژی سوننەکان کێشەکانی نێوانیان وەلا نا، ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە شیعەکان تێیدا لایەنی دەستڕۆیشتوو بن وەک جارەکانی پێشووتر. ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەی بەهێزە کە لە تەنگەتاویدا شوناس و بەرژەوەندییە مەزهەبییەکان یەکلاکەرەوەی پرسەکانن. بە هەمان شێوە بەرخوردی **عەلاوی** لە بەرانبەر تێکەڵبوونەوەی *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی* ئاماژەیەکی دیکەیە. لە بەرانبەر دووبارە تێکەڵبوونەوەی دوو لایەنە شیعییەکە، **عەلاوی** گوتی مەبەست لە پێکهێنانی حکومەت لە لایەن *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* دوورخستنەوەی *لیستی عێراقییە*یە، کە لەوانەیە جارێکی دیکە *عێراق* ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ بکاتەوە، وەک ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ بە خۆیەوە بینی (Fadel 2010a; Chulov 2011). ئەم قسەیەی **عەلاوی** ئەوە پیشان دەدات کە لیستەکەی ئەو نوێنەرایەتیی سوننەکان دەکات.

بێجگە لەو ئاماژە و دەرکەوت و بەڵگانە، نەبردنەوەی هیچ کورسییەک لە لایەن لیست و لایەن و حزبە نیشتمانییە بانمەزهەبییەکانی وەک *حزبی شیوعیی عێراقی* (کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا دوو کورسیی بردبووەوە) لەگەڵ *بزووتنەوەی ئەحرار* و *حزبی ئوممە* (کە هەر یەکەی کورسییەکیان بردبووەوە) ئاماژەی دیکەن بۆ پاشەکشەی نەک هاتنەپێشی لایەن و لیستە بانمەزهەبییەکان (بڕوانە پاشکۆکانی - ٢، ٤ و ٧). دیارە ناکرێت ئەوە لە بیر بکەین کە گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنەکان لە یەک بازنەییەوە بۆ هەژدە بازنەیی شانسی حزب و لایەنە بچووکەکانی کەمتر کردبووەوە. بە هەرحاڵ، ئەو هەوڵە زۆرە شکستخواردوانەی کە **مالیکی**یش دای بۆ دروستکردنی پردێک لە نێوان لیستەکەی و هەندێک لیستی سوننەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بانمەزهەبی، لە ڕاستیدا بنکۆڵی ئەو ئارگیومێنتانە دەکات کە گوایە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ پاشەکشەی بە عەشیرەتگەری کردووە لە *عێراق*. **سادق ڕیکابی**، ڕاوێژکارێکی سیاسیی **مالیکی**، سعودییەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی کە ڕێگرییان کردوە لە هاتنی لیستە سوننەکان بۆ ناو لیستی *دەوڵەتی یاسا* (Rubin 2010). لەوەش زیاتر، لە دوای هەڵبژاردنەکان **مالیکی** ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە "ئێمە پێمان وا بوو کە باش چووبووینە پێش لە ڕیشەکێشکردنی عەشیرەتگەری، بەڵام واقع شتێکی دیکەی پیشان داین". ئەو پێشی وا بوو کە هەڵبژاردنەکان *عێراق*یان گێڕایەوە بۆ "چوارگۆشەی یەکەم' (Shadid 2010b). ڕاستییەکە ئەوەیە کە بژاردە سیاسییەکان لە پێش و لە کاتی و لە دوای هەڵبژاردنەکان، چ ئەوانەی دەنگدەران و چ ئەوانەی دەنگی خەڵکیان هێنا، هەر لەسەر بنەمای شوناسی مەزهەبی و نەتەوەیی دیاری دەکران. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بێ پێچوپەنا دابەشبوونی *عێراق* بەسەر چوار گرووپی سیاسی، کە دوانیان شیعەن، دەردەخەن، کە ئاوێنەی دابەشبوون و هێڵە مەزهەبی و نەتەوەییەکان پیشان دەدەن (بڕوانە پاشکۆ - ٧). دوو لیستە شیعییەکە (*دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی شیعەکان*) هەر نۆ پارێزگا شیعەنشینەکەی باشوور و زۆرینەی هەرە زۆری کورسییەکانی *بەغدا*شیان بردەوە. لیستی *عێراقییە*ی **عەلاوی** هەرچوار پارێزگاکەی ڕۆژئاوا و باکوور و ناوەڕاستی بردەوە، کە زۆرینەیان

سوننەن، لە کەرکووکیش بە یەکسانی کورسییەکانی لەگەڵ *لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی* بەش کرد، چونکە لەو پارێزگایە تا ئەوکات ڕێژەی کورد و عەرەبی سوننە زۆر لێک نزیک بوون. *لیستی عێراقییە* لە کەرکووک و لە هەندێک پارێزگای باشووری *عێراق* دەنگ و کورسیی بەدەست هێنابوو، ئەم دەنگانە هیی ئەو عەرەبە سوننانەن کە لەو پارێزگایانە نیشتەجێن. وەک چاوەڕوانیش دەکرا، لیستە کوردییەکان تەواوی کورسییەکانی ناوچە کوردنشینەکانیان نەک ئەوانەی سێ پارێزگاکەی *هەرێم*، بەڵکو ئەوانەی دەرەوەی پارێزگاکانی *هەرێم*یش بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، ئەوانەی *کەرکووک*یش نیوەی بەر *هاوپەیمانیی کوردستانی* کەوت، کە تا ڕادەیەک نزیکە لە ڕێژەی کورد لە پارێزگاکەدا.

لە پێش هەڵبژاردنەکان، واتە لە گەرمەی بانگەشەکان، ڕاست پێچەوانەی جارەکانی پێشووتر **مالیکی** خۆی و لیستەکەی وەک نەیارێکی حکومەتی بنکەفراوان پیشان دەدا و بەڵێنی ئەوەی دەدا کە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەدەن بە بنەما لەسەر ئیستیحقاقی ئینتیخابی یان زۆرینەی سیاسی (السالم ٢٠١٠). بەڵام نەخشەی دەنگدانەکان و ئەنجامەکان وایان لە **مالیکی** کرد کە بە هەڵوێستەکەی خۆیدا بچێتەوە و پشتیوانی لە حکومەتی شەراکەت بکات، کە لە ڕاستیدا هەمان موحاسەسە (المحاصصة)ەکەی جاران بوو، واتە دابەشکردنی پۆستەکان لە نێوان لایەنە براوە مەزهەبی و نەتەوەییەکان.

### سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق

شیکارێک بۆ ئەگەرەکانی سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت لە ژێر تیشکی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بایەخی خۆی هەیە، چونکە تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزییەکانی پرسی سیاسەت لە *عێراق* لە لایەک و لە لایەکی دیکەش گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەمان دابەشبوون لە هاوکێشە سیاسی و پەرلەمانییەکان لە داهاتووی *عێراق*، لانیکەم لە داهاتووی بینراو، هەیە. ڕاستە نەخشەی سیاسی لە دوای هەموو هەڵبژاردنەکان گۆڕاوە، بەڵام بەو ڕادەیە نەبووە کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە

هاوسەنگییەکاندا دروست بکات. بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دەکرێت لانیکەم گفتوگۆ لەسەر چوار سیناریۆ بکرێت:

**سیناریۆی یەکەم:** پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لە نێوان *لیستی دەوڵەتی یاسا* (٨٩ کورسی) و *لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* (٧٠ کورسی) لەگەڵ لیستە کوردییەکان (٥٧ کورسی).[١] ئەم هاوپەیمانییە گەورەیە خاوەنی ٢١٦ کورسی دەبێت لە پەرلەمان، ئەمەش بەپێی دەستوور زەمانەتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران دەکات. لەم سیناریۆیەدا *لیستی عێراقییە* لەگەڵ لایەنە بچووکەکانی دیکەی پەرلەمان دەتوانن ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی پێک بهێنن، ئەمەش دەکرێت ببێتە پاڵپشتییەک بۆ ڕەوڕەوەی دیموکراسی لە وڵات. ئەم سیناریۆیە لایەنە عێراقییەکان لەسەر هێڵی نەتەوەیی و مەزهەبی ڕیزبەند دەکات، کورد و شیعە لە حکومەت و سوننەکان لە ئۆپۆزسیۆن. ئەگەری زۆر کەم هەیە کە سیناریۆیەکی لەم شێوەیە لە لایەن *ئەمەریکا* و وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە پێشوازیی لێ بکرێت، بەڵام لەوانەیە *ئێران* بە پیرییەوە بچێت. لە ئەرزی واقع ئەم سیناریۆیە نە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ و نە بۆ ئەوانی دواتر بواری بەرجەستەکردنی هەیە، چونکە دەبێتە مایەی ئەوەی هێندەی دیکە سوننەکان پەراوێز بخرێن و بەنزین بە ئاگری تووڕەییەکانیاندا بکات و بیرەوەرییە تاڵەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ زیندوو بکاتەوە.

**سیناریۆی دووەم:** دەکرا حکومەت لە لایەن **عەلاوی** بە نوێنەرایەتیی *لیستی عێراقییە* پێک بهێنرێت و لە لایەن *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان*و لیستە کوردییەکان پشتیوانی لێ بکرێت، لە بەرانبەریشدا *دەوڵەتی یاسا* و لایەنەکانی دیکە ببن بە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان. ئەگەری ئەوە زۆر بوو کە ئەم سیناریۆیە لە لایەن *ئەمەریکا* و هەندێک زلهێزی ناوچەکە، بێجگە لە *ئێران*، پشتیوانیی لێ کرابایە. بەشداربوونی تەواوی سوننەکان لە حوکم و پرۆسەی سیاسی بەم سیناریۆیە، تا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر دەبوو. حکومەتەکەش

[1]. لیستە کوردییەکان لەم لیستانە پێک هاتبوو: *هاوپەیمانیی کوردستانی* (٤٣ کورسی)، *بزووتنەوەی گۆڕان* (٨ کورسی)، *یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان* (٤ کورسی) و *کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان* (٢ کورسی).

نوێنەری لە هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان دەبوو، بەڵام خاڵی لاواز و ڕێگرییەکانی پێش ئەم سیناریۆیە لەوەدا بوو کە: یەکەم، **عەلاوی** وەک کەسێکی تازەگەڕاوە بۆ وڵات دەبینرا، چونکە ئەو لەو ڕۆژەی کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی لە ٢٠٠٥ لێ وەرگیرایەوە، ئیدی لە دەرەوەی *عێراق* دەژیا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پەرلەمانتاریش بوو. واتە ڕاستەخۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ڕۆڵی نەدەبینی. ئەمەش کەسایەتیی ئەوی لەکەدار کردبوو، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بارەگاکەی لە *ئوردن* بوو، کە ناسراوە بەوەی کۆنەبەعسییەکانی لێ کۆ بووەتەوە. دووەم، کۆبوونەوەی کۆنەبەعسییەکان و لایەنگرەکانیان، بە ئاگەداریی **عەلاوی** یان بێ ئاگەداریی ئەو لە *لیستی عێراقییە*، نیگەرانیی لە لایەن کورد و شیعەکان دروست کردبوو. بۆیە کوردەکان و شیعەکان ترسی ڕابردوویان لێ نیشتبوو. ئەوان پێیان وا بوو کە بەعسییەکان، یان هاوکارەکانیان، لەسەر شانی **عەلاوی**یەوە دەیانەوێت دەسەڵات بگرنەوە دەست. هەڕەشەکانی **عەلاوی** لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، بەوەی ئەگەر ڕێگە نەدرێت لیستەکەی ئەو حکومەت پێک بهێنێت ئەوە *عێراق* جارێکی دیکە نوقمی شەڕی مەزهەبی دەبێت (Parker 2010)، هێندەی دیکە خەڵکەکەی نیگەران کردبوو. سێیەم، بە هاتنەسەرحوکمی **عەلاوی** و سوننەکان ترسی گەڕانەوەی کۆنەئەفسەرە سوننییەکان دەهاتە پێش، کە لەوانەیە ڕێخۆشکەر بان بۆ کودەتای سەربازی. بیرکردنەوە لەم سیناریۆیە بیرەوەرییە تاڵەکانی لادانی **عەبدولکەریم قاسم**ی لە لایەن ئەفسەر سوننەکان و دواتریش هاتنەسەرکاری بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتاوە زیندوو کردبووەوە. چوارەم، **عەلاوی** نەدەیتوانی کوردەکان ڕازی بکات کە دەستبەرداری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بن، نەشیدەتوانی سوننەکانی هاوپەیمانییەکەی ڕازی بکات کە مل بۆ داواکانی کورد بدەن لە پەیوەند بە مادەکە و دەرکەوت و دەرئەنجامەکانی، کە بە توندی دژایەتیی هەوڵەکانی جێبەجێکردنی مادەکەیان دەکرد. بەگشتی حکومەتەکەی ئەم سیناریۆیە، کێشەی ئێجگار زۆری ڕووبەڕوو دەبووەوە، چونکە دروستکردنی هاوڕاییەک لە نێوان ڕەوت و لایەنە دژبەیەکەکانی زۆر ئەستەم بوو.

**سیناریۆی سێیەم:** دەکرا گەورەهاوپەیمانییەک لە نێوان دوو لیستە براوەکەی سەری سەرەوە، *لیستی عێراقییە* (٩١ کورسی) و *لیستی دەوڵەتی یاسای* (٨٩ کورسی) پێک بهێنرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەو ١٨٠ کورسییە کافی بوو بۆ پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی سەرۆککۆمار. ڕاستە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک ٢١٦ دەنگ پێویستە، بەڵام ئەگەر لە دەنگدانی یەکەمدا کەس ٢١٦ دەنگی بەدەست نەهێنا، ئەوە لە دەنگدانی دووەم تەنیا ١٦٣ دەنگ مەبەست دەپێکێت. لەوانە بوو سیاسەتی هەرە سەرەکیی ئەو حکومەتەی لە پێکهاتنێکی ئاوەهادا دروست دەبوو، سێنتراڵیزەکردنی *عێراق* و دژایەتیکردنی فیدراڵیزم و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبوو لەگەڵ سەرنجدان لەسەر شوناسی عەرەبیبوونی *عێراق*. بەڵام سەرەڕای هەندێک بەها و سیاسەتی هاوبەش و هاودیدی لە هەندێک پرسدا، پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان ئەو دوو لیستەدا نزیک بوو لە مەحاڵ، لەبەر زۆر هۆکار، لە سەرووی هەموویانەوە ململانێی کەسیی نێوان دوو سەرکردەی لیستەکە، **عەلاوی** و **مالیکی**. بە هەرحاڵ، دوو سەرکردەکە دەکرا بسازێن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێک کە دوو ساڵ **مالیکی** و دوو ساڵ **عەلاوی** سەرۆکایەتیی بکات. دەکرا کە کابینەیەک پێک بهێنن کە دوای دوو ساڵی یەکەم هەڵبوەشێتەوە یان هەر بەردەوام بێت تەنیا سەرۆکوەزیران بگۆڕێت.

ئەم سیناریۆیە دەکرا ببێت بە بنەما بۆ سازانێکی گونجاو لە نێوان شیعەکان و سوننەکان، هەروەها ببێت بە سەرەتایەک بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەی نێوانیان و خاوکردنەوەی هەندێک گرژیی دیکە. ئەگەر ئەم دوو لیستە بیانتوانیایە لەسەر هەندێک پرسی ستراتیجی پێک بهاتنایە، لەوانە بوو ببێتە مایەی دروستبوونی حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر کە توانای گێڕانەوەی ئەمن و ئاساییشیشی هەبێت بۆ *عێراق*. لایەنە براوەکانی دیکە وەک *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* و لیستە کوردییەکان دەیانتوانی بە ١٤٥ کورسی ئۆپۆزسیۆنێکی تا ڕادەیەک بەهێز پێک بهێنن. بەرجەستەبوونی حکومەتێکی لەم شێوەیە بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی کوردەکانی لە حکومەت و سیاسەت لە *عێراق* زۆر کەم دەکردەوە، چونکە هەردوو لا دژی فیدراڵیزم بوون.

بوونی کۆمەڵێک هاوبەش لە نێوان ئەو دوو لیستە مانای ئەوە نییە کە هاوپەیمانییەکە بێکێشە دەبوو، لە ڕاستیدا هەردوو لیست دید و بۆچوونی وای لەخۆ گرتبوو کە سازان لە نێوانیان زۆر سەخت بوو. ئەم دوو لیستە لە زۆر پرسدا دیدەکانیان بەر یەک دەکەوتن، بەتایبەتی لە پرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە؛ *لیستی عێراقییە* دەیویست *عێراق* بگێڕێتەوە بۆ فەلەکی عەرەبی-سوننی، وەک پێش ڕووخانی **سەدام**، کەچی لیستەکەی **مالیکی** بۆی زەحمەت بوو کە هیلالی شیعی بەجێ بهێڵێت لەبەر پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ *ئێران*. لەسەر پرسە ناوخۆییەکانیش، لە کاتێکدا کە *لیستی دەوڵەتی یاسا* پێداگریی لەسەر دوورخستنەوەی بەعسییەکان دەکرد و بەردەوام ئەفسەرە سوننەکانی دەخستە سەر لیستی خانەنشینی و ئەوانەی مابوونەوەش لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی دوور خست بوونەوە و دوور دەخستەوە، لە بەرانبەردا *لیستی عێراقییە* داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕیشەکێشکردنی *بەعسی* دەکرد و دەیەویست لەگەڵ هاتنەسەرحوکم ئەفسەرە سوننەکان بگێڕێتەوە بۆ پۆستەکانی خۆیان. ئەم خاڵە هۆکاریی هەرە سەرەکی بوو لە پێش ئەگەرەکانی گفتوگۆ لە نێوان ئەو دوو لیستەدا. ئەگەر هاوپەیمانییەکە دروستیش ببوایە، ئەوە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هەبوو. وەک دواتر دەرکەوت، **مالیکی** و لیستەکەی نەک هەر لەگەڵ *عێراقییە* هاوپەیمانیی پێک نەهێنا، بەڵکو بەردەوام کاندیدەکانی *عێراقییەی* بۆ پۆستی وەزیری بەرگری ڕەت دەکردەوە، چونکە دەترسا کە دامەزراندنی سوننەیەک لە *لیستی عێراقییە* وەک وەزیری بەرگری، پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* هەڵبگێڕێتەوە و ئەفسەرە سوننەکان بهێنێتەوە شوێنی خۆیان.

**سیناریۆی چوارەم**: سیناریۆی حکومەتی بنکەفراوان، کە لە کۆتاییدا لایەنەکان لەسەری پێک هاتن، ئەوکات و دواتریش لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ەشدا بەهێزترین ئەگەر بوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لیست و هاوپەیمانییەکانی پێش دانیشتنی پەرلەمان و دوای دانیشتنی پەرلەمان لە حزب و لایەنی مەزهەبی و نەتەوەیی پێک هاتبوون، بۆیە نەدەکرا، یان لانیکەم سەخت بوو کە حکومەتی زۆرینە پێک بهێنرێت، چونکە هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی *عێراقی* پەراوێز

دەخست و ئەمەش زیاتر خزمەتی بە گرژکردنەوەی پەیوەندییەکان دەکرد نەک سەقامگیری. حکومەتی بنکەفراوان تاکە فۆرمووله بوو کە بتوانێت زەمانەتی نوێنەرایەتیکردنی هەموو پێکهاتەکانی *عێراق* بکات. ئەوە بوو وەک جارەکانی پێشووتر لایەنەکان لەسەر ئەو فۆرمووله پێک هاتن کە سەرۆکوەزیران بەر شیعە و سەرۆککۆمار بۆ کورد و سەرۆکی پەرلەمان بەر سوننەکان بکەوێت. مەبەست لەم فۆرموولەیە بەگشتی، ئەوە بووە کە هیچ لایەنێک وەلا نەنرێت و کەم تا زۆر قسەی هەبێت لە حوکمڕانیدا. هاوکات هەوڵێکیش بووە بۆ ئەوەی کە سوننەکان بە لای یاخیبووەکان و گروپە تیرۆرستییەکان نەشکێنن و کوردەکانیش بەرەو جیابوونەوە هەنگاو نەنێن. سەرەڕای کەموکورتییەکانی ئەم فۆرموولەیە، وا پێ دەچێت تا ڕادەیەک ئامانجەکانی خۆی پێکابێت، لانیکەم تا ساڵی ٢٠١٤، کە بەشێکی بەرچاو لە سوننەکان لەبەر بێزاریی لەڕادەبەدەریان بە لای *داعش*دا شکاندیان.

لەوانەیە خراپترین خاڵی ئەم فۆرموولەیە ڕێگریکردنی بێت لە دروستبوون یان گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن، هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەی پەرلەمان، کە ئەوەی دواتریان بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی گەشەسەندنی دیموکراسی دادەنرێت. نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەگەرەکانی دروستبوونی میکانیزمەکانی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و شەفافییەت لە حوکمڕانیدا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات و بەشدارییپێکردن لە حوکمدا سست دەکات، ئەوە ئەگەر نەڵێین لەبار دەبات، یان هەر دروست نابێت. لەوەش زیاتر لەوانەیە ببێتە مایەی قووڵبوونەوە و تەشەنەکردنی گەندەڵی، چونکە لە حکومەتی بنکەفراواندا لایەنەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی پارچە کێکەکانیانن. حکومەتی بنکەفراوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، وەک ماڵی بەتاڵانبراو تەماشای سامانی گشتی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، وەک کەیسی عێراقی بە زەقی پیشانی دەدا، لە حکومەتی بنکەفراوان حزبحزبێنە و خزمخزمێنە تەشەنە دەکات، چونکە حزبەکانی دەسەڵات چاوپۆشی لە حزبحزبێنە و خزمخزمێنەی یەکدی دەکەن و هەر لایەنە بە قازانجی خۆی کەڵک لەو هەلانە وەردەگرێت کە بۆی ڕەخساون، وەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت. لەوانەیە حکومەتی

بنکەفراوان ڕێگری لە پێکدادان و شەڕی پێکهاتەکان بگرێت، بەڵام بە دیوەکەی دیکە خەونی دروستبوونی حکومەتێکی ڕەشید لە گۆڕ دەنێت.

بە هەرحاڵ، هەڵبژاردن ئەنجام درا و حکومەتیش لەسەر بنەمای سیناریۆی چوارەم پێک هات. سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی کە گروپە تیرورستییەکان کردیان، ڕێژەی بەشداریی خەڵک گەیشتە ٦٢%، بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی *عێراق* پێیدا تێپەڕ دەبوو، ئەم ڕێژەیە بەرزە. یەکێک لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ ئەوە بوو کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە تەواوی پێشبینی نەدەکرا، ئەمەش پێچەوانەی زۆربەی "هەڵبژاردنەکانی" *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* بوو، لانیکەم تا ئەوکات، کە ئەنجامەکان نەک هەر پێشبینی دەکرێن، بەڵکو زانراون. ئەمەش جۆرێک لە پێشبڕکێی ئازادانە و عادیلانە لە خۆ پیشان دەدات، ئەگەر زۆریش دوور بێت لە کامڵی.

*کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق* هەندێک دەستکاریی لە یاساکانی هەڵبژاردندا کرد، بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە چۆنێتیی سەرکەوتنی کاندیدەکان نەهێنایە پێش. بەگوێرەی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە هەر کاندیدێک بەدەستی هێنابوو لە ٣٢٥ کاندید تەنیا ١٦ کاندید بە دەنگەکانی خۆیان کورسیی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد (IHEC 2010). ئەوانی دیکە هەموو بە دەنگە کۆکراوەکانی کاندیدەکانی لیستەکەیان دەرچوون. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، تاکە یەک کاندیدی ژن بە دەنگی خۆی دەرنەچوو. **مەها عادل عەبدولمەهدی** لە پارێزگای *بەغداد* بە ٣١٩٤٩ دەنگ زۆرترین دەنگی هێنابوو، بەڵام هێشتا پێویستی بە ٥١٦١ دەنگی دیکە هەبوو بۆ ئەوەی بەبێ پشتبەستن بە دەنگی کاندیدەکانی دیکە کورسییەکەی مسۆگەر بکات. **سورەییا نەجم عەبدولفەتاح**، ئەویش هەر لە پارێزگای *بەغداد*، بە ٧٣٤ دەنگ توانی کورسییەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات، سوپاس بۆ کۆتای ژنان. بەگشتی ژنە کوردەکان دەنگیان لە ژنە عەرەبەکان زیاتر هێنابوو، ئەمەش دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ کراوەیی کۆمەڵگەی کوردی بەرانبەر بە کۆمەڵگەی عەرەبیی عێراقی تەماشا بکرێت. سەرەڕای ئەمە، دەنگهێنانی کەمی کاندیدە ژنەکان بە زەقی پیشان دەدات، کە کایەی سیاسیی لە *عێراق*، بە *کوردستان*یشەوە، کایەیەکە کە پیاو تێیدا گەمەکەری سەرەکییە، ئەوە ئەگەر نەڵێین تەواو زاڵە.

پێشهاتە سیاسییەکانی پێش و پاش هەڵبژاردنەکان ئەوە پیشان دەدەن کە سیاستەکردن لە *عێراق* بەدەر نییە لە نۆرمە گشتییەکانی سیاسەتکردن لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، کە خۆی لە سەپاندنی سەرکردەکان و پراکتیزکردنی گەمەی سیاسیی ناشیرین دەبینێتەوە. مالیکی لە خولی یەکەم و لە سەروبەندی خولی دووەمی وەک سەرۆکوەزیران، دەیان بەڵێنی بە کوردەکان و بە سوننەکان تەنانەت بە هاوپەیمانە شیعەکانیشی دا، بەڵام هیچیانی جێبەجێ نەکرد. گەمەیەکی سیاسیی وای لەگەڵ *لیستی عێراقییە* کرد، کە زۆری پێ نەچوو لیستەکە پەرلەمانتاری لێ هەڵدەوەری، بە ڕادەیەک کە پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ بەرەو پووکانەوە دەچوو. نیازەکانیشی لە خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولی سێیەم هێندەی دیکە ئەوی وەک سیاسەتوانەکانی ڕۆژهەڵاتی پیشان دەدا، کە هاتنەسەرحوکم وەک شەقامێکی تاکساید دەبینن. سوربوونی **مالیکی** لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وەزیری بەرگری و ناوخۆ بۆ ساڵانێک دوای پێکهێنانی حکومەت، زاڵیی عەقڵییەتی "براوە هەمووی دەبا (The Winner Takes it All)" دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی هەڵبژاردنەکان و پێشبڕکێی حزبەکان دەکرێت وەک سەرەتایەک بۆ گەشەی دیموکراسی و فرەحزبی ببینرێت، کە سەردەمی پادشایەتیی لێ دەربچێت، *عێراق* بە خۆیەوەی نەبینیبوو. سەرەڕای بوونی هەڵبژاردنەکان، هێشتا زۆری ماوە بەها و پرۆسە دیموکراسییەکان لە *عێراق* پێبگەن و ڕیشە دابکوتن.

### کوردەکان لە نێوان مانەوە و جیابوونەوە

بەپێچەوانەی دوژمندارییەکانی نێوان سوننەکان و شیعەکان، لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس* لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کوردەکان لەگەڵ شیعەکان بۆ ساڵانێک پەیوەندییەکانی نێوانیان چاک و نزیک و خۆش بوو. هەردوو لا لە زۆر بواردا هاوکاریی یەکدیان کرد، لەوانە: یەکەم، نووسینەوەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ و دەستووری هەمیشەیی لە ساڵی ٢٠٠٥. دووەم، دەنگدان بۆ تێپەڕاندنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥. سێیەم، دەرکردنی یاسایەک بۆ ڕێگەدان بە پارێزگاکان بۆ یەکگرتن و

پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی. نزیکیی شیعەکان و کوردەکان دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی خەبات لە دژی ڕژێمی *بەعس*، کە سوننەکانی کردبوو بە کۆڵەگەی حوکمڕانی و پەیڕەویی لە سیاسەتێکی دەمارگیرییانە بەرانبەر بە شیعەکان و کوردەکان دەکرد. بەمەش کورد و شیعەی خستبووە سەنگەرێکی هاوبەش لە بەرانبەر دوژمنێکی هاوبەش. سەرباری هەموو ئەمانە، کەچی دۆستایەتییەکەی نێوان شیعەکان و کوردەکان دوای باڵادەستبوونی شیعەکان لە حوکمدا درێژەی نەخایاند. گرژییەکان لە ئایاری ٢٠٠٥ دەستیان پێ کرد، کاتێک **ئیبراهیم جەعفەری**، سەرۆکوەزیران لەوکاتدا، لە کاتی سوێندخواردنی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران بەشێکی لە دەقی سوێندەکە قرتاند، کە ئاماژەی بە *عێراق*ێکی "فیدراڵ و دیموکرات" دەکرد (AFP 2005). ئەم کردەوەیەی **جەعفەری** کوردەکانی تووڕە کرد و هەستێکی وای لا دروست کردن کە ئەمە بەشێک بێت لە باوەڕنەبوون بە بەفیدراڵکردن و بەدیموکراسیکردنی *عێراق*، دوو خاڵ، بەتایبەتی یەکەمیان، کە کوردەکان نەک هەر بە بایەخەوە تەماشایان دەکرد، بەڵکو وەک بنەمایەک بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان دەیانبینی. کوردەکان پێیان وا بوو کە پێ دەچێت شیعەکانیش وەک سونەکان مافە نەتەوەییەکانیان بە ڕەوا نەبینن.

هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی گرژی لە نێوان کوردەکان و شیعەکان هەڵدانو هەڵنەدانی ئاڵای *عێراق* بوو. لە ئابی ٢٠٠٦دا **مەسعود بارزانی**، سەرۆکی *هەرێمی کوردستان*ی ئەوکات، هەڵدانی ئاڵای *عێراق*ی لە کوردستان قەدەغە کرد و پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوان ناتوانن ئاڵایەک هەڵبدەن کە جینۆسایدی کوردی لەژێر سایەیدا ئەنجام دراوە (Zebari 2006). لەبری ئاڵاکەی سەردەمی *بەعس*، لە *کوردستان* ئاڵای سەردەمی حوکمی **عەبدولکەریم قاسم** هەڵدەدرا، تا ئەوکاتەی کە دەستکاریی ئاڵای *عێراق* کرا، ئەویش بە لادانی سێ ئەستێرەکەی سەر ئاڵاکە کە ئاماژەیەک بوون بۆ ئامانجەکانی بەعس (تەماشای وێنە ٨-١ بکە). ئەم دوو ڕووداوە سەرەتایەک بوون بۆ دروستبوونی گرژییەکانی نێوان شیعەکان و کوردەکان، چاکتر بڵێین درێژەدان بە ململانێ کۆنەکەی نێوان کوردەکان و عەرەبە عێراقییەکان. ئەمەش ململانێ نەتەوەییەکانی نێوان کورد و عەرەبە عێراقییەکانی نوێ

کردەوە. لە هەمان کاتدا نزیکبوونەوەیەک لە نێوان لایەنە سوننییەکان و شیعییەکان لە بەرانبەر بە کورد هەستی پێ دەکرا. ئەم هاوسۆزییە لە دژی کورد بەتایبەتی لەسەروبەندی داڕشتنی پڕۆژەیاسای هەڵبژاردن بۆ پارێزگای کەرکووک ئاماژەکانی دەرکەوتن، کاتێک لیست و لایەنە عەرەبەکان (شیعەکان و سوننەکان) لە ساڵی ٢٠٠٨دا پشتیوانیی خۆیان لە تورکمانەکان لە بەرانبەر بە کوردەکان کرد. ئەم دابەشبوونە ترسی خستە ناو دانیشتوانی کەرکووک، بۆیە بە چاک زانرا کە خەمێک لە پرسەکە بخورێت. ئەمەش وای کرد پرسەکە بخرێتە بەردەم *پەرلەمانی عێراق* بۆ تاووتوێکردن و دەرکردنی یاسایەک بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی هەڵبژاردنی *ئەنجوومەنی پارێزگای* کەرکووک. ئەوە بوو لە پاییزی ٢٠٠٩دا کاتێک پەرلەمان یاسای هەڵبژاردنەکانی تاووتوێ دەکرد، پرسی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووک هاتەوە گۆڕێ. *پەرلەمان* بڕیاری دا کە ئەو هەڵبژاردنە گشتییەی کە چاوەنوارە لە ئاداری ٢٠١٠دا بکرێت، پارێزگای کەرکووکیش بگرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا دواخرا لە ترسی ئەوەی نەکا ململانێ نەتەوەییەکان لە پارێزگاکە بتەقنەوە. نەبوونی ئامار لەسەر دیموگرافیای کەرکووک، هۆکارێکی دیکەی دواخستنی هەڵبژاردنەکان بوو. ئەو سەرژمێرییەی کە دەستووری *عێراق* داوای کردبوو ئەنجام بدرێت، ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ دوادەخرا. حکومەتی *عێراق* و پێکهاتەی سوننە و شیعە و تورکمان ترسی ئەوەیان هەبوو کە سەرژمێرییەکە زۆرینەی کورد بسەلمێنێت لە پارێزگای کەرکووک، بۆیە بەردەوام ڕێگری و پاساویان دەهێنایەوە بۆ ئەنجامنەدانی سەرژمێرییەکە. لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی لە سەرژمێرییەکە بەکارهێنانی داتاکانی بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە.




*وێنەی ٨-١: ئاڵا و ئارمی عێراق و هەرێمی کوردستان*

ئەنجامدانی سەرژمێری بە هەموو ستانداردێک کارێکی ئاڵۆزە، بەڵام مومکینە. لەگەڵ ئەوەشدا لە *عێراق* سەرژمێری لە پرسێکی زانستی و ئاماری کراوە بە پرسێکی سیاسی و وەک ڕیفراندۆمێک بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکان تەماشا دەکرێت، بۆیەش بەردەوام دوادەخرێت. حکومەتی مەرکەزی پێی وایە کە ئەگەر ئەنجامی سەرژمێرییەکان زۆرینەیی کوردی پارێزگای کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکەی پیشان دا، ئەوە وەک دانانێک وایە بە شوناسی کوردی و کوردستانیی ئەو

ناوچانە. بە هەرحاڵ، دوای مقۆمقۆیەکی زۆر وەزارەتی پلاندانان بڕیاری دا کە لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠دا سەرژمێری ئەنجام بدات، کە دەبوو بە یەکەمین سەرژمێری لەساڵی ١٩٩٧ەوە. هەر زوو عەرەبەکان و تورکمانەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان هەڕەشەی بەشدارینەکردنیان کرد. نوێنەرێکی عەرەبەکان لە *ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک* گوتی "گەورەترین هەڕەشە لەسەر دواڕۆژی کەرکووک سەرژمێرییە... ئێمە داوا لە خەڵک دەکەین کە بەشداریی تێدا نەکەن" (McDermid 2010b). بە پێچەوانەوە، کوردەکان پێشوازییان لە بڕیارەکە کرد و باسی ئەوەیان دەکرد کە بە گەرمییەوە بەشداریی تێدا دەکەن. بەڵام دواتر دەسەڵاتداران بۆ کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ دوایان خست.

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە، ئەوەیە کە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی سەرژمێرییەکە تاکە خاڵی ناکۆکی نەبوو لە نێوان کوردەکان و عەرەبەکان و تورکمانەکان، بەڵکو پرسە جەوهەرییەکە پەیوەندیی بە هەندێک وردەکاریی ناو فۆڕمەکەی سەرژمێری بوو، کە کێشمەکێشی زۆری دروست کردبوو، بەتایبەتی پرسیارە پەیوەندارەکان بە نەتەوە و مەزهەب. ئەوە بوو مانگێک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، **عەلی بابان**، وەزیری پلاندانان، پێشنیازی ئەوەی کرد کە پرسیاری (خانەی) نەتەوە لە فۆڕمەکە لا ببرێت. دەسەڵاتدارە کوردەکان یەکسەر بەیانیان کرد کە ئەگەر خانەی نەتەوە لە فۆڕمەکان لا ببرێت، ئەوە ئەوان بەشداریی سەرژمێرییەکە ناکەن. ئەوان دەیانگوت ئەمە پێشێلکردنێکی زەقی دەستوورە کە دانی ناوە بە فرەنەتەوەیی *عێراق* ( AFP 2010). ململانێکان لەسەر سەرژمێری درێژەیان کێشا؛ لە سەرەتا *وەزارەتی پلاندانان* داواکانی عەرەب و تورکمانەکانی بۆ دواخستنی سەرژمێرییەکە پشتگوێ خست و دەیگوت کە داواکان پاڵنەری سیاسییان لە پشتەوەیە. سەرەڕای ئەمە، کاتێک فشارەکان زیادیان کرد، *وەزارەتی پلاندانان* بەیانێکی دەرکرد تێیدا گوتی کە لەبەر دوودڵیی هەندێک لایەن و گرووپی سیاسی لە پارێزگاکانی *کەرکووک* و *نەینەوا*، ئەو کۆمسیۆنەی کە بەرپرسە لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە وای بە چاک زانی کە سەرژمێرییەکە دوابخات بۆ کاتێکی دیکە، بۆ ئەوەی کات بدات بە لایەنەکان تا لەسەر پرسەکە بە پێکهاتنێک بگەن

(AFP 2010). حکومەتی *هەرێمی کوردستان* بەیانەکەی وەزارەتی ڕەخنە کرد و پێداگریی لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە کرد کە بڕیار بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠دا بەڕێوە بچێت. کوردەکان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە "ئەو خەڵکانە (عەرەبەکان و تورکمانەکان) لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەقیقەتەکان دەترسن، لەوانە زانینی قەبارەی خۆیان و دەنگدەرەکانیان لە *عێراق*. هەر هەوڵێک بۆ شێواندنی دیموگرافیای نەتەوەیی لە *عێراق* بۆ ئێمە هێڵی سوورە" (KRP 2010).

ململانێکە لەسەر سەرژمێری و پرسی دیاریکردنی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە *عێراق* سنوورەکانی *عێراقی* بەزاند. ژمارەیەک کۆنەبەعسی و ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس کە ناویان لە خۆیان نابوو *ترابیونالی برەسڵ* (*Brussells Tribunal*)، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سەرژمێری "تاوانێکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییە و مەبەست لێی گۆڕینی دیموگرافیا و پاکتاوی ڕەگەزییە کە لە ژێر سایەی داگیرکەردا ئەنجام دەدرێت. ئەوە (سەرژمێری) لەوانەیە ببێتە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە سەرتاسەری *عێراق*، دواجاریش دابەشبوونی *عێراقی* لێ بکەوێتەوە لە دەرئەنجامی شەڕێک لە ناوچەکەدا" (Brussell's Tribunal 2010). جێگەی سەرسووڕمان نییە کە هاووڵاتییە عێراقییەکان بە شێوەی جیاجیا هەڵوێست لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەربگرن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامییە کە گروپێک ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی پرسێکی دەستووری و یاسایی وەک سەرژمێری، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی زانیاری و داتایە لەسەر عێراقییەکان و پێکهاتە نەتەوەییەکان و مەزهەبییەکانی، وەک هۆکارێک بۆ شەڕی ناوخۆ ببینن و پیشان بدەن.

ژمارەی کوردەکان لە *ئوستورالیا* لە ٤٠٠٠٠ کەسێک لە کۆی ٢٣ ملیۆن تێپەڕ ناکات، واتە بە ڕێژەی کەمتر لە ٠.٠٠٢%. سەرەڕای ئەو ڕێژە کەمەی کوردەکان لە دانیشتوانی *ئوستورالیا*، کەچی لە سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٦دا کوردەکان (وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە لە *ئوستورالیا*) نەک هەر ڕێگەیان پێ درابوو کە شوناسی نەتەوەیی خۆیان لەسەر فۆرمەکانی سەرژمێرییەکە یادداشت بکەن، بەڵکو لەو خانەیەی کە پرسیاری سەر بە چ گروپێکی

نەتەوەییت (National Group) کرابوو، "Kurdish"، واتە کوردی، وەک نموونە نوسرابوو، تا کوردەکان (یان گروپە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک کورد) لێیان تێک نەچێت کە مەبەست لێرە گروپی نەتەوەییە، نەک ناسنامە/جنسییە (Citizenship). لە *عێراق*، کوردەکان ژمارەیان خۆی لە ٧ ملیۆن دەدات، کە دەکاتە نزیکەی ٢٠%ی دانیشتوانی *عێراق*، کەچی هەندێک کەسایەتی و لایەن و گروپی سیاسی قبوولّیان نییە کە خانەی نەتەوە لەسەر فۆڕمی سەرژمێریدا هەبێت، تا نەزانرێت ژمارەی کوردانی *عێراق* چەندە. بە واتایەکی دیکە ئەو کەس و لایەنانە شوناس و بوونی نەتەوەیی کورد ڕەت دەکەنەوە. وەک ئاماژەی پێ کرا، لەوەش سەیروسەمەرەتر ئەوەیە کە گروپێک ئەکادیمی "ڕۆژئاوایی" قبوولّیان نەبێت کە کوردەکان وەک کورد لە *عێراق* بناسرێن. وەک لە تەواوی ئەم کتێبە پێداگریی لەسەر کراوە، ئەوە جەوهەری تەنگژەی شوناس لە *عێراق* پێک دەهێنێت. دوای زیاتر لە ٩٠ ساڵ لە تەمەنی دەوڵەتی عێراقی، لەوە دەچێت کەسانێکی زۆر هەبن لە *عێراق* کە هێشتا تێنەگەیشتبن کە هەنگاوی یەکەم بۆ ئامێزانی کوردەکان لە *عێراق* بە سەردانانان بە شوناسەکاندا تێپەڕ دەبێت نەک ڕەتکردنەوەیان. لەوەش ترسناکتر، وا پێدەچێت کە کەسانێک هەبن تا ئێستاش نەزانن کە سیاسەتی بە زۆر توانەوە نەک نابێتە هۆکارێک بۆ ئامێزان، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکییشە بۆ لێکترازان.

هۆکاری هەرە سەرەکیی ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان کورد و عەرەبە عێراقییەکان تەنیا پرسی ددانانان بە شوناسی نەتەوەیی کورد نییە، بەڵکو پرسی ددانانانە بە *کوردستان* وەک نیشتمانی کوردەکان، جا ئەو نیشتمانە وەک بەشێک لە ناو *عێراق*دا بمێنێتەوە یان لێی جیا ببێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا *عێراق* بە شێوەیەکی فەرمی لە مادەی ١١٧ی دەستووری هەمیشەییدا بەشێک لە خاکی *کوردستان*ی وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە ناو *عێراق*دا ناساند. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی بەرچاو لەو خاکەی کە کوردەکان وەک بەشێک لە خاکی *کوردستان* دایدەنێن، کە لە *شەنگال*ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ *خانەقین*، ئێستاش بە فەرمی نەگەڕێنراوەتەوە سەر *هەرێم*، کە وەک ناوچە کێشەلەسەرەکان ناسراوە (بڕوانە نەخشەی ٨-١). دەبێت ئەوە بگوترێت کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ەوە لەگەڵ هەرەسی *سوپای عێراق* لە باکووری عێراق، بەشێک لەو

ناوچانە ئێستا لە لایەن *پێشمەرگەوە* کۆنترۆڵ کراون. ئەوەی ڕاستی بێت دانوستانەکانی ساڵانی ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٦،١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤، ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥ تا دەگاتە دانوستانەکانی ساڵی ١٩٩١ و ئەوانەش کە ئێستا لە نێوان حکومە*تی هەرێم* و حکومەتی مەرکەزی لە *بەغداد* بەڕێوە چوون و بەڕێوە دەچن، هەر هەمووی لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە بە بنبەست گەیشتوون. دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان دەکرێت وەک تاکە ڕێگەچارەیەک تەماشا بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و پرسە کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی *ویلایەتی موسڵ* پێیەوە سەری هەڵداوە. مادەی ١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی *عێراق* هەلێکی ڕەخساند بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە. مادەکە نەخشەڕێگەیەکی سەرەتایی بۆ هەڵگێڕانەوەی سیاسەتەکانی تەعریب و پاکتاوی ڕەگەزی لەخۆ گرتبوو، کە وەک "ئاساییکردنەوە (تطبیع)" ناسێنرابوو. هاوکات داوای دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکانی، لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێک خرابێت، دەکرد. ڕۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ی وەک کۆتاڕۆژ دیاری کرابوو بۆ جێبەجێکردنی هەموو برگەکانی مادەکە. دوای دەیەیەک لە تێپەڕبوونی ئەو ڕێکەوتە، هێشتان هەنگاوێکی جدی نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی مادەکە.

لە ڕووکەش وا دەردەکەوێت جێبەجێکردنی مادەکە سوک و سانا بێت، بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕووبەڕووی ژمارەیەک ئاڵنگاری بووەوە. ئێستا وەک یەکێک لە پرسە سەختەکانی *عێراقی* دوای **سەدام** دەردەکەوێت. حکومەتی عێراقی نەک خەمسارده، بەڵکو بە جدی خۆی دەدزێتەوە لە جێبەجێکردنی مادەکە، لەبەر ئەو دژایەتییەی کە عەرەبە عێراقییەکان بەگشتی و تورکمان و عەرەبەکانی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان لە مادە دەستوورییەکەی دەینوێنن. ئەو لایەنانەی کە دژایەتیی جێبەجێکردنی مادەکە دەکەن، بێجگە لەوەی کە لە ڕووی ئابووری و ستاتۆیانەوە زەرەر دەکەن. بەگشتییش پێیان وایە کە جێبەجێکردنی مادەکە دەبێتە مایەی کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان، کە دەوڵەمەندە بە نەوت لە لایەن کوردەکانەوە. چاڵە نەوتەکانی کەرکووک نزیکەی ١٤%ی یەدەگی نەوتی سەلمێنراوی *عێراق* پێک دەهێنن کە لە ساڵای ٢٠١٥دا بە ١٤٤ بلیۆن بەرمیل

مەزندە کراوە (US Energy Information 2015: 2-3). ئەم ژمارەیە ٤٥ بلیۆن بەرمیل یەدەگی نەوتی *کوردستان*یش دەگرێتەوە کە ٢٠ بلیۆنی لە پارێزگای کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانە. عەرەبە عێراقییەکان و تورکمانەکان ترسی ئەوەشیان هەیە کە دەستڕاگەیشتنی کوردەکان بەو سەرچاوە نەوتییانە کوردەکان لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نزیک دەکاتەوە.




***نەخشەی ٨-١: ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان***

بەگشتی دەگوترێت کە ململانێکانی نێوان کوردەکان و عەرەبە عێراقییەکان لەسەر خاک نییە، بەڵکو لەسەر ئەوەی لە ژێر خاکەکەدایە. ئەم قسەیە ڕاستیی تێدایە، بەڵام تەواوی ڕاستییەکانیش نییە. کوردەکان و دەستەبژێری سیاسیی کوردی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە خاکی کەرکووک و ناوچە

کێشەلەسەرەکان بەهای سیمبولیی هەیە و بۆ ئەوان کەرکووک و *خانەقین* و *شەنگال* بوون بە سیمبولی چەوساندنەوە و بێمافکردنی کورد (Rafaat 2008). **مەسعود بارزانی**، سەرۆکی *هەرێمی کوردستان* (٢٠٠٥-٢٠١٥)، جەخت لەوە دەکات کە کێشمەکێشەکە لەسەر نەوت نییە، بەڵکو لەسەر خاکە و پەیوەندیی بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردووەوە هەیە. دەشڵێت کورد "دەستبەرداری کەرکووک نابێت، بارودۆخەکە هەرچییەک بێت" (الشرق الاوسط ٢٠٠٨/٩/١). بە هەمان شێوە، **بەرهەم ساڵح**، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی *هەرێم* (٢٠٠٩-٢٠١١)، جەختی لەسەر گرنگیی کەرکووک لە ڕووی مۆڕاڵییەوە بۆ کورد دەکات و دەڵێت کوردەکان وەک بەشێکی جیانەکراوە لە *کوردستان* تەماشای کەرکووک دەکەن، کەرکووک نیشانەی کێشەی کوردە (McDermid 2010a).

وەک لە هەوڵەکانی **شێخ مەحموود** دەردەکەوێت، وا پێ دەچێت کوردەکان زۆر پێش دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگاکە شەڕیان لەسەر کەرکووک کردبێت. مێژووی گەڕان بەدوای نەوت لە کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، بەڵام تا ساڵی ١٩٢٧ نەوت بە بڕی گەورە کە بە کەڵکی بازرگانی بێت لەوێ نەدۆزرابووەوە و دەرنەهێنرابوو (Sorkhabi 2009). حەوت ساڵ پێش دۆزینەوەی نەوت لە کەرکووک، ململانێ و پێکدادانەکانی **شێخ مەحموود** لەگەڵ بەریتانییەکان و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی *عێراق* بەشێکی لەسەر دابڕینی ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری بوو لەو حکومەتەی کە **شێخ** لە ساڵی ١٩١٩ دایمەزراندبوو، یان دواتر دەیویست دایبمەزرێنێت (بڕوانە بەشەکانی دووەم و سێیەم). هەڵوێست و کردارەکانی *بەریتانیا* و *عێراق* مافی دەسەڵاتداریی کورد و **شێخ مەحموودی** لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری زەوت کرد، تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمییشیان پێ ڕەوا نەبینین (McDowall 2004: 155-158). بەریتانییەکان و عەرەبە عیراقییەکان بە سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی **شێخ مەحموود** نەوەستان، بەڵکو لە شوباتی ١٩١٩ قەزاکانی کەرکووک و کفرییان لە *لیوای سلێمانی* دابڕی، بەمەش کەرکووکیان وەدەر نا لەو گفتوگۆ و پێشنیازانەی لەسەر دانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان لەو ئانوساتانەدا لە گۆڕێدا بوون (Eskander 2000: 149). لە

ساڵی ١٩١٩، لە *کۆنفرانسی ئاشتی* لە *پاریس*، نزیکەی دوو ساڵ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و شەش ساڵ پێش لکاندنی فەرمیی *ویلایەتی موسڵ* (*باشووری کوردستان*) بە *عێراق*ەوە، نوێنەری کورد لە کۆنفرانسەکە، **شەریف پاشا**، *کەرکووک*ی خستووەتە ناو نەخشەی دەوڵەتە پێشنیازکراوەکەی *کوردستان*، واتە وەک بەشێک لە *کوردستان* داینا‌وە (پیربال ٢٠٠١: ٨٠؛ Arıkanlı 2011؛ O'Leary 2009: 15).[1]

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، مادەی ١٤٠ لە دەستووری نوێی *عێراق* نەخشەڕێگەیەکی، ئەگەریش کرچوکاڵ بێت، خستە ڕوو بۆ ئاساییکردنەوەی باردۆخی تەعریبکراوی *کەرکووک* و ناوچە کێشەلەسەرەکان، دواتریش دیاریکردنی چارەنووسیان لە ڕاپرسییەکدا. بەڵام لە ٢٠٠٥ەوە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی *عێراق* خۆ دەپارێزن لە جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکە. لە ڕاستیدا وەک لە قسەکانی **حەنان فەتلاوی**، پەرلەمانتاری *عێراق*، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەندام بووە لە لیژنەی مادەی ١٤٠، دەردەکەوێت ئەو وەک نوێنەری حکومەتەکەی **مالیکی** ڕێگری لە جێبەجێکردنی مادەکە کردووە نەک کارکردن بۆ جێبەجێکردنی. بە قسەی **فەتلاوی** پرۆسەی جێبەجێکردنی مادەکە گەیشتبووە قۆناغی ڕاپرسی، بەس ئەو لەوێ ڕای گرت (شبكة اخبار العراق ٢٠١٤). نوێنەرە عەرەبەکانی *پەرلەمانی عێراق* پێیان وایە کە جێبەجێکردنی مادەکە شارەکە و *عێراق* دووچاری شەڕی نەتەوەیی دەکات (العراق اليوم ٢٠٠٧). لە سەردانێکی بۆ شاری *کەرکووک* لە ئایاری ٢٠١٢ە، **مالیکی**، سەرۆکوەزیرانی *عێراق* جەختی کردەوە کە "هەر چارەسەرێک بۆ پرسی کەرکووک لە ڕێگەی هێزەوە بێت، بە ئامانجی خۆی ناگات، بەڵکو دەبێت تەنیا لە ڕێگەی ئیرادەی خەڵکی شارەکەوە بێت... شوناسی عێراقیی شارەکە دەبێت ببێتە چەتری هەموو شوناسە بچووکەکانی دیکە" (Prime Minister's Office 2012). لە بەرانبەردا، *سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان* لە بەیاننامەیەکدا بێئومێدیی خۆی لە قسەکانی **مالیکی** دەربڕی و سەرنجی

---

[1]. فەرهاد پیربال لە کتێبی ژەنەڕاڵ *شەریف پاشا* ١٨٦٥– ١٩٥١، دەقی ئەو یادداشتنامەیەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە **شەریف پاشا** بە فەرەنسی نووسیویەتی و پێشکەش بە *کۆنفرانسی ئاشتی* لە *پاریس* لە ٢٢ی ئازاری ١٩١٩دا کردبوو.

سەرۆکوەزیرانی *عێراق*یان بۆ مادەی ١٤٠ لە دەستووری *عێراق* ڕاکێشا و هەر ئەویشیان تاوانبار کرد بە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی مادەکە، کە بنەماکانی پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان پێک دەهێنێت (KRP 2012). کوردەکان پێیان وا بوو مەبەست لە قسەکانی **مالیکی** ڕاکێشانی سەرنجی سوننەکانە، چونکە ئەوان بەگشتی توندتر بوون لەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو عەرەبانەی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان نیشتەجێن، لە پێکهاتەی سوننەن، چ ئەوانەی بە بنەڕەت خەڵکی ناوچەکەن و چ ئەوانەی وەک بەشێک لە پرۆسەی تەعریبکردن هێنراون یان هاتوون بۆ ناوچەکە. **مالیکی** لەو سەروبەندەدا زۆر پێویستی بە کارێکی لەو شێوەیە بوو بۆ خۆنزیکردنەوەی لە سوننەکان، چونکە ماوەیەک پێش سەردانەکەی بۆ *کەرکوک*، وردتر بڵێین لەگەڵ دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا* لە *عێراق*، دەستی بە سەرکوتکردنی سەرکردە دیارەکانی سوننە لە حکومەتدا کردبوو. ڕێگری لە هاتنەسەرکاری **ساڵح موتڵەگ**، کە جێگری سەرۆکوەزیران بوو، دەکرد و پێشتریش **تاریق هاشمی**، کە جێگری سەرۆککۆمار بوو، تاوانبار کردبوو بە تێوەگلان لە تیرۆریزم (بڕوانە بڕگەکانی داهاتوو). بەیاننامەکەی *سەرۆکایەتیی هەرێم* بە تەوسەوە بە **مالیکی**ی دەگوت ئەگەر ئەو دەیەوێت چارەسەری کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بکات، ئەوە وا چاکە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و ڕێگە بە خەڵکی کەرکووک بدا بە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، نەک شوناسێک بە زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێت.

بەگشتی، سیاسەتەکانی حکومەتەکانی *عێراق* لە پەیوەند بە *کەرکووک*، بنەمای لەسەر دەوڵەمەندبوونی پارێزگاکە بە نەوت داڕشتووە. بۆ عەرەبە نیشتەجێکراوەکانیش لەو پارێزگایە، *کەرکووک* و ناوچە کێشەلەسەرەکان گرنگییەکی ڕۆحیی نییە و وا پێ دەچێت کە وابەستەگییەکی سۆزئامێز بە ناوچەکەیان نەبەستێتەوە. بۆ نموونە، سکرتێری گشتیی لیستی عەرەبەکان لە *ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک*، **ئەحمەد حەمید عوبێدی**، لە دیدێکی ئابوورییەوە تەماشای کەرکووک دەکات. ئەو لە چاوپێکەتنێکدا دەڵێت "من قەت لێ ناگەڕێم کوردەکان ئەو پارەیە بدزن (!) بە لکاندنی *کەرکووک* بە

*هەرێمی کوردستان*ەوە، (چونکە هێشتنەوەی *کەرکووک* وەک خۆی) من دەکات بە یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی دونیا" (Paley 2008).

لەوەش گرنگتر، بەڵگەی زۆر بە دەستەوەن کە عەرەبە هاوردەکان هەست و سۆزیان بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە عێراق نییە. لە چەند سەردانێکی نووسەر لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠١١ بۆ ژمارەیەک گوندی تەعریبکراو لە قەزای دوبز، لە پارێزگای کەرکووک (چەند ساڵێک دوای جێهێشتنی عەرەبە نیشتەجێکراوەکان دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس*)، بۆی دەرکەوت کە سەرەڕای ئەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ، لە ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ٢٠٠٣، لەو دەڤەرانەدا نیشتەجێ بوون، کەچی هیچ کامێکیان مردووەکانی خۆیان لە ناوچەکە نەناشتووە، بەڵکو بردویاننەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لێیەوە هاتبوون لە باشوور و ناوەڕاستی *عێراق*.[١] کاتێک نووسەر لە هەندێک لەو عەرەبانەی پرسی، کە هێشتا لە ناوچەکەدا ماون، کە بۆچی مردووەکانیان لێرە نەناشتووە، یەکێک لە عەرەبەکان گوتی "ئەم خاکە هیی خەڵکی ئێرەیە".[٢] ئەم نموونەیە لەوانەیە وەک حکایەتێکی سادە و ساکار بێتە بەرچاو، بەڵام گرنگیی وابەستەگیی مرۆڤ بە خاک و نیشتمانی خۆی پیشان دەدا. ئەمە

---

[1]. ڕاستە عەرەبە شیعەکان مردووەکانیان لە *گۆڕستانی وادی سەلام* لە *نەجەف* دەنێژن، بەڵام زۆربەی عەرەبە نیشتەجێکانی ئەم ناوچانەی کە نووسەر سەردانی کردن، سوننە بوون نەک شیعە، دیارە شیعەشیان تێدا بوو.

[2]. نووسەر لە ئازاری ٢٠٠٥ و نیسانی ٢٠٠٧ سەردانی گوندەکانی *پەلکانە* و *سەربەشاخ* و *شەناغە* و *گابەرەکە* و *دڕکەی* لە قەزای *دوبز*، لە پارێزگای *کەرکوک* کرد. لەو گوندانەدا بەدوای گۆڕستان عەرەبەکان و بە ناو گۆڕستانە کۆنەکانی کوردەکاندا گەڕاوە و لەگەڵ هەندێک لەو عەرەبانەش قسەی کردووە کە تا ئێستا لە ناوچەکەدا ماون. لەو دەرودەشتانەدا هیچ ئاسەواری قەبرستانی عەرەبان نەبینرا، تاکتاک لێرەولەوێ عەرەبەکان منداڵی لەبارچوو و یان زۆر ساوایان ناشتووە، بەڵام لاشەی مردووەکانی دیکەیان هەموویان بردووەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. نووسەر لەگەڵ چەند کەسێک کە خەڵکی ناوچەی *گەرمیان*ن قسەی کردووە، ئەوانیش باس لە هەمان دیاردە دەکەن. **نەوزاد ڕەشید** و **ئەحمەد جاف** کە خەڵکی *کەلار* و *خانەقین*ن و بە بنەڕەت خەڵکی گوندەکانی گەرمیانن، گوتیان لە گوندەکانی *کانەسوور* و *عەلوەش* و *سولەیمان* و *باپلاوی* گەڕاون و هیچ گۆڕی عەرەبیان لەو ناوە نەبینیوە و ئەوانیش وەک ئەوانەی *کەندێناوە* لە قەزای *دوبز* بردوویانەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

پەیامێکی گرنگ لە پەیوەند بە *عێراق* لەخۆ دەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوکات بۆ حەفتا ساڵ دەچوو کە *باشووری کوردستان* بە *عێراق*ەوە لکێنرابوو، کەچی عەرەبەکان هێشتا ئەو ناوچانەیان وەک بەشێک لە وڵاتەکەیان قبووڵ نەکردوە و ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبوو کە مردووەکانیانی تێدا بنێژن. بە پێچەوانەوە، ئەو ناوچانەیان پێ نیشتمان و زێدی بابوباپیرانی خۆیان بوو کە لێیەوە هاتبوون. هاوکات دەکرێت بڵێین کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە *عێراق* لە دوو نیشتمان پێک هاتووە، *کوردستان* و *عێراق*.

پرسی وابەستەگیی مرۆڤەکان بە خاک و نیشتمان و گرنگیی *کەرکووک* وەک بەشێک لە نیشتمانی کوردان، لانیکەم لە دیدی کوردەکانەوە، لە لایەن زۆر لایەنەوە نەک بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵکو هیچ ڕەچاو نەکراوە، بەتایبەتی ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە پرسی *کەرکووک* وەک کێشەیەکی کارگێڕی و شێوازی بەڕێوەبردن دەبینن، نەک وەک پرسی ململانێ لەسەر شوناسی خاک و نیشتمان لە نێوان دوو گەل و دوو ناسیونالیزمدا، ناسیونالیزمی کوردی و ناسیونالیزمی عەرەبی یان عێراقی. بۆ نموونە **مالیکی**، سەرۆکوەزیران و **ستیفان دیمستۆرە**، نوێنەری *نەتەوەیەکگرتوەکان* لە *عێراق*، لەو دیدگایەوە تەماشای پرسی کەرکووک‌یان دەکرد ( UNAMI 2008; Prime Minister’s Office 2009). بە بنەما لەسەر هەمان تێگەیشتن، هەندێک سیاسەتوانو چاودێری سیاسی داوا دەکەن کە پارێزگای *کەرکووک* بکرێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ لە ناو *عێراق* (حسین ٢٠٠٨؛ سنجاری ٢٠٠٨). هەندێک کەس و لایەنی دیکە، وەک **سام پارکەر** لە *ئینیستیتۆی ئاشتی* لە *واشنتن* هەروەها لیستی تورکمان و لیستی عەرەبەکان لە *ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک* پێیان وایە کە باشترین چارەسەر بۆ *کەرکووک* هەڵپەساردنی مادەی ١٤٠ە، بە گوتەی ئەوان چارەسەرە پێشنیازکراوەکان کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات (بڕوانە Levinson 2008). *کەرکووک*، ئەگەر بۆ دەستەبژێری سیاسیی کوردیش گرنگییەکی ئابووریی هەبێت، کە لە بوونی نەوت و گازدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوا بۆ کوردەکان بەگشتی و خەڵکی پارێزگاکە، کێشەکە خۆی لە پرسی شوناسی خاک و نیشتمان و شوناسی *کەرکووک*دا دەبینێتەوە.

بۆیە هەر چارەسەرێک بۆ پرسی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرێت، ئەوە بە مردوویی لەدایک دەبێت. بە واتایەکی دیکە ئەو چارەسەرانەی کە پرسەکە وەک پرسێکی کارگێڕی یان شەڕ لەسەر نەوت دەبینن، ئەوە ناتوانن ببن بە چارەسەرییەکی بنبڕکەر. لەوەش زیاتر، کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان گرێکوێرەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکەشە. گەر ئەو چارەسەر بکرێت کێشەگەلی وەک پرسی یاسای نەوت و گاز و ستاتۆ و قەبارە و ڕۆڵی هێزەکانی *پێشمەرگە* و پرسی فیدراڵیزم و سێنتراڵیزم، لە چارەسەر نزیک دەبنەوە. بە کورتی، چارەسەری پرسی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان بنەما لەسەر ئەوە دانەنێت کە کێشەکە پرسی شوناسی خاک و نیشتمانە، ئەوە مایەپووچ دەبێت.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتەکانی *تیمووری ڕۆژهەڵات* و *کۆسۆڤۆ* و *سوودانی باشوور* لە دە ساڵی ڕابردوودا، هاوکات سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی وڵاتە عەرەبییەکان لە دژی دکتاتۆرییەت و ناعەدالەتی، کوردەکانیش زۆر زەقتر لە جاران باس لە ئەگەرەکانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت دەکەن. ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانە مەدەنییەکان لەم بوارەدا زۆر لە سیاسییەکان چاکتر هاتبوونە سەر خەت. لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢دا، *ڕۆژنامەی هاووڵاتی* مەلەفێکی بۆ بابەتی دەوڵەتی کوردی کردبووەوە، کە بۆ ماوەی چەندین مانگ بابەت و توێژینەوەی لە پەیوەند بە ئەگەرەکان و ئەستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بڵاو دەکردەوە، کە دەنگ و ڕەنگی جیاوازی لەخۆ گرتبوو.[١] بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە بابەتەکان دەردەکەوت، بوونی جیاوازییەک بوو لە نێوان تێگەیشتن و هەڵوێستی دەستەبژێری سیاسی و دەستەبژێری ڕۆشنبیری کوردی. دەستەبژێری سیاسی، کە گوایە پراگماتیستن، لەو ئانوساتەدا کەمتر خۆیان لە قەرەی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەدا. کاتێکیش باسیان دەکرد، شەرمنانە قسەیان لەسەر دەکرد، گوایە ڕەچاوی هێز و هاوکێشە

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر تەماشای ژمارەکانی *هاووڵاتی* لە ئاداری ٢٠١١ تا حوزەیرانی ٢٠١٢ بکە. هەندێک لەو سەرنج و تێبینیانەی کە لێرە خستراونەتە ڕوو، بنەمایان لەسەر تێگەیشتن و دیدەکانی ئەو بابەتانە داناوە کە لەو کاتەدا لە *هاووڵاتی* بڵاو کراونەتەوە.

سیاسییەکانی ناو *عێراق* و ناوچەکە دەکەن. هەرچی دەستەبژێری ڕۆشنبیرە، بەگشتی زیاتر پشتیوانییان لە سەربەخۆیی دەکرد و ڕەخنەی توندیشیان لە دەستەبژێرە سیاسییەکە دەگرت.

هاوارەکان بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ جیابوونەوەی *باشووری سوودان* گەیشتنە ترۆپک، چونکە سەربەخۆیی ئەوێ وەهمی پیرۆزیی یەکپارچەیی خاک و نیشتمانی عەرەبی شکاند (تۆفیق ٢٠١٢). ڕۆشنبیرانی کورد پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پرسێکی پرەنسیپییە و ناکرێت سازانی لەسەر بکرێت. پڕۆژەیەکە کە لەمێژە لە چاوەڕوانیدایە و ساڵانێکە کاتی نەک هەر هاتووە، بەڵکو بەسەردا تێپەڕیوە و لەگەڵ پرەنسیپەکانی *نەتەوەیەکگرتوەکان* ناکۆک نییە و لەگەڵ ئەو دەقەی چارتەرەکەیدا دێتەوە کە دان بە "مافی چارەنووس بۆ گەلان" دەنێت. لەوەش زیاتر، ڕۆشنبیرانی کورد پێیان وایە کە پرسی کورد لە عێراق و لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، لە جەوهەردا پرسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە (هاووڵاتی ٢٠١١/١٠/٩). بێجگە لە کاریگەریی بە سەربەخۆیی گەیشتنی *سوودانی باشوور* و *کۆسۆڤۆ* و *تیمووری ڕۆژهەڵات*، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ەوە ژمارەیەک فاکتەری ناوخۆش لە پشت بەرزبوونەوەی دەنگەکان بوون بۆ سەربەخۆیی، لەوانە: یەکەم، خۆدوورخستنەوەی بە ئانقەستانەی دەسەڵاتدارانی *بەغداد* لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و یەکلاکردنەوەی پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان. دووەم، ڕێگریکردنو قەدەغەکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە *هەرێمی کوردستان* لە بواری نەوت وەبەرهێنانیان کردبوو لە بەشداریکردن لە تەندەرەکانی حکومەتی مەرکەزی. سێیەم، ملدانەدانی حکومەتی مەرکەزی، بەتایبەتی *لیستی دەوڵەتی یاسای* دەسەڵاتدار، لە بەشدارپێکردنی لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە دەسەڵاتدا. چوارەم، دوای زیاتر لە شەش ساڵ، واتە کاتی نووسینی مەلەفەکەی هاووڵاتی، حوکمڕانیی شیعەکان لە *عێراق*، کوردەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەدەبینی لە هەڵوێستی حکومەت لە بەرانبەر مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد، بەتایبەتی پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان.

ئەمەش بێئومێدییەکی گەورەی لە ناو کوردەکاندا لە مانەوە لە *عێراق* دروست کردبوو.

ئەوەب وو لە ئێوارەی نەورۆزی ٢٠١٢، **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، ڕێکخەری *بزووتنەوەی گۆڕان*، کە ئەوکات هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بوون، ڕایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەکەیان "دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە" (گۆڕان ٢٠١٢). بەڵام لە پەیامەکەی **نەوشیروان** وا دەردەکەوت کە *هەرێمی کوردستان* ئامادەیی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت. ئەو کۆمەڵێک پێشمەرجی ڕیز کردبوو کە گوایە دەبێت ئەوانە بەرجەستە بکرێن پێش هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی، لەوانە سازان و کۆدەنگی نیشتمانی، دەستوورێکی هەمیشەیی و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی *هەرێم* و یەکخستن و بەنیشتمانیکردنی سوپا و ئاسایش، هەروەها، پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان کەرت و توێژ و ناوچە جیاوازەکانی *کوردستان* و ئازادکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە جۆرێک تاک لە ئینتیمای خێڵەکی و ناوچەیی بەرتەسک دەربازی بێت و ببێتە خاوەن ئینتیمایەکی ئاسۆیی بۆ گەل و نیشتمان.

ئەوەی لەو قسانەی **نەوشیروان مستەفا** دەردەکەوێت، کە قسەی بەشێکی دیاری ڕۆشنبیرانی *کوردستان*یشە، تێکەڵکردنی کۆمەڵێک چەمکە، کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە هەڵوێستەیان لەسەر کرا. بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، *هەرێمی کوردستان* وا چاکە دامودەزگاکانی بەنیشتمانی بکات و هێزەکانی *پێشمەرگە* و ئاسایش یەک بخات و دادگەریی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکات، بەڵام ئەمانە پێشمەرجی دامەزراندنی دەوڵەت نین. ئەمانە بەشێکن لە پرۆسەی دەوڵەتسازی (State-Building) و نیشتمانسازی (Nation-Building). دامەزراندنی دەوڵەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دانپێدانانی بەشێک لە وڵاتانی جیهان بە ئەنجام دەگات بەڵام پرۆسەی دەوڵەتسازی و نیشتمانسازی هەر بەردەوام دەبێت و هەرگیز کۆتایی نایەت. پرۆسەیەکی دینامیکییە و هەوڵدانە بۆ بەرەو کامڵبوون کە گەیشتن پێی دەکرێت بڵێین مەحاڵە. لێکجیانەکردنەوەی ئەم چەمکانە و ئەم پرۆسانە، وای لە بەشێکی زۆر لە

ڕۆشنبیران و چاودێران و دەستەبژێری سیاسیی کوردستان کردووە کە ئەوەندەی باس لەم پرۆسانە بکەن و وەک ئاستەنگ و ئاڵنگاریی بەردەم دامەزراندنی *دەوڵەتی کوردستانی* بیناسێنن، ئەوەندە قسە لەسەر لایەنە بەهێز و هەنگاوەکانی *هەرێمی کوردستان* بۆ بەدەوڵەتبوون نەکەن.

لە چەند مانگی یەکەمی ۲۰۱۲دا، سەرۆکی *هەرێمی کوردستان*، **مەسعود بارزانی**، چەند جارێک هەڕەشەی جیابوونەوەی لە حکومەتی مەرکەزی کرد، ئەو دابەشکردنی دەسەڵات و جێبەجێکردنی دەستووری دەکردە مەرجەکانی مانەوە لە *عێراق* (Jakes 2012). لەو کاتانەی **بارزانی** هەڕەشەی جیابوونەوەی دەکرد، **تاڵەبانی**، سکرتێری گشتیی *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان*، کە هاوپەیمانی *پارتی* بوو لە حکومەتی *هەرێم*دا، دەیگوت ڕاستە نەوەی نوێ داوای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەوە ئامانجێکی واقعییانە نییە (Arraf 2012). وەک ڕوونکردنەوەیەک، **سەعدی پیرە**، ئەندامی *مەکتەبی سیاسیی یەکێتی*، گوتی **تاڵەبانی** وەک سەرۆکی عێراق خۆی وەدوور دەگرێت لەو گفتوگۆیانەی لەسەر جیابوونەوەی *هەرێم* و دەوڵەتی کوردی دەکرێن، چونکە ئەو سەرۆکی *عێراق*ە. ئەگینا **پیرە** درێژەی پ ێدا، هەر قسەیەک لەسەر ئەوەی کە گوایە "*پارتی* و *یەکێتی* هەڵوێستیان لەسەر داواکانی هاووڵاتیانی کورد جیایە، هەڵەیە" (Hassan 2012). سەرەڕای قسەکانی **پیرە**، بەڵام هەم ئەوکات و هەم دواتریش وا دەردەکەوێت کە جیاوازییەک هەیە لە نێوان تێگەیشتنەکانی *یەکێتی* و *پارتی*، نەک هەر لەسەر پرسی جیاوبوونەوە و دەوڵەتی کوردی، بەڵکو لەسەر پەیوەندی و نزیکیی هەردوو لایەنەکە لە هێزە سیاسییەکانی *عێراق*یش. لە کاتێکدا کە *یەکێتی* پەیوەندیی بەگشتی لەگەڵ لایەنە شیعییەکان خۆشە و *پارتی* پەیوەندیی لەگەڵ لایەن سوننەکان بەهێزە. *گۆڕان* و لایەنە ئیسلامییەکانیش زیاتر سەرنجیان لەسەر پرسە ناوخۆییەکانی *هەرێم*ە، وەک گەندەڵی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چاکسازی.

لەسەروبەندی قسەکردن لەسەر سەربەخۆیی *هەرێمی کوردستان* لە ساڵی ۲۰۱۲دا، چ ئەوانەی کە بە ڕاستی سەربەخۆخواز بوون (وەک بەشێک لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری کوردی و خەڵکی کوردستان بەگشتی) و چ ئەوانەش

که سەربەخۆییان وەک کارتێک لە دژی *بەغداد* و وەک دەنگ و موری کۆکەرەوە بەکار دەهێنا، بۆ نموونە *پارتی*، لەوە دەچوو ئەوەی کە زۆر هانی سەربەخۆخوازەکان دەدا بێدەنگیی *تورکیا* بوو لەو دەنگەدەنگەی کە لە *هەرێم* دەبیستران. دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە تەمەنی حکومەتی *هەرێم*، *تورکیا* وا دەردەکەوت کە *هەرێمی کوردستانی* وەک واقعێک، ئەگەر تاڵیش بێت، قبووڵ کردووە. هەندێک لە کوردەکان، وەک گوتم، ئەوەیان وا دەهاتە بەرچاو کە لەوانەیە *تورکیا کوردستانێکی* سەربەخۆشی هەر قبووڵ بێت.[١] دیارە لە بەرانبەردا کەسانێک هەبوون کە پێیان وا بوو هەر هەوڵێکی *هەرێم* بۆ جیابوونەوە لە *عێراق* ئەگەرەکانی هێرش لە لایەن *تورکیا*وە دەهێنێتە گۆڕێ، چونکە ئەوان پێیان وایە کە هەنگاوێکی لەم شێوەیە لە لایەن کوردەکانی باشوور دەبێتە مایەی گڕوتینگرتنی ناسیونالیزمی کوردی لە پارچەکانی دیکەی *کوردستان*، بەتایبەتی *کوردستانی باکوور* (Cole 2004; Marquardt 2004b).

سەرەڕای نادیاریی هەڵوێستی تورکیا لەسەر پرسی سەربەخۆیی *هەرێمی کوردستان*، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری و هۆکار هەن کە ئاماژەن بۆ جۆرێک گۆڕان لە دید و تێگەیشتنی *تورکیا*، لەوانە: یەکەم، *تورکیا* ئەوە دەزانێت کە ناسیونالیزمی کوردی لە باشوورەوە ناچێت بۆ باکوور، چونکە ناسیونالیزمی کوردی لە بنەڕەتدا لە باکوورەوە هاتووە بۆ باشوور. ناسیونالیزمی کوردی لە *ئیستەنبووڵ* لەدایک بووە، بۆیە ناکرێت *تورکیا* ئەو ترسەی هەبێت. دووەم، *تورکیا* چاک دەزانێت کە هەر هێرشێک بۆ سەر *هەرێمی کوردستان* دە هێندە کێشەی کوردەکانی خۆی لێ قووڵتر و ئاڵۆزتر دەکات. سێیەم، *تورکیا* لەوانەیە ئەو توانایەی هەبێت کە *هەرێمی کورستان* داگیر بکات، بەڵام وەک چۆن *ئەمەریکا* حکومەتەکەی **سەدام**ی لە چەند حەفتەیەکدا ڕووخاند، کەچی

[1]. بۆ نموونە، نووسەر لە کاتی نووسینی کتێبی *Identity and Nation in Iraq* لە ساڵی ٢٠١٢دا، کە ناوەڕۆکەکەی زۆر لەم کتێبە نزیکە، تا ڕادەیەک لەو باوەڕەدا بوو کە گۆڕانکارییەک لە هەڵوێستی *تورکیا*دا هەیە و ئەگەرێک هەیە کە *تورکیا هەرێمی کوردستان* وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ قبووڵ بکات، ئێستا ئەو باوەڕە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠١٦دا، دوای زیاتر لە چوار ساڵ، لا نەچووە، بەڵام تا ڕادەیەک کاڵ بووەتەوە.

زەحمەتێکی زۆری بینی لە کۆنترۆڵکردنی *عێراق* و دواجار پاش هەشت ساڵ بە پەلەپڕوزکێ *عێراقی* جێ هێشت. چارەنووسی *تورکیاش* لە هاتنی بۆ *هەرێم* لەوە باشتر نابێت. چوارەم، ئەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ دەچێت کە *تورکیا* بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونی هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆی *کوردستانی* قبووڵ کردووە، لەوانەیە ئەگەر کوردەکان هەنگاوی زیاتریش بۆ سەربەخۆیی بهاوێن، *تورکیا* ئەوەش قبووڵ بکات. ئەگەر *تورکیا* ئەوە قبووڵ نەکات و هێرش بکاتە سەر *هەرێم*، ئەوە ئەگەرەکانی بوون بە ئەندامبوونی لە *یەکێتیی ئەورووپا*، کە لە ئاکامی داگیرکردنی *قوبرس* تا ئێستا بە ئامانج نەگەیشتووە، هێندەی دیکە دوا بخات. پێنجەم، گۆڕانکارییەکان لە دید و تێگەیشتن و ئامانجەکانی *پارتی کرێکارانی کوردستان* (پەکەکە) دوای گیرانی سەرۆکەکەیان، **عەبدوڵلا ئۆجەلان**، وا پیشان دەدەن کە کوردەکانی *تورکیا* کەمتر مەیل بە سەربەخۆیین و زیاتر داوای خۆسەری دەکەن، واتە جۆرێک لە کۆنفیدراڵی، کە نەتەوە و گروپەکان خۆیان بەڕێوە ببەن، بەواتایەکی دیکە نایانەوێت لە *تورکیا* جیا ببنەوە. ئەمەش لەوانەیە هەڵوێستی *تورکیای* لە بەرانبەر سەربەخۆیی کوردەکانی *عێراق* هێورتر کردبێتەوە، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی *تورکیا* و *پەکەکە*، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا بە بنبەست گەیشت و هەڵوەشایەوە و شەڕ دەستی پێ کردوە. شەشەم، قەبەیی قەبارەی بازرگانیی نێوان *هەرێم* و *تورکیا*، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا گەیشتبوە ١٠ ملیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠١٥دا خۆی لە ١٢ ملیار دۆلار دەدا، لەوانەیە وای کردبێت *تورکیا* لە هێرشکردن بۆ سەر *هەرێم* سڵ بکاتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان لە *هەرێم* گەیشتبووە ١٠٢٣ کۆمپانیا. هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ٩٠%ی ئەو کەلوپەلانەی لە بازاڕەکانی *هەرێمدا* دەفرۆشرێن، تورکین، هاوکات لەبەر ئەوەی کە کۆمپانیا تورکییەکان کەڵکیان لە کرێکار و شارەزایانی خۆیان وەردەگرت، بۆیە ژمارەی کرێکارە تورکەکان لە هەرێم لە ١٤٠٠٠ تێپەڕی کردبوو (Phillips 2009; Sharif&Towfiq 2015: 10-11). حەوتەم، دروستبوونی پەیوەندییەکی کەسی و بازرگانی لە نێوان *بنەماڵەی بارزانی* و هەندێک لە سەرکردەکانی *پارتی داد و گەشەپێدان* (*ئەکەپە*)، بەتایبەتی

شەخسی **ڕەجەب تەیب ئەردۆگان**، سەرۆککۆماری *تورکیا* (٢٠١٤-)، کە سەرۆکوەزیرانی *تورکیا* بوو لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییە بازرگانییەکە هۆکاری هەرە سەرەکیی نزیکیی *تورکیا* و حکومەتی هەرێم بێت، کە جومگە سەرەکەییەکانی لە لایەن *بنەماڵەی بارزانی*یەوە کۆنترۆڵ کراوە. دەکرێت بڵێین لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە ئەم فاکتەرانە بوون بە هۆی کەمکردنەوەی شەڕانگێزیی *تورکیا* بەرانبەر بە *هەرێم*. پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی *هەرێم* ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ *تورکیا* بەهێزتر دەبن. ئێستا قسە لەسەر جێگرتنەوەی *ڕووسیا* دەکرێت لە لایەن *هەرێم*ەوە لە دابینکردنی غاز و نەوت بۆ *تورکیا*، بەتایبەتی دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسی لە لایەن هێزە ئاسمانییەکانی *تورکیا* و ئەو گرژییانەی لە نێوانیاندا لەسەر هەڵوێستیان لە پەیوەند بە تەنگژەی *سووریا* دروست بووە. ئەم گۆڕانکارییانە پەیوەندییەکانی نێوان *هەرێم* و *تورکیای* بردە ئاستێکی دیکە، بە ڕادەیەک کە *تورکیا* بۆ یەکەم جار ڕازی بوو بە هەڵکردنی ئاڵای *کوردستان* لە کاتی پێشوازیکردنی **مەسعود بارزانی** لە لایەن سەرۆکوەزیرانی تورکیا، **ئەحمەد داودئۆغلو** (Cevik 2015). دیارە پێشتر ژمارەیەک لە وڵاتانی دونیا هەڵکردنی ئاڵای *کوردستان*یان قبووڵ کردبوو، بەڵام لەو کاتانەی کە نوێنەر و وەزیر و سەرکردەکانیان دەهاتن بۆ *کوردستان*، نەک پێچەوانەکەی. هەشتەم، لە ٢٠١٢ەوە پەیوەندییەکانی *عێراق* و *تورکیا* هەڵبەزودابەزی زۆری بە خۆوە بینیوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە. تێکچوونی پەیوەندییەکانی *ئەنقەرە* و *بەغداد*، لێکنزیککەوتنەوەی *ئەنقەرە* و *هەولێری* لێ کەوتۆتەوە.

هەرچەندە هەموو ئەو فاکتەرو گۆڕانکارییانە کە دەکرێت وا بکات بڵێین لەوانەیە *تورکیا* دەوڵەتێکی کوردی لە *هەرێم* قبووڵ بکات، بەڵامئاماژەکانی دوای دروستبوونی ئەزموونی *ڕۆژاڤا* لە *ڕۆژئاوای کوردستان* پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێت. هەڵوێستەکانی *تورکیا* لەگەڵ بەهێزبوونی *ڕۆژاڤا* زۆر گۆڕاوە. بۆیە لەو پەیوەندە بە بنەما لەسەر گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتی ئەو داوایەی کە **ئەردۆگان** لە **بارزانی**ی کرد لەو سەردانەی کە بۆ *تورکیا* کردی لە ئابی ٢٠١٦دا، کە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ *بەغداد* بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دەکرێت بڵێین ئەگەری قبوولکردنی دەوڵەتێکی کوردی هاوسێ لە لایەن

*دەوڵەتی تورکیا* زۆر دوورە، مەگەر ئەو دەوڵەتە وەک *قوبرسی باکوور* هەر بە ناو سەربەخۆ بێت و تەواو ملکەچی *ئەنقەرە* بێت. ئەم بێدەنگییەی *تورکیا* لە بەرانبەر پەیام و گوتەکانی سەرۆکی *هەرێم*، **مەسعود بارزانی**، هێندەی مەبەست لێی بەستنەوەی *هەرێمە* بە *تورکیا* وەک پارێزراوێک (محمية)، ئەوەندە مەبەست لێی قبووڵکردنی *تورکیا* نییە بە دەوڵەتێکی بە مانا کوردی و سەربەخۆ.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو هۆکارانەی پێشووتر هەڵوێستەیان لەسەر کرا، تاکە هۆکار نەبوون بۆ نزیکبوونەوەی حکومەتی *هەرێم* و *تورکیا*، بەڵکو بەهێزبوونی پێگەی *ئێران* لە *بەغداد*، بەتایبەتی دوای دەرچوونی ئەمەریکییەکان لە *عێراق* لە ساڵی ٢٠١١دا، زیاتر هانی *تورکیای* دا لە *هەرێم* نزیک ببێتەوە. سەرچاوە تورکییەکان باسیان لە "دابەشکردنی پارە و چەک و کوشتار و تەقاندنەوەو ناردنی چەکدار و مەلایان" دەکرد، بە قسەی ئەوان، "بۆ دروستکردنی *عێراق*ێکی شیعە" (Bozkurt 2012). *تورکیا* پێی وا بوو کە ئەوە *ئێران* بوو لە پشت دووبارەدانانەوەی **مالیکی** بە سەرۆکوەزیران لە ساڵی ٢٠١٠ە و شکستهێنانی بە هەوڵەکانی سەندنەوەی متمانە لە **مالیکی** لە ساڵی ٢٠١٢ەدا (AFP 2012). لە ئەنجامی باڵادەستبوونی *ئێران* لە *عێراق* و سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی پۆلێنبەندیی ناوچەکە لەسەر بنەمای مەزهەبی، شیعە لە دژی سوننە، *تورکیا* بڕوایەکی لا دروست بووە کە بە یەکپارچەیی مانەوەی *عێراق* لەوانەیە زەحمەت بێت، بۆیە هێندەی دیکە خۆی لە *هەرێم* نزیک دەکردەوە بە مەبەستی ئەوەی کە زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە. بە مانایەکی دیکە، لەبری ئەوەی تەواوی *عێراقی* لەدەست بچێت، با بەشێکی لەدەست بچێت، بەوەی کە *هەرێم* لە ژێر باڵی ئەودا بمێنێتەوە، جا ئەگەر سەربەخۆش بێت. بە کورتی، *تورکیا* دەیەوێت ئەگەر *عێراق* دابەشیش بوو، زۆر بە زیانی ئەو نەشکێتەوە (Bozkurt 2012). لە کاتێکیشدا ئەو دابەشبوونە بە زیانی تورکیا دەشکێتەوە، کە *تورکیا* لەگەڵ کوردەکانی *هەرێم* نەیار بێت، نەک دۆست. دیارە *تورکیا* زۆر لەوە وردتر بۆ پرسەکە نزیک بووەتەوە، ئەو دەیەوێت *هەرێم* ئەگەر سەربەخۆ بوو نەک هەر نەیاری ئەو نەبێت، بەڵکو دەستکەلای ئەو بێت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووەتە

گەڕ بۆ ئەوەی جێگەی *هەرێم* بکاتەوە لەژێر باڵی تەوەری سوننە لە ناوچەکە. بێدەنگیی *تورکیا* لەو گوتانەی کە **بارزانی** و هاوبیرەکانی لە پەیوەند بە سەربەخۆیی دەیکەن، تەنیا دەکرێت لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

هەوڵەکانی حکومە*تی تورکیا* لە نزیککردنەوەی لیستی کوردەکان و لیستی تورکمانەکان لە *ئەنجوومەنی پارێزگای کە*رکووک، کە بوو بە مایەی پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی لە پارێزگاکە، بە هەمان شێوە، لەو چوارچێوەیە و لەژێر تیشکی مەبەست و ئامانجەکانی *تورکیا* لە هێنانە ژێر باڵی *هە*رێم شرۆڤە بکرێت. **حەسەن تۆران**، لە حز*بی عەدالەتی تورکمان* کە ناسراوە بە نزیکی لە تورکیا، وەک سەرۆکی *ئەنجوومەنی پارێزگای کە*رکووک تەنیا چەند سەعاتێک پێش گەیشتنی **ئەردۆگان** بە پایتەختی هەرێم، *هەولێر*، لە ئازاری ٢٠١١دا، دەستنیشان کرا (Reuters 2011). ئەمەش هەوڵێک و پەیامێکی دیکەی *تورکیا* بوو کە بۆ کوردەکانی نارد.

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە *سووریا* و پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراقی لە حکومەتەکەی **بەشار ئەسەد**، کە هەردووکیان وەک حکومەتی شیعی ناسراون، لە بەرانبەریشدا پشتیوانیکردنی *تورکیا* لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی *سووریا* بە هەندێک گرووپی تیرۆرستیشەوە، *تورکیای* هێندەی دیکە لە حکومەتی مەرکەزی دوور و لە حکومە*تی هە*رێم نزیک کردەوە. شەڕی ناوخۆی *سووریا* دابەشبوونی مەزهەبیی ناوچەکەی زیندوو کردەوە. *تورکیا* و *سعودییە* و *قەتە*ر بە ئاشکرا ئارەزووی خۆیان لە لابردنی **بەشار ئەسەد** ڕاگەیاند. لە بەرانبەریشدا، *عێراق* و *ئێران* نەک هەر پشتیوانیی خۆیان لە **ئەسەد** ڕاگەیاند، بەڵکو بە کار و کردەوە و بە چەک و تەقەمەنی و چەکدار و ڕاوێژ لە پشت و لە پێش **ئەسەد** ڕاوەستان بۆ پاراستنی ڕژێمەکەی. ئەم دابەشبوونە مەزهەبییە و هەوڵەکانی حکومە*تی هە*رێم لە دروستکردنی سەربەخۆییانەی بۆری گاز و نەوت و گەیاندنی بە *تورکیا*، کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە دەستبەکار بوون، هەژانێکی زۆر گەورە بوو کە دەکرێت بڵێین سەرلەنوێ جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیجیی ناوچەکە دادەڕێژێتەوە.

ئەگەر هەرێم پشتیوانی یان لانیکەم بێدەنگیی *تورکیا* مسۆگەر بکات، کە ئاماژەکانی زۆر ڕوون نین، ئەوە ئەوکات زۆر سەخت دەبێت بۆ حکومەتی مەرکەزی لە *بەغداد* ڕێگری لە جیابوونەوەی کوردەکان بکات. بە واتایەکی دیکە، جیابوونەوەی *هەرێم* ئەوەندەی پەیوەندیی بە هەڵوێستی *ئەنقەرە*وە هەیە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە هەڵوێستی *بەغداد*. *هەرێم* پەیوەندیی دیبلۆماسی و بازرگانی، بێ گەڕانەوە بۆ *بەغداد*، لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا گەشە پێ داوە و گرێبەستی نەوتیشی لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیای گەورە واژۆ کردووە. سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی *هەرێم* لەگەڵ سەرانی وڵاتان کۆبوونەوەی دووقۆڵی لە ئاستی باڵادا ئەنجام دەدەن، لەوانە **جۆرج بۆش** سەرۆکی *ئەمەریکا* (ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٨)، **تۆنی بلەیە** سەرۆکوەزیرانی *بەریتانیا* (ساڵی ٢٠٠٥)، **سلڤیۆ بێرلسکۆنی** سەرۆکوەزیرانی *ئیتاڵیا* (ساڵی ٢٠٠٥)، **ئەنجێلا مێرکل** ڕاوێژکاری *ئەڵمانیا* (ساڵی ٢٠٠٩)، **نیکۆلای سارکۆزی** سەرۆکی *فەرەنسا* (ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠). *هەرێمی کوردستان* پەرلەمان و حکومەت و سەرۆک و ئۆپۆزسیۆن و سوپا و پۆلیس و دەزگای هەواڵگری و ئاڵا و سرودی نیشتمانیی خۆی هەیە. تا ساڵی ٢٠١٤ تاکە شتێک بە *بەغداد*وە بەستبوویەوە بودجە و داهاتی ساڵانە بوو کە حکومەتی مەرکەزی دابینی دەکرد. دەرچوون لەم پەتەش دەوەستێتە سەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی نەوت سەربەخۆییانە لە لایەن حکومە*تی هەرێم*، کە لە ٢٠١٤ەوە بۆرییەکان وەگەڕ خراون، بەڵام ساڵێکی پێ نەچوو، لە ٢٠١٥ەوە حکومە*تی هەرێم* بە فەرمی لەسەر زاری **ئاشتی هەورامی**، وەزیری سامانە سروشتییەکان، شکستی سیاسەتی سەربەخۆی نەوتی ڕاگەیاند و تاوانەکەشی خستە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی حکومە*تی هەرێم* لە شکستهێنان لە بەڕێوەبردنی وڵات نەک بەڕێوەبردنی نەوت (ئێن ئاڕ تی ٢٠١٦).

بە هەرحاڵ، مامەڵکردنی *تورکیا* لەگەڵ پرس و سیاسەتی سەربەخۆی نەوتی حکومە*تی هەرێم*، هەرچۆنێک بێت سەربەخۆیی تەنیا ئارەزووی دەستەبژێری ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردی نییە، بەڵکو خەونی گشت کوردە (Raghavan & Londoño 2008; McDermid 2010a). بەگوێرەی دەستووری *عێراق*، یەکپارچەیی خاکی *عێراق* بەندە بە جێبەجێکردنی

بەندەکانی دەستوورەکەوە. بۆ کورد بەگشتی ئەمە وەک جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و دیاریکردنی سنووری *کوردستان* بینراوە، واتە مانەوە مەرجدار کراوە. مادەکە لە کۆتایی ٢٠٠٧ەوە ماوەی بەسەر چووە. داخۆ مادەکە و ئەو تێگەیشتنەی کورد هیچ نرخ و بەهایەکی ماوە؟ پرسیارێکی گەورە و بێوەڵامە ئێستاکانێ. *هەرێمی کوردستان* هەموو بنەماکانی دەوڵەتی تێدایە، ئیرادەی سەرکردە کوردەکان و ملکەچییان بۆ دەوڵەتە هەرێمییەکان و یەکڕیزیی ناو ماڵی کوردی لێ دەربچێت. سەرەڕای ئەمانە، ساڵانێکە زۆر کەس دەڵێن کە جیابوونەوەی *کوردستان* پرسی کاتە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، بەڵام شکستی حکومە*تی هەرێ*م لە سیاسەتی سەربەخۆی نەوت لەگەڵ نغرۆبوونی ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی کە بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات، تا بنەقاقای لە گەندەڵی و دزیی سامانی گشتی، وای لەزۆر کەس کردووە کە تا ئەو دەستەبژێرە سیاسییە باڵادەست بن، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە خەونێک بۆ گەل و گەمەیەک و موزایەدەیەکی سیاسیی قێزەون لە لایەن دەستەبژێرە سیاسییەکەوە هیچی دیکە نییە.

**سوننەکان لە ناو پارادایمێکی سیاسیی نوێ لە عێراقی نوێدا**

بەشێکی زۆر لە شیعەکانی *عێراق* پێیان وایە کە ئەوان هەر لە "دەورانی (خەلیفە_ **ئەبوبەکر** (فەرمانڕەوا لە ساڵانی ٦٣٢ بۆ ٦٣٤) تا دەگاتە دەورانی حزبەکەی **ئەحمەد حەسەن بەکر** (*حزبی بەعس*)" زوڵمیان لێ کراوە و پیلانیان لە دژ گێڕدراوە (موسوعة الرشيد: ٢٠١٠). ئەگەر زوڵملێکراویی شیعەکان بگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەوەوبەر، ئەوە سوننەکان لە ٢٠٠٣ەوە لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** هەست بە وەلاوەنراوی و غەدرلێکراوی دەکەن. ئەم برگەیە تەرخان کراوە بۆ شرۆڤەکردنی دید و هەڵوێست و بەرخوردی سوننەکان بەرانبەر بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر *عێراق*دا هاتن دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەعس.

لە ڕاستیدا دەکرێت بە سانایی ئەو هەڵوێست و ڕەفتار و هێڵە گشتییانە دەستنیشان بکەین کە شێوە و شێوازی سیاسەتی سوننەکانی لە دوای داگیرکردنی *ئەمەریکا* پێک هێنابوو. ئەوانەی کە بە زەقی بەرچاو دەکەوتن،

ئەمانە بوون: یەکەم، بەرەنگاربوونەوەی یەکسەرەی هێزە داگیرکەرەکانی *ئەمەریکا* و بەگژداچوونی دەسەڵاتی *ئەمەریکا* و هەموو ئەوانەش کە لە ژێر چاودێریی *ئەمەریکا*، کەم تا زۆر حوکمبەدەست بوون یان هاوکاریی ئەمەریکییەکانیان دەکرد. دووەم، بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٥ و هەموو ئەو ئەنجوومەن و دەستە بەڕێوەبەرییانەی پێش ئەو کاتە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت پێک هاتبوون، لە هەمووی گرنگتر کۆنگرە و کۆمیتەکانی نووسینەوەی دەستوور. سێیەم، پشتیوانیکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو گروپە یاخیبوانەی لە دوای داگیرکردن لە *عێراق* سەریان هەڵدا و دروستبوون بە گروپە موجاهیدە تیرۆریستەکانیشەوە، وەک قاعیدە لە *عێراق*. چوارەم، ڕاگەیاندنی شەڕ لەگەڵ ئەو حکومەتە نوێیەی کە شیعە و کوردەکان باڵادەست بوون تێیدا لە لایەک و شەڕ لە دژی پێکهاتەی شیعە بەگشتی لە لاکەی دیکە. پێنجەم، ئەگەر چوار خاڵی یەکەم خۆی لە هەڵوێست و ڕەفتاری سوننەکان بەگشتی لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا بینیبێتەوە، ئەوە خاڵی پێنجەم پەیوەندیی بە ڕەفتاری حکومەتە نوێیەکەی *عێراق*ەوە هەبوو، بەتایبەتی لە پەیوەند بە دوو بڕیاری سەرەکی، ڕیشەکێشکردنی *بەعس*، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی *سوپای عێراق* و دامەزراوە ئەمنییەکان. ئەمانە بەسەر یەکەوە ئاڕاستە و دواڕۆژی سوننەکانی لە *عێراقی* دوای **سەدام** بۆ ماوەیەک دیاری کرد.

داگیرکردنی *عێراق* لە لایەن *ئەمەریکا*وە بناغەکانی دەسەڵات و هێزی سوننەکانی وەک باهۆزێک لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکاند. لە ناو ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا، سیاسەت و پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* و هەڵوەشاندنەوەی سوپا و دەزگا ئەمنییەکان، کە زۆرینەی ئەندامەکانیان سوننە بوون، لە هەموان زیاتر کاریگەریی خراپی لەسەر هەست و نەست و هەڵوێستی سوننەکان هەبووبێت. کاریگەرییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هاوتابوونی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* بە ڕیشەکێشکردنی سوننە، چونکە دەرکردن و دوورخستنەوەی بەعسییەکان دەرکردن و دوورخستنەوەی سوننەکانی لێ کەوتەوە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سادە: یەکەم، لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری بەعسییە پلەبەرزەکان و مامناوەندییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە

پلەوپایە و پۆستی بەرزیان لە دەوڵەت هەبوو و بڕیارەکە دەیگرتنەوە لە سوننەکان بوون. دووەم، لە کاتێکدا چاوپۆشی لە بەعسییە شیعەکان دەکرا و پاساوی بە زۆر کراون بە بەعسییان بۆ دەهێنرایەوە، لە هەمان کاتدا و بە پێچەوانەوە، بڕیارەکە بە توندی لەسەر سوننەکان جێبەجێ دەکرا.

دوای ساڵانێک لە مکووڕبوونی پەرلەمانتارە سوننەکان لەسەر گێڕانەوەی بەعسییەکان، لە شوباتی ٢٠٠٨دا پەرلەمان بە یاسا *دەستەی نیشتمانیی باڵا بۆ لێپێچینەوە و داد* (*الهيئة الوطنية العليا للمساءلة و العدالة*)ی دامەزراند، تا ببێت بە جێگرەوەی *دەستەی نیشتمانیی باڵا بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعس* (*الهيئة الوطنية العليا لاجتثاث البعث*) کە لە نیسانی ٢٠٠٣دا یاسای پێ دەرچووبوو. یاسا نوێیەکە هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێت، نەرمونیانیی زیاتری بەرانبەر بە بەعسییەکان دەنواند، بەوەش ژمارەیەکی زۆر لە کۆنەبەعسییەکان گەڕانەوە سەر پۆستەکانی خۆیان. ئەم هەڵوێستەی حکومەت بەرانبەر بە بەعسییەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشەکانی سوپا و دامودەزگا ئەمنییەکان بۆ سەر *سوپای مەهدی* (میلیشیاکانی **موقتەدا سەدر**) لە *بەسرە* و *بەغداد* و هەندێک ناوچەی دیکەی *عێراق*، کاریگەریی لەسەر مەیلی سوننەکان هەبوو لە نزیکبوونەوە لە حکومەت و پێکهاتن لەگەڵ حکومەتەکەی **مالیکی**. لە دەرئەنجامدا، دوای ساڵێک لە بایکۆتکردنی پەرلەمان لایەنە سەرەکییەکەی سوننەکان، *بەرەی تەوافوق* گەڕانەوەی خۆی بۆ ناو حکومەت و پەرلەمان لە حوزەیرانی ٢٠٠٨دا ڕاگەیاند (بی بی سی ٢٠٠٨). سەرەڕای ئەمە، لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠دا کاتێک، لەسەر ڕاسپاردەی *دەستەی نیشتمانیی باڵا بۆ لێپێچینەوە و داد*، *کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان* ڕێگری لە بەشداریی ٤٠٠ کاندید کرد بە پاساوی ئەندامبوون لە حزبی *بەعسی* قەدەغەکراو، حکومەت و پرۆسەی سیاسی لە *عێراق* ڕووبەڕووی قەیرانێکی دیکەی سیاسی و یاسایی بووەوە. ئەم کردارەی حکومەت بەر ڕەخنەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی *عێراق* کەوت و پێیان وا بوو کە **مالیکی** دەستی قورس کردووە لە سزادانی سوننەکان. دادگای تێچوونەوە بڕیارەکەی حکومەتی ڕەت کردەوە، ئەمەش ئاڵۆزییەکانی کەمێک خاو کردەوە. بەگشتی ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ گەڕانەوە و بەشداریی هەندێک لە بەعسییەکان لە

پرۆسەی سیاسی لە *عێراق*. لەگەڵ ئەوەشدا، زیاتر لە ٥٠ کاندید پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠ لە کاندیدبوون خران، بەڵام لەبەر نەبوونی کات *کۆمسیۆن* پرسی دوورخستنەوەی کاندیدەکانی دواخست بۆ دوای هەڵبژاردنەکان (Fadel 2010b).

ئەم کێشمەکێشە چەندین مانگ دوای هەڵبژاردنەکان درێژەی هەبوو. نۆ کاندید، لەوانە شەشیان کاندیدی *لیستی عێراقییەی* **ئەیاد عەلاوی** بوون، هەڕەشەی وەدەرنانیان لەسەر بوو (Shadid 2010a). وەک بینەوبەردەکانی پێشووتر، ئەم زنجیرەیەش لە ململانێکان عێراقییەکانی لەسەر بنەمای مەزهەبی دابەش کرد. سوننەکان پێیان وا بوو ڕێگریکردن لە کاندیدەکانیان گەمەیەکی دیکەی حکومەتەکەی **مالیکی** و پشتیوانە شیعەکانییەتی بۆ لاوازکردن و پەرشوبڵاوکردنی لایەنە سوننەکان، کە مەبەستی سەرەکی لێی شکستهێنانە بە سەرکەوتنەکانی لیستەکەی **عەلاوی**، کە سوننەکان پڕ بە توانایان لە هەڵبژاردنەکان پشتیوانییان لێ کرد، بەمەش لە هەموو لیستەکان کورسیی زیاتر بەدەست هێنا. لە بەرانبەردا لایەنە شیعەکان *کۆمسیۆن*یان تاوانبار دەکرد بەوەی کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەمەریکییەکان و *نەتەوەیەکگرتوەکان*، کە گوایە نەرمی دەنوێنن یان چاوپۆشی دەکەن لە گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ پرۆسەی سیاسی (Fadel 2010b). هەرچۆنێک بێت، لە ئایاری ٢٠١٠دا لایەنە عێراقییەکان پێک هاتن لەسەر کۆتاییهێنان بە بینەوبەردەکەی سەر ئەو کاندیدانەی کە گوایە پەیوەندییان بە ڕژێمەکەی **سەدام** و حزبی *بەعس*ەوە هەبووە.

پێشهاتەکانی دواتر ئەوەیان پیشان دا کە ئەگەر ماسییە گەورەکان بتوانن لە تۆڕەکانی ڕیشەکێشکردنی *بەعس* خۆیان ڕزگار بکەن یان ڕزگار بکرێن، ئەوە ماسییە بچووکەکان ئەو شانسەیان نییە. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو کاتەی **عەلی ئەدیب**، دووەم کەسی دەستڕۆیشتوو لە *حزبی دەعوە* لە دوای **مالیکی**، لە کۆتایی ٢٠١٠دا بوو بە وەزیری خوێندنی باڵا، زیاتر لە ١٢٠٠ مامۆستای زانکۆی لە زانکۆکانی *عێراق* بە بیانووی پەیوەندییان بە حزبی *بەعس*ەوە دوور خستووەتەوە، لەوانە ٣٠٠ کەسیان لە *زانکۆی تکریت* مامۆستا بوون، کە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی *زانکۆی*

تكریتی بەدوای خۆیدا هێنا (Adriaensens 2011). سەرەڕای گۆڕینی یاسای ڕیشەکێشکردنی *بەعس* بۆ لێپێچینەوە و داد، کەچی هەروەک خۆی بەسەر کۆنەبەعسییەکاندا جێبەجێ دەکرا، بەتایبەتی دوای باڵادەستبوونی **عەلی ئەدیب** لە *وەزارەتی خوێندنی باڵا* (Zurutuza 2012). ئەمەش هێندەی دیکە بێئومێدیی سوننەکانی لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی زیاتر کرد، چونکە سوننەکان پێیان وا بوو کە پاڵنەر و هاندەری عەشیرەتی لە پشت ئەم کار و کردەوانەی حکومەتەکەی **مالیکی**یە. مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی **عەلی ئەبو زەید**، کە شیعەیە، دەڵێت "تەنانەت وەرگرتنی (خوێندکاران) بۆ خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا) لەسەر بنەمای مەزهەبی دیاری دەکرێت" (Associated Press 2012b).

**عەلی ئەدیب** لەگەڵ بوونی بە وەزیری خوێندنی باڵا، لە پاڵ تەنگهەڵچنین بە مامۆستا سوننەکان لە زانکۆکان، لە هەوڵی دەستکاریکردنی بەرنامەی خوێندنیش بوو. لە ٢٣ی نیسانی ٢٠١٢دا وەک وەزیری خوێندنی باڵا، وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی فەرمی، فەرمانی دابوو بە هەموو زانکۆکانی *عێراق* کە دەبێت سەربوردە (سیرة) و مێژووی ئیمامە شیعەکان، ناسراو بە ئەهلی بەیت، وەک بەشێک لە بەرنامەی خوێندن بخوێنن (هاووڵاتی ٢٠١٠). بەڵام وەک چۆن پیاهەڵدانی **مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان** لە بەرنامەکانی خوێندن لە **لایەن ساتع حوسری**، داڕێژەری بەرنامەکانی خوێندن بۆ خوێندنگە سەرەتای ی‌و ئامادەییەکان لە سەردەمی پادشایەتیدا هاتوهاوار و ناڕەزایی شیعەکانی لە سەرتاسەری *عێراق* ئەوکات لێ کەوتەوە (Bashkin 2006)، بە هەمان شێوە هەوڵەکانی **عەلی ئەدیب** لە باسکردنی سەربوردەی دوازدە ئیمامە شیعەکان و خزاندنی بۆ ناو بەرنامەکانی خوێندن لە زانکۆکان کەوتە بەر ناڕەزایی و ڕەخنەی سوننەکان. **عەلا مەکی**، پەرلەمانتارێکی سوننە و سەرۆکی *لیژنەی پەروەردە* لە *پەرلەمانی عێراق*، گوتی "ئەگەر (ئەو فەرمانەی **عەلی ئەدیب**) جێبەجێ بکرێت، ئەوە پەرچەکرداری نێگەتیڤی لە لایەن سوننەکانەوە لێ دەکەوێتەوە" (هەمان سەرچاوە). هاوشێوەی پەرلەمانتارە سوننەکە، پەرلەمانتارێکی کوردیش پێی وابوو کە فەرمانەکەی **عەلی ئەدیب** درزی نێوان شیعەکان و سوننەکان لە *عێراق* گەورەتر دەکات. وەلانانی

سەربوردە و مێژووی ئیمامە شیعەکان وەک بەشێکی گرنگ لە مێژووی *ئیسلام* لە سەردەمی باڵادەستیی سوننەکان لە عێراق لە ساڵانی ١٩٢١ تا ٢٠٠٣ دەکرێت وەک مەیلێکی عەشیرەتگەری ببینرێت. بە هەمان شێوە، لە غیابی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی-ئەکادیمیی سەربەخۆ و بێلایەن بۆ دانانی بەرنامەی خوێندن لە خوێندنگە و زانکۆکان، دانانی سەربوردەی ئیمامە شیعەکان لە سەردەمی باڵادەستیی شیعەکان، دەکرێت پاڵنەر و هاندەری عەشیرەتگەریی لە پشت ببینرێت.

لە دوای داگیرکردنی *عێراق* لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە، سەرەتا سوننەکان بایکۆتی حکومەت و هەڵبژاردنەکانیان کرد. ئەمەش ڕاست وەک ئەو هەڵوێستەی شیعەکان وا بوو کاتێک بەریتانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەو ناوچانەیان داگیر کرد کە دواتر ناویان نا *عێراق*. وەک چۆن بایکۆتەکەی شیعەکان پەراوێزکەوتنی شیعەکانی لێ کەوتەوە، بە هەمان شێوە بایکۆتەکەی سوننەکان پەراوێزکەوتنی سوننەکانی لێ کەوتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە تاکە هۆکاری هیچ کام لەو پەراوێزکەوتنانە نەبوو، بەڵام هۆکاری سەرەکی بوون. چۆن سوننە دەستڕۆیشتوەکان لە سەدەی بیستدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک شیعەکانیان پەراوێز خست، بە هەمان شێوە، لەگەڵ باڵادەستبوونی شیعەکان دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** هەموو هەوڵێک درا بۆ دوورخستنەوەی سوننەکان لە جومگەکانی دەسەڵات و پەراوێزخستنیان.

هەڵوەشاندنەوەی سوپا و دەزگا ئەمنییەکان و جێبەجێکردنی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس، هۆکاری هەرە سەرەکیی پشت پەراوێزکەوتن و پەراوێزخستنی سوننەکان بوو. دوای زیاتر لە دە ساڵ لە حوکمی شیعەکان لە *عێراق*، سوننەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێستا ئەوان "تەنیا لە زیندانەکان زۆرینە پێک دەهێنن". ئاماری فەرمی لەسەر ژمارەی زیندانیان بەپێی مەزهەب و نەتەوە لە بەردەستدا نین، بەڵام سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ٨٠%ی گیراوەکان لە زیندانەکانی *بەغداد* سوننەن (Zurutuza 2012). ئەمە لە کاتێکدایە کە سوننەکان ئێستا ٢٠-٢٥%ی ڕێژەی دانیشتوانی *بەغداد* پێکدێنن. لە ساڵانی باڵادەستیی سوننەکاندا شیعەکان و کوردەکان زۆرینەیان لە

زیندانەکانی *عێراق* پێک دەهێنا (بڕوانە بەشی شەشەم). ئەمانە بەشێکن لەو پارادایمە نوێیەی کە سوننەکان لە دوای لەدەستدانی باڵادەستیی لە حوکم لە *عێراق* لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئەزموون و پراکتیزەی دەکەن و هۆکاری هەرە سەرەکیی پشت ناسەقامگیری و ململانێ و شەڕ و پێکدادانە مەزهەبییەکانیشە.

لە ڕۆژانی یەکەمی دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئازاری ٢٠١٠، بەگشتی خەڵک پێیان وا بوو کە *لیستی عێراقییە*، کە زۆرترین ژمارەی کورسیی بردبووەوە، یەکەم لیست دەبێت کە شانسی پێکهێنانی حکومەتی پێ بدرێت لە لایەن سەرۆککۆمارەوە، کەچی زۆری پێ نەچوو ئەو گریمانەی خەڵک و ئەو ئاواتەی *لیستی عێراقییە* خرایە ژێر پرسیارەوە. *عێراقییە* لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زۆرینەی لایەنە سیاسییە سوننەکان و مسۆگەرکردنی پشتیوانیی زۆربەی هەرە زۆری سوننەکان و هەندێک لە شیعەکانیش، توانی ٢٨٥١٨٢٣ دەنگ بباتەوە، بەمەش ٩١ کورسیی لە پەرلەمان بەدەست هێنا. نزیکترین لیست لە *لیستی عێراقییە*، *لیستی دەوڵەتی یاسا*، لیستەکەی **مالیکی** بوو، کە ٢٧٩٧٦٢٤ دەنگی بردبووەوە، بەمەش تەنیا ٨٩ کورسیی لە پەرلەمان مسۆگەر کرد (Khuzaie 2010). سەرەڕای ئەمە، لیستە شیعەکان، بەتایبەتی لیستەکانی *دەوڵەتی یاسا* و *هاوپەیمانیی نیشتمانی*، لە گەمەیەکی سیاسیی-یاسایی بە پشتیوانیی *ئێران* ل*یستی عێراقییە*یان لە نائومێدیدا نقوم کرد، بەوەی کە **مالیکی** نەک **عەلاوی**، شانسی پێکهێنانی حکومەتی پێ درا، چونکە وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، *دادگای باڵای فیدراڵی* گەورەترین فراکسیۆنی بەو فراکسیۆنە ناساند کە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا وەک فراکسیۆن خۆی بەیان دەکات، نەک گەورەترین لیستی براوە لە هەڵبژاردنەکاندا.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر مایەی نیگەرانی و گومان بوو، دواخستنی دانانی وەزیری ناوخۆ، کە پشکی شیعەکان بوو، لەگەڵ وەزیری بەرگری، کە بەپێی *ڕێکەوتنی هەولێری* ساڵی ٢٠١٠، پشکی سوننەکان بوو، لە لایەن **مالیکی**یەوە. بەمەش **مالیکی** خۆی هەردوو پۆستی "بە وەکالەت" بۆ ماوەیەکی درێژ پڕ کردەوە. دوای نزیکەی ساڵێک، لە ئابی ٢٠١١دا **مالیکی** کەسایەتییەکی لاوازی سوننەی ناو *لیستی هاوپەیمانیی یەکێتیی عێراق (ائتلاف*

*وحدة العراق*)، **سەعدوون دلێمی**، وەک وەزیری بەرگری دامەزراند، بەڵام هەر خۆی وەک کەسایەتیی یەکەمی هەردوو وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ مایەوە تا ساڵی ٢٠١٤، کە کابینەکەی هەڵوەشایەوە. **مالیکی** لایەنە سوننەکانی تاوانبار دەکرد بە دیاریکردنی کاندیدی لاواز بۆ پۆستی وەزیری بەرگری، بەڵام ئەو بانگەشەیەی **مالیکی** دوور بوو لە ڕاستی. هۆکارەکانی پشت ئەو گەمەیەی **مالیکی** زۆر بوون، لەوانە: یەکەم، **مالیکی** دەیویست بڕیاردەر و بە ئارەزووی خۆی کۆنترۆڵ و دەستکاریی *وەزارەتی بەرگری* بکات و کەسە نزیکەکانی خۆی لە جومگە سەرەکییەکانی وەزارەتەکە جێگیر بکات. لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ لەو بوارە هەرچی بۆی کرا سڵی نەکردەوە لە بەمالیکیکردن و بەشیعەکردنی سوپا، تا دەگاتە ملکەچکردنی سوپا. دووەم، **مالیکی** دەیویست بەپێی توانا بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعس لە ناو سوپا، کە بەناسوننەکردن و بەشیعەکردنی سوپای لێ کەوتەوە. ئەمە بەشێک بوو لەو پرۆسەیەی لە پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** دەستی پێ کردبوو، کە یەکێک بوو لە مەبەستە سەرەکییەکانی **مالیکی** و هاوپەیمانەکانی. سێیەم، مەبەستێکی دیکەی **مالیکی** بەهێزکردنی پێگەی کەسیی خۆی بوو لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت، بەتایبەتی لە ناو سوپا و هێزە ئەمنییەکان. چوارەم، **مالیکی** پۆستەکەی خۆی وەک فەرماندەی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری بە وەکالەت بەکار هێنا بۆ خانەنشینکردنی سەدان ئەفسەری سوننە و دامەزراندنی سەدان ئەفسەری نوێی شیعە. بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەک لە *وەزارەتی ناوخۆ*، تەنیا لە تەمووزی ٢٠١٠دا، کاتێک کە **مالیکی** وەزیری ناوخۆ بوو بە وەکالەت، ٤٥ ئەفسەری پلەباڵای سوننەی خانەنشین کرد و جێگەی سەدان ئەفسەری دیکەی سوننە و شیعە (ئەوانەی لە خۆی نزیک نەبوون) بە کەسانی نزیک لە خۆی پڕ کردەوە (Al-Ali 2010).

ناڕەزاییەکان لە کارو کردەوەکانی **مالیکی** ڕۆژ بە ڕۆژ زیادیان دەکرد، بە ڕادەیەک کە **جەواد پۆلانی**، وەزیری ناوخۆ (٢٠٠٦-٢٠١٠) هەوڵی دا پرسی پاکسازی لە وەزارەتەکەی بباتە بەردەم **دادگای فیدراڵیی باڵا**، بەڵام هەوڵەکانی دەرپەڕاندنی **پۆلانی** لە پۆستەکەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠دا لێ کەوتەوە! بە کورتی، کۆنترۆڵکردنی سوپا و هێزە ئەمنییەکان و بەشیعەکردنیان، تەنیا لە

ڕێگەی کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان و وەزیری ناوخۆ و بەرگری لە دەستی یەک کەسدا بە سووک و سانایی ئەنجام دەدرا. **مالیکی** هەموو هەلە ڕەخساو و ڕەخسێنراوەکانی قۆستەوە بۆ بەرجەستەکردنی مەبەست و ئامانجەکانی، کە تا ڕادەیەکی چاک تێیدا سەرکەوتوو بوو. لە ئاکامدا، لەساڵی ٢٠٠٦ەوە ژمارەی ئەو سوننانەی کە لە ڕیزەکانی *سوپای عێراق*دا خزمەتیان دەکرد، بەرەو کەمبوونەوە دەچوو. فەرمانبەرێکی عێراقیی سوننە بە ناوی **عومەر**، لە کەرتی ئاسایش، کە نەیوێرابوو ناوی تەواوی خۆی بداتە ڕۆژنامەنووسەکەی *دۆیچە ڤێلە* (*DW*)، لە نیسانی ٢٠١٢دا گوتبووی "ئەوە چوار ساڵە من لێرە دەستبەکارم، لەو کاتەوە لە بەشەکەی ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی سوننەکان کەم دەکات. لە ١٥٣ کەس لە بەشەکەی ئێمە، تەنیا ١٥ کەسمان سوننە بووین، ئێستا بەس چوار کەسمان ماوین" (Zurutuza 2012). بەرپرسێکی باڵا لە حزبی *دەعوەی* **مالیکی** بانگەشەکانی ئەم فەرمانبەرە سوننەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەڵێت "ئەگەر ژمارەی سوننەکان لە ئیدارەکان کەم بووەتەوە، ئەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەتوایانەی کە ئیمام و خەتیبە سوننەکان لە دوای داگیرکردنی عێراق دەریان کرد و داوایان لە خەڵک کرد هاوکاری حکومەت نەکەن" (هەمان سەرچاوە). پێ دەچێت ڕاستی لە قسەکانی هەم فەرمانبەرە سوننەکە و هەم بەرپرسەکەی حزبی *دەعوە*دا هەبن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە هەڵوێست و فەتواکەی گەورەمەرجەعی شیعەکان، **مەهدی خالسی**، لە بیستەکانی سەدەی بیستمان بیر دەهێنێتەوە، کاتێک فەتوایەکی دەرکرد و داوای لە عێراقییەکان کرد کە بایکۆتی حکومەتی *عێراق* و بەریتانییەکان بکەن (بڕوانە بەشی سێیەم).

ئەم ڕووداو و پێشهات و هەڵوێستانە پیشان دەدەن کە مێژووی *عێراق* پڕە لە دووبارەبوونەوە، بەڵام لە پەیوەند بەم کەیسانەی لەم چەند دێڕەدا ئاماژەی پێ کراوە، بکەرەکان ڕۆڵەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە سەرەتای سەدەی بیست شیعەکان بە گژ بەریتانییەکان، داگیرکەرەکەی *عێراق*دا دەچوون و بایکۆتی حکومەتی *عێراق*یان دەکرد کە سوننەکان تێیدا باڵادەست بوون، کەچی دوای سەدەیەک، لە سەرەتای سەدەی بیستویەک، سوننەکان

شەڕی *ئەمەریکا*، داگیرکەرەکەی *عێراق*یان دەکرد لەگەڵ حکومەتە تازەدامەزراوەکەی *بەغداد*، کە شیعەکان تێیدا دەستڕۆیشتوو بوون. ئەوەی سەرەتای سەدەی بیست پەراوێزخستنی شیعەکانی لێ کەوتەوە، ئەوەی سەرەتای سەدەی بیستویەکیش پەراوێزکەوتنی سوننەکانی بەرهەم هێنا. مێژووی وڵاتێک کە مێژووی پەراوێزکەوتن و پەراوێزخستن و پەراوێزکردن بێت، زۆر ئەستەمە کە بتوانرێت باس لە ئامێزانی نیشتمانی و شوناسێکی گشتگیر تێیدا بکرێت.

**پێشهاتەکان و ڕووداوەکان: ڕیزبەندیی عێراقییەکان**

پۆلێنبوون و ڕیزبەندیی خەڵک لەسەر و لە بەرانبەر ڕووداوەکان، پێشهاتەکان، چەمکەکان و بیرۆکەکان، دیاردەیەکی ئاساییە و لە ناو هەموو کۆمەڵگەکان هەستی پێ دەکرێت. هەڵوێست و بەرخوردی ئەمەریکییەکان لە بەرانبەر چاکسازییە پێشنیازکراوەکانی **باراک ئۆباما**، سەرۆکی *ئەمەریکا*، لە ساڵی ٢٠١٠ دا لە یەکدی جیاواز بوون. موحافیزکارەکان بەگشتی بیرۆکەو سیاسەتە پێشنیازکراوەکانی **ئۆباما**یان ڕەت دەکردەوە، لە بەرانبەردا لیبراڵەکان بەگشتی پشتیوانییان لێ دەکرد. دەستپێشخەرییەکەی **ئۆباما** هاووڵاتیانی *ئەمەریکای* پۆلێنبەند کرد، بەڵام ڕیزبەندییەکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و جیهانبینیی جیاواز بوو، نەک ناوچەیی یان دیموگرافی (نەتەوەیی، ئایینی یان مەزهەبی). بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، بەرخورد و کردار و پەرچەکردار و هەڵوێستی عێراقییەکان لە بەرانبەر پێشهات و ڕووداوەکان بە ڕادەیەکی کەم لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و هزری و فەلسەفی بووە، بەڵکو زیاتر لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی بووە. بە گەڕانەوە بۆ سەد ساڵ لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، سەدان نموونەی زەقمان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لێرە تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بۆ پەردەلادان لەسەر ئەم دیاردەیە و لەوێشەوە دابەشبوون و لێکترازانی عێراقییەکان بە بنەما لەسەر نەتەوە و مەزهەب زیاتر بەدەر بخەین، چونکە هەڵوێستوەرگرتنی مەزهەبییانە و نەتەوەییانە لەسەر پرسە گشتییەکان لەگەڵ ئامێزانی نیشتمانی یەکتربڕن، نەک تەواوکەر.

هەڵوێستو وەدەنگهاتنی عێراقییەکان لەسەر وەلانانو کوشتنی **عەبدولکەریم قاسم** لە ساڵی ١٩٦٣ و **سەدام حسێن** لە ساڵی ٢٠٠٦دا دوو نموونەی دیارن. لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦دا کاتێک دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی **سەدام**ی دەرکرد، لە سەرتاسەری ناوچە شیعەنشین و کوردنشینەکانی *عێراق* خەڵک بە تاک و بەکۆ، بە ڕاکردن و بە ئۆتۆمبیل، بە هەلهەلەلێدان و هۆڕینلێدان و سەماکردنەوە لەماڵەکانیان دەرچوون بۆسەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی خەنی و خۆشی و شادییان بە هەواڵەکە. لە بەرانبەردا ناوچە سوننەنشینەکان خەم و پەژارە دای گرتبوون. لە گەڕەکی *ئەعزەمییەی بەغداد* و لە *سامەڕا* سەدان کەس بە هەڵکردنی ئاڵای ڕەش و هەڵگرتنی وێنەی **سەدام** ڕژانە سەر شەقامەکان بە مەبەستی سەرکۆنەکردن و شەرمەزارکردنی "جەللادەکان" و دەربڕینی ناڕەزایی و دڵتەنگییان بە هەواڵەکە (Semple 2006، بڕوانە وێنە ٨-١ و ٨-٢). هەمان شت لەگەڵ لەسێدارەدانی **سەدام** لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦دا دووبارە بووەوە، ئەگەر بە دابەشبوون و پۆلێنبەندییەکی زیاتریشەوە نەبووبێت لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی (Sydney Morning Herald 2006). ڕاست پێچەوانەی ئەوەی لە سەرەوە خرایە ڕوو، لە شوباتی ١٩٦٣ کاتێک **عەبدولکەریم قاسم** لە لایەن بەعسییەکان و ناسیونالیستە عەرەبەکانەوە کودەتای بەسەردا کرا، وەک لە بەشی پێنجەم باس کرا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کودەتاکە لە *ڕادیۆی بەغداد*، خەڵک لە گەڕەکە شیعەنشینەکان و کوردنشینەکانی *بەغداد*، وەک سەورە (الثورة) و خانووە قوڕەکانی ڕۆژهەڵاتی *دیجلە*، کە بە شەرگاوییەکان ناسرابوون، لەگەڵ دانیشتوانی گەڕەکی *عەکدلئەکراد* (عکد الاکراد)، ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ بەرگریکردن و پاراستنی کۆمارەکەی **قاسم**. هاوکات دانیشتوانی گەڕەکە سوننەنشینەکانی *بەغدا*دش، وەک *ئەعەزەمییە*، هاتنە سەر شەقامەکان، بەڵام بۆ هاوکاریکردن لە ناسیونالیستە عەرەبەکان و بەعسییەکان بە دژی **قاسم** (سعید ٢٠٠٥: ٧١؛ Batatu 2004: 978).

*وێنەی ٨-١:*
*شیعەکانی بەغداد خۆشحاڵی خۆیان بە لەسێدارەدانی سەدام دەردەبڕن*



*وێنە ٨-٢:*
*سوننەکانی بەغداد نارەزایی خۆیان لەدژی لەسێدارەدانی سەدام دەردەبڕن*



بەرخوردی عێراقییەکان لەبەرانبەر داگیرکەرەکەی سەرەتای سەدەی بیست و ئەوەی سەرەتای سەدەی *بیستویەک* بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی جیاواز بوو. لە ساڵی ١٩١٤دا کاتێک بەریتانییەکان لە *بەسرە* دەستیان بە داگیرکردنی *عێراق* کرد، شیعەکان و کوردەکان نەک هەر بەرەنگاری هێزە بەریتانییەکان بوونەوە، بەڵکو دوای داگیرکردنی *عێراق*یش لە دژیان ڕاپەڕین– کوردەکان لە ساڵی ١٩١٩ و شیعەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا (بڕوانە بەشی دووەم). لە بەرانبەردا سوننەکان هاوکار و هاوپەیمانی بەریتانییەکان بوون لە شەڕدا لە دژی عوسمانییەکان. دواتریش لە پێکهێنانی حکومەت نەک هەر پاڵپشتی بەریتانییەکان بوون، بەڵکو کۆڵەکەی ئەو حکومەتەشیان پێک هێنا کە لە ساڵی ١٩٢١ بەریتانییەکان لە *عێراق*دا دروستیان کرد، کە باڵادەستیی سوننەکانی تا ساڵی ٢٠٠٣ لێ کەوتەوە. بە پێچەوانەوە، کاتێک لە سەرەتای سەدەی بیستویەک ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان *عێراق*یان داگیر کرد، ئەم جارەیان سوننەکان بەرەنگاری هێزە داگیرکەرەکان بوونەوە، کەچی شیعەکان پشتیوانییان لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی **سەدام** کرد و خۆشحاڵ بوون بە هاتنی ئەمەریکییەکان، ئەگەریش شەرمیان دەکرد دەری ببڕن. هاوکات کوردەکان نەک هەر خۆشحاڵیی خۆیان

بە هاتنی ئەمەریکییەکان دەربڕی، بەڵکو هێزەکانیان، *هێزی پێشمەرگە*، هاوکاری ڕاستەوخۆی هێزەکانی هاوپەیمانان بوون و وەک ڕزگارکەر و فریادڕەس تەماشای داگیرکەریان دەکرد. شارەکانی *کوردستان* بە لافیتەی ڕەنگاوڕەنگ کە بەخێرهاتنی ئەمەریکییەکانی دەکرد، ڕازاندرابوونەوە (Soriano 2004).

لە هەمان ئەو ڕۆژانە و ڕۆژان و سالانی دوای داگیرکردنی *عێراق*، لەو کاتانەی کوردەکان بەخێرهاتنی ئەمەریکییەکانیان دەکرد و هاوکارییان پێشکەش بە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکرد، لە ناوچە سوننەنشینەکان، *موسڵ* وەک نموونە، سەر دیوارەکان پڕ بوون لە دروشمی نووسراو، وەک "ئێمە وەک درِک لەسەر دڵی ئەمەریکییەکان دەچەقین" (Fadel 2010c). ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەی سوننەکان، وەک ئاماژەی پێ کرا، هۆکارێکی پەراوێزبوونیان بوو لە پڕۆسەی سیاسی لە *عێراق*. مەبەست لێرە ڕاستی و دروستیی هەڵوێستەکان نییە، بەڵکو زیاتر دەرخستنی ئەو دیاردەیەیە کە پێکهاتە عێراقییەکان بەگشتی لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی هەڵوێستیان وەرگرتووە و لە خۆ پیشان داوە.

پرسی فیدراڵیزم یەکێکی دیکە لەو پرسانەیە کە عێراقییەکانی بە بنەما لەسەر نەتەوە و مەزهەب پۆلێنبەند کردووە. دەستووری عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥دا *عێراقی* وەک دەوڵەتێکی "اتحادی' (فیدراڵی)" پێناسە کردووە. هاوکات دەستوورەکە ڕێگەشی داوە بە پارێزگایەک یان بە یەکگرتنی لەگەڵ پارێزگایەکی دیکە، یان چەند پارێزگایەکی دیکە، تا هەرێمی فیدراڵی دابمەزرێنن، بە مەرجێک کە لە ڕاپرسیدا پشتیوانی بەدەست بهێنێت. بەڵام بێجگە لە هێزە کوردییەکان و *مەجلسی ئەعلا* لەناو شیعەکان، تا ساڵی ٢٠١٠ بەگشتی لایەنەکانی دیکە ئەگەر دژایەتیی بەفیدراڵکردنی *عێراق*یان نەکردبێت، ئەوە پشتیوانییان لێ نەکردوە. شیعەکان لە سەروبەندی نووسینەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ لارییان نەبوو لەوەی کە *عێراق* وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە بکرێت، بەڵام ئەو هەڵوێستەیان زیاتر بۆ ڕازیکردنی کوردەکان بوو. لەگەڵ پتەوبوونی دەسەڵاتەکانیان لە ناو جومگەکانی حوکمڕانی و دامودەزگاکان، شیعەکان وردەوردە لە فیدراڵیزم و بیرۆکەکانی دوور

دەکەوتنەوە. گەورەمەرجەعی شیعەکان، **عەلی سیستانی**، هەروەها حزبی دەعوە و گروپەکەی **موقتەدا سەدر** (*حركة الاحرار*) لە شیعەکان و *بەرەی تەوافق* (*جبهة التوافق*) و *لیستی موسالەحە و تەحریر* (*كتلة المصالحة و التحرير*)، کە گەورەترین دوو لایەنی سوننەب وون لە نێوان سالانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠، بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان لە فیدرالیزم ڕادەگەیاند. هاوشێوەی ئەمانە، گرووپەکەی **ئەیاد عەلاوی**، *بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی عێراق* (*الوفاق الوطنی العراقی*)، کە وەک هێزێکی سێکولار ناسراوە، ئەوانیش بیرۆکەی بەفیدرالکردنی عێراق*یان ڕەت دەکردەوە (Senor 2008). بە کورتی، ئەگەرچی عێراقییەکان لەسەر بنەمای مەزهەبی، لانیکەم لە چەند سالی یەکەمی دوای ڕووخانی *بەعس*، ڕیزبەند نەببوون کەچی لەسەر بنەمای نەتەوەیی ئەو ڕیزبەندییەیان پێوە دیاربوو، کوردەکان پێداگرییان دەکرد لە فیدرالیزم و عەرەبەکان ڕەتیان دەکردەوە و وەک بیرۆکەیەکی دەرەکی و سەپێنراو تەماشایان دەکرد.

لە سالی ٢٠١٠ەوە، سوننەکان دوای ئەوەی کە لیستەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی ئازاردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بە دوو کورسی لەپێش لیستەکەی **مالیکی**، *دەوڵەتی یاسا* بوو، کەچی وەک ئاماژەی پێ کرا ڕێگەیان پێ نەدرا حکومەت پێک بهێنن و دەسەلات بگرنەوە دەست، ئیدی وردەوردە بیرۆکەی شۆڕکردنەوەی دەسەلاتەکان لە مەرکەزەوە بۆ پارێزگاکان لە لایان گەشەی دەکرد. ئەم نزیکبوونەوەیەی سوننەکان دەکرێت وەک هەنگاوی یەکەم بۆ بەفیدرالیکردن یان بەکۆنفیدرالیکردنی *عێراق* تەماشا بکرێت. لە سەرەتای سالی ٢٠١١ەوە داواکانی سوننەکان بۆ بەهەرێمکردنی پارێزگاکانی *ئەنبار* و *نەینەوا* و *سەلاحەدین* و دیالە سەراییان بەدەر کەوت. لە ڕاستیدا لەو ساڵەدا *ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین* بە فەرمی داوای بەهەرێمکردنی پارێزگاکەی بە حکومەتی مەرکەزی لە *بەغداد* ڕاگەیاند (Visser 2011). زۆری پێ نەچوو *ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە*ش بە زۆرینەی ڕەها دەنگیان بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی فیدرال دا (Associated Press 2012b). ئەوانەی دەنگیان بۆ بەفیدرالکردنی پارێزگای *دیالە* دا، ئەندامە سوننەکانی ئەنجوومەنەکە بوون کە لە لایەن ئەندامە کوردەکانیشەوە پشتیوانیتان لێ کرا.

ئەو گۆڕانەی ئەوکات لە هەڵوێستی سوننەکان هەستی پێ دەکرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێئومێدییەی کە دووچاریان ببووەوە، دوای ئەوەی کە نەیانتوانی حکومەت پێک بهێنن سەرەڕای ئەوەی کە لیستەکەیان لە پێشی هەموو لیستەکانەوە بوو لە هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠دا. لە پاڵ ئەمانەدا، سوننەکان هەستیان بە بێدەسەڵاتی دەکرد هەم لە مەرکەز و هەم لە پارێزگاکان، چونکە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە بەگشتی دەستیان لە باڵادەستبوونی خۆیان جارێکی دیکە لە مەرکەز شوشتبوو، هاوکات حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتەکانیشی شۆڕ نەدەکردەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتی لە دابینکردنی بودجە. بەگشتی، هەڵوێستەکەیان لەوە ناچێت کە وەرگەڕانێکی ئایدیۆلۆجی بێت، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە ستاتۆیانەوە هەبوو لە *عێراقی* دوای **سەدام**، مەبەستمان ئەو پارادایمە نوێیەیە کە لە دوای وەلانانی سوننەکان لە دەسەڵات و باڵادەستیی شیعەکان لە حکومەت هاتە پێش. لەو چوارچێوەیەدا، بۆ سوننەکان فیدراڵیزم وەک خۆیان دەڵێن "باشترین بژاردەیە لە ناو بژاردە خراپەکان" (Zurutuza 2012). **حامید موتڵەگ**، پەرلەمانتاری سوننە (٢٠١٠-)، لەو سەروبەندەدا باسی لەوە دەکرد کە دەنگدەرەکانی ئەو بەگشتی بەپەرۆش نەبوون بۆ دروستکردنی هەرێمێکی سوننی، بەڵام دوای ئەو هەموو نادادپەروەرییانەی بەرانبەریان کرا، لەگەڵ هەستکردن بەوەی کە وەک هاووڵاتی پلەدوو مامەڵە دەکرێن ئێستا وایان لێ هاتوە کە داوای بەفیدراڵکردنی ناوچەکانیان بکەن (هەمان سەرچاوە).

شیعەکان لەوەتەی باڵادەستن، چەند ساڵی یەکەمی لێ دەربچێت، ئەویش تەنیا *مەجلسی ئەعلا*، ئەگەر نا بەگشتی مەیل بە بەفیدراڵکردنی *عێراق* نین. هەرچۆنێک بێت، داوای شیعەکان بۆ بەفیدراڵکردنی *عێراق* دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠، واتە پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام**. شیعەکان بۆ یەکەم جار لەوەی کە بە *بەیانی شیعە* (*اعلان شیعة*) ناسراوە، بەیانی ئارەزووی خۆیان لە بیرۆکەی بەفیدراڵکردنی *عێراق* ڕاگەیاند (Al-Bab 2002)، کە لە بەشی حەوتەم باس کرا. لەگەڵ پەیدابوونی لایەنگر لە ناو سوننەکان بۆ فیدراڵیزم لە دوای ساڵی ٢٠١٠ەوە حکومەتی مەرکەزی، کە شیعەکان تێیدا باڵادەست بوون، بە توندی بەرپەرچی هەوڵەکانیانی دەدایەوە. بۆ نموونە، کاتێک کە

ئەنجوومەنی *پارێزگای دیالە* بڕیاری بەهەرێمکردنی پارێزگاکەی دا، کۆمەڵێک خۆپیشاندەر کە لە کەسانی نزیک لە میلیشیا شیعەکان و مالیکی پێک هاتبوون، هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی ئەنجوومەنەکە و ماڵی پارێزگاری *دیالە*، **عەبدولنەسر مەهداوی**. ئەمانە هەمووشی بە بەرچاوی پۆلیس و سوپاوە ئەنجام دران! **مەهداوی** و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵهاتن بۆ *خانەقین*، لەوێ کوردەکان داڵدەیان دان ( Associated Press 2012b). لە ژێر فشار و ناچارکردنی بە نەگەڕانەوە، پارێزگاری *دیالە* دوای چەند مانگێک دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند. هەوڵەکانی بەهەرێمکردنی پارێزگای *دیالە* لە لایەن **مالیکی**، سەرۆکوەزیرانی ئەوکات، ڕێگریی لێ کرا، چونکە بە گوتەی ئەو "پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی، *عێراق* هەڵدەوەشێنێتەوە" (هەمان سەرچاوە).

سەرەڕای ئەوەی کە نەک هەر سیاسییەکان، بەڵکو هەندێک ئەکادیمییش پێیان وایە کە فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی قەدەری شکستە، کەچی کەیسی *کەنەدا* و *سویسرا* شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت، ئەویش سەرکەوتنو سەقامگیری و گەشەسەندنە. ئەم دوو وڵاتە، *کەنەدا* کە لە ساڵی ١٨٦٧ و سویسرا کە لە ساڵی ١٨٤٨ وەک دەوڵەتی فیدراڵی دامەزراون، لە کۆنترین و سەرکەوتووترین ئەزموونە دیموکراسییەکانی دونیای هاوچەرخن، کە گەل و نەتەوە جیاجیاکانیان دەیان ساڵە پێکەوە ئاشتییانە لەژێر چەتری فیدراڵیزمدا گوزەران دەکەن. هەندێک وڵات کە لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی نەتەوەیی دامەزرابوون هەڵوەشانەوە، وەک *یوگوسلاڤیا* و یەکێتیی *سۆڤێت*، بەڵام هۆکاری شکستی ئەم وڵاتانە داڕشتە فیدراڵییەکەی نەبوو، بەڵکو هۆکاری دیکە هەبوون، لەوانە نەبوونی دیموکراسی و زاڵیی سیستەمی تاکحزبی تا دەگاتە چەوساندنەوەی نەتەوە جیاجیاکانی ئەم وڵاتانە لە لایەن نەتەوە باڵادەستەکانیەوە، وەک ڕووس و سڕب ( McGarry & O'Leary 2003). خەتابارکردنی سیستەمی فیدراڵیزم بە شکست و هەڵوەشاندنەوەی *عێراق* جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەگەر نەڵێین سەرسوڕمان، چونکە: یەکەم، پێش بڕیاردان لەسەر بەفیدراڵیکردنی *عێراق*، وڵاتەکە بەشبەش بوو لەسەر هێڵە مەزهەبییەکان و نەتەوەییەکان. دووەم، ڕاستە دەستوور ڕێگەی بە

بەهەرێمکردنی پارێزگاکانی *عێراق* داوە، بەڵام لە واقعدا یاساکە هیچی لێ جێبەجێ نەکراوە، *هەرێمی کوردستانی* لێ دەربچێت. سێیەم، تاکە ناوچەیەک لە *عێراق* کە بەهەرێمکراوە، کور*دستان*ە، کە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی *عێراق* لە هەموو بوارەکاندا هەر لە سەقامگیریی ئەمنییەوە بگرە تا دەگاتە گەشەی ئابووری، زۆر لەپێشتر بوو تا ساڵی ٢٠١٤، بەڵام دواتر کە حکومەتی مەرکەزی بودجەی *هەرێمی* بڕی و حکومە*تی هەرێمی*ش شکستی هێنا لە سیاسەتی سەربەخۆی نەوت، بارودۆخی *هەرێمی کوردستان*یش گۆڕا. بۆیە ناکرێت شکستی *عێراق*، وەک *یەکێتیی سۆڤێت* و یوگ*ۆسلاڤیا*، بۆ بەفیدراڵکردنی بگێڕدرێتەوە. دەسەڵاتدارانی *عێراق* لە *بەغداد*، بەتایبەتی شیعەکان، بە توندی دژایەتیی بەفیدراڵکردنی *عێراق* دەکەن، کەچی بەپێی پێوەرەکانی وڵاتی شکستخوارد لە ساڵی ٢٠١١دا ئەوە *عێراق* لە ١٧٧ وڵاتدا، لە نۆ وڵاتە هەرە شکستخواردەکانی جیهانە (Foreign Policy 2012). لەو ساڵەدا *عێراق* تەنیا لە چەند وڵاتێک باشتر بوو، لەوانە *سۆماڵیا*، *ئەفغانستان* و *سوودان*. *عێراق* کە ئێستا وەک وڵاتێکی شکستخواردوو ناوزەند کراوە، لە دواڕۆژیش ئەگەر بە تەواوی هەڵبوەشێتەوە، ئەوە گومان دەکرێت کە هۆکارەکەی بەفیدراڵکردنی یان بەکۆنفیدراڵکردنی بێت. ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە کە شیعەکان لە ژێر فشاری *ئێران* دژایەتیی بەفیدراڵیکردنی *عێراق* بکەن، چونکە *ئێران* ئارەزوو ناکات نموونە و پێشینەی لەو شێوەیە لە ناوچەکە دروست ببێت، لەبەر ترسی پەڕینەوەی بیرۆکەی فیدراڵیزم بۆ *ئێران*. بە هەرحاڵ، ڕێگریکردن لە بەفیدراڵیکردن و بەکۆنفیدراڵیکردنی *عێراق* ئەگەری زۆری هەیە *عێراق* بەرەو هەڵوەشاندنەوە ببات نەک پێچەوانەکەی. شکستەکانی *عێراق* لە نیشتمانسازیو دروستکردنی شوناسێکی گشتگیر، هۆکاری سەرەکیی تەنگژەکانی *عێراق*ن. هەر چۆنێک بێت، فیدراڵیزم وەک زۆر بیرۆکە و پێشهات و ڕووداو عێراقییەکانی، وەک دەرکەوت، لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی پۆلبەند و ڕیزبەند کردووە.

وەک چۆن پرسە ناوخۆییەکان بە درێژایی مێژوو عێراقییەکانی پۆلێنبەند کردبوو یان کردووە، بە هەمان شێوە، پرسە دەرەکی و ناوچەییەکانیش عێراقییەکانی لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی ڕیزبەند کردبوو. بۆ

نموونە، سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی **نووری مالیکی** (٢٠٠٦-٢٠١٤) و **حەیدەر عەبادی** (٢٠١٤-) لە پشتیوانیکردنیان **لە بەشار ئەسەد**، سەرۆکی *سووریا*، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە *سووریا*، پشتیوانیی شیعەکانی مسۆگەر کرد و ڕق و تووڕەیی و ناڕەزایی سوننەکانی لێ کەوتەوە. **مالیکی** پێی وابوو کە ڕووخانی ڕژێمەکەی *سووریا عێراق* کە هەر ئێستاکانێ ناسەقامگیرە، دەخاتە تالوکەوە. **عەلی حاتەم سلێمان**، سەرۆکعەشیرەتی *دلێم*، یەکێک لە گەورەترین عەشیرەتە سوننەکانی *عێراق*، ئەو تێگەیشتنەی **مالیکی** دەخستە ژێر پرسیار و پێی وا بوو کە هەڵوێستی حکومەتی عێراقی لە پشتیوانیکردن و بەرگریکردن لە ڕژێمەکەی *سووریا* پەیوەندیی بە هەڵوێستی *ئێران* و زاڵیی عەقڵییەتی عەشیرەتگەرییە بەسەر *عێراق*دا، نەک ئەوەی کە **مالیکی** بانگەشەی بۆ دەکات (Chulov 2011). پێچەوانەی **مالیکی**، **سلێمان** ئاواتەخواز بوو کە ڕژێمەکەی **ئەسەد** لەنزیکترین کاتدا سەرنگووم بێت، چونکە وەک ئەو دەیگوت "ئەوە پشتی ئێمە ئەمین دەکات، بەتایبەتی لە پارێزگای *ئەنبار*". سەرۆکعەشیرەتەکەی *دلێم* پێداگری لەوە دەکرد کە سەرچاوەی ئەم تێگەیشتنە جیایەی ئەوان، وەک عەرەبە سوننەکان، لەگەڵ ئەوانی دیکە، وەک شیعەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی مێژوویی-ئایینی، ئەوان شیعە و ئێمە سوننە، ئەوان فارس و ئێمە عەرەب، ئەو دەیگوت. ئەم تێگەیشتنە جیاوازە لە ساڵانی دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە *سووریا* بوو بە مایەی ناردنی هەزاران شەڕکەری شیعەی عێراقی بۆ پشتیوانیکردن لە ڕژێمە عەلەوییەکەی/شیعییەکەی *سووریا* (Abi-Habib 2014). لە بەرانبەریشدا، ئەم تێگەیشتنە دژبەیەکانە بوون بە مایەی باوەشکردنەوەی سوننەکانی *عێراق*، هەموویان نا، بەڵام بەشێکی زۆریان، بە ڕووی هێزێکی تیرۆریستی وەک *داعش* بە دژی حکومەتە باڵادەستە شیعەکەی *بەغداد* (Wilgenburg 2014).

ڕۆژنامەنووس و نووسەری عێراقی **حسێن قوتبی**، زۆر بە ڕێکوپێکی و بە پوختی پەسنی ئەو پۆلێنبەندییە مەزهەبی و نەتەوەییەی کردووە کە لە *عێراق*دا بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو. **قوتبی** دەڵێت:

"ئێستا به سانایی دەتوانیت عەشیرەی هەر عێراقییەک بزانیت تەنیا بەتەماشاکردنی هەڵوێستی لە پرسی بەڕێز **تاریق هاشمی**. ئەوەی داوای سزادانی یەکسەرەی **هاشمی** دەکات، بە بیانووی تێوەگلانی لە تیرۆریزم، ئەوە شیعەیە. ئەوەش کە بەرگریی لێ دەکات، بە بیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست، ئەوە سوننەیە... گلۆرە ئاگرینەکە گەورەتر بوو کاتێک **هاشمی** چوو بۆ *کوردستان*، ئیدی کوردەکانیش هەڵوێستێکی جیایان وەرگرت، کە سەرچاوەکەی لە تایبەتمەندییەکانی کوردەکان هەڵقوڵاوە. ئەوان بە بیانووی پەلەنەکردن لە بڕیارداندا داوای هێوربوونەوە دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی شەقامی عێراقی بەو سووک و ساناییە بەسەر شیعەی و سوننەی و کوردیدا دابەش دەبێت لە پەیوەند بە پرسی تاکە پیاوێک؟ عەشیرەتێک هێرش دەکات (هێزە سیاسییەکانی و میدیا فەرمییەکانی)، بەرانبەرەکەی بەرگری دەکات (هێزە سیاسییەکانی و میدیا فەرمییەکانی)، ئەوەی سێیەمیش هێور دەکاتەوە (هێزە سیاسییەکانی و میدیا فەرمییەکانی)! لەو نێوەشدا ڕۆشنبیرە عێراقییەکان وەک نەعامە ڕووبەڕووی عەسیرەتگەری دەبنەوە. دەترسن، نەخواستە تاوانباربکرێن بە عەشیرەتگەری، سەریان لە ژێر دروشمەکان دەشارنەوە، لە کاتێکدا کە ئەزمونی چەند ساڵە سەلماندوویەتی کە سیاسەتی نەعامە شکستی خواردووە لە ڕێگریکردن لە فراوانبوونی درزی نێوان عەشیرەتەکای *عێراق*، بگرەخۆگێلکردن لێی درزەکەی قووڵتر کردووەتەوە و کاریگەریی نەرێنییشی هەبووە لەسەر دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکە" (القطبی ۲۰۱۱).

وەک لەو نمونانەی سەرەوە، کە مشتێکن لە خەروارێک لەگەڵ قسەکانی **قوتبی**، دەردەکەوێت عێراقییەکان بەگشتی وەک هاومەزهەب و هاونەتەوەکانیان پرسەکان دەبینن و هەڵدەسەنگێنن. هۆکاری پشت ئەم دیاردەیە زۆرن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر شکستی ئەو پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانییەیە کە لە سەردەمی پادشایەتیدا دەستی پێ کرد و لە ساڵانی حوکمڕانیی **عەبدولکەریم قاسم** گەیشتە ترۆپک، کەچی لەگەڵ باڵادەستیی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە شەستەکان وردەوردە شکستی هێنا و لەدوای هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات نەک هەر پرۆسەکە

شکستخواردووەکەی ئامێزان درێژەی کێشا، بەڵکو پرۆسەی لێکترازانی نیشتمانی دەستی پێ کرد. لەد وای ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس*یش نە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکان و نە لەلایەن هێزە ناوخۆکان هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنرا بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی. بە پێچەوانەوە، شەڕی ناوخۆ، کە لەگەڵ هاتنی ئەمەریکییەکان دەستی پێ کرد لەگەڵ سیاسەتە هەڵە و دەمارگیرییەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی *عێراق*، هێندەی دیکە پێکهاتەکانی *عێراقی* لێک ترازاند و لە یەکدیی دوور کردنەوە. نەبوونی حزبی سەرتاسەری، حزبێک کە بتوانێت پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لەسەر یەک پلاتفۆرم کۆ بکاتەوە، هۆکاری سەرەکیی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و پۆلێنبەند و ڕیزبەندیی عێراقییەکانە لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی. بە کورتی لە غیابی پلاتفۆرمی سەرتاسەری عێراقییەکان لە دەوری حزبە مەزهەبی و نەتەوەییەکان کۆبوونەتەوە، ئەمەش هاودیدیی مەزهەبی و نەتەوەیی لێ کەوتووەتەوە لەبری هاودیدیی نیشتمانی یان هاودیدیی ئایدیۆلۆجی.

دروستبوونی یان دروستکردنی هاودیدیی نیشتمانی بۆ تێپەڕاندنی پۆلێنبەندییەکان لەگەڵ پەیدابوونی دەیان کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، کە زۆربەی هەرە زۆریان میدیای مەزهەبی و نەتەوەیی و لۆکاڵین، هێندەی دیکە پرسەکەی سەخت و ئاڵۆز کردووە. ئەمڕۆ لە *عێراق* میدیا سەرچاوەیەکی سەرەکیی ڕیزبەندیی عێراقییەکانە. توێژینەوەیەک لەسەر میدیای عێراقی لە ساڵی ٢٠١٠دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە میدیای باو "درزی نێوان پێکهاتەکانی عێراق فراوانتر بکات، بەمەش ناسنامەی نیشتمانی لاوازتر دەبێت" (Amos 2010: 2). توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیارییەکان لە *عێراق* تەلەفزیۆنە و نزیکەی ١٦ ملیۆن عێراقی ڕۆژانە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن. هەر ئەو سەرچاوەیە بۆی دەرکەوتووە کە ئەو کەناڵانەی کە عێراقییەکان تەماشایان دەکەن، بەگشتی پیشاندەری شوناسی مەزهەبیی کەسەکانە. چەند ساڵێک پێش ئەو توێژینەوەیە، **ئیبراهیم مەراشی** لە توێژینەوەیەکدا لەسەر میدیای عێراقی، بە هەمان ئەو ئەنجامانە گەیشتووە کە **ئامۆس** پێیان گەیشتبوو. **مەراشی** پێی

وایە کە میدیای عێراقی لە لایەن کۆمەڵێک ئیمپڕاتۆری میدیایی کۆنترۆڵ کراون کە ڕاستەوخۆ "بەستراون بە گروپە سیاسییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان... کە خاوەنی تەواوی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنن، وەک چاپ و پەخش و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن" (Al-Marashi 2007: 14).

حکومەتی عێراقی، بەتایبەتی لە سەردەمی **سەدام**دا، بە تەواوی کۆنترۆڵی میدیا و سەرچاوەکانی زانیاریی کردبوو لە گەمە سیاسییەکانیدا و بۆ سەپاندنی گوتارەکانی بە بەرفراوانی وەگەڕی خستبوون و بۆ چەندین دەیە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتەکەی **سەدام** شکستی هێنا لە دروستکردنی شوناسێکی گشتگیر لە *عێراق*. ئەگەر حکومەتێک کۆنترۆڵی میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراوی کردبێت و بە بەردەوامی گوتارێکی دیاریکراوی بە گوێی خەڵکدا دابێت، کەچی نەیتوانیبێت شوناسێکی گشتگیر دروست بکات، ئەوە ئێستا لەو گەڕەلاوژێ میدیاییەی لە *عێراق* ئامادەیی هەیە، کە هەر لایەنە و هەر حزبە و هەر نەتەوە و هەر مەزهەبە بە ئارەزووی خۆی لە هەوڵی سەپاندنی گوتارێک و دروستکردنی شوناسێکە، ئەگەرەکانی دروستبوونی شوناسێکی گشتگیرلە *عێراق* لەوانەیە مەحاڵ بێت. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەگەر بۆ بە یەکپارچەیی مانەوەی *عێراق* ئەگەرێک مابێت، ئەوە دەبێت لەسەر بنەمای فرەڕەنگی و فرەناسنامەی و فرەحزبی و فرەفەرهەنگی و فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبی بونیاد بنرێتەوە. ئەو هەموو فرەییەش چەند ئەگەرەکانی پێکەوەژیانیان کەمە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی مێژووی خوێناویی پێکدادانی ئەو فرەییانە بکەین، دە هێندە ئەگەرەکانی دابەشبوونی هەیە. ئەم دابەشبوونە ئەگەر تا دوایین شەڕی ناوخۆی *عێراق*، لە دوای داگیرکردنی *ئەمەریکا*- پێش هاتن و دوای هاتنی *داعش*، لە ناخ و لە دیدی عێراقییەکان هەستی پێ کرابێت، ئەوە لە دوای پێشهات و ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵە لەسەر خاک و جوگرافیای *عێراق* نەک هەر هەستی پێ دەکرێت، بەڵکو لەسەر زەوی بەرجەستە بووە.

بەپێی قسەی دانیشتوانی ناوچەکان و لێدوانی فەرمانبەرە حکومییەکان و فەرماندە سەربازییە عێراقییەکان و ئەمەریکییەکان لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٦، لانیکەم دە گەڕەکی تێکەڵ لە شیعە و سوننە لە *بەغداد* بە تەواوی کراون بە

گەڕەکی شیعەنشین (Tavernise 2006). لە دوو ساڵی یەکەم دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام** یاخیبوونی سوننەکان لە دژی ئەمەریکییەکان و حکومەتی عێراقی، ئەوە بە زەبری چەک سوننەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر شیعەیان لە گەڕەکەکانی *بەغداد*، بەتایبەتی بەشی *کەرخ*، یان کوشت یان دەرپەڕاند. لە تۆڵەی ڕاوەدوونانی شیعەکان، بەتایبەتی دوای تەقاندنەوەی مەزاری **ئیمام عەسکەری** لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦دا لە **سامەڕا**، ئیدی میلیشا شیعە ڕێکخراوەکان و ناڕێکخراوەکان دەستیان لە دەرکردن و کوشتنی سوننەکان لە ناو **بەغداد** و دەوروبەری نەپاراست. لەو شەڕەی لە نێوان چەکدارە سوننەکان و هێزە میلیشیا شیعەکان لەسەر *بەغداد* دەکرا، بەگشتی شیعەکان تێیدا سەرکەوتووتر بوون، بەمەش لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە *بەغداد* ماکێکی شیعەی وەرگرت. تخووبی جیاکەرەوەی سوننەکان لەگەڵ شیعەکان لە *بەغداد* ئێستا کەوتووەتە بەری ڕۆژئاوای *دیجلە*، نزیک گەڕەکی *مەنسوور*، ئەو شوێنەی کە کەسێکی سوننە بە "هەرە هەرە ڕۆژئاوای *بەغداد*" پەسنی کرد (Tavernise 2006).

لە دوای هێوربوونەوەی پێکدادانە مەزهەبییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هەزاران عێراقی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لەو گەڕەکانەی لێیان دەرپەڕێنرابوون. بەڵام وەک چۆن دەرکردنیان لە ماڵەکانیان سەخت بوو، گەڕانەوەشیان بەو ئاسانییە نەبوو کە زۆر کەس چاوەڕوانیان دەکرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، خەڵکە گەڕاوەکە پێیان وایە کە بەگەڕانەوەیان "خۆیان لە سەنگەرێکی دیکەدا دۆزیوەتەوە لە ناو کارەساتە بێکۆتاییەکانی *عێراق*، کە شەڕی گەڕانەوەیە" (Healy & Ghazi 2012). ڕاپۆرتەکان باسیان لەوەش دەکرد کە "لەبری داگیرساندنی مۆمێک کە لە هەموو شتێک پێویستترە بۆ پرۆسەی ئاشتبوونەوە، گەڕانەوەی ئاوارەکان لە هەندێک حاڵەتدا بووەتە مایەی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی گومان و ترسەکان، کە لە دەرئەنجامی ئەو شەڕە خوێناویانە دروست ببوون و *عێراق*یان بەسەر سێ دوورگەدا دابەش کرد، دوورگەی سوننەکان، شیعەکان لەگەڵ کوردەکان" (هەمان سەرچاوە). ئەمەش پۆلێنبەندیی و ڕیزبەندییەکانی عێراقییەکانی لە پۆلێنبەندی و ڕیزبەندیی

نەتەوەیی و مەزهەبی لەسەر پرس و چەمک و ڕووداوەکان و پێشهاتەکان گواستەوە بۆ قەتیسبوون و داخرانی جوگرافیی پێکهاتەکانی *عێراق*.

بێجگە لە ترس و گومان، لە کاتی گەڕانەوەیان سوننەکان سیمایەکی دیکەیان بە گەڕەکەکانیانەوە دەبێنی کە خۆی لە داڕشتنەوەی گەڕەکەکان لە خەیاڵگەی شیعەکان بەیان دەکرد، وەک هەڵواسینی ئاڵای ڕەش و سەوز و سوو، کە نیشانەی تازییەباری ساڵەهای ساڵی شیعەکانە لەگەڵ کوتانی وێنە و پۆستەری ئیمام و سەرکردە شیعەکان، زیندووەکان و مردوەکان، بەسەر دیواری ماڵەکان و باڵەخانەکان. بە کورتی *بەغداد* ئێستا بەگشتی بەرگی شیعەی پۆشیوە. ئاڵا و پۆستەرەکان تەنانەت لەسەر ئاریێلی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسیش هەڵواسراون ( Zurutuza 2012; Associated Press 2012b). ئەم کارو کردەوانەی شیعەکان لەوە دەچێت دوو هۆکاری لە پشت بێت: یەکەم، ئازادبوونیانە لەئەنجامدانی کارێک کە دەیان ساڵ بوو لە ژێر سایەی حوکمی سوننەکان لێی مەحروم کرابوون. دووەم، مەبەست لەم کردەوانە پیشاندانی هێز و دەسەڵاتە، نەک وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن کە شێوازێک بێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ ئیمام و سەرکردەکانیان. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک *بەغداد* لە خەیاڵگەی سوننە بەعسییە نیمچە سێکولارەکان دروست دەکرا، شارەکە ڕاست بووەوە بە پەیکەری خەلیفە سوننە عەباسییەکان، بۆ نموونە **ئەبو جەعفەری مەنسوور**، بێجگە لە سەدام وەک سەرکردەیەکی نوێ. هۆتێل و شەقامەکانی *بەغداد* بەشێکیان بە ناوی خەلیفەکانەوە ناو نرابوون، وەک هۆتێل و شەقامی *ڕەشید* و *مەنسوور* لە *بەغداد*. بەپێچەوانەشەوە، لەو کاتەوە کە شیعەکان باڵادەستن، ئیدی وەک ئاماژەی پێ کرا، دیواری ماڵەکان و باڵەخانەکان بە پۆستەری گەورەی ئیمامە شیعەکان، بەتایبەتی **ئیمام حسێن**، هەروەها سەرکردە لە سێدارەدراوەکانیان، وەک **باقر سەدر** و **سادق سەدر** داپۆشراون. لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە ئەم دیاردەیە ناوچە شیعەنشین و تێکەڵاوەکانیشی تێپەڕاندووە، بۆ نموونە، شاری تکریت کە شارێکی تەواو سوننەنشینە، کەچی لە دوای دەرکردنی *داعش* لە شارەکە لە ساڵی ٢٠١٥دا بە وێنەی سەرکردە شیعەکان و ئەو ئاڵایانە داپۆشراوە کە سیمبولی شیعەکانن.

هەڵواسینی پۆستەر و وێنەی **ئیمام حسێن** بەشێکە لەو هەوڵانەی کە شیعەکان، بەتایبەتی پیاوانی ئایینییان، دەیدەن بۆ زیندووکردنەوە و لەبیرنەکردنی کوشتنی **ئیمام حسێن** و یاوەرەکانی، کە بە دەستی ئەمەویە سوننەکان لە *دەشتی کەربەلا* ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا کوژران. ئەگەر شیعەکان دوای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە، هێشتا لە بیریان نەکردووە یان دامەزراوە ئایینییەکان نایانەوێت لە بیر بکرێت کە بکوژانی **ئیمام حسێن** کێن و ساڵانە لە ڕۆژانی *عاشوورا* بە ڕۆیشتنی ملیۆنی بە پێ بەرەو *کەربەلا* یادی دەکەنەوە، دەبێت کوشتنی ئەو دەیان هەزار کەسەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و ئەوانەش کە ئێستا ڕۆژانە لە بازاڕ و کۆڵانەکان دەکوژرێن کەی لە بیر بکەن؟! هەر کەسێک بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، دەشتوانێت پێشبینیی دوارۆژی *عێراق* بکات.

### دەرچوونی ئەمەریکا و هاتنی داعش

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا، بارودۆخی ئەمنیی *عێراق* بەراورد بە ساڵانی پێشووتر باشتر ببوو. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زیادکردنی هێزەکانی *ئەمەریکا* لە *عێراق* لە هەڵمەتێکدا کە ناسرابوو بە پەلامار (Surge)، لەگەڵ دروستکردنی *هێزەکانی سەحوە* کە ڕاستەوخۆ لە ناوچە سوننییەکان بە گژ *قاعیدە* و هێزە تیرۆریستییەکانی دیکەدا چووەوە و ناوچەکانی ڕۆژئاوای *عێراق*یان تا ڕادەیەک لێ پاک کردنەوە. بەهێزتربوونی هێزە ئەمنییەکان و *سوپای عێراق* بەتایبەتی لە کپکردنەوە و وەلانانی میلیشیا شیعییەکان، ئەگەرچی کاتییش بوو، لەم هاوکێشانەدا ناکرێت فەرامۆش بکرێت. سەرەڕای ئەمانە وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، سەرکەوتنی شیعەکان لە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە گەڕەکەکانی *بەغداد* و جیابوونەوەی شیعەکان و سوننەکان لە *بەغداد* و دەوروبەری، هۆکاری سەرەکیی هێوربوونەوەی شەڕە مەزهەبییەکان بوون. لە پاڵ ئەمانە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨دا بۆ زیاتر لە ١٢٠ دۆلار، تواناکانی حکومە*تی عێراقی* بەرزتر و بەرفراوانتر کرد. بەشێک لەو پارانە بۆ دامەزراندنی هاووڵاتیان لە دامودەزگاکانی حکومەت بەکار هات و بوون بە مایەی کەمبوونەوەی بێکاری.

ڕاسته له کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ نرخی نەوت دابەزییەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت بوو. بەگشتی تا هاتنی *داعش* له حوزەیرانی ٢٠١٤دا نرخی نەوت بەردەوام له دەوروبەری ١٠٠ دۆلار بوو. ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون له پشت کزبوونی نەک ململانێ مەزهەبییەکان، بەڵکو پێکدادان و شەڕە مەزهەبییەکان، ئەگینا ململانێکان هەر بەردەوام بوون.

بێجگە لەوەی که خەڵکی *عێراق* بەگشتی بوونی ئەمەریکییەکانیان له *عێراق* لا پەسەند نەبوو و وەک داگیرکەر تەماشایان دەکرد، بەتایبەتی سوننەکان، دیارە تا ساڵی ٢٠١٠. هەرچۆنێک بێت کۆتاییهێنان به داگیرکاری بەگشتی داوایەکی جەماوەری بوو. بێجگە لەمە *ئێران* فشارێکی زۆری خستبووە سەر حکومەتەکەی *بەغداد* بۆ دەرکردنی هێزەکانی *ئەمەریکا* له *عێراق*، به ئاشکراو و به دزییەوە. بۆیە لەگەڵ چاکتربوونی باری ئەمنی و ئابووری، **مالیکی** پرسی دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی *ئەمەریکا* له وڵات خستە پێش ئەمەریکییەکان. ئەمەش دەستپێکردنی دانوستانەکانی لەگەڵ *ئەمەریکا* له پەیوەند به پێکهاتنی ئەمنیی لێ کەوتەوە. له کانوونی دووەمی ٢٠٠٨دا هەردوو لا پێکهاتن لەسەر دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا* له *عێراق* تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١، پەرلەمانیش هەر زوو ڕەزامەندیی لەسەر پێکهاتنەکە دا. سەرەڕای ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی، کەچی له کانوونی یەکەمی ٢٠١١دا وەک پێکهاتنی لەسەر کرابوو، تەواوی هێزەکانی *ئەمەریکا* خاکی *عێراق*یان بەجێ هێشت.

دەرچوونی ئەمەریکییەکان هاوکات بوو لەگەڵ زیندووبوونەوەی جەمسەرگیرییە مەزهەبییەکان له *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* که دەکرێت بگێڕدرێنەوە بۆ ڕووخانی حوکمی سوننەکان له *عێراق* و هاتنەسەرکاری شیعەکان لەگەڵ کەوتنەژێرفشاری حکومەتەکەی **بەشار ئەسەد** له *سووریا*، که ئەگەر حکومەتەکەش وەک حکومەتێکی شیعی بەرچاو نەکەوتبێت، ئەوە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی که وەک بەشێک له بەهاری عەرەبی له *سووریا* سەری هەڵدا، له دوای دەستپێکردنی شەڕ و پێکدادانەکان وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامی-سوننی دەردەکەوت. لەوەش زیاتر، ئەگەر دابەشبوونی مەزهەبی، لانیکەم له ساڵی یەکەمی دەربڕینی ناڕەزاییەکان له *سووریا* مەزهەبییانە دەرنەکەوتبێت،

ئەوە خۆپیشاندانەکانی *بەحرێن* هەر لە سەرەتاوە ماکی شیعەبوونیان پێوە بوو. خۆتێهەڵقورتاندنی *عەرەبستانی سعودی* و *قەتەر* لە سەرکوتکردنی ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی *بەحرێن*، هێندەی دیکە ململانێکانی *بەحرێن* و جەمسەرگیرییە مەزهەبییەکانی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی* زەقتر کرد. لەگەڵ دەستبردنی یان باشتر بڵێین ناچارکردنی ئۆپۆزسیۆنی سووری بۆ چەک و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە *سووریا* و دابەشبوونی مەزهەبییانەی سەنگەرەکان، ئیدی جەمسەرگیرییە مەزهەبییەکەی ناوچەکە بە هیچ پەردەیەک نەدەشاردرایەوە. ململانێ و ناڕەزایەتییەکانی *یەمەن*یش، کە بە لەسەرکارلادانی **عەلی عەبدوڵا ساڵح**، سەرۆکی *یەمەن* (١٩٩٠-٢٠١٢)، نەک دانەمرکایەوە، بەڵکو چووە قۆناغێکی دیکەوە و بەهێزبوونی حوسییە شیعەکانی لێ کەوتەوە. هاوکاریی نێوان حوسییەکان و هێزەکانی سەر بە **عەلی عەبدوڵا ساڵح**، بە پشتیوانیی ئێران، بەرەی سوننەی لە *یەمەن* ناچار بە دەرچوون لە پایتەختی وڵاتەکە، *سەنعا* کرد. لە ئاکامی ئەمەشدا *سعودییە* و وڵاتانی *کەنداو* ڕاستەوخۆ بە هێزی سەربازی چوونە ناو شەڕەکەوە. ململانێ و شەڕە ناوخۆییەکانی *عێراق* و *سووریا* و *یەمەن* و *بەحرێن*، ئەگەر باسی *لوبنان* نەکەین، ناوچەکەی لە ساڵی ٢٠١١ەوە بە تەواوی بەسەر دوو بەرەی مەزهەبیدا دابەش کردووە. ئەم دابەشبوونە تا ڕادەیەک لە دابەشبوونەکەی سەدەکانی شازدە تا نۆزدە دەچێت، کە ناوچەکەی بەسەر بەرەی سەفەوییە شیعەکان و عوسمانییە سوننەکاندا دابەش کردبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم لێکچواندنە ئەگەر ڕاستیش بێت، تەواوی ڕاستییەکان نییە. وڵاتەکان لە دونیای هاوچەرخدا بەپێی بارودۆخەکە و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان، لە دەرەوەی تێگەیشتنە مەزهەبییەکانیان، بە سیاسەتەکانی خۆیاندا دەچنەوە و جارجار ئەمبەر و ئەوبەریش دەکەن، وەک ئەو نزیکبوونەوەیەی کە ئێستا *تورکیای* دوای کودەتاکەی تەمووزی ٢٠١٦، لە *ئێران* نزیک کردووەتەوە.

بەرەی سوننە کە لەلایەن سعودییەو تورکیاو قەتەر سەرکردایەتی دەکرا پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی سوننی سووریاو حکومەتی کەمینە سوننەکەی بەحرێنو حکومەتە زۆرینە سوننەکەی یەمەنو هێزە سوننەکانی عێراق، ئەوانەی ناوەوەو دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، دەکات. لەبەرانبەردا ئێران

سەرکردایەتی بەرەی شیعە دەکات، ئەویش بە پشتیوانیکردن لە حکومەتە عەلەوییە/شیعەکەی ئەسەد و حکومەتەکانی عێراق، کە لە ٢٠٠٦ ـەوە شیعەکان تێیدا باڵادەستن، لەگەڵ هاوکاریکردنی حوسییەکانی یەمەن‌و حزبوڵای لوبنانی. دابەشبوونە مەزهەبییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەردەوامی شەڕو پێکدادانەکان بەڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەی گۆڕیوەو ئەگەری ئەوە هەیە کە نەخشەی دەڤەرەکەش بگۆڕێت، ئەگەر لەنزیکمەوداش نەبێت لەدوورمەودا ئەو ئەگەرە بەهێزە. وەک چاوەڕوانیش دەکرا بەردەوامی شەڕ لە سووریا پێکدادانە مەزهەبییەکانی لە عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بەهاتنی داعش بۆ گۆڕەپانی ململانێکان جارێکی دیکە زیندوکردەوە.

دوای دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا*، حکومەتەکەی **مالیکی** دەستی بە سەرکوتکردنی ڕکابەرەکانی ناو سوننەکان کرد، چونکە ئەو وەک نەیار دەیبینین. لەوەش زیاتر، **مالیکی** توشی فۆبیا ببوو لە سەرکردە سوننەکان و ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، ئەوە ئەو وەلا دەنێن و سوننەکان دێننەوە سەر حوکم. لە کۆتایی ٢٠١١دا هەوڵی وەلانانی **ساڵح موتڵەگ**ی دا کە جێگری سەرۆکوەزیران، واتە جێگری خۆی بوو. **مالیکی** داوای لە پەرلەمان کرد کە پۆستەکە لە **موتڵەگ** بستێننەوە. ئەمە دوای ئەوە هات کە **موتڵەگ** وەک دیکتاتۆر پەسنی **مالیکی**ی کردبوو. پەرلەمان داواکەی **مالیکی**ی ڕەت کردەوە و زۆری پێ نەچوو **مالیکی** و **موتڵەگ** ئاشت بوونەوە (Wing 2012)، ئەوە ئەگەر نەڵێین **موتڵەگ** ملی دادا. هاوکات لەسەر داوای حکومەت، دادگا **تاریق هاشمی**، جێگری سەرۆککۆماری تاوانبار کرد بە تێوەگلان لە تیرۆریزم. **هاشمی** لەگەڵ پاسەوانەکانی تاوانبار کرابوون بە کوشتنی شەش دادوەر لەگەڵ ئەنجامدانی زنجیرەیەک کاری تیرۆریستیی دیکە، بەڵام **هاشمی** پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە مەرامی سیاسی لە پشت هەوڵەکانی دادگاییکردنی ئەودان (Reuters 2012). هەر زوو دوای تاوانبارکردنی، **هاشمی** *بەغدادی* بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە *هەولێر*، کە هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی *هەرێم* و حکومەتی مەرکەزی گرژتر کرد. دواتر **هاشمی** بەرەو *تورکیا* بەڕێ کەوت و لەوێشەوە بۆ *قەتەر*. لە ساڵی ٢٠١٢دا دادگا بە غیابی **هاشمی**ی دادگایی کرد و سزای

لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. یەکێک لە پاسەوانەکان دانی بەوەدا نابوو کە **هاشمی** داوای لێ کردوە کەسێک بکوژێت. **هاشمی** تاوانبار بێت یان **مالیکی** گەمەیەکی سیاسی بۆ هەڵبەستبێت، ئەم ڕووداوە عێراقییەکانی وەک هەر ڕووداوێکی دیکە لەسەر بنەمای مەزهەبی ڕیزبەند کرد و بوو بە هۆکارێکی دیکەی هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و پەروێزکراویی سوننەکان.

هاتنی **هاشمی** بۆ *هەرێمی کوردستان* و داڵدەدانی لە لایەن **بارزانی**، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکیش بوو، سەرەتای نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی سوننەکان و هەندێک لایەنی کوردی، بەتایبەتی *پارتی دیموکراتی کوردستان* بوو. لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمەکەی **سەدام**، بۆ نزیک لە دە ساڵ پەیوەندیی نێوان کوردەکان و سوننەکان بەگشتی گرژ بوو، بەتایبەتی لە پەیوەند بە ناوچە کێشەلەسەرەکان لەبەر هاوسنووری و نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری سوننە لەو دەڤەرانەدا، ئەمە بێجگە لە دژایەتیکردنێکی سەرسەختی سوننەکان بۆ بەفیدراڵیکردنی *عێراق* کە کوردەکان لە پشتیەوە بوون. نزیکبوونەوەی سوننەکان و کوردەکان ئەو ڕۆژانە بە بیر دەهێننەوە کە کوردەکان و شیعەکان لە دژی ئەو حکومەتانە هاوخەبات بوون کە سوننەکان تێیدا زاڵ بوون. ئەمەش جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە لە بەشەکانی پێشووتریش خرایە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە نەیار و دوژمنی هاوبەش پێکهاتەکانی *عێراق* لە یەک نزیک دەکاتەوە، نەک هاودیدی و هاوشوناسی. ئەم نزیکبوونەوەیە چەند قوڵ دەبێتەوە و چەند دەخایەنێت، ئەمە پرسیارێکە کە جارێ بە کراوەیی ماوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەکەی لە هاودیدی و هاوشوناسییەوە هەڵنەقوڵاوە و ستراتیجییەتێکی هاوبەشی بۆ دانەڕێژراوە، لەوە ناچێت کە درێژخایەن بێت. دیدی سوننەکان لەگەڵ کوردەکان لەسەر دوو پرس زۆر جیاوازن، ئەوانیش ناوچە کێشەلەسەرەکان کە پەیوەندیی بە شوناسی خاکی *کوردستان*ەوە هەیە، لەگەڵ شوناسی *عێراق* بەگشتی کە سوننەکان تا ڕادەیەک پێداگری لەسەر شوناسە عەرەبییەکەی دەکەن لە شوناسە عێراقییەکەی. داخۆ ئەم دوو پرسە دەکرێت چارەسەر بکرێن و دیدێکی هاوبەش لەسەریان گەڵاڵە بکرێت؟ ئەگەری هەیە، بەڵام ئەم ئەگەرە لە ئێستادا لاوازە، لەبەر پێداگریی هەردوو لایەن لەسەر شوناسە

نەتەوەییەکانیان بەو خاکانەش کە هەر نەتەوەیەکیان بە نیشتمانی خۆی دەزانێت.

**ڕافیع عیساوی**، سیاسەتوانێکی دیکەی دیاری سوننەکان بوو. لە ساڵی ٢٠٠٦ تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ وەک وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکوەزیران لە کابینەکانی **مالیکی** خزمەتی کردبوو. **عیساوی** یەکێکی دیکە بوو لەو کەسایەتییە سوننییانەی کە حکومەتەکەی **مالیکی** هەوڵی وەلانانی دەدا، وەک **ساڵح موتڵەگ** و **تاریق هاشمی**. لە سەروبەندی دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا* سوننەکان چوار کەسایەتیی دیاریان هەبوو لە گۆڕەپانی سیاسیی عێ*راق*دا، کە **تاریق هاشمی** و **ساڵح موتڵەگ** و **ئوسامە نوجەیفی** و **ڕافیع عیساوی** بوون. **مالیکی** بە خەستیی لە هەوڵی لێدانی هەر چواریان بوو. **تاریق هاشمی**ی لە وڵات وەدەر نا، **ڕافیع عیساوی**ی لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکرد، **ساڵح موتڵەگ**ی دەستەمۆ کرد، **ئوسامە نوجەیفی** بەرگەی گرت تا لە ساڵی ٢٠١٤ دا **مالیکی** خۆی لە پۆستی سەرۆکوەزیران وەلا نرا. ململانێکانی نێوان **عیساوی** و **مالیکی** دوای پێکهاتنی کابینەی دووەمی **مالیکی**، کە ئەو تێیدا وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکوەزیران بوو، دەستی پێ کرد. دانی **هاشمی** بە دادگا دوای دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا*، ململانێکانی توندتر کرد، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە **عیساوی مالیکی** بە عەشیرەتگەری تاوانبار بکات و **مالیکی**یش **عیساوی** بە تێوەگلان لە تیرۆریزم ناوزەند بکات. بەحوکمی زاڵیی دەسەڵاتی **مالیکی** و شیعەکان لە حکومەت، **عیساوی** بە ناچاری دەستی لە کار کێشایەوە (بی بی سی ٢٠١٣). دوای ئەوەی کە دوور خرایەوە و کەیسەکەی ڕەوانەی دادگا کرا، **عیساوی** پەیوەندیی بەو خۆپیشاندەرانەوە کرد کە لە شارە سوننەکان لەو ڕۆژانەدا بەڕێوە دەچوون و لەوێوە هێرشەکانی بۆ سەر **مالیکی** توندتر کرد.

هەوڵەکانی دادگاییکردنی **عیساوی** و چوونی ئەو بۆ ناو خۆپیشاندەران، گوڕوتینێکی زیاتری بەو خۆپیشاندانانەدا کە لەناوچە سوننەنشینەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ەوە سەریان هەڵدابوو، بەتایبەتی لە *ڕومادی* و *فەلوجە* و *حەویجە*. بە پێچەوانەوە، کاتێک **ساڵح موتڵەگ** بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە چوو بۆ *ڕومادی*، خۆپیشاندەرەکان ئەویان وەک کەسێکی ملکەچ بۆ **مالیکی**

ناوزەند کرد، چونکە ئەو وەک وەزیرە سوننەکانی دیکەی لە کابینەکەی **مالیکی** دەستی لە کار نەکێشابووەوە، بۆیە لەگەڵ گەیشتنی بۆ ناو ئاپۆڕەی خۆپیشاندەرەکان، خۆی و پاسەوانەکانی بەردباران کران (CNN 2013). لەبەر ئەوەی گومان لە سەربەخۆبوونی دامەزراوە قەزاییەکان و دامودەزگا ئەمنییەکان هەیە لە *عێراق*، ناکرێت پشت بە بانگهێشت و قەزاوەتەکانی ئەوان ببەسترێت، هاوکات ئەمە تێوەنەگلانی سیاسەتوانە سوننەکان لە کاری تیرۆریستی ناسەلمێنێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە کە خەڵکەکە بەگشتی کوێرانە پشتیوانییان لە سیاسەتوانەکانی سەر بە مەزهەب و نەتەوەکانی خۆیان دەکرد. کاتێکیش نزیکبوونەوەیەک لە نێوان هەندێک دەبینن، وەک ئەوەی **مالیکی** گومان دەخرایە سەر دڵسۆزییان بۆ گەل، کە لێرە زیاتر مەبەست عەشیرەتەکەیانە. ئەمەش لە بەردبارانکردنی **موتڵەگ** بەرچاو کەوت. وا پێ دەچێت مەبەستی سەرەکیی **مالیکی** لەم ململانێ و ڕاوەدوونانە لاوازکردنی پێگەی سیاسەتوانە سوننەکان بووبێت، ئەگەر نا کاتێک کە **ساڵح موتڵەگ** ملی دا ئیدی گێچەڵکردن بەو کۆتایی هات.

بە کورتی، وەدەرنانی سیاسەتوانە ناسراوە سوننییەکان، وەک **تاریق هاشمی** و **ڕافیع عیساوی**، زیادبوونی ژمارەی سوننەکان لە زیندان و گرتووخانەکان، وەک لە بڕگەکانی پێشووتر ئاماژەی پێ کرا، ڕەتکردنەوەی داواکانی پارێزگا سوننەنیشنەکان بۆ بەهەرێمبوون و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە لایەن حکومەتی مەرکەزی، وەک پێشووتر گفتوگۆ کرا، بێئومێدبوونی سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی لە *عێراق*، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە *لیستی عێراقیيە* کە گەورەترین لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان بوو و کەچی شانسی پێکهێنانی حکومەتی پێ نەدرا، کە بە درێژیی لە بڕگەکانی ئەم بەشە تاووتوێ کرا، سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی خۆپیشاندانەکانی *ڕومادی* و *حەویجە* کە سەدان کەس بە بەرچاوی خۆپیشاندەرەکانەوە خەڵتانی خوێن کران (HRW 2014)، هەموو ئەوانە بەسەر یەکەوە بێجگە لەو هەموو سیاسەتە دەمارگیرییە عەشیرەتگەرییانەی کە لە لایەن حکومەتەکەی **مالیکی** پەیڕەو دەکران، ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی *داعش*. بەگشتی، سوننەکان بەو بڕوایە گەیشتن کە نە پرۆسەی سیاسی و نە خۆپیشاندان

دادیان نادا، بۆیە بە خۆشی بێت یان ناخۆشی، لە ڕقان بێت یان لە خۆشەویستی، باوەشیان بۆ چەکدارەکانی *داعش* کردەوە. بەمەش *داعش* لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی ناوچە سوننەنشینەکانی کۆنترۆڵ کرد. گفتوگۆکردنی پێشهات و ڕووداوەکانی دوای هاتنی *داعش* لە دەرەوەی مەوداکانی ئەم کتێبەیە، بۆیە دەکرێت بکرێنە بابەتی توێژینەوە لە دواڕۆژدا.

**عێراق لە دابەشبوونەوە بۆ وردبوون**

بە دەرچوونی هێزەکانی *ئەمەریکا* لە *عێراق*، دیاردەیەکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی بەرچاو دەکەوت، ئەویش دابەشبوونی هاوپەیمانییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان بوو. بە واتایەکی دیکە، ئەو یەکڕیزییەی کە لە ناو شیعەکان و سوننەکان و کوردەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی *بەعس* تا دەرچوونی ئەمەریکییەکان لە ساڵی ٢٠١١دا بەرچاو دەکەوت، وردەوردە ون دەبوو. ئەمەش ڕەهەندێکی دیکەی سیاسی بۆ ململانێکان زیاد کرد، ململانێ لە ناو پێکهاتەکان. دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە تا ئەو کاتە ململانێ لە نێوان حزب و لایەنەکانی ناو یەک پێکهاتە بوونی نەبوو، بەڵکو کەمتر هەستی پێ دەکرا و هێندە زەق نەبوو. *لیستی عێراقییە*، کە زۆرینەی هێز و لایەنە سوننەکانی لەخۆ گرتبوو، لە پێش هەموو لیستەکانەوە نایەکڕیزی و لەتبوونی لێ دەرکەوت. **ئوسامە نوجەیفی** بە گروپێک پەرلەمانتار جیا بووەوە و ناویان لە خۆ نا *موتەحیدون* (*المتحدون*). **سالح موتلەگ** و چەند پەرلەمانتارێکی دیکە جیا بوونەوە و ناویان لە خۆ نا *عێراقییەی عەرەبی* (*العراقية العربية*). ئەوانەی لە ژێر سەرکردایەتیی **عەلاوی** مانەوە، *عراقییەی نیشتمانی* (*العراقية الوطنية*)یان وەک ناو بۆ لیستەکە هەڵبژارد. لێکترازانەکان بە ڕادەیەک گەورە بوون، کە باس لە مردنی *لیستی عێراقییە* دەکرا و هەندێک لە دەرچووەکان، وەک **موتلەگ**، لەبەر نزیکبوونەوەی لە **مالیکی** وەک خائین ناوزەند کرا (Al-Monitor 2013; Asharq al-Awsat 2013).

*هاوپەیمانیی کوردستانی* کە بۆ نزیک لە دە ساڵ گەورەلیستی کوردەکان بوو و *یەکێتی* و *پارتی* بەردەوام بەیەک لیست لێی دادەبەزین، کەچی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ بۆ *پەرلەمانی هەرێم* و ساڵی ٢٠١٤ بۆ *پەرلەمانی*

*عێراق* بە لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد. بێجگە لەمە لەساڵی ٢٠٠٩ باڵێکی گەورەی یەکێتی جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند و بە ناوی **بزووتنەوەی گۆڕان** لەو کاتەوە بە جیا بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکات. جیاوازیی تێگەیشتنی هێزە کوردییەکان هێندە قوڵ بوو، کە نەیانتوانی تەنانەت لە پارێزگای *کەرکووک*یش بە یەک لیست داببەزن، ئەمە سەرەڕای ئەو فشارە جەماوەرییەی لەسەریان بوو بۆ ئەم مەبەستە.

دابەشبوونی هێزە کوردییەکان ڕیشەی مێژوویی هەیە و دەکرێت لە هەندێک ڕووەوە وەک دابەشبوونی سوننەکان و شیعەکان مەترسیدار بێتە بەرچاو، چونکە لە پاڵ ڕەهەندە سیاسییەکانی، ڕەهەندی جوگرافی و سەربازی و ئەمنی هەیە. *یەکێتی* و *پارتی* لە ساڵی ٢٠٠٥ەو پێکهاتنێکی سیاسییان واژۆ کرد کە بە *ڕێککەوتننامەی ستراتیجی* ناسراوە. بێجگە لە دابەشکردنی پۆستەکان لە *هەرێم* و لە *بەغداد*، مەبەست لێی یەکخستنی *هێزی پێشمەرگە* و دامودەزگا ئەمنییەکان بوو لەگەڵ نەهێشتنی دووئیدارەیی لە بەڕێوەبردنی *هەرێمی کوردستان*، کە لەگەڵ هەڵگیرسانی *شەڕی ناوخۆ* لە ساڵی ١٩٩٤ەوە دروست بووە. لەو کاتەوە *هەرێم* بەسەر دوو زۆنی زەردی پارتی و سەوزی یەکێتیی دابەش بووە (بڕوانە بەشی حەوتەم). دابەشکردنی پۆستەکانی لێ دەربچێت، *ڕێککەوتنامەی ستراتیجی* لە بوارەکانی دیکە بەگشتی شکستی هێناوە. دووئیدارەیی و دووداراییی و دوو هێزی ئاسایش و دوو *هێزی پشمەرگە* و دوو دەزگای هەواڵگری، دیاردەگەلێکن کە کەم تا زۆر هەنگاوی جدی بۆ چارەسەرکردنیان یەکخستنیان نەهاوێشتراوە، ئەوە ئەگەر نەڵێین بە جدی ڕێگری لە پێشیاندا کراوە لە لایەن دەسەلاتدار و بەرپرسەکانی *پارتی* و یەکێتی. لە بارودۆخێکدا کە هێزە چەکدارەکانی *هەرێم* لە ژێر دوو فەرماندەی جیا و دوو ئیدارەی بە تەواوی تێکەڵنەکراو ڕاگیرابن، بەردەوام ئەگەرەکانی دابەشبوونی *هەرێم* دەهێنێتەوە گۆڕێ. ئەم ترسە لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و ناڕەزاییەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرا، بەتایبەتی کاتێک هێزەکانی سەر بە *پارتی* لە ١٢ی تشرینی یەکەم لە *بازگەی پردێ* ڕێگرییان لە **یوسف محەمەد**، سەرۆکی پەرلەمان لەسەر *لیستی گۆڕان* کرد لە چوون بۆ *هەولێر* (ئێن ئاڕ تی

٢٠١٥). لەو بەیاننامەیەی کە *پارتی* دەری کرد لە پەیوەند بە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوان *گۆڕان* و *یەکێتی* لە ئایاری ٢٠١٦، بە ئاشکرا هەڕەشەی دووبارەگەڕانەوە بۆ دابەشکردنەوەی *کوردستان* هەستی پێ دەکرا. لە بەیاننامەکەدا *پارتی* بە ناوی مەکتەبی سیاسییەوە دەڵێت "لە ڕێککەوتنی نێوان *بزووتنەوەی گۆڕان* و *یەکێتی نیشتمانیی کوردستان* ڕەچاوی هەوڵێک دەکرێت بۆ فراوانکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان کە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە چەقبەستووەکان ناکات، بەڵکو بەرەو دۆخە نەخوازراوەکانی جارانمان دەباتەوە" (خەندان ٢٠١٦). دوای زیاتر لە دە ساڵ لە *ڕێککەوتننامەی ستراتیجی*، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە *یەکێتی* و *پارتی* هیچ کاتێک هەوڵی جدییان نەداوە بۆ یەکخستنی *هێزی پێشمەرگە* و دامەزراوە ئەمنییەکان، چونکە لە بەرژەوەندیی حزبییان نەبووە، لەوەش دەچێت ڕەچاوەی ڕەهەندە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیش نەکرابێت. وەک ئاماژەی پێ کرا، دابەشبوونی هێزە کوردییەکان تەنیا دابەشبوونێکی سیاسی-ئایدیۆلۆجی نییە، بەڵکو دابەشبوونێکی جوگرافییشە. ئەمەش مەترسییەکانی لەتبوونی *هەرێم* بە بەردەوامی ڕادەگرێت. بۆیە دەکرێت بگوترێت کە تا ئەو ڕۆژەی حزبە کوردییەکان بنکە جەماوەرییەکانیان فراوانتر دەبێت و سنوورە لۆکاڵییەکان دەبەزێنن، ئەوە ئەو ترسە ئامادەیی هەیە. هاوکات بەبێ دەرهێنانی هێزە چەکدارەکان لە ژێر ڕکێفی حزبەکان، ئەو ترسە ئاسمانی *هەرێم* بەجێ ناهێڵێت.

هاوتەریب، هێزە شیعەکانیش پەرشوبڵاوییەکی زیاتریان لە جاران پێوە دیارە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە هێزە شیعەکان کەم تا زۆر بە یەک لیست دانەدەبەزین. لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێک **مالیکی** بە زۆر لە پۆستەکەی لا درا، ئیدی حزبی *دەعوە* کە سەرکردایەتیی *لیستی دەوڵەتی یاسای* دەکرد و وەک تۆکمەترین هاوپەیمانیی شیعی دەهاتە بەرچاو، ئەویش درزی تێکەوت و بوو بە دوو لەت. لەتێکیان **مالیکی** لەو کاتەوە سەرکردایەتیی دەکات و ئەوەی دیکە **حەیدەر عەبادی**، کە لەو کاتەوە سەرۆکوەزیرانی عێراقیشە. *لیستی دەوڵەتی یاسا* لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە *هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکان* کە پێشتر لەگەڵ گروپەکەی **موقتەدا سەدر** و *مەجلسی ئەعلا* پێکیان

هێنابوو، دەرچوو و بە جیا دابەزین. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ گروپەکەی **سەدر** و *مەجلسی ئەعلاش* لە یەکدی جیا بوونەوە.

بە کورتی، ئەگەر چەند ساڵی یەکەم لە دوای ڕووخانی *بەعس*، عێراقییەکان بەسەر چەند ناوماڵێک دابەش ببوون، کە بنەماکەی نەتەوە یان مەزهەب بوو، لە دوای دەرچوونی ئەمەریکییەکان یەکڕیزیی ناوماڵەکان ڕۆژ بە ڕۆژ درزی زیاتری تێدەکەوت. ئەمەش نەک هەر ئەگەرەکانی دابەشبوونی *عێراق* دینێتە پێش، کە لە دوای ڕووخانی *بەعس*ەوە چاوەڕێ دەکرا، بەڵکو وردبوونی *عێراق*. بە واتایەکی دیکە، دابەشبوونی *عێراق* لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی لەوانەیە *عێراق* بۆ سێ پارچە دابەش بکات، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە ئەگەری دابەشبوونی هەر بەشێک لەو بەشانەش هەیە.

# بەشی نۆیەم
# ئەنجامەکان

بەشەکانی ئەم کتێبە تەرخان کرابوو بۆ شرۆڤەکردنی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، هەروەها وردبوونەوە لە چۆنێتیی گەشەی شوناسی عێراقی و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە پەیوەند بە شوناس لەو وڵاتە. وردبوونەوەکە شرۆڤەیەکی مێژووییانە بوو بۆ گەشەی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکە بە سەرنجدان لەسەر پرسی شوناس و ڕەهەندەکانی. لە دوا بڕگەکانی ئەم کتێبە ئەنجام و دەرئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی کتێبەکە لە پەیوەند بە هۆکارەکانی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق* بە کورتی دەخرێنە ڕوو (بۆ وردەکاریی زیاتر لەمەڕ ئەنجام و ئارگیومێنتەکان تەماشای بەشەکانی کتێبەکە بکە). هاوکات چاوێک دەخشێنینەوە بە گریمانەکانی کتێبەکە. دواتر بە بنەما لەسەر ئەو تێگەیشتنانەی کە لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی کتێبەکە گەڵاڵە بوون، خوێندنەوەیەک بۆ تیۆرەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم دەکەین، تا بزانین ئەو تیۆرانەی کە لە سەرەتای کتێبەکە گفتوگۆ کران، چۆن و تا چ ڕادەیەک دەتوانن خوێندنەوە بۆ کەیسی *عێراق* لە پەیوەند بە پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و شوناس بکەن.

**هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی**

ئەم کتێبە دوو گریمانەی سەرەکیی خستووەتە ڕوو: یەکەم، ئەو بانگەشەیەی کە هەندێک ئەکادیمی و توێژەر و چاودێر دەیکەن، کە گوایە *عێراق* وڵاتێک و دەوڵەت-نەتەوەیەکەی(Nation-State) یەکگرتوو و سەقامگیر بوو تا ئەوکاتەی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتیان گرتە دەست، بانگەشەیەکی بنکۆڵە و ڕاستییە مێژووییەکان پێچەوانەکەی دەردەخەن. دووەم: ئەو ناسەقامگیرییەی کە *عێراق* لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا بە خۆیەوە بینیوە و شکستەکانی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانیی لێ کەوتووەتەوە، سەرچاوەکەی ململانێ و پێکدادانەکانی شوناسە لە نێوان گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە *عێراق*. دوای چاوخشانێکی ورد بە مێژووی عێراق لە ساڵانی ١٩١٤ تا ٢٠١٤، دەرکەوت کە ئامێزانی نیشتمانی لە سەردەمی پادشایەتی لە سییەکانی سەدەی بیست دەست پێ دەکات و لە سەرەتای شەستەکان، لە سەردەمی حوکمی **عەبدولکەریم قاسم**، دەگاتە ترۆپک. بەڵام لەگەڵ هاتنی ناسیونالیستە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا پرۆسەکە وردەوردە شکست دەهێنێت.

هۆکاری هەرە سەرەکیی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سێ ناسیونالیزمی دژبەیەک، کە هەر یەکێکیان لە ناو یەکێک لە پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی *عێراق* ڕەگوڕیشەی داکوتابوو، ئەوانیش: یەکەم، ناسیونالیزمی عەرەبی، کە تا ڕادەیەکی زۆر تەنیا سەرنجی سوننەکانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. *یانەی موسەننا* و حزبی *ئیستیقلال* و حزبی *بەعس* و ناسرییەکان داهێنەر و هەڵگری بیرۆکە و پەیامەکانی ئەم ڕەوتە ناسیونالیستییە بوون. دووەم، ناسیونالیزمی عێراقی، یان ئەوەی زیاتر وەک نیشتمانپەروەری عێراقی ناسراوە، کە بەگشتی شیعەکان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە کوردەکان لە دەوری گرد ببوونەوە و *کۆمەڵەی ئەهالی* و حزبی *وەتەنی* و حزبی *شیوعی* ڕابەرایەتیی ئەم ڕەوتەیان دەکرد. سێیەم، ناسیونالیزمی کوردی، کە تەنیا کوردەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. تا ناوەڕاستی چلەکان حزب و لایەنی بچووک، وەک حزبی *هیوا*، نوێنەرایەتیی ئەم ئاڕاستە ناسیونالیستییەیان دەکرد، دواتر ئیدی *پارتی دیموکراتی*

*کوردستان* تا ناوەڕاستی حەفتاکان لە سەدەی بیست ئاڵاهەڵگری ناسیونالیزمی کوردی بوو. لەو کاتیش بەدواوە چەندین حزب و لایەنی دیکە، بێجگە پارتی پەیدابوون، بەرچاوترینیان *یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان*ە.

لە سەردەمی پادشایەتیدا، لەبەر بوونی دوژمنێکی هاوبەش کە سیستەمە پادشیاتییەکە و *بەریتانیا* بوون، هەرسێ ڕەوتە ناسیونالیستەکە لەو سەردەمدا کەم تا زۆر کاتێک دژایەتیی یەکدیان دەکرد، زیاتر لە گوتار و هزر و دیددا دەریان دەبڕی، کە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانو کتێب و نووسراوەکان بەد یدەکران. بە نەمانی دوژمنە هاوبەشەکان زۆری پێ نەچوو هەرسێ ڕەوت دەستیان خستە خنخنۆکەی یەکدی و هەموو هۆکارێکی توندوتیژییان بەکار هێنا بۆ خنکاندن و بنبڕکردنی ئەوی دیکە. وەک لە بەشەکانی ئەم کتێبە ڕوون کراوەتەوە، دژبەیەکی دید و تێگەیشتنەکان کە ململانێ و پێکدادانەکانی لە نێوان هەرسێ ڕەوتە ناسیونالیستەکە لێ کەوتەوە، یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی. پێش هاتنی *بەعس* بۆ سەر حوکم، لە ساڵی ١٩٦٨ بەشێکی زۆر لە ئاماژەکانی شکستەکە دەرکەوتبوون. کوردەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوون، جارجاریش باسیان لە مافی چارەنووس و خەونی سەربەخۆیی دەکرد. ئەمەش دەکاتە بڕین و جیاکردنەوەی بەشێک لە خاکی *عێراق*. بەشێک لە سوننەکان بەتایبەتی ناسیونالیستە عەرەبییەکانیان، کە بنکەیەکی بەهێزیان لە ناو سوننەکان هەبوو، خەباتیان بۆ سەربەخۆیی *عێراق* دەکرد لەگەڵ تواندنەوەی *عێراق* لە قازانی عەرەبی. لە بەرانبەر ئەم دوو ڕەوتەدا، ناسیونالیستە/نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان لە سەردەمی پادشیاتی داوای سەربەخۆییان بۆ *عێراق* دەکرد، بە سەرنجدان لەسەر مانەوەی *عێراق* وەک وڵاتێکی سەربەخۆ بەو جوگرافیایەی کە هەیەتی. شیعەکان کۆڵەگەی سەرەکیی ئەم ڕەوتەیان پێک دەهێنا، بەتایبەتی لە ناو ڕیزەکانی *حزبی شیوعی*. دید و ئامانجەکانی ئەم ڕەوتە لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەبیی سوننەکان و ناسیونالیزمی کوردی یەکتربڕ و دژبەیەک بوون. کوردەکان تا ئەو کاتەی کە شیعەکان لەو چوارچێوە و لەو فۆڕمەدا خەباتیان دەکرد، کۆمەڵێک هاوبەشیان لەگەڵ ئەواندا دۆزیبووەوە، بۆیە لە ڕیزەکانی *حزبی*

*شیوعی* هاوخەبات بوون. بەڵام لەگەڵ دوورکەوتنەوەی شیعەکان لە حزبی *شیوعی* و سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی شیعی لە شەستەکان و حەفتەکانی سەدەی بیست ئیدی هاوبەشەکانیشیان کەم بوونەوە. ئەمەش شیعەکانی لە کوردەکان دوورخستەوە و لەگەڵ سوننەکانیش کردنی بە دوژمنێکی سەرسەخت، هەر بۆیەش دەبینین لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا ململانێ و پێکدادانەکان زۆر خوێناویتر بوون. بە کورتی بە هاتنی ئیسلامیزم بۆ گۆڕەپانی سیاسی لە *عێراق*، کە شیعەکان لە پشتیەوە بوون، هاوبەشەکان لە نێوان پێکهاتەکانی *عێراق* زۆر کەم بوونەوە و دیدگاکان هێندەی دیکە یەکدیبڕ و دژبەیەک بوون. ئەمەش پشتڕاستی گریمانەی یەکەم و دووەم دەکاتەوە.

هۆکارێکی دیکەی سەرەکیی شکستهێنانی پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و دەستپێکردنی پڕۆسەی لێکترازانی نیشتمانی لە *عێراق*، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازبوون و کەمبوونەوەی کاریگەریی حزبی *شیوعی*، کە وەک پلاتفۆڕمێک وا بوو بۆ لێکنزیکردنەوەی عێراقییەکانی سەر بە نەتەوە و مەزهەبە جیاجیاکان. لە بەشەکانی ئەم کتێبە بە درێژی هەڵوێستە لەسەر هۆکارەکانی لاوازبوونی حزبی *شیوعی* کرا، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرە باس بکرێتەوە، ئەوەیە کە لەگەڵ لاوازبوونی حزبی *شیوعی* ئیدی شیعەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکانی خۆیان ڕێچکەیەکی دیکەیان گرتە بەر یان چاکتر بڵێین ئامرازێکی دیکەیان بەکار هێنا بۆ خەبات، ئەویش دەستبردن بوو بۆ ئیسلامیزم، ئەوەی زیاتر وەک ئیسلامی سیاسی ناسراوە. دروستبوونی حزبی *دەعوە* و *مەجلسی ئەعلا* کە لە حەفتاکان و هەشتاکان بەدواوە بوون بە جێگرەوەی حزبی *شیوعی* لە گۆڕەپانی *عێراق*، بەتایبەتی لە ناو شیعەکان ململانێ و پێکدادانە ئایدیۆلۆجییەکانی گواستەوە بۆ شەڕ و پێکدادانی مەزهەبی. ئەمەش سەرهەڵدانی پڕۆسەی لێکترازانی نیشتمانی لێ کەوتەوە، کە لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١ کە ماکێکی نەتەوەیی-کوردی و مەزهەبی-شیعیی پێوە بوو، گەیشتە ترۆپک. یەکێک لە دەرکەوتە هەرە دیارەکانی ڕاپەڕینەکە دابەشبوونی عێراق بوو بەسەر سێ زۆندا، دوو زۆنی ڕاپەڕیو کە زۆنی کوردی و زۆنی شیعی بوون، لە بەرانبەر زۆنێکی بەرگریکەر کە زۆنی

سوننی بوو. پەرچەکرداری *بەعس* لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان، کە لە ڕاستیدا سەرکوتکردنی شیعە و کورد بوو بە دەستی سوننە، *عێراقی* کرد بە نیشتمانێکی لێکترازاو. لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین کە نیشتمانە لێکترازاوەکە ئاکام و بەرهەمی ململانێ و پێکدادانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بوو، ئەمەش پشتڕاستی گریمانەی دووەمی کتێبەکە دەکات.

ئەوە بەو مانایە نییە کە هۆکاری دیکە نین لە پشت شکستهێنانی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی لە *عێراق*، چونکە سیاسەتە دەمارگیرییەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی *عێراق* لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە گەیشتە کۆمەڵکوژیی کوردەکان و شیعەکان هۆکاری دیکەن کە بە درێژی لە بەشەکانی ئەم کتێبە بێجگە دەیان هۆکاری دیکە هەڵوێستەیان لەسەر کراوە. بێجگە لەمانە هەندێک هۆکاری دیکەش هەن کە پەیوەندییان بە دارشتەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی و پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە و نیشتمانسازییەوە هەیە، وەک نەبوونی یادەوەری و ڕەچەڵەکی هاوبەش و پارادۆکسەکانی شوناس لە *عێراق*، کە نووسەر لە توێژینەوەکانی داهاتوودا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەی پێ کرا، مەودای توێژینەوەکانی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩١٤ تا ساڵی ٢٠١٤یە، واتە سەد ساڵ لە مێژووی *عێراق*، کە ڕاست دەکاتە سەرەتای هاتنی هێزەکانی *بەریتانیا* بۆ عێراق تا دەگاتە هاتنی ڕێکخراوی *داعش* بۆ *عێراق* و داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچە سوننەنشینەکان لە پارێزگاکانی *نەینەوا*، *سەلاحەدین*، *کەرکووک*، *دیالە*، *ئەنبار* و *بەغداد*. لە بەشی هەشتەم بە کورتی دەستنیشانی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی *داعش* کرا، تاکە شتێکی دیکە لە پەیوەند بە پێشهات و ڕووداوەکانی هاتنی *داعش* بۆ گۆڕەپانی *عێراق*، کە لێرە هەڵوێستەی لەسەر دەکەین، ئەوەیە کە هاتنی *داعش* و جوگرافیای گەشەی *داعش* پشتڕاستی زۆربەی تێز و ئارگیومێنتەکانی توێژینەوەکانی ئەم کتێبە دەکات. وەک لە بەشەکانی ئەم کتێبە ئاماژەی پێ کرا، بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی *عێراق*، یەکێک لە سیماکانی یاخیبوون و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکان لەو وڵاتە، ئەوەیە کە سنووری جوگرافیایان لە تخووبەکانی نەتەوە و مەزهەبەکان، کەم تا زۆر، تێپەڕ ناکات.

بۆ نموونە: یاخیبوونەکانی **شێخ مەحموود** (١٩١٩-١٩٣٠)، یاخیبوونەکانی *بارزان* (١٩٣١-١٩٣٢) و (١٩٤٣-١٩٤٥)، ڕاپەڕینی شیعەکان لە ساڵی ١٩٢٠ و یاخیبوونەکانیان لە ساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٦، یاخیبوونەکانی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٦١ بۆ ١٩٧٥ و ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٨، ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١ لە *کوردستان* و باشووری *عێراق*، هەر هەموویان سنووری نەتەوەیی و مەزهەبییان تێنەپەڕاند. بە هەمان شێوە، یاخیبوونە چەکدارەکانی سوننەکان لە ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨، خۆپیشاندانەکانیان لە ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤، هەروەها هاتنی *داعش* لە ٢٠١٤ تا کاتی نووسینی دوادێڕەکانی ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠١٦، هەر هەموویان وەک یەک سنووری مەزهەبی و نەتەوەییان نەبەزاندوە. بە واتایەکی دیکە، سنووری ڕاپەڕینەکان لە سنووری جوگرافیی نەتەوەیی و مەزهەبیدا وەستاون، هیچ کامیان نەیانتوانیوە سەرنجی ئەندامانی نەتەوەکانی دیکە یان پەیڕەوانی مەزهەبەکانی دیکە بۆ خۆیان ڕابکێشن و ببن بە ڕاپەڕین یان یاخیبوونی سەرتاسەری لە *عێراق*. ئەوەی جێگەی وردبوونەوەیە ئەوەیە کە کۆتایی سنوورە مەزهەبی و نەتەوەییەکان زۆر جار سەرەتای دەستپێکردنی بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانن. بۆ نموونە، هێرشەکانی *داعش*، کە هێزێکی عەرەبی-سوننە بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی چڕی، دانیشتوانی کورد و شیعە شەپۆڵەکانی دەوەستن. بە هەمان شێوە، شەپۆلەکانی ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١، کە ڕاپەڕینی شیعەکان و کوردەکان بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی چڕی، دانیشتوانی سوننە وەستان (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشەکانی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم). ئەمانەش تێزی شکستی پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و لێکترازانی پێکهاتەکانی *عێراق* پشتڕاست دەکاتەوە. هاوکات پێمان دەڵێت کە لە ماوەی سەد ساڵ لە تەمەنی دەوڵەتی هاوچەرخی *عێراق*دا، شوناسێکی گشتگیر و سەرتاسەری، واتە عێراقیبوون، سەرەڕای ئامادەیی لەسەر ئەرزی واقع، بەڵام نەبووەتە سەرچاوەی کۆکردنەوە و یەکخستنی عێراقییەکان، بەتایبەتی لە کرداردا، واتە هەڵوێستوەرگرتن لە بانەتەوە و بانمەزهەب.

**تیۆرەکانی نەتەوە و پرسی شوناس لە عێراق**

بەپێی ئەو تێگەیشتنو ئەنجام و دەرئەنجامانەی کە دوای وردبوونەوە لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* لە پەیوەند بە پرسی شوناس دەرکەوتن، لەم برگەیە هەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە سەر تیۆرەکانی نەتەوە و بزانین داخۆ بەگوێرەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە سەرەتا بۆ تیۆرەکانی نەتەوە کرا، چۆن و تا چ ڕادەیەک دەتوانن خوێندنەوە بۆ کەیسی عێراق بکەن.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەری دەخەن کە تیۆری تازەگەرەکان کورت دەهێنێت لە خوێندنەوەی بۆ کەیسی ئەو گروپە ئیتنی و نەتەوەییانەی کە شوناسەکیان بە شوناسی خاکەکەیانەوە دەبەستنەوە، کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت "Territorialization of Identity". ئێمە پێمان وایە کە بەستنەوەی خاک بە شوناسی گروپە ئیتنی (Ethnic Group) یەکە گروپەکە لە گروپێکی ئیتنی تێدەپەڕێنێت بۆ گروپێکی نەتەوەیی (National Group).

تیۆریستە تازەگەرەکان بەگشتی پێیان وایە کە دەوڵەت (State) نەتەوە (Nation) دروست دەکات. ئەم تێگەیشتنە ڕاستیی تێدایە، بەڵام ئەوە تەنیا دەوڵەت نییە کە نەتەوە دروست دەکات، زۆر نەتەوە هەن کە دەوڵەتیان نییە، وەک کورد و سکۆتلەندییەکان. ئەوەی نەتەوە لە گروپێکی ئیتنی جیا دەکاتەوە، تەنیا بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی و جوگرافیی دانپێدانراو نییە لە قاڵبی دەوڵەتدا، بەڵکو دەکرێت ئەو چوارچێوە جوگرافییە لە خەیاڵگەی ئەندامانی نەتەوەکە ئامادەیی هەبێت، ئەمەش بە تێکەڵکردنی شوناسی خاک و گروپە ئیتنییەکەوە بەرجەستە دەبێت، وەک لە کەیسی کوردەکان لە *عێراق* دەردەکەوێت.

کورتهێنانێکی دیکەی تیۆری تازەگەرەکان لەوەدایە کە سەرنج و سەنگێکی زۆریان داوە بە توانا و کارەکتەرە سێکولارەکانی دەوڵەت، کە هێز و توانای بزووتنەوە ئیتنۆ-نەتەوەییەکان و ئاینییەکان وەک پێویست درک پێ ناکات و خوێندنەوەی دروستیان بۆ ناکات. لە کەیسی *عێراق*دا، چەمکەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم خەسڵەتی جیایان هەبووە و لە فۆڕمی جیاشدا خۆیان. ناسیونالیزمی کوردی هەندێک کارەکتەری سێکولاری کردووەتە بنەما بۆ بیرۆکە و ئەفسانەکانی. بۆ نموونە، ناسیونالیزمی کوردی نیشتمان دەکات بە

ئاین، کەچی ناسیونالیزمی عەرەبی بیرۆکە و ئەفسانە ئایینییەکانی کردوە بە کرۆکی جیهانبینییەکەی کە خۆی لە بەرزڕاگرتن (تمجید) و زیندووکردنەوە (بعث)ی مێژووی *ئیسلام* و کارەکتەرەکانیدا دەبینێتەوە، وەک دانانی پەیامی *ئیسلام* وەک پەیامێکی نەمر (رسالة خالدة). بۆیە ناکرێت ناسیونالیزم خاڵی لە چەمکە ئایینییەکان ببینرێت. لە ڕاستیدا هەندێک ناسیونالیزم گرێدراوی ئایینن، وەک ناسیونالیزمی جوولەکە و تا ڕادەیەکیش ناسیونالیزمی ئێرلەندی. ڕاستە دەوڵەت ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و کاریگەری هەیە لە دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە، بەڵام ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پیشانمان دەدات کە دەوڵەت چەندیش سەنگی هەبێت لەم بوارە، بەڵام مەرج نییە یەکلاکەرەوە بێت. دەوڵەت بە سوک و سانایی ناتوانێت یادەوەریی نەتەوەیی/نیشتمانی لە خوتوخۆڕایی بەدی بهێنێت. بۆ نموونە، ڕژێمەکەی *بەعس* و **سەدام** کە نزیکەی ٣٥ ساڵ حوکمی *عێراق*یان کرد، کەچی نەیانتوانی ١٧ی تەمووز، ئەو ڕۆژەی کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، بکەن بە ڕۆژێکی نەتەوەیی/نیشتمانیی عێراقی. هاوکات نەشیانتوانی کە *عاشوورا* لە یادەوەریی شیعەکان بسڕنەوە، یان *نەورۆز* لە بیر کوردەکان ببەنەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرانەی کە بۆ سەپاندنی ١٧ی تەمووزو سڕینەوەی *عاشوورا* و *نەورۆز* دران. هەر داهێنان و ڕسکاندنێک یان زیندووکردنەوەیەک، لەوانەی کە **هۆبزباوم**، یەکێک لە تیۆریستە مارکسییە تازەگەرەکان باسیان دەکات، جا ڕاستی بن یان خەیاڵکراو، پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی بە یادەوەریی گشتیی گروپەکەوە نەبێت، زەحمەتە لە لایەن دەوڵەتەوە بسەپێنرێت یان بسڕدرێتەوە. *نەورۆز* سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە ئەفسانە نزیکترە لەوەی ڕاستییەکی مێژوویی بێت، کەچی دەوڵەت بە هەموو هێز و توانایەوە نەیتوانی بیسڕێتەوە. *عاشووراش* بە هەمان شێوە. ئەم نمونانە لە کەیسی *عێراق* ئارگیومێنتەکەی **هۆبزباوم** کە گوایە نەتەوە لە لایەن دەستەبژێرەوە، بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک "دابونەریتی بەدی هێنراوەوە" داهێنراوە، دەخەنە ژێر پرسیارەوە. دەستەبژێر و دەوڵەت، وەک تازەگەرەکان دەڵێن، بکەر و ئامرازی سەرەکین لە دروستکردنی نەتەوە، بەڵام دابونەریتە بەدیهێنراوەکان دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کۆیادی گروپەکەوە هەبێت. لەوەش گرنگتر، لە کۆمەڵگە فرەنەتەوە و

فرەمەزهەب و فرەکولتوورەکان تواناکانی دەوڵەت و دەستەبژێرە سیاسییەکەی دیاریکراون لە بەدیهێنانی دابونەریت یان زیندووکردنەوەی یادەوەرییەک، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە دابونەریتەکە یان یادەوەرییەکە لێکترازانی نیشتمانی لەبری دروستکردنی یەکڕیزیی لێ بکەوێتەوە. بەڵگەی لەم جۆرە لە مێژووی *عێراق*دا دەست دەکەون (بڕوانە بەشەکانی شەشەم حەوتەم). ڕووخاندنی پەیکەرەکەی **ئەبو جەعفەر مەنسوور** دوای ڕووخانی *بەعس* لە لایەن شیعەکانەوە، چونکە ئەوان بە بکوژی ئیمام **جەعفەر سادقی** دادەنێن، پشتڕاستی ئەو گریمانەی ئێمە دەکات کە دەوڵەت و دەستەبژێر ناتوانن لە بۆشاییدا دابونەریت و کۆیاد دروست بکەن. یادەوەرییەکان، ڕاستی بن یان ئەفسانە، دەبێت پێشتر جێگەیەکیان لە خەیاڵگەی گروپەکە، جا گروپی ئایینی بن یان نەتەوەیی، داگیر کردبێت.

بەگوێرەی دیدو تێگەیشتنەکانی تازەگەرەکان بۆ مێژوو، ناسیونالیزم بەرهەمی یان دەرکەوتێکی شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنەتەیە. بەڵام ئەم تێگەیشتنە ناتوانێت لێکدانەوە بۆ سەرهەڵدانی ناسیونالیزم بۆ هەندێک گەل و ناوچە بکات، کە ناسیونالیزم تێیاندا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست سەری هەڵدا و هیچ ئاسەوارێکی پیشەسازی و مۆدێرنەتە بوونیان لەو دەڤەرانەدا نەبووە (بڕوانە بەشەکانی دووەم و سێیەم). ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی سەرەتاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە لە هەموو *کوردستان* و هەموو دونیای عەرەبیی ئەوکات چەند خوێندنگەیەک هەبوو، زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە گوندەکان دەژیان و پیشەسازی بە مانا ئەوروپییەکەی پەی بەو ناوچانە نەبردبوو. توێژی خوێندەواری شارنشین و چینی ناوەند کە لە زۆربەی فۆڕمەکانی ناسیونالیزم پێشەنگی بزووتنەوە ناسیونالیستییەکانن، لە *کوردستان* و دونیای عەرەبیی ئەوکات ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست زیاتر نەبوو. لە ڕاستیدا ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی لەو ئانوساتانەدا لە لایەن پیاوانی ئایینی و سەرۆکعەشیرەتەکان پێشڕەوایەتی دەکران، کە ئەمەش لەگەڵ تێگەیشتنەکانی تازەگەرەکان یەکدی ناگرنەوە.

له پاڵ ئەمانە، تیۆریستە تازەگەرەکان، **بێنێدیکت ئەندرسن**ی لێ دەربچێت، پێگە و ڕۆڵی زمان و ئایین لە دروستبوونی نەتەوە نادیدە دەکەن. بە بنەما لەسەر چەمکی بژاردەی عەقڵانی (Rational Choice)، تازەگەرەکان پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی گروپە ئێتنییەکان و نەتەوەییەکان لە ژێر کاریگەریی پرسە دونیایی و مادییەکان، وەک بەدەستهێنانی کار و پلەوپایە، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، دەستبەرداری زمان و کولتووری خۆیان دەبن و زمان و کولتووری نەتەوە باڵادەستەکان هەڵدەگرن و پراکتیز دەکەن. هاوکات پێیان وایە کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە فرەکولتوورییەکان، گرنگییەکی ئەوتۆ بە زمان نادەن و پاراستن و بەرزڕاگرتنی زمان بەرز نانرخێنن ( :Brass 1994: 84; Laitin 1998 43-49). دیسان ڕاستی لەم تێگەیشتنانەی تازەگەرەکان هەیە، بۆ نموونە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی *عێراق* و *سووریا* و *تورکیا* و *ئێران*، بەتایبەتی ئەوانەی کە ناوچە کوردییەکانیان جێ هێشتووە و لە شارە گەورەکانی نەتەوە باڵادەستەکان دەژین، وەک *بەغداد* و *تاران* و *ئیستەنبووڵ*، دەستبەرداری زمانی کوردی بوون. دیارە هەندێکیان لە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی تواندنەوەی کورد دەستبەرداری زمان و کولتووری کوردی بوون، بەڵام بەشێکیشیان وەک تازەگەرەکان باسی لێوە دەکەن بژاردەیەکی عەقڵانی بووە بۆیان، واتە بۆ خۆگونجاندن و کارپەیداکردن و سودمەندبوون بووە. سەرەڕای ئەمە، هاوزمانی بۆ زۆر نەتەوەی دونیا، لەوانە کورد و عەرەب، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئامرازی سەرەکیی بزواندنی هەست و وەگەڕخستنی جەماوەرییە لە لایەن ناسیونالیستەکان و دەستەبژێرە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان. هاوزمانی و هاوئێتنیبوونی ئەڵمانەکان فاکتەری هەرە سەرەکی بوون لە یەکگرتنەوەی نەتەوەی ئەڵمان، هەم لە ساڵی ١٨٧١ و هەم لە ساڵی ١٩٨٩دا. بە هەمان شێوە، زمانی کوردی هۆکاری سەرەکی بووە لە بە زیندوویی مانەوەی شوناسی کوردی، هەم لە *عێراق* و هەم لەو وڵاتانەی دیکە کە کوردی لێ دەژی. کورتهێنانی سەرەکیی تازەگەرەکان لە پەیوەند بە پرسی زمان، ئەوەیە کە ئەوان جیاوازیی لە نێوان گروپە ئێتنییە/نەتەوەییە کۆچبەرەکان لە وڵاتێکی دیکە لەگەڵ ئەو گروپە ئێتنی و نەتەوەییانە ناکەن کە

لەسەر خاکێکی یەکگرتوو دەژین، کە وەک نیشتمان و زێدی بابوباپیر تەماشای دەکەن. ئەو گروپە ئیتنی و نەتەوەییانەی کە لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین بەگشتی دەستبەرداری زمان و کولتووریان نابن مەگەر بە زۆر و زۆرداری بتاوێنرێنەوە. ئەو کەسانەی یان ئەو گروپە ئیتنی و نەتەوەییانەی کە دەستبەرداری زمانیشیان دەبن، مانای ئەوە نییە کە پشت لە شوناسە ئیتنییەکە یان نەتەوەییەکە دەکەن. هەزاران کورد لە *عێراق* و ملیۆنان کورد لە *تورکیا* نازانن بە کوردی قسە بکەن و زمانی عەرەبی یان تورکی بەکار دەهێنن بۆ کاروباری ڕۆژانەیان و بەڕێوەبردنی بیزنێسەکانیان، بەڵام خۆیان بە کورد دادەنێن. بە واتایەکی دیکە، قبووڵکردنی زمانی فەرمی و پەیوەندییکردن (Formal and Communication Language) لە *عێراق* و *تورکیا* بۆ کوردەکان مانای بەعێراقیبوون، بەعەرەببوون، بەتورکبوون یان بەتورکیاییبوون نییە. لە ڕاستیدا وەک لەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت حکومەتەکانی *بەغداد* لەوەتەی *عێراق* دامەزراوە، لە هەوڵی زاڵکردنی زمانی عەرەبی بوون بە شێوازە فەرمی و یاساییەکان تا دەگاتە سیاسەتەکانی تەعریب و کۆمەڵکوژی، کەچی نەتوانراوە کوردەکان لە قازانی عەرەبی بتاوێنرێنەوە، ئەوە ئەگەر نەڵێم فاکتەر بوون لە پشت بەهێزبوونی هەستی ناسیونالیستی لە ناو کوردەکان.

کەیسی *عێراق* کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە بوو، پیشانی داین کە ئایین و ڕەهەندەکانی کاریگەریی ڕاستەخۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر پڕۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و شوناس هەبووە و هەیە، چونکە لە ناو عێراقییەکان بەگشتی وابەستەگیی ئایینی و مەزهەبی قورسایی هەیە لەسەر نەخشە و شێوازی بیرکردنەوە و ڕیزبەندی و پۆلێنبەندیی پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبەکان. لەبەر ئەوە نەک تەنیا بزووتنەوە و لایەنە ئایینییەکان کەڵکیان لە ئایین وەرگرتووە بۆ بردنەپێشی ئەجیندا و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری خۆیان، بەڵکو حزب و ڕێکخراوە سێکولارەکانیش هەندێکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان ئایین و پەیامە ئایینی و کەسایەتییە ئایینییەکانیان بەکار دەهێنا لە خزمەت سیاسەت و تێگەیشتنەکانیان. بۆ نموونە، گرنگی ئایین لە کەیسی *عێراق* و *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* لەوە دەردەکەوێت کە چۆن کەسێکی

کریستیان، **مێشێل عەفلەق**، دامەزرێنەر و بیرمەندی حزبی *بەعس*، داوا لە ئەندامانی حزبێکی سێکولار دەکات کە تەبەنی کەسایەتیی پەیامبەری موسڵمانان، **محەمەد** بکەن. **عەفلەق** دەڵێت "کان **محمد** کل العرب، فلیکن کل العرب الیوم **محمدا**"، واتە "**محەمەد** لە جێگەی هەموو عەرەبەکان بوو، با هەموو عەرەبەکانی ئەمڕۆ ببن بە **محەمەد**" (بوشیخی ٢٠١٥). هۆکاری هێنانی پەیامبەری موسڵمانان بۆ ناو دونیای ئایدیۆلۆجییەکی سێکولار لە لایەن کەسێکی ناموسڵمان، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و قورسایی پەیامبەری موسڵمانان لەسەر مێژوو، کولتوور و کۆیادی عەرەبەکان بەگشتی. حزب و لایەنە ئایینییە شیعەکانیش کە لە حەفتاکان بەدواوە هێزی سەرەکیی ئەو پێکهاتەیان پێک دەهێنا، نەک هەر ئایینیان بەکار دەهێنا، بەڵکو ئایین سەرچاوەی سەرەکی و دونیابینییان بوو. بەکارهێنانی ئایین هۆکاری زۆری لە پشتە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئایین دامەزراوە و تۆڕێکی پەیوەندی حازربەدەست دەخاتە بن دەستی حزبەکان، وەک مزگەوت، کە دەکرێت نەک هەر لە لایەن حزبە ئیسلامییەکان، بەڵکو ناسیونالیستەکانیش کەڵکی لێ وەربگیردرێت. ناسیونالیزمی ئێرلەندی و ئەرمەنی و جوو نموونەی ئەو ناسیونالیزمانەن کە بە چڕی کەڵکیان لە ئایین وەرگرتووە. لە *عێراق*یش، حزب و لایەنە ئیسلامییەکانی شیعە بە خەستی کەڵکیان لە ئایین، حەوزە، مزگەوت و حوسەینییەکان و تۆڕەکانیان وەرگرتووە.

وەک لە بەشی یەکەم تاووتوێ کرا، تازەگەرەکان دروستکردنی شوناسی نیشتمانی لە دەوڵەت-نەتەوەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی دەگێڕنەوە بۆ سیاسەت و ئەجیندا و بەرنامەکانی حکومەتە مەرکەزییەکان، وەک سیتسەمی پەروەردە و بەرنامەی خوێندنی سەرتاسەری لەگەڵ زمانێکی هاوبەش بۆ پەروەردە و خوێندن و پەیوەندیکردن (بڕوانە Anderson 1991: 140). ئەو تێڕوانینەی تازەگەرەکان دروستە، بەڵام وەک کەیسی *عێراق* پیشانمان دەدای، سیستەمێکی پەروەردەی سەرتاسەری و بەرنامەیەکی خوێندنی یەکگرتوو لەگەڵ زمانی هاوبەش بە تەنیا ناتوانن ببن بە پێکهێنەر و فاکتەری دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانیی یەکگرتوو. هەڵوەشانەوەی *یەکێتیی سۆڤێت* و *یوگوسلافیا* و *سوودان* لەگەڵ ئەو شەڕ و ململانێ و پێکدادانانەی

کە ئێستا لە *تورکیا* لەئارادان، هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی کە بەرنامەی خوێندنی یەکگرتوو لەگەڵ زمانی هاوبەش نەک هەر کافی نین بۆ دروستکردنی شوناسێکی هاوبەش، بەڵکو زەمانەتی بەیەکگرتوویی هێشتنەوەی وڵاتەکەش ناکەن. وەک لە بەشەکانی سێیەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم شرۆڤە کرا، حکومەتەکانی *عێراق*، بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمڕانیی *بەعس*، هەوڵەکانی خۆیان چڕ کردبووەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی *عێراق*، بەڵام هەوڵەکان بەگشتی سەرکەوتوو نەبوون. پەروەردەی گشتی و بەرنامەکانی خوێندن لە *عێراق* سروشتی فرەنەتەوەیی و فرەکولتووری و فرەئایینی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵگەی عێراقییان پشتگوێ خستبوو و جەختیان لەسەر شوناسی عەرەبی و دیدی ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ *عێراق* و مێژووی وڵاتەکە دەکرد. بۆیە لەبری لێکنزیکردنەوەی پێکهاتە جیاجیاکانی *عێراق* ببوو بە مایەی لێکترازانی عێراقییەکان. لە دوای دامەزراندنی *حکومەتی هەرێمیش* لە ساڵی ١٩٩٢دا پەروەردە و بەرنامەکانی خوێندن لە ناوچە کوردییەکان لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی کوردین لە ناو دەوڵەت-نەتەوەکەی *عێراق*، ئەمەش هێندەی دیکەی عێراقییەکانی لە یەکدی دوور خستووەتەوە(Kirmanj 2014).

سەرەڕای ئەو کورتهێنانانەی تازەگەرەکان لە ڕوونکردنەوەی پێشهات و دەرکەوتەکانی *عێراق* لە پەیوەند بە پرسی ئامێزانی نیشتمانی و شوناس، بەڵام هێشتا تیۆرەکانیان بە یەکێک لە خوێندنەوە و شیکارە ورد و دروستەکان دادەنرێت بۆ نەتەوە و ناسیونالیزم. تیۆری تازەگەری لە هەندێک بوار و خاڵدا زۆر چاک خوێندنەوە بۆ کەیسی *عێراق* دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیر لە دروستکردن و زیندوکردنەوە و بەرزڕاگرتنی هەست و وابەستەگییە نەتەوەییەکان. لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری بزووتنەوە ناسیونالیستییەکان لە نووسین و چالاکییەکانی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و سیاسیی کۆمەڵگەکان چرۆ دەکەن، پێش ئەوەی ببن بە دیاردە و بزووتنەوەی جەماوەری سەرتاسەری. ئەوە دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی و عەرەبی بوون کە نەخشەی فۆرمە سەرەتاکانی ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبییان لە *ئیستەنبووڵ* کێشا. ئەمەش

پشتڕاستی ئارگیومێنتەکانی تازەگەرەکان دەکاتەوە لەسەر پێگەی دەستەبژێر لە ناسیونالیزمدا، بەتایبەتی ئامڕازگەراکان (Instrumentalists).

بە هەمان شێوە، ئارگیومێنتی تازەگەرەکان لە پەیوەند بە ڕۆڵی گەشەی پیشەسازی و مۆدێرنەتە و بەشاربوون (Urbanization) لەسەر پڕۆسەی دروستبوونی نەتەوە، نەک هەر ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت، بەڵکو وەک کەیسی *عێراق* پیشانمان دەدات، ئەم پڕۆسانە هۆکاری هەرە سەرەکی بوون لە دروستبوون و گەشەی ناسیونالیزمی عێراقی، ئەوەی زیاتر وەک نیشتمانپەروەریی عێراقی (الوطنية العراقية) ناسراوە (بڕوانە بەشی چوارەم). تازەگەرەکان دەڵێن کۆچکردن لە گوند و شارەدێ و شارۆچکەکانەوە بۆ شارەکان، کە لە ئاکامی گەشەی پیشەسازی و مۆدێرنەتە دێتە گۆڕێ، دەبێتە مایەی هەڵکێشانی مرۆڤەکان لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە پێشتر ڕەگیان تێیدا داکوتابوو. بە واتایەکی دیکە، کەسێکی لادێی سەر بە عەشیرەتێک کاتێک دێت بۆ شار، ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامانی عەشیرەتەکەی دەپسێت و لە شاردا کۆمەڵێک پەیوەندیی نوێ دروست دەکات، کە بنەماکەی زیاتر لەسەر زمانی هاوبەش نەک خزمخزمانێ دانابێت و بەمەش دەبێتە هەڵگری شوناسێکی نوێ، کە زمانە هاوبەشەکە لەگەڵ دامودەزگا و دامەزراوە فەرمییەکانی شار و دەوڵەتەکە چوارچێوەکانی دیاری دەکەن، لەوانە شوناسی نەتەوەیی یان نیشتمانی، یان هەردووکیان بەسەر یەکەوە. لە *عێراق* کۆچکردن بۆ شارە گەورەکان بەگشتی سێ شوناسی بەهێز کرد یان دروست کرد، کە شوناسی عەرەبی و کوردی و عێراقی بوون. بە کورتی کۆچکردن و پەیدابوونی توێژێکی خوێندەوار (Intelligentsia) لە شارەکان بوون بە مایەی گەشەکردنی هەرسێ بزووتنەوە ناسیونالیستییە (عەرەبی، کوردی و عێراقی) ساواکە لە بزووتنەوەگەلێک کە لە ناو توێژێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەدایک بوو، بۆ بزووتنەوەگەلی بەرفراوان و جەماوەری، کە چینی ناوەند و توێژی خوێندەوار کرۆکیان پێک دەهێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت ئەوە لەبیر بکەین کە سەرەڕای کۆچی بەکۆمەڵی خەڵک، بەڵام بزووتنەوە ناسیونالیستییە گەشەکردووەکان زۆر بە کەمی هێڵەکانی نەتەوە و مەزهەبیان تێپەڕاند و نەشبوون بە هۆی بنبڕکردنی هەست و وابەستەگی ئایینی و مەزهەبی، تەنانەت خێڵەکییش، وەک تازەگەرەکان پێشبینی دەکەن. بەڵکو وەک کەیسی *عێراق* پیشانی داین، لە شەستەکان بەدواوە دەرکەوت ئایین و مەزهەب و خێڵ جارێکی دیکە لە شارەکان گەشە دەکەنەوە و دەبنەوە بە شوناسی خەڵکە کۆچکردووەکە. ئەمەش کورتهێنانێکی دیکەی تێزی مۆدێرنەتە پیشان دەدات، بەوەی کە شار مەرج نییە گۆڕستانی ئایین بێت. ئەم دیاردەیە پێویستی بە توێژینەوەی زیاترە. سەرەڕای هەموو ئەوانە نابێت گرنگیی ڕۆڵی میدیای نووسراو و بیستراو و بینراو لەگەڵ خوێندن و پەروەردەی سەرتاسەری بە کەم وەربگیردرێت لە بڵاوبوونەوە و گەشەی گوتارەکانی ناسیونالیزم، وەک ئەوەی کە تازەگەرەکان پێداگریی لەسەر دەکەن.

تێگەیشتنەکانی ئیتنۆ-سیمبولییەکانیش لە جیاکردنەوەی نەتەوە و دەوڵەت-نەتەوە کورتی هێناوە؛ ڕاستە ئەوانە ئەم دوو چەمکەیان لە یەکدی جیا کردووەتەوە، بەڵام وەک لەو پێناسەیەی کە **ئەنتنی سمیس** بۆ نەتەوەی کردووە، دەردەکەوێت هەندێک خەسڵەتی دەوڵەتی لە نەتەوەدا بەرجەستە کردووە. **سمیس** نەتەوەی وەک خەڵکانێک پێناسەکردوە کە "خاکێکی مێژوویی هاوبەش، ئەفسانە و یادەوەری و مێژووی هاوبەش لەگەڵ کولتوورێکی دەستەجەمعی و مافی یاسایی هاوبەش، بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە بە بوونی ئەرکی هاوتا بۆ هەموو ئەندامەکانی" (Smith 1991: 14; 2002: 15). ئەوەی لەو پێناسەیە دەردەکەوێت ئەوەیە کە **سمیس** مافی یاسایی هاوبەشی بۆ ئەندامانی نەتەوە دیاری کردووە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان، وەک نەتەوەی کورد و سکۆتلەند، ڕاست نییە، چونکە مافی یاسایی هاوبەش تەنیا بە بوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکرێت فەراهەم

بکرێت. ئەمەش جۆرێکە لە تێکەڵکردنی یان لێکجیانەکردنەوەی نەتەوە و دەوڵەت-نەتەوە.

سەرەڕای ئەمە، نزیکبوونەوەکان و تێگەیشتنەکانی ئیتنۆ-سیمبولیزم خوێندنەوەی باشتر بۆ کێشەکان و ململانێ و پێکدادانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی *عێراق* دەکەن. ئیتنۆ-سیمبولیزم باشتر دەتوانێت پێمان بڵێت کە هۆکاری سەرهەڵدان و هەڵچوونی گروپە ئیتنۆ-ناسیونالیستەکان لە ناو دەوڵەت-نەتەوەکان چین و چاکتریش پێکهێنەرەکان و پێداویستییەکانی دروستبوونی نەتەوە و شوناس دیاری دەکەن. بەبێ خوێندنەوەکانی ئیتنۆ-سیمبولییەکان زەحمەتە لە بەردەوامیی هێز و تواناکانی بزووتنەوە ناسیونالیستییەکان لە سەردەمی جیهانگیریدا بگەین. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بایەخ و قورساییەی کە ئیتنۆ-سیمبولییەکان دەیدەن بە گرنگییەتی ڕیشەی ئیتن بۆ نەتەوە لەگەڵ بەهێزیی هەستی وابەستەگی بە خاک و نیشتمانەوە، وەک ڕیشەی ئیتنی کوردەکان کە دەیگێڕنەوە بۆ میدیاکان لەگەڵ وابەستەگیی کوردەکان بۆ *کوردستان* سەرەڕای ئەوەی کە *کوردستان* بەشێکە لە *عێراق*. ئەم پرس و چەمکانە گرنگیی ئەوتۆیان لە لایەن تازەگەرەکانەوە پێ نەدراوە.

بەگوێرەی ئەنجامو شرۆڤەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە بۆ مێژووی هاوچەرخی *عێراق* کرا، ئەو تێگەیشتنەی کە نەژادگەرییەکان (Primordialists) خستویانەتە ڕوو لەمەڕ ڕەقیی شوناس، دروست نییە. شوناسەکان بەگشتی خەسڵەتێکی دەڵەمەییان هەیە، یان دەکرێت وەک ئەمیبا ناو ببرێت کە شێوە و نەخشەی خۆی دەتوانێت بگۆڕێت یان گەشە پێ بدات. بۆ نموونە، پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، خەڵکی ئەو دەڤەرە بەگشتی خۆیان وەک عەرەب یان موسڵمان پێناس دەکرد، بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و دروستبوونی دامەزراوەکانی، هەمان ئەو کەسانە یان نەوەکانیان خۆیان وەک عێراقی ناوزەند دەکرد (بڕوانە بەشەکانی دووەم و سێیەم). دوای چەندین ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، کۆمەڵێک زاراوە لەو پەیوەندەدا ڕسکان، وەک کولتووری

عێراقی، ئەدەبی عێراقی و ناسیونالیزمی/نیشتمانپەروەریی عێراقی، کە پێشتر نەبیسترابوون، کەچی ئێستا هەقیقەتی هەستپێکراون. ئەمەش پشتڕاستی نەرمی نەک ڕەقیی شوناس دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، وەک لە بەشی یەکەمدا خرایە ڕوو، بۆ خوێندنەوەی هەر کەیسێک، چ جای کەیسێکی فرەڕەهەندی وەک *عێراق*، کەڵکوەرگرتن لە هەموو دیدە تیۆرییەکان پێویستە تا وێنەیەکی ڕوونتر و گشتگیرترمان دەست بکەوێت، چونکە هەر یەکێک لەم تیۆرانە گۆشەیەک لە گۆشەکان دەخوێننەوە، ئەمەش خوێندنەوەکە بەرفراوانتر و قووڵتر دەکات. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە پرسەکان و چەمکەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم و شوناس، ناکرێت هیچ کام لەم تێگەیشتنانە نادیدە بکرێن.

# دوا وشە

بە کورتی، *عێراق* وڵاتێکە کە زمان هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەی یەکگرتوو دەکات، کەچی ئایین/مەزهەب (سوننەکان و شیعەکان) لە یەکیان جیا دەکاتەوە. هاوکات *عێراق* خاکێکە کە ئایین/مەزهەب بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەی یەک دەخات، بەڵام زمان (کوردەکان و عەرەبەکان) لە یەکیان دوور دەخاتەوە. چەند ساڵێکی کەمی لێ دەربچێت کە سوننەکان و شیعەکان لەڕیزەکانی *حزبی بەعس*، وەک عەرەب و عێراقی هاوکاری یەکیان کرد، چەند ساڵێکیش کوردەکان و شیعەکان وەک عێراقی لەڕیزەکانی *حزبی شیوعی* هاوڕێ و هاوخەبات بوون، ئەگەر نا، پێکهاتەکانی *عێراق* بە دەگمەن هاوڕێز بوون لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان. ئەمەش ئەگەر گەورەترین کێشەی بەردەم پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی و کۆکردنەوەی عێراقییەکان نەبووبێت، یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانیەتی، کە نەبوونی حزبی سیاسی (یان لانیکەم هاوپەیمانیی سیاسی)یە کە سنوورەکانی نەتەوە (کوردی-عەرەبی) یان مەزهەب (سوننی-شیعی) تێبپەڕێنێت و ئەندام و لایەنگر لەمسەر تا ئەوسەری *عێراق* لەژێر یەک بنمیچ کۆ بکاتەوە و توانای وەگەڕخستنیانی هەبێت و بتوانێت لەسەر ئەجێندایەکی هاوبەش و هاوچارەنووس و هاودید کۆیان بکاتەوە. بۆیە وەک ئارگیومێنت و دەرئەنجامێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، دەڵێین تا ئەو ڕۆژەی کە توێژی خوێندەوار و چینی ناوەند لە *عێراق* لە هەموو پێکهاتەکانی *عێراق* لە دەوری جیهانبینییەکی هاوبەش بۆ *عێراق* کۆدەبنەوە، جا ئەمە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیایەک بێت یان چەند بەها و هاوبەشێک، هەر قسەکردنێک لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیان و ئامێزانی

نیشتمانی و شوناسێکی گشتگیر، لە بیرکردنەوەیەکی خەیاڵپلاوانە ( Wishful Thinking) زیاتر هیچی دیکە نییە. داخۆ ئەو ڕۆژە دێت؟ ئەوە پرسیارێکی کراوەیە، بەڵام ئەگەرەکانی زۆر لاوازن. ئەوەی لەم نێوەدا ڕوونە، ئەوەیە کە ئەگەرەکانی دروستبوونی حزب و هێزی سیاسی کە هێڵە مەزهەبییەکان تێبپەڕێنێت، زۆر زیاترە لە ئەگەرەکانی پێکهاتنی حزبێک کە سنوورەکانی نەتەوە ببەزێنێت.

سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک کەسو لایەن پێیان وا بوو کە نەمانی *بەعس* لەوانەیە ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی *عێراق*، کەچی زۆری پێ نەچوو پێشهات و ڕووداوەکان، بەتایبەتی ململانێ و پێکدادانە مەزهەبییەکان، دەریان خست کە عێراقییەکان لە غیابی *بەعس* نەک هەر یەکگرتووتر نین، بەڵکو لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی هاوچەرخی *عێراق* لێکترازاوتر و لێکدابڕاوترن. ئەوەی کە ئێستا عێراقییەکان بە یەک دەبەستێتەوە، چەند گۆمێکی خوێنە. ئەوەی لێکیان دادەبڕێت، ئەوە دەریایەک ترس و بێمتمانەییە. تروسکەکانی هیوا زۆر لاوازن. سەردەمی *بەعس* بە "کۆماری ترس" ناسراو بوو، کەچی ساڵانی دوای *بەعس* ترس نەک نەڕەویوەتەوە، بەڵکو زاڵترە، بەڵام نەک تەنیا ترس لە دەوڵەت، بەڵکو ترسی پێکهاتەکان لە یەکیش. شیعەکان ترسیان لە گەڕانەوە هەیە بۆ ڕابردوو، واتە گەڕانەوەی سوننەکان بۆ سەر حوکم، سوننەکان ترسیان لە ئێستاکانێ، واتە لە شیعەکان هەیە، کورد ترسی هەم لە شیعەکان و هەم لە سوننەکان هەیە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە پرسی چارەسەری کێشەکانی لە *عێراق* ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە عێراقییەکان ڕوو لە ڕابردوو هەنگاو بەرەو پێش دەنێن. ئەوەندەی ڕابردوو ئامادەیی لە خەیاڵگە و جیهانبینیی عێراقییەکاندا هەیە، ئەوەندە داهاتوو ئامادەیی نییە. چی لە *دەشتی کەربەلا* ڕووی دا؟ ئەو یاوەر و ئەم یاوەری پەیامبەر چیی کردووە یان چیی گوتووە؟ پرسیارگەلێکن کە تا ئێستا نەخشەی ژیانی ئەمڕۆی عێراقییەکان دیاری دەکات. ئەو ڕق و قینانەی کە ١٤٠٠ ساڵە دروست بوون نەک تێنەپەڕێندراون، بەڵکو ڕۆژانە زیندوو دەکرێنەوە و بەرز ڕادەگیرێن، زۆر جاریش پیرۆز دەکرێن.

بۆ دەربازبوون لەو تەنگژانە، عێراقییەکان دەبێت دەسبەرداری ڕابردوو بن و بیر لە داهاتوو بکەنەوە. بۆ ئەمەش پێش هەر شتێک دەبێت لە حزبە ئایینی و مەزهەبییەکان دوور بکەونەوە، چونکە تا لەوان دوور نەکەونەوە، لە یەکدی نزیک نابنەوە. بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە، داخۆ ئەم داوایە خەیاڵپڵاوی نییە لەمڕۆی عێراق؟ ئەوەش پرسیارێکی کراوەیە، بەڵام ڕووناکی لە تونێلەکە بەدی ناکرێت، لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا.

پڕۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی کە ساڵانێکە باس دەکرێت، لەوانەیە هەندێک خەم بڕەوێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە سەر بگرێت، سەرەتا وا چاکە سوننەکان کە نزیکەی ٨٥ ساڵ حوکمی عێراقیان کرد، دان بەو هەموو نادادییانەدا بنێن کە دەرهەق بە پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتەکە کردوویانە. شیعەکان دەبێت ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێت کە دەسەڵات و سامان و داهات لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە بەش بکەن، نەک بە ناو بەڵکو بە کردار. کوردەکان وا چاکە خۆیان یەکلایی بکەنەوە، دەمێننەوە لە *عێراق* یان جیا دەبنەوە. سیاسەتی ئەوەی نە بەشێکین لە *عێراق* و بەشێکیشین لە *عێراق*، نە دەتوانێت بە سەربەخۆییان بگەیەنێت، نە دەشتوانێت ببێت بە پردێک لە نێوان کوردەکان و پێکهاتەکانی دیکەی *عێراق*.

پێشنیازکردنی چارەسەری کردەیی بۆ *عێراق* لە دەرەوەی مەوداکانی ئەم کتێبەیە، سەرەڕای ئەوە دەکرێت بگوترێت ئەگەر خەمی عێراقییەکان و هێز و لایەنەکان بۆ بە یەکپارچەیی مانەوەی *عێراق*ە یان جیابوونەوەی ئاشتییانەیە، ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا وا چاکە *عێراق* لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی دابڕێژرێتەوە،[1] تا کۆنفیدراڵی ببێتە سەرەتایەک بۆ ئامێزانی نیشتمانی یان لێکجیابوونەوەی ئاشتییانە. لە پاڵ بەکۆنفیدراڵیکردنی *عێراق*، دەبێت بنەماکانی دیموکراسیی تەوافقی بکرێنە بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بڕیاردان، بەتایبەتی لەسەر پرسە نیشتمانییەکان و ئەمنییەکان و چارەنووسسازەکان.

لە دوای داگیرکردنی *عێراق* لەلایەن *ئەمەریکا*وە، ئەوە ١٣ ساڵی تێپەڕی کرد، بەردەوام باس لە دووبارەبونیادنانەوەی (Rebuilding) *عێراق* دەکرێت.

---

[1] بۆ وردەکارییەکانی بۆچی و چۆنێتیی داڕشتنەوەی *عێراق* لەسەر بنەمای کۆنفیدرالیزم، بڕوانە (کرمانج و خان ٢٠١٤).

لەوانەیە ئەم زاراوەیە زۆر دروست نەبێت بۆ پەسنی ئەوەی لە *عێراق* دەگوزەرێت، بەتایبەتی ئەگەر کێشە فرەڕەهەند و فرەلایەنەکانی *عێراق* لەبەرچاو بگرین. لەبری دووبارەبونیادنانەوە وا چاکە باس لە بونیادنانی *عێراق* بکرێت نەک بونیادنانەوەی، چونکە *عێراق* لە مێژووی هاوچەرخیدا بە قۆناغێکدا تێپەڕ نەبووە کە وەک مۆدێلێک تەماشا بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆی. مێژووی *عێراق* مێژووی حاشاکردن بووە لە ڕاستی و خەسڵەتە کۆمەلایەتی و دیموگرافییەکانی ئەو وڵاتە. تا ساڵی ٢٠٠٥ حاشا لەوە کراوە، یان لانیکەم پشتگوێ خرابوو، کە *عێراق* وڵاتێکی فرەشوناسە، فرەنەتەوەیە، فرەئایینە و فرەمەزهەبە. لە دوای ئەم مێژووەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دەستووری *عێراق* دانی بەو ڕاستییانەدا ناوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع هێشتان هەنگاوی بنەڕەتی نەنراون بۆ بەرجەستەکردنیان. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دان بە دوونیشتمانیی *عێراق*دا نەنراوە. ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ کوردەکان، چونکە وەک لە بەشەکانی ئەم کتێبە ئاماژەی پێ کرا، کێشەی کورد لە *عێراق* تەنیا کێشەی دداننان بە مافە نەتەوەیی و کولتووری و زمانییەکان نییە، بەڵکو کرۆکی پرسی کورد کێشە و شوناسی خاکە، بە واتایەکی دیکە، دداننان بەوەی کە *کوردستان* نیشتمانی کوردەکان و هەموو ئەوانەیە کە لەگەڵ کوردەکان لەو ناوچانە دەژین، کە وەک *هەرێمی کوردستان* ناسراوە. بۆیە ئەوەی لێرە پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەوەیە کە بۆ بونیادنانی *عێراق* دداننان (Recognition) بکرێت بە بەردی بناغە لەبری تواندنەوە، تەنانەت ئامێزانیش، چونکە دداننان یەکەم بەردەبازی پەڕینەوەیە بۆ ئامێزانی نیشتمانی. بەبێ دداننان، لەبری ئامێزان لێکترازان بەرجەستە دەبێت. دداننانەکان دەبێت هەمەلایەنە بن، واتە هەموو لایەک دان بە هەموو لایەنەکاندا بنێن.

لە کۆتاییدا، بە بنەما لەسەر ئەوەی دەیان ساڵە لە *عێراق* دەگوزەرێت و ئەوەی ئێستا ئەزموون دەکرێت، وا دەردەکەوێت کە لەسەر نەخشە *عێراق* وەک وڵاتێکی یەکگرتوو دێتە بەرچاو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع پارچەپارچەیە. داخۆ نەخشەکە خەڵکی *عێراق* یەک دەخات یان عێراقییەکان نەخشەکە دەدڕێنن؟ ئەوە پرسیارێکە کە دواڕۆژ وەڵامەکەی وەردەگرین.

# پاشکۆکان

## پاشکۆ - ١، وێرانکردنی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٨٧

| پارێزگا | قەزا | ژمارەی گوند، ناحیە (ن)، قەزا (ق)، کۆمەڵگە (ک) کە وێرانکران یان ڕاگوێزران لەگەڵ پاساوەکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوچەی ستراتیجی | بوونی نەوت لە ناوچەکە | نزیکی لە سنوورەکان | شەڕی عێراق - ئێران | شەڕی کوردستان | دامەزراوەی سەربازی | ڕاپەڕین | کۆ |
| دیالە | خانەقین | ٢٢٧ | | | | | | | |
| | کفری | نەزانراوە | | | | ١ | ١ | | |
| دهۆک | زاخۆ | ١١ | | ٥١ | | | | | |
| | سێمێل | ٧١ | | | | | | | |
| | ئامێدی | | | ١٥٦ | | | | | |
| نەینەوا | تەلەعفەر | ٣٦ | | | | | | | |
| | شەنگال | ١٥٦ | | | | | | | |
| | شێخان | ١٠٦ | | | | | | | |
| | تەلکێف | ١٥ | | | | | | | |
| | ئاکرێ | ٣٥ | | | | | | | |
| کەرکووک | دوبز | | ٥٦ | | | ٣ | | | |
| | کەرکووک | | ٥ | | | ٢٢ | | | |
| سەلاحەدین | توزخورماتوو | | | | | ١٧ | | | |
| هەولێر | کۆیە | | ١٠ | | | ٣٢ | | | |
| | چۆمان | | | ٧٧ | ٣١ : ١ (ق) | ١ : ١ (ن) | | | |
| | ڕەواندز | | | ٩ | ٢ | | ١ | | |
| | مێرگەسوور | | | ٦٢ | ١ | ٨ : ١ (ن) | | | |
| | مەخموور | | | | | ٣٣ | | | |
| | هەولێر | | | | | ٤ | ٢ | | |
| | شەقلاوە | | | | | ٨ | | | |
| سلێمانی | سلێمانی | | | | | ١٦ | ١٠ | | |
| | هەڵەبجە | | | ١٢٤ | ٣ : ١ (ن) | ٥ | | | |
| | پێنجوێن | | | ١٤٣ | [illegible] | | | | |
| | قەڵادزێ | | | ١٤٥ | | ٤ | | | |
| | شارباژێڕ | | | ٨٨ | ٤٤ : ١ (ن) | ١٤ | | | |
| | کەلار | | | | | ١٠ | | | |
| | دوکان | | | ١٧ | | ٢٢ | | [illegible] | |
| | چەمچەماڵ | | | | | 9 | | | |
| کۆ | | ٦٦٠ | ٧١ | ٨٧٢ | ٦٢ : ٢(ن) : ٢ (ق) : ٢ (ک) | ٢١١ : ٢ (ن) | ١٤ | [illegible] | ١٦٢٨ : ٥ (ن) : ٢ (ق) : ٢ (ک) |

بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لە (مینا ١٩٩٩: ٢٧٩-٣٥٤؛ محەمەد واخرون ٢٠٠٤: ١٩) وەرگیراوە.

* قەزا وێرانکراوەکەکان: پێنجوێن و چۆمان. ناحیە وێرانکراوەکان: *گەڵاڵە*، *سیوەیلی*، خورماڵە، *بیارە* و *ناڵپارێز*. کۆمەڵگە وێرانکراوەکان: پێنجوێن، *ناڵپارێز* و بنگرد. بۆ ناوی گوندەکان تەماشای (مینا ١٩٩٩: ٢٧٩-٣٥٤) بکە.

# پاشکۆ - ٢

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ پەرلەمانی عێراق

| حزب ـ لایەن یان هاوپەیمانی | دەنگەکان | ڕێژە % | کورسی | ئاراستەی سیاسی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی یەکگرتووی (شیعی) عیراق | ٤٠٧٥٢٩٢ | %٤٨.١٩ | ١٤٠ | شیعی ئیسلامی | | |
| هاوپەیمانی کوردستانی | ٢١٧٥٥٥١ | %٢٥.٧٣ | ٧٥ | کوردی سیکولار | | |
| لیستی نیشتمانی عیراقی (عیراقیە) | ١١٦٨٩٤٣ | %١٤.٥٥ | ٤٠ | عیراقی سیکولار | | |
| لیستی عیراقی | ١٥٠٦٨٠ | %١.٧٨ | ٥ | سوننی سیکولار | | |
| بەرەی تورکمانی | ٩٣٤٨٠ | %١.١١ | ٣ | تورکمانی | | |
| کادیر و دەستەبژێر نیشتمانیە سەربەخۆکان | ٦٩٩٣٨ | %٠.٨٣ | ٣ | شیعی سیکولار | | |
| یەکیتی جەماوەر (حزبی شیوعی) | ٦٩٩٢٠ | %٠.٨٣ | ٢ | عیراقی سیکولار | | |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦٠٥٩٢ | %٠.٧٢ | ٢ | کوردی ئیسلامی | | |
| ڕێکخراوی کاری (العمل) ئیسلامی | ٤٣٢٠٥ | %٠.٥١ | ٢ | شیعی ئیسلامی | | |
| هاوپەیمانی دیموکراتی نیشتمانی | ٣٦٧٩٥ | %٠.٤٤ | ١ | شیعی سیکولار | | |
| لیستی ڕافیدەین | ٣٦٢٥٥ | %٠.٤٣ | ١ | کلدان و ئاسووری | | |
| بەرەی ئاشتبوونەوە و ڕزگاری | ٣٠٧٩٦ | %٠.٣٦ | ١ | سوننی سیکولار | | |
| **کۆ** | **٨٤٥٦٢٦٦** | **%١٠٠** | **275** | **شیعی** | **١٤٦** | **%٥٣.١٠** |
| | | | | **کوردی** | **٧٧** | **%٢٨.٠٠** |
| | | | | **سوننی** | **٦** | **%٢.١٩** |
| | | | | **بێلایەن/ئایینەکانی دیکە** | **٤٢** | **%١٥.٢٧** |
| | | | | **دیکە** | **٤** | **%١.٤٥** |

بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لە (Economist 2005: 44, 45) وەرگیراوە.

پاشکۆ - ٣، ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم لەسەر دەستوور، ئابی ٢٠٠٥

| پارێزگا | زۆرینەی دیموگرافی | دەنگەکان | بەڵێ % | نەخێر % |
|---|---|---|---|---|
| بەغداد | زۆرینەی شیعی | ٢١٢٠٦١٥ | ٧٧.٧٠ | ٢٢.٣٣ |
| واسیت | زۆرینەی شیعی | ٢٨٠١٢٨ | ٩٥.٧٠ | ٤.٣٠ |
| میسان | زۆرینەی شیعی | ٢٥٤٠٦٧ | ٩٧.٧٩ | ٢.٢١ |
| بەسرە | زۆرینەی شیعی | ٦٩١٠٢٤ | ٩٦.٠٢ | ٣.٩٨ |
| زیقار | زۆرینەی شیعی | ٤٦٢٧١٠ | ٩٧.١٥ | ٢.٨٥ |
| موسەننا | زۆرینەی شیعی | ١٨٥٧١٠ | ٩٨.٦٥ | ١.٣٥ |
| قادسییە | زۆرینەی شیعی | ٢٩٧١٧٦ | ٩٦.٧٤ | ٣.٣٢ |
| بابل | زۆرینەی شیعی | ٥٤٣٧٧٩ | ٩٤.٥٦ | ٥.٤٤ |
| کەربەلا | زۆرینەی شیعی | ٢٦٤٦٧٤ | ٩٦.٥٨ | ٣.٤٢ |
| نەجەف | زۆرینەی شیعی | ٢٩٩٤٢٠ | ٩٥.٨٢ | ٤.١٨ |
| ئەنبار | زۆرینەی سوننی | ٢٥٩٩١٩ | ٣.٠٤ | ٩٦.٦ |
| سەلاحەدین | زۆرینەی سوننی | ٥١٠١٥٢ | ١٨.٢٥ | ٨١.٧٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | زۆرینەی سوننی | ٧١٨٧٥٨ | ٤٤.٩٢ | ٥٥.٠٨ |
| دیالە | زۆرینەی سوننی | ٤٧٦٩٨٠ | ٥١.٢٧ | ٤٨.٧٣ |
| دهۆک | زۆرینەی کوردی | ٣٨٩١٩٨ | ٩٩.١٣ | ٠.٨٧ |
| سلێمانی | زۆرینەی کوردی | ٧٢٣٧٢٣ | ٩٨.٩٦ | ١.٠٤ |
| هەولێر | زۆرینەی کوردی | ٨٣٠٥٧٠ | ٩٩.٣٦ | ٠.٦٤ |
| کەرکووک | زۆرینەی کوردی | ٥٤٢٦٨٨ | ٦٢.٩١ | ٣٧.٠٩ |
| **کۆ** | | **٩٨٥٢٢٩١** | **٧٨.٥٩** | **٢١.٤١** |

بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لە (O’Leary 2009: 145) وەرگیراوە.

# پاشکۆ – ٤

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم ٢٠٠٥ بۆ پەرلەمانی عێراق

<table dir="rtl">
<tr><th>حزب، لایەن یان هاوپەیمانی</th><th>دەنگەکان</th><th>%</th><th>کورسی</th><th colspan="2">//بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم</th><th>ئاراستەی سیاسی</th><th colspan="2">تێبینی</th></tr>
<tr><td>هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق</td><td>٥٠٢١١٣٧</td><td>٤١.٢٠</td><td>١٢٨</td><td colspan="2">١٢-</td><td>شیعی ئیسلامی</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>هاوپەیمانی کوردستانی</td><td>٢٦٤٢١٧٢</td><td>٢١.٧٠</td><td>٥٣</td><td colspan="2">٢٢-</td><td>کوردی سیکولار</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>بەرەی تەوافوقی عێراقی</td><td>١٨٤٠٢١٦</td><td>١٥.١٠</td><td>٤٤</td><td colspan="2">44</td><td>سونی ئیسلامی</td><td colspan="2">بەشدارنەبوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر.</td></tr>
<tr><td>لیستی عێراقیە</td><td>٩٧٧٣٢٥</td><td>٨.٠٠</td><td>٢٥</td><td colspan="2">١٥-</td><td>عێراقی سیکولار</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>بەرەی نیشتمانیی حیوار</td><td>٤٩٩٩٦٣</td><td>٤.١٠</td><td>١١</td><td colspan="2">١١</td><td>سونی سیکولار</td><td colspan="2">بەشدارنەبوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر.</td></tr>
<tr><td>یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان</td><td>١٥٧٦٨٨</td><td>١.٣٠</td><td>٥</td><td colspan="2">٥</td><td>کوردی ئیسلامی</td><td colspan="2">پێشووتر لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی بوو</td></tr>
<tr><td>ریسالیون</td><td>١٤٥٠٢٨</td><td>١.٢٠</td><td>٢</td><td colspan="2">٢</td><td>شیعی ئیسلامی</td><td colspan="2">بەشدارنەبوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر.</td></tr>
<tr><td>بەرەی ئاشتبونەوە و رزگاری</td><td>١٢٩٨٤٧</td><td>١.١٠</td><td>٣</td><td colspan="2">٢+</td><td>سونی سیکولار</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>بەرەی تورکمانی</td><td>٨٧٩٩٣</td><td>٠.٧٠</td><td>١</td><td colspan="2">٢-</td><td>تورکمانی</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>لیستی رافیدەین</td><td>٤٧٢٦٣</td><td>٠.٤٠</td><td>١</td><td colspan="2"></td><td>کلدان و ئاسووری</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td>ئومەی عێراقی</td><td>٣٢٢٤٥</td><td>٠.٣٠</td><td>١</td><td colspan="2">١</td><td>عێراقی سیکولار</td><td colspan="2">بەشدارنەبوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر.</td></tr>
<tr><td>بزووتنەوەی ئێزیدی</td><td>٢١٩٠٨</td><td>٠.٢٠</td><td>١</td><td colspan="2">١</td><td>ئێزیدی کوردی</td><td colspan="2"></td></tr>
<tr><td rowspan="3">کۆ رێژەی بەشداربوان: %٧٩.٦</td><td rowspan="3">12,396,631</td><td rowspan="3">١٠٠</td><td rowspan="3">٢٧٥</td><td>شیعی</td><td>کوردی</td><td>سونی</td><td>بێ – مەزهەبی</td><td>دیکە</td></tr>
<tr><td>١٣٠</td><td>٥٨</td><td>٥٨</td><td>٢٦</td><td>٣</td></tr>
<tr><td>٤٧.٣٠ %</td><td>%٢١.١٠</td><td>%٢١.١٠</td><td>%٩.٤٥</td><td>%١.٠٥</td></tr>
</table>

بۆ ئەم خشتەیە کەڵک لە (IHEC 2006) وەرگیراوە.

پاشکۆ – ٥، ژمارەی کوژراوانی توندوتیژییەکان
لە عێراق لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢

| | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی ٢ | ٣ | ٥٩٢ | ١١٠٠ | ١٥٣٠ | ٢٨٨٨ | ٧٦٧ | ٢٨٤ | ٢٦٠ | ٣٨٧ | ٤٦٤ | |
| شوبات | ٢ | ٦٤٥ | ١٢٥٨ | ١٥٣٦ | ٢٥٨٧ | ١٠٢١ | ٣٥٤ | ٣٠١ | ٢٥٠ | ٢٩٣ | |
| ئازار | ٣٩٧٧ | ٩٨٦ | ٨٤٢ | ١٩٣٢ | ٢٦٧٤ | ١٥٧٣ | ٤١٦ | ٣٣٥ | ٣٠٧ | ٣٢٠ | |
| نیسان | ٣٤٣٧ | ١٣٠٢ | ١٠٧٥ | ١٧١٤ | ٢٤٨٣ | ١٢٥٤ | ٤٩٨ | ٣٨١ | ٢٨٥ | ٣٠٠ | |
| ئایار | ٥٤٧ | ٦٥٧ | ١٣٠٣ | ٢١٦٧ | ٢٧٩٨ | ٧٨٦ | ٣٣٠ | ٣٧٧ | ٣٧٨ | ٢٢٠ | |
| حوزەیران | ٥٩٤ | ٨٧٠ | ١٢٦٧ | ٢٥٢٢ | ٢١٥٨ | ٦٩٣ | ٤٩٤ | ٣٧٧ | ٣٨٥ | ٤٨٧ | |
| تەمووز | ٦٥١ | ٨١٢ | ١٥٠٣ | ٣٢٠٨ | ٢٦١٨ | ٦٠٤ | ٤٠٠ | ٤٣٦ | ٣٠٥ | | |
| ئاب | ٧٩٦ | ٨٦٠ | ٢٢٣٩ | ٢٧٩١ | ٢٣٩٠ | ٦٠٧ | ٥٩٠ | ٥١٦ | ٣٩٨ | | |
| ئەیلول | ٥٦١ | ١٠١٨ | ١٣٨٣ | ٢٥٦٥ | ١٢٨٧ | ٥٥٢ | ٣٠٣ | ٢٥٢ | ٣٩٤ | | |
| تشرینی ١ | ٥٢٠ | ٩٩٨ | ١٢٥٣ | ٢٩٤٧ | ١٢٢٦ | ٥٣٣ | ٤٠٥ | ٣١١ | ٣٥٥ | | |
| تشرینی ٢ | ٤٨٨ | ١٦٠٣ | ١٤١٨ | ٣٠١٩ | ١٠٨٣ | ٤٨٩ | ٢١٠ | ٣٠٢ | ٢٧٢ | | |
| کانوونی ٢ | ٥٢٨ | ١٠١٩ | ١١١٤ | ٢٧٥٨ | ٩٣٨ | ٥٣٢ | ٤٥٧ | ٢١٧ | ٣٧١ | | |
| کۆ | ١٢١٠٤ | ١١٣٦٢ | ١٥٧٥٥ | ٢٨٥٨٩ | ٢٥١٣٠ | ٩٤١١ | ٤٧٤١ | ٤٠٥٣ | ٤٠٨٧ | ١٢٧٧ | ١١٦٦٠٩ |

ئەم خشتەیە لە (Iraq Body Count 2015) وەرگیراوە.

## پاشکۆ - ٦، ڕێژەی کوژراوەکان لە ڕۆژێکدا لە ئاکامی تەقینەوە تیرۆرستییەکان و توندوتیژییە مەزهەبییەکان

| | کوشتاری تەقینەوە تیرۆرستییەکان، وەک قاعیدە | | | کوشتاری توندوتیژییە مەزهەبییەکان | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سال | تێکرا لە ڕۆژێک | ژمارەی کوژراوان | ڕێژە | تێکرا لە ڕۆژێک | ژمارەی کوژراوان | ڕێژە | |
| ٢٠٠٣ | ١.٥ | ٥٤٨ | %٩ | ١٥ | ٥٤٧٥ | %٩١ | ٦٠٢٣ |
| ٢٠٠٤ | ٥.٣ | ١٩٣٠ | %٢٢ | ١٩ | ٦٩٣٠ | %٧٨ | ٨٨٧٠ |
| ٢٠٠٥ | ١٠ | ٣٦٥٠ | %٢٦ | ٢٩ | ١٠٥٨٥ | %٧٤ | ١٤٢٣٥ |
| ٢٠٠٦ | ١٦ | ٥٨٤٠ | %٢٢ | ٥٨ | ٢١١٧٠ | %٧٨ | ٢٧٠١٠ |
| ٢٠٠٧ | ٢٢ | ٨٠٣٠ | %٣٥ | ٤١ | ١٤٩٦٥ | %٦٥ | ٢٢٩٩٥ |
| ٢٠٠٨ | ١٠ | ٣٦٥٠ | %٤٢ | ١٤ | ٥١١٠ | %٥٨ | ٨٧٦٠ |
| ٢٠٠٩ | ٨.٣ | ٣٠٣٠ | %٦٦ | ٤.٣ | ١٥٧٠ | %٣٤ | ٤٥٩٩ |
| ٢٠١٠ | ٧.٣ | ٢٦٦٥ | %٦٥ | ٣.٩ | ١٤٢١ | %٣٥ | ٤٠٨٨ |
| ٢٠١١ | ٦.٦ | ٢٤٠٩ | %٥٩ | ٤.٦ | ١٦٧٩ | %٤١ | ٤٠٨٨ |
| ٢٠١٢ | ٦.٧ | ٢٤٤٦ | %٥٩ | ٤.٦ | ١٦٧٩ | %٤١ | ٤١٢٥ |
| **کۆ** | | **٣٤٢٠١** | **%٣٣** | | **٧٠٥٩١** | **%٦٧** | **١٠٤٧٩٢** |

کۆی ژمارەی کوژراوان بەپێی ئەم خشتەیە ١٠٤٧٩٢ە، کە هەندێک کەمترە لە ژمارەی کوژراوەکان وەک لە پاشکۆ - ٥ هاتووە، کە ١١٦٦٠٩یە، کە پشتی بە ئامارەکانی (Iraq Body Count 2015) بەستووە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەکان لەم خشتەیە بە بنەما لەسەر تێکرای کوژراوەکان لە ئاکامی تەقینەوە تیرۆرستییەکان و توندوتیژییە مەزهەبییەکان حیساب کراوە و تێکرایەکانیش بە ژمارەی کەرتیی نزیک کراوە لە یەک دیجیت حیساب کراون، ئەمەش ئەو جیاوازییەی دروست کردووە. بەڵام هیچ لە جەوهەری باسە، کە دەرخستنی ڕێژەی نێوان کوژراوانی تەقینەوە تیرۆرستییەکان و کوژراوانی توندوتیژییە مەزهەبییەکانە، ناگۆڕێت.

## پاشکۆ – ٧، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠ بۆ پەرلەمانی عێراق

| پارێزگا | دەوڵەتی یاسا | هاوپەیمانی نیشتمانی | عێراقیە | تەوافوق | وەحدەی عێراق | هاوپەیمانی کوردستانی | گۆڕان | یەکگرتوو | کۆمەڵ | کورسیی تەرخانکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەسرە | ١٤ | ٧ | ٢ | | | | | | | ٢٤ |
| میسان | ٤ | ٦ | | | | | | | | ١٠ |
| موسەننا | ٤ | ٣ | | | | | | | | ٧ |
| زیقار | ٨ | ٩ | ١ | | | | | | | ١٨ |
| قادسیە | ٤ | ٥ | ٢ | | | | | | | ١١ |
| واست | ٥ | ٤ | ٢ | | | | | | | ١١ |
| نەجەف | ٧ | ٥ | | | | | | | | ١٢ |
| کەربەلا | ٦ | ٣ | ١ | | | | | | | ١٠ |
| بابل | ٨ | ٥ | ٣ | | | | | | | ١٦ |
| بەغدا | ٢٦ | ١٧ | ٢٤ | ١ | | | | | | ٦٨ |
| ئەنبار | | | ١١ | ٢ | ١ | | | | | ١٤ |
| سەلاحەدین | | | ٨ | ٢ | ٢ | | | | | ١٢ |
| نەینەوا | | ١ | ٢٠ | ١ | ١ | ٨ | | | | ٣١ |
| دیالە | ١ | ٣ | ٨ | | | ١ | | | | ١٣ |
| کەرکووک | | | ٦ | | | ٦ | | | | ١٢ |
| سلێمانی | | | | | | ٨ | ٦ | ٢ | ١ | ١٧ |
| هەولێر | | | | | | ١٠ | ٢ | ١ | ١ | ١٤ |
| دهۆک | | | | | | ٩ | | ١ | | ١٠ |
| تەعویزی | ٢ | ٢ | ٢ | | | ١ | | | | ٧ |
| کەمینەکان | | | | | | | | | | ٨ |
| کورسیی براوە | ٨٩ | ٧٠ | ٩١ | ٦ | ٤ | ٤٣ | ٨ | ٤ | ٢ | ٣٢٥ |

## سەرچاوەکان

### ڕۆژنامەکان

بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیان، خەبات، التاخی، الاستقلال، الفجر الجديد، الوقائع العراقية، اتحاد الشعب، بغداد، الاهالی، الثورة، الجمهورية، بابل و الشرق الاوسط.

### سەرچاوە کوردییەکان

بابان، جەمال (١٩٨١) هەندێک داوەریی بەناوبانگ، بەغدادد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد.

بێکەس، شێرکۆ (١٩٩٥) دیوانی شێرکۆ بێکەس، سپانگا، سوێد: ئەپێک.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦ا) دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی سێیەم ١٩٧١-١٩٩٣، کوردستان: دەزگای چاپ نەزانراوە.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦ب) دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی شەشەم ٢٠٠٤-٢٠٠٦، کوردستان: دەزگای چاپ نەزانراوە.

بێکەس، فایق (١٩٧٠) دیوانی بێکەس، بەغدادد: چاپخانەی شەفەق.

پیربال، فەرهاد (٢٠٠١) ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ١٨٦٥- ١٩٥١، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

تۆفیق، ئومێد (٢٠١٢) "لە بەدەوڵەتبوونی باشووری سوودان بۆ دەوڵەتی کوردی،" ١٤ تەمووز، لە<https://goo.gl/cVlvtO>.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٨) خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامار.

حیلمی، ڕەفیق (٢٠٠٣) یاداشت، چاپی سێیەم، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

حەفید، ناسر (٢٠٠٦) یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، ئامادەکردن، سلێمانی: بنکەی ژین.

خواجە، ئەحمەد (١٩٧٠) چیم دی، بەرگی ١-٣، سلێمانی: کتێبخانەی سلێمانی.

خەندان (٢٠١٥) "پارتی: هیچ ڕێککەوتنێک بەبنەمای بەڕێوەبردنی هەرێم دانانێین،" ١٨ ئایار، لە <https://goo.gl/6EGDDj>.

دزەیی، یوسف (٢٠٠١) ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، هەولێر: دەزگای موکریان.

زەنگەنە، عەبدوڵا (٢٠٠٠) "دادگاییکردنی خەبات،" ڕۆژنامەڤانی، ق. ١، ژ. ٢، لل. ١٢٩-١٦٤.

زەنگەنە، عەبدوڵا (٢٠٠١) "دادگاییکردنی خەبات"، ڕۆژنامەڤانی، ق. ١، ژ. ٤، لل. ٦٢-١٢٩.

سابیر، ڕەفیق (١٩٩٢) "ڕۆڵی کێشەی مەزهەب لە لکاندنی کوردستانی خوارو بە عێراقەوە،" نۆژەن، ژ. ٢، لل ٤٩-٦٠.

ساڵح، رفیق و سدیق ساڵح (٢٠٠٣) ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، کۆکردنەوە، سلێمانی: سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.

ساڵح، سدیق (٢٠٠٦أ) یادنامەی شێخ مەحموود، دانان‌و کۆکردنەوە، سلێمانی: بنکەی ژین.

ساڵح، سدیق (٢٠٠٦ب) حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، سلێمانی: بنکەی ژین.

سلێمان، خالد (٢٠١٤) "ئاو، پڕۆژەبچووکەکانیکۆلۆنیالیزملەکەرکووکدا،" ٢٢ تشرینی یەکەم، لە<https://goo.gl/uSu9BX>.

سمکۆ، دەهام (٢٠٠٨) کەرنەڤاڵی مردن لە عەرعەر، گۆڤاری عەرعەر، ساڵی سێیەم، لل ٣٣٧-٣٤٠.

سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٨) نەتەوەو حیکایەت، بەرگی ١-٢، هەولێر: دەزگای موکریانی.

سەلیم، جەوهەر نامیق (٢٠٠٥) ئایا فیدرالییەت وەک خەیارێک لە عێراق پیادەدەکرێت، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

عبدالرحمن، زیاد (١٩٩٥) توونی مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێم دا، تەورێز: دەزگای چاپ دیار نییە.

عەسکەر، دانا (٢٠١٣) دیوانی خوێنی ڕژاوی دوو سێو، کەرکووک: یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک. ، ل.ل ١١-٣٨.

عیسا، ئەلبێرت (٢٠٠٤) خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراق، سلێمانی: مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

عەبدوڵا، عەلی (١٩٦٨) مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، کوردستان: دەزگای چاپ دیار نییە.

عەبدوڵا، هێمن باقر و بەرهەم عومەرعەبدول (٢٠٠٤) ئەنفالی سێ‌و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، کوردستان: چاپخانەی تەوار.

عەبدولرەحمان، فەرمان (٢٠٠٦) پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا، سلێمانی: مەکتەبی بیرو وشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
عەلی، بەختیار (٢٠٠٦) شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی: رەنج.
غەمبار، جەمال (١٩٩٧) مەنفاکان لێرەوە دەستپێدەکەن، سلێمانی: چاپخانەی سلێمانی.
فەتاح، ئاراس (٢٠٠٤) "شوناس‌و ململانێ لە کۆمەڵگای دوای جەنگ،" ڕەهەند، ژ. ١٦ و ١٧، لل ٨١-١٢٢.
کرمانج، شێرکۆ (٢٠٠٥) بەسیاسییکردنی ئیسلام: دیاردەی ئیسلامیزم، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
کرمانج، شێرکۆ و شەمسول خان (٢٠١٥) "داڕشتنەوەی عێراق لەسەر بنەمای چوار هەرێمی کۆنفیدراڵی: بۆ و چۆن؟،" چاودێر، دوو بەش، ژمارە ٤٦٥ و ٤٦٦، ٢٨ نیسان و ٥ ئایار.
کرمانج، شێرکۆ و ئارام ڕەفعەت (٢٠١٢) "نەخشەڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی: وەهمەکان، ئەستەنگەکان، ڕێگاچارەکان‌و میکانیزمەکان"، هاووڵاتی، ٩ ئایار، ل ٦.
کەلوری، سەدرەدین محیەدین (٢٠٠٥) یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو، چاپی سێیەم، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
گۆڕان، سایت (٢٠١٢) "پیرۆزبایی‌و پەیامی نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە،" ٢٠ ئازار، لە<https://goo.gl/tcEDZO>.
محەمەد، عومەر (٢٠١٦) مەملەکەتی تاوان: دیدار لەگەڵ تاوانبارانی ئەنفال، سلێمانی: چاپخانەی سلێمانی.
مینا، ئەمین قادر (١٩٩٩) ئەمنی ستراتیجیی عێراق‌و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی دووەم، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.
مەلا شاخی، ئەبوبەکر محەمەد حاجی (٢٠٠٧ا) ئەنفالی رەش، کەرکووک: چاپخانەی کارۆخ.
مەلا شاخی، ئەبوبەکر محەمەد حاجی (٢٠٠٧ب) ئەنفالی خاڵخاڵان، کەرکووک: چاپخانەی کارۆخ.
نادر، کاوە (٢٠٠١) کەندێناوە لەنێوان راگواستن‌و بەعەرەبکردندا، هەولێر: ڕۆژنامەی میدیا.

هاوولاتی (٢٠١٠) "مێژووی دوازده ئیمامەکەی شیعە دەکرێتە ناو میتۆدی خوێندنەوە،" ٣٠ئایار.

هاوولاتی (٢٠١١) "چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەنعان،" ژمارە ٧٧٢، ٩ ی تشرینی یەکەم.

ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد (٢٠٠٣) بەهاری ڕەش، هەولێر: دەزگای ئاراس.

ئێن ئارِ تی (٢٠١٥) "ڤیدیۆی ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان لە بازگەی پردێ،" ١٢ تشرینی یەکەم، لە<https://goo.gl/sQOsVr>.

ئێن ئارِ تی (٢٠١٦) "ئاشتیهەورامی: ئەگەرنرخینەوتبیبێتەوەبە ١٠٠ دۆلارقەیرانیدارایيچارەسەرنابێت،" ٢٥ تشرینی یەکەم، لە <https://goo.gl/xG1fhZ>.

ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر (١٩٨٥) چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد (بەشی یەکەم)، بەغدادد: چاپخانەی الادیب البغدادیة.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧) پەنجەکان یەکتر دەشکێنن: دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٨-١٩٨٣، بەرلین: پۆتفاخ.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٨) میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا، بەرلین: سەنتەری ئاوەدانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٩) خولانەوە لە ناو بازنەدا: دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، بەرلین: سەنتەری ئاوەدانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٤) چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی: دەزگای چاپ نەزانراوە.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٨) "مفاوەزەی بەرەی کوردستانی- بەعس ١٩٩١،" سبەی،لە<https://goo.gl/rTID7M>.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


احمد، د. كمال مظهر (١٩٧٨) دور الشعب الكردى فى ثورة العشرين العراقية، بغداد: مطبعة الحوادث.

احمد، د. كمال مظهر (١٩٨٧) صفحات من تاريخ العراق المعاصر: دراسه تحليلية، بغداد: مكتبة البدليس.

احمد، د. كمال مظهر (٢٠٠٤) كركوك وتوابعها: حكم التاريخ والضمير، السليمانية: مطبعة رينوين.

احمد، سلام (٢٠١٠) الهاشمى لـ "ايلاف" ارجح مشاركة الجميع فى حكومة وحدة وطنية، ايلاف، فى <https://goo.gl/5ZtmlY>.

احمد، كريم (٢٠٠٦) المسيرة: صفحات من نضال كريم احمد، اربيل: مطبعة شهاب.

افرام، ابلحد (٢٠٠٢) من هم الكدان–الاشوريون–السريان، دهوك: دار هاوار.

الاحمد، كامل محمد (٢٠١١) "حسين كامل شهيدا!، وكالة انباء برثا، فى <https://goo.gl/8GMm3I>.

الادهمى، محمد مظفر (١٩٨٠) الابعاد القومية لثورة مايس ١٩٤١ فى االعراق، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الازرى، عبدالكريم (١٩٩١) مشكلة الحكم فى العراق من فيصل الاول الى صدام، لندن: دار الساقى.

البراک، فاضل (١٩٨٤) المدارس اليهودية والايرانية فى العراق، بغداد: دار الرشيد.

البراک، فاضل (١٩٨٩) مصطفى البارزانى: الاسطورة والحقيقة، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

البعث، حزب البعث العربى الاشتراكى (١٩٤٧) "دستور حزب البعث العربى الاشتراكى ١٩٤٧،" فى <https://goo.gl/4Igh6d>.

البوتانى، عبدالفتاح على (١٩٩٧) موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٧٠، اربيل: مركز الدراسات والبحوث المركزية.

البوتانى، عبدالفتاح على (٢٠٠١) وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية: ملاحظات تاريخية وديراسات اولية، اربيل: مؤسسة موكريانى.

البياتى، عبدالرحمن ادريس (٢٠٠٥) الشيخ محمود الحفيد والنفوذ البريطانى فى كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، لندن: دار الحكمة.

التميمى، د. خالد (١٩٩٦) محمد جعفر ابو التمن: دراسة فى الزعامه السياسية العراقية، دمشق: دار الوراق.

الثورة، جريدة (١٩٧٣) لكى تصان وتتعزز الوحدة الوطنية، بغداد: دار الثورة.

الجادرجى، كامل (١٩٧١) من اوراق كامل الجادرجى، بيروت: دار الطليعة.
الجنابى، ميثم (٢٠٠٤) العراق ورهان المستقبل، دمشق: دار المدى.
الجنابى، ميثم (٢٠٠٥) "الهوية العراقية وافاق البديل الديموقراطى،" الحوار المتمدن، العدد ١٠٦٦، ١ شباط، فى <https://goo.gl/rdzwGT>.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٧٢) الثوره العراقية الكبرى، صيدا: مطبعة العرفان.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٨٢) تاريخ الوزارات العراقية، الاجزاء ٤-١٠، الطبعة السادسة، بيروت: منشورات مركز الابجدية.
الحسنى، عبدالرزاق (١٩٨٨) تاريخ الوزارات العراقية، الاجزاء ١-٣، الطبعة السابعة، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
الحصرى، ابو خلدون ساطع (١٩٦٧) مذكراتى فى العراق، بيروت: دار الطليعة.
الحيدرى، سالح (٢٠٠٤) مختارات من مذكرات سالح الحيدرى، سليمانية: الناشر غير معلوم.
الخيون، رشيد (٢٠٠٥ا) العراق: غبن عتيق جمع بين الشيعة والكرد، الشرق الاوسط، عدد ٩٧٠٣، ٢٢ حزيران.
الخيون، رشيد (٢٠٠٥ب) وحدة العراق قوضها التعريب ولاشيعية بعد اليوم، الشرق الاوسط، عدد ٩٨٩٢، ٢٨ كانوون الاول.
الدليمى، محمد (١٩٩٩) كامل الجادرجى ودوره في السياسة العراقية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
الدورى، د. عبدالعزيز (١٩٦٢) الجذور التاريخية للشعووبية، بيروت: دار الطليعة للطباعة والنشر.
الركابى، فؤاد (١٩٦٣) الحل الاوحد، قاهرة: دار الكتاب العربى.
الرهيمى، علاء حسين (٢٠٠٨) المعارضة البرلمانية فى العراق فى عهد الملك فيصل الاول، بغداد: بيت الحكمة.
السالم، رحمة (٢٠١٠) "تحالف المالكى: سنحصل على ١٠٠ مقعد فى البرلمان... وسنشكل الحكومة القادمة،" الشرق الاوسط، ٩ مارس.
الشبوط، محمد عبدالجبار (٢٠١٢) "الخطة باء كرديا،" الصباح، ٤ كانوون الاول.
الشيرازى، محمد (٢٠٠٠) تلك الايام: صفحات من تاريخ العراق السياسى، فى <https://goo.gl/MO6q4N>.
الصالحى، نجيب (٢٠٠٠) الزلزال: ماذا حدث فى العراق بعد الانسحاب من الكويت، السليمانية: مؤسسة خاك.
الصدر، محمد باقر (١٩٨٧) اقتصادنا، بيروت: دار التعارف.

الصدر، محمد باقر (٢٠٠٤) فلسفتنا، ايران: دار الكتاب الاسلامى.

العاملى، على الكورانى (٢٠١٠) الى طالب العلم، فى <https://goo.gl/8ngz2h>.

العانى، نوورى عبدالحميد واخرون (٢٠٠٠) تاريخ الوزارات العراقية فى عهد الجمهورى، الاجزاء ١-٥، بغداد: بيت الحكمة.

العراق اليوم، جريدة (٢٠٠٧) "كركوك تنذر بحرب اهلية فى العراق،" العدد ٦٤١، ١٩ تشرين الثانى.

العكام، عبدالامير هادى (١٩٨٦) تاريخ حزب الاستقلال العراقى ١٩٤٦-١٩٥٨، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

العلوى، حسن (١٩٨٨) التاثيرات التركية فى المشروع القومى العربى فى العراق، لندن: دار الزوراء.

العلوى، حسن (١٩٩٠) الشيعة والدولة القومية فى العراق ١٩١٤-١٩٩٠، قم: دار الثقافة.

الغطاء، على كاشف (١٩٨٩) سعد صالح فى مواقفه الوطنية، بغداد: مطبعة الراية.

الفكيكى، هانى (١٩٩٣) اوكار الهزيمة: تجربتى فى حزب البعث العراقى، لندن: رياض الريس للنشر.

الفياض، عبدالله (١٩٧٤) الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، بغداد: مطبعة الارشاد.

القطبى، حسين (٢٠١١) "قضية الهاشمى تكشف الشرخ الاجتماعى فى العراق،" فى <https://goo.gl/R16cUh>.

اللامى، علاء (٢٠٠٢) "حساب الايجابيات والسلبيات فى اعلان شيعة العراق،" جزء الاول، حوار التمدن، عدد ١٧٥، فى <https://goo.gl/iAP13v>.

الماوردى، ابو الحسن (١٩٨٩) الاحكام السلطانية، الكويت: مكتبة دار ابن قتيبة.

المحكمة الجنائية العراقية العليا (٢٠٠٥) "وقائع الدعوة رقم ١: قضية الدجيل"، فى <https://goo.gl/CISpkQ>.

الموسوى، السيد هاشم (٢٠٠٠) حزب الدعوة الاسلامية: المنطلق والمسار، فى <https://goo.gl/eSKPTY>.

الوردى، د. على (٢٠٠٥ا) لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، الطبعة الثانية، الاجزاء ١-٦، بيروت: دار الراشد.

الوردى، د. على (٢٠٠٥ب) ديراسة طبيعة المجتمع العراقى، بغداد: دار الحوراء.

امين، نوشيروان مصطفى (٢٠٠٠) عصر القلم والمراجعات ١٩٢٨-١٩٣١، ترجمة حمەسالح گلالى، سليمانية: مركز خاك للنشر.

بصرى، مير (٢٠٠٤) اعلام السياسة فى العراق الحديث، الاجزاء ١-٢، لندن: دار الحكمة.

بطاطو، حنا (٢٠٠٦) شيعة العراق: الدور السياسى، ميزوبوتاميا، العدد ٨-٩.

بوشيخى، محمد (٢٠١٥) "ميشيل عفلق: امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة،" ذوات، ٢٩ كانوون الثانى.

بى بى سى (٢٠٠٨) "عودة وزراء جبهة التوافق السنية الى الحكومة العراقية"، فى <https://goo.gl/OXXrQY>.

بى بى سى (٢٠١٣) "رافع العيساوي وزير المالية العراقي يستقيل من منصبه،" ١ اذار، فى <https://goo.gl/q4krx8>.

ثوينى، على (٢٠٠٨) كلاب بافلوف والكلاب العراقية، الحوار المتمدن، عدد ٢١٨١، فى <https://goo.gl/dKnqFQ>.

جواد، سعد ناجى (١٩٩٠) العراق والمسالة الكردية، لندن: دار اللام.

حبيب، كاظم (٢٠٠٥) لمحات من نضال حركة التحرر الوطنى للشعب الكردى فى كردستان العراق، اربيل: دار اراس.

حبيب، كاظم (٢٠١٤) الجمهورية الثانية بالعراق، فى <https://goo.gl/eCy5hU>.

حداد، هاشم ياسين، سردار محمد و عدنان كركوكى (٢٠٠٦) اطلس كركوك: تاريخى، ادارى، طبيعى، بشرى، سياسى واقتصادى، اربيل: لجنة العليا لازاحة اثار التعريب فى كوردستان.

حزب البعث (١٩٧٧) التقرير السياسى الصادر عن المؤتمر القطرى الثامن – كانوون الثانى ١٩٧٤، بغداد: دار الحرية.

حزب البعث (١٩٨٠) مسألة القوميات فى الوطن العربى، بغداد: دار الثورة.

حزب البعث (١٩٨٣) التقرير المركزى للمؤتمر القطرى التاسع - حزيران ١٩٨٢، بغداد: دار العربية.

حزب البعث (١٩٨٦) اخراج من سلك التعليم – وثيقة، مؤسسة الذاكرة العراقية، فى <https://goo.gl/nK0zu5>.

حزب البعث (١٩٨٨) المنهاج الثقافى المركزى، الطبعة الثانية، بغداد: دار الحرية.

حزب البعث (١٩٨٩) اسقاط الطلاب غير البعثين – وثيقة، مؤسسة الذاكرة العراقية، فى <https://goo.gl/L8HCqM>.

حسين، خليل ابراهيم (١٩٨٨) عبدالكريم قاسم والشوعيون ورفعت الحاج سرى والقوميون، بغداد: دار الحرية للطباعة.

حسين، صدام (١٩٧٦) خندق واحد ام خندقان، بغداد: دار الثورة.
حسين، صدام (١٩٧٩) حول كتابة التاريخ، بغداد: دار الحرية للطباعة.
حسين، عبدالخالق (٢٠٠٢) ثورة وزعيم: ثورة ١٤ تموز العراقية وعبدالكريم قاسم، دمشق: دار الحصاد.
حسين، عبدالخالق (٢٠٠٨) "حل مشكلة كركوك بين الممكن والمستحيل"، فى <https://goo.gl/2dHKrp>.
حسين، عبدالخالق (٢٠١١) الطائفية السياسية ومشكلة الحكم فى العراق، بغداد: دار ميزوبوتاميا.
حسين، عبدالخالق (٢٠١٣) "اغتيال الزعيم عبدالكريم قاسم مجددا،" ٢٧ ايلول، فى <https://goo.gl/pSvDRG>.
حسين، فاضل (١٩٧٧) مشكلة الموصل، بغداد: مطبعة اشبيلية.
حميدى، جعفر عباس واخرون (٢٠٠٢) تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهورى، جزء ٦، بغداد: بيت الحكمة.
خليل، عادل غفورى (١٩٨٤) احزاب المعارضة العلنية فى العراق ١٩٤٦-١٩٥٤، بغداد: مطبعة اوفسيت الانتصار.
سعيد، على كريم (٢٠٠٥) عراق ٨ شباط ١٩٦٣من حوار المفاهيم الى حوار الدم: مراجعة فى ذاكرة طالب شبيب، بغداد: مطبعة المعارف.
سنجارى، حسين (٢٠٠٨) "كركوك اقليم مستقل بحد ذاته"، فى <http://goo.gl/DdPdrH>.
سنجارى، على (٢٠٠٦) القضية الكردية وحزب البعث العربى الاشتراكى فى العراق، دهوك: مطبعة حاجى هاشم.
سنجارى، على (٢٠١٢) صفحات من العلاقات التاريخية بين الكورد والشيعة فى العراق، التاخى، ٢٦ كانوون الاول.
شبكة اخبار العراق (٢٠١٤) "الفتلاوى: انا عرقلت تنفيذ المادة ١٤٠ الدستورية،" فى <https://goo.gl/pbVa8e>.
شريف، عبدالستار طاهر (٢٠٠٧) الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية فى نصف القرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الثانية، سليمانية: دار سردم.
شهاب، زكى (١٩٩٥) "العراق: قاعدة النظام تنقلب على صدام،" الوسط، عدد ١٧٥.
صفوة، نجدة فتحى (١٩٨٨) مذكرات جعفر العسكرى، لندن: دار اللام.
طالبانى، الدكتور نوورى (٢٠٠٤) منطقة كركوك ومحاولة تغيير واقعها القومى، اربيل: دار اراس.

عفلق، ميشيل (١٩٧٤) فى سبيل البعث، فى <https://goo.gl/Cb1yeY>.
عليوى، هادى حسن (1979) دور حزب البعث العربى الاشتراكى فى العراق فى الحركة الوطنية منذ تاسيسه حتى ١٤ تموز ١٩٥٨، بغداد: مكتبة الشرق الجديد.
عليوى، هادى حسن (٢٠٠١) الاحزاب السياسية فى العراق: السرية والعلنية، بيروت: رياض الريس للكتاب والنشر.
فياض، معد (٢٠٠٩) من ذاكرة المام-رئيس، الشرق الاوسط، عدد ١١٢١٢، ٩ اب.
فياض، معد (٢٠١٠) مقابلة اسامة النجيفى، الشرق الاوسط، ١٤ تموز.
فياض، معد (٢٠١٠) مقابلة صالح المطلق، الشرق الاوسط، ٢ اب.
فيضى، باسل سليمان (١٩٩٨) مذكرات سليمان فيضى، بغداد: مطبعة الاديب.
كبه، محمد مهدى (١٩٦٥) مذكراتى فى صميم الاحداث ١٩١٨-١٩٥٨، بيروت: دار الطليعة.
كريم، حبيب محمد (١٩٩٨) تاريخ الحزب الديموقراطى الكوردستانى-العراق فى محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، دهؤك: مطبعة خبات.
كورن، ديڤيد (٢٠٠٧) الرجلان اللذيا الحقا الكرد بالعراق بيرسى كوكس و ارنولد تى ويلسون، ترجمة سيلڤان سايدو، السليمانية: مركز خاک.
لوكيتز، ليؤرا (٢٠٠٤) العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة دلشاد ميران، اربيل: دار ئاراس.
محمد، خليل اسماعيل (٢٠٠٦) القضية الكردية: وجود ام حدود، اربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.
محمد، خليل اسماعيل، سيروان كاكەيى ومحمد عبدالله عمر ومحمود حاجى (٢٠٠٤) سياسة التعريب فى اقليم كردستان العراق: دراسة وثائقية، اربيل: دار اراس.
مطر، سليم (٢٠٠٠) الذات الجريحة، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
مطر، سليم (٢٠٠٣) جدل الهويات، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
موسوعة الرشيد (٢٠١٠) "البرلمانى الشيعى بهاء الاعرجى يتطاول على ابى بكر الصديق،" فى <https://goo.gl/uOhqz3>.
نظمى، وميض جمال عمر (١٩٨٦) الجذور السياسية والفكرية والاجتماعية للحركة القومية العربية، بيروت: مركز الدراسات الوحدة العربية.
نظمى، وميض جمال عمر و شفيق عبدالرزاق و غانم محمد صالح (غير معلوم) التطور السياسى المعاصر فى العراق، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.
نعناع، حميدة (٢٠٠٠) رجل وقضية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

نوورى، بهاءالدين (٢٠٠١) مذكرات بهاءالدين نوورى: سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشوعى العراقى، لندن: دار الحكمة.

وزارة التربية (١٩٦١) الموجز فى الجغرافية والتاريخ حسب منهاج الصف السادس الابتدائى، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (١٩٦٢) الموجز فى الجغرافية والتاريخ حسب منهاج الصف الخامس الابتدائى، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (١٩٨٠) التاريخ الحديث للوطن العربى للصف السادس الابتدائى، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (١٩٩٠) المطالعة التوجيهية للصف السادس الادبى، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (١٩٩٩) التربية الوطنية للصف الثانى المتوسط ، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (٢٠٠٠) التاريخ القديم للوطن العربى للصف الاول المتوسط، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (٢٠٠١) التاريخ الحديث والمعاصرللوطن العربى للصف السادس الادبى، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (٢٠٠٢) التربية الوطنية للصف الاول المتوسط، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة التربية (٢٠٠٣) التاريخ العربى الاسلامى للصف الثانى المتوسط، بغداد: وزارة التربية – الجمهورية العراقية.

وزارة المعارف (١٩٥٢) تاريخ بلادک و وطنک في حاضره للصف السادس الابتدائى، بغداد: وزارة المعارف – المملكة العراقية.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Abdelal, Rawi et al. (2001) “Treating Identity as a Variable: Measuring the Content, Intensity, and Contestation of Identity,” paper presented at the *American Political Science Association Annual Conference,* San Francisco.

Abedin, Mahan (2003a) “Hezb al-Daawa al-Islamiyya,” (The Islamic Call Party), *Middle East Intelligence Bulletin*, vol. 5, no. 6.

Abedin, Mahan (2003b) “The Supreme Council for the Islamic Revolution in Iraq (SCIRI),” *Middle East Intelligence Bulletin*, vol. 5, no. 10.

Abi-Habib, Maria (2014) “Shiite Militias Decamping From Syria to Fight in Iraq,” *The Wall Street Journal*, June 17.

Adriaensens, Dirk (2011) “Educide: The (Further) Destruction of Iraq’s Higher Education,” from <https://goo.gl/nVZXfc>.

AFP, Agence France-Presse (2005)“Iraqi oath changed, and fuming Kurds want to know why,” May 4.

AFP, Agence France-Presse (2010) “KRG will boycott Census that does not include Ethnicity,” October 20.

AFP, Agence France-Presse (2012) “Iraq PM’s rivals lack votes to oust him: president,” June 10.

Agnew, John et al. (2008) “Baghdad Nights: Evaluating the U.S. Military Surge using Nighttime Light Signatures,” *Environment and Planning,* vol. 40, pp. 2285-2295.

Ahmed, Hamid K. (2003) “The Marshes of Southern Iraq and the Marsh Arabs: Ecocide and Genocide,” The Elliott School of International Affairs, The George Washington University, from <https://goo.gl/IqdPFC>.

Al-Ali, Nassir (2010) “Al-Bolani charges al-Maliki over firing officers replacing them with his loyalists), *Asharq Alawsat,* July 27.

Al-Atraqchi, Firas (2010) “Iraq’s Political Turmoil could lead to Civil War,” April 29, from <https://goo.gl/KD3n93>.

Al-Bab (2002) “Declaration of the Shiite of Iraq,” from <https://goo.gl/sx9LoL>.

Al-Bab (2003) “Iraqi Opposition Groups,” from <https://goo.gl/nBpHBk>.

Ali, Salman and Sidiq Salih (2005) (eds.) *Iraqi Kurdistan in the British Ministry of Foreign Affairs Documents*. Sileimani: Binkai Zhin.

Allawi, Ali A. (2007) *The Occupation of Iraq: Winning the War, Losing the Peace*, New Haven: Yale University Press.

Al-Marashi, Ibrahim (2002) “Iraq’s Security and Intelligence Network: A Guide and Analysis,” *Middle East Review of International Affairs*,vol. 6, no. 3, pp. 1-13.

Al-Marashi, Ibrahim (2007) “The Dynamics of Iraq’s Media: Ethno-Sectarian Violence, Political Islam, Public Advocacy and Globalization,” *Open Society Institute*.

Al-Monitor (2013) “Iraqiya List Frays as Constituents Splinter,” March 28.

Amos, Deborah (2010) “Confusion, Contradiction and Irony: The Iraqi Media in 2010,” *Joan Shorenstein Center*, Discussion Paper Series, no. D-58, June.

Anderson, Benedict (1991) *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism*, London: Verso.

Anderson, Liam and Gareth Stansfield (2004) *The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy, or Division?*, New York: Palgrave Macmillan.

Arendt, Hannah. *The Origins of Totalitarianism*. London: George Allen & Unwin, 1967.

Arıkanlı, Zeynep (2011) “British Legacy and Evolution of Kurdish Nationalism in Iraq (1918-1926): What Significance the ‘Mosul

Question'?", *Centro Argentino de Estudios Internacionales*, Working paper # 16.

Arraf, Jane (2012) "Iraq's unity tested by rising tensions over oil-rich Kurdish region, *The Christian Science Monitor*, May 4.

Asharq al-Awsat (2013) "Iyad Allawi: The view from Baghdad," June 18, from <https://goo.gl/llDwDH>.

Associated Press(2012a). "Signs of hope in a former Baghdad killing field," June 7, from <https://goo.gl/NEppXh>.

Associated Press (2012b) "Shias dominate Sunnis in the new Iraq," April 3, from <https://goo.gl/A37iaA>.

Axelgard, Frederick (1988) *New Iraq? The Gulf War and the Implication of U.S. Policy*. New York: Praeger.

Aziz, Mahir A. (2011) *The Kurds of Iraq: Ethnonationalism and National Identity in Iraqi Kurdistan*, London: I.B.Tauris Publishers.

Aziz, T. M. (2003) "The Role of Muhammad Baqir al-Sadr in Shiite Political Activism in Iraq from 1958 to 1980", from <https://goo.gl/ZmHacs>.

Baali, Fuad (1966) "Social Factors in Iraqi Rural-Urban Migration," *The American Journal of Economics and Sociology*, vol. 25, no. 4, pp. 359-364.

Bangert, Christoph and Abeer Mohammed (2009) "Visual Diary: May Day," *The New York Times*, May 1.

Baram, Amatzia (1991) *Culture, History and Ideology in the Formation of Baathist Iraq, 1968-89*, New York: St. Martin's Press.

Baram, Amatzia (1994) "A Case of an Imported Identity: The Modernizing Secular Ruling Elites of Iraq and the Conception of Mesopotamian-Inspired Territorial Nationalism 1922-1992," *Poetics Today*, vol. 15, no. 2, pp. 279-319.

Baram, Amatzia (1997) "Neo-Tribalism in Iraq: Saddam Hussein's Tribal Policies 1991-96," *International Journal of Middle East Studies*, vol. 29, no. 1, pp. 1-31.

Baram, Amatzia (1998) *Building Towards Crisis: Saddam Husayn's Strategy for Survival*. Washington, D.C.: The Washington Institute for Near East Policy.

Baram, Amatzia (2000) "Saddam Husayn: Between his Power Base and the International Community," *The Middle East Review of International Affairs*, vol. 4, no. 4, pp. 9-21.

Baram, Amatzia (2005) "Who are the Insurgents? Sunni Arab Rebels in Iraq," United States Institute of Peace, Report no. 134, from <https://goo.gl/Qt36KR>.

Barzani, Massoud (2003) *Mustafa Barzani and the Kurdish Liberation Movement 1931-1961*. New York: Palgrave Macmillan.

Bashir, Ala (2005) *The Insider: Trapped in Saddam's Brutal Regime*. London: Abacus.

Bashkin, Orit (2006) "When Mu'awiya entered the Curriculum: Some Comments on the Iraqi Education System in the Interwar Period," *Comparative Education Review*, vol. 50, no. 3, pp. 346-366.

Batatu, Hanna (1987) "Iraq's Shiite: Their Political Role and the Process of their Integration into Society," *The Islamic Impulse*. B. F. Stowasser, ed. Washington, D.C.: Georgetown University Center for Contemporary Arab Studies.

Batatu, Hanna (2004) *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq*, London: Saqi Books (originally published in 1978).

Bazinet, Kenneth R. (2001) "A Fight vs. Evil, Bush and Cabinet tell U.S.," *Daily News*, from <http://goo.gl/Ut5ukW>.

Beeston, Richard & Deborah Haynes (2008) "Interview with Nouri al-Maliki," *Times*, October 13.

Bengio, Ofra (1985) "Shi'is and Politics in Baathi Iraq," *Middle Eastern Studies*, vol. 21, no. 1, pp. 1-14.

Bengio, Ofra (1987) "Baathi Iraq in Search of Identity: Between Ideology and Praxis," *Orient*,vol. 28, no. 4, pp. 511-518.

Bengio, Ofra (1998) *Saddam's Word: Political Discourse in Iraq*, Oxford: Oxford University Press.

Bengio, Ofra (1999) "Nation-building in Multiethnic Societies: The Case of Iraq," in *Minorities and the State in the Arab World*, eds. O. Bengio and G. Ben-Dor, Boulder: Lynne Rienner Publishers, pp. 149-169.

Bengio, Ofra (2000) “Iraq 1976-1999,” *Middle East Contemporary Survey I-XVIII* (CD-ROM Version), ed. O. Bengio, Tel Aviv: Tel Aviv University Press.

Bengio, Ofra (2008) “Iraq; from Failed Nation-State to Binational State?” in *Challenges to the Cohesion of the Arab State*, ed. A. Susser, Tel Aviv: The Moshe Dayan Center for Middle Eastern and African Studies, pp. 59-83.

Bengio, Ofra (2012a) *The Kurds of Iraq: Building a State Within a State*, Boulder: Lynne Rienner Publishers.

Bengio, Ofra (2012b) “The Kurdish quiet spring,” *The Jerusalem Post*, December 3.

Benraad, Myriam (2011) “Iraq’s Tribal "Sahwa": Its Rise and Fall,” *Middle East Policy*, vol. XVIII, no. 1.

Black, Anthony (2001) *The History of Islamic Political Thought: From the Prophet to the Present*, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Bozkurt, Abdullah (2012) “Turkey prepares for Partition of Iraq,” *Today’s Zaman*, March 26.

Brass, Paul R. (1994) “Elite Competition and Nation-formation,” *Nationalism*, eds. J. Hutchinson and A. D. Smith, Oxford: Oxford University Press, pp. 83-89.

Brulliard, Karin (2007) “Gated Communities for the War-Ravaged: U.S. Tries High Walls and High Tech to bring Safety to Parts of Baghdad,” *The Washington Post*, April 23.

Brussell’s Tribunal (2010) “Partition by Census,” from <https://goo.gl/gqavm7>.

Cevik, Ilnur (2015) “Barzani visit: Display of strong alliance with Turkey,” *Daily Sabah*, Dec 11.

Chalabi, A. (1991) “Iraq: The Past as Prologue?” *Foreign Policy*, June 19.

Chulov, Martin (2011) “Iraq’s sectarian divide threatens to split country as anger at Maliki grows,” *The Guardian*, December 20.

CIA, Central Intelligence Agency (2016) *The World Factbook – Iraq2012*, from <https://goo.gl/Ha2olN>.

Clark, Wesley K (2004) "Key to Success," *New Republic*, vol. 230, no. 21-22, pp. 21-23.

CNN (2013) "Attacks kill 16 across Iraq as sectarian tensions grow," December 31, from <https://goo.gl/ptW2U0>.

Coalition Provisional Authority (2003) "Coalition Provisional Authority Order Number 2: Dissolution of Entities," May 23, from <https://goo.gl/htGmpm>.

Cockburn, Patrick (2008a) *Muqtada: Muqtada al-Sadr, the Shiite Revival, and the Struggle for Iraq*. New York: Scribner.

Cockburn, Patrick (2008b) "Who is Whose Enemy?" *London Review Bookshop*, vol. 30, no. 5, pp. 14-15.

Cockburn, Patrick (2008c) "Sunni vs. Shia: the real bloody battle for Baghdad," *The Independent*, February 5.

Cole, Juan (2004) "The Three-State Solution?" *The Nation*, March 29.

Conflict Records Research Center (2011) "Saddam and Ba'ath Party Members Discussing the Status of the Party in the Arab World and Potential Cooperation with the Muslim Brotherhood", from <https://goo.gl/KBWW4X>.

Congressional Research Service (2003) *Iraq: UN Inspections for Weapons of Mass Destruction*, from <https://goo.gl/nuCt79>.

Daily Star. *The* (2010) "Supreme Court's opinion of Article 76 of Iraqi Constitution," April 1.

Davis, Eric (2004) "Democracy's Prospects in Iraq," *American Diplomacy*, vol. IX, no. 3.

Davis, Eric (2005a) *Memories of State: Politics, History, and Collective Identity in Modern Iraq*, Berkeley: University of California Press.

Davis, Eric (2005b) "History Matters: Past as Prologue in Building Democracy in Iraq," *Orbis*, vol. 49, no. 2, pp. 229-244.

Dawar, Adil (2008) "Saddam's deputy tried for murder of 42 merchants", *The Guardian*, April 29.

Dodge, Toby (2003) *Inventing Iraq: The Failure of Nation-building and a History Denied*, New York: Columbia University Press.

Economist (2005) "Shiite Delight and Sunni Gloom," Feb 17, from <https://goo.gl/W2ljIh>.

Edmonds, C. J (1959) "The Kurds and the Revolution in Iraq," *Middle East Journal*, vol. 13, no. 1, pp. 1-10.

Edmonds, C. J (1971) "Kurdish Nationalism," *Journal of Contemporary History*, vol. 6, no. 1, pp. 87-102.

Eedle, Paul and Lindsey Hilsum (2005) "The Day They Tried to Kill Saddam and 148 Paid for it with Their Lives," *The Observer*, September 18.

Eland, Ivan (2004) *A Way Out of the Mesopotamian Morass*, Oakland: Independent Institute.

Eppel, Michael (1998) "The Elite, The *Effendiyya*, and the Growth of Nationalism and Pan-Arabism in Hashemite Iraq 1921-1958," *International Journal of Middle Eastern Studies,* vol. 30, no. 2, pp. 227-250.

Eskander, Saad (2000) "Britain's Policy in Southern Kurdistan: The Formation and the Termination of the First Kurdish Government, 1918-1919," *British Journal of Middle Eastern Studies*, vol. 27, no. 2, pp. 139-163.

Fadel, Leila (2010a) "Allawi warns of sectarian War," *Asharq Alawsat*, April 16.

Fadel, Leila (2010b) "In Iraq, candidates seek an edge with post-election maneuvers," *The Washington Post*, March 30.

Fadel, Leila (2010c) "Mosul struggles with ethnic divides, insurgency, *The Washington Post*, July 24.

Farouk-Sluglett, Marion and Peter Sluglett (1991) "The Historiography of Modern Iraq," *The American Historical Review*, vol. 96, no. 5, pp. 1408-1421.

Farouk-Sluglett, Marion and Peter Sluglett (2001) *Iraq since 1958: From Revolution to Dictatorship*, London: I.B. Tauris.

Fattah, Hala (2009) "Identity and difference in the work of Sunni historians of eighteenth and nineteenth century Iraq," *International Journal of Contemporary Iraqi Studies*, vol. 3, no. 2, pp. 205-216.

FBI, Federal Bureau of Investigation, (2009) "Saddam Hussein talks to the FBI: Twenty Interviews and Five Conversations with 'High Value Detainee # 1' in 2004." Washington, D.C.: The National Security Archive, July 1, from <https://goo.gl/Pe7L38>.

Ferguson, Niall (2006) *The War of the World: History's Age of Hatred*, New York: Allen Lane.

Flintoff, Corey (2006) "Shiite Militants try to drive Sunnis from Baghdad, December 20, from <https://goo.gl/Hpsjmf>.

Foreign Policy (2012) "The Failed State Index 2011," from <https://goo.gl/iMwoc9>.

Geertz, Clifford (1963) "The Integrative Revolution: Primordial Sentiments and Civil Politics in the New States," in *Old Societies and New States*, ed. C. Geertz, New York: The Free Press.

Geertz, Clifford (1994) "Primordial and Civic Ties," in *Nationalism*, eds. J. Hutchinson and A. D. Smith, Oxford: Oxford University Press, pp. 29-34.

Gelb, Leslie and Peter Galbraith (2004) "Confederation of Three Entities, Only Option for Iraq," *Los Angeles Times*, December 4.

Gellner, Ernest (1983) *Nations and Nationalism*, Oxford: Blackwell.

Gellner, Ernest (1994) "Nationalism and Modernization," in *Nationalism*, eds. J. Hutchinson and A. D. Smith, Oxford: Oxford University Press, pp. 55-63.

Gellner, Ernest (1998) *Nationalism*, London: Phoenix.

Gelvin, James L. (1995) "The League of Nations and the Question of National Identity in the Fertile Crescent," *World Affairs,* vol.158, no. 1, pp. 35-43.

Gertrude Bell Archive (1868-1926) Newcastle University Library, from <https://goo.gl/ElOEvn>.

Ghareeb, Edmund and Beth Dougherty (2004) *Historical Dictionary of Iraq*. Lanham, MD: Scarecrow Press.

Gov Track (1998) "Iraq Liberation Act of 1998," from <https://goo.gl/opVYuV>.

Graham-Brown, Sarah (1999) *Sanctioning Saddam: The Politics of Intervention in Iraq*. London: I.B. Tauris.

Guibernau, Montserrat (2004) “Anthony D. Smith on Nations and National Identity: a Critical Assessment,” *Nations and Nationalism*, vol. 10, no. 1-2, pp. 125-141.

Gunter, Michael M. (1992) *The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope*. New York: St. Martin’s Press.

Haj, Samira (1997) *The Making of Iraq 1900-1963: Capital, Power and Ideology*. Albany: State University of New York Press.

Hashim, Ahmed S. (2003) “Military Power and State Formation in Modern Iraq,” *Middle East Policy* X, no. 4, pp. 29-47.

Hassan, Rebin (2012) “PUK official reiterate full agreement with KDP about national issues,” *The Kurdish Globe*, May 28.

Healy, Jack. and Yasir Ghazi (2012) “As Displaced Return to Iraq, New Tensions for Neighbors,” *The New York Times*, March 24.

Hemphill, Paul J. (1979) “The Formation of the Iraqi Army 1921-1933,” *The Integration of Modern Iraq*. A. Kelidar, ed. London: Croom Helm, pp. 88-110.

Hoagland, Jim (2004) “Restoring Iraqi Identity,” *The Washington Post*, December 12.

Hobsbawm, Eric J. (1994) “The Nation as Invented Tradition,” in *Nationalism*, eds. J. Hutchinson and A. D. Smith, Oxford: Oxford University Press, pp. 76-83.

Hroch, Miroslav (1996) “From National Movement to the Fully-formed Nation,” in *The Nation-building Process in Europe*, ed. G. Balakrishnan, New York: Verso, pp. 78-97.

HRW, Human Rights Watch (1990) *Human Rights in Iraq*. New Haven: Yale University Press.

HRW, Human Rights Watch (1992) “Endless Torment: The 1991 Uprising in Iraq and its Aftermath,” from <https://goo.gl/5uPqST>.

HRW, Human Rights Watch (1995) *Iraq's Crime of Genocide: The Anfal Campaign against the Kurds*. New Haven: Yale University Press.

HRW, Human Rights Watch (2000) *World Report 2000*. Accessed June 25, 2009 at <https://goo.gl/McPfjw>.

HRW, Human Rights Watch (2001) *World Report, 2001*, from <https://goo.gl/yOTCQR>.

HRW, Human Rights Watch (2002) *World Report 2002*, from<https://goo.gl/6uHIHC>.

HRW, Human Rights Watch (2003a) *World Report 2003*, from <https://goo.gl/uU2DZD>.

HRW, Human Rights Watch (2003b) “The Iraqi Government Assault on the Marsh Arabs,” from <https://goo.gl/E0woM6>.

HRW, Human Rights Watch (2005) “Ali Hassan al-Majid and the Basra Massacre of 1999,” from <https://goo.gl/y6tT3q>.

HRW, Human Rights Watch (2014) *World Report 2014*, from <https://goo.gl/S0nChT>.

Hutchinson, John (2000) “Ethnicity and Modern Nations,” *Ethnic and Racial Studies*, vol. 23, no. 4, pp. 651–669.

ICG, International Crisis Group (2003) “Radical Islam in Iraqi Kurdistan: The Mouse that Roared?,” Middle East Briefing no. 4, February 7.

ICG, International Crisis Group (2007) “Shiite Politics in Iraq: The Role of the Supreme Council”, Crisis Group Middle East Report no. 70, November 15.

IHEC, The Independent High Electoral Commission (2006) “Final Report on the December 15, 2005 Iraqi Parliamentary Elections,” from <http://www.ihec.iq/en/>.

IHEC, The Independent High Electoral Commission (2010) “Results of Iraqi parliamentary election, 2010,” from <http://www.ihec.iq/en/>.

Iraq Body Count (2015) “Documented Civilian Deaths from Violence,” from <https://www.iraqbodycount.org/database/>.

Iraq Study Group (2006) *Iraq Study Group Report: The Way Forward - A New Approach*. USIP, Washington, D.C., from <https://goo.gl/1EzuqN>.

Ireland, Philip Willard (2004) *Iraq: A Study in Political Development*, London: Paul Kegan International.

Islamic Dawa Party (2009) *Party History*, from <https://goo.gl/nmVbGL>.

Jabar, Faleh A. (2003) *The Shi‘ite Movement in Iraq*. London: Saqi Books.

Jakes, Lara (2012) “Iraqi Kurd leader Hints at Secession,” interview with Associated Press, April 25.

Jehl, Douglas (1996) “Iraqi Defectors Killed 3 Days After Returning,” *The New York Times*, February 24.

Johnson Jr, John (2006) “Gunmen Target Baghdad Firm, Killing 8 Workers,” *Los Angeles Times*, March 30.

Jwaideh, Wadie (2006) *The Kurdish National Movement: Its Origin and Development*. Syracuse, NY: Syracuse University Press.

Kami, Aseel (2011) “Iraq economic growth to rise to 9 percent in 2012,” *al-Arabiya.net*, from <https://goo.gl/UkGedW>.

Karsh, Efraim (2003) “Making Iraq Safe for Democracy,” *Commentary*, vol. 115, no. 4, pp. 22-28.

Khalilzad, Zalmay (2010) “Iraq needs help to avoid a sectarian resurgence,” *The Financial Times*, April 8.

Khuzaie, Wathiq (2010) “Iraqi Elections,” *The New York Times*, December 21.

Kirmanj, Sherko (2010) “The Question of National Identity and the Construction of Iraqi State,” PhD Thesis, University of South Australia.

Kirmanj, Sherko (2014) “Kurdish History Textbooks: Building a Nation-State within a Nation-State,” *Middle East Journal*, vol. 68, no. 3, pp 367-384.

KRP, Kurdistan Region Presidency (2010) “Kurdistan Region Rejects Any Further Delay on National Census,” from <https://goo.gl/94FHmy>.

KRP, Kurdistan Region Presidency (2012) “On the Visit of Prime Minister Maliki to Kirkuk,” from <https://goo.gl/cVdRKP>.

Laitin, David D (1998) *Identity in Formation: The Russian-Speaking Populations in the Near Abroad*. Ithaca, NY: Cornell University Press.

LeVine, Steve (2012) “Will oil companies provide Kurdistan its de facto statehood?,” *Foreign Policy*, August 1.

Levinson, Charles (2008) “Kirkuk Reflects Challenges of Ethnic Conflict in Iraq,” *USA Today*, August 13.

*Los Angeles Times*, April 9.

Luizard, Pierre-Jean (2002) “The Nature of the Confrontation between the State and Marja‘ism: Grand Ayatollah Muhsin al-Hakim and the Ba‘th”, in *Ayatollahs, Sufis and Ideologues: State, Religion and Social Movements*, Faleh A. Jabar eds, London: Dar Saqi.

Makiya, Kanan (1993) *Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising, and the Arab World*. New York: W. W. Norton.

Makiya, Kanan (1998) *Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq*. Berkeley: University of California Press.

Marquardt, Erich (2004a) “Reshaping Iraq: Dividing Iraq: A Dangerous Proposal,” from <https://goo.gl/PySXj3>.

Marquardt, Erich (2004b) “Division of Iraq would Likely Breed Regional Instability,” from <https://goo.gl/qIjY4I>.

Marr, Phebe (2004a) *The Modern History of Iraq*, Boulder, CO: Westview Press.

Marr, Phebe (2004b) “Iraq’s Many Challenges,” *American Foreign Policy Interests*, vol. 26, no. 4, pp. 269-278.

McDermid, Charles (2010a) “Iraq’s Next Government: What Do the Kurds Want?,” *Time*, October 06.

McDermid, Charles (2010b) “In Northern Iraq, a Census Raises Tensions,” *Time*, October 01.

McDowall, David (2004) *The Modern History of the Kurds*, London: I.B. Tauris.

McGarry, John and Brendan O’Leary (2003) “Federalism, Conflict-Regulation and National and Ethnic Power-Sharing,” paper presented at the Annual Meeting of the American Political Science Association, Philadelphia, August 28-31.

McGeough, Paul (2012) “The Struggle to Succeed Grand Ayatollah Ali Sistani,” *Foreign Affairs*, May 23.

Meacher, Michael (1993) “Kurds Teetering on Brink of Abyss,” *The Independent*, January 27.

Menendez, James (2005) “What Happened at Dujail?,” *BBC News*, November 28, from <https://goo.gl/7PA4YC>.

Moaddel, Mansoor. Mark Tessler and Ronald Inglehart (2008) "Foreign Occupation and National Pride: The Case of Iraq," *Public Opinion Quarterly*, vol. 72, no. 4, pp. 677-705.

Montgomery, John and Dennis Rondinelli (2004) "A Path to Reconstruction: Proverbs of Nation-building," *Harvard International Review*, vol. 26, no. 2, pp. 26-29.

Morris, Roger (2003) "A Tyrant Forty Years in the Making", *New York Times*, March 14.

Myers, Steven Lee (2009) "Unity is Rallying Cry Ahead of Iraq Elections," *The New York Times*, October 1.

Mylroie, Laurie (1998) "Interview of Defector Abbas al-Janabi with al-Hayat, *Al-Hayat*, October 18.

Nairn, Tom (1994) "The Maladies of Development," in *Nationalism*, eds. J Hutchinson & AD Smith, Oxford: Oxford University Press, pp. 70-76.

Najm, Haider (2011) "MPs defect from Ayad Allawi's Iraqiya List," *Niqash*, March 18.

Nakash, Yitzhak (2003a) *The Shi'is of Iraq*, Princeton: Princeton University Press.

Nakash, Yitzhak (2003b) "The Shi'ites and the Future of Iraq," *Foreign Affairs*, vol. 82, no. 4, pp. 17-26.

Natali, Denise (2000) "Manufacturing Identity and Managing Kurds in Iraq, Turkey, and Iran: A Study in the Evolution of Nationalism," Ph.D. thesis. Philadelphia: University of Pennsylvania.

Natali, Denise (2001) "Manufacturing Identity and Managing Kurds in Iraq," in *Right-sizing the State: The Politics of Moving Borders*, eds. B. O'Leary, I. Lustick and T. Callaghy, Oxford: Oxford University Press, pp. 253-288.

Natali, Denise (2005) *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran*, Syracuse, NY: Syracuse University Press.

O'Leary, Brendan (2003) "Multi-national Federalism, Federacy, Power-Sharing and the Kurds of Iraq," paper presented at the Multi-

Nationalism, Power-Sharing and the Kurds in a New Iraq Conference, Philadelphia: unpublished paper, September 12.

O'Leary, Brendan (2009) *How to get out of Iraq with Integrity*. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Olson, Robert. (1989). *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925*. Austin: University of Texas Press.

Paley, Amit R. (2008) "Strip of Iraq on the Verge of Exploding," *The Washington Post*, September 13.

Parker, Ned (2010) "Iyad Allawi: If Maliki tries to form a government in Iraq, chaos will ensue,"

Parker, Ned. & Saif Hameed (2008) "Iraq local elections measure is vetoed," *Los Angeles Times*, July 24.

Pei, Minxin and Sara Kasper (2003) *Lessons from the Past: The American Record on Nation-building,* Carnegie Endowment for International Peace, Policy Brief, no. 24, May.

Perito, Robert M. (2009) "The Iraq Federal Police," United States Institute of Peace, Special Report 291.

Phillips, David (2009) "A New Era as Turks and Kurds Learn to Co-operate," *Financial Times*, November 10.

Pollack, Kenneth M (2006) "The Seven Deadly Sins of Failure in Iraq: A Retrospective Analysis of the Reconstruction," *The Middle East Review of International Affairs*, vol. 10, no. 4, pp. 1-20.

Post, Jerrold M. and Amatzia Baram (2002) "Saddam is Iraq: Iraq is Saddam," *The Counterproliferation Papers*, Maxwell, Alabama: Air University Press.

Prime Minister's Office (2009) "Press Interview," from <https://goo.gl/Zf2oVM>.

Prime Minister's Office (2012), "Kirkuk's Identity must be Iraqi and should not be Overwhelmed by other Minor Identities," from <https://goo.gl/0FnV14>.

Rafaat, Aram (2008) "Kirkuk: The Central Issue of Kurdish Politics and Iraq's Knotty Problem," *Journal of Muslim Minority Affairs*, vol. 28, no. 2, pp 251-266.

Raghavan, Sudarsan & Ernesto Londoño (2008) “In Iraq Regional Politics Heats Up,” *The Washington Post*, August 8.

Rasheed, Saif & Tina Susman (2008) “Iraq, U.S.-Funded Militia at Loggerheads,” *Los Angeles Times*, September 12.

Reuters (2011) “Turkey's Erdogan in first visit to Iraq Kurd region,” March 29, from <https://goo.gl/JAK6hX>.

Reuters, (2012) “Iraq fugitive VP charged with murdering six judges,” April 30, from <https://goo.gl/tQIr4f>.

Ricks, Thomas E. (2006) *Fiasco: The American Military Adventure in Iraq*, New York: Penguin.

Rizvi, Sayyid Sa‘eed Akhtar (1985) “Imamate: The Vicegerency of the Prophet(s),” *World Organization for Islamic Services*, from <http://www.al-islam.org/imamate>.

Robertson, Campbell (2008) “Kurds protest Iraqi election law,” *The New York Times*, July 15.

Rosen, Nir (2007) “The Flight From Iraq,” *The New York Times Magazine*, May 13.

Rotberg, Robert I. (2002) “The New Nature of Nation-State Failure,” *The Washington Quarterly*,vol. 25, no. 3, pp. 85-96.

Rubin, Alissa J. (2009) “Secular Parties and Premier Ahead in Iraq,” *The New York Times*, February 2.

Rubin, Trudy (2010) “Iraq’s politics still unsettled,” *The Philadelphia Inquirer*, April 22.

Sandell, Rickard (2003) “The Humanitarian Battle in Iraq,” *The Real Instituto Elcano*, from <https://goo.gl/WJ3rit>.

Semple, Kirk (2006) “Saddam Hussein is Sentenced to Death,” *The New York Times*, Nov. 5.

Senor, Dan (2008) “Iraqi Leaders Opposed Biden's Partition Plan,” *The New York Times*, September 9.

Shadid, Anthony (2010a) “Iraqi Deal to end De-Baathification,” *The New York Times*, May 11.

Shadid, Anthony (2010b) “Maliki Says Iraq Needs Him as Leader,” *The New York Times*, June 9.

Shanahan, Rodger (2004) “The Islamic Da‘wa Party: Past Development and Future Prospects,” *Middle East Review of International Affairs*, vol. 8, no. 2, pp. 16-25.

Sharbil, Ghasan (2010) “Interview with al-Maliki,” *al-Hayat*, May 26.

Sharif, Sardar and Khalid Said Towfiq (2015) “Erbil-Ankara Relations: Paradoxes, Challenges and Harmonization,” Doha Institute, June, from <http://english.dohainstitute.org/file/get/c3ca174e-8dac-468f-bcaa-20ec7a784630.pdf >.

Sherman, Matt (2008) “Iraq’s Sunni Time Bomb,” *The New York Times*, April 3.

Shikara, A. (1979) “Faisal’s Ambitions of Leadership in the Fertile Crescent: Aspirations and Constraints,” in *The Integration of Modern Iraq*, ed. A. Kelidar, London: Croom Helm, pp. 32-45.

Simon, Reeva Spector (1997) “The Imposition of Nationalism on a Non-Nation State: The Case of Iraq During the Interwar Period, 1921-1941,” in *Rethinking Nationalism in the Arab Middle East*, eds. I. Gershoni and J. Jankowski, New York: Columbia University Press, pp. 87-104.

Simon, Reeva Spector (2004) *Iraq between the Two World Wars: The Militarist Origins of Tyranny*. (Updated edition). New York: Columbia University Press.

Simons, Geoff (1996) *Iraq: From Sumer to Saddam*, New York: Palgrave Macmillan.

Sluglett, Peter (1976) *Britain in Iraq: 1914-1932*. London: Ithaca Press.

Smith, Anthony D. (1972) *Theories of Nationalism*, New York: Harper & Row.

Smith, Anthony D. (1987) *The Ethnic Origins of Nations*, Oxford: Blackwell.

Smith, Anthony D. (1991) *National Identity*, London: Penguin.

Smith, Anthony D. (1999) “The Nation: Real or Imagined,” in *People, Nation and State: The Meaning of Ethnicity and Nationalism*, eds. E Mortimer & R Fine, London: I.B. Tauris, pp. 36-42.

Smith, Anthony D. (2002) “When is a Nation?” *Geopolitics*, vol. 7, no. 2, pp. 5-32.

Smith, Anthony D. (2009) *Ethno-Symbolism and Nationalism: A Cultural Approach*, New York: Routledge.

Soriano, Cesar G (2004) “Poll: Iraqis out of patience,” *USA Today*, April 30.

Sorkhabi, Rasoul (2009) “Oil from Babylon to Iraq”, *GEO ExPro*, vol. 6, no. 2.

Stalin, Joseph (1994) “The Nation,” in *Nationalism*. J. Hutchinson and A. D. Smith, eds. Oxford: Oxford University Press, pp. 18-21.

Stansfield, Gareth (2003) “The Kurdish Dilemma: The Golden Era Threatened,” *Adelphi Series* 43, no. 354, pp. 131-148.

Stansfield, Gareth (2007) *Iraq: people, history, politics,* Cambridge: Polity Press.

Stoel, Max van der (1994) “Report on the situation of Human Rights in Iraq,” New York: United Nations, from <https://goo.gl/3H6TzJ>.

Sydney Morning Herald (2006) “Saddam executed in Iraq,” December 30.

Taheri, Amir (2003) “Iraq: The Failure of an Arab Model,” *American Foreign Policy Interests*, vol. 25, no. 3, pp. 157-162.

Talabany, Nouri (2007) “Who Owns Kirkuk? The Kurdish Case,” *Middle East Quarterly*, Winter 2007.

Tavernise, Sabrina (2006) “District by District, Shiites Make Baghdad Their Own,” *The New York Times*. December 23.

Terrill, W. Andrew (2003) “Nationalism, Sectarianism, and the Future of the U.S. Presence in Post-Saddam Iraq,” Carlisle: Strategic Studies Institute, from <https://goo.gl/cbLBjk>.

Thies, Cameron G. (2004) “State Building Interstate and Intrastate Rivalry: A Study of Post-Colonial Developing Country Extractive Efforts 1975–2000,” *International Studies Quarterly*, vol. 48, no. 1, pp. 53-72.

Tibi, Bassam (1990) *Arab Nationalism: A Critical Enquiry.*Translated by M. Farouk-Sluglett and P, Sluglett, New York: St. Martin’s Press.

Tibi, Bassam (1997) “Religious Fundamentalism, Ethnicity and the Nation-State in the Middle East,” *Citizenship and National Identity:*

*from Colonialism to Globalism*. T. K. Oommen, ed. New Delhi: SAGE Publications, pp. 199-225.

Tripp, Charles (2002) *A History of Iraq*, Cambridge: Cambridge University Press.

U.S. Department of Defense Report (2009a) "Measuring Stability and Security in Iraq,"March 2009, Washington, D.C., from <https://goo.gl/As71S1>.

U.S. Department of Defense Report (2009b) "Measuring Stability and Security in Iraq,"September 2009. Washington, D.C., from <https://goo.gl/AkrX6W>.

UNAMI, United Nations Assistance Mission for Iraq (2008) "Report on Disputed Internal Boundaries," from <https://goo.gl/QSqlVQ>.

UNSC, United Nations Security Council (1990) "Resolution 661," from <https://goo.gl/iGXQ9a>.

UNSC, United Nations Security Council (1991) "Resolution 688," from <https://goo.gl/NvrCtH>.

UNSC, United Nations Security Council (1995) "Resolution 986," from <https://goo.gl/uDpASM>.

US Energy Information (2015) "Country Analysis Brief: Iraq," January 30, from <https://goo.gl/u6krC4>.

Vali, Abbas (1998) "The Kurds and Their 'Others': Fragmented Identity and Fragmented Politics," *Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East*, vol.XVIII, no. 2, pp. 82-94.

Visser, Reidar (2007) *Basra, the Failed Gulf State: Separatism and Nationalism in Southern Iraq*, Berlin: Lit Verlag.

Visser, Reidar (2011) "Iraq's federalist project reflects a resurgent sectarian conflict," *The National*, November 14.

Visser, Reidar and Gareth Stansfield (2007) *An Iraq of Its Regions: Cornerstones of a Federal Democracy?*, New York: Columbia University Press.

Volkan, Vamik D. (2003) "Large-Group Identity: Border Psychology and Related Processes," *Mind and Human Interaction*, vol. 13, no. 1, pp. 49-76.

Walker, Martin. (2003) “The Making of Modern Iraq,” *Wilson Quarterly*,vol. 27, no. 2, pp. 29-40.

White House (2003) “President Discusses beginning of Operation Iraqi Freedom,” March 22, from <https://goo.gl/1YtgJU>.

White House (2007) “Fact Sheet: The New Way Forward in Iraq,” January 10, from <https://goo.gl/FKrhqM>.

Wien, Peter (2006) *Iraqi Arab Nationalism: Authoritarian, Totalitarian and Pro-Fascist Inclinations, 1932–1941*. London: Routledge.

Wilgenburg, Wladimir van (2014) “ISIS seen as liberators by some Sunnis in Mosul,” *Al-Monitor*, June 11.

Wilson, Arnold T (1931) *Mesopotamia 1917-1920: The Clash of Loyalties*, Oxford: Oxford University Press.

Wimmer, Andreas (2004) “Democracy and Ethno-Religious Conflict in Iraq,” *Survival*, vol. 45, no. 4, pp. 111-134.

Wing, Joel (2012) “Iraq’s PM Maliki and his deputy Mutlaq reconcile,” May 21, from <https://goo.gl/VOyWOL>.

Wong, Edward(2004) “Direct Election of Iraq Assembly Pushed by Cleric,” *The New York Times*, January 12.

Wong, Edward and David S. Cloud (2007) “U.S. Erects Baghdad Wall to Keep Rival Sects Apart,” *The New York Times*, April 21.

Yaphe, Judith S. (2003) “The Three-State Solution is a No-State Solution,” *MENAVista*, from <https://goo.gl/5ybIWe>.

Yaphe, Judith S. (2004) “Iraqi Identity after the Fall of Saddam,” *Middle East Institute*, from <https://goo.gl/mUBgbR>.

Zakaria, Fareed (2003) “How to Wage the Peace,” *Newsweek*, vol. 141, no. 16, pp. 38-49.

Zebari, Abdelhamid (2006) “Kurdish Leader Bans Iraqi Flag,” *Middle East Times*, Sept. 1.

Zurutuza, Karlos (2012) “Iraqi Sunnis want autonomy amid discrimination,” *Deutsche Welle*, April 3, from <https://goo.gl/DzTgVA>.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |